هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 46

سالَی/ 2008 – بەرگی چل و شەش

---

چاپی یەکەم/ سالَی 2008

له بڵاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2008)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق
بەرگی: 46
چاپی یەكەم: 2008
تیراژ: 250
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێڕیست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/2/10 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/2/26 ل13

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/10 ل51

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/17 ل69

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/3/30 ل83

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/31 ل145

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/2 ل197

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/7 ل257

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/4/13 ل297

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/14 ل317

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/16 ل373

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/21 ل443

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/4/22 ل515

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/23 ل561



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاساییی**

**یەك شەممە رێکەوتی 10\2\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی

## یەك شەممە رێكەوتی 2008/2/10

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2008/2/10 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەم, سالی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی سالی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق و بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەكە بڕیاردرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارەی (1)ی نائاسایی خولی گرێدانی یەكەمی سالی سێیەمی خولی هەلبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- رێورەسمی بەرز كردنەوەی ئالای تازەی عێراقی فیدرال كە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچووەو لە لایەن سەرۆكایەتی كۆماری عێراقیش پەسند كراوە بەپێی یاسای ژمارە (9) لە 2008/1/29.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی سالی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق و بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەكە بڕیاردرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارەی (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەلبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2008/2/10دا بەم شێوەیە بێت:

1- رێورەسمی بەرز كردنەوەی ئالای تازەی عێراقی فیدرال كە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچووەو لە لایەن سەرۆكایەتی كۆماری عێراقیش پەسند كراوە بەپێی یاسای ژمارە (9) لە 2008/1/29.

سەرەتا ئیجازەم بدەن لەم رۆژە گرنگەدا كە كۆبوونەتەوە بۆ بەرز كردنەوەی ئالای عێراق كە لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بە قانون دەرچووە، پێش ئەوەی دەست بە قسەكانم بكەم داواتان لێ دەكەم دەقیقەیەك بوەستین بۆ گیانی پاكی شەهیدانی كوردستان و گشت پێكهاتەكانی عێراق، فەرموون بۆ رێزگرتن لە شەهیدان دەقیقەیەك بوەستین، فەرموون.

**بەڕێز كاك نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران.**

**بەڕێز كاك عومەر فەتاح/ جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران.**

**بەڕێز كاك نەصیر عانی/ دیوانی سەرۆك كۆمارو نوێنەری سەرۆك كۆمار.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

**بەڕێز كاك محمد حرمان/ نوێنەری سەرۆك وەزیرانی عێراق.**

**بەڕێزان نوێنەرانی قونسوڵیات و مەكاتبی دەوڵەتە دۆستەكان لە هەولێر.**

**خوشك و برایان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.**

**میوانانی بەڕێز.**

بەناوی ئێوەو ئەندامانی پەرلەمان مەجالم بدەن بەخێرهاتنی هەموو ئەو بەڕێزانە بكەم كە لەگەڵماندا بەشدارن ئەمڕۆ بۆ جێ بەجێ كردنی بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، كە لە لایەن سەرۆكایەتی كۆماری عێراقەوە پەسند كراوە لە كوردستانی عێراقدا شان بە شانی ئاڵای كورستانی عێراق، كە لە لایەن كۆماری كوردستانەوە پەسند كرا بوو و بەرز كراوەتەوە بە بەردەوامی، بەو بۆنەیە حەز دەكەم پێتان رابگەیەنم ئەم عێراقە تازەیەی كە خەباتمان بۆ كردووە، بۆ دامەزراندنی وڵاتێكی فیدراڵ لەسەر بنەمای دیموكراتیەت و مافی مرۆڤ و فیدراڵیەت، عێراقێكە قەدەری هەموو لایەكمانە، ئێمە پابەندین پێی و سەلماندوومانە ئەو پابەندییە، خەباتمان بۆ كردووە، هەزاران شەهیدمان لەپێناویدا داوە، لە پێناوی عێراقی فیدراڵی دیموكرات، لە پێناو كوردستانێكی ئازاد، پابەند بوونمان بە عێراقی فیدراڵ لەوەدا رەنگی داوەتەوە كە پێكەوە خەباتمان كردووە، لەگەڵ هەموو پێكهاتەكانی عێراق دەنگمانداوە بۆ دەستووری عێراق، پابەند بین بە هەموو یاساكان، بە هەموو بڕیارەكانی كە پێكەوە دەمان بەستێتەوە بەپێی ئەو بنەمایانەی كە لە دەستووری عێراقدا هاتووە.

بەرزكردنەوەی ئەو ئاڵایە فرسەتێكە بە هەموو دونیا بڵێین، كە ئێمە لەگەڵ هەموو پێكهاتەكانی عێراق دەرگای ترمان نییە، تەنها بەردەوامبوون لەو خەباتە، پێكەوە خەبات بكەین دژی هەموو ئەو كەسانەی كە ناحەزی دیموكراتیەتن، ناحەزی عێراقی تازەن، ناحەزی كوردن، یاخود دوژمنی كوردیشن، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران بكەم بە دەرهێنانی ئەم قانونە، ئەم یاسا تازەیە بۆ ئەم ئاڵایە، چونكە ئەم یاسا تازەیە راستە بەشێوەیەكی كاتییە، بەڵام ئەو هۆیانەی كە بوونە هۆی ئەوەی ئەو ئاڵایە لە كوردستان بەرز نەكرێتەوە بەو یاسایە لادرا. ئەو ئەستێرانەی لە ئاڵای پێشووی عێراقدا هەبوون، بەپێی یاسا لە لایەن مەجلیسی قیادەی سەورەی عێراقەوە دەرچوو بوو، ئاماژە بوو بۆ دورشمەكانی حزبی بەعس، كە تەمسیلی هەموو میللەتی عێراقی نەدەكردو زۆرینەی خەڵكی عێراق پابەند نەبوون بەو دورشمانە، بەڵكو لە ژێر ئەم شیعاراتانە زۆرینەی خەڵكی عێراق ساڵەهای ساڵ چەندین تاوانی بەرامبەردا كرا بوو، بۆیە بە لابردنی ئەو ئەستێرانە كۆسپێكی گەورە لەبەردەم بەرز كردنەوەی ئەم ئاڵایە لاچوو، پێویستە ئێمە لێرە دووپاتی بكەینەوە كە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو كاتەی كە دایناوە، لەو ساڵەدا بەپێی دەستووری عێراقی ئاڵایەكی تازە بۆ عێراق پەسند بكات، وەكو یاسا دەربچێت، بۆ ئەوەی بتوانین بە

یەکجاری ئەو ئاڵایە لە کوردستان هەڵبکەین. ئاڵای تازە دەبێت وەکو ماددەی دەستووری دەڵێت پێکهاتەکانی عێراقی دەربڕی فرەیی لە پێکهاتەی عێراق بکات، واتا دەبێت مێژووی عێراق ڕەچاو بکرێت، پێکهاتەی عێراق ڕەچاو بکرێت، فرەیی کۆمەڵگای عێراق ڕەچاو بکرێت، ئەو عێراقە کۆمەڵگایەکە فرە نەتەوەیە، فرە ئاینە خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژە، خاوەن خەباتێکی دوورو درێژە، میللەتەکەی بۆ ئەوەی ئەمڕۆ کە دەبێت پێکەوە بژین، دەبێت یاسایەکەی کە دەردەچێ تەعبیر لەو هەموو شتانە بکاتەوە، بەلاّم ئێمە ئەو یاسایەی کە دەرچووە گۆڕانکارییەکی باشی تێدا کراوە، بۆ ئەوەی میللەتی عێراق هەموویان پێکەوە قبوڵی بکەن و بەرزی ڕابگرن.

ئومێدیش دەکەم سەرەتایەکی باش بێت، بۆ ئەوەی بتوانین کێشەکانی تریش کە لەبەردەممان دایە، لەبەردەم میللەتی عێراقدایە چارەسەری بکەین، پێکەوە خەبات بکەین بۆ خزمەتی گەلی عێراق، لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستاندا پابەند بووین بە بەرز کردنەوەی ئاڵای عێراق، وێڕای ئەوەی کە ئاڵای عێراق لە کوردستان بەرز نەدەکرایەوە، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستاندا ئاڵای (14)ی تەمموزی عێراقمان لەناو هۆڵەکەدا بەرز کردۆتەوە. بۆیە کە لێرە دەردەچین یەکەم هەنگاومان ئەوەیە ئەو ئاڵایەی (14)ی تەمموز لوول بدەین، ئینجا دەچینە دەرەوەی هۆڵەکە، دەرەوەی پەرلەمان مەراسیمی بەرز کردنەوەی ئاڵای عێراقیش دەست پێ دەکات، بۆ ئەو ڕێگایە کە قانونی یاسایەکە دەرچوو، قانونەکە دەرچوو ئێمە پەیوەندیمان کرد لەگەڵ سەرۆکی کوتلەی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا کە بەشدار بوو لە دەرهێنانی ئەو یاسایە دکتۆر فوئاد مەعسوم، دواتر لە لایەن خۆمانەوە لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی بەدواداچوونی نووسینەوەی دەستووری عێراق، بۆ ئەوەی لە بنەمای خەلفیاتی لە رووی دەستوورییەوە تێبگەین ئەو یاسایە چۆنی موعامەلەی بکرێت، گەیشتینە ئەو بڕیارە، کە ئەمە لەگەڵ دەستووری عێراقدا دەگونجێت و بڕیارێکی ئیتیحادییە، دەبێت جێ بەجێ بکرێت. بە ڕاوێژو گفتوگۆ کردن لەگەڵ جەنابی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جەنابی کاک نێچیرڤان و کاک عومەر، بڕیارماندا کە رۆژی 2008/2/10 واتا ئەمڕۆ ئەو ڕۆژە بێتن بۆ بەرز کردنەوەی ئاڵای عێراق لەسەر هەموو دامودەزگاکانی هەرێم شان بە شانی ئاڵای کوردستان، بۆیە لەمڕۆوە 2/10 ئاڵای کوردستان و عێراقیش پێکەوە لە هەموو دامودەزگاکانیش بەرز دەکرێنەوە، دەبێتە دەستپێکی ڕۆژێکی تازە لە پەیوەندی و هەموو ئەو تۆمەتانەی کە لەو ماوەیەدا خراونەتە پاڵ ئێمە ڕەت دەکەینەوە، کە پێیان وابووە بەرز نەکردنەوەی ئاڵای عێراق بە مانای ئەوە بووە کە ئێمە پابەند نین بە عێراقی فیدراڵ، ئەمانە ڕەت دەکەینەوە، ئومێد دەکەین ببێتە سەرەتایەکی باش و پتەوتر بۆ ڕێزگرتن لە یاسا، بۆ پابەند بوون بە پێکەوە ژیان، بۆ دیموکراسیەت، بۆ هەنگاونان، بۆ دامەزراندنی دامودەزگاکانی عێراقی فیدراڵ و پەیوەندی باشتر لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**میوانە بەڕێزەکان.**

**ئامادە بووانی بەڕێز.**

بەیانیتان باش و هەموو لایەك بەخێر بێن بەسەرچاو، بەتایبەتی بەخێرهاتنی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لە بەغداوە تەشریفیان هێناوە، نوێنەری جەنابی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و نوێنەری ئەنجومەنی نیشتمانی لە عێراق، هەروەها زۆر بەخێرهاتنی نوێنەرانی ولاّتانی بیانی دەکەم. ئەوانەی کە لە هەولێر مەکتەب و کونسوڵیان هەیە، بەخێر بێن بەسەرچاو.

ئێمە ئەمڕۆ لێرە کۆبووینەتەوە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی، ئەویش هەڵکردنی ئالاّی تازەی عێراقە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان. بەرز کردنەوەی ئەم ئالاّیەو لەم شوێنەدا دەربڕی هەڵوێستی راستەقینەو کۆنکریتی ئێمەیە لە بەشداری کردنی جددی و کاریگەرمان لە عێراقی تازەدا، دیارە هەموو ولاّت و نەتەوەیەك بە درێژیی مێژوو هێمایەکیان بۆ خۆیان دەست نیشان کردووە، هەمیشە ئەو هێمایە هەڵقولاّوی ژیارو هزری خۆیان بووە، بۆیە دەبینین ئالاّی هەر ولاّتێك گوزارشت لە پێکهاتەو پێگەی جوگرافیایی و مێژوویی و نەتەوەیی ئەو ولاّتە دەکات. هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی پابەندە بە دەستوورو ڕێز لە سەرجەم بڕیارو یاساکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەگرێ، ئەمڕۆ ئالاّی عێراق دوای چەند گۆڕانکارییەك کە لەسەر خواست و داواکاری هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر درا، لەگەڵ ئالاّی کوردستان لە هەرێمەکەماندا هەڵدەکرێ، ئێمە شانازی بەو بەشداریەمان دەکەین لە چوارچێوەی عێراقێکی نوێدا، بەردەوام هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی عێراقی تازە ببێتە ولاّتێك کە هەموو پێکهاتەکانی لە ئاشتی و سەقامگیری و خۆش گوزارەرانیدا بژین لەگەڵ یەکتری. ئالاّ نیشانەی سەروەری ولاّتەو دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ، بەلاّم دەبێ ئەوەشمان لە یاد بێت کە پێویستە ئالاّ ڕەنگدانەوەی واقیعی ئەو ولاّتە بێت و هێمایەك نەبێت بۆ تاقمێك، یان لایەنێك لەم ولاّتەدا، ئێمە کە جەخت لەسەر عێراقێکی تازە دەکەینەوە مەبەستمان عێراقێکی دیموکراسی، فیدراڵی، فرەیی، عیلمانی و ئازادە بەشێوەیەك کە هەموو لایەك بگرێتەخۆ.

ئێمە بە جددی هەوڵ دەدەین بۆ بونیاتنانەوەی عێراقی تازە لە دوای ڕووخانی ڕژێمێك کە دیکتاتۆر بوو، بەشێك لەو پرۆسەیەش لابردن و نەهێشتنی ئاسەوارو هێماو نیشانەکانی ئەم رژێمە دیکتاتۆرییەیە، هەندێ کەس و لایەن لە عێراق وەك پێویست پێشوازیان لە گۆڕینی ئالاّ نەکرد، هەندێ کەس بە هەڵە لە هەڵوێستی ئێمە تێگەیشتن، کاتێك داوای ئالاّیەکی تازەمان دەکرد بۆ عێراق وایان لێکدەدایەوە کە ئەوە نیازی ئێمەیە بۆ لاواز کردنی ناسنامەی نیشتمانی عێراقی، بەلاّم دیارە مەسەلەکە بەم شێوەیە نییە. لە ژێر حوکمی تاکڕەوی بەعسی، تێڕوانینی دیکتاتۆر لەگەڵ سەرکردەو حزب و دەوڵەت تێکەڵ بوو، عێراق ولاّتێك بوو وەك ولاّتێکی تاکڕەو پێناسە دەکرا، کە لە لایەن یەك پارت و یەك سەرکردە بەڕێوەدەچوو، بە هەمان شێوە ئالاّکەشی بەرزترین هێمای دەوڵەتە، هەر بەو شێوەیە دەبینرا. هەر کاتێ رژێمە دیکتاتۆرەکان

له بەرامبەر ئیرادەی میللەت چۆکیان دادابێت و رووخابن، ئەوا گەلانی ئەو ولاّتە هەوڵیانداوە ئاسەواری دیکتاتۆرو تاکرەوەکان بسڕنەوە. بەهەڵکردنی ئالاّی تازە ئومێدێکی مەزن بۆ گەلی عێراق دروست دەبێت، کە ئەویش سڕینەوەی ئاسەواری دیکتاتۆری و کردنەوەی لاپەڕەیەکی تازەیە بۆ ژیانێکی ئاسوودەو ئارام لەم ولاّتەدا بۆ هەمووومان، ئێمە خوازیاری تەبایی و برایەتی و پێکەوە ژیانین لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقدا، بۆیە نامانەوێ رۆژانی پڕ نەهامەتی میللەتی ئێمە دووبارە ببێتەوە، یان بەهۆی هەڵکردنی ئالاّی بەعس برینە کۆنەکان بکولێنەوە. ئێمە زۆر چاك ئەو وێنانەمان لەبەر چاوە، کە لە سالاّنی نەوەتەکان لە دوای رووخانی رژێمی کۆمۆنیستی فوتابیانی رۆمانیاو روسیا ئالاّیان بە دەستەوە بوو، ناوەڕاستەکەیان لێ دەرهێنا بوو، چونکە بۆ ئەوان زۆر زەحمەت بوو قبوڵ بکەن ئالاّیەك بەرز بکەنەوە کە لە ژێریدا دەچەوسانەوە. بۆ ئێمەش هەنگاونان بەرەو بەرز کردنەوەی ئالاّیەکی نوێ، پرۆسەیەکی ئاسایی و سروشتییە کە گوزارشت لە پابەند بوونی ئێمە دەکات بە عێراقێکی تازەوە. ئەم ئالاّ تازەیە بەرهەمی دانوستان و رێککەوتنە لەنێوان زۆر لە سیاسەتمەدارانی عێراق بەشێوازێکی دیموکراسی و لە رێگەی گفتوگۆی پەرلەمانییەوە گەیشتوونەتە رێککەوتن لەسەر ئەم ئالاّیە، کەواتە ئەمە نیشانەی دروستبوونی ولاّتێکی تازەیە کە هەمووومان دەتوانین شانازی پێوە بکەین، ئەمەش ئالاّیەکە کە داوامان لێدەکات هەمووومان بەرەو پێشەوە بڕۆین، بەرەو ئایندەیەکی گەش کە هەموو لایەك رزگاری بێت لە رۆژانی رەش و تاریکی رابردوو. بەعس ئامارەکانی ئالاّی عێراقی لە ژێر رۆشنایی بەرنامەکانی حزبەکەی دارشتبوو، بەرنامەی حزبەکەشی بریتی بوو لە ژێر پێنانی مافەکانی گەلانی عێراق و پێشێل کردنی سەروەری ولاّتانی دراوسێ و پشتگوێ خستنی یاسا نێودەوڵەتییەکان، جگە لەوەی لە ناوخۆی ولاّت بووە مایەی کارەسات و نەهامەتی بۆ هەموو گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کورد لە کوردستان عێراق بەتایبەتی. هەرچەندە ئەم ئالاّیە بۆ ماوەیەکی کاتییە، بەلاّم دەستپێکی هەنگاوێکی گرنگە لە پرۆسەی مسۆگەر کردنی ئایندەیەکی باشتر بۆ عێراق. هەر بۆیە ئێمە خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان ئالاّی تازەی عێراق بەرز دەکەینەوە. ئێمە دەمانەوێ بەشێکی بونیاتنەر بین لەم ولاّتەدا، ئێمە دەمانەوێ رێز لە بڕیارو بۆچوونەکانمان بگیرێ، دەمانەوێ کێشەکانمان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا پێکەوە گفتوگۆیان لەسەر بکەین و چارەسەریان بکەن، بۆ ئێمە دەستووری عێراق، ئەو دەستوورەیە کە دەتوانین هەمووومان لە چوارچێوەیدا ئەو کێشانەی کە لە عێراقدا هەیە چارەسەریان بکەین، چونکە بە بڕواو ئیرادەی خۆمان ئەو هەڵوێستەمان هەڵبژاردووە. بە ئومێدی دوا رۆژێکی بەختەوەر بۆ هەموو لایەك و، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك نێچیرڤان، بۆ وتارە بەنرخەکەی، زۆر سوپاس بۆ ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەم بۆ مەراسیمی بەرز کردنەوەی ئاڵایەکە بچینە دەرەوە، زۆر سوپاس.**

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 26\2\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2008/2/26

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێكـەوتی 2008/2/26 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبـدالله(د.كمـال كـەركووكی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومـەن, دانیشـتنی ژمـاره (2)ی نائاسایی خـولی دووەم, سـاڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

پشت بەسـتن بـە بڕگـە (1)ی مـادده (6) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانی كوردسـتانی عێـراق و بـەپێی حوكمـەكانی بڕگـە (1)ی مـادده (20) لـە پەیڕەوەكـە بڕیاردرا بەرنامـەی كـاری دانیشـتنی ژمـارەی (2)ی نائاسـایی خـولی گرێـدانی یەكـەمی سـاڵی سـێیەمی خـولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن دەربارەی هەڕەشـەكانی توركیـاو لەشكركێشـی بـۆ سـەر هـەرێمی كوردسـتان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

پشت بەستن بە بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق و بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوەكە بڕیاردرا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارەی (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/2/26دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردن دەربارەی هەڕەشەكانی توركیاو لەشكركێشی بۆ سەر هەرێمی كوردستان – عێراق.

بەڕێزان داوامان كرد ئەم دانیشتنە نائاساییەی پەرلەمانی كوردستان ئەنجام بدرێت لەكاتی پشوودانی فەرمی پەرلەمانی كوردستان ئەویش لەبەر گرنگی ڕووداوەكان، كە دەوڵەتێكی دراوسێ، دەوڵەتی توركیا بەفەرمی بەپشتیوانی پەرلەمانی تورك وحكومەتەكەیان لەشكر كێشییان كردۆتە سەر هەرێمی كوردستانی عێراق، بەبەهانەی ئەوەی شەڕی پەكەكە ئەكەن، بەم كارەیان سنووری فەرمی دەوڵەتی عێراقیان بەزاندووەو ناوچە سنووریەكانی هەرێمی كوردستانیان خستۆتە بەر بۆردوومان و لەشكر كێشی، ئێمە لەكاتێك كە وتوومانەو دووبارەشی دەكەینەوە كەپێمان باش وگرنگە لەگەڵ دراوسێكانمان پەیوەندی باشمان هەبێت، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەیەكتر، كەچی ئەم ڕووداوانە بەداخەوە دووبارەو چەند بارە تكرار ئەبێتەوە، ئێمە وەكو لەسەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بەتوندی ئیدانەمان كرد، دووبارە لەپێش ئێوەی

بەڕێز ئیدانەو ریسوای ئەو لەشکر کێشییە ئەکەین و داوایان لێ ئەکەین بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان بەزووترین کات، کێشەی ناوخۆی تورکیا ریشەکەی لەلای خۆیانە و بەئاشتی چارەسەر ئەکرێت، جاروبار پرشنگی ئەو ئاگرەش بەر ئێمە ئەکەوێت، ئێمە تەرف نین لەو شەڕە، ئەو شەڕەش هەرێمی کوردستان دروستی نەکردووە ڕیشەی شەڕەکە لەلای خۆیانەو چارەسەریشی لەوێیە، ئێمە بۆ هاوکاری ئاشتیانە، بۆ بنبڕکردنی ئەو وەزعە ئامادەیی هەرێمی کوردستان چەندین جار دووبارە کراوەتەوە، کە هەرێمی کوردستان ئامادەیە، ئەوەی لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ ڕوو ئەدات ئەوە نەتیجەی ئەو کێشەیەیە، کێشەکەش لەلای ئێمە نیە، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە لەسەری ڕاوەستین و ئیشارەتی پێبدەین ئەویش دەوڵەتی عێراقی فیدڕالیە، بەداخەوە دەوڵەتی عێراق وەکو دەوڵەتێك پێویست بوو ئیلتیزاماتی سیاسی، دەستووری، دیبلۆماسی خۆی بەکاربهێنابایە، پێش ولەحاڵەتی ئەم ڕووداوانە، بەڵام بەداخەوە بەو شێوەیە نەبوو، ئەبوو شەکواو ئیحتیجاجاتی بکردایە لە مەجلسی ئەمن، یەکێتی ئەورووپاو جامیعەی عەرەبی و موئتەمەری ئیسلامی وداوای لەحولەفا بکردایە کە وەکو وڵاتێکی موحتەل بەئەرکەکانی خۆیان هەڵبسن بۆ پاراستنی ئەرزو ئاسمانی عێراقی فیدراڵی، بەڵام بەداخەوە ئەوەیان نەکرد تەنها ئیکتیفائیان بەوە کرد کە قائیم بە ئەعمالی ئیشوکاری تورکیا لە عێراق داوا بکەن ولەگەڵی قسە بکەن، ئەمەش زۆر زۆر کەم ونزمە، لەئاستی ئەو ڕووداوانە نیە، کە بەداخەوە ئەمڕۆ لەناو سنووری عێراقی فیدراڵی، لەهەرێمی کوردستانەوە دەستی پێکردووە، مەترسی ئەوە دەکرێت کە ئەو لەشکر کێشییە پەرە بسەنێت، نیەت پاکی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وگشت خەڵکی کوردستان زۆر ئاشکرا بوو، زۆر جوان دیار بوو، کە هیچ زەرەرێکی دەوڵەتەکانی دراوسێی ناوێت، هیچ ڕۆژێك خەتەر نەبوون لەسەریان، هەروەکو نموونەکانیش ئەوەن لەناو هەرێمی کوردستان لەچەند شوێنێك سەربازگەی دەوڵەتی تورکیا هەبوو، بۆ نیشان دانی نیەت پاکێتی ئەویش بەئیتیفاقیات بوو کەحەرەکاتیان بەشێوەیەك بێت بەئاگاداری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە لەم ڕووداوانەی ئەخیر هەندێ حەرەکات دەستی پێکرد، ئەگەر برا پێشمەرگە سەربەرزە خوێن لەسەر دەستەکان یان گیان لەسەر دەستەکان نەبوونایە، لەگەڵ جەماوەری سەربەرزی هەرێمی کوردستان کارەساتی زۆر گەورەی لێ دەبوویەوە، بۆیە ئێمە هەر لەم مینبەرەوە داوا ئەکەین و پێشنیار ئەکەین بۆ ئێوەی بەڕێزیش کەداوا بکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەئەرکی خۆی هەڵبسێت وداوا بکات ئەو سەربازگانە لەهەرێمی کوردستان نەمێنن وبگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، ئێستا زیاترسەرتان نائێشێنم بۆ ئێوەی بەڕێز بەجێی دەهێڵم داوا لە لیژنەی پێشمەرگەو لیژنە ناوخۆ ئەکەین کەوا تەشریفیان بێت بۆ ئێرەو راپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن، لیژنەی پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

ئێمڕۆ هەرێمی کوردستانی عێراق رووبەڕووی زوڵم و تەعدایەکی گەورە بۆتەوە ئەویش هێرشی ئاسمانی و تۆپباران و لەشکر کێشی تورکیا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا بەبیانووی (پەکەکە)، ئێمە ئەم بیانوویە دوور لە ڕاستی دەزانین، بۆیە زۆر بەتوندی ئیدانەو ریسوای دەکەین، داوا دەکەین کە تورکیا هێزەکانیان بکێشنەوەو کۆتایی بە هێرشەکانیان بێنن و پشتیوانی دەکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم بۆ بەرگری کردن لە مافی ڕەوای گەلەکەمان و پاراستنی ئەم هەرێمە.

داواش دەکەین حکومەتی هەرێم بە زووترین کات ئەو عەسکەرانەی تورك كە لەزرووفی ( استسنائی) لە هەرێمی کوردستان جێگیر ببوون دەربکەن و بنێردرێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

داواشمان ئەوەیە داوا بکرێت لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەنگمان بەرز بکەنەوە بۆ کۆتایی هێنان بەو هێرشانە.

داواش لە ئەمریکا دەکەین بەحوکمی ئەوەی عێراق لە کۆنترۆڵیانە، ئاسمان و ئەرزی عێراق بپارێزن وڕێگا نەدەن بەتورکیا هێرش بکات، چونکە دەبێتە مایەی تێکدانی ئیستقرار لە گشت ناوچەکەدا.

لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان 2008 /2/26

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

سوپاس لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکەمان لەسەر لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو سنووری عێراق لەهەرێمی کوردستان لەڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی (24/ 2008/2)و ڕۆژی [دوو شەممە ڕێکەوتی (2008/2/25) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، هەروەها پاش پەیوەندی کردن بەلایەنەکانی پەیوەندیدار لە دەسەڵاتی جێبەجی کردن ئێمە راپۆرتەکەمان بەم شێوەیە پێشکەش دەکەین:-

یەکەم: شێوازی لەشکر کێشی:-

لەشکر کێشیەکە بەم شێوەیە بوو:

1- لە (2008/2/21) هێزەکانی تورکیا هاتوونەتە ناو خاکی عێراق لە هەرێمی کوردستان لە چەندین شوێنو هێزەکانی ئاسمانی لەشکری تورکیا چەندین شوێنیان بۆردومان کردووەو زیانێکی مادی گەورەی لێ کەوتووە.

2- لە (2008/2/21) هێزەکانی لەشکری تورکیا لەشکرکێشیان کردووە لە ناوچەی سیدەکان لە گوندی (هەدنێ).

3- لە (2008/2/24) لە ناوچەی چەم جوو وشەمکا هێزەکانی لەشکری تورکیا ئینزالی ئاسمانیان کردووە.

4- لەگەڵ ئەم لەشکرکێشیە بە بەردەوامی تۆپ بارانی چەندین شوێنیان کردووە.

دووەم: زەرەرو زیانی لەشکرکێشیەکە تاکو ئێستا:-

1- تەقاندنەوەی چەندین پردی هەرێمی کوردستان.

أ-پردی ئاڤامارك کە ناوچەکانی (نێرۆ، رێکان، دوسکی ژوری) دەبەستێتەوە بە دەشتی زێ (شیلادزیو دێرەلوك).

ب- پردی سیدان کە گوندەکانی مزوری ژووریو ولات ژێری دەبەستێتەوە بەناوچەی ئامێدی.

ت- پردی بێرەخا، ئەم پردە گوندەکانی ناوچەی مێرگەسوور دەبەستێتەوە بە گوندەکانی ناوچەی ئامێدی.

پ- پردی شاجا، ئەم پردە دەکەوێتە نێوان چەم جوو وسیدا.

ج- پردی دوو کەرامازی، ئەم پردە ناوچەکانی نێروەو رێکان دەبەستێتەوە بە ناوچەکانی دۆسکی ژوری.

تێبینی:-

ئەم پردانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دروست کراونو لە (2004/5/13) رۆژی کردنەوەیان بووە، ئەمەش بۆ بەستنەوەی سنووری ئامێدی بە مێرگەسوور.

2- هەروەها زەرەو زیانی ماددیو مەعنەوەی بەناوچەکەو بەهاووڵاتیان کەوتووە کە ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتیان ئاوارەی شوێنەکانی تر بوون.

سێیەم:- ئەنجامەکانی ئەم لەشکرکێشیە:-

1-پێشێل کردنی زەقی سەروەری عێراقو سەرپێچیەکی روونە بۆ هەموو پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتیو جارِی وڵاتە یەکگرتووەکان.

2- تێکدانو هەرەشەیە بۆ ئاشتیو ئاسایشی ئەم ناوچەیە کە بەشێکە لە ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی کە جێگای بایەخی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە.

3- دەبێتەمایەی زیان پێ گەیاندنێکی زۆر بە پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو عێراقو بەتایبەتی هەرێمی کوردستان. چونکە ئەم لەشکرکێشیە دەبێتەمایەی پووچەڵ کردنەوەی ئەم پرەنسیپانە کە پەیوەندی باش لەسەریان بنیات دەنرێن، بەئەنجام کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر ئایندەی هەردوو میللەت.

چوارەم: راسپاردەکانی لیژنەکەمان بۆ ئەنجومەن:-

1- ئیدانەکردنی توند بۆ ئەم لەشکرکێشیە.

2- داوا لە لەشکری تورکیا بکرێت هەموو جۆرە هێزەکانیان بە بنکە کۆنەکانیانەوە کە لەقۆناغێکی ناخۆشدا لەهەرێمی کوردستان جێگیربوون بکشێنەوە.

3- داوا لە حکومەتی تورکیا بکرێت قەرەبووی هاووڵاتیانی کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات لەسەر ئەو هەموو زەرەو زیانەی کە لە ئەنجامی ئەو لەشکرکێشیە گەیەنرا.

4- پێویستە لەسەر ئەمریکا ئەرکەکانی خۆی جێبەجی بکات لە پاراستنی سەروەری عێراق کە ئەم ئەرکە بەپێی بریارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان لەئەستۆی ئەمریکایە.

5- داوا له حکومەتی فیدراڵی عێراق بکرێت که داوا له ئەنجومەنی ئاسایش بکات دانیشتنێکی تایبەت ئەنجام بدات‌و بڕیارێکی گونجاو وەربگرێت، چونکه ئەم لەشکرکێشیه هەڕەشەیه بۆ ئاشتی‌و ئاسایشی هەرێمی که بەشێکه له ئاشتی‌و ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەم داوایه بەپێی جاڕی وڵاته یەکگرتووەکان مافی عێراقه.

6- داوا لەحکومەتی فیدرالی عێراق دەکەین به ئاشکراکردن‌و پووچەل کردنەوەی ئەو هەموو رێکەوتننامه نهێنی‌و ئاشکرایانەی که لەگەڵ تورکیایان مۆرکردووە له دژی گەلی کوردستان له چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی.

7- دەبێت وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆو هەموو لایەنه پەیوەندیدارەکان ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن بۆ پاراستنی ئاسایش‌و سامانی هاووڵاتیان‌و دام‌و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان.

8- پێکهێنانی لیژنەیەك له ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان‌و سەرۆکایەتی هەرێم‌و حکومەتی کوردستان بۆ چاودێری بارودۆخەکەو جێبەجێکردنی ئەم خاڵانه. لەگەڵ رێزماندا.

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان- العراق

م/ تقرير اللجنة الداخلية حول اجتياح الجيش التركي

حول تجاوزات واجتياح الجيش التركي الى داخل الاراضي العراقية في اقليم كوردستان قامت لجنتنا بعقد اجتماع في يوم الاحد المصادف (2008/2/24) ويوم الاثنين المصادف (2008/2/25) وبعد الاتصال بالجهات المعنية في السلطة التنفيذية فأن لجنتنا تقدم تقريرها على النحو التالي:-

أولاً: شكل الاجتياح:

كان الاجتياح على النحو التالي:-

1- في (2008/2/21) قامت القوات التركية بأجتياح الاراضي العراقية في اقليم كوردستان في عدة مناطق ومن خلالها قامت القوات الجوية منها خصوصاً المروحيات بقصف مناطق عديدة خلفت اضرار مادية ومعنوية جسيمة.

2- في (2008/2/21) زحفت القوات التركية الى منطقة سيدكان وتمركزت في قرية (هەدنێ).

3-في (2008/2/24) وفي منطقة جەم جو وشەمكا قامت القوات التركية بإنزال جوي.

4-مع هذا الاجتياح وخلال كل هذه الفترة فان القوات التركية لم تتوقف عن قصف مناطق عديدة بالمدفعية.

ثانياً: الاضرار الناتجة عن هذا الاجتياح:-

1- تدمير جسور عديدة من جسور اقليم كوردستان ومنهم:-

أ-جسر ئاڤامارك والذي يربط المناطق (نێروە، رێكان، دوسكی ژوری) بدەشتی زێ والمثلة ب(شێلادزێ، دێرەلوك).

ب- جسر سيدان والذي يربط بين قرى مزوری ژوری وولات ژێری وبين منطقة ئامێدی.

ت- جسر بێرەخا والذي يربط قرى منطقة مێرگەسور بقرى منطقة ئامێدی.

پ- جسر شاجا، هذا الجسر يقع بين جەم جوو وسيدا.

**ج ـ جسر دووكەرا مازى والذي يربط مناطق نيَروة وريَكان بمنطقة دوسكى ژورى.**

**ملاحظة:-**

**هذه الجسور بنيت من قبل حكومة اقليم كوردستان بهدف ربط منطقة ئاميَدى بمنطقة مێرگەسور وتم الافتتاح في (2004/5/13).**

2- **كما كان لهذا الاجتياح اضرار معنوية ومادية اخرى كبيرة بالمنطقة وبالمواطنين ونزوح عدد كبير من المواطنين من هذه المناطق الى مناطق اخرى.**

**ثالثاً: نتائج المترتبة:-**

1-**إن هذا الاجتياح هو انتهاك صارخ للسيادة العراقية وخرق لكل الاتفاقيات والمعاهدات الدولية والقانون الدولي وميثاق الامم الامتحدة.**

2- **وهو اخلال بالامن والسلم الاقليمي في هذه المنطقة الذي هو جزء من الامن والسلم العالمي ذي الاهتمام للمجتمع الدولي برمته.**

3- **وهذا الاجتياح يلحق الاضرار بالعلاقات بين تركيا والعراق بصورة عامة ومع اقليم كوردستان بصورة خاصة، وانه يدمر كل تلك المبادئ التي تبنى عليها العلاقات الجيدة وبالنتيجة سيكون ذو تأثير سلبي على مستقبل الشعبين.**

**رابعاً: توصيات اللجنة للمجلس:-**

1-**الادانة الشديدة لهذا الاجتياح.**

2- **مطالبة تركيا بسحب كافة انواع قواتها ومنها القواعد القديمة التي تمركزت في اقليم كوردستان في ضروف صعبة وبأسرع وقت.**

3- **مطالبة الحكومة التركية بتعويض حكومة اقليم كوردستان ومواطني الاقليم عن كل الاضرار الناجمة.**

4- **على امريكا ان تنفذ التزاماتها بحماية سيادة العراق والتي تقع على عاتقها طبقا لقرارات مجلس الامن والاتفاقيات والمعاهدات الدولية.**

5- **مطالبة الحكومة الفيدرالية العراقية وطبقاً لميثاق الامم المتحدة لتطالب مجلس الامن الدولي عقد اجتماع طارئ حول الموضوع لاتخاذ القرار المناسب.**

6- **مطالبة الحكومة الفيدرالية العراقية الغاء وكشف كافة الاتفاقيات السرية والعلنية الموقعة مع الحكومة التركية لضرب مصالح وحقوق شعب كوردستان وفي اطار القانون الدولي.**

7- **على وزارة البيشمرگه و وزراة الداخلية وكل الجهات المعنية من السلطة التنفيذية اتخاذ الاجراءات المناسبة لتنفيذ التزاماتها بحماية امن وممتلكات المواطنين وحماية كافة المؤسسات لاقليم كوردستان- العراق.**

8- **كما نوصي بتشكيل لجنة من رئاسة الاقليم والمجلس الوطني والجهات المعنية من مجلس الوزراء لمتابعة الاوضاع والاحداث وتنفيذ القرارات التي يتخذها المجلس. مع التقدير.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د.كەمال كەركووكى):**

**زۆر سوپاس، خوشك وبرایانی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەرگای موناقەشە ئەکەینەوە، داوا لەو بەڕێزانە ئەکەین کەئەیانەوێت قسە بکەن با ناویان بنووسین، تکایە ئەو بەڕێزەی کە ئەیەوێت قسە بکات ناوی ئەنووسین ئەگەر ئەوەی ناوی نەنووسێت دوایی ڕێگەی پێنادەین زۆر سوپاس، فەرموو کاك شێروان حەیدەری.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك وبرایانی بەڕێزم ئەندامانی پەرلەمان.**

**من لەکاتێکدا پشتگیری لەهەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگە ئەکەم، چەند خاڵێك هەیە دەمەوێت تەئکیدی لەسەر بکەم و دووپاتی بکەمەوە، لەشکر کێشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەمجارەیان نەك تەنها ناوچە سنوورییەکانی گرتەوە، بەڵکو هاتە ناو خاکی کوردستانیش قوڵایشی گرتەوە، ، هێرشەکەی تورکیا ئەمجارە ئەو دیهاتانەی گرتەوە کەدەستی ئاوەدانکردنەوەیان بۆ درێژکرابوو، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تاگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە هەندێك لە پردە ستراتیژییەکان بگرێتەوە، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تاگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە هەندێك لە پردە ستراتیژییەکان بگرێتەوە، کە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان دروست کرابوو لەم ناوچەیە، لەهەمان کاتیشدا زەرەرو زیانێکی زۆری بە ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان گەیاند، هێرشەکەی ئەمجارەی تورکیا بەڵگەیەکی ڕوون وئاشکرایە کەمەبەست لەم هێرشە، هێرشەکەی ئەمجارەی تورکیا بەڵگەیەکی ڕوون وئاشکرایە کەمەبەست لەم هێرشە، ئەوە نیە بۆ ڕاوەدوونانی چەکدارانی پەکەکە بێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە شێواندنی ئارامی وسەقامگیری هەرێمی کوردستانە جگە لەوەش ئەم هێرشەی ئێستا تورکیا دوورە لە هەموو عورف وعاداتی یاسای نێودەوڵەتی و سنوور بەزاندنە بەسەر ئێمەداو، بەدەست درێژی واتە تەعەدا ئیعتیبار دەکرێت، بەگوێرەی قانونی نێودەوڵەتی لەسەر وڵاتێك کە ئەم وواڵتە ئەندامە لەنەتەوە یەکگرتووەکان جگە لەوەش سنوور بەزاندنی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان پێشێل کردنی سەروەری هەرێمی کوردستانە، سەروەری هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەسەروەری عێراق کە بەداخەوە هەڵوێستی عێراق هەڵوێستێکی زۆر زەعیف ولاواز بوو ، بەرامبەر ئەم هێرشە فراوانەی ئەمجارە، ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کەمەسەلەی پەکەکە مەسەلەیەکی ناوخۆییە، ئەو مەسەلەیە ئێمەی تێدا تەرەف نین، ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشتیانە نەبێت ئەو مەسەلەیە چارەسەر ناکرێت، لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، ، دەڵێت (هەر وڵاتێك ئەندام بێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەر دەست درێژی لەسەر بکرێت، پێویستە بەرگری لەخۆی بکات، لەهەمان کاتدا ئەرکی وڵاتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشە، کەبەرگری لەم وڵاتە بکات)، جگە لەوەش بەنیسبەت ئێمەوە وەکو عێراق پێویستە هێزە فرە ڕەگەزەکانیش بەرگری لەعێراق بکەن، کەئەوانە هیچێکیان نەکرا، تەنها ئەو هەڵویستەی سەرۆکایەتی هەرێم نەبێت کە بە بوێرانەو بەروون وئاشکراش وتی هەر تەجاوزێك لەسەر هاووڵاتیانی کوردستان بکرێت، ئێمە بەهەموو قوەتمانەوە دیفاعی لێ دەکەین،**

من چەند خاڵێك هەیە دەیخەمە رووی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان داوا بکات:

1- داوا لەحکومەتی عێراق بکات، داوا لەمەجلسی نوابی عێراقی بکات کەبەزووترین کات ئیعادەی نەزەر لەو رێککەوتننامانە بکەنەوە، کەلەنێوان عێراق وتورکیا ئەنجامدراوە سەبارەت بەمەسەلە سنوورییەکان بۆ ئەوەی بیخەنە ئەو قالبەی ئیلغا بکرێت.

2- داوا لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ بکرێت، کەئەم رێککەوتننامانەی ئیمزای کردووە لەگەڵ تورکیا وەکو عێراقی فیدراڵ ئاشکرای بکات بۆ هەموو کەس بۆ ئەوەیە هەرێمی کوردستانی عێراق، سوورەتێکی وازحی هەبێت لەم رێککەوتننامانە.

3- داوا لەحکومەتی عێراقی فیدراڵ ولە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، کەلەنێوان عێراق وتورکیا ئەنجامدراوە سەبارەت بەمەسەلە سنوورییەکان بۆ ئەوەی بیخەنە ئەو قالبەی ئیلغا بکرێت.

4- داوا لەحکومەتی عێراقی فیدراڵ ولە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، کەئەو پێگە عەسکەرییەی تورکیا کە هەیەتی لەم ناوچەیە ئیعادەی نەزەری تێدا بکرێتەوەو کۆتایی بەم بنکە سەربازییانەی تورکیا هەیە بهێنرێت کەلەناو کوردستاندا هەیەتی.

5- داوا ئەکەین کە ئەو زەرەرو زیانەی بەهەرێمی کوردستان کەوتووە، حکومەتی عێراقی فیدراڵ داوا لەتورکیا بکات، کەوا قەرەبوویان بکاتەوە، لەهەمان کاتدا داوا لەحکومەتی عێراق ئەکەین کەماددەی 140 جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی تورکیا هەموو کاتێك بیانومان بەو ماددەیە پێ نەگرێت، لەکۆتایی قسەکانمدا دەڵێم لەم مینبەرە حورەوە لە مینبەری پەرلەمانی کوردستانەوە دەڵێم، داوا لەهەموو وڵاتانی جیهان دەکەین، کە بەرگری لەمافە ڕەواکانی ئێمە بکەن، ئێمە لەکاتێکدا سوپاسی ئیتیحادی ئەوروپی وئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمینداری گشتی جامیعەی دوەلی عەرەبی وئەڵمانیا وڕوسیاو وڵاتانی تر دەکەین، کە پشتگیرییان لە لەشکر کێشی تورکیا نەکردووەو دژی ڕاوەستاون لەهەمان کاتدا دەمەوێت ئەوە ڕابگەیەنم لەم دواییەدا کۆسۆڤۆ سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، هەموو وڵاتانی دونیا بەووڵاتە زلهێزەکانیشەوە ئەوە ئەمریکا ئەوە بەریتانیا ئەوە فەرەنسا خیلالی چەند سەعاتێك ئیعترافیان پێکرد و پیرۆزباییان لێکرد، بەتورکیاوەش وەدەست خۆشیشیان لێکرد، بەڵام لەبەرچاوی ئەم وڵاتە زلهێزانە تورکیا دەست درێژی ئەکاتە سەر هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەوانە هەموویان بێدەنگن، بۆیە من نازانم لەسەر ئاستی جیهان بەچ پێوەرێك مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانە دەکەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د.کەمال کەرکووکی):**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا پشتگیری هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی پێشمەرگەو لیژنەی ناوخۆ ئەکەم، لەگەڵ ئەوەدا ئیدانەی لەشکرکێشی تورکیا ئەکەین، داوای کشانەوەی بەپەلەی لەشکری تورکیا ئەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا داوا

ئەکەین هەموو ئەو بنکانەی کەوا پێشتر لەکوردستاندا جێگیرکرابوون لابرێن، ئەگەر بکرێت پەرلەمان بڕیارێك دەربکات، وەك ئەوەی 2003/5/12 بۆ هێزی ئاشتی پارێز (P.M.F)ی دەرکردووە، بۆ ئەوەی ئەوانیش بەهەمان شێوە بەبڕیارێك لەهەرێمی کوردستان بچنە دەرەوە، دیارە ئێستا هەموومان ئەزانین دەم و زەمانی شەڕ نەماوە، بۆیە پێویستە تورکیا کێشەکانی خۆی لەگەڵ کوردو پەکەکەش بە ڕێگا چارەی ئاشتیانە چارەسەر بکات، دیارە ئەم لەشکرکێشیەی ئەم دواییەی تورکیا جێگای سەرنجە و زۆر جیاوازە لە هەموو لەشکر کێشیەکانی پێشتر کە وەکو هاوڕێم کاك شیروان ئیشارەتی پێدا، مەبەستی لەوە زیاتری لە پشتەوەیە، تەنها بۆ پەکەکە نەهاتووە. جێی سەرنجە کە تورکیا دان بە سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ دادەنێت، کەچی خۆی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی یەکێك لە نەتەوە گەورەکانی تورکیا هێزو لەشکرکێشی بە کاردەهێنێت، هەموومان دەزانین ئەوە چەند جارە کە تورکیا ئەزموونی لەشکرکێشی بەکاردەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکەو کورد لە کوردستانی تورکیا، لە هەموو ئەو جارانەشدا شکستی هێناوەو، تورکیا زۆر باش دەزانێت کە دروست بوونی پەکەکە، نە بە خواست و ئارەزوی ئێمەیە، نە ئێمە لێ ی ئاگادارین و نە بەرپرسیشین، بەڵام ئەم لەشکرکێشیانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان جێ ی سەرنج و تێبینیە، ئێمە وەکو گەلانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەلانی ئاشتی خوازین، شەڕ ناخوازین بۆ هیچ کەس و لایەنێك و حکومەت و دەوڵەتێك، داواکارین کە تەنهاو تەنها ڕێگاچارەی ئاشتیانە و دانوستان دەست پێ بکاتەوە و دانوستان بەکاربهێنین، پێمان وایە حیزبی دادو گەشەپێدان لە قەیرانێکی سیاسی دایە لەگەڵ عەلمانیەکانی تورکیا، بۆیە ئەم جارە بۆ داپۆشینی ئەو قەیرانە سیاسیە پەنای بردووەتەوە لەشکرکێشی، کە پێ دەچێت لە ئەنجامدا ببێتە هۆی ئەوەی کە حیزبی دادو گەشەپێدان ئەوەی بە سیاسەتی میانڕەوانە بە دەستیان هێنا بە شەڕ بیدۆڕێنێت، دیارە وەکو کاك شیروان و هەردوو لیژنەی ناوخۆ و پێشمەرگە، ئیشارەتیان پێدا ئەم لەشکرکێشیەی ئەوروپا پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەری خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانە، بۆیە پێویستە پەرلەمان کۆمەڵێك شت بکات، کە یەکەمیان: داوا بکات لە حکومەتی عێراق کە هەڵوێستی توند ترو روون تر بێت، هەروەها ئەو ڕێکەوتننامانەی کە پێشتر تورکیا لەگەڵ ڕژێمی رووخاودا مۆریان کردووە هەموویان هەڵ بوەشێندرێنەوە، هەروەها داوا بکرێت لە ئەمریکا کە سەروەری خاکی عێراق بپارێزێت و ئەرزو ئاسمانی هەرێمی کوردستان بپارێزێت، و داواش لە نەتەوەیەکگرتووەکان و پەرلەمانی ئەوروپا بکەین، کە فشاری توند بخەنە سەر تورکیا بۆ ئەوەی هێزەکانیان بکشێنەوە، و هەوڵ بدەین کە پشتیوانی نێو دەوڵەتی پەیدا بکەین، بۆ ئەوەی فشار بخرێتە سەر تورکیا بۆ گەڕانەوەی ئەو لەشکرە، پێویستە وەك پەرلەمان ئێمە لیژنەیەك دروست بکەین، ئەو لیژنەیە داوا بکات لە دەسەڵاتی تەنفیزی کە داوا بکات تەخمینی هەموو ئەو زەرەرو زیانانە بکات، کە ئێستا بە هۆی ئەم لەشکرکێشیەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان هاتووە، دوای ئەو تەخمینە داوای قەرەبوو کردنەوە بکەینەوە، و داواش بکەین، کە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە، بە پەلە لە ئامادەباشی دابن، وە داواش لە کۆمەڵانی خەڵك بکەین کە خۆیان ئامادەبکەن بۆ هەموو رووبەڕوو بونەوەیەك بۆ شتێکی لە ناکاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد  فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من محمد فرج، سەرۆكی فراكسیۆنی یەكگرتوو، من پێم وایە قسەكانمان هەموو بەیەك ئاراستە دەڕوات، مانای دووبارە بوونەوە ناگەیەنێت، بەڵكو مانای تەئكید كردن و جەخت كردنەوەی هەموو ئەم لایەنانە دەگەیەنێت كە لە پەرلەمانی كوردستان دان، ئەم لەشكركێشیەی ئەم جارەی توركیا وەكو ئەو بەرێزانە گوتیان زۆر جیاوازە، یەعنی لە ئاسمان و زەویەوە بە بیانووی لێدانی هێزو بارەگاكانی پارتی كرێكارانی كوردستان كە لە هەرێمی كوردستان دایە كە پێچەوانەكەی دیارە كۆمەڵێك زەرەرو زیان لە ژێرخانی كوردستان بە رووخاندنی پردو بە سووتاندنی ڕەزو باخ و زەوی كشتوكاڵی لەو ناوچە سنووریانە، هەروەها دەرپەڕاندن و ڕاكردنی گوند نیشینەكان بۆ شارەكان، بێگومان ئەمە نیگەرانیەكی زۆری بۆ خەڵكی كوردستان دروست كردووە، و دوور نیە ترسیشی دروست كردبێت، چونكە دەوڵەتێكی زلهێزی وەكو توركیا بە بێ پەروا، بە بێ هیچ گوێ دانێك بە یاسا نێو دەوڵەتیەكان حەرەكەتی وا بكات، جێگەی خۆیەتی مەترسی لێ بكەوێتەوە و ئێمەش حەزەری زۆری تیادا وەربگرین، ئێمە لە هەرێمی كوردستاندا هەموو لایەنەكان بە حكومەت و پەرلەمان و سەرۆكایەتی هەرێمیشەوە، هەموو موتەفق بووین لەسەر مەبدەئێك كە ئێمە دژین بە هەر لەشكركێشی و هەر هەڕەشەیەك كە بكرێتە سەر هەرێمی كوردستان، و هەروەها دژین بەرامبەر هەر گروپ و هێزێك و دەستەیەك كە هەرێمی كوردستان بەكار بێنێت بۆ هێرش كردنە سەر دراوسێكانمان، چونكە ئێمە دەمانەوێت هەروەكو ئاسایش و ئارامی خۆمان لە لا گرنگە پارێزراو بێت، ناشمانەوێت گرفتێك بۆ دەوروبەرەكانمان لە لای ئێمەوە دروست ببێت، نیەت پاكی هەرێمی كوردستانیش دیارە وەكو ئەوەی كە جەنابت ئاماژەت پێ كرد لەو شتانەی كە پێشتر كردوویەتی زۆر دیارو ئاشكرایە، هەر لە سەرۆكایەتی پەرلەمان و سەرۆكایەتی هەرێم و سەرۆكایەتی لایەنە سیاسیەكان و حكومەتیش، بەردەوام ئێمە پێشنیاری ئەوەمان كردووە، ئەم كێشەیە چارەسەر بكرێت، بەڵام بە ڕێگای حیوار چارەسەر بكرێت، ئێمە ئەزمونێكی تاڵمان هەیە، ئێمە لەگەڵ ڕژێمی بەعس، لە ڕژێمەكانی پێش ئەویش، نزیك بە سەدەیەك بەردەوام لە شەڕ دابووین، ئەم دەسەڵاتانە تا حەدی بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی و كۆمەڵ كوژی، كە سێ تاوانی گەورەن، بە ئیبادەی جەماعی بە تاوانی جەنگ، كە دواتر پێ ی مەحكوم بوون، لەگەڵ ئێمە بەكاریان هێنا، بەڵام سەركەوتوو نەبوون بە پێچەوانەوە خۆیان تیای چوون، ئەو پێشنیارەی كە ئێمە كردوومانە دیارە ئەو نیەت پاكیەیە، یەعنی ئێمە كە بە قەناعەتەوە دەیڵێین ئەم كێشانە بە شەڕ چارەسەر نابێت، بە هێز چارەسەر نابێت، بەڵكو بە گفتوگۆ چارەسەر دەبێت، چونكە مافی گەلێكیشە لە پاڵیدا، نەك مافی گروپێك یان جەماعەتێكی چەكدار، ئێمە دوای ئەوەی ئەوە دەخەینە روو ، روو دەكەینە ئەم لایەنانە ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی ئەمانە وەكو موحتەل، قانونی نێو دەوڵەتی هەیە بەرامبەر بە موحتەل یەعنی چی یە؟ لە 12 مادده كە چوارەم و پێنجەمی زۆر بە

ئاشکرا دان بەوە دادەنێت سەروەری و پاراستنی خاك و ئاسایشی ئەو ناوچەی کە ئەوان داگیریان کردووە دەبێت پارێزراو بێت لە لایەن ئەوانەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لە ڕوانگەی ئەو یاسا نێو دەوڵەتیەوە داوا دەکەین لە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بە زووترین کات دەوری خۆیان ببینن لە پاراستنی خاك و سەروەری هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لە عیراقی فیدراڵ، دووەمیان: عیراقی فیدراڵ، بە ڕاستی هەم لە لای ئێمەو هەم لە لای تەواوی کارشوناسانی دونیاوە بە ئەرکی دەستوری خۆی هەڵنەستاوە، لە دەستوردا هاتووە کە تەواوی سنوورەکانی عیراقی فیدرڵ بپارێزرێت، کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لەوە، زۆر خوێن ساردانە داوا دەکات کە تورکیا هێزەکانی بکێشێتەوە، کە ئەوە پێم وایە ئەزعەف و ئیمانە، لەبەر ئەوە ئێمە داوا دەکەین لە حکومەتی عیراقی ئەم خاڵانە جێ بە جێ بکات. یەکەم: داوای کۆبوونەوەیەکی خێرای ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بکات، کە ئەمە لە تەواوی عورفی دنیا ئەمە شتێکی دروستە، بۆچی ئێمە بەکاری ناهێنین؟ دووەم: کۆبونەوەی کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی بۆ ئیدانە کردن و ئیجبارکردنی تورکیا بە کشانەوە لە هەرێمی کوردستان. سێیەم: داوای بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێ، و ئێمەش زۆر تەئکید لەوە دەکەینەوە کە فراکسیۆنەکانیش داوایان کردووە لە حکومەتی عیراق کە ئەوە بکرێت، وە فراکسیۆنی یەکگرتوو پێم وایە لە پێش هەموانەوە داوای ئەوەی کردبوو، ئەو دانیشتنە بکرێت بۆ چەند خاڵێك، ئیدانەکردنی، سڕینەوەی ئەو ئیتیفاقیەی لە نێوان حکومەتی تورکیاو حکومەتی بەعس کراوە بۆ ئاچوخ کردنی 20 کم لە خاکی عیراق، کە تورکەکان ئازاد بن بێنە ئەو ناوچانە. چوارەم: حکومەتی عیراق داوای دارشتنی چوار قۆڵی تورکیاو ئەمریکاو بەغداو حکومەتی هەرێم بکات، کە بە قەناعەتی ئێمە ئەمە باشترین چارەسەرە بۆ هەم رزگاری تورکیا لەو قەیرانە، هەم ئەوە کە پاراستنی سەروەری خاکی کوردستانیش لەهەر هێرش و پەلامارێك کە بکەوێتە سەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

محمد حکیم، سەرۆکی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، خاڵی یەکەم: ئێمە وەکو گەلێك لە لایەن زلهێزەکانەوە، وڵاتەکەمان وەکو گۆشتی خێر دابەش کراوە هەر بەشی درا بە وڵاتێك، عەجایب ئەوەشە لە لایەن ئەو زلهێزانەوە کە بە تایبەت لە لایەن ئەمریکاوە گلۆپی سەوز هەڵدەکرێت، بۆ ئەوەی لە ناو خاکی خۆشماندا زوڵم لە بەشێك لە میللەتەکەمان دەکرێت، و زوڵم لە خۆشمان دەکرێت، لێمان دەکوژرێت، لێمان دەربەدەر دەکرێت، و بەو وزەو توانایە کەمەی خۆمان، وەکو حکومەتی هەرێم کۆمەڵە پردێك و کۆمەڵە پرۆژەیەکمان ئەنجام داوە، کە لە لایەن زلهێزەکانەوە، لە لایەن تورکیاوە تۆپ باران بکرێت، ئەوە بە حەقیقەت وا دەکات ئێمە لە گەڵ تورکیادا رووی ئیدانەو رووی گلەیی و گازاندەمان بخەینە بەردەم ئەمریکا، چونکە ئەمریکا ئێستا عیراقی داگیرکردووە بە هەموو مەواسیقێك دەبێت ئەو سنووری ئەو وڵاتەی کە داگیری کردووە بپارێزێت، و ئەمنیەتی ئەو وڵاتە، ئەمنیەتی داخلی و ئەمنیەتی حدودی لەسەر

ئەمریكایە، بۆیە دەبێت ئیدانەی هەڵوێستی ئەمریكا بكەین، كە لە جیاتی ئەوەی سەرزەنشتی توركیا بكات هاوكاری كۆمەكی ئیستیخباراتیشی دەكات، دووەم: توركیا لە جیاتی لەشكركێشی چاوەڕێ بووین لە هەل و مەرجە سیاسیە تازەیەی لە توركیا هاتووەتە ئاراوە، ئازادی زیاتر بۆ گەلی كورد دابین بكات لە ڕێی دەركردنی كۆمەڵێك یاسا و تەشریعاتێكەوە، چونكە بە حەقیقەت دەبێت حكومەتی توركیا بزانێت گەر زوڵم ستەمی ئەوان نەبێت، كچێكی كوردی توركیا لە جیاتی ژیانی قەندیل، ژیانی ئەنقەرەو ئەستەنبول هەڵ دەبژێرن، سێیەم: ئێمە ناچارین پەنا ببەینە بەر وەسائیلی دبلوماسی، فشاری سیاسی و كاری عیلاقاتی خۆمان بخەینە گەڕ لە ڕێ ی سەرۆكایەتی وڵاتەوە، لە ڕێ ی سەرۆكایەتی كۆماری عیراقی فیدراڵەوە، لە ڕێ ی حكومەتەوە، بە تایبەت وەزارەتی خارجی كە برایەكی كوردمان وەزیری خارجیەیە، هەروەها فشار بخەینە سەر ئەمریكا كە عیراقی داگیركردووە، هاوپەیمانان و ئیتیحادی ئەوروپی، ئەوانەی كە مامۆستا محمدیش ئیشارەتی پێ كرد بۆچی؟ نەك تەنها بۆ ئەوەی ئینسیحاب بكەن، خۆی ئەمە بەڕاستی ئەم لەشكركێشیەی چەند ساڵەی توركیا كۆتایی پێ بێت، و بە ڕێگایەكی سلبیش فشار بخەینە سەر توركیا، حكومەتی توركیا هەوڵ بدات كێشەی كورد چارەسەربكات، وئێمەش فشارێكی نێو دەوڵەتی دروست بكەین لەسەر توركیا، كە چۆن وەكو كوێستان خان ئیشارەتی پێ كرد دڵ خۆشە كۆسۆڤۆ ئازاد دەبێت، دەبێت بە لای كەم كە كوردستانی توركیا ئازادیش نەبێت با خەڵكەكەی ئازاد بێت، ئەمنیەتێكی زیاتری بۆ دابین بكرێت، و خۆش گوزەرانی روو لە میللەت توركیا بكرێت، كاتێك كە ئازادی دابین كرا، كێشەی پەكەكەش چارەسەر دەبێت، و پاساوی توركیا، ئەو پاساوەی كە دەیهێنێتەوە خەرقێكی دوەلی دەكات، و هێرش دەكاتە نێو خاكی عیراق، بەڕاستی پاساوێكی لاوازە كە كێشەی توركیا بەس پەكەكە نیە، باشە خۆ كەركووك پەكەكەی لێ نیە بۆ زۆر جار ناوی دەهێنێت و قسەی لەسەر دەكات و تەدەخول دەكات لە ئاستی سەرۆكایەتی كۆماریش دا باسی كەركووك دەكرێت؟ بە شێوەیەكی ئاشكرا و دەڵێین ئێمە قەبوڵ ناكەین، واتە پاساوەكانیان زەعیفەو مەتامعی تریان لە عیراقە، ئەویش حەقیقەتێكە بۆیە خستمانە روو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك كرخی فەرمووو.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كرخی نجم الدین، كوتلەی توركمانی، ئێمەش وەكو كوتلەی توركمانی ئیدانەی ئەو لەشكركێشیەی توركیا دەكەین، كە كراوەتە سەر خاكی عیراق و كوردستان، و قەناعەتیشمان وایە ئەو لەشكركێشیە كە بە بیانووی لێدانی پەكەكە، لەوانەشە شتی تریشی بە دوا دا هەبێت و ئیستیهدافی ئەو كیانە كوردستانیە فیدراڵیە بكات، كە سەركەوتنێكی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە، وەكو مەشروعێكی موتەكامل لەلایەنی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەوە، ئێمە پێمان وایە، ئەگەر بێتو ئەو مەسەلانە بۆ پەكەكە بن؟ چارەسەری ئەو مەوزوعە بەو ئۆپەراسیۆنانە ناكرێت، و دەلیلیشمان بۆ ئەوە تا ئێستا توركیا لەگەڵ ئەوەی 27 ئۆپەراسیۆنە دەیكات دژ بەو گروپە چەكدارە، كە پەكەكەیە، بەڵام هەتا ئێستا كۆتایی بەو مەسەلەیە

نەهاتووە، ئەگەر شتێك بەو دەرەجەیە فەشەلی هێنابێت، دووبارە کردنەوەی هیچ حیکمەتی تێدا نیە، ئەگەر شتی تری لە دوادا نەبێت، بۆیە ئێمە پێمان وایە بە زووترین کات، پێویستە لەسەر تورکیا بیر لە چارەسەری دیموکراسیانە و ئاشتیانە بکاتەوە بۆ ئەو مەسەلەیە، و هیچ کەسێکیش لە شەڕ ئیستیفادە ناکات، ئەوە مێژوو ئەوەی ئیسپات کردووە بە نیسبەت ئێمەوە وەکو هەرێمی کوردستان، ئێمە داوای ئەوە دەکەین کە باشترین پەیوەندیمان هەبێت لەگەڵ تورکیا وەکو دوو جیران، بەڵام ئەگەر بێتو تورکیا بە ئاشتیانە سەیری ئەو لایەنانە بکات، ئەگەر بێتو شەڕ دەست پێ بکات بێگومان هەوڵە دبلوماسیەکان ڕادەوەستن، و حیوار کۆتایی پێ دێت، بۆیە داوا دەکەین دەنگی چەك ڕابوەستێ، تا هەلە دبلوماسیەکان دەست پێ بکاتەوەو بە شێوەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، وە دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی بەڕێز د. کمال کە پێشەکیەکەی پێشکەش کرد، هەروەها پشتگیری لە هەردوو ڕاپۆرتەکەی ناوخۆ و پێشمەرگە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك محمد احمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

محمد احمد، دیلمان ئامێدی لە حیزبی شیوعی کوردستان، ئەوەی ئەمڕۆ بۆی کۆبووینەوە شتێکی تازە نیە، بەڵام چەند جار ئەم پەرلەمانە لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆبووتەوە و ئیدانەی دەست درێژی تورکیای کردووە، و داوای چارەسەری کێشەکەی بە ئاشتیانە کردووە، هەروەها تەئیدی هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کردووە، هەموو جار بە هەڵوێستێکی عادیلانە و عاقلانە تەعاملی لەگەڵ ئەم کێشەیە کردووە، بە بۆچوونی ئێمە حکومەتی تورکیا سەرەڕای ئەو هەڵوێستەی ئێمە، هەروەها سەرەڕای هەڵوێستی نێو دەوڵەتی بەردەوامە لەسەر هەمان فکرەی خۆی، کە چارەسەری عەسکەریە، و ڕەنگە ئەم فکرەیە لە هەڵوێستی تورکیا هەر بەردەوام بێت، ئەگەر بەم دوو خاڵە چارەسەر نەکرێت، یەکەم: گۆڕانکاریەك یان هەڵوێست گۆڕینەك لە حکومەتی تورکیا و پەکەکە، واتە هەردوو لای ململانێ، بۆ ئەوەی قایل بێت لە یاسا نێو دەوڵەتیەکان، ئەمەی ئەمڕۆ ڕوو دەدات بە تەسەوری ئێمە درێژە پێدانی هەڵوێست و بڕیاری پەرلەمانی تورکیایە کە لە تشرینی 2007 ەوە وەریانگرتووە، هەروەها ئەنجامی ڕێکەوتنی ئەمریکی و تورکیە کە هەماهەنگی  لەگەڵ یەك بکەن بۆ تێکدانی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە، ئەوەی تازە بێت ئەمڕۆ ئەوەیە کە حکومەتی تورکیا بە ڕێگای وەرگرتنی گلۆپی سەوز و گەیشتن و ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا بەو عەمەلیە هەڵ دەستیت، دووەم : ئینزارەك دەدات کە بۆ داگیرکردنی گوندەکانی دەڤەرە سنوریەکان هاتووە، تێکدانی پردەکان و  ڕووخاندنی ژێرخانی ئابوری کوردستان، کە ئەمەمەترسیەکەی هەرچەندە دەڵێن سنووردارە یان موحەدەدن ئەو عەمەلیاتانە، بەڵام ئێمە ئەزموونێکی تاڵمان لە گەڵ تورکیا هەیە، کە لە ساڵی  1995  ەوە تا ئێستا بنکەو بارەگاکانی لە زۆر ناوچەکانی کوردستان هەر ماوە، وەکو بامەڕنێ و ئامێدی کە زیاتر لە 50 کم دوورە لە سنوورو هیچ پەیوەندیەك و موبەررێك نیە بۆ مانەوەیان، ئەم

حالەتە تازەیە کارکردنە لەسەر پەیوەندی و هەڵوێستی لەگەڵ ئەمریکا نەیکردووە، یان لەگەڵ عیراق نەی کردووە، دەبێت ئەوەش لە لای ڕوانینی ئێمەوە بێت، چونکە تا ئێستا دبلۆماسیەتی عیراق لە گەڵ تورکیا تەبیعیە، بازرگانی لە گەڵیان تەبیعیە، نەوت بۆ جەیهان تەبیعیە، وە ڕەنگە بەم نزیکانە زیارەت و سەردانی سەرۆکی کۆمار بۆ تورکیا ئەنجام بدرێت، بۆیە تەمەنا دەکەین ئەو سەردانەیان هاندەرێك بێت بۆ ئەوەی کۆتایی بەم حاڵەتە بێنێت و ڕێکەوتنەکی ئیجابی مۆر بکەن بۆ ئەوەی بەردەوام نەبن لەسەر تێکدانی ئەو ڕەوشەی ئێمە، لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە داواو زەخت لە دوو لایەن بکەین، یەکەم: ئەمریکا بە ئەرکی خۆی هەستێت، دووەم حکومەتی عیراق بە ئەرکی خۆی هەستێت داوایەکی فەرمی ئاراستەی نەتەوەیەکگرتووەکان بکات، و داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی بکات بۆ کۆبوونەوەیەك، چونکە تەجاوزە لەسەر سیادەی ئەم دەوڵەتە، دووەم: مەجلیسی ئەوروپی هەیە، کە لە مەجلیسی ئەوروپی نەك ئیتیحادی ئەوروپی، چونکە لە مەجلیسی ئەوروپی تورکیا ئەندامە لەو مەجلیسە، و مەحکەمەی هەیە ئەوانە تایبەتمەندن بە تەجاوزات لەسەر حقوقی ئینسان و زەرەرو زیان کە دەگەیەنیتە هاوولاتی، بۆیە پێویستە وەزارەتی دادی هەرێم لە گەڵ وەزارەتی عەدلی بەغدا تەوجیهێکی هەبێت بۆ ئەو مەحکەمانە کە تەسجیلی دەعوە بکەن، زیان و زەرەر کە گەیشتوونە هاوولاتی هەرێمی کوردستان تۆماری بکەن، هەڵوێست و دبلۆماسیەتی ئێمە پێویستە ئەمڕۆ لەسەرخۆ و حیواری بێت، لەگەڵ حکومەتی بەغداش هەماهەنگ بین، داوا لە ڕای گشتی و ئەوروپی و خەمخۆرانی ئاشتی و دیموکراسی دەکەین بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن، بانگەوازی خۆمان ئاراستەی گەلانی تورکیا و هێزە دیموکرسی خوازەکانی تورکیا بکەین، کە قایل نەبن بە چارەسەری عەسکەری، بەڵکو چارەسەری ئاشتیانە بگرنە بەر، چونکە ڕێگەی چارەسەری تێکڕای مەسەلەکانی تورکیا بە تایبەتیش مەسەلەی کورد تەنها بە گفتوگۆ دەبێت، لێرەوە سڵاو و و سوپاسمان ئاراستەی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە بۆ ئەم حاڵەتە ڕاوەستانەکی زۆری جوامێرانەیان هەبوو بە تایبەتی خەڵکی بامەرنی و ئامێدی کە ڕێگایان لەبەردەم دەبابەکانی تورکیا گرت و نەیانهێشت بەو شوێنەدا دەربچن و بڕۆن بۆ شوێنەکانی تر ، دووبارە ئەم کارە ئیدانە دەکەین، داوای ئینسیحابی بە تەواوی دەکەین و نەهێلین بنکەکانیان بمێنێ، چونکە تا ئێستاش بنکەکانیان هەر ماون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك اندراوس فەرموو.

**بەڕێز اندراوس یوخنا گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اندراوس یوحنا، لە بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، پشتیوانی ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەی ناوخۆ و پێشمەرگە دەکەم، هەروەها هەموو ئەو قسانەی کە بەڕێزەکان پێش من باسیان کرد، نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، تەنها ئەوە دەڵێم کە ئێمە داوا بکەین ئەو پێشنیارەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ کە هاتنە پەرلەمانی کوردستان تەبەنا دەکات وەك هەڵوێستێك بەرامبەر ئەم هێرشە، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك غفور مەخموری فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەك روون و ئاشکرایە، ئەو هێرشانە و لەشکرکێشیانەی تورکیا شتێکی نوێ نیە، و لە ساڵی 1984 یشەوە پارتی کرێکارانی کوردستان، کە لە 1984/8/15 ەوە خەبات دەکات و خەباتی چەکداری و شاخی راگەیاندووە، لەو ناوچە سنووریانە وجودی هەبووە، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لە ماوەی 24 لەشکرکێشی ماوەی ڕابردوودا تورکیا هیچ ئەنجامێکی بە دەست نەهێناوە، و ئەو لەشکرکێشیەی ئەم جارەشی جگە لە زەرەرو زیان هەم بۆ ئێمەو هەم بۆ خۆشیان هیچی تری نەبووە، بۆیە بەکارهێنانی هێز ئەو کێشە چارەسەر ناکات، کە سەردەم سەردەمی دیالۆگ و لە یەکتر گەیشتنە، بۆیە دەبێت ئەم کێشەیە لەسەر مێزی دیالۆگ و لە یەکتر گەیشتن چارەسەر بکرێت، ئێمە زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو لەشکرکێشیەی تورکیا دەکەین، و داوا دەکەین بە زووترین کات لەشکری تورکیا لە خاکی کوردستان بچێتە دەرەوە، و ئامانجی تورکیاش لەو لەشکرکێشیە باشووری کوردستانە، نەك پارتی کرێکارانی کوردستان، لەبەر ئەوەی رووخاندنی ئەو پردانە چ پەیوەندی بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هەیە؟ ئەوانە ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتەن، ژێرخانی ئابووری کوردستانن، و لە هەمان کاتدا ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە چەند ساڵی ڕابردوو دا کوردستان بەرەو پێش چوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، و لە رووی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە، لە رووی مەسائیلی دبلۆماسیەوە تەماشا دەکەین هەندێك وڵات سەفارەت یان قونسوڵیەتی خۆیان لێرە کردووەتەوە، و سەرمایەگوزاری جیهانی روو لێرە دەکات، بۆ زیاتر بووژانەوەی ژێرخانی ئابوری ئەم وڵاتە، ئەوەیە تورکیای تەنگەتاو کردووە، کە چاوی بەو پێشکەوتنانەی هەرێمی کوردستان هەڵنایەت، بۆیە هەوڵی ئەوە دەدات ئەو شتانە سنووردار بکات، بۆیە دەبێت ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان، کە ئەمرۆ کۆبووینەتەوە لێرە تەنها بۆ ئیدانە کردن نەبێت، بەڵکو دەبێت هەندێك بڕیار وەربگرین، و ئەو شتانەی کە لە ڕاپۆرتی برایانی بەرێز لە لیژنەی ناوخۆ و پێشمەرگە هاتووە شتی زۆر باشن، دەکرێت کاری لەسەر بکرێت بە ڕاپۆرت، وە لە هەمان کاتدا داوا بکەین کە ئەو هێزانەی تورکیا کە لە ساڵی 1995 ەوە بارەگاکانیان لەسەر خاکی کوردستان هەیە نەمێنێت، داوای ئەوە دەکەم ئەوەشی بۆ زیادبکرێت، هەندێك تەواجودی تورکی لە شارەکانی کوردستانیش هەیە، لە هەولێر و سلێمانی ئەوانەش نەمێنن، بەڕاستی ئەوانە بنکەی جاسوسین، ئەگەر ئەوان دەیانەوێت لە رووی دبلۆماسیەوە تەعامول لەگەڵ کوردستان بکەن، دەکرێت قونسوڵیەت بکەنەوە نەك بنکەی مەشق کردن بۆ کاری جاسوسی، ئێمە دەبێت وەکو پەرلەمانی کوردستان ڕێ بە هیچ تەواجودی عەسکەری و تەواجودی جاسوسی هیچ وڵاتێك نەدەین لەناو خاکی خۆمان، ئەوە خیلافی دەستوری هەرێمی کوردستانیشە، کە وەك پرۆژە ئێستاکە دەنگی لەسەر نەدراوە، هەروەها خیلافی دەستوری عیراقیشە، وە خیلافی هەموو یاساکانی کوردستانیشە، بە پێی

یاساکانی کوردستان، پێویسته هەر هێزێك كە داخلی کوردستان دەبێت بە هێزی عیراقیشەوە روخسەت لە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، نەك بێت لێرە جێگیر بێت، بۆیە ئێستا کاتی خۆیەتی کە ئێمە داوا بکەین ئەوانە لێرە نەمێنن، و لەهەمان کاتدا ئێمە بڕیارێکی تر وەربگرین کە بایکۆتی کاڵای تورکی بکەین لە هەرێمی کوردستان و نەیان کڕین تەعامولیشی لەگەڵ نەکەین، ئەوە لە رووی ئابووریەوە زەرەرێکی زۆر بە تورکیا دەگەیەنێت، تورکیاش ئابووریەکەی، ئابوریەکی داڕووخاوە، ئابووریەکەی شەڕ نیە، دەکرێت ئێمە لەسەر ئەوەش کاربکەین، هەروەها من پێشنیاری ئەوە دەکەم بەنیسبەت ئەو مەسەلەیە، ئەگەر بکرێت وەکو پەرلەمانی کوردستان ئێمە یاداشتێکی زۆر توند بنێرین بۆ حکومەتی عیراقی، چونکە حکومەتی عیراقی دەتوانم بڵێم بێ هەڵوێست ترین حکومەت بووە، و بێ هەڵوێست ترین جیهەت بووە لەو قەزیەیەدا، وەکو ئەوەی بڵێی حکومەتی عیراقی بە خۆی دەستی لەگەڵ تورکیا هەبێت بۆئەو  لەشکرکێشیە لەسەر خاکی کوردستان، من سەیرم بەو ڕەوشە دێت کە حکومەتی عیراقی ئەوەندە بێ هەڵوێستە، ئەوە بە ڕێکەوتنی هەردوو لایە ئەو هێرشە ئەنجام دەدرێت، ئێمە باشمان لەبیرە کە پەرلەمانی تورکیا ئەو بڕیارەی وەرگرت، کە هەر کاتێك بیەوێت لەشکرکێشی بکاتە سەر کوردستان لە وەختێك دابوو کە ماددەی 140 بەرەو جێ بە جێ بوون دەچوو، و چەند مانگێك مابوو ئەو قەزیە دروست بوو، ئێستاش کە ئەو 6 مانگە درێژکرایەوە دیسان لەو وەختەوە دوو مانگ ڕۆیشتووەو ماوەکە کەم ماوە، سەرباری ئەوەش بە زەمینی داخلی کوردستان بووە، بۆیە هەدەفەکانی تورکیا ئەوانەن، نەك پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەو خۆی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان تاقی کردووەتەوە، کە جگە لە شکست و ماڵ وێرانی هیچی تری بۆ نەماوەتەوە، هیچیشی بە دەست نەهێناوە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم وەکو پەرلەمانی کوردستان ئێمە لە لایەن خۆشمانەوە یاداشت بدەینە نەتەوە یکرتووەکان، یاداشت بدەینە ئەنجومەنی ئاسایش، یاداشت بدەینە کۆمکاری عەرەبی، کۆنگرەی ئیسلامی و وڵاتانی ئیسلامی، داوایان لێ بکەین ئەوانیش تەدەخولی موباشر بکەن، نەك تەنها لەڕێگەی بەیاننامە دەرکردنەوە یان ئیدانە کردن، ئێمە سوپاسی هەموو ئەو وڵات و لایەنانە دەکەین کە هاو هەڵوێست بوون و هاو خەمی ئێمە بوونە، بەڵام دەکرێت ئێمە داوا بکەین کە هەوڵی جدی تر بدرێت بۆ ئەو مەسەلەیە، هەروەها سوپاسی خەڵی کوردستانیش بکەین کە بەڕاستی زۆر جوامێرانە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردستان، وە سوپاسی هێزی پێشمەرگەش دەکەین کە بەردەوام گیان لەسەر دەستانە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری کردن بوون بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان، دەبێت ئێمەش وەکو خەڵکی کوردستان، وەکو تەواوی هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەموومان لەو قۆناغەدا بە یەك دەنگ و یەك دەست جلی کوردایەتی بپۆشین، جلی حیزبایەتی لەبەر خۆمان دانێین، لەبەر ئەوەی چارەنووسی هەر هەموو لایەکمان پەیوەستە بەو ئەزموونەی ئەمڕۆی کوردستانەوە، خوانەخواستەهەر شکستێك بۆ ئەو ئەزموونەی کوردستان کە خۆی لە پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم دەبینێتەوە، شکستە بۆ تەواوی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بۆیە دەبێت ئێمە هەر

هەمووومان لەو قۆناغەدا ببینە پێشمەرگەی سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری کردن لە دەسکەوتەکانی کوردستان و بەرز هێشتنەوەی ئاڵای کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

کاك رۆمیۆ هەکاری فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رۆمیۆ هەکاری لە فراکسیۆنی کلدان ئاشوریەکان، دوای پشتگیری کردنی خۆمان لەسەرجەم پێشنیاری ئەو برادەرانەی کە پێشتر قسەیان کرد، بە ڕاستی دەبێت حەدێك بۆ ئە هەڕەشەو ئەو هێرشانەی تورکیا دابنرێت، چونکە ئەمە جاری یەکەمیان نیە، زیاتر لە 20 ساڵە چەندین جار تورکیا هەڕەشەو هێرش دەکاتە سەر سنووری هەرێمی کوردستان، ئەگەر بەو جۆرە بیرکردنەوەش بێت لەوانەیە مەترسیەکان زیاتریش ببن، جا بۆیە دەبێت کار بکرێت بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە بە یەکجاری بنبڕبکرێت و کۆتایی پێ بهێندرێت، ئەو بیانووانەی کە دەوڵەتی تورکیا دەیهێنێت بە ڕاستی زۆر بیانووی لاوازو زەعیفن، چونکە بە ڕای ئێمە هەر بیانوویەك کە چەندە بەهێز بێت، ئەگەر نەتیجەکەی خەڵك بکوژێت و گوند چۆل بکرێن و خەڵکان ئاوارە ببن، بەڕاستی ئەمە پێشێلی هەموو یاسایەکی نێو دەوڵەتی و نێو نەتەوەیە، من پشتگیری لەوە دەکەم کە حکومەتی بەغدا بیروبۆچوونی مەرکەز بەو شێوەیە نیە کە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بە ڕای ئێمە هەر رێکەوتنێك کە لە مەرکەزەوە دەکرێت پەیوەست بێت بە هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان، ئەگەر نوێنەری ئەم هەرێمەی تیا نەبێت بە ڕاستی من بە مەشکوکیەت سەیری ئەو رێکەوتنە دەکەم، وەکو ئەو رێکەوتنانەی پێش چەند مانگێك کران، مەسەلەی ئەمریکا وەك چۆن ئەمریکا خۆی گوتەنی دەوڵەتێکی داگیرکەرە، بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش کە خۆی پێی باش بوو ئەم بڕیارە دەربچێت، بۆیە پێویستە لەسەر ئەمریکا پارێزگاری لە سنووری عێراق بکات، ئێمەش لە هەموو بۆنەیەك و موناسەبەیەك کە لە ڕادە بەدەر زیاتر باسی ئەو پەیوەندیە دەکەین ئێمە بەشێکین لە عێراق، بەشێکین لە بەغدا ، بۆیە دەبێت ئەو بەشەش پارێزگاری لە ئێمە بکات کە پێمان دەڵێن هەرێمی کوردستان، وە ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت، دژی خەڵکی کوردستان دەکرێت، دژی هەموو نەتەوەکانە، دژی هەموو خەڵکی کوردستانە بە سەرجەم نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانەوە، خاڵێکی تریش کە پێم باشە ئەویش تەئکیدی لەسەر بکرێتەوە، مەسەلەی تەواجودی تورکیە، بەڕاستی ئەو تەواجودەی کە ئێستا تورکیا لە چەند خاڵێکی شارو شارۆچکەکانی کودستان دا هەیە، لە پێش 10 ساڵ زیاترە و لە سەرەتای نەوەدەکان بووە، بەهەر یاسایەك، بە هەر شێوەیەك بێت ئێستا هەموو شتێك گۆڕاوە، هاوکێشەکەش گۆڕاوە، حەقە بیر لەوە بکرێتەوە جارێکی تر بە شێوەیەکی یاسایی تر باس لەو مەسەلانە بکرێت و باسی ئەم هەبوونی تەواجودی تورکی بکرێت، لە کۆتاییدا پێم باشە یاداشت نامەیەك لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت کە بە توندی ئیدانەو ئیستنکاری ئەم هێرش و تەدەخولەی تورکیا بکرێت، و داوای قەرەبوو کردنەوەی ئەو خەڵکانەی کە زیانیان لێ کەوتووە لەو ناوچە سنووریانە و ئەو گوندانەی کە کەوتوونەتە ئەو شوێنانە بکرێ، پێشنیار دەکەم کە پەرلەمان دەست بەکار

بێت بە ڕاستی لەو کاتانەدا سەردانی ئەو شوێنانە بکات و دەنگی خەڵکی ئەویٚ بگەیەنێت بە هەموو دونیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باپیر کاملا، نوێنەری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، دیارە برادەران باسیان لە زۆر شت کرد بە تایبەتی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگە، من وێڕای پشتیوانیم لە ناوەڕۆکی پێشنیارەکانی لیژنەی ناوخۆ، ئێمە کە ئاوڕێك بدەینەوە لەو چەند جارەی کە تورکیا هاتووە، نە یەکەم جاریەتی، بێگومان نە دوا جاریشی دەبێت، لەوانەیە چەند جارێکی تریش دووبارەی بکاتەوە، بەڵام دەرئەنجامی هێرشەکانی تورکیا بە تایبەتی ئەو هێرشانەی ئەو دوایەیەی کە هێڕشی هێناوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و سەروەری خاکی عیراقی پێشێلکردووە، دەرئەنجامەکانی ئەو هێڕشانە دەرکەوتووە ئامانج پەکەکە نیە، موکینە ئامانجی لەوە زیاتریشی هەبێت، کە زیاتر مەبەستی هەرێمی کوردستانە، هەروەکو چۆن ئەو بەرێزانەش باسیان کرد، ئەگەر ئامانج پەکەکە بێت پردەکانی کوردستان بۆ دەرووخێنێت، گوندەکانمان بۆ تێك دەدات؟ کە تەنها خەڵکێکی مەدەنی تیای دایە، بۆ تۆپبارانی دەکات؟ بۆ سەروەری خاکی هەرێمی کوردستان پێشێل دەکات؟ بێگومان دەرکەوتووە کە ئامانج هەرێمی کوردستانە و پێشێلکردنیەتی، ئامانج ئەزموونی کوردستانە، کە وای لیٚ بکات دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بچووك بکاتەوە، ئەوە وای کردووە گومانێك لە لای خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسیەکان و شەقامی کوردی کوردی دروست بێت، بەڵام مەسەلەی ئەمریکا و عێراق، خەم ساردی عێراق پیٚ دەچێت لە ژێرەوە رێکەوتننامەیەك هەبێت، ئەگەر نا چرای سەوز چۆن لە لایەن ئەمریکیەکانەوە هەڵکراوە؟ لەوانەیە لە لایەن عیراقیشەوە هەڵکرابێت، ئەگەر وانیە بۆ ئەو خەم ساردیە، ئەگەر ئێمە بەشێکین لە خاکی عیراق بۆ ئەو بیٚ دەنگیە؟ یان بۆ وا بە شەرمنانە هەڵویست دەنوێنن؟ بۆ هەڵوێستێکی بە جورئەتەوە نانوێنن؟ ئایا ئەگەر هاتو لە بەسرە شتێکی ئاوا رووبدات، هەڵوێستیان هەر ئاوا دەبێت؟ بێگومان وانابێت، ئەگەر هاتو لە شارێکی تری کە عەرەب نشینە ئاوا دەبێت؟ بۆیە پێویستە بەم چەند خاڵە هەستێت، یەکەم: دەبێت ئێمە جەخت لەسەر ئەوە بکەین حکومەتی عیراقی ڕۆڵی کاریگەرتری هەبێت و بە دەوری خۆی هەستێت، دووەم: لەگەڵ ئەمریکیەکان چرای سەوزیان هەڵکردووە، و داواش دەکەن چالاکیەکانیان سنووردار بکرێت، چ زەمانەتێك هەیە کە تورکیا چالاکیەکانی سنووردار بکات؟ چ زەمانەتێك هەیە کە خەڵکی مەدەنی بەرناکەوێت؟ کە هاتو گوندەکانمان وێران دەکات، شارەکانمان وێران دەکات، مومکینە ئەگەر ئاوا ڕێگەی پیٚ بدرێت و بیٚ دەنگی بنوێندرێت، لەوانەیە خەراپ تر لەوەش بکات، بۆیە دەبێت بە جدی لەگەڵ ئەمریکیەکان دانوستاندن بکەین، ئەوەی تر سیٚ شتی گرنگ هەیە کە پێویستە ئێمە ئیهتیمامیان پیٚ بدەین، یەکەمیان: ئەمریکا وەکو داگیرکەرە لێرە، بۆیە دەبێت هەڵوێستی

هەبێت، دووەمیان: حكومەتی عێراقی، كە ئێمە بەشێكین لەو حكومەتە، سێیەم خۆمان، كە پێویستە لەسەرمان دەورمان هەبێت، ناوەندە كۆمەڵایەتی یە جیاجیاكان، كۆمەڵگای مەدەنی دەور ببینێت، پێویستە حزب و لایەنە سیاسیەكان دەوری خۆیان زیاتر بگێڕن، كە تا ئێستا هەر لە بەیاننامەیەك دا رۆلیان هەبووە، مەكتەبی سیاسی فلان حیزب ڕایگەیاند، بۆیە دەبێت دەوری كاریگەر تریان هەبێت و تواناكانی خۆیان بخەنە گەڕ، ئەو توانایانەی كە هەیەتی، ئەو پەیوەندیانەی كە هەیەتی، لە هەر ناوەندێك بێت، پەرەی پێ بدات، پێویستە كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردستان بە هەموو شێوازەكانیەوە دەور ببینن، پێویستە رەوەندی كوردی لە دەرەوەی وڵات لەهەر شوێنێك بن دەور ببینن، بۆیە پێویستە لەهەمان كاتدا وێڕای ئەو دەوربینانەی كە لە ئاستی ناوخۆدا و لە ناوەندە جیاجیاكاندا دەوریان هەبێت، بە مەبەستی كۆكردنەوەی هەموو تواناو هێزەكانمان، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر شتێك كە هاتە پێشمان، یان لە ئاییندە دا رووی دا، بەڵام بە هەموو شێوەیەك پێویستە زیاتر ئێمە ڕێگەی ئاشتی بگرینە بەر هەروەكو چۆن لە ڕابردووش گرتبوومانە بەر، لە ئێستاش دا هەر بەو شێوەیەین، چونكە خەڵكی كوردستان ئاشتی دەوێت، تەبایی دەوێت لەگەڵ جیرانەكان، ئەو ڕێگەیە درێژە پێ بدەین، بەڵام پێویستە تواناكان هەموو یەك بخەین، لە هەمان كاتدا من پێشنیار دەكەم، وێڕای پێشنیاری برادەرەكانم كە پێشتر باسیان كرد، ئەو یاداشتننامەی كە لیژنەی ناوخۆ باسی كرد، بۆیە تەئكید دەكەمەوە و پێشنیار دەكەم لیژنەیەكی پێكهاتوو، لە لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان، لە لیژنەی پێشمەرگە، لە لیژنەی مافی مرۆڤ سەردانی مەیدانی بكەن، ڕاپۆرتێكی موفەسەڵ پێشكەش بكەن و بە بەردەوامی بە ئاگا بن لە هەموو ڕووداوەكان، بە تایبەتی ئێستا ئەو شوێنانەی كە بۆردومان دەكرێت، ئەو شوێنانەی كە رووخاون، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەی ئەوانەوە زیاتر بە ئاگا بین، زیاتر بتوانین لە رووی مەعنەویەوە یارمەتیان بدەین، كە پەرلەمان نوێنەرایەتیان دەكات، بتوانین مەیدانیەن یارمەتیان بدەین، بۆیە من پێشنیار دەكەم، كە وێڕای ئەوەی كە گرنگە لە ناوخۆی خۆمان دا زیاتر گرنگی پێ بدەین، چونكە هیچ كەسێك وەكو خۆمان ناتوانێت دەور ببینێت، ئەو دەورەی خۆمان دەیبینین، و ئەو كاریگەریەی خۆمان هەمانە، هیچ كەسێكی تر ناتوانێت ئەوە بكات، چاوەڕێ نەكەین لە خەڵك ئەوەمان بۆ بكات، پێشتر تەركیز بكەینە سەر خۆمان و پشت بە خۆمان ببەستین لە هەموو روویەكەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك د. نوری فەرمووو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نوری تالەبانی، پارتی كاری سەربەخۆ، من پێشەكی رووی گلەیی ئاراستەی پەرلەمانەكەمان دەكەم، كە دەبوو ئەم كۆبوونەوە پێشتر ئەنجام بدرابا، كاتی خۆیشی لە مانگی تشرینی ساڵی پار پەرلەمانی توركیا، بڕیاری لەشكركێشی دا بۆ سەر خاكی هەرێمی كوردستان، ئێمە لە پەرلەمان دا نزیكەی 10 رۆژ پاش ئەو بڕیارە ئەوجا كۆبووینەوە، ئێستاش نزیكەی 10 رۆژە كەوا لەشكركێشی دەستی پێ كردووە، ئەمڕۆ

کۆبوونەتەوە، بۆ ئەوەی کەوا هەڵوێستی خۆمان دیاری بکەین، من پشتگیری لە ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەکە دەکەم، بەڵام بە باشتری دەزانم کەوا بە شێوەیەکی کورت تر بە زمانێکی قانونی دابڕێژرێتەوە، و بە دەوڵەمەند کردنی بە وتەی ئەندامانی پەرلەمان کە پێش من خستیانە روو، جگە لەوەش پێویستە ئەو بڕیارانە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقی و دەزگا نێو دەوڵەتیەکان بکرێت، هەروەها داوا بکرێت لە حکومەتی عیراقی کە دەبێت هەڵوێستی خۆی روون و ئاشکرا بکات، سەبارەت بەو رێکەتننامە نهێنیانەی کەوا پێشتر بەستراون، و داواش بکات لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی کە بە زووترین کات کۆببێتەوە، بۆ ئیدانە کردنی لەشکرکێشی تورکیا، جاروبار حکومەتی ئیسرائیل و لەشکری ئیسرائیلی بۆ یەك، دوو کیلۆمەتر دێتە ناو خاکی لوبنان، یان وڵاتێکی تری عەرەبیەوە، دەڵەتانی عەرەبی بە پەلە رووەدەکەنە ئەنجومەنی ئاسایش و داوای کۆبوونەوەی ئەو دەزگا نێو دەوڵەتیە دەکەن، من لەو باوەڕە دام ئەگەر ئەو لەشکرکێشیە بۆ سەر ناوچەیەکی تری عیراق بوایە، بۆ نموونە ئەگەر لەشکری ئێران دەست درێژی بکردبایە سەر ئەو ناوچانەی کەوا ریکخراوی موجاهیدینی خەڵقی لێیە، ئێستا بە جارێك هەموو دەوڵەتانی عەرەب رویان دەکردە ئەو دەزگایەو بە توندی ئیدانەیان دەکرد، ئێمەی کورد پێویستە پشت بە خۆمان ببەستین، ئێمەی کورد لە هەر شوێنێك هەبین یەك نەتەوەین، ئێمەی کورد کاتی ئەوە هاتووە کەوا خۆمان روو لە دەزگا نێودەوڵەتیەکان بکەین، ئەگەر هاتو حکومەتی عیراقی، کە ئێمەش بەشداریمان تێدا کردووە، خەم ساردی بنوێنێت، دووبارە داوای ئەوە دەکەم، کەوا ئەو داواکاریانە لە شێوەی بڕیار بە ناوی پەرلەمانی کوردستانەوە ئاراستەی ئەو لایەنانە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك کریم بحری فەرمووو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕاستی وێڕای پشتگیریم بۆ ئەو ڕاو بۆچوونانەی کە برادەران ئاماژەیان پێدا، من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کاتی ئەوە هاتووە کە ئێمە سەرباری ئەوەی هەنگاوی سیاسی و دبلۆماسی و هەڵوێستەکان، دەبێت هەنگاوی یاسایی بنێین، بۆیە پێم وایە ئێمە دەبێت سکاڵا دژی حکومەتی تورکیا بدەینە نەتەوەیەکگرتووەکان، هەروەها تورکیا وڵاتێکە کە ئەندامە لە ئەنجومەنی ئەوروپا، ئێمە دەتوانین لە ڕێگای پارێزەرانی نێو دەوڵەتیەوە لیژنەیەك پێك بێنین لێرە، بۆ ئەوەی سکاڵا دژی تورکیا لە دادگای برۆکسل پێشکەش بکەین، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زەرەرو زیانانە بکەین کە بە ژێرخانی ئابووریە، هەروەها بە مومتەلەکاتی خەڵکی کەوتووە، ئێمە هەر لە رۆژی هەڕەشەکردن، سوپای تورکیا هاتووەتە سەر سنوور، ئێمە زەرەرو زیانێکی زۆر مالی و مادیمان لێ کەوتووە، ئابووری کوردستان زەرەری پێ کەوتووە، بازاڕی کوردستان وەستاوە، ئیستسمارات روو لە ئێرە ناکەن، هۆیەکەشی ئەوەیە، کە ئەو هەڕەشەیە بەردەوام بووە، لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری پەرلەمانی تورکیا بۆ هێرش کردنە سەر هەرێمی کوردستان، لەو ڕۆژەوە دەبێت حیساب بکرێت هەتا ئەمڕۆ، کە لیژنەیەکی هاوبەش لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ

پێك بهێندرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دام و دەزگاكانی حكومەت بە تایبەتی وەزارەتی داد و وەزارەتی ناوخۆ بۆ دەست نیشان كردنی ئەو زەرەرو زیانانەو حەسر كردنیان بۆ ئەوەی بتوانین لە دوا ڕۆژدا بە شێوەیەكی یاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاسارانە بكەین، كە دوای ئەوەی لەشكركێشیەكە دەكێشرێتەوە، بۆ ئەوەی جارێكی تر حكومەتی توركیا ڕێگە بە خۆی نەدات بەو شێوەیە پەلامارو هێرش بكاتە سەر هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

كاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرێزان، شەڕ چارەسەر نیە، شەڕ هیچ كاتێك بە تایبەتی لەم سەردەمەدا ناتوانێت چارەسەری كێشەكان بكات، ئەگەر جاران لە سەردەمی كۆمەڵگا سەرەتاییەكان دا شەڕ ئامرازی یەكلاكردنەوەی كێشەكان بووە، بەكارهێنانی توند و تیژی، یان زەبرو زەنگ، ئەمڕۆ ئەو ئامرازە ناتوانێت بگات بە ئەنجام، بە دەلیلی ئەوەی بە تایبەتی ئەگەر تەماشای بارودۆخی ئەمڕۆی كوردستانی باكوورو توركیا بكەین، ئەوە 24 ساڵە وەكو خۆیان جەنراڵەكانی توركیا، سەرانی توركیا ئاماژەی پێ دەكەن و باسی دەكەن، 25 مین جارە سنووری كوردستان دەبەزێنن بە بیانووی ئەوەی كە گوایە دەیانەوێت پەكەكە لەناو بەرن، بەڵام تاكو ئێستا نەیانتوانیوە، ئەمە دەلیلێكی قاتعە كە ناتوانن، جێ ی سەرنجە توركیا یەكەم دەوڵەتە لەناو دەوڵەتە ئیسلامیەكان كە پشتگیری لە سەربەخۆیی كۆسۆڤۆ دەكات، كۆسۆڤۆ حەقی خۆیەتی، بەڵام ئامادە نیە دان بە مافە ڕەواكانی گەلی كورد بنێت لە كوردستانی باكوور، بۆیە داوا لە هەر دوو لایەن دەكەین پێش هەموو شتێك هەم لە دەوڵەتی توركیا، هەم لە پەكەكە كە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندن بگرنە بەر، ئەوەی ئێمە دەیلێین ئەمە تەدەخول نیە لە ئیش و كاری ئەوان، یان لە سیاسەت و كاری ناوخۆی ئەوان، چونكە ئەو كێشەیەی كە تا ئێستا درێژەی هەیە پریشكی ئاگرەكەی ئێمەشی گرتووەتەوە، ئەوەتا كارەساتەكە ئەمڕۆ دەیبینین كە چەندەمین جارە لە هەرێمی كوردستان دایە، بۆیە حەقی خۆمانە داوا بكەین لە ڕێگەی دانوستاندنەوە ئەو كێشەیە چارەسەر بكرێت، خاڵێكی تر زۆر گرنگە كە باسی بكەین، كە چرای سەوز پێ دەكرێت، چرای سەوز لە لایەن ئەمریكاوە بە توركیا دراوە، پێم وایە ئەو چرا سەوزە عیراقیش ئاگای لێیە و بەشداریشە لەو چرا سەوزە، من بە دڵنیایەوە دەیڵێم نەتەوەیەكگرتووەكان، ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان و كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ڕێگەی بە ئەمریكا نەداوە كە چرای سەوز دابگیرسێنێت بۆ ئەوەی بێن مافە ڕەواكانی ئێمە پێشێل بكەن، ڕێگەی بە ئەمریكا نەداوە كە بێت ڕێگە بە وڵاتێكی تر بدات لەشكركێشی بكات و هەرێمی كوردستان ببەزێنێت، خاكی عیراق ببەزێنێت، بەڵكو ڕێگەی بە ئەمریكا داوە كە پارێزگاریمان لێ بكات، جێگەی داخە كە دەبینین ئەمڕۆ دۆستانی كە ئێمە لە كاتی تەنگانەدا لە گەڵیان بووین و خوێنمان تێكەڵاو بووە بۆ ئازاد كردنی ئەم عیراقە، كە ئێستا ئەمریكا خۆی بە خاوەنی دەزانێت، بە داخەوە دەبینین ئێستا ئەو وڵاتەی كەوا نەیهێشت و بەشداری نەكرد لە

ئازادکردنی عیراق، ئێستا دۆستایەتیەکەی ئەوان بەهێز ترەو بەرژەوەندیەکانی ئەوان زیاتر یەکی گرتووەتەوە، شتێکی سروشتیە دۆستایەتی هەمیشەیی نیە، بەرژەوەندی دەور دەبینێت، بەڵام تا ئێستاش بەرژەوەندی ئەمریکا لەگەڵ ئەم هەرێمەیە، چونکە تەنها هەرێمێکە کە ئارامە، کە ئەمریکا دەتوانێت شانازی پێوە بکات و بڵێت ئەوەی کە من بۆی چووم ئەوەتا ئەنجامەکەی لە هەرێمی کوردستان وەدەست هاتووە، بەڵام بەداخەوە جێی سەرسوڕمانە بۆچی ئەمڕۆ ئەوان بێ دەنگن، ئەوە پەیوەندی بە حکومەتی عیراقەوە هەیە، جێ ی داخە کە دەبینین لە کاتێك دا لەهەر وڵاتێك دا کارەساتێك روو دەدات سەرۆك کۆمارەکەی یان سەرۆك ئەنجومەنی وەزیرانەکەی، ئەگەر لە دەرەوە بێت یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی، ئەوەی ئێمە تازە بە تازە کاتێك کە ئاگرەکە خۆش بوو ئینجا مالکی دەچێتە دەرەوە، بۆ؟ چونکە ئەوانەی کە ماون ئێستا سەرۆك کۆمارە، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، وەزیری کاروباری دەرەوەیە، هەسێکیان کوردن، بۆیە کێشەکەی بۆ ئەوان جێهێشت، من پێم وایە ئەوانیش دەبێت ڕۆڵی خۆیان بگێرن، بەتایبەتی سەرۆکی سلکی دبلۆماسی کە وەزیری کاروباری دەرەوەیە، بەرێز وشیار زێباریە، پێویستە داوا بکات لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بە زووترین کات کۆبوونەوەیەك بکرێت دەربارەی ئەم کێشەیە، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ جێی مەترسیە ئەو مەترسیە ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتیش دەخاتە مەترسیەوە، چونکە ئەگەر لە ئێمە تێك بچێت حەتمەن لە هەموو ناوچەکە تێك دەچێت، کە لە هەموو ناوچەکە تێك چوو، مانای ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی دەخاتە مەترسیەوە، بۆیە پێم وایە مەفروزە داوابکرێت، وەزیری کاروباری دەرەوەی عیراق داوا بکات کە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بکرێت بەرامبەر بەو کێشەیە، تەبیعی ئەو هەڵوێستانەی کە وەرگیراون تاکو ئێستا هەندێکیان زۆر لاوازن، بەڵام هەندێکیان بەهێزن، ئێمە سوپاسی ئەوانە دەکەین کە هەڵوێستیان وەرگرتووە بە تایبەتی وڵاتانی دەرەوە، بەڵام ئەوە ئیکتیفا نیە، پێویستە ڕێگە بگیردرێت، چونکە وا دیارە مەبەستەکە پەکەکە نیە، چونکە ئەگەر پەکەکە بوایە، 25 ساڵ لەمەوبەر دەیانتوانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، ئەگەر ئەمریکا مەبەستی لەناوبردنی پەکەکەیە، بۆ چرای سەوز بە تورکیا دەدات، بۆچی خۆی لەناوی نابات؟ کەواتە ئەمە ئاژاوەیەکە، کێشەیەکە بۆ ئێمەی دەنێنەوە، لەبەر ئەوە دەبێت زۆر بە وردبینی تەماشای ئەوە بکەین، خەریکە هاوسەنگیەکان دەگۆڕدرێت، بە داخەوە عێراق هیچ هەڵوێستێکی نیە، وڵاتە عەرەبیەکان ڕاستە ئەمینداری گشتی کۆمکاری عەرەبی هەڵوێستی نواندوە، بەڵام ئەویش هەڵوێستێکی وا بەهێز نیە، وڵاتە ئیسلامیەکان تاکو ئێستا هیچ یەکێك لەوانە هەڵوێستیان نەنواندووە، بۆیە دەبێت داوا لە ئەوانە لە هەموویان بکرێت کە هەڵوێست بنوێنن، هەندێك لە سایت و تەلەفزیۆنەکانی عەرەبی ئێمە تاوانبار دەکەن، گوناهەکە دەخەنە ئەستۆی ئێمەوە، گوایە ئێمە سەبەبی ئەوەین کە ئەوە رووی داوە، هەرێمی کوردستان سەبەبە لەوە، یان سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان سەبەبە لەوەی کەوا ئەو لەشکرکێشیە دەکرێت، بۆیە دەبێت بە خۆمان دابچینەوە، پێش هەموو شتێك یەك ڕیزی ئێمە، کە دەبێت یەك ختابمان هەبێت، لەناو ئێمەشدا، لە ناو سەرکردەکانی ئێمەشدا، بەداخەوە نابینین یەك هەڵوێستی و یەك ختاب هەبێت، هەندێك جار جیاوازە، یان هەندێك جار ئیتیهامی ئەم و ئەو دەکەین گوایە هەڵوێستی توندی هەیە، مەفروزە هەموومان یەك

هەڵوێست بین، چونکە ئەگەر لێمان تێك بچێت لە هەمووومان پێکەوە تێك دەچێت، بۆیە من ئەو خاڵانەی کەوا لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ هاتووە بەڕاستی خاڵی چاکن، ئەو قسانەش کە لێرە کران شتی باشی تێدابوو، با دەوڵەمەند بکرێت، یاداشتێك ئاراستەی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێت، یەعنی بڕیارێك لێرە دەربچێت، ئەوانەی کە پێشتر باسکرا نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، بۆیە پێویستە ئەوە هەمووی بە هەند وەربگیردرێت، هەندێك بڕیار لەو پەرلەمانە دەربکەین، هەنێك یاداشتیش ئاراستەی ئەو شوێنانە بکەین کەوا کاریگەرن یان دەور دەبینن لە ئاسایی کردنەوەی ئەو بارودۆخە، لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بەڕێز محمد قادرعبدالله( د.کەمال کەرکووکی):**

کاك خلیل فەرمووو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خلیل ابراهیم، فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، سوپاس بۆ خوا جێگای دڵخۆشیە کە هەمووومان هاوڕا و هاودەنگ و هاوبیرین لە سەر ئەو کێشەیە، چ لە وەسف کردنی، چ لە هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەری، چ لە هەست کردن بە مەترسیەکانی ئەم لەشکرکێشیە، هەمووومان موتەفقین کە ئەمە مەبەست و مەرام و ئامانجی تایبەتی لە دوا هەیەو حەقی خۆمانە زۆر وریا بین، زۆر هەست بە مەسئوولیەت بکەین، ئەوە مەسەلەیەکی تیکراریە، والحمد لله ستراتیژیەتی ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان وازحە هەرلە بیدایەتەوە ئێمە مایەی سەرئێشە نەبووینە بۆ کەس و سەقامگیری ناوچەکەش شتێکی ستراتیژی ئێمەیە، وە تەئکیدیش لەسەر ئەو خاڵە دەکەین، من وای دەبینم وریایەکی زۆری دەوێت ئەو مەسەلەیەو ئیستعداداتی تەواوی دەوێت لە هەموو بوارەکان، بەنیسبەت ئەوە قسە زۆر کرا، بۆیە پشتگیری هەموویان دەکەین، بەس لێرە تەئکید لەسەر ئەو موزەکەرە دەکەین، کە لە پەرلەمان دەربچێت، ئەو موقتەرەحە بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان و، بۆ مەجلسی ئەمن و، بۆ وڵاتە زلهێزەکان، بڕیاردان لەسەر ئەو مەوزوعەی کە نەهێشتنی بنکە سەربازیەکانی تورکیا لە هەرێم، کە زۆر زەرورە بڕیار لەسەری بدرێت، داوا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەکەین، کە ئەوەش زۆر گرنگە ئەو ئیتیفاقاتانەی کە کراون، چ لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو، چ ئەوانەی ئێستا، ئەوانەش کەشف بکرێن و ئیلغا بکرێت ئەو بابەتانە، پشتگیری ئەو خاڵە دەکەین، کە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و لە سەرۆکایەتی هەرێم بکرێت، و تەحەروك بکرێت لە هەموو مەجالاتەکان، لە مەوزوعی دبلۆماسی، پێگەی ئێمە لە بەغداو، مەوزوعی وەزارەتی ناوخۆ کە ئیجرائات چی بن، لە مەوزوعی پێشمەرگە چی بکەین، تەوعیەی شەعبی، هەتا باسی مەسیرات بکرێت بە شێوەیەکی سلمی، دەوری ڕاگەیاندن، دەوری ئەحزاب، دەوری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ستراتیژیەتی کامل، کە موزوعەکی تیکراریە و لازمە خۆمان حازر بین، نابێت بڵێین ئەمریکا با وا نەکات و وا بکات، بەس دەتوانین تەئسیراتمان هەبێت، کە خۆمان چی بکەین، چۆن متەعاون بین؟ چۆن یەکڕیز بین، یەك هەڵوێست بین، بزانین چ کارتێك بە دەستی ئێمەیە،

**پێم وایە شتی زۆر دەتوانین بکەین، و لە هەمووشی گرنگ تر ئەو یەکڕیزی و یەك هەڵوێستیەیە، کە بەردەوام هەیەو لازمە بیپارێزین و بەهێز تریشی بکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**ماموستا حسن فەرمووو.**

**بەڕێز حسن بابکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**حسن بابکر، لە کۆمەڵی ئیسلامی، قسەی زۆر کرا نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، پێم خۆشە چەند خاڵێك باس بکەم، یەکەمیان: بە نەزەری ئێمە تورکیا تەنها بۆ پەکەکە نایەت، پەیوەندی بە مەسەلەی کەرکووك و ماددەی140 ، و مەسەلەی چاو هەڵنەهاتنیانە بە ئەزموونی کوردستانەوە هەیە، بۆیە ئێمە ئیدانەی ئەو لەشکرکێشیە دەکەین، دووەمیان: دیارە وەك حەقیقەتێك هەموو لایەکمان دەبێت بزانین کە چرای سەوز لە لایەن ئەمریکاوە بۆ لەشکری تورکیا هەڵکراوە، وا باشە هەموو لایەکمان گلەییەکانمان لە ئەمریکا چڕ تر بکەینەوە، سێیەمیان: پێویستە کار لەسەر حکومەتی عیراق بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوان کاری جدی تر بکەن، مەسەلەکە ئەوەیە کە تورکیا تعامل لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکات، بۆیە حکومەتی بەغدا دەبێت زیاتر بجووڵێت، بۆ ئەوەی کارەکە لەویٚ بکرێت، و ئەو لەشکرکێشیەش تورکیا کە ڕای گەیاندووە کە گوایە مەحدودە، بەڕاستی ئەو قسەیە لەوانەیە بۆ کاتێك بێت، کە ڕووبەڕووی زیان و شەڕی زیاتر ببێتەوە، ناچاربێت بکشێتەوە، ئەگەر نا ئەو ئیحتیماله هەیە کە زیاتر بمێنێتەوە لە کوردستان، دوایین قسەم ئەوەیە، منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم کە داوا لە ئەنجومەنی نوێنەران بکەین، ئەو بڕیارانەی کە زەرەرن، یان ئەو ڕێکەوتننامانەی کە لە نێوان عیراق و هەرێمی کوردستان مۆر کراون هەڵبوەشێندرێنەوە، ئەو بنکە عەسکەریانەش کە نازانم لە کوردستان دا هەن بە ڕەسمی داوایان لێ بکرێت بکشێندرێنەوە، لەکۆتایش دا تەئیدی هەردوو ڕاپۆرتەکەی لیژنەی عەسکەری و لیژنەی ناوخۆ دەکەم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**نازناز خان فەرمووو.**

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**منیش پاڵپشتی لە هەردوو ڕاپۆرتی، لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگە دەکەم، داوا لە گەلی تورکیا دەکەم، کە فشار بخەنە سەر حکومەتی تورکیا، بۆ کۆتایی هێنان بەو قەیرانانەی کە لە ناوچەکە دروستی دەکات، و خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو چاوەڕوانیەی نیە لە تورکیا کە خۆی بە دەوڵەتێکی مۆدێرن و عەلمانی دادەنێت و بەو شێوەیە ڕەفتار دەکات، کە ڕەفتارێکی نەگونجاوە، هی سەردەمەکانی پێشووە، ودەوڵەتی تورکیا لە جیاتی ڕووخاندنی پردەکانی کوردستان، با پردی دۆستایەتی و پردی فەرهەنگی و پردی زانستی و بازرگانی زیاتر دروست بکات لە نێوان گەلانی ناوچەکە، هەروەها داوا لە حکومەتی**

هەرێمی کوردستان دەکەین بە زووترین کات کۆتایی بهێنێت بە شەرعیەت دان بەو بنکە سەربازیانەی تورکیا کە لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان دا هەیە، کە بە داخەوە بۆتە شوێنێك بۆ پەلاماردان و هەڕەشە کردن لە گیانی هاووڵاتیانی کوردستان، زۆرترین پشتگیری با لە خەڵکی خۆمان وەربگرین، بە هۆی منەزەماتی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ ئەوەی نامەو موزەکەرە پێش کەش بە جیهاتی پەیوەندار لە ڕۆژئاوا بکرێت، بۆ ئەوەی کە مونەزەماتی دەرەوەش زەخت بکەن لە یەکێتی ئەورووپا، لە پەرلەمانی ئەورووپا، لە کۆنگرێسی ئەمریکا، بۆ ئەوەی ئیدانەی ئەو کارانە و ڕەفتارانەی تورکیا بکات، جارێکی تر ئێمە داوا لە نەتەوەی تورك دەکەین، کە زیاتر هەڵوێست بنوێنن، بۆ کۆتایی هێنان بەو هەموو دژیەکیەی کە تووش هاتووە، ئەو جۆرە هاودژیەی کە ئەو پەیڕەوی دەکات بۆتە هۆی گرفتێکی یەکجار زۆر لە ناوچەکە، بۆیە ئەمە کارێکی ترسناکە بۆ سەر ڕەوشی ئەمنی لە هەموو ناوچەکە تەنها شتێك نیە کە بەزیانی کورد دابشکێتەوە، ئێمە حەز ناکەین هەڕەشە بکەین و زمانی هەڕەشە بەکاربهێنین، ئێمە میللەتێکین هەردەم ئاشتی خواز بووین و بەرگریشمان لە خۆمان کردووە، بەڵام کاتێك کە زۆر تەنگەتاو بکرێین، دەتوانین بە باشترین شێوە بەرگری لە خۆمان بکەین، ڕاپەڕینی دوێنێ ی خەڵکی ئامەد وەلامێك بوو بۆ ئەو هەموو هەڕەشانەی کە تورکیا بەسەر گەلی کوردا دەیسەپێنێت، ئەم ڕاپەڕینە دەشێت لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەرپا بکرێت و ئەو کاتەیە کە ئابووری تورکیا بەیەکجاری تێك دەشکێت، چونکە لە رووی بازرگانی و سیاحیەوە، تووشی زەرەرو قەیرانێکی گەورە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

نسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نسرین حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نسرین محمد لە پارتی سوسیالیست، ئێمەش پشتگیری لە ڕاپۆرتی ناوخۆ و پێشمەرگە دەکەین، ئێمەی کورد لە گەڵ چارەسەری ئاشتیانەین بۆ هەر کێشەیەك کە رووبدات لە دنیادا، نەك لە کوردستان بە تایبەتی، هەموو دەوڵەتێك سیادەی خۆی هەیە، کێشە ناوخۆیەکان پێویستە بە خۆی چارەسەری بکات، پێویستە هەموو پارت ولایەنەکان ڕێز لە یەکتری بگرن و خاکی هیچ دەوڵەتێکی تر بەکارنەهێنن بۆ ئامانجی خۆیان، ڕێگە و شێوازی خەباتی خۆیان بە دیموکراسی و ئاشتیانە هەڵبژێرن بۆ گشت مافەکانیان، ئێمە دژی هەر لەشکرکێشیەکین کە ببێتە مایەی زەرەر بۆ هاووڵاتیانی بێ تاوان، دارمانی ژێرخانی ئابووریە، بۆیە پێویستە هەموو لایەك بە پێ ی یاسا نێو دەوڵەتیەکان رەفتار بکەن و رێز لە یەکتری بگرن، ئێمە هەڵوێستمان هاوشێوەی هەڵوێستی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانە، چونکە ئێمە بەشێکین لە حکومەت و لە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی):**

کاك شێردڵ حەوێزی فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی هەموو ئەو ڕایانە دەکەم، کە باس کران، بە تایبەتی هەردوو ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگە، بەڕاستی تا ئێستا سوپای تورك زیاتر لە 24 جارە سنووری کوردستانی بەزاندووە، هەموو جارێکیش لەسەر شریتی حدودی تووشی شەڕ بووە لەگەڵ پەکەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش تۆپبارانی زۆر لە گوندەکانمانی کردووە، زۆر لە لەوەڕگاو دارستانەکانی ئێمەی سووتاندووە، پەکەکەو سوپای تورك هەردووکیان مەیدانی ململانێ و شەڕی ناوخۆی ناو تورکیایان گواستوەتەوە ناو هەرێمەکەی ئێمە، کە هیچ حەقێکیان نیە بۆ ئەو کارە، هەرچەندە ئێمە لایەنیش نین لەو صراعە، هەر بەو هۆیەوە تا ئێستا 400 گوندمان چۆل بووە، خەڵکەکەی هەموو ئاوارە بوونە و تا ئێستاش نەمانتوانیوە ئاوەدانی بکەینەوە، بە داخەوە ئەو جارەیان لە هەموو جارەکانی تر ناخۆشترە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا خۆی مەعلوماتی داوەتێ، عادەتەن مەعلومات دان، زۆر لە چرای سەوز موهیم ترە، چونکە کە مەعلوماتی دەداتێ ڕای دەکێشیتە ئەو ئیشە، قیادەی ئەمریکی و سوپای ئەمریکی لە عیراق، لەگەڵ قیادەی سوپای تورك هاوپەیمانن لەسەر ئەوە، هاوئاهەنگیان هەیە لەسەر تەبادوڵی مەعلومات، حکومەتی مەرکەزی بەغداش، حکومەتی هەرێمیش دەزانێت، هەردووکیان ئاگادارن لەو شتە، عیراق ناتوانێت بە بێ ئەمری ئەمریکا فەوجێك بجوولێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەموو حیزبەکانی عیراقی ئەوانەی لە حوکم بەشدارن، هەموو کوتلەکانی پەرلەمان و حکومەت، ئەگەر گوێتان لێ بووبێت لە تەلەفزیۆن و لەو لێدوانانەی کە کردوویانە هەموویان ئیستنکاری ئەوەیان کردووە و نارەحەتی خۆیان نیشان داوە، سوپای تورك و قیادەی سیاسیش لە تورکیا دەڵێن ئێمە ڕاناوەستین تا هەدەفەکانمان جێ بە جێ نەکەین، نازانین ئەو هەدەفانە چی یە؟ بەهەرحاڵ بە سوپای تورك و پەکەکەش ئەمن و ئاسایشی هەرێمەکەمانیان تێك داوە و بەرەو خراپی دەبەن، بە ڕای من ئیستنکارو ئەو شتانە سیلاحی بێ دەسەڵاتیە، ئێمە دەبێت لەسەر ئەرزی واقع ڕەد فعلمان هەبێت، بۆیە بە ڕای من دەبێت ئەو شتانە بکەین، یەکەم: پێویستە ئێمە دیفاع لە خۆمان بکەین، ئەگەر هاتو ئەو هێرشە لە شریتی سنووری تەجاوزی کرد، دووەم: حصار تەسك بکەینەوە لەسەر پەکەکە و نەهێڵین بێتەوە ناو عومقی کوردستان، سێیەم: لابردنی بنکەکانی سوپای تورك لە محافەزەی دهۆك، ئەو بنکانە لە عەسکەری دا دەتوانن لە خیلالی 24 سەعات دا بە ئینزالی جەوی هەر بنکەی بکاتە لیوایەك لە دوایی دا بیکاتە زیاتریش، بۆ ئەوەی قوەتەکانی ناو تورکیا بیگەیەنێت، لە دوایش دا کە زۆر بە سەهلی دێتە ناو عومقی کوردستان، ئەوانە زۆر خەتەرن، زەروریە لا بچن، ئێمە دەروازەی ابراهیم خەلیلمان هەیە لەگەڵ تورکیا، ئەو دەروازەیە زیاترین سوودی لە بۆ تورکیا هەیە، دۆلاری ئێمە دەچیت تاخمە قەنەفەو موعەلەباتی مەفعول بەسەر چوو دێتەلای ئێمە، مومکینە هەر ئەو دۆلارانەی ئێمە بە بۆمباو بە تۆپ بدرێت و پێمان دابدرێتەوە، لەبەر ئەوە من ئیقراح دەکەم، کە ئەو دەرگایە داخەین و موقاتەعەی هەموو کەل و پەلێکی تورکی بکەین، داوا لە کوردەکانی ئەورووپاش بکەین موقاتەعەی بازاڕەکانی تورکیا بکەن تا دەگەینە دانیشتن لەگەڵ تورکیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**کاك هیوا فەرمووو.**

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە ڕاستی دا ئەمە یەکەم جار نیە، کە پەرلەمان بۆ ئەو کێشەیە کۆدەبێتەوە، ئەمە کێشەیەکە موزمنە، تەئریخێکی هەیە، ریشەیەکی هەیە، بۆیە من پێم باشە ئەم جەلسەی پەرلەمان زیاتر بە قوڵی بێت لە هەندێك قسەو خیتاب دەربچێت، بەرنامەیەك دابنێین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، چونکە دووبارە دەبێتەوە، ئێمە  نابێت بە کۆتایی هێنان، یان وەستانی ئەم شەڕە ئیش و کارمان بوەستێنین، کە ئاگادارین بە ڕێکەتنێك لە نێوان تورکیا و ئەمریکا، کە حکومەتی عیراق ئاگادارە هەتا دەتوانین بڵێین خۆشمان ئاگادارین، ئێمە با کاربکەین بە شێوەیەکی قانونی ئەو ڕێگایانە بگرینە بەر،چونکە ئەگەر ئەمە چارەسەر نەکرێت بۆی هەیە پاش ساڵێکی تر یان 6 مانگی تر تورکیا بەهانەیەکی ترمان پێ بگرێت، سوپا لە بەرژەوەندی خۆی بێتە پێشەوە و بە ناوێکی ترەوە پەلامارمان بداتەوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم، پشتیوانی خۆم لە ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەکە بە تایبەتی لیژنەی ناوخۆ، کە بە جدی هەڵوێستە بکەین لەو قۆناغە، ئەوەی کە لە سنووری دەسەڵاتی خۆمانە، چونکە زۆر جار پرسیاریان لێ دەکردین،  باشە پەرلەمان دادەنیشێت خۆ هیچ دەسەڵاتان نیە؟ ڕاستە ئێمە ئەوەی لەبەرمان دەڕوات جێ بە جێ ی بکەین، ئەوەی تایبەتە بە خۆمانەوە، بە حکومەتەکەی خۆمانەوە، بە ناوخۆی خۆمانەوە، ئەوە بکەین. لە ڕاستی دا ئێمە پێویستە ورد تر لەگەڵ ئەمریکا بە ڕاشکاوانە قسە بکەین، بە شێوەیەکی یاسایی ئەو مەسئولە لە عیراق و هەرێمی کوردستان، بە بەرچاوی ئەوەوە دێت و هەرێمی کوردستان دەکەوێتە مەترسیەوە، لەبەر ئەوە پێویستە پەرلەمان ئەو خاڵانە ریزبەندی بۆ بکات، و لیژنەی بۆ دیاری بکات لەسەر ئاستی ناوخۆ و عیراق بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین، ئەو خاڵە زۆر گرنگە کە حکومەتی عیراقی هەڵوێستەکەی بەرامبەر بەو هێرشانە شەرمنانەیە! من بەش بە حاڵی خۆم زۆر زۆر گلەییم لێیان هەیە، چونکە تا ئێستا ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراقی دانەنیشتووە لەسەر ئەم قەزیەیە قسە بکات، بۆیە ئێمە بە دوای بڕیارەکانی پەرلەماندا بچین و لیژنەی بۆ دابنێین،بەڵام  پاش ماوەیەکی تر لە بیرمان نەچێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**کاك محسن علی فەرمووو.**

**بەڕێز محسن علی اکبر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**زۆر لە برادەران قسەی باشیان کرد، من پشتگیریان دەکەم بە تایبەتی ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەکە، دەمەوێت باس لەوە بکەم یەعنی ئەم مەسەلەیە، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و هەستیارە، پێویست ناکات بە هەڵچوون معامەلە لەگەڵ ئەو مەسەلەیە بکرێت، و بە سۆزیش، بە خیتاباتی حەماسی بەرێوە ناچێت، ئەو مەسەلەیە بە دەرەجەی ئەساسی پەیوەندی بە ناوخۆی تورکیاوە هەیە، ئەو ململانێیەو ئەو زۆرانبازیەی لە نێوان حیزبەکانی ناو تورکیاو لەشکری تورکیاوە هەیە، تەرکیزی کردووەتە سەر مەسەلەیەکی زۆر هەستیار**

ئەویش مەسەلەی کوردە، هەموومان باسمان لەوە کرد دەڵێین سوپای تورکیا کە هاتووەتە ناو کوردستانی عیراقەوە بۆ ڕاوەدوونانی پەکەکە نیە، بەڵکو بەدەرەجەی ئەساسی ئەوە تێکدانی وەزعی کوردستانی عیراقە، ئەو ئەزموونەی کە لە کوردستان دا هەیە، ئەمە چەندین جارە ئەوە دووبارە دەکەینەوە، پێشم وایە ئەمە نابێتە کۆتایی هەموو مەسەلەکە، بەردەوام تورکیا لەسەر ئەمە درێژەی پێ دەدات، هەر کاتێك ئەم ئەزموونە هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بڕوات، ئەو حەتمەن دێت تەدەخول دەکات بە جۆرێك لە جۆرەکان، یان دەیەوێت تەگەرەیەك دروست بکات، ئێستاش مەسەلەی کەرکووك و ماددەی140 ، ئەو جۆرە شتانە لە پێشەوەیە، هەر تەدەخولیش دەکات پاش ماوەیەکی تر، یان ئێستاش بچێتە دەرەوە هەر یەکە، چەندین جار ئێمە باسمان لەوە کردووە سەروەری پێشێل کراوە، بووە بە مەسەلەیەکی تەقلیدی ئەوە، بەردەوام لە هەموو کۆبوونەوەیەك باس دەکرێت کە تورکیا سەروەری عیراقی پێشێل کرد، ئێمە ئیدانەی ئەو لەشکرکێشیە دەکەین، فلان شت دەکەین، فیسار شت دەکەین، من پێم وایە ئەو شتانە هیچ سوودێکی نیە، لەگەڵ ئەوەش پێویستە ئێمە لەسەر هەردوو قاچ بڕۆین بۆ ئەوە، یەکەم: لایەنە دبلۆماسیەکە بە هەڵچوون حەل ناکرێت، بەڵکو پێویستە لایەنی دبلۆماسی زۆر ئیهتیمامی پێ بدەین و کارە دبلۆماسیەکانمان کارا تر بکەین، و لە لایەکی تریشەوە، لایەنە عەمەلیەکەیە کە پەیوەندی بە خودی خۆمانەوە هەیە، دەرکەوتووە کە حکومەتی عیراقیش وەکو زۆربەی برادەران لێرە باسیان کرد، کە لەوانەیە فلان شتی کردبێت، یاخود ئیدانە کردنەکەی شتێکی ئەوتۆ نیە، یان بڵێین چرای سەوزی هەڵکردووە، ئەگەر چی ئەوە دوور بێت، یان ڕاست بێت، بەڵام تاکو ئێستاش شتێکی عەمەلیان لێ دەرنەکەوتووە، لەبەر ئەوە پێویستە زیاتر ئیعتیماد بکەینە سەر خۆمان وەکو لایەنە دبلۆماسیەکە ئەنجام بدەین، خۆ سازدانی ناوخۆی خۆمان لە هەموو شتێك گرنگترە، پێویستە ئێمە خۆمان سازبکەین بۆ ئەو مەسەلەیە، ئێستا دەچێتە دەرەوە دوای سێ مانگی تر دێتەوە، من پێم وایە ئەمە حەملە ئەساسیەکەی نیە، ئەمە وەکو سەرەتایەکە ، لە بەهار ڕەنگە سەخت تر بێت، ئەو هێرشانەی کە کردوویەتی، بە جۆرێکی تر دێتە ناوەوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە خۆمان بۆ خراپترین ئیحتیمالات دابنێین، و هێزەکانی خۆمان کۆبکەینەوە، و دوور بکەوینەوە لەوەی تەنیا مەسەلەی پارتی و یەکێتی و لەو جۆرە شتانە، لەو جل و بەرگە حیزبایەتیە با بچینە دەرەوە، هەر وەکو چەند برادەرێك لێرە باسیان کرد، ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە هەموو تاکێکی کوردەوە هەیە، مەسەلەیەکە پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە، بەتایبەتی پەیوەندی بەم ئەزموونەوە هەیە، تورکیا ئیستیغلالی ئەو مەوزوعەی ئێستای عیراقی کردووە، و ئیستغلالی بوونی پەکەکەی کردووە لە کوردستان، کە بە حیسابی خۆی لە شاخەکانی کوردستان، لە قەندیل و خواکورك و ئەو ناوچانە، پێش هەموو کەسێك و لایەنێکیش خۆیان دەزانن، کە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی سیاسیە پێش ئەوەی مەسەلەیەکی عەسکەری بێت، بە چەندین هێرشی عەسکەری نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، نزیکەی چارەگە سەدەیەکە شەڕی پەکەکە هەیە، هیچ کاتێك بە قەدەر ئێستا تەرکیزیان نەکردووەتە سەر ئەم مەسەلەیە، من پێم وایە وە هەموو کەسێکیش پێ ی وایە زیاتر مەسەلەی کوردستانی عیراقە، و هەموو کاتێك تورکیا لەسەر پێیە بۆ ئەوەی تەدەخول بکات لە هەموو مەسەلەیەك، بۆیە من پێشنیاری ئەوە

دەکەم، سەربارى هەموو ئەو پێشنیارانەى کە لە ڕاپۆرتى هەردوو لیژنەکە هاتووە، و زۆربەى فراکسیۆنەکانیش تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە، پێشنیارى باشتریشیان کرد، بۆیە ئێمە جدى تر هەوڵ بدەین بۆ ئەوەى خۆمان، خۆمان کۆبکەینەوە، و جدى تریش لەگەڵ ئەمریکاو لەگەڵ حکومەتى ناوەندى قسە بکەین کە بە ئەرکى سەر شانى خۆیان و بەرپرسیاریەتى خۆیان هەڵبستن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکى):**

کاك احسان ئامێدى فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکى ئەنجومەن:**

لە بەرایى دا، پشتگیرى لە ڕاپۆرتى هەردوو لیژنەى ناوخۆو پێشمەرگە دەکەم، هەروەها پشتگیرى لە جەنابى سەرۆکى هەرێمى کوردستان و سەرۆکى حکومەتى هەرێمى کوردستان دەکەم، کە بە شێوەیەکى فراوان بۆچوونەکانیان دەربڕیوە، هەروەها سوپاسى هەڵوێستى ئەو دەوڵەتانە دەکەین کە پشتگیریان لە حکومەتى هەرێمى کوردستان دژى دەست درێژى تورکیا بۆ سەر هەرێمى کوردستان کرد، سوپاسى خەڵکى ئامێدى دەکەین، کە لەو ڕۆژەى ئۆپەراسیۆنەکە دەستى پێ کرد و هێزى لەشکرى و دەبابە هاتوونە ئەو ناوچەیە، ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و ڕێگەیان لەو دەبابانە گرتووە، بە بۆچوونى من ئەگەر ئەو هەڵوێستە جەماوەریەى خەڵکى ئەو ناوچانە نەبوایە، ئەو ئۆپەراسیۆنانە لەو ناوچانەدا بەرەو ئاقارێکى تر دەچوو، کێشەکە گەورەتر دەبوو، بۆیە ئێمە پێمان وایە لەشکرى تورکیا مەبەستى پەکەکە نیە، مەبەستى خاکى کوردستانە، من دەمەوێت وەکو بەڵگەیەکى مێژوویى ئەوە بگێڕمەوە بۆ هەڤاڵانى خۆمان، بۆ ئەوەى ئەو ڕاستیە بزانن، لە بەهارى ساڵى 1983 ، هێشتا پەکەکە نەبوو بوو بە هێزێکى چەکدارى، هێشتا شەڕى چەکداریشى ڕانەگەیاند بوو، لەو کاتەدا لەشکرى تورکیا داگژایە سەر هەرێمى کوردستان و لەشکرى خۆى هێنایە سەر بارەگاکانى پارتى دیموکراتى کوردستان، کە لەو کاتەدا پێشمەرگەى پارتى لەو سنوورەدا هەبوو، ئەو لەشکرکێشیە بەردەوامى هەبوو تا بەهارى ساڵى 1984 یش، کە تاوەکو ئەو کاتیش پەکەکە ئیعلانى شەڕى چەکدارى نەکردبوو، کە جارێکى تر لەشکرى تورکیا هاتەوە ناو کوردستانى عیراق، کە سەلماندنێکە کە مەبەستى کوردستانى عیراقە، بەڕاى ئێوە ئیتیفاقیەى نێوان حکومەتى تورکیا و حکومەتى عیراقى بۆ ئەوەیە کە دەلیلى بداتە لەشکرى تورکیا کە بێتە سەرخاکى کوردستان، بۆ نەهێشتنى سەرکەوتنەکانى بزاڤى رزگاریخوازى گەلى کوردو شۆرشەکانى گەلى کوردستان، لەبەر ئەوە دەبینین مەرامى تورکیا لەو دەست درێژیەى ئێستاشى هەر ئەوەیە، ڕەد فعلى حکومەتى هەرێمى کوردستان و سەرکردایەتى سیاسى و هەروەها عیراق بە گشتى و ئەمریکاو دەوڵەتانى تریش چى یە؟ ئەگەر هاتو ئۆپەراسیۆن لەو کات و زەمانەدا بکرێت. ئەوە ماوەیەکە پەکەکە شەڕى چەکدارى ڕاگرتووە و هیچ چالاکیەکى لەشکرى لە ناوخۆى تورکیادا نەکردووە، بە تایبەتى لە ناو کوردستانى عیراق دا، هیچ چەکدارێك نەچوونەتە ناو تورکیا شەڕ بکەن، بۆچى لەم کاتەدا هات؟ چونکە ئێمە دەزانین لە ناو کوردستانى عیراق، کۆمەڵێك کێشە لە نێوان حکومەتى

عیراق و حکومەتی کوردستاندا هەیە، هەروەها کۆمەڵێك پرۆژەی باش بۆ گەشەپێدانی ئابووری هەیە، کێشەی ماددەی140 یش لە گۆڕێیە، پرۆژەی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و پرۆژەی ئیتیفاقات لەبەر دەست دایە، کە لە ئاستی دەوڵەتی چەندین بۆند هەنە، کە ژێرخانی ئابووری کوردستان گەشەی پێ بدات، پرۆژەی نەوتی هەیە، ئەمانە هەمووی مەبەستی تورکیایە، کە چاوی بەو رەوشە هەڵنایەت، پێی خۆش نیە هەرێمی کوردستان ببێتە کیانێکی قایم و باش لە دەوڵەتی عیراقی دیموکراتی دا، تورکیا نایەوێت گەلی کوردستان لەو کیانەی خۆیدا شادو سەرفراز بێت، تورکیا قبوڵ ناکات 30 ملیۆن کورد بە زمانی خۆی قسە بکات و بچێتە پێش، ئەگەر ئێمە وەکو کورد لە کوردستانی عیراق دا، هەموومان پێکەوە یەك هەڵوێست بین بەرامبەر دەست درێژی تورکیا ڕاوەستین، کە دەشێت وەزعێکی دەولیش پەیدا بکەین، بۆ ئەوەی پشتگیری ئێمە بکات، کە دەشێت زەخت لە حکومەتی عیراقیش و ئەمریکاش بکەین، بۆ ئەوەی بەدەوری خۆی هەستێت، ئەگەر لەناو کوردستانی خۆمان و ناو خەڵکی خۆمان، لە ناو بزاڤی خۆماندا دووبەرەکیەك پەیدابببێت، ئەوە مەجالێکی باشە بۆ ئەوەی تورکیا دەست درێژیەکی فراوان تر بکات و گەشەی پێ بدات. پەکەکە کێشەیەکی ناوخۆی تورکیایە، نەك کێشەی کوردستانی عیراق، پەکەکە لە ناو تورکیا سەری هەڵداوە و لە ناو تورکیا دروست بووە، کە پەکەکە هاتووەتە ئێرە نەتیجەی تەواجودێکی نا شەرعی و نا قانونیە، تورکیا پێ ی خۆش بوو، کە پاڵی دەدا بێتە کوردستانی عیراق، بۆیە دەیەوێ بە ململانێی ناوخۆیی کوردستانی عیراق تێك بدات، هەبوونی ناکۆکی تورکی لە هەرێمی کوردستان، کە تا ئەمڕۆکە 400 گوندی کوردستان ئاوەدان نەکراونەتەوە، دەستی ئاوەدانکردنەوە نەیانگەیشتووە بۆیان. لە دوایەکەش دا هەر تورکیا ئەو ئاقار و ئەو بێستانانە و ئەو گوندانە بۆردومان دەکات، هەر بۆ ئەوەیە کە ژیان جارێکی تر بۆ ئەو گوندانە نەبێتەوە و، خەڵکی ئەوێ نەتوانێت بەرەو پێش بچێت، ئێمە دەزانین کە عومقێکی ستراتیژی هەرە گرنگ بۆ کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان گوندەکانن، چونکە ئەو گوندانە پتر لە عومقی 3 کم لە تورکیاوە نزیکن ئاوەدان نەکراونەتەوە، چونکە هەموو  کاتێك جێگای شەڕو پێکدادان بوونە ئەو جێگایانە، ئەمڕۆ هەردوو لا ناحەقن، چونکە دەست درێژیەکە لەسەر حەقی خەڵکی کوردستانە بە حەقیقەت لەو کاردانەوانەدا بە ڕەنگێکی ئاشکرا وەکو پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستێکی روون و ئاشکرامان هەبێت، بۆ ئەو مەسەلانە، ئەو دەست درێژیانە با بەس بێت، هەم ئەو هێزەی تەواجودیان لە کوردستان هەیە بیان کێشنەوە، چ هێزی تورکیا بێت، چ هێزی پەکەکە بێت یان هەر لایەنێکی تر بێت، کە بوونەتە هۆی تێك دانی وەزعی کوردستان، ئیدی بەسە با کوردستانی عیراق نەبیتە ساحەك بۆ تەسفیەی حیساباتی هیچ لایەنێکی ئیقلیمی، کە دەست درێژی بکاتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە نەکسەیەکی قەومیە بۆ هەموو گەلی کوردستانە، بۆ هەموو نەتەوەی کوردە لە هەموو پارچەکانی کوردستان،  بۆیە دەبێت هەموو لایەنێك هاریکار بین، بۆ ئەوەی ئەو دەست کەوتانە بپارێزرێن، پەرلەمانی کوردستان لە دیاری کردنی هەڵوێستی خۆیدا وا باشە کۆمەڵێك پێك بهێنێت و بیانێرێتە ئەوروپا و ئەمریکا، بە هەر جۆرێك بێت پەیوەندی لەگەڵ پەرلەماانی جیهان پتەو بکات، لەبەر ئەوە هەڵوێستی ئێمە کە لە ئەنجامی قوربانیەکی زۆری خەڵکی کوردستان بەدەست هاتووە، لەبەر چاو بگیرێت، تورکیا ئەوە نزیکەی 25 ساڵە

دێتەناو سنووری هەرێمی کوردستان، کە بووەتە هۆیەك بۆ ئاوەدان نەکردنەوەی پارچەیەکی هەرە مەزنی کوردستان، دەبێت تورکیا چی  بە دەست هێنابێت؟ ڕاپۆرتێك کە لە پێش چەند ڕۆژێك دا بلاوکراوەتەوە ئاماژەی بەوە کردووە کە تورکیا لەو شەڕەی کە لە گەڵ پەکەکە کردوویەتی هەتا ئێستا 300 ملیار دۆلار خەسارەتی بووە، سەرباری ئەوەی کە چەند خەڵکێك بوونەتە قوربانی، ئەی چەندین زیان لە کوردستانی عیراق و تورکیا کەوتووە؟ ئەگەر لە جێ ی عەقلیەتی شەڕو کوشتن و لە ناوبردن، بیرێکی تربکرێتەوە ، خەڵکی کوردستان لە تورکیا مافی هەبێت لە چوارچێوەی تورکیای دیموکراتی دا ، ئەو شەڕو کوشتنە نەمێنێت، ئەو پارەی لە شەڕدا سەرف دەکرێت با بۆ ئاوەدانکردنەوە، ئەو خەڵکەی کە بە هۆی ئەوەوە دەکوژرێت، با بێتە عونسرێکی ئیجابی بۆ دەوڵەتی تورکیا، کە بەوەوە ئەو سەقامگیریە بۆ تورکیاو بۆ هەموو ناوچەکانی تر باشترە. کە گەشەکردن بە ڕەنگێکی باشتر لە تورکیادا  دەبوو، کە دەشێت باشتر خزمەتی خەڵکی خۆی بکات، کە دەشێت لە لایەنی ئابووری و تەکنەلۆژی و صناعی پێشکەوتوو  تر بێت، ئەگەر ئێمە گلەیی لە حکومەتی عیراقی بکەین، ئەوە گلەیی لە دەوڵەتە جیرانەکانیش دەکەین، چونکە ئەوانیش هاوسنوورن لە گەڵ ئێمە، مەفهومێکی مەسالحی هەیە، کە گلەییەکی زۆر تر لە هەموو دەوڵەتانی ئیسلامی دەکەین، کە منەزەمەیەك هەیە، بەناوی منزەمەی موئتەمەری ئیسلامی، کە کۆمەڵێك مەسەلەی بچووك لەهەندێك لەو ولاتانە هەیە، هەڵوێست وەردەگریت، وەفد پێك دەهێنێت و چەندین لیژنە پێك دەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی کیشەکان، بەڵام کێشەی نەتەوەیەك کە 50 ملیۆنە، کە هەر لە کوردستانی تورکیا 30 ملیۆن کوردن، کێشەی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ  کە کێشەیەکی زۆری لەسەر هەیە، هیچ کاتێك بیریان لەوە نەکردووەتەوە لیژنەیەك بۆی پێك بهێنێت، لەگەڵ هەردوو لایەن هەوڵ بدات بەشێوەیەکی ئاشتیانە مەسەلەکە چارەسەر بکات، لەبەر ئەوە داکۆکی لەوە دەکەم کە بە حەقیقەت تورکیا مەبەستی خۆی هەیە لە هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان، وا بکات کە نەهێڵێت ئەو هەرێمەسەرکەوتوو بێت و بەرەو پێش بچێت، بۆیە پەکەکە بیانوویەکە بۆ دەست درێژی کردنە سەر خاکی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی خەڵکی ئێمە بترسێنێت و هەمیشە بیانخاتە ژێر گەف و مەترسی تورکیاوە، یەکگرتنی هەڵوێستی ئێمە، بزاف و چالاکیەکانی ئێمە لە بواری دبلۆماسی،  لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئاستی دەرەوە دەبێتە  پاڵپشتەك بۆ ئەوەی تورکیا بەرەو پشتەوە بچێتەوە و، بیر لە  خۆی بکاتەوە کە 25 ساڵە هیچ شتێکی بەدەست خۆی نەهێناوە، بە ئەو هەرەشانەش  هیچ شتێکی بەدەست نەهێناوە، لە زەرەو زیان زیاتر بۆ هەموو لایەك هیچی تری بەدەست نەهێناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك محمد فەرمووو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی، من تەئیدی هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆو لیژنەی پێشمەرگە دەکەم، زۆربەی زۆری ئەو قسانەی کە دەمویست بیکەم، برادەران باسیان کرد، بەڵام من بە پێویستی دەزانم تەئکید لەسەر

ئەمریکیەکان بکەمەوە، ئێمە تەجروبەمان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، کە تەجروبەیەکی زۆر تاڵیشە، دیارە ئیتیفاقیەی شومی جزائیرمان هەر لەبەردەمە، هەمووومان دەزانین چی بووەو چی نەبووە، دوای ئەوە ڕاپەڕینەکانی جنوب و کوردستان، کە ڕێگەیان بە ڕژێمی دیکتاتۆریەت دا و سەرکوتی کرد، ئێستاش پاش رووخانی ڕژێمی دکتاتۆری لە عیراق دا خەڵکی کوردستان یەکەم پشتگیر بوو بۆ ئەمریکیەکان و بۆ هاوپەیمانان بۆ رووخاندنی رژێمی دکتاتۆری لە عیراق دا، ئەمڕۆ بە ئاشکرا ئەمریکا کە لە رووی قانونی و ئەخلاقیەوە مەسئولە لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی عیراق و سەروەری عیراق، بە ئاشکرا ڕێگە بە لەشکرکێشی وڵاتێکی دەرەکی دەدات، کە بێت سنووری هەرێمی کوردستان، و ئەو هەرێمەی کە ئەمن و ئاسایشی تیادا بەرقەرارە بیبەزێنێت، کە تێکدانی ئەو ئەمن و ئاسایشە لە هەرێمی کوردستانی عیراق دا تێکدانی ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەو ئاسایشی نێو دەوڵەتیش دەخاتە مەترسیەوە، کە من پێم وایە ئەمریکیەکان، خۆیان لە پێش هەموو لایەکەوە زیاتر زەرەرمەند دەبن لەو وەزعەی کە ئێستا هاتووەتە پێشەوە، بۆیە من تەئکید لەسەر قسەکانی ماموستا محسن دەکەمەوە، کە پێویستە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ کۆمەلانی خەڵك، خۆمان ئامادەبکەین بۆ ڕۆژێکی سەخت کە ڕەنگە بێتە پێشمان، ئەو خەڵکەی کە نامانەوێت لێمان زویر بن، کە نەمانتوانیوە وەکو پێویست خزمەتگوزاری بکەین بۆیان، نەمانتوانیوە وەکو پێویست کێشەکانیان چارەسەر بکەین، بەلام ئەو خەڵکە لە ڕۆژی تەنگانە پشت و پەنای ئێمەن، ئێمە هێزو توانامان لە خەڵکی کوردستانەوە هەڵ دەیەنجین، دیارە هەر بۆ ئەوانیش کاردەکەین، دەبێت بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بگەڕێینەوە و ئامادەیان بکەین بۆ ڕۆژێکی سەخت تر، بەلام من داوا دەکەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس، ئامادە بکات بۆ حاڵەتی ئیحتیمالی خراپ تر، خۆشمان وەکو پێویست، من پێم باشە پەرلەمانی کوردستان یاداشتێك بدات بە نەتەوەیەکگرتووەکان، و لەو یاداشتە سوپاسی هەڵوێستی سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەو دەوڵەتانە بکات کە دژی لەشکرکێشی تورکیا بوون، و داواشیان لێ بکات کە زەختی زیاتر لە تورکیا بکەن بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی تورکیا، ئەو کێشەیە بە چارەسەری سیاسی چارەسەر دەکرێت، نەك بە شێوەی عەسکەری، دیارە تورکیا خۆی دەزانێت کە 20 ساڵ زیاترە شەڕی پەکەکە دەکات، بەلام نەیتوانیوە چی لەگەڵ بکات، بۆیە پێویستە چارەسەرێکی سیاسی لە ڕێگەی دانیشتن و دیالۆگ و ئاشتیانە چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت، بەلام بە قەناعەتی من مەسەلەکە پەکەکە نیە، مەسەلەکە ئەو ئەزموونەیە کە ئێستا هەمانە، بۆیە دەبێت ئێمە زۆر وریاتر بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك د. دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە ئەو کێشەیە، کە چەندین جارە رووبەروی دەبینەوە، دوو هۆکاری سەرەکی هەیە، یەکەمیان: حکومەتی تورکیا کێشەکانی خۆی دەنێرێتە دەرەوە بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و جۆرە ئارامیەکی

کاتی بە ناوخۆی خۆی بدات، لە لایەکی تریشەوە ئەو ئەمن وئاسایشەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەو دەسکەوتانەی کە خەڵکی کوردستان بە خوێن و بە فرمێسکی خۆمان بە درێژایی دەیان ساڵ بە دەستی هێناوە لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو گەشە کردنە ئابووریە کە وردە وردە خەریکە بەڕێوە دەچێت لە وڵاتی ئێمە، دەیەوێت ئەوە تێك بدات، ئەم دوو هۆکارە سەرەکیە، بە داخەوە چەندە من پێم شەرمەزاریە ئەو هەڵوێستەی دەوڵەتی تورکی، ئەوەندەش من بە لامەوە شەرمەزاریە بێ دەنگی حکومەتی عیراقی و هەندێك لە دەسەڵات دارانی عیراقی، وەکو پێش من برایان ئاماژەیان پێ کرد لە کاتی ئێستاکە کە کێشەیەك لە وڵاتێك دا دروست بێت، سەرۆکی حکومەتی ئەو وڵاتە ئەگەر لە دەرەوەش بێت دەگەڕێتەوە، بەڵام بە داخەوە سەرۆکی حکومەتی عیراقی وڵاتەکەی بە جێ هێشت لە کاتێکی وا هەستیار دا، ئەمە نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە هەندێك لە دەسەڵات دارانی عیراق بە ڕاستی بە ئەرکەکانی خۆیان بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان هەڵنەستن، جگە لەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەکو وڵاتی داگیرکەر و دەسەڵاتدار بەسەر دەوڵەتی عیراق و هەرێمی کوردستانیش وەکو بەشێك لە خاکی عیراق بە ئەرکەکانی خۆی نەك هەڵنەستاوە، بەڵکو پێشێلی ئەو ئەرکانە دەکات، کە بووە بە مەترسیەك لەسەر بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان، بۆیە من جگە لەو بیروبۆچوونانەی کە پێشتر چ لە ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەکەو چ لە لێدوانەکانی برایانی پێش خۆم باسیان کرد، پشتگیری لە هەموویان دەکەم، من داوا دەکەم کە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان داوایەك بدەین بە هەموو ڕێکخراوەکان بە تایبەتی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان، کە ئەرکی خۆیان ببینن و، ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عیراق ناتوانن ئەرکەکانی خۆیان بەرامبەر هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان ببینن، با نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو ئەرکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت و ئەمن وئاسایش و ژیانی خەڵکی کوردستان بگرێتە ئەستۆی خۆی و بیپارێزێت، ئەمە ئەرکێکی ئینسانی و ئەرکێکی شارستانیە روو بەرووی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دەبێتەوە، پێش ئەوەی کارەساتێکی گەورە روو بدات لە ناوچەکەدا، جگە لەوەش پێویستە بەڕاستی هەموو دەزگاکانی ئێمە، بیرلەوە بکەینەوە کە ئامادەباشی بکەین لە هەموو ڕوویەکەوە، لە رووی ئیعلامیەوە، لە رووی سیاسیەوە، تەنانەت لە رووی سەربازیشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە هەردوو ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگە دەکەم، لە گەڵ قسەکانی جەنابتان، ئێمە کە لە سەدەی $21$ دا دەژین کە لەسەر ئاستی جیهان، داوای مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت دەکرێت، کاتێکە ئەمڕۆکە ئێمە رووبەڕوی جەنگێکی تر دەبینەوە، گەلی عیراق هەروەکو گەلانی تری جیهان مافی خۆیەتی، گەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت با لە هێمنی دا بژیت، ئێمە لەسەردەمانی ڕابردوو دا زۆر رووبەڕوی شەڕ پیکدادان بووینە کە هەر نەتیجەی سلبی بووە، چ کاتێك شەڕ چارەسەری کێشەکانی

نەكردووە، هەموو كاتێك شەڕ و پێكدادان ئەگەر عيلاج بۆ كێشەيەكيش بێت، بەڵام چەندين كێشەی تری خولقاندوە، جا لێرەوە داوا دەكەين لە دەوڵەتی توركی كە وڵاتێكی جيرانە ئێمەش حەز دەكەين جيرانەتيەكەمان بە شێوەيەكی باش بمێنێت و يەكتری بپارێزين، ئەو لەشكركێشيەی خۆی سەحب بكاتەوە، و داوای گفتوگۆ بكات لەگەڵ لايەنەكانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

بەڕێزان، ئەو وتە بە نرخانەی ئێوەی بەڕێز كە لەسەر ئەو بابەتە تاوتوێتان كرد، بە تايبەتی هەردوو ليژنەی پەيوەندار، ليژنەی پێشمەرگەو ليژنەی ناوخۆ، زۆر بەرزو جێگای ڕێزن، هەروەها بۆ زانينی ئێوەی بەڕێز ڕێزدار سەرۆكی هەرێمی كوردستان، بەڕێز كاك مسعود بارزانی حەرەكەتی باشی دبلۆماسی كردووە، و لە سەرووويانەوە نامەيەكی تايبەتی بۆ ڕێزدار سەرۆك كۆماری ئەمريكا ناردووە، كە داوای لێ كردووە شەخسی خۆی تەدەخولی ئەو كێشەيە بكات، بۆ چارەسەری ئەو كێشەيە و رێ نەدان بە هاتنی جەيشی توركی بۆ وڵاتەكەمان، بە تەئكيد وەكو ئێوەی بەڕێز ئاشكراتان كرد، شەڕ چارەسەری كێشەكان ناكات، زۆر زەرەرو زيانی بە هەرێمی كوردستان گەياندووە، ژينگەی خەراپ كردووە، ئەو شوێنانەی كە هەوڵ دەدريت ئاوەدان بكرێتەوە، ئێستا دووبارە وێرانی دەكەن ئاوەدان كردنەوەی دوا خستووە، و پەيوەندی لە نێوان خەڵكی ناوچەكەی تێك داوە، ئێمە لێرە سوپاسی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەين، بە تايبەتی وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆ كە دەوری خۆيان باش بينيوە و ئێستا برا پێشمەرگەكان لە ئامادە باشی تەواو دان بۆ ئەو وەزعەی كەدروست بووە، و ئەو جەماوەرە سەربەرزەی بامەڕنێ و ئامێدی كە ئەو دەورەيان بينی، پێويستە لەبير نەكرێت و لە مێژووی كوردستان دا تۆمار بكرێت، ئێمە دلنياين هەموو كەس بە پياو و ئافرەتەوە، بە گەنج و پيری كوردستانەوە ئامادەن لەسەر يەك بستی خاكی كوردستان خۆی فيدا بكات، و بە دڵنياييەوە گشت پێكهاتەكانی كوردستان لە نەتەوەو ئاينە جياوازەكان ئامادەباشی تەواويان هەيە، تەمەنا دەكەين شەڕ دروست نەبێت، بەڵام ئەگەر خودا نەكات ئەو ڕۆژە روو بدات بەڕاستی ئيستقراری ناوچەكە تێك دەچێت و ئەو لايەی كە دەيەوێت بەشەڕ كێشەكان چارەسەر بكات، زۆر زۆر زەرەرمەند تر دەبێت، وەك لە لايەنەكەی تر، ئێمە ئێستا ئەو وتە بە نرخانەی ئێوەی بەڕێز لەگەڵ هەردوو ڕاپۆرتی ليژنەی پێشمەرگەو ليژنەی ناوخۆ، لەگەڵ بەرپرسی فراكسيۆن و ليستەكان، دادەنيشين و ريزبەنديان دەكەين، دوای نيو سەعاتی تر دێينەوە خزمەتتان لێرە دەيخوێنينەوە بۆ ئەوەی جەنابتان پەسەندی بكەن، زۆر سوپاس.

**پاش پشوو**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

**بەناوی خوای گەورەو ميهرەبان.**

بەردەوام ئەبين لەسەر دانيشتنەكەمان بەڕێزان، ئەو پێشنيارو ئەو ڕادەربڕينەی ئێوەی بەڕێزو هەردوو ليژنەی پێشمەرگەو ليژنەی ناوخۆ، لەگەڵ سەرۆكی فراكسيۆن وليستەكاندا تاوتوێ و گەڵاڵە كران، بەم

شێوەیە دامانڕشتووە بۆ ئێوەی بەڕێزی ئەخوێنینەوە بۆ ئەوەی بدرێتە ئەو شوێنە پەیوەندیدارانەو هەروەها دەنگی ئێوەی بەڕێز بۆ دونیا بلاّو ببێتەوە.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی نائاسایی خۆی کە لە رۆژی 8ی شوباتی 2008 ئەنجامدرا بۆ گفتوگۆ کردن لەبارەی لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و پێشێلکردنی سنووری نێودەوڵەتی کۆماری عێراقی ئیتیحادی بێ رەچاو کردنی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و پرەنسیپەکانی دراوسێیەتی کەتا چەند مەترسی هەیە لەسەر سەقامگیری هەرێم و ناوچەکەو ئەو زەرەرو زیانانەی بەرهاووڵاتیان وبەرژەوەندییەکانیان لەهەڕەشەکردن لەسەر ماڵ و گیانیان کراوە، ئەو پرۆسە سەربازییەی تورکیاش بووەتە هۆی ئەوەی بووژاندنەوەی ناوچە سنورییەکانی هەرێم و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی گوند ودیهاتە وێران کراوەکان دوا بکەوێت، بارودۆخی سەخت ودژواری بۆ خەڵکەکەی جێهێشتووەو ئەو کردەوە سەربازییانەی تورکیا ئاڵۆزتر دەکات، پاساوەکانی حکومەتی تورکیاش بۆ ئەم کردەوەیە هیچ زەمینەیەکی لەباری نیە، تێکدانی ڕەوشی سیاسی و ئەزموونی هەرێمی کوردستان کە تەنها ئامانجی گشت عێراقە، چونکە چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا پێویستە لەسەر گۆڕەپانی تورکیا و دامەزراوە دەستوورییەکانی خۆیان بێت، نەوەك بیگوازێتەوە بۆ دەوڵەتانی دراوسێ و باج و بەرپرسیارێتی بارودۆخەکە و کێشە ناوخۆییەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی وڵاتانی دراوسێ، لەسەر حکومەتی تورکیا پێویستە مامەڵە لەگەڵ ڕەگی کێشەکە بکات، نەوەك ئاکام وڕوو کەشەکەی. دوای ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەپێی بەرپرسیارێتی بەرامبەر مافە دەستووری و سیاسیەکانی هەرێم وگەلەکەی هەیەتی ئەو خاڵانەی خوارەوە ڕادەگەیەنین.

یەکەم:- بەتوندی دوژمنکاری تورکیا و لەشکر کێشییەکەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئیدانەو ڕیسوا ئەکات، کەهێزەکانیان سنووری نێودەوڵەتی عێراقی ئیتیحادییان لەڕێگەی سنووری هەرێمی کوردستان پێشێل کردووەو داوا لەحکومەتی تورکیا ئەکەین، هێزە سەربازییەکانی خۆی بەزووترین کات بۆناو سنووری تورکیا بکێشێتەوە، ڕێز لە سەروەری عێراق ومافی دراوسێیەتی هەردوو وڵات و گەلەکەیان بگرێت.

دووەم:- داوا لەحکومەتی عێراقی ئیتیحادی ئەکەین هەڵوێستی ڕوون و ئاشکراو بەرپرسانەی هەبێت، بەرامبەر ئەو لەشکرکێشییەی تورکیا بۆ خاکی هەرێمی کوردستان و پێشێلکردنی سنووری نێودەوڵەتی دەوڵەتی عێراق و ژێرخانی ئابووری وهەڕەشەکردنی لە ژیانی هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق کەبەهۆی ئەو تۆپباران وبۆردوومانە ئاسمانی و لەشکرکێشییە بەردەوامەیان زەرەرو زیانێکی زۆری بەهاووڵاتیانی ئەو ناوچانەو بەرژەوەندییەکانیان گەیاندووە، پێویستە حکومەتی عێراقی ئیتیحادی ئەم بابەتە لە ئەنجومەنی ئاسایش و یەکێتی ئەورووپا وکۆنگرەی ئیسلامی وکۆمکاری وڵاتانی عەرەبی بورووژێنێت و باس بکات بەپێی ئەو بەرپرسیاریەتیەی بەرامبەر بە خەڵکی هەرێمی کوردستان هەیەتی.

**سێیەم:- داوا لە حکومەتی ئیتیحادی ئەکەین سەر لەنوێ بە هەر ڕێکەوتنێك لەگەڵ حکومەتی تورکیادا بچێتەوە کەلە سایەی ڕژێمی دیکتاتۆری لەناوچوو کراوەو پەیوەستە بەکاروباری هەرێمی کوردستان و زەرەری بە هەرێمی کوردستانی عێراق گەیاندووە.**

**چوارەم:- داوا لە حکومەتی ئیتیحادی ئەکەین هەموو ئەو ڕێکەوتننامانە بلاو بکاتەوە، ئاشکرایان بکات کەلەدوای ڕووخانی ڕژێم لەگەڵ تورکیادا ئیمزای کردووە، پەیوەستە بەکاروباری هەرێمی کوردستان.**

**پێنجەم:- داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەین هەرچی زووترە، هەر بوون و بارەگایەکی سەربازی تورکیا لەناو سنووری هەرێمدا نەهێڵێت، داوا لەحکومەتی تورکیا بکات، ئەو پێگەو بنکە سەربازییانەی چۆڵ بکات کە بەر لەڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری و بەهۆی بارودۆخە نائاساییەکان دانراوە هەموویان بکێشێتەوە، هەر بوونێکی نایاسایی لابدات کەلەناو دەوڵەتی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و نەریتە دیبلۆماسییەکان هەبێت.**

**شەشەم:- ئیمڕۆکە عێراق لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانانندایە بەتایبەتیش ئەمریکا، پێویستە لەسەریان سەروەری خاك وئاسمانی هەموو عێراق بپارێزن و ڕێگە نەدەن تورکیا سەروەری عێراق پێشێل بکات و سەروەری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت، بۆیە داوایان لێ دەکەین بەزووترین کات ڕۆڵی تەواوی یاسایی خۆیان ببینن.**

**حەوتەم:- پەرلەمانی کوردستان پاڵپشت وپشتیوانی هەر ئیجرائاتێکی پێویست دەکات، کەسەرۆکایەتی هەرێم وحکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی هەرێم وبەرژوەندی ودەستکەوتەکانیان ئەنجامی داوە، داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کەداوای قەرەبوو کردنەوەی تەواوی زەرەرو زیانەکان بکات، کەبەرموڵکی گشتی و موڵکی هاووڵاتیان کەووتووە.**

**هەشتەم:- سوپاسی خۆمان بەرامبەر بەهەڵوێستی بەرزو پیرۆزی هێزی پێشمەرگەو هاووڵاتیانی کوردستان بەگشتی و دانیشتوانی ناوچەکانی ئامێدی و بامەڕنی وئەرەدنێ بەتایبەتی دەردەبڕین، زۆر سوپاسیان ئەکەین و زۆر سوپاسی گشت خەڵکی کوردستان دەکەین کەیەك هەڵوێست ئامادە باش بوون بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق**

2008 /2/26

**ئەوە ڕەئی ئێوەی بەڕێز بوو هی هەموو لیژنەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان بوو، بەو شێوەی کە پێشکەش کرا، تەمەنا ئەکەین کەئەو کێشەیە بەزووترین کات کۆتایی پێبێت، تەنها ئاشتی لەبەرژەوەندی گشتەو میللەتی کوردستان بەگشت پێکهاتەکانی دەستی ئاشتی بۆ هەموو لایەك درێژکردووە، بەلام لەحاڵەتێك کەهەر لەسەر سەرت بدەن ئینجا ئینسان مەجبوورە دیفاع لەخۆی بکات، بەچاکی و بەچالاکی، زۆر سوپاس، ئێستاش کۆتایی بەدانیشتنەکە ئەهێنین  سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێزیش کەئامادە بوون.**

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق


# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك**

**دوو شەممە رێكەوتی 2008\3\10**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/3/10

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/3/10 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی كردنەوەی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی كردنەوەی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆگیانی پاكی شەهیدانی كوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستانی عێراق بەبۆنەی كردنەوەی خول.

3- وتاری بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانی كۆماری عێراق.

4- وتاری بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی كردنەوەی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/3/10دا بەم شێوەیە بێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆگیانی پاكی شەهیدانی كوردستان و عێراق.

2- وتاری بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستانی عێراق بەبۆنەی كردنەوەی خول.

3- وتارى بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەنى نوێنەرانى كۆمارى عێراق.

4- وتارى بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەنى نوێنەرانى كوردستانى عێراق.

بسم الله الرحمن الرحيم.

استنادا الى احكام الفقرة (1) والفقرتين (1) و (2) من المادة (54) من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (1) لسنة 1992 المعدل، تقرر ان تكون الساعة الحادية عشر من صباح يوم الاثنين المصادف 2008/3/10، موعدا لانعقاد الدورة الاولى من السنة الرابعة للدورة الانتخابية الثانية للمجلس ويكون برنامج عمل الجلسة كالتالي:

1- الوقوف دقيقة صمت حدادا على ارواح شهداء كوردستان والعراق.

2- كلمة السيد رئيس اقليم كوردستان العراق بمناسبة افتتاح الدورة.

3- كلمة السيد رئيس المجلس الوطني العراقي.

4- كلمة السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق.

**زۆر بەڕێز جەنابى كاك مەسعود سەرۆكى هەرێمى كوردستان.**

**زۆر بەڕێز جەنابى دكتور مەحمود مەشهەدانى سەرۆكى ئەنجومەنى نوێنەرانى عێراق.**

**زۆر بەڕێز شێخ خاليد عەتيە جێگرى يەكەمى ئەنجومەنى نوێنەرانى عێراق.**

**بەڕێز كاك عارف تەيفور جێگرى دووەمى ئەنجومەنى نوێنەرانى عێراق.**

**زۆر بەڕێز نوردەين بۆشكوج ئەمينداری گشتى پەرلەمانى عەرەب.**

**خوشك و برايان.**

**ميوانانى بەڕێز.**

**ئەندامانى پەرلەمان.**

خۆشحاڵم بەناوى سەرۆكايەتى ئەنجومەنى نوێنەرانى كوردستان - عێراق وە گشت ئەندامانى پەرلەمان بەخێرهاتنى هەموو ئەو بەڕێزانە بكەم كە بەشدارن لە كردنەوەى ئەم خولە، داواتان لێ دەكەم دەقيقەيەك بووەستن بوگيانى پاكى شەهيدانى كوردستان و ڕێگاى ئازادى عێراق، فەرموون.

ئيجازەم بدەن بەعەربى بەخێرهاتنى ميوانە بەڕێزەكان بكەين، دواتر بێينە سەر بەرنامەى كار.

**الاخوة الضيوف الكرام.**

**الاستاذ مسعود بارزاني رئيس الاقليم.**

**الاستاذ محمود المشهداني رئيس مجلس النواب العراقي.**

**الاستاذ الشيخ خالد العطية نائب رئيس مجلس النواب العراقي.**

**الاستاذ عارف طيفور النائب الثاني لرئيس مجلس النواب العراقي.**

**الاخت صفية.**

**الاستاذ بختيار.**

**الاستاذ نورالدين الامين العام لمؤتمر البرلمانيين العربي.**

**السادة الضيوف.**

**الاخوات والاخوة اعضاء برلمان كوردستان.**

ارحب بكم ترحيبا حارا بمناسبة حضوركم للجلسة الافتتاحية لدورة الانعقاد الاولى من السنة الرابعة للدورة الانتخابية الثانية للمجلس الوطني لكوردستان العراق واشكركم لحضوركم الذي يجسد العلاقات الضرورية بين مختلف المؤسسات الدستورية في جمهورية العراق الفيدرالية، ان هذا الحضور ان دل على شئ إنما يدل على التواصل المشترك لبناء العراق الفيدرالي الذي ناضل شعبنا وقدم تضحيات كبيرة من اجل تحقيقه، نتمنى لكم النجاح في زيارتكم الى اربيل بمناسبة انعقاد المؤتمر الثالث عشر لمؤتمر البرلماني العربي الذي سينعقد غدا، كذلك نعتقد ان حضوركم هذا سيكون له اثرا كبيراً في هذه الجلسة من اجل ان نواصل معا ما بداناه معا قبل سنتين او اكثر لبناء العلاقات الجيدة والوطيدة والضرورية بين المجلس الوطني لكردستان العراق والمجلس الوطني العراقي، من اجل تقديم افضل الخدمات للشعب العراقي بما في ذلك اصدار القوانين اللازمة للمجتمع وللحكومة ومن اجل التقدم وبناء المجتمع المدني، كان هذه كلمة قصيرة للترحيب بكم.

اطلب من الاستاذ مسعود البارزاني رئيس اقليم كوردستان ليتفضل بالقاء كلمة الافتتاح لهذه الدورة.

**بەڕێز مەسعود بارزانى/( سەرۆكى هەرێمى كوردستان):**

**بەناوى خواى گەورەو میهربان.**

**براى بەڕێز كاك عەدنان موفتى سەرۆكى ئەنجومەنى نوێنەرانى كوردستان.**

**میوانە بەڕێزەكان.**

پێشەكى بەخێرهاتنێكى گەرمى هەموو میوانە بەڕێزەكان ئەكەم بەتایبەتى بەڕێز مەحمود مەشهەدانى سەرۆكى ئەنجومەنى نوێنەرانى عێراق، جەنابى شێخ خالید عەتیە، جەنابى عادل تەیفور،جەنابى دكتۆر نوردەین بۆشكوچ، هەروەها خوشكە سەفیەو هەموو میوانە بەڕێزەكان، بۆبەشدارى كردنمان، ئیجازەم بدەن بەعەربى چەند كەلیمەیەك قسە بكەم بۆ بەخێرهاتنى میوانەكان.

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

بسم شعب كوردستان وباسمي شخصيا، ارحب بحضور الاخ الدكتور محمود المشهداني رئيس مجلس النواب العراقي والاخ الشيخ خالد العطية النائب الاول لرئيس مجلس النواب والاخ عادل طيفور، كذلك الاخ الدكتور نورالدين بوشكوج الامين العام للبرلمانين العرب، الاخت صفية السهيل، الاخوة الضيوف الكرام واتمنى لهم طيب الاقامة، ونحن نستقبل حدثا تاريخيا هاماً يوم غد وهو عقد مؤتمر البرلمانيين العرب في اربيل، فعلا انه حدث تاريخي وبهذه المناسبة اود ان اشكر رئاسة مجلس النواب العراقي والاخ نورالدين على الجهود التي بذلوها لعقد هذا المؤتمر في اربيل، وهذا القرار يعتبر رسالة متعددة الاتجاهات ولاطراف عديدة، وعلى راس هذه المعاني ان الاخوة العربية الكردية وان الوحدة الوطنية العراقية في ظل العراق الفيدرالي الديمقراطي انها وحدة متينة وانها اخوة راسخة، وهذا اهم شئ.

ونتمنى ان يعقد المؤتمر في اجواء اخوية وقلوب جميع ابناء كردستان مفتوحة وكوردستان مفتوحة للاخوة الضيوف الكرام ونتمنى لهم طيب الاقامة ومؤتمرا ناجحا.

هەروەها من ئەم دەرفەتە بەهەل ئەزانم بۆ ئەوەی پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی گەلی کوردستان بکەم بەبۆنەی یادی 17 هەمین ساڵەی ڕاپەڕینی مەزنی گەلی کوردستان، کە بەڕاستی وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی گەلەکەماندا وەدەتوانم بڵێم توێشووی خەباتی دەیان ساڵی تێکوشان و فیداکاری بوو، وەئێمە لەو ڕاپەڕینەدا جارێکی تر ڕەوشتی بەرزی خەڵکی کوردستانمان پیشاندا، کەدەیان هەزار سەربازی سوپای عێراق تەسلیمی خەڵکی کوردستان بوون و تەسلیمی پێشمەرگەکان بوون، بەڵام بە باشترین شێوە موعامله کران وڕەوانە کرانەوە بۆ ناو کەسوکاریان، بەبێ ئەوە هیچ کەسێك لەئەوانە تووشی هیچ ئازارێك ببێ هەرچەندە زۆری لەوانە بەشداربوون لە عەملیاتی ئەنفال و لە کیمیاباران و لە کوشتن و لە کوشتنی خەڵکی ئێمەو لە رووخانی دێهاتەکانمان.

خوشك و برایانی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان من بە تەمابووم ئیمرۆ وتارێکی دوورو درێژ عەرزتان ئەکەم، بەڵام مومکینە ئیمڕۆ ئەو دەرفەتە نەبێ، ئینشاالله هەر لەم چەند روژەی ئایندەدا جارێکی تر دێینەوە خزمەتتان ئەوبابەتانەی کە هەموومان پێوەی مەشغوڵین دەربارەی وەزعی ناوخۆمان، عیلاقاتمان لەگەڵ دەرەوە، عیلاقاتی هەرێم و بەغداد، چاکسازی وەزعی خۆمان، کەمو کوڕیەکان هەموو ئەمانە هەموومان باسی لێ دەکەین، تەنها ئێمڕو دەمەوێ ئیشارەت دەم بەدوا رووداوی گرنگی بێش چەند ڕۆژێك ڕوویدا، دەست درێژ کردنی تورکیا بەسەر سیادەی عێراق و سەروەری عێراق و، دەست درێژ کردن بەسەر هەرێمی کوردستان، من ئومێدەوارم کە ئەم جارەش وەکو هەمووجارەکانی تر درسێك بۆ بو هەمو لایەك کە ئەم مەسەلەیە بەشەر تەواو نابیت، وەدەبێ بەئاشتی چارەسەر بکرێ، وەئومیدەوارم سەردانی جەنابی سەروك کۆمار بەڕێز مام جەلال بو ئەنقەرە هاندەرێك بووبێ و یارمەتی دەرێك بووبێ بوئەوەی رێگایەکی ئاشتیانە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئەم موشکیلەیە لەکۆڵی هەموولایەك ببێتەوەو بەشێوەیەکی ئاشتی چارەسەر بکرێ، هەموو لایەك ئیمە لە هەرێمی کوردستان و، ئێمە لەگەڵ خەڵکی عێراق و، لەگەڵ دراوسێکانمان، چ ئێران چ تورکیا چ وڵاتانی عەربێ دەبێ دەستی دۆستایەتی بۆیەك درێژبکەین وەیارمەتی یەکتری بدەین، لە جیاتی ئەوەی گێرو گرفت بۆیەك دروست بکەین، هەرچەند ئەوان گێرو گرفت بۆ ئێمە دروست دەکەن، بەراستی نەك ئێمە بۆئەوانمان دروست کردبێ، ئومێدەوام کە ئیتر کۆتایێ بەم وەزعەبێتن و خەریکی ئاوەدانی و ژیانێکی بەختەوەربین بۆ خەڵکی خۆمان، واحیساب دەکا ئێمە گیرو گرفتێکی زۆرمان هەیە لەگەڵ بەغدا وەئێمە بەتەنهاین هەندێك جاری واهەبوو کەهەندێك کەس وای پیشان ئەدا کە کورد لە قاڵبی خوی دەرچووە، بەراستی ئەوەی کەدستمان کەوتووە زور زور لەوە کەمترە لەو قوربانیانەی کە داومانە، بەڵام ئێمە پیمان وایە لەبەرژەوندی گەلی کوردستاندایە، لەبەرژەوەندی گەلی عێراق دایە کەئێمە پێکەوە بین، ئێمە ئێوە ئەو پەرلەمانەی کەنوێنەری راستەقینەی گەلی کوردستانە و خەڵکی کوردستانە، بەبڕیارێکی ئەم پەرلەمانە کەلەبەرژەوندی بەرزی وڵاتەکشماندایە، ئێمە پیکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەمان هەڵبژارد لەگەڵ برایانمان لەعێراق، وەئەو پێکەوە ژیانە سەر دەگرێ کەلەئارەزوومانەدا نە بێ، هیچ ئیتێحادیك بەزۆر سەری نەگرتووە، فەرموون با بگەڕێینەوە بۆ میژوو بزان لەکام وڵات، لە کام شوێن، جگە لەپێکەوە ژیانی ئارەزوو مەندانە چ سستمێك سەری گرتووە، نەتەفسیمی بە زۆر نە ئیتیحادی بەزۆر سەری

**نەگرتووەو سەریش ناگرێ، وەئێمە بەخۆمان ئیختیارمان کردوە، بەڵام ئیخیارمان کردووە لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵ، عێراقێکی دیموکراتی فرەلایەن، وئێستا دستورێك هەیە ئەو دستورە حاکمە، ئەم دستورە هەموو گیرو گرفتەکان بەپێی ئەم دەستورە ئەبێ چارەسەر بکرێ، وەنابێ تەغییر بکرێ بۆ میزاجی ئەم و ئەوی تر، راستە مومکینە بۆچوونی جیاوز هەبێتن وەهەندێك جار گیرو گرفتیش بێتە پێش، بەلام ئەمە ئەوە نیە، بەوئاسانیە نیە هەمووکەس بتوانێ ئەو یەکگرتنە ئارەزوومەندانەیە بخاتە بەر پرسیارو یاخود لیێ وازی بکات، نەوەزیرێك دەتوانێ ئەمە بکات، نە هیچ مەسئولێك دەتوانێت ئەمەبکات، ئەمە ئیرادەی گەلێکە بەلام جارێکی تریش من ئەلێم، ئەمە مەرجە و پابەندە بەئەو دستورەی کە بەشی هەرە زوری گەلی عێراق دەنگی لە سەردا، ئێمە بەتەنها نین وئەم دەست درێژییەی تورکیا ئیسپاتی کرد کە هەموو دڵسۆزانی میللەتی عێراق لەگەڵمانان، وەمن لێرەوەش جارێکی تر سوپاسی میللەتی عێراق دەکەم چ مەسئولین چ ئەحزاب چ کوتەلی پەرلەمانی کە زۆر زۆر مەردانە وەستان لەگەڵ میللەتی کوردستان، وەئەمە بۆ ئێمە گەورەترین پەنابوو بەڕاستی، وەئیسپاتیش بوو کەئێمە برای یەکین وە هیچ کەسێك ناتوانێ ئەو برایەتیە لاوازبکات، وەهەروەها زۆر سوپاسی خەڵکی کوردستانیش ئەکەم بەجەماوەرو پیشمەرگە هەم زۆر زۆر بە سەبرو تەحەمول بوون بەرامبەر بەئەو دەستدرێژیە وەهەروەها ئامادەییەکی تەواویشییان هەبوو بۆ هەموو فیداکارییەك بۆ بەرگری کردن لەسەلامەتی و سەروەری وڵاتەکەیان، زۆر شت هەیە کەئێمە باسی بکەین بە تایبەتی وەزعی ناوخۆی خۆمان، بەلام من وەکو عەرزم کردن بەجێی دەێڵم بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، چونکە وەختێکی زۆری دەوێ وابێ لە کات و ساتێکی تردا بێت کەبتوانین زۆر بەراشکاوی باسی بکەین، وەلەکاتێکدا بێت کەپەرلەمان و حکومەتیش گەیشتبیت بەنەتائیجێکی تەواو بۆ ئەوەی بەرنامەی تازە و هەموو هەنگاوەکانی تازە بخەینە بەردەمی بەڕێزتان و جارێکی تریش بەخێرهاتنی هەمووتان دەکەم و، زور سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سوپاس بۆ کاك مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ وتارەکەی وە ئومێدەوارین کە بەم زووانە وەکو جەنابی فەرمووی دانیشتنێکی تربکەین، وەتاوەکو ئەو دانیشتنە دەبێت، کوردستان ڕووداوی گرنگی لەبەردایە، ئەو رووداوانە وئەو پێویستیانە کە گەلەکەمان چاوەڕوانی دەکەن، لە تەشکیل کردنی ویەکلایەنکردنی کابینەی تازە، لەریکخستنی هەر سێ وەزارەتەکە تەواو ببێت، بۆ ئەوەی هەموو لایەکمان لێرەدا موناقەشەی کاری حکومەت بکەین، چیمان پێویستە بو گەلەکەمان بیکەین، وەچاوەڕوان دەکەین خۆی لێرە لەگەڵماندا بێت وەکو خۆی ئاماژەی پێ کرد حازر بێت.**

**ئێستا داوا لە جەنابی بەڕێز مەحمود مەشهەدانی دەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بابێت وتاری بخوێنێتەوە. اطلب من الاستاذ محمود المشهداني رئيس مجلس النواب ليتفضل بالقاء كلمته مشكورا.**

**السيد محمود المشهداني/رئيس مجلس النواب:**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه ومن والاه وبعد.**

**السيد رئيس اقليم كوردستان.**

**السادة هيئة رئاسة برلمان كوردستان.**

**السادة الضيوف. الشيخ خالد العطية والاخ عادل طيفور.**

الضيف العزيز جدا الاخ بوشكوج والاخت صفية والاخ بختيار وجوه بغدادية ولو هم اكراد وجوه بغدادية، اعزائي وزملائي اعضاء مجلس برلمان كوردستان احييكم بتحية الاسلام الخالد السلام عليكم ورحمة الله وبركاته بعد: لا اريد ان اطيل عليكم حقيقة مع اني سعيد جدا بهذا اللقاء ولكن اريد ان اؤكد على حقائق معينة، وهي انكم الان جزء من النظام العراقي الجديد هذا النظام العراقي الجديد هو خيار شعبنا العزيز، وينبغي ان نتشبث بخيارات شعبنا العزيز لكي نؤكد حقيقة ان قرن 21 هو قرن الشعوب لا قرن القيادات الرئيسية التي تحدد حتى الهوية ولا شك عندما نستند على مثلنا وقيمنا المتوارثة التاريخية والحضارية اولا، ثم على خيارات شعبنا سنكون اقوى من كل الرياح التي تريد ان تعصف بنظامنا الجديد وانتم ترون ان البقاء لخيارات الشعب والخيارات الاخرى ستذهب ادراج الرياح، فلايهولنكم ما يجري حولكم فاثبتوا فانكم على الحق المبين انشاء الله مادمتم تمثلون رائ شعبكم وتتمحورون حول الخيارات التي وافق عليها الشعب عموم الشعب العراقي ولعل من اهم النقاط او الرسائل التي اردنا ان نبعث بها الى احبتنا واشقائنا واعزائنا في دول الجوار ومحيطنا العربي والاسلامي من خلال عقد مؤتمر الاتحاد البرلماني العربي في اربيل لسببين، ان الله جل وعلا قد حباكم بالحكمة فتدارئتم كثيرا من المشاكل التي كانت قد تسبب لكم الاضطراب الامني بفضل حكمة قيادتكم وتسامحكم كشعب مشكور على مدار التاريخ فلو راجعنا التاريخ لوجدنا ان الشعب الكوردي شعب شجاع وحكيم، شجاع لا يتنازل عن مبادئه وحكيم في خلال تصرفاته، واكبر دليل عندما كنا نأوي الى كوردستان العراق سابقا كنا نتحسس ان النفس الثوري كان نفسا وطنيا بل نفسا ثوريا حقيقيا وكان لا يكاد يسمح بالتعدي على برئ حتى وان كان هذا قد تلوث نوعا ما باخطاء النظام السابق، وهذا الدرس العظيم الذي وجدنا عند هذا الانسان الكوردي انما يتوافق مع مثله وثوابته وقيمه الانسانية والاسلامية والحضارية وطبيعة منطقته الشامخة فهو في مبادئه وتصرفه الشامخة كشموخ جبال كوردستان العراق، اقول اردنا بذلك ان نظهر للعالم، الا يستحق هذا الشعب العزيز ان ينال ما يريد، انظروا الى تاريخه على مر العصور، دلوني على جريمة ارتكبها الشعب الكوردي ضد اي شعب اخر او اي شريحة اخرى، بل لو تصفحنا التاريخ لوجدنا ان الجرائم والمصائب صبت على راسه من دون ان يكون له جريرة او ذنب، ومع ذلك اختار البقاء ضمن ثوابته وضمد جراحه بالحكمة والموضوعية والعقلانية والواقعية في التصرف، اعتقد ان هذه الرسالة ستعطي للاشقاء الاعزاء درسا عمليا طالما كنا نبلغه شفاها ولكن سيرون بانفسهم ان هذا الشعب العزيز الذي يحتضنهم بقلوبه قبل عيونه ويصافحهم بثوابته قبل ايديه، اظن ان هذا اللقاء العملي سيغير الكثير من المفاهيم العالقة باذهان بعض الاخوة ممن يعتقد اعتقادات لا نظنها صحيحة ولا تمثل الواقع، هذه الرسالة هي رسالة اننا العراق، فمن يعترف بالعراق يعترف بخيارات شعبه وهذه هي خيارات شعبنا لا احد منا يريد ان يقفز فوق خيارات شعبه، وانتم مرحب بكم ايها الضيوف القادمون من الوطن العزيز الذي لايمكن للعراق ان يعيش هذه الحيطة وخارج محيطكم ولكن بثوابته وهذه الثوابت لم تاتي من فراغ بل جاءت نتيجة نضالات وصراعات

**ودماء واشجان واحزان ثم تمحورنا حول الالية السلمية للتداول وفي اتخاذ القرار، فعندما اقر دستور العراق وقرر الشعب العراقي ان يكون نظامه نظاما فيدراليا اتحاديا ابا الاخوة الكورد الا ان يضيفوا اختياريا والكثير من الاخوة لم يفهموا معني الاختياري وهي حقيقة تاريخية عندما سقطت الدولة العثمانية وتمزقت اختار الكورد في العراق ان يكونوا مع اخوتهم العرب اختياريا كانوا ممكن ان يكونوا مع اي جهة اخرى فلابد لنا ان نحفظ هذا لهم وان نجعلهم في المقدمة وان نجعلهم في اولى اولوياتنا ولعلنا عندما اخترنا بالاجماع فخامة الرئيس مام جلال رئيسا للعراق هذه رسالة بالغة وعظيمة ارسلناها للمحيط العربي وللمحيط الاسلامي وللعالم اجمع بان الذي يريد ان يراهن على الصراع العربي الكوردي من الان فاليسحب كيده من السباق فانه خاسر لا محال، اما اني سعيد لان مجلسكم الموقر اكثر رصانة او اكثر هدوءا او اكثر انتاجية فهذا بسبب السبق، انتم سبقتمونا بمرحلة وهذا استحقاق المراحل، اولا حباكم الله بقيادة تاريخية مجمع عليها وبخيار شعبي واضح جدا وبرؤى واضحة وباستقرار امني، نحن في برلمان العراق في مجلس النواب العراقي، قاتلنا لكي ننقل الصراع من الشارع العراقي الى البرلمان تحت القبة لكي يكون صراعا مسيطرا عليه، النائب العراقي عندا يخرج من بيته وياتي الى البرلمان ربما بمجرد ان يفتح باب بيته يجد اللافتة السوداء مكتوب عليه ذهب الى رحمة الله فلان وفلان ثم في طريقه ربما تنفجر هناك او هناك عبوة، وهو في طريقه الى الدوام تاتيه التلفونات المستمرة فلان قتل، فلان اختطف فلان اختصب فلان، كذا ثم ياتي الى الجك بوينت واذا بالجندي الامريكي يوقفه ويفتشه تفتيش، الاخوة النواب العراقيين يعرفون يعني بمعاناتهم الى ان يصل الى الدوام يجد الصعوبات الجمة فهو متوفز عصبيا ومع ذلك لم يصل اضافة الى الخلفية الاحتقان الطائفي والصراع الطائفي ونحن في البرلمان العراقي كتل مختلفة ورؤئ مختلفة ولكن تمحورنا حول العزم على ان نحول الاحتقان الطائفي في الشارع العراقي الى تفاعل طائفي داخل البرلمان مسيطر عليه ونجحنا في ذلك وهذه الرسالة يقف عندها الكثير من الناس هذه رسالة عظيمة ازعم اننا نجحنا فيها ولكن لم يسلط عليه الضوء كثيرا والدليل كانت هناك صراعات شديدة لم تصل الى حد الاشتباك عدا الاشتباك بالالسن ومن ثم يخرجون من تحت القبة ويتندرون على ما جرى بينهم كلام، اذا انا حقيقة اشعر مع انني الان امام نخبة انتخبت بمستوى جيد ومقبول ولكن نامل على ان نعطي في الانتخابات القادمة صورة اوضح وارادة اكثر مرنة وشفافة الى ابناء شعبنا لكي يختار ماشاء وسنقبل باختياه وسنسير بهذا الاختيار التواصل بين مجلس النواب العراقي ومجلس برلمان اقليم كوردستان العراق ليس بالمستوى المطلوب بسبب انشغالاتنة حقيقة في العديد من المسائل كما تعلمون، ولكن يقلل هذا في التواصل بالشكل المطلوب هو ان المجلس ممثل بـ 58 عضو في بغداد وعليه نستطيع ان نتواصل معكم يوميا وتفصيليا من خلال الكتلة المؤثرة والتي كانت ادائها جيدا جدا وكان ادائها عموما وسطيا ويصف في خانة لم الشمل وتهدئة الاوضاع اذا حدث اضطراب فيما بين بعض الكتل ومن ثم عبر مجلس النواب العراقي عن ارادة العراقيين الحقيقية عندما استطاع ان يمر بالمحنة التي كادت ان تعصف ببعض الثوابت الوطنية حقيقة واستطعنا بالصبر والمصابرة والمجالدة والمماحكة وشجاعة كل فريق في ان يدافع عما يراه حقا وواجبا عليه وبالنتيجة استطعنا ان نعبر كحال جميع البرلمانات المستقرة الى شاطئ الامان وهذا يدل على اننا تجاوزنا عنق الزجاجة، وان الذين كانوا يراهنون على فشل مجلس النواب العراقي فشلوا**

في رهانهم، واستطاع البرلمان العراقي ان يوصل رسالة الى العالم اجمع بان العراقيين اذا تركوا وشأنهم سيحلون مشاكلهم لا ريب ولا شك في ذلك، ولكن هذا لم يمنعنا من ان نتحسس المواقف التي يعيشها شعبنا العزيز في كوردستان وخصوصا ان مجلس النواب العراقي يراسه رجل ربما يعاب علية احيانا انه يميل ميلا كبيرا او واضحا باتجاه الشعب الكوردي، ولكن ما ذنبي وان الذي علمني كيف اصلي هو الاستاذ جمال الكوردي في الابتدائية عندما كنت اعيش في القرية ولا اعرف ما معنى السماء ولا معنى الارض ولا اعرف القبلة ايضا واين تكون ولا توجد في القرية من يرشد فهذا الرجل كان في 1958 علمني كيف اصلي ثم علمت ابي وامي وعلمت القرية بعد ذلك انا على الصلاة بعد ان كتبه لنا، فهذا الرجل الذي زرع النور في قريتي لابد ان اتاثر به بدينه بسلوكه ثم بنسبه بالتاكيد اكون مؤثراً كونه يعني من هذا الشعب العزيز ثم انتميت الى حركة اسسها كوردي عبدالكريم الصاعق في الاربعينات التاسيس وانا انتميت في الستينيات فالقائد عبد الكريم الصاعق هم كوردي، ثم انتميت الى تنظيم بعد نكسة حزيران، انتميت الى ان تخلصت من تنظيم الناصري وذهبنا نتيجة الجروح الى المساجد نشافي جرحنا فالتقيت بـ عبدالحميد المصلح الذي هو ايضا كوردي وكسبني للتنظيم ثم اسلمني الى رجل من عائلة الطالباني الذي هو الشيخ بهجت الطالباني الذي عين مدير عام انا صرت رئيس مجلس النواب وهو مدير عام بهجت الطالباني الذي علمني ابجديات العقيدة السلفية حول عدم التعصب المذهبي والرجوع في المختلفات الى الجيل القديم، هذه السلفية العراقية تختلف عن السلفية في البلدان الاخرى وعلمنا كيف نتمحور على فهمنا العراقي وبذلك العراقيون يختلفون في كل طروحاتهم ديمقراطيتهم تختلف، ثوريتهم تختلف، حتى سلفيتهم تختلف، الان عندما اجتمع مع باقي السلفيات في البدان العربية امبين هذا عراقي لان طرحه طرح معتدل فلايؤمن بالتعصب المذهبي باي شكل من الاشكال فكيف بعد ذلك فكنا في النظام السابق اذا حاصرونا كنا ناوي الى كوردستان في اربيل وفي حلبجة خصوصا، فكيف لا اشعر بالامتنان الى هذه الشريحة، اضافة الى القراءات التاريخية، وتعلمون نحن كشباب كم تعلقنا بـ صلاح الدين ومن هو صلاح الدين لا اريد ان اعلق يعني انت اعلم، ولكن نلاحظ ان هذا الشعب العظيم يعني خدم المسيرة الاسلامية بدون ان ينسب الفضل اليه كقومية وانما نسبه الى عموم الامة وهذه ميزة قل ما يتميز بها شعب اخر، لذلك انا سعيد جدا لان اناصر شعبا انتمي اليه جغرافيا وتاريخيا وعقائدياً وخيارات اهل يريدون ان يكونوا بالوضع الفلاني، فلماذا لا تكن في صف اهلك وتكن معتدلا ومتواصلا لذلك تجدوني في كل مواقفي سباقا الى نصرة القضية الكوردية لاعتقادي ان الشعب الكوردي لحد هذه اللحظة وانا شوية راح اطرف وهسة راح يزعلون علية بغير مكان، الشعب الكوردي هو الشعب الوحيد من شعوب الدولة العثمانية المنهارة لم يحضى بدولة مستقلة، كل شعوب الدولة العثمانية حصلت على استقلالها ماعدا الشعب الكوردي، ابوية مات الارث مالنه الكل اخذ حصته ما عدا واحد من اولادة ما اخذ حصته لاسباب كثيرة وتسائلات كثيرة لا اجد الجواب عليها واضحا، في الحقيقة الكثير من الاجوبة تكون غامضا اختار هذا الشعب العزيز ان يكون جزء من الجغرافية السياسية للمنطقة، فعلى اقل تقدير ان نعطي بعض ما يشعره بانه لديه خصوصية، لذلك دائما نؤكد ان اقليم كوردستان ارجوكم حتى في لقاءاتنا العربية وفي اخر لقاء في رومانيا كان الرئيس الروماني يركز على ان الفيدرالية تؤدي الى التقسيم نفس الحج مالتنه يعني، فكتلة هناك خصوصيات نعم ربما هناك

نقاش في كون العرب يتوزعون الى شيعة وسنة هناك من يقبل وهناك من يرفض بوجهة نظر، اما الخصوصية في اقليم كوردستان فهي خصوصية تاريخية وجغرافية واستحقاق نضالي ثم اختياري كان بامكانه ان يذهب الى خيار اخر فاختار ان يكون مع اهله العراقيين، فينبغي ان يعطى هذا الاختيار خصوصية خاصة وامتياز خاص واحترام خاص، لذلك اقول اننا لم نقم بواجبنا كما ينبغي كمجلس نواب عراقي اتجاه ما يتعرض له الاخوة الاكراد، ولكن اعتقد قمنا بالحد الادنى، مثلا في الازمة التي تعرض له الاقليم قبل ايام او قبل اسابيع كان ينبغي على مجلس النواب ان يجتمع واقولها بصراحة يعني نحن تخاطبنا والشيخ خالد والاستاذ هادي وغيرنا وكان هناك عطلة وكان ان لايمكن ان يجتمع البرلمان والا لو كنا في يوم عادي لكنا قد خصصنا له مايستحق ثم اننا قد اعطينا الضوء الاخضر للسلطة التنفيذية بان تقوم بالواجب وبقرار واضح ومجمع عليه وسبق ان اتخذنا وما على مجلس النواب الا ان يراقب التنفيذ الان، مع ذلك لم نكتفي بذلك فارسلنا لجنة تقصي الحقائق للمناها بانه الاخوة الذين لديهم دورات فاحنا عادة دوراتنا البرلمانية نخليه ايام العطل حتى يعني نستفيد من الوقت، فلجنة تقصي الحقائق الحقيقة يعني سنتعامل مع تقريره في مجلس النواب بكل ما يستحقه من اهمية وخصوصا وان المعلومات الاولية غير مشجعة، ولكن كما عودتنا القيادات التنفيذية الحكيمة اننا لا نطلق الاتهامات جزافا حتى نستوثق، لاننا اخترنا ان نكون شعبا من الان فصاعدا تنمويا مسالما حضاريا في كل تعامله ولا يجرمنا من يريد لنا الشنأن ان نبادله بالشنأن بل سنستمر بمد ايدينا وخصوصا الى دول الجوار وخصوصا الجارة تركيا والجارة ايران وكما رايتم زيارة السيد رئيس الجمهورية الاسلامية في ايران كانت رسالة واضحة لبدء عهد جديد مع العراق وكان لايمكن ان تكون هذه الزيارة في ظل تشخيص ايران ايضا بوجود قوات اخرى معادية لهم ولكن اختار الرئيس نجاد للاسف انا لم التقي به لاسباب فنية يعني ولي كما قيل كنت قد قطعت زيارتي لالتقي به ولكن لم يحدث هذا، هذه رسالة واضحة وان هذا العراق الجديد ليس لدينا سر، ليس لدينا عدوانية، ليس لدينا حافز للتدخل بشؤون الاخرين، فقط احترمو العراق ومن يحترم العراق يحترم خيارات شعب العراق، وانتم تمثلون شعب العراق في البصرة كما انكم في كوردستان وسنمثلكم في الاماكن الاخرى لذلك ينبغي ان نتواصل اكثر وخصوصا في مجال التشريعات التي يمكن ان تنقطع احيانا لكي نوحد التشريعات ونحن لدينا مقترح للاتحاد في البرلمان العربي لتوحيد لتقنين التشريعات العربية قدر الامكان او على اقل تقدير التنسيق لكي تسير عجلة التطور والحضارة العراقية الواعدة الى الامام، اسف ان اطلت عليكم وكان في بالي الكثير من المواضيع ولكن لا يسعني الا ان اشعر واشعركم باني سعيد بلقائكم وانا ممتن للذي دعاني هيئة الرئاسة بان اتكلم امامكم وتاكدو انكم لستم وحدكم في كل المصائب بل ان الشعب العراقي كله معكم فلا تهنوا ولا تحزنوا وقد ذهبت الايام والاجندات التي تراهن على هذا وذاك، الان الشعب العراقي لحمة واحدة وخيارات واضحة ومشرعنة لايمكن ان نتنازل عنها فالذي يتنازل عنها يتنازل عن خيارات شعبه والذي يتنازل عن خيارات شعبه سيكون مصيره كمصير الذين راهنوا على القوى خارج الشعب وبالنتيجة سحقوا وبقي الشعب.. اشكركم جدا واتمنى لكم الموفقية والاعتدال في سن القوانين غير المحرجة للسلطة التنفيذية، اكو قوانين اخوان احنا نريد ان نخدم شعبنا من خلال كل القوانين لكن قوانين الها مثلا خصوصية مالية المفروض احنا ناخذ عدنه فلوس لو

ماعدنه، فمن اتصدر قانون وترسله للجهة التنفيذية، الجهة التنفيذية اذا ما راح تنفذه فالشعب يتهمها بالتخاذل بينما هي ماعنده اصلا هذه الامكانية، فلازم يكون هناك تنسيق، بس ادعوكم ايضا الى زيادة التنسيق بيننا وبينكم، وهنالك لدينا هاي ببلاش عربون يعني لدينا 36 دورة في مجلس النواب العراقي خلال الفصل التشريعي القادم 36 دورة متنوعة مجانية يشرف عليه اساتذة عالميون مختصون سنكون سعداء ونؤمن للاخ الذي ياتي منكم كل مستلزمات النجاح والدراسة المطلوبة وعلى حساب مجلس النواب اذا ما وافقتم المشاركة في هذه الدورات لكي تكون الثقافة واحدة والمشرب واحد والمستوى واحد لكي نخدم هذا الشعب الذي يستحق منا كل خدمة وكل تضحية...والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته، اشكركم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لايسعني الا ان اشكر الدكتور محمود المشهداني باسم رئاسة البرلمان واعضاء البرلمان على كلمته الصريحة والبناءة ورؤيته لصرح الاخوة التي بنيناها معا، هذه الاخوة لابد ان تستمر وهذه الرؤية هي التي تبني الدولة الديمقراطية الاتحادية الاختيارية الفيدرالية، نتمنى لكلامه ان ياخذ مكانه في قلوب كل العراقيين، عربا وكوردا وتركمانا وكلداشوريين، هذا هو قدرنا ان نعيش ولكن باختيارنا وليس بفرض الارادة على الاخر، رؤيته في قبول الاخر، في رؤية الاخر هي التي نريدها ونتمناها ان تعم كل العراق ومن خلال هذه الرؤية ممكن ان نبني المحبة ونبني الاخوة الصادقة، شكرا على دعوته لاعضاء البرلمان للانضمام الى هذه الدورات ومقبولة هذه الدعوة وسوف نشارك بالعدد الاكثر مما تتحملون، اما في تعليقك على النقاشات التي تدور في مجلس النواب قياسا الى النقاشات التي هنا فقد مارست دور الطبيب النفساني للوصول الى اسباب هذه النقاشات، وكونك طبيبا وكان تحليلا صادقا الى حد كبير ولكن ثق لدينا الكثير من اعضاء البرلمان يمنون ان يحصل نفس الشئ هنا وهم ينظرون الي، فهي الديمقراطية ان نتعامل معها كما هي وان نكون مستعدين لقبول كل الاراء وكل الانتقادات البناءة..شكرا جزيلا مرة اخرى.

والان الكلمة الاخيرة لرئيس البرلمان اتشرف بالقاءها باللغة الكوردية لاني كتبت باللغة الكوردية كالعادة ولكن هي في مجملها تشير الى تقييم مختصر للسنة الماضية، وبرنامج العمل الحالي وما يمكن ان نعمل من خلال الدورة القادمة.

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، سەرەتا سوپاسی جەنابی سەرۆكی هەرێم دەكەم بۆ وتارەكەی، و سوپاسی دكتۆر مەحمود مەشهەدانی دەكەم بۆ وتارەكانیان، هەردووكیان ئاماژەیان بە زۆر مەسەلەی گرنگ كرد، ئومێددەكەم ئەو دانیشتنانە بە بەشداری هەردوو بەڕێز بەردەوام بێت، وەكو ئاماژەم پێ كرد بۆ دامەزراندنی ئەو عیلاقەیە فیدرالیە دیموكراتیەی كە خەباتمان بۆكردووە، ئەم دانیشتنە دانیشتنێكی دەستپێكی كردنەوەی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی چوارەمی خولی دووەمی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستانە، پێویست دەكات لەم خولەدا هەڵوەستە لەسەر خوڵی پەرلەمان وەكو هەمیشە وە روڵ و ئەركەكانی بكەین بەهەڵسەنگاندنی ئەركەكانی ساڵی رابردوو بۆدەست نێشان كردنی كەم و كوڕیەكان و دانانی بەرنامە بۆ ئەم خولە نوێیە بەپێی گرنكی و پێداویستی هاووڵاتیان و هەرێمی كوردستان.

**بەرێزان.**

بەر لەوەی باسی بەرنامەی خولی یەکەمی دانیشتنەکان بکەم بە بەپێویستی دەزانم بەکورتی ئاماژە بەو چالاکی و قانون و بڕیارانە بکەم کە ساڵی پار پەرلەمان لەچوار چێوەی ئەرکەکانی خۆی ئەنجامی داوە، ساڵی 2007 پەرلەمانی کوردستان 83 دانیشتنی ئەنجام دا کە 10 دانیشتنیان نائاسایی بوون تیایدا 39 قانون و 7 بڕیارِی دەرکرد کەبەراوورد لەگەڵ ساڵانی پیشوو دەردەکەوێ ساڵی 2007 لەمیژووی پەرلەماندا چالاکترین ساڵی پەرلەمان بووە لەرووی زۆری دانیشتنەکان و دەرکردنی قانون و بڕیارەکان، ئەمانەش لەخوارەوە پوختەیەکن لەو یاسایانەی کە پەرلەمان ساڵی رابردوو پەسەندی کردووە، قانونی لێ بوردنی گشتی، قانونی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان، قانونی دەسەڵاتی دادوەری، قانونی جیاکاری زەوی کشتوکاڵ لە سنووری شارەوانیەکان، قانونی دامەزراندنی سەندوقی هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، قانونی لابردنی مەرجی شووکردن، قانونی رۆژنامەگەری کەئیستا گەڕاوەتەوە پەرلەمان، هیوادارم لە دانیشتنەکانی ئەم خولەدا دوای پێداچوونەوەو گفتوگۆکردن لە سەر یاساکە بەشێوەیەکی باشتر دەربچێ کەببێتە مایەی زیاتر چەسپاندنی ئازادیەکان لەبەردەم کاری رۆژنامە نووسی وەدیاری کردنی ماف و ئەرکەکانیان لە چوار چێوەی یاسایەکی پێشکەوتووی رۆژنامە گەریدا، بەرێزان ساڵی رابردوو لەسەر بنەمای راپۆرتی لیژنەکان 15 وەزیری لەبوارە جیاجیاکان بانگێشتی پەرلەمان کردووە بۆباس کردنی کێشەکان و تاوتوێ کردنی راپۆرتەکانی تایەبت بەنەهێشتن و بەکارهینانی توندو تیژی و کوشتنی ژنان و وەڵام دانەوەی راپۆرتی لیژنەکانی خوێندنی باڵاو پەروەردەو تەندروستی، باس کردنی هۆکاری بڵاو بوونەوەی نەخوشی کولێراو بوونی کەلوپەلی خۆراکی بەسەرداچوو واتائیکسپایر لەبازاڕەکانی کوردستان و خراپی باری عەمبارکردنی خۆراك و رەوشی مادە گیراوەکان لەدوکانەکانی کوردستان، وە زۆر بابەتی تری گرنك، بۆیە پێویستە ئاماژە بەرۆڵی کاریگەری لیژنەکانی پەرلەمان بکەین کەبەشێکیان تا ئاستێکی باش ئەرکی خۆیان راپەڕاندووە لەتاوتوێ کردنی ئە پرۆژانەی کەئاڕاستەیان کراوە وەپەیوندیان پێیانەوە هەبووە پێش ئەوەی بخرێنە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، بەپێی تایبەتمەندی و شارەزایی خۆیان پرۆژە یاساکانیان دەوڵەمەندتر کردووەو هەندێك لە لیژنەکان سەرکەوتووانە کارەکانی خۆیان لە چاودێری و بەسەرکردنەوەو دەست نیشان کردنی کەموکوریيەکان لە دامودەزگاکانی حکومەتدا ئەنجامیان داوە، لەلایەکی ترەوە کە باس لە نەهامەتی و کێشەکانی هاولاتیان دەکەین بەگشتی دیارە کێشەکانی کەمی کارەباو سووتەمەنی و گرانی نرخی بازاڕ لەو کێشانەن کە رۆژانە رووبەڕووی ژیانی هاووڵاتیان دەبێتەوە پێویستیان بە هاوکاری و هاتنە دەنگەوەی هەموو لایەکمان هەیە کە بچین کاریان بۆ بکەین، وەکو دەسەڵات هەر یەکەمان رۆڵی خۆی ببینێ لەو شوێنەی کە لیێ مەسئوولەو، بە دەنگەوە هاتنی داخوازییەکانی خەڵك و چارەسەر کردنی گرفتەکانیان، پێویستە وەك پەرلەمان چاودێری و بەدواچوون بۆ هەنگاوەکانی حکومەت بکەین، بۆچارەسەر کردنی گشت ئەومەسەلانە، بۆئەوەی لەدانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەماندا لەسەر داوای خۆتان، لەبەر رۆشنایی راپۆرتی لیژنەکان وەزیرە پەیوندیدارەکان بۆهەریەك لەو

بوارانەی کە کەپێوەندیان بەژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە بانگێشتی پەرلەمانیان دەکەین بۆ گفتوگۆ کردن لە بواری دەست نیشان کردنی کەموکوڕیەکان و خستنەڕووی ڕاستییەکان بۆ جەماوەری کوردستان.

**خۆشك و برایان.**

ساڵی ڕابردوو پەرلەمان 5 دانیشتنی نائاسایی بو هەڵسانگاندنی هەڕەشەکانی ولاٌتانی دراوسێ بۆ سەر هەرێمی کوردستان تەرخان کرد، هەروەها هەر لە ساڵی پار وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان سەردانی بەغدای کردو سەرجەم ناوەندو بڕیار بەدەستەکانی بەغداو فراکسیۆنەکانی ناو ئەنجومەنی نۆینەرانی عێراق و مەرجەعیەتی ئایینی لە نەجەف ئەشرف و کەربەلا بەسەرکردەوە، ڕاستی هەڵویستی سەرکردایەتی سیاسی و گەلی کوردستانی دەربارەی هەڕەشەکانی تورکیاو دەرەوەی گەیاندە ناوندەکانی بڕیار لەبەغدا، ئەمەش کارێکی ئیجابی خۆی هەبوو وایکرد کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵوێستێکی نیشتیمانیانەی هەبێت بەرامبەر ئەو هەڕەشانە کەجێگای سوپاس و پێ زانینی گەلی کوردستان بوو، هەر وەها هاتنی ناوەوی سوپای تورکیا بۆناو خاکی هەرێم بەم دواییەو بۆردمان کردنی وزیان گەیاندنی بەژێرخانی ئابووری و هاووڵاتیانی مەدەنی، لەکۆتایی مانگی شوباتی ئەمساڵیش پەرلەمان دانیشتنێکی تری نائاسایی بۆهەمان مەبەست ڕێکخست و ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی بۆ ڕەدکردنەوەی لەشکر کێشی و هەڕەشەکانی تورکیا دەربڕی، وەتەئکیدی لەسەر گرنکی و چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان لەرێی دیالۆگی سیاسی و لەیەك تێگەیشتن کردەوە، لێرەدا سوپاسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەین کەلیژنەیەکی پەرلەمانی ڕەوانەی ناوچەزیان لێ کەوتووکانی کوردستان کردووە کەخاتوو سەفیە سوهیل لێرەدا لەگەڵ کاك بەختیار دانیشتوون لەگەڵ بەڕێز میسال ئالووسی کەلێرەنیە، دەورێکی باڵایان هەبوو لەسەردانی ناوچەکان وەئامادەکردنی ڕاپۆرتێك بۆئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەو ڕاپۆرتەدا کەپێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی دەکەن دەست نیشانی هەموو ئەو زیانانە دەکرێتن کەبەچاوی خۆیان دیویانە، هیوادارین ئەو ڕاسپاردانەی لەو ڕاپۆرتەدا هاتوون کاری جیدیان هەبێت بۆئەوەی ئیتر تورکیا وەهیچ ولاٌتێکی تر ماف بەخۆیان نەدەن لەژێر هەر بیرو مەهانەیەك بێتن سەروەری عێراق و ئارامی هەرێمی کوردستان تیکبدەن، بەڕێزان مەسەلەیەکی گرنکی تر کەپێوەندی بەهەموو گەلی کوردستان و عێراقەوە هەیە مادەی دستوری 140ە مادەی 140 کەمادەیکی دستوریە زیاتر لەسەدا هەشتای عێراق دەنگیان بۆ داوەوە، جارێکی تر لەم مینبەرەوە تەئکیددەکەینەوە کەپێویستە مادەکە لەو ماوەی کەبۆی دیاری کراوە جێ بەجێ بکرێت بەتایبەتی کەئێستە یارمەتی و پشتیوانیەکی لەلایەن UN وە بۆی تەرخانکراوە وەهەموو لایەنە پێوەندیدارەکانیش ئاسانکاری بەولیژنەیە پێشکەش دەکەن، کەلیژنەی باڵایە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دامەزراوە، لەبەر گرنگی ئەم بابەتەیش لەساڵی 2007 پەرلەمان چەند دانیشتنێکی بۆ بەدواچوون و گفتوگۆکردن لەباری مادەی 140 وەهۆکارەکانی جێ بەجێ نە کردنی لەوەختی خۆدا گرێدا، بۆ ئەم مەبەستەیش بەئامادەبوونی بەڕێز مەحەمەد ئیحسان وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم میوانداری سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی باڵای جێ بەجێ کردنی مادەکەی کرد بوگوێ گرتن لە ڕاپۆرتی لیژنە فەرعیەکان و کارو چالاکیەکانیان و وەڵام دانەوەی سەرج و وەڵامی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە

خۆشتان دەزانن پەرلەمان بەبایەخەوە لەیەکەم ڕۆژی دەست پێ کردنی خولەکەی لە 2005 دا لیژنەیەکی باڵای داناوە وبۆبەدواچوونی جێ بەجێ کردنی ماددی 140 بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پاشان پەرلەمان لەدانیشتنێکی تایبەتدا میوانداری بەڕێز ئیستیفان دێمیستۆرا نوێنەری سکرتێری کشتی UN لەئیراقدا کرد کە پێشنیازی کرد شەش مانگ ماوەی زیاتر بدرێتە لیژنەی باڵا بۆ تەواو کردنی کارەکانی جێ بەجێ کردنی مادەی 140، بۆ ئەمەش UN ئامادەیی خۆی بۆئامادەکردنی پێداویستەکانی سەرخستنی پرۆسەی جێ بەجێ کردنی مادەکە لەو ناوچانەی کەمادەی 140 دەیانگرێتەوە دەربڕی ئەوەبوو پەرلەمانی کوردستان دوای ئەوەی دیراسەی پێشنیارەکەی UN کرد ڕەزامەندی لەسەر پێشنیارەکە پیشانداو ڕایگەیاند کە میسداقیەتی حکومەتی فیدراڵ و UN بەستراوەتە پابەندبوونی هەردوو لا بۆ جێ بەجێ کردنی مادەی 140 لەماوەی دیاری کراوی خۆیدا، هیوادارین لەو ماوەیەدا لیژنەکە بەپشتیوانی حکومەتی فیدراڵ و یارمەتی دانی جیدی UN وە هەموو لایانە پەیوەندیدارەکان بتوانێتن ئەرکەکانی خۆی بەتەواوەتی جێ بەجێ بکات، وە ماڤ بوخاوەنە راستەقینەکانی بگەڕێنێتەوەو کۆتایی بەو زوڵم و زۆرە بهێنێ کەرژێمی پییشوو بۆ گۆڕێنی دیمۆگرافی لە کەرکووك و ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستاندا ئەنجامی داوە.

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

ئەرکێکی تری پەرلەمان لەم خولە نۆییەدا دا تەواو کردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستانە کەماوەیەکی دریژە کاری جیدی لە سەردەکرێت هەموو ئەو سەرج و رەخنە و پێشنیازانەش کەلەسەر پرۆژەکە خراونەتە روو لەلایەن لیژنەی نووسێنی دەستور بە بایەخەوە گرنگیان پێ دراوە چاوەروان دەکرێت پاش تەواو بوونی پیداچونەوە بەناوەرۆکی پرۆژەکە وەلەبەرچاوگرتنی سەرنج و پێشنیازو تێبینیەکانی گەیشتوون، لەم خولەی ئێستادا چاوەڕوان دەکرێت پروژەی دەستورەکە بە تەواوی بخرێتە بەردەست ئێوەی بەڕێز بۆ گفتوگۆکردن و بڕیاردان لە سەری، بەو هیوایەی لەئایندەیەکی زۆر نیزیکدا هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی یەکەم دەستوری تایبەتی خۆی، هەر وەها زۆر بەداخەوە لەچەند ڕۆژی رابوردوودا یەکێك لەئەندامە کاراکانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوری کوردستان ماڵئاوایی لی کردین کە ئەویش حاکم ئەمیر حەوێزی بوو، خوالێ خۆشبوو سەرۆکی یەکەمین لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بوو لەساڵی 1992، ئەو دوو ساڵەی دواییش ئەندامی چالاکی لیژنەی نووسینی پرۆژەی دەستوری کوردستان بووە ماڵئاوایی کردنی کەلەنێکی گەورەی بەجێ هێشت، لەخوای گەورە داواکارین خوالیێ خوشبێ و بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات، هاو خەمی و سەرخۆشی خۆمان بە خانەوادە بەڕێزەکەیان رادەگەیەنین، لایەکی تری گرنگ کە پێوەندی بەکاری پەرلەمان هەیە لایەنی راگەیاندنە، لەبواری راگەیاندن ساڵی رابردوو بەشی هەرە زۆری دانیشتنەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە کەناڵەکانی راگەیاندنی ناوخۆو دەرەوە گوازرایەوە، لێرەدا جیێ خۆیەتی دەست خۆشی لە کەناڵی نەوڕوز بکەین کەلە 2007/9/7، بەردەوام دانیشتنەکان دەگوازنەوە، هەر وەها سوپاسی کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردسات و کوردستان و زاگرۆس و هەموو سەتەلایت و کەناڵە ناوخۆیەکان دەکەین کە گرنگیان بەگوازتنەوەی

دانیشتنەکانی پەرلەمان داوە، هیوا داریشین ئەو گرنگی و بایەخدانە بەگواستنەوەی چالاکییەکان و دانیشتنەکانی زیاتربیّ بۆ ئەوەی خەڵك لەهەڵوێستی ئەندامان و راستی رووداوەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان ئاگاداربن، لەچوارچێوەی گەشەپێدانی راگەیاندنیش پەرلەمان لە 2007/12/10وە سایتی بە هەردوو، زمان عەرەبی و کوردی دەستی پیّ کردووە ئەم سایتە دەتوانیّ دەورێکی گرنگ ببینیّ بۆ بەرەو پێش بردنی سیاسەتی شەفاف و کراوەی پەرلەمان لەگەیاندنی زانیاریەکان بۆخەڵك و سوود وەرگرتن لەبیرو بۆچوونەکانیان دەربارەی پرۆژەی یاساو بریارەکانی گفتوگۆ لەسەر دەکریّ ئێستاش کارەکان بۆ کردنەوی بەشی ئینگلیزی سایتەکە بەردەوامەو لە ئایندەیەکی نیزێکدا دەست بەکار دەبێت.

**بەرێز سەرۆکی هەرێم.**

**خوشك و برایان ئەندامانی پەرلەمان.**

**میوانە بەرێزەکان.**

ئەم خولەی پەرلەمان بەهویّ بارودۆخی کوردستان و عێراق و ناوچەکە گرنگیەکی زۆری هەیە، وەخەڵکی کوردستانیش چاوەڕوانی زیاتردەکەن بۆ ئەوەی رۆڵی کارای خۆی ببینیّ بۆچارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەتایبەتی کێشەکانی گرانی بازاڕو کەمی کارەباو کەمی سووتەمەنی کەکیشەی رۆژانەی خەڵکە لەو باریەوە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی رووبەرووی پەرلەمان دەبێتەوە وەك ساڵی پێشوویش هەر وابوو جێگای گرنگی وەبایەخ پێدانی کومەڵانی خەڵکیشە، دیاردەی گەندەڵیە کە بەداخەوە سەر تاسەری عێراقی گرتۆتەوە بەکوردستانیشەوە، پێویستە کارێکی جدی بۆ بکرێت لەپێناو دژایەتی کردن و بەرەنگاوبوونەوەو نەهێشتنی ئەم دیاردە مەترسیدارە نەهێشتنی ئەرکێکی گەورەیە لەسەر شانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی دادوەری و میدیای بەرپرس و پیشەیی، بۆ ئەو مەبەستەش پەرلەمان خەبات دەکات بۆدابینکردنی پێداویستەکانی نەهێشتنی کەم و کوڕیەکان بۆ ئەمەش ساڵی رابردوو یاسای دەسەلاتی دادوەری دەرکردو پەسندکردووە کەئێستا وەك دەسەڵاتێکی سەر بەخۆ لە ڕووی یاساییەوە کارەکانی خۆی رادەپەڕینیت چاوەروان دەکرێت ئەم دەسەڵاتە هەنگاوی کاریگەرانە ببینێت بۆپەرە کردن و دەستپێشخستنی ئەو دەسەڵاتانە و پێرەوکردنیشی لەواقیعدا، لەلایەکی ترەوە پەرلەمان کەخوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری دارایی کردووە هیواداریین لەم خولەدا یاساکە پەسەند بکرێت وبەدەرچوونی ئەم یاسایەش رێکخستنەوەی هەردوو دیوانی چاودێری ئەم دەزگایە بتوانیّ چالاکانە و چاودێرانە چاودێری دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بکات وەدەستنیشانی کەم و کۆریە نایاساییەکان و گەندەڵیەکان بکات، دیارە یەکێك لەئامرازەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵیی نەبوونی شەفافیەتە، بۆیە پشتگیری لەهەنگاوەکانی حکومەت دەکەین لەم دواییەدا لەهەندێك بواردا کەمرەوی دەکات، ئێمە چۆن لەخولی پیشوو ئاماژەمان پیّ کرد کەبریار وایە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن بۆ ئەوەی بەڕوونی باس لەهەموو مەسەلەکان بکەن و راستیەکان بخەنە بەردەم کومەڵانی خەڵك بەتایبەتی لەسەر گریّ بەستەکانی نەوتی حکومەت هەرێم لەگەڵ کومپانیا بیانیەکان کە بۆتە هۆی دروستبوونی بۆچوونی جیاواز لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق، ئێمە لەکاتێکدا کەپشتگیری لەمافەکانی هەرێمی

**کوردســـتان دەکـــەین وەك لەدەســـتوری هەمیشـــەیی عێراقـــدا هـــاتووە پێمـــان وایـــە باشـــترین شـــێواز بۆچارەسەرکردنی ئەم گرفتانە بوونی شەفافیەتە کەئاماژەمان پێ کرد.**

**بەڕێزان.**

**مەسەلەیەکی تری گرنگ ئەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم پەیوەندیەکانی پەرلەمانە لەگەڵ دەرەوە، لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەیش ساڵی رابردوو چەندین وەفدی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئاستی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی لیژنەکانی پەرلەمان بەرەسمی سەردانی ئیتاڵیا و ئەلمانیا و بەلجیکا و ئینگلترا و فەرەنسا و ڤاتیکان، چەندین وڵاتی تریشیان کردووە، بەمەبەستی بەهێز کردنی پەیوەندی سیاسی و دبلۆماسی لەنێوان پەرلەمانی کوردستان وە پەرلەمان و رێکخراوەکانی کومەڵگاکانی مەدەنی و لێپرسراوانی حزبی و حکومی ئەو وڵاتانە کەتیایدا گفتوگۆ لەبارەی پەیوەندی دوقۆڵیی و بەدەست هێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی زیاتر بۆ ئەزموونی دیموکراسی کوردستان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە کراوە، وەفدی پەرلەمان بەشداری لەچەندین کۆنفراسی نێودەوڵتیش کردووە هەروەها پەیوەندیەکانی نێوان ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان گەشەیەکی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی و لیژنەکانی پەرلەمان هەماهەنگی و سەردانی یەکتر کراوە، بەڵام پێمان وایە ئەو پەیوەندیانە پێویستیان بەبایەخی زیاتر هەیە، لەچوارچیوەی بەرنامەیەکدا پێویستە رێکبخرێت، سەبارەت بەکاری ئەم خولە لەم خولە نوێیەی پەرلەماندا دیارە ئەرکێکی زۆرمان لە پێشدایە بەتایبەتی لەتەواو کردنی ئەو پرۆژە یاساو بریارانە کەلەلایەن حکومەت یان لە رێی ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراون، لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە ئاماژە بەپوختەیەك لەو پرۆژانە بدەم کەگفتوگۆ کردن وبرپاردان لە سەر بودجەی گشتی هەرێمی کوردستانە، کە چەند رۆژێکە گەیشتۆتە پەرلەمان کەدەبوایە بەرلەکوتایی هاتنی سالی 2007 بودجەکە بگەیشتایە پەرلەمان وە بریاری لەسەر بدایە، بەڵام بەداخەوە ئەمجارەش بەشێکی دواکەوتنی بودجەکە دەگەرێتەوە بۆ درەنگ پەسەندکردنی بودجەی گشتی عێراق، بەڵام لێرەدا جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە کەپێویستە بودجەی هەرێم بۆ ساڵی داهاتوو پێش ئەوەی بنێردرێتە بەغدا لە پەرلەمانی کوردستاندا گفتوگۆی لەسەر بکرێت دوای پەسەند کردنی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق ئەگەر گۆڕانی بەسەردا هات جارێکی تر دەتوانرێت لەپەرلەمان کوردستان پێداچوونەوەی لەسەر بکرێت وەبڕیاری لەسەر بدرێت، جگە لەمەش چاوەڕوان دەکرێت پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژانەی خوارەوە بکات، یەك: پرۆژەی یاسای نووسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان، دوو: پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان، سێ: پرۆژەی یاسای دەستەی فرۆکە مەدەنییەکان لە هەرێمی کوردستان، چوار: پرۆژەی یاسای خوێندی باڵاو توێژیینەوەی زانستی، پێنج: پرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری دارایی و پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگە، شەش: پرۆژەی یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، حەوت: پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەشت: پرۆژەی یاسای هەموارکردنی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، نۆ: پرۆژەی یاسای رێکخستنی ماڤ بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵ، دە: پرۆژەی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتیەکان، یازدە: پرۆژەی یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە، دوازدە: گفتوگۆکردن**

لەسەر یاسای رۆژنامەگەری کەئاماژەمان پێکرد لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە نێردراوەتەوە، بۆ ئێمە بۆ ئەوەی بەتێرو تەسەلی چەند تێبینیەك ئیومێدەوارین بەم زوانە ئەویش تەواو بکرێت، سیازدە: پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی باڵای راوێژکاری، چواردە: پرۆژەی یاسای خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و ئامێری ئەلکترۆنی لە کوردستان، پازدە: پرۆژەی یاسای بیناکردنی شوقەی نیشتەجێکردن بۆ هاووڵاتیان و فەرمانبەران، شازدە: پرۆژەی یاسای پاراستنی خاوەینەتی هزری و هونەری، حەڤدە: پرۆژەی یاسای پاراستنی موستەهلیك، هەژدە: پرۆژەی یاسای پاوانکردنی واتە ئیحتیکار کردن، نۆزدە هەموارکردنی یاسای پارێزەرایەتی لەکۆتاییدا ئەمەوێت باسی کۆنگرەی پەرلەمانی عەرەبیش بکەم، ئێمە لەکاتێکدا کۆبوونەوەکان دەکەین کەوا سبەی واتە 3/11 کۆنگرەی سیانزەهەمینی پەرلەمانی عەرەب بەچاودێری سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ لەهەولێر دەست پێدەکات، کەلەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە رێکخراوە، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکە دەخوازین، کەلەسەرۆکایەتی هەرێم وحکومەت و پەرلەمانی کوردستاندا هەموو پێداویستیەکی سەرخستنی کۆنگرەکە دابین کراوە، پێمان وایە دەرفەتێکی گرنگ ومێژوویيە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی برایانەی نێوان هەرێمی کوردستان وولآتانی عەرەبی، هەروەك كارێکی گرنگیشە بۆ رەد کردنەوەی هەموو ئەو تێنەگەیشتنە هەڵانەی پێشتر لەسەر ئەزموونی دیموکراسی و فیدراڵی کوردستان هەبووە، چونکە تەنها بەستنی کۆنگرەیەکی وا گرنگ، بەبەشداری سەرۆك و ئەندامانی نزیکەی بیست وڵاتی عەرەبی لەهەولێر ئەو راستیە ئەسەلمێنێت کەهەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگی وەفاکتەرێکی بەهێزی پاراستنی خاکی عێراق ورەنگدانەوەی ئەو پێکهاتەی ئەو عێراقە نوێيەیە کەلەدوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری هاتووەتە ئاراوە، لەهامان کاتدا دەرفەتێکی لەبارە بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی بیرو ڕا لەگەڵ پەرلەمانی وڵاتانی عەرەبی و سوود وەرگرتن لەئەزموونی ئەوان، لێردا جیی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کەدوای ئەوەی پەرلەمانی عەرەبی بریاری دا کۆنگرە لەعێراق بەڕێوە بچێت سەردانەکەی بەڕێز نورەدین بوشکوج ئەمین داری گشتی یەکێتی پەرلەمانی عەرب پێش چەند مانگێك رۆڵێکی گرنگی هەبوو کە ئەم کۆنگرە گرنگەی وڵاتانی عەرەبی لە هەولێر بە پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە بچێت، لە کۆتاییدا دووپاتی دەکەینەوە کە سەرکەوتنی ئەم کۆنگریەش جگە لەوەی سەرکەوتنە بۆ عێراق، عێراقی نوێ و دیموکراسیەت و فیدراڵیەت سەرکەوتنیشە بۆ هەرێمی کوردستان وە بەهێز بوونی پەیوەندی نێوان کورد و عەرب و گشت پێکهاتەکانی تر زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئامادە بوونتان و ئومێدی سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازم تا دانیشتنێکی تر و زۆر سوپاس، کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دەهێنین، نیوەڕۆش لە خزمەتین دەور نیۆ سەعاتێکی تر ئینشاالله خواردنیش حازر دەبێت لەخزمەتین فەرمون.

فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی

سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**دوو شەممە رێکەوتی 17\3\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/3/17

**كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی ڕۆژی دوو شـەممە ڕێكـەوتی 2008/3/17 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان ڕشـاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـداللە سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمـارەی (1)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامـەی كار بەم شێوەیە بێت:**

**1-خوێندنـەوەی یەكەمی یاسای بودجەی هەرێمی كوردستانە، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای دەزگای فرۆكەخانەی مەدەنی لە هەرێمی كوردستان.**

**3- خوێندنەوەی یەكەمی بڕیاری سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەربارەی كاری ڕۆژنامەگەری لە كوردستان، ژمارە (35 ) ساڵی 2007 .**

**4- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستانەوە پێشكەش كراوە.**

**5- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای پاراستنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە،**

**6- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە بڕیاری تایبەت بە دانانی ڕۆژی 4/16 ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ژینگە كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**7- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی كوردستان.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2008/3/17دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-خوێندنەوەی یەکەمی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانە، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.**

**2- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دەزگای فرۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان.**

**3- خوێندنەوەی یەکەمی بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربارەی کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان، ژمارە (35 ) ساڵی 2007 .**

**4- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە.**

**5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە،**

**6- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە بڕیاری تایبەت بە دانانی رۆژی 4/16 ی هەموو ساڵێك بە رۆژی ژینگە کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.**

**7- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان.**

**بەرێزان پێش ئەوەی دەست بە خاڵەکانی بەرنامە بکەین، دەمەوێت بە ناوی ئێوەوە بە توندی ئیدانەی تیرۆر کردنی مەتران پۆلس بکەم کە لە لایەن تیرۆرستانەوە زۆر بە شێوازێکی دڕندانەو ناحەق شەهیدیان کرد، ئەم کارە تیرۆریستیە دەچێتە پاڵ هەموو کارە تیرۆریستیەکانی تر، کە دەیانەوێت ژیان بشێوێنن، کۆمەڵگا تێك بدەن، بە کارە تیرۆریستیەکەی بەردەم هۆتێلی سلێمانی پالاس و، بە کارە تیرۆریستیەکانی تری لە موسل و کەرکوك و بەغدا، بۆیە سلاو بۆ گیانی پاکی هەموو ئەو شەهیدانە دەنێرین، و تەمەنا دەکەین بریندارەکان بە زووترین کات خوا شیفایان بۆ بنێرێت، تیرۆرستانیش انشاالله بە هاوکاری جەماوەری کوردستان، بە بەرنامەیەکی دارێژراو لە رووی سیاسی و ئەمنی و کۆمەلآیەتی و ئابووریەوە لە ناو دەچن و گەلی عیراق و گەلی کوردستان شاد دەبن بە ژیانێکی ئاسوودە و دوور لە تیرۆرو دوور لە بەکارهێنانی عنف و کوشتنی خەڵك بە ناحەق، ئومێد دەکەین، ئەو کارە نەبێتە هۆی ئەوەی کە برا مەسیحیەکانمان وەك دیاردەیەك وڵات بەجێ دەهێڵن، وە ئێمە پێمان وایە جێهێشتنی وڵات هەدەفێکە و تیرۆریستان مەبەستیانە، نیشانەی نا مەسئولیەتیە، پێم وایە برا مەسیحیەکانمان دەبێت زیاتر سوور بن لەسەر ئەوەی لەم خاکە دا لەگەڵ موسڵمانان و هەموو پێکهاتەکانی تری عیراق کە سەدان ساڵە پێکەوە دەژین و دەشتوانن پێکەوە بژین، بە تایبەتی ئێستا کە عیراق لەبەر رۆشنایی ئەو دەستورەی کە دارێژراوە و خەڵکی عیراق دەنگی بۆ داوە، بەمەش هەموو لایەنەکان دەگەنە مافەکانی خۆیان، دوور لە هیچ خۆ سەپاندنێك و هیچ زوڵم و زۆریەك، داوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم، بێن دابنیشن بۆ دەست پێ**

کردن به خوێندنەوەی  پرۆژە یاسای خاڵی یەکەم، کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراقە. کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە ئەو پرۆژە یاسایانەی کە بۆ پەرلەمان هاتوون و ئێستاکە لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ دا هەیە، بە حوکمی ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەمیش بۆ ئەوەیە ئەندامانی پەرلەمان لێی ئاگادار بن، جەماوەری کوردستانیش بزانن چ پرۆژە یاسایەك لە بەرنامەی کاری پەرلەمان دا هەیە، کە پرۆژە یاسای بودجەمان لانیە کە ئەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت ئەوانی تر تەنها ئاماژەیان پێ بکرێت وا بزانم باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمەش لە سەرۆکایەتی وامان قەرار داوە، مولاحەزەکەت بە جێ یە و ئیقراحی ئەوەلیان کاك فرسەت بوو  و گوتی هەر پرۆژەی بودجە باس بکرێت، ئێمە دوو خاڵمان هەیە، کە یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، فەرموون  بۆ خوێندنەوەی بە زمانی کوردی، ئێستا کە دەخوێندرێتەوە تەنها پێشکەشتان دەکرێت، دواتر ئاراستەی لیژنەکان و ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن بۆ ڕۆژی موناقەشە کردن. کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق. بۆ ماوەی 2008/1/1 تاکو 2008/12/31

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگە(1) ی ماددەی (10) ی ( یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق)ی ژمارە (1) ساڵی 2005 ی هەموارکراو  پێمان دراوە و  بە پاڵپشتی ئەو   یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق  کردوویەتی لە دانیشتنی ژمارە ( ) لە  /  /2008 بڕیارمان دا بە دەرکردنی:

یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی 2008

یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عیراق، بۆ ماوەی 2008/1/1  تاکو 2008/12/31

ماددەی یەکەم: گوژمەی تەنیا (7628783) (حەوت ترلیۆن و شەش سەدو و بیست و هەشت ملیارو حەوت سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینار) بۆ ساڵی دارایی / 2008 تەرخان دەکرێ و بەم جۆرە دابەش دەکرێ.

یەکەم: گوژمەی (2879079 )(دووترلیۆن و هەشت سەدو و حەفتا و نۆ ملیار و حەفتاو نۆ ملیۆن دینار) بۆ پرۆژە سەرمایە گوزاریەکان.

**دووەم: گۆژمەی (4694796) ( چوار ترلیۆن و شەش سەدو نەوەدو چوار ملیارو حەوت سەدو نەوەد شەش ملیۆن دینار) بۆ خەرجیەکانی کارپێکردن.**

**سێیەم: گۆژمەی تەنیا (54908) ( پەنجاو چوار ملیارو نۆ سەدو هەشت ملیۆن دینار) خەرجیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق.**

**ماددەی دووەم: داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2008 لە سەرجەم خەرجیەکانی بودجەی فیدراڵی تەنیا (6472704)(شەش ترلیۆن و چوار سەدو حەفتاو دوو ملیارو حەفت سەدو چوار ملیۆن دینار) دەخەمڵێندرێت.**

**ماددەی سێیەم: وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان - عێراق پارەی حیساباتی وەزارەتەکان و فەرمانگەکان بە پێ ی داهاتی دارایی دەسکەوتوو دەگرێتە ئەستۆ.**

**ماددەی چوارەم: سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق بۆی هەیە گوێزانەوە لە ناو بودجەی تایبەت بکات.**

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم: وەزیری دارایی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە گوێزانەوە لەنێوان پارە تەرخان کراوەکانی یەك دەروازەدا بکات، جگە لە فەسڵی مووچەکان، کە دەشێت بۆی بگوێزرێتەوە، نابێت لێی بگوێزرێتەوە.**

**دووەم: نابێت گوێزانەوە لەنێوان تەرخانکراوەکانی گەشەپێدان، لە نێوان پارێزگاکان دا بکرێت.**

**ماددەی شەشەم: وەزیری دارایی بۆی هەیە گوێزانەوە بکات لە نێوان پارەی تەرخان کراو بۆ مەبەستی فەراهەمکردنی توانای خەرج کردن بۆ ئەو فەرمانگانەی کە بڕیاری لێ کردنەوەیان لە وەزارەتێك و خستنیان بۆ سەر وەزارەتێکی تر دەدرێت، وەزیری پەیوەندار بۆی هەیە گوێزانەوە لە چوارچێوەی یەك فەسڵ و یەك یەکەی خەرجکردن بکات.**

**ماددەی حەوتەم: وەزیری دارایی دەسەڵاتی پێ دەدرێت بۆ خستنە سەری پارەی تەرخانکراوی گشتی پەسەندکراو بۆ بودجەی ساڵی دارایی 2008 بە ڕێژەی 1٪ لە سەرجەم تەرخانکراوە پەسەندکراوەکانی بودجە، بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:**

**یەکەم: تەرخانکردنی گۆژمەی پارەی پێویست بۆ بودجەکانی فەرمانگە نوێیەکان لە ماوەی ساڵی دارایی 2008 دا.**

**دووەم: تەرخانکراوی نوێ بخاتە سەر بودجەی وەزارەت و فەرمانگەکان بۆ حاڵەتە لە ناکاویەکان کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.**

**ماددەی هەشتەم: وەزارەتی دارایی بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا وردەکاری میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان - عیراق بۆ ساڵی دارایی 2008 ڕێك دەخات و لەبەر ڕۆشنایی کۆی مووچە پەسەندکراوەکانی بودجەدا پەسەندیان دەکات.**

**ماددەی نۆیەم: دەبێت وەزارەتی دارایی ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ دانانی سنوورێك بۆ دەسەڵاتی خەرج کردن بۆ فەرمانگەکانی حکومەت لە ماوەیەك کە دوو هەفتە لە مێژووی دەرچوونی ئەم یاسایە.**

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم: وەزیری پەیوەندار دەسەڵاتی خەرج کردنی گوژمەیەك لە 150 ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، بۆ هەر حالەتێك هەیە و بۆیشی هەیە دەسەڵات بداتە سەرۆکی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت بۆ خەرجکردنی گوژمەیەك لە(50) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.**

**دووەم: سەرۆکی فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت دەسەڵاتی خەرجکردنی گوژمەیەکی هەیە لە 60 ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر حاڵەتێك لە گەڵ ڕەچاوکردنی خۆ نەخستنە ناو هیچ ئیلتیزامێك کە پشتیوانی تەرخانکراوی لە بودجەدا نەبێت.**

**ماددەی یازدەم: گوژمە پارەی تاکەکان، بە وەزارەتەکان و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت بەخشراون دوای ئەوەی کە لەلایەن وەزیری داراییەوە قەبوڵ دەکرێت، بە داهاتێکی کۆتایی بۆ بودجەی گشتی تۆمار دەکرێن، بە مەرجێك وەزیری دارایی لە پشتیوانی تەرخان کراوی وەزارەت، یان لایەنە نەبەستراوەکان بۆ وەزارەت تەرخانی بکات بۆ ئەو مەبەستەی کە لە پێناوی دا بەخشراوە خەرج بکرێت.**

**ماددەی دوازدەهەم: وەزیری دارایی بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاری حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

**مادەەی سێزەهەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە و لە رۆژی 2008/1/1 کاری پێ دەکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دەکەم، هەروەها ئاراستەی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی دەکەم، دەمەوێت ئاماژە بە شتێك بکەم، ئەویش ئەوەیە ئەمڕۆ پێش ئەوەی ئەو دانیشتنەمان دەست پێ بکات، کۆبوونەوەیەکمان ئەنجام دا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە گەڵ لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی بە ئامادەبوونی هەردوو وەزیر، وەزیری دارایی و ئابووری، وەزیری پلاندانان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری هەردوو بریکاری وەزارەت، لەگەڵ ئەواندا تێبینیە سەرەتاییەکانمان باس کرد، لەسەر ئەو میزانیەی کە هاتووەتە پەرلەمان و پرۆژە یاساکەی و چەند خاڵێکی گرنگمان رووبەروو کردنەوە، یەکێکیان ئەوە بوو کە زیاتر پێویست دەکات لەو ماوەیەی کە تاوەکو ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی حازر دەبێت، گفتوگۆیەکی تێروتەسەل بکرێت لە گەڵ ئەو دوو لیژنەیە، و لە ڕێگای ئەم دوو لیژنەیەش بیروڕای هەموو ئەندامانی پەرلەمان بخرێتە روو بۆ ئەوەی ئەو ڕاپۆرتەی کە ئامادە دەکرێت بۆ ڕۆژی موناقەشە کردن ڕاپۆرتێك بێت، تێبینیەکانی هەموو تێدابێت، ئەو خاڵانەی کە حکومەت چارەسەری دەکات پێشی کۆبوونەوەکان موافەقەتی لەسەر دەکات، روونی دەکاتەوە و ئەو خاڵانەشی کە تەحەفوزیان هەیە بۆ ئەوەی لێرەدا بڕیاری کۆتایی بۆ ئێوەیە، ئەوانە مەسائیلی گرنگ بوون کە ئاماژەمان پێ کرد، کە وەزارەتی دارایی و ئابووری پێویستە ببێتە یەك وەزارەت بە شێوەیەکی فعلی، تەبعەن ئەوە لە میزانیەش، چاوەڕوانی گۆڕانکاری دەکەین لە کابینەی تازەدا بەڵێن دراوە کە ئەو سێ وەزارەتە یەکبگرنەوە، ئەوەی بیستمان لە هەردوو وەزیر، وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم، کە لە رووی تەکنیکیەوە هەموو**

کارەکانیان حازرە بۆ یەکخستنی ئەو دوو وەزارەتە، ئەمەش بەڕاست خەبەرێکی دڵخۆشکەرە و ئومێد دەکەین لە رووی ئیعلان کردنی وەزارەتەکان، ئەو وەزارەتانە یەکبگرنەوە، ئاماژەمان پێ کردن و گوتمان ئێمە یاسای ئەنجومەنی قەزامان دەرکردووە، لەو یاسایەدا هاتووە کە ئەنجومەنی قەزا دەبێت بودجەی تایبەتی خۆی هەبێت لەو میزانیەی کە ئێوە ناردووتانە تێیدا نیە، موافەقەتیان کرد گوتیان تکایە لەو دوو هەفتەیەدا ئەوە ئیزافە دەکەین، مەجلسی قەزا بە پێی ئەو یاسایەی کە بۆی دەرچووە بودجەی تایبەتی خۆی دەبێت، وەکو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، ئەوەش دەخرێتە دەنگدانەوە، خاڵێکی تر باسمان کرد کە داوا کارین دیراسەتی ئەوە بکەن و بەشێك دابنرێت لەو میزانیەیە بۆ سولفەی عەقار کە ویستێکی خەڵکە، نەك تەنیا ویستی خەڵك بێت، بەڵکو تەئسیرێکی گەورەی دەبێت بۆ بووژاندنەوەی بازاڕو حەرەکەتی کڕین و فرۆشتنی زەوی و چیمەنتۆ، کار زیاد دەکات، بۆیە داوامان کرد بە جدی وەری بگرن، ئەگەر پێویستیشی کرد بە قەرزیش ئەو پارەیە پەیدا بکەن و ئەو سولفە عەقاریە بدەن، هەروەها ئاماژەمان بە زەریبەی عەقارو زەریبەی دەخل کرد، کە خەڵکێك داوا دەکات، پێداچوونەوەیەك هەبێت، لەم ڕۆژانەی داهاتوو دا دانیشتن دەبێت لە نێوان لیژنەی دارایی و وەزارەتی دارایی، بۆ ئەوەی بە تەفسیل چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، ئێمە ڕەئیەکەمان سەبارەت بەو ڕێژەیەی کە لە زەریبەی دەخل دەیبڕن، ئێمە وەکو یاساکە تەنیا لە مووچەی ئەسڵی دەبڕدرێت، نەك وەکو تەعلیماتی وەزارەتی دارایی هاتووە، نووسراوێکی رەسمیشمان بۆ وەزارەتی دارایی کردووە و موناقەشەشمان کردووە لە گەڵیان، پێویستە پێیدا بچنەوە، ئەوەشیان سەلماند، مەبەستم ئەوەیە لەو ماوەیەشدا هەموو ئەندامانی پەرلەمان حەقیان هەیە رەئی خۆیان ئاراستەی لیژنەی دارایی بکەن و لە کۆبوونەوەکانیان دا، ئەگەر ویستیان حازر بن بە بێ ئەوەی حەقی دەنگدانیان هەبێت بۆ شتەکان، بەڵام ئەو بیروبۆچوونانە دەتوانن لە کۆبوونەوەش لێرەدا تەرحی بکەن، بەڵام بۆ ئەوەی شتەکانمان بە بەرنامە بێت، هەموومان وا بکەین ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی دەوڵەمەند بێت و حازر بکرێت، هەموو لایەنەکانی کە پێویستە تەعبیر لە رەئی هەمووتان بکات، بۆ ئەوەی لە کۆبونەوەی موناقەشەی میزانیەدا شتەکانمان دیار بێت و نەکەوێتە ئەوەی رەدو بەدەلێکی بێ سوود، دیارە تەبعەن هەمووشمان داوامان وایە کە شتەکە بە شەفافیەت بێت، ئێوەش لەو بەینەندا دەتوانن تەبعەن ئیستیفادە بکەن لە خەڵکی پسپۆڕو خەبیر، بۆ ئەوەی بۆتان شەرح بکات، ئێمەش حازرین هەر کاتێك کە هەر پرسیارێکتان هەبوو لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی و سەرۆکایەتی، ئاراستەی ئێوە بکەن و لە خزمەت داین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عباللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێزان، لەسەر مەسەلەی بودجەی 2007 زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان پرسیارێکیان لە لا دروست بووە، ئایا سەرفی بودجەی 2007 هاتووە بۆ پەرلەمان یان نا؟ پێشمان وایە پێویستە کە پێش ئەوەی

موناقەشەی ساڵی 2008 بکرێت، ئەو بودجەی ساڵی 2007 چۆنیەتی سەرفیەکەی ئەندامی پەرلەمان ئاگاداری ببن و بزانن چۆن سەرف کراوە، ئەگەر بکرێت داوا لە حکومەت بکرێت کە بە زووترین کات ئەوەمان پێ بگات بۆ ئەوەی ببینین تا لەسەر ئەساسی ئەوە موناقەشەی بودجەی ساڵی 2008 بکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە داوامان لێ کردن، کە ئەوە پێ ی دەڵێن حیساباتی خیتامی، حیساباتی خیتامی حازر بکەن، کەچی حازریان نەکردووە، بەڵام دەکرێت، میزانیەش لەسەرئەوە ڕانەوەستێت، لە بەغداش هەر وابووە، زروفی ئێرەو بەغداش لە کاتی حیساباتی خیتامی تۆزێك وردەکاری زۆری تێدایە، بۆیە ئەوان خەریکن، بەڵام شتێکی تریشمان لێ داواکردن و گوتمان پێویستە ڕاپۆرتتان هەبێت، شەش مانگ لە ساڵێك دا دوو ڕاپۆرتتان هەبێت، شەش مانگی یەکەم ڕاپۆرتێك بنووسن، ئەو میزانییەی کە خەملێندراوە و لێرە تەسدیق کراوە، کە چۆن سەرف کراوە، بۆ ئەوەی ئەگەر بزانین پێویست دەکات تەدەخول بکەین، کەموکوڕی هەبێت موناقەشەی بکەین لە گەڵتان، ئەوەشیان سەلماند یەعنی لە کۆتایی مانگی حوزەیران دا پێویستە ڕاپۆرتێکمان پێشکەش بکەن لەسەر چۆنیەتی سەرف کردنی میزانیەی 6 مانگی ساڵی 2008 ئەوەشیان سەلماند، حیساباتی خیتامیش وەکو قانونی دەبێت حازر بکەن لەسەر بودجەی 2007 ئەمە کەی حازر دەبێت؟ ئەوەش بەندە بە هەنگاوی خۆیان و کاری خۆیان، تەبعەن ئەوانیش باسی کێشەکانی خۆیان کرد لە گەڵ بەغدا کە چۆن کۆسپ بووە لەبەردەم دواکەوتنی هاتنی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان، چەند پێویست دەکات، کە مەشاکلیان هەیە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بە حەقیقەت تەفسیلاتی زۆرەو مەجال نیە ڕەنگە لە کاتی خۆیدا کەوتینە موناقەشەی میزانیە، وەزیری دارایی و پسپۆرانی دارایی خۆیان بتوانن زیاتر ئەو مەسەلەیە باس بکەن، پێویست ناکات زیاتر کاتتان بکوژین، ئەو کات دەتوانن پرسیاریان لێ بکەن و ئەوانیش زیاتر تەفسیل بدەن، ئێستا دەچینە سەر خاڵێکی تر.

خاڵی دووەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دەزگای فرۆکەخانەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە، پێم وایە ئەوەش ئەگەر زۆر نیە؟ وەکو ئیقتراحەکەی کاك فرسەت و کاك غفور کردیان وا دەکەین، کە 29 ماددەیە و ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی گواستنەوە و ئەندامانی پەرلەمانی دەکەین، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خۆیان و بۆچوونی خۆیان حازر بکەن بۆ ڕۆژی موناقەشە.

خاڵی سێیەم: خوێندنەوەی یەکەمی وتاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربارەی کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان، ژمارە (35 ) ساڵی 2007. من حەز دەکەم، ئەو نامەیەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کە ئاراستەی ئێمە کراوە بخوێندرێتەوە، فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بڕیار**

**ژمارە (1 ) ساڵی 2008**

**یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگە (1) ماددەی (10) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق ژمارە (1) ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو پێمان دراوە، لەبەر ئەو ناڕەزایی و ناکۆکیەی سەری هەڵداوە لە ناو هەندێك لە پەرلەمانتاران و ڕۆژنامەنوسانی کوردستان دەربارەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان دا، بۆ ڕێگە گرتن لە کاردانەوەی سلبی ئەو ڕووداوە لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵگای کوردستان دا، لە پێناو داڕشتنەوەی یاسایەکە بە شێوەیەکی دەوڵەمەند تر و گونجاو تر لەگەڵ ستاندارە نێو نەتەوەیەکاندا بڕیارمان دا کۆی یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان دا ژمارەی (35) ساڵی 2007 کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عیراق لە دانیشتنی ژمارە (33) ی ڕۆژی 2007/12/11 تەشریعی کردووە ڕەوانەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بکەینەوە تاوەکو بیخاتە بەر لێکۆلینەوەیەکی تریش بە شێوەیەکی وا دابڕێژرێتەوە کە دەقاو دەق بێت لە گەڵ بەرژەوەندی گشتی گەلی کوردستان دا.**

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**هەولێر 2008/1/3**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بێگومان، ئەوەش پرۆژەیەکی گرنگە هەموو لایەك موهتەمن پێی، سەرۆکی هەرێم بەو بڕیارەی کە گەڕاندوویەتیەوە بۆ پەرلەمان بە بێ ئەوەی دەست نیشانی ئەو خاڵانە بکات کە مەبەستیەتی، ئێمە ئەو بڕیارە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی مافی مرۆڤ و لەبەردەم هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانە، بەلام من داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری دەکەم، ئەو ماددەیانەی کە لە پرۆژەکەدا هەیە لە لایەن ئێوەوە پەسەند کراوە و سەرۆکی هەرێم بە گشتی هێناویەتی و داویەتیەوە، ئەو ماددانەی کە ڕەخنەیان هاتووەتە سەر یاخود جێگای قبوڵکردن نینە لە لایەن هەندێك ڕۆژنامەو میدیاوە باس کراوە، ئەوانە زیاتر دەستنیشان بکەن و بۆ ڕۆژی پێویست کە ڕاپۆرتیان حازر کرد، ئەو خاڵانە بیخەینە ڕوو بۆ موناقەشەکردن، دەکرێت لە کاتی کۆبوونەوە هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئاماژە بەو ماددەیە بکات کە پێی وابێت پێویستە موناقەشە بکرێت، ئەگەر بێتو ژمارەیەك داوای تەعدیلی هەر ماددەیەك بکەن کە نەهاتبێت لە ڕاپۆرتەکانی لیژنەی یاسایی و ڕۆشنبیری دەکرێت بیخەینە موناقەشەوە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری داوایان لێ دەکەین کە دەستنیشانی ئەو ماددەیانە بکەین، کە پێویستە گۆڕانکاری بەسەر دابێت و موناقەشەی بکەین.**

**خاڵی چوارەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، ئەمەش تەبعەن پرۆژەیەکی گرنگە (23) ماددەیەو پێشتریش پرۆژەیەك هاتبوو لە لایەن حکومەتەوە، بەلام دواتر ئێمە ژمارەی یاسایی**

ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەیەکیان تەقدیم کرد لەبەر رۆشنایی چەندین کۆبوونەوە لە نێوان لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی لە هەولێرو دیوانی چاودێری دارایی لە سلێمانی، ئەو پرۆژەیە لە لایەن هەردوو دیوانەکە پەسەندکراوە و ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە، داوا لە هەردوو لیژنە دەکەم، هەروەها داوا لە ئێوەش دەکەم بە هەندی وەربگرن، چونکە ئەو دیوانە چەند زوو تەشکیل بکرێت و یاساکەی بۆ دەربچێت گرنگە بۆ کۆمەڵگای کوردستان و روبەروو بوونەوەی کەموکورییەکان و چاودێری کردنی کارەکانی دام و دەزگاکانی حکومەت.

خاڵی پێنجەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان - عیراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ئەمەش (63 ) ماددەیە، ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و ئەندامانی پەرلەمانی دەکەم، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خۆیان بنووسن و ئەندامانیش لە لایەن خۆیانەوە بیخوێننەوە و خۆیان ئامادە بکەن بۆ موناقەشە.

خاڵی شەشەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە بڕیاری تایبەت بە دانانی ڕۆژی 4/16 ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی ژینگە کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ئەمە زۆر کورتە دەکرێت بخوێندرێتەوە.

کاك عبدالکریم فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بابەت/ یاداشتنامە**

ئێمە کەس و کاری قوربانیانی کیمابارانەکانی شێخ وەسان و بالیسان و وەرێ، داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە پشتگیریمان بکەن لە پێناو بە فەرمی ناساندنی ڕۆژی 4/16 وەکو ڕۆژی ژینگەی کوردستان، چونکە لە 4/16 / 1978 بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی چەکی کیمیاوییەوە ژینگەی کوردستان ژەهراوی کرا، بە شێوەیەك کە تاوەکو ئەمڕۆش خاك و ئاو و هەوای ناوچەکە لەژێر کاریگەری ئەو چەکەو ئەو ماددە کوشندانە دەناڵێنێت.

یەکەم جار کە ژینگەی کوردستان ژەهراوی کراو زیانی گیانی بە دواوە بوو، لە دەڤەری ئێمە بوو، بۆیە ئێمە بە پێویستی دەزانین کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەوانەی کە دوژمنی ژینگەی ئێمە بوون و دەیانویست لە ناومان ببەن و ژینگەکەشمان ژەهراوی بکەن، ڕۆژێك هەبێت کە تیایدا لە سەرانسەری کوردستان ژینگە پاك بکرێتەوە و ببێتە هێمایەکی پیرۆزی بۆ ئەو خاکەی کە بۆ یەکەم جار ژەهراوی کراو نزیکەی لە 300 کەس تیایدا شەهید بوون.

کەس و کاری شەهیدانی کیمیابارانی

(بالیسان و شێخ وەسان و وەرێ )

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ئەندامانی پەرلەمانی دەکەین بۆ هەمان مەبەست وەکو پرۆژەکانی تر. خاڵی حەوتەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان کە بریتیە

له (15 ) مادده ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری و ئەندامانی پەرلەمانی دەکەم بۆ ئەوەی هەم لیژنەکان ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن و ئەمانیش بیخوێننەوە و خۆیان ئامادە بکەن بۆ موناقەشە کردنی، من ئاگادارتان دەکەمەوە کە لە سایتی پەرلەمان پرۆژەکان بڵاو دەکرێنەوە بۆ ئەوەی خەڵکیش پێیان ئاشنا بن، ئەوانەی کە مەبەستیان بێت لەسەر سایتی پەرلەمان بیخوێنێتەوە، جا ئێمە تەبعەن خۆتان دەزانن مانگی سێ زۆر بۆنەو پشووی تێدایە، بڕیار وایە ئەگەر بێت و لیژنەی کشتوکاڵ حازر بێت، سبەی کۆبوونەوەکەمان درێژە پێ دەدەین. کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە گەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ قسەمان کرد، جەنابی وەزیر لە دهۆکە گوتیان هەندێك ئیلتیزاماتمان هەیە و کۆبوونەوەمان هەیە، ئێمەش بڕیارمان وایە لە گەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی شارەوانی و کشتوکاڵ پێکەوە دانیشتنێك بکەین بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی موشتەرەکمان هەبێت و جیاوازیمان نەبێت لە ئەنجامی موناقەشەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چەندین رەئی هەیە، رەئیەك هەیە دەڵێت: موناقەشەکان بخرێتە دوای عوتلەی نەورۆز، بەهەرحاڵ هەر کاتێك بێت، بەڵام بەیانی نابێت. بەرنامەی کارمان ئەو چەند خاڵە دەبێت:

یەکەم: یاسای ڕێکخستنی مافی زەوی کشتوکاڵ.

دووەم: یاسای ڕێکخستنی خۆ پیشاندان و کۆبوونەوەکانی گشتی.

سێیەم: یاسای بە کرێدانی خانووبەرە.

چوارەم: یاسای ئەنجومەنی ئیستیشاری باڵا.

تەبعەن بودجە هەر کاتێك لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتیان حازر بوو پێش دەکەوێت و هەتا ئەو پەسەند نەکرێت هیچ موناقەشە ناکرێت. تەبیعی ئێمە بەرنامەمان هەیە بانگهێشتی بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بکەین، هەروەها وەزیرەکانی تری پەیوەندار بە کێشەکانی تری کە پێش تر ئاماژەمان پێ کردووە، ئەویش بە ئیتیفاق لەگەڵ حکومەتی هەرێم دیاری دەکەین و ویست و داواکاری ئێوەش بووە، وە نەبێت پشت گوێمان خست بێت، لە بیرمانەو قسەشمان لە گەڵیان کردووە کە لە نزیکترین فورسەت دا ئەنجام دەدرێت. کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە سەبارەت بە یاسای ڕۆژنامەگەری، دیارە ئەو یاسایە دوای پەسەندکردنی لە لایەن پەرلەمانەوە و دواتر لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە، بە بێ ئەوەی مولاحەزەیەك لەسەر هیچ خاڵێك هەبێت یاسایەکە هەمووی نێردراوەتەوە، بۆیە من پێم وایە دەبێت ئێمە لە لیژنەی پەیوەندارەکان موناقەشەی

یاسایەکە بە گشتی بکەین و ئەو ڕاپۆرتەی کە ئامادە دەکرێت لەسەر بڕگەکانی یاسایەکە بە گشتی بێت نەك تەنها یەك، دوو خاڵ و لە پەرلەمان هەمووی موناقەشە بکرێت، دووەمیان سەبارەت بە بودجە دیارە ئاشکرایە دوو ساڵە بودجە بە تەئخیرەوە دەگاتە پەرلەمان و کوردستان هۆکارەکانیشی دیارن، هیواداریـن کە سەرۆکایەتی پەرلەمان جەدوەلێکی هەبێت بۆ ئەوەی هەرچی زوو ترە بودجە موناقەشە بکرێت بۆ ئەوەی وەزارەتەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕە پارەیەی کە بۆیان دەست نیشان دەکرێت زوو تر دەست بەکار بن بۆ کارە خزمەت گوزاریەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت بودجە قسەم کرد جوابی پرسیارەکەت لە قسەکانم دا هەبوو، بەڵام بەنیسبەت بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم بە ناردنی پرۆژە یاسای ڕۆژنامەگەری کە دەست نیشانی خاڵەکانی نەکردووە ئەوە ناکرێت ئێمە خاڵ بە خاڵ بیگۆڕین، ئەو لیژنانە بۆچین و کاریان چیە؟ تەقدیری ئەوە دەکەن کام خاڵ کام ماددە گیروگرفتی لەسەرە یان ئیعتزازی لەسەرە، ڕاپۆرتیان دەنووسن پێشنیاردەکەن کە ئەو دوو ماددەیە یان چەند ماددەیە بخرێتە بەردەم موناقەشە، بەڵام ئێوە وەکو ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن بڵێن نەخێر، بێجگە لەو ماددەیانەی کە ئەوان دەست نیشانیان کردووە بڵێن ماددەی ئەوەندەش، ئەگەر دوو کەسی تر یان سێ کەسی تریش تەئیدی بکەن دەیخەینە بەردەم، یاخود دەیدەینە بەر موناقەشە ئایا ئەو ماددەیە موناقەشە بکرێت بە ئەکسەریەت بڵێن بکرێت دەیکەین، ئەگەر بە پێچەوانەوە نەیکەین ئەوا نایکەین و بە ئەکسەریەت بڵێن ماددەکە پەسەندکراو جارێکی تر پەسەندی ناکەین، بەڵام ئەو ماددەیانەی کە لیژنەکان بەهەند وەرگرتنی بڕیاری سەرۆکی هەرێم پێیان وابێت کە موناقەشە بکرێت دەیخەینە بەردەمتان و موناقەشەی دەکەین، جا گۆڕانکاری کرا ئەوا بە گۆڕانکاری ئیسداری دەکەین و دەری دەهێنین، بەڵام وابزانم ئەو جارە کۆتاییە و هەرچی قەراری بدەین سەرۆکی هەرێم ئیمزای دەکات بەپێی قانون. کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویستم پرسیاری خاڵی چوارەم بکەم. بۆمان رون بکەیەوە بێ زەحمەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەعلومە ئەوە پێتان دەڵێن ئەوە بەرنامەی داهاتوومانە، کە گوتمان ڕۆژی ئەوەندە خۆتان ناڵێن زوو تر پێمان بڵێن، چوار پرۆژەکە حازرە، ئەگەر بانگهێشت کران ئەوە یەعنی ئەو چوارەیە جا کامیان پێش ئەوەی تر دەکەوێت ئەوە مەوزوعێکی ترە، بێجگە لەوەش ئەگەر بێت و ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و یاسایی بۆ بودجە حازر بوو ئەوا دەخرێتە پێش تا کۆتایی هێنان بە موناقەشەی بودجە هیچ شتێکی تر موناقەشە ناکەین. کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین تا دانیشتنی داهاتوو بە خێر بێن.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێرى ئەنجومەنى نيشتمانيى**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى)**
**جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى**
**كوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتى**
**سەرۆكى ئەنجومەنى نيشتمانيى**
**كوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)**

**یەك شەممە رێکەوتی 30\3\2008**

# خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)

## یەك شەممە ڕێكەوتی 2008/3/30

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی یـەك شـەممە ڕێكـەوتی 2008/3/30 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـداللە سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمـارەی (2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (10,30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە ڕێكەوتی 2008/3/30 بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو وگفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای ڕێكخستنی ماف بەكارهێنانی زەوی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو وگفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی راوێژكاری باڵا, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە بەرنامەی كاری دانیستنی ئەمڕۆمان بریتیە لە: یەك: خستنەروو و گفتوگۆكردنی پڕۆژەی یاسای ڕێكخستنی ماڤی بەكارهێنانی زەوی كشتوكاڵی لەهەرێمی كوردستان كەلە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، دوو: خستنەروو گفتوگۆكردنی پڕوژەی یاسای ئەنجومەنی راویژكاری باڵا كەلە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز كاك عبد العزیز طیب وەزیری كشتوكاڵ وە بەڕێز كاك سعد عبداللە وەزیری هەرێم بۆكاروباری پەرلەمان بەخێرهاتنیان دەكەم كەبەشدارن لەم دانیشتنەدا، جارێكی تر

پیرۆزبایی لەهەموو خەڵکی کوردستان دەکەم بەبۆنەی نەورۆزەوە کەپێشتریش بەبروسکە پیرۆزباییمان لێ کردن، بەڵام نەورۆز ئەوەندە خۆشەویستە دەکرێتن هەمیشە دووبارەی بکەینەوە، پیرۆزبێ لەهەموو گەلی کوردستان و هەروەها پیرۆزبایی لەخوشك و برا مەسیحیەکان دەکەم بەبۆنەی جەژنی قیامە، ئومێدەوارم کەجەژنەکەیان بەخۆشیی بەسەر بردبێت و خوا هەموو لایەك بپارێزێتن، ئاشتی و ئارامیی لەهەموو عێراقدا سەقام گیربێتن و ئەو کێشانەی کەئێستا رووئەدەن لەخوارووی عێراق بەتایبەتی لەشاری بەسرە کەوای کردووە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران خۆی بچێتە ئەوێندەر بۆئەوەی بەزوویی کۆتایی بێت بەکەمترین زیان بەکۆتایی هاتنی هەموو سەرپێچیەك لەیاسا، بەجێ بەجێ کردنی دەسەڵاتی یاسا لەسەرتاسەری عێراق، بۆ ئەوەی ئەو عێراقە فیدرالیە دیموکراتیەی کەدەنگمان پێ داوە بچەسپێتن و خەڵکی عێراقیش بەخۆشیی ژیان ببنە سەر.

داوا لەلیژنەی یاسایی و سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرۆکی لیژنەی شارەوانی دەکەم بێین لەشوێنی خۆیان دابنیشن، خاڵی یەکەم لەدانیشتنی ئەمڕۆمان خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای رێکخستنی مافی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لەهەرێمی کوردستان کەلە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

دیارە پرۆژەیەك هاتووە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، ئەم پرۆژەیە پاش خوێندنەوەی یەکەمی ئاراستەی هەر سێ لیژنە کراوە و ئاراستەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان کرا، پرۆژەیەکی زۆر گرنگە، پەیوەندی بەخەڵکیکی زۆرەوە هەیە لەجوتیاران کە بەگرێبەست زەوی کشتوکاڵیان لەلابوو پاش ئەوەی کە بریاریکماندا لێرە قانونێکمان دەرکرد بۆ ئیتفا، گلەییەکی زۆر هات بۆمان کەزەرر مەندن، بۆیە حکومەتی هەرێمیش زۆر بەسوپاسەوە بەدەنگی پەرلەمانەوە هات دیراسەیەکیان تەقدیم کرد لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە بۆ حکومەت، حکومەت پەسەاندی کردو ناردی بۆ لای ئێمە، ئێمەش پاش ئەوەی ئاراستەی ئێوەمان کرد، هەرسێ لیژنەمان تەکلیف کرد بۆئەوەی ئەو پرۆژەی کەلەحکومەتەوە هاتووە گفتوکۆ لەگەڵ جەنابی وەزیر بکەن، بەباشترێن شێوەیە راپۆرتێکی هاوبەش بیخەنە بەردەمتان، خوشبەختانە پاش ئەوەی کەچەندین کۆبونەوە کراوە لەلایەن لیژنەکان لەگەڵ جەنابی وەزیرێش، ئێستا راپۆرتێکیان ئامادە کردووە، راپۆرتەکە هاوبەشە پاش ئەوێش دیراسەتێکی باشیان کردووە، ئومێدەوارم ئێوەش ئەوە پەسەند بکەن، ئەگەر پێویستی بەدەوڵەمەندکردن کرد ئەوە تەبیعی بریاری خۆتانە، داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم دەست پێ بکەن بەخوێندنەوەی پرۆژەکە، راپۆرتی لیژنەی هاوبەش لەسەر پرۆژەکە بەکوردی بیخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق

ب/ راپۆرتی هاوبەش

لیژنەکانی یاساییو کشتوکاڵو ئاودێریو شارەوانیەکانو گەیاندن لە ئێوارەی ڕۆژی 6/سەرماوەز/2707ی کوردی بەرامبەر بە 2007/11/27 کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژەی یاسای رێکخستنی مافی

دەسكاریی لە زەوی كشتوكاڵی هەرێمی كوردستان كە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم پێشكەشی كردووەو بۆ لیژنە هاتووە دوای خوێندنەوەی بەرایی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (24)ی ڕۆژی 2007/11/20یداو دوای وتووێژو تاوتوكردنی، هەرسێ لیژنەكە گەیشتنە ئەمانەی خوارەوە:-

1- بەشێوەیەكی بەرایی پشتگیری پرۆژەكە دەكەین، چونكە مافی دەسكاریی لە زەوی كشتوكاڵی لە كوردستان ڕێك دەخاتو دادپەروەریی لە قەرەبووكردنەوەی جوتیارە زەرەرمەندەكان دابین دەكات كە بەسەریاندا دابەشكراوە یاخود گرێبەستن بەپێی حوكمەكانی یاسای چاكسازی كشتوكاڵیو ڕێنماییو یاساو بڕیارەكانی تر كە لە هەرێمی كوردستان كاریان پێ دەكرێ لە حاڵەتی ئەو زەویانە ئیتفا بیانگرێتەوە.

2- پێشنیاز دەكەین دیباجەیەكی بۆ دابڕێژرێو زنجیرە ڕەنووسەكانی بكرێنە نووسینو هەندێ ڕاستكردنەوەی زمانەوانی لەهەندێ لە بەندەكانی دابكرێو هەمان شێوازی كە لەیاساكاریی یاساو بڕیارەكانی (ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان –عێراق)ی گراونەتە بەر پەیڕەو بكرێت.

3- پێشنیاز دەكەین ماددەی حەوتەم لە پرۆژەكەدا بكرێتە دوو بڕگە، واتە: ئەسڵی پرۆژەكە (یەكەم) بێو بڕگەی (دووەم)ی بخرێتەسەر بەم جۆرەی خوارەوە:-

یەكەم: لەحاڵەتێكدا زەوییەكانی كە حوكمەكانی ئەم یاسایە (ئیتفا)ییان بگرێتەوە ئەوا خاوەن مافی دەسكارییەكە بەڕێژەی 3٪ی ڕووبەری زەوییە ئیتفاكراوەكە قەرەبوو دەكرێتەوە.

دووەم: حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی سەرەوە حاڵەتەكانی قەرەبووكردنەوەكەی خاوەن گرێبەستەكانی كشتوكاڵی لە جوتیارو موتەفەریغی كشتوكاڵی دەگرێتەوە لە ڕۆژی جێبەجێبوونی یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 2007 یاسای هەمووارکردنی یەكەمی یاسای ئیتفاو جیاكردنەوەی كشتوكاڵی ژمارە (3)ی ساڵی 1998وداڕشتنی كۆتایی یاساكە بەم جۆرەی خوارەوە دەبێ:

**یاسای ژمارە (  )ی ساڵی 2008**

**یاسای ڕێكخستنی مافی دەسكاریی لە زەوی كشتوكاڵی**

**بۆ هەرێمی كوردستان –عێراق**

ماددەی یەكەم:

یەكەم: مافی دەستكاری لەزەوی كشتوكاڵی بۆ ئەوجوتیارانە دەچەسپێندرێ كە بەسەریان دابەشكراوەو گرێبەستن بەپێی حوكمەكانی یاسای چاكسازیی كشتوكاڵیو ڕێنماییەكانو بڕیارەكانی تر كە لە هەرێمی كوردستاندا كاریان پێ دەكرێ بەمەرجێك بڕیارەكانی دابەشكردن پەسندكرابنو گرێبەستەكان كارپێكردنیان بەردەوام بێ پولی زەوییەكان كرابن بەموڵكی دەوڵەتو مافی دەسكارییان بەسەرەوە بێت.

دووەم: پێویستە لەسەر ئەو كەسەی سوودمەندە بەردەوام بێت لەسەر بەكارهێنانی زەوییەكە بۆ مەبەستی كشتوكاڵیو گرنگی پێبداتو بەپێچەوانەی ئەمەش بڕیاری چەسپاندنی مافی دەسكارییەكەی هەڵدەوەشێتەوە.

سێیەم: گرێبەست لەگەڵ ئەو كەسانەی دەسكاریی زەوی ئەمیری دەكەن دەكری لەغەیری ئەوانەی گرێبەست نین، لەبارێكی وا كە مەرجە یاساییەكانیان لێ بێتە دیو ئەو زەوییانە بەدەردەكرێن كە

تەسوییەیان تەواونەبووە، یاخود مافی بەکارهێنانیان نەچەسپاوەو بڕی کرێکە بدەن کە کەوتۆتە ئەستۆیان بۆ ئەو ساڵانەی کە بەکردەیی بەکاریان هێناوەو دوای ماوەی سێ ساڵ لە مێژووی ڕێکخستنی گرێبەست مافی دەستکارییەکەیان بۆ دەچەسپێ.

چوارەم: زەوییەکان بەبڕیاری وەزیری کشتوکاڵ دوای ساغ بوونەوەی مەرجە یاساییەکان، لەلایەن لیژنەی کشتوکاڵییەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێکدێت تۆماردەکرێن‌و بە بەدەلێکی ڕەمزی کە دەبێتە بنەڕەتی وەرگرتنی ڕەسمی یاسایی لەفەرمانگەکانی تاپۆدا.

پێنجەم: ئەو رووبەرە زەوییانەی کە دابەشکراون و گرێبەستیان لەسەر کراوەو لەو زەوییانەن کە تەرخان کراون بۆ مەبەستی سوودی گشتی بە دەردەکرێن لە حوکمەکانی ئەم ماددەیە.

شەشەم: ئەو زەوییانەی دابەشکراون ئەوانەی کرێبەستیان هەیەو تایبەت کراون بۆسوودی گشتی بەدەردەبن لەحوکمەکانی ئەم مادەیە.

دووەم: حوکمی برگەی یەکەمی سەرەوە حاڵەتەکانی قەرەبوو دەگرێتەوەو خاوەنی گریبەستەکانی کشتوکاڵی لەجوتیارو موتەفەریغی کشتوکاڵی دەگرێتەوە لە رۆژی جێبەجێبوونی یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 2007 یاسای هەموارکردنی یەکەمی سایای ئیتفاو جیاکردنەوەی کشتوکاڵی ژمارە (3)ی ساڵی 1998 و دارشتنی کۆتایی یاساکە بەم جۆرەی خوارەوەدەبێ.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی شەشەم مادەیەکی سەر بەخۆ هاتووە، یەعنی مادەیەکی تایبەتی سەر بەخۆ هاتوە نە لەزمنی مەوادی تر هاتووە لەسەفحەی تر هاتووە ئەوی دروست.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کەهاتینە سەری منیش مولاحەزەم کردووە، کاکە بۆ راوەستای.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووەم: حوکمی برگەی یەکەمی سەرەوە حاڵەتەکانی قەرەبوودەگرێنەۆەو خاوەنی گریبەستەکانی کشتوکاڵی لەجوتیارو موتەفەریغی کشتوکاڵی دەگرێتەوە لەروژی جێبەجێبوونی یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 2007 یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ئیتفاو جیاکردنەوەی کشتوکاڵی ژمارە (3)ی ساڵی 1998 و دارشتنی کۆتایی یاساکە بەم جۆرەی خوارەوەدەبێ.

یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2008 یاسای رێکخستنی مافی دەستکاری لەزەوی کشتوکاڵی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق.

مادەی یەکەم: مافی دەستکاری لەزەوی کشتوکاڵی بۆ ئەوجوتیارانە دەچەسبێندرێ کەبەسەریان دابەش کراوەو گریبەستن بەپێی حوکمەکانی یاسای چاکسازی و کشتوکاڵی و رینمایەکان و بڕیارەکانی تر کەلە

هەرێمی کوردستاندا کاریان پێ دەکرێ بەمەرجێك بڕیارەکانی دابەشکردن وپەسەندکرابن و گرێبەستەکان کارپێکردنیان بەردەوام بێ پۆلی زەویەکان کرابن بە موڵکی دەوڵەت و مافی دەستکارییان بەسەرەوە بێ.

دووەم : پێویستە لەسەر ئەو کەسەی سوودمەندە بەردەوام بێ لەسەر بەکارهێنانی زەوییەکە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی و گرنگی پێ بدات و بەپێچەوانەی ئەمەش بڕیاری چەسپاندنی مافی دەستکارییەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

سییەم: گرێبەست لەگەڵ ئەو کەسانەی دەسکاری زەوی ئەمیری دەکەن دەکرێ لەغەیری ئەوانەی گرێبەست نین، لەبارێکی وا کەمەرجە یاسایەکانیان لێ بێتەدی و ئەو زەویانە بەدەر دەکرێن کەتەسوێیان تەواو نەبووە، یاخود مافی بەکارهێنانیان نەچەسپاوە کەبڕی کرێکە بدەن کەکەوتۆتە ئەستۆیان بۆ ئەو ساڵانەی کەبەکردەیی بەکاریان هێناوەو دوای ماوەی سێ ساڵ لەمێژوی ڕێکخستنی گرێبەست مافی دەستکارییەکەیان بۆبچەسپێ.

چوارەم: زەوییەکان بەبڕیاری وەزیری کشتوکاڵ دوای ساغبوونەوەی مەرجە یاسایەکان لەلایەن لیژنە کشتوکاڵیەوە کەبۆئەم مەبەستە پیکدێت تۆمار دەکرێن وبەبەدلێکی رەمزی کەدەبێتە بنەڕەتی وەرگرتنی رەسمی یاسایی لەفەرمانگەکانی تاپۆدا.

ماددەی سێیەم:

یەکەم: ڕادەی بەرزی مافی دەستکاریی زەوی کراو بە موڵکی دەوڵەتو زەوی کراو بەموڵکی صرف بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا بەم جۆرە دەبێ:-

أ- لەزەوی دێم (2000) دووهەزار دۆنم زەوی کە بەهەموو جۆرە بەربوومێك دادەچێنرێ.

ب- لەزەوی بەراو (400) چوارسەد دۆنم لەو زەویانەی کە بەهۆی ئامێر ئاودەدرێنو (300)سێسەد دۆنم لەو زەوییانەی کە بەبێ هۆ ئاو دەدرێن.

دووەم: ئەگەر خاوەنی مافی دەسکاریی یاخود خاوەنی زەوی بەموڵکراو، موڵکێکی صرفی کەوتە دەست کە ڕووبەرەکەی لە ڕادەی دیاری کراو لەبڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیەدا لەئەنجامی میراتگرتن زیاتربوو، ئەو ڕووبەرە زیادەی لێ وەردەگیرێتەوەو بەناوی دەوڵەت بۆ مەبەستی کشتوکاڵی تۆماردەکرێ.

سێیەم: لەکاتی گۆڕینی ڕێگەی ئاودانی زەوی، جا خاوەنەکەی بیگۆڕێ یان دەوڵەت، ئەوا خاوەن مافی دەسکارییەکە یاخود خاوەنی زەوییەکە مافی وەرگرتنی ئەو رادەیەی هەیە کە لە بڕگەی (1)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

ماددەی چوارەم:

یەکەم: ڕادەی ئابووری موڵکایەتی کشتوکاڵی یان دەسکاری کردنی تێیدا، بەم شێوەیە دەبێ:

أ- (50) پەنجا دۆنم لەزەوی کشتوکاڵی دێمەکار.

ب- (3) سێ دۆنم لەباخەکان.

ج- (5) پێنج دۆنم لەزەوی کشتوکاڵیی بەراو.

د- (10)دە دۆنم لەو زەوییانەی کە بەهۆی ئامێر ئاو دەدرێن.

دووەم: ئەو ڕووبەرە زەوییانەی کە لەناو ئەو ڕووبەرانەی لەبڕگە (1)ی ئەم ماددەیەدا چەسپاون لەڕەسمی دادوەریی نەهێشتنی (شیوع) دەبووردرێن.

ماددەی پێنجەم:

ئەگەر میرات ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵیەکەی پارچە پارچەکرد بۆ ئەو ڕادانەی کە لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا دیاری کراوە، پێویستە لەسەر میراتگران ئەم زەوییە لەناوخۆیاندا پاکتاوبکەنو بەناوی یەکێك لەو میراتگرانە یان یەکێکی تر تۆمار بکرێن.

ماددەی شەشەم: ئەوەی زێدە ڕۆیی لەسەر زەوی کشتوکاڵی بکات هیچ مافێکی بۆ تۆمارناکرێت.

ماددەی حەوتەم:

پێشنیاز دەکەین ماددەکە بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە

لەحاڵەتێکدا ئەو زەویانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوەو ئیتفاکردن بیانگرێتەوە خاوەنەکانیان بە ڕێژەی (3٪) لە ڕووبەری زەوی ئیتفاکراو قەرەبوودەکرێنەوەو بەموڵکی سرف تۆمار دەکرێنو بەناوی ئەوان جیادەکرێنەوە لە بەرواری جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (5)ی لە ساڵی 2007ی لە یاسای هەموارکراوی یەکەمی یاسای ئیتفاو جیاکردنەوەی زەوی ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

ماددەی هەشتەم:

بەبڕیاری وەزیری کشتوکاڵ لیژنەکانی زەویوزارو سەرپەرشتی کردنو بەدواداچوونو لیژنەی تر پێکدەهێنرێن بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەپێی پێویستی، لەبەر ڕووناکی ڕێنماییەکانی کە وەزارەتی کشتوکاڵ دەریان دەچوێنێ.

ماددەی نۆیەم:

وەزیری کشتوکاڵ بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

ماددەی دەیەم:

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

ماددەی یازدەم:

پێویستە ئەنجومەنی وەزیرانو لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی دوازدەم:

ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێو لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

تکایە ئاگاداری بفەرموونو پرۆژەکەو ڕای سێ لیژنەکە لەبارەیەوە بخرێنە بەردەم ئەنجومەن بۆ وتووێژ لەسەرکردنیو دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەكو ئاماژەم پێ كرد ئەم راپۆرتە هەرسێ لیژنەی یاسایی و كشتوكاڵ و شارەوانی و زۆربەی زۆری ئەندامەكانیش ئیمزایان لەسەر كردووە، دیارە قەت ناكرێت 100٪ رەئیان لەسەر پرۆژەكە بێت، ئێستا داوا دەكەم لە لیژنەی یاسایی مادە بەمادە پرۆژەكە بخوێننەوە و بگرێنەوە سەر موقتەرەحی خۆتان لەسەر مادەكە نەك موقەدیمەكە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز.**

**جەنابی سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان. ئێمە یەك: پێش ئەوەی جەوابی ئەو پرسیارە بدەم كەجەنابی سەرۆكی پەرلەمان ئیشارەتی پێ دا بۆ خویندنەوەی، گلەییمان لەلیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران هەیە بەڕاستی پرۆژەمان بۆ رەوانە دەكەن هیچ وازح نیە لەبەر ئەوەی خەلەلی مەتبەعی تێدابوو بۆیە لەراپۆرتەكەشمان فەقەرەیەك پەڕێوە، وازیح نەبوو، مووتەرجمیش تەرجەمەی كردیە هەر تەرجەمەكەی وازح نەبوو، لەمادەی یەك وەقەرەیك بەرپیە، شەش وەقەرەیە نەبوو پێنجی تێدانیە، ئێمە سبەینێ كە تەدقیقمان كرد لەلیژنەی قانونی دیتمان وەقەرەیەك نەمایە، لەبەر ئەوە دەمەوێ ئەوتەوزیحەی بدەم بەسەرۆكایەتی پەرلەمان، داوا لەئەنجومەنی وەزیران بكا كەپرۆژە دەنێرن بەوازحی بۆمان بنێرن، هەتا كێشەمان بۆ درووست نەكا، زۆر سوپاس، ئێستاش مادەكە دیخوێنمەوە بەزمانی عەرەبی.

المادة الاولى:

أولاً: يثبت حق التصرف في الاراضي الزراعية للفلاحين الموزع عليهم والمتعاقدين بموجب احكام قانون الاصلاح الزراعي وتعليماتها والقوانين والقرارات الاخرى المعمول بها في اقليم كوردستان شريطة ان تكون قرارات التوزيع مصدقاً والعقود سارية المفعول وتصبح صنفها اراضي مملوكة للدولة مثقلة بحق التصرف.

ثانياً: على المستفيد ان يستمر في استغلال الارض للاغراض الزراعية والعناية بها وبعكسه يلغى قرار تثبيت حق التصرف.

ثالثاً: يتم التعاقد مع المتصرفين في الاراضي الاميرية من غير المتعاقدين في حالة توفر الشروط القانونية فيهم باستثناء الاراضي التي لم تتم تسويتها أو تثبيت الحقوق فيها. ودفع بدلات الإيجار التي تترتب بذمتهم لسنوات استغلالهم الفعلي ويثبت لهم حق التصرف بعد مرور ثلاث سنوات من تاريخ تنظيم العقد.

رابعاً: تسجل الاراضي بقرار من وزير الزراعة بعد التحقق من توافر الشروط القانونية من قبل اللجان الزراعية التي ستشكل لهذا الغرض وببدل رمزي الذي يصبح اساساً لاستيفاء الرسم القانوني في دوائر التسجيل العقاري.

خامساً: على دوائر التسجيل العقاري اجراء التسجيل وفقا لاحكام هذه المادة وبقرار من وزير الزراعة وتعدل السجلات وفقا لذلك.

سادسا: يستثنى من احكام هذه المادة المساحات الموزعة والمتعاقد عليها من الاراضي المخصصة لاغراض النفع العام.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری.**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خوشك و برایانی بەرێزم ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لەگەڵ دەقی مادەكەین، چونكە ئەو مادەیە پەیوەندی هەیە بەتەسبیتی حەقی تەسەرف چ بەنیسبەت ئەوانەی عەقدیان لەگەڵ ئیسلاحی زراعی كردیە چ لەگەڵ ئەوانەی وەحدەی تەوزیعیان هەیە وە ئەوە 100٪ لەبەرژەوەندی جوتیارانە بۆ ئەوەی بتواندرێ جوتیار حەقی تەسەرفی بدرێتێ وەموڵكایەتی خۆی وەرگرێت وبچەسپێنێت لەدەوائیری تاپۆ وەلەهەمان كاتدا پەیوەندیەكی بتەوی هەبێ لەگەڵ ئەو عەرزەی خۆی، بۆ ئەوەی بتوانێ بەرهەمەكەی زیاد بكات، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەك شت هەیە لە مادەی یەكەم، ثانیا، دەڵی ئەوەی سوودمەندە: على المستفيد ان يستمر في استغلال الارض للاغراض الزراعية والعناية بها وبعكسه يلغي قرار تثبيت حق التصرف.

ئایا مودەیەك نابێ تەحدید بكرێ برن دوو مەوسیم، سێ مەوسیم، كەی تەقریر دەكرێت، ئەو تەحدیدی مودەیەك پیویستە تێدابێت پێش ئەوەی هین بكەم، ئەگەر بەپێی قانونی، كاك فرسەت ئەڵی دوو ساڵە، سێ مەوسێمی زیراعی بێ ئەجرو سێ مەوسیمی زیراعی، ئەگەر ئیهمالی بكا، عەرزەكە سێ مەوسیمی زیراعی بێ عوزر ئەوە لیی دەسێنریتەوە، كەس هەیە قسەبكا؟ كاك بەرزان عبدالله فەرموو.

**بەرێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئییدی یاساكە ئەكەم بەشیوەیەكی گشتێ، بەڵام لەسەر برگەی دوو و برگەی چوار چەند پێشنیارێكم هەیە، برگەی دوو باس لەئەوە دەكا كە ئەوەی موستەفیدە سوودمەندبێ لەسەر عەرزەكە لەراستیا فەلسەفەی دەركردنی ئەم یاسایا ئەوەیە كەئێمە بوار بۆكەرتی تایبەت برەخسێنین كەبێتەناو بۆ پرۆسەی ئاوەدانكردنی كەرتی كشتوكاڵ كەبەشێكی گرنگە، ئابووری هەرێمی كوردستان پێ ئەگەیەنێ، كەرتی كشتوكاڵ داتەپێ وحكومەتیش بەگوێرەی ئەو برۆژەیە كەلە 2008 بۆی دیاری كراوە، من تەسەور ئەكەم لەئایندەی دووریشدا نەتوانێت وەك پێویست دەعمی كەرتی كشتوكاڵ بكا، لەبەر ئەوە لێرە مولزەم كردنی ئەوەی كە موستەفیدە بۆ ئەوەی كەبۆ ماوەیەك یان هەتامادەكە ماوەكەش دیاری بكرێت كە پاپەند بێت بە بەكار هێنانی زەویەكە من ئەوە بۆ لەبەردەم كەرتی تایبەدا تەسك دەكاتەوە كەفەلسەفەی دانانی یاساكە بۆ ئەوەیە بەراستی كەلەپروسەی كەرتی تایبەت لەبواری كشتوكاڵا وەبەرهێنان بۆ ئەوە تەسك دەكاتەوە كەجوتیاریش خۆی لەبەر ئەوە دەعمی حكومیی نیە بەچی مولزەمی دەكەی بەكاری بێنێ، یەعنی نە یاسایەكمان هەیە كەمەنعی حیمایەی مونتەجاتی وەتەنی ئێمە بكا، حكومەت دەتوانێ لەریگەی مەسرەفی زیراعیەوە دەعمی بكا تەنها موجرد عەرزەكە بەناویەتی بەچی مولزەمی ئەكەی لەكاتیكدا كولفەی تیچوونی لەكولفەی ئێنتاجەكە زیاترە، ئەمرۆ لەهەرێمی كوردستانا وەكو ئەبینی حاڵەتەكە بەم شێوەیە، من پێشنیار ئەكەم كە ئەصلەن ئەوەی لابردرێت كەبۆ بەموڵكی سرف بۆ ئەوەی دوایی ئازادبێ

لەیەکەم رۆژەوە کەبۆ بەموڵکی سرف بۆی هەبێ بیفرۆشێ، بەمەرجیك بۆ لەکاتی فروشتنەکا ئێتر ئەوەش شرووتی وەزارەت هەیە کەرێنمایی بۆ ئەغرازی زیراعی بەکاربهێنرێت، لەمادەی چوارا باس لەئەوە دەکا کەبەدەلی رەمزی وەرگیرێت، ئەو بەدەلە رەمزیە، من پرسیارێك لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئایا ئەوە دەبێ بەمایەی بەشێك لەداهات بۆ حکومەتی ئیتیحادی یانا؟ ئەگەر نابێ بەبەشێك بەگوێرەی قسەی شارەزایان ئەو ئەرزە زراعیانەی لەهەرێمی کوردستاناهەن نیزیك لەسێ ملیۆن دۆونم عەرزی زیراعیی عقود زیاترە، بەو بەدەلە رەمزیانەی پارەیەکی زۆرئەکا، من پێشنیارئەکەم ئەو پارە زۆرە ئەگەر بکرێ لەرۆوی یاساییەوە، لەرۆوی دستوریەوە واریدە ئەمە وەك بەشێك ئەو داهاتە لەرێگەی مەسرەفی زراعیەوە جارێکی تر بۆدەعمی مەکنەنەی زراعە و بۆ بووژانەوەی کەرتی زراعە کە بەشێوەیەکی گرنگ وەك وتم ئابووری هەرێمی کوردستان پێگەیەنن، من پێشنیارەکەم ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی هەر چوار کەسێك قسەیەك، پاش ئەوەی چوار کەس تەواو دەبێت، جەنابی وەزیر ئەگەر مولاحەزەی هەبێت بۆ برایانی لیژنەی قانونی و کشتوکاڵ و شارەوانی ئینجا دەچینە سەر چواری تر، باپیر کامەلا فەموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەبوو، بەشێکیان کاك بارزان باسی کرد بەتایبەتی ئەوەی کە ماوەیان داناوە بۆ ئەوەی کەئەو زەوییەی کەتاپۆ دەکرێ و ئازاد بێت لەسەری، من ناچمەوە سەر ئەوە، بەڵام بەشیوەیەکی گشتی من پێم باشە ئەو یاسایە کەجەنابی وەزیر بەچاو روونی بمانداتێ و ئاماناج لەدەرکردنی یاساو ئەو گۆڕانکارییە کەپیشتر چەند یاسایەك لەکوردستان کاری پێ کراوە بەچاو رونیکدا بەتایبەتی بۆ ئەوەی کەجوتیاران چاوەروانن، ئایا ئامانجی حکومەت چییە لەئەوە، هەلەم حەفتەیەی لەکەرتی کشتوکاڵ زیندوو کردنەوەی کەرتی کشتوکاڵ بەرێکەی خۆ بەرهینان ریگە پێدراوە، ئایە ئەو ریگایە هەر تەواوکەری ئەو ریگایەیە یان گرفتێکی تردروست دەکات لە جێبەجێکردنی، چونکە سێ ساڵ زیاترە کۆمەڵێك یاسا لەکوردستان جێبەجێ دەکرێت تەقرێبەن قاڵبی گرتووەو ئۆقرەیەکی گرتووەو مەسەلەی زەوی و زاریش حەساسە دەستکاری کردنی کومەڵێك کیشە و گرفتی سەر هەڵ ئەداتەوە، لەو کێشەو گرفتانە کە سەر هەڵ دەداتەوە بۆ نموونە هەتاکو 10 ساڵ پێشتر چەند یاسایەك کۆمەڵێك کێشەی پێوە بووە، لەوانە یاسای ژمارە 90 کۆمەڵێك کێشەی هێناوە، یاسای ژمارە 117 کۆمەڵێك کێشەی هێناوە، لە کوردستاندا کێشەکان جیاوازن، خسوسیەتیان جیاوازە، مەنتیقە دەشتیایەکان جیاوازن، بنارەکان جیاوازە، خوردەماڵێك هەیە، پێشترێك لەسەر ئەوە رۆشنایمان داوە لەسەر ئەوە، بۆیە من پێم وایە وردەکاری زیاتر لەسەر ئەو یاسایە زۆر حەساسە، زۆر کێشەی لێ دەکەوێتەوە، ئەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی تر لەدوای ڕاپەڕینەوە زۆر دەست کاریی عەقدو عەقدی زراعی خۆمان کراوە بەتایبەتی لەشەڕی ناوخۆشدا کۆمەڵێك عەقد دەستکاری کراوە کەبەوەش گرفتی تری دروستکردووە، ئەو عەقدانە گۆڕاون کۆمەڵێك زەوی فرۆشراون جوتیار

فرۆشتوویتی، یەعنی کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی دادگاکانمان پێم وایە، زۆر سەرقاڵ دەکەین بەئەوە ئەگەر بتوانین لەبەر ئەوەی بەر چاو روونی بێ بۆ ئەوەی هەرکەس بزانێت بەوەی ئەمە لەلایەك، لایەکی تر ئێمە کێشەیەکی ترمان هەیە تاکو ئێستا زەویەکی زۆر نەخروەتە سەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئەوەی بۆ بەرهەم هێنان سوودی لێ دەبینرێت لەناوچەی دەشتی هەولێرا، بڵێین مەخمور دەگرێتەوە، شێخان دەگرێتەوە، دەشتی گەرمیان و کەرکوك و ئەومەنتیقانەی دەشتی بلیین دوزخورماتوو تاکو دەگاتەوە مەنتەقەی خانەقین و ئەوانە، ئەبێ تۆزێك ئەو یاسایە دوابخەین بۆ ئەوەی کاتی زیاتر دیراسەتی بکەین باشتر نیە بەرای جەنابی وەزیر ئەگەر بکرێت، من پێم وایە باشترە دوا بخرێت ئەو یاسایە زیاتر دیراسەتی بکرێت، لەبەر چاوگرتنی ئەوە، ئێمە چاوەڕێی دەکەین ئەگەر مادەی 140 کەبڕیارمان داوە و تەئجیلمان کرد بۆ ماوەی شەش مانگی تر، ئەوە شەش مانگەکەش خەریکە تەواو دەبێ، مادەی 140 جێبەجێ بێت وەتەواوبکرێت و کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ئەوە لەلایەك، جارێکی تر کۆمەڵێك یاساش لەوێ جێبەجێ بکرێت کۆمەڵێك کێشەو گرفتی لێوە ببون، من بۆیە پێم باشە ئەگەر بکرێت بۆ زیادکردنی دیراسەتی بۆ ئەوەش زیاتر خەڵك لەسەری بنووسی بۆزیاتر لەچاوو بۆچوونی خەڵك بۆزیاتر جوتیارانی، بەتایبەتی جوتیار کەمتر وشیاری یاسایی هەیە، راستە هەتا ئێستا ئەو یاسانەی کە جێ بەجێ بوون کەیاسای ژمارە (117) ش وەکو پێویست لێ تینەگەیشتوە تاکو بڵێن ئەمە یاسایەکی تر جێگەی هەردوو یاسا بگریتەوە و ئەوەی بکات، بۆیە من پێم باشە، من پێشنیاردەکەم دوابخرێ، ئەگەر نە جەنابی وەزیریش روونکردنەویەکمان بداتێ بۆ ئامانجی ئەو یاسایە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە، ساڵی پار یاسایەکمان لێرە دەرکرد، یاسای ژمارە (5) بەیاساکە، لەهاوکاری دەرکردنی یاساکە بەرژەوەندی گشتی بوو، بەڵام کێشەمان لۆ سەدان، هەزاران خەڵکی دەورو بەری شارەکان دروستکرد، یەعنی بەداخەوە لەکوردستان شارەکانمان لەناوەراستی ناوچە کشتوکاڵییەکان دەشتە کشتوکاڵییەکان، ئەوە هەولێر ئەوە سلێمانی، من هەر بۆ نمونە ئەیهێنمەوە، خەڵکی دەورو بەری (32) گوندی هەولێر زەررمەندبوون، ئەوانەی هەزار ساڵە لەسەر زەویەکانی خویانن، باووباپیریان لەسەر زەویەکان بووە، ئەنفال کراون، لەسەریان کوژراون خۆینیان ریشتیە، یەعنی بەقەدر ئەو ئاوەی کوردستان خوێنیان ریشتیە ئێستاکە بەپێی قانون خاوەنی بستێك زەوی نینە. ئەو خەڵکانە، ئێمە کێشەمان بۆیان دروستکردینە وئێستا بەوەی کومڵك و زەویەکانیان ئەخرێتە ناو چوار چێوەی شارەکان، یان ماستر پلانی شارەکان، لەکاتێکدا ئەوە زەوی کشتوکاڵیە، لەکاتیکدا ئەوانە فەلاحن ژین و ژیانیان لەسەر ئەوەیە، ئەو یاسایە لەویاسایانە کەمتر نیە، ئەوەی لەبەردەستی مندا پرۆژە یاساکە بەداخەوە هاوکاری دەرکردنی یاساکیشی تێدا نەنووسراوە، هاوکارەکان کە بەرچاو روون بین، من ئەڵێم بەدیقەت بین پیش هەمموو شتێك، من پێشنیارم ئەوەیە و

داوام لە وەزیری کشتوکاڵ ئەوەیە ئایە بەو یاسایە ئەو کیشانە چین کەئێمە بتوانین چارەسەریان بکەین، یەعنی خۆوی بەر چاوو روونێکمان بداتێ ئەوە یەك، دوو: ئایا دەرکردنی ئەویاسایە لەبەرژەوەندی گشتیدایە، بەراستی سیاسەتی حکومەت بۆ پەرە پیدانی کەرتی کشتوکاڵییە لەکوردستان و بووژاندنەوەی ئابووریی لادیێ لە کوردستانیش یان سیاسەتیکی تری هەیە لەوە، وەهەر وەها ئایا بەراستی ئەوە ئەبێتە هۆی مایەی بووژاندنەوەی کەرتە کشتوکاڵییەکان یان نا؟ یان ئەو یاسایەش، یان ئەو پڕۆژە یاسایەش، یان لەرەوانگەی چەند کەسێکەوە، یان بەرژەوەندی چەند لایەنێکەوە دیسان کراوە بەپرۆژەی یاسا و دێتە ئێرە، من داواکارم پێش ئەوەی ئێمە بچینە سەر ئەوەی بەندو بڕگەکانی تر جادوای یاخود سوودەکانی دەرکردنی ئەو یاسایە بۆ بەرژەوەندی گشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەلایەن چەنانی وەزیرەوە گەر بەرچاوو رونبکرینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەبڕگەی دوو لە مادەی یەکەم لەراستیا گەر مەبەست ئەوەبێت دوای تاپۆکردن بەردەوام بن، لەراستیا بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ باش پێش بکەوێ دوای تاپۆکردن ئەو کەسەی زەویەکە بەناوی بکرێ حەقی ئەوەی هەبێ بیفرۆشێ کەیەکەسیکی تر بتوانێ باشتر بەرهەمیبێنی بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵی لەروانگەوە باشتربێ، ئەڵام ئەگەر، پێم وابێ ئەگەر مەبەست لەوە پێویست لەو کەسانەس کەعەقدی زەویان بە ناوە؟ نیە، بەڵام تەسەروف زەویەك ئەکەن کە زەوێکە بەهین خۆیانی ئەزانن، بەڵام عەقدیان لەگەڵ حکومەتدا نەکردووە یان عەقدەکە نوێ بکەنەوە وە ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە سێ ساڵ بەردەوام بن لەسەر بەرهەم هێنانی زەویەکە دوای سێ ساڵکە بۆیان هەیە تاپۆی بکەن، چونکە بڕێك زەوی هەیە جوتیار بەدەستەوەیەتی، بەڵام عەقدی نەکردووە لەگەڵ حکومەتدا وەزەویەکەش چەندین ساڵە بەدستەوەیەتی و لەباو باپیرەوە بۆی ماوەتەوە، بەهین خۆی دەزانێ، ئەوانە من پێم وابێ مەبەست ئەوەیە، ئەگەر وابێ ئەو زەویانە سێ ساڵ بەرهەمی بێنێت دواجار حکومەت بۆی تاپۆ بکات وەکو ئەو زەویانەی کەئێسا حەقی تاپۆ کردنیان هەیە، وەکو زەوی وعەقدەکان، سەبارەت بڕگەی چوار لەراستیا وەکو کاك بەرزان ئاماژەی پێ کرد ئەو بەدەلە رەمزیە چەند ئەبێ، لەراستیا بەدەلە رەمزیەکە چونکە ئەگەر سێ ملیۆن دۆنم عەقد هەبێ لەکوردستان ئەم سێ ملیۆن عەقدە تاپۆ ئەکرێ لەسەر خەڵك، بڕی پارەکە چەند ئەبێ؟ ئایا ئێمە جەنابی وەزیر دواجا روونکردنەوە بدات ئەتوانین ئەو پارەیە لە بانکێکی کشتوکاڵیا کۆ بکەینەوە بۆ پەرە پێدانی کشتوکاڵی بەتەکنەلۆژیای کشتوکاڵی بۆجارێکی تر بەکاری بهێنن، لەراستیدا سێ ملیون دۆنم تاپۆ بکرێ بڕێکی زۆر پارەو داهاتی تیایەو ئەگەر بکرێت ئەوە بوار هەبێت لە بانکێکی کشتوکاڵیا کۆبکرێتەوە ولەخزمەتی پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵیا باخەرج بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن احمد تۆ نوقتەت هەیە وەکو موداخەلەت هەیە یان جەواب ئەدەیتەوە؟ ئەگەر موداخەلەت هەیە فەرموو پێش ئەوەی جەنابی وەزیر قسە بکات. فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، تەبعەن پرسیارەکە زۆر زۆر وەجیە دێتە پێش، ئایا ئامانجی ئەم پرۆژەیە چیە؟ وەکو برادەران باسیان کرد، برادەران ئەندامانی پەرلەمان موداخەلەیان کرد، فیعلەن هەموو شتێك ئەبێت ئامانج و هەدەفی هەبێت بەنیسبەتی ئێمە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ ئامانجەکانی ئێمە لەبەرهەمی خۆ دەگرێت، چون ئێمە بەرهەم نەوعەن وە کەمەن زیاد بکەین یەعنی لەناحیەی چۆنیەتی و چەند ئامانج زیاد بکەین، ئامانجە کە ئەمەیە، بەتەسەوری ئێمە ئەمە قانونی (117) و هقانونی (90) ئەم دوو یاسایانە کاتی خۆی حکومەتی عێراق دروستیانی کردووە و شتی باشیشی تێدایا، بەڵام ئەکید ئەکید شتی خرابیشی تیدایە کەخزمەتی رژێمی دەکرد وە ئەمە بەفەلسەفەیەك و بەعەقلیەتێکی نیزامی شمولیی دروست کراوە کەهەموو شتێك لەدەستی رژێمدا بێت و ئەو ئیدارەی بکات، وە ئێستا فەلسەفەی ئێمە گۆڕاوە، ئێمە باسی دیموکراتییەت دەکەین وسیستەمی دیموکراتیەت ئەکەین وەباسی بازاڕی حور ئەکەین و باسی ئابووری ئازاد ئەکەین، ئەکید ئەکید ئەمە جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ جیاوازی فەلسەفەی کورد، فەلەبەر ئەوە ئێمە بیر لەوئەوەمان کردووە؟ ئەمە ناگونجێت لەگەڵ مولکیەت، موڵکیەت لەدەستی حکومەتدا بێت ئێستا هەموو موڵکی زیراعی لەدەست وەزارەتی زیراعەیە وە لەدەستی وەزارەتی مالیە، ئەکید ساحیبی موڵك کاتێك تۆ موڵکیەتت نەبێت ئەکید تۆ خەمیش لیێ ناخۆی وە مونتیجێکی باشیش نابیت، فە لەبەر ئەوە بەتەقدیری ئێمە لەگەڵ فەلسەفەی ئێستا دەگونجێت وەئێمە ئەو موڵکانەی کەئەو فەلاحەی لەسەرە وەعەقدیان هەیە ئەوە سێ ساڵە حەقێکی ئیکتیسابیان کردووە کەئێمە ئێستا حەقێکی تەسەرفی بدەین ئەو جوتیارە وە ئێمە پێی بڵێین کە ئەم زەویە تۆ موستەحەقی ئەم زەویەی و با موڵکی تۆ بێ ئەکید موڵکی ئەو بێت ئینتاجەکە باشترە، جانیبی تر غیتائێکی قانونی دانەینە سەر لەو قەلەقە دەرئەکەوێ، جوتیاریش دەرئەکەوێ و ئێمەش وەکو وەزارەتی زیراعەیش دەرئەکەوین، لە هەموو دونیاش ئێستا وا دروست بووە، ئەم موڵکە ببێتە موڵکیەتی خاص و ئێمە تەشجیعی کەرتی تایبەت بکەین، فە لە بەر ئەوە بەحەقیقەت سێ مەبدەئی سەرەکیمان ئیعتیماد کردووە لە سەر دابەشکردنی ئەم پرۆژە، سێ مەبدەئی سەرەکی، مەبدەئی یەکەم: ئێمە حقووق تەسەرفی بدەینە جوتیارەکە ئەوانەی کە عقدیان هەیە وە ئەمە مەبدەئێکی بەتەسەوری من زۆر گرنگە، ئەمە بدەین و ئەمە کێشەیەکی تریشمان بۆ چارەسەر ئەکات، ئێسا ئێمە باسی فەسڵی سوڵتات ئەکەین وە لەزیراعەت فەسڵی سوڵتات نینە، ئێمە لیژانی زیراعی رەئیسی وەحدەی زیراعی لەگەڵ لیژانی زیراعی تەدەخول لە سوڵتەی قەزاییا دەیکەن، تۆ بەئەمە ئەمە عێلاج بکەی وە قانونی تەسویە پێش ئێستاش وای لێی دەکەی کە قەزائی تر کە مەشاکیلی زیراعی ببینێت نە لیژانی زیراعی بە ئیجتیهاد چارە سەری بکەن، زۆر جار موقاتەعەیەك لیژانی زیراعی بە موقاتەعەیەك دەچنە موقاتەعەیەك وەحدەی تەوزیع جاریکی تر تەماشا کرد نەتیجە ئینشیتار، فە مەعنای ئەوە

قەلەقێك دروست بووە وە تەسبێت نەبووە کە حقوقی ئەم جوتیارە لەسەر ئەم عەرزە، فە ئێمە دەڵێین جوتیارێك هەیە سێ ساڵە لەسەر عەرزی خۆیە، سێ ساڵە ئەم عەرزەی کردووە بەعەقد، حەقێکیان ئیکتیساب کردووە، زروفی خراپ بەسەریاندا هاتووە، ناتوانێت ئەم زەویە ئێستا ئینتاجی بکەت، ناتوانێت بیجێنێت، چونکە میهنەکەی نەماوە، ئێمە دەڵێین ئەگەر میهنەکەی نەمێنێت، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو حەقەی لی وەربگرین، چونکە ئەمە سێ ساڵە ئەم حەقەی ئێکتیساب کردووە وە زروفی خراپ نەیهێڵایە بچێتە سەر ئەم عەرزە، ئەو حەقەی پێ بدرێت وە ئیلزام ئکرێت ئەم زەویە ئینتاجی هەبێت، ئەگەر ئینتاجی نەبێت واز لەم زەویە بێنێت، ئێمە وەك حکومەت لێی وەربگرێت بەتەسەوری ئێمە دروست نیە ئێمە تەرکی ئەو زەویە دەکەین، بۆ ئەو وەسبەینی بیفرۆشێت بۆ خۆی وەیەکێکی تر، کابرایەکی تر جنسی عەرزی دەگۆرێت، نەفسی جنسی عەرزی بمێنێت وەدەبێت لەکۆتاییا ئەو زەویە بێتە ئینتاج باشترە، یەعنی ئینتاجی هەبێت، ئەمە مەبدەئی یەکەم، مەبدەئی دووەم : مەسئەلەی تەفکێك، ئێستا وای لێ هاتووە لەهەندێ گوندەکان وای لێ هاتووە نەتیجەی ئینشیتاری خێزان وای لی هاتووە (200) مەتر گەهیشتنە فەلاح وە بە (200) میتر ئینتاج بەرەو پێش ناچێت، بەتەسەوری من ئەو قانونە رێگا لە تەفکیك ئەگرێت، لە پارچە پارچە کردنی زەوی ئەگرێت، چونکە پارچە زەویەکان چەند بچووك بێت وەحەداتی بچووك دروست ئەبێت، ئەکید ئەکید زیراعەتیش ئینتاجی باش نابێت، چەند وەحدەی گەورەتربێت ئینتاجەکە باشترە ئێمە رێگا لەتەفکیك دەگرین بەگوێرەی ئەو قانونە، خاڵی سێیەم، مەبدەئی سێیەم: ئێمە وەحداتی گەورە پەیدا ئەکەین، چونکە ئەگەر بێینە قانونی ئیستیسمار، قانونی ئیستیسمار لێرە لە پەرلەمانی کوردستان سەلاحیات و حەق دەداتە ساحیبی شەریکات سێ هەزار دۆنم عەرزیش هەبێت وەئینتاجی بکات، وە ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە مادام ئەو قانونە وا هاتووە ئێستاش ئەم قانونە نیزیکی ئەمە بکەین، چونکە ئەوە حەق ئەداتە ئەو شەریکاتانە، بەڵام ئەوە حەقێك ناداتە موزاریعێکی خەڵکی کوردستان وەحەقی هەبێت هەتا 2000 دۆنم بۆخۆی بکرێت وەبەتەسەوڕی ئێمە ئەگەر تۆ هەدەفت ئینتاج بێت، بەرهەم بێت چەند وەحدەی گەورەتربێت ئەوندە ئینتاجەکەیش باشتر ئەبێت، بەرەئیی ئێمە 2000 هەزارمان داناوە، دوو هەزار دۆنم بۆ دەیم داناوە وەکو حەدی گەورە، وپێش ئەوە ئێمە زەوی ئاویمان کردووە 300 دۆنم ومن وا حیسابمان کردووە تا 400 دۆنم، ئێمە ئیعتیمادمان کردووەتە سەر پسپۆرانی مەحکەمەی تەمییز وە لیژنەی زیراعی لەمەحکەمەی تمییز لە موناقەشاتی ئێمە حازربوون، وە پسپۆرەکانی یاسا لەزانکۆ کان حازربوون وەلیژنەی قانونی پەرلەمان حازربوون، وەلیژنەی کشتوکاڵی بەرلەمان حازربوون، پسپۆرەکانی زیراعە ئەوانەی کە تقاعدبوون حازربوون، ئەوانەی کەێستاش لە کارکردنن ئەوانیش تێدا حازربوون وە پسپۆرەکانی کۆلیژی کشتوکاڵ لەکوردستان لەهەر چوار زانکۆکان تێدا حازربوون، ئێمە گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە ئەم سیغە باشترین سیغەیە کە ئێمە بەرهەمەکەمان باشتر بێت، چوارەم: ئیستیفادەمان لەسەر بوونی چەند وڵاتێکی ترمان کرد، وەك هەرێم ئێستیفادەمان لە تەجروبەی سوریا وە ئێرانمان کرد، ئێعتیمادمان لەسەر ئەوە کرد وەمیسرمان وەرگرت، تەجروبەی میسر وە هەنگاریا وەپۆڵۆنیا، ئەم وەڵاتانەی کەتازە لەسوشیال بەرەو رەئس مالیەت ئەچن ئیعتیمادمان لە سەر

ئەوانە کرد وەئیستیفادەمان لەسەر تەجروبەی ئەوانە کرد، لەبەر ئەوە بەتەسەوڕی من ئەم قانونە خزمەتی ئینتاج ئەکات و هەدەفی ئێمە بەرهەمە لەناحیەی چۆنێتی وەناحیی کەمی و نەوعی وەبۆ ئەوەی زیاد بکرێت هەدەفی ئێمە ئەمەیە، بەڵام ئەو مولاحەزاتانەی کە برادەران ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد ئەکید ئەکید سیعرەکە زۆر زۆر بەرزە وە تەقدیری ئێمە زۆر زۆر رەمزی ئەبێت کاتێ تەعلیمات دەر ئەکەین، دوای ئەوە کەقانونەکە دەر ئەکەین، تەعلیمات دەرئەکەین، زۆر زۆر رەمزی ئەبێت وەجەنابتانیش ئەزانن هەر پارەیەکی ئەمڕۆ ئێستا کە بهێت ئەبی بچێتە حیسابی وەزارەتی دارایی، یەعنی ئەمە قانونیکە و لەسەر ئەو ئەساسە ئەڕۆین، جانیبێکی تر کە برادەران باسیان کرد وەکو دەعمەکەی ئێمە، منیش بەتەسەوڕی من دەعمەکە بۆ جوتیارەکانە، بەڵام تەوەجوهەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە دەچێت کەلەمەودوا سەقفی دەعم و پشتەوانی زیاتر بکرێت وە ئیمە بتوانین ئەمنی غیزائی ئەم وڵاتە دابین بکەین لەئایندەیەکی نیزیکدا وەپڕوژەیەکی فراوانی موتەکاملمان هەیە وە خستوومانە بەر دەستی ئەنجومەنی وەزیران وە ئەوانیش تەفەهومێکی زۆریان لەسەر ئەو پڕوژەیە کردووەو سەقفی دەعمەکە لەمەو دوا زیاتر بێت، بەتەسەوڕی من ئەو خاڵانەی کەبەزەروڕی دەزانم ئیشارەتم پێی داو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵێک کاک باپێر ئێشاراتی پی کردبوو ئەویش دەڵی باشتر دیراسەت بکرێت پەلەی لێ نەکرێت، جەنابت وەڵامت نەداوە، من وەڵامی ئەدەمەوە، ئەوە لەسەر داوای ئێمە بوو، پەلەیی ئێمە بوو کە حکومەت ئەو پڕۆژەیەی نارد، ئەو یاسایەی کە دەرچوو بۆ ئیتفای زەوی، فەلاحێکی زۆر زەرر مەندوو، جادەڵێ گرێبەستەکان تەعویز بکرێن بە پارچە زەویەك کە رەنگە هیچ نەکات، بۆیە ئێستا کە دوا خستنی ئەوە بەردەوام بوونی زەرەرە بۆ ئەو جوتیارانە وە مەعنای ئەوە نیە سبەینێ مادەی 140 جێبەجێ کرا ئەمە تەتبیق نەبێ ئەووەختەی هەموار دەکرێتەوە، پڕۆژەی تر دێتە پێش بۆ ئەوەی چارە سەری ئەو زەویانەش بکرێت کە دەگەرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان, کاك عبد الرحمن احمد فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بۆ هەر پڕۆژە یاسایەك سەرەتا هەندێك تەوزیحات بدرێت شتیکی باشە، لەبەر ئەوەی یاساکە دەوڵەمەند ئەبێت، لەوانەیە پرسیاریش کەم کاتەوە، ئێمە لای بەرێزتان ئاشکرایە کە چەند گرنگی بدەین بەکەرتی کشتوکاڵ بۆ ئەو قۆناغەی خۆمان هێشتان کەمە، بەکورتی لەبەر ئەوەی وڵاتەکەمان وڵاتیکی کشتوکاڵیە وە لەهەموو وڵاتێکیش بەتایبەتی لەهەرێمی خۆمان بۆ ئێستامان پلانێکی زۆرو دوورمان دەوێ بۆ ئەم کەرتە، وەهەر وەها بۆ دروستکردنەوەی ژێرخانی ئابووری وە چەندین هاوکاری تریش،دیارە ئەم بەرنامەیە وە ئەم پڕۆژە یاسایەیش هەنگاوێکی باشە بۆ دروستکردنەوەی کەرتی کشتوکاڵ، زەویەکانمان بەرو دابەش بوون و پارچە پارچە بوون و دەستاو وەست رۆیشتوون، شارەوانیەکان بەرەو زەوی کشتوکاڵەکان رۆیشتوون و چەندها هۆی تریش هەن، پاشان تەشجیعی جوتیاریش و بەرهەمی زیاتر دەکەین، بۆ کەرتی کشتوکاڵ لەگەڵ ئەوەشدا چەند تێبینێەکم هەیە بۆ جەند برگەیەك، کەئێمە دەڵێین

دەبێت سوود مەند بۆ کەرتی کشتوکاڵی ئەو زەویانە بەکار بهێنێت، ئێمە چۆن دەتوانین جوتیار وەبەرهێنەر هان بدەین بۆ ئەوەی کەڕوو بکاتە کەرتی کشتوکاڵی، پیم وایە ئەو پێشنیارە کە چەند برایەك وەکو کاك بەرزان کەلەبرگەی چوار باسی بەدەل ئەکا، ئەمە هەنگاوێکە کەبتوانین تەشجیعی جوتیارو بەرهەمهێنەر بکەین بۆ ئەوەی روو بکاتە کەرتی کشتوکاڵی، ئەو بەدەلە، ئەو رسوماتە پیشنیاری لیژنەی کشتوکاڵیشیە کە بچێتە بانکی کشتوکاڵی بۆ مەبەستی کشتەکاڵی بۆ تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی، بۆ پشتیوانی جوتیار، بۆ سەلفەی جوتیار بەکار بهێنەرێ، بەلای ئێمەیشەوە شتێکی باشە، پێم وایە حکومەتیش لێمان وەردەگرێ ئەو پێشنیارە وەهەر وا تێبینیەکی تریش ئەو بەرێزانە کەباسی ئەو زەویانەیان کرد کەبۆ بەتاپۆ بۆ بە موڵك جوتیار بتوانێت بیفرۆشێت وە بکرێتە کەرتی گەورە، ئەوە بۆ ئەو زەویانەیە کە عەقد نین، هەندێ زەوی هەیە لە بەر ئەوەی لەبەر باری سیاسی کوردستان جوتیار نەیتوانیوە ئیجار بدات، پەیوەست نیە بەجوتیارەوە زەویەکە ئێستاش بەم پڕۆژە یاسایە وەزارەتی کشتوکاڵ لیژنەی پسپۆر دروست دەکا وە مەسحێکی عام دەکات، لیژان دروست دەکات عەقدی ئەکات بۆت، دوای عەقدەکە بەپێی یاسا ئەبێ سێ ساڵ تەسەرفی پێ بکات وە بەپێی یاسا دەبێتە موڵکی ئەو، تەنها بۆ هەندی حاڵەتی تایبەتە ئەوانەی عەقدیان هەیەو ئەبێتە تاپۆ  ئەتوانن تەسەرفی پێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس من لەجیاتی جەنابی وەزیر  وەڵامی کاك عبد الرحمن ئەدەمەوە، مەوزوعی تیکرار کراوە، ئەو رسوماتانەی کە دێت بۆ وەزارەتی زیراعە وە بۆ وەزارەتی دارایی تۆمار دەکرێت، لەبەر ئەوەیە کەئێستا وەزارەتی دارایی تەمویلی 100٪ ی هەموو وەزارەتەکان دەکات لەمەعاش و مەسروفاتیانەوە، ئەگەر فەلسەفەس دانانی میزانیە گۆرا تۆزێ لامەرکەزیەت بدەاتە وەزارەتەکان، وەزارەتی پەروەردە داهاتی بۆ خۆی، وەزارەتی صناعە داهاتی بوخۆی، ئەوە ئەو وەختە ئەوە دەکرێت، بەڵام ئێستا ئەو پێداویستیەی بۆوژاندنەوەی کشتوکاڵ هەردەبێ داوا بکرێت زمنی میزانیەی وەزارەتی کشتوکاڵ بێت بەو ئیقتراحاتانەی کە پشتگیری کەرتی تایبەتیش بکرێت وەهەر لەوەیش ئێمە لە کۆبوونەوی پێش چەند رۆژێك لە گەڵ جەنابی وەزیر کردمان داوامان کرد دیراسەتی ئەوە بکەن، بانکی زیراعی تازە بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاری جوتیاران بکرێت, کاك خورشید شێرە فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی 100٪ تەئیدی بریارەکە ئەکەم، تاپۆ بکرێ بەسەر فەلاحەکان، بەڵام هەندێ مولاحەزەم هەیە، تەبیعی هەدەفی حکومەت و وەزارەتی زیراعە وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد ئەوەیە کەزیاتر فەلاح ئیهتیمام بە عەرزەکەی خۆی بدات و ساحیبەتی بکات و بێپارێزێ، بەڕای من وەکو ئێمە شارەزاینە لێرەوە تا دەگاتە ئەرازی بو سوتان هەزار دۆنم زەوی هەیە وبیست ساڵیش پاش سەورەی تەموزیش لەدەستی فەلاح دایە وەکو موڵکی خۆی تەسەرفی پێ دەکا وە ساحیبەتیشی کردووە، چونکە بەهین خۆیی دەزانێ، سەبەبی گەشە نەکردنی کشتوکاڵ لە کوردستان ئەوە نیە کە نەکرایەتە موڵك سەبەبی ئەوەیە کە موستەلزەماتی

نیە، مومکن نیە بە قەناعەتی من حکومەتی ئێمە و هیچ حکومەتێك بتوانێت بەو شێوەیە کە ئێستا ئەرازی تەوزیع کرایەو بە پەنجا دۆنم و سەد دۆنم و بێست دۆنمی کە بەهەزاران فەلاح هەیە بتوانێت یارمەتی ئەو هەزار هەزار فەلاحە بدات، چونکە ئەوە پێش هەموو شتیك مەنتیقەی ئێمە مەنتیقەیەکی دەیمیە پێویستی بە ئاو هەیە، ئایا وەزارەتی زیراعە دەتوانێت ئاو بۆ ئەو پەنجا دۆنمە دابین بکات؟ لەبەر ئەوە من تەسەور ناکەم ئەو قەرارە ببێت، گەشە پێدانی کەرتی زیراعە ئەبێ موستەلزەمات بۆ گەشەپێدانی زیراعە ئامادە بکرێت، موستەلزەماتی تۆمە، ئاوە، دەرمانە، مەکنەنەیە، شتی وای پێویستە وە من لە گەڵ ئەوش نیم تەئخیر بکرێت، هەرچەند زووتر ئەو قەرارە دەر بکرێت شتێکی باشە و ئەو شوێنانەی کە تائێستا نەگراینەتەوە سەر کوردستان، کەێنێ گڕاینەوە ئەو قەرارە دەیان گرێتەوە، چونکە زۆر تەبیعیەو زۆر راستیشە، من ئیقتراح دەکەم لەجیاتی ئەوەی تەسەور ئێمە جەنابی سەروکی پەرلەمان پیشتر قانونی ژمارە (117)و (90) دەرچوو کێشەی مەلاك و فەلاح هەبوو ئێستا لەبەعزێ مەناتیقی کوردستان لە 10٪ یان لە 5٪ کەمن زۆر شارەزام دێمە مەنتیقەکان چیایین، ئەوانە کێشەی فەلاح و مەلاك بوون، چونکە مەلاك لە مەنتەقەی دەشتاوی هەر نەماون، ئەرازی هەمووی تەوزیع کرایە، لەبەر ئەوەی کێشەی فەلاح و مەلاك بمایە نەمان دەتوانی کێشەی ئەرازی فەلاحی بکەین، لەبەر ئەوەی کێشەی ئەرازی فەلاحی چارە سەر کراوە تارادەیەکی زۆر لە کوردستان لە بەر ئەوە سەبەب نیە کەئێمە کێشەی ئەرازی چارەسەر دەکەین، ئێمە دەبی بیر بکەینەوە چۆن کشتوکاڵمان گەشەدەکات لە هەموو بوارەکانەوە، بەڕەئیی من وەزعی کشتوکاڵمان لەپاش ساڵی 2000 رەوە بەرەو نەمان دەچێ، کەزۆر جاران لەو پەرلەمانە باس کرایە وەلە زۆر شوێن باس کرایە، هەتا ئێستا ئێمە تەماتە و خەیار و پیاز لە وڵاتان دەکڕین، لە بەر ئەوە وەزارەتی زیراعە ئەبێ بیربکاتەوە چۆن دەتوانێ ئەو زیراعەتە زیندی بکاتەوە بۆ پشتیوانی فەلاحێکی پەنجا دۆنمی، شەست دۆنمی چی پێ ناکرێت، سەمادی بدەرێ، دەرمانی بدەرێ، تۆمی بدەری، هیجی پێنادرێ گەر باران نەبارێ چی دەکا؟ ئەم ساڵ نەهاتە دە فەرموو برۆ قەراجم بۆ زیندی بکەوە 250 هەزار دۆنم عەرز چاندرایە، سفر بوو، ئەمە عیلاج نیە، بەم شێوەیە دەبێ ناحیەی عیلمی عیلاجێکی بۆ بدۆزیتەو وەمن ئیقتراح دەکەم تەجروبەی وەکو جەنابی وەزیر فەرمووی لەزۆر وڵاتان وەرگرتیە، دوو ڕێگا هەیە من پێشنیار دەکەم حکومەت بێری لێ بکاتەوە، شەرت نیە ئێمە ئێستا لێرە قراردەین شەریکاتی موساهیمە دروست بکات، لایەنێکی حکومەت دروستی بکات، دەعمی زیراعەت بکات، میزانیەکی بۆ دابنرێت، ئەو شەریکاتە لەهەموو بوارەکانی زیراعیەوە خوبەرای بۆ دابنرێت، وەهاشمان ئەوێت لە کوردستان هەیئەتێکی بۆ دابنرێت، موهەندسی لەناحیەی کشتوکاڵی وە زیراعەت بکا لەناحیەی شینایی لە ناحیەی سەروەی حەیوانی، دەواجن، هەموو بوارەکان، لە ئێران من بۆ برادەرانم باس کرد پێش رووخاندنی رژێمی شای ئێران شەریکەی موساهیمەی زیراعی هەبوو لە مەنتەقەی مەهاباد دارمەزرابوو ئاقاری سێ گوند، چوار گوند، پێنچ گوندی بونیات کردبوو هەمووی عەرزی فەلاحی بوو لێان نەساندبۆوە، هەیئەتێکیان بۆ دانابوو، رەئیسیان بۆ دانابوو، دائیریان بۆ دانابوو، حکومەت دەعمێکی مادی بۆ دابین کردبوو، هەر ئیختیساساتێك لەهەموو بوارەکانی زیراعەت چ لە کشتوکاڵ چ لەرووی زیراعی بەدواجن وشتی وا ئەنواعی

زیراعەت چ هەیە، ئەو عەرزە قابل چ زراعەتێکە خوبەرا دەست نیشانی کردبوو، چەوندری لێ بچێنی گوڵەبە ڕۆژەی لێ دەچێنێ گەنمی لێ دەچێنێ، هەموو شتێکی لێ دانرابوو، شەریکەکە هەموو شتێکی هەبوو، هەموو دەرمانێکی هەبوو، هەموو فەلاحێکیش لە عەرزەکەی خۆی عەمەلەبوو، پاش بەدەست هێنانی بەرهەمەکە مەساریفی کاملی مەکنەنەو تۆو و دەرمان و ئەرباحی تەوزیع دەکرد بە سەر فەلاحەکانا، شەریکەی حکومیش نەبوو شەریکەی ئەهلی بوو، ئێسا حکومەتیش دەتوانێ شەریکە بیر لی بکاتەوە، بەرنامەیەکی وادابنێ وخەڵکی دوەڵەمەندیش دەتوانێ بیکاتەوە.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا ئێمە دەڵێین تاپۆی عەرزەکەی بدەینێ وە بیکەینە موڵکی، سەد ساڵە لەسەر موڵکی خۆیەتی چی گەشەی پێ کردیە ئەگەر تاپۆمان کرد بەو شکلەی کە ئێستا هەیە، چ گەشەی پێ دەکا؟ جەنابتان باش دەزانن پەنجا ساڵیشە لە دەشتی هەولێرێ فەلاحی گەورە هەبوون دەراسەیان هەبوو، تەرکتوریان هەبوو لەسەتا پەنجای تائێستاش ئەو عەرزەی کە لە دەستی فەلاح دایە بە نیوە تۆیی دەیدا، من دوڵەمەندم ئیمکانیەتم هەیە، چوار دەراسەم هەیە چوار تەروکتورم هەیە تۆم هەیە، دەچم عەرزی سەد فەلاح دەکەم بەنیوە تۆم، دوو هەزار، سی هەزار، چوار هەزار دۆنم ئەچێنم، ئەوە بەردەوام بووە، بەڵام بە چی تەنها ئاوی نەبووە ئەوەکەی تری مومکینە هەبووە، ئێستا بیربکەیتەوە ئەو شریکاتانە چ شەریکاتی ئەهلی چ لە ڕێگای حکومەتەوە ئەگرنە بەقەناعەتی من سەد ساڵیکەش ئێمە بیری لێ بکەینەوە نیسبەت و تقدیراتی تەوزیع بکەین بەهەزار دۆنم بە سێ سەد دۆنم، بە دوو سەد دۆنم ئەوە لە هەردوو قانونەکەشدا هاتووە، من حەقم نیە لە سەر ئەوەی، بەڵام مومکین نیە فەلاحەت لە کوردستان زیندوو ببتەوە وەبەرەو نەمان دەچێت، جگە لەوەیش ئەلیرەوە لە دەشتی هەولێرەوە بگرە تا تابزی زیاتر لەچوار سەد گوندی تاکو ئێستا ئاوەدان نەبوەتەوە، فەلاحی هەمووی وا لە هولێرە لەسەر عەرزەکەی خۆی نیە، گوندەکە ئاوەدان نەبوەتەوە و ناشبێتەوە چون ئاوەدان دەبێتەوە گوندەکە؟ لەبەر ئەوەی بیر بکەیتەوە شتێکی عەمەلی بکەین، نەزەری نەکەین ئەمە چۆن بتوانین ئینقازی بەو شکڵە کە دانیریایە، من تەسەور ناکەم بتوانین موەفەق بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د. دلێر شاوەیس فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من بەوردی گوێم لە جەنابی وەزیر گرت باسی ئەوەی کرد کە کۆمەڵی پسپۆرو شارەزایان هێناوە لەیاساناس و لە زیراعیەکان و کەسانی تر، بەڵام نەمبێست کە کەسێکی ئابووری ناسیان هێنابێ، ئەم بابەتە راستەو خۆ پەیوەندی بە مەسەلەی ئیدارەو ئابووریەوە هەیە، من پێم وابێ ئەو کێشانەی کە لە یاساکانی ئەوەی کەپێی ئەوتری چارەسەرکردنی کێشەی کشتوکاڵ کەیاسای (117) و یاسای (90)، کەکاتی خۆی دەرچوون ئەمانە هەمووی کێشەی بۆ کشتوکاڵ ناوەتەوە، لەبەر ئەوەی کە شێوازی جێبەجێ کردنی ومیکانیزمی جێبەجێ کردنەکە راست نە بووە، بەراستی نەك فەلسەفەی بیرکردنەوەکەی ئەمە لە لایەك،

له لایەکی ترەوە بە ئاشكرا جەنابی وەزیر باسی ئەوەی كرد كەئێستا فەلسەفەی ئێمە گۆڕاوە، ئێمە لەسەر فەلسەفەی بازاڕی ئازاد و یاخود بەجۆرێكی تر لەسەر فەلسەفەی سەرمایە داری ئێمە ئەڕۆین، كێشەیەكی گەورە لەوڵاتی ئێمەدا هەیە، ئێمە تەسەورێكمان هەیە كە سیستمی رژێمی بەعس سیستمیكی سۆسیالیستی بووە، ئەمە هەڵەیە، ئەم هەڵە فیكری و فەلسەفی و ئایدولۆژی و ئابووری و كومەڵایەتیە بەراستی كومەڵە هەڵەیەكی گەورە بەئیمە ئەكات، بەشیك لەو هەڵانە ئەم یاسایەیە كە ئێمە دەمانەوێ دەری بكەین، دەركردنی ئەم یاسایە لە داهاتوویەكی نیزیكدا ئەبێ بەهۆی زیاتر وێران كردنی كشتوكاڵ و زیاتر نابووت كردنی جوتیارەكان و ئەو خاوەن موڵكی كشتوكاڵانەی كە پارچە زەویەكانیان بەدەستەوەماوەو لێرەو لەوێ كومەڵە نەهەنگێك و ئەختەبووتێك پەیدا ئەبێ كە ئەو زەوی و زارە داگیرئەكات و ئەوانیش فرەئەداتە ناو گەنوی شارەكان و كێشەیەكی ئابووری و كۆمەڵایەتی گەورە تر بەسەر وڵاتەكەمانا دروست ئەكا، بۆیە من پێم وایە زۆر بەوردی چارەسەری بكەین، ئەگەر ئێمە مەبەستمان بەرەو پێشەوەبردنی كشتوكاڵ و زیاد كردنی بەرهەم هێنانەو خۆ ئێمە یاسای بەرهەم هێنانمان دەركردو بواریشمان بۆ سەرمایەدارو تواناكان بەجێ هێشتوە، بۆ ئەوەی سوود لەو یاسایە وەربگرین، بەڵام تاكو ئێستا ئەوە زیاتر لەساڵ وا دەبێ بە دوو ساڵ ئێمە ئەو یاسایەمان دەر كردووەو بزان چ كێشە یان چ سوودێك لەو یاسایە وەرگێراوە یان واتا ئێمە كێشەیەكی ترمان هەیە لەشێوازی ئێدارەكردن، بۆیە من بە باشی ئەزانم بەراستی بەتایبەتی لەمادەكانی داهاتوویا لە مەسەلەی ئەو زەویانەی كە تەخصیص ئەكرێ و كە تەوزیع ئەكرێ بە سەر جوتیارەكانا وە لەسەقفی موڵك داریەكە ئەبێ ئێمە زۆر وریابێن ومامەڵەی لە گەڵا بكەین، جگە لەوە من ئەو تێبینیە سەبارەت بە خاڵی چوارەم تیكرار ئەكەمەوە، ئەگەر ئێمە بتوانین لەچوار چیوەی ئەم یاسایەدا خاڵێك تەسبیت بكەین ئەو بڕە پارەیەی كەتەملیك بەرامبەر بەئەو موڵكانەی كە جوتیارەكان بەدستیانەوەیە بەرامبەر بەعەقد بكرێت بە سەندوقێكەوە بۆ گەشە پێ كردنی كەرتی كشتوكاڵ وە بكرێت بەسەرمایەیەك بۆ بانكی كشتوكاڵی، ئەمە پێم وابێ شتێكی باش دەكەین و دەتوانین لەم یاسایەشدا جێگەی ئەوە بكەینەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز دلێر محمد شریف فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی بەشێك لە قسەكانی من د. دلێر كردی كەئەبوو من بیكەم بەراستی، لەبەر ئەوەی ئێمە لەناو خەڵكا وا باوە ئەبێ كەئێمە لەچوار چێوەی ئەوەی كەپەیوەندی هەیە بەجوتیارانەوە، ئەوەی كەپەیوەندی هەیە بەگەشە كردنی مەسەلەی جوتیاری ئەبێ ئێمە بەشێك بین لەو بەشانەی كەوا داكۆكی لەو مافەبكەین بەراستی من باس لە مافێ ناكەم لێرەیا، باس لەوە ئەكەم كە ئێمە لەو هەرێمەیا چەند ئەتوانین، چۆن ئەتوانین گەشە بە باری ئابووری ئەم هەرێمە بدەین كە بەشیك بێن لەژێرخانی، ئابووری ئێمە كشتوكاڵیەو بەداخەوە ئێستا بەرێژەیەكی زۆری وا هاتووەتە خوارەوەو كەئێستا ئەتوانین بڵێن هیچ

سوودێکی لێ وەرناگێرێ، یەعنی نەخاك و نە هەواو نە ئاوی ئەم هەرێمە ئێستا بە فیڕو ئەچێت، ئێمە زۆر جار من قەسدم تەنها لەپشتگیری کردنی د. دلێر لەوەدا بوو کە زۆر جار ئێمە فیعلن بەغەڵتا ئەوین، مەنتقی شمولیەت لەهەموو شتێکا دائەنێن وا ئەزانیین کە غەڵەتێکی گەورە، کراوە خۆ ئێمە هەموومان لە رووی دەسەلاتداریەوە پشتگیری شمولیەت ناکەین، چونکە شمولیەت ئێسپات بوو کە دەسەلاتێکی غەڵەت بووە لە مومارەسەرکردنی دەسەلاتا، بەلام ئایا ئەو دەولەتانەی نەمەتی سۆشالیستیان بەکار هێناوە لە رابردووا لەڕووی ئێنتاجی زراعیەوە بە غەڵتا رۆیشتوونە تائێستا، من وای ئەبینم کە زۆر دەولەتانی کەتا ئێستا مومارەسەی ئێسلوبی ئێشتراکیەت و ئێسلوبی تەعاونیاتیان کردووە زۆر گەشەیان زیاتر کردووە لەرووی زیراعی و کشتوکاڵیەوە لەوانەی کە لە نەمەتی سەر مایەداریە، خۆ ئەمە مەعنای ئەوە نیە کە بەکلاسیکیەت بێر لەو مەسەلەیە بکەینەوە، بەمەنتقێك کەوایە ئەبێ تەنها لەڕووی موفرەداتی ئایدیۆلۆجیەوە قسەی لەسەر بکەین، نەخێر ئێمە لەم هەرێمە بەراستی پێویستیمان بە گەشە کردن هەیە، پێویستیمان بە سەر مایە داریش هەیە، بەئێنتاجی زیراعیی سەرمایەداریش، پێویستمان بە فەلاحیش هەیە، کەواتا پێویستمان بە مەبدەئی تەدەخولی حکومەت هەیە بەراستی، مەبدەئی تەدەخولیش بەو مەعنایەی کە فەلاح بە تەنها هیچ کاتێك ناتوانێت گەشە بەبواری ئابووری بدا بەبێ دەستێوەردانی حکومەت خۆی، بەبێ تەدەخولی خۆی کەواتا من موتەفیق ئەبم لە گەڵ قسەکانی کاك خورشید شێرە کەپێش من وتی ئەگەر کەرەستەی پێویستە موستەلزەماتی پێویست ئامادە نەکرێت بۆ فەلاح بەراستی زۆر زەحمەتە فەلاح بەتەنها بتوانێ گەشەی ئابووری بکا، ئەمەش بەراستی دیسان جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئێمە ناتوانین یان ناکرێت بە مەنتقێك بیربکەینەوە کە ئێمە ئەگەر زەویمان زۆر فراوان کرد بۆ خەڵکانێکی تاك بەتەنیا ئەتوانن لەرووی ئیستیسماری زیراعیەوە ئەوان گەشەی پێ بکەن، دیسان غەڵەت ئەکەینەوە ئەگەر بەمەنتیقی ئەوەی کە ئێمە راست بووینە یان غەڵەت ئیستیسماری زیراعی کەبڕیارمان لیێ دا کەیاسایەك لێرانەدا کەگوایە ئەو مەسافەیە زۆرە سی هەزار مەترە، ئەمە سێ هەزار دۆنمە ئەکرێتە سەرچاوەیەك, من بە قەناعەتەوە دەیڵێم غەڵەتێکی گەورە بوو لەوەیان دا, رۆژێك لە رۆژانیش دەبێت لەو پەرلەمانە دا چاك بکرێت, چونکە قەناعەت ناکەم ئەو زەوی زۆر کردنە بۆ ئەو مەجالە هۆیەك بێت بۆ گەشە کردن, لەبەر ئەوە من نامەوێت ئەو رەبتە بەیەکەوە رەبت بکەین مادام لەوێ 3 هەزار دۆنمان داناوە بۆ ئیستسماری صناعی و هەتا زراعیش, لێرە دەبێت بەو ئاستەی بەرێت, چونکە من پێم وایە ئەمە جۆرێك لە دەرەبەگایەتیەکی نوێ دروست دەکات لەسەر نەبتێکی نوێ, بۆیە ئەگەر لە بڕگەی یەکەم حەدێك یان سەقفێك دانەنێین وەکو ئەوەی سەرۆکیپەرلەمان لە پێشتر دا مولاحەزەیەکی دا, یەعنی بۆ نموونە ئەگەر ئێمە مەوسمی زراعی دانەنێین لە ماوەیەکی دیاری کراو تەحدیدی نەکەین لە ماوەی چەند مەوسمێکی دیاری کراودا, ئەگەر ئەو کەسە کار لەسەر ئەو زەویە نەکات بە قەناعەتی من ئەو زەویە هەروا دەمێنێتەوە و سوودی لێ وەرناگیرێت, لەبەر ئەوە من وای دەبینم بێ مەوسمی زراعی فعلەن زۆر چاك و گونجاوە, کە مەوسمی زراعیش وازحە کە چۆنە, من نامەوێت دیسان ئەوقسەیە دووباری بکەمەوە بەراستی ئێمە بانکی زراعیمان زۆر پێویستە و فعلەن ئەو پێشنیارەی کاك عدنان لە کۆبوونەوەی لیژنەی قانونی

کردی زەرورەت وایە ئەم بانکە هەبێت, راستە هەموو رسوماتی ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی مالیە, بەڵام ئەمە نابێت, راستە وەزارەتی مالیە موکەلەفە دارایی بۆ هەموو وەزارەتەکان دابین بکات, نابێتە هۆیەك بۆ ئەوەی خاسیەتێکی تایبەت بدات بە بەشی کشتوکاڵی کە ئەویش تەنها لە رێی بانکەوە کەوا دەکرێت, ئەو رسوماتانە لەوێ کۆبکرێتەوە باشترە و خزمەتی بواری کشتوکاڵی دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا خۆ پێشنیارێکی باشە و قسەکانتان زۆر بە سوودن, بەڵام بەشێکی جانبی فەلسەفی وەرگرتووە, بەڕاستی هین نییە بڕۆنە سەر ماددەکە بزات, یەعنی موقتەرەحات لەسەر ماددەکە خۆشە ئەگەر بێت و مەجال هەبێت موناقەشەکە خۆشە و دەوڵەمەندی سەقافەتیشمان دەکات, بەڵام تکام وایە لەسەر ئاستی ماددەکە رەئیتان هەبێت, کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس ئەوەی من دەمویست بیکەم باسکرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش سوپاسی تۆ دەکەم. کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری رەئی برای بەڕێزم کاك بارزان دەکەم کە لە برگەی دووەم لە ماددەی یەك, لە واقعی ئێستای ئێمەی زراعی کە کەرتێکی موعەتەڵە تەمامەن, ئەگەر دەعم هەیە یانیش ئەگەر هەبێت زۆر کەمە, هیچ قەوانین یان حیمایەتی ئینتاجی مەحەلیمان بە شێوەیەکی باش نییە, حدود مەفتوحە و هەموو شت دێت بە بێ زەوابت و بەبێ زەرائیبی باش, لێرە ئەگەر ئێمە ئەو برگەیە تەبیق بکەین بڵێین سوودمەند ئەو زەوی زراعیە بە کاربێنێت, ئەگەر نا حەقی تەسەروفی نابێت و تەسبیتی بۆ ناکرێت, هەروەها تەسجیلیش ناکرێت بۆی, بەوە وابزانم موشکیلەیەکی زۆرتر خەلق دەکەین, تا ئەو دەعمە بە عەمەلی و حەقیقی نەبێت, ئەو قەوانینی تریش نەیەن, ئەو کێشەی حدودە کە هەموو شتێك دێت بۆمان چارەسەر نەکرێت, ئەمە تەتبیق نابێت و لە زەرەری ئێمەدا دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو، سێ تێبینیم هەیە، یەکێکیان جارێ ئەو یاسایە زۆر چاکە، چونکە هەردوو یاساکە یەك دەخاتەوە، چ مەنتیقەی ماددەی 140 , چ مەنتیقەکانی تر دەبێت بەیەك یاسایەك، چونکە هەردووکیان لە دوو شوێن جێ بەجێ کراون 90 و 17 بۆ ئەوە چاکە، لەسەر ماددەی 1 بڕگەکە ڕەئیم وایە لەسەر بڕگە 1 ماددەی 1 لە کۆتایی بڕگەکە زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو جوتیارە تەنها کاری جوتیاری بکات، یەك موشکیلەی گەورەمان ئێمە هەیە، ئێستا زۆربەی زۆری خەڵك تەعینە، بەڵام بەناوی جوتیارەوە ئەرزی حجز کردووە، دەبێت جوتیار بەڕاستی جوتیار بێت، نەك موزەفی حکومەت بێت و جوتیاریش بێت، ئەگەر ئەمە زیاد بکرێت ئەوا ئەو کەسە بۆی هەیە تەنیا جوتیار بێت، ئەگەر نادەبێت زەویەکە بگەڕێتەوە بۆ جوتیاران، نەك بەدەست فەرمانبەرانەوە بێت، لە بڕگەی 2ی هەمان ماددە، ئەگەر بۆی زیاد بکرێت کە جەنابت گوتت، ئەگەر سێ ساڵ ئینتاج نەدات، چونکە ئەوە هەیە من خۆم زەویم هەیە 10 ساڵە دواکەوتووە و کەس زەرعی ناکات، یان برادەرێکی تر هەیەتی، ئەگەر 3 ساڵ و سێ وەرز ئەو جوتیارە نەیتوانی ئینتاج بدات، دەبێت زەویەکەی لێ وەربگرێتەوە، بەراستی ئەوەیە کوردستانی کوشتووە، من تەئیدی ئەو ڕەئیەی کاك خورشید شێرە دەکەم، کە هەوڵ بدرێت یەعنی چاکسازی باشتر بکرێت، ئێمە ئەگەر بە نەوعە بێت دیسان تا هەموو ئەرزەکان کۆمەڵێك فەلاح هەن زەوی کەمی بەدەستەوەیە با بدرێت بە ئەو یەکێکی دەوڵەمەندی گەورە ئەو کاتە شارەکان وێرانتر دەبن و گوندمان نامێنێت، چونکە کە شار قەرەباڵغ بێت گوندیش کەم دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو، سێ تێبینیم هەیە، تەبعەن بە نیسبەت زیراعەت، یان بڵێین کشتوکاڵ بەشێوەیەکی گشتی زیاتر بارەکە دەکەوێتە سەر ملی حکومەت، حکومەت دەبێت ئەو کەرتە یان ئەو کشتوکاڵە تەشجیع بکات، بەڵام چۆن تەشجیعی دەکات؟ مەوادی پێویست بۆی تەوفیر بکات، ئەو مەوادە ئەگەر هەبێت، دەبێت جوتیار ئەو زەویەی کە لەبەر دەستیەتی ئیستیفادەی لێ بکات و ئیستغلالی بکات بۆ بەرهەم، ئەگەر هاتو ئەو کابرایە ئەو زەویەی ئیستغلال نەکرد و ئیمکانیاتیشی بدرێتێ دەبێت محاسەبە بکرێت، ئەوە یەکەم، دووەمیان: ئێمە هەموو ڕۆژێك هاوارمان لێ هەڵدەستێت و دەڵێین گرانیە لە بازاڕ، راستە گرانیە، بەڵام بۆ گرانیە، ئێمە تەماتە و خیار لەسوریا دێنین، بەداخەوە ئێمە ئەو زەویەمان، ئەو هەموو ئاوەمان هەیە ئیستغلالی ناکەین، ئەمە هۆی خۆی هەیە هەروا بە هۆ نییە کە ئێمە ئیستغلالی ناکەین، هۆیەکەشی ئەوەیە کە دەبێتە مەوسمی زیراعەت، ڕەزو باخ و میوەو ئەو شتانە مانگێك، دوو مانگ کەس نییە ئەوانە بکڕێت، یەعنی موشتەری نییە، ئەو شتەی بکڕێت، کەس نییە ئەوخواردنەی کەئینتاج دەکرێت بازاڕی بۆ پەیدا بکات، ئەمە پێویست بە شتێك دەکات، دەبێت حکومەت فکر لەوە بکاتەوە، ئێمە کە تەماتە دەچێنین بۆ نموونە یان شتێکی تر ساردخانە هەنە، ئەگەر ساردخانە دروست بکرێن، نەك هەر مانگێك یان دوو مانگی

هاوین کەس تەماتەی نەکرێت و حەقی کرێی سەیارەشی پێ دەرنەچێت, بەڵام ئەگەر ساردخانە هەبێت هەم میوەجات و هەم مەوادی تر دەتوانن خەزن بکەن بۆ وەختێکی کە وەختی زراعەت نییە, ئەگەر ئێمە ئەوەمان کرد, هەموو وەختێك مەوادی خۆماڵی خۆمان دەبێت پێویستیمان بە دەرەوە نابێت, جوتیار ئەگەر بزانێت ئەو گەنمەی کە کردوویەتی بازاڕ هەیە ئەو گەنمەی لێ بکڕێت, بەردەوام دەبێت لە کارەکەی, زۆر جار فەلاح هەبووە گەنمی کردووە و کەس نەبووە لێی بکڕێت هەوا ماوەتەوە, لەبەر ئەوە دەبێت بازاڕی بۆ پەیدا بکات, دەبێت جێگای بۆ پەیدا بکات, ئەو مەوادەی کە لە هاوین ئینتاج دەکرێت بۆ زستانیش ئیستیفادەی لێ بکرێت, هەر وەکو جێگای تر ئەمە شتێکی ئەساسیە بۆ ئەوەی زیاتر جوتیار تەشجیع بکرێت, حکومەتیش لەسەریەتی تەشجیعی ئەو کەرتە بکات نەك هەر زیراعەت, بەڵکو حەیوانات و دەواجن و هەموو ئەو شتانە, لەبەر ئەوە پێویستە ئیهتیمامی پێ بدەن و لەلایەن حکومەتەوە تەشجیع بکرێت, لە لایەکی ترەوە موراقەبەیەك لەسەر ئەوە هەبێت, زەوی وەربگرم و هیچ کشتوکاڵی تێدا نەکەم, یەعنی هیچ ئیستیفادەم نەکرد, هیچ ئیستیفادەم بۆ میللەتی خۆشم نەبوو, بازاڕ هەر گران دەمێنێتەوە هەروەك چۆن ئێستا دەیبینین, ئەو بازاڕە بارگرانیەکی زۆر گەورەیە لەسەر ملی میللەت, لەبەر ئەوە شتی خۆمان نییە و شت لە دەرەوە دێنین, کە شتیشمان لە دەرەوە هێنا دوو بەرامبەر لەسەر ئێمە ڕادەوەستێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ مەبدەئی یاساکەدام, بەڕاستی لەگەڵ ئەوەدام کە زەوی بدرێتە جوتیار کە چەند ساڵە بەکاری هێناوە, بەڵام داواکارم کە ئەو یاسایە لەو وەختەدا دوابخرێت, ئێستا کاتی جێ بەجێ کردنی نییە لەبەر چەند هۆکارێك, یەکەم, بەتایبەتی ئەو خاڵ'ی کە برادەرانی تریش باسیان کرد, مەسەلەی ناوچە بەعەرەب کراوەکان, ناوچە بەعەرەبکراوەکان هەر ئەوە نییە کە جەنابت گوتت لەوانەیە بگەڕێنەوەو جێ بەجێ بکرێ, کێشەی زۆر گرنگ تر لەوە هەیە, یەك لە کێشەکان مەخمور بە دەشتی مەخمور و قەراج و گوێر و کەندێناوەشەوە 2700 هەزار دۆنمە, هەر هەمووی ئەتفا کراوە بۆ وەزارەتی مالیەی عێراقی, تا ئێستاکە ئەو بڕیارە هەڵنەوەشێندراوەتەوە ئەوە یەك, دووەمیان: ئەو زەوی و زارانەی کە موڵ:یش بوونە ئەوانیش هەمووی ئەتفسا کراون بۆ وەزارەتی مالیەی عێراقی, لە هەمان کاتدا ئەو عەقدانەی کە کراوە, عەقدەکان بەناوی عەرەبە هاوردەکان بوونە, دراوەتە عەرەب تا ئێستاکە ئەو عەقدانە هەڵنەوەشێندراوەتەوە, لەو کاتەدا بەرەسمی بەناوی عەرەبەکانە, بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ گوتی ئێمە سوودمان لە ئەزموونی سوریا وەرگرتووە' من حەز دەکەم ئەوە بزانین کە ئەزموونی سوریا خراپترین ئەزموونە لەم رووەوە, چونکە بەدرێژایی سنووری سوریا لەگەڵ باشووری کوردستان دا و بەقوڵایی 10 کم شوورەیەکی عەرەبی دروست کراوە, هەموو جوتیاری کورد دەرکراوە و عەرەبە هێندراوەتە ئەوشوێنانە و

زەویەکان بەناوی عەرەبەوە تاپۆ کراوە, بۆیە ئێمە ناتوانین سوود لە ئەزموونێکی خراپ وەربگرین بۆ کوردستان, ئەوە خاڵێك, دوو, لە رووی ئاوەدانکردنەوە, یەعنی جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە تا رادەیەك دژی مەبدەئی حکومەتی کوردستانیشە, لەبەر ئەوە حکومەتی کوردستان لەسەرەتای ئازادکردنی ئەو ناوچانەدا گوتی عەقدە زراعیەکان نوێ ناکەینەوە تا جوتیارەکان نەگەڕێنەوە گوندەکان, ئەگەر نا نوێ نەدەکراوە, بەڵام ئێستا تۆ بێی زەویەکە تەملیك بکەی جوتیارەکە ناگەڕێتەوە گوندەکەی, کە جوتیاریش نەگەڕاوە گوندەکەی پەرە بە کەرتی کشتوکاڵیش نادرێت, منحەز دکەم ئەوە بڵێم کە پێشتر حکومەتی عێراقی ئەو گوندانەی تێك دا لەوەوە ویستی ژێرخانی کوردستان هەڵتەکێنێ, چونکە بەشێك لە ئابووری کوردستان, بەشی سەرەکیشی کشتوکاڵە, بەڵام کە گوندەکانیانخەراپ کرا ئینتاجی کشتوکاڵی نەما و میللەتەکەش بووە میللەتێکی بەکاربەر نەك وەبەرهێنەر, بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو یاسایە دوابخرێت, گرفتێکی تریش هەیە لەو مەسەلەیە بە تایبەتی لە کەندێناوەو ناوچەی سەرگەڕان, زیاتر لە 320 بیرە نەوت هەیە, ئەو بیرە نەوتانە هەمووی لە زەوی کشتوکاڵی و زەوی موڵك دایە ئەو زەویانەش هەمووی ئەتفا کراوە, ئێمە ئەو گرفتانەمان هەیە, تاوەکو ئەو گرتفانە چارەسەر نەکرێت,ناکرێت ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێت, بۆیە پێم وایە دواخستنی باشترە, بەجێ بەجێ کردنی ئەو یاسایەش ناچێت تەعویز بۆ ئەو یاسایەی مەسەلەی ئەتفای زەوی و زار کە داخلی ماستەر پلان بووە, مەسەلەن تۆ جوتیارێك لە گەزنە زەوی لێ سەندراوەتەوە, دەچی لە قوشتەپە زەوی دەدەیتەوە چ تەئسیر لە وەزعی وی ناکات, خاڵێکی تر ئەوەی من تێبینی دەکەم ئەو یاسایە کە لە 2007/11/20 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا و ئاراستەی لیژنەی دارایی و ئابووریش کرا, بەڵام نازانم بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری راپۆرتی نییە لەسەر ئەم یاسایە, خاڵێکی تر ئەوەی کە لێرە پێویست دەکات ئێمە هەڵوەستەی لەسەر بکەین بە تەنها هەر ئەو مەنتیقانە نییە لەدەشتی هەولێر, کەرکووکمان هەیە, شێخانمان هەیە, شەنگالمان هەیە, یەعنی ئەو ناوچانە هەمووی ئەو گرفتانەیان هەیە, ئەتفاکردنی زەویەکانیان و کردنی عەقد بۆ عەرەبە هاوردەکان, تاوەکو ئێمە ننەگەینە نەتیجەیەك ئەو خەڵکانە زەرەرمەند دەبن, لە رووی رەسمیاتەوە عەرەبەکە دێت عەقدەکەی خۆی دەهێنێت و دەڵێت ئەوە عەقدەکە کە بەناوی منە, بۆیە دەبێت تۆ بچی زەویەکە بەناوی ئەو بکەی, بەشێك لەو عەرەبانە هاوڵاتی ئەو ناوچانەشن, لەرووی یاساییشەوە حەقی خۆیەتی داوای ئەوە بکات, لیژنەی یاسایش لەوێ دانیشتوون, بۆیە بێ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەو بێ ئەوەی کە لەرووی نزاعاتی موڵکی ئەوانە یەکلایی نەکرێنەوە, ئەو یاسایە جێ بەجێ کردنی قورس دەبێت, جارێکی تر ئێمە غەدر لە جوتیاری کوردستان دەکەینەوە, بۆیە بەراستی پێویست دەکات, ئێمە راست بین, هەر یاسایەك کە دەردەچێت کۆمەڵێك خەڵك تێیدا سوودمەند دەبێت و کۆمەڵێك خەڵکیش زەرەرمەند دەبن, بەڵام دەبێت دەبێت ئێمە بزانین چی دەکەین, بۆیە ئێمە شتێك بکەین زیاتر بەرژەوەندی خەڵك رەچاو بکەین, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبڕگەی چوارەم قسەی منیان کرد سوپاسیان دەکەم, هەروەها تەئیدی کاك دلێر دەکەم لەسەر بەدیلی رەمزی, لە بڕگەی دووەم پێشنیارێك دەکەم کە لەپاش (پێچەوانەوە یان بعکسە) شتێك زیاد بکەین بڵێین (ومع تلیقة الدعم الحکومي) ئەمە جیاواز نابێت لەگەڵ بازاڕی ئازاد, بەڵکو تەوازونەك دروست دەکات لە نێوان حکومەت و مونتج, لەسەر هەموو زغوتاتی ئەمنی ئەمریکا و صندوقی نەقدی دوەلی و بانکی دەولی و تیجارەی عالەمی, لەسەر ئیتیحادی ئەوروپی کە دەعمی مونتەجی زراعی تێدایە بچێت بۆ بازاڕی ئازادی ئەمریکی, بەڵام ئیتیحادی ئەوروپی رەفزیان کرد و تەئجیلیان کرد بۆ 2013, ئەمە نموونەیەکەلەسەر بازاڕی ئازاد کە مومکینە هەندێك شت تەئجیل بکرێت بە پێی حاڵەتی هەر کۆمەڵگایەك و دەوڵەتێك بە تایبەتی بۆ ئینتاجی زراعی ئێمە زۆر پێویستیمان پێیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا سەرەتا قسەکەی کاك ئاریز کە باسی ئەو زەویانەی کرد کە ساڵی رابردوو یاسای ئەتفا لەو پەرلەمانە دەرچوو زیاتر لە 33 گوندی دەشتی هەولێر کەوتنە دائیرەی ئەو ماستەر پلانەی کە 10 کم لە دەوروپشتی هەولێردا باس لە ستراتیژیەتی وەزارەتی زراعە دەکرێت, کە ستراتیژیەتی وەزارەتی زراعە وەکو جەنابی وەزیر ئیشارەی پێدا بۆ زیاد کردنی بەرهەمە, بەڵام بە پێی ئەو ماستەر پلانە کە زیاتر لە جوتیارانی 30 - 40 گوند ئەو زەویە زراعیەی کە باشترین گوندی زەوی زراعی و حەوزی ماسی و بیری ئاوو ئەو زەویە باشانەی دەوروپشتی هەولێر ئەوانە بە پێی ئەو یاسا ئەتفایەیە, یەعنی ئەو جوتیارەی زیاتر لە 30 - 40 گوندی دەشتی هەولێر تەخت دەکرێن یان تەخت کراون وەکو خۆیان دەڵێن بەو ماستەر پلانەی کە ئەوان ناویان لێناوە ماستەر پلان بەسەر جوتیارەکانی دەوروپشتی هەولێردا, لەبەر ئەوەی کە لە جیاتی زەویە زراعیەکانیان, زەویە کشتوکاڵیەکانیان, ئەوەی کە بژێوی ژیانیان لەسەرە زەوی و خانووبەرەیان دەدرێتێ وەکو تەعویز, بەڕاستی وەکو پرسیار لە وەزیر کراوە گەیشتووەتە کوێ ئەوئیشە کە بەڕاستی جوتیارەکان بارگرانن, جەنابی وەزیر ئامانجی وەزارەتەکەی وەکو ستراتیژ زیادکردنی بەرهەم شتێکی زۆر باشە, بەڵام وا دەزانم بۆ ئەو ئامانجە هەنگاوێکی تەمهیدی پێش جێبەجێ کردنی ئەو یاسایەی کە قەرار بێت دەرچێت لە پەرلەمان ئەویش حەسمی نیزاعاتی ئەو زەویانەی کە لە کوردستان دا ئەو گوندانەی کە نیزاعیان تێدایە, ئەو زەویانەی کەوای کەوا بە درێژایی ساڵ و زەمەنێکی زۆر گرفتی تێدابووە, سێ زاراوە هەیە لەوە دەچێت وەزارەتی زراعە و یاساییەکان ئیعترافی پێ نەکەن, کە مەلاك و خوردەمالك و جوتیارن, لە موستەڵەحاتی زراعە و وەزارەتی زراعە لەوە دەرچێت, بەڵام زراعی بەدەستەوە بووە و هەموو ئەو قانونانەی کەوا لە رژێمی پێشوو لەساڵی 1953 کە لە زەمانی تسویە تا دەگاتە قەراری 90ی ساڵی 1975 و قەراری78 و

117 و ئەوانـە, یەعنی ئێستا زۆر گوند کە ئاوەدان نەکراونەوە لەبەر ئەوە نییە کە جوتیارەکە یان خاوەن موڵکەکە حەز نەکات زەویەکەی زەرع بکات, لەبەر ئەوەی کە بەفعلی گرفتی هەیە, نیزاعـی هەیـە, کێشـەی جدی لە زەویەکاندا هەیە, ئایا وەزارەتی زراعە چ هەنگاوێکی ستراتیژی بۆ حەسمی ئـەو کێشـانە نـاوە؟ ئایـا ئەو یاسایەی کە خوێندرایەوە هەم لیژنەی یاسایی و هەم لیژنـەی زراعـە حـەسمی ئـەو کێشانە دەکـات, بـۆ ئەوەی کەوا باس بکرێت, ئینجا دوو دەعـم دەعمـی یاسایی کـە بـەناوکردن و دڵخۆش کردنـی جوتیـار یـان خاوەن موڵك بە زەویەکەی و دەعمی تەکنیکی کـە بـرادەران باسـیان کـرد ئـەوە گرنگـە, چـونکە وەکـو کـاك عبدالرحمن باسی کرد کابرا زەویەکەی کردووە بە گەنم, بەڵام ئەو مەسرەفەی کە کردوویەتی لە بازاڕ نیـو ئەوەنـدەی بۆ ناکاتەوە, کەواتە ڕادەوەستێت و واز لە زەویەکەی دێنێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پرسیارێکم هەیە, ئەگەر بەپێی ئەو یاسایە بێت کەواتە حکومـەت هـیچ زەوی نامێنێـت و خۆشـی لەبەر دەباتە دەرێ لە تەشجیع کردنی و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی, کە حکومەتیش دەعم نەکات باوەڕناکەم بە هیچ شێوەیەك مەسەلەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە وڵاتەکەمان گەشە بکات و خەڵك لێی سـوودمەند بێت, کەس ناتوانێت لە خۆڕا گەشە بە زراعە و کاری کشتوکاڵی بدات ئەگەر حکومەت سەهمی تێدا نـەبێت یان موساهەمە نەکات یان هاوکار نەبێت, ئەگەر بە پێی ئەوە بێت نازانم وەزارەتی زراعەش مەعنای بوونی نامێنێت لە کوردستان, ئەگەر هـیچ زەویـەکی نـەبێت حکومـەت وەزارەتـی زراعـەش کـەوا موبـەرری بـوونی نابێت و ناش بێت لەمەودوا, من پـێم وایـە دەبوایـە ئـەو یاسـایە کەیاسایەکی گرنگـە وە لـە دوا رۆژ رەنگـە سەرئێشە بۆ زۆربەی زۆری پێکهاتەکانی دانیشتووی کوردسـتان دروسـت بکـات بـە حیـزب و حکومەتیشـەوە ئەو یاسایە بەئاسانی تێپەڕ ناکرێت و ئێمە دەبوایە زیاتر دیراسـەی بکـەین, بـەڵام بـەرەئی مـن دەبـوو ئـەو یاسایە تەنها باسی ئەو عەقدە زراعیانـە بکـات کـە لـە سـنووری فراوانکردنـی ماسـتەرپلانی شـار کـە گـەورە دەبێـت ئـەو جوتیارانـەی زەویـان هەیـە و بەبـەر شـارەوانی دەکـەوێت تـەنها و تـەنها ئەوانـە قـەرەبوو بکرابوونایەوە, ئەوانەی تر بەرەئی من ئێستاش عەجەلـەی لـێ نـەکرێت باشـە, چـونکە پەلـە کردنـی وەکـو ئەوەی کە کاك غفور باسی کرد فعلەن ئێمە چـەندین شاروشارۆچکە و مەنتیقـەی فراوانمـان هەیـە, فعلـەن زەویەکان بەناو عەرەبی هاوردەیە, یەعنی بە تەواوی پشتگیری ئەو رەئیە دەکەم, جگە لەوەش زۆربەی ئەو عەقدە زراعیانە بیرە نەوتی تێدایە, ئەدی یاسای نەوت دواتر چۆن حەل دەکرێـت؟ بـەرەئی مـن پێشـنیاری ئەوە دەکەم, تەنها ئەو عەقدانەی لەگەڵ فراوانکردنی شـارەوانی و شـارەکان, جوتیارەکـان زەرەرمەنـد دەبـن تەنیا ئەو جوتیارانە قەرەبوو بکرێنەوە و ئەوانی تر کێشەمان بۆ دروسـت دەکـەن, لەلایـەکی تـر مەسـەلەن ئێمە مەلاك دروست دەکەینەوە, ئێمە وەکو حیزبەکان بەعام چەنـد شۆڕشمان کرد لە دژی مەلاك, 2 هـەزار دۆنمی پشتاو دەدەیە جوتیار بەڕاستی ئـەوە دیسانەوە کێشـەمان بـۆ دروسـت دەکـات, لەوانەیـە شۆڕشـی تـر

دروست بێتەوە لە دژی مەلاك, دیسانەوە من رەجا دەكەم تەنها ئەو خاڵە جێبەجێ بكەن كەلەگەڵ فراوانی شار جوتیار لێی زەرەرمەندە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكو جەنابت پێشتر ئیشارەتت پێدا, ئەم یاسایە لەسەرەنجامی یاسای ژمارە پێنجەوە هاتووە كە جوتیاری كوردستان سوود لەو زەویە و ئەرزە وەربگرێت كە بەدەستیەوەتی, من لە بڕگەی $2$ی ماددەی $1$ دا هاوڕا دەبم لەگەڵ كاك بارزان دا, لەبەر ئەوەی لە ماددەی$1$ بڕگەی $1$ حەقی تەسەروفت داوەتێ و بۆشی تەسجیل دەكەی بەناوی جوتیارەكەوە, پێم خۆشە زەوی بكرێت بەناوی جوتیارەوە, كە كرا بەناوی جوتیارەوە حەماسی زیاتر دەبێت, هەوڵی زیاتر دەبێت بۆ بەرهەم هێنان, بۆ ئەوەی ئیستیفادە لە ئەرزەكەی بكات و ئەرزەكەی خۆی زیاتر خۆش بوێت, بەڵام ئەمە بەتاقی تەنیا نابێتە هۆی ئەوەی كە بەروبوومی كشتوكاڵی لە كوردستان دا پەرە بسێنێت و زیاد بكات و بەرهەمی زراعیمان زیاتر بێت, من پێم وایە كە ئێمە حەقی تەسەروفمان دایە و بەناوی ئەوەوە تەسجیل بكرێت, سورەتێكی قەید بە تاپۆ كە ئەوە جۆرێكە لە جۆرەكانی حەقی مولكیەت بۆچی بۆشی نەبێت هەموو تەسەروفێكی قانونی لەسەر ومولْكەكەی خۆی بكات, حەقی تەسەروف حەقێكە لەو حەقانەی كە مەتەسەرف بۆی هەیە رەهنی بكات, ئیزالەی بكات و بیفرۆشێت و زەرعی بكات بە هەموو نەوعە یاسایەك بەكاری بهێنێت, لەبەر ئەوە پێم وایە ئەو فەقەرەی $2$ هەر لە ئەساسەوە نەمێنێت لە ماددەی $1$ دا, بۆ ئەوەی فەلاح خۆی ناتوانێت, چونكە فەلاحی كورد بە تەئكید ئێستا ناتوانێت بە وجودی سورەت قەیدێك زەویەكەی بەرێت بەڕێوە و ئینتاجی زراعی زیاد بكات, كە ئەو ناتوانێت با ئەو فرسەتە بدەینە دەست كەرتی تایبەت, بۆ ئەوەی بتوانێت بەو رەئسمالەی كە هەیەتی بەكاربهێنێت و ئینتاجی بكات, با فەلاح مادام حەقی تەسەروفی هەبێت با كامل بێت حەقی تەسەروفەكەی, بۆیە ئەو بڕگەی $2$ ئیلغا بكرێت و قەیدی بۆ دانەنێین بۆ ئەوەی بتوانێت سبەی كە پێویستی پێی هەبوو بیفرۆشێت, لەلایەكی ترەوە باس لەسەر بەدەلی رەمزی كرا, بەدەلی رەمزی ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ دەستووری عێراقی لە ئەعمالی سیادە هەموو رسومات و زەرائیب دەچێتە خەزێنەوە لە حكومەتی ئیتیحادی, ئایا ئەم پارەیەی كە وەردەگیرێت دەچێتە رسومات یان زەرائیبەوە؟ ئەوە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێیداوە, پێم وایە بخرێتە بانكێكەوە بۆ تەنمیەی كەرتی زراعی لای خۆمان بەكاری بهێنین, خاڵێكی تر لە سەر بڕگەی $3$ دەڵێت دەفعی بەدەلاتی ئیجاە (التي تترتب بذمتهم) بەدەلاتی ئیجار كەی دروست دەبێت؟ لیژنەی یاسایی پێموایە لە من باشتری لێ دەزانن كاتێك كە عیلاقەیەكی عەقدی هەبێت ئەو لێرە ئەوە باس دەكات كە تەسویە نەكراوە بە ناوی فەلاحەكەوە, چۆن ئەو بەدەلە ئیجارەیەی

لێ وەردەگیرێت؟ بۆیە ئەگەر وابێت پێم وایە بکرێتە ئەجری میسل, یاخود لە رۆژی تەسجیل کردن بەناویانەوە بەدەلاتی ئیجار لێیان وەربگرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو جەنابتان ئاماژەتان پێدا, ئەو یاسایە لە ئەنجامی دەرچوونی یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2007 دوای ئەوە یاسای ژمارە 5 زەوی دەرچوو یاسای بووژاندنەوەی زەوی تەنها شمولی ئەو زەویانەی دەکرد مولّکی سرف بوون, کە تاپۆی زراعی بوون, خەڵکێکی زۆر هاواری لێ هەستا بە تایبەت ئەوانەی کە گرێبەستیان هەبوو کاتێك کە دەکەوتنە ناو سنووری شارەوانییەکانەوە دەیان گوت ئەی ئێمە چی بکەین, چەند ساڵێك ئەو زەویانەی کە بەعەقد هەبوو لەسەریان, بۆیە لە ئەنجامی هاواری ئەو خەڵکانە لیژنەی زراعە, لیژنەی یاسایی, لیژنەی شارەوانی, بە ڕاستی ئەرکێکی زۆریان کێشاوە, من لێرەوە سوپاسی هەستی ئەو لیژنانە دەکەم, من لەو لیژنانە دانیم کە ناوم هێنان, بەڵام لە ناوچەیەك دا دەژیم کە کۆمەڵێك جوتیاری تێدایە, کە ئەو جوتیارانە لە 99٪ ی زەویەکانیان عەقدی زراعیە, بەڕاستی ئەو یاسایە کەدەرچووە لە ئەنجامی هاواری ئەو خەڵکانە دەرچوو, هاواریان دەکرد کە زەویەکانیان دەکەوێتە ناو سنووری شارەوانی, نیسبەتێکیان بۆ دیاری بکرێت, ئەوە بوو لیژنەی زراعە ساڵی پار کە یاسای ژمارە 5 مان دەرکرد هەر لە راپۆرتەکەی خۆیان ئەو نیسبەتەیان دیاری کردبوو, بەڵام دەنگی نەهێنا, ئێستا ئێمە کە ئەو یاسایەی دەرچووە 100٪ تەئیدی دەکەم, خۆزگە ئەو یاسایە پار جێ بەجێ کرابا نەك ئێستا کە هەندێك لە بەڕێزان دەڵێن دوابخرێت, چونکە ئەو یاسایە برادەرینە لێتیان ناشارمەوە ئەو زەویانە کە تاپۆ دەکرێن بە رۆژێك و دوو رۆژ و سێ رۆژ تاپۆ ناکرێن, کەمتر لە 3 ساڵ و 4 ساڵی دەوێت, یەعنی بە 4 ساڵ یەڵلا تاپۆی ئەو زەویانە جێبەجێ بکرێ, لەماوەی ئەو چوار ساڵەی ئەگەر ئەو جوتیارانەی کە عەرەبەکان هاتوونەتە سەر زەویەکانیان و عەقدیان بۆ کراوە کە ئێمە توانیمان ئەو عەقدە لەسەریان لاببەین ئەوە ئەو کات دەتوانین کە بەچوار ساڵیش هەر ناتوانین, لەبەر ئەوەی عەقدی تاپۆ کردنی ئەو زەوی و زارانە کارێکی هەروا ئاسان نییە, دەرکردنی ئەو یاسایە بۆ ئەو خەڵکانەی کە زەوی عەقدیان هەیە و دەکەوێتە ناو سنووری شارەوانی بەراستی مافەکانیان ناخورێت, لەلایەکی ترەوە من لەناوچەیەك دا دەژیم جوتیارەکان 8 دۆنم, 9 دۆنم زیاتریان نییە, من پرسیار لە ئێوە دەکەم, ئەگەر کەسێك بتوانێت هەزار دۆنم بکرێت یان زیاتر لە هەزار دۆنم توانای زیاتر نییە لە جوتیارێك کە ناتوانێت 10 دۆنم بەکاربێنێت, کەواتە دوروست بوونی کەرتی تایبەت شتێکی زۆر باشە, ئەگەر کەسێك لە ناوچەی گەرمیان هەزار دۆنم زەوی بکرێت و مەشروعێکی گەورەی لەسەر دروست بکات هەر جوتیارەکانی ئەوێ دەبنەوە کرێکار لە مەشروعەکەی وەی

و ئەو پارەی کە بە کرێکاری دەستیان دەکەوێت زۆر زیاترە لەو پارەی کە بەرهەمی دێنن لە 10 دۆنمەکەی خۆیان، چونکە بەراستی خەڵکی بەتوانا و بێ توانا هەیە، خەڵکانێك هەن زۆر بەتوانان و خەڵکانێکیش هەن زۆر بێ توانان، لەبەر ئەوە من 100٪ پشتیوانی ئەوە دەکەم ئەوەی مام خورشیدیش گوتی من تەئیدی دەکەم، بەڵام بەراستی ئەو تێبینیانەی مام خورشید گوتی لەناو ئەو یاسایانەدا نییە، بەڵام لەوەی کە گوتی پشتیوانی 100٪ی دەکەم راستە ئەو پێشنیارانەی مام خورشید گوتی پێشنیاری زۆر چاکن، بەڵام ئەو یاسایەی کە ئێمە ئێستا دەمانەوێت دەری بکەین و پشتیوانی لێ بکەین یاسایەکە کە بەراستی ئەو جوتیارانەی زەویان هەیە و زەویەکەیان عەقدە بیدە بە تاپۆ، بەڵام کە بوو بە تاپۆ حەقی خۆیەتی وەکو تاپۆ زراعیەکانی تر هەموو شتێك شمولیان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ماددەیە زۆر قسەی لەسەر کرا، گلەییش لە من کرا کاتم تەحدید نەکرد، دوو دەقیقە و سێ دەقیقە نەبوو، سەبەبەکەشی ئەوە بوو کە دوو مانگ عوتڵە بوو، مانگێکیش نەورۆز قسەیان نەکردووە، گوتم قەیدی نییە، بەڵام بۆ ماددەی دواتر وانابێت، ئەگەر ئیجازەم بدەن بگەڕێینەوە سەر پرنسیپی خۆمان، ئەگینا ناتوانین تەواوی بکەین، ئەو قسانەی کە کران، بەشێکیان فکری بوون و بەرنامە بوو بۆ چۆنیەتی بووژاندنەوەی کشتوکاڵ، هەمووومان موتەفقین لەسەر ئەوە، چی حکومەت بیکات بۆ پشتگیری جوتیاران، هەمووومان دەزانین جوتیار ناتوانێت ئیعتیماد لەسەر خۆی بکات، من ئاماژەم بەوەش کرد لە کۆبوونەوە کە هەتا گەنم و جۆ حکومەت ئەگەر لە جوتیاری نەکڕێت بە نرخێکی گونجاو لە بازاڕ ناتوانێت مونافەسەی ئەو گەنمە بکات کە لە ئەمریکاوە دێتە ئێرە، رەغمی ئەوەی ئەو هەموو رێگایە دووره دەبڕێت و کرێی بارەکەی دەدەن، بەڵام دیسانیش هەرزان ترە، ئەوە دونیای تازەیە، دونیای جیهانگیریە وای لێکردووە نەتوانین مونافەسەی زۆر لە وڵاتان نەك هەر لێرە، لە فەرەنسا حکومەت ئەگەر پشتگیری لە مەنتوجاتی خۆی نەکات ناتوانێت مونافەسەی مەنتوجاتی وڵاتانی تر بکات وەکو تایوان و ئەوانەی کە هەرزانن، بۆیە بەرنامەی حکومەت بۆ پشتگیری کردنی جوتیاران و وڵاتی ئێمە کشتوکاڵیە جگە لە نەوت، دووەم مەسدەر ئەگەر چی ئێستاکە زەرەباتی زۆری خواردووە و دواکەوتووە، دەبێت حکومەت بەرنامەی هەبێت، کەس لەسەر ئەوە خیلاف نییە، لەزیمنی ئەو بەرنامەیە پشتگیری جوتیاران و بانکی زراعی بەوەی کە ئەو رسوماتانە ئەگەر لە ئاییندەدا بەرنامەیەکی سندوقی بۆ دابنێت، میزانیەی تایبەتی بۆ دابنێت کەس خیلاف نییە، دەبێت ئێمە بەرنامەی درێژخایەنمان هەبێت بۆ ئەوەی زراعەتیش ببێتە مەسدەرێکی بە قوەت، چونکە وڵاتەکەمان زراعیە بۆ دوارۆژمان، بۆ مەسەلەی ستراتیژیمان تەنیا ئیعتیماد لەسەر حکومەتی مەرکەزی نەکرێت و لەسەر داهاتووی نەوت نەکرێت، ئەمە لەلایەك، مەسەلەکەی تر ئاماژەی پێکرا تەحدیدی 3 مەوسمەکە ئەگەر برادەرانی لیژنەی قانونی و کشتوکاڵ، ئەگەر ئیزافەیەك بۆ ئەوە بکرێت باشە، ئەویش باپیر کاملا داوای کرد کە ئەم پرۆژەیە دوابخرێت، کاك غفور و کاك عوسمان بانی مارانیش هەمان قسەیان کرد، لەراستی دا برادەرانی تر ئاماژەیان بۆ ئەوە نەکرد، کاك زراریش ئاخر جار عەکسەکەی باس کرد، کە زۆر کەس تەئیدی نەکرد هەر ئەو سێیە، لەبەر ئەوە بە حەقیقەت موبەریراتی

دەرهێنانی ئەو یاسایە بەرەئیی من زۆر زۆر بە قوەت ترە لەو موبەریراتەی کە دوابخرێت, چونکە ئەگەر ئەوە دوابخرێت, مانای وایە کێشەکان بەردەوامن, لە نەتیجەی دروست بوونی کێشە پاش دەرچوونی یاسای ژمارە 5ی ئەم کێشەیە دروست بوو و خەڵکێکی زۆر لە جوتیاران کە زەرەرمەندن داوایان کرد و بە کۆمەڵ هاتن, لەسەر ئەوە موتابەعە دەکەن, ئەوە ناکرێت, لەبەر ئەوە ئەگەر سەحب نەکەنەوە ئیقتراحەکەتان, چونکە تەنها سێ کەسن مەجبورم بیخەمە دەنگەوە, ئەگەر نا پێم وایە ئەگەر ئەوە دوابخرێت و ئەو زەویانەی کە بەناوی عەرەبەوە تەسجیل کراون, یاخود لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانن, ئەگەر ئەوە حەسم بوو, نازانین دوو مانگی دیکە, سێ مانگی دیکە, ئەگەر حوکمی ئەو قانونە چارەسەری کرد ئەوە باشە, ئەگەر چارەسەری نەکرد پرۆژەیەك لە حکومەتەوە یان لەلایەنی پەیوەندار ئامادەی دەکات و لێرەوە دەیکەینە بڕیارو قانون و بۆی دەردەچێت, بەڵام ناکرێت بۆ ژیانی کۆمەڵێك خەڵك کە چارەسەر نەبووە و چاوەڕێی ئەو قانونە دەکەن پەکی بخەی, بەتایبەتی کە ئێمە ناتوانین موناقەشەی قانونێك بکەین بەبێ ڕەچاوکردنی قانونی تر کە دەرچوونە, بەبێ ڕەچاوکردنی وەزعی تر, ئێمە کە قانونمان دەرهێناوە بەتایبەتی قانونی ئیستسمار کە بەشێوەیەکی غیر موباشر, قانونی ژمارە 5 مان دەرهێناوە, پەیوەندی هەیە بە ماستەر پلانی شارو شارەوانی دەری کردووە, ئەگەر چی ڕاوبۆچوونی جیاوازمان هەیە لەسەری, بەڵام ئەوماستەر پلانە بۆ؟ لەبەر ئەوەی خەلەلی تێدابوو, پێویستی بەو تەعدیلە هەبوو, بۆ ئەوە جەنابی سەرۆکی هەرێم رای گرت, هەرچەندە عەمەلیەن ناتوانرێت زۆر رابگیرێت, بەڵام بۆ ئەوەی دیراسەتی بۆ بکرێت, ئێستاکە جوزئێکی گەورە لەو گلەییانەی کە کراوە لە قانونی ژمارە 5 بۆ ئەوەیە کە بەو یاسایە چاکی بکەینەوە, بۆیە من داوا لە کاك باپیر دەکەم ئیقتراحەکەی سەحب بکاتەوە, ئەگەر نا مەجبور دەبم بیخەمە دەنگدانەوە, فەرموو کاك باپیر.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیقتراحەکەی خۆم سەحب ناکەمەوە, بەڵام ئەو یاسایەی کە جەنابت باست کرد, خۆمان پێشنیارمان کرد, بەڵام ئەو پێشنیارەمان بۆ 3٪ یەکە بوو, پێشنیاری ئەوەمان نەکرد پێشتر لەو یاسایە یاسایەکی تر بێت و ببێتە بەدیلی ئەو یاسایە, تەنها پێشنیاری ئەوەمان کرد کە ئەوەی ئەتفا دەکرێت 3٪ بێت, بۆ ئەوەی جوتیارەکان قەرەبوو بکرێنەوە, نەك داوای ئەوەمان کرد بێت ئەوەی کە جەنابت ئاماژەت پێی کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر پێشنیاری خۆت بدە, پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا بە حەقیقەت زۆر موداخەلات هاتنە کرن, کو تەقریبەن زۆربەیان شمولی بوون, یەعنی ئێمە کە دێینە سەر مەسەلەی کێشەی زەوی وزار باسی دەکەین, ئەگەر مەسائیلی تری عامی کشتوکاڵ بێت, من حازرم هەر وەختێکی کەجەنابتان داوا بکەن من حازرم بێم موناقەشەیەکی تێروتەسەل بکەین و

بەرنامەی ئێمە بۆ ئاییندەی کشتوکاڵ چییە؟ بۆ حکومەت وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ, ئەوانە زۆر باسکران, مەسەلەن باسی قانونی ئیتفا کرا, خۆ قانونی ئەتفا ساڵی 2007 دەرنەکراوە, هەر لەزەمانی حکومەتەکانی عێراق هەر هەبووە, بەرەبەرە تەجدید بووە و چەندین جار هاتووەتە نوێ کردنەوە, هەر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای راپەرین سێ جار تەعدیل کراوە, یەعنی قانونەکە هەر هەبووە, بەس حقوقی جوتیارەکانمان بەرە بەرە زیادی کردووە, حقوقی ساحبی موڵك رووی لە زیادبوون بووە, جانبی تریش کە مەسەلەن مەشروع هەیە بۆ بانکی کشتوکاڵی, ئەو مەشروعەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانە, ئەو مەشروعە موتەکاملە, باسی دەعمی جوتیارەکان کرا کە ئەو ساڵ 10 هەزار تەن گەنم هاتووەتە تەوزیع کردن بۆ جوتیارەکان, یەکەم ساڵ بووە کە بەو حەجمە گەنم هاتووەتە تەوزیع کردن, سەماد تەوزیع کراوە, مەسەلەن باسی رەشی تەکمیلی کرا, ئەو ساڵ یەکەمین تەجروبەمان کرد 120 مەرەشاتی میحوەری تەوزیع کراوە, لەسەر ئەساسی 120 دۆنم وەك تەجروبە کە موافقە بۆ موستەقبەلەن کە ئەو مەرەشەتە زیاد بکرێت, شەبەکەی تەلقیح وەجبەیەك تەوزیع کراوە و وەجبەیەکی تر بۆ ئەم ساڵ دەکرێت کە دیسانەوە تەوزیع بکرێت, بیەتی پلاستیکی کە چارەسەر بکرێت 200 ی تەوزیع کراوە و 300ی دیکەی لە رێگایە بۆ ئەوەی جوتیارەکان فەیلی بکەن و لەسەری و ئیشائەڵڵا لەزستان ئێمە موحتاج نەبین کە تەماتەو خەیار لە دەرەوە بێنین, ئەمانە هەمووی پرۆژەی بۆ هەیە, هەنگ پرۆژەی هەیە, ماسی پرۆژەی هەیە, لەبەر ئەوە پرۆژەکان هەندێکیان دروست کراوەو هەندێکیان لە رێگایە, بەنیسبەت ئێمە بەڵێ پلانمان هەیە و بەشێوەیەکی رێك و پێکیش دارێژراوە, بەڵام بە حەقیقەت من تەسەور دەکەم ناتوانین باسی هەموو شتێك بکەین, جانبێکی تر باسی مەناتقی دابڕاو دەکات, ئەگەر ماددەی 140 هەر وەختێکی کە هەر ناوچەیەك هاتە سەر ئقلیم ئەو کات قانونەکەی لەسەر تەتبیق دەبێت, بەڵام ئێستا ئێمە ناتوانین تەتبیقی بکەین بە تەئکید, کاك زرار باسی کرد کە فعلەن ئەمە ئیشی ساڵێك نییە وە بە ساڵێك دروست نابێت, بە تەسەوری من بە 5 ساڵیش وەزارەتی کشتوکاڵ بتوانێت ئەمە جێبەجێ بکات, ئەو کێشانەی زەوی وزاری عیلاج بکات بەتەسەوری من دەسکەوتێکی گەورەمان دەبێت, لەبەر ئەوە من تەسەور دەکەم ئەمە زوو نییە و درەنگیشە, چەند ئەم قانونە زووتر بکرێت باشترە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە جەنابی وەزیریش رەئی وایە کە پەلە بکرێت, چونکە پێویستە ئەو موقتەرەحەی کاك باپیر کە دواتریش کاك عوسمان بانی مارانی هەمان قسەی کرد, هەروەها کاك غفوریش هەر رەئی وابوو, کە پێیانوایە تەئجیل بکرێت, بۆیە من دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەو پرۆژەیە کەدوابخرێت با دەستی بەرزبکاتەوە؟ تەنها سێ کەس کاك غفوریش لێرە نییە ئەوە چوار, باشە کەواتە بەردەوام دەبین, کێ پێی باشە بەردەوام بین با دەستی بڵند بکات؟ قەیدی ناکات نەوەکو ئەوەی تر رەخنەمان لێ بگیرێت کە بڵێین ئەوەی ترت نەخستە دەنگدانەوە, ئێمە بەردەوام دەبین, ئەوە 5 دەنگ, ئینجا ئێستا ئەو ئیقتراحە کە نەسەکەی بیخوێنێتەوە, ئەو سێ مەوسمەی زیادتان کرد با بیخەینە دەنگدانەوە, کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الاولى:**

**اولاً/ يثبت  حق التصرف الاراضي الزراعية الموزع عليهم والمتعاقدين بموجب احكام قانون الاصلاح الزراعي و تعليماتها والقوانين والقرارات الاخرى المعمول بها في اقليم كوردستان شرطاً ان تكون قرارات التوزيع مصادقاً عليه والعقود سارية المفعول وتصبح صنفها اراضي مملوكة للدولة مثقل بحق التصرف.**

**ثانياً: على صاحب حق التصرف المشمول باحكام هذا القانون ان يستمر في استغلال الارض للاغراض الزراعية والعناية بها و بعكسه يلغى قرار تثبيت حق التصرف اذا ترك زراعة الارض لثلاثة مواسم متوالية دون عذر مشروع.**

**ثالثاً: يتم التعاقد مع متصرفين في الاراضي الاميرية من غير المتعاقدين في حالة توفر الشروط القانونية فيهم باستثناء الاراضي ان تتم تسويتها او تثبيت الحقوق فيها و دفع بدلات الايجار التي تترتب بذمتهم لسنوات استغلالهم الفعلي و يثبت لهم حق التصرف بعد مرور ثلاث سنوات من تاريخ تنضيم العقد.**

**رابعاً: تسجل الاراضي بقرار من وزير الزراعة بعد التحقيق من توافر الشروط القانونية من قبل اللجان الزراعية التي ستشكل لهذا الغرض ويبدل رمزى الذي يصبح اساساً لاستيفاء الرسم القانوني في دوائر التسجيل العقاري.**

**خامساً: على دوائر التسجيل العقاري اجراء التسجيل وفقاً لاحكام هذه المادة و بقرار من وزير الزراعة و تعدل السجلات وفقاً لذلك.**

**سادساً: يستثنى من احكام هذه المادة المساحات الموزعة والمتعاقد عليها من الاراضي المخصصة لاغراض النفع العام.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**باشە هەر فەقەرەی دووەم دەخوێنمەوە, چونكە هەندێك وشەمان بەباشی گوێ لێ نەبووە, لەبەر ئەوەی تەسجیل بكرێت, الفقرة ثانية( على صاحب حق التصروف المشمول باحكام هذا القانون ان يستمر في استغلال الارض للاغراض الزراعية والعناية بها و بعكسه يلغى قرار تثبيت حق التصرف اذا ترك صاحب حق التصرف زراعة الارض لثلاثة مواسم متتالية دون عذر مشروع) باشە ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات؟ فەرموون كێ لە گەڵی نییە؟ بەزۆرینە وەرگیرا, ئەوە ئەو فەقەرەیە زیادبوو لەبەر ئیقتراحەكان لە دەوائری تەسجیلی عەقاری ئیزافە بكرێت و تەسجیل بكرێت, ماددەی دوووەم تكایە؟ كاك عبدالكريم فەرموو.**

**بەڕێز عبدالكريم بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی دووەم: نابێت مافی دەستكاری بچەسپێندرێت لەسەر رووبەرێك كە لەرادەی دابەشكردنی كە لە ماددەی 16ی یاسای چاكسازی كشتوكاڵی ژمارە 117 ساڵی 1970 زیاتر بێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری دەقی مادەکە دەکەین, بۆ ئەوەی لەوە زیاتر تەوزیحی بکەین, حدودی تەوزیع لە ماددەی 16 لە قانونی اصلاح زراعی ژمارە 117 کە لە ساڵی 1970 دا هاتووە لە 10 دۆنمەوە هەتا 200 دۆنم, بە پێی ئەو تەفاسیلەی کە لە ماددەکە هاتووە, (اراضي الوافرد الخصبة وغير وافرة الخصبة) بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە, (شمال سقوط الامطار وجنوب سقوط الامطار) بە نەزەر ئیعتیبار وەرگیراوە, (اراضي المروية) بە نەزەر ئیعتیبار وەرگیراوە, ئەو ئەرازیانەی کە بە برنج و بە پەمۆ بە شتەکانی تر بە تەفسیل هاتووە, حدودەکانی بۆ دیاری کردووە, بۆیە ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین بە نیسبەت نیسبەی تەوزیعی کە لە ماددەی 16یاسای ژمارە 117ی ساڵی 1970 دا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕەئیی هەرسێ لیژنەکەیە؟ بە تێکڕایی دەنگ موافەقەتیان لەسەر کردووە, ئەگەر کەس قسەی لەسەر نییە؟ کاك د.دلێر قسەی لەسەر هەیە فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێك لە لیژنەی قانونی دەکەم, ئێمە لێرەدەگەڕێینەوە بۆ یاسای 117 ساڵی 1970, بەڵام یاسایەکی تر هەیە لە ساڵی 1975دا دەرچووە کە یاسای ژمارە 90ە, ئایا لە ڕووی یاساییەوە نابێت ئێمە یاسای 90 تەجمید بکەین بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەوە؟ ئەمە زەرووری نییە؟ من تەنیا ئەو پرسیارەم هەیە وهیچی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حدودی تەوزیع لەیاسای ژمارە 90 فەرقی هەیە لەگەڵ حدودی تەوزیع لەیاسای 117, ئەوەی لە یاسای 117 دا هاتووە زیاتر لە بەرژەوەندی جوتیار دایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆیە ئەوە تەسبیت کراوە, بۆیە دەیخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵی دانییە؟ بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا, با بچینە سەر ماددەی سێیەم, کاك عبدالکریم فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم بکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

یەکـەم: رادەی بـەرزی مـافی دەسـتکاری کـردن لـەو زەویانـەی کراونەتـە مـوڵکی دەوڵـەت و ئـەو زەویانـەی کراونەتە موڵکی سرف, بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە لە هەرێمی کوردستان دا بەم شێوەیە دەبێت:

1- لە زەوی(دێمی) پشت ئاو, 2 هەزار دۆنم زەوی کە بەهەموو جۆرە بەروبوومێك دا دەچێندرێت.

2- لەزەوی بەراو, 400 دۆنم لەو زەویانەی کە بەهۆی ئامێر ئاو دەدرێـن, 300 دۆنم لـەو زەویانـەی بـەبێ هۆ ئاو دەدرێن.

دووەم: ئەگـەر خـاوەنی مـافی دەسـتکاری یـاخود زەوی بـە موڵـك کـراو مـوڵکێکی سـرفی بـە دەسـتکەوت کـە رووبەرەکەی لەرادەی دیاری کراو لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیـە لـە ئـەنجامی میراتگـری زیـاتر بـوو, ئـەوا ئەو رووبەرە زیادەی لێ وەردەگیرێتەوە بەناوی دەوڵەت بە مەبەستی کشتوکاڵی تۆمار دەکرێت.

سێیەم: لـەکاتی گـۆرینی رێگـەی ئـاودانی زەوی جـا خاوەنەکـەی بیگۆڕێـت یـان دەوڵـەت, ئـەوا خـاوەن مـافی دەستکاریەکە یاخود خاوەنی زەویەکە مافی وەرگرتنی ئەو رادەیەی هەیـە کـە لـە بڕگـەیـەکی ئـەو ماددەیـەدا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیر کرد تەئیدی ماددەکەمان کردووە, بەڵام دیارە لێرەو لەوێ رەئـی جیاجیا پەیدابووە پاش نووسینی راپۆرت, ئەوەی تێبینی دەکەین, کە زۆر دەقیقە, ئـەوەی تێبـینی دەکـەین بە حەقیقەت مولاحەزەیەکی زۆر دەقیقە ئەویش ئەوەیە حەدی ئەعلای موڵکیەی زراعە بە 2 هەزار دۆنم داندراوە, بە پێی ئەوەی نەوعیەتی زەویەکان دیاری بکرێت, ئەو زەویە وافیرەت خسوبەیە یان نییـە, شمـال خەتی سقوتی ئەمتارە یان نا, بە نیسبەت مەرویـەی لەگـەڵ دانیـە, تـەنها دەمانـەوێت جـەنابی وەزیـر ئـەو تەوزیحەمان بداتێ, ئەو 2 هەزار دۆنمەی کە داندراوە بە چ شێوەیەك داندراوە, هەروەها هەمان تەفسیلات لە قانونی ژمارە 90یش دا هاتووە, ئەگـەر مولاحـەزە بکـەین کـە لـە نێـوان 300, 500 دۆنم کـە دانـدراوە حەدی ئەعلای ئەرازی لەوێ تەفسیلاتی داوە, بەڵام ئەوەی لێرەدا هەیە هیچ تەفسـیلێکی تێـدا نییـەو هـیچ حدودێکی تێدا نییە, 2 هەزار دۆنم بەنیسبەت (اراضي التي تزرع بـانواع), بەینـەما لـە قەوانینـەکانی تـردا هاتووە, ئەگەر تەوزیحێکمان بداتێ باس لە حەدی ئەعلایەکە دەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعـەن ئـەو خاڵانـەمان تەسـبیت کـرد لەسـەر ئەساسـی 2 هـەزار دۆنم, بـە قەناعـەتی خۆمـان دوو, سـێ مولاحەزەمان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە, یەکەمیان: ئێمە بە حەقیقەت لەگەڵ وەحداتی گەورەین بـۆ

ئەوەی ئینتاج زیاد بکرێت, دووەمیان: قانونی ئیستیسمار سەلاحیەتی دا بە موستەسمیر, دای بەشەریکات لە 2 هەزارو 3 هەزار زیاتر, ئەمە ئەگەر بۆ موستەسمیرەکی مەحەلی بێت ئیحتیمالە زۆر زیاتر سوودی لێ وەربگرن, یەعنی پتر تەشجیعی موستەسمیری مەحەلی بکرێت باشترە, سێیەمیان: مەسەلەی 300 دۆنم ئەوەی ئاوی هەندێك تەفسیلاتمان داوە بەس ئەوەمان کردووە بە 2 هەزار دۆنم, لە عێراق بە شێوەیەکی عام 2 هەزار دۆنمە, غیر خەسب هاتووە, 1600 – 100 دۆنم هاتووە ئەگەر من هەڵە نەبم, لەبەر ئەوە ئێمە با لە ئیجتیهاد دووربکەوین, بە تایبەتی لیجانی زراعی لە ئیجتیهاد دوور بکەوێت, تەقریبون مەناتقی ئێمە بێجگە لە سەخەری ئەوەی نەفعی عامە ئەمانە خەسب نین, مەناتقی تری زراعی هەمووی خەسبە, ئەوەی نەفعی عامە تاپۆی ناکەین و نایدەین دەستی هیچ کەسێك تەنها هی حکومەتە, بۆیە ئێمەدەڵێین با لە ئیجتیهاد رزگاربین لەبەر ئەوەی ئێمە تەسبیتمان کرد لەسەر 2 هەزار دۆنمی دێمیمان داناوە, 400 ئەوەی ترمان داناوە, لەبەر ئەوە با لە ئیجتیهاد دوور بکەوین زەوی کوردستانیش هەمووی خەسبە وەکو جنوبی عێراق نینە مەناتقی مانحە هەیە, لە لای ئێمە ئەو مەناتقانە نینە, لەبەر ئەوە موقتەرەحی ئێمە بۆ 2 هەزار دۆنمە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیحسان نوقتەی نیزامیت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی دارایی کۆبوونەوەمان کردووە لەسەر ئەوە و راپۆرتیشمان هەیە, بەڵام نازانم بۆ سەرۆکی لیژنەی دارایی نایەت ئەویش قسەی خۆی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەمزانیوە و باسیشیان نەکردووە کە راپۆرتتان هەیە, کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی خۆمان شتێکمان حازر کردووە و دیراسەی ئەوەمان کردووە, ئەگەر نا بەرەسمی تەوجیهی ئێمە نەکرابوو و بانگهێشتی ئێمەتان نەکردووە, بەڵام ئێمە شتێکمان گەڵاڵە کردووە و کۆبوونەوەیەکیشمان لەسەری کردووە کاتی خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ, ناوی نووسیەو قسەش دەکات, بەڵام لە لیژنەی هاوبەش حازر نەبوو کە جەنابی وەزیریش لەوێ بوو, کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك پێشنیارم هەیە بەنیسبەت ماددەی 3 برگەی 2 کە دەڵێت (ئەو مەساحەی زیاتر بێت لە 2 هەزار دۆنم لە حاڵەتی حجز گەڕاوە بۆ ساحب زەویەکە، زیادەکە بەناوی دەوڵەت تەسجیل بکرێت) من پێم وایە با ئەوە ئیستسنا بکرێت بە زەویەك کە کڕاوە وەختی خۆی یان بە پارە تەملیکی کردووە کە حەقێکی مەشروعی خۆی بووە کە نەتیجەی وەفات بە میرات دەگەڕێتەوە بۆی وەکو خەڵکانی تر، ئەگەر لە مەساحەی موعەیەن کە 2 هەزارە، ئەگەر زیاد بوو با نیسبەتێکی بۆ دابنێت، بۆ نموونە 20٪ زیاد بوو یان 10٪، بەڵام ئەگەر فەقەرەکە بە کاملی ئیلغا بکرێت زیاتر خزمەت دەکات، یانیش دەبێت بە تەعویز لێی وەرگیرێتەوە لە وەرەسەی، چونکە ئەگەر هەشتەك بە بەدەل حکومەت بیدات مەفروزە بەتەعویزیش لێی وەرگریتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵە سەید فەرموو.

**بەڕێز سید کاکە عمر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خۆم فەلاحم حەقم هەیە قسە بکەم، لەبارەی 2 هەزار دۆنم ئەوە دروست کردنەوەی ئەقتاعە و لەوانەیە تێکی بەردەینەوە وەکو زەمانی زوو، ئێمە لە گوندان بووینە دەزانین چ کارەساتێك بەسەر میللەتەکەمان دێت، ئەو کابرایەی کە 2 هەزار دۆنمی کڕیوە تا ئێستا حەقە ئەوە لێی بسەندرێتەوە لە کوێ کڕیویەتی، فەلاح 10 دۆنمی هەیە، لەوانەیە بەو 10 دۆنمەی کارەکەی دەکات و پێی دەژیت، دیسان دەتانەوێت لێیان بسەندنەوە و هەمووی ببێتە حەمباڵ، ئەوە زۆر ناحەقی و ناڕەوایە، ئەوەی کە ئەوەی تەرح کردووە قەت بۆ خزمەتیمیللەت و دەوڵەت نەبووە، بۆ ئەوەیە خۆی ببێتە ئەقتاع و موڵکەکەی بکڕێت و خەڵکەکەی بکاتەوە عەبید، بەوەش زەرەر لە میللەتکەی و حکومەتەکەشی دەدات، بۆیە ئەوە خەتەرترین شتەو کەسیش بەوە ڕازی نییە بەتایبەتی ئەوەی فەلاح بێت، حەز دەکەم ئەوەی بزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەلاح برای فەلاحە، ئێمە هەردووکمان فەلاحین، بەڵام نە من فەلاحەتیم کردووە و نەتۆش، ئەوە چەند ساڵە هەر خەریکی بەزم و ڕەزمی کەنگی فەلاحەتیت کردووە، بەڵام مودافعی لە فەلاحان ئەشەدو وایە، وابڵێ، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی 2 یاساکە دیاری کراوە کە بە گوێرەی مادده 16ی یاسای ژمارە 117 تا 200 دۆنم، برای بەڕێزم کاك شێروان باسی کرد کە زیاتر لەوە حەقی تەسەروف نابێت بدرێت بە کەسی تر، یەعنی تەحدید کراوە ئەو عقودانەی کە هەن تا 200 دۆنمەوە، تاپۆ دەکرێت و دەبێتە موڵکی سەرفی جوتیار، بەڵام لێرە لەماددەی 3 باس لە هاتنە ناوەوەی کەرتی تایبەت دەکات، سەرمایەدارێك بێت زیاتر لە 200

دۆنم بکرێت, بۆ ئێمە رێگـر بـین لەبـەردەم دروست بـوونی پـرۆژەی گـەورە گـەورە لـە بـواری کشـتوکاڵ دا, جەنابی وەزیر ئیشارەی بەوە دا و دەڵێت وەحدە چەند گەورەتر بێت ئەوەندەش ئینتـاج گـەورەتر دەبێـت, ئەم دانانی تەحدیدە بەو شکلە و بـەو رێژەیـە دیـاری کردنـی ئـەو بـڕە دۆنمانـە رێگـە ناگرێـت لـە دروسـت بوونی پرۆژەی گەورە؟ بۆ نموونـە پرۆژەیـەکی بـاخی زەیتونـە هەیـە 10 هـەزار دۆنمـی دەوێـت, بۆیـە مـن پێشنیار دەکەم بڕی ئەو دۆنمانە تەحدید نەکرێت و کراوە بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت بتوانێت بیکڕێت, خـۆ ئەگەر مەوزوع جوتیار بێت یان حکومـەت بێـت کـە تـاپۆی بکـات لەسـەری, ئـەوە تەحدیـد کـراوە لەسـەری بەگوێرەی مـاددەی 16ی ژمـارە 117, ئـیتر ئـەوەی تـر کـە کـەرتی تایبەتـە بـۆ رێگـەی لـێ بگیردرێـت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەگەر جەنابی وەزیر شەرحی بکات, رێگە ناگیرێت, ئەگەر خەڵکێك خۆی هەبێت, بەڵام موڵك مـوڵکی دەوڵەتە, بەڵام ئەوەی زەوی موڵکی دەوڵەت حەدی بۆ داناوە, تۆ جەنابت رەئیەکەت مەملوکی دەوڵەت بێـت حەدی ئەعلای نییە, بەس کە مـەملوکاتی دەوڵـەت بێـت, رەئیـەك هەیـە دەڵێـت ئـەوە زۆرە, بـەڵێ جـەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستمان ئەوەیە تەبعەن ئەمە هەمووی دەگرێتەوە, یەعنی هی حکومەت تـەوزیع بـووە نـەماوە, یـەعنی ئێستا بە موجبی قانونی ساڵی 1975 لـە 300 دۆنم زیـاتر نییـە, یـەعنی کەسـێك لـە کوردسـتان لـە 300 تدۆنم زیاتری نییە, یەعنی مەبەستمان ئەو سەقفە کەمەیە و با بەرز بێتەوە, یەعنی نە موڵکی حکومەتە, یەعنی ئینسانێکی مەستەسمیر بێت بۆ خـۆی بکڕێـت, جوتیارەکـە میهنـەی جوتیـاری واز لـێ هێنـاوە بـەس زەویەکە لەسەر ناوی ئەوە, ئەوە 30 ساڵە لەسەر ناوی ئـەوە دێتـە شـار دەژیـت, ناتوانێـت بگەڕێتـەوە, ئـەو زەویـە مـەفروزە بمێنێـت کابرایـەکی تـر لێـی بکڕێـت و ئیسـتغلالی بکـات بـۆ ئـەغرازی زراعـە, بـا جنسـی ئەرزەکەی هەر بمێنێت وە بێتە ئیستغلال کردن بۆ ئەغرازی زراعە, ئـەوە رێگـە بـە ئەوانـە دەدرێـت, ئـەما هی حکومەت نەخێر هیچ عیلاقەی بە حکومەت نینە و حکومەت هیچ موڵکی نەماوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حدودی تەوزیع لە قانونەکە دیاری کراوە, حـەدی ئـەعلای تـەوزیع 200 دۆنمـە وە مـن تەسـەور ناکـەم لـە کوردستان وەحداتی تەوزیعی هەتا ئێستاش گەیشتبێتە 200 دۆنم, ئەوەی من بیستوومە تا ئێستا وەحدەی تـەوزیع لـە کوردسـتان لـە 120 دۆنم تـێ نەپـەڕیوە, ئـەوە خاڵێکیـان, ئـەوەی دووەمیـان بەنیسـبەت ئـەو فەقەرەی تر موڵکیەی عام هاتووە کە حەقی تەسەروفیان لـە بـاب و باپیریانـەوە بـۆ هـاتووە یـان لـە رێگـای

کڕین بۆیان هاتووە, ئەو حەدی ئەعلایە ئەوەیە کە لێرە هاتووە کە 2 هەزار دۆنم تەحدید کراوە نەك بەنیسبەت تەوزیعەکەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت من تێبینیەکی تایبەتیم هەیە لەسەر ئەمە, من لەگەڵ ئەوەدانیم کە ئەو تەوزیعە بەو شێوەیە زیاد بکرێت کە کەسێك حەقی ئەوەی هەبێت 2 هەزار دۆنمی هەبێت, چونکە ئیستیغلال دەکرێت و دیسانەوە ئێمە ئیقتاع دروست دەکەینەوە و خەڵکی بێ بەش دەکەین لەو ئینتاجەی کە هەیە, لەو بەروبوومانەی کە هەیە, بەعەکسەوە ئەو 300 دۆنمە زۆر کافیە, بەڵام ئێمە دەتوانین بەرنامەی تایبەتی ترمان هەبێت, وەکو باسکرا لە وەجبەی یەکەم برادەران کە کاك خورشید شێرە باسیان کرد, ئەکرۆ لەسەردەمی تازەو لەسەردەمی نوێ و عالەمی پێشکەوتوو تەشجیعی ئەوە ناکەن خەڵکێك خاوەنی 3 هەزار یان 4 هەزار دۆنم بێت, بەعەکسەوە تەشجیعی ئەوە دەکەن کە خەڵکی موساهەمە بکات, بۆ ئەوەی ئەو خێروبێرەی کە دەبێت هەموو کەسێك بگرێتەوە نەك تەنها کۆمەڵێك, لەسەر مەسەلەی ئیستیسماریش 3 هەزارمان موافەقەت نەکردوووە, گوتوومانە تەئمینی زەوی دەکەین کە بەداخەوە ئەوەش ئیستغلال کراوە, ئەمرۆ 3 هەزار دۆنم دەدرێت بە شەریکەیەك کە خانوویەك دروست دەکات لەبەر ئەوەی زەویەکەی بە بەلاش دەستکەوتووە, نیسبەتی پارەکە کەمتر بکات, دەبینی 300 م چوارگۆشە دەدەن بە 14 دەفتەر دۆلار, بۆیە حەق نەبوو وابێت لەبەر ئەوەی کە زەویەکە بەبەلاش وەردەگرن حەقە نیسبەتێکی زۆر زۆر کەم بێت, چونکە ئێمە لە خزمەتی خەڵکەکەداین, بۆیە ئێمە ئەو تەسهیلاتەمان کردووە بۆ شەریکات نەك بۆ دروست کردنی خەڵکی تر لە پاڵ شەریکەکاندا, بەو شێوەیە تەحدیدی ئەرازی بکرێت, ئەوەش حەقە پێداچوونەوەیەکی باشی بۆ بکرێت, ئەو شەریکانەی کە ئەمرۆ دەوری ئیستیسماریان هەیە لێرەو بە نرخی زۆر گران زەویەکان تەحدید دەکەن, حەقە پێداچوونەوە بکرێت, چونکە مادام زەوی بەبەلاش وەرگرتبێت مەنتق نییە 200 م زەوی خانوو بدات بە 14 و 15 دەفتەر دۆلار, من لەگەڵ ئەوە نیم زیاد بکرێت, بەڵام لەگەڵ ئەوەدام کە ئەسالیبی باشتر بەکاربهێندرێت, ئەسالیبی سەردەم بۆ ئەوەی هەموو کەسێك موساهم بێت و ئینتاجەکان ئیستفادەی لێ بکرێت و ئسلوبی باشترو رێك و پێك تر بۆ داهاتوو رێك بخرێت, بۆ ئەوەی بتوانرێت خەڵکەکەی بگێڕدرێنەوە بۆ شوێنی خۆیان, نەك بەم ئسلوبەی ئێستا خەڵك بگەڕێتەوە دێهات, کە خەڵك 32 ساڵە دێهاتەکانی بەجێ هێشتووە, ئەمرۆ ناتوانی تۆ بیبەیتەوە, مەفروزە بیر لەوە بکرێتەوە کە وەکو شار لە مەنتیقەیەك دا 50 -60 دێ بکرێتە شارێك, بۆ ئەوەی موستەلزەماتی ژیانی تێدا بێت, خانوو و مەسائیلی تەندروستی, بازاڕ و قوتابخانە, ئەوە ئەگەر تەئمین بکەی ئەو خەڵکە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی و ئیستیفادە لە زەویەکەی دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك باپیر فەرمووو.**

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەربارەی ئەوەی کە جەنابی وەزیر پێشتریش ئاماژەی بەوە کرد, کەئامانج لەیەکەی کشتوکاڵی بەرفراوان بە مەبەستی زیندوو کردنەوەی کەرتی کشتوکاڵی, من پێم وانیە یەکەی گەورە یان بچووك پەیوەندی هەبێت بە زیندوو کردنەوەی کەرتی کشتوکاڵی, یەکەمیان: پەیوەندی بەوەوەیە پشتیوانی لەجوتیار بکرێت, پێویستیەکانی بۆ دابین بکرێت, دووەمیان: ئەوبەرهەمانەی لە دەرەوە دێن, هەرچەندە بازاڕی ئازادە و لەدەرەوە دێن حکومەت با گومرگی زیاتر بخاتە سەر ئەو بەرهەمانە, بۆ ئەوەی لێرە بەرهەمە خۆماڵیەکە بفرۆشرێت, ئەگەر بێتو یەکەی کشتوکاڵی گەورەش دروست بکەین, من پێم وا نییە ئەو کەسەی کە دروستی دەکات 2 هەزار دۆنم و 5 هەزار دۆنمیش بێتە بەرهەم کە بەرهەمەکە و تێ چوونی بەرهەمەکەی ئەو پارەیە ناکاتەوە کە قازانجی لێ بکات, بۆیە کەرتی کشتوکاڵی زیندوو نابێتەوە کە پەنا بردن بۆ ئەوە بڵێین سەرمایەداری خۆماڵیە یان ئەوە, ئەوەی تر کە باس لەوە دەکات تەحدید کردنی 2 هەزار دۆنم یان زیاتر تۆ ئازادت کردووە و تاپۆت کردووە, لەوانەیە کەسێك هەبێت ئیمکانیەتی ئەوەی هەیە لە رادەبەدەر بتوانێت بکڕێت, پێم وانییە ئەوە بتوانرێت رێگەی لێ بگرێت, ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت, جا تێیدا دیاری بکەی 2 هەزار دۆنم یان نا, ئەوە بۆ خۆی رێگایەکی کردووەتەوە خەڵك دەتوانێت بە ناوی خۆی نا بە ناوی یەکێك لە ئەفرادی عائیلەیەکی تاپۆی دەکات و لەوانەیە 10 هەزار دۆنم بتوانێت بکڕێت, بۆیە من پێم وانییە ئەوە رێگر بێت, ئەسڵی ئامانجی یاساکە دەگەڕێتەوە بۆ ئامانجی یاساکە, کە پێی وابێت بەو یاسایە کەرتی کشتوکاڵ زیندوو دەکاتەوە, نەخێر من پێم وانییە بەو یاسایە کەرتی کشتوکاڵی زیندوو بکاتەوە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك جمیل فەرمووو.**

**بەڕێز جمیل محمد عثمان گردی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەگەر روخسەتم بدەی من بە دانیشتنەوە ئەوە دەخوێنمەوە, داوای لێبوردنتان لێ دەکەم, بە عەرەبیە نەمتوانی تەرجەمەی بکەم لەبەر ئەوەی قەواعیدی عەرەبی تێدابوو.**

**سيادة رئيس برلمان كوردستان المحترم.**

**اسمحوا لي ان اشرح للبرلمان الموقر, بصورة موجزة المراحل التي مرت بها الملكية الزراعية, في العراق بشكل عام, وفي اقليم كوردستان بشكل خاص, انما استقرت عليه قوانين الملكية الزراعية, في العهد الملكي, كانت بلا حدود, اي للفرد حق تملك مايشاء ولكن بعد صدور قانون رقم 30 لسنة 1958 تم بموجبه تحديد الملكية الزراعية,بالفي دونماً للمناطق الديميم, والنسب الاخرى في الاروائية, وبموجب هذا القانون اعطيت حق الاختيار للمالك, اي اختيار الفين دونم, حسب الارض التي يختاره, و استولت الدولة على جميع الاراضي التي**

زادت عن هذا الحد, لقاء تعويض عادل, وبعد ذلك شرع قانون رقم 117 لسنة 1970, بموجبه حددت الحد الاعلى للاراضي الزراعية الديميمة, بالف دونم, والغيت حق الاختيار للمالك وتعويضه, واستولت الدولة على مازاد منهادون مقابل, وكانت كل التبريرات و الاسباب الموجبة لتشريع القانونين المذكورين اعلاه, هو الحد من الاقطاع و استغلال الارض التي هي مصدر القوت لكل ابناء الشعب من قبل المستغلين, بصورة غير قانونية, و اخيرا صدر قانون رقم 90 لسنة 1975, بناءا" على توصية القيادة السياسية الكوردية و مباركة الرئيس البارزاني لهذا المشروع,ضمن التوصيات في القانون و اتفاقية 11 اذار لسنة 1970و حددت بموجبها الحد الاعلى للملكية الزراعية بثلاثة مائة دونم للاراضي الزراعية الديمية و النسب الاخرى الواردة في القانون, و كان الهدف منها هو الاستغلال الامثل للاراضي الزراعية و عدم فسح المجال امام اصحاب الاملاك الكبيرة و المتنفذين للاستغلال و لكون الفلاحين دوما وقوداً و ماوي للمراحل النضالية للحركة التحررية الكوردية و, لخصوصية اقليم كوردستان لكونها منطقة جبلية و عرة و لكثرة الاراضي الصخرية حيث لا يخفى على سيادتكم و المجلس الموقر, ان بعض الاقضية و النواحي لا تتجاوز جميع الاراضي الصالحة للزراعة فيها, عن الفي دونماً, عليه فان الاقرار بهذه المادة. لماذا؟ الا يعني العودة الى الوراء و, الى الاستغلال و, ظهور اصحاب النفوذ، كل منطقة حسب طبيعتها؟ من ناحية اخرى، الا يكون ضرراً مباشراً لطبقة الفلاحين؟ لكونهم طبقة من ذوي الدخول المحدودة؟ لذا ارجو من مجلسكم الموقر، دراسة هذه المادة من جميع جوانبها، مع العرض انه في حالة الاقرار عليها نكون في حالة الازدواجية بالنسبة لقانون رقم 90 لسنة 1975 ، حيث ما حرم منه المالك بموجبه يكون ظلماً متجاوزاً على حقوقهم، فيستحقون بهذا تعويضاً عادلاً وفقاً للقاعدة القانونية : من استعمل حقه استعمالاً غير جائزاً وجب عليه الضمان، اضافة الى ان الاقرار بهذه المادة، الجوانب السلبية منها، اكثر من الجوانب الايجابية، لذا علينا مراعاة القاعدة القانونية: درء المفاسد اولى من جلب المنافع، مع فائق الاحترام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی من مام رەشاد باسی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دووەم جارە، منیش سوپاست دەکەم، کاك د.دلێر، فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من کۆمەڵە تێبینیەکم هەیە سەبارەت بەم ماددەیە، یەکەمیان مەفروزە فەرق هەبێ لە بەینی، ئەرازی مەملوکە هی دەوڵەت، ئەو زەوییەی کە موڵکی دەوڵەتە و ئەدرێ بە خەڵك، لەگەڵ ئەو زەوییەی کە خەڵك لە پشتا و پشتی بۆی ماوەتەوە، مەعقول نیە ئێمە لە هەردوو حاڵەتەکە، یەك سەقفی بۆ دابنێین،

ئەمە نا عەدالەتێکی من تێدا دەبینم، لەبەر ئەوە ئەبێ ئەو کەسەی کە موستەفیدە لە ئەرزی دەوڵەت و، ئەیدرێتێ بە نرخێکی زۆر ڕەمزی، فەرقی هەبێ لەگەڵ ئەو کەسەی کە لە باب و باپیریەوە پارچە زەوییەکی بۆ ماوەتەوە و، کاری لەسەر کردووە و، مێژووشی هەیە، ئەمە بە من نا عەدالەتیە، لەبەر ئەوە ئەبێ فەرق بکرێ لەبەینی ئەمە، جگە لەوە، من تێبینیم هەیە بەرامبەر بە سەرجەم ئەو سەقفانەی کە دانراوە، چ دوو هەزار دۆنمەکە، چ چوارسەد، سێ سەد دۆنمەکە، کە بۆ بەراو دانراوە، لەبەر ئەوە ئەمە ئەبێ ئیعادە نەزەری تێدا بکرێت، ئێمە لە لێژنەی دارایی و ئابووری، کاتی خۆی موناقەشەمان کرد لەسەر ئەوە، زەوی دێمان بە هەزار دۆنم دانا، ئەمە لە لێژنەکە، زەوی بەراو بە دووسەد دۆنم، ئەو زەوییانەی کە بە هۆی ئامێرەوە لەوێشدا جیاواز کراوەتەوە، کە بە هۆی ئامێرەوە ئاو ئەدرێت، ئەو زەویە بەراوانەی کە بەبێ ئامێر ئاو ئەدرێت، بەسەد دۆنم دانراوە، ئەمە سەبارەت بە سەقفی زەویەکە، جگە لەوە رادەی بەرزی و، مافی دەستکاری ئەو زەوییانەی کە بۆ مولکی دەوڵەتە، پێنج سەد دۆنم بەراو دانراوە، لەگەڵ پەنجا دۆنم لە زەوی بەراو، ئەوی تر پێنج سەد دۆنم لە زەوی دێم، لەگەڵ پەنجا دۆنم لەزەوی بەراو، کە بە هۆی ئامێرەوە ئاو ئەدرێن، لەگەڵ چل دۆنم لەو زەوییانەی کە بەبێ ئامێرەوە ئاو ئەدرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم، چونکە ئەوە بووە حەوت، هەشت کەس قسەیان کردووە، هەندەکی پێویست دەکات بە روونکردنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر باسی خاڵەکی دەکەن، زۆر تەرکیزی لەسەر دەکەن، مەسەلەی دەعمی جوتیار و، بەرهەم بە حیمایەت کردن، بە حەقیقەت ئەگەر جەنابتان ئیتیلاعت هەبێ لەسەر قەراری ئێمەی پار ساڵ، وەختی مەوسمی تەماتە و هەموو موخەزارات، ئێمە رەسمەکی گومرگی حیمایەتمان دانا لەسەر مەنتوجی دەرەوە، هیچ مەنتوجەك لەو فەترە نەهات، داخیلی کوردستان نەبوو، نە تەماتە، نە خەیار، ئەمانە هەموو لە فەترەی هاوین ئیعتیمادمان لەسەر ئێرە کرد، چونکە سەدوپەنجا هەزار دینارمان دانا لەسەر تەنێك، یەعنی ئەوانە لە مەوسمی ئێمە نەهات، دوای ئەوە، بۆ سێو و، بۆ خۆخ و، مژمژە، دیسان ئەمانەش سەدوپەنجا هەزارمان دانا لەسەری لەو فەترە، مەعنای جوتیارەکان سوودمەند بوون، لە جانبێکی تر، هەموو مەناتیقە دوورەکان، 50٪ سیعری نەقلی میوجاتی ئەوان هەتا بگاتە ئێرە لە 50٪ ئێمە ئەمانەدا وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆ حیمایەتی مەنتوج، بۆ ئەوەی بتوانێت مونافەسە بکات، جانبێکی تریش باسی گەنم ئەکات، گەنم سیعری پار ساڵ، سیعرێکی زۆر مەعقول بوو و، زۆر چاکیش بوو و، هیچ جووتیارەك گەنمەکە نەما لە دەست جوتیار تا تەسلیمی سایلو نەکات، من مەبستم خەتەوات و، هەنگاوی چاك پار ساڵ هاویشتوومانە و، ئەم ساڵە ئێمە بۆ حیمایە کردوومانە، قەرارمان، کۆنفرانسمان کردووە، دەیکەینە دووسەد هەزار لە جیاتی سەد و پەنجا هەزار، لەسەر هەر تەنێك، یەعنی مەوسمی ئێمە ئەم سیعرە دانراوە بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین حیمایەی مەنتوج بکەین، جانبێکی تر، کاك دلێر باسی ئەوەی کرد کە فەرقەکە هەبێت، لەبەینی ئەوەی

ساحیبی مەلك بێت، فەرقەکە هەیە، ئەوی مولك صرف بێت 20٪، ئـەوەی حقـوق تەصـروفی هـەبێت 12٪، ئەوەی ئێستا حقوق تەصروفی ئەدەینێ، چونکە موڵکی حکومەتە 3٪ ئەدەینێ، لەبـەر ئـەوە، ئـەو جیاوازیـە ریعایەت کراوە بۆ ئەم مەسائیلانە، جانبێکی تریش، ئێمە ئەگەر بەتەما بین مەسەلەن، ئێمە ئەگەر بێنەوە دوا، لە شێستەکان جوتیارەکان 67٪ لە کوردستان، هەتا ساڵی تەقریبەن، لە هەشـتا رێـژەی جوتیارەکـان بـو 16٪، دوای راپـەرین تەقریبـەن هاتـە بـن 10٪، تـۆ ئـەم رێژانـە ئەگـەر بـاس بکـەین مەسـەلەن، موقارەنـە بکـەین، مـن لەگـەڵ وەزیـری ئـاوەدان کردنـی کۆریـا باسـم کـرد کـە ئـەم رێـژە وا تەسەلسولی هێنـاوە لـە کوردستان، مەعنای ئەوە تەتەورێك پەیدا بووە لە کوردستان، چونکە لە وڵاتـانی پێشکەوتوو، لـە زیراعـە ، هێدی ، هێدی نیسبەی فەلاحەکان کەم ئەبێت و بـەرەو پیشەسـازی ئەچێت، وە تەکنـەلۆجیا جێـی ئەیـدی عامیلە دەگرێت، بەس بەینەما موشکیلەی ئێمە ووڵاتی ئێمە بەرەو پیشەسازی نەرۆیشـتووە، بـەرەو بەتاڵـە رۆیشـتووە، کێشـەکە لێرەدایـە، ئەگـەر ئێمـە بەتـەما بـین، 67٪ جـارێکی دی وەکـو جـاران لـە شێسـتەکان بگەرێتەوە، ئەبێ ئەو هەموو خەڵکە ببێتە جوتیار وەکو جاران، موستەحیلە، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێـت ئـەو هزرە بکەین، وڵاتی ئێمەش وەکو هەموو وڵاتی تر، ئیتیجاهەکەی دەگرێت وەکـو ئـەو خەڵکـە پێشـکەوتووە، کە ئەو ئیتیجاهەی صیناعەی گرتووە، لەبـەر ئـەوە مـن تەصـور ئەکـەم، وەحـداتی ئێمـە، مـن دیسـان باسـی وەحداتی گەورە دەکەم، یەعنی مەسەلەی وەحداتی گەورە، مەسەلەی زیاد کردنی ئینتاج ئەمـە ئەساسـە بـۆ پێشکەوتنی زیراعە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من تەئکید لەسەر قسەکانی د.دلێر دەکەم، لەسەر سەقفی زەویەکان، نەك لەسـەر نیسـبەکان وەکـو بـەڕێز وەزیـری کشـتوکاڵ باسـی کـرد، ئـەو نیسـبەیەی ئـەو باسـی ئـەکات راسـتە، فیعلـەن جیـا کراوەتـەوە، لەبەینی مولکیە و ئەوانە هەموو جیاکراینەوە، بەڵام سەقفەکان بەڕاستی دوو هەزار زۆرە، خۆ ئەکرێ ئەوە بە دوو موستسمیر ئەوە بکەن، بە دوو فـەلاح ئـەوە بکـەن، هـەزار بـە هـەزار بێـت، ئەگـەر هـەزار بێـت، دوو کەس ئەتوانێت ئینتاجی باشتر بێت، هەزاریش مەساحەکی زۆرە، تۆ ئەگەر حیسابی بکەی بۆ هەر دۆنمێـك عەرز، سەد داری تیا ئەچینرێت، خۆی مەعەدەلی قانونی چلە، چل داری تیا ئەچینرێت، بـەڵام ئـەوەی کـە فەلاح بێت ئەزانێ کە سەد دار، سەد و بیست داری تیا ئەچینرێت، هـەزار دۆنم تەقریبـەن ئەگاتـە نزیکـەی دە هـەزار، تـا دوانـزە هـەزار دار لـە مەسـاحەیەکی ئـەوها بچـێنرێت، بکرێتـە زەیتـوونیش بـۆ نموونـە ئەچێنرێت، پێم وایە مەشرۆعێکی ئەوها گەورەیە، دوو هەزار زۆرە، مەشـرعێکی ئـەوها گـەورەی تـێ بـێ ، زۆر سوپاستان ئەکەم و، من لەگەڵ هەموو رەئیەکانی د.دلێرم، لەسەر نیسبەکانی تـریش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من لەلای خۆمەوە بە پێویستی دەزانم، دەست خۆشی لە جەنابی وەزیری زراعە و، وەزارەتی زراعەش بکەم، بۆ ئامادە کردنی ئەو پرۆژە یاساییە و، لیژنەی زراعەش بە هەمان شێوە، بەڕای من، ئێمە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان لە $10\%$ ئیستیفادە لە کەرتی کشتوکاڵی ناکەین، ئەویش بەشێکی زۆری بۆ ئەو کارانە ئەگەڕێتەوە، کە بەرێزانم لەماددەی پێشووتر باسیان لێوە کرد، کە زۆرێك لە فەلاحەکانمان، لە پارچە زەویەکانمان، هەم بچووکن و، هەم فەلاحیش ئەو ئیمکانیەتەی نیە، بەو شێوەیە بتوانێ پەرە بە کەرتی کشتوکاڵی بدات و، دروست کردنی وەحداتی گەورە، تەجروبەیەکی گەورەیە لە کوردستاندا، دەکرێ کە لەم پرۆژە یاسایەدا هاتووە، من پێم وایە ئەوە گۆڕانێکە لە سێ سەد دۆنم، بۆ دوو هەزار دۆنم، پێم وایە ئەم گۆڕانە هەنگاوێکی زۆر گەورەیە، دەکرێ ئێمە بە دوو قۆناغ بیکەین، کە ئێمە ئەم تەجروبەیە ئەکەین بۆ دروست کردنی وەحداتی گەورەتر، ئەکرێ لە قۆناغی یەکەم هەوڵبدەین، بەتایبەتی ئەوەی لە فەقەرە (ا)ی، بڕگەی یەکەمی ماددەی سێیەم هاتووە بە دوو هەزار دۆنم، دەکرێ ئەم لەسەرەتا بە هەزار دۆنم دەست پێ بکات، خۆ ئەگەر زانیمان، ئیستیفادەمان لێکرد و، پاش فەترەیەکی تر، ساڵێك، ساڵ و نیوێك، دوو ساڵی تر ئەتوانین زۆر بە ئاسانی ئەو سەقفە زیاد بکەین و، بەردەوام بین لەسەر دروست کردنی وەحداتی گەورەتر، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تر، من پێم وایە خودی پرۆژە یاساییەکە و، ئەو فەلسەفەی کە باسیشی لێوە کرا، من پێم وایە ئەسڵەن ئەمە ئەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ زیندووکردنەوەی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێمدا، لەلایەك و، لەلایەکی تریش، بۆ بووژاندنەوەی ژیانی لادێیەکانیش، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ، زۆرێك لەو خەڵکانەی کە لە گوندەکان دادەنیشن، بەڕاستی ئەم ئیمکانیەتەیان نیە، زەوییەکانیان لە بواری کشتوکاڵی، پەرە پێ بدەن و، ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن، هەر بۆیەش گوند بە جێ دێڵن و، بەرەو شار کۆچ دەکەن بەدوای ژیانێکی تر، ئەگەر ئێمە ڕێگا بدەین لێرە، لە چوارچێوەی ئەو پرۆژە یاسایە، وەحداتی گەورەتر دروست بکرێت و، موستەسمیرمان هەبێت کە هەزار دۆنم بە جارێك بتوانێت لە بوارێکی کشتوکاڵیدا ئاوەدان بکاتەوە، بەتەئکید ئەمە کار بۆ خەڵك پەیدا دەکات، کە لە گوندەکان دادەنیشن و، ئیستیفادەی لێ دەکات، بۆیە من پشتگیری تەواوی ئەو پرۆژە یاساییە دەکەم، تەنها داوا دەکەم دوو هەزار دۆنمەکە بگۆڕدرێت بە هەزار دۆنم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز د.شوکریە، فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ماددەی سێیەم، جارێ لەسەر مەسەلەی تەکنیکە کە یەکەم نووسراوە، من پێم باش بوو بە نووسین بنووسرێ یەکەم، یەکەم و، دووەمەکە بکرێت بە (ا و ب)، ئینجا دوو، بکرێت بە دووەم، سێش بکرێت بە سێیەم، ئەمە خاڵێك کە هیچ هینێکی وای نیە، بێنەوە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکە، لە خاڵی (ا) کە

ئەچێتە ژێـر هینـەوە، زیـاتر دوو هـەزار نووسـراوە، دوو هـەزار دۆنم، بەڕاسـتی مـن ئەمـە وەکـو ڕەئیـەك ئەخەمە پاڵ ئـەو بەڕێزانـەی کـە ئـەڵێن ئەمـە زۆرە، جـارێکی تـر دروسـتکردنەوەی، دەرەبـەگ و ئـەقتاع و مەلاك و خوردە مـەلاك و ئـەم جۆرە شـتانە، ئەمـە بـە تەسـوراتی خۆمـە، ئینجـا یـەکێك دێـت ئـەم زەویـە ئەکڕێت، گوندەکە ئەچێتەوە ژێـر دەسـتی، جـارێکی تـر، هـەموو مسـکێنەکان، هـەموو گوندنشـینەکان بـۆی ئەچێتەوە، مـن وەکـو لایـەنێکی واقیعـی، کۆمەڵایـەتی، ساڵی 58 کـە فەلاحـەکان موڵکـەکانیان وەرگرتـووە، ئەمەندە دڵیان خۆش بوو بە زەویەکان، ئەمەنە وا پێیان نووسابوو، کـە هەسـتی ئـەکرد موڵکـە، چـۆن پیـاو ژنێك مارە ئەکات ئەبێتە موڵکی، ئەمەندە زەواجی مسیارە و، نەموتعەیە، ئەمـە نـە ئەوەیـە، جووتیارەکـان ئەمەنە دڵیان خۆش بوو، لە خۆشی خۆی و، موڵکەکەی کە بـۆی گەڕابوونـەوانێ چـەند سـاڵە، وەکـو شـەماڵ صائیب لەگۆرانیەکەی جوتیارەکە ئەڵێت: چەند ساڵ شوانیم کرد و، چەند ساڵ چیم کرد؟ جووتیارەکانیش لە خۆشیان ئەیانوت: فەلاح ئەرزی کێڵاوە، ئاغا جەرگی بڕاوە، فەلاح موڵکی خۆیەتی، ئاغـا باوکـە ڕۆیـەتی، کەواتـە ئـەڵێرەدا بـا ئێمـە ئەمـە تەحدیـد بکـەین، چـەند ئـەو جوتیـارە حـەز ئـەکات ببێتـە خـاوەنی؟ مـن خزمێکم هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تەقریبەن چل دۆنم زەوی هەیە، منی بردە سەر ئەرزەکە، باوەڕم پێبکە ئەرزێکی وا خاکی، بـە خـاکی بـوو ئەمەنـدە زۆر بـوو، چـاو پـڕی نەئـەکرد، ئـەم پیـاوە لـە فـەلاحێك کریبووی، شانازی پێوە ئەکرد، ئەمەی لێ دروست ئەکەم، ئەوەی لێ دروست ئەکەم، ئێستا ئێمە بێین، فەلاح ئیمکانیەتی ئەمەی هەیە دوو هەزار بکڕێ؟ ناوەڵلاّ، جارێکی تر زیندووکردنـەوەی ئـەم فێڵـە، ئینجـا لەبـەر ئـەوە مـن پـێم باشـە، ئەگـەر دوو هـەزار نـەبێ، هەنـدێك ئـەڵێین هـەزار، وەڵلاهـی مـن لێـرەدا پشـتگیری جوتیارەکـان ئەکـەم، ببێتـە پێـنج سـەد، هـەر وەکـو چـۆن ئـەم بـەرێزە خوێندیـەوە لەسـەردەمی شۆڕشـی ئەیلوولـدا سـێ سـەد دۆنم دانرابـوو، ئـەم سـێ سـەدە زۆر باشـە و، ئیسـتیغلالیش نـاکرێ و، ئـەم کەرتانـەش دروست نابێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وا بزانم کاك جعفر نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موناقەشە لەسەر دوو هەزار دۆنمە، خۆی دوو هەزار و چوار سەد دۆنمە، نەك دوو هـەزار، دوو هـەزار دێـم، چوار سەد ئاوە، یەك شەخص ئەتوانێ هەردووکی بەکار بهێنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێ تۆ بیدایەت قسەت بکردبا و، شەرحت بکردبا. کاك عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەبەست ئەوە بێتن، زیادەی ئینتاج بێتن، وا بـزانم حـەقی هـەر کەسـێکە بـۆ خـۆی زەوی بکڕێـت و، ئیستیغلالی بکاتن، چونکە زەوی بچووك هیچ ئینتیاجی تێدا نیە، زەوی بچووکیش لە تەجروبەی ئێمـە لـە

کوردستاندا، من له مەنتیقەی دهۆکەوە حیساب دەکەم، هەر له مەنتیقەی دهۆکەوە تاکو سنووری تورکیا، هیچ یەك کەس دە دۆنم ، پازدە دۆنم ئیستیغلال ناکات بۆ هیچ شتێك، ئەگەر زۆر بێتن وا بزانم ئیستیغلال دەکاتن، من لەگەڵ تێبینیەکانی جەنابی وەزیرم لەو بوارەدا، زەویەکە چەند زۆر بێ باشترە و، حەقی یەك کەسێ هەیە کە بۆ خۆی بیکڕێت و، ئیستیغلالی بکات، چونکە ئێمە لە سیستەمی رەئس مالیداین، لە تەوەجوهی بازاڕی حوڕین، ئێمە مونافەسەی ئیشتیراکی و رەئس مالی ئەوان ناکەین، یەعنی ئێستا ئەوە ئازادە، ئەوە یەکەم، کێشەکی ترمان هەیە لە مەنتیقەی، وا بزانم، لە دهۆکەوە تاکو هەولێریش، ئەملاك هەیە، دێیەکان بە گشتی موڵکی خەڵکەکانی ترە، نەك هی کوردستانن، هەر لە کاتی عوسمانیدا تا ئێستا بووینە موڵك، ئەوانەش هیچ رۆژێك ئیستیغلالیان نەکردووە، دانیشتوونە لە موصل، لە شوێنەکانی تر و، صاحیبی موڵکن، فەلاحەکەش لەوێ و، تەهدیدی فەلاحیش ئەکەن، تاپۆشی بدەن و، ئەگەر تاپۆشی نەدەن دەری دەکەن و، تەهدیدیشی دەکەین، نازانم پرسیارم بۆ جەنابی وەزیر ئەوەیە: ئەو موڵکیەتە لە قانوونەکەدا نیە، چونکە حقوق تەصەروفیە، ئەوانە حەقیان هەیە تەصروفی لێ بکەن ئێستا پاش ئەو قانوونە؟ یان حەق نیە تەصروفی لێ بکەن؟ راستە موڵکیانە، بەس چۆن بویە بە موڵکیان؟ تاپۆیە، راستە، بەڵام لەدەوڵەتی عوسمانیەوە تا ئێستا هیچ کەسێك نازانێ چون بوویتە موڵکی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا دیارە لەسەر مەسەلەی دو هەزار دۆنمەکە، قسە کرا، منیش بە تەئکید لەگەڵ کەمکردنەوەکەمە، لەگەڵ ئەوەمە هەرسێکیان ئەوەی بە پشتا و، بەراو و،بە ئامێر ئاو ئەدرێت، بکرێنە پلپ، یەعنی چاریەکی بدرێت، چونکە یەکجار زۆرە، مەعلوومە ئەوەی ئەو زەوییانە ئەکڕێت، کێیە؟ ئەو کەسانەن کە لە وڵاتی ئێمە پارەی ڕەشیان کۆکردۆتەوە و، ئەیانەوێ ئەم پارەیە سپی بکەنەوە، دەنا کەس ناتوانێ دوو هەزار دۆنم بکڕێت بەراستی، ئەوانەی پارەی ڕەشیان بەنا شەرعی کۆکردووتەوە لە کوردستان، ئەیانەوێ بۆ سپی کردنەوەی پارەکانیان، عاردی فەلاحەکان هەموو بکڕن، ئێمە هەموو ببینەوە کرێچی ئەوان، حەقە لێرە قانون رێگە لەوانە بگرێت، بەراستی ئەگەر قانون رێگە لەوانە نەگرێ، ئێمە دەبینە کرێچی ئەوانەی کە بە ناشەرعی پارەیان کۆکردۆتەوە، دەنا کەس ناتوانێ دوو، سێ هەزار دۆنم زەوی بکڕێت، رەجائەن پشتگیری لەوە مەکەن، تکاتان لێ دەکەم، دوایی پاشە ڕۆژ هەموومان ئەبینە کرێچی و، دەبێ دەستی ئەوان ماچ بکەین،وەکو مەلاکیان لێدێت لەماڵی خۆیان، وەکو کاك عزالدین باسی کرد لەماڵی خۆیان دادەنیشن و، لە دهۆك حوکم ئەکەن، ئەوە یەك، لایەکی تر، حکومەتیش لەمەو دوا بەپێی قسەکانی وەزیر وا تەعاموول دەکات لەگەڵ ئەو کەسانەی کە زەویان زۆرە،ئاسانتر تەعاموولیان لەگەڵ دەکرێت ، دووەمیش: حکومەت ئەو کەسەی عاردی زۆرە زیاتر دەعمی ئەوان ئەکات بۆ بەرهەم هێنانی کاری کشتوکاڵی، فیعلەن لە لایەکی دیش حکومەت لە خزمەتی ئەوکەسانەدا دەبێت کە زەوی زۆریان هەیە، ئەوە بە پێی یاسایەکە وایە، بەدەست

من نیە، بۆیە من بەراستی ئەوە بە کارێکی ئاسان نازانم، هیچ بەگەشەی زیراعەی نازانم، هەر سەد دۆنمی هەبێ دەتوانێ بەرهەمی باشی هەبێ، سەد دۆنم، دوو سەد دۆنم، سێ سەد دۆنم، ئەگەر ئەتو زەرعی بکەی، باشە کێیە ئەوەیەی سێ سەد دۆنمی زەرع دەکات؟ بە دوو، سێ فەلاح بەرهەمی زۆر باشیان هەیە، بادەستە جەمعی دروست بێ، با بەپێنج شەش کەسان، هەزار دۆنمی زەرع بکەن، بۆ یەك کەس کۆنترۆلی بکات و، هەمووومان چاومان لە دەستی ئەو بێت؟ من بەڕاستی لەگەڵ ئەوەمە، فیعلەن ئەوە ژمارەیەکی زۆرە، من لەگەڵ ڕای ئەو کەسانەم کە کەم بکرێتەوە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قانوونەکانی زیراعە، کاك جەمیل پێشەکیەکی گوت، من لەگەڵ ئەوەم هەموو قانونی زیراعەی ئێمە، هەمووی کۆبکەینەوە و، لە قانونێکدا دایبڕێژین، هەموو کێشەکانی ئێمە پینە و پەڕۆیە ئەکرێ، ئەوە مولاحەزەیەکی عامە، سەبارەت بەم قانونە، ناو و، ناوەرۆك ئەگەر مولاحەزە بکەی، موتابیق نین، ئێمە لە پێشەکی جەنابی وەزیر باسی کرد، باسی ئەوەی کرد کە ئێمە ئەمانەوێ بە قانونێك، ئەو کەسانەی کە خاوەن عەقدن، حەقی تەصروفیان بدەینێ، و بۆیان ساغ بکەینەوە بە قانون، ئەگەر ئێمە، زەوییەکی دەوڵەت،کە زەوییەکی ئەمیریە، ئەیهینین حەقی تەصەروفی لەسەری ساغ ئەکەینەوە، پێویستە ناونیشانی قانونەکە بگۆڕین و، لەسەر ڕێکخستنی ئەم مەوزوعە بێت، بەڵام ئەگەر ئەمانەوێ، ئێمە حەقی تەصەروف، کە لە قانوندا پێی ئەوترێت، حەقی عەینی ئەصڵی، لە بواری کشتوکاڵیدا ساغی بکەینەوە، پێویستە سەرانسەر حەقی تەصروف لە ئەوانەی ئەمیرین مفەوزە بە تاپۆی، ئەوانەی ئەمیرین مفەوزە بەلەزمە، یەعنی ئەوانەی هەموو ڕێکی بخەینەوە،ئەگەر نا، نازانم ئەو قانونە هەموو حقوقی تەصەروف ڕێکدەخات ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام ئەگەر بێتەوە و، حەقێك حیساب نەکات بۆ جوتیارێك، وەکو جەنابی وەزیریش باسی کرد کە ئەو جوتیارە حەقی تەصەروفمان دایە پێی، ئەوە زیاتر دڵسۆز ئەبێت بۆ ئەرزەکەی ، ئەتوانێ بەرهەمی هێن بکات، ئەم ماددەیە، ماددەی سێ، بەراستی نەگونجاوە لەگەڵ ئەوە، هیشتا حەقەکەمان نەداوە، لێرە ئەڵێ : یکون الحد الاعلی لحق التصرف فی الاراچی المملوکە للدولە، مەفروزە بڵێین: یکون الحد الاعلی لمنح حق التصرف و، ئەوانە ئینجا موڵکی صرف پێویست ناکات،لێرە باسی بکەینەوە، موڵکی صرف ئەگەر خاوەن موڵکیش بمرێت ئەگەڕێتەوە بۆ وەرەسەکەی، پێویست ناکات بێنەوە ناو ئەو مەوزوعەوە ، هەروەها من پرسیارێکی ترم هەیە، ئایا تەوزیعی جەماعی، ڕەنگە جەنابی وەزیر بزانێت، زۆر جێگامان هەیە، بە پەنجا جوتیار هەزار و پێنج سەد دۆنم زەوی دراوە پێیان، کەس نازانێ زەویەکەی لە کوێیە؟ ئەوانە مەصیریان چۆنە؟ مەسەلەن بۆ نموونە، سێ قەزا، قەزای گەرمیان، قەزای دوز، قەزای کفری، ئەم سێ قەزایە، قانونی 117 تا ئێستا لەسەریان جێبەجێ دەکرێ، قانونی 90 نیە، یەعنی

لەو بەینە ماوەتەوە، لەوێش تەوزیعی جەماعیە، هەزار دۆنم دراوەتە حەفتا فەلاح، نازانێ زەویەکەی خۆی لەکوێیە؟ ئایا بە پێی ئەم قانونە ئەو تەوزیعە جەماعیە، چارەنووسی چی بەسەر دادێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر کەس قسە ئەکات، کاك دیلمان.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بە تەئکید لەگەڵ ئەوەمە کە نیسبەکە یەکجار زیادە و، بەو نیسبەیەش ئاغا و، دەرەبەگ و، کەرتی نوێ دروست دەکەینەوە، تەنها بۆ جوتیار دوو هەزار دۆنم زەحمەتە بەکار بهێنێت، لەسیاسەتی حکومەتیشدا جەمعیات فەلاحیە و، تەعاونیات فەلاحیە نیە کە بۆ پەنجا، شێست فەلاحێك پێکەوە ئەو عەردەیان بدەنێ و پێکەوە خزمەتیان بکات، لەگەڵ ئەوەمە کەم ببێتن، ئەگەر موبەریر ئەوەیە ئیستیسمارە؟ یاسای ئیستیسمار جیاوازە لەگەڵ ئەم یاسایە، چونکە لە ئیستیسمار، موستەسمیر مولزەمە مەشروعێکی ئیستیسماری دروست بکات، بەلاّم لێرە حەقی تەصروف هەیە، ئەگەر غایەت وەحدەی گەورەیە بۆ ئینتاجی گەورە، دەبێت ئێمە حەدی ئیقتیصادیەکە زیاد بکەین، کە لەماددەی چوارەم هاتیە، حەدی ئیقتیصادی سێ دۆنم دانایە، چونکە ئەگەر دوو هەزار دۆنم وەربگرێتن، دەتوانێ سێ دۆنم تەنها بۆ بەساتین بە کاربهێنێتن، دەبێ ئێمە ئەو حەدە زیاد بکەین، نەك ئێمە لێرە تەنها حقوقی تەصروف زیاد بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللاّ من لەسەر ماددەکە نیە لەسەر یەك تەوزیحە لەسەر قسەکەی د.شوکریە، چونکە زۆربەی ژنەکانی پەرلەمان پێیان ناخۆش بوو، مەسەلەی هاوسەرگیری و، ژیانی هاوسەر گیری، هاوبەشە، موڵکیەت نیە، ئێمە هەمووومان ئەو قسەیەمان رەفزە، موڵکی کەس نینە ئێمە، ئەگەر ئەوە رەئی خۆیەتی، ئەو خوی بە موڵکی یەکێك ئەزانێ، ئێمە خۆمان بە موڵکی کەس نازانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا، لە مەوزوع دەرمەچن، مەقصەدی ئەوە نەبوو د.شوکریە، موتەئەکیدم، چونکە بۆ خۆی نەبوویتە موڵکی مێردی، ئەوە موڵکی میللەتە، ئەوە نیە نوێنەری میللەتە لێرە، ئەوە قسە واهات، فەرموو د.شکریە، حەقت هەیە جواب بدەیەوە.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە پێی شـەرەع بێت، ئەگـەر بـە پێـی قـانون بێـت، لەشـەرعەکە مـەلات بـۆ دائـەنێن، لـە یاسـایەکە ، موقەدیمە و، موئەخەرەت بۆ دائەنێن، بۆ بۆ پیاوەکە دانانرێت؟ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ ، ئەنصارت زۆرە، ئەوە نیە لە پشتەوە ئەوەندە کـەیفی هەیـە، هـەر نەبێتـەوە، ئـەوە بۆچـوونی جیاواز هەیە لەو مەسەلەیە، بەڵام لە بابی دەوڵەمەنـد کردنـی هـەر پرۆژەیـەك، کـە موناقەشـە دەکرێـت و، میسال دێت و، رەئی دێتن و بۆ ئەوەی رەئیەکەی خۆی کە دەیەوێ بیکاتن، دەوڵەمەندی بکاتن، بەرێز کـاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەم دەویست قسە بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی کـە هەنـدێ شـت بـاس کـرا، بـاس لـەوە دەکـرێ کـە ئـەفتاع دروست ئەبێتەوە، دەرەبەگ دروست ئەبێتەوە، من بەراسـتی دژی ئـەو رەئیەمـە، پـێم وایـە بـەوە ئیقتـاع و دەرەبەگ دروست نابێتەوە، جوتیارێك کە خاوەنی دە دۆنمە، یـان بیسـت دۆنمـە، یـان سـی دۆنمـە، یـان سـەد دۆنمە، حەقی خۆیتی تاپۆی بکا با نەیفرۆشێ، بـا نەیداتـە ئـەفتاع، بـا نەیداتـە دەرەبـەگ، مـاڵی خـۆیتی بـا نەیفرۆشێ، کەس بە زۆر لێی ناستێنێ، من لەگەڵ ئەوەمە با هەر مەفتوح بێت بەڕاستی، نـەك هـەزار دۆنم و، دوو هەزار دۆنم بێت، مەفتوح بێت، چونکە من سێ کوڕم هەیە، چوار برام هەیە، دەتـوانم هـەزار دۆنمـی بەناوی کوڕەکم بکەم، هەزار دۆنمی لەسەر برایەکم دانێم و، هەزار دۆنمیش لەسـەر خـۆم دانـێم، زیـاتریش ئەڕوا لەوەی، بۆیە ئەوە مەفتووح بێت باشترە، نەوەك قەیدی بکەین بەوەی کە پێنج سـەد دۆنم بێـت، یـان هەزار دۆنم بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر کەس یەك دەقە، مام خورشید، فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو موناقەشـە کـە خوشـك و، برایـان کردیتیـان، باسـی ئـەفتاع دروسـت کردنـەوە دەکـرێ، ئـەفتاع نـەماوە، مەلاك دروست دەبێتەوە، بەڵێ، ئێستا من لەگەڵ ئەوەمـە ببێتـە هـەزار دۆنم، بـەڵام ئـەو هـەزار دۆنمـە کـە حەقی هەیە بیکڕێتەوە، ئەو ناچێ لە فەلاح بیستێنێ ، یان حکومەت نایداتێ، ئـەو دەچـێ دەیکرێتـەوە، بـۆ چی تۆ حـەقت هـەبێ هـەزار خـانوو لـە شـار بکـری، حـەقت نـەبێ عەرزەکە بکـڕێ؟ حـەقی خـۆیتی کـابرا، دەیفرۆشێ یـان، نایفرۆشـێ، ئـەو غـەدری لـێ ناکـاتن، ئـەو ناچـێ بـەزۆر لێـی بسـتینێ، مـەلاك بـەزۆر لێـی دەستاندی، مەلاك دەردەکـردی، ئێسـتا ئـەوە نەمایـە، یـەعنی بـیر لـۆ لـەوەی بکەینـەوە کـە ئـەفتاع دروسـت

دەبیتەوە، بڵێ دەوڵەمەند و تاجیر و مەلاك دروست دەبێتەوە، بەڵێ، من ئەوەی بە قازانجی ئەزانم مەلاك دروست بێتەوە، چونکە ئەو عەردانەی کە ئێستا هەمانە ئیستیفادەی لێ ناکرێ، بۆیە وەکو کاك ئیسماعیلیش ئیشارەتی پێدا، ئەگەر بیکەینە هەزار دۆنمیش، من پارەم هەبێت و، ئیمکانیاتم هەبێ، کوڕم هەیە، کچم هەیە، ژنم هەیە، برام هەیە، دە هەزار دۆنمی دەکڕمەوە، ئەوە حەل نیە، لەبەر ئەوە با هەزار دۆنمەکە بێت و، مانع نیە، بەڵام ئەقتاع دروست نابێتەوە، مەسەلە ئەقتاع نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی قسەی بدەمە لێژنەی یاسایی، خولاصەی قسەکانتان، داوای لێبوردن دەکەم، هەندێك ئەندام پەرلەمان، لە مەوزوعەکان دەردەچوون بەراستی، لە تەحلیلیەکانیشدا هەندێك تەحلیل ئەوە ناگرێتەوە، وەکو مام خورشید باسی کرد بەکار هێنانی موستەلەحی ئیقتاع، ئیقتاع بە قەوانین نەماوە، خۆ ئیقتاع هەر ئەوە نیە موڵکی هەبێ، ئەو قوانینە نەماوە، مەللاك هەیە، زۆر راستە ئەوە، دواییش بە پێی قانوونی 90، ئەو عەردانە دابەش کراوە لە حەقیقەتدا، هیچ کەسێك ئەو موڵکەی نەماوە، بەڵام گۆڕانکاری کە لە عیراق کرایە، بەپێی دەستووری عیراقی، بەپێی ئەو قوانینەی کە دەرچووە، بە قانونی ئیستیسماریەوە، بازاڕ گۆڕاوە، قەوانینی بازاڕیش گۆڕاوە، وەکو هەموومان باس دەکەین، بوویتە بازاڕی ئازاد، بەس ئەوەندەیە وەکو زۆربەتان ئاماژەتان پێکرد، ناکرێ ئێمەش قەفزە بکەین، قەفزە لە هەموو شتێکدا، یەعنی بە مەراحیل بڕۆین، کەرتی کشتوکاڵ تەدمیر بووە، وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێکرد، لەکۆڕیای جەنوبی پێیان وتوە ئێوە تەقەدومتان کردووە، بەداخەوە لێرە تەقەدوم نەبووە، کەم بوونی رێژەی فەلاح لە کوردستاندا، بەهۆی تەقەدومەوە نەبووە، بە هۆی ئەوە بووە، حکومەت ئەنفالی کردووە، دێهاتی تێکداوە، خەڵکی بردۆتەوە ئۆردوگا زۆرە ملێکان، بەهۆی ئەوە بووە، ئابووری لە کوردستان زۆر زەعیف بووە لەدوای راپەرین، حکومەتی هەرێم، دواتر هەردوو ئیدارەکە، خەڵکێکیان مەعاش خۆر کردووە و، خەڵك دوور کەوتووتەوە لە زراعەت، ئەوانە سەببن، یەعنی هەر ئەسبابەکەی کە رێژەی فەلاح کەم بوویتەوە، ئەسبابی سەلبین و، ئێستاکە ئێمە چی بکەین؟ بۆ ئەوەی ئەو رێژەیە زیاد بکەین و، فەعال بێت، هەر قسە نەبێت، هەر بەناو نیە، سێ سەد دۆنم بداتە فەلاح، فەلاح نابێتە فەلاح ئیلا عەردەکە نەچێنێ ، عەردەکە بەکارنەهێنێ و، ئێمەش دەمانەوێ لەهەمان کاتێشدا، ئەو بەکار هێنانی ئەرزەکەش بۆ فەلاح، لە قازانجی فەلاح بێت، یەك، لە قازانجی ئابووری هەرێمدا بێت، دوو، یەك لە دیراسەتەکان، کە دیراسەت کراوە، لە کوردستان و لە زۆر وڵاتاندا، دەبێت پشتگیری لە کەرتی کشتوکاڵی بکرێت و، چەند فراوان بێت ئەو ئەرزەی کە بەکاری دێنێتن، ئەوەندە ئینتاجەکەی گەورەتر دەبێت و، فراوانتر دەبێت، دەتوانێ کریکار بەکار بینێ و ئیش بکات، مەعنای وایە ئیشەکە زیاتر پەیدا دەبێت، بەڵام دەگەڕێمەوە، وەکو زۆرتان ئاماژەتان پێکرد، کە ناکرێ بە قەفزە، یەعنی لە سێ سەدەوە بۆ دوو هەزار ئەوە قەفزەیە، رەنگە ببێتە هۆی ئەوەی جێبەجی نەکرێ، ئەگەر جێبەجێش کرا، رەنگە ژمارەیەکی زۆر کەم بتوانن جێبەجێ بکەن، بۆیە بە مەراحیل بێت، ئەو هینە دەیخەمە ئەوەی جەنابی وەزیر رەئی لەسەر بدات و، لێژنەی یاسایی و لێژنەی کشتوکاڵ رەئی لەسەر بدەن، کە ئەو رێژەیە نووسیتیانە و پشتگیریان لێ کردیە، دوو هەزارەکە

لەگەڵ چوار سەد و، سێ سەدەکە، لەو مەرحەلەی ئێستادا، بە پێی ئەو قسانەی کە کردووتانە، نیوەی باشترە، هەزارەکە، چوار سەدەکە ببێتە دوو سەد، و سێ سەدەکەش ببێتە سەد و پەنجا، رەئیان وەردەگرین و، رەئی جەنابی وەزیریش و ئینجا دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم تەوزیحێك بکەم، یەك، بە نیسبەت قانونی رەقەم 117، لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بجۆافیریە تەتبیق کرایە و، کۆتایی پێ هاتیە، بە نیسبەت قانونی رەقەم 90 لە زەمنی هەرێمدا تەتبیق کرایە و، کۆتایی پێ هاتیە، ئەو حدودەی کە جەنابت ئیشارەتت پێدا، ئێمەش لەگەڵ لیژنەی زراعە و، لیژنەی شارەوانی، تقریبەن لەگەڵ عەینی حدودین و، تەعدیلی رەئیەکەی خۆمان دەکەین، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە، هەندێك برادەران ئیشارەتیان بەوە دا گوتیان، ئەگەر دوو هەزار دۆنم لە دێمی بیتن و، چوارسەدی بەراویشی بەبەر دەکەوێ، ئەوە دەبێتە دوو هەزار و چوار سەد دۆنم، خوێندنەوەکە بەو شێوە نیە، لیجانی ئەرازی و ئیستیلاء حدودی خۆیان هەیە، تەحویلی ئەرازی مەروی دەکەینە ئەرازی دێمی، ئینجا حەد ئەعلایەکەی وەردەگرین، بەو شێوەیە تەعامووڵ لەگەڵ ئەرازی مەروی دەکرێتن، تەحویلی دێمی دەکەن، ئینجا دوو هەزارەکە وەردەگرن، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو پێشنیارەی جەنابتین و، تەبەنی ئەو پێشنیارەش دەکەین و، دوا رەئیش، رەئی ئێوەیە و، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەز دەکەم جەنابی وەزیریش پشتگیریمان بکات، کاك عبدالرحمان ، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو، سێ تێبینی بچووکم هەیە، یەکەم دیارە لەم پرۆژە یاسایە، یاسای 117 کراوەتە بنەما، یاسای ژمارە 30 مان هەیە، 190 مان هەیە و، یاسای ژمارە 117 مان هەیە، لەم پرۆژە یاسایە ، یاسای 117 کراوەتە بنەما، کە بە پێی ئەو یاسایە، لە زەوی دێمەوە، دوو هەزار دۆنم دەست پێ دەکات تا 12 دۆنم، ئەوە یەك، دووەم، فەقەرەیەك هاتووە کە دەڵێ ئەوەی زەوی بە پشتا و پشت بۆی ماوەتەوە، لە دوو هەزار دۆنم زیاتر وەردەگیرێتەوە، ئێمە پرسیار دەکەین لە جەنابی وەزیر، حکومەت وەریدەگرێتەوە بە چ شێوەیەك؟ بە ئیستیلا وەریدەگرێتەوە، بە ئەتفا وەریدەگرێتەوە؟, ئەوە میراتە ماوەتەوە ، بە چی وەریدەگرێتەوە ئیشارەتی پێ نەداوە، ئەمەش بکەینە دوو فەقەرە، جەنابی بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئاماژەی پێکرد، ئێمە حەدی ئەعلا هەزارمان داناوە، بۆ ئەوەی کە پشتا و پشت بۆی ماوەتەوە، ئەتوانین بڵێین بۆ ئەو دوو هەزار بێت، لەگەڵ ئەوەش بە ئیستیلاء وەریدەگرێتەوە، یان بە چی؟ ئەوەش تەوزیح بکەن. خاڵێکی سێیەمم ئەوەیە، یەعنی خۆش بەختانە ئێمە هەر چەندێك بێت حەدی ئەعلا، فەقەرەیەکمان چەسپاندووە کە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی ئەم زەوییانە بە کار دێن، ئەوە شتێکی باشە، هەنگاوێکە بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی، ئێمە ئێستا وا هاتووە حکومەت ناتوانێ هاوکاری فەلاح بکەن، با بەو

تەعبیرە بڵێین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەڵێین کەرتی گەورە دروست دەکەین، ئەمە حاڵەتێکە، دەتوانین بڵێین ئەحسەن المەوجودە، حاڵەتێکە هاتووتە پێشەوە، بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵی گەورە دروست بێت، حەدەکەمان چەند دانا بۆ مەبەستی زراعی ئەوە شتێکی باشە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر، ئەوە لەسەر موقتەرەحەکەی هەر سێ لێژنە و، ئێمەش و، ئەندامانی پەرلەمان و، لەسەر رەئیەکەی کاك عبدالرحمانیش ، فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو ، سێ مولاحەزەم هەیە، وابزانم کاك عزالدینیش تازە باسی هەندێ مەناتیقی وەکو شێخان و ئەوانەی کرد، من تەئکیدی ئەوە دەکەم، ئێمە هیچ ئیجرائێکی ئێستا ناکەین، بەڵام وەختی زانیمان داخیلی سەر مەنتیقەی ئێمە ئەو وەختی ئیجرائاتی خۆمان ئەکەین، بە پێی قوانینی کە هەمانە، ئەوە یەك، دوو، باسی تەعاونیاتی زراعی دەکەن، ئێمە هیچ کاتێك رێگە لە تەعاونیاتی زراعی ناگرین، بلعەکس، ئێمە تەشجیعی تەعاونیاتی زراعی دەکەین، بەس ڕەد فیعلەکی جوتیارەکان لە تەعاونیاتی زراعی کۆن هەیە، چونکە لەسەر ئەساسێکی زراعی لەوەختی خۆی ئەو تەعاونیاتانە دروست ئەکرا، ئێستا ئێمە داوا دەکەین لەسەر ئەساسێکی ئابووری بەحت دروست بکرێت، ئەو تەعاونیاتە ئێمە زۆر تەشجیعی دەکەین و، ئێمە رێگەی لێی ناگرین، جانبی سێیەم، ئێمە  هیچ جوتیارێك مولکەکەی لێ وەرناگرین، یەعنی مولکەکەی هی خۆیەتی و، لە دەستی خۆیەتی، بەس یەعنی سبەینێ ئەم جوتیارە، ئیشی ناکات، یەعنی ئیشی فەلاحەت ناکات، یەعنی واز لە میهنەکە ئەهێنێت، بۆچی ئەم زەویە بمێنێت لەسەر ناوی ئەو؟ با تەحویلی بکات، یەعنی ئەو بە خۆی بیفرۆشێت و، بیداتە کابرایەکی دیکە، جانبێکی تر، من پرسیارێك ئەکەم، یەعنی زۆر جار خەڵك دێتە لای ئێمە، دەڵێتە من دوو هەزار دۆنم، حەز دەکەم 500 چێڵی بێنم، مەشروعێکی شیرەمەنی دابنێمە سەری و، موتەکامل بێت، مەنتیقەیەکی زراعی هەبێت بۆ عەلەف، یەعنی مەشروعێکی زۆری موتەکامل، ئەکید ئەگەر تۆ رێگای لێ بگری بە هەزار دۆنم، مەشرۆعێکی وا موتەکامل دروست نابێت، دەچێت پەنا دەبات بۆ کێندەر؟ دەبێ ئیلا پەنا ببات بۆ قانونی ئیستیسماری، ئەو قانونە ئەو حەقەی پێ دەدات، ئێستا بۆ ئێمە ئەو رێگایەی لێ بگرین؟ ئێستا خەڵکێك  هەیە لێرە و، موستەسمرێکی باشە، حەز دەکات مەشروعێکی گەورە، هی دەواجنێکی گەورە، هی شیرەمەنی گەورە دروست بکات، چێڵ بینێت، بۆ ئێمە ئەو رێگا و ئەو حەقەی لێ بگرین، مەسەلەن خەڵکێك هاتیە، شەریکات هاتیە، دە هەزار دۆنمی عەرد حازرە، بەس بیکاتە زەیتون و، مەعمەلی زەیتیشی لێ دابنێ، بۆچی ئێمە ئەوە موستەسمیری ئەجنبیە، رێگەی پێ دەدەین؟، بۆ چی رێگا بە مواتنێکی خەڵکی کوردستان نادەین کە بە حەقی خۆی، بە پارەی خۆی بچێت، شت بۆ خۆی بکرێت و، بیکاتە مەشروع، من تەسەور ئەکەم، یەعنی دەە هەزار دۆنم حەدێکی مەعقوولە، مەسەلەن ئێران وەك میسال من دەێنم، هەتا سێ هەزار و دوو سەد دۆنمیان هەیە، یەعنی حەدی مولکیە، سێ هەزار و، دوو سەد دۆنمە، سوریا، هەزار و دوو سەدە، من ئەم میسالانە دەینم،

میسالی مەنتیقەیە، ئەمما بچیە هەنگاریا، پۆلۆنیا، مەسەلەن، ئیحتیمالە، شێوەیەکی دی فەرق بێت، لە میسر، شێوەیەکی تر فەرقی هەیە، من تەسەور دەکەم ئەگەر جەنابیشتان بە مەسلەحەتی ببینن ئەگەر بیکەینە نیوەی، من بە تەسوری خۆم، دیراسەیەکی قوولی ئەوەمان کردووە و، لەسەر ئەساسی داوای خەڵکێك، بۆ ئەوەی ئەم موشکیلە، ئەم کێشەیان بۆ چارەسەر بکەین، تاکو ئیستیسمار بکات، ئەوەی مەشرۆعێکی وا دروست بکات، وا گەورە، دەبێتە چ ئیقتاعیەك؟
شێرەمەنی دروست بکات، 500 چێڵی بینی و بە خێو بکات، لەسەر دوو هەزار دۆنم، ئەوە دەبێت ئیقتاعی؟ ئەمە موحتەمەلە چەند فەلاحێك بێنێ وەکو عامل زراعی لەسەر ئەم مەشرۆعە ئیش بکەن و، ئینتاجەکەشی باشترە و، قەراریش هی جەنابتانە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەللا ئیتر گوێتان لە قسەکانی جەنابی وەزیر بوو، دیفاع لە ویجهەت نەزەری خۆی دەکات، وەجهەت نەزەری وەزارەتە و حکومەت تەبنای کردیە، پێی وایە ئەم دوو هەزارە گونجاوە لەگەڵ بەرنامەی حکومەت، بۆ بووژاندنەوەی زراعەت و ئیستیسمار و ئەوانە ، زۆریشتان داواتان ئەوە بوو کە رێژەکان نیوە بکرێتەوە، لێژنەکانیش، پشتگیریان لە نیوەکان کردیە و ئەوانە . جوابی کاك عبدالرحمانیش درایەوە، جەنابت لەسەر رێژەکەی قسەت نەکردووە.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، جوابی ئەو فەقەرە نەدرایەوە، ئەو زەویانەی کە لە میرات، لە وەرەسە بۆیان ماوەتەوە، ئیستیلاء دەکرێن؟ چیان لێ دەکرێن؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وا نیە، ئەوەی لە وەرەسە بۆی ماوەتەوە، دوو هەزاری مابێ، هەمووی سێ سەدە، یان دوو سەدە، هەمووی دابەش کرایە.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەکید ئەو حاڵەتانە موحتەمەلە، دەگمەن حاڵەتی ئەوها بێت و، سەری هەڵدات، ئەگەر سەری هەڵدا، ئەکید بە قانونی ئیستیلاعدەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەمێنێ ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن، قانونی 190 نایانگرێتەوە، کەی هاتنە سەر هەرێم، وەکو ماددەکەی تر باسمان کرد، ئەوها تەعامول دەکرێت لەگەڵ ئەوانە، ئێستا موقتەرەحی خۆتان ئەخەمە دەنگدانەوە، تەبعەن جەنابی وەزیر شەرحی کرد، موبەریراتی هێنا، ئەسبابی ئەوەی کە سوورە لەسەر

رەئیەکەی خۆی، هی دوو هەزارەکە و چوار سەد و، سێ سەدەکە، ئێوەش داواتان کرد، کە دوو سەد و، سەد و پەنجا بێت، ئیقتیراحی ئێوە، داوای ئێوە ئەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی؟ لە ماددەی سێ، یەکەم کە دەڵێ، حەدی ئەعلای حەقی تەصەروف لە ئەرازی مەملوکەی دەولە و، ئەرازی موڵکی صرف، بە پێی ئەو قانونە، بەو شێوەیە دەبێت، ئەرازی دێمی دوو هەزار دۆنم، کە بە جۆراو جۆر زەرع دەکرێتن، ئەرازی مەرویە بەکوردی دەبێتە، بەراو ، بە چوار سەد دۆنم و، ئەوەی کە بەئاو ئاو دەدرێت، سێ سەد دۆنم، ئێوە هەندێکتان داواتان کرد کە ئەوە ببێتە نیوە، دوو هەزارەکە ببێتە هەزار، چوار سەدەکە ببێتە دوو سەد و، سێ سەدەکە ببێتە سەد و پەنجا، جەنابی وەزیریش شەرحی وەجهەی نەزەری خۆی کرد، لەگەڵ داوای ئێوە کە ببێتە نیوە، واتا دوو هەزارەکە ببێتە هەزار و، چوار سەدەکە ببێتە دوو سەد و، سێ سەدەکە ببێتە سەد و پەنجا، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ موقتەرەحەکەتانە، دەستی بڵند کاتەوە، تکایە کێ موئەیدە بکرێتە نیوە؟ دوو هەزارەکە بکرێتە هەزار و، چوار سەدەکە بکرێتە دوو سەد و، سێ سەدەکە بکرێتە سەد و پەنجا، فەرموون. کێ لەگەڵدا نیە؟ لەگەڵ پرۆژەکەی حکومەتدا نیە؟ ، دەستی بڵند کاتەوە، قانونی رەقەم 90 موقتەرەح نیە، تەبیعی من قسەیەك بۆ جەنابی وەزیر دەکەم، ئەو قانونە، وەکو گوتمان نامانەوێ قەفزە بێتن، بۆیە شەش مانگی دیکە، ساڵەکی دیکە، گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگادا دەبێتن، دیراسەیەکی تر بکرێتن، ئەگەر پێتان باش بێتن، رێژەیەکە بگۆڕدرێتن، دواتر پرۆژیەکی بێنن، دەتوانین دیراسەتی بکەین، بەلام ئێستاکە لەو مەرحەلەیەدا رەنگە، قۆناغێك بێتن بەرەو پێش چوون و، زۆریشە هەزار، ماددەکەی هەمووی ئەخەمە دەنگەوە کاکە، نوقتەی نیزامی بێ کاك ئارێز، ئەگەر نەبێ پێت دەبڕم.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك جەمیل ئەڵێ پێشنیارێکم هەیە، جەنابیشت ئەڵێی کەس پشتیوانی نەکرد، لە حاڵەتێدا رەنگە ئەو دوا کەس بێت قسەی کردبێت، باشە رەنگە خەڵکێك هەبێت، پێشنیارەکەی ئەوەی بە دڵ بووبێت، بەس ئاخر کەس بووە قسەی کردبێت و، خەڵکی تریشی لەگەڵ بوبێت، بەس ناوی خۆی نەنووسیبێ، لەو حاڵەتە چۆن ئەو پێشنیارە چارەسەر دەکەین؟ بەراستی، لە حەقیقەتدا حەقە ئەو مەسەلە لەبەر چاو بگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش هەموو شتێك کاك جەمیل لە لیژنەی کشتوکاڵی قسەکانی خۆی کردووە، سێ لیژنە کە کۆبوویتەوە بە حزووری جەنابی وەزیر، لەوێش ئەو قسانە کراوە، هەر تەنیا رەئی بووە، دووش، قانونی رەقەم 90 لە کوردستاندا جێبەجی کراوە لە رۆژی دەرچوونی و، ئەم پرۆژەیە شتی تازە موناقەشە دەکەین و، ئەگەر ئەم پرۆژەیە قبوول نەکرێتن، قانونی 90 ەکە دەمێنێ، ئۆتۆماتیکی، لەبەر ئەوە یەکەم جار، هی خۆیەتی، پێش ئەوەش هەندێ برادەر ئیقتیراحیان کرد ئەوە دوا بخرێ، ئەو قانوونە دوا بخرێ، ئەوویشمان خستە دەنگەوە، ئەوویش دەنگی نەهێناوە، کەواتە لە دوو جێگادا، ئەو موقتەرەحەی کاك جەمیل, بە هین وەرنەگیرا، تا بخرێتە بەرنامەوە، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێیەم:**

1- رادەی بەرزی ماڧی دەستکاری زەوی کراو بە موڵکی دەوڵەت و زەوی کراو بە موڵکی صرف بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا بەم جۆرە دەبێت:

أ - لە زەوی دێم، هەزار دۆنم زەوی، کە بە هەموو جۆرە بەرهوومێك دەچێندرێ.

ب - لە زەوی بەراو، دووسەد دۆنم، لەو زەویانەی کە بە هۆی ئامێر ئاو دەدرێن و، سەد و پەنجا دۆنم لەو زەوییانەی کە بە بێ هۆ ئاو دەدرێن.

2-ئەگەر خاوەنی، ماڧی دەستکاری، یاخود خاوەنی زەوی بە موڵك کراو، موڵکێکی صرفی کەوتە دەست، کە رووبەرەکەی لە ڕادەی دیاریکراوی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لە ئەنجامی میراتگرتن زیاتر بوو، ئەو رووبەرە زیادەی لێ وەردەگیرێتەوە، بەناوی دەوڵەت، بۆ مەبەستی کشتوکاڵی تۆمار دەکرێت.

3-لە کاتی گۆڕینی و رێگای ئاودانی زەوی، جا خاوەنەکەی بیگۆڕێت، یان دەوڵەت، ئەوە خاوەن ماڧی دەستکاریەکە، یاخود خاوەنی زەویەکە، ماڧی وەرگرتنی ئەو رادەیەی هەیە، کە لە بڕگەی یەکی ئەم ماددەیەدا، هاتووە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة:**

1- يكون الحد الاعلى، لحق التصرف، في الاراضي المملوكة للدولة و، الاراضي المملكة ملكآ صرفآ، بموجب احكام هذا القانون، في اقليم كوردستان، كما يلي:

أ- في الاراضي الديمية الف دونم، في الاراضي التي تزرع بانواع المحاصيل.

ب- في الاراضي المروية مئتي دونم، في الاراضي التي تسقى بالواسطة و، مائة و خمسون دونمآ، في الاراضي التي تسقى سيحآ.

2- اذا آلت الى صاحب حق التصرف، او المالك، في الاراضي المملوكة ملكآ صرفآ، مساحة تزيد عن الحدود المبينة في الفقرة، اولآ من هذه المادة، نتيجة الارث، تؤخذ منه المساحة الزائدة و، تسجل باسم الدولة للاغراض الزراعية.

3- يحتفظ صاحب حق التصرف، او مالك الارض، بالحدود المبينة، في الفقرة اولآ، من هذه المادة، عند تبدل طريقة ري الارض، سواء اكان بفعل صاحبها، او بفعل الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر، ئەو ماددەیە، پێش ئەوەی بیخەمە دەنگەوە، فەقەرەی سێیەمی، دووەم و سێیەمیش، ئەوەی نووسراوە بە ناوی ، مسجل باسم الدوله، لیژنەی یاسایی، رەئیان ئەوەیە، تسجل باسم حكومه الاقليم، لەبەر ئەوەی دەوڵەت لێرە دەبێتە عیراق، لە ئەوەی دووەمیشدا، ناوی دەوڵەت هاتووە، لە وێشدا حكومه الاقليم بێتن، ئەو گۆڕانکاریە، فەرموو کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەناوی وەزارەتی مالیەی ئەقلیمی کوردستان بکرێت، ئەوە وا باشتر دێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر تۆ کە وتت حکومە الاقلیم، لەولاش هەموو شتەکان لە وەزارەتی مالیەی دێتن، عەینی شت دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی جێبەجی کردنی ئەم قانونە، وەزارەتی کشتوکاڵ پێی هەڵدەستێتن، ئیستیلائە، تەصنیفە، بۆیە هەر بڵێن حکومەتی هەرێم باشترە، کاك کەریم ئەورۆ موخالیف نەبووی قەت، ئەوە چ عەجەب؟ دە فەرموو دەی، ئاخر کەس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من پێم وایە هەرێم، شەخصیەتی مەعنەوی هەیە، هەرێمی کوردستان، هەرێم جێگای دەوڵەت دەگرێتەوە، لێرەدا مادەم ناوی دەوڵەت هاتیە، لێرەدا بەناوی، تسجل باسم عیراق_اقلیم کوردستان، پێم وایە راسترە، کە بە ناوی حکومەت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نازانم، قانونی دەبێ جوابمان بدەنەوە، دەبێ بڵێین : اقلیم کوردستان؟ لە ناحیەی قانونی، دەستووری، دەبێت؟ یان نا؟ حکومە الاقلیم ئەوە واقعێکە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیاری کاك کەریم بەحری دەکەم، کە دەڵێین (باسم الدولە)، یەعنی فەلسەفەکەی چیە؟ خۆی دەوڵەت لە خاك و لە حکومەت و لە شەعب پێکهاتووە، کە دەڵێی للدولە، یەعنی ئی هەمووانە، بەڵام لێرە ئەگەر ئێمە بێین و، بڵێین باسم الحکومە، یەعنی بە ناوی تەرەفێك کرایە، لێرە هەرێم، جێگای دەوڵەت دەگرێتەوە، چونکە هەرێم، هەم شەعبە و هەم حکومەتە و هەم خاکەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە، ئەمە لە زۆر جێگا تیکرار بووە بەم شێوەیە هاتووە، ئێمە ئەبێت قانونێك دابنێین، کە شاملی هەموو ئەو قوانینانە بێت کە شەملی دەوڵەت دەکات، بکرێتە هەرێمی کوردستان، شتێکی دابنێین هەموو ئەوەی بگرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

با بكرێتە هەرێمی كوردستان، باشترە، ئیشەكە ئیشی وەزارەتی زراعەیە، قانونیەكان جوابمان بدەنەوە ، ئەوە خۆ مەسەلەكی عاتیفی نیە، قانونی و دەستوورییە، كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەو سورەت قەیدانەی كە دوای قانون 90، تەتبیق كراوە لەسەر، ئەرازی زراعی، ئەو حەدە زیادانە، نووسراوە و، تەسجیل كراوە بە ناوی وەزارەتی زراعە، بەناوی ئیسلاحی زیراعی، یەعنی دەكرێ بە ناوی وەزارەتی كشتوكاڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر، خۆت رەئیت چیە؟

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە بە خۆی تەحصیل حاصلە، قانونی ئیصلاحی زراعیش نەمایە، ئێمە بە موجەبی ئەوە عقود و ما عقود نامینێت، لەبەر ئەوە بە تەسەوەری من، بەناوی هەرێم بێت باشترە، موستەلەحەكی شاملە، هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە من پرسیارێك لە برادەرانی قانونی دەكەم، ئەگەر بنووسرێ بە ناوی دەوڵەت، یەعنی چیە؟ ئێمە خۆ دەستووریەن، دەسەڵاتی دەوڵەت لێرە بەكار دێنین، هەر وەكو خۆی دەوڵەت بمینێتن؟ بەڵێ كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نازانم، بە تەصوری من ئەگەر بڵێتن : دەوڵەت، یەكەم، مێشكت بۆ دەوڵەتی ئیتیحادی دەچێتن، ئەوە یەك، دوو، ئەگەر بڵێی دەوڵەت، مێشكت بۆ وەزارەتی مالیە دەچێت، بۆ زراعە و، ئیسلاح زراعی ناچێتن بەراستی، ئینجا لۆیە، یان باسم الوزاره المعنیه لحكومه الاقلیم، یان باسم الاقلیم، ئەو دوو، سێ موستەلەحە هەیە ئەگەر بەكاری بهێنین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تا ئێستا، بە حوكمی ئەوەی دەستووریشمان نیە، ئێمە دەوڵەتی فیدرالین، فیدرالیەتیش، تەوزیعی سوڵتاتە، نەك خاك، لەبەر ئەوەی كە بڵێین هەرێم، پێم وایە لێرە غەڵەت دەكەین، قانونیەن، ئەبێت ئێمە لە رووی خاكە، چونكە ئێمە باس لە خاك دەكەین، خاكیش، سیادەی خاك لە دەوڵەتی فیدرالیدا، یەك

سیادەیە، لەبەر ئەوە لێرە لە هەرێم غەڵەتە وەکو د.کمال گوتی، دەبێ قانوونێك دەرکەی، کە هەموو ئەم چینانەی هەیە، تەعریفی بکەین، بە شێوەیەکی، یان بە قەناعەتی من دەوڵەت هەر بمێنێ باشترە، شمولی گشتی دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاریز، فەرموو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا جەنابت بۆت هەیە بڵێی قانونیەکان قسە بکات و کەسی تر قسە نەکات؟رەئی بدات لەسەر مەوزوعێك؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئا بۆم هەیە، بۆم هەیە بەڵێ، بۆ من هەموو شتێك هەیە.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە، یەعنی ئێمە بڵێین دەوڵەت و نەڵێین دەوڵەت، خۆ ئێمە جیانەبووینەوە کاکە، چ کێشەیەکمان هەیە ئەگەر بنووسین دەوڵەت؟ هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عیراقی، هیچ کێشەیەکمان نیە، ئەگەر ئەوە بنووسین، بەڕاستی بەلامەوە سەیرە ئەیکەنە کێشە و موشکیلە، ئیلا بینووسین هەرێم، یان نەینووسین هەرێم، ئێمە بەشێکین لە هەرێمی کوردستان و بەشێکە لە چوارچیوەی عیراق، بینووسین بە ناوی وەزارەتی کشتوکاڵیش هەر ئەچێتەوە بۆ دەوڵەتی عراقی، بینوسین بە ناوی وەزارەتی مالیە و بەناوی هاووڵاتیان هەر ئەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی عیراقی، پێویست ناکات ئەو هەموو کێشەیەی لەسەر دروست بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نووقتەی نیزامیەکەت رەفز کراوە، کاك ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینیەی کاك دلێر، دەستنیشانی دا، فیعلەن وایە، کە ئەڵێین دەوڵەت، ئێمە هەرێمی کوردستان نوێنەری دەوڵەتە، یەعنی ئێمە بەشێکین لەو دەوڵەتە، زۆر تەبیعیە کە بڵێین: مەملووکە للدولە، کێ تەمسیلی دەوڵەت دەکات؟ ئێمە، حکومەتی هەرێم تەمسیلی دولەت دەکات لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەمە واردترە، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز کاك حاتم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکـو جەنابیتشـتان ئیشـارەتتان پێـدا، ئـەمرۆ حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان واقعێکـە، ئێمـە ئەگـەر بـە حکومەتی کوردستان ناوی بنێن باشترە و واردترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئەگەر ئیجازەم بدەن، کاك ئـارێز پرسـیاری کـرد مـن حـەقم هەیـە لـە قـانون بپرسـم یـان نـا؟ 100٪ حەقی ئـەوەم هەیـە خاسـەتەن لـە شـتی وادا ساحبی ئیختیساس قـەرار لـەوە بـدات، چونکە ئـەوە شـتێکی قانونی، دەستوریە من خۆشم باشی لێ نازانم کە کاك شێروان، کـاك عـونی و برادەرانـی تـری قـانونی، بۆیـە دەپرسم ئەگەر نا خۆشم دەڵێم ئەوە رەئیم وایـە و محاوەلـە دەکـەم دیفـاعی لێ بکـەم، لەبـەر ئـەوە داوای لێ دەکەم کـە رەئیەکـەی و ئینتباعەکـەی سـەحب بکاتـەوە، ئـەوە یەکـەمیان، دووەمیشـیان: ئەگـەر بێتـو باسـی هونەر بکەین و باسی سەقافەت بکەین، دەکرێت لیژنەی ئەقاف باسی ئەوەمان بۆ بکات یـان بـە عەکسـەوە، شتێك کـە عیلاقـەی بـە وەزارەتـی ئەوقافـەوە هـەبێت زیـاتر لـە شـێخی بپرسـین و بچـین لـە کـاك دیلمـانی بپرسین، ئەوە ناکرێت، جا ئەگەر ئیجازەتان هەبێت من لەبەر ڕۆشنایی ئەو رەئیانەی کە گوێمان لێ بـوو وە کاك فرسەتیش لەو لایە هەندێك قسەی بۆ کردم، ئێستا رەئیەکم پەیـداکرد لـە ناحیـەی قـانونی زۆر جێگـا هەیە ئێمە هەر ناویشمان لێناوە (الاراضى المملوكة للدولة) کەواتە قانونەکەیـە ئەگـەر تەسـنیفەکەش بێـت، ئەرازیش قانونی خۆی هەیە، لێرەشدا بێتـەوە ئیمتیـدادە بـۆ ئـەو موسـتەڵەحانەی کـە هەیـە، تەبیعیـە کـە بمێنێتەوە، لێرەشدا کەلیمـەی دەوڵـەت بمێنێتـەوە، ئێمـە تەفسـیلی خۆمـان و واقعـی خۆمـان ئەوەیـە، بۆیـە تەسـەروفمان هەیـە تێیـدا، ئەگـەر گۆڕانکـاری هـەبوو لـەو موسـتەڵەحە، دەبێـت هـەموو موسـتەڵەحەکان بگۆڕدرێن، کە حکومەتی هەرێمە، ئەی ئەرازی مەملوکە لە دەوڵەت چیە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی بەگوێرەی تەوحیدی ئەسنافی ئەرازی ئەوەی کـە کـاك فرسـەت دەیڵێـت تـەواوە، تەوحیـدی ئەسـنافی ئەرازی لە قانونی ساڵی 1953 دا هاتووە، هەروەها لە قانونی سـاڵی1976 یشـدا هـاتووە، وسـاری مەفعولـە بەنیسبەت هەرێمی کوردستانی عیراق، بەڵام ئـەوەی لێـرەدا هەنـدێك زەوی هەیـە دەبێتـە ئەمیریـە صـرفە، ئەمیریەی صرفە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم وارسـی حکومـەتی بەغـدا بووینـە، ئـەوەی ئەمیریـەی صـرفە بووە تەسجیلمان کردووە بەناوی وەزارەتی مالیەی هەرێمی کوردستان، بۆیە لێرە فەرقەکە دیاردەکەویت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال با بزانین لە ئەمریکا کوە؟.

**بەڕێز جەمال محمد قاسم :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی لە ناحیەی یاسایی و قانونی، زۆر واریدە، ناوی state بهێنرێ، حەز دەکەم، شتێك شەرح بكەم بۆ هەموو لایەك، state یەعنی اقلیم، جگە لە ئەمریكا، 51 دەوڵەتی تیایە، جگە لەو شوێنانەی كە هنوودی حومری تیایە، كە عیلاقەی بە فیدراڵەوە هەیە، هەر قانونێك، هەر یاساییەك دەربچێت، لە هەر دەوڵەتێك، ناوی ئەو دەوڵەتە ئەهێنرێ، نەك ناوی ئەمریكا، جگە لەو شوێنانەی كە هیندین، كە پێی ئەوەترێت، Indian reservation ، ئەو شوێنانەی ئەو عیلاقەی بە فیدراڵەوە هەیە، باقی هەمووی عیلاقەی بە دەوڵەتەوە هەیە، كە ئەقلیمە، لێرە وەكو ئەقلیمی كوردستان، یەعنی زۆر وارد و یاسایی و قانونیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جمال، خیلاف لەوەی نیە قانونیە یان نا؟ بەڵام لێرەدا بینووسینەوە هەردووكی راستە، باشتر وایە بینووسین بە ناوی وەزارەتی زراعە لە ئەقلیمی كوردستان، وزارە الزراعە فی اقلیم كوردستان، باشە؟ فەرموو كاك كەریم.

**بەڕێز كەریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی، مەملووكە للدولە، پڕ بە پێستێتی، راستە، بەڵام كام دەوڵەت؟ هەرێمی كوردستانیش دەوڵەتە، لە رووی یاساییەوە، دەوڵەت عیبارەتە لە خاك، لە شەعب، لە حكومەت، هەرێمی كوردستانیش ئەوەی هەیە، بەڵێ، دەوڵەتە تەنها سیادەی خاریجی نیە، ببورن، لە رووی یاساییەوە، من قسە ئەكەم، ببورە، هەرێمەكانیش دەوڵەتن، بەڵام سیادەی خاریجیان نیە، من پێم باشە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەڵێم مەملووكە للاقلیم، هەروەكو كاك شێروان ئاماژەی پێدا، هەتا بۆ هەرێمی كوردستان بگەڕێتەوە عەردەكە، ئەوانە راستە، ئێمە هەموو تاپۆكان لە هەرێمی كوردستاندا، هەموو ئەرازیەكان نووسراوە مەملووكە للدولە، ئەوانەی ئەمیریە، یان حقوق تەصەروفیە، هەمووی نووسراوە مەملووكە للدولە، بەڵام ئێمە بۆ وەكو یاسا ئەمەی دانەهێنین، كە مەملووكە لاقلیم كوردستان، ئەگەر بەناوی حكومەت بكەین، بەناوی وەزارەتەكان، ئەوە تەخەصوصی ئەوێ، خۆی مەملووك دەبێ بۆ دەوڵەت، بەڵام دەوڵەت دوایی بە پێی پێویست و پێداویستی وەزارەتەكان، تەوزیعی سەر وەزارەتەكان دەكات، ئەوە لێرەدا، خەصخەصەی ئەرزە، ناكرێتن لێرەدا ئێمە ئەو موڵكانە بە ناوی وەزارەت بكەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە بۆ ئیقتیراحێك نەكەین؟ با پرۆژەیەكمان بۆ بێنن بۆ گۆڕینی تەصنیفی ئەرازی كە لەوێ هاتووە، تەصنیفی ئەرازی كراوە، صرف، مەملووكە للدولەیە، ئەرازی ئەمیریە، ئاخر ئێمە لێرە فەقەت ئیشارەتی پێ بدەین، ئەو تەصنیفەی ئەرازی كە قانونی هەیە، تۆزێك تەعاروزە، مەقصەد لەوە دایە، د.ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

کاك کەریم لە سەرەتاوە باش بۆی چوو، هەرێمی کوردستان تەمسیلی دەوڵەت دەکات، چونکە ئێمە ئیتیحادێکی فیدرالین و بەشێکین لەم دەوڵەتە، بەڵام دوایی ئەڵێ با بەناوی ئەقلیم بێت، نەخێر بەناوی دەوڵەت، ئێمە تەمسیلی ئەو دەوڵەتەی دەکەین، ئینجا ئەگەر رۆژێك لە رۆژان جیابوونەوە و، یان شتێکی تر دروست بوو، هەر ئەوە عەینی شت ئەوە ئەبێ، ئێمە بۆ ئێستا سەرنجی خەڵك رابکێشین، بڵێین للاقلیم، یان بۆ هەرێم، بۆ ئەو شتەی زیاد بکەین بۆخۆمان؟ ئێمە کەم موشکیلەمان هەیە؟ موشکیلەی تر بۆخۆمان زیاد بکەین؟ ئەوە تەعبیرەکە کە بڵێی مەملوکە للدولە، مەعنای وایە هی هەرێمە، هەرێمیش بەشێکە لەو دەوڵەتەی کە موعتەرەفە دەولیەن، سوپاس.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە وازیحە لێرە ئەوەیە نابێ بڵێین، نە مەملووکە بۆ حکومەت، نە بۆ وەزارەت، ئێنجا ئێمە موشکیلەکەمان ئەوەیە کە دەوڵەتە یان هەرێمە؟ ئەبێ ، من لەگەڵ قسەکەی مامۆستا ناصح و، کاك کەریم بەحریمە، ئێمە با خۆمان تووشی ئەو مەعمەعەیەی نەکەین، ئەمە موڵکی هەرێمە یان دەوڵەتە، بەڵام ئەبێ دەوڵەت بێت، ئینجا دەوڵەت، کوردستان بوو بووە دەوڵەت، ئەوە دەوڵەتە، نەشبوو ئەوە تەواو، یەعنی شتێکە، لە رووی قانونیەوە، پێم وایە هیچ موشکیلەکی تێدا نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای منیش، مەملووکە للدولە، پر بە پێستی خۆیەتی، کێش تەمسیلی دەوڵەت دەکات لەو شوێنانەی کە باسی مەملووکە للدولە دەکات، وەزارەتی مالیەیە، خۆی بەعەمەلی بە ناوی وەزارەتی مالیە دەکرێ و، ئەوان موعامەلاتەکان جێبەجێ دەکەن، بۆیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تا کاتێکی تر, سوپاس.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناو موناقەشەکاندا هەندێك ئەوە ئیسارە کرا, کە ئەو زەویانەی کە عایدی کەندیناوە و لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی دانە, لەکاتی خۆی هەموو تەسجیل کراون بەناوی وەزارەتی مالیەی حکومەتی عێراقی, ئێستا لە پەرلەمانی عێراق قەراردرا ئەو زەویانە هەتا ئێستا نەگەڕاوەتەوە, ئەگەر بەناوی وەزارەتی دەوڵەتی عێراقی بکرێت, بەراستی زەحمەت دەبێ, من پێم وایە فەرقێك هەیە لە نێوان ئیقلیم و دەوڵەتدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر ئەوە وانییە کاك تەلعەت, ئەو ئەرزانە ئێستاکە لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمن, قانونی حکومەتی عێراق دەیانگرێتەوە, کە گەڕانەوە لای ئێمە, قانونی ئێمە دەیانگرێتەوە, بەڵام ئەوە چەندساڵێکە ئەو فەرقە

کراوە, من خۆم رەئیم لەگەڵ ئەو رەئییەیە, چونکە دەولە تەعبیر لە هەرێمیش دەکات, هەر وەختێکیش گۆڕانکاری بوو بە هەر ئیتیجاهێکەوە, خۆ بەتەنیا ئەوە نییە بە دەیان قەوانینمان هەیە, ئەرزمان هەیە, نەوتمان هەیە, هەموو دەستوور دەمانگرێتەوە, گۆڕانکاری بوو بە گوێرەی ئەو گۆڕانکاریانە قسەی لێ دەکەین و بڕیاری لەسەر دەدەین, لەبەر ئەوە پێم وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە, زۆر موناقەشەمان کرد بەراستی, ئێستا دەیخەمە دەنگەوە, موناقەشە زۆر کرا کاک کریم, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە مملوکە بۆ دەولەش بێت زۆر ئاساییە, بەڵام ئێمە دوو وەزارەتی مالیەمان هەیە, وەزارەتی مالیەی مەرکەز, وەزارەتی مالیەی هەرێم, کە دەڵێی (تسجل باسم وزارە المالیە) کامە وەزارەتی مالیە, هی هەرێم یاخود هی ئیتیحاد, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەحصیل حاصلە, غەیری ئەوەی لە دەستووردا هاتووە, هەموو ئیدارە وموڵکییەت و ئەوانە وەزارەتی هەرێم هینی دەکات, ئەوەی لە دەستووردا حەصرەن هینی کردووە, ئەوەی دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە (مملوکە للدولە) دەستی خۆی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە بیگۆڕین بۆ حکومەتی هەرێم دەستی بڵند بکات؟ ئەکسەریەت وەکو خۆی بمێنێتەوە, کەواتە ماددەکە کە خوێندرایەوە بەبێ گۆڕانکاری بەو ئەخیرەی کە ئەو گۆڕانکاریەی کرا و خوێندیانەوە, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ماددەی سێیە دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵ دا نییە؟ یەك کەس, ئەکسەریەت ماددەی سێ وەرگیرا. ماددەی سێش تەواو بوو تاقەتتان هەیە تەواوی بکەین, ئاخر ئەگەر وایە سەعات (5) وەرنەوە, باشە سبەینێ سەعات (10,5) کۆبوونەوەیە, سوپاس.

فرست احمد عبدالله　　　محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)　　　عدنان رشاد مفتی

سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

## دوو شەممە رێکەوتی 31\3\2008

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/3/31

كاتژمێر (30ر10)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2008/3/31 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (3)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەكات (30ر10)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2008/3/31, بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی یاسای رێكخستنی مافی بەكارهێنانی زەوی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی راوێژكاری باڵا, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان, دانیشتنەكەمان دەكەینەوە, بەخوێندنەوەی بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی

کاری دانیشتنی ژماره (3)ی خولی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (10،30)ی پـێش نێـوەڕۆی ڕۆژی دوو شـەممە ڕێکەوتی 2008/3/31 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پـرۆژەی یاسـای ڕێکخسـتنی مـافی بـەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

2- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژەی یاسـای ئەنجومـەنی راوێـژکاری بـاڵا، کـە لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

جارێکی تر بەخێرهاتنی کاك عەبدولعەزیز تەیب وەزیری کشتوکاڵ و بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، کاکە حەمەش دەمێکە غائیبە بـەخێر بـێتن، هەرچـەند وەزیـرە، بـەڵام دەمێکـە غائیبە، فەرموو دکتۆرە شوکریە نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم لە یادت بوو، یان من دەست پێشخەریم کـرد، ئەگـەر دەسـت پێشـخەریم لـە قسـەکانی بـەڕێزت کـرد، داوای لێبووردنت لێ دەکەم، بەس ئەمڕۆکە ڕۆژێکی مێژوویيە بەنیسـبەت لـە سـێدارەدانی قـازی محەمـەدو کۆرەوە گەورەکەی کەوا پـەنجا هـەزار ملیـۆن دۆلاری ئێسـتەلەنی کۆکرایـەوە، بـەهۆی ئـەوەی کێشـەی کـورد گەیشتە ناو مێزی گفتوگۆ کردنی یوئێن و ئەوانە، حـەزم کـرد ئـەوەش وەکـو پیشـەی هەمیشـەیی بـەڕێزت هەموو ڕووداوێکی خۆش و ناخۆش یاد ئەکەیتەوە، بۆیە منیش ئەوەم خستە بەرچاوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەوەی بە بیرمان دەهێنیەوە یادی شەهیدی مەزنی گەلەکەمان، یادی شـەهیدی کوردسـتان قـازی محەمەدە، بەڵام نوقتەی نیزامی نەبوو، سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدان، لە گیانی پاکی شەهید قـازی محەمەد، بەڵام خۆی سەرەتا پاش بەخێرهاتنەکـە دائیمـەن ئەگـەر قسـەیەك هـەبێتن دەریکـەین، هـەر بـەم بۆنەیەشەوە بەیانی سەری ساڵی تازەی برا ئاشوورییەکانە، پیرۆزباییان لێ دەکەین کە ساڵی داهاتوویان، کـە ساڵێکی باشتر بێت بۆیان و بۆ هەموو پێکهاتەکانی کوردستان، بەڵام جارێکی تر ئەگەر ویستتان قسە لەسەر بابەتێك بکەن پێشتر بە دوو ڕۆژ داوا بکەن بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی کارو وەختی بـۆ تـەرخان بکـەین، بەڵام لە دوو، سێ وشـەی زیـاتر بـۆم نییـە، مـن بـەپێی بەرنامـەی کـار تـەنیا بـەخێرهاتن و پیرۆزباییـەکی سەریع دەتوانم هین بکەم، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر قسەی لەسەر بکەین بیخەینـە بەرنامـەی کـار، دەتوانین زیاتر قسەی لەسەر بکـەین، بۆنـەشمان زۆرەو شەهیدیشـمان زۆرە، هـەموویان شـەهیدی زینـدوون، شەهیدی نەمرن، سەرفرازین پێیان، بەڵام دەبێت بەپێی بەرنامەی کار ئێمە رەفتار بکەین، داوا لە لیژنـەی یاسایی و لیژنـەی کشـتوکاڵ و لیژنـەی شـارەوانی دەکـەم بـێن لـە شـوێنی خۆیـان دابنیشـن، خـاڵی یەکـەمی بەرنامـەی کـار/ بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژەی یاسـای ڕێکخسـتنی مـافی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە پێشـکەش کـراوە،

دوێنێ سێ ماددەمان تەواو کرد، ئەمڕۆ لە ماددەی چوارەمەوە دەست پێ دەکەین، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ئەسڵی ماددەکە بخوێنێتەوە، دوایێ راپۆرتی هاوبەش بخوێنێتەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:

یەکەم: رادەی ئابووری موڵکایەتی کشتوکاڵی، یان دەستکاری کردنی تێیدایە بەم شێوەیە دەبێت:

أ- (50) پەنجا دۆنم لە زەوی کشتوکاڵی دێمەکار.

ب- (3) سێ دۆنم لە باخەکان.

ج- (5) پێنج دۆنم لە زەوی کشتوکاڵیی بەراو.

د- (10) دە دۆنم لەو زەوییانەی کە بەهۆی ئامێر ئاو دەدرێن.

دووەم: ئەو رووبەرە زەوییانەی کە لەناو ئەو رووبەرانەی لە بڕگە (1)ی ئەم ماددەیەدا چەسپاون لە رەسمی دادوەریی نەهێشتنی (شیوع) دەبووردرێن.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

اولاً: يكون الحد الاقتصادي لملكية الاراضي الزراعية او حق التصرف فيها كالاتي:

أ- (50) خمسون دونماً في الاراضي الزراعية الديمية.

ب- (3) ثلاثة دوانم في البساتين.

ج- (5) خمسة دوانم في الاراضي التي تسقى سيحاً.

د- (10) عشرة دوانماً في الاراضي التي تسقى بالواسطة.

ثانياً: تعفى من الرسوم القضائية ازالة الشيوع في المساحات التي تقل عن المساحات المثبتة في الفقرة (اولاً) من هذه المادة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەکو لە راپۆرتی موشتەرەکدا هاتووە، ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هەرسێ لیژنە ئیتیفاقمان کردووە، کە تەئیدی ماددەکە بکەین هەروەکو خۆی کە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا ئەوەی ئەوەلەن نووسراوە (يكون الحد الاقتصادي لملكية الاراضي الزراعية او حق التصرف فيها) حەقە ئەوەی تۆزێك روون بکەنەوە باشە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزيز طيب/وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵە هاتووە بە حەقیقەت لە عێراق حەدی ئیقتیصادی سەد دۆنم داناوە، بەس ئێمە هاتینە حەدی ئەدنامان داناوە پێنجی دۆنم، لەبەر ئەوەیە کو زۆر حالآتی وامان هەیە، یەعنی مەسەلەن عیلاقەی زراعی ئەوەی کە هەیانە، موڵکیات ئەوەی کە هەنە زۆربەی کوردستان لە بەینی سەدە تا پەنجایە، لەبەر ئەوە ئێمە گوتمان با تووشی مەشاکیل نەبین، ئەگەر ئێمە سەد دابنێین، چونکە وەحدە لە عێراق زۆرترە لە ئێمە، لەبەر ئەوە ئێمە گوتمان نا، ئێمە بیکەینە پێنجی، خاسەتەن مەناتیقی گوندەکان، گوندەکانی سنووری جیاو ئەوانەش دیسان حاڵەتی وا زۆرە، هەتا ئەو خالآنەی تریشمان باس کردووە، جانبی تر، مەسەلەی تر هەیە شیوع، یەعنی لە تەسجیلی عەقاری ئێستا هەیە، ئێمە تەشجیعی شیوع ناکەین، مەسەلەن ئەوە هاتە تاپۆ کرن لە سەهم، مەسەلەن لەسەر ناوی چوار برانە، لەوانەیە پێنجی دۆنم لەسەر ناوی چوار برا لەوێ هاتووە، ئێمە دەڵێین نەخێر، ئەمەش تەشجیعێکی تەکتیکە، با شیوع نەمێنێت لەبەر ئەوە موناقەشەی لەگەڵ هەندێك جووتیارەکان و ساحێب موڵکمان کرد، باسی ئەوەی کرد کە لەسەر ئەساسی ئەوەی مەرسومی قەزائی هەیە، لەبەر ئەوە خاڵی دووەم ئەوەی کە هاتووە بزەبت (تعفى من الرسوم القضائية في حالة إزالة الشيوع) یەعنی کە عەفو بێتە ئەو حوجەتە، ئەو شتە بمێنێت، ئەو حاڵەتی سهوم نەمێنێت، لەبەر ئەوە ئەوەمان داناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەبدولڕەحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە من یەك، دوو روونکردنەوەم هەیە، دوێنێش ئاماژەمان کرد ئەم یاسایە بەشێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەندی جووتیارو بەکارهێنەرو کەرتی کشتوکاڵ و خەڵکی کوردستانە، بەلآم بەداخەوە هەندێك ئەوها تەسریحات و شت دەبیستین، کە گوایە لە بەرژەوەندی جوتیار نییە، کە زەوییەکان داگیر دەکرێن، وابزانم ئەو بەڕێزانە پێ دەچێت لە پرۆژە یاسایەکە تێ نەگەیشتبن، ئەم یاسایە زەوی عەقد دەکات بە موڵك، ئەمە هەنگاوێکی باشە، ئەو زەویە عەقدانە مەسەلەن بەر ئەتفا کەوتوون تا حەددێك لە دەرچوونی یاسای ئەتفاوە دوایی ماددەیەك دێت تەعویز دەکرێنەوە، ئەمەش شتێکی باشە بۆ جوتیار، بۆ کەرتی کشتوکاڵ، پێموایە دوایی پرۆژەی یاسایەکە تەصدیق کرا، دەزانن کە شتێکی باشە بۆ جوتیار، بۆ کەرتی کشتوکاڵ، ئەو جۆرە تەسریحاتانە پێ دەچێت لە بەرژەوەندی نەبن، ئەوە یەك.

دووەمیش/ بۆ زیاتر بەرچاو رۆشنی جەنابتان، ئەم ماددەیە کە حەددی ئیقتیصادی دیاری کردووە، رادەی ئابووری بۆ ئەوەی زەوی لەوە زیاتر پارچە پارچە نەبێت، زەوی پەنجا دۆنم چووە خوارەوە ئیتر بە کەڵك نایەت، زەوی بەراو پێنج دۆنم بەرەو خوار بە کەڵك نایەت، ئەمە حەددێکی داناوە لەمە زیاتر پارچە زەوییەکان ورد نەکرێنەوە، چونکە بە کەڵکی بەرهەمی کشتوکاڵی نایەت، من ئیزافەیەکم هەیە، دیارە هەندێك زانیاری تازەم وەرگرت، کە لە فەقەرەی (ج) دەڵێت پێنج دۆنم بۆ زەوی بەراو، لە یاسای ژمارە 117 رادەی تەوزیع تا چوار دۆنم هاتووە، هەمانە جوتیار چوار دۆنمی هەیە، بەس ئێمە رادەکەمان پێنج

داناوە، ئەگەر پێداچوونەوەیەکی بکەین، جەنابی وەزیریش ئەو پێنج دۆنمەکە حەددی ئەقصایەکەی بکەینە چوار، چونکە رادەی تەوزیع لە یاسای ژمارە 117 تا چوار دۆنم هاتووە، ئەو تێبینیەم هەبوو لە زەوی بەراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەوەی ئێمە لە کۆنفرانس باسمان کرد، ئەوەی ئەو خاڵەی کە کاك عەبدولڕەحمان ئیشارەتی پێدا، ئەوەی من ئیتیلاعم لەسەر هەیە، بەس خاڵی یەکەممان تەغیر کرد، لەبەر ئەوەی حاڵەتی زۆرمان هەیە پێنجی دۆنم، ئەگەر چوار دۆنم وابزانم لە قانونی 117 پێنج دۆنمە، ئەگەر چوار دۆنم بێت موشکیلە نییە، یەعنی موشکیلە لەسەر دۆنمێك هیچ کێشە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەحدەی تەوزیع بۆ فەلاح چەندە؟ بۆ ئیقتیصادی، حەددی ئەدنایەکەی چەندە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەحدەی تەوزیع لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر فەرقی هەیە، بە گوێرەی ئەو مەساحەیەی کە ئیستیلای لەسەر دەکرێت، ئەو مەساحەیەی کە ئیستیلای لەسەر دەکرێت کۆنترۆڵ دەکرێت، کە مەساحەکە چەندە؟ عەددەی فەلاحین چەندە؟ ئەو مەساحەیە تەوزیع دەکرێت لەسەر عەددەی فەلاحین، وەحدەی تەوزیع دەردەچێت، بەڵام حەددی ئەعلاش بە مەعلوماتی ئێمە لە (150) دۆنم زیاتر نییە، هەیە وەحدەی تەوزیع لە هەندێك گوند پەنجا دۆنمە، یان حەفتا دۆنمە، بەڵام بەو شکلە وەحدەی تەوزیع دەست نیشان دەکرێت، حەددە ئەعلایەکەشی بەو شکلەیە، حەددی ئەدنای من سی دۆنمیشم هەیە، واتا گوند هەیە سی دۆنمە حەددی ئەدنای، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەکید حەددی ئەدنا هەیە، پازدەش هەیە، هەژدەش هەیە، بەس حەددی ئەعلا تەقریبەن لە کوردستان لە سەد تێپەڕ نابێت، وەکو کاك شێروانیش گوتی و ئیشارەتی پێدا مەسەلەی عەددەی فەلاحە، چونکە لە دەستی لیژنەی زراعیە، لیژنەی زراعی وەختی ئینشتیاڕ دەبێت لە گوندەکەی موقاتەعەی دەکەیت، جارێکی تر تەوزیع دەکات وەختی عەدەد تەوزیع دەکات پارچە پارچە دەبێت، لەبەر ئەوە ئەوە موشکیلە نییە، ئەو حاڵەتەی کە قائیمە، مەسەلەن یەك هەیە هەژدە دۆنمە، ئەو حاڵەت قائیمە، ئێمە بۆی دەهێڵین موشکیلە

نییە، بەس لەمەودوا بە تەسەوری ئێمە وەختی تەوزیع دەکرێت، ئێمە تەشجیع دەکەین لە پێنجی کەمتر نەبێت، یەعنی یان وەزعێکی قائیم هەبێت، ئەو وەزعەی قائیم ئێمە موشکیلە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت پرسیارێکی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن خەلەلەکە هی ئێستا نییە، هی پێش ئێستایە قانونی 117یە، بەس بۆ نەوعە تەناقوزێکی تێدایە، خەڵکێك ئەگەر بێتو بە ڕێگای ئیرس پارچە عاردێك وەربگرێت، حەقی نییە ئیفرازەکە وای لێ بێتن لە پێنجی دۆنم دابەزێت، بەڵام ئەگەر بە واستەی زراعە وەربگرێت، کە پارچەیەکی تەوزیع دەتوانێت لە پەنجا دۆنم کەمتر وەربگرێت، سی دۆنم، یان هەر دە دۆنم، یان بیست دۆنم وەربگرێت، یەعنی بۆ خۆیان حەقی نەبێتن پارچەکەی خۆی تەقسیم بکات لە پەنجا دۆنم کەمتر بێت، لە کاتێك ئەگەر حکومەت پێی بداتن حەقی هەیە سی دۆنم وەربگرێتن، یان بیست دۆنم وەربگرێتن ئیعتیبار دەکرێتن حەددی ئیقتیصادی، کە حەددی ئیقتیصادی نەبێتن مەفروزە پێی نەدرێتن، بەڕەئی من ئەگەر ئێمە بێین و بگەینە نەتیجەیەك مەعەدەل وەربگرین ئەدنا حەدد چەندە؟ سی دۆنمە، چل دۆنمە، ئەو حەددە بکەینە حەددی ئیقتیصادی، داکو تەناقوزێك نەبێت لە بەینی ئەو کەسانەی کو عاردی خۆیان بێت و تەقسیم بکەن، بەنیسبەت ئەو کەسانەی ئەوەی عاردی نەبێت بەس حکومەت پێی بداتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە ئەو حالاتانەی من ئیشارەتم پێدا، یەعنی ئەگەر حاڵەت هەبێتن قائیم بێت، تۆ ناتوانیت ئەو حاڵەتە تەغیری بکەیت، بەس ئێمەش لەمەودوا ئەگەر ئەمە دروست بوو، ئیدی هیچ شتێك عارد نادەینە جوتیار، هەر ئەو عاردەیە کە ئێستا لە دەستی جوتیارە، ئەگەر ئێمە بدەین، دەبێت لە پێنجی دۆنم کەمتر نەبێت، ئەگەر دێمی بێت، ئاویەکەش ئەویدی تر بێت، بە تەسەوری ئێمە ئەو حاڵەتەی کە قائیمەو ئێمە لێی دەترسین، حاڵەتی قائیم موشکیلە نییە، قائیمە کو تەسبیت دەکەیت لەسەر ناوی ئەو، ئەوی ئێستاش هەیە کە وەك واقیعێك تەسبیت دەکەیت، بەس ئەگەر هاتوو کابرایەکی تر لە موستەقبەلدا حاڵەتێك کڕی و تەحویلی لەسەر ناوی خۆی بکات، دەبێت دوو حاڵەت هەبێت، یەعنی بگاتە پێنجی دۆنم، یەعنی هەدەفەکە تەکتیکە، بەس ئیدی حەددی ئەدنای باوەڕت هەبێت هەتا هەژدە دۆنمیش هەیە، یەعنی ئەگەر جەنابت بێیە سەر ئەمە، وەکو کاك فرسەتیش ئیشارەتی پێدا، دەبێت بێینە سەر هەژدە دۆنم، پازدە دۆنم، لە حاڵەتی پازدە دۆنمیش هەیە، بەس ئێمە تەشجیعی ئەوە ناکەین ئەگەر ئیرسیش بێت، بە تەسەوری ئێمە لە کۆنفرانسیش زۆر موناقەشەمان هاتە کرن، ئەگەر ئیرسیش بێت، ئێمە تەسەور دەکەین مەسەلەن چوار

برا هەبێت پێنجی دۆنم هی باوکێك، ئەمە تەقسیم بکات هەر یەکی دە دۆنم دەداتێ، هەر یەکی دە دۆنم وەحدەی ئیقتیصادی تێك دەچێت، رەئی ئێمە ئەوەیە لە کۆنفرانس باس کرا، نەخێر دەبێت مولزەم بێت لەسەر ناوی یەك بێت، یەعنی یەك هەموو خەڵکی تر، برایەکانی تر قانع بکاتن بکەوێتە سەر ناوی ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا پرۆژەکە وەکو هاتووەو لیژنەی هاوبەشیش پشتگیرییان لێ کردووەو ئیمزاتان کردووە، ئێستا دەرگا دەکەمەوە بۆ موناقەشە، کێ دەیەوێت قسە بکات ناوی دەنووسم، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە کە یەکێك لە ئیرس عاردێکی بۆ دەمێنێتەوە چوار برانە، چ مانیع هەیە قاصیر نینە، ئەگەر ئەو سەنەدە موشتەرەك بێت هەروەکو دەچێتە تاپۆی، ئێستا دەوروبەری پردێ ئەگەر تەماشای بکەین، زۆربەی زۆری عاردەکانی پردێ شینایی دە دۆنمە، هەشت دۆنمە، شازدە دۆنمە زۆریشی موشتەرەکە، عەقدەکە، هەر سەنەدەکە ئەسڵەن لە تاپۆی بەناوی دوو کەسییە، چ مانیعێك هەیە ئەگەر سەنەدێك بەناوی دوو کەس، یان سێ کەس بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو عاردە ئیفراز نەکرێت، تەفتیت نەکرێت، ئێمە بە پێچەوانەوە دەبێت تەشجیعی ئەوە بکرێت، ئەوانەی ڤیتاعی بچووکی هەیە وەکو جەمعیەك تەعاون بکەن، لێك بدەن زیاتر عاردەکەی گەورە بکەن، با سەنەد موشتەرەك بێتن، سەنەد حقووقی هەر هاووڵاتیەکی تەسبیت دەکات بە قانون، سەنەدی عاردی زراعی چ بەناوی شەخصێك بێت، چ بە ناوی سێ کەس بێت، پێم خۆشە جەنابی وەزیر تەوزیح بکات چ دەگۆڕێت لە مەوقیف، یان یەکێك وەفات دەکات، لەوانەیە منداڵێکی قاصری هەیە، ئەوە ئیجبار بکرێت تەسویە بکرێت، ئەو عاردە بدرێتە ئیزالەی شیوع، بۆ ئەگەر موشتەرەك بمێنێت بەناوی وەرەسە چ زەرەرێکی هەیە؟ گرنگ ئەوەیە عاردەکەی ئیفراز نەکرێت، مەجال نەدرێت بۆ پارچە پارچە کردن، بەلام بۆ ئیستیسمار با موشتەرەك بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی یەکەم پێنجەم من لەگەڵم، بەلام ئەوەی سێ دۆنم بەساتین لەواقیع حاڵدا ئەوها نییە، چونکە ئێمە بەپێی تەعدیلی بڕگەی هەشتی ماددەی قانونی نواط شتێك هاتووە یەکێکی چواردە ساڵ، یان پازدە ساڵ مومارەسەی هەبێتن بۆ ئەو دەبێتن، بەلام لێرە خەڵکێك هەیە پێنج دۆنمی زیاتری هەیە لە بەساتین،

بەساتین جیاوازە، چونکە خۆی دارە، سێ دۆنم دەبێتە سێ سەد دار، هەتا نەبێتە وەحدەیەکی ئینتاجی موتەکامل بۆ جوتیار، لەگەڵ ئەوەدا ئەو سێ دۆنمە زیاد بکەین بکەینە پێنج، چونکە لە واقیع حاڵدا زۆر لەو بەساتینانە لە مەنتیقەی ئێمەدا هەنە، یەك کەسە، یان واریسە، چەند زەویەك دەبێتە پێنج دۆنم، شەش دۆنم، یەعنی بەساتین چاندینە، مەوجودە لە واقیع حاڵ خۆیەتی، نەك ئەوەیە کە حکومەت تەوزیعی کردووە، یان عەقدی لەگەڵ هەیە کە بتوانێت سبەینێ تەعامولێکی تر لەگەڵی بکاتن، ئەوە واقیعێکە حکومەت چۆن موعالەجە دەکاتن؟ کە خۆی چاندوویەتی و دروستی کردووە شەش دۆنمە، لێی وەردەگرێتن، تەوزیع دەکاتن، ئەوەی دووەم من لەگەڵ ئەوەمە حەددی ئەدنای ئیقتیصادی دابنرێت، چونکە جەوهەری ئەم یاسایە بۆ زیاد کردنی بەرهەمهێنان لە کوردستاندا، نەك وەکو ئەوی دیکەیە کە حقووقی تەسەروف بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە حەمە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك مولاحەزاتم هەبوو، مەسەلەی ئەوەی لە سەرووی عاردەکان بێت و لە خوارووی عاردەکان عیلاقەی بە دوو شتەوە هەیە، یەکێك بە کەمی و زۆری موقاتەعەکەوە ئەوەی بە قانونەکانەوە هەیە، قانونی 117 تا حەفتا دۆنم و تا زیاترو تا 120 و ئەوانە هەیە، قانونی 90 لە سێ دۆنم و دوو دۆنمەوە هەیە تا هەشت دۆنم و ئاخیرەکەی دە دۆنمە، یەعنی لە دە دۆنم لە نۆەت زیاتر نییە، بۆ ئەوەی بەپێی ئەو موقاتەعانە، بەڵام لە کەمتریش هەیە، یەعنی هەندێك شوێن هەیە دوو دۆنمیشی تێدایە، ئەوەش بەپێی مەنتیقەکە کە عاردی کەمەو ئەوانەی هەیە، دەربارەی ئەوەی کە ئێمە فەرزی بکەین لەسەر دوو، سێ برا، مەسەلەن زۆر جار پێکەوەیە ئەو وەرەسەیە دەمێنێتەوە بەسەر یەك کەسدا، پێموایە ئەگەر بەسەر هەموویانەوە بێت ئاسانترە بۆ خۆشیان، بۆ موشکیلەی ناو ئەو خێزانە، چونکە مەسەلەن ئێستا دەبینی میراسی خانوویەك شەڕ دەکەن و موشکیلە دەکەن، ئینجا لەسەر ئەو عاردە خۆ هەموو رۆژێ دەبێت شەڕێك بکەن لەسەری، ئەوەی چەند دۆنمی بە بەر دەکەوێت بە دەمیەوە باشترە، ئەگەر ئیزافەیەك لەوە هەبێت باشترە، ئەو عاردە بۆ جوتیار یەعنی بە دەستی کێیەوە بێت؟ جوتیارەکە هۆکاری زراعی بەکار بێنێت، یاخود هۆکارێکی مەسەلەن دەتوانێت موعامەلەی پێوە بکات، ئەگەر ئەوەش شتێك هەبێت هەر چەند دەبێتە موڵك، بەڵام ئەگەر شتێك هەبێت خراپ نییە، ئەگینا ئەوە دەکەین بۆ ئەوەیە گەشە پێدان و پەرەپێدانی زراعە بێت، نەك مەسەلەن بۆ ئەوە بێت، ئەویش موعامەلەی پێوە بکرێت و ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی مولاحەزەكانی من هەر لەسەر قسەكانی كاك شێروان و جەنابی وەزیر بوو، من پشتیوانیان لێ دەكەم، چونكە لە دابەش كردنی زەوی و زار بەسەر جوتیاری دێهاتەكان بەگوێرەی مەساحەكان لەگەڵ ئەو جوتیارانە هەیە، كە لە كاتی خۆی كە ڕەقم 90تیش تەوزیع كراوە من بەشداریم تێدا كرد، هەر بزەبت وا كرا چەند فەلاح هەیە، چەند مەساحە هەیە تەقسیم دەكرا، هەندێك لەو وەحدانە كەمترە سی دۆنمە، بیست دۆنمەو بیست و پێنج دۆنمە، پەنجا دۆنم ئەوەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە تەفتیت كردنی عارد پەنجا دۆنم لە داهاتوو كەمترین وەكو جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێ كرد لەگەڵ حەددی ئەدنای تەوزیعیش لە پەنجا دۆنم كەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی (أ) ئەوە كاك شێروان و كاك تەلعەت ئاماژەیان پێدا باسی ناكەم، ئەوەی ئەوان دەڵێن تەواوە، ئێستا لە ناوچەی ئێمەدا خەڵك هەیە نۆ دۆنمی بەراوی هەیە، لە فەقەرەی (ج) ئەو پێنج دۆنمە بكرێت بە چوار دۆنم، لەبەر ئەوەی لە یاسای 117 چوار دۆنمە، دووەمیش/ ئەو رووبەرە زەویانەی كە لەناو ئەو رووبەرانەی لە بڕگەی یەكی ئەم ماددەیەدا چەسپاون لە رەسمی دادوەری نەهێشتنی شیوع دەبووردرێن، ئێمە لە لایەك دەمانەوێت وەحدەكە گەورە بكەین، لە لایەك ئەگەر ئەو شیوعە بیانبەخشین، بەڕاستی ئەوە لایەنی سلبی هەیە، چونكە دەبێتە هۆی پارچە پارچە بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سوارە فەرموو.

**بەڕێز سوارە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە قانونی ئیصلاحی زراعیدا بەدیار كراوەتەوە دۆنم باس دەكرێت، یان باسی بەراو دەكرێت، یان باسی دێم دەكرێت، یەعنی نیسبەتەكە فەرقی هەیە، تۆ بەراو تەوزیع دەكەیت، یان دێم تەوزیع دەكەیت، لە قانونی ئیصلاحی زراعیدا قەدیم بەپێی ئەو دۆنمە سیفەتی ئەوەیە وەكو كاك شێروان ئیشارەتی پێ كرد، دێیەكە بڵێ دوو هەزار دۆنمە، ئەم دوو هەزار دۆنمە ئایا سیفەتی دێیەكە چەندماڵە بەپێی ئەو دۆنمە تەوزیع دەكرێت، بەپێی ئەو ماڵانە تەوزیع دەكرێت، جاری وا هەیە نیسبەتی ئەرازی زۆرە دانیشتووی كەمە، شوێن هەیە نیسبەتی ئەرزی كەمە، بەڵام دانیشتوانی زۆرە، كەوا بێت نیسبەتەكە مەحدود نییە بە پێنج دۆنم، یان دە دۆنم، یان هەر چەند بێت، ئینجا كە باسی تەوزیع دەكرێت وەكو ئەوا وا باس دەكرێت كە من تێگەیشت بم وەكو خۆتان صاحێبی هەموو ئەرازی كوردستان بن، ئیستیلاتان كردووە بە ئارەزووی خۆتان

عەدەدی بۆ دادەنێن و تەوزیعی دەکەن، بەو شێوەیە نییە، ئێمە دێ هەیە تەوزیع کراوە، بڕوا بکە 17 دۆنمی بەرکەوتووە، دێ هەیە ئایا ئەم حەقدە دۆنمە بڵێین بەراوە، بەنیسبەت بەراو نیسبەتەکە کەمە، ئینجا بۆ تووتن فەرقی هەیە، مەنتیقەی تووتنە، مەنتیقەی مەرەزەیە، مەنتیقەی پەمۆیە، بۆ ئەو خاوەن موڵکانەی کە ئەرزیان دراوەتێ، ئەوەی کە مەنتیقەی تووتنە چل دۆنمیان بۆ هەیە زیاتر لێیان ئیستیملاك کراوە، ئەگەر مەنتیقەی پەمۆ بێت، بەنیسبەت پەمۆوە شەست دۆنمە، ئەگەر بۆ مەرزە کردن بێت، بۆ مەرزە کردن کە بەراوە هەشتا دۆنمیان هەیە بۆ ئەو خاوەن موڵکانە، ئینجا نیسبەتی ئەگەر کەمتر بێت لە چل دۆنمەکە هەڵی بگرێت صاحێب موڵکەکە ئەوە کە هەیەتی سێ قاتە، هەر دۆنمێك بەراو موقابیل بە سێ دۆنم دێمە، ئەگەر سی دۆنمی بەراوی هەڵگرتبێت، کەواتە ئەو صاحێب موڵکە ئەرزی هەیەو لێی ئیستیملاك کراوە، بەس سێ دۆنمی ئیزافە دێمیشی دەدرێتە دەست، هەر عەینی شت بۆ ئەو فەلاحانەش کە دەڵێن سێ دۆنم، یان چوار دۆنمی دەدرێتێ، عاردەکە چەندە؟ پێنجە، شەشە، چەندە؟ باقیەکەی تر ئیزافە لە دێمیەکە هەیە، دێمی دەدرێتە دەست فەلاحەکە، لەوێ عەدەدەکە دەبێت جیا بکرێتەوە، گوایە دێم تەوزیع دەکرێت، یان بەراو تەوزیع دەکرێت، کاك شێروان ئیشارەتی باشی پێ کرد بەو مەوزوعە، فیعلەن بەپێی نیسبەتی دێ، بەپێی نیسبەتی ئەرازییە، دێیەکە پێنج سەد ماڵە ئەمە ئەرزی کەمە، قابیلە بدەیت بە چوار ماڵ و بە پەنجا ماڵیش مەحروم بکەیت، نەخێر، نیسبەتەکە لەوێ حەدد نییە بەنیسبەت ئەو دێیەی کە هەیە، ئەو ئاواییەی کە هەیە، ئینجا موشکیلەی قەزایەتی زراعەی ئێستا، موشکیلەی ئێمە ئەمڕۆ تەوزیع نییە، حکومەت پێویستە بزانێت مەشاکیلی کەم بوونی وەزعی ئێرە چیە؟ لەکوێ هەیە؟ لە ئیستیرادە کە داخیل دەبێت، تەعاونی فەلاحەکان ناکرێت، یەعنی ئەمە زۆر موشکیلەیەکی گەورەیە بەنیسبەت کوردستانەوە، ئەمڕۆ ئێمە بووین بە سەبەبی یەعنی لە بەین بردنی زراعە لە وڵاتەکەی خۆماندا، سەبەبەکە چیە؟ سەبەبەکە کۆمەڵێك تیجارن، تیجاری ئەمڕۆن، کە لەبەر خاتری کۆمەڵێك تیجار هەرچی زراعەی کوردستان هەیە وێرانمان کرد، لە زەمانی بەعس خراپ ترمان پێ کردووە، زۆر زۆر خراپ ترمان پێ کردووە، یەعنی بڕوا بفەرموون ئەمە زیاتر حکومەت مەسئوولە لەوە، دەبێت جەنابی وەزیر دیراسەی ئەوە زیاتر بکات، ئێمە چۆن زراعە دروست بکەینەوە؟ چۆن وڵاتەکە بەرەو پێش بەرین؟ ئینجا زراعە ئەمڕۆ پێی دەڵێن نەوتی سپی، لە وڵاتدا لە هەموو شتێك گرنگترە، سبەینێ نەوت نامێنێت، وا زراعە رۆژ بە رۆژ بەرز دەبێتەوە، موشکیلەکەی کوردستان ئەوەیە ئەو کۆمەڵە تیجارانە، کە ئەمڕۆ بۆ مەصاڵحی شەخصی خۆیان هەرچی ئەرزی کوردستان و زراعەی کوردستان وێرانمان کرد، خۆمان موسەبەبین، مەسەلە موشکیلە تەوزیع نییە، تەوزیعەکەش دەبێت بەو شێوەیەی بەپێی عەدەدی سوکانی بێت و عەدەدی دۆنمی بێت، داوای لێبووردن دەکەم هەر ئەوەندەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیر ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە، کە لە قسەکان دووبارە بۆوە لەو برادەرانەی کە قسەیان کرد، بەتایبەتی لە پەنجا دۆنمەکەو دابەش کردنی، چونکە وەکو کاك فرسەتیش

پێش دەمێك ئاماژەی پێ کرد لە لای من، هەروا مردن تەبیعییە، یەکێك بمرێتن دەبێت جەبرەن تەقسیم بێتەوە، یەعنی ئەوەی کاك رەشادیش ئاماژەی پێ کرد، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت ئەو خاڵەمان تەسیبت کردووە، کۆنفرانس بۆ ئەوەیە کو مەجال کەمتر بدرێت بۆ تەفتیت، بۆ پارچە پارچە کردنی عارد، وەختێ ئەو خاڵەش حاڵەتی شیوع هەیە لە تەسجیل عەقاری هەیە، مەسەلەن ئەم حاڵەتە لەسەر ناوی چوار کوڕە، پێنج کوڕە، هەمووی بە تەسەلسول هاتوونە، ئەمەش بە تەسەوری ئێمە نەتیجەی دیراسەی ئێمە دەبێتە حاڵەتێکی موشەجیع بۆ تەفتیت، بەس ئێمە نەمانگوتووە ئەمە دەبێت نەبێت، ئەو حاڵەتەی کە واقیعێك قائیمە ئێستا ئەو حاڵەتە نەبێت، ئەو حاڵەتە با هەروەکو خۆی بێت، بەس ئەوەی ئێمە موناقەشەمان کرد شیوعەکە نامێنێت، ئەگەر ئێوە ئیعفائی زەریبی، ئەو ئیعفایەی کە لە قانون هەیە، کە زەرایبی لێ وەردەگرن تەبدیل دەبێت لەسەر ناوی تر، ئەوە ئەگەر ئەو حاڵەتە نەبێت، لەوانەیە باشتر بێت وەکو کاك زرار ئیشارەتی پێدا ئێمە تەشجیعی ئەوە ناکەین، ئەو حاڵەتی ئیعفای زەریبی ئەوەیە کو ئێمە شیوع نەهێڵین، یەعنی نەك تەفتیت بکەین، یەعنی تەشجیع بکەین، لەوانەیە غەڵەت بۆ ئەو مەسەلەیە چوو بن، لەبەر ئەوە هەر دەبێت حەددی ئەدنا دابنرێت، حەددی ئەدنا ئەوەی ئێمە دامانتا بۆ عێراق سەد دۆنمە، ئێمە دامانناوە لەبەر وەحداتی کردمانە پێنجی، ئەگەر رەقەمێکی تر هەبێت بەنیسبەتی ئێمە، کێ رەقمی تر باشە لە لای ئێمە، یەعنی لە 5%ی ئێمە دابەزینە خوارێ، ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی دی، کاك دیلمان باسی کرد، باسی پێنج دۆنمی کرد، ئێمە رێگای لێ ناگرین پێنج دۆنم هەبێت، ئەو حەددەی کە ئێمە بۆمان داناوە ئەو رەقمە حەددی ئەدنایە، یەعنی نابێت لەو حەددە کەمتر بێت، بەلام زیاتر هەبێت، ئێمە تەشجیعی زیاتر دەکەین، ئێمە دامانناوە لە سێ دۆنم و ئەوەمان داناوە، چونکە گوندەکانی ئێمە خاصەتەن شاخاوی ئێستا هەندێك هاتوونە مەنتیقە هەنە لە لای ئێمە، پێی دەڵێن دوو سەد مەتری هەیە، ئێمە ئەو حاڵەتە کەم بکەینەوە، دوو سەد مەترو سێ سەد مەتر نەهێڵین، حەددی ئەدنامان داناوە لەسەر سێ دۆنمان داناوە لەبەر گوندەکان، گوندەکانی ئێمە زۆربەی هەرە زۆری موقاتەعاتی بچووك هەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە باسی بەساتین بکەین.

خاڵی دی تر کاك عەبدولڕەحمان باسی کرد لە چوار دۆنم، ئەگەر سەیحی بێت، ئێمە دامانناوە پێنج دۆنم، تەبعەن لە قانونی 117 راستە هاتووە لە بەینی چوار دۆنم تاکو دوازدە دۆنم هاتووە، ئەمە کە حەددی ئەدنا موشکیلە نییە، مانیع نییە ئەگەر پێنج دۆنم بە مەسڵەحەت بزانین، پێنج دۆنم بکەینە چوار دۆنم هیچ کێشەیەك نییە، ئەویتریش رەئی جەنابتانە، چونکە بە مەسڵەحەت دەزانن، بەس رەئی ئێمە دەبێت حەددی ئەدنا هەبێت، یەعنی ئەگەر ئێستا شیوع بمێنێت، ئێمە قەرارمان نەداوە، ناڵێین شیوع ئیلغا ببێت، بەس ئێمە حەز دەکەین نەمێنێت، یەعنی تەشجیع دەکەین، بەلام حاڵەتەکەی تر بمێنێت مانیعمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر مەسەلەی تەملیك کردن لەسەر ئەو عائیلە جوتیارانـەی کە زیـاتر لـە کەسێکن، لەبـەر ئەوەمـە ناوی هەموویان بێت لە تەملیك، چونکە لەوانەیە برا هەیە حەز ناکات لەگەڵ بـرای پێکـەوە شـەریك بێـت، یەعنی حەز دەکات بە تەنیا بێت، ئەوە ناکات لەسەر یەکیان بێت، دوایێ ئیستیغلالیش دروست دەبێت، خـۆ ئەگەر لەسەر یەکیان بێت، لەسەر هـەموو ئـەو کەسـانەی کە پەیوەندیـدارن بـەو پارچـە زەویـە هـەموویان ناویان بێت لە تەملیکەکە، مەسەلەی سێ دۆنمەکە بۆ بـەراو، مـن لەگـەڵ ئەوەمـە فیعلـەن بکرێتـە دە دۆنم، چونکە زۆر کەس وەکو برادەران باسیان کرد زیاتر لە چوار، پێنـج دۆنمیان کردۆتە مەزرعـەو لـەو بابەتـەی ئیتر نەتیجەی خراپ دەبێـت، دەبێـت لـە یاسـایەکەی ئـەوەی دوێـنێ باسمـان کـرد دەگەڕێتـەوە بـۆ دەوڵـەت، ئەگەر لەو ژمارەیە زیاتر بێت، ئەوە ناحەقە، حەقـە ئـەوە لەبـەر چـاو بگیرێـت، ئـەو کەسـانەی کـە زەویـان وەرگرتووەو بیریان لێداوەو باخچەیان کردووە لە سێ، چوار دۆنم، لە دە دۆنم زیـاترە، ئـەوە حیسـابێکی بـۆ بکرێت، چونکە بەپێی ئەو یاسایە دەگەڕێتـەوە بـۆ حکومـەت ناحەقـە، مەسـەلەی تـر ئێمـە وەکـو بـرادەران باسیان کرد فیعلەن بە ئارەزووی خۆمان نییە، چەند دۆنم بدەین بە کەسێك، رەنگە دێیـەك هـەبێت پـەنجا ماڵ بێت، بەڵام دوو هەزار دۆنم زەوی ئەوەی هەبێت، بە دەسـت تـۆ نییـە چـەندی بـدەیتێ، یـەعنی بـەپێی واقیعی ناوچەکەیە، هەندێك شوێن هەیە زەوی کەمە، ئێمە ناتوانین وەکو کاك سوارە باسی کرد بـە کـەیفی خۆمان بۆی دابنێین و ئەوەندەی دەدەینێ، لە هەندێك شوێن زەوی زۆرە، لە هەندێك شوێن زەوی کەمە.

خـاڵێکی تـر، مـن دەمـەوێت باسـی بکـەم، لـە یاسـای ئیستیسـمار لـە ماددەی بیسـت و پێـنج دەڵـێ: زەوییـە کشتوکاڵیەکان هەمووی دەبێت تەملیك بکرێن لەسەر کۆمپانیاو شەریکاتی بەرهەمهێن هـی نـاوخۆو بیـانی، لێـرە بەڕاسـتی بەپێچـەوانەی ئـەو یاسـایەیە، دەبێـت یـان ئـەو یاسـایە لەبەرچـاو بگیرێـت، یـان بـۆ یاسـای ئیستیسـمار ئـەوە تەعـدیل بکرێـت و چـاك بکرێـت، بـەڵام لێـرە زەوی بـەناوی فـەلاح بکـەین و لـە یاسـای ئیستیسـماریش دەڵێـت کۆمپانیـای وەبەرهـەمهێن ئـازادە چ بیـانی، چ هـەموو زەوییـە کشـتوکاڵییەکان لـە خزمەتی دابێتن تەملیك بکرێت بەسەری، ئەوە بەڕاستی پێچەوانەیە دەبێت چاك بکرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ماددەی چوار ماددەیەکی زۆر گرنگە، پێویستیشە قسەی ئەو برادەرانەی کە شارەزان بەڕاسـتی بـە عەمەلی زۆر بە ئیعتیبارِ وەربگیرێت، قسەکانی کاك

سواره بەڕاستی جێگەی لێ وردبوونەوەیە، ئەو حەددانەی کە لێرە دیاری کراوە، من دەڵێم هەر لە سەرەتاوە کە باسی رادەی ئابووری موڵکایەتی کشتوکاڵ دەکرێت قەیدێکی پێوە بێت، چونکە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، مەسەلەی زەوی لە دەشت و لە بنار زۆر فەرقی هەیە، یەعنی ئەوەی کە لە دەشت ئیمکان دەبێت، لە بنارەکان ئیمکان نابێت، چونکە هەر نیەتی، ئێستا لە مەنتیقەی پشدەر هەندێك بنار هەیە یەعنی فەلاحێك پێنج دۆنمی دێمەکاری بەرناکەوێت، یەعنی هەر بۆ خۆی زەوی نییە، لەبەر ئەوە وا دەزانم یەعنی قەیدێك، شتێکی پێوە ئیزافە بکەین، مەسەلەن بڵێین بەپێی گونجانی زەوی لە دەشت و بنار شتێکی وا کە دوایی گرفتی بۆ دروست نەبێت، چونکە هەموو ئەو رادە دۆنمانەی کە دیاری کراوە، پەنجا دۆنم لە زەوی کشتوکاڵی حەددی ئەدنا هەبێت، شوێنی وا هەیە ئەو خەڵکەی کە لێی دادەنیشێت، یەکی هەر دە دۆنمی لە زەوی دێمەکار بەردەکەوێت، لە مەسەلەی باخیش هەر هەمان شت، پێنج دۆنمەکەش هەروا، لەبەر ئەوە ئەو رادەی بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی گرفت بۆ خەڵکەکە دروست نەبێت، کە بڵێی بەپێی دەشت و بنار ئەو گرفتە چارەسەر دەبێت و ئیشکال دروست نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو، سێ مولاحەزەی دەقیق هەیە، هەرچەند جەنابی وەزیر باست کرد، بەلاّم کاك سوارە پێشتر ئاماژەی پێ کرد، هەردوو عوسمانیش مەسەلەی تەملیکەکەیەو ئەرزی زراعی لە کوردستان وەکو بەغدا نییە، مەلەسەن بۆ بەغدا سەد دۆنمیان داناوە، بەس هەمووی سەهلییە، هی ئێمە ئەرزی زراعی کەم بۆتەوە، سەهلیشمان هینە، چۆن تەعامول دەکەیت لەگەڵ ئەرازی غەیر سەهلی، مەلەسەن وەکو شەقلاّوە، گەلاّڵە، بادینان، جا ئەگەر جەنابت هینێکت هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەین ئەو موداخەلاتانەی کە کراوە، من وا تەسەور دەکەم لەسەر ئەساسی ئەوەی کە ئێستا ئەرز لە دەستی ئێمەیە، وەکو وەزارەتی زراعە ئێمە ئێستا پشتی ئەم قانونە دەستی پێ دەکەین و تەوزیعی دەکەین وا نییە، هیچ عاردێك لە دەستی ئێمە نەماوە، هەمووی لە دەستی جوتیارو موتەسەریفە، ئێمە بەس دێین ئەوەی عەقدە، عەقدەکەی چارەسەر دەکەین و حقووقی تەسەروفی دەدەینێ، واقیع حاڵێك هەیە، ئێستا ئێمە لەسەر ئەو واقیع حاڵەتە تەسبیت دەکەین، یەعنی ئێمە شتێکی نوێ خەڵق ناکەین موجەڕد تەملیك دەکەین، یەعنی ئێمە ئێستا هیچ ئەرزێك جەنابتان بە من بڵێی پێنج سەد دۆنم لێرە بێنە، کە لە دەستی وەزارەتی زراعە دایە، من دەڵێم ئەوەی نەفعی عامە، تەنها بەردەلان لە دەستی ئێمەیە، سفوح لە دەستی ئێمە ماوە، ئەمانەیە بەلاّم هی تر لە دەستی ئێمە نەماوە بۆتە واقیعێك، بەپێی ئەو واقیعە تەسبیت دەکەین لەسەر خەڵکەکە، نوقتەی هەرە ئیشکال سەد دۆنمەکەو پێنجی دۆنمەکەیە، ئەوی تر من تەسەوری ئەوە دەکەم زۆر موشکیلە نییە، چونکە ئێمە حەددەکەمان زۆر زۆر کەم کردۆتەوەو حەددەکە زۆر مەعقولەو دەگونجێت لەگەڵ واقیعی ئێمە، مەسەلەن لە گوندێك دوو سەد مەتری مورەبەعی بۆ کێ من بچم تاپۆ بکەم لەسەر ناوی فەلاحەکان، دوو سەد مەتر چ وەحدەی زراعی، چ زراعەت هەبێت، با ئێمە

تەشجیعی بکەین، ئەو دوو سەدە تەکامولی خۆی وەربگرێت سێ برانە، چوار برانە لەسەر ناوی یەك بێت باشترە، لەوانەیە ببێتە دوو دۆنم، یان سێ دۆنم باشترە کو هەر دوو سەد دۆنم لەسەر ناوی یەکێك، بەڵام سەد دۆنمەکە ئەگەر رەئی جەنابتان هەبێت ئەو پێنجی دۆنمە، سەد دۆنممان کردە پێنجی، چونکە واقیعی کوردستان وەحدات شتی ترە، ئەگەر رەقەمەکی تر هەیە مانیع نییە ئێمە بیری لێ بکەینەوە ئەو رەقەمە بێت بێینە خوارێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵڵا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی زۆری مولاحەزەکانی من برادەران باسیان کرد، تەنها شتێك دەمەوێت باسی بکەم، کە باس نەکراوە ئەویش موشکیلەی جۆگە هەیە، جۆگەی ئاودان لەو مەنتیقانەی سەرێ کە لەوانەیە لە هەندێك جێ لە حدودی دە کیلۆ مەتر، پێنج کیلۆ مەتر، حەوت کیلۆ مەتر ئەو جۆگایانە ئاوی راکێشاوە، ئەو کابرای صاحێب جۆگە ئەو ئاوەی بە پارە دەداتە ئەو فەلاحانەی کە دەکەونە بەر ئەو جۆگەیە، ئێستا ئەو عاردانە تەملیك دەکرێن، صاحێبی ئەو جۆگەیە چی بەسەر دێت، چی دەدرێتێ؟ چی بۆ دەکەن؟ ئەو موشکیلانە، زۆر هەنە لەوێ، بەنیسبەت وەحدەی تەوزیعیش من نازانم ئەگەر هەندێك گوند هەیە وەرتێیە، بۆ نموونە وەرتێ، رەنگە چوار سەد فەلاحی تێدا بێت، پێنج سەد دۆنم زەوی تێدا نییە، رەنگە فەلاح هەیە نیو دۆنم عاردی بەراوی هەیە، دۆنمێکی هەیە، مەلەکان هەروەها گەروان ئەو گوندانەی ناو ئەو شاخ و داخانە، من پێموایە ئەو یاسایە بۆ ئەو جیگایانەیە، کە باسی وەحدەی تەوزیع دەکات لەوەندەی کەمتر نەبێت تەسویە نەکراوە، تاکو ئێستا تەسویە نەکراوە ماوەتەوە، ئەگەرنا ئەوی تر هەر دەستکارییەك لەو وەحدە تەوزیعیەی ئێستا بکرێتن کە حکومەت خۆی عەقدیشی بۆ کردووە، پێموایە مەشاکیلی زۆری لێ دروست دەبێت، ئەویش جەنابی وەزیر روونی کردەوە کە دەستکاری لەگەڵ ئەوانە ناکرێت، بەڵام من پێموایە ئەوەی سەرێش هەر بەو نەوعەی تەملیك بکرێتن، وەکو وەزعی وا ئەو فەلاحە چەندی لەبەر دەستتە دوو دۆنمە، سێ دۆنمە، دۆنمێکە، بۆ ئەوەی مەشاکیل پەیدا نەبێت، بۆ ئەوەی ئەو یاسایە بەشێوەیەکی رێك و پێك جێگای خۆی بگرێت، هەر بەو نەوعە لەسەریان تاپۆ بکرێت، بە رەئی من کێشەکە بەو شێوەیە چارەسەر دەکرێت، ئەگەرنا لە وەرتێ من وەکو گوتم لە مەلەکان، لە شیرێ، لەو گوندە شاخاویانەی هەن، باوەڕ ناکەم ئەو وەحدە تەوزیعیانە ئیمکان هەبێت و بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی یەکەمم ئەوەیە من تەئیدی رەئیەکەی مام رەشاد دەکەم لە میرات چەند کەس مانەوە، بۆ ئەوەی تەئسیری مەشاکیل لەناو خێزانەکە دروست نەبێت بەناوی هەموویان بکرێت، بەلاّم (غير قابله للتجزئه) بێت، ئیشارەت بەوە بدرێت، ئەو عاردە قابیلی تەجزیئە نەبێت، بەناوی دوو کەس بێت، چوار کەس بێت، پێنج کەس بێت، بەس قابیلی تەجزیئە نەبێت، لە قەرارەکەمان ئیشارەتی پێ بدەین، چونکە ئەگەر وا نەبێت مەشاکیلی زۆر گەورە دەبێت، ئەوەش قەبول ناکەن لەگەڵ یەك، یەك بفرۆشێتە یەك، یەك نەفرۆشێتە یەك، کۆمەڵێك مەشاکیلی کۆمەلآیەتی لێ دروست دەبێت، مومکینە شتی گەورەشی لێ پەیدا ببێت، کە قابیلی تەجزیئە نەبوو، ئینجا با حەز دەکەیت با دە کەس بیکات موشکیلە نییە، پارچەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە بیکەینە قەرار لێرە، ئەمە یەك.

دووەمین/ جەنابی وەزیر زۆر بە وازیحی ئیشارەتی پێدا، ئەو واقیعەی کە ئێستا هەیە لەو نیسبەتەی بەراو و شاخاویەکان مەعلومە، مەنتیقەی شاخاوی ئێمە جیاوازە، هەمووی بەراو نییە، زۆریشی دێمییە، هەمووی کانیاوی نییە، ئاوی نییە، جۆگەی کەمەو ئاویشی کەمە، بەس عاردی نییە، ئێستا ئەوەی جێگای واقیعە جەنابی وەزیر روونی کردۆتەوە، وەکو ئێستا لە دەست فەلاحە لەسەری تاپۆ دەکرێت، عەقدەکەی دەکرێتن، ئەوە چ موشکیلە نییە، چ عاردی ترشیان نییە، لەبەر ئەوە کێشەیەك نەماوەو داخیلی موناقەشە بکرێت، ناکرێت دەستکاری بکەن کە ئەوەی زیادە لێ بسەندرێتەوەو ئەوەی کەمە لێ بسەندرێتەوە، هەر فەلاحێك چەند عاردی بەراوی هەیە، ئەوەندەی بۆ دەکرێت، بەلاّم من پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر حەددی ئەدنای ئەرازی دێمی داناوە پەنجا دۆنم، لەو جێگایانەی وەکو برادەرانیش باسیان کرد، هەموو شوێنێك وەکو یەك نییە، بەپێی نفوسی گوندەکان ئەرازی هەیە، بەلاّم هەیە 120 دۆنمی هەیە، مەنتیقەی ئێمە هەیە، هەیە سەد دۆنمی هەیە، هەیە شەست دۆنمی هەیە، پرسیارەکەی من لە جەنابی وەزیر ئەوەیە بۆمان روون بکاتەوە، ئەوەی عەقد دەکرێت، من لە قەراری 120 دۆنم هەموو کەس 120 دۆنمی لەسەر هەیەو تەسجیل کراوە، لەوێ عارد زۆرە، لە کەدیناوە سەد دۆنم، شەست دۆنم هەیە، ئایا ئەو نیسبەتەی کە ئێستا عەقدەکەی لەسەر تەسبیت کراوە 120 دۆنمەکەشی لەسەر تاپۆ دەکرێت، یان هەر پەنجا دۆنمی لەسەر تاپۆ دەکرێت، چونکە حەددی ئەدنای پەنجا دۆنمە، بەلاّم حەددی ئەعلای مەعلوم نییە، 120 دۆنمی لەسەرە، بیستەکەی لەسەر تاپۆ دەکرێت، من پرسیارەکەم ئەوەیە، یان شەستەکەی لەسەر تاپۆ دەکرێت، چونکە ئێستا پەنجایەکەیە، کەمەکەش هەیە، هی کەمەکە مەعلومە، بەلاّم زیادەکە لە لای من زۆر مەعلوم نییە، ئێستا من 120 دۆنم عاردم لەبەر دەستیە هەر 120م دەدەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە جەنابی وەزیر شەرحی کرد، عیلاقەی بە تەوزیعەوە نییە، حەددی ئەعلا چەند بێتن رەبتی نییە، دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە هەموو ئەم شتانەدا وابزانم دەبێت ئینسان و خەڵکی کوردستان غایب هەیە، هەر باسی زیاد کردنی بەرهەم دەکەین بۆ کێ؟ چۆن؟ لە کاتێکدا کە ئێمە بەرهەم زیاد دەکەین، بەڵام سەدان و هەزاران خێزانی جوتیار بێ بەش دەکەین لە ئەرزو لە بەرهەمهێنان، بۆ کوێیان دەنێرین، دەیانێرینە شارەکان لە بەرهەمهێنەوە ببن بە کاربەر، واقیعێك هەیە دەبێت ئێمە بیر لە ئیعادەی ئیسکانی خەڵکی خۆمان بکەینەوە لەسەر بنەمای ئابووری، دێ هەبووە ئاوەدان بووە، لەبەر ئەوەی پێداویستی ژیان زۆر سادە بووە توانیویەتی بە ئیمکانیەتی کەم بژێت، ئاوەدان بووە بەس لەبەر ئەوەی دوور بێت لە دەسەڵاتی داگیرکەرو داپۆڵسێنەرەوە، ئێستا خەڵك دەیەوێت نزیك بێت لە دەسەڵاتەوە، نزیك بێت لە ژیانەوە، نزیك بێت لە خزمەتگوزارییەوە، کەواتە حکومەت دەبێت پلانی گونجاوی هەبێت، پلانی درێژخایەنی هەبێت، بۆ ئیعادەی ئیسکان لەسەر بنەمای ئابووری، لە کاتێکدا تۆ ئەو زەویانەی کە عەقد بوون دەیکەیتە حەقی تەسەروف لای جوتیارەوە، کەواتە حکومەت ئەرزیشی لە دەست نەما، سبەینێ چۆن بیر دەکاتەوە خەڵك ئیعادەی ئیسکان بکاتەوە، ئەو حەددی ئابووری ئەرز هەیە، تەبعەن مامەڵەی رەسمی حکومەت وەزارەت لەگەڵ ئەو حەددەدا دەبێت بە دابین کردنی کەرەستەو پێداویستی، ئەی ئەوەی ناگاتە ئەو حەددە، حکومەت بیری کردۆتەوە بەشێوەیەکی نیمچە هەرەوەزی ئەو پێداویستیەیان بۆ دابین بکات، یەعنی شوێنێکی شاخاوییە، شوێنێکی مەساحەکەی مەحدودە، ناگاتە ئەو حەددە ئابووریەی کە حکومەت زەوابتی بۆ داناوە، سبەینێ تراکتۆری ناداتێ، موزەخاتی ناداتێ، هیچی بۆ دابین ناکات، چونکە لە زەوابتی حکومەتدا یەکێك دەڵێ دە دۆنمی باخ دەبێت فلان شتی بۆ دابین بکرێت، بیست دۆنمی هەبێت تراکتۆری دەداتێ، سەد دۆنمی دێمی هەبێت دەرِاسەی دەداتێ، ئەی ئەوەی ناگات باشتر وایە بەشێوەی نیمچە هاوکاری، نیمچە تەعاونی، بۆ ئەوەی ئەوانیش بێ بەش نەبن، یان ئەوەتە حکومەت دەسەڵاتی هەیە خەریتەی کوردستان بگۆڕێت بەپێی پێداویستی ئابوورییەکان، بڕوا ناکەم ئەوەشی لە بەرنامە دابێت، لە لایەنی تاپۆو وەرەسەوە، ئەوە کێشە دروست دەکات، کێ ناوی هەبوو، موڵك موڵکی ئەوە، بەتایبەتی ئەو واریسانە کە خۆیان مردن و نەوەکانیان چ زەمانێك هەیە، کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، کێشەیەکی خێزانی گەورە دروست دەکەین، کە چارەسەر کردنەکەی زەحمەتەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە روون کردنەوەیە بەگشتی لەسەر کێشەی زەوی و زارو چۆنیەتی وەبەرهێنانی باس بکەم، ئەگەر روخسەت بفەرموون، دەربارەی زەوی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چەند ساڵ لەوەو پێش، باس لە چڕی دانیشتوان بکەین، چڕی دانیشتوان بەزۆری لە بنارەکان بووە، هۆکارەکەش دیارە، لەبەر ئەوەی پێداویستیەکانی ژیان وەکو پێویست نەبووە، کارەبا نەبووە، ئاو وەکو پێویست نەبووە لە دەشتەکاندا، ئاوی سارد نەبووە، ئاووهەوا وای کردووە چڕی دانیشتوان بەزۆری لە بنارەکان بێت و پێ دەشتەکان کەمتر

دانیشتوانی تێدا بن، بەهۆی ئەو چڕی دانیشتوانەوە لە خصوصیەتی تایبەتمەندی خەڵکی کوردستان وا بووە، کە موڵکیەتی تایبەتی دروست بووە لە بنارەکان و دەشتەکان زیاتر خوردە مالیکی لێ کەوتۆتەوە لە بنارەکاندا، ئەو خوردە مالیکە وای کردووە بە وەرەسە ورد بۆتەوە، موڵکەکە ورد بۆتەوە زیاتر لە دەشتاییەکاندا پانتاییە ئەوە لە روویەکەوە، لە روویەکی ترەوە کەش و ئاو و هەوا چڕی دانیشتوانەوە دەبێت، لە لایەکی ترەوە چۆنیەتی وەبەرهێنان، وەبەرهێنانی گەنم و جۆ زیاتر کراوە لە پێ دەشتەکان، لە روویەکی ترەوە دەکرێت مەنتیقە تەصنیف بکرێت، مەنتیقەی کوێستانیەکان و مەنتیقە گەرمە سێرەکان و نیمچە گەرمە سێرەکان، مەنتیقەی کوێستانیەکان زیاتر ئەرزی بەراوی هەبووە، بەراوەکە زۆر مەحدود بووە، چەند دۆنم بووە؟ دوو دۆنم و سێ دۆنم تێ نەپەڕیوە بەزۆری کە زیاتر لە هەزار گوند ئەوە دەیگرێتەوە لە مەنتیقەی شارباژێر، شارەزوور، مەبەستم بنارەکەیەتی لە بناری قەندیل و بناری مامەندە دەگرێتەوە بۆ زنجیرە چیاکانی هەتا دەگاتەوە مەنتیقەی بارزان و دەچێتەوە باتوفەو ئەو شوێنانەی کە ئەرزێکی زۆر کەمی تێدایە، ئەو ئەرزانە بە دوو شێوە کراون، دێمەکە چ بووە، دێمەکەش دوو بەش بووە، یەکەم/ لەوەڕگا بووە، دووەم/ قەدەغە بووە، قەدەغە مەبەستیان دارستانەکان بووە، دارستانەکان سوودیان لێ بینراوە بۆ ئەوە، تۆ ناتوانیت لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی لەو تەصنیف کردنی زەویدا، ئەو یاسایەی دەتوانین لە دەشتدا جێ بەجێی بکەین، لە بنارەکانیشدا جێ بەجێی بکەین، بەتایبەتی ئەو خاڵەی کە مەسەلەی میراتە، کە باس لەوە دەکرێت بەناوی ئەوەی بکەین، ئەوە وەکو ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ قانونی رۆمانی کۆن، کە زەواجی بە کۆمەڵ هەبووەو منداڵەکان لەسەر برا گەورەکەی تەسجیل کراوە، ئەوە ناکرێت بەڕاستی بەناوی یەك کەسەوە بکرێت، زەمان چیە ئەو برا گەورەیە، ئەو کەسە غەدر لەوانی تر ناکات، لە نەوەکانیان ناکات، بۆ ئەوەیە دەکرێت بەناوی هەموویانەوە بێت، ناکرێت بەناوی یەکیان بێت، ئەوە کێشەی کۆمەلأیەتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، گەڕانەوە بۆ یاسا کۆنەکانە، بۆیە ئەوە خزمەتی ئەوە ناکات، لە لایەکی تر کە باس لەوە دەکات، لە پێ دەشتەکان کە بیست دۆنم هەیە، سی دۆنم هەیە، بەلأم هەر لە بنارەکاندا ئەرزی دێم وەکو عەرزم کردن، وەکو پاوان و وەکو قەدەغە زیاتر بوونی هەیە، بۆیە دەکرێت ئیستیسنایەك بکرێت لەو یاسایە کە هەموو شوێنەکان وەکو یەك نەکرێت، بۆیە رێژەی دانیشتوان کە لە ناوچە سنووریەکان زیاتر بووە، لێرەدا موڵك کورتتر بۆتەوە، لەناوچە دەشتەکان ئەوە نەبووە، لەناوچە دەشتەکان بەو شێوەیە نەبووە، کێشەی کۆمەلأیەتی لێ دەکەوێتەوە، چ لەوەی میراتە، چ لەوەی یەك یاسا لە یەك شوێن بکرێت، دەبێت ئیستیسنا بکرێت و رەچاوی ناوچە بنارییەکان بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوە بکرێت، لە لایەکی تریش تەئیدی رەئی کاك دکتۆر رەمەزان دەکەم باسی لەوە کرد، ئێمە تەنانەت پێمان وایە ئەو یاسایە تاپۆ دەدەینە جوتیار، بەلأم ئەم تاپۆی ئیش کردنی دەدەینێ، دەچێت زەویەکەی خۆی دەفرۆشێت وەکو ئەوەی کە وەختی خۆی راگواستن هەبوو، ئەو را گواستنە تەعویزیاندا، بەلأم تەعویزەکە لە ماوەی ساڵێکدا تەعویزەکەی بەکار هێناو ئەوە بوو شوێنی ئیش کردنەکەی لە دەست دەرهێنرا، ئێستاش ئێمە وا دەکەین کۆمەڵێك بەتاڵە دروست دەکەین، ئەوە هەم کێشە لەناو ئیسکان کردنی لە شارەکان، هەم کێشەی بێ ئیشی، کۆمەڵێك کێشەی ترو دیاردەی کۆمەلأیەتی تری تێدا دێتە دی، بۆیە من پێموایە ئەوە نەکرێتە

مەرج بەو شێوەیەی کە یەکەی کشتوکاڵی دەکرێت، یەکەی کشتوکاڵی گەورە لە دەشتەکان ئەوە بکرێتە مەرج، بەس ناتوانیت لە نیمچە گەرمە سێرو کوێستانەکان ئەوە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر تەئیدە بۆ قسەکانی کاك باپیرو ئەوانەو کاك شێخەڵلاّ، ئەم یاسایە بۆ هەموو کوردستانە، تەنها بۆ شوێنێك نییە کە دەشت بێت، بۆ دەشتی هەولێرو دەشتی کۆیە، دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین، ئێمە کۆمەڵێك شوێنی شاخاوی وەك شاباژێرو قەرەداغ و وەك ئەو شوێنانەی کاك باپیر باسی کرد، ئەمانە ئێستا کۆمەڵێك جوتیاری لێیە، کۆمەڵێك ئەرزیان بە دەستەوەیە، زۆربەی کەمترە لە دۆنمێك پێشی دەژی لەسەر ئەو زراعەتەش دانیشتووەو، من نازانم تێی نەگەیشتووم، یان وایە، ئەگەر ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەین، ئەوانیش بێنین لە شارەکان تەعینیان بکەین بە پۆلیس، ئیتر تەواو ئەوەی کە ماوە ئەو چەند جوتیارە کە لە دێهاتەکان ئەویش نامێنێت، یەعنی ئەمە پێویستە زۆر لەسەری بوەستین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێموایە جارێکی پێش ئەوەی ئەوانی تر قسە بکەن، پێموایە جەنابی وەزیر کەمێك شەرحی بکاتن، چونکە تێکەڵاویەك هەیە لەنێوان ئەوەی تێگەیەشتنی تەوزیع و وەرەسەو مەنتیقەی سەهلی و شاخاوی، ئێستا وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد، ئەمە بۆ تەوزیع نییە، تەوزیعی بکاتن و ئەوانە، ئەوەی هەیە وەکو خۆیەتی، دوو نوقتەی جەوهەری هەیە مەسەلەی وەرەسەیە، وەرەسەیەك بیست دۆنمی هەیە پیاوەکە دەمرێتن منداڵەکانی رێك ناکەون، دەبێت تەوزیع بکرێت، کە تەوزیع کرا بەپێی ئەو قانونە، رێگای تەوزیعی نییە، یەعنی یەك/ چۆن دابەش دەکرێتن، تۆ حەددی ئەدنات بۆ داناوە پەنجا دۆنم، ئەگەر بمێنێتەوە بەردەوام دەبێتن بەو ئیعتیبارەی ئەمرێکی واقیعەو، بەڵام ئەگەر بیانەوێت تەوزیع بکەن، پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان تەقسیم بکەن، یەعنی چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو حاڵەتە دەکەیت؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە شوێنێك باسی ئەوە کراوە، باسی جوتیاران کە ئێمە عاردەکە لە جوتیارەکە وەرناگرین، بەپێچەوانەوە عاردەکەی دەدەینێ، یەعنی ئێستا عەقدە، ئێمە ئێستا تەملیك دەکەین، حقوق تەسەروفی کاملی دەدەینێ و تەسبیتی جوتیار دەکەین لەسەر ئەم ئەرزە، کو ئەم جوتیارە رەبت ببێت بە ئەرزەکەو باشتر ئیش بکات، جانبی دووەم/ خوشکێك باسی کرد، باسی یەك دۆنمی کرد، کێ دەتوانێت بە یەك دۆنم ژیانی خۆی دابین بکات، بە پێنج سەد مەتر، ئەمە عەمەلیەکی ئاخیر ئەم حاڵەتە هەیە، بەس ئێمە دەبێت ئەم حاڵەتانە موعالەجە بکرێت، یەعنی کو ئێستاش لە شاخەکان هەیە، بەس لە شاخەکان مەسەلەن برایەك لەسەر ناوی ئەم برایە، ئان برایەك برایەکی هەمووانی رازی کردووە، ئێستا دایتیە برایەك کو

ژیانی پێ نابێت، لەبەر ئەوە جانبی تریش وەحدەی حەددی ئەدنای ئیقتیصادی دەبێت دابنرێت، پرسیارەکەی ئەمەیە ئایا ئێستا هەروەکو خۆی بمێنێت ئێستا لە تەسجیل عەقاری چی دەکەن بە سەهم، بە سەهم دروست دەکەن، هێشتا سجلەکەی سەفحەی ئەوان لە پێشرا سجلەکەی تەسبیت دەکات، ئەمە هی فلان کوڕیەو یەك، دوو، سێ، چوار، ناوەکان تەسبیت دەکەن، ئەم حاڵەتە ئێستا قائیمە، ئەگەر جەنابتان پێتان باشە ئەم حاڵەتە بمێنێت، با ئێمە ئەم حاڵەتە بهێڵین، ئەو حاڵەتەی کە ئێستا هەیەن واقیع حاڵەکەی کە ئێستا چۆنە، ئێمە با ئەو واقیع حاڵەتەی عقود ئیلغا بکەین حقوقی تەسەروڧ دەدەینێ، بەس بە تەسەوری من دیسان دەڵێم حەددی ئەدنای ئیقتیصادی دەبێت دابنرێت، یەعنی حەددێك هەبێت، نابێت تەرکیك ببێت، چونکە مەبدەئی ئەم مەشروعە مەبدەئێکە ئێك/ لە مەبادیئی ئەوەیە کو رێگا نەدرێت ئەم زەویانە تەفکیك دەبێت، چونکە وەحدەی زراعی تێك دەچێت، وەحدەی ئیقتیصادی تێك دەچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو دیارە فەلسەفەی ئەو یاسایەی حکومەت ئابووری ئازادو هاندانی وەبەرهێنانی کشتوکاڵییە، بەڵام بەڕاستی ئەوەی دەردەکەوێت لە قسەی برادەرەکانی خۆشمان لێرە دەرکەوت هەموویان، زۆریان قسەیان کرد لەو مەسەلەیە، لایەنی هاندانی وەبەرهێنان لەسەر حیسابی جوتیارە، لەسەر حیسابی هاووڵاتییە، منیش تەئکید لەوە دەکەمەوە، ئایا ئامانجی لە ئێمە بەرهەمی زیاد، یان خۆشگوزەرانی ئینسانە، یان ئینسانە؟ ئامانجی ئێمە خزمەت کردنی ئینسانە، ئەو تەجروبەیەی ئێمە، ئێستا حکومەتی ئێمە دەیەوێت پیادەی بکات، نۆوەت ساڵ پێش ئێستا پیادە کراوە، ئێستا لە مەکسیك پیادە کراوە گەورەترین خوێن ڕشتنی لەسەر دروست بوو، یەعنی ئێستاش ئاسەوارەکانی خوێن ڕشتنی ئەو سەردەمەی مەکسیك، سێ، چوار شۆڕش یەك لە دوای یەك لە دژی هەمان ئەو جۆرە یاسایەی کە لەوێ دەرکراوە، لەبەر ئەوەی پێویستە ئێمە ئەو مەسەلەیەمان لەبەرچاو بێت، دەڵێ رادەی ئابووری، برادەرینە ئەمە حکومەت نییە رادەی ئابووری دەکاتن، رادەی ئابووری پارچە زەوییەك چەندە، ئەوە جوتیارە، ئەوە هاووڵاتیە رادەی ئابووری زەویەکی خۆی دیاری دەکات، تۆ پەنجا دۆنمیشت هەبێت کاتێك بەکاری دەهێنیت رادەی ئابووری نییە، من نیو دۆنم زەویم دەوێت دەیکەمە هەنگەلان، هەنگی لێ بەخێو دەکەم، مێش هەنگەکانیش دەچن لەسەر زراعەتی خەڵکی تر هەنگوین دروست دەکەن، نیو دۆنمم بەسە بۆ ئەوەی تاپۆ ببێت لەسەرم و بۆ ئەوەی ئیشەکەی خۆم بکەم، دۆنمێك لە هەورامان دە بنەدار گوێزی تێدا بێت بەسە، بۆ ئەوەی خەڵك پێی بەڕێوە بچێتن، ئێمە ئەو مافەمان لەسەر ئەو مەسەلانە هەیە، مەسەلەیەکی تریش حکومەت لەبەرچاوی گرتووە، بەداخەوە تەنیا ئەوەی لەبەرچاو گرتووە، جوگرافیایەکی لەبەرچاو گرتووە، ئەوەی برادەرانمان باسیان کرد، جوگرافیای

دەشت لەکاتێکدا کوردستان، مەساحەی کوردستان زۆربەی هەرە زۆری شاخاوییە، مـن پرسـیار دەکـەم نـاوی زۆر شوێن هاتووە، لە کام گوندی کشتوکاڵی ئەو کوردستانە خەڵك پێنج دۆنمی هەیە، دەڵێت ئەگەر تەفتیت بکرێت، من بەلامەوە سـەیرە ئەگـەر بکرێتـەوە، یـەعنی قیمـەتی ئینتـاجی نـەمێنێت شـتی وا نییـە، ئەگـەر جوتیار سەد مەتریشی هەبێت، ئەگەر بیکات دەیکات، ئەگـەر دە هـەزار دۆنمیشـی هـەبێت ئەگـەر نـەیکات، نایکات ئینسانە خۆی بەکاری دەهێنێت، یان بەکاری ناهێنێت، ئێمە ئەگەر بێتو ئـەو کـارە بکـەین بەڕاسـتی ئەگەر لێ بگەڕێین وەکو خۆی بێت خەڵك چەند زەوی هەیە، ئەوەندەی لەسەر تاپۆ بکرێت لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانە، یەك/ بێ کاری کەم دەبێتەوە، یەعنی پێشی هـەموو شـتێکی ئێمـە دەبێـت بـیر لـەو مەسـەلەیە بکەینەوە، بێ کاری کەم دەبێتەوە.

دوو/ ئینسان بە زەوییەوە دەبەسترێتەوە، خۆمان بە زەوی و نیشـتمانەکەی خۆمـان زیـاتر دەبەسـترێینەوە، مـن پرسـیارێك دەکـەم برادەرینـە ئـەو زەوی کوردسـتان کەوتۆتـە ژێـر دەسـەڵاتی چـەند سـەرمایەدارێکی پارەداری ئێستاکە، کێمان خۆمان بە مافی خاوەنی دەزانین لە دوارۆژدا.

سێ/ پێویستە ئەو مەسەلەیەمان لەبەر چاو بێت برادەرینە، کاتێك کە زەوی لە دەسـتی خـەڵك زۆر دەبێـت بەرهەمی جۆراو جۆرمان دەبێت لە کوردستان، جەنابی وەزیر دەڵێت ئێمە تەشجیعی بەرهەمەکە دەکـەین، بەتایبەتی لـەو قۆناغـە، مـن پێموایـە زۆر زۆر حەساسـە، سـەرمایەدارەکان، یـاخود پارەدارەکـانی ئێسـتا زۆر دیارن، کە دەیانەوێت زۆربـەی زۆری زەویـە کشـتوکاڵیان بکەوێتـە بـەر دەسـتی، مـن حـەز دەکـەم ڕێگـام پـێ بدەیت جەنابی سەرۆك، بەڕاستی ئەو مەسەلەیە دەیهێنێتن هەموومان قسەی لەسەر بکەین و پەیوەندی بە ئایندەو بە داهاتوو هەیە، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە ئـەو مەسـەلەیە لەبەرچـاو بگـرین، بۆچـی پـەنجا دۆنم لـە زەوی لە دەشت زۆر ئاسانە، بەڵام لـە ناوچـەی شـاخاوی چـۆن دیـاری دەکـەیت پێـنج دۆنم حـەددی ئـەدنای بێت، چۆن بۆی دیار دەکەیت؟ چۆن لـە هـەورامان دیـاری دەکـەیت پێـنج دۆنم عـاردی هـەبێتن، مەسـەلەی میرات لە باڵەکایەتی، لە خۆشناوەتی لە هەموو ئەو شوێنانە، کەسێك مەڕداره پێویستی پێیە لە زستان نیـو دۆنم عاردی هەبێت، بۆ ئەوەی هۆڵی لەسەر دروست بکات، مەڕەکانی لەسەر بەخێو بکات، ئێمە بڵێین ئـەوە ئینتاجی نییە، رادەی ئابووری نییە، نابێت لەسەریدا بکەین، لەبەر ئەوە ئەو مەسـەلەیە مەسـەلەیەکی زۆر هەستیارە، پەیوەندی بە ئاینـدە هەیـە، راسـتە حکومـەت هـەنگاوی گـەورە دەنێـت بـۆ سـەرمایەداری، بـەڵام پێویستە ئێمە ئەو هەنگاوانەی دەینێین بەڕاسـتی لـە خزمـەتی نـەك تـەنها بـەرەوپێش چـوونی بەرهەمـە، ئەگـەر لەبـەرەو پـێش چـوونی بەرهەمـە، خێـرە چـەند سـاڵە حکومـەت هـەنگاوی ئـەوە نانێـت بەرهـەمی کشتوکاڵ ببووژێنێتەوە، خێـرە یـەعنی مـن پرسـیار ئەکـەم، ئەگـەر بـەوە دەبووژێندرێتـەوە، مـن پـێم وایـە بەپێچەوانەوەیە ئەوە زۆر کاریگەری سلبی دەبێت بۆ سەر ئاینده، بۆ سەر پەیوەندیە ئابوورییەکان، بۆ سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ سەر دوارۆژی ئەم میللەتە، لەبەر ئەوە ئەبێت زۆر باش بیری لـێ بکەینـەوە یەك: پێش هەموو شتێك ناوچەی شاخاوی و ناوچەی دەشت لەیەك جیا بکەینـەوە، دوو: مەسـەلەی مـیرات تەئیدی مام رەشاد و هەموو ئەو برادەرانە ئەکەم کە تەنها لێی بگەڕێین بۆ خەڵکەکە بۆ ئەوەی هـەمووومان بتوانین ببینە خاوەنی زەوی کشتوکاڵی و هەموومان خاوەنی ئەم نیشتیمانە بین، ئەو نیشتیمانە برادەرینە

با وەکو شتەکانی تری لێ نەکەین، یەعنی بەڕاستی بەو هەنگاو نانە خێرایانە بەو یاسا گەورانەی کە ئێمە دەریان ئەکەین، ئەکرێ بڵێم لەدوارۆژدا لەسەر چەند کەسێك تاپۆ ئەکرێت دڵنیاتان ئەکەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئارێز وەختەکەت تەواو بوو لە مەوزوعیش دوو سێ جار دەرچوویت، بەڵام هەر ڕێگام دایت، کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا وابزانم هەموو گفتوگۆکانمان و بۆچوونەکانمان و ئەو قسانەی کەوا کران لەلایەن ئەو بەڕێزانەوە، زۆری هەر لە چوارچێوەیەکدا ئەخولایەوە بەحەقیقەت هەمووی خەمخۆرییە بۆ چۆنیەتی ئەو بڕگە، منیش هەر لەسەر بڕگەی یەکی ماددەکە یەك، دوو خاڵێکم هەیە بەکورتی، چونکە زۆر باسکرا، ئێمە هەمووممان چۆنیەتی پێکهاتەو باش وخراپی زەوی وڵاتی خۆمان کەکوردستانە بەحەقیقەت ئەزانین، ئەشیناسین زەوییەکان چۆنن، زۆرجار باسی ئەکەین، دەشتی هەولێر ودەشتی شارەزوور ودەشتی حەریرو کوێ وکوێ ئیشارەتی پێ ئەکەین، جیای ئەکەینەوە لەگەڵ بەشەکانی تردا، لەگەڵ شوێنەکانی تردا، بۆیە من ئەڵێم پێویستە دۆنمەکە کەدیاری ئەکرێت کە لای خواری 50 دۆنم بێت بەگوێرەی ناوچەکە بکرێت، لەڕووی چۆنیەتی زەوی ناوچەکەوە ئەمە یەك، دوو: مەعلوماتێکی ورد هەبێت لەسەر چەندایەتی دانیشتوانی ناوچەکە وە دۆنمی زەوی گوندەکەش چەنێکە، حەتا ئەوە بزانین ئەو نیسبەیە بەش ئەکات یان نایکات، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە وە چەند خێزانیشی تێدایە چۆنەو چۆن نیە، حاڵەتێکی تریش هەیە بەحەقیقەت من ئەمەوێت لێرەدا باسی بکەم نازانم ئەوە بۆ ئێرەش ئەبێت یان نا لە ڕووی یاساییەوە ڕووی دەمم ئەکەمە لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیریش زۆر گوند هەیە، ئێمە بەحوکمی کارەساتی ئەنفال ئێستا گوندی وا هەیە 20 ماڵ بووە، پێنج ماڵ لەم بیست ماڵە کەسێکی لێ بەجێ نەماوە، لە (قانونی الاصلاح الزراعی)ش پارچە زەوییەك بەناویەوە بووە پێشتر، ئیتر چەند دۆنم بووە، 120 بووە یان کەم یان زیاتر بەگوێرەی ناوچەکە جیاکاری هەیە، ئێستا ناوچەیەك لە ناوچەی گەرمیان بڵێین ناوچەی صەخری و چۆڵ وهەردەو شاخ وداخە هیچ خێرو بێرێکی وای تێدا نیە، ئەگەر 120 دۆنمیش بێت فەلاحەکە هیچ قازانجی لێ ناکات، بەقەد ئەوەی لە دەشتێکی هەولێردا 50 دۆنمی هەبێت، ئایا ئەو خێزانانە کەکەسێکیان نەماوە زەوییشیان بەناوەوەیە، لە ئێستادا لەڕووی یاساییەوە لە ڕووی ئیصلاحی زەراعیەوە و وەزارەتی کشتوکاڵیشەوە ئایا ئەو زەوییانەی ئەوانە چییان بەسەر دێت؟، ئەدرێتە کێ وچۆنی ئەدرێتێ و ئەگەڕێتەوە بۆ کێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد محمود عبدالله( بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەداخـەوە بەشـێك لـە بـرادەران لـە یاسـاكە بـاش حـاڵی نـەبوون، ئـەوە چـەندین جـارە جـەنابی وەزیـر هەڵسێتەوەو باسی ئەوە ئەكات ئەڵێت، ئێمە زەوی تـەوزیع ناكـەین، ئێمـە زەوی تـاپۆ ئەكـەین، یـەعنی ئـەو زەوییەی كەئێستا لەبەردەستی فەلاحە چ لەشاخە چ لە دەشتە هیچ پەیوەندی بـەوەوە نیـە كەلەشـاخە یـان لەدەشتە چەندی لەبەر دەستە، 10 دۆنمی لەبەر دەستە، 5 دۆنمی لەبەر دەستە، ئێستا ئێمە لەسـەری تـاپۆ ئەكەین بەو یاسایە ئەو پەنجا دۆنمەی كەدانراوە، لێـرەدا كـەمن پرسـیارم لەسـەر پـەنجا دۆنمەكـەش هەیـە، ئەم پەنجایە بۆ لەمەودوا مومكینە كێشەمان بۆ دروست بكات، بـۆ ئـەوە نیـە ئەگـەر فـەلاحێك 25 دۆنمـی هەیە لەدەشتی هەولێر لەسەری تاپۆ ناكەین، ئەگەر فەلاحێك 25 دۆنمی هـەبێت لەدەشـتی هـەولێر، پێـنج دۆنمی هەبێت لەدەشتی بیتوێنیش لەسەری تاپۆ ئـەكرێت، بـەگوێرەی ئـەو یاسـایە لەسـەری تـاپۆ ئـەكرێت، بەڵام كێشەیەكمان لەسەر مەسەلەی پەنجا دۆنمەكە بۆ دروست ئـەبێت لـەوەی ئەگـەر هـاتوو فـەلاحێك 20 دۆنمی هـەبێت یـان 25 دۆنمـی هـەبێت زەوییەكـەمان لەسـەر تـاپۆ كـرد، بـەیانی فەلاحەكـە نـەیتوانی ئـەو زەوییە بەناو بێنێت وویستی بیفرۆشێت، باشە حەدی ئیقتیصادیمان داناوە بـە پـەنجا دۆنم ئـەو فەلاحـە چ بكات، یەعنی پـەنجا دۆنم لـەكوێ كۆبكاتـەوە لـەدەورو پشـتی خـۆی بیفرۆشـێت تـا حـەدی ئیقتیصـادی ئـەو پەنجا دۆنمە دروست بكات، ئـاخر ئـەزانم دەتـوانێ بیفرۆشـێت، بـەڵام حـەدی ئیقتیصـادیەكەمان لەمـەودوا كـردووە بـە پـەنجا دۆنم، ئـەوی تریـان مـن پشـتگیری لـە پێشـنیارەكەی مـام خۆرشـید ومـام رەشـاد ئەكـەم، بەراستی كەمەسەلەی وەرەسە كە هەرچەندە لە ماددەی پێـنج موناقەشـە ئـەكرێت نـەك لێـرەدا مەسـەلەی وەرەسە پێویستە وەكو جاران بمێنێتـەوە، یـەعنی دەكرێـت سـەنەدەكە موشـتەرەك بێـت، بـەڵام تەجزیئـەی زەوییەكە نەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جمال قاسم فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تـەبیعی مـن هەسـت ئەكـەم بـرادەران وەكـو پێویسـت لـەم مەوزوعـە تێنەگەیشـتبن، لەقسـەكانی جـەنابی وەزیریش تێنەگەیشتبین، موساعەدە بكەن، تەبیعی وەكو جەنابی وەزیر باس ئەكات، ئێمە نەزەوی ئـەدەین بەكەس ونە لەكەسیشی ئەسەنینەوە، بەعەكسەوە تاپۆی ئەكەین، بەڵام ئەمە بۆ چیە؟ ئەمـە بـۆ داهـاتووە، ئەمە تەعریفی جوتیار ئەكات، یەكێك پەنجا دۆنمـی هـەبێت، یـەكێكی تـر سـێ، چـوار دۆنمـی هـەبێت تـا چ ڕادەیەك شمولی ئەو تەعریفە ئەكات سبەینێ ئیمتیازات دێت، دەڕاسە دێت، حكومەت ئەیدات بەوانەی كەوا فەلاحن، كێ شمولی ئەوە ئەكات ئەم دەڕاسەیە وەربگرێت، عادەتەن حكومەت ئەیـدات بەوانـەی كـەوا زەوی زیاتریـان هەیـە، چـونكە ناحیـەی عەمـەلی ئـەتوانێ ڤیسـتەكەی بـدات ئـەتوانێ كارەكـەی خـۆی پـێ بكـات، چونكە ئەتوانێ ئیشەكانی پێ ڕابپەڕێنێت، بەڵام ئەگەر یەكێك دۆنمـی كـەمی هـەبێت تـەبیعی شـمولی ئـەو یارمەتیە ناكات كە ئەو شەخصە هەیەتی، لەبەرئەوە ئەمە بۆ داهـاتووە بـۆ پێناسـەی جوتیاریشـە، تـەبیعی ئەمە لە هەموو مەجالێكدا هەیە، تەلەبەیەك كە ئەچێتە زانكۆ ئەوەی دوانزە یونتی هەیە پێی ئەڵێن فـول

تایم، یەعنی تەلەبەی تەواو ئەوەی کە شەش یونتی هەیە ئەمە پار تایمە ئەمە ئیشەکەی وەکو پێویست نیە، لە ناوچەیەك یەکێك کە سێ دۆنمی هەبێت یان چواری هەبێت تەبیعی شمولی ئەو یارمەتیەو ئەو پێویستیەو ئەو ئیستعدادەی نیە کە سبەینێ وەزارەت بۆی تەئمین بکات وەکو پێناسەیەکی تەواوی جوتیار لەبەر ئەوە بۆ داهاتوو یارمەتیە بۆ جوتیار، لەبەر ئەوە ناحیەی یاساییش تەبیعی لەسەر تێبینی کاك خورشید کەئەڵێت، نابێ جیا بکرێتەوە، تەبیعی ئێمە بنەمای کارەکانمان ئەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە دائیمەن هەر کارێك ئەنوێنین نابێ دژی یاسای کەسێتی بێت، کەسێك بۆی هەیە کە زەوییەکی بۆ ئەمێنێتەوە بۆی هەیە داوای ئەوە بکات جیای بکاتەوە حەقی خۆیەتی، ئێمە ناتوانین بەقانون رێگای لێ بگرین، بەڵام ئێمە بە عەمەل، بەئیش تەشجیعی ئەوانە ئەکەین کە وەحدەی زەوییەکەی بپارێزێت و وەحدەکەش گەورەترو فراوانتر بێت بۆ ئەوەی شمولی ئەو یارمەتی وپێویستیانە لەداهاتوودا کەحکومەت ئەتوانێت بۆی دابین بکات، شمولی ئەو شتانە بکات، ئەگەر ئێمە ئەو هەنگاوەمان نا ئیتر خەلك محاوەلەی ئەوە ناکات زەوییەکەی تەجزیئە بکات چونکە ئەگەر پەنجا دۆنمی هەبێت لەوانەیە تراکتۆری بدرێتێ، بەڵام ئەگەر دە دۆنمی بدرێتێ تەبیعی تراکتۆری نادرێتێ بۆ ئەوەی ئیشەکەی خۆی پێ بەرێ بەرێوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مەلا انور بەس دەبێت بە ئایەتێك دەست پێبکەیت.

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

(افرايت ماتحرصون انتم تزرعون ونحن الزارعون) ئەوە بەئایەتەکە دەستم پێکرد، تەبیعی لە خیلالی موناقەشەکەدا گەیشتە دوو ڕا، جەنابی وەزیریش ئیشارەی بەوەکرد کەباسەکە لەمەسڵەحەتی فەلاحە، ئەو زەویانەی کەوا لەبەردەستیدایە بەرەو تاپۆکردن ئەچێت و قازانجی هەیە، ئەندامانی بەرێزیش ئاوا لە ئیشەکە حاڵینە کەوا گوایە مەسەلەن ئەوە هەم لەمەسڵەحەتی فەلاحە، بەڵام لێرەدا هەر بەخۆمان تەقسیمی دوو بوعدین وەکو کوردستان، هەم خەڵکی دەشت وهەم خەڵکی شاخاوی، ئەگەر ئەو قیاسانەی کەوا دانراوە پەنجا دۆنم وئەوانە ئەگەر باسەکە حەدی ئەدنا بێت و بۆ هەموو کوردستان بێت، تەبیعی خەڵکێکی زۆر لە ناوچەی شاخاوی مەغدوور ئەبێت، چونکە تاپۆ نەکرێت لەسەر ئەو قیاسە وەخەڵکیش نیەتی، مەسەلەن ئێستا لە دەربەندی بەرەو پشتەوە دۆڵی سماقوڵی و دۆڵی هیران ودۆڵی خۆشناوەتی و بالیسان وهەتا ئەگاتە حاجی ئۆمەران، کەس ئەو مەسافەیەی نیە، کەس ئەو دۆنمانەی نیە، کەوا بتوانرێت لەسەری تاپۆ بکرێت، ئەگەر لێشیان وەربگیرێتەوە خەڵکەکە ناتوانێت بژی لەوێ، ئێمە دوو حاڵەتمان هەیە حاڵەتێکی زراعیمان هەیە حاڵەتێکی تر بڵێین لەڕووی ئەشجارو داروبارو بەرهەمەوە، لەرووی دانەوێڵەوە دەشت وچیا، من بەحەقیقەت لێرەدا شتێك ئەڵێم خۆزگە حکومەتی هەرێم هەرچی پێویستی وهەرچی ئیمکانیات هەبوو لەرووی بەرەو پێش بردنی کشتوکاڵەوە بیکردایە، ئەوجا لەخیلالی مومارەسە

دەربکەوتایە بەرهەم کەمە، لەبەرئەوە ئەو ئیصلاحیە بەو شێوازە نیە، ئێستا تەماشا بکە لەوانەیە 2 تا 3 هەزار پارچە ڕەزی کوردستان لەو دۆلانە هەبێت، خەڵك لەبەر ئەوەی ئیمکانیەتی نیە بیهێنێتە خوارێ و خزمەتی بکات ترێمان لەسوریاو لە شوێنەکانی تر بۆ دێت، ئەو خەڵکەی لەوێ ئەو خزمەتەی ئەکات ئەوجا ئەو پارەی لێی سەرف کردووە بەر دەستی ناکەوێتەوە وەکو شوێنەکانی تر، لەبەر ئەوە پێویستیمان بەخزمەتی زیاتر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە حەمە قسەیەکی زیادت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من هەندێك لەسەر ئەوەی جەنابی وەزیر باسیکرد، بە تەئکید زەوی نەماوە کەتەوزیع بکرێت، ئەوەشی کەهەیە لەدەستی جوتیارە یان لەدەستی خاوەنی زەوییەکەیە ئێستا، بەڵام دوو حاڵەت هەیە حاڵەتێك ئەوەی حەد دانان بۆ مەسەلەن ئەوەنە دۆنم، من زۆر جار دیومە دوو ساڵ توانیویەتی بەقەدەر ئەو بەینە چاك بکات زەوییەکەی بڕیوەو ڕۆشتووە بەکۆڵ خۆڵی بۆ هێناوە، کردوویەتیە تەلانێك بۆ ئەوەی ئەو ساڵە تەلانەکە بکات بەشتێکی تر، یەعنی بەتایبەتی لە تەوێڵە، لە بیارە، لە هەورامان زۆر شوێنەکانی تری کوردستان وایە، یەعنی توانیویەتی تەلانێك زەوی بۆ خۆی زیاد بکات و کاری تێدا بکات، ئەوە خاڵێك بەس مومکینە کەمیش بێت، بەڵام بۆی بکرێت باشە، مەسەلەیەکی تر هەندێك ماوە عەقدیان هەبووە ئێستا نە عەقدەکەی ماوە نە زەوییەکەشی، قانونێك دەرچوو لەدوای 1976 و ئەوانە ئەوە مەجموعەیەك ئێستا هەر هیچیان نەماوە، مەسەلەن ئەوانە کاتی خۆی عەقدیشیان هەبووە، بەڵام حکومەت قەرارێکی دەرکرد ئەوەی لەوێ نەبێ لەسەر زەوییەکەی، ئەوانەش هەندێکیان لەدەرەوە بوون ئەوە هیچی نەماوە، ئێستا من خۆم یەکێکم لەوانە هیچم نەماوە، دەربارەی زەوییەکی تریش کە ئەویش بەقەرارێکی حکومەت کراوە بەناوی ڕائیدەوە کراوە بەزەوی فەلاح، بەڵام کراوە بەزەوی حکومەت تا ئێستا زەوییەکە هەندێکی هی حکومەتەو هەندێکی تریشی فەلاحەکە چووەتە سەری، ئەوەش یەکێکە لەو گیروگرفتانەی کەوا تا ئێستا ماوەتەوە حکومەت بەهی خۆی ئەزانێت فەلاحیش بەهی خۆی ئەزانێت، تا ئێستاش کێشە لەسەر ئەو زەوییانە هەیە تەبعەن بە سی هەزار دۆنم بەچل هەزار دۆنم کاتی خۆی حکومەت کردوویەتی بەرائیدە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك تەڵعەت بزانین نوقتەی نیزامی چیت هەیە.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 1970 بکەین لەگەڵ قانونی ژمارە(90)ی ساڵی 1975 حەدی ئەعلای دیاری کردووە بۆ تەوزیع، یەعنی ئەو تەوزیعە ئەگەر ئێستا تەتبیقی بکەین ئەوەی لەقانونی

ژماره (95)ه بەنیسبەت زەوی کوردستان یەکسەر دەبێ حەقی تەسەرووفی لەسەری تاپۆ بکرێت، بەڵام حەدی ئەدنای دیاری نەکراوە، حەدی ئەدنا ئەگەر بێت ولەو زەوییانەی کەوا تەسویە نەکراوە لە ناوچە شاخاوییەکان، ئەوە یاساکەی پێشترمان کەوتمان تەسویە بکرێت لەو یاسایە, ئەگەر بکرێت تەوزیع بکرێت, عەینەن بەگوێرەی مەساحاتی گوندەکە لەگەڵ مەجموعی ئەو جوتیارانەی کەوا تێیدایە, دیسان تەوزیع دەکرێت, ئێستا رەنگە لەهەندێك شوێن نەگاتە ئەو حەدەی ئەدنای ئیقتیصادیە کە، ئێمە لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین و لە ئەصڵی پرۆژەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی کاك شێروان قسە بکات دواکەس کاك دلێر, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە، باس لەتاپۆ کردن ئەکەین یان حەقی تصرف, پێم وایە لەماددەی یەك، ئێمە ئەوەمان تەسبیت کرد, ئێمە باس لەوە ئەکەین ئەو زەوییانەی کەوا گرێبەستە حەقی تەسەرووفی ئەدرێتێ بەپێی ماددەی یەك، ئەم ماددەی چوارەم باس لە ڕادەی ئابووری ئەکات, یەعنی باس لە ڕادەی بەرهەمی کشتوکاڵی ئەکات, ئەبوو لەبدایەتی برگەی یەکدا تەحدیدی کەمترین بکرێت ئەگەر مەقسەد لەوەیە کەبەڕێز جەنابی وەزیر وتی لەسەر حەدی ئەدنا ئەبێ تەحدید بکرێت، بوترێت کەکەمتر نەبێت لەوەندە, بۆ ئەوەی کەوا وازح بێت, چونکە ئەمە باس لەتاپۆکردن نیە باس لەحەدی ئیقتصادییەکەیە لێرەدا، پاشان ئەم نیسبانە هەمووی بەڕاستی زەروورەت وایە بکرێت بەنیوە, ئەوجاکە پێم وایە ئەگونجێت لەگەڵ تەبیعەتی ئیقتیصادی وسوودیشی ئەبێت بۆ ئەوەی کەوا ببنە زەوی بەرهەمهێن, لەبرگەی دووەمدا بەغەڵەت لە عەرەبی و کوردییەکەدا هاتووە, لەعەرەبییەکەدا کەمتر نەبێت، بەڵام لەکوردییەکەدا ئەڵێت لەناو ئەو زەوییەدا هەیە، یەعنی ئەمە دوو شتی لێك جیاوازە کاتێ کەتۆ ئەیخوێنیتەوە دوو مانای قانونی جیاواز ئەدات بەدەستەوە، کەمتر نەبێت لاتقل لەگەڵ ئەوەی لەناو ئەو زەوییەدایە خۆ، ئێمە باسی ماددەی پێنج ناکەین، بەڵام سەنەدەکان زەروورە سەندی موشتەرەك بێت, ئەوەی کە کاك رەشاد وتی سەنەد ئەبێ موشتەرەك بێت, چونکە ئێمە بەس پیاو نین, بەس کوڕەکان نین, کچیشی تێدایە زۆربەی خوشك لە وڵاتی ئێمەدا بێ بەش ئەکرێت, لەم حاڵەتەدا کە قەزییەی زەوییە کە هەر حیسابی بۆ ناکرێت، لەبەر ئەوەی کە وجودی نیە لەناو قەزییەی زەراعیدا بێبەش ئەکرێت لەهەموو شتێك, ئەبێ ناوەکان تەسبیت بکرێت بەسەنەدی موشتەرەك, بێبەش نەبێت, ئەوە باشترین عیلاجیشە نەك بەناوی کەسێکەوە بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا زۆر موناقەشە کرا، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەمە لە قانونی (117) هاتووە، ئێمە هیچ دەستکاریمان تێدا نەکردووە، یەعنی ئەو حەدەی کەدانراوە, ئەو حەدەیە کەتەسبیت کراوە بۆ عێراق ئەوەندە ساڵە, ئەوەی ئێمە کردوومانە سەدەکەمان کردووە بە پەنجا، ئێمە پێنج سەدەکەمان تەغیر کردووە, من حەز ئەکەم برادەران باش بزانن, یەعنی ئەمە لە قانونی (117) هاتووە واقیعێکە هەیە ئەوەندە ساڵیشە پەیرەوی کراوە، جانبی تر دەبینن حاڵەتی شیوع, ئەگەر ئێمە بەس ئەمە بکەین ئەو حاڵەتەی شیوع، ئێمە بهێڵین ئەوەی کاک رەشاد باسی کرد, حاڵەتی شیوع بهێڵین، ئێمە بەس ئەم فەقەرە بهێڵین بۆ تەشجیع بۆ نەهێڵانی شیوع, یەعنی ئەگەر خێزانێك بیەوێت شیوع نەهێڵێت لەسەر ناوی یەکێ تاپۆی بکات، ئێمە لەرسوومی قەزائی عەفوی ئەکەین, ئەوی دی وەکی خۆی دەمێنێت و تەواو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم یاسایە لەبەرژەوەندی جوتیارە, یەعنی ئێمە وا تەسەور نەکەین کەبەمە جوتیار ئەچەوسێنینەوە, ئەمە دیارییەکە پێیان ئەدرێت، بۆ ئەوەشە ئەو زەوییانە باشتر بەکار بهێنرێن لەبەرژەوەندی هەرێم وخەڵکی کوردستان بێت، زەمانی ئەقتاع نەم, ئەگەر بترسێین بڵێین ئەقتاع دروست ئەبێتەوە, نابێتەوە, ئەو جوتیارەی کە زەوییەکی زۆر ئەتوانێت ئیمکانیەتی هەیە بیکاتە موڵکی خۆی بیداتە کار ئەبێ زەریبە بدات, ئەو کەسانەی کەوا بۆی کار ئەکەن ئەبێ ماڧ یاسایی خۆیان هەبێت, ئەو مافەی کەوا بەقانون لەم پەرلەمانە بۆی دادەندرێت, ئەبێ لەوە نەترسێین ئێمە، ئەوانەی ئەتوانن ئەو زەوییە زۆرە بەکار بهێنن ئەو ئەقتاعەی زەمانی زوو نیە بە فەلاح هەرچیەکی بوێت پێی بکات و هیچیشی نەداتێ ودوایش لێی بدات، یەعنی ئەو ساڵانە رۆیی ئێستا زەمانێکی ترە، زەمانی دیموقراتیە, پەرلەمانی خۆیان هەیە, یاسا هەیە, دەستور هەیە ئەبێ خاوەن موڵکەکەش بزانێت کە ئەم کارە ئەکات واجباتی ئەمەیە، حقوقیشی ئەمەیە هەروەها جوتیارەکانیش، بەنیسبەت نوقتەیەك ئەمێنێت زۆر گرنگە ئەوەی کە زەوی پێشکەش ئەکرێت لەدەستی بووە چەند ساڵ, چونکە خۆی مردووە بۆ منداڵەکانی ماوەتەوە, ئیجباری بکەین لەسەر یەکێك بێت, ئەوە گوناحە, یەعنی لێرەدا ناعەدالەتی پەیدا ئەبێت, بۆیە وەکو تەشکیلی دەوڵەتی عێراق کە تاپۆ ئەکرا لەسەر وارسی یەکێك کە ژیانی لەدەست ئەدات ناوی هەموویان دێت، ناوی کوڕو کچەکان دێت, ئێستا ئەگەر بێت وئیجبار بکەین لەسەر ناوی یەکێك بێت, ئەگەر لەناو خۆشیان موتەفق بن نەك حەقی خۆی وەرگرتبێت برا گەورەکە حەقی کچەکە نادات، یان ئەو برای تر فێڵ لەوەی تر ئەکات, بۆیە ناوی هەموویان هەبێت موساهەم بن تێیدا، بەڵام بۆ ئیشێکی زراعی بێت، پەنجا دۆنمیش راستە لە سەدەوە هاتووەتە پەنجا, هێشتا ئەگەر جەنابی وەزیر کەرەم بکەن کەمێك بێنە خوارتر سی بێت بەقەناعەتی من زۆر زۆر باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر قسە کرا, نوقتەی نیزامیت هەیە کاک عوسمان بابزانین چیە, فەرمووو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم کرد حەزەکەم عائیدی کێیە جوابەکەیم بداتەوە، مەسەلەی ئەوەی قانونی ئیستیسمار تەعاروز ئەکات لەگەڵ ئەم یاسایە, حەزەکەم لیژنەی قانونی وەڵامێکم بدەنەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان دەمێکە چاوەڕێیە, فەرموو دوایش دکتۆر ناصح و دوای ئەویش کاک شێخ و ئیتر تەواو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە دوو مەبدەئمان لەپێشە، مەبدەئی یەکەم مەبدەئی تەوزیعە، هی دووەم مەبدەئی تەنزیمی حەدی ئیقتیصادیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، مەبدەئی تەوزیع هەروەکو برادەران ئیشارەتیان پێدا چەسپاوە بەگوێرەی قانونی ژمارە(117) بەگوێرەی ئەو یاسایەش کە لەماددەی یەکەم، ئێمە دەستمان بۆ هەڵگرت مەبدەئی تەوزیع و مەبدەئی تەعاقود هەم چەسپاوە بۆ ئەو کەسانەی کە لایەزال زەوییەکەیان لە ژێـــــــر تەسەرووفدایە، موشکیلەکە لە تەنزیمی حەدی ئیقتیصادییەکەیە، تەنزیمی حەدی ئیقتیصادی هەدەف لەو ماددەیە ئیزالەی تەفەتووتە، ئێمە ئیزالەی تەفەتووتەکە چۆن بکەین؟ مەسەلەن وەحدەیەکی تەوزیع هەیە پاش دەرچوونی ئەو قانونە بەناوی شەخصەکە ئەکرێت، ئەگەر شەخصەکە لە ژیاندا بێت هیچ موشکیلەمان نیە، ئەوە شەخصەکە لە ژیاندایە 40 دۆنمی تەوزیع هەیە، 40 دۆنمەکەی بەناو ئەکرێت، ئەو حاڵەتە لەکێ روودەدات؟ لەحاڵەتێك روو ئەدات، ئەگەر هاتوو ئەو خاوەن تەوزیعەی کەوا زەوییەکەمان بەناو رکرد یان ئەو خاوەن عەقدەی کەوا زەوییەکەمان بەناو کرد، وەرەسەی هەبوو، لەو وەرەسانە هەریەکێکیان با بڵێین بەنیسبەت ئەو حدوودانەی کەوا دانراوە سێ دۆنمی کەمتر بەبەر کەوت یان پێنج دۆنمی کەمتر بەبەر کەوت یان 10 دۆنم کەمتر، لێرەدا ماددەکە هاتووە ئەڵێت جەبری وەرەسە ئەکرێت کە ئیزالەی شیوع بکات، من لێرەدا ئەپرسم وەرەسە ئەو حەقەی بەجەبری بدرێتێ یان ئیختیاری بێت، ئەگەر بەئیختیاری بێت هەر وەرەسەیەك کە سەنەدی تاپۆی وەرگرت کە بەناوی مەورسی خۆیانە کە سەنەدی تاپۆی وەرگرت، زۆر تەبیعی و زۆر ئیعتیادیە بچێتە مەحکەمە داوای ئیزالەی شیوع بکات بۆ ئەوەی تەوحیدی حصەصەکانی بەینی خۆیان بکرێت بە وەحدەیەکی موتەکامل دەربچێت، بە عەینی ئەو ئەهدافەی کە بۆ ئەو ماددەیە دانراوە بگات، بەڵام لێرەدا حاڵەتی جەبرییەکە هەیە، ئێمە حەق وایە مەجالێك بدەینە وەرەسە لەبەینی خۆیان ئیتیفاق بکەن و ئالیەتێك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئیتیفاق بکەن، ئەگەر ئیتیفاقیان نەکرد ئینجا بگەڕێینەوە بۆ مەحکەمە بۆ ئیزالەی شیوع، من هەر ئەوەندەم هەیەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا شەرحێکی چاك بوو دەستت خۆش بێت، خۆزگە لەسەرەتاوە بتکردایە، دکتۆر ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەکو جەنابی وەزیریش باسیکرد ئەوەی کە ئێستا هەیە چۆن دابەشکراوە تاکو ئێستا ئەوە ئەمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێژەی کە ئێستا دانراوە من پێم وایە هەم دیسانەوە کێشە دروست ئەکات، بەتایبەتی جەنابی وەزیر ئەڵێت بەپێی بڕیارێك لەبەغدا 100 دۆنم دیاری کراوە، ئێمە ئەم سەد دۆنمەمان کردووە بەپەنجا, کەواتە ئێمە حسابی ناوچەی کوردستانمان جیاکردۆتەوە لەناوچەکانی تری عێراق، بەڵام ناوچەکانی کوردستانیش بۆ خۆیان جیاوازییان لە نێواندا هەیە وەکو زۆر باسکرا، بۆیە من پێم وایە ئەم ڕێژەی کە دیاری کراوە لێرەدا پەنجا دۆنمەو سێ دۆنمەو پێنج دۆنمەو دە دۆنمە بۆ ناوچە شاخاوییەکان، ئەمانە بکرێن بەنیوە ئەو وەختە وەجاهەتی زیاتری تێدایە، یەعنی لەبەرژەوەندی جوتیارەکاندایە مەبەستم لێرەدا تەبعەن کێشەکە لە ئایندەدا دروست ئەبێت، ئەوەی ئێستا هەیە جودایە، بەڵام ئەوەی وەرەسەیە، ئەوەی دوایی ئەیەوێت بیفرۆشێت حەتمەن ئەو وەختە ئەو ڕێژەیە دەرناچێت، بۆیە ڕێژەکە ئەگەر کەم بکرێتەوە بکرێت بە نیوە لە ناوچە شاخاوییەکان، من پێم وایە لە بەرژەوەندی هەموو گەلی کوردستان ئەبێت هەم بۆ ناوچە شاخاوییەکان هەم بۆ ناوچەکانی تریش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوا کەس کاك شێخ فەتاح نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی جەنابت ئەکەم، چونکە من ناوم نەنووسرابوو، دوایی بەوە دەست پێ ئەکەم بسم الله الرحمن الرحیم( والارض فرشناها فنعم الماهدون)، ( اأنتم تزرعون ام نحن الزارعون) لەحەقیقەتدا ئەو قانونە من بەشتێکی باشی دەزانم بۆ ناوچەی شاخاوی، زۆر سوپاسی جەنابی وەزیریش ئەکەم بۆ ڕوونکردنەوەکانی زۆر وازحن، یەعنی هەمووی لەفازانجی فەلاحە، بەڵام بەحەقیقەت ئەگەر تەماشا بکەین زۆربەی واریداتی وڵاتی، ئێمە لە کوردستانەو کوردستانیش ناوچەی شاخاوییە، ئەو مەنتقە شاخاوییە لە بادینان رابگرە هەتا سیدەکان و باڵەك وهەتا ئەچێتەوە هەورامان زۆربەی زەراعەتی باش باش لەو ناوچانەدایە، ئەوەش بەحەقیقەت وڵاتەکە وێران بووە، بۆیە من داوا ئەکەم لەجەنابی وەزیر پێشەکی ئەو ناوچە شاخاوییانە تەسویە بکرێن، دووەمین: ئەو قانونە لە بۆ ناوچەی دەشتێ تەتبیق ئەکرێت لەسەر ئەو ناوچە شاخاوییانە تەتبیق نەکرێت، چونکە وەکو زۆربەی برادەران باسیان کرد خەڵکێك هەیە یەك دۆنم زەوی هەیە لەو وڵاتەی ئێمەدا، ئەو دۆنمە ئەگەر وای لێ بکرێت بەسەر کەسەکەدا تاپۆ بکرێت ئەدی ئەو براو کەسوکارە وەکی ئەڵێن تەفکیك، ئەگەر ئەو تەفکیکە نەکرێت تەفکیك کردن لە ساڵحی ناوچەی ئێمە نیە لە حەقیقەتدا، چونکە خەڵکەکە بەشی ئەوەندەی نیە بتوانێ مونافەسەو مەشاکیلی بۆ دروست نەبێت، هی دووەمین: من داوا ئەکەم لە حکومەت حەقە جەنابی وەزیر هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ

ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچە شاخاوییانە، چونکە بەحەقیقەت هەمووی چۆڵ کراوەو وێران کرا، بۆ 10 دینار مەعاش ئەو خەڵکە هەمووی تەوزیف کراو هاتە شارەکان، ئێستا ماست و شیرو دۆی ئێمە لە شنۆ دێت و تریّ وتەماتەو خەیاریش لە سوریاو وڵاتانی دی دێت، بۆیە من داوا ئەکەم لەجەنابی وەزیر ئیهتیمامێکی زیاتر بەو مەنتیقە شاخاوییانە بدرێت، ئەو تەفکیکە ناوچەی شاخاوی نەگرێتەوە، بۆ دەشتیّ شتێکی باشە، بەڵام بۆ هەوراز زەرەری زۆری لیّ ئەکەین وەکو کوردستان، بۆیە حەقە زیاتر ئەو مەوزوعە لەبەرچاو بگیرێت مەنتیقەی شاخاوی تەسویە بکرێت هەرکەسەو موڵکەکە لەسەر خۆی تەوزیع بکرێت، ئەوەی وەرەسەیە حەقی خۆی هەبێت کە لێی جیا نەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی بەراستی زۆر قسە کرا لەسەر ئەو ماددەیە بەشێکی زۆری ئەندامانیش بەخۆشمەوە لە تێنەگەیشتنەوە هاتووە، لە تێنەگەیشتنی ئەو وەزعەو ئەو تەفصیلاتە، بەڕاستی ئێستە پاش ئەو موناقەشەیە تۆزێك تێگەیشتنمان پەیداکردووە، بەڵام زۆر لە موناقەشەکان لە نەتیجەی ئەوە بووە کە مەعلوماتی تەواومان نیە لەسەر پرۆژەکە و لەسەر وەزعی زراعی لە کوردستاندا، ئێستا لەبەر رۆشنایی ئەوانەی کەوا شارەزا بوون لەوەی کەقسەیان کرد چ لە رووی زراعەتەوە چ لەرووی قانونەوە شتەکە باشتر روون بووەتەوە لەلای هەمووومان، ئەویش ئەوەیە ئەوەندەی بۆچوونی من جەنابی وەزیر کە تێی گەیشتم پاش ئەو موناقەشانە یەکەم: ئەو زەوییانە ئەگەر لەوەندە کەمتر بێت لە فەلاحەکەی ئێستا کە تەصەروفی پێوە ئەکەن لێی ناسەندرێتەوە، ئەو شروتانە بۆ تەملیکە، یەعنی ئەگەر ئەو شەرتانەی هەبێت، ئەو حەدی ئەعلایەی هەبێت، حەقی تەملیکی هەیە، ئەوە یەك، دووەمینیش: ئەو حدوودەی کەوا دانراوە زیاتر بۆ مەناتقی سەهلیە هەر چەندە ناویشی نەهێناوە، چونکە بەتەئکید لە ناوچەی شاخاوی ئەو جۆرە رێژەیە ئیمکان نیە جێبەجیّ بکرێت پەنجا دۆنم رەنگە لە هەندێك شوێندا هەر نەبێت، سێش: مەوزوعی وەرەسە، وەرەسە دوو جانبی هەیە، رەنگە جانبێکی سلبی بێت ئەو شەرتەی داناوە جانبێکیشی ئیجابی بێت، جانبێك هۆی ئەوە بێت کەوەرەسەکە موەحەد بمێننەوە، بەرژەوەندی ئیقتیصادییان پێکەوەیە، بەردەوام رێك بکەون لەسەر ئەوەی بەناوی یەکێکیان تاپۆی بکەن بەو رێککەوتنە بەردەوام پەیوەندییەکانیان بەهێز تر بێت، جانبەکەی تر ئەوەیە ببێتە خیلاف لەبەینیاندا و ببێتە هۆی ئەوەی هەموویان زەوییەکە لەدەست بدەن، نەتیجەی ئەوەش تەنازول بکەن بۆ یەکێکی تر و بەپارەیەکی کەم واز لە زراعەکەش بهێنن، جا ئەوە بەحەقیقەت دیارە تەئکید دیراسەت زۆر کراوە لەلایەن وەزارەتی زراعەوە، کۆنفرانسیان لەسەر بەستووە، دیارە قەناعەتیان بەوە هەیە تەنها ئەوەی کەدەتوانم بڵێم من پێم وایە دەبیّ وەزارەتی زراعە بیر بکاتەوە پرۆژەیەکی تر بۆ ئەو ناوچانەی کەوا شاخاوین، ناتوانین لە ئێستاوە زۆر بیرم کردەوە کە چ رێژەیەك بێت بۆ ناوچەی شاخاوی زۆر رەقەم هاتە بیرم نووسیم و تەقسیمم کرد، وەرەقەیەك لێرەوە هات، پرسێکم بەکاك فرسەت کرد، بە کاك شێروان کرد، هیچ شتێك جەنابی وەزیریش لە قسەکانیدا ناتوانین بڵێین لەشاخاوی وایە، دوایی شاخاوی کیّ تەحدیدی ئەکات، ئەگەر بڵێین وەزیری زراعە، وەزیریش مومکینە میزاج بێت، مومکینە زخوتات بێت، هەر ئەبێت بە پرۆژەیەك بێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو پرۆژەیە

پەسەند بکرێت بەچەند گۆڕانکارییەك، تۆزێك ڕێژەكان كەم بكرێتەوە دووەمینیش بەبێ نووسین تەكلیفی وەزارەتی زراعە بكرێت دیراسەتێك بكات بۆ ناوچە شاخاوییەكان، بۆ ئەو ناوچانە تەقدیرێك بكات، چ وەزعێك باشە بۆ ئەو ناوچانە، چ ڕێژەیەك باشە، ئایا پەنجا دۆنمەكە، ئەگەر 10 دۆنم بەس بێت بۆ ناوچەی وەكو شەقلاوە، وەكو گەلاڵەو ئەو شوێنانە، ئەگەر بۆ ئەوەی حەسمی ئەو مەوزوعە بكەین ئەوە سەعاتێك وبیست دەقیقەیە موناقەشەی ئەكەین ئەو پەنجا دۆنمە بكرێتە سی دۆنم تا سێیەكەشی بكرێت بە دوو، پێنجەكەش بكرێتە چوار، بەوەش مەبدەئییەن قانونێكە، بەڵام ناوچەی شاخاویش هەیە، لە كاتی جێبەجێكردنی ئەو قانونەدا چیان ڕووبەڕوو ئەبێتەوە، پرۆژەیەك تەقدیم بكات بۆ ناوچەی شاخاوی، پێویست ئەكات لیژنەی قانونی وجەنابی وەزیر ڕەئی لەسەر بدەن، كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئەم پرۆژە یاسایە ئەو ناوچانە ناگرێتەوە كە تەسویە نەكراون، ئێمە یاسایەكی ترمان پێشتر موناقەشە كرد، لێرەدا یاسای ژمارە(90) ماددەی (8) كە وەزارەتی كشتوكاڵ وشارەوانیەكان پەیوەندیدارن كە بچن پرۆژەیەك گەڵاڵە بكەن بۆ ئەو ناوچانەی كەوا تەسویە نەكراون بگەن بەئەنجامێك، ئەم یاسایە شمولی ئەو نەوعە شتانە ناكات كە تەسویە نەكراون، بەڵكو یاسایەكی ترمان هەیە یاسای ژمارە(90) لەماددەی (8)دا لیژنەیەكی پسپۆڕ ئەچێت ئەو ناوچانە مەسح ئەكات بۆ ئەو نەوعە شتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری كشتوكاڵ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت مە وەختێ موناقەشە لە كۆنفرانسێ هاتیە كرن، موناقەشە وی بابەتی هەموو مەنتیقە بەنەزەری ئیعتیبارمان وەرگرتیە، یەعنی ئەمە بۆ مەنتقا دەشتیەو ئەوە بۆ مەنتقا شاخاوییە، لای مە گوتی خاڵی تر هەمی وەكی خۆی ماوە، یەعنی (117) هیچ دەستكاریمان نەكردووە ماعەدا پەنجا دۆنما لە سەدی دۆنمەكە بەتەقدیری، مە ئەوە زۆر بۆمانكردیە پەنجا، بەتەسەوری من ئەگەر، ئێمە بهێین بە مەسڵەحەتی بزانین ئەوە باشترە ئێمە با بهێین تەقسیمی دوو بكەین، یەعنی ئەو پەنجایەش تەقسیمی دوو بكەین حەدی دی تریش تەقسیم بكەین بەتەسەوری من باشترە جانبی دیتر حاڵەتی شیوع، ئێمە بیهێڵین، یەعنی ئێمە نەیكەینە ئیجبار، ئەگەر تۆ حاڵەتی شیوع بهێڵی موشكیلەكە لەئەمەدایە، حاڵەتی شیوع ئێمە تەشجیع ئەكەین بە ماددەی دوو بەس، ئێمە ئیلزام ناكەین، ئیجبار ناكەین بە تەسەوری من بەمە كێشەكە چارەسەر ئەبێت و هیچ پێویستی بە پرۆژەیەكی تر نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئەو موفتەرەحە باشە ئەگەر بینووسن کاك شێروان بۆ ئەوەی حەسمی بکەین، باشە رەقەمەکان تەقسیم بکرێت پەنجایەکە بکرێتە بیست وپێنج، سێیەکە بکرێتە یەك و نیو، پێنجەکەش دوو، نیو دەیەکەش پێنج، کاك سوارە فەرموو.

**بەڕێز سوارە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەدی ئەعلا بەدەست جەنابتانە کە چەندێ دا ئەنێت 10 ، 100 ، 1000 ، بەڵام حەدی ئەدنا بەدەست جەنابتان نیە، بەدەست ئێمە نیە لەم پەرلەمان ئێمە دایبنێین، چونکە باسی ناوچە شاخاوییەکانتان کرد، عەفوم بکە قوربان بەعزێك ناوچە لە دەشتەکانیشدا وایە، بەعزێك خەڵك هەیە وەرەسەیە، میراتە بۆی بەجێ ماوە سەد ساڵە، ئێستا لەسەر سێ، چوار ماڵ بیست ماڵ پێنج دۆنم زەوی هەیە، ئەمە ئیشی جەنابتان نیە قانونمان هەیە، قانون جیای ئەکاتەوە کەی ئێوە کۆڵ بەمەوە هەڵ ئەگرن داوای عەفوش ئەکەم، یەعنی ئەمە کەی ئێشی ئێمەیە؟ قانون هەیە، بۆ قانون بەجێ ئەمێنێت جەنابتان لەسەر وەرەسە ئەم پێنج دۆنمە ئەگەر پەنجا کەسیش بن جەنابتان تەسجیلی ئەکەن ئەبێ بە مولکی صرف ئەیدەن بەو فەلاحانە، ئەوان خۆیان لەناو خۆیاندا رێك ئەکەون، قانون جیای ئەکاتەوە، جا ئیتر بەهەر شێوەیەك بێت ئیتیفاق ئەکەن لەسەر تەنها یەکێك، لەسەر دوانیان، لەپەنجاکە بۆ یەك کەس، بەدەست ئێمە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت لەو مەوزوعەدا وابزانم تۆزێك تێنەگەشتووی، حەدی ئەعلایەکە ئێمە دیاری ئەکەین نەك حەدی ئەقسایەکە، بەعەکسەوە حەدی ئەعلاکە واجبی ئێمەیە دیاری بکەین، چونکە ئەوە حەدی ئیقتیصادی ئەوەی کەپێی ئەڵێن مەنفەعی ئیقتیصادی لەو حەدە نابێ کەمتر بێت، دەبێ بەقانون ئەوە بکرێت، زیاتر لەوە چەندت هەبێت ئەوە تەحدیدی ناکەین، حەز ئەکەیت کاك فرسەت شەرحێکی بکەیت، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش شعور ئەکەم نەوعە غموزێك هەیە بەنیسبەت برادەران، ئەوەلەن: ئەوە عیلاقەی لەگەڵ مەوزوعی تەوزویعی نیە حەسم بوو مەوزوعی تەوزیع، ئەوە عیلاقەت لەگەڵ تەقسیم هەیە، هەر زەوییەك ئەگەر مەجموعەیەك شەریکی تێدا بن وەحەز بکەن لەناو بەینی خۆیان تەقسیمی بکەن و ئەو تەقسیمەش لە تاپۆ تەسجیل بکرێت، ئەگەر تەسجیل نەکرێت موشکیلە نیە لە ناوبەینی خۆیان رزائیەن تەقسیم بکەن، بەس ئەگەر بێت و لەتاپۆ تەسجیل بکرێت، نابێ هەر پارچەیەك لە زەوی دێم لە پەنجا دۆنم کەمتر بێت، لە بێستانەکان لە سێ دۆنم کەمتر بێت، لە زەوی سەیحی ئەوەی بە جۆگە بێتە ئاودان لە پێنج دۆنم کەمتر بێت، لە زەوی واسیتە یەعنی ئەوەی بە مزەخە بێتە ئاودان لە دە دۆنم کەمتر بێت، مەوزوعی ئەو ماددەیە لەسەر ئەوەیە، لەسەر تەقسیمی ئەو زەوییانەیە سیوائەن بیکرێت یان بەوەرەسە پێی گەیشتبێ، بیکرێت لەیەکێك با فەرز بکەین یەکێك حەفتا دۆنمی هەیە حەز ئەکات نیوەی بفرۆشێت، مادام نیوەی ئەفرۆشێت

نیوه ئەبێتە سی وپێنج دۆنم، سی وپێنج دۆنم ناتوانێ جیاوازی بکات، ناتوانێت ئەو زەوییە بکاتە دوو بەش چونکە لە حەدی ئیقتیصادی کەمترە، سی وپێنجی فرۆشتوەو سی وپێنجی ماوەتەوە، ئیزەن ئەو تەقسیمە ئەو فرۆشتنە لە تاپۆ تەسجیل ناکرێت، من حەز ئەکەم انشاو الله روون بێت بۆ برادەران مەوزوعەکە ئەوەیە موقتەرەح ئەوەیە حەد ئەدناکە کەمی بکەین یەعنی یەکێك وەرەسەیەك مەساحەیەك بەبەر مەجموعەی وەرەسە کەوت هەر یەکێك لەوان بەشەکە ئەوی موقتەرەحی جەنابی وەزیر لە بیست و پێنج دۆنم کەمتر نەبێت حەقیان هەیە ئەو تەقسیمە تەسجیل بکەن، ئەگەر لە بیست و پێنج دۆنم کەمتر بت حەقیان نیە تەسجیلی بکەن لە تاپۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو نوقتەی نیزامیتان هەیە مەعقول نیە، نوقتەی نیزامی ئەوەیە بڵێن وەختەکە مەعقول نیە سەعات و نیویێك لەسەر ماددەیەك قسە بکەین، ئەوە نوقتەی نیزامیە، نەك ڕەئی لەسەر بدەن، کاك زرار نوقتەی نیزامی نەبێت ئەیبڕم.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەشهەدو وەختێکی زۆرمان کوشت، بەس باشە ئەگەر ئەو ژمارانە زۆر کەم بکەینەوە یەعنی چ زەرەرێکی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نیە کەممان کردەوە جەنابی وەزیر ئیقتراحی کرد 100 دۆنمە لەعێراق، با شتێکتان عەرز بکەم نیسبەتی زەوی کشتوکاڵی لە عێراقدا زۆر زۆر زیاترە لەوەی لەکوردستاندا هەیە، هی سەهلی سەد دۆنمیان تەحدید کردووە، لێرە پەنجا دۆنم بوو، ئێمەش لەبەینی خۆماندا وتمان نیسبەتی زەوی سەهلی لە کوردستاندا لە 20٪ یان 25٪ زۆر زۆر، بۆیە موناقەشەش وابوو هەر لەئەوەڵەوە بەپێی ئەو نیسبەتە ببوایە، دەبوایە لە 25٪ بێت لێرەش حەدی ئەدنای ئیقتیصادییەکەی کە جەنابی وەزیر خۆی لەبەر ڕۆشنایی موناقەشەکەی ئێوە دەڵێت با حەدی ئیقتیصادییەکە 25 بێت کە لەعێراقدا 100 دۆنمە، مەنتقی تێدایە، یەك: لەوێ لە نیسبەتی ئەرزی زراعی سەهلی لە کوردستان لە چاو نیسبەتی زەوی زراعی سەهلی لەعێراق 20 تا 25٪، کەواتە حەدی ئیقتیصادییەکەش ئەوەی 25 لێرەدا زۆر تەبیعیە ئەوە یەك، دەمێنێ موشکیلەی زەوی لە ناوچە شاخاوییەکان ئەمەش وەکو خۆیان لە کۆنفرانسەکە دیراسەیان کردووە نەیانتوانیوە جیای بکەنەوە، مومکینە بڕێك حەساسە بەس ئەوەندە دەیڵێمەوە ئەگەر بێت و تاپۆ نەکرێت بەپێی ئەو قانونە، مەعنای وانیە ئەو کابرایە موڵکەکەی لێ دەسەندرێتەوە، هەر تەسەروفی پێوە دەکات، یەعنی شتێکی وانەبێت بڵێت ئەوە زەرەر دەگەیەنێت بە عەکسەوە، بەڵام ئەو حەدە ئیقتیصادییەی هەبێت حەقی ئەوە دەدرێت تاپۆ بکرێت لەسەریان، وا بزانم زۆر موناقەشەمان کرد بیخوێننەوە کاك شێروان بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، بەو موقتەرەحە تازەی کەوا تەقسیمەکە کراوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**یەكەم: رادەی ئابووری موڵكایەتی كشتوكاڵی یان دەستكاریكردن تێیدا بەم شێوەیە دەبێت:**

1 - (25) دۆنم لە زەوییە كشتوكاڵییە دێمەكان.

2 - (1,5) لە باخەكان.

3 - (2,5) لە زەوی كشتوكاڵی بەراو.

4 - (5) دۆنم لەو زەوییانەی كەبەهۆی ئامێر ئاو دەدرێن.

**دووەم: ئەو رووبەرە زەوییانەی كە لەناو ئەو ڕووبەرانەی لە برگەی (1)ی ئەم ماددەیەدا چەسپاون لە رەسمی ئیزالەی شیوع دەبوردرێن.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة:**

**أولاً: يكون الحد الادنى الإقتصادي لملكية الاراضي الزراعية أو حق التصرف فيها كالآتي:-**

**أ- (25)خمسة وعشرون دونماً في الاراضي الزراعية الديمية.**

**ب - (1,5) دونم ونصف الدونم في البساتين.**

**ج- ( 2,5) دونمان ونصف الدونم في الاراضي التي تسقى سيحاً.**

**د- (5) خمسة دوانم في الاراضي التي تسقى بالواسطة.**

**ثانياً: تعفى من الرسوم القضائية إزالة الشيوع في المساحات التي تقل عن المساحات المثبتة في الفقرة(اولاً) من هذه المادة.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوەی (ج)ت چۆن خوێندەوە كاك عونی، ( 2,5) دونمان ونصف تەواوە، فەرموو كاك جمیل چیت هەیە.**

**بەڕێز جمیل محمد عثمان گەردی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەصڵەن ئەو ماددەیە جێگای ئێرە نیە، ئەوە عیلاقەی بە ئیزالە تەفەتوت هەیە، یەعنی ئەوە هیچ عیلاقەی بەمەوزوعی تەملیك كردنی عەقد نیە بۆ فەلاح.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**جەنابت ئەندامی لیژنەی كشتوكاڵی بوویت دەبوایە لەوێ بیڵێیت، ئێستا ئەو مەوزوعە موناقەشە ناكرێتەوە كاك كەریم فەرموو.**

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێم وایە لەماددەکەی تر حەدی ئەعلا هاتووە، لێرەش بەحەدی ئەدنا بێت بۆ ئەوەی وازح تر بێت حەدی ئەدنای ئیقتیصادی بەو شێوەیە باشترە پێم وایە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە ڕاستە، بەڵام وترایە حەدی ئیقتیصادی، یەعنی حەدی ئەدنا، حەدی ئەدنای ئیقتیصادی ئیزافە بکەن، بەسە موناقەشە تەواو بوو دەیخەمە دەنگەوە یەك نوقتە دەمێنێتەوە ئەگەر جەنابی وەزیر رەئی بدات إعفاو الرسوم القچائیە والچریبیە لە زەریبەش عەفو بکرێت ئەگەر موافەقەت دەکەیت.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/ وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر مەبەستمان ئەمەیە، یەعنی ئیعفا بێت لە هەموو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو گۆڕانکاری بەسەردا هات یەکێکیان: ئەوە کاك کەریم وتی یکون الحد الادنی الإقتصادی لە بیدایەتەوە، دووەمیش: تعفی من الچریبە و الرسوم القچائیە، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەنوقتەیەکی نیزامی ئەمەوێت قسەیەك بکەم، ئەگەر لێم قبوڵ بکەی بە نیسبەت رسومی ئیزالەی شیوع هی مەحکەمەیە وەزارەتی کشتوکاڵ و جەنابی وەزیری کشتوکاڵ ناتوانێ ئیعفایان بکات لە رسومی دەعوای ئیزالەی شیوع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە، پەرلەمانین، کاکە بەقانونەکە عەفووی ئەکەین وەزیری کشتوکاڵ نەیکردووە، ئەو قانونەی کە دەرچووە عەفووی ئەکات.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە جەنابی سەرۆك، بەنیسبەت زەریبەوە، زەریبەش، ئەوەش ئەگەر پەرلەمان بەقانونێك عەفوی ئەکات ئەوە نازانم ئەوە مەعلوماتی مالیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو دەمێکە قسەت نەکردووە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو رەقەمانەی کەوا دانراوە لە ئەنجامی ئەو کۆنفرانس و لێکۆڵینەوانەوە بووە کەکراوە، ئێمە ئێستە چۆن وا یەکسەر جەنابت کەوتیتە موعامەلەکردن لە گەڵمانداو ئەڵێیت بیکەرە نیوە قەیناکە، ئاخر پێوەرەکان چین ئەگەر عەزییەت نەبێت پێمان بڵێن بۆ ئەوەی بەرچاومان روون بێت، چۆن ئەبێت ئاوا یەکسەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو، دیارە تۆ کەمن قسەم کرد ئینتیباهت نەکرد، قسەت ئەکرد، گوێت لە تەبریرەکە نەبوو، کە جەنابی وەزیریش موافەقەتی کرد من وتم لە عێراقدا سەد دۆنمە وەکو جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێکرد، نیسبەتی ئەرازی کشتوکاڵی لەکوردستاندا بەنیسبەت ئەرازی کشتوکاڵی سەهلی لە بەغدادا لە 20٪ ئەوان کە سەد دۆنمە لێرە پەنجا دۆنمە، وەکو نیسبەتەکە ببێتە 25 تەبریرەکە ئەوە بوو، دوایی ئێمە مولزەم نین بە قەراراتی کۆنفرانسێك، ئێمە مولزەمین بەبڕیاری ئێوە، ئەوانەی لێرە دانیشتوون هەمووی عیلمین، پڕیەتی لەخەریجی کولیەی زراعە، هەمووش قانونین بەخۆشتەوە پرۆژەکەت پێگەیشتووە مەفروز بوو سێ مانگە لەو سێ مانگەدا پرس بکەی بە پسپۆڕان و ئەوانەی کەوا عیلمین رەئی وەربگری، کاك شوکری فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز شکری صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕەئی من ئەوانەی کە ناویان نەنووسیووە حەقیان نیە مەجالیان پێ بدرێت قسە بکەن، ئەمە یەك دووەمیش، هەر یەکێك کەجارێك قسەی کرد، دووجار و سێجار هەڵنەسێت قسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامی بوو، دەستتخۆش بێت یارەبی هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئاوا نوقتەی نیزامی بدەن سوپاسیان ئەکەم لەبەر ئەوە دەمویست قسە بدەم بەکاك سەردار، ئەوە لەبەر ئەو رەخنەی تۆ نایدەمێ، چونکە ناوی نەنووسیووە، ئێستا ئەو ماددەیە وەکو خوێندیانەوە تەنها ئەو کەلیمەیەی کە کاك دلێر وتی حەدی ئەدناکەی بۆ ئیزافە کرد و کاك کەریمیش پشتیوانی لێ کرد وە دوو، سێ برادەری تریش وتیان با 30 دۆنم بێت، ئەوە بوو بە 25، وابزانم پێشیان خۆشترە کە کەمتر بووەتەوە لە سییەکە، تعفی من الرسوم القچائیە إزالە الشیوع، تەنها من الرسوم القچائیە کافیە، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا کاك عوسمان بانی مارانی جوابی جەنابت دەدەمەوە، کاك عوسمان پرسیارێکی کرد وتی تەناقوزی هەیە لەگەڵ قانونی ئیستیسمار، حەزەکەم تەناقوزەکەم پێ بڵێت تا جوابی بدەمەوە.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای ئیستیسمار لە ماددەی (25) دەڵێت: زەوییە کشتوکاڵییەکان هەموویان ئەگەر موستەسمیر یان شەریکاتی ئەجنەبی وناوخۆیی پێویستیان بەو زەوییانە هەبوو تەملیك ئەکرێت لەسەریان، ئێستا زەوییەکان لەسەر جوتیارەکان تەملیك کراوە، ئەوە تەعاروز دروست ئەکات لەبەینی ئەو دوو یاسایەدا، دەبێ عیلاجی بکرێت ئالێرەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا بۆیە جوابم نەدایەوە یەکسەر بۆ ئەوەی برادەران باش تێبگەن کە پرسیارەکە چیە، من حەز ئەکەم جوابەکەم برادەرانی لیژنەی قانونی ئەگەر وانەبێت بۆم راست بکەنەوە، بەلاّم ئەوەندەی من لەبیرمە قانونی ئیستیسمار ئێستا ئەو قانونە دەرئەچێت، ئەم قانونە هەزار دۆنمی داناوە، حەدی ئەقساکە هەزار دۆنمە، ئەگەر هەر موستەسمیرێك لە ناوچەی کشتوکاڵی داوا بکات لەو هەزار دۆنمەی زیاتر نادرێتیّ، بەلاّم حکومەت بۆی هەیە ئەگەر زەوییەکەی ئیتفا کردبیّ قانونی ئیستیسمار ئەیگرێتەوە، ئەو زەوییەی کە ئیتفا کرابیّ قانونی ئیستیسمار ئەیگرێتەوە، بەلاّم کە چوو بۆ زەوی کشتوکاڵی ئەم قانونە ئەیگرێتەوە، بە ئیستیسماریشەوە نەبێت، چونکە لێرەدا قانونەکە (کیفیە تصرف بالاراچی الزراعیە) کە ئیتفا کرا زەوی کشتوکاڵی نامێنێت ئەبێتە موڵکی شارەوانی، ئەو وەختە حکومەت ئەتوانێت هەزاری بداتیّ، بەلاّم ناتوانێت دەستکاری زراعی بکات لە هەزار دۆنم زیاتر نەبێت، ئەویش دیسان ئەبیّ رەچاوی قانونی تر بکات، بەڵیّ کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راکەی کاك عوسمان لەسەر ئەوەیە یەعنی ئەو زەوییەی کەوا ئیستیسمار دەکرێت بۆ ئەغرازی زراعی زەوییەکە هەر سیفەتی کشتوکاڵی دەمێنێتەوە، زیاتریش لە هەزار دۆنم بە موستەسمیر ئەدرێت، کەزیاتر دەدرێت فیعلەن لێرەدا تەناقوزێك دروست ئەبێت لەبەینی ئەو حەدی ئەعلایە بۆ تەملیك، بۆیە من پێشنیار ئەکەم لەو یاسایەدا ماددەی دە هاتووە، لە ماددەی دە ئەگەر ماددەی دە حەزف بکرێت مەسەلەکە چارەسەر دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابیشت برێك تێکەڵیت کرد، ئیستیسماری ئەو هەزار دۆنمەی کە تەحدید کراوە ئیستیسمارە بۆ ئینتاجی زراعی، لە ئینتاجی زراعی بۆ ئەرازی زراعی موستەسمیر کەلە قانونی ئیستیسماردا هاتووە، ئەگەر لە ئەرازی داخلی سنووری شارەوانی بێت وئیتفا کرا بۆ حکومەت هەیئەی ئیستیسمار ئەو تەحدیدی ئەکات، ئەگەر چووە ئەرازی زراعی ئەو قانونە ئەیگرێتەوە، بڕۆن بۆ ماددەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: ئەگەر میرات رووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکەی پارچە پارچە کرد بۆ کەمتر لەو ڕادانەی کەلە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایەدا دیاری کراوە، پێویستە لەسەر میراتگران ئەم زەوییە لە ناو خۆیاندا پاکتاو بکەن وبەناوی یەکێك لەو میراتگرانە یان ناوی یەکێکی تر تۆمار بکرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: إذا ادى توارث الاراضي تفتيت مساحة الاراضي الزراعية الى اقل من الحدود المبينة في المادة الرابعة من هذا القانون فعلى الورثة تصفية ذلك فيما بينهم وتسجيل الاراضي بأسم شخص واحد من الورثة أو من غيرهم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێكی تەبیعیە، ئەگەر كەسێك ئیعتیرازێكی لەسەر نیە، باشە ناوتان ئەنووسم، باشە پێش ئەوەی قسە بكەین ئیقتراحێك هەیە ئەڵێت نەمێنێت ئەو ماددەیە، دەی باشە دەیخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ ئەوە تەواو بوو حەسم بوو، ماددەی شەشەم.

**بەڕێز عبدالكریم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم: ئەوەی زێدە ڕۆیی لەسەر زەوی كشتوكاڵی بكات هیچ مافێكی بۆ تۆمارناكرێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: لا يثبت التجاوز على الاراضي الزراعية اية حقوق للمتجاوز.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە زۆر پێویستە من پێشتر وامزانی زیادە، بەڵام چرپەیەكم گوێ لێبوو، پێم وایە زۆر پێویستە ڕەئیەكەم یەكسەر گۆڕی، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لێرە بەس دوو پرسیار ئەكەم لەسەر ماددەی پێشوو كەئیلغا كرا، بەڕاستی ئەگەر رووخسەتم، بەدەی مادام رووخسەتم نادەی من پێشنیاری ماددەیەكی ترم هەیە، یەعنی لێرە جێی دەبینمەوە، بەڕای من یەكێك لە موشكیلەكانی قتاعی زراعی ئێستا ئەوەیە ئیستملاكی زەوی كشتوكاڵی خۆی موعادەلەكە زۆر ئاسانە زەوییەكە دیاریكراوە، زەوی زیاد نابێت، میللەتیش هەر زیاد دەبێت، خەڵك هەروا زیاد دەبێت، ئێستا ئەو ئیستیملاكە تەئسیری كردووە لە قتاعی كشتوكاڵی، خۆی عادەتەن فراوان بوونی شار بۆ مەناتقی سەخەری دەڕوات نەك بۆ زەوی كشتوكاڵی من دوێنێ لەگەڵ هەندێك برادەر دانیشتووم كەلە هۆڵەنداو بەریتانیا هاتوون، دەڵێن بەهیچ شێوەیەك ڕێگا نادرێت ئیستیملاكی زەوی كشتوكاڵی بكرێت هەتا ئەگەر جادەشی لەناو بڕوات، یەعنی ئەو كاتە تۆ ناچاری خاوەن موڵك ئیقناع بكەی بەپارەیەكی زۆر خاوەن موڵك بەكەیفی خۆی نرخ دادەنێت، ئەو وەختە حكومەت سەدجار بیری لێ دەكاتەوە كە ئەو زەوییە كشتوكاڵییە ببات، لەو ناحیەوە قتاعی كشتوكاڵی ئیستیفادە دەكات، بەڕاستی من نیازم نیە ئەمرۆ هیچ ختابێك بدەم،

چونکە باش نیم لەو ناحیەی، یاخود عاتیفەی ئێوە ببزوێنم، زۆر بەکورتی موقتەرەحی ئەکەم پێشنیار ئەکەم ماددەیەکی زۆر کورتە( لایجوز استملاك الاراضي الزراعیة لاي سبب كان) مەبەستیشم ئەوەیە ئیستیفادەی لێ دەکرێت پێشنیارەکەی من ئەوەیە ( لایجوز استملاك الاراضي الزراعیة لاي سبب كان) بیزات نەفعی عامیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم تەشویش دروست مەکە، حەقی قسەشت نیە ناوت نەنووسیووە، کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من زۆر کورتە، ماددەی شەشەم ئەوە زیادە رۆیی لەسەر زەوی کشتوکاڵی بکات، یەعنی لەمەودوا، ئەی ئەوەی لەمەو پێش کردوویەتی، کەواتە نابێ نووسینەکە وابنووسرێت، دەبێ بنووسرێت ئەوەی زیادە رۆیی لەسەر زەوی کشتوکاڵی کردبێ و لەمەو دواش بیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر عەرەبیەکە بخوێنیتەوە، ئێمەش وتوومانە لا یثبت التجاوز على الاراضي الزراعیة ایة حقوق للمتجاوز. یەعنی لایثبت ئەوەی پێش و ئێستاش دەگرێتەوە، جوملەکە زۆر دەقیقە ئەوەی پارەکە کردوویەتی تەسبیت ناکرێت، ئەوەی ئێستا دەیکات و لە داهاتووش مەمنووعە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددە من زۆر بەگرنگی ئەزانم، چونکە وەکو ئاماژەتان بۆ کرد، بەشێکی زۆر لەو زەوییانەی کەوا ئێستا دابەشکراون یان دابەش دەکرێن بەپێی ئەم قانونە دەمێکە تەجاوزیان لەسەر کراوە، چەندجارێك فرۆشراون، من بۆیە ئەڵێم کەوا ئەو ماددە بەشێوەیەکی ڕوونتر بنووسرێت کەوا ئەو کەسانە هیچیان بەهیچ شێوەیەك سوود لەو قانونە وەرناگرن، چونکە لەلایەکەوە بەکاریان نەهێناوە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی، بەپێچەوانەوە فرۆشتوویانە بەکەسی دی، وەکو مودەو مودە کاری لێهاتووە، هەندێ پارچە زەوی هەیە $10$ جار فرۆشراوە تا ئێستا خانووی لەسەر دروستکراوە، بۆیە ئەو خەڵکانە نابێ بەهیچ شێوەیەك سوود لەم قانونە وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان تۆ جوابت هەیە بۆی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی قەواعیدی عامە لەقەوانین، لە دەیان قانون ئەو مەسەلەیە هاتووە خۆ تەجاوز هی ئەمڕۆ ودوێنێ نیە، ئەوەی لێرا، هاتووە تەئکید کردنەوەیەکە لەسەر قانونەکانی پێشتر، خۆ ئەحکامی تەجاوز لە قانون

مەدەنی بەتەفصیلی هاتووە، تەجاوز چۆن رەفع ئەکرێت، چۆن رەفع ناکرێت، بۆیە لێرە کەلەسەر ئەرازی زراعی هاتووە تەنها تەئکیدە بۆ مەبادئی عام، بۆ قەواعیدی عامەی تەجاوزات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەشاد فەرمووو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوام کرد ماددەی پێنج لابچێت، بەڵام ماددەیەك زیاد بکرێت لەجێگای بەو شکلە ( طبقى اراضي الزراعية المملوكة للدولة وحقوق التصرفية للاشخاص المسجل في دائرة التسجيل العقاري بصورة شائعة بإسم اصحاب الحقوق التصرفية لحين اجراء عملية البيع الاختياري من قبلهم) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم خۆی دەبوایە ناحیەی قانونی دیراسەت بکەی.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا ئەکەم ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت ( لايجوز تغير صنف الاراضي الزراعية الا بعد وقوعها داخل التصاميم الاساسية لدوائر البلديات في الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش تەحصیلی **حاصلە، ئەو** ماددەیە زۆر باش هاتووە ماددەی شەشەم، کاک فرسەت دەڵێت راستتر وایە لەجیاتی لایپبت بکرێتە لايرتب التجاوز على الاراضي الزراعية اية حقوق للمتجاوز. یەعنی هیچی بۆ نامێنێتەوە، لايرتب للمتجاوز على الاراضي الزراعية اية حقوق لهم، بۆ ئەوەی ئەو لەنگیە نەمێنێت (لايرتب للمتجاوز على الاراضي الزراعية المتجاوز عليها اية حقوق قانونية له) دەیخەمە دەنگەوە بە کوردیش بیخوێننەوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کوردیەکەی حازرە؟ بیخوێنەوە کاکە, فەرمووو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی شەشەم: زێدەڕۆیی لەسەر زەوی کشتوکاڵ, هیچ مافێك بۆ ئەو کەسە تۆمار ناکات کە زێدەڕۆیی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەعەرەبیەکەی بخوێنەوە, دوایی کوردیەکەی چاك دەکەینەوە, فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لا يرتب للمتجاوز على الاراض الزراعية المتجاوز عليها اى حقوق قانونية لة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵیدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا, کاك خلیل ئەگەر خەلەلی ئەلف و لام و شتی وا هەبوو, دوایی چاکی بکەنەوە, فەرموون بڕۆنە سەر ماددەی دواتر کە دەکاتە شەشەم ئێستاکە, فەرموون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی شەشەم:

پێشنیار دەکەین ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

لەحاڵەتێکدا ئەو زەویانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە, ئیتفا بیانگرێتەوە, خاوەنەکانیان بەڕێژەی لە ٪3 رووبەری زەوەی ئیتفا کرا و قەرەبوو دەکرێنەوە, بەموڵك تۆمار دەکرێن و بەناوی ئەوان جیا دەکرێنەوە لەبەرواری جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە 3 ساڵی 1998 لەیاسای هەموارکراوی یەکەمی یاسایی ئیتفا و جیارکردنەوەی زەوی ژمارە 3 ی ساڵی 1998.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مامۆستا کاکە خوێندیەوە رای لیژنەی قانونییە, ئێستا من ئەصڵی پڕۆژەکە دەخوێنەمەوە,

(المادة السابعة) ئێستا رەقەمەکەی بۆتە (شەش):

المادة السادسة: في حالة شمول هذه الارضي بالاطفاء فيوعض صاحب حق التصرف بنسبة ٪3 من مساحة الارض.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەصڵی پڕۆژەکەیە, رای لیژنەی قانونیش مامۆستا کاکە خوێندیەوە, حەز دەکەم بەبیرتان بهێنمەوە, کە رای لیژنەی قانونی و کشتوکاڵ و شارەوانی پێکەوەیە, لەگەڵ جەنابی وەزیر کۆبوونەوەمان کرد, رەنگە برادەرێك, یان دوو برادەر ئیختیلافی هەبێتن, بەڵام زۆرینە بەم شێوەیە گەیشتینە قەناعەت, ئەوە لە بەرژەوەندی جوتیارانە, ئەوە بەتایبەتی پاش موناقەشە قانونەکەمان وا لێکرد کە لە رۆژی دەرچوونی قانونی رەقەم (5) جێبەجێ بکرێ, نەك لە رۆژی دەرچوونی ئەو قانونە, واتە قانونی رەقەم پێنج کە بۆ ئیتفای ئەرازی دەرچووە ٪8 و ٪12 ی داوە, ئەو قانونەش لەو رۆژەوە جێبەجێ دەکرێ, نەك لە بۆ ئەوەی ئەو فەلاحانەی کە ئەرزیان ئیجرائاتیان وەرگیراوە زەرەرمەند نەبن, کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو تێبینیمان هەیە, یەکەم/ دەڵێ لەحاڵەتێك ئەو زەویانە, ئەوە روون نییە, بڵێین ئەو زەویانەی کە لە مادەی یەکی بڕگە (أ) هاتووە, بەم شێوەیە بێت جوانترە, ئەوەی کە جەنابی سەرۆك پەرلەمان ئاماژەی

پێکـرد بڵـێین لـه ڕۆژی دەرچـوونی ئـەم یاسـایە، نـەك لـه ڕۆژی جێبـەجێ کردنـی ئـەم یاسـایە، لـەڕۆژی دەرچوونی یاسای ژمارە (5)ەوە، چونکە لەیاسای ئەتفای ژمـارە (5) هـەر وا دەڵـێ، کـە ئـەم یاسـای ئەتفایـە جێبەجێ دەکرێ لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم یاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت ڕاستە، (من تـاریخ اصـدار قـانون رقـم (5))، بـۆ ئـەوەی وەختمـان زیـاتر لـێ نـەکوژێ، ئـەوە موناقەشە کرایە، جەنابی وەزیریش پاشی کۆبوونەوە هاتووە و قسەی زۆری لەسەر کرایە، 3٪ موقتـەرەحی فـەلاحان بـووە و ڕازیـن پێـی، ئێمـە داوامـان سـەرۆکی حکومـەت کـردووە، کـە ئـەوە هـین بێـت و پـڕۆژەیـان ناردووە، لە موناقەشەشدا پێمان گۆڕیون، لەڕۆژی دەرچوونی قانونەکـە بێـت، ئـەوەشمان تەسـبیت کـردووە، لەبەرئەوە یەعنی موناقەشەکە نازانم، دەتانەوێ قسە بکەن لەسەر چی؟ با لە سۆزان خان دەست پێبکـەین، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەموو یاسایەك دەبـێ عەدالەتـە کۆمەڵایەتیەکـە ڕەچـاو بکـەین، مەعقولـە مـن لـەدوای دەرچـوونی ئـەو قانونە، نموونـەیەك دەهێنمـەوە، سەبەی حکومەت بڕیار دەدات ئەرزەکەی من ئیستملاك بکـات، بـەم قانونـە دەکرێ، بەڵام ئـەوەی ئەرزەکـەی پـێش سـاڵێك داگـیر کـراوە لـەدوای دەرچـوونی یاسـای ژمـارە (5)ەوە وەکـو خێرێك، وەکو منەتێك بیکەین لەسەریان، وەلا لە 3٪ دەدەینێ، من بەس لەسەر ئەو خاڵە، تێدەگەم قابیلـە خۆ ئەوەندە گێل نییـم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاشـاکی تـۆ، مـن وام نـەوتووە، بـەڵام ئەگـەر بتخوێنـدباوە خەلفیەکـەت بزانیبـا ئـەوهات نـەدەگوت، ئـەوە مەبەستی ئەو ئەرزانەیە کە بەعەقد لەگەڵ حکومەتن، نەك هین، ئەوە فەقەت لەقانونی پێشوو ئاماژەمـان پێکرد، ئەوانەی بەعەقد دێن، تەنیا قەرەبوو بکرێنەوە بە پارچە زەویەك، پارچە زەویەك کە هیچ ناکـاتن، جەمعیاتی فەلاحی، حەرکاتی فەلاحی ئحتیجاجیان کردبوو و، حەقیشیان بوو، بۆیە ئـەو پـڕۆژەیـە تەقـدیم کراوە، ئەوە یەك.

دووەمینیش/ ئـەوە خێـر نییـە، ئێمـە خۆمـان دەڵـێین لـە ڕۆژی دەرچـوونی قانونەکە، یـەعنی ئـەو 3٪ لـە قانونی رەقم (5)مان داناوە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبداللە نصراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەگەر چی تەئیدی ئەو ڕێژەیە دەکەم بـۆ جوتیـار دابنـرێ، بەڕاسـتی کـاتی خـۆی لـە یاسـای ژمـارە (5) لیژنەی کشتوکاڵیش، زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان تەئیدی ئەویان کرد کە عقودی زراعی تەعویز بکرێنەوە،

بەداخەوە ئەو پێشنیارە رەت کرایەوە, بەلاَم جێگای ئەو مادەیە لە یاسای ژمارە پێنجەوە هەیە, نەك لێرە, لەمادەی یەك بڕگەی (6), دەڵێ ئەو رووبەرە زەویانەی کە بۆ نەفعی عام بەر ئیفراز کەوتوون, حوکمەکانی ئەم یاسایە نایانگرێتەوە, باشە مادەیەکە زیادە دەکرێ, بەشێکە لەم یاسایە, کەواتە ئەمە جۆرێك لە تەناقوز نییە لەگەڵ بڕگەی شەشی مادەی یەك, مادەی یەکی بڕگەی شەش لە یاساکە دەڵێ (ئەو رووبەرە زەویانە بەدەر دەبن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە کە دابەش کراوە و گرێبەستیان لەسەر کراوە لەو زەویانەی کە تەرخان کراون بۆ مەبەستی سوودی گشتی), هی پڕۆژەکە, ئەمە تەناقوز ناکات لەگەڵ ئەو 3٪ ئەو مادەیە, دەڵێ بەدەرە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕێگا بە جەنابی وەزیر دەدەمەوە وەلاَمت بداتەوە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب/وەزیری کشتوکاڵ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکی جەنابێتە ئیشارەتت پێدا, ئەم خاڵە جاران سەد دۆنم گەر تەعاقودێك هەبێت, ئێمە یەك قتەعمان 300 متر داوە, ئێمە ئێستا حەوت هەزار و پێنج سەد متر دەدەین, یەعنی سەیر بکە فەرقەکە چەندە, یەعنی لە 300 متر دەدەی ئێستا وەك قانونێك تەسیبتی حەقی وی هاتە کرن, حەوت هەزار و پێنج سەد ئەگەر سەد دۆنم بێت, من هیچ تەعاروزێك نابینم لەگەڵ مادەی یەك, چونکە ئەمە عەمەلیەی ئیتفائە, دەبێتە سەکەنی, سوپاس.

**بەڕێز بارزان عبداللە نصراللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادەی یەکی بڕگەی (6) هاتووە (ئەو رووبەرە زەویانەی بەدەردەبن لە حوکمەکانی ئەم یاسایەکە دابەش کراون و گرێبەستیان لەسەر کراوە لەو زەویانەی تەرخان کراون بۆ مەبەستی سوودی گشتی), لیژنەی یاسایی و کشتوکاڵ پێشنیاری قەرەبووکردنەوەی 3٪ یان کردووە, بۆ ئەو عەقدانەی کە بە ئیفراز و ئیتفاکراون, (إفراز و اطفاء) بۆ سوودی گشتیە, ئەم پێشنیارە لەم یاسایەدا جێگەی نابێتەوە و, دەبێت تەعدیلی قانونی ژمارە (5) ئیتفا و ئیفراز بکرێت, نەك لەم مادەیەدا جێگەی بکرێتەوە, چونکە تەناقوز هەیە لەگەڵ بڕگەی شەشەمی مادەی (1)دا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان وەلاَمی بدەوە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان عبداللە حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا رادەیەك مومكینە قسەكەی كاك بارزان راست بێت, چونكە لێرە ئێمە تەسبیتی حەقی تەصرفمان كردیە بەنیسبەت عقود و بەنیسبەت موەزەع علیهم, بەنیسبەت فەقەرە یەك لەمادە یەك, لێرە دەڵێ (یستثنى من احكام هذه المادة المساحات الموزعة و المتعاقد علیها من الاراضی المخصصة لاغراض النفع العام), مەنای ئەوەیە ئەوە بەبێ ئیتفا دەبات, بەبێ بەدەل دەبات, لێرەدا ناكرێ, دەبێ ئێمە ئیسپاتی تەصرفەكە بكەین, ئینجا مەشمولی بكەین بە ئیتفاوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مانای وایە ئەو فەقەرەیە زیاد هاتووە لەوێ, وایە كاك شێروان؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئەگەر ئیتفا بكرێ عادەتەن, نەفعی عامی تێدایە, لەسەر ئەساسی ئەو نەفعی عامە, ئیتفا دەكرێ و تەعویزی بۆ دادەنرێ, جا ئەگەر بە تاپۆ بێت, یان بەپێی ئەو قانونە مەتەعاقود بێت, من پێم وایە ئاخیر بڕگە لێرە زیاد هاتووە, كە فەقەرە شەشە دەڵێ (یستثنى من احكام هذه المادة المساحات الموزعة و المتعقد علیها من الاراضی المخصصة لاغراض النفع العام), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا پاش ئەوەی كە تەعدیلمان كردووە مادەكە, ئەوجا موتەعارز بووە, خۆ قسەی كاك بارزان راستە, كە ئێمە ئەسەری رەجعیمان دا بەو مادەیە, دەڵێ لە رۆژی دەرچوونی قانونی رەقەم (5) هێن دەكات, لەگەڵ ئەو بڕگەیە كە لەوێ هاتووە موتەعاریزە, لەوێ ئیستسنای دەكات ئەگەر شتێك هەبێت, لەوێ دەیداتەوە, ناتوانین بگەڕێینەوە مادەی یەك دەنگمان بۆ داوە, بەڵام دەكرێ ئەو فەقەڕەیە ئیزافە بكەین, كەلەوێ دەڵێن (من تاریخ اصدار قانون رقم (5) و قانون التعدیل الاول لقانون اطفاء و افراز من الفقرة السادسة من المادة الاولى من هذا القانون), كاك بارزان وایە؟ لێرەدا بنووسرێ, كاك عمر, فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی رایەكەی كاك بارزان زۆر راستە, ئەوە تەعاروزە لەگەڵی, بەڵام ئەگەر فەقەرەیەك ئیزافە بكرێ بڵێ ئیستسنا لەسەر ئەو ئیستسنایەی فەقەرەیە, لەناحیەی تەشریعی چۆن وارد دەبێ ئیستسنا لەسەر ئیستسنا بكرێ؟ ئەگەر وارد نەبێ و تەشریع رێگا نەدات, واباشترە وەكو كاك بارزان باسی لەسەر كرد, ئەو مەسەلەی تەعویزە من پێم باشە تەعویز بكرێنەوە, تەعدیلێكی قانونی رەقەمی پێنج بكرێ, بخرێتە قانونی رەقەم پێنج, ئەوە شەرعیەت و قانونی خۆی زیاتر وەردەگرێ, وەك لەوەی كە ئیستسنا لەسەر ئیستسنا بكرێ, سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یاسایی نیم, بەلاّم ئێمە ئەو یاسایەی ئێستا بەگشتی دەنگمان بۆ نەداوە, یەعنی هێشتا نەبوویتە یاسا, ئایا بۆ ناکرێ؟ ئەگەر یاسا بێت راستە دەبێ ئێستا پرۆژەکی تەعدیل تەقدیم بکەین, بەلاّم هێشتا نەبوویتە یاسا, بۆ ناتوانین ئێستا ئیلغای بکەین؟ راستە ئێمە دەنگمان بۆ مادەی یەکەم داوە, بەلاّم بۆ ناتوانین ئەو فەقەرەیە ئیلغا بکەین بە دەنگدان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی پەرلەمان لە 92 تاکو ئەمڕۆ شتێك کە دەنگی بۆ درا ناگەڕێتەوە بۆی, لەبەرئەوە ئەگەر چی ناحیەی زمانەوانی دەبێ بەدەل لەو یاسایە, لەوێش بەدەل بە بەدەل زەعیفە, بەلاّم باشترە ئێمە دەنگی بۆ بدەین, بگەڕێینەوە سەر مادەی یەکەم, یەعنی خەرقێکە لەسەر ئسلوبمان, حەڤدە ساڵە لەسەری دەڕۆین, لەگەڵ نیزامی داخلی ناگونجێ کەدەڵێ مادەیەك کەدەنگی بۆ درا ناگەڕێتەوە سەری ئیلا بە پرۆژەیەکی یاسایی نەبێت, لە پەرلەمانانی جیهانیش وایە, مادەیەك کە دەنگت بۆدا نابی بگەڕێیتەوە سەری, دوایی دەبێتە کۆبوونەوەی ئیعتیادی, بۆیە مادەی شەش بەو صیغەیە دەیخوێنمەوە, (استثناءاً من حكم الفقرة السادسة من المادة الاولي من هذا القانون في حالة الاطفاء المشمولة باحكام المادة الاولي من هذا القانون يعوض اصحابها بنسبة 3٪ من مساحة الاراضى المطفاء و تسجل ملكا صرفا و مفرزة باسمائهم اعتبارا من تاريخ نفاذ القانون رقم (5) لسنة 2007 قانون التعديل الاول لقانون اطفاء و افراز الاراضى رقم (3) لسنة 1998) سارە خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ناوچانەی کە سنوورین, پێشترە بەناوچەی موحەرەمە لەقەلەم درابوون, ناوچەی قەدەغەکراو, نەتوانراوە قانونەکە لەوێ تەتبیق بکرێ, ئێستا لێرە دەڵێ (لەرۆژی دەرچوونی یاساکەوە), یەعنی یاسای ژمارە (5)ەوە ئەوە قەرەبوو دەکرێنەوە, خەڵکێکی زۆر, زەویەکی زۆر هەیە, بۆ نموونە لەناوچەی پشدەر, کەوەکو نموونە دەیهێنمەوە, لەوێ پێش یاسای ژمارە (5) ئیتفا نەکراون, قەرەبوو نەکراونەتەوە, یەعنی بە یاسای ژمارە (5) کێشەکەیان چارەسەر نەبووە, پێم خۆشە جەنابی وەزیر لێرەیە, یەعنی بەڕاستی ئەو ناوچەیە پێویستی بەوەی هەیە لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێ, مەعقول نییە ئەو خەڵکە چی بکات؟ لە یاسای ژمارە (5) شمولی نەکردن, ئێستا لەو یاسایەش کێشەکەیان هەر چارەسەر نابێت, ئەو خەڵکە چی بکات باشە؟ یەعنی قەرەبوو نەیگرتوونەتەوە تا ئێستا, حەقی خۆشیانە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لەبیرت بێت لە یاسای ژمارە (5) داوامان کرد لە وەزارەتی زراعە دیراسەتیان تەقدیم بکاتن لەسەر ئەو ناوچانە, ئاخر ئێمە ناتوانین بگەینە سەر قانونی رەقەم (5), ئەوەی قسەی کردووە, قسەی نەکات, کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی) :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەدی ئەوەی پێش 2007 قەرەبوو نەکرابێتەوە چی بیکات؟ ئێستا هەر لەهەولێر خەڵك هەیە عاردەکەی قەرەبووی وەرنەگرتووە, پێش 2007 عەردەکەی بەبەر فراوانکردنی شار کەوتووە, ئەوە نایگرێتەوە لەو یاسایە, ئەوە چ بکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی لەبیرتان نەچێت, قانونی رەقەم (5) شەش مانگی بەسەردا چووە, بۆیە لەبیرتان چووە, قانونی رەقەمی (5) کە لێرە دەرچووە, پرۆژەیەك بووە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە, ئەو پرۆژەیە داوای کردووە کە رێژەی ئیتفا کردنی ئەرز لە کوردستان تەوحید بکرێ, لە سلێمانی پێشتر بە بیست بە دوازدە بوو, ئێستا 12 بە 8 بوو, ئێمە تەنیا ئەوەمان کردووە, شتێك هاتە پێشەوە ئەی ئەوانەی کە گرێبەستن؟ لەوێ وتمان گرێبەست قەرەبوو بکرێن بە پارچە زەویەك, ئیحتیجاجات زۆر بوو, حەقیش بوو ئیحتیجاجات , دەڵێت پارچە زەوی هیچ نییە, زۆر زۆر دەفتەرێك دەکات, بۆیە ئیقتیراحمان کرد لەسەر حکومەت, وتمان حکومەت بەچاوێکی عەدالەتەوە تەماشای ئەوە بکات, رێژەیەك دابنێت, پاشی دیراسەت رێژە دانرا, 3٪ بۆ ئەو فەلاحانەی کە بەگرێبەست بوون, یەعنی موڵك صرف نییە, مەملوکە بۆ دەوڵەت نییە, بەعەقەد لەگەڵ حکومەتن, ئەوە زەوی وەرگرتووە, ئێستا بۆ ئەوەی زەرەرمەند نەبێتن, ئەو 3٪ ئیزافە کرا لەسەر ئەو قانونەی رەقەم (5), جا ئەو قانونەی رەقەم (5) لەرۆژی دەرچوونیەوە, پێشتر رێژەی تر هەبووە, هەشت بە دوازدە و کێشەش نەهاتۆتە پێش, ئەگەر کێشە هەبوایەش چارەسەر کراوە, ئێمە ناتوانین پێشی پێنجساڵ فەلاحێك غەدری لێکراوە باس بکەین, با وابکەین غەدر لەوانی ئێستا نەکرێ, فەرموو دکتۆر کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە نوقتەیەکی حەساسە, بۆ ئەوەی موعالەجەیەکی دروست بکرێ, من پێشنیار دەکەم, بەیانی جەلسەمان هەیە, تەئجیل بکرێ بۆ بەیانی, لیژنەی زراعە و یاسایی و جەنابی وەزیر مادەکە بەجوانی رێك بخەن, بەیانی بیهێننەوە پێش پەرلەمان, ئەگەر رەزامەندیان لەسەر بێت, من ئەو پێشنیارە بەپەسند دەزانم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشتریش لە زەریبەکە باسم کرد, داوا دەکەم ئەو بەندەی بۆ زیاد بکرێ (جوتیار لەو قەرزە کشتوکاڵیانە دەبوردرێت کە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە کەوتۆتە ئەستۆی), ئەو قەرارە لە عیراقیش دەرچووە, ئیعفای جوتیاریان کرد لەو قەرزانەی کە کەوتۆتە ئەستۆی پێش دەرچوونی ئەو یاسایە, ئەم برگەی بۆ ئیزافە بکرێ, فەلاح ببوردرێت کە پێشتر کەوتۆتە ئەستۆی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با سەعاتێك فرصەت بدەین, ماندووش بووین, منیش داوای لێبوردنتان لێدەکەم دەبێ سەفەر بکەم, کێ دەیەوێ بەردەوام بین بێ فرصەت, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, زۆرینەیە بەردەوام دەبین, فەرموو بیخوێنەوە بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەین, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی شەش:**

بەدەر لە حوکمەکانی بڕگەی شەشەمی مادەی یەکەم, ئەو زەوییانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئیتفا دەکرێن خاوەنەکانیان بەڕێژەی 3٪ لە رووبەری زەوی ئیتفاکراو قەرەبوو دەکرێنەوە, بە مولکی صرف تۆمار دەکرێن و بەناوی ئەوان جیا دەکرێنەوە, لەبەرواری دەرچوونی یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 2007 لەیاسای هەموارکراوی یەکەمی یاسای ئیتفا و جیاکردنەوەی زەوی کشتوکاڵی ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة:**

استثناءا من حكم الفقرة السادسة من المادة الاولى من هذا القانون, في حالة إطفاء الاراضي المشمولة باحكام المادة الاولى من هذا القانون, يعوض اصحابها بنسبة 3٪ من مساحة الاراضي المطفاء و تسجل ملكا صرفا و مفرزة باسمائهم اعتبارا من تاريخ نفاذ القانون رقم (5) لسنة 2007 قانون التعديل الاول اطفاء و افراز الاراض رقم (3) لسنة 1998.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵیدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەزۆرینە قبوڵ کرا, دوو کەس لەگەڵیدا نییە, کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کەرتی کشتوکاڵ و زەویەکان, چەند بارێکی نائاسای و زروفی کوردستانی خۆمانی بەسەردا هاتووە, دەستکاری لە زەوی کراوە, سنووری گوندەکان کراوە, موحەرەماتی گوندەکان, دەوروبەری جادەکان, خەڵك چۆتە پێشەوە, من ئەوەم نووسیوە, بۆ ئەوەی ئەو زەویانە بگەڕێنەوە, لەوەرگە بگەڕێتەوە بۆ گوندەکان, موحەرەماتی گوند بگەڕێتەوە, وەکو مادەیەك, ئەم یاسایە ئەم زەویانەی خوارەوە ناگرێتەوە: زەوی لەوەڕگە, زەوی قەراغ جادەکان, زەوی دەوربەری گوندەکان, ئەو شوێنانەی تەصفیە نەکراون تا ئەو کاتەی تەسویە دەکرێن, ئەوە پێشنیازی سارە خانە, ئەوە خاڵی چوارەمە, سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەوانــە هــەمووى تەســبيت كرايــە بــەگوێرەى قــانونى تايبــەت, ئــەوە قــانونى مەڕاعييــە, ئــەوە قــانونى موحەرەماتى تورقە, هەمووى بەگوێرەى قانون تەسبيت كرايە, پێويست ناكات ئێمە لێرە تەسبيتى بكەين, من حەز دەكەم ئەو تەوزيحە بدەم, ئەگەر لەبيرتان بێت مادە هەشت لـەقانونى (90) تەعـديلمان كـرد لـەو پەرلەمانە و بڕيارمان لەسەرى دا, مادە هەشتەكەش ئـەوە بـوو ئـەو ئەرازيانـەى كـە تەسـويە نـەكرايـە, يـان قەراراتى تەسويەى ئيكتيسابى دەرەجەى قەتعى نەكردبوو, ئەوانە بـەناوى حكومـەت تەسـجيل كرابـوو, كـە تەعديلمان كرد, ئەو حەقەمان ئيعادە كردەوە بۆ ئەو خەڵكانەى كە بەفعلى لەسەر ئەرزەكە بوون, واتە ئەو شەريت حدوديەى كە سارا خان ئيشارەتى پێدەدات, مەشمول بوو بەو قەرارەى كـە لێرەمـان دا و, ئەمانـەش بەو قانونە مەشمول دەبن, بەو تەعويزەى كە لەقانونى ئيتفا رەقەم (5) قانونى ئيتفا هاتووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەگەر سەحبى دەكەيتەوە, ئەگەر نـا بـەناوى ليژنـە دەيخەمـە دەنگـەوە, ئەگـەر بـەناوى خۆتـە ئـەوە هـيچ, فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەناوى خۆمە, بەس سنوورى ئەوەى كە ئامـاژەم پێكـرد هـەمووى شـێواوە, داگـير كـراوە, بـەيانى ئـەو دەڵـێ حەقى تەصروفم هەيە, سنوور نەماوە, بەلاَم لەگەڵ ئەوەش سەحبى دەكەينەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

مادەى دواتر بخوێنەوە, تكايە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

مادەى هەشتەم: بوويتە حەوتەم:

بەبڕيارى وەزيرى كشـتوكاڵ ليژنـەكانى زەوى و زارى و سەرپەرشـتى كـردن و بەدواداچـوونى و ليژنـەى تـر پێكدەهێنرێن بۆ جێبەجێ كردنى حوكمەكانى ئەم ياسايە بەپێى پێويستى, لەبەر روناكى رێنماييەكانى كە وەزارەتى كشتوكاڵ دەريان دەچوێنێ.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

المادة السابعة : تشكل بقرار من وزير الزراعة لجان الاراضي و الاشراف و المتابعة و لجان اخرى لتنفيذ احكام هذا القانون حسب الاقتضاء على ضوء التعليمات التى تصدرها وزارة الزراعة.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەوە تەحصیل حاصڵە, ئەو مادەیە زیادە, لەبەر ئەوەی لەمادەی یازدە دەڵێ (علی مجلس الوزراء و الجهات ذات علاقة تنفیذ احکام هذا القانون) ئەوانە هەمووی دەگرێتەوە, دەیخەمە دەنگەوە, کە ئەو مادەیە شەتب بکرێ, کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مادەیە شەتب بکرێ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ ئەوە شەتب کرا, فەرموو بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی حەوتەم: وەزیری کشتوکاڵ بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: لوزير الزراعة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵیدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قەبوڵکرا, موقتەرەحی تۆ چی بوو, فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری موقتەرەحێکی تازەم کردبوو, جەنابت گوتت وەڵامت دەدەمەوە, پێشنیارەکە ئەوە بوو (ئیتفاکردنی زەوی یان ئیستملاك کردن قەدەغە بکرێ), ئەگەر حکومەت پێویستی بە پڕۆژە هەبوو, مەسەلەی نەفعی عام بێت, بیکرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە وتم وەڵامت دەدەمە, ئەوە پێش ساڵێك و چەند مانگێك پڕۆژەیەك تەقدیم کرا بۆ پەرلەمان, ئێمە ناردمان بۆ حکومەت وتمان رەئیتان لەسەری بدەن, دەتوانن ئێستاکە بەهۆی لیژانەوە موتابەعەی بکەن, بزانن لەحکومەتا بەهۆی کاك سعد بۆچی تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە, ئەو موقتەرەحە لەبەردەم حکومەتە دەبێ بەدوای دا بچن, مادەی دواتر هەشتەم بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی هەشتەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوە، ئەو مادەی دەیەم، موقتەرەحێك هەیە (لایعمل بای نص قانونی او قرار یتعارض مع احكام هذا القانون)، چونكە بۆ ئەوەی تەفسیراتی جیاواز نەكرێتەوە، ئەو مادەی پێشتر مادەی نۆ (لایعمل مع ای نص قانونی او قرار) ئەوە زیادە، دەیخەمە دەنگەوە بۆ ئیلغا كردن، كێ لەگەڵیەتی بۆ ئیلغا كردن، دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، بەكۆی دەنگ ئەو ئیلغا كرا، ئینجا مادەی تر كە خوێندتەوە (على المجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفیذ احكام هذا القانون)، كێ لەگەڵ ئەو مادەیە دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، ئەو مادەیەش بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا، بڕۆ سەر مادەی پاشی.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی نۆیەم:

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان)دا بڵاودەكرێتەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

ینفذ هذا القانون اعتبارا من تاریخ اصداره و ینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی ئەو مادەیە دەنگی لەسەر بدرێت، من پێشنیارێكم هەیە، پێم باشە دەنگدان لەسەر ئەو مادەیە دوابخرێ، دەنگی لەسەری نەدەین ئێستا، ئەگەر ئەوەش ناكرێ، ئەو یاسایە كە دەنگمان لەسەریدا بڵێین لەو كاتەوە جێبەجێ دەكرێ كە مادەی 140 جێبەجێ دەكرێ، من تەئكید دەكەمەوە سەر ئەو قسەیەی، هەموو دوێنێ قسەیان كرد، من قسەم نەكرد، چونكە داوای دواخستنم كردبوو، وابزانم حەقی خۆشمە قسەی بكەم لەو مەسەلەیە و، تەفصیلاتی تر دەم، حەقە عەدالەتێك هەبێت لەسەر ئەو قسەیە، من تا ئێستا خۆم راگرتییە، ئەگەر بوار بدەیت قسە دەكەم، من دوێنێش باسی ئەوەم كرد، ئەو ناوچانە تووشی زەرەر دەبن غەدرێكی زۆریان لێكراوە، ئێستاش ئێمە لەپەرلەمان بەیاسا غەدریان لێدەكەینەوە، من تایبەت ئەو ناوچەی كە تێیدا شارەزام، ناوچەی مەخمورە، و كەندیناوە و قەرەچۆغ و گوێر و ئەوانەیە، هەموو ئەو عەقدانەی هەبوون پێشتر بەناوی عەرەب كراوە، ئەوە خاڵێك، دواتر ئەو عەردانەی كە موڵكیش

بوون, زەی و زاری کە موڵکی صرف بوون, خەڵکەکە تاپۆی رەشی هەبوو, قۆچانی رەش, ئەوانەش هەمووی ئیتفا کرا بۆ وەزارەتی مالیەی عێراقی, پاشتر بە عەقد دراوە بە عەرەب, ئێستا بەشێك لەو عەرەبانە خەڵکی ئەو ناوەچەیەن, کە خەڵکی ئەو ناوەچەیەن, حەقی خۆیانە بێن داوا بکەن بەناویان بکرێ, کەواتە ئێمە غەدریان لێدەکەین بەڕاستی, بۆیە من داوا دەکەم دەنگدان لەسەر ئەو یاسایە دوابخرێ, ئەگەر نا ئەو مادەیەی بۆ ئیزافە بکرێ (ئەو یاسایە لەکاتی جێبەجێ کردنی مادەی 140 جێبەجێ بکرێ), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوێنێ ئەو قسانەت کرد کاك غفور, دوایش کە جەنابت لە دەرەوە بوویت, خستمانە دەنگەوە دوو, سێ دەنگ موئەیدی جەنابت بوون, کاك عوسمان بانی مارانی, کاك باپیر بوو, ئێمە وتمان هەر وەختێکی مادەی 140 جێبەجێ بکرێ, ئەو قانونە تەتبیق دەبێ و مەشمولە پێی, ئەو مادەی کە خوێندرایەوە, خستمانە دەنگدان, فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مادەیە زیادە, ئێمە لەمادەی 7 تەسبیتمان کرد, ئەو یاسایە جێبەجێ کردنی دەگەڕێتەو بۆ دەرچوونی یاسای ژمارە (5), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا لەو مادەیە, یان قانونەکە هەمووی؟ فەقەت ئەو فەقەرەیە, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵیدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, ئێستا داوا دەکەم لە کاك عبدالرحمن, هۆکارەکانی ئەم یاسایە بخوێنێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە**

دیارە زەوی و زار و خاك بەشێکە لە ناسنامەی هەموو میللەتێك, بەخاوەن کردنی زەویەك زەوی و زار و بەشێوەیەکی یاسایی لەسەر جوتیار و بەکارهێنەری خۆشەویستی و هەست و دڵسۆزی زیاتر دەکات بەرامبەر بەخاك و زیادکردنی بەرهەمی, هەروەها بەم یاسایەش هانی وەبەرهێنەری دەدەین, کە سەرمایەکەی بخاتە کار بۆ پرۆژەی کشتوکاڵی گەورە و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ, تا لە قەیرانی کەمی بەرهەمی ناوەخۆ رزگارمان ببێت, تا رادەیەك ئاسایشی خۆراکمان پارێزراو بێت, لەهەمووشی گرنگتر پاراستنی رووبەری زەوی کشتوکاڵیەکانە و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی کشتوکاڵی و, زەوی گران بەها دەبێت, شارەوانەکانیش بەرەو ناوچە بەردەڵانەکان دەچن بۆ نیشتەجێبوون, بەرادەیەکی گونجاو قەرەبووی ئەو

خاوەن زەویانە دەكرێتەوە كە بەر كوژانەوە كەوتوون, ئەمانە هەنگاوێ:ی باش دەبن بۆ كـەرتی كشـتوكاڵ و رێكخستنەوەی زەوی و زار لەبەر ئەم هۆیانە ئەم یاسایەمان دەرچوواند.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من شتێك ئێستا هەر لە ئەسبابی موجەبە كردیە, یەعنی....

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هۆكارەكانی دەرچـوواندنی ئـەم یاسـایە هـی تـۆ كـەمتر بـوو, بەهـەر حـاڵ تـازە خوێندرایـەوە, پڕۆژەكـە بـە هۆكاری دەرچوواندنی ئەم یاسایە, هەمووی پێكەوە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبكاتـەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, حەوت كەس لەگەڵدا نییـە, بەزۆرینـەی دەنـگ ئـەم یاسـایە قبـوڵ كـرا, ئومێـد دەكـەم ببێتـە پێشـكەوتنی بـواری كشـتوكاڵ و خزمـەت كردنـی كشـتوكاڵ و, لەبەرژەوەندی خەڵكی كوردستان بەتایبەتی فەقەرەی رێژەی 3٪ ئـەو فەلاحانـەی كـە گرێبەسـتن خۆشـحاڵ دەبن, جەنابی وەزیر ئەگەر قسەیەكت نییە, پێش ئەوەی كۆتایی بە دانیشتن بهێـنین, زۆر سـوپاس, سـبەی تا دووسبەی بەردەوام بوونە لەسەر فەقەرەی دووەم و خوێندنەوەی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا, لەگەڵ گفتوگۆكردن لەسەر پڕۆژە یاسای دانانی رۆژی 4/16 بە ڕۆژی ژینگە, سـەعات 10:30 زۆر بـەخێر بێن سەرچاو, فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**چوار شەممە رێکەوتی 2\4\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)

**چوار شەممە رێکەوتی 2008/4/2**

**کاتژمێر (30ر10)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2008/4/2 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز**

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (4)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (10ر30)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2008/4/2 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی فێركردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی كوردستان – عێراق, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی راوێژكاری باڵا, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی بڕیاری دانانی رۆژی 4/16 ی هەموو ساڵێك بە رۆژی ژینگەی هەرێمی كوردستان, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار بریتیە لە یەك: خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی فێركردنی باڵاو و توێژینەوەی زانستی هەرێمی كوردستان - عێراق كەلە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، دوو: خشتنەروو گفتوگۆكردنی یاسای ئەنجومەنی راویژكاری باڵا كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە، سێ: خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پڕوژەی بڕیاری دانانی رۆژی 4/16ی هەموو ساڵێك بەڕۆژی ژینگەی هەرێمی كوردستان كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز كاك فاروق جمیل وەزیری داد و بەڕێز كاك سعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان و بەڕێز كاك محمد عمر سەرۆكی ئەنجومەنی شوورا دەكەین كەبەهاوكاری كاك فاروق هاتووە وحازرە لە گەڵمان، بەخێربێت سەرچاو.

داوا لەلیژنەی یاسایی ئەكەم بێن لە شوێنی خویان دانیشن.

خاڵی یەكەم لەبەرنامەی كار خوێندنەوەی یەكەمی پڕوژەی یاسای وەزارەتی فێركردنی باڵا وتوێژێنەوەی هەرێمی كوردستان - عێراق كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە ئەم پڕۆژەیە برێتیە لە شەست مادە و چاپ دەكری و ئاراستەی لیژنەی پەروەردەو خویندنی باڵا ولیژنەی یاسایی وە ئەندامانی پەرلەمانی دەكەین.

دەچینە سەر خاڵی دووهەم: خستنەروو وگفتوگۆکردنی یاسای ئەنجومەنی راویژکاری باڵا کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراتوە، داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم خاڵ بەخاڵ پڕۆژەکەو راپۆرتەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق.

بابەت راپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەی یاسا بەیانی رۆژی شەممە ریکەوتی 24 ی رێبەندانی 2707 کوردی، رێکەوتی 2008/2/17 بۆ لیکوڵینەوەی پڕوژەی یاسای راویژکاری باڵا کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە و دوای خوێندنەوەی یەکەمی لەپەرلەمان لەدانیشتنی نائاسایی ژمارە یەکی رۆژی 2007/7/10 دا هەواڵەی لیژنەکەمان کراوە، پاش گفتوگۆو را گۆڕینەوە بەئامادەبوونی وەزیری دادو راوێژکارەکانی ودەسەڵاتی دادوەری و سەرۆکی دیوانی دادوری هەرێم لیژنەکەمان راپورت و راسپەردەکانی خۆی لەبارەی پڕۆژەکەوە وەك ئەمەی خوارەوە پێش کەش دەکات.

لیژنەکەمان لەسەرەتاوە تەئییدی پڕۆژەکە دەکات، چونکە ئەو یاسایانەی لەهەرێمدا کاریان پێ دەکرێت چ لەلدوای نووسینی یاسایی و چ لەبارەی راویژکاری یاسایی و چ لەبارەی دادوەری و ئێداری و ناکۆکی ئیداری و چ لە بارەی یەك بوون و یەك خستنی یاسایی و داروشتنەوەی یاساییەوە روون نین، جا لەبەر ئەوەش کەئەم دەزگایە دەزگایەکە لەدەزگا جێ بەجێ کارەکانی وەزارەتی دادو ئێشوکارەکانیشی بەیەك جاری دەسەڵاتی دادوەری جیاکراوەتەوە، هەروەها بۆ ئەومەبەستەش کەدادگای ئێداری بۆ یەکەم جارە کەلەهەرێمدا دابمزرێت و ئەنجومەنی بەزەبتی فەرمانبەرانی هەرێمیش بێتە کایەوەو هەل بۆ فەرمانبەرانی هەرێم برەخسیت لەبردەمیدا تانە لەبڕیارگەرلێ بگرن کەسەرۆکەکانیان دەرهەحقیان دریان دەکەن، لیژنەکەمان پاش لەچاوکەوتنی هەموو ئەوانە پێش نیازدەکات دیباجەیەکی نوێ بۆ پڕوژەکە دابڕێژرێت و ناوی پڕۆژەکە بکرێت بەیاسای ئەنجومەنی راوێژکاری هەرێمی کوردستان – عێراق، هەر وەها زنجیرەی ریخسونەکانیش بەهەمان شێوازو یاساو بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەنوسین بنووسرین و زنجیرەی مادەکانیش کەلە مادەی 31 وە بە هەڵە لە پڕوژەکدا هاتووە بخرێتەوە سەربان، یەك: لەبارەی مادەی یەکەمی پڕوژەکە، لیژنەکە پیشنیاز دەکات وەك ئەوەی خوارەوە دابڕێژیتەوە، مادەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە لەم یاسایەدا مەعناکانی برامبەریانە.

یەکەم: هەرێم، هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: ئەنجومەن، ئەنجومەنی راویژکاری هەرێم.

سێیەم: سەرۆك،سەرۆکی ئەنجومەنی راویژکاری هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەصلی مادەکە بخوێنەوە، مادەی یەکەم دوایش رەئێتان لەسەری بدەن.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**یاسای ئەنجومەنی راوژكاری باڵای هەرێمی كوردستان – عێراق.**

**دەروازەی یەكەم**

**دامەزراندن و ئامانجەكان**

**مادەی یەكەم: ئەو دەستە واژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەم واتانەی بەرامبەریان دەگەیەنن، یەك هەرێم، هەرێمی كوردستانی عێراق.**

**دوو: ئەنجومەن، ئەنجومەنی راوێژكاری هەرێمی كوردستانی – عێراق.**

**سێ: سەرۆك، سەرۆكی ئەنجومەنی راوێژكای هەرێمی كوردستان – عێراق.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**قانون المجلس الاستشاري الاعلى لاقليم كوردستان - العراق.**

**الباب الاول**

**التأسيس والاهداف**

**المادة الاولى: يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازائها.**

**اولا: الاقليم، اقليم كوردستان - العراق.**

**ثانيا: المجلس، المجلس الاستشاري لاقليم كوردستان العراق.**

**ثالثا: الرئيس، رئيس المجلس الاستشاري لاقليم كوردستان - العراق.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە بەنیسبەت ناوی یاساكە، بەراستی لەئەنجومەنی وەزیران هاتووە بەقانونی: المجلس الاستشاري الاعلى لاقليم كوردستان - العراق، دوای ئەوەی، ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیرو لەگەڵ دادوەرە بەڕێزەكان دانیشتین، هاتینە ئەو قەناعەتە كە پێویستە ناوی ئەم یاسایە بگۆڕێ بەیاسای، مجلس الشورى للاقليم، بۆ ئەوەی نیزیك بێتەوە یەكەم: لەیاسای عێراق، دوهەمینیش: بەراستی ئەو ئێختیساسانەی كە هاتووە لەیاساكە لەخۆ بگرێت، ئەمە پێشنیاری ئێمە بووە و جەنابی وەزیریش موافەقەتی كردووە، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**جەنابی وەزیر، توزێك ئەگەر روونی بكەیتەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان ئەم ناوە تازەیەو مەجلیسەكە.**

**بەڕێز فاروق جميل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن، زۆر سوپاس بۆ دەعوەتمان بۆ ئەم دانیشتنە، ئێمە لەگەڵ لیژنەی قانونی وەختی خۆی دانیشتین و ئەو ئیتیفاقەی کە ئێستا کاك شێروان خوێندیەوە، گەیشتینە ئەو ئیتیفاقەی کە ناوەکەی بگۆڕین و ببێتە مەجلیسی شوورا، ئەوەش پێم وابێ بەئیتیفاقی ئێمەو لیژنەی قانونی بوو و ئێمەیش ڕەزامەندین لەسەر ئەو مەسەلەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کەس قسەی نیە، ئەوە مادەی یەکەم موستەلەحاتە وناوەکەیشی کەوەکو لیژنەی یاسایی ئیقتیراحی کرد و جەنابی وەزیریش موافەقەتی لەسەر کردووە، ئێستا دەبێتە مەجلیس شوورای هەرێم، بەعەرەبییەکەی: مجلس الشورى لاقليم كوردستان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئێمە ئەگەر ناوی یاساکە بەو شێوەی کەپەسەند کرا، پێویستە ئیعادەی نەزەر لەبڕگە دوویش بکرێتەوە، لەمادە یەك و لەهەمان کاتدا ئێعادەی نەزەر لەبڕگە سێیش بکرێتەوە بەهەمان شێوە هەر وەکو ناوی یاساکە، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن د. روژان فەرموو:

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها پرسیارێکم لە لیژنەی قانونی هەیا، ئایە ئەو ئەنجومەنە هەمان ئەنجومەنە کە لەمادەی چواری یاسای وەزارەتی عەدلا هاتووە، ئەگەر هەمان ئەنجومەن بێ، ئێمە دەنگمان لەوێ بۆی دایە بەناوی مەجلیسی ئیستیشاریە، وەهەر وا دەنگمان دا کە سەر بەوەزارەتی داد بێ بۆیە لێرە پێویست بە گفتوگۆناکات، ئەوە پرسیارەکەم بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەت بەجێیە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە گفتوگۆمان لەسەر یاسای وەزارەتی عەدل کرد کە بەو ناوە ئەو یاسایەمان پەسەند کردووە کەلەتەنزیمی وەزارەتی عەدل هاتووە، بەڵام ئێمە لێرە ئیشارەتمان بەو مەسەلەیە دایە، ئەگەر لەمادەکانی داهاتوو بخۆێنینەوە یان لە ڕاپۆرتی لیژنەی قانونی ئیشاراتمان بەوە دایە، وە لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە لاحیق لەبۆ یاسای ەزارەتی عەدلیە ئیعتیادیەن ئەبێ ناوی ئەم یاسایە لەیاسای وەزارەتی عەدلیش بگۆڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پیر خدر سلیمان فەرموو.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەنجی ئەم بارە زمانەوانیە بەڵكو ئەو پێشنیاریە كە هاتووە كە بەعەرەبی ئەبێتە مەجلیس شورا، بە كوردیش وشەی راوێژكار وە شیوەتدار هەیە، كارش نیشانە زەعیفیە، یەعنی ناجاری كاری پێ كەن لەگەڵ پەیڤی شێوەتدارم هەیەد كوردیدا هەم ئەركی ئیوە نیزیكتردەكا، چونكە ئەڤە ئەركی لیژنەی یاسایە، نەیە تەنها راوێژكاریە، بەڵكو جابنە زیادە تریش بڕیاربدەت، گەلەك بابەتە یەك لایەت بكات، ئینجا شیوەتدار هەم نیزیكی ناڤ نیشانی عەرەبیش بێت وە هەم نیزیكی ئەركی ئێوەش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز رەئیت چیە بەو موستەلەحەی؟

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من رەئییكم هەیە حەزەكەم لەبەر چاوی بگری، ئیمە هەموو جارێ ئەو كێشانەمان ڕوو بەڕوو دەبێتەوە، بەڕێزتان بڕیاردەن، ئێمە سێ و چوار كەس پێش ئەوەی یاساكان سیاغە بكرێت وە پێیدا بچینەوە و مەسئولییەتەكەش ئەگرینە ئەستۆ، یان ئەوەتا لیژنەیەكی زمانەوانی دابمەزرێ لێرە ئیشەكانمان بۆ بكات، جا من بۆ هەمووی قسە ئەكەم، ئەكرێ لێرە هەموو كێشەكانمان لەكۆڵ بێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحەكە باشە، كاك شوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نازانم مادەی دوو حەقمان هەیە موناقەشەی لەسەر بكەین یان مادەی یەكە ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادەی یەك وەكو وتوومانە جار جار ئیختیلاف مان هەیە لەسەر زمانی كوردی، بۆیە ئەسەلەكە لەسەر زمانی عەرەبی دەنگەكەی بۆ دەدەین و چ ئیختیلافێك هەبێ لەناحیەی زمانی كوردی دوایی دەكرێت ئەوانەی پسپۆرن و شارەزان لەزمانی كوردیدا دوایی رێك كەون لەسەری و تەسبیتی بكەن، جمال محمد قادر فەرموو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەبیعی من پڕاو پڕ پشتیوانی ئەو تێبینیەو ئەو پێشنیازەی لیژنەی یاسایی دەكەم، چونكە ئیشی ئەو لیژنەیە بەحەقیقەت ئیستیشاری نیە، تێداچوونەوەیە، بە بڕیارەكانی دەسەلات، ئیتر لە هەرچی مەجالیك

**هەبوو بێ و ئەو نارەزاییەی تەقدیم ئەکرێ و ئەمە لەدەریشەوە هەر عەینی تەقریبەن ناوی هەیە پێی دەڵێن (گران جوری) مەجلیسی حولەفا، بۆیە من پشتیوانی لیژنەی یاسایی دەکەم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەعەرەبییەکەی بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگ دانەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**فيما يتعلق بالمادة الاولى من المشروع تقترح اللجنة القانونية اعادة صياغتها كالاتي:**

**المادة الاولى: يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازائها لغراض هذا القانون.**

**اولا: الاقليم، اقليم كوردستان – العراق.**

**ثانيا: المجلس، مجلس شورى الاقليم.**

**ثالثا: الرئيس، رئيس مجلس شورى الاقليم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عونی، المجلس تەعریفەکەی مجلس الشورى للاقليم دەبێت، ئەوە چاك بکەن، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لە گەڵێتیدەست بڵندکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵیدا نیە؟.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**نەخێر، ئاخر لەمادە دوودا ئێمە دێین باسی دەکەین کەسەر بەوەزارەتی دادە، کەسەر بەخۆ نەبێ، ئیتر مەجلسی شورای چی؟ پێشتریش، پێش چەند مانگ یاسای وەزارەتی عەدلمان دەرکرد، هەموو دەنگمان بۆ مەجلیسی ئیستیشاری دا، باش چوار مانگ ناوی ئەو ئەنجومەنە بۆ بگورین؟.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**هەرچەند دەنگمان بۆ دایە، بەڵام کاك عونی شەرحێکی بکە، فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سەبارەت پرسیارەکانی دکتورە روژان، لێرە تەنها ناوەکەمان گۆڕی، مەجلیس شورا للاقلیم لەجیاتی مەجلیسی ئیستیشاری سەر بەوەزارەتی دادە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**مادەی دووهەم بخۆینەوە.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: لە هەرێمدا ئەنجومەنێك بەناوی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت، لەلایەنی کارگێڕییەوە، پەیوەندی بەوەزیری دادەوە دەبێ و پێك دێت لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و راویژکاران کەژمارەیان لەحەوت کەس کەمتر نەبێ ولەیادیدەدەرێ راوێژکاران کە ژمارەیان لەنیوەی ژمارەی راوێژکارن کەمتر نەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: يؤسس في الاقليم مجلس يسمى بمجلس الاستشاري الاعلى لاقليم كوردستان - العراق، يرتبط اداريا بوزير العدل ويتألف من رئيس ونائب للرئيس ومستشارين لايقل عددهم عن سبعة اشخاص ومستشارين مساعدين لايزيد عددهم عن نصف عدد المستشارين.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی مادەکەیداین و لەسەر رۆشنایی ئەو گۆڕانکارییەی کەلەناوی یاساکدا دەر کرا، ئێستا ئیعادەی سیاغەمان کردوەتەوە، بەمەبەست مادە دوو بەم شێوەیە: يؤسس في الاقليم مجلس شورى يسمى مجلس شورى اقليم كوردستان – العراق، يرتبط اداريا بوزير العدل ويتالف من رئيس ونائب للرئيس ومستشارين لايقل عددهم عن سبعة ومستشارين مساعدين لايزيد عددهم على اربعة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی کەلیژنەی قانونی دایەتی، کە نصفەکەی کردوەتە اربعە، زۆر راستە، چونکە بۆ ئەوێ ئەبێ تەحدید بکرێت، نابێ بەو شێوە بێت.

کێ ئەیەوێ قسە بکات؟ با دەست بڵندبکات، بۆ ئەوەی ناوی بنووسم, کاك د. نوری جمیل طالباني فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەم قانونە کەناوی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستانە، دەسەڵاتەکانی لەراستیدا دەسەڵاتێکی فراوانە، بەپێی ئەم قانونە دادگایەك دروست دەکرێت بەناوی دادگای ئێداری لەپاڵ دەزگای دیوانی تەدوینی قانونی، ئەویش هەر ئەکەوێتە سەر ئەرکی ئەم ئەنجومەنە، بەڵام لە رووی ئیدارییەوە پەیوەندی دار ئەبێت بەوەزارەتی دادەوە لەبەر ئەوەی کەوا بەشیك لەئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنە کاری دادگەییە، وائەزام کەوا بەپێچەوانەی قانونی دەسەڵاتێ داوەری ژمارە 13ی ساڵی 2007 کە ئێمە لێرە لەم پەرلەمانە دەنگمان بۆی دا، بۆیە من پێشنیازی ئەوە ئەکەم کەوا ئەم ئەنجومەنە کارەکانی دابەش بکرێت بەسەر دوو لایەندا، لایەنێك وەکو دیوانی تەدوینی قانونی دەزگایەکی راویژکاربێت بۆ وەزارەتی دادو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپاڵ ئەوەی کەوا مەحکەمەی ئێداری، بەڵام مەحکەمە ئێدارییەکە سەر بە مەجلیسی قەزای ئەعلا بێت و سەربەخو بێت لەوەزارەتی دادەوە و لەمادەکانی دیکەیشادا زیاتر روونی ئەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غفور فەرمووو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ڕەئیەكەی دكتور نوری دەكەم ئەوە یەك، دوویش: بەباوەڕی من دەبوا ئێمە یاسای وەزارەتی دادمان هەموار بكرادایە لەبەر ئەو گوڕانكارییەی دواجار ئەومان لێرە موناقەشە بكردایە و دەنگمان لەسەر دابوایە، پێش هەمواركردنەكە، باوەڕناكەم ئێمە شتێك بكەین پاشتر لەسەر ئەساسی ئەوە بێینەوە یاساكە هەموار بكەین، دەبوا هەمواركردنەكەمان پێشتر بكردایەو دواجا گفتوگۆمان لەسەر بكردایە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شوقی فەرمووو.

**بەڕێز شوقی حسين ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەو مەجلیسە، بەشێك لەكارەكانی لەمەسەلەی قەزایە، بەپێی دستوری عێراق كە ئێستا ئێمە كاری پێ دەكەین، لەمادەی 19 هاتووە كە دەسەڵاتی دادوەری سەر بەخۆیە، ئەوەش لەبەر ئەوەی كاری دادوەریە، بەشێك لە كارەكانی بابڵێین ئەو مەجلیسە، بۆیە من بەپەسەندی دەزانم كەئەوە ئەو ئێستیقلالیەتەی قەزا بپارێزی، دەكری ئەوە وەكو بەڕێز د. نوری ئاماژەی پێدا چۆن لەیەكتری جیا دەكرێتەوە، ئەوە ڕەنگە كارێكی فەنی بێت، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەم كەبە هێچ شیوەیەك بوارە دادوەرێەكەی ئێداریەنێش سەر بەوەزارەتی عەدل نەبێ، بۆ ئەوەی كە فیعلەن ئێمە لەژێر زەوئی ئەو مەبادیئە دستوریەی كە هەیە، ئێمە پارێزگاری لەدەسەڵاتی دادوەری بكەین لەكوردستان و لەعێراقیش، بۆیە من تەئكید لەسەر ئەوە دەكەمەوە كە پێویستە ئەوە هەیئەیەكی موستەقیل دەبێ، مەجلیسی موستەقیل دەبێ... وە ئیلا ئاخیریە، ئەوە ڕەنگە كاریكی فەنی بێ، بەڵام ئەو ئێستقلالیەتەی خۆی بپارێزێ، ئەگەر موتەعارزیش بێ لەگەڵ قانونی وەزارەتی عەدل ئەوە ئێمە دەتوانین فەقەرەیەك زیاد بكەین بۆ ئەوەی كە عیلاجی ئەو مەسەلەیەش بكەین كەپێشوو تر تێپەڕیوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ملاسعدالدين فەرمووو.

**بەڕێز ملاسعدالدين ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەرق هەیە لەبەین ئەو مەجلیسی ئیستیشاریەی كەئێستا هەیە وەلەبەین ئەو مەجلیس ئیستیشاریەی وەزارەتی عەدل، ئەو مەجلیس ئیستیشاریە یەعنی ئەو مەجلیس شورایە كەتازە ناومان لێنا، ئەوە بەمەرسومی ئیقلیمی دەبێت، یەعنی حەتا ڕەئیس و موستەشارین بەمەرسومی ئیقلیمی دادەنرێن و لە مادەكانی ئاخیردێت، لەباشان من هەندێك مولاحەزەم هەیە لەسەر مادەی دووهەم، وەزیری عەدل بكرێتە

وەزارەی العدل، یەعنی: ویرتبط اداریا بوزارة العدل، لەپاشان ویتألف من رئیس ونائب للرئیس ومستشارین لایقل عددهم عن سبعە، یەعنی ئەگەر لایقل عددهم عن سبعە، یەعنی ئەگەر بەکەیفی خۆی 12 یان 15 موستەشاریش دابنی هەر ئێعتیادیە، نابێت عەدەدی زیاد دابنرێت، یەعنی لایزید، چۆنکە لەحەسمی قەراراتەکان لەناو داخیلی مەجلیس دەبی بە حزوری نصفی موستەشارین بێت، ئەو موستەشارانەی کە حەقی تەسویتیان هەیە کە مەوجودن لەناو مەجلیس، کەواتە دەبێ ئێستا او (لایقل) بگۆڕێت و بڵێین لایزید عددهم، یەعنی ئەو موستشارینەی کە حەقی تەسویتیان نیە لە تەسویت، دەبێ نصفی موستەشارین کەحەقی تەسویتیان هەیە مەوجودبن هەتا من جانب الرئیس، ئەنجا تەرشیحی ئەصوات دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی دووەم، ئاماژە بە تەئسیس کردن و دامەزراندنی مەجلیسێکی شورای باڵا دەکات لە هەرێم کوردستان، دیارە تەئکید لەسەرۆك و جیگری و عەدەدی موستەشارینیش ئەوەی کە کاك سعدالدین باسی کرد، من پێم وایە کە ئەم مادەیە پێویستە ئێستا بکرێتە دوو بەش، ئەو بەشەی کەئاماژە بەئەوە دەدا کەرەبتی هەیە لەناحییەی ئیداریەوە بەوەزیری عەدل و ئەمە لەمادەیەکی تر بێ سەر بەخۆ، لەبەر ئەوەی مادەی دووهەم تەنها تەعریفی تائسیسی ئەو مەجلیسە دەکات وە ئەو بەشەی کەرەبتی دەکاتەوە لەڕووی ئیداریەوە بەوەزارەتی عەدل لەو مادەیە جێی نابێتەوە، من پێشنیار دەکەم ئەمە مادەیەکی تری سەر بەخۆبێت، بۆ ئەوەی ئەمە لەتەعریفی ئەو مەجلیسە شورایە کەم نەکاتەوە کە لەوەسەتیدا هاتووە کەدەڵێ لەرووی ئیداریەوە رەبتی بەوەزارەتی عەدل دەبێ، ئەمە لەمادەیەکی سەر بەخۆبێت، پێم وایە بەقەوەت ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتور کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە هەر وەکو کاك سعدالدین ئاماژەی پێ کرد کەئەڵێ راوێژکاران ژمارەیان لەحەوت کەمتر نەبێت، واتا کەدەڵێت دەتوانن زیاتر ئیزافە بکەن، بەڵام یاریدەدەرەکانی راوێژکار لێرە ئیشارەی پی نەدراوە کەلەنیوەی زیاتر نەبێت بۆ ئەوەی هاوکاری راوێژکارەکان بکەن، بەڵام لێرە ئەڵێ نابێت زیاتر بێت، ئەگەر راوێژکار بووە 10، یان بووە 15 یان بووە 20 ئەم هەر لەچوار نابێت تێپەڕ بێت، بۆیە نەصی مادەکە وەکو خۆی بمێنێت، من تەئییدی ئەوە دەکەم وئەوە دروست ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر بۆ ئەو مولاحەزانەی کەلەسەر زاری ئەندامانی پەرلەمان هات، ئەگەر جەنابت تەوزیح بدەی یان وەڵام بدەیتەوە.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی برادەران دوو مولاحەزەیاندا، رەئیشیان هەیە، یەکێکیان دەربارەی قانونی وەزارەتی داد بوو، مەفروزە قانونی وەزارەتی داد تەعدیل بکرابایە ئینجا ئەو قانونە دربچوایە لەبەر ئەوەی نیزاع پەیدا دەکات، یەعنی جیاوازی پەیدا دەکات لەسەر قانونی وەزارەتی داد، من لەو برادەرانە دەپرسم کە وەختی خۆی قانونی دەسەڵاتی قەزائی موناقەشەکرا هەر هەمان ئەو برادەرانە کەدەنگیان بۆ دا ئەو قانونە پاشی قانونی وەزارەتی عەدل دەرچوو، باشە ئەی بۆ ئەو وەختە دەنگیان بۆ دا؟ خۆی وەکو کاك شیروان فەرمووی هیچ موشکیلەیەك نیە یەعنی، یەو قانونە مادام پاش وەزارەتی داد دەرچووە، ئیتر ئەگەر شتێك هەبێ موخالیف بێ ئەوە حەتمەن چارەسەر دەکرێت، ئەوە یەکێکیان، دووهەم: دەربارەی ئیختیساسی ئەو مەحکەمەیە، ئەو مەحکەمەیە ئەگەر مولاحەزە بکەین ناوەکەی لەخۆیە، کەمەحکەمەی ئیداری، واتا ئیشوکارەکانی ئیداریە، ئیشی قەزائی نابێت راستە ناوی مەحکەمەیە، بەڵام ئەگەر دوایی بیێنە سەر ناوەڕۆکی قانونەکە دەبینین هەر دەعوایەك ئەگەر سیفەتی قەزائی تیدابێت حەتا ئەگەر حکومەتیش تەرفێك بێت. ئەوە حاکم ئیعتیادی دەیبینێت، ئەو مەحکەمەیە نایبینێت، یەعنی ئیشی ئەو مەحکەمەیە ئیشێکی ئیداری سرفە، بۆیە کە لەگەڵ قانونی سوڵتەی قەزائی هیچ جیاوازیەك دروست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سەیری مادە سێ بکەین کەهەدەفی دروست کردنی ئەم دەزگایەیە، دەبینین سێ واجیباتی هەیە، یەك: تەماشای مونازەعاتی ئیداری دەکات، دوو: زەمانی وەحدەی تەشریع، سێ: سیاغەی مەشروعاتی قانونی و قرارات کە لەوەزارەتەکانەوە دەردەچێ یان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەر دەچێ، بەنیسبەت وەحدەی تەشریع و وەحدەی سیاغەی تەشریع ئەصلا عیلاقەی بەوەزارەتی عەدلەوە هەیە عیلاقەی بە سوڵتەی قەزائییەوە نیە بەقەراری قەتعی، ئەوەی هەیە و نیە، مەحکەمەی ئیداریەکەیە، مەحکەمەی ئیداری لەگەڵ مەحاکمی مەدەنی فەرقی، ئیختیصاصاتی مەحاکمی تایبەتمەندی خۆی هەیە لەچەندین یاسادا خۆی دەدیتەوە، بەینەما ئیختیساساتی مەحاکمی ئیداری لەو یاسایا خۆی گرتیتەوە کە ئێستا، پاش چەند ماوەیەك دەچینە سەر مادەکانیان، بۆیە حەز دەکەم برادەران ئەندامانی پەرلەمان عەجەلە نەکەن لەو مەسەلەیە وە مەسەلەی سولتەی قەزائی کە د.نوری و برادەران ئیشارەتیان پێ کرد، ئەوە تەماشای مونازەعاتی بەینی ئەفراد دەکات، چ بەگوێرەی قانونی مەدەنی بێت، چ بەگوێرەی ئەحوالی شەخسی بێت،

چ بەگوێرەی قانونی جەزائی بێت، بەینی ئەفرادو ئەفرادە تاڕادەیەك، بەینەما مەحاكمی ئیداری ئەو مەسائیلەی كە دەیبینێت تەعن لە قەراراتی ئیداری دەدات كە لەدەزگاكانی حكومەت دەرەچێت، یەعنی لەهەمان كاتدا تەعن لە قەراراتی ئیداری دەدا كەبەنیسبەتی موەزەفینیش دەردەچێت، بەنیسبەت ئینزیباتی موەزەفی دەوڵەت، بۆیە بەراستی ئیشو كارەكانی مەحاكمی ئیداری غەیری ئیشوكارەكانی مەحاكمی مەدەنیە وە بنەماكانی مەحاكمی ئیداری غەیری بنەماكانی مەحاكمی مەدەنیە، بۆیە حەزم كرد بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو تەوزیحە بدەم بۆ ئەوەی سورەتێكی وازیحیان لەئیختیساساتی مەحكەمەی ئیداری و ئیختیساساتی مەحاكمی مەدەنی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من ئومێدەكەم جەواب دابێەتەوە، بەڵام كاك شێروان و لیژنەی قانونی وەهەر وەها جەنابی وەزیریش، ئەو موستەشارەكان تۆزێ مەفهوم نیە، مەجلیسەكە ویتالف من الرئیس ونائب الرئیس ومستشارین لایقل عددهم عن سبعە، ومستشارین مساعدین.

دواتریش موستەشار هەر موساعیدە، خۆ دوو نەوع موستەشار نیە، ئەوەی یەكەمیان لە حەوت كەمتر نەبێ و ئەوی تریشیان لەچوار كەمتر نەبێ، ئەوە تۆزێ وازیح نیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت موستەشارین تەبیعی موستەشارین لەقانونەكدا هاتووە كە مواسەفاتی چیە؟ وە خزمەتی چیە؟ موساعیدی موستەشاریش بەهەمان شێوە مواسەفاتی چیە؟ وە خزمەتی چەندە دیسان هاتووە وە لە هەمان كاتدا لەیاساكەدا هاتووە موساعید موستەشار چۆن دەبێتە موستەشار؟ ئەگەر هاتوو سێ ساڵ خزمەتی هەبوو لەدەزگاكە لەقەبی موستەشار وەردەگرێ، بەڵام ئەوەی ئێمە دامان ناوە چوارەكە، بەراستی ئێمە تەماشای دەزگاكان دیكەمان كردووە كە نابێ لەچوار موستەشار زیاتری هەبێت، بۆیە ئەوەمان داناوە، ئەگەر بەڕێزتان رەئێكتان هەبێ، یان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان رەئێكی تریان هەبێ، یان جەنابی وەزیر رەئێكی تری هەبێ ئەوە موناقەشەكە مەفتوحە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

موساعید موستەشاری لە بەعزی قەوانینی دەوڵەتەكانا هاتووە وەكو قانونی میسری و قانونی ئەردەنی وەلەهەمان كاتدا لەقانونی عێراقیش هاتووە ئەو موستەشارانە كەئەوەیە ئێشەكانی مجلسی شوورا ئێبدائی مەشوەرەتە ئەو موستەشارانە هاوكاری ئەو مەجلیسە دەبن لەبۆ ئەوەی مەشورەت بدەنە ئەو ئەنجومەنە یان ئەو لایەنەی كەداوای لێ دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو مەوزوعە مەسەلەی موستەشار و موساعیدی موستەشار دەنگ دەدەمە ئەوەی خیبرەی هەبێت، کاك دكتور ناسیح و کاك دكتور نورالدین و کاك جەمال، دكتور ناسیح فەرمووو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو چوار موستەشارەی کە وا دیاری کراون وەکو موساعیدین کەوا ئێستا لە وزیزارەتەکان کاتی خۆی دیاری کران، ئەمە بۆ خویان لیژنەیەکی موستەشاریین یەعنی ئەنجومەنیکی موستەشارین بۆ راوێژکاریەکەی، موستەشاریان بۆ چیە ئەمان؟ فەرقی زۆرە لەگەڵ ئەوەی کەوا جەنابی کاك شیروان باسی کرد کە ئەوە بۆ وەزارەتەکان دانراون، لێرە ئەمە جودایە، ئەمە عیلاقەتی بەوەزارەت نیە، ئەلێرە خۆی ئەنجومەنی راویژکاریە، ئەنجومەنی شورایە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم چوارە زیادە، لەگەل رێزو سوپاس دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دكتور نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێك لە سەرنجەکەی من کاك دکتۆر ناسیح روونی کردەوە، ئەوەی کە باسی لێ ئەکرێ چونکە چوار راوێژکار ئەوە راوێژکار بدەن بەوەزارەتەکان کەوتمان لەهیچ وزارەتێکا نابێ لەچوار راوێژکار زیاتر هەبێت، لێرە ئەنجومەنێك هەیە ئەنجومەنەکە سیفەتی تایبەتیان هەیە، ئەبێت پاشان دیاری ئەکرێت من لەوباوەڕەدام حەتا ئەگەر قانونەکەیش بەو شێوەی کەوا پێشنیازکراوە پەسەند بکرێت با ئەو ئەنجومەنە لەپێنچ ئەندام زیاتر نەبێت، چونکە هەتا ئەندامەکانی زیاتر بێت کارەکان خراپ تر ئەڕۆات، پێنچ ئەندام بەسەرۆك و جێگرەکەیەوە وابزانم کافیە بۆی کەوا بتوانێت ئەرکەکانی ئەو ئەنجومەنە بەڕێوە ببات، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ناوی مەجلیسەکەمان گۆڕی لەئێستیشاریەوە بۆ مەجلیسی شورا، ئەندامانی ئەو مەجلیسە نابنە موستەشار، ئەبنە ئەندامی مەجلیسی شورا ئەوان بۆیان هەیە، یەعنی بۆیان هەیە کەموستەشاریان هەبێ، یەعنی ئەوان نابنە موستەشار، ئەوان ئەندامی مەجلیسی شوران، ئەمە یەك، دووهەم: بۆچی ئەبێت رەبت بێت بەوەزارەتی عەدلەوە، من تێبینیەکم لەسەر ئەمە هەیە، تەبیعی ئەبێ رەبت بێ بەوەزارەتی عەدلەوە لەبەر ئەوەی قراری ئەم مەجلیسە قەتعیە، بەڵام قەراری مەجلیسی قەزا قەتعی نیە، مەحکەمەیەك قەرارێك دەر ئەکات خەڵك بۆی هەیە تەمییزی کات، یەعنی لەسەری بڕوات، بەڵام قەرار ئەم مەجلیسە

کەئەدریت بۆ گۆڕینی هەر قەراریەکە کە لەلایەن وەزارەتەوە و شتەئیداریەکانەوە درابێت، قەراری ئەم مەجلیسە قەتعیەو لەبەر ئەوە ئەو فەرقەی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی خۆی ئێشکالیەکە لەوەدایە کەئەو موستەشارەی لێرەدا باس کراوە، بۆیە ئیقتیباسێك هەیە ئەو موستەشارە لێرە نیە کە لەئەنجومەنی وەزیران هەیە یان لەوەزارەتەکاندا هەیە، ئەوە ناوی موستەشارە، رەنگە لە زۆر وڵاتاندا هەیە، وەکو ئاماژەتان پێی کرد لە قانونی میسری هەیە، کەدەڵێی موستەشار مەنسەبێکی گەورەیە، یەعنی دەورێکی هەیە، بەلام ئەگەر لەقانونا ناوی بنەی موستەشار، ناوەکە ئیقتیباسێك پەیدا دەکات، جا ئەگەر عضو مەجلییس ئیستیشاری ناوی بنەێت ئەو ئیشکالیەت لەکۆڵ دەبێتەوە، ئێتر نازانم چۆنە رەئیتان، ئەگەر جەنابت شتێکت هەیە ئەبێ بەپێی نیزامی داخیلی بەکاك فاروق بڵێیێت، کاك سعد الدین فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادەی 27 لە یاسای خدمة المجلس، رونی کردوەتەوە باسی کردووە موستەشار چیەو موستەشاری موساعید چیە، یەعنی لێرە کە دەڵێت: یشترط في تعيين الرئيس ونائب الرئيس والمستشار والمستشار المساعد، اضافة الى توافر الشروط العامة للتعين في الوظيفة العامة على ان يكون حاصلا على شهادة بكلوريوس في القانون او مايعادلها، وله ممارسة فعلية بعد التخرج من الكلية لمدة لاتقل عن عشرين سنة في الوظيفة القضائية او المحامات بالنسبة للرئيس ونائب الرئيس والمستشار وخمسة عشر سنة بالنسبة للمستشار المساعد، یەعنی ئەوە فەرقەکەیە لەبەینا، دواییش ئەو موستەشار موساعیدە حەقی تەسویتی نیە ئەوە یەك، دوو: هەیئەی موتەخەسیس هەیە لێرە یەك لەنەقسی ئەو قانونە ئەوەیە باسی هەیئەی موتەخەسیسی نەکردووە، ئەو هەیئەی موتەخەسیسە، ئەو موستەشارە موساعیدانە لەوێ حازر دەکەن، یەعنی ئیبدائی مەشورەت ورِئیە قانوییەکان دەکەن، ئینجا دەهێنرێتە هەیئەی عامە، ئەوەیە سەبەبی تەواجیدی موستەشاری موساعید لەو قانونەیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێرون فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە کاك جمال ئیشارەتی پێدا کە ئەڵی قەراراتی مەحکەمەی ئیداری قەتعیە، قەراراتی مەحکەمەی ئیداری قەتعی نیە، قەراراتی مەحکەمەی ئیداری قابیلی تەعنە لەلایەن مەجلیسی شوراوە، پاش ئەوەی کە دەچێتە هەیئەی عامە، هەیئەی عامە کە موسادەقەی کرد ئەوجا ئیکتیسابی دەرەجەی قەتعی دەکات، یەعنی قەراراتی مەحکەمەی ئیداری قەتعی نیە، یەنیسبەت موستەشارین و موساعید موستەشارین ئەوەی کەلێرە هاتووە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو موستەشارەی کە لەدامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

هاتووه، چ لەناحییەی خزمەت و چ لە ناحییەی پسپۆڕی و خیبرەتەوە، ئەوە تەنها لە مەجالی قانونە، هەر وەك جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش وتی ئەگەر نوسفەکەش بگەڕێتەوە و جەنابی وەزیر مانیعی نەبێ نوسفەکە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی موازاتی خۆی وەربگرێت لەگەڵ عەدەدی موستەشارە ئەسڵەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوسفەکە نابێ، چونکە ئێوە لێرە وتوتانە حەوت، حوتیش تەقسیم ناکرێت، کە تەحدید نەبێت مومکینە هەر لەحزەیەك تەقسیم نەکرێت، واتا ئەبێ تەحدید بکرێت، من حەزەکەم پرسیارێك بکەم و پاش ئەوەیش شەرحێك کە لەسکرتێری پەرلەمان کاك فرست تێگەیشتم، ئێمە هەیئەی قەزا وتمان حەدی ئەدنامان داناوە، حەدی ئەدنامان دانا هەیئەی قەزا بۆ خۆی داتوانێت زیادتری بکات، بەڵام هەیئەی قەزا بەعتیبار هەیئەی قەزائی هەیئەیەکی موستەقیلەو سەر بەخۆیە، سیقەیان پێ دراوە، خۆیان تەقدیری ئەوە دەکەن چەند زیاد بێت ئەم پڕوژە یاسایە لەدەقی یاسایەك هاتووە وەقانونی مەجلیسی شورای دەوڵەت، هین زەمانی بەعسە وابزانم، لەوێدا هاتووە بەعەینی سیغە لە12 کەس دەبێ عەدەدی موستەشارین کەمتر نەبێ لە 12 کەس وەموساعیدینیش کەمتر نەبێ لە 6 کەس، لەبەر ئەوەی ئەو هەیئەتە موستەقیل نیە عاید بە حکومەتە بۆیە بۆ ئەوەی قەراراتەکان مومکینە حکومەت سبەینێ بیەوێتن بەئیتیجاهێکا بڕوات دوو ئەندامی خۆی زیاد دەکات، بۆ ئەوەی لەسەدا پەنجاکەی بەئیتیجاهی خۆی بکات، بۆیە من حەز ئەکەم بیر لەوە بکەنەوە وەکو هەیئەی قەزا تەماشای نەکەن و حەدی ئەعلاکەیشی دیاری بکرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مولاحەزەی ئەسڵی مەشروعەکەی حکومەت بکەین، ئێستا دەیخوینمەوە ئێمە هیچ گۆڕان کاریمان تێدا نەکردووە جگە لەوەی کە نصف عدد المستشارین رەقەمان بۆ دانایە، ئەڵێ: یؤسس في الاقلیم مجلس یسمى المجلس الاستشاري الاعلى لاقلیم کوردستان - العراق یرتبط اداریا بوزیر العدل ویتألف من رئیس ونائب للرئیس ومستشارین لایقل عددهم عن سبعة ومستشارین مساعدین لایزید عددهم على نصف عدد المستشارین، واتا ئیمە گۆڕانکاریمان تەنها لە عەدەدی ئەخیرەکە کردووە، موستەشارین موساعدین، ئێستا رەئیی ئەندامانی پەرلەمانە ئەگەر دەیانەوێ گۆڕانکاری لەومەوزوعە بکەن، یان لە پڕۆژەکە وەرگرن یان لەلیژنەی قانونی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست فەرمووو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆ مەوزوع ئەوە نیە گۆڕانكاری لەسەر پرۆژەی حكومەت بكەین یان نا، چ بەمسڵەحەت دەزانین، هەرچی بەمەسڵحەتمان زانی بیگۆڕین ئەیگۆڕین، بەڵام مەوزوعێك هەیە جەنابی سەرۆك لێرە، حكومەتی عێراقی لەوەختی خۆی، خۆمان دەزانین نە قەزا موستەقیل بۆو نە مەجلیسی شورا موستەقیل بوو، هەر قەزییەك بووایە، پێویستی بەوەیان زانیبا ئێتیجاهی بڕیارەكە بۆ ئێتیجاهێكی موعەیەن ببردایە شعوریان بكردایە وەئەندامانی ئەو ئەنجومەنە لەگەڵ ئەو ئیتیجاهە نین دەیانیوانی، چونكە حەدی ئەعلا معەین نیە، چوار ئەندامی تر وەزیری عەدل ئیزافەی بكردایا وە بڕیارێك لە مەسڵەحەتی ئیتیجاهێكی موعەین بدات، من مەوزوعم لەگەڵ كاك فاروق نیە، كاك فاروق هەتا هەتایە وەزیری عەدل نیە، من نازانم ئەوەی كەبێتە جێگای چۆن ئەبێت یان چون نابێت، بەڵام مرۆڤ وەكو مەبدء تەماشا بكات وەكو فكرەیەكی قانونی، منیش وەزیر عەدل بم هەر كەشعور بكەم ئەندامانی مەوجود حالیا لەسەر مەوزوعێكی موعەیەن بڕیار بە ئیتیجاهێكی موعەیەن ئەدەن كە من لێی رازی نیم چ لەبەر قەزیەی شەخسی چ لە بەر قەزیەیەكی سیاسی، ئەتوانم چوار ئەندامی تر ئیزافە بكەم، چونكە قانون حەد ئەعلای تەحدید نەكردووە، زەمانی ئەوە كە بڕیارەكە لەو ئیتیجاهە بێت كەمن لێی رازیم و بەدڵی منە، چ وەكو حكومەت چ وەكو وەزیری عەدل لەبەر ئەوە من ئەڵێم زەروریە حەد ئەعلای بۆ دابنەین، ئەما ئەگەر بڵێین مەحكەمەی تەمییز موعەین نیە وەكو حەد ئەعلا، ئاخر مەحكەمەی تەمییز هەیئاتیان حەد ئەعلای موعەیەنە، ئەگەر مەجموعی وەربگری ئەوە لە نەتیجە ئەندامانی مەحكەمەی تەمییز موحەددەدە، حەد ئەعلایەكە، چونكە هەر هەیئەیەك ئەڵێت لەئەوەندە زیاتر نەبێت و لەئەوەندە كەمتر نەبێت، بەڵام ئەوە ئەنجومەنە و حەد ئەدنا تەحدید كرایە، حەد ئەعلا تەحدید نەكرایە، یەعنی وەزیر بۆی هەیە ئیزافە بكات كەبیكاتە زوعف، دوو زوعف، سێ زوعف كەس دەستی ناگرێت، لەبەر ئەوە من بەڕاستی باشتر ئەبینم، بۆ تەحقیق كردنی عەدالەت وەئیشەكە بەراستی بەڕێوە بچێت وەبەمەوزعی تر بەڕێوە بچێت، ئێمە حەد ئەعلایەكەش دابنەین لەوە زیاتر نەبێت وپیش وەخت خەڵكێك بزانێت ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە كێن و سیفاتیان چیە، نەك بۆ هەر قەزیەیەك یان بۆ دوو قەزیە بێم ئەنجومەنێك دروست بكەم چوار ئەندام زیادی بكەم، قەزیەی دووهەم چوار ئەندام كەمی بكەم، بەرئیی من كاك فاروق لەگەڵ ئەو رئیەیە، زۆر سرپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز قادر سعید خضر( زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو كاك شێروان باسی كرد ئەو موستەشارەی لێرە ناوی هاتووە وەكو ئەو موستەشارانە نیە كە لە وەزارەتەكان باسمان كرد، ئێمە باس ئەنجومەنێك دەكەین كە ئەو ئەنجومەنە پێك هاتووە لە ژمارەیەك ئەندام، بەڵام لێرە تەنها باسی سەرۆك و جیگری سەرۆك و چەند راوێژكارێك دەكات، پێ ناچێت ئەندام بن، بۆیە من پێشنیار دەكەم وشەی موستەشار و موساعیدی موستەشار هەر بەكار نەهێنین، بڵێین پێك

هاتووەلەسەرۆك و جێگری سەرۆك و چەند ئەندامان كەلەئەوەندە زیاتر نەبێ، لەمادە كانی دواتریش باسی مەرجەكانی ئەندامێتی ئەو مەجلیسە كراوە كەموئەهیلاتی عیلمی چیەو چی نیە، وشەی موستەشارو موساعیدی موستەشار راستە لەوانیە لەقانونی عێراقیدا هاتووە، بەلاّم بۆ ئەوەی تووشی ئەو ئیقتیباسە نەبین تەعریفمان نەكردووە لێرە، هەر بەكاری نەهێنین، بلێین لەئەوەندە ئەندامە زیاتر نابێت پێك بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئییدی كاك زانا دەكەم، هەر نەفسی قسەم هەبوو، بەلاّم یەعنی سێ گۆڕانكاری بەسەر مادەكە بێ، یەك: حەدی ئەعلا دەست نیشان بكەین، یەعنی بلێین عدد الاعضاء لایزید عن، یان 12 بێت یان 14 بێ، وە وشەی موستەشارو موساعید موستەشار هەر لادەی، گۆڕانكاری سێ هەم لەمادەی 27 ئەوەی كە كاك سعدالدین باسی كرد بەرەئیی من خزمەتی قەزائیان لە موساعید موستەشار دەستنیشان كرایە وئەبێ 15 سالْ خزمەتی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی منیش هەر پشتیوانی لە بۆچوونەكەی كاك زانا و كاك سەردار دەكەم سەبارەت بەوەی كەحەدی ئەعلای ئەندامانیش دیاری بكرێت وەكو كاك فرست باسی كرد لەمەجموعەیەك لە ئەندامان پێك بێت و حەدە ئەعلایەكش دیار بكرێت، ئەوە شتێكی باشە، سەبارەت بە دوو مەسەلەی تریش هاتە پێش، پیم باشە هەر ئێستا رەئی لەسەر ئەو مەسەلانە بدەم یەكێكیان ئەوەیە كە باس لەوە دەكرێت بۆ تەعدیل لە ناوەكەی ناكرێت لەقانەنی وەزارەتی عەدل؟ من پێم باشە بگەرێینەوە سەر خالّی 36 لەراپۆرتی لیژنەی یاسایی كە بە ئاشكرا دەلێت: تحل عبارة مجلس الشورى لاقلیم كوردستان العراق محل عبارة المجلس الاستشاري اینما وردت في القوانین والانظمة النافذة في الاقلیم ویجري تبدیل عناوین العاملین في المجلس وفقا لاحكام هذا القانون، ئەوە یەك، دوو: سەبارەت بەوەی كاك شوقی باسی كرد كەوا ئەو مەحكەمە ئیداریەی بەپیچەوانەی دستوری عێراقیە، بەلاّم لە دستوری عێراقی مادەی 101 بەئاشكرا باس لە پێكهێنانی مەجلیسی دەولّەت دەكا بەقانون، ئەلێت ئیشوكارەكانی بەپێی سیاغەتی قەوانینە وە مەحكەمەی ئیداریە، كەواتا ئەوە خیلافی قەوانین و دسوری عێراقیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئاریز فەرموو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ پشتیوانی لە دوو قانون بکەم، یەکێکیان کاك فرست باسی کرد، دووهەم ئەوەی کاك زانا باسی پشتیوانی کرد، ناوەکەی بگۆڕین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەرەئیەکەی کاك زانا دەکەم، فیعلەن ئەو ئەنجومەنە ئەبێت گۆمەڵێك ئەندامی هەبێ وەئەبێت ئەندامی ئەنجومەنی شورابێت، نەك موستەشاری ئەنجومەنی شورابێت وەبەنیسبەت ئەوانەی کە موساعیدینی موستەشارن بکرێت، هەر ئەوان ببنە موستەشار، ئەوانەی تر ببنە ئەندامی ئەنجومەن، ئەوە خاڵێك، دوویش: کە دەڵێت راوێژکارەکان کە نیوەی ئەندامەکان بن کە حەفتە، ئەی نیوەی حەفت چەندە؟ یەعنی سێ بێ چوار بێ، سێ ونیوی بێنین چۆن دەبێت؟ ئەوەش موشکیلەیەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابتان لەروون کردنەوەکە ئیشاروتتان بەوە دا کە ئەم ئەنجومەنە شورایە سەر بەخۆ نیە، من لێرەدا پرسیارێك ئاراستەی لێژنەی یاسایی دەکەم ئەوەی کە ئێمە تێگەیشتووین ئەم ئەنجومەنە سەر بەخۆیە، تەنها لە رووی ئیداریەوە رەبتی بە وەزیری عەدل و وەزارەتی عەدلەوە هەیە، واتا ئەو تێبینییەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان لەسەر ئەوەی کە وەزیر بتوانێ بە رەغبەتی خۆی ئەگەر عەدەدی موستەشارین یان ئەندام دیاری نەکرابێت بەکەیفی خۆی زیادی بکات، من پێم وایە کە ئەم ئەنجومەنە لەراستیدا لەرێگای وەزیرەوە ئەندامی بۆ زیاد ناکرێت، ئەبێ بەشێوەیەکی تربێت، من داوای ئەوە دەکەم کەرونکردنەوەیەکمان بدەتێ لەسەر دەرەجەی سەر بەخۆیی ئەو ئەنجومەنە و تاچی رادەیەك وەزیری عەدل بۆی هەیە؟ یەعنی بەنیسبەت تەعینکردنی ئەندام لەو هەیئەتە و تاچی رادەیەك دەسەڵاتی هەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی روون بێت کەوتمان سەر بەخۆ نیە، مەعنای ئەوەیە تەنها لەناحیەی ئیداری، لەناحیەی ئیشەوە سەر بەخۆن، چۆن سەر بەخۆ نیە؟ بەڵام لەناحیەی ئیداریەوە سەر بەوەزیری عەدلە، واتا ئیداریەن ئەوامری دەرهێنان ودانانی موستەشار، مەعاشیان، موکاتەباتیان هەمووی لە گەڵ وەزیری عەدل دەبێت، بەڵام ئیشیان سەر بەخۆیە، دادەنیشن وقەراردەدەن، حەسمی خیلافاتی ئیداری دەکەن، تەفسیری قەوانین دەکەن و رەئی دەدەن لەسەر ئەو قەراراتانا, کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو گۆڕانكاریەی كە لیژنەی یاسایی كردوویەتی من بە گۆڕانكاریەكی زۆر یاسایانەی دەزانم، بەدەلیلی چیٚ؟ ئەگەر بێین سەیری مادەی شەشی ئەم یاسایە خۆی بكەین، ئیشوكاری ئەم مەجلیس شورایە چیە؟ ئیشوكاری تەقنینە، ئیبدائی رەئییە، مەشورەیە، تەقنین، دروست كردنی قانونەو رەئیەكەش رەئی قانونییە و مەشورەیش حەلی مەشاكیلە غامیزەكان كە تەفسیر ناكرێت، بێینەوە سەر قانونی سوڵتەی قەزائی، ئەگەر بێینە سەرمەجلیسی قەزا من لەوەدا لەگەڵ جەنابی كاك فرست دا نیم، مەجلیسی قەزا بەبیٚ عەدەد تەحدید كراوە لەرەئیسی مەحكەمەی تەمییزو لەئیشراف عەدلی و رەئیسی ئیدیعائی عام و لەرەئیسی ئیستیئناف مەنتەقەكان، یەعنی عەدەدەكەی مەحدود نیە، مەحكەمەی تەمییزیش كەتەشكیل ئەكرێت لە 9 عەدەدیش لە 9 نابێت كەمتربێت، بەینەما ئەم مەجلیس شورایە كە ئێستا دروست دەكرێت لەبەر ئەوەی تەقنین ئەكات یان قانون دروست دەكا وەرەئیی حاسیمە، مەفروزە وەكو ئەو رەئیەی كە لیژنەی یاسایی داویەتی لەرەئیس و نائیب رەئیس و موستەشارین لا یقل عددهم عن سبعة، اما بەنیسبەی چوارەكەوە، راستە خۆ حەوت ناكرێت بەسیٚ ونیو، حەوتەكە ببیٚ و چوارەكەش چارەسەر بكرێت، ئەوە باشترین رەئیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر مولاحەزەی مادەی چوار لە پرۆژەكە بكەین لەفەقەرەی دوو هاتووە لایحق للمستشارین المساعدین الاشتراك في التصویت ئەوە یەك، مولاحەزەی مادەی 15 بكەن لەپرۆژەكە دەڵیٚ، اذا تنازع اختصاص محكمة القضاء الاداري والمحكمة المدنیة فیعین المرجع هیئة قوامها ستة اعضاء وثلاثة اعضاء یختارهم رئیس محكمة التمییز وثلاثة اخرون یختارهم رئیس المجلس من بین اعضاء المجلس، ئەوە مەعنای كێشەمان نیە جەنابی وەزیر هەر كیٚ بیٚ بەكەیفی خۆی گۆڕانكاری بكات، جگە لەوەیش لەمادەی 29 لە پرۆژەكەهاتووە تەعینەكە چۆنە، یعین الرئیس ونائب الرئیس والمستشار بمرسوم اقلیمي بناء علی اقتراح رئیس مجلس الوزراء، واتا فلتەرێكی زۆر هەیە بۆ ئەو كەسانەی كەدەبنە موستەشار و موستەشار موساعید، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها یەك تەوزیحی بچووكم هەیە، قراراتەكانی ئەوە دەبیٚ عەدەدەكەی فەردی بێت نابێت عەدەدەكەی زەوجی بێت، هەر بۆیەش حەفت هاتووە نێوەی حەفتیش هاتووە بەراستی دەبێت رەچاوی فەردیەت بكرێت لەدامەزراندن و بێك هێنانی ئەو مەجلێسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەباسی نیوەی حەفت کرا، ئەم نالێت حەوت بێ ئەلێت لە حەوت کەمتر نەبێت، ئەتواندرێت زۆر تربێت، لەبەر ئەوە نوسفەکە لەجێگەی خۆی هاتووە، یەعنی غەلەت نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم خوشە برادەران بزانن ئەوانەی کەئەندامی ئەو مەجلیسەن، مەجلیسی شورا فەرقیان هەیە لەگەڵ ئەو موستەشارانەی کەلەوەزارەتەکان دادەنرێن، بەراستی وەکو برادەران بەعزێکیان تەوزیحیان کرد ئەوە یەکێکیان، دووهەم: بەنیسبەت ئەو رەئیەی کەوا دەزانن وەزیری عەدل بە کەیفی خۆی خەڵك دادەنێت، پێم وابێ ئەوە دووره لەوە، چونکە مادەی 27 شەرتی دانانی دانایە، یجب ان یکون حاصلا علی شهادة البکلوریوس في القانون، وە مومارەسەیەکی هەبێ بیست ساڵ لەوەزیفەی قەزائی، بەنیسبەت رئیس و نائیب رەئیس، وە 15 ساڵیش بەنیسبەت ئەوانەی کە موستەشاری موساعیدن، دوایی لەهەمووی موهیم تریش لەمادەی 29 بەمەرسومی ئیقلیمی ئەوە تەعین دەبێت، ئەڵێ، یعین الرئیس ونائب الرئیس والمستشار بمرسوم اقلیمي بناء علی اقتراح من وزیر العدل وموافقة مجلس الوزراء، یەعنی لەوێ دەسەلاتی وەزیر عەدلیش ئەوە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ناسیح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندیك لە ئەندامانی بەڕێز کە پێشنیاریان کرد بگۆڕدرێت، کەوایە وشەی موستەشار لەجێگای خۆی نەهاتووە، من پیم وایە بەپێچەوانەوە خۆی ئەسڵەن بە سەرۆکەکەیشی وجێکرەکەیشی موستەشارن، هیچ ئەمە لەوە کەمتر نیە لەهەیبەتی ئەوان، بەپێچەوانەوە خۆیان هەیئەیەتێکی ئیستیشارین، راستە ناومان نا مەجلیسی شورا، بەلام خۆیان هەیئەتێکی ئیستیشارین، لەبەر ئەوە زۆر زۆر تەبیعیە ناوەکە بە موستەشار بمێنێتەوە، چونکە هەم جێگرو هەم سەرۆك هەردووکیان ئەوانەیش موستەشارن، بەلام لەوێ بەتەئکید هاتووە ناوی سەرۆکە و جێگرەو ئەوەندە موستەشارە، یەعنی هەیئەتەکە موستەشارینن، یەعنی هەیئەی ئیستیشاریە، بەلام ئێمە ناومان نا شورا، شتێکی زۆر زۆر سروشتیە، یەعنی وشەی راوێژکار ئەوەندە باهەیبەتەکەی نەهێنینە خواەوە بلێین هێنە، بەلام من دیسان ئەلێمەوە چوارەکەی تر پێویست ناکات یان ئەگەر ئەتانەوێ زیادیکەن یان ئیزافەیان کەن یان لە حەوتەکە زیادی کەن یان بیکەنە نۆ یان زیاتر یان

کەمتر، بەڵام موساعیدین نابێ، دوو نەوعە موستەشار نابێت، ئەوان خۆیان هەیئەتێکی موستەشارین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاماژە بە قسەکەی کاك کریم، حەزئەکەم ئەو مادەیە ئەگەر رێگام پێ بدەی بیخوێنمەوە کەئەوەی ئەو دەڵێ موخالیفە، یجوز بقانون انشاء مجلس الدولة یختص بوظائف القضاء الادراي والافتاء والصیاغة وتمثیل الدولة وسائر الهیئات العامة امام جهات القضاء الا ما استثني منها بقانون، ئەوە راستە بەقانون دا دەنرێ، خۆ سلۆتەی قەزائیش هەر بەقانون دادنرێ، بەڵام سوڵتەی تەنفیزی جیاوازە لەگەڵ قەزا، خۆ ئەوە نابێت سەر بەحکومەت بێت یان سەر بە سوڵتەی تەنفیزی بێت، لێرە ئاماژە بەئەوە ناکات، مادام ئاماژە بەئەوە ناکات دەبێ ئێمە بگەڕێینەوە بۆ مەبدەئەکەی دیکە، فیعلەن دەبێ ئێستاکەش تەئکید دەکەم کە بەڕێز جەنابی وەزیریش ئاماژەی بەوە کرد کەئەوە ئیشێکی ئیداریە، بەڵام ئەوە ئیشێکی ئیداری نیە، ئەوە ئیشێکی قەزائییە خۆی دەڵێ قەزایای ئێداری، یەعنی بۆ مونازەعاتە لەبەینی وەزارەتەکان، یاخود لە بەینی رەئیس و مەرئوسە، ئەوە قەزایە پیمان خۆشە یان پێمان ناخۆشە، لەم حاڵەتە دەبێ ئیستقلالییەتی هەبێ و لەزوربەی وڵاتەکانیش وایە کەهەیئەیەکە ئیشی موستەقیلە، من جارێکی کەیش تەئکید لەسەر ئەوەیش دەکەمەوە کەپێویستە ئیستقلالییەتی هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با زۆر روونبێت بوهەمووتان، ئەوە کەس نەیوتوە ئیشێکی ئیداریە ئەوە ئیشێکی قەزائیە، بەڵام حەسمی مونازەعاتی ئیداری دەکات، ئەوە هەیئەتێکی قەزائی گەورەیە سەر بەخۆیە، بەڵام ئیداریەن رەبتی بەوەزیری عەدلەوە هەیە، حەسمی مونازەعاتی ئیداری دەکات و رەبتی حکومەتیشە، وەکو ئیدیعای عام، وەکو تاپۆ، وەکو دەوائیری تری قەزا، ئەوەی مەحاکیمە ئیستقلالیەتی وەر گرتووە، ئەوانەی تریش موستەقلن، بەڵام ئیداریەن رەبتی ئەو وەزارەتانەی کە بۆیان کراوە، ئێستا دوو رەئی هەیە رەئیەك حکومەتە، کەلیژنەی قانونیش پشتگیری لێ کرد وەژمارەکەیشیان دەڵێت لە حەوت کەمتر نەبێت وە نیوەکەیشی کردووەتە چوار، رەئێکی تریش هاتووە لەسەر ئەوە کە کاك زانا وتی و ژمارەیەك لە ئەندامان پشتگیریان لێ کرد، ئەویش دەڵێ ئەو ئەنجومەنە وەکو هەموو ئەنجومەنەکانی تر رەئیسی هەیە، نائیبی هەیە وە عزویشی هەیە، ئەوانە هەیئەتێکی ئیستیشارین، هەیئەتی مەجلیسەکەن، دەبێت چەند کەسیکێش وەکو موستەشارین بۆیان دابنرێت، ئەگەر موقتەرەحەکە سیاغەی بکەی کاك زانا بۆ ئەوەی دەیخەینە دەنگەوە وەحەسمی ئەو مەوزوعە بکەین، کاك جمالیش پشتگیری لە هەمان ئیقتیراح کرد، بەڵام دوو مەسەلە هەیە پێش ئەوەی موفتەرەحەکە بخەینە دەنگەوە لەبەر ئەوەی شتێکی قانونیە و نیزامیە بیخەینە دەنگەوە، یەك شت دەڵێین بۆ ئەو موقتەرەحەی کاك زانا کە رەواجی هەیە، چونکە مێشکمان

ڕەوشەنبیریمان لۆموناقەشەکردنی قەوانیندا ئەو مەجلیس ئیستیشاریە دێتە بیرمان، موستەشارمان داناوە لەهەموو وەزارەتێك، ئەو موستەشارە فەرقی هەیە، ئەو موستەشارە نیە لەوەزارەتی تەندروستی و خویندنی باڵاو ئەوانەدا هەیە، ئەو موستەشارە حاکمە، قوەتی حاکمی هەیە، حوکمی قەزایا دەکات، ناوی لە زۆر وڵاتاندا موستەشارە، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا لە بەر ئەوەی کە موستەشار دێتەوە بیرمان دووسەدو قسور موستەشارمان لە ئەنجومەنی وەزیران هەیە، هەر وەزارەتێك ئەوەندە موستەشاری هەیە، زۆر مواسەفاتیشیان نیە هەندێکیان، بۆیە ئەو خەڵتە نەبێت، بەڵام لە ڕووی قانونی و ئیستراتیجیەوە ئەو موقتەرەحەی وەزارەتی عەدل خۆی کەناردوویەتی و حکومەت ناردوویەتی و لیژنەی قانونی پشتگیری لێ کردووە تەبیعیە، بەڵام لە ڕووی ڕەوشەنبیری ئێمە ئەوەی تر دەبێت جا ئەوە ئیتر بۆ خۆتان دەمێنێت، سیغەکەم بدەری بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە, کاك ناسیح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تر تەئکیدی لێ دەکەمەوە، خۆی ئەمانە موستەشاری دەوڵەتن، لەزۆر وڵاتدا ئاوها هاتووە، ئەوانە خۆیان حاکمن یان شارەزان، پسپۆرن لەبواری خۆیان، من بەراستی تێناگەم ئەو چوارەی تر بۆچیە؟ ئەو چوارەکەی تر زیادەیە، یەعنی لێرە پێویست بەو چوارە ناکات، ئەگینا حەوتەکە زۆر تەبیعیە، دەیکەنە حەوت، دەیکەنە نۆ موشکیلە نیە، بەڵام چوارەکە زیادەیە، دروست نیە لەگەڵ وەزارەتەکانی ترا تیکەڵ بێت، وەزارەتەکانی تر لەوانیە وەزیر شارەزا نەبێ، لەبەر ئەوە پێویستی بە پسپۆڕ هەیە، پێویستی بە شارەزا هەیە، بەڵام ئەلێرە هەیئەتەکە هەموویان شارەزان هەموویان پسپۆڕن لەبەینی خۆیان، لەبەر ئەوە پێویستیان بە شارەزا نیە، پێویستیان بە پسپۆڕو شارەزا نیە، یەعنی دوو شتی جیاوازە با تێکەڵ نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی کاك زانا دەڵێ، یؤسس في الاقليم مجلس يسمى مجلس الشورى لاقليم كوردستان – العراق يرتبط اداريا بوزير العدل ويتألف من رئيس ونائب للرئيس وعدد من الاعضاء لايزيد عددهم عن خمسة عشر عضوا، جا ئەوە ئەو موقتەرەحە، عەدەدەکەی ئیشکال پەیدا ئەکات، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: بەنیسبەت تەصویتەوە، ئەگەر درا تەصویت، ئەبێ موقتەرەحی لیژنەی قانونی بدرێتە تەصویت کە لەگەڵ موقتەرەحی حکومەت یەکەو یەکیان گرتۆتەوە ئەمە لە ڕووی قانونیەوە، لە ڕووی دووهەمەوە من حەزدەکەم ئەوە تەوزیح بکەم، برایان مەحکەمەی ئیداری چاوێکی زۆری لە سەرە لەناوەوەو لە دەرەوە، حەزئەکەم ئەوە بزانین و پەیوەندی بە شەریحەیەکی خەڵکی زۆرەوە هەیە، ڕجاتان لێ دەکەم تەقییدی سنووری ئەو مەجلیسە مەکەن بادەستیان باڵابێ لە مەسەلەی دانانی موستەشارین و دانانی موساعیدینی موستەشارین، موساعید موستەشارین خزمەتی خۆی دەکات و دیاری کراوە کێیە، موستەشار خزمەتی خۆی

دیاری كراوه، هەموویان صنفیان قازیە، یەعنی خەڵكێك نیە لێرەو لەوێ بیانهێنین، ئێمە لەزمنی قانونەكدا هەیە داوا دەكەین لەوەزارەتی تەعلیمی عالی وبەحسی عیلمی دەستنیشانی كوادری ئەكادیمی بۆ بكەن، بۆ ئەوەی ببن بە موستەشار لێرە، یەعنی مەسەلەكە مەسەلەیەكی زۆر گرنگە، حەزئەكەم بەجدیەتەوە وەریگرین، نەوەك بەو شكڵەی كە هەندێك برادەران بۆی دەچن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا، كاك سەردار، كاك كریم موفتەرەحەكەتان شمولییەتی تێدا نیە و وزوحیشی نیە، لەبەر ئەوە موفتەرەحی ئەو وەزارەی كەحكومەت دای ئەوە پەسەند دەكەین، ئەگەر نەیهێنا ئەو وەختە ئەو موفتەرەحەی ئێوە دەخەینە موناقەشە بۆ دەوڵەمەند كردنی، بۆیە سەرەتا موفتەرەحی ئەصلەكە زۆر موناقەشە كرا، ئێستا رەئیتان داوە، بەڵام رەئیەكەتان وزوحی تێدا نیە و شەرحی دەوێت، رەبتی نیە بە مەوادەكانی تریشەوە، ئەگەر رەئی لیژنەی قانونی كە لەگەڵ رەئیی حكومەتدا یەكن دەنگی نەهێنا، ئەو وەختە رەئیەكەی ئێوە دەخەینە دەنگدانەوە و دەوڵەمەندی دەكەین وسیاغەكەی باشتر دەكەین و دەنگی بۆدەدەین، دەگەڕێمەوە بۆ موفتەرەحی حكومەت كە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە تەعدیلێكی لەسەركراوە، دەڵێ نصف عەدەدەكەی، لایقل عن اربعة مساعدين فقط، وەكو خۆی با لەجیاتی لیژنەی قانونی خۆم دەیخوینمەوە دەڵێت، يؤسس في الاقليم مجلس يسمى المجلس الاستشاري الاعلى لاقليم كوردستان – العراق يرتبط اداريا بوزير العدل، ويتألف من رئيس ونائب للرئيس ومستشارين لا يقل عددهم عن سبعة ومستشارين مساعدين لا يزيد عددهم عن اربعة موستشارين، یەعنی موساعیدەكان نابێت زیادتربێت بەڵام موستەشارەكان نابێت كەمتر بێت لە حەوت ئەوە فەرقێكی تەواوی هەیە و زۆریش موناقەشە كرا لەسەر ئەوە، ناوەكە گۆڕا، ئەوە ناوەكان گۆڕان وەكو پێشتر هاتووە، مجلس الشورى لاقليم كوردستان، جەنابی وەزیر پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە دەمەوێ رەئیت وەربگرم لەسەر ئەوەی: يؤسس في الاقليم مجلس يسمى المجلس الاستشاري الاعلى لاقليم كوردستان – العراق، مجلس شورا، ئاخر ئەوە لێرە نەنووسراوە، تەعدیل دەكرێت وەكو وتمان، وەكو دەنگمان بۆی داوە، مجلس الشورى لاقليم كوردستان – العراق، يرتبط اداريا بوزير العدل، ويتألف من رئيس ونائب للرئيس ومستشارين لا يقل عددهم عن سبعة ومستشارين مساعدين لا يزيد عددهم عن اربعة مستشارين، یەعنی موساعیدەكان لەچوار نابێت زیادتربن، موستەشارەكانیش لە حەوت نابێت زیاتربن، فەرقیان زۆرە لێرە، یەعنی موساعید نابێ لە چوار زیاتربێت، جەنابی وەزیر رەئیت چیە؟.

**بەڕێز فاروق جميل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە سیغەیەكی باشە، بەڵام ئەو كەلیمەی ئەخیری موستەشارەكەی ئەخیرە زیادە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك فرست شەرحێکی باشیکرد لەسەر سەقفی ئەعلا، چونکە لەمادەی چوارا لەبڕگە دووی ئەوەلەن دەڵێت، لایحق للمستشارین المساعدین التصویت، یەعنی ئەو ئیزافانەی کەوەزیر چ کاتێك بیەوێت زیادی بکات وەکو موستەشار، یەعنی حەقی تەصویتیان هەیە، ئەو شەرحەی کاك فرست زۆر مەعقولە بیخەینە دەنگدانەوە بۆ سەقفی ئەعلا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فاروق خۆت و لیژنەی قانونی لەسەر ئەو موقتەرەحە ڕەئیتان چیە؟ کاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیشارەت بەوە ئەدەم ئەو سیغەی لیژنەی قانونی و ئەوەی حکومەت زۆر باشە، بەڵام حەدی ئەعلای بۆ دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەح هەیە کە حەدی ئەعلای بۆ دابنرێت، ئێستا لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیریش موسڕن لە سەر ڕەئیە کەی خۆیان، جارێکی تر دەیخوێنمەوە و دەیخەمە دەنگەوە، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپاڵ ئەو ڕەئیە ڕەئێکی کەیش هات و برادەرانیش تەئییدیان کرد دەربارەی حەدی ئەعلا، لەبەر ئەوە بە پێویستی ئەزانم ئەویش بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕەئیی جنابی وەزیرو لیژنەی قانونی وەردەگرم بو موقتەرەحەکەی کاك فرسەت کە دەبێ حەدی ئەعلای هەبێت، بۆ حەلێکی وەسەت، لایقل عن سبعة ولایزید عن اثنی عشر، ڕەئیتان باشە لەسەر ئەوە، یەعنی لە حەوت کەمتر نەبێت ولە دوازدە زیاتر نەبێت، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەنگە ئیشی مەحکەمەی ئیداری یان ئیشی مەحکەمەی شورای ئێستا کەم بێت، بەئیعتیبار دەزگایەکە تازە دادەمزرێت، بەڵام ڕەچاوی ئەوە بکەن ڕەنگە ئێمە چەند دەزگامان هەبێت لەو وڵاتە، چەند وزارەتمان هەبێت ئیشیان بەو دەزگایە دەکەوێت، مونازەعات بەینی وەزارات کە ئیختیساساتی جیاجیایە ئیشیان بەو دەزگایە دەبێت، یەعنی ئەو دەزگایە دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە، ئێمە ئەگەر دەستی ئەو دەزگایە بکەینەوە هیچ زەرەر ناکەین، ئەو دەزگایە تەنها بۆ خزمەت کردنی ئەم وڵاتەیە و مەفروز وانیە ئێمە عەشوایی بچین موستەشارین بێنین بۆ ئیمتیازات، ئەبێ موستەشارینی ئیختیساسیین بێرین کەبتوانن خزمەتی ئەم دەزگایە بکەن، بەدەیان وهەزاران سبەی، دوو سبەی مونازەعات حەسم دەبێت دەعاوی زۆر دەبێت، یەعنی

حەق وایە ئێمە دەستی ئەم دەزگایە کراوە بکەین بۆ ئەوەی بتوانین موستەشارین و موساعید موستەشارین لەو مەجالاتانە بۆ خویان دابنێن و حەدی ئەدنایەکەی مەشروعی حکومەت موافقین و تەئییدی پڕۆژەی حکومەت دەکەین، دوا رەئییش رەئی جەنابتان و ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دژی ئەو رەئیەم کەژمارەی ئەو دەزگایە زیادبکرێت، ئەوەش جۆرێکە لە بەردەوامیدان بە بیروقراتیەت کە لەوڵاتی ئێمە ئینتیشاری کردووە ولە دوا رۆژیش گەندەڵکاری دروست دەبێ، وجۆری دروست کردنی مەرکەزیەتیش هەبووە بۆ دەزگایەك، بۆ ئێمە دەستی وەزارەتەکان زیاتر سەربەخۆیی بەوەزارەتەکان نەدەین، خۆیان تا رادەیەکی باش بتوانن بەرامبەری ئەو کێشەیە ببنەوە وحەلیبکەن وموستەشارین هەیە لەوێ، ئەمە نوخبەیەکی زۆر کارانەو زۆر پسپۆڕو لێهاتووی لەوێ هەبێ بەژمارە مەحدود، بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەو وەزارەتانە بکەن، ئێمە تاکەی بەس ئەرقامەکان بەوشێوە نەگەتیفەکەی بەرزدەکەینەوە ولەهەندێ شوێنیش یاری بە ئەرقامەکان دەکەین وبچووکیان دەکەینەوە، لەدواییدا من باوەڕناکەم، بەڵام قانونی نیم، بۆیە ناڵێم 100٪، بەڵام لە 99٪  موتمەئینم لە هیچ شوێنی لەدونیادا، لە هەر وڵاتێکی تر بگەڕێن موستەشار موساعیدی نیە، موستەشار یەعنی عەقڵی هەمووی، تۆ کەموراجەعەی دەکەی خۆی دەبێ بتوانێ رەئی بدات و حەسم بکات، ئەنجومەنێکیشت دروست کردووە لەموستەشارین حەقی وایە خۆیان بتوانن حەسمی شتەکان بکەن، باشە ئەوانە موساعیدیان بۆ چیە؟ تۆ لەو فەرمانگەیە دەتوانیت خەڵکی تر دابمزرێنیت بەناوی تر، بەناوی باحس بێت، بەناوی هەر شتیکی تر بێت، بەڵام موساعید وابزانم شتێکی زۆر نەگونجاوە و کۆمەڵێك خەڵکی قانونیشمان لێرە هەیە، دوایی ئێمە ئەو دەزگایە ئەوەندە گەورە بکەین دوا روژ دەبێتە شتیکی سەیر، دەبێتە پەرلەمانێکی تر، دەبێتە لیژنەی یاسایی پەرلەمانێکی تر بەخۆمان دروستمان کردووەو سەریشمان لێ دەرناچێ، وەزعەکە ئاڵوزتردەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا زۆر موناقەشە کرا لەراستیدا لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیر موسڕن لەسەر موقتەرەحی خۆیان، ئەگەر ئەو موقتەرەحە ئەکسەرییەتی نەهێنا، موقتەرەحاتی جیاجیا هەیە، ئەو وەختە دەچینە سەر موقتەرەحەکەی کاك زاناو دەوڵە مەندی دەکەین بە قسەکانی تری هەندێك ئەندامانی پەرلەمان،بۆیە بۆ ئەخیر جار دەیخوێنمەوە و دەیخەمە دەنگدان، موقتەرەحی پڕۆژەی حکومەت کە پشتگیری کراوە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە، دەڵێت مادەی دووهەم: یؤسس في الاقلیم مجلس یسمی مجلس الشوری لاقلیم کوردستان – العراق، یرتبط اداریا بوزیر العدل ویتألف ن رئیس ونائب للرئیس ومستشارین لایقل عددهم عن سبعة ومستشارین مساعدین لایقل عددهم عن اربعة، کێ لە گەڵ ئەو موقەرەحەیە تکایە بادەستی بڵندکات؟، لەبەر ئەوەی زۆرینە لەگەڵیا نین من ئیقتیراح دەکەم ئەم مادەیە دوا بخرێت، بۆ ئەوەی موقتەرەحەکەی

کاك زانا دەوڵەمەندتر بکەین و ڕەچاوی ئەوە بکەین هەم حەدی ئەعلا وهەم لە گەڵ جەنابی وەزیریش دابنیشن بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەن، با ئەو چەند مادەیە تەواو بکەین ئەوجا، لەگەڵ لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیر دابنیشن بۆ ئەوەی موفتەرەحێکی گونجاوبێت، نەك موفتەرەحێکی نەگونجاو بێت، ئەصڵەکە نەکوژێت، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: مادەکە درایە دەنگدان و پێشنیاری ئەو برادەرانە سەری نەگرت، کەواتە ئەبێ نیوەکەی تریشی بدرێتە دەنگدان، دوو: ئەوبرادەرانە خۆیان دژی ئەونە چون بە ئەوان رادەسپێرێ و ئەوان پێشنیاری ئەو سیاغە بکەنەوە، بۆچی ئەو برادەرانەی تر پێشنیار نەکەن؟ کە پێچەوانەی ئەوان بووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز تۆ وادیارە لە قسەکانی من تێنەگەیشتی، من وتم کاك زانا وکاك سەردار وکاك کریم سیاغەیەك بکەن لەگەڵ جەنابی وەزیرو لەگەڵ لیژنەی قانونیش تەفاهوم بکەن، خۆ ئێمە دانەنیشتووین لێرە سیراع بکەین، ئەوە شتیکی قانونیە چی باشە بۆ کۆمەڵگا ئەوە بکەین، ڕەئیکیان هەیە ڕەئیان وەردەگرن، بۆ بێینەوە ئێرە جاریکیتر بیخەینە دەنگدانەوە؟ ودەنگ نەهێنێت، ئەگەر بکرێت مولاحەزەی ئەوان و جەنابی وەزیرو لیژنەی قانونیش پشتگیری بکەن بەئاسانی دەڕوات، کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرکی ئەنجومەن.**

من تێبینی ئەوە دەکەم و زۆر جاری تریش لەیاساکانی تر کە ڕەئی جیاواز دروست بووە، ئاوها شتەکان دواخراوە، پاشتر بە شێوەیەکی تر براوە و هەر بە هەمان ئەو ڕەئیە بووە، یەعنی دەستکارییەکی کەم، رتوشێکی کەم کراوە و دواتر دەنگی لەسەر دراوە، ئێستا کەسیاغەکە دراوەو لای جەنابتان هەیە و لای لیژنەی قانونیش هەیە ودەنگیشی هێناوە، شتێکی زۆر زۆر ئاساییە لەسەری بڕۆن بەبێ دواکەوتن، زۆر جاری تریش من تێبینی دەکەم جاری واهەیە بۆ نیو سەعات جەلسەکە دوادەخەین، هەر ئێستا خیلافێکی زۆری لەسەر نیە، ئەکسەرێیەتی لەگەڵ ئەو سیاغەدایە، پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیشە، حەقە رێز لە ئیرادەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جاریَ خۆ نەمان خستوەتە دەنگدانەوە کە جەنابت نازانی دەڵێی رێز لە ئیرادەی ئەندامانی پەرلەمانی بگیرێت، ئەوە یەك، دوو: لەبەر ئەوەی ڕەئیەکەت واقیعی نیە کە بیخەینە دەنگدانەوە ئەکسەریەت بڵێ وایە، ئەو وەختە قسەکەت ڕاست دەبێت، موفتەرەحێکە مەسئولیەتی ریئاسەت لەوە دایە، هەر ئەوە نیە ئیدارەتی جەلسە بکات، موفتەرەحێك هاتووە کەموکوڕی هەیە، چۆن بیخەمە دەنگدانەوە؟ قانونییەن کەموکوڕی هەیە، عەدەدییەن کەموکوڕی هەیە، ئەو موفتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە، مەسئوولیەتمان لەوە دایە خۆشمان لە رووی سیاغی و لە رووی قانونییەوە تێبگەین ئەو کەموکوڕیە، دواجا یەخەی ئێمە

دەگرن، قانونێك دەر بچێت بەوەی ئەكسەریەت دەنگیان پێی داوە، هەر كەموكورپەكی هەبێت لەرووی زمانەوانی و قانونیەوە خەڵكەكە ئاراستەی ئێمەی دەكاتەوە، بۆیە ئەو فورسەتە دەدەین بە كاك زانا كەخاوەن موقتەرەحەكەیە، ئەوە موقتەرەحەكە لامە، بەڵام تەواو نیە، ئەوەتا دەڵێت: يؤسس في الاقليم مجلس يسمى بمجلس الشورى لاقليم كوردستان – العراق، ويرتبط ادرايا بوزير العدل ويتألف من رئيس ونائب للرئيس وعدد من الاعضاء لايزيد عددهم عن خمسة عشر عضوا، ئاوها نابێت ئەبێت سیاغەیەك تەقدیم بكەن بگۆنجێت لە گەڵ مەبدئی وەزارەتی عەدل، كەناوەكەی دەڵێت موستەشار نیە، عزو مەجلیسە وە عەدەدەكەیش تەحدید بكرێت بەئیتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیر، پێویست ناكات بیخەمە دەنگدانەوە وسبەینێ هەرچی ئیشكالێك بێت جارێكی تر چاوەڕان بكەین پڕۆژەیەكی تر بێت وجارێكی تر موناقەشەی بكەین، كاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من مانیعم نیە لەدواخستنی موقتەرەحەكەم بۆ موناقەشەكردنی، بەڵام ئەوەی ئەلعێراقەكە تازەبوو، لە پڕۆژەكەی حكومەتدا وا هاتووە: كوردستان – العراق، منیش هەر وام نووسیوە ئەمە یەك، دوو: مەبدەئی موستەشار و موساعیدی موستەشارم لابردووە، عەدەدەكە ئەمێنێ، عەدەدیش بۆ ئەندامانی پەرلەمان پازدە نەبێ با دە بێ، دە نەبێ با حەفت بێ ئەوە ئیشكالێك نیە، حەدی ئەعلاو حەدی ئەدناش ئەمێنێ با گفتوگۆیەكی سەریعی لەسەر بكرێت بۆ ئەوەی یەك لابێتەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سیاغەكە پاش ئەوەی دوو، سێ مادە تەواو دەكەین فرسەتێك دەدەین، دە دەقیقە دابنیشن و سیاغەكەی خۆتان بیكەن، كاك عبدالكریم بۆ مادەی دواتر بڕۆ.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی سێهەم: ئامانجی ئەنجومەن سەیركردنی یان یەكلاكردنەوەی كێشە كارگێڕیەكانە و زەمان كردنی یەكێتی یاسا دانان و یك گرتنی بنچینەیی داڕشتنی یاسا دانان و زاراوەو دستەواژەكانی یاساییە لەهەرێمدا.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: يهدف المجلس الى النظر في المنازعات الادرارية وضمان وحدة التشريع وتوحيد اسس الصياغة التشريعية والمصطلحات والتعابير القانونية في الاقليم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقی مادەكە تەئیید دەكەین و هیچ مولاحەزەمان نیە لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**کەس قسەی هەیە لە سەر ئەهدافی مەجلیس کە لە مادە سێدا هاتووە؟ سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من هەر ئەوەندە لە رووی رێکخستنەوە بۆ شتەکان دیاری بێ و هەمووی بە سەر یەکەوە نەنووسرێ، ئامانجی ئەنجومەن ئەلیف ئاوها جی ابکرێتەوە، ئەلیف سەیر کردنی یان یەکلا کردنەوەی کێشە کارگێڕییەکان بە زەمان کردنی یەکێتی  یاسادانان و یەکرتەنەوەی بنچینە، یەعنی بکرێت بە خاڵ، بۆ ئەوەی یەکسەر وازیح بێت، نەك هەمووی لەسەر یەك بێت، وەکویەك بێت  جوملەی یەك ودوو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە ئەو مونازەعاتە ئیدارییەی تێدا نەمێنێ، لە بەر ئەوەی ئەم مەجلیسە سەلاحیەتی موقازات کردنی نیە، ئەوە دەبێتە موتەناقز لەگەل، مادەی پێنجی سوڵتەی قەزائی، چونکە بەپێی مادەی پێنجی سوڵتەی قەزائی، مەحکەمە ویلایەی عامەی هەیە بەسەر هەموو ئەشخاسی تەبیعی بێت یان مەعنەوی بێت، ئەو مونازەعە ئیداریانە ئەگەر لەبەینی ئەشخاسی معنەویا کە دەوائیرە دروست ببێت، ئەوە ویلایەی مەحاکم هەیە، ویلایەی عامە هەیە بەگوێرەی مادەی پێنج، لەبەر ئەوەی ئەو مونازەعە ئیدارییەی باتێدا نەبێت لەێرەدا، من وای بەباش دەزانم و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**د. رۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەو مادە زیاتر باسی ئیختیساسات دەکا نەك ئەهداف، مادەی سێ زیاتر باس لە ئیختیساسات دەکات، دەسەڵاتی ئەنجومەنەکە نەك ئامانجەکانی، بۆیە یان لەگەڵ مادەی ئیختیساسات دەمج بکرێ یان بە شێوەیەکی تر بگۆڕێت کە زیاتر باس لە ئامانجی ئەنجومەن دەکات، زۆر سۆپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان رەئیتان لە سەر ئەو سێ مولاحەزە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مونازەعاتی ئیداری، پێشتریش شەرحمان کرد، ئێستاش تەئکیددەکەینەوە، مونازەعاتی ئیداری بەشێکە لە ئیش وکاری مەجلیسی شورا، چونکە مەحکەمەی ئیداری تەشکیل کردووە، مەحکەمەی ئیداریش بەشێکە لە مەجلیسی شورا و، مونازەعاتی ئیداری حەز ئەکەم ئەو تەوزیرحە بدەمە برادەران، فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو مونازەعاتانەی کەمەحاکمی ئیداری هەبوو پێش ساڵی 1991، ئەو مەحاکمە ئیداریەی کە تەشکیل کرابوو، ئەوانە تەماشای نیزاعاتی دەکرد بەینی دوو دەزگا یان دوو وەزارەتی موختەلیف، قەراری مەحکەمەی ئیداری قابیلی تەعن بووە تەمییز دەکرا یان موسادەقە دەکرا بەگوێرەی دەعواکە، واتا لێرە ئەو مونازەعاتە ئیداریە ئەوە نیە کە ئێمە پێش ساڵی 1991 هەمانبوو، کە تەشکیلاتی مەحاکمی ئیداریمان هەبوو؛ مەحاکیمی ئیداری ئێستا بەرەو تەوەجوهێکی تر رۆیشتیە وەتەشکیلەکەیشی مەبەست ئەوەیە هەر قەرارێك دەرچوو لە هەر دەزگایەکی ئیداری کە هاوڵاتی شعوری کرد ئەوە موخالیفی قانونە، تەعن لەوە بکات وەشعور بەزوڵم دەکات تەعن لەو بکات لەپێش ئەو مەحکەمە ئیداریە، یەك لەئیش وکارەکانی ئەوەیە ویاخود هەر موەزەفێ ئەگەر هاتو عیلاقەی بەهەیئەی ئینزیباتەوە هەبوو وهەر موەزەفیك شعور بەغوبن بکات لەو عقوبەیە کە دەرچووە دژی، دەتوانی لەو مەحکەمەیە شکات بکات و تەعن لەو هەیئاتانە بدات کە بەگوێرەی ئەوە دروست کراوە، واتا ئیشوکاری ئەو مەحکەمەیە و ئەو مونازەعاتە ئیداریە فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو ئیخیساسانەی کە پێش ساڵی 1991 مەحاکمی ئیداری هەبوو، ئەوەی سۆزان خان ئیشارەتی پێ کرد زۆر تەبیعی و زۆر ئیعتیادیە، ئێمە دەتوانین ئەو ئیختیساساتانە بە یەك و دوو و سێ بکەین بۆ ئەوەی وازیح و ریك وپێکتربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئەگەر تەبیعیە بۆ نایکەن مادام وایە؟ کاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی شەقی دووهەم دەکەم کەدەڵێت: ضمان وحدة التشريع وتوحيد اسس الصياغة التشريعية والمصطلحات والتعابير القانونية في الاقليم، ئیزافە بکرێت باللغتين العربية والكوردية، لەبەر ئەوەی دستور ئەوەی ئیقرار کردووە، جگە لەوی ئیشکالێکی زۆر و لەناو قاعە وەختێکی زۆر دەکوژین بەموناقەشەی زمانەوانی، ئەوە ئیشی ئێمە نیە، من لەمادەی حەفت بەتەفسیلی باس دەکەم زۆر دەوڵەت هەیە لیژانی راوێژکاری هەیە وە ناوی دەوڵەتەکانیشم لایە کە گەیشتینە مادەی حەفتەم باسی دەکەم، بەڵام لێرە ئیزافە بکرێت بە دوو زمان بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالە حەل بکرێت لەناو هۆڵی پەرلەمان، موناقەشەی ئێمە لێرە چیە؟ زۆر جار لەموناقەشە وەختێکی زۆر دەچێت، ئەو وەختە دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و قازانجی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک شێروان لە سەر ئەوەی سۆزان خان و لەسەر ئەوەی کاک طارق کە باسی ئەوەی کرد باللغتين العربية والكوردية، رەئیتان چیە؟**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من نەصی دستوریم هێنایە و نەصی دستوری چ لەدستور عێراق وچ لەپڕۆژەی دستوری هەرێمی کوردستان، نەصی دستوری هەیە چ پێویست دەکات ئێمە لەیاساکان ئەوانە تەئکید بکەینەوە؟ پێویست ناکا بەرەئیی من، بەنیسبەت ئەوەی سۆزان خانیش ئەوە سیاغەمان بۆی کردووە، بەتەسەلسول کاک عونی بۆتان دەخوێنێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاک کریم فەرموو.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من تەئییدی رەئیەکەی کاک طارق دەکەم بەراستی، بۆ ئەوەی تەئکید بکرێتەوە لەسەر ئەوەی کە بەهەردوو زمان ئیهتیمامی پێ بدرێت لەکاتی تەقنین وسیاغە کردنی پڕۆژە یاساکان، با یهتیمان بە زمانی کوردی و عەرەبی پێکەوە بدرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خۆی وجهەتێکی تێدایە بۆ ئەوەی ئەگەر وانەبێت ئەبێ هەمووی هەر بەعارەبی بکەن، هەموو عەرەبی باش بزانن و ئیهتیمامی باش بەوە نەدەن، بەڵام ئەگەر فەرزیان لە سەر بکەین کەئهتیمام بەکوردییەکەش بدەن، تەدریجییەن ستراتیجییەن قانون بە زمانی کوردی دەوڵەمەند دەکات، جا با جەنابی وەزیریش رەئی خۆی بدات بزان ئەوە کێشەیان بۆ دروست دەکات یان کاری ئێمە ئاسان دەکات؟ لێرەدا ئەڵێت: يهدف المجلس الى النظر في المنازعات الادارية وضمان وحدة التشريع وتوحيد اسس الصياغة التشريعية والمصطلحات والتعابير القانونية باللغتين العربية والكوردية في الاقليم، کاک فاروق فەرموو.**

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەو موناقەشەی ئێستا دەکرێت پێم وایە مادە سێ باسی ئەهدافی ئەو مەجلیسە دەکات، ئیختیساساتەکانی دوایی دێتە سەری، لە ئاخیرەکەی، لەمادەکانی ئاخیر، من پێم وایە ئەوە زیادە لەموناقەشەی ئەم مادەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**د. کمال فەرموو.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی پێویست ناكات لێرە لەناو قانونێك دابنەین بەچ زمانیك بنووسرێت، ئێمە لەدستوری عێراق، لە دستوری هەرێم، زمانی كوردی و عەرەبی زمانی رەسمییە، ئیتر پێویست ناكات بڕۆینە ئەو جوزئییاتە، ئەگەر وای لێ بێت هەموو قانونێك لەخوارەوە ئەبێت بڵێین بەهەردوو زمان، دوایی حەتا لەزمانی كوردیش تاكو ئێستاش موستەڵەحاتی زۆر كاملمان نیە، بەڕای من ئەمە مەفتوح بێ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەمەوێ جەوابی ئەو رەئیەی كاك شێروان بدەمەوەو تەوزیحیش بەجەنابتان بدەم، كە ئەڵێ: الفصل في المنازعات یەعنی چی؟ یەعنی نیزاع، یەعنی خصومە، یەعنی مورافعە، یەعنی دەعوە، یەعنی ئیصدار قەراری تێدایە، ئێمە لەمادەی پێنچی سوڵتەی قەزائی باسێكمان لەسەر ئەوە كردووە ئەڵێین، تسري ولاية المحاكم، ولایەی عامەی هەیە هەموو مەحاكم لەسەر ئەچێ، لەسەر هەموو قەزایەكان لەبەینی شەخسی تەبیعی بێت یان مەعنەوی بێت، بما في ذلك الحكومة وحل جميع النزاعات، حەلی جمیع النزاعات بە مطلق هاتووە، كە بە موطلق هات یەعنی جمیع نیزاعێك مەشمول ئەكات لێرە، ئایا ئەم لیژنەیە دروست بێت لێرە حەلی ئەم مونازەعاتانە بكات، قەرار ئەبێ دەركات لێرە، كە قەراری دەركرد، ئەبێ قەرارەكانی قابیلی تەعن بێت، یەعنی چووە جێگای مەحكەمە، یەعنی مەحكەمەیەكی تر بەرامبەر بە مەحاكمی ویلایەیەكی تر دروست بوو، ئەمە موتەناقیزە لەگەڵ مادەی پێنچی قانونی سوڵتەی قەزائی، لەبەرئەوە من پێم وایە حەلی ئەو نیزاعاتانەی لێ دەربێنین، مەجلیسی شورا بۆ؟ چونكە بۆی هەیە تەقنین كات، بۆی هەیە ئیبدائی رەئی بكات، بۆی هەیە مەشورە بدات، چۆن ئەبێت ئیبدائی رەئی بكات و تەقنین بكات وقانون دروست بكات، دوو: ئیبدائی رەئی دەكات، تەوزیح دەكات، سێ: مەشورە تەقدیم ئەكات، مەشورە یەعنی حەلی نیزاعات دەكات كە لەبەینی وەزارات، هەر لەم قانونەدا باس كراوە ئەڵێ: بۆیان هەیە لەوەزارات، في جميع الوزارت، ئەو شوێنانەی كە مورتەبیتن بە وەزارات داوای تەوزیح لەمەجلیسی شورا بكەن، كە داوای تەوزیحیش لە مەجلیسی شورا بكەن، ئەو كاتە مەجلیسی شورا تەوزیحیش ئەداو موقازاتیشیان دەكات و حەلی نیزاعەكەیش دەكات وەكو مەحكەمە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەوە ئیزدیواجییەتێك لە بەینی سوڵتەكاندا دروست دەكات، موناقەزەیەك لەبەینی ئەو مادەی پێنجی سوڵتەی قەزائی وئەم قانونە دروست ئەكات، لەبەر ئەوەی ویلایەی عامە هەیە بۆ مەحكەمە بەسەر هەموو نیزاعاتێكا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قانونی مەجلیسی ئیستیشاری، قانونێکی خاصە تەقییدی قانوانین عام دەکات ئەوە یەك، ئێمە هیچ خیلافمان نیە لەسەر ئەوە، مەحاکم ئێستاش ویلایە عامەی هەیە و یەك لە بڕگەکان کەلەپڕۆژەکە هاتووە بەتەفصیلی باس لە بەعزێ ئیلتیزاماتی دەوائیری دەوڵەت دەکات، باس لە بەعزێ ئیلتیزامات دەکات کە ناتیجە لە ئیبرامی عقود لە بەینی دوو دەزگا یان لە بەینی وەزارەتێك لەگەڵ وەزارەتێکی تردا، ئەوانە بەراستی لەپێشنیارەکانی خۆمان ئەو بڕگەیەمان ئیلغاکردووە وە گەڕاندوومانەتەوە بۆ مەحاکمی مەدەنی، بیعتیبار ئەوانە ئیلتیزاماتێکە ناتیجە لە نەتیجەی ئیلتیزامات و نەتیجەی عقود، ئەوەمان لابردووە، بۆیە ئەگەر تەماشای ئەهدافەکەی بکەین لە گەڵ ئیختیساساتەکەی، نیهائیەن هیچ تەعاروزێکی تیدا نیە لەگەڵ قانونی سوڵتەی قەزائی، چونکە بنەمایەکانیان بنەمایەی جیا جیان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك سعدالدین فەرموو.**

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەسەر قسەی کاك عمر لەمادەی دوازدە دەڵێ، تنظر الدعاوي الواردة في هذا القانون وفق احكام قانون المرافعات المدنية، دوایی ئەوە راستە مونازەعاتی ئیداریە بەس مونازەعاتی ئیداری یەعنی مەشاکیل دروست ناکات لەبەینی ئەو مەحکەمە ئیداریەو ئەو قەزا بۆ؟ چونکە دەڵێت تسري ولاية المحاكم المدنية، لەقانونی مرافەعاتا مەدەنی ودەڵێت: على جميع الاشخاص الطبيعية والمعنوية بما في ذلك الحكومة وتختص بالفصل في كافة المنازعات، ئەوە رێگای ئەو قانونەی کردوەتەوە، الا من استثني بنص خاص، ئەوە نەصە خاصەکەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بزەبت وایە، کاك نوری فەرموو.**

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لە عێراقیشدا پێش ئەوەی کەوا قانونی یا مەحکەمە ئیداری دروست ببێت، لایەنێکی دیکە هەبوو کەوا ئەرکی ئەو مەحکەمەی دەبینی بەناوی لیژنەی ئینزیباتی عام سەر بە وەزارەتی عەدل بو وەسەرۆکەکەیشی حاکم بوو و دادوەربوو من خۆم یەکێك بووم لەو کەسانەی کەوا لەکۆتایی ساڵی 1982دا خانە نیشین کرام بەبڕیاری وەزیری خوێندنی باڵای عێراقی، لەبڕیارەکەیدا نوسیبووی، يحال على التقاعد ويمنع من التدريس داخل جامعات القطر وخارجه، سکاڵام پێشکەش بەو مەجلیسە کرد کەسەرۆکەکەی حاکم بوو، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی کەوا لەژێر ترسی وەزارەتدا بوو بڕیارێکی دەرهێنا نە حەقی بەمن داو نە بەئەویش کەوا حەق بەڕوونی، چونکە ئەیزانی شتێکی ناقانونیە کە پشتگیری لەبڕیای وەزیری خوێندنی باڵا بکات، کەواتا لەم حاڵەتانەدا هەر وەکو کاك عمر وتی ئەوە کێشەیەکە، کێشەیەکە**

ئایا لەناو وەزارەتەکاندا یان لەبەینی فەرمانبەران لەگەڵ وەزارەتەکاندا، ئەمانە کێشەیەکی قانونین، دوو لایەن ئەبێ، لایەنێکی قەزائی، لایەنێکی داد وەری یەك لاییان بکاتەوە، زۆر سۆباس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەرحەکەت باش بوو کاك نوری، بەڵام ڕەئییت چیە لەسەر ئەو مادەیە؟ پشتگیری لێ دەکەی یان پشتگیری لێ ناکەیت؟.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەرەتا وتم ئەو ئەنجومەنە پێویستە پێکبێت لە دوو لایەن، مەحکەمەی ئیداری کەوا پێویستە لەژێر رکێفی دەسەڵاتی مەجلیسی قەزای ئەعلابێت وەکو لەقانونی سوڵتەی قەزائی هاتووە، ئەوەی تریش سەر بەوەزارەتی عەدل بێت وکاروبارەکانی ئەوانەبن کەوا لێرەدا دیاری کراوە، تەنها یەك لاکردنەوەی مونازەعاتی ئیداری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای مادەی پازدە بکەین دەڵێت: اذا تنازع اختصاص محكمة القضاء الادراي ومحكمة مدنية فيعين المرجع هيئة قوامها ستة اعضاء، ثلاثة اعضاء يختارهم رئيس محكمة التمييز وثلاثة اعضاء يختارهم رئيس المجلس من بين اعضاء المجلس وتجتمع الهيئة برئاسة رئيس محكمة التمييز وقرارها الصادر بالاتفاق او بالاكثرية يعتبر قرارا باتا وملزماً.

لێرە ئەو هەیئەتەیش دانرایە کە جیاوازی بکات لە بەینی ئیختیساساتی مەحاکمی مەدەنی وبەینی ئیختیساساتی قەزای ئیداری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە ئەو مادەیە کە لێرەدا دانراوە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە لەسەر ئەو مەترسیانە کە هەندێ ئەندام باسیان کرد وەکو ئەوەی د. نوری باسی کرد، بەراستی ئێمەش یەك شت هەیە، ئێمە هەموو شتێك تەجروبەی زەمانی حکومەتی بەعسیش بمانترسێنێت، کەواپێمان وا بێت بترسێن کە حکومەتەکەی خومانیش وای لێ بێت، نیگەرانیمان ئەوەیە کەحکومەتەکەمان بتوانێت قانون جێبەجێ بکات، خۆیان دەسەڵاتی قەزامان، قانونەکەمان بۆ ئەهێننەوە، سەد لە سەد سەر بەخۆیە، بەرەو کومەڵگای مەدەنی دەڕۆین ئینشاء الله رۆژێك لە رۆژان کوردستانیش دەبێتە کۆمەڵگای مەدەنی، کەواتە نابێت بە شکەوە تەماشا بکەین، شکمان هەبێت ئەو قانونە بەخۆمان دەری دەکەین و حکومەتەکەیش هین خۆمانەو دەبێ متمانەیشی پێ بدەین و خۆمانیش موراقەبەی دەکەین، هەم خۆمان وەکو پەرلەمان، هەم هەیئەی قەزامان هەیە، هەم میدیامان هەیە، دەسەڵاتی چوارەمە ئەوە موراقەبەی دەکات ئەگەر پێشتیلکاری بکات لە مافی

مرۆڤ یان ناعەدالەتی بکات، وەکو زەمانی بەعس نیە لێی بترسین، ئێستاکە دەیان روژنامە هەیە رۆژانە دەستنیشانی هەموو کەموو کوڕیەکان دەکات، نە ئازادی ئەو دەسەلاتانە بەکەیفی خۆیان وەکو جارانە نە حکومەت عەینی حکومەتە، لەبەر ئەوە ئەو مەترسیە لەدانانی قانوندا حەق نیە هەبێت، کاك عمر ببورە هەندێ جار رەئی دەدەمە هەندێ قانونی چونکە دەزانم شتی تازەیان بۆ دێت، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم، هەندێکتان دەست بلند دەکەن و ناوتان نا نووسرێت، بۆیە دەنگتان نادەمێ، بەلام بۆ هاوکاری کردنی لیژنەی قانونی، هاوکاری کردنی هەیئەی ریئاسە دەنگ دەدەم بە هەندێك برادەر کەبۆ دەوڵەمەند کردنی موناقەشەکە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەئیسرار لە سەر قسەکەی خۆم و تەوزیحێك لەسەر قسەکەی کاك شێروان کەدەڵێت لە مادەی پازدە وا هاتووە، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەر مادەی یازدەی سوڵتەی قەزائی، لە ئیختیساسەکانی هەیئەی موەسەع ئەو تەنازوعەی کە لەبەینی تەحدیدی نەوعی مەحکەمە بۆ سەیرکردنی ئەو نیزاعە لەویەدا تەحدید کراوە و دراوەتە هەیئەی مووەسەع، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك عمر ئیشارەتی پێدا تەنازع بەینی ئیختیساساتی زمنی سوڵتەی قەزائییە، زمنی مەحاکمە، ئەوە عیلاقەی نیە، تەنازوع بەینی ئیختیساساتی مەحاکمی مەدنی و مەحاکمی ئیداری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا زۆر موناقەشە کرا، حەزەکەم ئەو سیاغە تازەیەکە نوسیوتانە بیخۆیننەوە، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: یهدف المجلس الی مایلي:

اولا: النظر في المنازعات الاداریة.

ثانیا: ضمان وحدة التشریع.

ثالثا: توحید اسس الصیاغة التشریعیة والمصطلحات والتعابیر القانونیة في الاقلیم.

**بەڕێز سەرکی ئەنجومەن:**

يهدف المجلس الى تحقيق مايلي: ما ئاوها بێت، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەو موفقتەرەحەی لیژنەی قانونیدایە بادەستی بڵندکات؟ فەرموون، بائەکسەرییەت لەگەڵ مادەکەن، تکایە بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: ئەنجومەن لەمانە پێکدێت یەکەم: دەستەی گشتی، یەك لەسەرۆك و جێگرەکەی و راوێژکارانی یاری دەدەر پێکدێت و دانیشتنەکانی بەسەرۆکایەتی سەرۆکەوە گرێدەدرێت ولەکاتی ئامادەنەبوونی بەسەرۆکایەتی جێگرەکەی و بەئامادەبوونی سێ لەسەر چواری ئەندامانی لەلایانی یاساییەوە پێکدێت، دوو: راوێژکارانی یاریدەدەر نابێت لەدەنگداندا بەشداری بکەن.

دووهەم: دەستەی سەرۆکایەتی لەسەرۆك و جێگرەکەی و کۆنترین راوێژکارانی پێکدێت.

سێهەم: دەستەی رێکاری هەرێم: لەسەرۆك و ئەندامەتی یەکێك لە راوێژکاران کەدەستەی سەرۆکایەتی دەست نیشانی دەکات و حاکمێك لەپۆلی دووهەم کەمتر نەبێت کەئەنجومەنی دادوەری دەست نیشانی دەکات پێکدێت و بەسەرۆکایەتی سەرۆك دانیشتن گرێدەدرێت، ئەگەر نەکرا بەسەرۆکایەتی جێگرەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە رەبتی بە و مادەیەوە هەیە کەدوامان خست، لەبەر ئەوە ئەبێت ئەمیش دوا بخەین تاوەکو مادەی پێشتر سیاغەت دەکەین و بەگوێرەی ئەوە گۆڕانکاری تێدا دەکرێت، کاك عبدالکریم مادەی پێنجەم بخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لەیاسا هەبێت، یان هاوشانی ئەو بڕوانامەی هەبێت و پەیوەندی بەسەرۆکەوە دەبێت و ئەم کارانە دەگرێتە ئەستۆ.

یەکەم: رێکخستنی گۆڕینەوەی نووسەراوەکان.

دووهەم: سەرپەرشتی کردنی کارو باری کارگێڕی ودارایی.

سێهەم: ئامادەکردنی بەرایی ئەو پرسانەی دەخرێنە بەردەم ئەنجومەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: للمجلس سكرتير حاصل على شهادة البكلوريوس في القانون او ما يعدلها ويرتبط بالرئيس ويتولى مايلي:

اولاً: تنظيم المراسلات.

ثانياً: الاشراف على الامور المالية والادراية.

ثالثاً: تهيئة اوليات القضايا المعروضة على المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی مادەکەین، بەڵام لێرەو لەویَ مولاحەزاتیشمان بۆ هاتووە، ئەو مولاحەزانە عەرزی جەنابتان دەکەین، کە دەڵێت ئەم سکرتێرە سکرتێر ئیعتیادی نیە وەکو ئەوانەی دامو دەزگاکانی حکومەت، سکرتێرێکە ئەبیَ مواسەفاتی تایبەتی هەبێت، ئەو مولاحەزاتانەیش دەڵێت دەبێت خزمەتێکی موعەیەنی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە سکرتێری ئەو مەجلیسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزاتانە بەجێنە، چۆنکە ئەو ئیشانە بەسکرتێرێکی ئیعتیادی ناکرێت بەراستی، ئەبیَ یەکێك بێت لای کەم دە ساڵ خزمەتی هەبێت و شارەزایی هەبێت لە ئموری ئیداری و مالی و لە ئیشوکارەکان و لای کەم دە ساڵ خزمەت زەروریە، ئەگەر کەس قسەی نیە ئیزافەی دە ساڵەکە بکەن، کاك سعد الدین فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە ئەوەش زیادبکرێت، الاشراف علی التنظیم وتبویب قرارات المجلس، بەڵام نازانم ئەو مایعادلها چیە لێرە هاتووە؟ یەعنی مایعادلها چیە خۆی دەڵێت، حاصل علی شهادة جامعیة لا تقل عن البکلوریوس في القانون، ئاوها باشترە نەك ومایعادلها، چونکە هەر دەبیَ قانونی بێت لەویَ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو مایعادلها بۆ کەسێکە کە لەدەرەوە هاتووەو لەویَ شهادەی هێناوەتەوە، ئەوان لەویَ شەهادەی بەکەلۆریۆسیان نیە، لێرە ئەو مایعادلها دەیگرێتەوە، مەقسەدەکە ئەوەیە لەو مایعادلها وە شەهادەت ئەو تەقییمە دەکات و بەنیسبەت مولاحەزەکەی تریش، ئەوەی موراسەلات بەراستی ئەوە خۆیان تەنزیمی دەکەن لەناو خۆیاندا، یەعنی ئەوە پێویست ناکات لێرە لەناو ئەم قانوندا بێت خۆی دەزانی بەراستی بەگوێرەی تەوجیهی رەئیسەوە یان ئەو تەعلیماتەی کە لە دەزگاکە دەردەچێت پێڕەوی پیَ دەکات سکرتێر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی قانونەکە موحەدەد بێت باشترە، ئەو مایعادلها ئیشکال دروست دەکات، چونکە ئەو جێگایە جێگای قانونە، هەر دەبێت خریجی قانون بێت، ئەوەی دەرەوەیش بەقانون حیسابە ونابێت خاوەنی شەهادەیەکی تربێت، ئەبێت خریجی قانون بێت، یەعنی مەقسەد لێرە موعادەلەی بەکەلۆریۆس قانون بێت، کەواتە

خدمەی لایقل عن دە ساڵەکەیش ئیزافەبکە وبیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، کاك عوني فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: للمجلس سكرتير حاصل على شهادة بكلوريوس في القانون او مايعادلها وله خدمة لاتقل عن عشرة سنوات في الامور القانونية والادراية ويرتبط بالرئيس ويتولى:

اولا: تنظيم المراسلات.

ثانيا: الاشراف على الامور الادارية والمالية.

ثالثا: تهيئة اوليات القضايا المعروضة على المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی تکایە دەستی بڵندکات؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ مادەی دواتر تکایە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەروازەی دووەم

تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەن

مادەی شەشەم: ئەنجومەن تایبەتمەنددەبێت بە یاساکاری و دەرکردنی بیرورا لەکاروبارەکانی یاسایی و دادوەری وکارگێڕی لەهەرێمدا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الباب الثاني

اختصاصات المجلس

المادة السادسة: يختص المجلس بالتقنين وابداء الرائ والمشورة في الامور القانونية والقضاء الاداري في الاقليم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەگەڵ دەقی مادەکەین و هیچ مولاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبداللە مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەڵێت، يختص المجلس بالتقنين، ئەوە دیارە وانیە، وابداء الرائ والمشورة في الامور القانونية، ئەی والقضاء الاداري في الاقليم، چون یەعنی لەسەر کوێندەری عەتف دەکەن کە دەڵێن، والقضاء الاداري، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. روژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو مادە وابزانم زیادە، چونکە لەمادە حەفت باس لەتەقنین دەکات، هەر وەها لەمادە نۆ باس لە ابداء الرائ دەکات بەتەفسیلی، یەعنی نازانم بۆ ئیختیساسەکان لێرە کورت کرایەتەوە لەیەك مادە و دواییش تەفسیلی کراوەتەوە لە مادەی حەفت و هەشت و نۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازانم ئەگەر پێتان زیادە ئەوە لایبدەن، چۆن پێتان زیاد نیە؟ د. هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم دەمج بکرێ لەگەڵ حەفت، دوایی بەتەفاسیلێ هاتووە کە دەڵێت، ویمارس في مجال التقنين، یەك یەك پێدا دێتەوە، ئەگەر دەمج بکرێت وازیح تر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر ئەوە ئیختیساسە، ئەو، مومارسەیە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی لە مادە شەش بە شکڵێکی موختەسەر هاتووە کە ئیختیساساتی ئەو مەجلیسە چیە، پاشان لەرووی سیاغەوە بەوشیکلە بێت باشترە، دوایی دێتە سەر یەکە یەکە، فەسڵێکی تازەی بۆ داناوە، ئەمە بۆ مەشوەرەیە، ئەوە بوقەزایای ئیداریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە باشی شەرح کرد، ئەوە بابی دووهەم، ئیختیساساتی مەجلیس مادەکە باسی کردووە کە تەقنین چیەو ئیبدای رەئیی و مەشوەرەشی باس کرد، بۆیە لانەبرێت زۆر راستە، دەیخەمە دەنگەوە ئەو مادیە کێ لەگەڵێتی بادەستی بڵندکات تکایە؟ کێ لەگەڵێدا نیە؟ باشە بەئەکسەرییەت وەرگیرا، فەرموو كاك عبدالكريم بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**فەصڵی یەكەم:**

**یاساكاری**

**ماددەی حەوتەم: ئەنجومەن لەمەیدانی یاساكاریدا ئەم كارانە ئەنجام دەدات.**

**یەكەم: ئامادە كردنی وداڕشتنی پڕۆژەی یاساكان لەهەرێمداو لەسەر داوا كاری ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە تایبەت مەندەكان وئەو لایەنانەی پەیوەست نین بە وەزارەت.**

**دووهەم: وردبینیكردنی پڕۆژەكانی ئەو یاسایانەی ئامادە دەكرێن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران، یان وەزارەتەكان، یان لایەنەكان كە پەیوەست نین بەوەزارەتەكانەوە لەڕووی روخسارو بابەتەوە.**

**سێهەم: پڕۆژەی یاساكان بەنووسراوێك بۆ ئەنجومەن رەوانەدەكرێت كەلەلایەن وەزیری تایبەت مەند یان سەرۆكی ئەو لایەنەی كەبەوەزارەتەوە پەیوەست نین ئیمزا دەكرێت و دەبێت ئامادە بێت بۆ كارەكانی دەركردنیان و هەموو كارەكانی ئامادە باشی بۆ بكرێت.**

**چوارەم: وەرگرتنی بیرو رای وەزارەت و لایەنەكان كە پەیوەند نین بەوەزارەت بەپڕۆژەی ئەو یاسایانەی بۆی هاتوونەو بۆی هەیە داوای نوێنەرێكیان لێ بكات بلەی لەبەڕیوەبەری گشتی كەمتر نەبێت بۆ مەبەستی ئاماژەپێكراو.**

**پێنجەم: ئەنجومەن لەپڕۆژەكە دەكۆڵێتەوە وئەگەر پێویست بكات دایدەڕێژیتەوەو ئەو بەدیلەی بەپێویستی دەزانێ پێشنیاری دەكات و لە گەڵ ئەو راسپاردانەی ئەنجومەن بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی بەرز دەكاتەوەو وێنەیەكیش لەو پڕۆژەو راسپاردانە بۆ وەزارەت یان ئەو لایەنەی پەیوەست نین بەوەزارەت رەوانە دەكات.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل الاول**

**التقنين**

**المادة السابعة: يمارس المجلس في مجال التقنين.**

**اولا: اعداد وصياغة مشروعات القوانين في الاقليم بطلب من مجلس الوزراء او الوزارات المختصة او الجهات غير المرتبطة بوزارة.**

**ثانيا: تدقيق مشروعات القوانين المعدة من قبل مجلس الوزراء او الوزارات او الجهات غير المرتبطة بوزارة من حيث الشكل والموضوع.**

**ثالثا: ترسل مشروعات القوانين الى المجلس بكتاب موقع من الوزير المختص او رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة مع بيان اسبابه الموجبة وجميع اعماله التحضيرية.**

**رابعا: استطلاع رائ الوزارات او الجهات غير المرتبطة بوزارة بمشروعات القوانين الواردة اليه، وله حق طلب حضور ممثل عنها لاتقل درجته عن مدير عام للغرض المذكور.**

خامسا: يقوم المجلس بدراسة المشروع واعادة صياغته عند الاقتضاء واقتراح البدائل التي يراها ضرورية ورفعه مع توصيات المجلس الى مجلس الوزراء وارسال نسخة من المشروع والتوصيات الى الوزارة او الجهة غير المرتبطة بوزارة.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دەقی مادەكە تەئييد دەكەين، چونكە پەيوەندی بەتەقنينەوە هەيە و تەفسيلاتی تەقنين چيە، شەرحی دەكات، بۆيە ئەوە مادەيەكی ئاساييە، وەئێمە لەگەڵ دەقی مادەكەين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو شمسە خان.

**بەڕێز شمسە سعيد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەبوايە پێشتر ئە مولاحەزانەم بدايە، تەقنين وا باشتر بوو لە مادەی يەكەم پێناسەكەی بهاتايە، نەك لێرە بەو دوورو درێژييە، پێناسەمان بكردايە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من گلەيی لەسەرۆكايەتی دەكەم، لەبەر ئەوەی پێشنيارێك كاك كريم بەحری تەئييدی كرد و نە خرايە دەنگەوە، ئەوە خاڵی يەكەم، خاڵی دووهەم: لە دە دەوڵەت زياتر ئەو ياسايەی دێتە پەرلەمان، لە دەرەوەی پەرلەمانەوە دێت، پاشان لە ليژنەی قانونی يان لە مەجليسی شورا تەرجەمە بەدوو زمان دەكرێت، چونكە ئەبێ بە دوو زمان بخوێنرێت، چونكە من ئەندامێكی ليژنەی ياساييم سەيرەكەم زۆر جار بەعەرەبی دێت، دەيدەينە دەرەوە، يەكێك تەرجەمەی دەكات و لەناو قاعە موناقەشە دەكرێت، ئەوان پسپۆڕن، مامۆستای زانكۆن، دادوەرن، هەر يەكێكيان بيست ساڵ خزمەتيان هەيە، دەتوانن حەقی ئەو ئيشانە بەتەواوی بدەن لەلايەنی زمانەوانی و ياسايی، من چەند شتێك دەڵێم كە لە ناو پەرلەمان ناكرێت، لە دەرەوەی پەرلەمان دەكرێت، لە ئەمريكا، بريتانيا، سويسرا، وزۆر دەوڵەتی تريش دەكرێت، من پرسيارێك دەكەم ئەگەر بەعەرەبيان نارد وزۆر جاريش بەعەرەبی دەينێرن، ئێمە دەينێرينە دەرەوە تەرجەمەی دەكەن، لێرە من پێشنيارەكەم دوو بارە دەكەمەوە، دەبێت بە كوردی و عەرەبی بينێرن نەك تەنها بە عەرەبی، يان بە يەك زمان بينێرن، زۆر جاريش ئەوە ئەندامانی ليژنەی ياسايی لێرەن، زۆر جار بە عەرەبی دەينێرن، ئێمە دەينێرينە دەرەوە لەوێ تەرجەمەدەكرێت، لەبەر ئەوەی لەوێ بەتەواوی تەرجەمە دەكرێت هەم لە ناحييەی موستەڵەحەكان وهەم لە ناحييەی زمانەوە و، حەقی قانونی بەتەواوی دەدرێتە ئەو قانونە، وەلێرەش لەناو قاعەش من ئەوە دوو بارە دەكەمەوە، لە دونيايدا نيە موناقەشەی لوغەوی بكرێت لە

پەرلەماندا بەزمانی کوردی و عەرەبی، بەڵکو دەکرێت بخوێنرێتەوە، بەڵام نەك موناقەشە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مومارەساتی مەجلیس دوو شتی تێدایە، یەك: ئەو شتەی کە پێشتر حازر دەکرێت و رەوانەی مەجلیس دەکرێت لەپاشان دوایی مەجلی حازری دەکات و رەوانەی حکومەتی دەکات، لێرە کە باس دەکات، له اولا: نوقسانییەکی تێدا هەیە کە دەڵێت: الاعداد وصیاغة مشروعات التشریعات لەپاشان هەتا، المرتبطة بوزارة ئەوەندە نوسراوە، بەڵام دەبێت ئەوەی تێدا بێت، بعد ان یرفق بها ما یتضمن اسس التشریع المطلوب مع جمیع اولیاته، یەعنی لێرەدا دەبێت ئەوەی تێدا بێت، اسس التشریع چیە؟ لەو مەشروعەی کە رەوانە کرایە، خاڵی دووهەم: کەدەڵێت ثالثا: ترسل مشروعات القوانین الی المجلس بکتاب موقع من الوزیر المختص او الرئیس للجهة غیر المرتبطة بوزارة، لێرەدا ئەعلایەکی نوقسانە ئەبێ بڵێین: الرئیس الاعلی للجهة غیر المرتبطة بوزارة، لەپاشان دەڵێت: مع بیان الاسباب الموجبة وجمیع الاعمال التحضیریة، ئێ باشە یەعنی راستە باسی مع بیان الاسباب الموجبة دەکات، بەڵام خۆ نابێت بڵێت: بەیانی ئەعمالی تەحزیریەکەی دەکات، نەء وە مەشفوعەن، یەعنی دەبێت لەگەڵ قانونەکە رەبت بکرێت و بلێت: جمیع الاعمال التحضیریة ئەو کەلیمەی مەشفوعەن دەبێت زیاد بکرێت لە پێش جمیع الاعمال، ئەگەر وابمێنێتەوە مە عنایەکەی تێکدەچێت، لەپاشان خاڵێ دیکەیش، یەعنی خامسا دەبێت خاڵی شەشەمی بۆ زیاد بکرێت، ئێمە هەموومان باش دەزانێن ئەو مەجلیسە مەربوتە بەکێ؟ ئەو مەجلیسە بە مەرسومی ئەقلیمی دادەنرێت و موستەشارو رەئیسەکانی، باشە بۆ ئەوەی تێدا نە نووسرایە کە باس لەوەی دەکات دەڵێت: تقدم هیئة الرئاسة وە لە چی کاتێکیش تقدم هیئة الرئاسة، فی کل ستة اشهر تەقریرێکیش دەنووسێت لە سوء استعمال السلطة، یان لەسەر ئەوەی ئەو مەجلیسە چی کردووە یان چی نەکردووە، ئەوە باشترە بۆ ئەوەی کەئەو مەجلیسە هەموو شەش مانگ تەقریری خۆی پێشکەش بکات و رەوانەی دیوانی ریئاسەی بکات، هەم بۆ ریقابە لەسەر ئیدارە، هەم لەبەر رێکوپێکی کاری ئیدارە باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

غەیری دەرکردنی مەرسوم هیچ رەبتێکی بەرئاسەتەوە نیە ئەو مەجلیسە، ئەو مولاحەزاتانەی کاك سعدالدین دای، غەیری ئەوەی کە جەوابم داوە، لیژنەی قانونی ئەگەر رەئییکیان لەسەر بێت، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە نەسەکە لەجێگەی خۆی هاتووە، ئەگەر مادەکان بەعمومی بخوێنینەوە، هەموو ئەو قسانەی کاك سعدالدین وتوویەتی لەزمنی مادەکان هەیە، بەڵام مومکینە لەرووی سیاغەتەوە هەندێك شت هەیە کاك سعدالدین بەنەوعێکی دیکە تێگەیشتووە، ئەگەرنە هەمووی زۆر بەوزوحی تێدایە، چ بەنیسبەت ئیعداد و سیاغەت، چ مەشروعاتی قەوانین، چ لەوزارەتەکان دێت، چ لە ئەنجومەنی وەزیران دێت، ئەوانە هەمووی تێدایە بە تەفسیلی، نەصەکە لە جێگای خۆی هاتووە وهیچ کەمو کوڕیەکی تیدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەیەکم هەیە دەربارەی بڕگەی دووهەمی مادەکە، کەباسی تەدقیق کردنی مشروعەکان دەکات، مەشروعێك لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بچێت بۆ ئەم مەجلیسە، ئەو لەوانەیە بۆی هەبێت تەدقیقی بکات لە رووی شکڵ و لە رووی سیاغەو لەرۆوی تەنسیق لەگەڵ دستورو قوانینی تر، بەڵام لە رووی مەوزوعەوە ئەومەجلیسە بۆ تەدخل بکات لە مەشروعێ کە ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتێکی موختەس ئەینێرێ، ئەو دەزگایانەیانە پێویستی بەو مەبدەئە هەیە لەناو ئەو قانونا، بۆ لەسەر ئەصڵی مەبدەئەکە ئەو تەدخل بکات، من پێم وایە تەدقیقەکە بەس لەرووی شکڵەوە بێت، لەرووی سیاغە بێت، لەرووی تەنسیق بێت لەگەڵ قەوانینی تر، نەك لە رووی دەستکاری قوانینی تر و دەستکاری مەزمونی قانونەکەیش بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئیی من شەرت نیە ئیلا وەزارات ئیعدادی مشاریع بکات، وەزارات دەتوانێت مەبادیئ بدات بە مەجلیسی شورا، لەسەر رۆشنایی ئەو مەبادیئانە ئەو مەجلیسە هەستی پڕۆژەکە دابڕیژێتەوە بەهەماهەنگی و هاوکاری وەزارەتی مەعنی یان لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مادەیە مولاحەزاتەکانی وا نیە جەواب درایەوە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە نەتیجەی ئەو موناقەشاتانە، پرسارەکەی من ئەوەیە؟ یەعنی ئیتر لەمەو دوا ئێمەش وەکو ئەندام پەرلەمان ئەگەر بمانەوێ مەشروعێك تەقنین بکەین، ئەبێ ئەوەیش هەر بچێتەوە بۆ ئەوێ یان ئێمە ئەوەیان عیلاقەی نیە بەسەریەوە لەناو ئێرەدا دەمێنیتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا رەبتی نیە بەئەوەوە، ئەوانیش هەر دەیهێننەوە بۆ لای خۆمان، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر فەقەرەی سێهەم، دەڵێت: ترسل مشروعات القوانین، ئەوە عیلاقەی بەو مادەیەوە نیە، چونکە ئەو مادەیە باسی مەهام و مومارەسەی مەجلیس دەکات، من پێم وایە ئەوە بیبەینە مادەی دە، زیاتر جێگای خۆی دەبینێتەوە، لەمادەی دە نەك لەمادەی حەفت، لەسەر چوارهەمیش لە ناحییەی قەواعیدی من پێم وایە زۆر موەفەق نیە کە دەڵێت: استطلاع الرائ للوزارات او الجهات غیر المرتبطة بوزارة، بەڕەئی من بکرێتە بالوزارة، بمشروعات تیش نە، بەڵکو ببێتە حول مشاریع القوانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزراەتەکە باسترە لە ناحییەی زمانەوانی کە دەڵێت: للجهات غیر المرتبطة بوزارة، یەعنی اية وزارة، خۆ هەموو وەزارەتەکان بەیەکەوە نابێت، بەنیسبەت ئەوەیش زۆر فەرقێکی نیە بەرەئیی من، من نازانم ئەوە بچێتە مادەی دە یان نەچێت؟ ئەوە لێرە مومارەسەیە هاتووە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ زەرەر نیە مەسەلەیەکی ئیجرائیە بەینی دوو دەزگا، یەعنی زۆر تەبیعی و زۆر ئیعتیادیە، ببێت هەر زەرەر نیە، نەبێت هەر زەرەر نیە و رەچاو دەکرێت، یەعنی زۆر تەبیعیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گۆڕانکاری بە سەردا نەهات، مادەکە کە پشتگیری کراوە لە لایەن لیژنەی قانونیەوە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی بادەست بڵندکا؟.

بەئەکسەرییەت وەرگیرا، بەنیسبەت مولاحەزەکەی کاك طارق، رەخنەکەت جێی خۆیەتی، بەڵام وادیارە مولاحەزەی دوو شتت نەکردووە، یەکێکیان ئێمە ئاماژەمان کرد ئەوە مادەیەکی دستوریە بنووسریت، نە نووسریت مولزەمە هەموو تەرەفێك ئەو زمانە بەکاربهێنریت، یەعنی ئەگەر نەیش نووسرێت مەعنای وانیە ئەوان ئەتوانن زمانی کوردی بەکار نەهێنن، مولزەمە ئێمەیش و هەموو دوائیرەکانی تریش زمانی کوردی و عەرەبی بەکار بێنێت بەپێی دستوری عێراقی، ئەوە یەك، دوو: لەو مەرحەلەی ئێستادا ئەگەر جەبریان بکەی بەزمانی کوردی بنووسن، لەوەزیرمان پرسی و لە کاك محمد عمر یشمان پرسی تاقەتی

ئەوەیان نیە، کەواتە ئێستا بیخەیتە ناو مادەکە ڕێگردەبێت لە بەردەم ئەوەی ئیشی خۆیان بەکار بهێنن، بەڵام واجیبیشیانە بەپێی دستور هەر وەختێك ئەو قودرەتەیان هەبوو فەرزە لەسەریان ئەوە بکەن، بۆیە نەمان خستە دەنگەوە، کاك کمالیش قسەی کرد وتی ئەوە مادەیەکی دستوریە، لیژنەی یاساییش، ڕەئی وەزیریشمان وەرگرت وتی لەقودرتمان نیە، بۆیە ئەگەر ئەو تەفسیڵە نەبوایە کە بووە دوو کەس دەمان خستە دەنگەوە، تەواو دەچینە مادەی دواتر، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەوابی شەمسە خانمان نەداوە بەنیسبەت تەفنین کە دەڵێت بۆ تەعریفەکەی لێرە نەهاتووە، وابزانم زۆر شتێکی ئەوە نیە کە تەعریفەکە لەوێ بێت، چونکە بابەتەکە لەبەر ئەوەی فەسڵێك هاتووە کە تەعریفەکەیش لەوێ بێت هیچ شتێك ناگۆڕێت، بەنیسبەت ئەوەی کاك طارق، بەراستی ئێمە لەگەڵ بەڕێز کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاری پەرلەمان ئەو مەوزوعەمان زۆر جار باس کرد و هەندێ جار بەراستی بەکوردی و بەعەرەبی بۆمان دێت لەسە ڕۆشنایی ئەو ئیتیسالاتەی کە لەگەڵ حکومەت کراوە، بەڵام ئێمە پێمان باشە ئەگەر بکرێت نووسراوێك بکرێت بۆ حکومەت لەمەو دوا مشروعاتی قەوانین بەکوردی وبەعەرەبی بۆمان بنێرن، ئەوجا حکومەت چۆن ئیتیسال دەکات لە گەڵ ئەو مەجلیسە، یان لە گەڵ ئەو وەزارەتە بۆ ئەوەی تەنسیقێك بکرێت و ئەو مەشروعانە بەکوردی و عەرەبی بۆمان بنێرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عبد الکریم بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەسلی دووەم

بیرورا دەربڕین و ڕاوێژکاری یاسایی

مادەی هەشتەم: ئەنجومەن ڕاوێژی یاسایی پێشکەش دەکات لەوپرسانەی لەلایەنە باڵاکانەوە بۆ پرسکردن ڕەوانەی بەردەمی دەکرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

ابداء الراي والمشورة القانونية

المادة الثامنة: يتولى المجلس ابداء المشورة القانونية في المسائل التي تعرضها عليه الجهات العليا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مادەیەکی تەبیعیە و ئاساییە و ئێمە لە گەڵ دەقی مادەکەین و تەئییدی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی، تعرض علیها الجهات العلیا، الجهات العلیا، من پێم وایە شتێکی زیادە، هەر تعرض علیه بەئەوەندە ئیکتیفای پێ بکەین و پێم وایە وافییە، ئەوە یەك، دوو، سەبارەت بە ئەوەی پێش ئێستا کە ئەمڕۆ روونکردنەوەی لەسەر کرا سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك طارق بۆ زمانی کوردی و عەرەبی هەر وا من پشتیوانیم لێ کرد، من پێم باشە لەسەرئەوە روون کردنەوە بدەم، تەنها روون کردنەوەیە، پاساوەکە ئەوەیە کە لەدستور هاتووە، ئەو پرنسیپانەی کە لە دستور هاتووە ئەبێ لەیاساکاندا رەنگ بداتەوە، بەڵام نابێت ئیکتیفا بەئەوە بکرێت، لە دستور هاتووە بەڵام ئەندامان ئیکتیفا بە ئەوە ناکەن، ئەو ئەنجومەنە ئەگەر پێیان ناکرێت ئەتوانن لیژنەیەکی پسپۆڕ لەزمانەوانی دەست نیشان بکەن بۆ ئەوەی لەرووی زمانەوانیەوە یاساکان دارێژن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەبارەت بە الجهات العلیا ئەڵێم بگۆڕدریت بە الجهات المختصة، چونکە ئەو مەجلیسەی شورا و ئەو ئەنجومەنە دەزگایەکی خۆی باڵایە، وە ئەو مادەیە دەمج بکرێت لە گەڵ مادە نۆ و بکرێتە فەقەرەیەك، چونکە لە مادە هەشت دەڵێت: یتولی المجلس وە لە مادە نۆ یمارس المجلس، هەردووگی ئیختیساساتی مەجلیسەو لەیەك فەسڵ هاتوونە، دەمج کردنیان باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. هالة فەرموو.

**بەڕێز د. هاله سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان رەئییم هەبوو ئەو الجهات العیا روون نیە، مەبەست چیە لە الجهات العیا؟ با بگۆڕدرێ بۆ الجهات الاخری شامل ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعد الدین فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە شتێکی دیکە زیاد بکرێت، زیاتر خزمەتی ئیشەکەدەکات، ابداء المشورة القانونية في الاتفاقيات والمعاهدات الدولية قبل عقدها وبعد الانضمام اليها، یەعنی ئەو عقودە قانونیانەی تا چەند قانونیە وتاچەند قانونی نیە؟ عەرزی سەر ئەو مەجلیسە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی الجهات العليا، راستە وەکو مولاحەزەیەك ببێتە الجهات المختصة باشترە وراسترە، یان الجهات المعنية، الجهات المعنية لە شوینی العليا، ئەوە یەك، جەوابی مولاحەزەکەی کاك سعدالدین نتان نەداوە، کە دەڵێت: ئەو مەجلیسە مەشورەت بدات لەسەر مەسائیلی قانونی و لەسەر ئیتیفاقییاتی دوەلی، ئەوە ئیختیساسی ئەو مەجلیسەیە؟ باوەڕ ناکەم.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندی شت هەیە لیژنەی قانونی ئینکاری لێ دەکات، بەڵام ئەوە لەقانونی مەجلیسی شورای عێراقیدا هاتووە، یەعنی عقودو ئیتیفاقییات ئەبێ عەرزی سەر ئەو مەجلیسە بکرێت، چونکە ئەوە مەجلیسێکی قانونیە، بۆ ئەوەی بزانێت چەندی موتابیقە لەواقیعییەت؟ چەند موتابیقە بۆ قانون؟ ئیمە باسی ئیسلاحاتی ئەحکامی قانونی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئیتیفاقییاتی دەوڵییە هیچ عیلاقەیەکی بەهەرێمەوە نیە بەراستی، ئەوە مەسائیلی ئیتیحادیە، بۆیە لێرە نەهاتووە بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ ئەوە مادەکەیەو لیژنەی قانونی رەئییکیان هەیە لەسەر جیهاتی عولیا کە هەندی برادەر ئیعتیرازیان لە سەر کرد، باشەرحی بکەن بۆ ئەوەی موقتەرەحەکەی برادەران کە دەیانەوێ جیهاتی عولیا لابدەین وحەسمی بکەین، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی ئێمە جیهاتی عولیا بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە ئەگەر وردی بکەینەوە، و بڵێین الجهة المختصة، باشە الجهة المختصة کێیە؟ کێشەیەك هەبێ لە دائیرەی تاپۆ کە دائیرەیەکی گچکەیە، لەخوای دەوێ کە رەبتی بکاتە مجلیسی شورای هەرێم، بۆ ئەوەی رەئیی قانونی لەسەر مەوزوعەکە بدەن، بەڵام ئەگەر بڵێین

**الجهات العليا، جیهاتی عولیا مەحسورە بە سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی پەرلەمان و وەزارەتەکان، واتا ئیشەکان مەحدودە بەو جیهاتانەوە زیاتر لەوە پێویست ناکات، ئەگەر وردیکەینەوە مەعنای وایە مجلیسی شورای هەرێم رۆژانە هەزار کێشەی بۆ دەروات، هەزار ئیستیفساراتی لێ دەکرێت، ئەوەیش بەرەئیی من مەنتیقی نیەو مەعقولیش نیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەگەر هاتو مادە نۆمان خوێندەوە وە فەقەرەی (أ) و (ب) زۆر بەتەوزیحی وبەوردی شەرحی ئەو مەسەلانە دەکات، دەڵێت: يمارس المجلس في مجال الرائ مايلي:**

**یەك: ابداء الرائ فيما يختص بالمسائل المختلفة عليها بين الوزارات او بينها وبين الجهات غير المرتبطة بوزارة اذا احتكم اطراف القضية الى المجلس ويكون رايه ملزما لها.**

**دوو: توضيح الاحكام القانونية بناء على طلب احد الوزارات او الجهات غير المرتبطة بوزارة.**

**یەعنی مەجالی رەئیەکە بەو دوو خالە حەسرە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان هەر خۆت بەعەکسەوە ئەو مادەیە کە چویتە سەری، ئەوەلەن بخوێنەوە دەڵێت: ابداء الرائ في المسائل المختلف عليها بين الوزارات او بينها وبين الجهات غير المرتبطة بوزارة، ئەو غير المرتبطة بوزارة شەرتە و مومکینە جیهاتی عولیا نیە، یەعنی لێرە تۆ دەڵێیت: حەقی هەیە بێت مەشورەت وەربگرێت، لەوێش رەبتت کردووە بەجیهاتی عولیا، الجهات غير المرتبطة بوزارة مومکینە جیهاتی عولیا نیە، مومکینە سبەینێ شەریکەیەك موشکیلەی هەیە لەگەڵ وەزارەتێك کە دێت بە پێی ئەو نەصە حەقی هەیە بێتە لای مەجلیسی شورا شکات بکات.**

**فەرموو د. ناصح.**

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەڵێن: الجهات العليا مەعلومە کێیە، بەڵام الجهات العليا مان تەعریف نەکردووە، کە تەعریفمان نەکردبێ هەدیەك بۆخۆی، بەکەیفی خۆی دەتوانێت تەعریفی کات، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەسلەن ئەم مادەیە زیادە مادام لەمادەکەی ترا هاتووە ئیشەکانی لەکوێیە،ئەوە باشترە، یان ئەگەر مەبەستیان ئەوە بێت، ئەبێت ئەمە بمێنێتەوە، بەڵام تەحدیدی بکەین کێن ئەو جیهاتە عولیایە، ئەبێت تەحدید بکرێت، چونکە ئەو وەختە هەر کەسێك دەتوانێت خۆی بەجیهاتی عولیا بزانێت، جیهاتی عولیا مەحدود نیە لە لای ئێمە ئێستا کێیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو موقتەرەحە باشترە کە لایبەرین بەراستی، چونکە لەبەر ئەوە مەشەورەکە قەرار نیە، مەشورەیە، نەقەرارە، نە مولزەمی تەنفیزە، لەمادەی دواتریشا هاتووە، مادەی دواتر یەکەم و دووهەم عەینەن شەرحی کردووە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلە مەشورەت نیە، ئەگەر دوو وەزارەت ئیحتیکامیان کرد بۆ ئەو مەجلیسە، رەئی ئەو مەجلیسە مولزەمە بۆ ئەو وەزارەتە، کە هەردوو وەزارەت ئەبێ تەنفیزی بکات وەکو رەئیی مەحکەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەمادەی نۆدا هەیە، جا مادام لە مادەی نۆ هەیە و ئەو مادەیە ئیختیلافیشی لەسەر هەیە وشەرحەکانیشی لە مادەی نۆدا هاتووە، کاك ناصح دەڵێت ئیلغای بکەن، دکتور کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە ئەڵێت: یتولی المجلس ابداء المشورة، یەعنی مەشورە ئەدات رەئێکی قانونی ئەداتە ئەو جیهەتەی کە ئەو مادەیەی بۆ عەرز دەکرێت، بۆیە مەحسور بێت باشترە، جیهات عولیا دیارە سەرۆکایەتی هەرێمە، حکومەتە، پەرلەمانە، بۆ ئەوەی رەئێکی قانونی وەجیز وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر( زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم جیهاتی عولیا لابدرێت، چونکە لەمادەی نۆ جیهاتەکان دیاری کراوە، پێویست ناکات باسی جیهاتی عولیا بکرێت لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئی کاك عەونیش دەڵێت لابدرێت، کاك فاروق فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من ئەو مادەیە بمێنیتەوە، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی مەشروعەکەیش کە حکومەت تەقدیمی کردووە، الجهات المختصە بووە، من پێم وایە هەر جیهاتی موختەصە باشترە، چونکە لە مادە نۆ یەکەم و دووهەم تەوزیحی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش تەئییدی قسەکانی جەنابی وەزیر ئەکەم، بەڵام جیهاتی عولیا بکرێتە جیهاتی مەعنییە، رزگاریش دەبین لەموناقەشات، کاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت پێشنیارەکان هەمووی ئەوەی د. روژان و کاك ناصح وبرادەران بکەین، بۆ ئەوەی ئەو مادەیە لابدرێت و بیدایەتی مادەی نۆ بڵێت: یمارس المجلس ابداء المشورة القانونية في المسائل التي تعرض عليه، ئەوەی کاك کریم باسی کرد، وکمایاتي، ئەوجا سەلاحییەتەکان، ئەو دوو، سێ فەقەرە لە دوایی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرقێکی هەیە فەرق، ئەوە مادەیەکە و ئەوەی تر مادەیەکە، کاك کریم فەرمووو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مادەکە زۆر زەرورییە بمێنێت، لەبەر ئەوەی ئیبدائی مەشەورە یەکێکە لەئیختیساساتی مەجلیس، بە شێوەیەکی موتڵەقەی دەبی مولزەم بێت بە ئیبدای مەشورە، با ئەو مادەیە بمێنێت، بەڵام جیهاتەکان دیاری نەکراوە، جیهاتەکان، جیهاتی عولیایە، جیهاتی مەعنیە، جیهاتی موختەسە، چونکە ئەوانە دیار نین بەڕاستی، هەر بە موتڵەقی بمێنیت دوای لە مادەکەی تریش دیاری کردووە چ جیهاتێك عەرز دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر کاك فرست مولاحەزەیەکی باش ئەدات، دەڵێت لە مادەی دە نووسراوە، لایجوز لغیر الوزیر المختص او رئیس الجهة غیر المرتبطة بوزارة عرض القضایا علی المجلس، یەعنی تەحسیلێ حاسڵە، ئەو جیهاتانە تەحدید دەکەن، لەبەر ئەوە ئەگەر مادەی دە دەڵێت: یتولی المجلس ابداء المشورة القانونية حول القضايا التي تعرض عليه، بێ تەحدیدی جیهات، لەوێ دیاریت کردووە جیهاتەکان کێن، کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبد الرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بیدایەت ویستم ئەو قسەیە بکەم و رەئی کاك فرست زۆر تەواوە، ئەوە تەحسیلێ حاسڵە، لایجوز لغیر الوزیر المختص، بەڵام من پێم وایە ئەو مادە هەشتە هەر لە ئەسڵا ئیلغا بکرێت، بۆ؟ لەبەر ئەوەی لەئیختیساساتەکانی مەجلیسا لەمادەی شەش باس لە تەقنین و ئیبدائی مەشورە و رەئی کراوە، بەگوێرەی مەوادی فیقە، من یملك اكثر یملك اقل، ئەو حەقی ئەوەی هەیە، بەگوێرەی ئیختیساسەکەی حەقی ئەوەی هەیە رەئی بداتن، من پێم وایە ئەو مادەیە هەر زیادە و لابدرێت و مادەی دە جێی ئەویش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادە دە عەرزی قەزایا هاتووە، ئایە فەرق نیە لەبەین عەرزی قەزایا و لە بەینی ئیبدائی رەئی؟ من ئەو پرسیارەم هەیە بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەبیعی پڕاو پڕ پشتیوانی رەئیەکەی لیژنەی یاسایی و کاك د. کمال دەکەم، ئەم مادەیە دەبێت بمێنێت، چونکە زۆر جاری وا هەیە لە لایەن جیهاتی عولیاوە کە پەرلەمان و ریئاسەی حکومەت و ریئاسەی هەرێمە، مەشورەیەك پێیان ئەوترێ، ئەوانیش ئیستیجابەیان بۆ مەشورەکە ئەبی، بەڵام بۆ خۆرتر رەئیان و رەئیەکەیان دەبێت بە قەتعی، لەبەر ئەوە مانەوەی زەروریە و هیچ تێکلاوی مادەکانی تر نابێت و لەشوێنی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیرو زۆر لە ئەندامان دەڵێن مادەکە بمێنێت، دەیخەمە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو وەختە بەدائیرەکانی تر چارە سەری دەکەی.

کاك بکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی حەقە ئێمە، فەرقی بەینی مشاوەرە بکەین لە گەڵ رەئیا، موشاوەرە جیهاتی عولیایە و ئەشکرێت بکرێت بە قەرار و ئەشکرێت نە کرێت بە قەرار، چونکە ئەوە موشاوەرەیە، بەڵام رەئی ئیختیلاف لە بەینی دوو وەزارەتا، موشکیلە لەبەینی دوو وەزارەتا، یان لە بەین موئەسەسەیەك و وەزارەتێکا، ئەمە کە رەئییك ئەدا رەئیەکە حاسمە، لەبەر ئەوە من ئەم مادەیە مانەوەی بەزەرور دەزانم، ئینجا جیهاتی موختصە یانی جیهاتی عولیا، پێم وایە هەر جیهاتی عولیاشە موشاوەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتی مادەی هەشت، ئەوە ئەگەر لایەنی باڵا دیاری بکەین بون و مانەوەی زۆر زەرورە، چونکە بە حەقیقەت زەختیان لەسەر دروست نابێت و ئەزانن ئیشەکانی خۆیان چۆن دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر برایانی لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیر بەپێویستی دەزانن ئەم مادەیە بمێنێتەوە، بەڵام بەم سیغەیە نابێت بمێنێتەوە، ئەگەر لە جیاتی، الجهات العیا بڵێن الاعلی منه ئەو وەختە جودایە، ئەو وەختە تەبعەن رەئیس وەزیرانیش ئەگرێتەوە، هەر سێ ریئاسە دەگرێتەوە، بەڵام وەزیر كەی جیهاتی ئەعلایە، وەزیر جیهاتی ئەعلایە بەنیسبەت مودیر عام، بەڵام لێرە ئەعلا نیە، كەی بڵێین الاعلی منه ئەو وەختە وەزیریش ئەگرێتەوە، زۆر سوپاس.كاك عونی فەرموو بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگەوە، وەكو موقتەرەحی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: يتولى المجلس ابداء المشورة القانونية في المسائل التي تعرضها عليه الجهات العيا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادەكە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی نۆیەم: ئەنجومەن لە بواری رەئی دەربڕیندا ئەمانە ئەنجام دەدات:

یەكەم: دەربڕینی بیرو را لەجۆرەها مەسەلەی كە وەزارەتەكان لەسەری ناكۆكن یان لەنێوان خۆیان و نێوان ئەو لایەنانەی كە بەوەزارەتەوە پەیوەست نین، ئەگەر لایەنەكانی پرسەكەیش داوای ناوبژیوانیان لە ئەنجومەن كرد دەبی پابەندبن پێیەوە.

دووهەم: بەپێی داواكاری یەكێك لە وەزارەتەكان یان لایەنەكان كە پەیوەست نین بە وەزارەتەوە حوكمە یاساییەكان روون دەكاتەوە.

المادة التاسعة: يمارس المجلس في مجال الرائ مایاتي:

اولاً: ابداء الرائ في المسائل المختلف عليا بين الوزارات او بينها وبين الجهات غير المرتبطة بوزارة، اذا احتكم اطراف القضية الى المجلس ويكون رايه ملزما لها.

ثانيا: توضيح الاحكام القانونية بناء على طلب احد الوزارات او الجهات غير المرتبطة بوزارة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیمه له گەڵ دەقی مادەکەین و هیچ مولاحەزەمان نیه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ تێبینیم هەیه لەسەر ئەو مادەیه، یەکەم: یمارس المجلس في مجال ابداء الرائ، نەك الرای، وابزانم بەو شێوە تەواو ترە نەك بەم شیوە.

دوو: بڕگەی یەك دەڵێت: اذا احتكم اطراف القضية الى المجلس، واتا هەردوو طرف یان هەموو ئەترافەکان دەبێت ئیحتیکام بکەن، هەندیك حاڵەت هەیه دوو وەزارەت یان وەزارەتێك له گەڵ جیهاتێکی غەیر مورتەبیت بەوەزارەتەوە، یەك تەرەف دەچێتە ئەوەی دەبێت ڕێگا بەوەی تریش بدەین، بۆیه پێم وایه بڵێین: اذا احتكم الى المجلس، نەڵێن الاطراف.

لەبڕگە سێ پێم وایە، تفسير الاحكام القانونية تەواو ترە له توضيح الاحام القانونية، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من جەوابت ئەدەمەوە، ئیبداەکە غەڵەتە، في مجال الرائ چونکە خوت لەیەکم جارەوە دەڵێیت ابداء الرائ، دووهەم جار دەڵێت توضیح، یەعنی تەضیح وئیبدائەکە ڕەئی دەگرێتەوە، ئەوەی تریش دوایی برادەران جەوابت دەدەنەوە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرەدا پرسیارێك دەکەم؟ الجهات غير المرتبطة بوزارة، مەبەستی هەیئات نیە؟ ئەگەر هەیئات بێت بۆ چی نەنووسین الهیئات؟ بنووسین هەیئات لەوە باشترە کە تەعریفەکە بە کەم و کورتی بمێنێتەوەو بڵێین والجهات غير المرتبطة بوزارة، ئەوە کومەڵێك هەیئات هەیە، ئەگەر بکرێت بەهەیئات باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان بەو مولاحەزاتانەی کاك سەردارو سۆزان خان، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەنیسبەت ڕەئی کاك سەردار هەمان ڕەئی جەنابتمان هەیەو بەنیسبەت ڕەئی سۆزان خان، ڕاستە هەندێ دەزگا ناوی هەیئەیە وەکو هەیئەی ئیستیسمار، بەڵام هەندێکی تر ناوی هەیئە نیە و ناشکرێ هەموو ئەوانە بەتەفسیلات ناو بنەین، دەڵێین الجهات غير المرتبطة بوزارة، بۆ ئەوەی ناوەکانیان لێرە

ناتوانین جیا جیا بێنین، بەڵام کە دەڵێین الجهات غير المرتبطة بوزارة ئەوە وازیحە، بۆیە بەو شکڵەی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار مولاحەزەیەکی تری هەبوو جگە لەوەی من جەوابیم داوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی اذا احتكم اليه اطراف القضية، اطراف القضية، شەرت نیە دوو کەس بن ئیحتیمال هەیە سێ یان چوار دەزگابێت، دەزگایەك پەیوەندیدارە لەسەر مەسەلەکە، ئیمکان هەیە بۆ نموونە ئەویش ئیحتیکام بکات بۆ ئەو مەجلیسە، بۆ ئەوەی رەئیەکەی بۆ تەوزیح بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بڵێین اذا احتكم الى المجلس عەینی شت دەکات، فەرقێکی وای نیە، خۆ تەحسیڵ حاسڵە بۆ دەینووسین؟ غیر هاتوونە ئیحتیکامیان کردووە، خۆ ئەو شتەی کە دەڵێت: ابداء الراي في المسائل المختلف عليه، ئیبدائی رەئیەکە ئەو وەختە دەبێت کە ئیحتیکامیان کردووە، یەعنی هاتوون بۆ لات، هەر ئەوە زیادە کاک شێروان پێم وایە، ابداء الرائ في المسائل المختلف عليها بين الوزارات او بينها وبين الجهات غير المرتبطة بوزارة ويكون رأيهم ملزم لها، یەعنی ئەوانی تر زیادە، ئیحتیکامەکە لە ئەوەڵەوە هاتووە، ابداء الرائ، ابداء الرائ ناکات تا نەیەن بۆ لای، وەگەر بمێنێتیش زیاتر تەوزیحە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو دوو دەزگایە موختەلیفن، ئەگەر چونە قەزا، قەزای عادی ئیقامەی دەعوایان کرد حەقیان نامێنێت موراجەعەتی ئەو مەجلیسە بکەن، چونکە نەسێك هەیە دەڵێت ئەو مەجلیسە ناتوانێت ئەو قەزایانە کە لە قەزا مەعروزە تەماشایان بکات، بەڵام لێرە ئەگەر ئیحتیکامیان کرد بۆی بەنیسبەت ئەوانە، رەئیەکەی ئەو مەجلیسە مولزەمە، ئەو وەختە دەبێت هەردوو لایان تەنفیزی بکەن وەکو قەراری مەحکەمە، یەعنی جۆرێکە لە تەحکیم بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی لەناحییەی لوغەویەوە بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: يمارس المجلس في مجال الرائ مايلي:

اولا: ابداء الرائ في المسائل المختلف عليها بين الوزارات او بينها وبين الجهات غير المرتبطة بوزارة اذا احتكم اطراف القضية الى المجلس ويكون رايه ملزما لها.

ثانيا: توضيح الاحكام القانونية بناءاً على طلب احد الوزارات او الجهات غير المرتبطة بوزارة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ تکایە دەست بلندکات.وەرگیرا بە ئەکسەرییەت، بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی دەهەم:

یەکەم: نابێت جگە لە وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنێ کە پەیوەست نیە بە وەزارەتەوە مەسەلەکان بخاتە بەردەم ئەنجومەنەوە.

دووهەم: نابێت ئەنجومەن بیروراو راوێژکاری یاسایی سەبارەت بەوە دەربڕێت کە لەبەردەم دادگاکەدایە یان سەرچاوەیەکی یاساییان هەیە بۆ تانوت لێدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

اولا: لایجوز لغیر الوزیر المختص او رئیس الجهة غیر المرتبطة بوزارة عرض القضایا علی المجلس.

ثانیا: یحضر علی المجلس ابداء الرائ او المشورة القانونیة في القضایا المعروضة علی القضاء او التي لها مرجع قانوني للطعن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە گەڵ دەقی مادەکەین و هیچ تێبینیمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وەڵامی زور پرسیار ئەداتەوە کە پێشتر کرابوون، لەسەر مەسەلەی ئیختیساسای مەجلیس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێکی تر من پرسیارئەکەم ئەگەر وەزیری موختەس بۆی هەبێ، یاخود رئیسی ئەو هەیئەیە بۆی هەبێ عەرزی قەزایا بکات لەسەر مەجلیسەکە، پرسیارەکەی من لەوەدایە ئێمە چۆن ئیشکالە ئیدریەکان و تەعن لە قەرارە ئیداریەکان چۆن ئەکرێت لێرەدا؟ ئەگەر مەبەست لێرەدا بۆ ئیبدائی رەئی بێت، کەواتە دەستەواژەیەکی بۆ ئیزافە بکرێت، لایجوز لغیر الوزیر المختص او رئیس الجهة غیر المرتبطة بوزارة عرض القضایا علی المجلس لابداء الراي في تلك القضایا، چونکە ئەگەر بۆ لایەنی مەحکەمە ئیداریەکە جاری وا

هەیە وەزارەتەکە غەدر لە موزەفێك دەکات، قەرارێکی تەعەسوفی دەرئەکات، لەبەر ئەوە ئەی ئەگەر لەرێگەی وەزیرەکەوە بوو، وەزیرەکە بەرزی ناکاتەوە بۆ مەجلیسەکە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێت ئێمە یەکەم شت فەرز بکەین لەبەینی قەزایاو لەبەینی ئیبدائی رەئی، دووهەم: ئیختیساساتی مەحکەمەی ئیداری لەزمنی مەجلیسی شورایە و میکانیزمی تایبەتی بۆ دانرایە، چۆن تەعامل لەگەڵ ئەو قەزایانە دەکرێت کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ مەحاکمی ئیداری، ئەوەی لێرەیە پەیوەندی بەمەجلیسی شورا هەیە، یان ئیبدائی رەئیە یان مەشورەی قانونیە، ئەوەی کە لەمادە دە هاتووە پەیوەندی هەیە زیاتر بە عەرزی قەزایا لەسەر مەجلیس، واتا لە زمنی ئیختیساساتی مەجلیسی شورا کەمونازەعاتی ئیداری لەبەینی دوو دەوائیرا ببینێت، ئەوە ئەو ئیختیساساتانەیە کە مەجلیسی شورا دەیبینێت، یەعنی لەزمنی قەزایای ئیداری نیە ئەوە، بەڵام لە زمنی ئیختیساساتی مەجلیسی شورایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی بیخوێنەوە، مولاحەزات نیە، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

اولا: لایجوز لغیر الوزیر المختص او رئیس الجهة غیر المرتبطة بوزارة عرض القضایا علی المجلس.

ثانیا: یحضر علی المجلس ابداء الرائ او المشورة القانونیة في القضایا المعروضة علی القضاء او التي لها مرجع قانوني للطعن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ تکایە دەست بڵندکات. بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەی یازدە: وەزیری داد بۆی هەیە ئەو دۆزانەی پێی باشە بۆ ئەنجومەنی رەوانە بکات بۆ لێکۆڵینەوەو رادەربڕین لەسەریان و ئامادەکردنی پڕۆژەی یاساکانی، کە پێی باشە دەر بکرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادیة عشرة: لوزیر العدل ان یحیل علی المجلس القضایا التي یرتأي احالتها علیه لدراستها وابداء الراي فیها او اعداد مشروعات القوانین التي یری تشریعها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی مادەکەین وهیچ مولاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها سۆزان خان و د. شکریە قسەیان هەیە، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەم یاسایە هێنراوە، باب باب کراوە، هەر فەسڵێك ناوەکەیشی هەیە لەسەرەوە، ابداء الراي والمشورة القانونية، لێرەیە کە دەڵێت: لوزير العدل ان يحيل على المجلس القضايا التي يرتأي احالتها عليه لدراستها او ابداء الرائ فيها، تەواو، بۆچی لەبەر ئەوە شتێکە لەو شتانەی کە ئەو پێویستە رەئی ئەوان وەرگریٚ، اعداد مشاريع القوانين، ئەوە بەشێکە لەفەسڵەکەی تر کە ئەوان ئیختیساسی تەقنینیان هەیە، ئەتوانی لوێشا بەندێکی وا دابنێیٚ، یاخود ئەمە بیهێنیتەوە ئەخیری هەموو یاساکە، بۆ ئەوەی بەڕوونی عیلاقەی نەبێت بەسەر ئیشەکەوە، کە بڵێین وەزیری عەدل هەم رەئیشیان وەرگریٚ و هەم قانونیشیان بۆ ئیحالەبکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەمادەی دەیش هاتووە، لايجوز لغير الوزير المختص، کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەقەناعەتی من ئەو مادەیە، مادەیەکی تەئکیدیە زیاتر لەبەر ئەوەی کە نەصێکی تێدایە کە دەڵێت: ئیداریەن عاییدی وەزیری عەدلە، عەجبەن وەزیری عەدل ئەو حەقەی هەیە، دەزگایەکە ئیداریەن عاییدی ئەو بێت، بتوانێت ئیحالەی قەزایای بۆ بکات، بەقەناعەتی من ئەوە نەصێکی تەئکیدیە بۆ ئەو ئختیساسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەقانون تەئکیدی دەویٚ، نازانم ئەو تەئکیدەی بۆ چیە؟ ئەوە لەمادەی دە دەڵێت: لايجوز لغير الوزير المختص، کە دەکات وەزیری عەدل، کاك عونی بیخوینەوە بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: لوزير العدل ان يحيل على المجلس القضايا التي يرتأي احالتها عليه لدراستها وابداء الراي فيها او اعداد مشروعات القوانين التي يرى تشريعها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شكریە خان فەرموو.

**بەڕێز د. شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرەدا دوو تێبینیم هەیە، یەكەم وەزیری داد، من پێم باشە ئەگەر بكرێتە وەزارەتی داد،چونكە ئەگەر وەزیر بێت تەنها ئەبێت وەزیر تەوقیعی بكات، دووو: دەڵێت ئەو دۆزانە دۆز لێرە یەعنی حەرەكە، لەكوردیا دۆزی نەسۆنالیستی كورد، بەڵام ئەگەر بكرێتە كێشە جوانترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشتریش ئەوە حەسم كرا كە ئیرتیباتبان بە وەزیری عەدلە، نەك بەوەزارەت، چونكە بڵێت بەوەزارەت، ئەو كاتە مودیر عامیش دەتوانێت موخاتەبەیان بكات، رەنگە كەمتریش لەپلەی مودیر عام بتوانێت موخاتەبەیان بكات، بۆیە مەسەلەی، بوزیر العدل راستە، ئەوەی زمانەوانێكە نازانم رەئیتان چیە لەسەر ئەوە؟ ناحییەی زمانەوانی هیچ موشكیلە نیە، دوایی دەوڵەمەندی دەكەن، دائیمەن عەرەبییكە وازیحە، ئێمە دەنگ دەدەین بۆ عەرەبێكە، جارێكی تر بیخوێنەوە بەعەرەبی، كوردییەكە هەموو جار ئیختیلاف دەبێت لەسەری، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: لوزير العدل ان يحيل على المجلس القضايا التي يرتأي احالتها عليه لدراستها وابداء الراي فيها او اعداد مشروعات القوانين التي يرى تشريعها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو مادەیە؟ با دەستی بڵند كات تكایە. بەكۆی دەنگ قەبول كرا، بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەسڵی سێهەم

ماددەی دوازدەم:

یەك: لەسەنتەری هەر پارێزگایەك دادگایەكی كارگێڕی دادەمەزرێ، بەسەرۆكایەتی دادوەرێكی پۆلی یەكەم یان راوێژكار وئەندامێتی دوو داد وەری پۆلی سێهەم، یان چوارەم، یان راوێژكارانی یاریدەدەر.

دوو: دەكرێت داد وەرانی پۆلی یەكەم یان دووهەم بۆ دادگای كارگێڕی ئینتیداب بكرێن، جگە لەوانەی بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی راوێژكاری هەرێم ئینتیداب كراون.

سێ: ئەو داوایانەی لەم یاسایەدا هاتوون بەپێی یاسای داد بینی شارستانی یەك لا دەكرێنەوەو بەئامادە بوونی ئەندامی داوكاری گشتی دەوێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: القضاء الادراي.

اولا: تشكل في مركز كل محافظة محكمة ادراية برئاسة قاضي من الصنف الاول او مستشار وبعضوية قاضيين من الصنف الثالث او الرابع، او مستشارين مساعدين.

ثانيا: يجوز انتداب قضاة من الصنف الاول او الثاني الى المحكمة الادراية من غير المنتدبين لعضوية مجلس شورى الاقليم.

ثالثا: تنظر الدعاوى الواردة في هذا القانون وفق احكام قانون المرافعات المدنية ويكون بحضور عضو الادعاء العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە راپۆرتەکەمان ئامادە کرد بەحەقیقەت تەئییدی پڕۆژەکەی حکومەتمان کرد، بەڵام پاشان یەك، دوو کۆبوونەوەمان کرد، لەگەڵ جەنابی وەزیرو بەڕیز کاك محمد عمر و هەندیك لە دادوەرە بەڕێزەکان پێیان وابوو پێویست ناکات لەو قۆناغەدا وحەتا لە قۆناغەکانی درێژ خایەنیشدا لەهەر پارێزگایەك مەحکەمەی ئیداری هەبێت، بەڵکو مەحکەمەیەکی ئیداری هەبێت لەسەر ئاستی هەرێم بۆ ئەوەی بتوانێ لەبیدایەتا تەشکیلێکی ئیداری سەرپەرشتی ئیشەکانی خۆی بکات، تەماشای بەغداشمان کرد کە دەبینین لەسەر ئاستی عێراق یەك مەحکەمەی ئیداری هەیە، نەك لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەك مەحکەمەیەکی ئیداری هەبێت، بۆ ئەوەی تەقلیسی ئەو هەیکەلیاتانە بکەین بەراستی وبتوانرێت ئیش و کارەکان بەشێوەیەکی رێکوپێك بڕوات، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە بەنیسبەت فەقەرە یەك، یەك مەحکەمەی ئیداری هەبێت لەهەرێم، ئێستا سیاغەکەمان ئامادە کردووە، ئەگەر ئیجازەمان پێ بدەێت سیاغەکە دەخوێنینەوە، ئەگەر نا رەئی بەڕێزتانەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عونی بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة:

اولا: تؤسس محكمة ادارية برئاسة قاضي من الصنف الاول وعضوية قاضيين من الصنف الثالث على الاقل ويجوز ضم مستشارين او مستشارين مساعدين الى هذه المحكمة عند الاقتضاء ويكون مقرها في اربيل عاصمة الاقليم.

**ثانيا: يجوز انتداب قضاة من الصنف الاول او الثاني الى المحكمة الادراية من غير المنتدبين لعضوية مجلس شورى الاقليم.**

**ثالثا: تنظر الدعاوى الواردة في هذا القانون وفق احكام قانون المرافعات المدنية ويكون بحضور عضو الادعاء العام.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**مامۆستا كاكە رەئیەكی دا, دەڵێ قەزیەی مستەشاریمان حەل نەكردووە, مەجلیسەكەشمان نەكردووە, ئەوەش نامەكان رەبتی بەوە هەیە, بۆ مەعلوماتتان ئێمە هەفتەی دادێ بودجەی هەرێم دێتە موناقەشە كردن, پاش ئەوەی لیژنەی دارایی راپۆرتەكەی پێشكەش بە پەرلەمان كردووە, پێویست دەكات لەگەڵیان كۆبوونەوە بكەین, سبەینێ, یان رۆژی یەك شەممە, رۆژی دووشەممە پاش ئەوەی كە ئەو پرۆژەیە تەواو بكەین لەگەڵ بەرنامەی كاری ئەمرۆمان كە ئیعلانمان كردووە, دانانی رۆژی 4/16 بە رۆژی ژینگە دەست پێ دەكەین, هەم موناقەشەی بودجە دەكەینەوە, هیچ پرۆژەیەكی تر موناقەشە ناكەین, بۆیە ئەو كۆبوونەوەیە پێشنیار دەكەم دوای بخەین بۆ رۆژی دووشەممە سەعات (10ر30) , چونكە رۆژی یەك شەممە پێویست دەكات ئەو فەقەرانە كە دامانابوون سبەینێ یەك شەممە كاك زانا و جەماعەت لەگەڵ كاك سردار و كاك كریم صیغەیەك دابنێن, مشورەك بكەن لەگەڵ جەنابی وەزیر و لیژنەی قانون, بۆ ئەوەی بە ئیتیفاق بێنە ناو هین و ئەوانە, ئێستا دەیخەمە دەنگدان, كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو كۆبوونەوەیە دوا بخەین دەستی بلند بكات؟ سوپاس, كێ لەگەڵ نییە؟ بە كۆی دەنگ دانیشتنەكەمان دوا دەخەین زۆر سوپاستان دەكەین, بەخێربێن سەرچاو....**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 7\4\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5)

## دوو شەممە رێكەوتی 2008/4/7

كاتژمێر (30ر10)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2008/4/7 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (5)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەكات (30ر10)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2008/4/7, بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی راوێژكاری باڵا, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنەڕوو گفتوگۆكردنی پرۆژەی بڕیاری دانانی رۆژی 4/16 ی هەموو ساڵێك بە رۆژی ژینگەی هەرێمی كوردستان, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان, دانیشتنی ئەمڕۆ دەكەینەوە بە خوێندنەوەی بەرنامەی كار:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی راوێژكاری باڵا كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

2- خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی بڕیاری دانانی رۆژی 4/16 ی هەموو ساڵێك بە رۆژی ژینگەی كوردستان، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

سەرەتا بەخێر هاتنی بەرێزان: كاك فاروق وەزیری داد، بەرێز كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، بەرێز كاك محمد عومەر، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، لەگەڵمان بەشدارن بۆ ئەم دانیشتنە، داوا لە لێژنەی یاسایی دەكەم، بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن بۆ بەردەوام بوون لەسەر خاڵی یەكەم و دووەم.

خاڵی یەكەمی بەرنامەی كار : بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی راوێژكاری باڵا، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە. داوا لە لێژنەی یاسایی

دەكەم كە لەو ماددەیە كە تەواومان كـرد بچـن بـۆ ماددەكـەی دواتـر، وا بـزانم یـانزە ماددەمـان تـەواو كـرد، ئەچین بۆ دوازدە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە موناقەشە كردنی جەلسەی رابردوو، گەیشتینە ماددەی یانزە، ماددەی دوازدە گفتوگۆی لەسـەر نەكرایـە، بـەڵام دوو مـاددە موعەلـەق ماوەتـەوە كـە یـەكێكیان مـاددە چـوارە و ئـەوەی تریـان مـاددە دووە، دیـارە بـە نیسبەت ماددە دوو گفتوگۆیەكی زۆری لەسەركرا، ئـاخیر ڕەئـی كـە لێـرە وەرگیرا ئـەوە بـوو كـە بەنیسـبەت موستەشارین پێویستە حەدی ئەدنا و ئەعلا رابگیرێت و حەدەكان دیـاری بكرێـت و، ئـەوە بـوو ئێمـە وەكـو لێژنـەی یاسـا لەگـەڵ ئـەو بەرێزانـەی كـە موقتەرەحـەكانیان تەقـدیم كردبـوو، لەگـەڵ جـەنابی وەزیـر و راوێـژكارەكانی، گفتوگۆمـان لەسـەر ئـەو ماددەیـە كـرد و گەیشـتینە ئـەو صـیغەیەی كـە ئێسـتا عـەرزی جەنابتانی دەكەین، ئەگـەر مـەجالم بـدەنێ مـاددەی دوو بەوشـێوەی كـە هـاتووە دەیخوێنمـەوە، دوا ڕەئـیش ڕەئی ئێوەی بەرێز و ئەندامانی پەرلەمانە،

المادة الثانیة: یؤسس في الاقلیم مجلس یسمی مجلس شـوری اقلـیم كوردسـتان-العـراق، یـرتبط اداریـآ بـوزیر العدل و یتألف من رئیس و نائـب للـرئیس و مستشـارین لا یقـل عـددهم عـن خمسـة، و لا یزیـد عـن ثلاثـة عشرة مستشارآ.

ئـەوەی جێـی ئامـاژە پێكردنـە، لێـرە موسـاعید موستەشاریشـمان لادا، بـە پێویسـتمان نـەزانێ لـە زمـنی تەشكیلاتەكە موساعید موستەشار هەبێ و تەنها ئیكتیفا بكرێ بە موستەشار و زۆر سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: لە هەرێمدا ئەنجومەنێك بەناوی ئەنجومەنی شورای هەرێمی كوردسـتان-عـیراق دادەمـەزرێ، لە لایەن كارگێڕیەوە پەیوەندی بە وەزیری دادەوە دەبێ، پێك دێت لە سـەرۆك و جێگـری سـەرۆك و چـەند راوێژكارێك كە ژمارەیان لە پێنج كەمتر نەبێ و لە سێزدە راوێژكار پتر نەبێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە لەبەر رۆشنایی موناقەشەی ئێوەی بەرێز بـوو لەسـەر مـاددەی دوو كـە داواتـان كـرد، لێژنـەی یاسـایی لەگەڵ جەنابی وەزیر دابنیشـن و صـیاغەی بكـەن، لەبـەر رۆشـنایی ئەكسـەریەتی ئەنـدامانی پەرلـەمان كـە ئەوەیان پێ باش بوو ئەو صیغەیە، ئەگەر كەس ئیعـتیرازی نیـە، قسـەی نیـە؟ كـاك د. ناصـح قسـەی هەیـە، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر ژمارە سیزدەكە تێبینیم هەیە، سێزدە زۆرە مەفرۆزە بە قەناعەتی من یازدە كافیە، چونكە كۆمەڵێك لەو ئەنجومەنانە هەن، نێودەوڵەتین، بۆ میسال دادگای دادی نێودەوڵەتی، كە كێشەكانی هەموو دونیا ئەچێتە پێشی لە پانزە ئەندام پێك دێت، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان دیسانەوە لە پانزە ئەندام پێك دێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە سێزدە زۆرە، بیكەنە یازدە كافیە، بیكەنە پێنج تا یانزە، ئەوەكەی تر من هەمووی لەگەڵێمە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبداللە زەنگەنە :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من رەنگە لەسەر موستەشارین، چونكە ئێمە ناومان نا مەجلیسی شورا، بڵێین و اعضاء لا یقل عددهم عن 7 و لا یزید عن 13 ، باشترە، چونكە وا ئینسان تێدەگات ئەوە خاریجی ئەو هەیئەتەن ئەو موستەشارینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ هەردوو مولاحەزەكەت، داوا لە جەنابی وەزیر دەكەم رەئی خۆی دەربڕی لەسەر ژمارە سێزدە كە داوا دەكەن ببێتە یازدە، لە جیاتی موستەشار ئەندام بێت، دەكرێ وەكو مامناوەندی بڵێین موستەشار و ئەندام مەجلیس شورا، جەنابت فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەللا ئێمە لەگەڵ ڕای لیژنەی قانونین كە ئەو صیاغەتەی كە دایانناوە، وەلەو بەنیسبەتە ئێمە یازدەش هیچ موشكیلەیەك نیە، بەڵام ئەوەی لیژنەی قانونی زۆر شتێكی چاكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان دەڵێ ناوی موستەشار نەبێ، ناوی ئەندامی مەجلیس شورا بێت، دەكرێ بڵێین (مستشار اعضاء مجلس الشوری)، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی موستەشارەكان ئەعزانە، ئەگەر بڵێین:(مستشارین اعضاء مجلس الشوری) زۆر ئیعتیادی دەبێ، ئێمە موستەشارەكەمان لەبەر هەندێ مەسائیلی خصوصیەت دانایە بەڕاستی كە لەقەبی موستەشاری هەبێ، خۆ عینوانێكی وەزیفیشمان دانایە بۆێ و لە سولەمی وەزیفیش لە ئاخیری ئیشارەتمان پێدایە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو مولاحەزەی د.ناصح، جەنابی وەزیر دەڵێ مانیعمان نیە، بەڵام تەئیدی موقتەرەحەكەی لیژنەی یاسایی دەكەم، كەسێكی تریش بەهەمان شێوە مولاحەزەی نەداوە بكرێتە یازدە و ئەوانە تا بەهەند

بنووسرێت، ئەوەی مولاحەزەکەی پەخشان خان، هەر چەندە عەینی شتە، بەڵام لەگەڵ لیژنەی یاسایی قسەمان کرد و (يتالف من رئيس و نائب للرئيس و اعضاء من المستشارين) ، وای لێدێتن ، کاك جەمال قسەت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا منیش هەر تێبینیەکەم ئەوەبوو، چونکە لە ماددەی 15 باسی ئەندامان ئەکات ئەڵێ چی؟ ئەڵێ: (ثلاثة اخرون يختارهم رئيس المجلس من بين اعضاء المجلس)، یەعنی کەواتە (اعضاء المجلس)مان هەیە نەك موستەشار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرموو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی ئیستیشاری، ئێمە تەئیدی د.ناصح دەکەین بۆ یازدە کە، بەڵام ئەگەر بکرێ نۆ باشترە لە یازدەکە، هەر چەندی کەم بکرێتەوە ئەگەر تەئید هەبێ باشترە، ئێمە گەورەترین موشکیلەمان ئەو ژمارە زۆرەیە کە لە کوردستاندا هەیە، کەمی بکەینەوە، من تەئیدی نۆ دەکەم، ئەگەر نۆش نەبوو تەئیدی یازدەکەی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەترسێم هەردووکتان لەبەر ئەوەتان بی بڕواتان وابێ رەقەم 13 شوومە؟ کاك شێروان چ دەڵێین؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئێمە حەدی ئەعلامان دانایە، خۆ شەرت نیە هەر (13)ەکە بە یەك جار تەعین بێت، مومکینە لە بۆ مەرحەلەی یەکەم شەرت نیە ئەوە هەمووی پێکەوە تەعین بکەین، یەعنی بە پێی مەعلوماتی ئێمە وەزارەتی عەدل هەتا ئێستا یەك موستەشاری پێی پەیدا کرایە لەو مواصەفاتەی کە بیست ساڵ خزمەتی هەبێت و ئەوانە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی موتەفیقن ببێتە یازدە، دەیخەمە دەنگەوە، با بیخوێننەوە وەکو مولاحەزەکەی کە گۆڕانکاری کرایە، یەکەم: ببێتە یازدە، دووەمینیش: مەجلیسەکە دەبێتە ئەعزا لە جیاتی موستەشارین.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: لە هەرێمدا ئەنجومەنێك بەناوی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عیراق دادەمەزرێ، لە لایەن کارگێڕیەوە پەیوەندی بە وەزیری دادەوە دەبێ، پێك دێت لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و چەند ئەندامێکی راوێژکار کە ژمارەیان لە پێنج کەمتر نەبێ و لە یازدە پتر نەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەیخەمە دەنگەوە، کاك شەوقی چیە نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر عەدەدەکەی هیچ موشکیلەیەکم نیە، بەڵام بە نیسبەت ئەو مەجلیسە کە رەبت بێت بە وەزارەتی داد یان نا، ئەو ئیقتیراحە هەبوو و چەند برادەرێکیش تەئکیدیان لەسەر کرد، بەر لەوەی کە ئەوەی بدەیە دەنگدان، پێم وایە ئەو مەوزوعەش یەکلابکەیەوە ئەوجا بیدەیە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نەبوو، دەبوایە داوا بکەی قسەی بکەی، داوای قسەت نەکرد، دوایی تۆ ئاخر لەحزە دێی و ئەوەی دەڵێ؟ نا ئەوە موناقەشەی زۆری لەسەر کرایە، کاك فرسەت قسەی هەیە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای ئیختیصاصاتی ئەو مەجلیسە بکەین، تەبعەن بەدەر لە ئیختیصاصاتی مەحکەمەی ئیداری من ویجهەت نەزەرێکی ترم هەیە، ئیشی حکومەتە کە خوێندنی پرۆژەکانە و دروستکردنی پرۆژەکانە، لازمە مەربووتی وەزارەتی عەدل بێت، نابێت بە جیاوازی ئیش بکات، مەوزوعی مەحکەمەی ئیداری ئەوە مەوزوعەکی ترە، کە هاتینە سەری منیش رەئیەکی جیاوازم هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا لەسەر ئەندامەکان هەڵەیەکی تیایە کاتی خۆی ناوی ئەم مەجلیسە مەجلیسێکی ئیستیشاری بووە، ئێمە ناومان نایە مەجلیسی شورا، ئەندامانی ئەم مەجلیسە ئەندامی شورا ئەبن نەك ئیستیشاری، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەندام وەکو عضو شورا بن لەم مەجلیسە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر واشە و مەعنایەکەی وایە، مجلس شوری یتالف من رئیس و نائب رئیس و اعضاء من المستشارين ، ئەوەی تۆ دەیڵێی بەڵزەبت ئەو صیغەیەی دەگرێتەوە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی جگە لەوەی کە کاك فرسەت باسی کرد، حەز دەکەم لێرە ئاماژە بە ماددە 101 ی دەستووری هەمیشەیی عیراق بکەم، کە دەڵێ: يجوز بقانون انشاء مجلس دولة يختص بقانون القضاء الاداري و الافتاء و

الصياغة و تمثيل الدولة و سائر الجهات العامة امام جهات القضاء، یەعنی ئەم مەجلیسە تەمسیلی دەوڵەت دەکات بەرامبەر قەزاء ناکرێ ئەوە عایدی مەجلیسی قەزاء بێت و تەمسیلی دەوڵەت بکات بەرامبەر بە قەزاء یەعنی تەناقوز هەیە، ئەگەر بێت و عایدی مەجلیس قەزاء بێت، یەعنی لێرە تەناقوز دەکات لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عیراق و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە وەکو خوێندرایەوە، کێ لەگەڵێدایە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەئەکسەریەت وەرگیرا، بۆ ماددەی چوارەم کە تەئجیل کرابوو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: يتكون المجلس من:

1-الهيئة العامة: وتتكون من الرئيس و نائبه و المستشارين، و تعقد جلساتها برئاسة الرئيس و عند غيابه برئاسة نائبه، و يتم النصاب القانوني بحضور ثلاثة ارباع اعضائها.

2-هيئة الرئاسة: تتالف من الرئيس و نائبه و اقدم المستشارين.

3-هيئة انضباط موظفي الاقليم: تتالف من الرئيس و عضوية اثنين من المستشارين، تسميهما هيئة الرئاسة و عند غياب الرئيس يتولى نائبه الرئاسة.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم: ئەنجومەن لەمانە پێك دێت:

1-دەستەی گشتی: لە سەرۆك و جێگرەکەی و راوێژکاران پێکدێت، دانشتنەکانی بە سەرۆکایەتی سەرۆك ئەنجام دەدرێت و لەکاتی ئامادە نەبوونیدا بە سەرۆکایەتی جێگرەکەی و ئامادەبوونی سێ لەسەر چواری ئەندامانی لەلایەن یاساییەوە پێك دێت.

2-دەستەی سەرۆکایەتی: لەسەرۆك و جێگرەکەی و کۆنترین راوێژکاری، پێك دێت.

3- دەستەی رێککاری هەرێم: پێك دێت لەسەرۆك و ئەندامێتی دوو لە راوێژکاران، کە دەستەی سەرۆکایەتی دەستنیشانیان دەکات، دادوەرێك لە پۆلینی دووەم کەمتر نەبێت کە ئەنجومەنی دادوەری دەستنیشانیان دەکات و، بەسەرۆکایەتی سەرۆك دانیشتنەکانی ئەنجام دەدات و، ئەگەر نەکرا بە سەرۆکایەتی جێگرەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش لەبەر رۆشنایی موناقەشاتی ئێوە بوو، د. رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەم مادده باس لە پێکهاتەی ئەنجومەن دەکات، بەڵام ئاماژەی بە مەحکەمەی ئیداری نەکردیە، لە جەلسەی پێشوو سەرۆك و ئەندامانی لێژنەی یاسایی باسیان کرد کە ئەو مەحکەمەیە بەشێکە لەو ئەنجومەنە، بەڵام لێرە باس نەکرایە، هەروەها هەیئەی عامە کە بەرزترین و باڵاترین دەستەیە لەو ئەنجومەنە، هیچ ئاماژە بە دەسەڵاتەکەی نەکرایە، تەنها لە مادده بیست نەبێ زۆر بە خێرایی و زۆر بە کورتی باس لە دەسەڵاتی ئەو هەیئە گرنگە دەکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك کەریم.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من تەئیدی بۆچوونەکەی د.ڕۆژان دەکەم بەراستی لەو مەسەلەیەدا تێکەڵیەك هەیە، بەنیسبەت هەیئەی ئینزیباتی دەولە، من وای دەبینم هەیئەی ئینزیباتی دەولە لەگەڵ مەحکەمەی ئیداری، کارەکانیان وەکو یەکە و لە یەك نزیکە، پێم وایە ئەوە ئەو یاسایە زیاتر ئەو دەزگایە تەعقید دەکات، بۆیە من پێشنیاریشم کرد لە هەیئەی یاساییدا، هەیئەی ئینزیباتی دەولە لەگەڵ مەحکەمەی ئیداری بکرێتە یەك، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەم مەسەلەیە بکەین، پێم باشە ماوەیەکمان بدرێتی بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین جارێکی دیکە پێدا بچینەوە بۆ ئەوەی ئەو دوو هەیئەتە، هەیئەی ئینزیباتی دەولە و مەحکەمەی ئیداری بکەینە یەك، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هەیئەی عامە یەك لە دەزگا دەسەڵاتەکانە لە زمنی مەجلیسی شورا و، تورقی تەعن لە مەحکەمەی ئیداری یەکێکە لەو ئیختیصاصاتانە دەگەڕێتەوە بۆ هەیئەی عامە، ئەوە یەك، دوو: بەنیسبەت مەحکەمەی ئیداری و بە نیسبەت هەیئەی ئینزیبات، هەریەك ئیش و کارێکیان هەیە، ئیش و کاری مەحکەمەی ئیداری ئەوەیە: کە تەعن لە قەراراتی مەحکەمەی ئیداری دەگرێت، هەر هاووڵاتیەك حەقی ئەوەی هەیە کە ئیعتیراز لەسەر قەراری ئەو مەحکەمە ئیداریە بگرێت، بەڵام بە نیسبەت هەیئەی ئینزیبات تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە، ئەو قەرارە ئیداریانەیە کە بەرامبەر بە موەزەفین دەردەچێت بە گوێرەی قانونی خدمەی موەزەفین، بۆیە جیاوازیەکە ئەوەندەیە و ئیلا مەحکەمەی ئیداری و هەیئەی ئینزیباتی دەولە هەردووکیان لە ڕوانگەی ئیش وکاریانەوە، تەقریبەن ئیش و کارەکانیان نزیکە لە یەکتری، بەڵام ئینزیبات تەماشای شوئونی موەزەفین دەکات و، بەینەما مەحکەمەی ئیداری شوئونی هاووڵاتی بە شکلەکی گشتی تەماشا دەکات و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شەرحەكە وا بزانم وازیحە، جەنابی وەزیر هیچ قسەت هەیە؟.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر، زۆر سوپاس، من تەئیدی ویجهەت نەزەری كاك شێروان دەكەم، تەبیعی مەجلیس ئینزیبات ئیشەكانی جیاوازە لەگەڵ ئەو مەحكەمە ئیداریە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەیئەی ئینزیباتی دەولە و مەحكەمەی ئیداری، هەردووكی قەزای ئیداریە، مادەم قەزای ئیداریە هەدووكی بۆ نەبێتە مەحكەمەی ئیداری؟ هەدوو ئیشەكان دەكاتن، هەم ئەوەی پەیوەستە بە موەزەفینی دەولە و هەم ئەوەی پەیوەستە بە هاووڵاتیان كە قەرارێكی ئیداری دەردەچێتن، پێم وایە ئەوە زیاتر ئاڵۆز دەكاتن ئەو جیهازە زیاتر لەوە، پێمان باشە موبەسەت بێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو دەزگایە حاڵی حازر لە ساڵی 1992 هەتا ئێستا لە هەرێمی كوردستان نەبووە، ئەوە بۆ یەكەم جارە لە هەرێمی كوردستان ئەو دەزگایە دادمەزرێ، ئەوە نوقتەی یەكەم، نوقتەی دوو:لە هەندێك وڵاتان تەماشامان كرد بە حەقیقەت ئەصڵەن ناوی ئەو هەیئەتە لێندرایە المحكمة التادیبیة ، یەعنی مەحكەمەیەكی تایبەتە تەنها تەماشای مەسائیلی ئینزیباتی دەكاتن، بۆیە ئێمە لە زیمنی مەحكەمەی ئیداری دامانن‌ا، بەڵام ئیش و كارەكانمان جیا كردەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موفتەرەحی لێژنەی قانونی كە پەسند كراوە لە لایەن وەزیرەوە دەیخەمە دەنگەوە، چونكە ئەوە بەس مولاحەزە بوو، كێ لەگەڵ موفتەرەحی لێژنەی قانونیە بۆ ماددەی چوار تكایە دەستی بلْندكا؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نیە؟، چوار دەنگ لەگەڵیدا نیە، بەئەكسەریەت وەرگیرا، بۆ ماددەی دوازدە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانیة عشرة:

1-تشكل محكمة اداریة برئاسة قاض من الصنف الاول و عضویة قاضیین من الصنف الثالث على الاقل و یجوز ضم مستشارین الیها عند الاقتضاء و یكون مقرها في اربیل عاصمة الاقلیم.

2-يجوز انتداب قضاة من الصنف الاول او الثاني الى المحكمة الادارية من غير المنتدبين لعضوية مجلس شورى الاقليم.

3-تنظر الدعاوى الواردة في هذا القانون وفق احكام قانون المرافعات المدنية و يكون بحضور عضو الادعاء العام.

**بەڕێز کەریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم:

1-دادگایەکی کارگێڕی دادەمەزرێت بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پۆلینی یەکەم و ئەندامێتی دوو دادوەر کە لە پۆلینی سێیەم کەمتر نەبن، دەکرێ لەکاتی پێویست چەند راوێژکارێك بخرێنە ناویان و بارەگای لە هەولێری پایتەخت دەبێ.

2-دەکرێ دادوەرانی پۆلی یەکەم یان دووەم بۆ دادگای کارگێری ئینتیداب بکرێن، جگە ئەوانەی بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی راوێژکاری هەرێم ئینتیداب کراون.

3-ئەو داوایانەی لەم یاسایەدا هاتوون بە پێی یاسای دادبینی شارستانی یەکلادەکرێنەوە و بە ئامادەبوونی ئەندامی داواکاری گشتی دەبێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام دوو مولاحەزەمان هەبوو: مولاحەزەی یەکەمان ئەوەبوو ئێمە وامان بە پێویست نەزانی کە لەهەر موحافەزەیەك مەحکەمەیەکی ئیداری هەبێ، بەڵکو مەحکەمەیەکی ئیداری هەبێت بۆ سەرتاسەری هەرێم و لە هەولێریش بێت مەقەرەکەی. دوو: بە نیسبەت موساعید موستەشارین پێشتر ئەم مەنصەبەمان هەڵگرت بەراستی، ئێستا لێرە دیسان هەڵمان گرتووتەوە، ئێمە پێمان باشە تەنها و تەنها قازی ریئاسەتی ئەم مەحکەمانە بکات، نەك غەیری قازی بێت یاخود موستەشارەك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ دەیەوێ قسە بکات؟ دەستی بڵندکا تکایە، فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ماوەیەکی زۆر کورت ئێمە قانونی سوڵتەی قەزائیمان دەرکرد بە شیکلەکی قەتعی مەحکەمەکان جیاوازمان کرد لە سوڵتەی تەنفیزی و لە وەزارەتی عەدل، مەعەلعلم لە زۆر دەوڵەتی دیموقراطی مەحاکم مەربووتن ئیداریەن لەگەڵ وەزارەتی عەدل، ئەوە ئیتالیا یەك لەوانە، دوور نیە جنوب ئەفریقیا وا بێت، نموونەیەکی تر: مەسەلەن لە جنوب ئەفریقیا و دەولەتەکانی تر نوێنەری ئەنجومەنی نیقابەی پارێزەران مومەسیلن لە مەجلس القضاء، مەعەلعیلم فیکرەکە لێرە مەرفوز بوو، دادوەرەکانی ئێمە تەقەبولیان نەکرد، قەصدم شەرت نیە تەجروبەیەك لە دەوڵەتێکی تر بێت من بێم ئیستینساخی بکەم و سەداسەد بێنم لێرە تەتبیقی بکەم، حەتا ئەگەر دەوڵەتێکی دیموکراسی بێت، بەس ئێمە فەلسەفەیەکمان هەبوو، مەبدەئەکەمان ئەوە بوو فەصڵی مەحاکم بکەین لە سوڵتەی قەزائی بە شکلێکی تەواو، باشە ئێمە لێرە هاتووین مەحکەمەیەکی ئیداریمان ئیستیحداس کرد، حاکمەکانمان بردنە ژێر سێبەری وەزارەتی عەدل، باشە بۆ وا بکەین؟ بۆ ئێمە مەحکەمەکەی نەبەینە ژێر سێبەری سوڵتەی قەزائی؟ کامە زەمان بۆ مافەکانی هاووڵاتیان و خەڵکی تر باشترە، جارێکی تر بێین مەحکەمەی ئیداری دەمجی بکەین لەگەڵ سوڵتەی تەنفیزی یان موحافەزە لەسەر مەبدەئی خۆمان بکەین؟ و سوڵتەی قەزائی بە شکلێکی تەواو جیاواز بێت لە سوڵتەی تەنفیزی؟ دوو تەرکیبەکەی موخالیفی مەبدەئی ئستیقلالی قەزائە، چونکە لێرە وامان لێنەکردیە ئەندامەکان بەس حاکم بن، وامان لێکردیە ئیمکان هەیە موەزەڤ وەزارەتی عەدل ببێتە ئەندام لە مەحکەمەی ئیداری ئەویش موستەشارینە، چونکە موستەشار راستە دوور نیە شەرت و شرووتی حاکمەکان تێدا متەوفر بێت، بەس موەزەفە لە وەزارەتی عەدل، بەرەئی من ئێمە مەحکەمەی ئیداری جیاوازی بکەین لە مەجلس شورا، مەحکەمەی ئیداری نیزاعاتی قەزائی لە نێوان هاووڵاتیان دوور نیە موەزەفیش بن لەگەڵ حکومەت، با وای لێنەکەین حکومەت ببێتە خەصم و ببێتە حەکەم، هەم بە خۆی حاکم بێت و هەم بە خۆی تەرەف بێت لە دەعوا ، مەجلس شورا وای لێبکەین وەك مەجلیس ئینزیباتی عامی جاران، وەختی نیزامی مەلەکی تاکو ئێستا موختەص بێت بە قەزایای ئینزیباتی و تەئدیبی، هەندەك پێی ئەڵێین مەجلیس ئینزیباتی عام و هەندەك پێی ئەڵێن وەکو کاك شێروان باسی کرد پێی ئەڵێن المحکمە التادیبیە، موختەصە بە قەزایای تەئدیبی، موەزەفێك تووشی عقوبەیەك ئەبێت، ئینزارێك یان تەوبیخێك، عەزلەك ، فەصلەك تووشی ئەبێت ئەو وەختێ حەقی هەیە ئیعتیرازی بکات لە مەحکەمەی، لە مەجلس شورا کە هەیئەتێکی ئینزیباتیە، قەزایای تر و مەشاکیلی تر مەفروزە من لەگەڵ ئەوەمە لە مەحکەمەی ئیداری بێت و، من لەگەڵ ئەوەمە مەحکەمەی ئیداری بەس لە هەولێر هەبێت، تاکو مەبادیئ و قەرارات موەحەد بێت لەسەر صەعیدی کوردستان، بەس من لەگەڵ ئەوە نیم ببینە پارچەیەك لە جیهازێکی تەنفیزی ئەویش مەجلیس شورایە، ئەوە نوقتەیەك، نوقتەی دووەم: ئێمە دوو ساڵە خەریکی پرۆژەی دەستوورین، ئەگەر بێین تەماشای پرۆژەی دەستوور بکەین لە مادده 141 ئیختیصاصی مەجلیس شورا حەصر کرایە، راستە دەستوورەکە دوور نیە یەك بەمن بڵێتن دەرنەچوویە، دەرنەچوویە بەس پرۆژەیەکی موهیمە ئەوە دوو ساڵە لەسەری ئیش دەکەین، زۆر جیهات و مونەزەمات و خەڵکێکی شارەزا رەئی خۆیان پێدایە، ئیختیصاصی مەجلیسی شورا مەحصوورە بە قەزایای ئینزیباتی و

تەئدیبی و دروست کردنی پرۆژەکانی قانوونەکان، بە رەئی من باشترە بۆ ئێمە یەك : موحافەزە لەسەر ئەو مەبدەئە بکەین ئەوەی لەناو پرۆژەی دەستووری ئێمەدا هاتووە، دوو: موحافەزە لەسەر مەبدەئی ئیستیقلالی قەزاء بکەین و مەحاکمی ئیداری جیاواز بکەین لە سوڵتەی تەنفیزی مادەم ئیبتیدائەن ئێمە ئەم مەبدەئەمان بەکار هێنا و تەشەبووسمان پێکرد، سێ: مەحکەمەی ئیداری ئەگەر هاتوو جیاواز بوو کەسێکی تر لە غەیری قازیەکان ئەندام نەبن تێدا، موەزەفی وەزارەتی عەدل نەبنە ئەندام لە مەحکەمەی ئیداری و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەجەلسەی پێشوودا هەر باسم لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوەی ئێستا جەنابی کاك فرسەت باسی لەسەر کرد، ئێمە هەوڵمان دا فەصڵی سوڵتات بکەین، جیهازی قەزا بچێتە ژێر دەسەڵاتی مەحکەمەی تەنفیزەوە وەکو ئەوەی کە جارێ پێشوو باسی لەسەر کرا، ئەو پرۆسەیەکی مەدەنیە و فەصڵی سوڵتاتی تێدا ئەکرێ، من لێرە تیکراری قسەکانی خۆم ئەکەمەوە، قەزای ئیداری لێرە جێی نابێتەوە لەو قانونەدا، هەر پێویستە قەزای ئیداری بچێتەوە ژێر دەسەڵاتی ئەو سوڵتە قەزائیەی کە هەیە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر ئەگەر ئێمە باسی بکەین هەر لەم قانونە لەناو خۆی هەندێك جار باسی ئیختیصاصاتی مەحکەمەی تەمییز کردیە کە دەسەڵاتی هەیە لەم قانوونە، باسی لەوە کردووە رەئیسی مەحکەمەی تەمییز بۆی هەیە ئەگەر هاتو خیلافێك هات وەکو لە ماددەی $16$ پێشتر باسی لەسەر کراوە بۆی هەیە سێ عضو لەلایەن مەحکەمەی تەمییزەوە دابندرێ، باس لەسەر تەعن کراوە، ماددەی $18$ باس لە تەعنی قەراراتی ئەم هەیئەیەی کردووە ئەڵێ، ئەبێ تەمییز بکرێ، کە وتی تەمییز بکرێت، یەعنی ئەبێتە ئیختیصاصاتی مەحکەمەی تەمییز بە هەموو مەحکەمەکانی دیکەی، لە ماددەی $18$ باسی لێکردووە ئەڵێ ئەگەر هاتوو داوای تەعویزی کرد، بۆی هەیە موراجەعەی مەحاکمی عادی بکات، ئەمە ئایا خەڵتێك نیە لە بەینی مەحکەمەی ئیداری و تێکەڵکردنی ئەو دەسەڵاتەی کە هەیە، من پێم وایە ئەو قەزا ئیداریەی کە هەیە لێرە جێگای نابێتەوەو، تەئیدی ئەو رەئیەی کاك فرسەت دەکەم کە شتێك دروست بکرێت و پێی بوترێت (مجلس انظباط موظفي الدولة) با ئەو مەجلسە ئینزباتیە بچێتە ئەم مەجلسی شورایەو رەئی خۆی لەسەر بدات، نەك ئێمە مەحکەمەیەکی دیکە دروست بکەین، جیهەتێکی دروست بکەین دەسەڵاتی بەسەر مەحکەمەیەکی تردا هەبێت، ئەگەر ئێمە بێتو ئەم مەحکەمە ئیداریە دروست بکەین بما مەعنی بۆ جیهاتەکانی دیکە هەیە، بۆ جیهازەکانی دیکەی دەوڵەت هەیە مەحاکمی تایبەتی دەوڵەت دروست بکەین، کە ئەمەش بە گوێرەی، دەستور مەمنوعە، کەواتە هەر مەحکەمەیەك ناوی قەزاو قەزاوەت بوو و قازی دەوری تێدا بینی، ئەوە دەچێتە ژێر دەسەڵاتی سوڵتەی مەجلسی قەزائیەوە، دەچێتە ژێر دەسەڵاتی مەحکەمەی تەمیزەوە، ئەمە

له لایەك كە ئەوە رەئی خۆمەو پێشم وایە باشە، چونكە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ماددەی 16 باس لە مونازەعاتی عقودی ئیلتیزام دەكات، ئێمە تەفسیری عقودی ئیلتیزام بكەین یەعنی چی؟ عقودی ئیلتیزام، یەعنی عقودی مەلزەمی دوو تەرەف یان جانیبەین، ئەی ئیشی مەحكەمەكانی تر چی دەبێت لەمەو دوا؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مـن پشـتیوانی بۆچوونەكەی كـاك فرسـەت دەكـەم، چـونكە بـە حەقیقـەت هەرچـەند سـەیر دەكـەم ئـەم مەحكەمەیـە جێگـای نابێتـەوە لێـرەو، ئاشـكرابێت جیـای بكەینـەوە لـە سـوڵتەی قـەزائی، مـن نموونـەی ئەمریكاتان بۆ دەهێنم، تەبیعی تەنها دوو مەحكەمە هەیە، مەحكەمەی فیدراڵی، هەموو ستەیتێك خۆیـان مەحكەمەیـەكی قـەزائیان هەیـە كـە لـە ستەیتەكان دا هەیـە، ئـەو قەزایانـەی فیـدراڵی، محاكمی فیـدراڵی عادەتەن ئەو قەزایانە سەیر دەكات كە عیلاقـەی بـە مافـەوە هـەبێت، مـافی مـرۆڤ، بـاقی قەزایـەی تـر لـە مەحاكمی ئیعتیادیدا جێ بە جێ دەكرێت، تەئكید لەسـەر ئـەوە دەكەمـەوە كە مەسـەلەن لـە ئـەمریكا 3 مەحكەمە هەیە، مەحكەمەی كە قەزایە كرمناڵ دەكات، مەحكەمەیەكیش كە قەزایەی سیڤیڵ هی مـەدەنی دەكات، مەحكەمەیەكیش فامیلیلۆ، ئێمە دەتوانین ئەو مەحكەمەیەی كە دام و دەزگای بـۆ دروسـت دەكـەین بیبەستینەوە بە قـەزاوە، چـونكە مـومكین نیـە ئێمـە دەسـەڵاتی قـەزامان دروسـت كـردووەو جـارێكی دیكـە مەحكەمە لە شوێنێكی تر دروست دەكەین، چونكە ئەمە لەگەڵ واقع و عەدالـەتیش دا ناگونجێت، خـاڵێكی تر هەرچەندە سیستەمی ئەوێ بە حەقیقەت فەرقی هەیە لەگەڵ ئێرە لـەرێ وەزیـری عـەدل، مـدیری عـام ئەو دەورە دەبینێت كە مودەعی عامی گشتیە، واتە مودەعی عام وەزیری عەدلە، لێـرە وەزارەتـی عـەدل بـە پێی ئیتیفاقەو ڕۆژێك پارتیەو ڕۆژێكی تر یەكێتیەو، لەبەر ئەوە ئەو سیستەمەی بەسەردا تـەتبیق نابێت، من تەئكید لەسەر ئەوە دەكەمەوە پشتیوانی كاك فرسەت و كاك عمر دەكـەم كـە ئـەم مەحكەمەیـە دەبێت پەیوەندی و بەستراوە بێت بە سوڵتەی قەزائیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان رائەوەستیت دوو كەسی تر ماوە، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی کاك فرسەت باسی ئیستقلالی قەزای کرد، ئێمە ئەگەر لەسەر ئەو مەبدەئە بین کە فەصلی سولّتات هەبێت، ئەبێ قەزا موستەقیل بێت، وەکو سولّتەیەکی جیاواز ئەم پرۆژە یاسایەی کە لێرە باسی لێوە ئەکەین ئالێرەوە خیلافەکە دەست پێ ئەکات، کەباسی قەزائی ئیداری ئەکات، ئەصلّەن ئەگەر تەماشای ناوەکەی بکەین کە مجلس شورا تەشکیلی ئەم جۆرە مەحکەمەیەی تێدایە، زۆر ناکۆك ئەبێت تەنانەت لەدەستوریشدا لە ماددەی (101) دا ئەڵێت بۆت هەیە مەجلسی دەولە دروست بکەیت، ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە ئەبێت ئەو ناوەش بگۆڕین بەناوی مەجلسی دەولەوە بیهێڵینەوە، بەڕاستی ئەوە موخالەفەیەکی دەستوریە بەسەرمانا چوو، بۆیە باسمان نەکرد لێرەدا هات مەوزوعەکە، چونکە دوو ئیشی پێشوو تەقنین، مشاوەرەیە ئەمە موشکیلەمان نیە، بەڵام لێرەدا کە هاتەوەو قەزای ئیداری خرایە ناو ئەم پرۆژەی یاسایەوە لێرەدا پێویستە ناوی یاساکە بگۆڕدرێت، وەکو مولاحەزەیەك قەزای موزدەوەج هەیە لەهەموو دونیا، قەزای عادی هەیە، ئیعتیادیە قەزایەك هەیە قەزای ئیداریە لە فەرەنسا هەیە، لە مصر هەیە واردە، بەڵام ئێمە چۆن تەنیزیمی ئەکەین، ئیختیصاصەکانی چیە؟ کاك عومەر ئاماژەی بەسێ، چوار ئیختلاّت دا لەنێوان قەزای مەدەنی وقەزای ئیداری، ئیرتیباتی ئەم قەزایە لەڕووی ئیدارییەوە بەوەزیری عەدلەوە، ئەوە ئیستقرار لەدەست دانی ئەم قەزایەیە بەڕاستی، لە ماوەش کەباسی ماوە ئەکات، لەدوای تێپەڕ بوونی (60)رۆژ لەسەر مودەی تەزەلّوم، بۆی هەیە بچێتەوە بۆ مەحاکمی مەدەنی، دیسانەوە ولایەتی خۆی لەدەست ئەدات لێرەدا، ئەم جۆرە قەزایە، ئەم جۆرە قەزایە حەزەکەم جۆرە روونکردنەوەیەك هەبێت لەو مەوزوعە، ئێمە واتێنەگەیەندرێت کەمەسەلەکە بۆ ئەوەیە، ئێمە فلاّن وەزیرو فلاّن گەندەڵە، ئەمە تەنها بۆ ئەوەیە موراعاتی ئەوامری ئیداری بکەین کەلە سولّتەوە دەرئەچێت، خەڵك بۆی هەبێت لەم دادگایەدا سکاڵای خۆی بکات، بۆیە بەڕاستی پێویستە ئەو ناوو ناوەڕۆکە گونجاو بێت، ئەگەر بەو شێوەیە مایەوە پێویستە ناوەکە بگۆڕین، ئەگەر هاتینە سەر ئەوەی کەمن لە موناقەشەی قانونی سولّتەی قەزائی کە ئاماژەم پێکرد لەماددەی نۆ پێویستە تەصنیفەکانی قەزا، قەزای ئیداری هەبێت کاتی خۆی کەگوێم لێنەگیرا ئەبێ بچینەوە بۆ ئەوێ وتەعدیلی لێ بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ریقابە لەسەر ئەعمالی ئیدارەو مەشروعیەتی قەرارات، ئەمە شتێکی زۆر زۆر گرنگەو زۆر موهیمە لە دونیا، ئێستا دوو نیزام هەیە، دوو ئسلوب هەنە، بۆ ئەم مەوزوعە، ئسلوبێك پێی ئەڵێن نیزامی ئەنگلۆ سەکسۆنی کە ئینگلتەراو بەریتانیاو هەندێ دەوڵەتی تر لەسەرین، نیزامی قەزائی موەحەد، یەك قەزایە ئیختیصاصێکە هەموو مونازەعات دەبینێت، بەبێ سەیرکردنی خصومەکە کە کێ بێت، یەعنی قەزای موەحەد لەسەر دوو روکن وەستاوە یەك، وحدة القضاء دوو، وحدة القواعد القانونیة، ئەمە نیزامی ئەمریکی وبریتانی لەسەر ئەوەنە، نیزامی فەرەنسی قەزائی مزدەوەجە ئەمە مصر وئەم دوەلی عەرەبی

وئەم مەنتەقە هەمووی تەقریبەن لەسەر ئەوەن، واتە عەمەلیان لەسەر قەزائی مزدەوەجە، لەهەموویان مەحاکمی ئیداری تابعی مەجلسی دەولەیە، یان شورایە، یان پێی ئەڵێن غورفە، یەعنی لەهەموو دەساتیر سەیرمان کرد، یەعنی ئەم مەوزوعە مەحاکمی ئیداری، قەزائی ئیداری تابعە بەو مەجلسە، لێرە تەبعەن هەردووکیان مەزایەی خۆیان هەیە، نیزامی مزدەوەج ونیزامی موەحەد هەردووکیشیان ئینتیقاداتیان لەسەر هەیەو هەردووکیشیان مومەیزاتی خۆشیان هەیە، لێرە ئێمە لازمە ئەومادەیە ئیقرار بکەین کە لەگەڵ کامە قەزائی, قەزای موەحەدین کە یەك قەزائە و موستەقیرە, یان قەزای موزدەوەجین, کە قەزای عادی هەیە و موستەقیلە و قەزایەکی موتەخەصیص هەیە, من وائەبینم ئەمە زیاتر لە صاڵحی هاوولاتیە, زیاتر لە صاڵحی مەشروعیەتە و مەحاکمی ئیداری قەزایەکی موتەخەصیصە تابع بەو مەجلیسەیە و ئەهدافی هەموو لایەك چ مەشروعیەتی قەراراتی ئیداری, هی مواطن وهی موظف زیاتر لێرە تەحقیق دەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسا زۆر ئەو مەوزوعەمان بەدەقیقی دیراسە کردووە, و گەڕاینەوە چەندین مەصادریش,لەبەر ئەوەی تەوزیحی هەندێ مەسائیل بکەم, دەمەوێ ئەوە روون بکەمەوە و تەئکیدیشی لەسەر بکەم, ئیختیصاصاتی مەحاکیمی ئیداری و قەزایای ئیداری غەیری ئیختیصاصاتی مەحاکیمی مەدەنیە, ئەوە موتەفیقون عەلیهی, هیچ خیلافێکی لەسەر نییە, ئەوە یەك دوو, لە دەستووری کام ولاتێك هاتووە دەڵێ (القضاء مستقل لا سلطان علیه) واتە ئیستیقلالیەتی قەزا بەوەی نییە کە مەحکەمەکی ئیداری تابعی بێت یان تابعی نەبێت, ئەمە نوقتەی دوو, هی سێ, مادده سەدو یەك لە پرۆژەی دەستووری عێراق کە ئیقرار کراو دەنگی بۆ درا, دەڵێ (یجوز لقانون انشاء مجلس دولة یختص بوظائف القضاءالاداري و الافتاء والصیاغة و تمثیل الدولة  وسائر الهیئات العامة امام جهات القضاء) واتە مەبدەئی موخالیف لێرە ئیقرار بکەین دژی دەستووری عێراقییە, ئەوە نوقتەی دوو, نوقتەی سێ, پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا پرۆژەیە,ئیزافەی مەحکەمەی ئیداری باوەڕ ناکەم هیچ موشکیلەیەك دروست بکات,ئەوەش لەلایەك, لەلایەکی ترەوە تەماشای دەستووری زیاتر لە بیست ولاتی عەرەبیمان کرد, نەماندیت تەشکیلەیەکی مەحکەمەی لە زمنی تەشکیلاتی سوڵتەی قەزائی, ئەوە مصر لەبەردەممانە کە ناوی مەجلیس دەولەیە سەر بە وەزارەتی عەدلە و بەدەیان دەستووری تریش, هی فەرەنسا باسیان کرد مەسەلەی فەرەنسا دەڵێ هەیئەتێکی موستەقیل بێت, ناشکرێ ئێمە بەراستی هەر جارەی لێرە موناقەشەی دەکەین و بێین تەماشای دەستووری دەوروبەرمان بکەین بزانین کووە, لە تەجاریبی وان ئیستیفادە بکەین, بۆیە ئەوە بە قەناعەتی من دژی دەستووری عێراقییە کە دەنگمان بۆداوە, هیچ مانعێکیش نییە ئیزافەی بکەین لە پرۆژەی دەستوور و ئەگەر هاتوو ئەو پرۆژەیە بەو شکلەی کە هەیە رۆیشت, مانای وایە نەك ماددەیەك دەبێت دەستکاری بکرێت, دەبێت نۆ مادده دەستکاری بکرێت, واتە پرۆژەکە بنێردرێتەوە بۆ حکومەت دووبارە دایبڕێژێتەوە، ئینجا دەست بە موناقەشە بکرێت, ئەوە کورتەی رەئییەکانی لیژنەی

قانونيه كه عەرزى ئێوەم كرد, دوا رەئيش ئەوە حكومـەت لێرەيـە و بـەڕێزان ئەنـدامانى پەرلـەمان رەئيـى لەسەر بدەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

جەنابى وەزير رەئيەكت هەيە؟فەرموو.

**بەڕێز فاروق جميل صادق/(وەزيرى داد):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

تـەبيعى جيـاوازى هەيـە لـە مابـەينى ئـيش وكارەكـانى قـەزاى عـادى لەگـەڵ قـەزاى ئيـدارى, يـانى ئـەوە نوقتەيەكى زۆر موهيمە، پێم خۆشە برادەران فەرق بكەن لە مابەينى قەزاى عادى و قـەزاى ئيـدارى، يـانى ئيشەكانيان زۆر جياوازە, پێم وايە كاك شێروان زۆر بەباشى هەموو شتەكانى تەوزيح كـرد, ئەمـە يـەك لـە شتە هەرە موهيمەكانە، فعلەن موخاليفى دەستوورى عێراقيە, هەتا پرۆژەى دەستوورى كوردستانيش نـابێ موخاليفى دەستوورى عێراقى بێت, ئەوە يەكيان، دووەمين، ئەندامانى ئەو دادگايە لـە دادوەران پێـك دێت, دەتوانين ئێمە وابكەين مەسەلەن موستەشارو شتى واى تێدا نەبێت، ئەوە هيچ موشكيلە نييە, من تەئييدى وجهەى نەزەرى ليژنەى قانونى دەكەم كەيەك دادگا هەبێت, ئەويش لە پايتەخت, پێويست ناكات بەوەنـدە دادگايە لەهەر شارێك و دادگايەك هەبێت و قەراراتى جياواز جياواز دەربچێت, دووەمين: مـاددەى دوازدەش كە موناقەشە دەكرێت لە فەقەرە دووەكە پێمان باشە فەقەرە دووەكە بـەو نەوعـەى لـێ بێت, بڵـێ (المجلس القضاء وبناءً على اقتراح من وزيـر العـدل انتـداب قضـاة) ئينجا هـەتا كۆتـايى ماددەكە و كۆتـايى پـێ دێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو ناوانەى كە نووسراون، تەنيا دەنـگ دەدەمـە ئـەو ناوانـە, لەبـەر ئـەوە داواى لێبـوردن دەكـەم كـە ئەگەر بەبيرتان هاتبێتەوە ئێستا دوو فەقەرەى جياوازە، پێنج برادەر قسـەى كـرد كـاك فرسـت، كـاك عمـر، كاك جمال داوا دەكەن كە ئەم دەسەڵاتە بـە قـانون دەربچێت و رەبـتى بـە سـوڵتەى قـەزائى هـەبێت, لازمـە مەحكەمە ئيداريەكە بەقانونێك دەربچێت و سەر بە قەزا بێت، كاك خەليليش پشتگيرى لە ليژنەى ياسايى وحكومەت ئەكات، كەبەو صياغەيە نووسـيوويانە هـەم لـەوەى كـە ئـەو مەحكمەيـە سـەر بـەوەزيرى عـەدل نەبێت، هەم لـەوەى كەسـەر بـە بەهەيئـەى قـەزا بێـت، دەيخەمـە دەنگـەوە كـێ موئەيـدى ئـەو موقتەرەحـە تازەيـە بادەسـتى بڵنـد بكـات تكايـە؟، كـە لەلايـەن چـوار ئەندامـەوە هـاتووە، كـە دەڵێـت ئـەو مەحكەمەيـە ئيدارييە بەقانونێكى تر دەربچێت سەر بە سوڵتەى قەزا بێت, واتە مەحكەمەى تەميزو سوڵتەى قەزا، ئەو چوار كەسە دەڵێن ئەم مەحكەمەيە جێگاى لێرە نەبێت، بەقانونێكى تايبـەت دەربچێـت سـەر بـە مەجلسـى قەزا بێت، دەيخەمە دەنگەوە كێ موئەيدى ئەو موقتەرەحە تازەيە دەستى بڵنـد بكـات؟ دەيـژمێرم 42، كـێ لەگەڵ ئەصڵى پرۆژەكەيە دەستى بڵند بكات تكايە، بەخۆشمەوە 25، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمـه، وەکـو لێژنـەی یاسـایی نـاتوانین لـەم مەنەسـەیە موناقەشـە بکـەین، هەشـت مـاددە دەبـێ گۆڕانکـاری بەسەردا بێت، واتە پرۆژەکـە هـەمووی دەگۆڕدرێـت، بۆیـە حکومـەت لێرەیـە بـا ڕەئـی ئـەوانیش وەربگـرین بزانین چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو پرۆژەیە ئەکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تازە کاك شێروان تەصویتی لەسـەر کـرا، ئـەبێ مۆڵـەت وەربگـرین بـۆ هـەموارکردنی، بـەڵام تـازە تەصـویتی لەسەر کرا، ئەو ماددەیەی کەتەصویتتان بۆ دا بەزۆرینەی دەنگ، لێرە نەمێنێت بـەقانون دەربچێت ڕەبـتی ئەنجومەنی قەزا بێت، وای لێدەکات ماددەکـانی تـر زۆری ڕەبـتی بـەو ماددەیـەوە هەیـە، بۆیـە دەبێـت دوای بخەین و فرسەت بدەینە جەنابی وەزیرو لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی ئەو ماددانە هەمووی هـەموار بکەنـەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو بڕیارەی کە ئێستا داتان، دەیخەمە دەنگەوە بۆ دواخستنی بۆ ئـەو پرۆژەیـە، کـێ لەگـەڵ دواخستنی ئەو پرۆژەیەدایە بادەستی بڵنـد بکـات تکایـە؟، فـەرموون کێـی لەگەڵـدا نیـە؟ بەزۆرینـەی دەنـگ دواخرا، داوا لە لیژنەی یاسایی وجەنابی وەزیر ئەکەین ئەرك بکێشـنەوە ئـەو ماددانـەی کـەماون هـەمواری بکەن لەبەر ڕۆشنایی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی دووەم: خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری دانانی ڕۆژی 16/4ی هەموو سـاڵێك، بـە ڕۆژی ژینگەی هەرێمی کوردستان کە لە لایەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە پێشـکەش کـراوە، داوا لـە لێژنـەی یاسـایی دەکەم ئەو سێ پرۆژەکەو موقتەرەحی خۆیان بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایـانی پەرلـەمانتاران، کیتابـەك لـە ئەنجومـەنی وەزیـران هاتیـە بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان، داوا دەکـات بـەدانانی ڕۆژی 4/16 لـە هـەر سـاڵێك لـە کوردسـتان بـە ڕۆژی ژینگـە، ئێمـە لـە لێژنـەی قـانونی، پرۆژەکەمان وەرگرت و بە مەوزوعێکی حەساسمان دانـا و زۆر موهیمـە و توانیمـان صـیاغەیەکی موعەیـەن دابنێین بۆ قەرارەکە، ئێستا ڕاپۆرتی لێژنەی قانونی لەگەڵ صیاغەی قەرارەکە، بۆ بـەرێزتان دەیخوێنمـەوە، زۆر سوپاس.

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكودرستان العراق

الموضوع/تقرير اللجنة القانونية

اجتمعت اللجنة القانونية صباح يوم الاثنين 2008/3/24 المصادف يـوم 4 نـوروز 2708 كـوردي، لدراسـة مشروع قرار باعتبار يوم 4/16 مـن كل سـنة يومـآ للبيئـة في اقليـم كوردسـتان -العـراق، و المقـدم مـن قبـل مجلس الوزراء اقليم كوردستان ، و المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان في جلسته الاعتيادية المرقمـة 1 في 2008/3/17 ، و بعد المناقشة و المداولة تؤيد اللجنة المشروع، لانه لاول مـرة في تـاريخ العـراق مسـتعملآ الاسلحة الكيمياوية في كوردستان، في مناطق باليسان شيخوسـان و ورتـي في ظـل النظـام البائـد، ممـا تسـبب في ابادة الاف المواطنين من المدنين الابرياء من الشيوخ و النساء و الاطفال، و تسـميم البيئـة و الـتي تعـاني منهـا

بيئة كوردستان و لا يزال اثارها باقية على الانسان و البيئة، ولاجل تنظيف البيئة من اثار الاسلحة الكيمياوية و الاهتمام ببيئة كوردستان و تخصيص يوم معين للبيئة، لذلك تقترح اللجنة صياغة القرار على الشكل الاتي بعد كتابة ديباجته:

1-اعتبار يوم 4/16 في كل عام، في اقليم كوردستان- العراق ، يوماً للبيئة.

2-على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة، تنفيذ هذا القرار.

3-ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

راجين التفضل بالاطلاع و عرض المشروع و راي اللجنة بشانه على المجلس للمناقشة وابداء الراي المناسب بصدده.

مع التقدير

بەڕێز عبد الكريم ابو بكر مصطفى:

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

بۆ/ سەرۆكايەتی ئەنجومەنی نيشتمانيی كوردستان- عيراق.

بابەت/ڕاپۆرتی لێژنەی ياسايی

لێژنەی ياسايی سەر لە بەيانی رۆژی دووشەممەی رێكەوتی 2008/3/24 بەرامبەر بە 4ی نەورۆزی 2708 ی كوردی، كۆبووە بۆ گفتوگۆ كردن لە پرۆژەی بڕياری دانانی رۆژی 4/16 هەموو ساڵێك بە رۆژی ژينگە لە هەرێمی كوردستان-عيراقدا، كە لە لايەن ئەنجومەنی وەزيرانی هەرێمی كوردستانەوە پێشكەش كراوە، دوای خوێندنەوەی يەكەمی لە پەرلەمان لە دانيشتنی ئاسايی ژمارە 1ی رۆژی 2008/3/17 بۆمان هاتووە، دوای وتوێژكردن و وتوێژ و تاوتۆ كردنی، لێژنە پشتگيری پرۆژەكە دەكەن، چونكە يەكەم جارە لە مێژووی عيراق چەكی كيمياوی لە كوردستان لە ناوچەی باليسان و شێخ وەسان و وەرتێ لەلايەن رژێمی لەناوچوو بەكارهاتووە، بۆتە مايەی لەناوبردنی هەزاران هاووڵاتی بێگوناح لە پيرەمێرد و ئافرەت و منداڵ بە ژەهراوی كردنی ژينگە كە تاكو ئێستاكە ژينگەی كوردستان ئازاری لەدەست دەبێنيت و تاكو ئێستاكە شوێنەواری لەسەر مرۆڤ و ژينگەدا هەر ماوە، لە پێناوی پاككردنەوەی ژينگە لە ئاسەواری چەكی كيمياوی و گرنگيدان بە ژينگەی كوردستان و تەرخان كردنی رۆژێكی دياريكراو بۆ ژينگە، بۆيە لێژنە پێشنياز دەكات بڕيارەكە بەم شێوەی خوارەوە دابرێژرێت و دوای نووسينی ديباجە بۆی:

1 - دانای رۆژی 4/16 لە هەموو ساڵێكدا لە هەرێمی كوردستان –عێراق، بە رۆژی ژينگە.

2 - پێويستە ئەنجومەنی وەزيران و لايەنە پەيوەندارەكان ئەم بڕيارە جێبەجێ بكەن.

3 - ئەم بڕيارە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە بڵاوكراوەی فەرمی (وەقائيعی كوردستان)ەوە جێبەجێ دەكرێ.

تكايە ئاگاداری بفەرموون پرۆژەكە و رای لێژنە لەم بارەيەوە بخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆ وتووێژ لەسەر كردنی و دەربڕينی رای گونجاو لەم بارەيەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە دوو مەوزوعی گرنگ هەیە لەم پرۆژە یاساییەدا، یەکیان ئەوەیە ژینگە مەسەلەیەکە سەرتاسەری دونیا، جێگای ئیهتیمامی هەموو خەڵکە و لە هەموو وڵاتاندا پرۆژەی تایبەت داندراوە لە لایەن حکومەت، لە لایەن کۆمەڵگای مەدەنی، لە لایەن ڕێکخراوەکان، پشتگیری دەکرێتن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی کە پیسبوونی ژینگە دروستی دەکات لەسەر مرۆڤ، تەنانەت لە زۆر وڵاتاندا بزووتنەوەیەکی گەورە دەستی پێکردووە بەناوی ژینگە و، حزب دروست بووە بەو ناوە و ئەو ئەهەمیەتە کوردستانیشی گرتووتەوە، لە کوردستانیشدا ژینگەمان پێسە، ژینگەمان خراپە و تەئسیرەکی زۆر خراپی هەیە لەسەر تەندروستی هاووڵاتیان، بۆیە دەبێ حکومەت و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەو پەڕی ئیمکانیاتی خۆیانەوە خەبات بکەن دژی پیس بوونی ژینگە، یەك لەو مەسائیلانە ئەوەیە کە وەعی خەڵك بزانێت کە پاراستنی ژینگە و پاکی ژینگە چەند ئەهەمیەتی هەیە؟ لایەنێکی تری ئەو پرۆژەیە ئەوەیە، کوردستان یەك لە ئەسبابی پیسبوونی ژینگە و خەتەری ژینگە ئەو شەڕانەیە کە ڕژێمی دکتاتۆر دژی گەلی کوردستان ئەنجامیدا، نەك هەر بەتەنها وێران کردنی کوردستان و نەهێشتنی لادێ و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کە ئاسارەکانی لە کوردستاندا هەر ماوە، چەکی کیمیاویش لە 1987/4/16 بۆ یەکەم جار لە ناوچەکانی بالیسان و وەرتێ و شێخوەسانان بەکار هات، ئەم بەکار هێنانە، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی تەئسیرەکی زۆر گەورەی هەبوو لە پیس کردنی ژینگە، جگە لە تەئسیری کوشتنی مرۆڤ و شەهیدکردنی هەزاران هاووڵاتی و ئەوانە، بۆیە زۆر جێگای خۆیەتی لەکوردستاندا ڕۆژێك هەبێتن ڕۆژی ژینگەی پێ بگۆترێت وەکو لە هەموو دونیادا هەیە، هەم لەلایەکەوە دەست پێکردنی چالاکیەکی تازە و بەهێزتر بۆ ڕوبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی ژینگە، هەم لەلایەکی ترەوە بەبیر هێنانی هەموو دونیا کە ئەم ڕۆژە بۆ داندراوە، بۆ ئەوەی داندراوە، چونکە لەم ڕۆژەدا ڕژێمی دیکتاتۆری لەناوچوو یەکەم جار چەکی کیمیاوی بەکارهێنا، بۆیە من پێم باشە دەنگی بۆ بدەن وەکو یاسایەك دەربچێتن و بکرێتە بەرنامە لە بەرنامەی کاری حکومەتدا و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەهەمیەتێکی تەواو بە ژینگە بدەن، کە لە شوێنی خۆیەوە خەبات بکەن بۆ پاککردنی ژینگە، ئەگەر کەسێك قسەی هەیە ناوەکانیان بنووسن؟ فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من زۆر پشتیوانی لەم پرۆژەیە دەکەم و پێم شتێکی زۆر باشە کە ئێمە ڕۆژێکمان هەبێ لە کوردستان بەتایبەتیش ئەم ڕۆژە کە ڕۆژێکی ڕەمزیە بۆ دەستنیشانکردنی بۆ ڕۆژی ژینگە، بەڵام هیوادارم تەنها بە دەرکردنی ئەم قەرارە ئەوە نەبێ هەموو ساڵێك بەس لەم ڕۆژەدا باس لە پاك و خاوێنی ژینگە و ئەم بابەتەی بە بیر خۆمان بهێنێنەوە، هیوادارم 364ڕۆژەکەی تر کار بکەین بۆ خاوێن کردنەوەی ژینگەی کوردستان و لەو ڕۆژە یادی بکەینەوە یاخود زیاتر بەرنامە دابنێن، ئەمە یەکەم، دووەم: لەگەڵ ئەوەی کە ئەم ڕۆژە دەستنیشان دەکرێت بۆ ڕۆژی ژینگە لە هەریمی کوردستاندا من داواکارم کە ئەمە نەکرێتە پشوویەك، پشوویەکی ڕەسمی حکومەت، تەنها ڕۆژێك بێ کە موناسەبەتێکی تێدا دەکرێت، لەبەر ئەوەی

ئێمە دائیمەن تا ئێستا فێربووین زۆر جار کە موناسەبەتێك داندراوە لەم رۆژەدا ئەم رۆژە کراوەتە پشوو بە رەسمی و، پشوومان یەکجار زۆرە بەتایبەتی لە مانگی سێ و چواردا و، هیوادارم ئەم رۆژە بە پشوو نەبێت و تەنها رۆژی ژینگە بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئارێز احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتیوانی لە پرۆژە بڕیارەکە دەکەین و من پێم وایە وەکو جەنابت گۆتت و خۆزگە لێژنەی یاسایی هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایەشیان دەخوێندەوە، جەنابت ئیشارەتت بە هەندێك شتت دا یەکسەر بڕوا دەکەم ئەم گفتوگۆیە نەما، لەبەر دوو هۆ پشتیوانی دەکەین، یەکەمیان: ئەوەیە ئێمە هەوڵ دەدەین ئەرکێکی مرۆڤانەی خۆمان جێبەجێ بکەین کە ژینگە خاوێنیە وەکو جەنابتان باستان کرد لە سەرتاسەری کوردستاندا گرنگی و بایەخی پێدەدرێ، لایەنەکەی تریشی ئەوەیە کە ئەو رۆژە دەکرێ بۆ یەکەم جار کە خەڵکی مەدەنی لە دۆڵەکانی ناوچەی بالیسان کیمیاباران کران، بە داخەوە بەهۆی ئەوەی کە دۆڵی بالیسان دەکەوێتە ناوەڕاستی کوردستان، دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن نەئەگەیشتنی وەکو ناوچەکانی تری کوردستان، یەعنی دەنگی نەدایەوە، ئەگینا ئێستا وەکو خۆتان باستان کرد لە 1987 یەکەم جار بوو باس کرایە، کەواتە جگە لەوەی کە مەسەلەی گرنگیدانە بە ژینگە پارێزیە، وەبیر هێنانەوەی رۆژێکی مێژوویشە لە رۆژە ڕەشەکانی گەلی کورستان، لەو رۆژەدا ستەم لەگەلی کوردستان کرایە، ئێمە بە تەواوی پشتیوانی دەکەین و کارێکی باشە و دەستخۆشی لەو وەزیرە بەرێزانەش دەکەین کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا پێشنیاریان کرد، بەتایبەتی وەزیری ژینگە، وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و، وەزیری تەندروستی کە ئەو کاتە پشتیوانیان کرد، خاڵێك هەیە حەز دەکەم راستی بکەمەوە، دیارە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کیمیاباران کران، بەڵام لێرە کە لە راپۆرتەکەی حکومەت هاتیە کە ناوی هاتیە، وەرتێە، وەرتێ نیە وەرێە، وەرێ یەکێکە لەگوندەکانی دۆڵی بالیسان کە ژمارەیەکی زۆری قوربانیاندایە، مەسەلەکە ئەوەیە، لەگەڵ رێزمدا و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا لە حەقیقەتدا، بە واقیع ئەم مەشروعە مەشروعێکی زۆر پیرۆزە و مایەی دەستخۆشیە، بەڵام من ڕەنگە قسەکانم جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەو بەرێزانە، لە مەشروعەکە نەهاتووە ئایا ئەو رۆژە ئەبێتە رۆژێکی پشوو یان نا؟ چونکە بە حەقیقەت رۆژێکی جیایە و وەکو جەنابت باست کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نابێتە رۆژی پشوو، چونکە زۆر رۆژ هەیە موناسەبەیە و ئیحتیفالیش دەکرێ، بەس نابێتە رۆژی پشوو، ئەگەر نەصی قانون نەڵێتن ئەوە رۆژی پشووە، پشوو حسیب ناکرێت، کاك پیر خدر.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەر پشتەڤانی مە ڤێ بڕیارێك یاسا گرنگ، دیسان مەترسیا مە نەکو ببێتە رۆژێ پشوو، دەبیڤا پشتا خالا یەك خالێکی دی هەبا کو ئەڤە بێتە ئەنجامدانە چالاکیە و ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێ بکات، مەترسیا ئەمە نەوەك بێتە رۆژێکا پشوویە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە کە دەڵێین ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێی بکات، ئەوە کاری ئەوە بە پێی تەعلیمات، بیکاتە چالاکیەکی زۆر، ئێستا وەزارەت هەیە ئەگەر وەزارەت نەبێ هەیئە هەیە، دام و دەزگا هەیە، رێکخراوی مەدەنی هەیە، رێکخراوی تایبەت هەیە بۆ مەسەلەی ژینگە، ئەوە هەر هەموویان، هەر هەموو کەسێك مەسئوولە، ئەوە بەدیهیە، قسەکەت راستە بەس مەفروزە هەموو کەسێك پێ هەبێت، مام خورشید.

**بەڕێز خورشيد سليم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەد لە سەد تەئیدی مەشروعەکە دەکەم، بەڵام مولاحەزەیەکم هەیە، ئێمە 4/16 دامانناوە کە موبەریرەکەی ئەصڵی ئەوەیە کیمیابارانی ئەو شوێنانەی باڵیسان و ئەوانە کرایە لەو رۆژە، بەرەئی من فەقەت ئەوە نەبێ ڕەبت بکرێ بە شەڕی عیراق و ئێرانیش، چونکە ئەوە لە ئەهەمیەتی هەڵەبجەی کەم دەکاتەوە، لە کیمیابارانی هەڵەبجەی، راستە تا رادەیەك فەرقی هەیە، بەڵام ئەوە بە تەنها ئەو موبەریرەیان هێناوەتەوە کە یەکەم جار لە تەئریخی عیراق کیمیاباران کرایە، کیمیاباران لە هەڵەبجەش کرایە، لەبەر ئەوە هەڵەبجە گەورەتر کراوەتەوە و بە جینوساید، لەبەر ئەوە ئەوە ئیزدیواجیەتێك دروست دەکات و لە ئەهمیەتی هەڵەبجە کەم دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر شەڕی عێراق و ئێران و کوردستانیش شمول بکات وپاشان بە کیمیابارانیش ڕەبت بکات پێموایە باشترە، ئەهمیەتی زیاتر دەبێ و تەئسیر زۆر لە هەڵەبجەش ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعيل حقي شاوەيس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەی پشتگیری خۆم نیشان ئەدەم بۆ ئەوەی رۆژێك ئەبێ هەبێ بۆ ژینگە، هیوادارم کەس هەڵە تێنەگات لەمە و لە هەمان کاتیشدا کە جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی گوند و شار و شارۆچکەکانی تێدا کیمیاباران کراوە، بازنەیەك بوو لە زنجیرەی سیاسەتێکی ڕەگەز پەرستی دەسەڵاتدارانی عیراقی ئەو سەردەمە بۆ لەناو بردن و قڕکردنی خەڵکی کوردستان، من لەیەك شت ترسم هەیە، بۆیە بە چاکی نازانم ئەم پرۆژەیە بەو شێوەیە دەربچێت، ئەم سیاسەتەی لەناوبردن و قڕکردن و جینوسایدکردنی خەڵکی کوردستان، لە چوارچێوەی پارێزگارکردنی ژینگە نەکرێتە ژێر لێوەوە، ئەم سیاسەتەی لەناوبردن و

قڕکردن و نەهێشتنی خەڵکی کوردستان، چۆن کاتی خۆی دەسەڵاتداران جەژنی نەورۆزیان لە چوارچێوە نیشتمانیەکەی و مێژوویەکەیان لائەبرد و ئەیانکرد بە جەژنی دار و درخت و ئەیانکرد بە جەژنی بەهار، من هیوادارم ئەمە بۆ ئەوەی کە سیاسەتی رەگەز پەرەستی دەسەڵاتدارانی عیراق نەشاردرێتەوە و سیاسەتی کیمیابارانی کوردستان بە قڕکردنی خەڵکی کوردستان نەشاردرێتەوە لە چوارچێوەی ژینگە پارێزی، بۆیە من پێم چاکە رۆژێکی تر بێ نەك ئەو رۆژانەی کە ئەو سیاسەتەی تێدا پیادە کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سوارە.

**بەڕێز سوارە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئیدی پرۆژەکە ئەکەم، وەکو جەنابت باست کرد، قەزایای ژینگە لە عالەما ئەمڕۆ خەتەرێکی گەورەیە لەسەر دونیا، مونەزەمەکان و رێکخراوەکان هەموویان هەوڵی ئەوەیان داوە کە چۆن چارەسەری ئەو وەزعە بکەن، ئەوە شتێکی ترە، بەلای منەوە قەزایای کیمیابارانی کوردستان 4/16 یان 3/16 ئەمە شتێکی ترە، بەرەئی من تەئریخ زۆر غەدری لێکردووە و زۆر مەئساتی بەسەر هاتووە، ئەمما کیمیابارانی هەڵەبجە ، کیمیابارانی کوردستان ئەمە شتێکی تایبەتی خاصی ترە، بەڕەئی من وەکو د.دلێر ئیشارەتی پێکرد ئەوە ون ئەبێ، کیمیابارانی کوردستان لەو پرۆژەدا ونی ئەکەین بەناوی پرۆژەی ژینگە، هەموو عالەم خەرێکی ئەم هینەیە، بەلای منەوە رۆژی کیمیابارانی کوردستان جارێکی تر هەڵەبجە تەئریخی هەڵەبەجەیە، یان ئەگەر بچینەوە بۆ لە ساڵی1974 لە جەبهەکاندا بەتایبەتی جەبهەی خوارووی ئۆمەر ئاغا بە تۆپی کیمیاوی لە پێشمەرگەکانی ئەدا، زۆر پێشمەرگەمان هەیە ئێستاش ئاساری پێوە دیارە، ئەمانە کۆنترە لە 4/16 و لە 3/16 /1988 بە رەئی من کیمیابارانی کوردستان جارێ هەر تەئریخێکی بۆ دانێن بەتایبەتی 3/16 بە رۆژی ماتەم دابنرێ، چونکە لە کوردستاندا جەنابتان ئەزانن یادکردنەوە لە کوردستاندا پێنج دەقە وەستانە، بە پێ ئەوەستێ و حەرەکە نیە بۆ یادی کیمیابارانی هەڵەبجە، جا ئێمە لێرە ئەو قەزیە ون ئەکەین، با بیکەین بە رۆژی ماتەم چاکترە نەك رۆژی ژینگە، رۆژی ژینگە شتێکی ترە و لە عالەما بەدەستەوەیە، بەڕەئی من قەزیەکە ئێمە لێرە ون ئەکەین کیمیابارانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رۆژەم کە ببێتە رۆژی ژینگە، بەڵام ئەو رۆژە یەکەم رۆژ نەبوو کیمیاباران کرا یاخود بە تۆپ و بە تەیارە کوردستان قەصف کرا بە مەوادی کیمیاوی، من خۆم لە پێش ئەو رۆژە لە جەبهە بریندار بووم، بەڵام نەمان وێرا باسی بکەین، ئەو کاتی گوتمان مومکینە جەبهەکانمان چۆل بکرێت، موستەنەدات و شتیشمان هەیە، ئەوە یەك، یەعنی رۆژەکە یەکەم رۆژ نیە کوردستان کیمیاباران کرایە، دەمەوێ بەس ئەوە راست بکەمەوە، پێشتر کاك سوارە وتی لە جەبهەکان بەکارهاتووە، منیش هەر لە جەبهە بریندار بووم، بەڵام ئەو کاتە حکومەت زۆر بەباشی بەکاری نەدەهێنا، یەعنی ماددەکانی تۆزێك خەفیفتر بوو، من لەگەڵ ئەوەشەوە پێشنیار دەکەم لەو رۆژە هەڵمەتێکی پاك و خاوێنی بکرێت، ببێتە موناسەبەی پاك و خاوێنی، هەم دام ودەزگا و خوێندکاران و فەرمانبەران و ناوچەکانی کوردستان هەموو شوێنەکان خاوێن بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەر ئەو مولاحەزەی دەدەم کاك شێردڵ، راستە ئەوە یەکەم رۆژ نەبوو، بەڵام ئەوە یەکەم رۆژبوو بە شێوەیەکی فراوان ناسرا و هاووڵاتی گرتەوە و، بە دەیان خەڵکی شەهیدکرد، بۆیە ئەم رۆژە هەم لەسەرتاسەری کوردستان ناسراوە بە رۆژی یەکەم، ئەگەر نا من دەزانم بەتۆپ قەصفی کردووە و بە تەیارەش لێیداوە، بەڵام پێشمەرگە پێی شەهید بوو و رەنگە ماوەیەکی پێچوو تا زانیان ئەوە چەکی کیمیاویە هەر نەشیاندەزانی، بەڵام ئەو رۆژە زاندراوە، بۆیە ئەم رۆژە ئیختیارکرا، چونکە فراوانتر و گەورەتر بوو، لە دونیاشدا ئەو تاوانە هەڵدەبژێردرێ بۆ وەصف کردنی کە گەورەتر و فراوانترە، خاتوو نازناز.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو ڕایەم کە لە جیهاندا، ئێمە بەرەو بە جیهان بوون دەرۆین، بەشێکی دابڕاو نین لەو جیهانە، بۆ هەموو ئەو موناسەباتانە کە زۆر گرنگە، ئەو قەزایانەی کە زۆر گرنگە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی رۆژێکی جیهانی تەرخان کراوە لەلایەن (UN ) ەوە، بۆ نموونە رۆژی کتێب، رۆژی 8ی مارس رۆژی ئافرەتان، رۆژی دایك، رۆژی تەندروستی کە لەو رۆژانە بوو وابزانم بە رۆژی ژینگەی جیهانی، پێم باشە ئەو قەزایانە کە زۆر جیهانیە با ئێمە لەو رۆژە یادی بکەینەوە کە لە سەرتاسەری جیهان یادی دەکەرێتەوە بۆ ئەوەی تۆ بتوانی جۆرەها کۆنفرانسی ئینتەرناشینالْ پێکبینی لێرە، کۆمەڵێك رێکخراو دەعوەت بکەی، یارمەتیت بدەن لێرە و لەم رێگەیە بتوانی زیاتر خزمەتی ئەوڕۆی کوردستان بکەین، هەموو بیرەوەریەکانمان بە عاتیفە تەماشا نەکەین و هەموویشی لەسەر ئەساسی رابوردوو نەبێ، بەڵکو ئێمە هەنگاو دەنێین بەرەو ئایندە، بەرەو ئایندەش ئەوە بەرەو جیهانی بوون دەڕۆین، بۆیە زۆر باشە ئێمە ئەو رۆژانە لەدەست نەدەین و لەگەڵ هەموو جیهان تێکەڵ بین، تەنها ئێمەش کارەساتمان لێ نەقەوماوە و تەنها کارەساتیش نیە ی 4/16، دەیان رووداوی پێشتر و دواتریش هەیە، هەر ئەوە ئێمە ئیهتیمامێکی تایبەت بە هەڵەبجە بدەین و بیکەین بە سومبولی کارەسات و تراجیدیای کوردستان کافیە، ئەو پەری ئیهتیمامی پێبدەین، لەوێ دەتوانین ئێمە باس لە ژینگەش بکەین و پیس بوونی ژینگە، چونکە ئەوەندەی کە هەڵەبجە بەڕاستی

ژینگەکەی لێ پیس بوو، بەقەدەر هەموو کوردستانە کە تووشی ئەم کارەساتە نەهاتووە، بۆیە من لەگەڵ ئەو رەئیە نیم کە رۆژێکی خۆمانی دابرێنین لە دونیا، بەڵکو لە هەمان رۆژ یادی بکەینەوە کە هەموو دونیا یادی دەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر چەندە ببوورە من هەندێ جار موداخەلە دەکەم لە خاریجی مەوزوعەکەیە، بەڵام مولاحەزەم لەسەر قسەکانی خاتوو نازناز هەیە، ئەوە لە هەڵەبجە کەم ناکاتەوە، داوای لێبووردن دەکەم، بەڵام دەکرێ لە دیباجەکەی ئاماژە بەوە بکرێ کە ناوی هەڵەبجە بێت، دووەم:هەڵەبجە لە رۆژی $3/16$ دانراوە بە رۆژی شەهید، سێیەم رۆژی ژینگەی دونیا کە دانراوە موناسەبەکە هەندێ جار کۆنفرانسێکیان کردووە، لەو کۆنفرانسەدا رۆژی ئەو کۆنفرانسەیان داناوە بە رۆژی ژینگە، ئێمە وڵاتێکین تایبەتمەندی خۆمان هەیە، چەکێکی کیمیاوی کە ژینگە پیس دەکات لە هیچ وڵاتێکیدا لەو پەنجا ساڵەی ڕابوردوودا بەکار نەهاتووە لە کوردستانی عیراق نەبێت، ڕەنگە لەشەڕ بەکار هاتبێت، بەڵام دژی هاووڵاتیان لە کوردستانی عیراق تەنیا هین بووە، بۆیە ئەگەر خەڵك تەماشای ئێوە بکات لەبەر خاتری کوردستان و خەڵکی کوردستان کە هاووڵاتی بەو چەکە کیمیاویە شەهید کراون و ژینگەیان پیس بووە تایبەتمەندیەکەی هی ئێمە زیاترە نەك ئەوان، ئەو رۆژەی دونیاش، ئێمە لەویشدا ئیحتیفال دەکەین، بەڵام خەڵك کە $4/16$ دادەنێن بەو رۆژە موناسەبەیەك هەبێ بۆ ئەوەی شەرح بکرێت، جارێکی تر چ لەو میللەتە قەوماوە؟ چۆن بەچەکی کیمیاوی لێدراوە؟ لە $3/16$ یش باسی دەکەین لە $4/16$ یش باسی دەکەین لە $4/14$ یش باسی دەکەین، لە هەموو موناسەباتەکان باسی دەکەین، رۆژانە باسی بکەین هەر کەمە، بۆیە من پێم وایە چەند رۆژی وامان بە بێ ئەوەی دایبنێین بە رۆژی پشوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئیهتیمامی دونیامان پێ زیاد بێتن هەر باشە، کاك عبد الرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن سلیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر تەنها بالیسان قەصف نەکرا بە کیمیاوی تا ئەو رۆژە بکەینە رۆژی ژینگە، $3/16$ رۆژی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەیە، ئەوە $4/16$ کیمیاباران کردنی بالیسان و ئەو مەنتیقە، ئەدی مەنتیقەی بادینان؟ دەبێ رۆژەکی بۆ ئەوێش دابنێن، ئەوە لە $1963$ مەنتیقەی بارزان کیمیاباران کرا، بۆ ئاگاداری جەنابتان لە $1974$ مەنتیقەی باڵەك بە فسفۆر و تیزاب قەصف کرایە، ئەوەش هەر کیمیاویە، ئێمە ناتوانین هەر جێگایەك کە هەبێ رۆژێکی ئیختیصاص بەو مەنتیقە بکەین، ئەدی دەبێ رۆژێکیش بۆ مەنتیقەی بادینان دابنێن کە ئەویش عەینی ژینگە تەئسیری لێکرا و خەڵك کوژرایە و زۆر زەرەریشی دیتیە، لەبەر ئەوە ئەوە تیکراریە، بەڕەئی من رۆژێك دابنێن با موتەعەلیق نەبێ بە مەنتیقەیەك، دەبێ سەرتاسەری بێتن بۆ ئەوە من لەگەڵ قسەی نازناز خانم، ئەبێ رۆژێك هەبێت عالەمی بێت بۆ ئەو شتە، ئەمەش ڕەبتی ئەوە بکەین زۆر بە باشتر دەزانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت ئەو پرۆژە بڕیارە من پشتگیری تەواوی دەکەم، بەڕاستی لە جێی خۆی دایە کە ئێمە ڕۆژێك دابنێین بۆ پاك ڕاگرتنی ژینگەی کوردستان و کار بۆ ئەو ئامانجەش بکەین، ڕەئی من جیایە لەگەڵ ڕەئی ئەو برادەرانە کە دەڵێن ڕۆژێك دانەندرێت لەگەڵ جیهانیەکە بڕۆین، ئێمە بەڕاستی دەبێ پەیوەست بین بە ڕابوردووی خۆمان و بەردەوام رابوردووی خۆمان لە بیر بێتن، بۆ ئەوەی بتوانین لەم ڕووەوە کار بکەین و داهاتووی خۆشمان بینا بکەین، کوردستانیش خۆتان دەزانن کە لە لایەن رژێمی رووخاوی عیراقەوە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی وێران کردن و هەوڵی ئەوە دراوە کە ژینگەکەشی بشێوێندرێ، حەتا تاکی کوردیش بشێوێندرێ، بۆیە لە جێی خۆیدایە کە ئێمە ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی ژینگەی کوردستان دیاری بکەین و ئەو ناوچەیەش ژینگەیەکی زۆر باشی هەبووە پێشتر، پێش ئەوەی کە چەکی کیمیاوی تێدا بەکاربهێندرێت، من لەوە دەگەم بۆ زیاتر ئەو ڕۆژەش دیاریکراوە بۆ ئەوەی ببێتە ڕۆژی ژینگەی کوردستان، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر: من پێم باشە و لەگەڵ ئەو بڕیارەدام خاڵێکی تر ئیزافە بکرێت، کارکردن بۆ سڕینەوەی شوێنەوارەکانی پاشماوەی شەڕی رژێمی رووخاوی عیراق لە کوردستان، ئەوە لە بەرنامەی لیستی نیشتمانیی دیموکراتی کوردستانیشدا هەیە کە کاری بۆ بکەین، لێرەش دەکرێ ئێمە جێی بۆ بکەینەوە و کار لەسەر ئەو خاڵە بکرێتن، هەروەها لە بڕگەی سێیەمی بڕیارەکەدا کە باس لەوە دەکرێ و ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی کاری پێدەکرێ، دەکرێ ئێمە وەکو یاساکانی تر بڵێین لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێ لە ڕۆژنامەی ڕەسمیش بڵاودەکرێتەوە و، ئەگەر بکرێش هەوڵبدەین لە ئەمسالٚ جێبەجێی بکەین باشتر دەبێ، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تریشم هەیە بۆ برادەرانی کۆنترۆڵ، زۆر لە برایان و بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش باسی کرد لەسەرەتا گوتیان یاسا، ئەوە بڕیارە یاسا نیە، لە پرۆتۆکۆڵەکان بیکەنە بڕیار باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.فؤاد.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا من ڕوونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر ئەوە کەوا لە پێشەکیەکەی هاتووە کەوا ئەوە یەکەم جارە لە مێژووی عیراقدا چەکی کیمیاوی لە کوردستاندا بەکارهێنرابێ، ڕاستە پەلاماردانی شێخوەسانان و بالیسان ڕۆژی 4/16 بووە هۆی کوشتنی نزیکەی چوارسەد مرۆڤی کورد و بریندار کردنی سەدانی تر و بێ سەرو شوێن کردنی سێ سەد و هەشتای تر لە بریندارەکان کە لە هەولێر گوێزرانەوە و دوایی نەبینرانەوە و، ئەمەش لە ڕاپۆرتی میدل ئیست ویچدا بە ڕوونی دانی پێدانراوە کە ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی مرۆڤایەتی، چەکی کیمیاوی لە دژی دانیشتوان بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەم ناوچەیە چوار جاری تر بیجگە لە

4/16 بۆردومان کراوە بە چەکی کیمیاوی، دوو جار لە مانگی پێنجی ساڵی 1987 دا و دوو جای تر لە مانگی شەشی 1987دا، بەڵام ئەوەی کە من ئەمەوێ بیڵێم لە راستیدا ئەمە یەکەم جار نیە وەکو لە پێشەوە وتم لە 4/15 وەکو کاك شێردڵ فەرمووی، دێهاتەکانی هەڵەدن و بەرگەلوو و سەرگەلوو و کانی توو و چنارنە و ئاوەژێ و نۆڵەچکە و شاڵاوە و یاخسەمەر کیمیاباران کران و ئەم راستیەش لە چەند نووسراوێکی مێژووییدا لە راستیدا تۆمار کراوە وەکو لە کتێبەکەی یوڵسەلتەرمەن و کتێبێکی مێژووی تر کە باڵا فەرید تۆماری کردیە و، هەروەها لە بڵاوکراوەکانی کۆنگرەی بە جیهان ناساندنی جینوسایدی گەلی کورد تۆمار کراوە، لەبەر ئەوە وا باشە ئێمە مێژووی خۆمان نەیشێوێنین و، ئەمەوێ بڵێم کەوا لە ساڵی 1983 یشدا کوردستان دوو جاری تر بۆمب باران کرایە بە چەکی کیمیاوی لە میانەی شەڕی عیراق و ئێراندا لە ناوچەی حاجی ئۆمران و ناوچەی پێنجوین، چەندها پێشمەرگە و خەڵکی سیڤیلی ئەم کوردستانە بە چەکی کیمیاوی کوژراون، لەبەر ئەوە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی پرۆسەیەکی بەردەوامی بەرنامە بۆ دارێژراو بوو لەلایەن حکومەتی عیراقی پێشوەوە و 250 دێهاتی ئەم کوردستانە کیمیاوی بەرکەوتووە، جگە لە 31 شاخ و دۆڵی ئەم کوردستانە و بە مەزندە ئەکرێ کە 10000 دانیشتوانی سیڤیلی ئەم کوردستانە بە هەڵەبجەوە بە کیمیاباران شەهید کراون، لەبەر ئەوە کارەساتێکی گەورەی مرۆییە و، حەز دەکەم سەرنجی ئەندامانی پەرلەمان رابکێشم کە ئێستا ناوچەی شێخوەسانان لەبەر بێ ئاوی خەڵکەکەی خەریکن بە جێی ئەهێڵن، لەبەر ئەوە داواکارم پەرلەمان داوا لە حکومەت بکات کە بە هانایانەوە بێن پێش ئەوەی دێهاتەکەیان چۆڵ بێت و، لە هەمان کاتدا پەرلەمانی ئێمە داوا لە پەرلەمانی عێراق بکات کە تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەنفال وەکو لە دادگای تاوانەکانی ئەنفالدا دانی پیانراوە وەکو پرۆسەیەکی جینوساید، ئەوانیش دانی پیابنێن کە ئەمە پرۆسەیەکی جینوسایدی گەلی کورد بووە، بۆ ئەوەی بەرکەوتوو و لێقەوماوانیان بە هەموو قەرەبوو بکرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە پرۆژە یاسایەکە دەکەم، بەڵام پێشنیار دەکەم ئەو روونکردنەوانە بە تایبەتی ئەوەی کە د.فؤاد باسی کرد بخرێتە ناو ئەسبابی موجبە، ئەوەی کە لە دیباجەکەی هاتووە، ئەسباب موجبەیەکی بۆ بنووسین ئاماژە بە زۆر لەو رووداوانە بکەین، ئەوەی شێخوەسانان پشتگیری کاك ئارێز دەکەم وەریێە نەك وەرتێ هەروەك لە یاداشتنامەکەی دانیشتوانی بالیسان و شێخوەسان هاتووە وەریێە و لە پەرلەمانی کوردستان پەسند کراوە و تەوسیق کردنی کارەساتەکانی بەسەر میللەتی ئێمەدا هاتووە و دیاری کردنی ئەو رۆژانە شتێکی باشە، بۆ مەسەلەی بە جینوساید ناساندنی قەزیەی کیمیابارانی کوردستان هەوڵێك لە ئارادایە ئێستا لە لایەن وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان، بۆ ئەوەی پرۆژە بڕیارێك ئامادە بکرێت و ئێمە وەکو پەرلەمان جارێ بڕیارەکە وەربگرین، ئینجا کاری بۆ بکەین و کۆنگرەی بۆ بکەین

لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی و رۆژی 4/16 رۆژی گەشت و سەیران و بەهار ئەوەش سەبەبێکە لە ئەسبابی پیس بوونی ژینگە، گەشتیاران ئەگەر لەو رۆژە ئیش بکرێت و تەوعیەی خەڵك بکرێت پێم وایە کاریگەریەکی زۆر چاکی ئەبێ، پشتگیری کاك غفور دەکەم کە لە رۆژی دەرچوونی ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت، چونکە وەزارەتی ژینگە بەرنامەیان هەیە بۆ ئەمساڵ، بەلکم فریا بکەوین و، لە سەرۆکایەتی هەرێمیش زوو ئیصدار بکرێت و، بتوانن ئەمساڵ جێبەجێی بکرێت شتێکی باش دەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.نوری .

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە پرۆژەی بریارەکە ئەکەم، بەڵام ئەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کەوا ئێمە هەفتەی پێشوو، پرۆژەی قانونی پشتگیری کردن لە ژینگە لێرە خوێندرایەوە، هەر چەند دابەش کرا، نەخوێندرایەوە، پرۆژەیەکی زۆر فراوانە و مەسەلەی ژینگە زۆر لەوە گەوتر و فراوانترە کەوا لێرە ئێمە بیخەینە قاڵبێکی تەسکەوە، ئێمە نابێت هەموو شتێك بخەینە پاڵ ئەوەی کەوا دوژمن لەگەڵی کردووین، دوژمن ئەوەی کردووە لە پێناو نەهێشتنی گەلەکەمان، بەڵام تەنیا یەك دوو رۆژ لەمەوبەر من لە یەکێك لە ئەندامەکانی ئەو لێژنەیە کەوا ئەو پرۆژە قانونەیان ئامادە کرد وتی: ئێستا ژینگە لە هەولێردا گەیشتووتە رادەیەکی مەترسیدار، بۆیە ئێمە ئەبێ کارێکی وا بکەین کەوا لەو پرۆژەدا هانی هەموو لایەك بدرێت، بەتایبەتی حکومەت و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پاراستنی ژینگە، لە هەمان کاتدا لە پێشەکی ئەو بڕیارەدا ئاماژە بۆ ئەو هەموو بۆنانە بکرێ کە کاك د.فؤاد ئاماژەی پێکرد وەکو بڕیارێك، وەکو سەرەتایەك بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەشێوەیەکی فراوان و زەق لە کوردستاندا لە پاش ئەوەی کە لە جەنگی جیهانی یەکەم بۆ یەکەم جار لەوێدا بەکار هات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەتەئکید دەرکردنی بریارێك بۆ پاراستنی ژینگە زۆر پێویستە، بەڵام ئەو هۆکارانەی کە لە دیباجەکەیدا نووسرایە، من پێم وایە ئەو هۆکارانە کەمن، چونکە ژینگەی کوردستان سەدان ساڵە ئەشێوێندرێ و تێك ئەدرێ و خراپ ئەکرێت، بەتایبەتی لە 1961 بە سەدان جار بۆردومان و ناپاڵم و ڕەز و باخ و کێڵگەکانی کوردستان سوتێنراون و کانیاوەکانی کوردستانی ئێمە وشك کراون، ئەوانە هەمووی کاردانەوەی سلبییان هەبووە لەسەر پیسکردنی ژینگە، یەعنی کاك د.فؤاد باسی کرد ئاماژەی پێ بکرێت هیچ نەبێت لە 1961 کە دووچاری ئەم کارەساتانە بووینە، خاڵێکی تر ئەوەیە : تەبعەن هەندێك لە برادەران بەهەڵە تێگەیشتوون کە گوایە ئەکرێتە رۆژی پشوو، ناکرێتە رۆژی پشوو، بەڵام ئاماژە بەو رۆژە بکرێت ویادیشی

بكرێتەوە، ئەوە نەك تەنها بكرێت بە رۆژی ژینگە، رۆژی پاراستنی ژینگە و یادكردنەوەی هۆكارەكانی، یەعنی ئەبێ ئەو وشەیەشی تێدا بێت، یادكردنی هۆكارەكانی دەركردنی ئەم بریارە، خاڵێكی تر ئەوەیە، ئەم بڕیارە مەفروزە نەك هەتا لە چاپ ئەدرێ و بڵاوئەكرێتەوە، نەخێر لە رۆژی دەركردنی بڕیارەكەوە، چونكە پێڕا ناگەین، ئینجا ئەوە چاك بكرێتەوە، لەگەڵ رێز وسوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان بانی مارانی.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە دانانی رۆژێك یان دەستنیشان كردنی رۆژێك بۆ رۆژی ژینگە، كارێكی یەكجار پێویست و لە جێی خۆیەتی، بەڵام تێكەڵ كردنی رۆژی ژینگە و رۆژی كیمیاباران كردن لە ئەهەمیەتی هەردووكیان كەم دەكاتەوە، هەم لە كیمیاباران و وێران كردنی وڵاتەكەمان كەم دەكاتەوە و هەم لە رۆژی ژینگەی جیهانی كە رەنگە خیلافێكمان بۆ دروست بكات، بەهەر حاڵ بۆ دانانی رۆژی ژینگە خۆتان چۆنی بە باش دەزانن، ئەگەر ڕەبتی ناكەن بە رۆژی جیهانی ژینگە لە دونیا، هەر رۆژێكی بۆ دادەنێن زۆر تەبیعیە یان هەر رۆژێكی بۆ دیاری بكرێ، بەڵام مەسەلەی كیمیابارانی شێخوەسانان و بالیسان و وەرێ و ئەو ناوچانە كە هەر نووسراشە و دەڵێ : بە هەزاران شەهیدی بووە، فیعلەن بە هەزاران نەبووە، بە سەدانیش نەبووە، بە دەیان بووە، یەعنی بۆ ئەوەی مێژووی خۆمان نەشێوێنین، دەكرێ هەزارانەكە بكرێتە دەیان، ئێمە بە حەقیقەت داوای ناوی ئەنفالمان لێدەكەن ناتوانین هەمووی بدەین، ئینجا ئەوە مەسەلەی یەكەم، مەسەلەی كیمیابارانی بالیسانیش لەگەڵ هی هەڵەبجەی رەبت بكرێ، ئینجا چۆن صیغەیەك دەدۆزرێتەوە؟ چۆن تەرتیب دەكرێ؟ كیمیاباران هەمووی هەر كیمیابارانە، وەكو برادەران زۆربەیان باسیان كرد، یان ناوچەی تریش كیمیاباران كرایە، یان عەنقوودی لێدرایە، یان فسفۆری لێدرایە، ئەوەش هەر چەكی قەدەغە كراوە، بۆیە من داوا دەكەم تایبەت بە كیمیاباران مەنتیقەی شێخ وەسان و بالیسان ناو بێنێن زەرەری لێدەكەین، بۆیە فیعلەن هەموو كوردستان لەگەڵ هەڵەبجە رەبت بكرێت لە رووی كیمیاویەوە، لە رووی ژینگەشەوە رۆژێك دابنێن، رۆژێك چۆنی دیاری دەكەن بۆ رۆژی ژینگە، ئەگەر ڕەبتی ناكەن لەگەڵ رۆژی ژینگەی جیهان، كام رۆژێك مەئساویە لە كوردستان بیكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخیر كەس كاك د.كمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەت ئەگەر ئێمە بێین بۆ رۆژی ژینگە، بۆ ئەو كارەساتەی بەسەرمان هاتووە ناو بێنێن، هەر رۆژێك بۆ ناوێك دانێن، هەموو رۆژەكانی ساڵ بەشمان ناكات، ئەوەندە مەئسات بەسەر كوردستان هاتووە، لە هەموو شوێنێك هەموو رۆژەكان بكەینە رۆژێكی تایبەت بەش ناكات، چ رۆژێكیش بۆ چ مەنتیقەیەكی

دانـێین خـەڵکی مەنتیقـەکانی تـر دڵیـان ئەشـکێ لێمـان، هـەموو شـوێنەکانی کوردسـتانیش بـاس بکـەین، کێندەری کوردستان بەر نەهامەتی نەکەوتووە؟ لە بەدرەوچەسانەوە بگرە تـا زاخـۆ تـا سـنجار تـا سـلیمانی، کـەرکووك، کەنـدیناوە، حـاجی ئۆمـەران، هـەموو شـوێنێکی کوردسـتان، لەبـەر ئـەوە باشـە رۆژەکـە 100٪ دروستە، ئێمە باسی ژینگە دەکەین، باسی ئەوە دەکەین هەموو تاقەتمان سەرف بکەین کە هەوای کوردستان پاك بێت، ئەو کوردستانە سەوزەی کـە جـاران باسـی لـێ ئـەکرا لـە کتـێبی ئەوانـەی لـە قـەدیم نووسـیویانە هەمووی سەوز بووە، ئەو هەموو چەکەی بەکار هێنرا دژی ئەم هەرێمەی کوردستان، لـە فسـفۆر و ناپـاڵم و کیمیاوی و کردەوەی نالەباری رژێمە دکتاتۆریە یـەك لـە دوای یەکـەکان وای کـردووە کـە ئـەمڕۆ کوردسـتان ئەبێنێن رووت بووتەوە لە سەوزی، تاکە هەوڵدانی ئێمە ئەوەیە کوردستان سـەوز بێتـەوە، هەوڵـدانی ئێمـە بۆ ئەوەیە کوردستان ئاو و هەوای پاك بێت، بۆ ئەوە ئـەم رۆژە نیشـانەبێ و هـەر رۆژێکـی بێـت ئیعتیادیـە، 4/16 بە پرۆژەکە هاتووە، زۆر دروستە، پشتیوانی لێ ئەکەین، بەڵام ناوی شوێنەکان بە عام بێـت، هـەموو کوردستان، هەموو شوێنەکانی کوردستان بـا شـوێنێك تەشـخیص نەکـەین، بـۆ مەسـائیلی رۆژی کیمیابـارانی هەڵەبجەمان دانا بۆ موستەقبەلیش مەئساتی ترمان هەبێت بمانەوێ زینـدووی بکەینـەوە، باسـی مـەوزوعی تر دەکەین، بـۆ ئـەو مولاحەزەیـەش ئەنـدامێکی بـەرێزی پەرلـەمان ئیشـارەتی پێـدا لەگـەڵ رۆژی جیهـانی ژینگـە بێـت، ئـەوجا بـزر دەبێـت، رۆژەکـەی خۆمـان لـە نـاو ئـەوە ئیحتیـوا بکرێـت بـزر ئـەبێت، بۆیـە خصوصیەتێکی تایبەتی بدرێتێ و رۆژێکی تایبەتی هەبێت ئەویش 4/16 ە پـیرۆزە، بـەڵام بـا عـام بێـت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر چەندە قەرارم دا ئەوەی ناوی نەنووسی بێ، بەڵام لە پێش ئەوەی قسەی بـدەم بـە کـاك سعد وەزیـری هەرێم، ئاخیر کەس کاك فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشـەکی سوپاسـی جـەنابت دەکـەم، راسـتە نـاوم نەنووسـرابوو، بـەڵام مولاحەزەیـەکم هەیـە و رەئیشـم جیاوازە لەگەڵ زۆربەی برادەران، یەکیان ئەوەی کاك ئارێز باسی کردیـە راسـتە ئـەوە وەرێیـە، بـەڵام ئـەدی وەرتێش نەبوو؟ حەقە وەرتێش بکرێ، بەهەر حاڵ ئەوەی من پێم خۆشە بکرێ: ژینگـە و کیمیابـاران لێـك جیایە، حەقە ئێمە ئەو 4/16 ە بکەین بـە رۆژی کیمیابـارانی کوردسـتان، ئـەوە پێشـنیارێکی منـە، داوا لـە جــەنابتان دەکــەم رۆژی کیمیابــارانی کوردســتان بــەعام، ئەگــەر ئــەوە نــاکرێ، کیمیابــاران وەکـو کـاك عبدالرحمانیش باسی کرد زۆربـەی مەنتیقـەکانی گرتـەوە، مـن پـێم وایـە یـان بکـرێ کیمیابـارانی بادینـان، بارزان، باڵەك، هەورامان ،خۆشناوەتی، چونکە ئەو مەنتیقانە بە گشتی تێدا بوو لـە کوردسـتان نـەبێ ئـەبێ ئەو مەنتیقانە دیاری بکرێ، پێم وایەو شتێکی باشە، ئـەوەی کـە کـاك عوسمـان گـوتی: ژینگـە و کیمیابـاران دوو شتی لە یەك جیـاوازە، بۆچـی نەیکـەین بـە رۆژی کیمیابـارانی کوردسـتان بـە گشـتی؟ لەگـەڵ رێزمـدا و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.**

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**تەبیعی بەداخەوە بە هۆی ئەو تەئجیلەی پرۆژەی مەجلیسی ئیستیشاریە، ئیمکان نەبوو کاك دارا وەزیری ژینگە خۆی ئامادە بێت، چونکە پێم وایە ئەوان حەتمەن باشتر بتوانن قسە بکەن لەسەر ئەو ئەسبابی موجەبەی با بڵێین دیاری کردنی ئەو رۆژە، بەلام من پێم خۆشە هەندێ قسە بکەم سەبارەت بەو مەوزوعە، تەبیعی لە ئەساس کە ئەو رۆژە کە لە ئەنجومەنی وەزیران بە تایبەتی ئەو مەوزوعە زۆر موناقەشەی لەسەر کرایە، دوای ئەوەی کە ئەو پێشنیارەی زۆر لە لایەن خەڵکی مەنتیقەکە هاتووە بۆ وەزارەتی شەهید و ئەنفال، هاتە ئێرە و جارێکی دیکەش گەڕاوە بۆ لای ئێمەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای کرد کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بیر و رای خۆی سەبارەت بەو مەسەلە دەربڕێ، لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران بە تەفصیلی موناقەشەی ئەو قەزیە کرا، فیعلەن وەکو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیش باسی کرد، جیا لە ئەهەمیەتی مەسەلەی ژینگە لەسەر ئاستی دونیا کە فیعلەن تەنانەت ئێستا لە هەندێ وڵات هەندێ حیزب بەو پرۆژە دێنە دەسەڵات کە ئەوەندە ئەهمیەتی هەیە بۆ ژیانی خەڵك، من پێم وایە ئەگەر 4/16 یەکەم رۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەش نەبا وەکو کاك د.نوری تاڵەبانی باسی کرد، ژینگەی کوردستان کە وردە وردە بەرەو پیس بوون دەڕوات، وەختی ئەوە هاتووە کە ئێمە پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی هەبێت بۆ ئەوەی رۆژێك دیاری بکات بۆ رۆژی ژینگە و لەو رۆژەش کۆمەڵێك چالاکی جۆراوجۆریش دیاری بکات، ئەوە تەبیعی لە حکومەتیش باس کرا ئەگەر ئەو رۆژە موصادەقەی لەسەر بکرێ وەکو بڕیارێك لێرە دەربچێت، وەزارەتی ژینگە کە وەزارەتی مەعنیە وە زائیدەن سەرۆکایەتی حکومەتیش برنامەیان هەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵێك چالاکی جۆراو جۆر لەو رۆژە و هەتا لە دوای ئەوەش ئەنجام بدەن، دوو: مەسەلەی ئەو پرۆژە تەبیعی حکومەت زۆر باسی لەوە نەکردووە کە بڵێ بکرێتە عوتلە، ئەوە هیچ عیلاقەی بەو مەوزوعە نیە، مەسەلەیەکی تر بەراستی گرنگە بەبڕوای من لێرە تەوزیحی لەسەر بدرێ ئەویش ئەوەیە، داوای لێبووردنیش دەکەم کە هەندێك خوشك و برای پەرلەمانتار پێیان وایە کە تەحدیدی ئەو رۆژە جیاوازیە لە بەینی قوربانی مەنتیقەیەك بۆ مەنتیقەك، بە بڕوای من ئەوە نیە وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش باسی کرد، ئەوە بەراستی تۆمارکردنی تەئریخێکی گرنگە لە مێژووی قوربانیدانی خەڵکی کوردستان، راستە لە شوێنی تر چەکی کیمیاوی بە شێوەی تر بەکار هاتووە با بڵێین لە جەبهەك لە حدودی، یان پێشتر لە شوێنێك، بەلام بۆ یەکەم جار ئەوەی کە تەسبیت بوو لە کوردستان رژێمی بەعس کە بەراستی حەتا ئەوە جیاش دەکاتەوە لە شەڕی عیراق و ئێران لەو مەنتیقە چەکی کیمیاوی بەکارهێنا کە ئەوە زۆر گرنگە، یەعنی نازناز خان باسی ئەوەی کرد ئەو موناسەباتانەی کە جیهانین بە تایبەتی مەسەلەن رۆژی 1ی ئایار مەجموعە کرێکارێك لە شیکاغۆ نازانم چیان لێکرایە وردە وردە حەرەکاتی عومالی و ئەو رۆژە کرا بە رۆژی کرێکاران، بەلام ئێمە دەکرێ لە تەك ئەوەی کە رۆژی**

ژینگە بۆ ئێمە موهیمە، بەڵام دیسان خصوصیەتەك بەو رۆژە بدەین كە دەیان ساڵی تر و سەدان ساڵی تریش خەڵكی كوردستان و هەموو دونیاش دەزانن ئەو رۆژە یەعنی مەغزا و مەعنا سیاسیەكەی لە تەك ئەوەی كە مەعلومە ژینگە دەپارێزی، بەڵام ئەوەیە كەبۆ یەكەم جار یەعنی چەكی كیمیاوی لە دژی میللەتێكی سیڤیلی دوور لەشەڕ بەكار هێنرا، چونكە بەراستیش جیاكردنەوەی ئەو رۆژە من پێم خۆشە خوشك و برایان، تەبیعی لە ئێمە شارەزاترن و تەئریخەكی دووریش نیە، بەڵام بۆ یەكەم جار بەعس دژی خەڵكی كوردستان بەكاری هێنا و، دووریش بوو لە شەڕەكانی عیراق و ئێران بەكاری هێنا، هەتا جەبهەی پێشمەرگەش لەو مەنتیقەنە بوو، بۆیە بەراستی گرنگە ئەو رۆژە بكرێتە رۆژی ژینگە و دیسان من پێم خۆشە ئەوەی تەوزیح بكەین كە دیاری كردنی ئەو رۆژە، كەمكردنەوە نیە لە قوربانیەكانی مەنتیقەی تر، كەم كردنەوە نیە لە مەئسات و كارەسات و، بەعەكسەوە ئەوە ئەنفال و كیمیابارانی هەڵەبجە بووینە تەئریخی ئەو میللەتە، بەڵام مەسەلەی $4/16$ بەراستی زیاتر لەوەوە هاتووە و، من داواش دەكەم لە دوای موصادەقەكردنی ئەو پرۆژە بڕیارە، پرۆژەیەكی تریش هاتیە بۆ پەرلەمانی كوردستان كە عیلاقەی بە پاراستنی ژینگەوە هەیە، بەڵكو ئەوەش لە دوای بودجە یەكێك بێ لەو پرۆژانەی كە جێگەی گرنگی ئێمە بێ و زووتر بخرێتە بەرنامەی كار و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا زۆر موناقەشەكرا، موناقەشەكەش بڕیارەكە دەوڵەمەند دەكات كە دەردەچێ، وەكو كاك غفور وتی قانون نیە بڕیارە، راست دەكات، ئەو مولاحەزەی تری لە وەقائیعی كوردستان نەبێت لە تەئریخی دەرچوونی بێت، ئەوەشی راستە و دەبێ چاك بكرێتەوە، برادەرانی لێژنەی قانونی و ئەو بڕیارە موقەدیمەكەی خوێنرایەوە ئەوە رەئی لێژنەی قانونیە، بەڵام كە بڕیارەكە دەردەچێ دەڵێ: پەرلەمان لە دانیشتنی چوار رۆژە بڕیاری دا:

1-رۆژی $4/16$ لە هەر ساڵێكدا ببێتە رۆژی ژینگە لە كوردستانی عیراق.

2- ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان، ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێ.

ئەوە بڕیارەكەیە، لەبەر رۆشنایی ئەو موناقەشات و موداخەلاتە بۆ ئەوەی حەساسیەت نەبێت لە شتەكاندا، ئەو ناوچەیە بۆ ناوی هاتووە و ئەو ناوچەیە بۆ ناوی نەهاتووە؟ هەرچەندە ئێمە دەبێ لەو مەسەلەیەدا زۆر بە شێوەیەكی مەوزوعی تەماشای بكەین و ئێمە بەو شێوەیە وەرینەگرین كە ئەو ناوچەیە ناوی هاتووە و ئەو ناوچەیە ناوی نەهاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هۆكاری دەرچوونی ئەم بڕیارە بنووسرێتن: كە هۆی دەرچوونی كە وەكو لە هینەكەدا هاتووە، $4/16$ لەهەر ساڵێكدا، یەكەم رۆژ بووە كە لە كوردستاندا لە ناوچەی بالیسان و وەرێ و خۆشناوەتی بەعام بەكارهاتووە، دواتریش ئاماژە بە هەموو ناوچەكانی تر بكرێت كە بەكار هاتووە تێدا، ناوەكان بنووسرێت لە بادینانەوە تا گەرمیان تا لەهەڵەبجە لە رۆژی $3/16$ بە شێوەیەكی موبەرمەج لە زمنی عەمەلیەی لەناو بردنی گەلی كوردستان بە عەمەلیاتی ئەنفالەوە، ئەوە لە هۆكاری دەرچوونی ئەم بڕیارە بنووسرێت نەك لە بڕیارەكە هیچ نانووسرێت، دەڵێ: بڕیاردرا رۆژی

4/16 له هەر ساڵێك ببێتە رۆژی ژینگە، وەکو له هینەکه هاتووە، یەعنی بڕیارەکە ئەگەر بخوێندرێتەوە هۆکارەکەشی بەو شێوەیە، دوایی یەعنی صیاغەی بکەن، بەڵێ کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە ئێمە نووسیتمان یەکەم جار کە ئەسلیحەی کیمیاوی بەکار هاتووە، ئەسلیحەی کیمیاوی یەعنی من خۆم کە بەبەر کەوتم بۆنی سیری لێدەهات وامزانی فسفۆرە، فسفۆر لە شۆڕشی ئەیلوول لە هەموو شاخەکانی هەندرێن و زۆزك و ئەوانە لە دژیان بەکاردەهێنا، ئەو کاتە بۆنی سیری لێدەهات وامزانی ئەوەیە، دوایی من غەڵەت بووم، بەڵام کە دەڵێی ئەسلیحەی کیمیاوی یەعنی ناپاڵم، یەعنی فسفۆر، فیعلەن لە شۆڕشی پێشوو بەکارهاتووە، بەڵام ئەو رۆژەی کە ئەوانی بەکارهێنا خەردەل بوو، دوای خەردەل سیانید بوو دوایی زارین و ئەوانەیان بەکارهێنا، یەعنی ئەوە کە ئەسلیحە بێت و ناپاڵم فسفۆرەکەش هەر ئەسلیحەی کیمیاویە، بەڵام ئەگەر بڵێین لەو رۆژە بە شێوەیەکی فراوان ئەسلیحەی کیمیاوی کوتلەوی بەکارهات، چونکە خەڵکێکی زۆری کوشت، له عەرەبیش پێی دەڵێین کتلەوی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەکرێ بۆ ئەو مولاحەزەی جەنابت فراوان بکەین ئەوە ئیزافە بکەین: في هذا اليوم استخدمت الاسلحة الكيمياوية بشكل واسع، چونکە ئەو رۆژە نەبا یەعنی کاك شێردڵ ئەگەر 4/16 نەبا و پاشتریش چەکی کیمیاوی بەکارنەهاتبا له هەڵەبجە و شوێنەکانی تریش، ئەوەی پێشتر ئیسبات نەدەبوو کە چەکی کیمیاویە، بەڵێ کاك پیرخدر.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆکارێکی دی ئەز گەلێك کەیف خۆشم کو رۆژی 4/16 بێتە رۆژا ژینگەی کوردستانێ، جەژنا مەیا دێرینە هەر باو وباپیرانمان هەر لەو رۆژەدایە ،لەو رۆژە ئێمە عەردی ناکۆڵێن، چونکە عەردی مە ئاڤێستا دەبێ، عەرد نەیتە شێواندن بۆ ژینگەیا، بەلکو ماکا ئێت قەزیا ئێك بکەین ئەوژی شاد بێت زڤر لەسەر سروشتی خۆیا بەرێ بەرخ بەرماکابێت، ئەم یەکۆت خۆ رەنگاو رەنگ بکەین، مالا بەرێ خانیا دا سوراخ بکەین، کەوابوو باو و باپێرا مە ئیشمێژدە ئەڤ رۆژە رۆژەکی ژینگە و خەملاندنێ، زۆر کەیف خۆشبووم کو ئەڤ رۆژە ببێتە رۆژی ژینگە له کوردستانێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش پێمان خۆشە کە ئەو رۆژە بۆ برا یەزیدیەکان باشە ئەوە قوەتێك دەداتە ئەو بڕیارە، کاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر ئیزافەیەکی زۆر بچووکم هەیە، کە دەڵێ لە 4/16 بنووسرێت دژ بە هاووڵاتیان، چونکە لەکاتی تر لە بەرەکانی شەڕ بەکارهاتووە، بەڵام لێرە دژ بە هاووڵاتیان بووە و دژ بە ناوچەیەکی گەشتیاری کوردستانیش بووە، دژ بە هاووڵاتیانی کوردستان بەکار هاتووە باشترە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە یەك موشكیلەیە كاك غفور ئەگەر بینووسین، ئێمە لێرە باسی ژینگە دەكەین، ئەگەر دژی پێشمەرگەش بەكارهاتبێ ژینگەكە هەر تێك دەچێ، بۆیە نەنووسرێ باشترە، بەڵام كە وتمان فراوان ئەوە هەموو خەڵكی گرتەوە، كاك د. فؤاد.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە راستیدا بۆ روونكردنەوەی هەندێ زانیاری تر دەربارەی بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی كەوا زۆرێك لە دانیشتوانی كوردستانیش نازانن چی لە كوردستان هەمووی روویداوە؟ ئەوەی لە بادینان رۆژی 1988/8/28 پاش وەستاندنی شەڕی عیراق و ئێران، سێ هەزار كەسی خەڵكی برواری بالا خۆیان خزانە ئەشكەوتەكانی گەلی بازێوە و لەوێ سەر لە بەیانی سەعات 6,30 بۆ ماوەی سێ سەعات تۆپ باران كران بە چەكی كیمیاوی و سێ هەزار كەس لە خەڵكی بادینان لەو ئەشكەوتانە گیانیان لەدەستدا، لەبەر ئەوە زۆرێك لە خەڵكی كوردستانیش بەراستی ئاگادار نین لەوەی كە حەفتا دێ بێجگە لەوەی بادینان بەر چەكی كیمیاوی كەوتوون و هەر بۆ زانیاری و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو تەفصیلاتانە زۆربەمان دەیزانین، بەڵام ئێمە دەڵێین بۆ یەكەم جار لە 1987/4/16 بەو شێوە فراوانیەی كە دەیان بگرە سەدانیش، چونكە لە دووسەد و سێ سەدیش زیاتر بوو،

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە دەستی پێكردووە لەبەر ئەوە هەر بۆ ئەوەی ئێمە بەشداری نەكەین لەوەی مێژووی خۆمان بشێوێنین باسی نەكەین یەكەم رۆژە، بەڵام كارەساتێكی گەورەی لێكەوتووە لەو رۆژە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە دەڵێین بۆ یەكەم جار بەو شێوەیە فراوانە، خۆ دواتر بە شێوەیەكی فراوانتر بوو، چ لە بادینان تا دەگاتە گەرمیان تا دەگاتە هەڵەبجە، بەڵام ئەو رۆژە یەكەم رۆژ بوو بەو شێوە فراوانە، من باش بە بیرم دێت كە رسمەكانمان پێ گەیشت بەو شێوەیە سەدان كەس بوون بەراستی، منداڵ و هین و ئەوانە هێنایان بۆ هەولێر، لە هەولێر هەندێكیان زیندە بەچاڵیان كردن، لە 1991 قەبرەكانمان لە لای مەخمور و مەعمەل قیرەكە دۆزیەوە بە جلكەوە منداڵ و هین،پێم وایە زۆرمان موناقەشە كرد بەراستی نایەوێ ، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من بە نیاز نەبووم قسەی بکەم، چونکە هەموو جارێك کە باسی قەڵادزێ دەکەین هەندێك ئەندامانی پەرلەمان دەڵێن تۆ نوێنەری کوردستانی هەر باسی قەڵادزێ دەکەی، بەڵام بەداخەوە ئێمە هەموو نوێنەری کوردستانین یەکێکیان باسی قەڵادزیی نەکرد، یەکەم چەکی جینوساید کە بەرامبەر بە کورد وەکو کۆمەڵکوژی بەکارهات لە 1974/4/24 لە قەڵادزێ تاقیکرایەوە، زانکۆشی تێدا شەهید بوو، بەڵام من دەست خۆشی لەو پرۆژەیە دەکەم مەبەستم ئەوە نیە، بەڵام لە ئەسباب موجەبەکە حەقە بگوترێ بۆ وەڵامدانەوە بۆ ئەو هەموو تێکدانی ژینگە و کاوەلکاریەکانی کوردستان ئەو رۆژە دادەنێین بە رۆژی جیهانی ژینگە، یەکەم، ئەگەر ناو دێت پێشنیار دەکەم ناوی قەڵادزێش بێت، لەبەر ئەوەی ئەوە دیارە ئەو تەئریخە تا پێش هەڵەبجە قەڵادزێ لە 1974/4/24 ، ببوورن پێش روودانی کارەساتی هەڵەبجە لە 4/24 رۆژی شەهیدبوو لە کوردستان، هەموومان دەزانین لەسەردەمی شۆڕش، داوای لێبووردن دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەکر.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو مولاحەزەم هەیە، یەکێکیان بە نیسبەت ئەوەی کە بەکارهێنانی بۆ ئەوەی لەوە ڕزگارمان بێت، چونکە ئێمە ئەو رۆژە ئەکەین بە رۆژی بیئە، بەکارهێنانی چەکی بە کۆمەڵکوژ، چونکە ئەوەی کە زۆر تەئسیری هەیە بەراستی چەکی بایۆلۆجیە، کاك شێردڵیش باسی کرد ناپاڵم و فسفۆریش لە ئەسلیحەی کیمیاوی حیسابە وهەر تەصنیفەکەی لە ئەسلیحەی کیمیاویە، بەڵام بڵێین چەکی بە کۆمەڵکوژ باشترە، چونکە ئەوە بایۆلۆجیش دەگرێتەوە، کە بایۆلۆجیشی گرتەوە ئەوە تەئسیری گەورەی لەسەر بیئە هەیە، نوقتەیەکی تریش هەیە ئەوە دیارە ئەو ژنانە زیاتر لە لای منەوە باسی ئەکەن ئەڵێین: لە مەشروعەکە هاتووە زەحیەکانی کە بووەتە هۆی کوشتنی پێرەمێرد و ژن و منداڵ بە ئیعتیبار پێرەمێرد و منداڵ ئەزانین کە ئەوانە بێ دیفاعن ژنیشیان خستووتە هینی ئەوەی کە بێ دیفاعن، لەبەر ئەوە من پێم وایە هاووڵاتیانی کوردستان، یان ئەوە جیا نەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی بە جێیە، بیکەنە هاووڵاتیان، کاك مەلا ئەنوەر.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا دەست خۆشی لە بڕیارەکە ئەکەین، بەنیسبەت ژینگە حەقی ئیهتیمامی هەیە، بەراستی وەکو جەنابت ئیشارەتت پێکرد هەر لە قەدیمەوە بووە، جا وەکو مامۆستای ئایینی ئەگەر ئیشارەتی پێبکەین لە هیجرەتی پێغەمبەر (علیه الصلاه) چوو بۆ مەدینە یەکسەر ئیهتیمامی بە ژینگە دا، ئەو مەنتیقەی کە داروباری لێنەبوو لەبەر ئەوەی وڵاتەکە گەورەتر بێ و ئاو و ئاوەدانتر ئەبێ پێویستی بە پاکی ژینگە هەیە، هەر لەو وەختەوە و لە ئێستاشەوە و لە هەموو وەختێك، بەڵام بە نیسبەت ئەو ڕۆژە مەسەلەی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان و ئەوانە، تەبیعی وەکو جەنابت ئیشارەتت پێکرد خۆی وەکو هەدەفێك، هەدەفەکە دیاری کردنی ڕۆژێکە بۆ پارێزگاری کردن لە ژینگە و ئیهتیمام پێدان، ئێمە ئەو ڕۆژە بە چ ڕۆژێکەوە ببستینەوە؟ هەر ئەوەیە کە باسەکە لەوەی دێ کە یەکەم جار لە بەرامبەر خەڵکی بێ دیفاعی ئەو وڵاتە، ئەو شوێنە، ئەو کوردستانە لەو مەنتیقە بەکار هات کە من خۆم تەلقینی ئەو خەڵکانەم دا کە بەراستی کەس نەیدەوێرا بچێت، ئێستا شوێنەکەیان هەر دیارە، وەزعەکە وازیحە کە هەموویان بە کیمیاوی لێدران منداڵی ساوایان تێدا بوو و ڕەمەزانیش بوو، ئەوەیە مەسەلەکە، با نەچێتە بابەتی مەنتیقەیەك لە بیر بکرێ و مەنتیقەیەك بەناو بکرێ، برینە، هەمووی برینەکی گەورەیە، سەرەتای ئەو برینە لە کوێ دەستی پێکرد، لەوێ دەستی پێکرد و برینەکە ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر بوو، نەچێتە حەساسیەتی ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا تۆ دوو قسەی جەوهەریت کرد، ئەوەیش ئەویە کە نەچێتە ئەو حەساسیەتە، منیش ئاماژەم پێکرد، برین زۆرە لە کوردستان و خەفەتیش زۆرە، هیچ ناوچەیەك نیە تووشی ئەو مەئساتە نەبوبێتن، زۆر تەبیعیە کە باسی ناوچەیەك دەکەین، هەر کەسێك لە ئێوە لە ناوچەی جیا جیا بیری بکەوێتەوە، ئەو برینەی کە لەناوچەکەیدا ڕوویداوە، دێتەوە بیر، پێیوایە ئەو برینەی دەبێ لە هەموو شوێنێکدا جێی بێتەوە، سارا خان باسی قەڵادزێ دەکات 4/24 ئەگەر دابنیشین باسی قەڵادزێ بکەین چ مەئساتێك لەوێ ڕوویدا، لە ساڵی 1974 هەموومان پێی موتەئەسیرین و دەزانین چەند بوو ژمارەی شەهیدان، چۆن بوو و چەند تەئسیری هەبوو و چەند خوێندکاری کوشتووە و چەند قوتابی کوشتووە، بەڵام ناکرێت لە 4/24 بڵێین ئەرێ شێخوەسانان لە بیر مەکەن، ئێمە باسی 4/24 دەکەین، قەصفی قەڵادزێ بووە، لە زروفێکی تایبەتی بووە، شەر بووە، زەحیەکان کێنە؟ خوێندکارەکانی زانکۆی سلێمانی کە لەوێندەر بوون، دەکرێ برینەکەت، بەڵام ئەو موناسەبەی کە باسی دەکەن ئینسان بەبیری دێتەوە هەر یەکێك بیری خزم و کەس و برادەرەکانی خۆی و ناوچەکانی خۆی دێتەوە بیر، زۆر تەبیعیە و حەقی خۆیەتی، بەڵام یەك شت هەیە: تێکەڵاو نەکرێتەوە، ئێمە ئەمڕۆ باسی ڕۆژێك، ەکەین بۆ ژینگە کە ژینگە باس دەکەین هەمووی حەقە باسی هەڵەبجەش بکرێ ، هەڵەبجە هەموو ڕۆژ باس بکرێ کەمە، بادینان هەموومان حیکایەتی بەسەرهاتووی بادینان دەزانین، بەسەر هاتووی گەرمیان، بەسەر هاتووی هەموو شوێنەکان دەزانین، بەڵام ئێمە ڕۆژێك دەتوانین دابنێین ئەو ڕۆژەش مەعنایەکەی دەبێ بۆ بدۆزینەوە، ئەسبابەکەی بۆ بدۆزینەوە، لەم ڕۆژەدا چەکی کیمیاوی بەشێوەیەکی فراوانتر لە پێشوو بەکار هاتووە کە بۆتە هۆی ئەوەی دەیان هاووڵاتی شەهید بن و ببنە قوربانی، جگە لە پێشتر کە بەکارهاتووە وەکو کاك

شێردڵ ئاماژەی پێکرد، بەڵام لەم رۆژەدا شێوەی بەکارهێنانەکەی فراوانتر بوو، دونیا پێی زانی، یەکەم جار بوو فلیمێکمان دروست کرد لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی پێشی هەڵەبجە، فلیمەکە هەروا رەسمەکان بوو دەگێران و ئەوانە و بڵاومان کردەوە، واتا ئەو رۆژە بوو بووە هۆی ئەوەی خەڵك، هەر چەندە کەم بوون، بزانێ کە رژێمی عیراق، رژێمی دیکتاتۆری لەناو چوو دژی گەلی کورد کیمیابارانی کردووە، ناوچەکە و خەڵکی سیڤیلی کوشتووە، جگە لە تێکدانی ژینگەکە، بۆیە لێرە باسی ئەو رۆژە دەکەین ئەسبابەکەی ئەوەیە، هەموو ئەو رووداوانەی کە زۆرتر بووینە، دواتر بووینە، کاك د.فؤاد ئاماژەی پێکرد لە 1987 و لە 1989 بووە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، لەبەر ئەوە ئەو رۆژە داندراوە و لەلایەن حکومەتەوەش هاتووە، راستە خەڵکی ناوچەکە پرۆژەیەکیان تەقدیم کردووە ئەو بەڵام حکومەت دیراسەتی کردووە و وەزارەتی ژینگە هەیە دیراسەتی کردووە و رێکخراوانەی کە موهتەمن بە ژینگە بە موناسیبیان زانیوە ئەوە رۆژە دابنێن، ئەوە کەم ناکاتەوە لە ژینگە، دەکرێتن وەکو ئاماژەم پێکرد، ئێمە بڕیارەکە وەکو سێ خاڵەکە کە گۆرانکاریمان پێکرد بیخوێنینەوە وەکو بڕیار و هۆکاری دەرچوونی ئەو بڕیارە بەو شێوە بنووسین بڵێین، ئەوە یەکەم رۆژ بوو بەو شێوە فراوانە کیمیا بەکارهات لەو ناوچانە و ناوەکان بنووسین کە بووە هۆی ئەوەی دەیان شەهید و قوربانی، دواتر باسی هەموو ناوچەکانی تر بکەین کە ئەم سیاسەتە بەردەوام بوو لە لایەن دکتاتۆرەوە و ئەم چەکە کۆ کوژیە ژینگەی تێکداله فلان شوێن و فلان شوێن هەمووی بنووسین تا دەگاتە ئەوەی بەو شێوە فراوان و دڕندەییەی کە لە هەڵەبجە بەکار هات لە 3/16 و باس بکرێت لە زمنی بەرنامەیەك کە حکومەتی دکتاتۆر هەیبوو بۆ لەناو بردنی گەلی کورد لەوانەش ئەنفال بوو، بۆیە ئەو بڕیار دەرچوو وەکو بڕیارەکانی تر بۆ بەرز راگرتنی ئەو رۆژە، بۆ ئیهتیمام دان بەو رۆژە، لەهەمان کاتیشدا ناساندنی دونیا بە بەسەرهاتووی کورد و ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دراوە دژمان، ئەگەر کەس قسەی نەبێت؟ د.هاله فەرمووو.

**بەڕێز د.هاله سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها یەك پێشنیارم هەیە، مەئساتەکە تەواو نەبووە، هەر قەصفەك نەبووە و تەواو بووبێ و مێژوویەکەی ئەوەندەیە و چەندە؟ مەئساتەکە تا ئەو رۆژە لەگەڵماندا دەژی، پێشنیار دەکەم لە دیباجەکە یان لە ئەسباب موجەبەکە ئاماژە بەوە بدەین کە ئێمە رۆژانە منداڵی شێواومان تا ئەمرۆ لەدایك دەبێ، تا ئەمرۆ نیسبەی نەزۆکی لە زیادبووندایە، نیسبەی شێرپەنجە و ئەوانە لە زیاد بووندایە، ئەوانە هەمووی تەئسیراتی پیسبوونی ژینگەیە کە لە زیاد بووندایە، ئێمە دەمانەوێ ئەو رۆژە لە یادمان بێت بۆ ئەوەی هەموو ساڵ دووبارەی بکەینەوە، ئێمە چمان کردیە تا رێگا لەو پیسبوونە بگرین؟ ئیحصائیاتمان گەیشتووتە کوێ ؟ ئێستا لە زیادبووندایە یان لە کەم بووندایە؟ لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەوە لە دیباجە هەبێت یان لە ئەسباب موجەبە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەئکیدی قسەکەی من دەکەیەوە د.هالە کە وتم هەر یەکێك تێگەیشتنی خۆی حەز دەکات لە هەموو قانونێکدا هەبێت، تۆش وەکو دکتۆرێك حەز دەکەی ئاساری بەکاهێنانی کیمیابارانەکە لێرەدا هەبێت، لێرە جێی نابێتەوە لە شوێنی تر جێی دەبێتەوە، بەڵام وەکو ئیسباتی قسەکەم بکەی، سارا خان بیر دەکاتەوە لە قەڵادزێ و کاك عبدالرحمان دەڵێ بادینان ئەوەی تر دەڵێ هەڵەبجە، کاك اسماعیل دەڵێ رەواندز لە بیر مەکەن، کاك ئیحسان تۆش باسی بادینان بکە، فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من لەگەڵ پرۆژەکە بووم، بەڵام برادەران زۆر قسەیان کرد بۆ ئەوەی پرۆژەکەمان تەواو بێت بەرای من، اسلحە الدمار الشاملە، چونکە ژینگە دەگرێتەوە و مرۆڤ دەگرێتەوە و گیانەوەر دەگرێتەوە و رووەکیش دەگرێتەوە، دوایی ئێمە رۆژێك بۆ ژینگە دادەنێین، کەواتە ئەبێ ژینگە زیندوو بکەینەوە، رووەك و، گیانلەبەر، ئەوجا سروشت و ئینسان و ئەو هەموو شت پێکەوە و ئەسلیحەت الدمار الشامل بە موصتەڵەحی سیاسی خۆمان زۆر بەکاری ئەهێنین وبەرەئی من ئەوە لە جیاتی ئەسلیحەی کیمیاوی و ئیبادە الجماعیە ئەوە شاملترە و هەمووی دەگرێتەوە و موحەرەمیشە دەولیەن و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە لە ژینگە شارەزان کاك د.فؤاد لەسەر مەوزوعی چەکی کیمیاوی یان ئەسلیحە الدمار الشامل بۆ ژینگە دەست دەدا؟

**بەڕێزد. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەکی کیمیاوی یەکێکە لە چەکە کۆمەڵ کوژەکان پێی ئەوترێت اسلحە الدمار الشامل، ئەمانە بە گشتی چەکی نەوەوی و ناوەکی و بایەلۆجی و کیمیاوی ئەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەقصەدمانە لەم بابەتە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویە کە یەکێکە لە چەکە کۆمەڵکوژەکان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوایی ئەمە ناسراوە لە دونیادا، هەڵەبجە ناسراوە بە زەحایەی چەکی کیمیاوی، ئەو ناوە بە قەناعەتی من لە قازانجی ئێمەیە، چونکە ئێمە زەحیەی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوین، اسلیحە الدمار الشامل رەنگە هەندێ کەس بڵێین لە دونیادا ئیسبات بوو کە حکومەتی عیراق نیەتی، ئەوە نیە پاش شەڕ و ئەوانە خەڵك وا قسەی دەکات، دوایی ئیسبات بووە کە بەکار هاتووە دژی ئێمە، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا زۆر قسە کران بەراستی هەندێ قسە کران لەسەر هەندێ ژمارە هیوادارم نەبنە سەرچاوەی مێژوویی بەراستی زانیاریەکان لەسەر ئەو ژمارانە دران زۆر غەڵەتی تێدا بوو، من حەز دەکەم ئەوە بە

دیقەت بێ، ئەوە یەك، دوو: لە بیر نەکەین یاساکە لە لایەن وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوەکان داڕێژراوە لە سەرتاوە و ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوە چەند جارێکە جەنابت دەرگای قسەکردن دەکەیەوە، خۆی بە پێی سیستەمی ئیشی پەرلەمان و بە پێی نیزامی داخیلیش ئەوانەی کە ناوی خۆیان دەنووسن و کە قسەیان تەواو بوو نابێ بەراستی بواری تر بدرێ، ئیلا ئەگەر لە حاڵەتێکی زۆر زەرووری بێت، بەڵام من تێبینی دەکەم ئەوە چەند جاری تر لە هەمان کاتدا جەنابت بەخۆت داوا دەکەی فلاّن هەستە لەو بوارە ئاوا بڵێ، یەعنی بەراستی ئەگەر بەو شێوە بڕۆین، ئێمە بە دوو سەعاتی تریش تەواو نابین لەو پرۆژە بڕیارە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت بە جێیە، بەڵام جوابی من گوێت لێ بێ بە جێترە، شتێك کە بێتە پێشەوە ئەندامانی پەرلەمان وەحدەیان لەسەر نەبێ نابێ بخرێتە دەنگەوە، بێ دەنگ نابێ دەربچێتن، دەبێ ئەکسەریەت قەناعەت بەو شتە بێنن بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەن، لێرەدا هەندێ مەسائیلی حەساس هاتە پێشەوە، تێنەگەیشتن هاتە پێشەوە، یەك گوتی بادینان ئەوەندە هین کرایە، یەك گوتی نابێ هەڵەبجە لە بیر بکەین، یەك گوتی قەلادزێ لە 4/24 وای لێهاتووە و د.هالە دەڵێت دەروونی و تەندروستی تێکچووە، بۆیە دەبێ شەرح بکرێت و خۆ شەرحیش من نایکەم، بۆیە دەڵێم ئەندامێکی تر قسە بکات، فورسەتێك هەیە زیاتر قەرارەکە بە قەناعەتەوە دەربچێتن و بە قەناعەتەوە دەنگی بۆ بدەن و وەختیشمان هەیە، ئەگەر نا مولاحەزەکەت بە جێیە، دەبێ ڕێگە نەدەین، قەرارەکە بخوێننەوە و هۆکارەکانی وەکو عەرزم پێ کردن، بەڵام ناوەکان هەمووی تێدا دەنووسین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قرار**

1 - اعتبار يوم 4/16 من كل عام في اقليم كوردستان العراق، يوماً للبيئة.

2 - على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة، تنفيذ هذا القرار.

3 - ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هۆکارەکانی بخوێننەوە، قەوس بکەن بۆ ناوی ناوچەکان، من هۆکارەکەی دەخوێنمەوە، بەڵام هەندێ شتی تێدا نوقصانە دوایی پێتان دەڵێم چیە، بەعەرەبیەکەی نووسراوە: يولي في جميع انحاء العالم اهتماماً كبيراً بالبيئة، ان المحافظة على البيئة اصبحت مهمة انسانية و من هذه الرؤيا و من اجل المحافظة على بيئتنا

المبتلية في هذا اليوم بالاسلحة الكيمياوية و مخلفات هذه الاسلحة و المتفجرات الاخرى، تقرر اعتبار يوم 4/16 من كل سنة يوماً للبيئة في الوقت الذي هو موعد مناسب و خطوة مهمة في هذا اليوم، نرى ان ذكرى يوم 1987/4/16 حيث استعمل النظام الكتاتوري البائد، سلاح الابادة الجماعية الممنوعة و المحرمة دولياً ضد المدنيين في مناطق باليسان و فلان و فلان....، ثم استمر في هذه السياسة و استعماله لهذا السلاح المدمر يوماً بعد يوم حيث شمل: ئەوجا لێرە دەنووسین هەموو ئەو ناوچانەی کە کیمیاباران کرتوویەتییوە، بادینان و گەرمیان و ئەوانە، في سياسته المبرمجة لابادة شعب كوردستان، لذا و في هذه الذكرى و في سبيل المحافظة على بيئة صحية، تقرر اصدار هذا القرار. باشە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵندکا تکایە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟بە کۆی دەنگ قبول کرا، فەرموون. بەڵێ کاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی دەبێ بەراستی ئێمە خاڵ بە خاڵ بماندایە دەنگدان، نەك لە دیباجەی ئەخیریەوە بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قەرارەکە لەگەڵ دیباجەکە پێکەوە خستمە دەنگدان، ئەگەر لێژنەی یاسایی راپۆرتی لەسەر بودجە حازرە؟ سبەینێ دەست پێدەکەین بە موناقەشەکردنی بودجە.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێ مەتلۆوبە؟ ئەوە هیچ وەزیری دارایی، بەرەئی من پاریش ئەوەك دروست بوو، گرنگە بەراستی ئەو وەزیرانەی کە پەیوەندیدارن خۆیان بێن، یەعنی پار ئەوەك دروست بوو حەق وایە ئێوە ئەو گلییە بکەن و رەخنە بگرن، بەڵام بەراستی با وەکیل وەزیر نەیێ لێرە یان مودیر عامەك بێت لێرە قسە بکات لەسەر بابەتەکە، با وەزیرەکان خۆیان بێن، بۆیە من پێم باشە با دەرفەتێکیان بدرێتێ بۆ ئەوەی ئاگادار بکرێنەوە و ئامادە بن .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی چوارشەم عوتلەیە، سبەینێش رەنگە نەگاتە دەستتان نەکو وەزیریش بڵێ وەللا وەختم نیە، یەکشەم وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و وەزیری پلان دانان حازر بن لەگەڵ جەنابت، سەعات 10,30، لێرەدا کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دێنین تا رۆژی یەك شەمە سەعات 10,30 ، زۆر سوپاس.

فرست احمد عبدالله
سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**یەك شەممە ڕێکەوتی 13\4\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)

## یەك شەممە رێكەوتی 2008/4/13

كاتژمێر (30ر10)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2008/4/13 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (6)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (6)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (30ر10)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2008/4/13 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان, دانیشتنەكەمان ئەكەینەوە، بەرنامەی كارمان.

1- خستنەروو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەشكراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێزان كاك عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان، كاك شێخ بایر وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی، كاك سعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، كاك رەشید بیریكاری وەزارەتی دارای و ئابووری ئەكەم، كە لەگەڵمان بەشدارن بۆ گفتوگۆكردن لەسەر بودجەی هەرێمی كوردستان، داوا لەلیژنەی دارایی ئەكەم، بێن لێرە دابنیشن بۆ خوێندنەوەی راپۆرتیان، دواتر بۆ ئەوەی پرۆژەكە پاش ئەوەی موناقەشەی راپۆرتی دارایی ئەكەین، ئەوجا پرۆژە یاساكە موناقەشە ئەكەین، داوا لە بەڕێز كاك شێخ بایز ئەكەم، كە موختەسەرێك لەسەر بودجەی ئەمساڵ بۆ ئەندامانی پەرلەمان، روونبكاتەوە لەچەند دەقیقەیەكدا ئەگەر پێی باش بێت، كاك شێخ بایز تەبیعی هەم شارەزایە، هەم وەزیری هەرێمە بۆ كاروباری دارایی وئابووری، ئەگەر پێی باش بێت ئێستاو ئەگەرنا دوای خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی

دارایی وئابووری، ئێستا داوا لەلیژنەی دارایی و ئابووری ئەکەین راپۆرتەکەیان بخوێننەوە، بەڵێ کاک شێروان قسەت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە، وەکو لیژنەی قانونی راپۆرتی خۆمان هەیە، با راپۆرتەکەش لەگەڵ لیژنەی دارایی شتێك بخوێنینەوە، چونکە راپۆرتی هاوبەشمان هەیە، پاشان بۆ پێداچوونەوەی قانونەکان کە رەقەمەکان تەسبیت بوو، ئینجا بۆ قانونەکە، ئێمە حازر ئەبین بۆ موناقەشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ زۆر راستە، با لیژنەی دارایی و ئابووری یەکەمجار راپۆرتەکەیان بخوێننەوە، فەرموو کاک زرار راپۆرتەکە ئەخوێنێتەوە.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**بابەت / ڕاپۆرت**

لێژنەی دارایی وئابوری پاش زنجیرەیەك كۆبوونەوە و پرس و ڕاوێژكردن و بانگێشتكردنی جێگرانی وەزارەتەكانی دارایی و ئابووری و هەرێم و چەند كۆبوونەوەیەكی تری هاوبەش . لێژنەكەمان چەند ڕاو پێشنیارێكی هەبوو بەم شێوەی خوارەوە دەیخەینە پێش چاوی بەڕێزتان 0

1- دەبوایە بودجە لەكۆتایی ساڵی (2007) دا بهاتایەتەپەرلەمان تا لەكاتی خۆیدا گفتوگۆی لەسەربكرایە، ئەم تێبینیەمان لەساڵی (2007) یشدا هەرهەبوو . لەگەڵ ئەوەدا كەئێمە ڕەچاوی ئەو ڕاستییە دەكەین، سەرچاوەی سەرەكی بودجەی هەرێمی كوردستان بریتیە لەو ڕێژەیە لەبودجەی گشتی عێراق تەرخاندەكرێ ، بەشێوەیەكی تر بودجەی هەرێم بەستراوەتەوە بەبودجەی سەرانسەری عێراق ، بەڵام لەهەمان كاتدا دەبێت كار بكرێت بۆ بەدەستهێنانی جۆرە ئازادیەك لەسەر بنەمای فیدرالیزم و سەربەخۆییەكی ڕێژەیی ئابووری و دارایی لەلایەك و هەمەجۆر كردنی سەرچاوەكانی داهات لەلایەكی تر0

2- لەڕاپۆرتی ساڵی 2007 دا لیژنەكەمان داوای كردبوو كەهەردوو وەزارەتی دارایی بەزووترین كات یەك بگرنەوە، بەداخەوە تاكو ئێستا ش دەزگاكانی ئەو وەزارەتە یەك نەخراون، ئەمەش دڵە راوكێیەكی لای خەڵكی كوردستان دروستكردووە و بۆتە هۆی ئەوەش كەپەرلەمان نەتوانێ وەك پێویست بەئەركەكانی خۆی هەڵسێ سەبارەت بەچاودێری كردنی باری دارایی و ئابووری لەهەرێمدا و هەنگاو نان بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی ئابووری و كۆمەڵایەتی ، بۆیە جارێكی تر جەخت دەكەینەوە سەرئەوەی ،

پێویستە هەموو دەزگاكانی ئەو وەزارەتانەی كە تاكو ئێستا یەك نەخراونەتەوە بەزووترین كات یەك بخرێن تابتوانن ئەركەكانیان بەباشی ببینن 0

3- لیژنەكەمان پێشنیار دەكات ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان دەنگبدەن بۆ یەكخستنی بودجەی وەزارەتەكانی دارایی و ئابووری و وەزارەتی هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری ،وەزارەتی ناوخۆ و هەرێم بۆ كاروباری ناوخۆ، دەزگاكانی ئاسایش و دیوانی چاودێری دارایی كە بودجەكانیان یەك بخرێت و داواش لە حكومەتی هەرێم بكرێت كە پێش كۆتایی مانگی حوزەیرانی (2008) ئەو وەزارەت و دەزگایانە یەكبخات و پەرلەمانیش بەدواداچوونی خۆی بكات

4- لێژنەكەمان ساڵی 2007 ئاماژەی بەوەكردبوو كەكارو فەرمانی هەندێك لەوەزارەتەكان نزیكەو دەكرێت هەندێك لەو وەزارەتانە یەكبخرێن ، بۆئەمەش داوامان لەئەنجومەنی وەزیران كردبوو كە لێكۆڵینەوە لەو بوارەدابكات و نەخشە و پلانێكێش بۆ یەكخستنی ئەو وەزارەتانە دابنێن كە هاوكارو هاوشێوەن، بەڵام تاكو ئێستا لە پراكتیكیدا هیچ نەكراوە 0

5- لێژنەكەمان داوای كردبوو كەوەزارەتی دارایی بەشێوەیەكی وەرزی ڕاپۆرتێك پێشكەش بەپەرلەمان بكات سەبارەت بەباری دارایی و ئابووری هەرێم ، لەكاتێكدا جەخت دەكەینەوە سەرپێشكەش كردنی ئەو ڕاپۆرتە داوادەكەین كەوەزارەتی دارایی (ژمێری كۆتایی) (الحسابات الختامیة) پێشكەش بەپەرلەمان بكات لەماوەی مانگێكدا لەڕۆژی بڕیاردان لەسەر بودجەی هەرێم بۆ ساڵی 2008 0

6- ساڵی 2007 بڕە پارەیەك لای حكومەتی مەركەزی مابۆوە لەپشكی ساڵانی ڕابوردووی هەرێم ، لێژنەكەمان داوای لەئەنجومەنی وەزیران كردبوو كە هەوڵبدات بۆ وەرگرتنەوەی ئەو بڕە پارەیەو لەپرۆژەكانی ئاوەدانكردنەوەدا بەكار بهێنرێت ، تا ئێستا هیچ زانیاریەك نەدراوەبە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان لەوبارەیەوە 0

7- لە كاتی ئامادە كردن و تاوتوێكردنی پشكی هەرێمی كوردستان لەبودجەی عێراقدا، پێویستە حكومەتی هەرێم و نوێنەرانی هەرێم پەراوێز نەخرێن ، كەتا ئێستا ئەمە ڕوویداوە و دەبێتە هۆی بەشخواردنی خەڵكی كوردستان 0

8- وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستان چەند جارێك داوای لە وەزارەتەكان كردووە، كە بودجەكانیان پێشكەش بە وەزارەت بكەن ، هەندێ لەو وەزارەتانە دواكەوتوون لە ئامادە كردنی بودجەكانیان. دەبێ حكومەتی هەرێم لێپێچینەوە لەو وەزارەتانە بكات و ئاگادارمان بكاتەوە لە ئەنجامەكەی0

9- دەبوایە لە پرۆسەی ئامادە كردنی بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانیدا لێژنەی دارایی و ئابووری ئاگادار بوایە، نەك لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوەو لە چوار چێوەی بودجەی هەرێمدا ئەو زانیاریانەمان پێ بگات0

10- لەپرۆسەی ئامادەكرنی بودجەی هەرێمدا ئەوەی تێبینی دەكرێ ، جیاوازییەكی زۆر هەیە لەنێوان بودجەی پێشنیار كراو و ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دەكرێ ، كەهەندێ جار زیاتر لەدوو هەندە یە ،ئەمەش

جێگای پرسیارەونیشانەیەکەبۆ زێدەڕۆیی دەزگاکانی حکومەت لەو بوارەدا لەلایەك بێتوانایی هەندێ لەکارمەندانی ئەو بوارە لەلایەکی تر 0پێویستە میکانیزمێك دابنرێت و چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت 0دیارە ئەم دیاردەیە جگە لەهەڵئاوسانی دەزگاکان و بەفیڕۆبردنی سەروەت و سامانی گشتی، ڕێگایەکیشە بۆ دروست بوون و گەشە کردنی گەندەڵی 0

11- ئەوەی تێبینی دەکرێ ڕێژەی خەرجیەکانی بەکار خستن لەساڵی 2007 دا (70,87٪ )ی هەموو بودجەی هەرێمی پێکدە هێنا ، لەکاتێکدا خەرجیەکانی وەبەرهێنان (29،13٪) ی پێککهێنابوو 0لەساڵی (2008) دا ڕێژەی خەرجیەکانی بەکار خستن دا بەزیوە بۆ (62،3٪ )ی بودجەو ڕێژەی خەرجیەکانی وەبەرهێنانیش بەرز بۆتەوە بۆ (37،7٪) . هەر چەندە ئەمە نیشانەیەکی پۆزە تیڤە لە پێکهێنانی بودجە و خەرجیەکاندا ، 0بە پێویستی دەزانین سەرنج ڕاکێشین بۆ ئەو ڕاستیەی کەدەبێت بودجەی وەبەر هێنان لەزیادبووندا بێت لەسەر حسابی بودجەی بەکارخستن و، لەهەمان کاتیشدا بودجەی وەبەرهێنان گرنگیەکی تایبەت بدات بەکەرتە بەرهەم هێنەکانی وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی 0

12- ساڵی 2007 لێژنەکەمان تێبینی هەبوو سەبارەت بەوەی کە سەرچاوەی سەرەکی بودجەی هەرێمی کوردستان بریتیە لەو بڕە پارەیەی لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە تەرخان دەکرێ و داوای کردبوو کە پێویستە سەرچاوەکانی داهات فرە چەشن بکرێن لە ڕێگەی زیادکردنی پرۆژە بەرهەممهێنەکان 0کەچی بەداخەوە بودجەی ساڵی 2008 یش هەمان دۆخی بەخۆیەوە گرتووە 0

13- لەبودجەی ساڵی 2007 دا قەرەبووکردنەوەی فەرمانبەران (54،5 ٪ ) ی هەموو بودجەی بەکار خستنی پێکهێنابوو. داوا کرابوو کەحکومەت پلانێك دابنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵئاوسانی دەزگا حکومیەکان و چارەسەر کردنی بێکاری شاراوە لەوڵاتدا . ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەو ڕێژەیە لەبودجەی ساڵی 2008 دا بەرز بۆتەوە بۆ (59،2٪ )، واتە بەزیادەی نزیکە لە (5٪)، ئەمەش نیشانەیەکە کە ئەو بارودۆخە نەك چارەسەر نەکراوە، بەڵکو خراپتر بووە 0

14- ئاشکرایە یەکێك لەکێشە کانی خەڵکی کوردستان کێشەی نیشتە جێ بوونە کەزۆر جار زیاتر لەنیوەیداهاتی بەشێکی هاووڵاتیان بۆ کرێ خانوو دەچێ . پێویستە حکومەتیهەرێمی کوردستان چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە بەناوی سندوقی نیشتەجێکردن، یان قەرزی خانووبەرە بدرێت بە هاووڵاتیان . پێویستە وەزارەتی دارایی لەو ڕووەوە هەنگاوی بەپەلە و پراکتیکی بنێ.

15- ئێمە لە کاتێکدا ئەو تێبینیانە دەخەینە ڕوو سەرنجی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو خەڵکی کوردستانیش بۆ ئەو ڕاستیە ڕادەکێشین کەبودجە هۆکارێکە بۆ پیادەکردنی سیاسەتی ئابووری و چارەسەر کر دنی کێشە ئابووری و کۆمەلایەتیەکانی وڵات و هەنگاو نان بەرەو گەشەکردنی ئاستی ژیانی خەڵك، بۆیە دەبێت لەبودجەی ساڵانی داهاتوودا هاو ئاهەنگیەکی چاکتر هەبێت بۆ دابینکردنی ژیانێکی هێمن و ئاسوودە و لەپێناوی ئایندەیەکی گەشەکردوودا بۆ نەوەکانی داهاتوو .

16- پێویستە نوێنەرانی هەرێم لەحکومەتی مەرکەزی هەوڵ بدەن بۆ زوو جێبەجێکردنی بودجەی تەواوکەر (الميزانيه التكميليه) وپشکی هەرێم بنێردرێت و لەبواری گەشەکردنی ئابووریدا سوودی لێ وەربگیرێت .
17- حکومەتی هەرێم لەکاتی ناردنی بودجە دا دەستەڵاتی دادوەری لەچوارچێوەی وەزارەتی داددا حساب کردبوو، بەڵام لێژنەکەمان داوای کرد کەپێویستە بودجەیەکی سەربەخۆی بۆتەرخان بکرێت بەپێی یاسای ئەنجومەن دادوەری کەلەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاردراوەو پێویستە بودجەی سەربەخۆی هەبێت ، دواتر سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەوکەموکورتیەی چارەسەرکرد 0
سەبارەت پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانیش لەکاتێکدا کەلێژنەکەمان پشتگیری لەپرۆژە یاساکە دەکات، بەشێوەیەکی گشتی ئەم سەرنج و تێبینیانەش دەخەینە بەرچاوی بەڕێزتان :0
1- مادەی (9)  بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت و بکرێتە بڕگەی (2) دووەم بەم جۆرە بخوێندرێتەوە .
دووەم: وەزیری دارایی هەرسێ مانگ جارێك ڕاپۆرتێك لەسەر باری دارایی پێشکەش بەئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق بکات .
2- مادەی (10) بڕگەی یەکەم لەپرۆژە یاساکەدا جیاوازی هەیە لەنێوان وێنە (نسخه) ی عەرەبی و کوردیدا لەو بڕەپارەیەی کەوەزیری پەیوەندیدار دەستەڵاتی خەرجکردنی هەیە لەنوسخەی کوردیدا بڕی (150) ملێون دینار دیاری کراوەو لەنوسخەی عەرەبیەکەدا بڕی (100) ملێون دینار دیاری کراوە .
زۆرینەی ئەندامانی لێژنەکەمان پێی چاکە مادەی دەیەم بەم شێوەیە دابڕێژێتەوە .
مادەی دەیەم :
یەکەم : وەزیری پەیوەندیدار دەسەڵاتی خەرجکردنی گوژمەیەك لە (250) دووسەد پەنجا ملێون دینار زیاتر نەبێت و بۆ هەر حاڵەتێك ،دەکرێ دەسەلأت بداتە سەرۆکی فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت بۆ خەرجکردنی گوژمەیەك لە (50) پەنجا ملێون دینار زیاتر نەبێت . لەگەڵ ڕەچاوکردنی خۆنەخستنە ناو هیچ ئیلتیزامێك  کەپشتیوانی تەرخانکراوی لەبودجەدا نەبێت .
دووەم : سەرۆکی فەرمانگەکانی نەبەستراو بەوەزارەت دەسەڵاتی خەرج کردنی گوژمەیەکی هەیە (100 ) سەد ملێون دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك لەگەڵ ڕەچاو کردنی خۆنەخستنە ناو هیچ ئیلتیزامێك کە پشتیوانی تەرخانکراوی لەبودجەدا نەبێ .

لەگەڵ ڕێز ماندا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەم، کاك کەریم بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق

ب / راپۆرتی لیژنەی یاسا

**لیژنەی یاسایی ,لەرۆژی سێ شەممە ﴿19ی نەورۆزی / 2708ی کوردی ﴾و ڕێکەوتی﴿ 8 / 4 / 2008﴾ دا کۆبووەوە بۆ لێکۆلینەوەی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی (2008)ی هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆکرا لە پەرلەمان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (1)ی رۆژی ( 2008/3/17)یدا بۆ لیژنەکەمانی ناردبوو، دوای گفتوگۆکردن و راگۆڕینەوە لەسەر پرۆژەکە، لیژنە راپۆرت و راسپاردەکانی خۆی دەربارەی پرۆژەکە بەم شێوەی خوارەوە پێشکەش دەکات:ـ**

**1ـ بەپێی ماددەی (79)ی پێڕەوی ناوخۆیی پەرلەمان، دەبوا ، بودجەکە لەسەرەتای تشرینی یەکەم بەر لەساڵی دارایی بگەیشتبایە پەرلەمان.**

**2ـ دەبوایە  حساب وحسابکاریی کۆتایی ساڵی دارایی (2007)یش بدرایە بە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئاگای لە چۆنێتیی خەرجکردنی داهاتی ساڵی پێشتر ببوایە .**

**3ـ لیژنە پێشنیازدەکات کە سیاسەتی ( تەرشیقی ئیداری) بەجۆرێك بنیات بنرێ کە ئەرکو مەسەرەفی (نفقات)ئیش پێکردن کەم بکاتەوە.**

**4ـ هەروەها، پێشنیازدەکەین کە ئەرکو مەسەرەفی (نفقات) بودجەی سەرمایەداریی ( وەبەرهێنان) زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی گەشەپێدان بێتەدی.**

**5ـ لیژنە, بەباشی دەزانێ کەلە تەرخانکردنی خەرجەکانی وەبەرهێناندا، بنەمای هاوسەنگی لەنێوان کەرتە جۆربەجۆرەکاندا رەچاوبکرێت، هەروەها لەسەر رۆشنایی هاوسەنگی نێوان پەرەپێدانی بینای ژێرخان و پرۆژەکانی بەرهەمهێناندا بنەمای لەبەرترەکان ( الاولويات) رەچاوبکرێن.**

**6ـ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان، پێویستە هاودەنگی لەنێوان وەزارەتەکاندا هەبێت .**

**7ـ لەگەڵ رەچاوکردنی ئەو بڕگانەی سەرەوەدا، لیژنە، سەرەتا تەئییدی پرۆژەکە دەکات و, پێشینازیش دەکات کە دیباجەکەی بگۆڕدرێت، چونکە ئەو دیباجەیەی لەپرۆژەکەدا هاتووە تایبەتە بەو دەرچواندنەی کەلەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە داڕێژراوە نەك لەلایەن پەرلەمانەوە، کە دەبوا بەپێی حوکمی بڕگە(1)ی ماددەی (56) لەیاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو هەرێم تەخویل بکرێت داڕشتن و تەبویبکردنی هەندێ لەماددەکانی پرۆژەکە بەپێی رەوشی یاسا تەشریعکراوەکانی پەرلەمان دووبارە بکاتەوە.**

**8ـ دەربارەی ماددەی یەکەمی پرۆژەکە , لیژنە پێشنیازدەکات کە بڕگەیەکی بەژمارە ( چوارەم) بۆ زیادبکرێت تایبەت بێت بە ئەرکو مەسرەفی دەسەڵاتی دادوەری، چونکە ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە و، بەپێی حوکمی ماددەی چوارەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری (( یاسای ژمارە (23)ی ساڵی 2007)) بودجەی تایبەتی خۆی لە چوارچێوەی بودجەی گشتیدا هەیە..... بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**یەکەم: ..............**

**دووەم: ........................**

**سێیەم: ........................**

**چوارەم: تەنیا بڕی (     ) بۆ ئەرکو مەسرەفی (خەرجی) دەسەڵاتی دادوەری.**

**9ـ لیژنە پێشنیازدەکات، دووماددە، بەزنجیرەی ماددەی سیازدەم و ماددەی وچواردەم بۆ پروژەکە زیادبکرێن و، زنجیرەی ماددەی سیازدەمی پرۆژەکەش ببیتە ماددەی پازدەم، بەم شێوەیەی خوارەوە:ـ**

**أ ـ ماددەی سیازدەم: یاسایەك بۆ جێبەجێکردنی یاسایی بودجە دەردەچێت، بۆ رێکخستنی سەڵاحییاتی سەرفکردن.**

**ب ـ ماددەی چواردەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ـ تکایە فەرموون سەیری بکەن و، ئەسڵی پرۆژەکە و رای لیژنەکەشمان لەسەر پرۆژەکە، بخەنە پێش چاوی ئەنجومەن بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکات و رای لەباری خۆی دەربارەی دەرببڕێت.**

**لەگەڵ رێزماندا**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، بۆ هەردوو لیژنەی، لیژنە ی دارایی و لیژنەی یاسایی، بۆ ڕاپۆرتەکەیان من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی دارایی، ئایا ئەو ڕاپۆرتەیان کە پێشکەشکرد سەرنج و تێبینیەکانی لیژنەکانی تر وەرگیراوە، یان تەنها تێبینی لیژنەکەی خۆیانە.**

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی، ئێمە ئەو تێبینیانەی لیژنەی سەرچاوە ئاوییەکان، لەگەڵ کشتوکاڵ دواتر پێمان گەیشتن دوای ئەوەی لیژنەکەمان ڕاپۆرتەکەی خۆی ئامادە کردبوو، لەبەر ئەوە بەداخەوە نەمانتوانی سوود لەسەرنج و تێبینیەکانیان ببینین، هەرچەندە هەندێ تێبینیمان هەیە سەبارەت بەڕاپۆرتەکانیان، بۆ نموونە ئەو ڕاپۆرتانەی ئەوان ئامادەیان کردووە، ئیعتیمادیان کردووەتە سەر بودجەی بەکارهێنان، بودجەی تەشغیلی لەحاڵەتێکدا کە هەردوو وەزارەتەکە بودجەیەکی تریان هەیە، کە بودجەی ئیستیسمارییە، ئەو داوایانەی ئەوانیش کردوویانە زیاتر ئەچێتە چوارچێوەی بودجە ئیستیسمارییەکەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەی لیژنەکانی تر، پەیوەندیەکان وئەوانی تر، زۆر لە لیژنەکان سەردانی وەزارەتەکانیان کردووە، گفتوگۆیان لەگەڵ وەزارەتەکان کردووە، سەبارەت بە بودجەی تایبەت بە وەزارەتەکان، ئایا مولاحەزاتەکانیان پێشکەش بە ئێوە کراوە، ئێوە تەسبیتتان کردووە یان نا؟.**

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە، تەنها راپۆرتێك کەپێمان گەیشتبێ، لەلایەن لیژنەی پەیوەندییەکانەوە پێمان گەیشتووە، ئەویش سەبارەت بەو کۆبوونەوەیەی کە لەگەڵ وەرزش ولاواندا کردوویانە، تێبینیەکەشیان سەبارەت بەوەیە کە هەندێك تەمومژاوییە، مەسەلەی بودجەکەو تێی نەگەیشتوون، هیچی ترمان پێنەگەیشتووە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موناقەشەکە لەگەڵ لیژنەی داراییدایە، کاك کەریم تۆ ئەتوانی بچیتەوە جێگای خۆت، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیری دارایی هەرێم کاك سەرکیس ئاغا جان، لێرە نیە موناقەشەی چی ئەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری دارایی وئابووری لێرە نیە لەدەرەوەی هەرێمە، ئەمە یەك: دووش: وەزیری هەرێم جێگای ئەو ئەگرێـتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاك رەشیدیش بریکاری وەزارەتە، ئێمە پاش ئەوەی لەگەڵ سەرۆکی حکومەت قسەمانکرد، بڕیارماندا کۆبوونەوەکەمان دوا نەخەین، لەبەر ئەوەی ئەو لێرە نیە، هەم هەردوو وەزیر لێرەن، کاك عوسمانیش وەزیری پلاندانان، کاك سعدیش وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، هەردوو وەزیر لێرەن دەتوانن قسە بکەن، دوایی ئەگەر پێویستی کرد ئەتوانین لێرە ئیجازە وەربگرین و ئەتوانێت ئەویش قسە بکات، لەبەر ئەوەی مەسەلەکە گرنگە، کاك شێخ بایز وەزیرە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك شێخ بایز وەزیری دارایی نیە، ئەو قائیمەی خۆی ئەدات، من ئەزانم لە شوێنێك بودجەی ساڵی(2007) هاتووە، لە هەولێر نەهاتووە، وەکیل وەزیر ئەبێ لێرە بێت، هیچ شتێك لەمە گرنگتر نیە، وەزیر بڕوات خۆی لێ بشارێتەوە، وەزیر ئەبوایە لێرە بوایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە نیە لەگەڵ وەفدی حکومەت چووەتە بەغداد، لەگەڵ کاك نێچیرڤان چووەتە بەغداد، خۆ شاردنەوە نیە، مەسئولیەتێکە پێشتر قەرار درابوو، وەفدەکە پێك بێت لە یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، کەس، ئەگەر کێشەیەك هاتە پێش نەیانتوانی جواب بدەنەوە، پێویستی کرد وەزیری دارایی وئابووری جواب بداتەوە، ئەو وەختە ئەو گلەییە بکە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچی شەش مانگە بۆتان ناردووە جوابی نەداوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەكاتی موناقەشەدا ئەو پرسیارە بكە، وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی، وەزیری پلاندانان، هەموویان تەمسیلی حكومەت ئەكەن، وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، هەر سێكیان ئەتوانن بەناوی حكومەت قسە بكەن، دەتوانن بەناوی وەزارەتی دارایی و ئابووریش قسە بكەن، كاك كەمال قسە ئەكات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە وەزیری دارایی لێرە نیە، ئێرە پەرلەمانی كوردستانە، ئەم بەڕێزانە ئەتوانن هەموو بڕیارێك بدەن، لەبەر ئەوەی وەزیرێك لێرە نەبێت، ئێمە جەلسەی خۆمان تەئجیل ناكەین، قەرار ئەدەین، ئەوەی پێتان باش نیە قبوڵی مەكەن، ئەوەی موناسب نابینن رەزامەندی لەسەر مەدەن، خۆتان ویژدانتان بەكار بهێنن، وا كار بكەن وەزیر ئەمڕۆ لێرە نیە، جەلسەیەك تەئخیر ئەكەین، بەیانی وەزیرێكی تر نیە جەلسەیەك تەئخیر بكەی ئەوە عەمەلی نیە، لەبەر ئەوە پەرلەمان كاری خۆی ئەكات، بەڕێز كاك بایز لێرەیە، ئاگای لە وردەكارییەكانە، ئەگەر شتێك قەناعەتتان پێی نەهات هەروەكو خۆتان بڕیار بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموومان خۆمان ئەزانین ئەوە نا یاساییە، وەزارەتی دارایی وەزارەتە، ئەوەی تریان وەزارەتی هەرێمە، بۆ ئەمیان ئەبێ وەزیرەكە حازر بێت، ساڵی پاریش هەر جەنابی حازر بوو، بەڵام بۆ ئەمی تریان كە وەزارەتی داراییە وەزیر حازر نیە، ئەگەر بڵێین سەفەری كردووە ئەیتوانی سەفەر نەكات، چونكە وابزانم ئیقراری بودجەی هەرێمی كوردستان لەوە گرنگترە، وەزیریش بۆی نیە قسە بكات لەناو پەرلەماندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرێز دكتۆر كەمال كە ئەڵێت ئێوە، با بچینە ناو موناقەشەكەوە من ئەبینم دوو سەبەبی زۆر سەرەكی هەن، كە ئێمە هەر نەتوانین بچینە ناو موناقەشەكەوە یەكەمیان: نەبوونی بودجەی ساڵی 2007كە وەزیری دارایی ئەبوایە خۆی لێرە بوایەو باسی بكردایە بۆمان، پار ئەو بودجەیەی كەئێمە دەنگمان بۆدا، ئەوان چۆن سەرفیان كردووە، حسابی خیتامی ساڵی 2007 ئەبوایە لێرە بوایە، ئێستاكە لێرە نیە دووەمیان: كاتێك وەزارەتی دارایی لێرە نەبێت، ئێمە چۆن بچینە ناو موناقەشەیەك، خۆی ئەبێت وەزیری دارایی لێرە بێت بۆ ئەوەی سیاسەتی مالی ئەمساڵمان بۆ باس بكات، پار چی كردووە ئەمساڵ بەتەمای چیە بیكات، ئەی ئێمە چۆن بچینە ناو موناقەشەیەكەوە كە نەزانین پار چی كراوە و ئێستاش بەتەمای چین،

بەڕاستی ئەم وەرەقەی ئەمساڵ بۆمان هاتووە، دیسان جارێكی تر هیچ بنەماكان و هیچ میعیارەكانی تێدا دیار نیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی من پێم وایە هەر چوونە ناو موناقەشەی ئەم بابەتە ئەمڕۆ كارێكی دروست نابێت، ئەبێ چاوەڕێ بكەین وەزیری دارایی با بێتەوە، زۆر دووریش نیە ئەتوانین چاوەڕێی بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

عادەتەن كەوەزیرێك ئەچێتە ئیجازە بۆ هەر شوێنێك وەزیرێك دا ئەندرێت وەكالەتەن، من پرسیارێكم هەیە ئایا هیچ جارێك وەزیری هەرێم لەو چەند جارەی كەوەزیری مالیەی هەرێم غائیب بووەو سەفەری كردووە، وەزیری هەرێم كاك بایز هیچ جارێك بووە بەوەزیری مالیە وەكالەتەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەباوەڕی من مادام بەڕێز وەزیری پلاندانان ئامادەیە، ئەو ئاگاداری چۆنیەتی دابەشكردنی بودجەكەو رێكخستنی بودجەكە بووە ئەوە یەك: دوو: بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی ئەویش ئاگاداری ووردەكارییەكانە، بەڕێز كاك رشیدیش كە ئامادەیە بریكاری وەزیری دارایی و ئابووریە، كەواتە ئێمە ئێستا ئەتوانین لەڕێگەی ئەو بەڕێزانەوە چۆنیەتی دانانی ئەو بودجەیەو ووردەكارییەكان گوێبیست بین ئەو خاڵێك، خاڵێكی تریش ئێمە ئەگەر ئەمڕۆ ئەم دانیشتنە تەئخیر بكەین جارێكی تریش تەئخیری بكەین، خۆمان گلەییمان هەیە ئەڵێین: بودجەكە تەئخیر بووە بۆ پەرلەمان، لەلای خۆشمانەوە تەئخیری بكەین، بەڕاستی من بەڕەوای حەقی نازانم كە دوا بخرێت، بۆیە پێویستە گفتوگۆ بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش هەموو شتێك عەفوم ئەكەن ئەگەر ئیجازە هەبێت، كەسێك ئەگەر قسە بكات ڕەچاوی واقعی پەرلەمان وپێكهاتەی پەرلەمان، وەزعی حكومەت وئەوانەی لەپێش چاونەبێت، تەنها وەكو پرەنسیپ قسە بكات، دوورە لەواقیع و پێم وایە خزمەت ناكات، یەك: ئێمە لەهەموو شت گرنگتر ئەوەیە كە ئێمە بەشێوەیەكی ڕوون و شەفافیەتەوە دەمانەوێت موناقەشەی هەموو بودجەكان و هەموو بابەتەكان بكەین، ئەوە لەلامانە هەر بۆیەش لەو ماوەی ڕابردوودا كاری باش كراوە، لیژنەی دارایی وئابووری بەدواداچوونی كردووە، فراكسیۆنەكان كۆبوونەواتی تایبەتیان كردووە، خەڵكی پسپۆڕ هاتوون، بودجەیان بۆ شەرح

**کردوون، تەفسیلاتیان بۆ داوە، گۆڕانکاریشمان کردووە لەسەر بودجەکە، پێتان بڵێم چ گۆڕانکارییەك کراوە، یەکەم: بودجەکە هاتووەتە ئێرە، بودجەی دەسەڵاتی دادوەری تێدا نەبووە، کە ئەمە خیلاف قانونە پێش ئەوەی بگاتە لای ئێوە، ئێمە خۆمان کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردوون داوامان کردووە، کە ئەبێت بودجەی تایبەت بێت و قبوڵیان کردووە، چۆن گۆڕانکارییان کردووە، بودجەی دادوەرییان ناردووە، جارێکی تر بودجەی دادوەری مولاحەزاتی لەسەر بووە لەگەڵ وەزارەتی دارایی، لیژنەی دارایی وئابووری قسەیان کردووە، خەملاندوویانە بەشێوەیەك لەبەر ڕۆشنایی ڕەئی لیژنەی دارایی پەرلەمان دووبارە بودجەکەی دەسەڵاتی دادوەری چاککراوەتەوە، دوو: داوامان کردووە کە پێشینەی سولفەی عەقار بداتە خەڵك، میزانییەیەك دابندرێت پێش ئەوەی بێتە ئێرە کۆبوونەوەمان کردووە لەگەڵ وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی وتوومانە ئەمە ویستێکی خەڵکە، دەبێ ڕەچاوی بکەن و خۆشبەختانە ئەمە خەریکە ببێتە قەرار، ناتوانم بڵێم بووەتە قەرار چونکە قەراری حکومەتە، بەڵام مەنتقی پەرلەمان کە مەنتقی خەڵکە ویستی خەڵکە، ئاراستەی حکومەتی هەرێم کراوە ئومێدم وایە کە ببێتە قەرارێك ئەمەش قبوڵکراوە، سێیەم: چاوەڕوان دەکرێت کە بودجەیەکی تەکمیلی تەواوکراو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، یەعنی لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵەوە کە بڕیار دراوە بدرێتە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ قەرار دانی، ئەو بودجەیەی تەواوکراوە زۆر گرنگە بۆ ئێمە، چونکە ئەو میزانیەی کەهاتووە عەجزی هەیە، یەکەم: بۆ پڕکردنەوەی ئەو عەجزە، دووەمیش: ڕێژەی ئاوەدانکردن لەناو بودجەی هەرێمدا زیاد بکرێت، ئەبێ حکومەت لەو فەترەیەدا بودجەیەکی تەواوکراو حازر بکات، پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وحکومەتی عێراقی بکات، بۆ ئەوەی ئەو میزانیە تەکمیلییە وەربگرین، جا لەبەر ئەوە من پێم وایە ڕاستە وەزیریش لێرە نیە، ناتوانین موناقەشاتمان دوابخەین لەبەر ئەوەی وەزیر لێرە نیە، ئەوە گلەییەکانتان پێی گەیشت، بەڵام ئەویش بە قەرارێك ڕۆیشت، وەفدێك تەشکیل کراوە بچێت بۆ بەغداد، وەفدەکە بریتی بووە لەو ناوانەی کەرۆیشتن، ئەمڕۆ جێبەجێ کراوە ناتوانین کۆبوونەوەکەمان دوابخەین، یەك: دووش: دوو وەزیر لێرە حازرن ئەتوانن تەعبیر لە حکومەت بکەن نەیانتوانی بریکاری وەزیریش لێرەیە، هەر ڕەئیەکی هەبوو ئەیداتە وەزیر، ئەگەر ڕێگاشمان نەدا خۆی قسە بکات، کاك شێخ بایز و کاك عوسمانیش ئەتوانن ڕەئیەکە پێمان بڵێن، لەبەر ئەوە من پێم وایە موناقەشە کردنەکەمان تەبیعیە و دەبێ بەردەوام بین، بەعەکسەوە ڕەئیەکەی تر من پێم وایە ناقانونیە کە دەڵێن، با دوای بخەین لەبەر ئەوەی وەزیر نەهاتووە، هەر وەزیرێك نەیەت و موناقەشەمان دوابخەین مانای وایە، ئێمە دەبینە تابعی ئەوەی وەزیر دێت یان نا، ئەبێ قەرارەکەمان وا بێت وەزیر بێت یان نەیەت موناقەشەمان دوانەخەین و، ئەگەر دەرچوو بەویستی خۆی یان بەبڕیارێك نەهاتووە، یان بەویستێك نەهاتووە، بۆ ئەوەی دوا بخرێت ئەو وەختە خراپە دەبێ موحاسەبەی بکەین لەسەر ئەوە، کاك هیوا فەرمووو.**

**بەڕێز هیوا صابر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاست ئەکەم بۆ ئەو وەصفە، یەعنی ئەوەی داوای شەفافیەت بکات، بە موشاغیب بناسرێت ئەوە باشە، وەڵڵا من هەر پرسیارێك بکەم باشە، ئێمە تاکەی بە ناوی ریعایەت بۆ واقیع بابەتەکان یەکلایی نەکەینەوە، ئەو پەرلەمانتارانە قسەیان کرد بابەتی بودجە، بابەتێکی زۆر گرنگە، رۆژێك تا دوو رۆژ تا سێ رۆژ یان هەفتەیەکیش دوای بخەین، بۆ ئەوەی هەردوو وەزیرەکە ئامادە بن لەجێگای خۆیایەتی، من وەکو پەرلەمانتارێك وەکو ئەندامێکی لیژنەی دارایی ئەم قسە ئەکەم، بەپێی ئەوەی کەحکومەت لە ساڵی رابردوودا هیچ یەك لە بڕیارەکانی پەرلەمان و مەرجەکانی بۆ قبولکردنی بودجەی 2007 جێبەجێ نەکرد، پێم باشە سەرۆکی حکومەت بێت لێرە هەندێك قسەی لەگەڵ بکەین، بۆ ئەوەی بڕیارەکان وداواکانی ئەمساڵیشمان بە ئاقاری ساڵی پاردا نەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی فەرمووو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت باستکرد، ئەوە شتێکی نوێیە بەنیسبەت ئێمەوە، ئەبێ ئەگەر وەزیریش لێرە نەبێت، ئێمە قەراری خۆمان ئەسەپێنین بەڕاستی شتێکی زۆر دڵخۆشکەرەیە، دەستخۆشیت لێ دەکەین، هیواداریین ئەوە درێژەی هەبێت، بەڵام من پرسیارێکم هەیە ئایا؟، ئەوە دوو ساڵە بودجەی هەرێمی کوردستان لێرە پەسەند دەکرێت، وەزیرەکەی لێرە نیە، ساڵێك قەیناکە، بەڵام دوو ساڵ ئەمە پرسیارێمان بۆ دروست ئەکات، مەسەلە ئەوە نیە کە دەکرێت یان نا، بەڕاستی ئێمە بڵێین یان نەڵێین لەدەرەوە خەڵکی قسەی نەوعێکی تر ئەکات، دوو ساڵ لەسەر یەك وەزیری ڕاستەقینەی مالی نەیەتە پەرلەمان کە بودجە تەخمین دەکرێت، ئەوە بەڕاستی جێگای پرسیارە، لە ڕووی یاسایشەوە نازانم دەبێت یان نا، حەقە جوابم بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد رفعت فەرمووو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە تا ئێستا وەزارەتی دارایی دوو وەزارەتە، لەبەر ئەوەی میزانیەکانی سلێمانی و هەولێر جیایە، بۆیە کاك شێخ بایز تەنها ئەتوانێ دیفاع لەمیزانیەی سلێمانی بکات کە چۆن سەرف بووە، هی هەولێر کەس نازانێت، لەبەر ئەوە ئەبێ وەزیر ئامادە بێت لێرە بۆ ئەوەی جوابی ئەو پرسیارانەمان بداتەوە، کە لێی ئەکەین، ئەمە یەك: دوو: پێویست بوو لە ناردنی بودجە تەفاصیلی سەرف بودجەی 2007 یان بۆ بناردینایە، لەو حاڵەتەدا ئەگەر خۆشی ئامادە نەبوایە قەیناکە موناقەشەمان ئەکرد، بەڵام ئێستا هیچمان لەبەردەستدا نیە، شەفافیەتێك لەناردنی ئەم بودجەی ئێستا بۆ پەرلەمان نیە، بودجەش شتێکی زۆر گرنگە ئەگەر تەئجیلی بکەین تا حازر ئەبێت وەزیر ئەوە شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد حكيم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من چاوەڕێ بووم يەك وەزيری دارايی لێرە بێت، چونكە ئێمە ميللەتەكەمان هەموو چاوەڕێ بوو، لەماوەی ساڵێكی كابينەی نوێی حكومەتی يەكگرتوودا ئەو وەزارەتانە يەك بگرنەوە، يەك وەزارەتی داراييمان هەبێت، چونكە ئەوەندەی من زانيبێتم زۆر بەی ئەو تێبينيانەی هەيە، چونكە ئێمە دوو وەزارەتی داراييمان هەيە بودجەش بەشكراوە، پێش ئەوەی بێتە بەردەستمان وەكو ئەوترێت، ئەگەر واش نيە با ئەو برادەرانەی كەوا لێرەن و پەيوەنديان بەو قەزييانەوە هەيە با ئينكاری بكەن، چونكە وەكو زانراوە لە بەرپرسی باڵاتر كە پێشتر وتوويەتی بودجەی كوردستان لەنێوان هەردوو لادا دابەشكراوە، بۆيە پێش هەموو شتێك كەداوای وەزيری دارايی بكەين و بريكارەكەی كە لێرەيە، ئێمە دەبێ ئەو پرسيارە بكەين ئايا بۆ ميللەتەكەی ئێمە لاوازی نيە، كابينەيەك نەيتوانی سێ وەزارەت يەك بخات لەماوەی ساڵێكدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

يەك: ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوەداين كە پێويستە ميزانيەكە، ميزانيەيەكی شەفاف بێت، كراوە بێت، مەجالی موناقەشەو قسەكردنێكی زۆری تێدا هەبێت، دوو: ئەو دوو ڕاپۆرتەی كە خوێندرايەوە لەلايەن ليژنەی دارايی و ماليەوە بەدەيان ڕەخنەی تێدايە كەئاراستەی حكومەت كراوە، كە ئەبێت لەم جەلسانەدا موناقەشە بكرێت، سێ: ميزانيە پەيوەندی بەژيانی هەموومانەوە هەيە، پەيوەندی بە مەشاريعی حكومەت و خزمەتگوزارييەوە هەيە، بۆيە قەت من لەگەڵ ئەوەدا نيم كە تەئجيل بكرێت، موناقەشە بكرێت، لەكاتێكدا ئێمە لە ناو پەرلەمان داوا ئەكەين، وەزارەتەكان يەكتری بگرنەوە لە هەمان كاتيشدا ئێمە ئيستيعدادمان نيە لەگەڵ وەزيرێكی ماليە موناقەشە بكەين، كە وەزيری هەرێمە بۆ كاروباری ماليە، بۆيە من لەگەڵ ئەوەدام كە موناقەشەكە بەردەوام بێت، كراوە بێت، هەمووشمان ڕاو قسەو موناقەشەمان لەسەر ميزانيەكە بدەين بەڕاشكاوانە، بەبێ هيچ تەحەفوزاتێك بۆ ئەوەی موناقەشەكە مەجرای خۆی وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكايە لەخۆتانەوە قسە مەكەن دوايی ناوتان دێنم، لە موشاغيب بڕێك قورستر بەكار ئەهێنم، ئەوەی لەخۆيەوە قسە بكات، من ئومێدم وابوو لەجياتی ئەوەی كە ئيعتراز بگرن، پێشتر بتان وتايە ئێمە داوا ئەكەين، يەك وەزير تەعبير بكات لە هەمووی، يەك وەزير، يەك ميزانيە خۆزگە ڕەئيتان وابوايە، فەرزتان

بکردایه لەسەر حکومەت کە ئێمە تەنها لەگەڵ یەك وەزیر موناقەشە ئەکەین، نەك ئێستا بڵێن دوو وەزیر دابنیشێت، ئێوە تەرسیخی تەقسیمەکە ئەکەن، کاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە کە ئامادە بووین لێرەدا مەفروز بوو هەتا پێرێش جەنابی کاك سەرکیس ئامادە بێت، کاك دڵشادیش ئەبوایە ئامادە بوایە لەگەڵمانا، بەڵام کۆبوونەوەکانی ئەوێ وای کرد، من ئاگادار بووم لە نزیکەوە بە ئیلحاحەوە کاك سرکیسیان برد، ئەم شەویش لەشەودا تەلەفۆنیان کرد وتیان ئەبێ بەیانی هەرچۆنێك بێت کاك دڵشادیش بگاتە ئەوێ، چونکە دیارە مەوزوعەکە یەك، دوو مەسەلەی زۆر گرنگە، خۆشتان ئەزانن چیە؟، پێویستی بەوان ئەکرد کەئامادە بن، بەنیسبەت میزانیەوە کە ئێستا ئەم خوشك وبرایانە ئەڵێن بەڕاستی ئەم میزانیە بە موشتەرەکی دانراوە، لیژنەی موشتەرەك دایناوە، سێ کەس لە ئێمە لەوەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی وە سێ کەسیش لەوەزارەتی دارایی و ئابووری، موختەسەری ئەو شتانەش پاش چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتەکاندا ئەوە بەتایبەتی میزانیەی تەشغیلی بەنیسبەت میزانیەی وەبەرهێنان، ئەوە جەنابی کاك عوسمان نوێنەرەکانی لەوێ بووە لەگەڵ ئەو لیژنەیە ئەوانیش دانیشتوون، ئەو ئیشانەیان تەواو کردووە و پاشان ئەوە هاتووەتە بەردەم کاك سەرکیس و کاك عوسمان و خۆشم، بە ئامادەبوونی وەکیلی وەزارەتەکان، ئێمە ئەوەمان موناقەشەکردووەو ئیمزامان لەسەر کردووە، هاتووەتە ئەنجومەنی وەزیران و پاشان هاتووەتە پەرلەمان، دیارە ئەوەی کە لەناوچەی ئێمەدایە وەختی خۆی وەزارەتی مالیە فیعلەن بووە بەدوو بەشەوە، فیعلەن وایە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و وەزیری دارایی و ئابووری، بۆ مەعلوماتی هەموو لایەکتان من هەموو دەسەڵاتەکانی وەزیری دارایم هەیە، بەپێی ئەو تەخویلەی کە کراوم، خۆشی لە سەرەتاوە هەر بەو شێوەیە هاتووە، دەست و دائیرەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئیدارەی سلێمانی، ئێستا لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی هەرێمە بۆ کاروباری دارایی، هەموو مامەڵە داراییەکان ئەکات و ئیشە داراییەکان ئەکات، بەپێی ئەو تەخویلەی کەکراوە، ئێستاکەش من بەڕاستی ئەگەر بێت وڕاپۆرتەکەی خۆم وەکو جەنابت فەرمووت، من بیخوێنمەوە زۆر زیاترم دەوێت، بەڵام ئەوە تەفسیلە لەسەر چۆنیەتی میزانیە کەهاتووە، وە چۆن بووە، چۆنە، چەندە، لەدوای حاکیمە چەندە، لەدوای ئەوانە هەر هەمووی بەتەفسیلی و بەژمارە، ئێمە نووسیومانە، دوورو درێژە، بەڵام ئەوەی لە ڕاپۆرتی بەڕێزان هاتووە، لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی، بەڕاستی ئێمە وەکو وەزارەتی مالیە تەئیدی ئەکەین، ئومێدەوارین ئەمساڵ زۆر بەباشی جێبەجێبکرێت، لەلایەن وەزارەتی مالییەشەوە إنشاء الله هەر یەك وەزارەتیش ئەبێت، ئەوەی کەهاتووە لەناو فەقەرەکاندا بەڕاستی، ئێمە مولاحەزەیەکی ئەوتۆمان لەسەری نیە، ڕەنگ هەیە یەك مولاحەزەمان لەسەری هەبێت، وەختی خۆی ئیتیفاقمان کردبێ وتوومانە سێ مانگ کەمە بۆ ڕاپۆرتە داراییەکان، با شەش مانگ بێت، بەڵام لیژنەی دارایی سێ مانگی تەئید کردووە، ئێمەش وا لەگەڵیاندا ئەبین بۆ ئەو مەوزوعە وجێبەجێی ئەکەین، بەنیسبەت ئەوەوە کەیەك بودجە هەبێت، بۆ ئەم سێ وەزارەتەی کە ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوەو ئەبێ یەکبگرنەوە، من لێرەوە ئەیڵێم وەکو

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی، ڕاستە حکومەت قەت یەکگرتوو نابێت، ئەگەر وەزارەتی مالییەکان یەك نەگرن، ئەمە حەقیقەتە، بەڵام ئەمە لە دەسەڵاتی وەزیری مالیەدا نیە، کە ئێستا هاتووە لێرەدا دانیشتووە، یان لەدەسەڵاتی وەزیری هەرێمدا نیە، کە ئێستا هاتووە لێرەدا دانیشتووە، ئێمەش تەئیدی ئەوە ئەکەین، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، هیچ کۆسپێکی ئەوتۆش نابینین لەڕووی تەکنیکی و فەنیەوە کە یەك نەگرێتەوە، پێشم وایە ئەوەی کەمن خۆم گوێم لێ ئەبێت، یەك ئەگرێتەوە إنشاء الله وە کۆتاییشی پێ دێت، بەڵام باسی شتێکی سەیر ئەکرێت، باسی ئەوە ئەکرێت، وەلەو عەفوم بکەن کەئەڵێم سەیر ئەڵێن ئێستا ئەبێت بودجەکان یەك بگرێت، من پرسیارێکم هەیە، ئەی ئەگەر بەیانی فەرەزەن وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی ئاودێری یەکی گرت، بودجەکانیان ئەوەندە زەحمەتە یەك بگرێت، نەخێر بەیەك ئەمر تەنها ڕەقەمە ئیزافەی ڕەقەم ئەکرێت، هیچ موشکیلەیەك نیە، ئێستا ئیزافە بکرێت یان دە ڕۆژی تر ئیزافە بکرێت، ئەمە بەڕاستی نابێ ببێت بەکۆسپ، خۆی ئەمە وایەو هەموو وەختێك وابووە، جاری وا هەیە وەزارەتیش هەر ئەمێنێت، ئەنجومەنی وەزیرانیش هەر ئەمێنێت، ئیحتیفاز بەوەزعی خۆیەوە ئەکات، بەڵام حکومەت قەراری دەمجی دوو وەزارەت ئەدات، کە ئەو قەرارە ئەدات، لەدوای ئەوەش یاساکە ئەبێ دەربچێت، دوای ئەوەش هەر خۆی ئیعتیادی میزانیەی ئەم ئەچێتە سەر ئەوی تریان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك عوسمان شوانی وەزیری پلاندانان، فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی هەموو ڕایەکانی لیژنەی دارایی ئەکەم، بەتەواوەتی زۆر شتی باش و مولاحەزاتی باشیان داوە، بەس یەك جواب بۆ ئەو برادەرانە کە ئەڵێن، موناقەشە با نەکرێت، ئێمە لێرە دانیشتووین سێ وەزیرین، وەکیل وەزیرێکیش دانیشتووە، با موناقەشەکە دەست پێبکات، ئەگەر بێتو قەناعەتیان پێنەکرد وەکو کاك کەمال فەرمووی، ئەکرێ ئەمە تەئجیل بکرێت بۆ ڕۆژێکی تر، بۆ کاتێکی تر، بەڵام کات زۆر درەنگە ئێستا خۆی لەمانگی 4 دایە، بەتایبەت من لەسەر بودجەی وەبەرهێنان قسە ئەکەم، مەشاریع تەئخیر ئەبێت، سێ مانگ و نیومان لەسەر ڕۆیشتووە، کوردستان خۆی لە فەصڵی زستاندا ئیشی بۆ ناکرێت، هەمووی شەش تا حەوت مانگی بۆ ئەمێنێتەوە، تا میزانیە موصادەقە دەکرێت لەلایەن بەڕێزتانەوە، تا ئەچێتە سەرۆکایەتی هەرێم تا دەگەڕێتەوە، تا تەعلیماتی پێ دەرئەچێت، خۆی تەئخیر تر ئەبێت، بەڕای من با موناقەشەکە دەست پێ بکەین، ئەو موناقەشاتانەو ئەو مولاحەزاتانەی کە ئێوە هەتانە، دەکرێ جەنابی کاك بایز وەکو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و منیش یارمەتی ئەدەم، لەبەشی وەبەرهێناندا، بۆ جواب دانەوەش کاك ڕەشید مەوجودە، ئەگەر ڕەئیتان و قەناعەتتان نەبوو، ئێوە مخەوەلن، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش پەرلەمانی کوردستانە، حەقی هەیە موصادەقە نەکات، حەقی هەیە گۆڕانکاری تێدا بکات، حەقی هەیە هەرچۆنیەك داوا ئەکات وابێ، بەڵام تەئخیر کردنی ئەوە بەبەهانەی ئەوە کە وەزیری دارایی کە ئەبوایە لێرە بوایە بەهۆی مەسەلەیەکی ڕەسمیەوە کە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، کە گرنگ ترە، بەڕەئی من ئەویش

مەسەلەی قانونی تەوزیعی واریداتی دەوڵەتە لەعێراقدا، کە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، کە چۆن بتوانێ کورد بەشداری لەو موناقەشەیەدا بکات، بەشدارن برادەران لەبەغدا، بۆیە من داوا لە ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم، لەجەنابیشتان ئەکەم، کە موناقەشەکە دەست پێبکرێت بۆ ئەوەی مولاحەزاتەکان چی هەیە، دەتوانین وەڵام بدەینەوە، ئەوەشی کە نەمانتوانی ئێوە حەقی خۆتانە ئەتوانن هەر کەسێك دەعوەت بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر کەس دەستی بڵند کرد و داوای کرد کە قسە بکات، بەڵام من تەنها حەقم دا بەچەند کەسێك لەبەر ئەوە گلەیی مەکەن، بیست وقسور کەس دەنگم نەداوەتێ کە قسە بکات، لەبەر ئەوە موحەددەد موشەخەص نیە، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مومکینە، گلەییەکەی من بەدەستی جەنابت گەیشتبێ، بۆیە ئەو مەسەلەی هاتە گۆڕێ، من هەر ئەوەندە دەڵێم لە جەلسەی ڕابردوو، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان داوای کرد، بۆ موناقەشەی میزانیە مەفروزە وەزیر ئامادە بێت، دەبا سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو شتە لەبەرچاو بگرێت، یان ئەوەتا ئەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆی دوا بخستایە تا وەفدەکە دەگەڕێتەوە، یان ئەوەتا وەکو کاك شێردڵ باسیکرد وەکالەت بەڕەسمی بدرایە، جەنابی سەرۆك چەندینجار ئێمە لێرە موناقشەمان کردووە کە مەسەلە هاتە سەر مالیە، پەیوەندی بە مالیەوە هەبێت، یاسایەك، پرۆژەیەك، پەیوەندی بەمالیەوە هەبووە، ئێمە ڕامان گرتووە وتوومانە ئەبێ ئەو پرۆژەیە بدرێتە حکومەت، چونکە پەیوەندی بەمالیەوە هەیە، ئەوە پەیوەندی بە میزانیەی تەواوی سەرتاسەری کوردستانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر دوو وەزیرمان نیە قبوڵمانە، جەنابی شێخ بایز کە وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری دارایی قبوڵمانە، بەڵام ئێمە دوو وەزارەتی مالیەمان هەیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی مەفروزە کە وەزیری مالیە لێرە ئامادە بێ، بۆ موناقەشە کردنی میزانیەکە، مومکینە برادەران زۆر داخلی موناقەشە بوون، حەق نیە داخلی موناقەشە بن، یەعنی ئێمە ئەگەر بڕیار بدەین کە موناقەشەی بکەین ئەو وەختە، داخڵی تەفاصیل ئەبین ئەو برادەرانەی کەباسیان کرد، ئەو دوو وەزارەتە بۆ یەك ناگرێتەوە، بۆ حساباتی 2007 دیار نیە، ئەمە لەکاتی موناقەشەدا باس ئەکرێت، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هەیە، کەوا ڕاپۆرتێکی ڕێکوپێکە، مولاحەزاتی جدی تێدایە، هەروەها ڕاپۆرتی لیژنەکانیش هەموویان هەیە، من بۆ خۆم لە لیژنەی کشتوکاڵ و پەیوەندیەکاندام تا ئێستا ئێمە لەگەڵ چوار وەزارەت موناقەشەمان کردووە، ڕاپۆرتیشمان هەبووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەخنەکەت بۆ سەرۆکایەتی ڕەدی ئەکەمەوە، لەجێدا نیە، لەبەر ئەوە خۆتان پێشتر داوای وەزیرێکتان کردبوو، دوو جار دواخرا، لەبەر ئەوەی وەزیر ڕۆیشتوو سەفەری کرد، گلەیتان لە ئێمە کرد وتتان با سەفەریشی کردبێ لێرە با موناقەشەی بکەین بەغیابی ئەویش، ئێمەش لێرە ئیعلانمان کرد بوو سێ ڕۆژ

دەبێت، وتومانە دەعوەتی ئێوەمان کردووە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، بەرنامەی کارمان ئیعلان کردووە، بە وەزیرەکانمان ڕاگەیاند دوایی لەپڕ ئیجاب کراوە کە وەفدی حکومەت بچێتە بەغدا، جارێکی تر ئێمە بەرنامەی کارمان ئیعلان بکردایە بڵێین دوامان خستووە، لەبەر ئەوە دیسان ئەهاتن بەنەوعێکی تر ڕەخنەتان ئەگرت، لەبەر ئەوە ڕەخنەکەت لەجێگای خۆی نیە، دوو کەسی تر قسە ئەکات، دوایی ئەیخەمە دەنگەوە، کاك خورشید وکاك ئارام، فەرموو کاك خورشید، ئەزانن چیە دوو کەس قسە بکات، یەکێك موئەید، یەکێك موعارز، با بزانین کاك خورشید چ قسەیەك ئەکات، موقابیلەکەی قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی خوشك وبرایان وتیان زۆر ڕاستە، بەڵام وەکو جەنابیت ئیشارەتت پێدا، ئامادە نەبوونی وەزیری دارایی بەڕەغبەتی خۆی نیە، وەکو ئیشارەتتان پێکرد بۆ شتێکی گرنگ ڕۆیشتووە، مادام وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و وەزیری پلاندانان لێرە ئامادەن، و ئامادەشن جوابی هەموو شتەکان بدەنەوە، خۆشیان ئیستیعدادیان هەیە، دەشڵێن ئێمە ئاگادارین، بۆیە تەئجیل کردنەکە هیچ پێویست ناکات، ڕەئم وایە کە بەردەوام بین لەسەر موناقەشەکە و تەئجیل کردنی ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەرێکی تر بیەوێت بەردەوام نەبین لە موناقەشەکە، یان داوای دواخستنی بکات، کێ داوای دواخستنی ئەکات لەبەر ئەوەی وەزیر لێرە نیە، کاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من وا ئەزانم ئەم موناقەشەیە درێژە ئەکێشێت، بەئەنجامیش ناگات، بەڵام پێشنیارێك ئەکەم، ئێمە لە یاسای ڕاوێژکاریدا کەوتینە بەر ئاو ئەرێ و نەرێ، یاساکەمان دواخست، ئێمە ئێستا هەر لە ئەساسەوە دوو گرفتی زۆر گەورەمان هەیە، هیچ بوارێك، هیچ وەزارەتێك لە هیچ حکومەتێکدا، دوو کەس نیە تەنها یەك کەسە، کەوا بوو ئێمە هەر لەئەساسەوە کەوتینە بەر گرفتێکی گەورە، ئەمە یەك، دوو: لە هەموو ئەو دوو ڕاپۆرتانە ئەوە وەزیری هەرێمیش بۆ کاروباری دارایی شێخ بایز دانی بەوەدا نا، کە ئەبوایە فیعلەن بودجەی 2007 باسێکی لێوە بکرایە، کەوا بوو ئێمە ئێستا دوو گرفتی زۆر گەورەمان هەیە، ئەم دوو گرفتە ئێستا پەرلەمان بەر لەوەی بچینە ناو موناقەشەکانەوە، قەسەی لەسەر ناکات، بیداتەوە بە ئەنجومەنی وەزیران، حساباتی خیتامی 2007 بێتە ناو ئەم یاسایە، بەر لەوەی ئێمە موناقەشەی 2007 بکەین، دوو: ئێمە بۆچی هەر لە ئێستاوە نەڵێین یەك وەزارەتی مالیە با ئەوان هەر بۆخیان حەتا یەك ئەگرنەوە، با خۆیان بەشی بکەن، بەڵام ئێمە ئێستا لەناو ئەو بودجەیەدا تەنها یەك وەزارەتی مالیە هەبێت، تەنها یەك وەزارەتی ناوخۆ هەبێت، یەك وەزارەتی پێشمەرگە هەبێت، یەك ئاسایش هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر کەستان قسەتان کرد، دوو ڕەئی جیاوازە، ڕەئیەك داوا ئەكات كە مادام وەزیری دارایی و ئابووری لێرە نیە، با دانیشتنەكە دوا بخرێت، ڕەئیەكیش كە هەردوو وەزیریش تەئكیدیان كردەوە، كە بەردەوام بین، حەز ئەكەم لیژنەی مالیش ڕەئی خۆیان بڵێن لەسەر ئەوە، فەرموو كاك دكتۆر دلێر.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی دارایی و ئابووری، پێمان چاكە گفتوگۆ لەسەر بودجە دوا نەخرێت، بەمەرجێك ئەگەر بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری، بتوانێت جوابی پرسیارەكانمان بداتەوە و كێشەی نەبێت لەو مەسەلەیەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەتوانی جواب بدەیتەوە كاك شێخ بایز، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی هێنانی میزانیە بۆ پەرلەمان و تەقدیم كردنی و هاتنی بەم شێوەیە، بەنیسبەتی ئێمەوە بەتایبەتی ئێستا هەر سێكمان دانیشتووین، شتێكی غەریب نیە، هەر سێكمان ئەوە چەندەها ساڵە ئێمە لەو بوارەدا ئیش ئەكەین، حەتاكو بەنیسبەتی خۆشمەوە وەكو وەزیر ئەم ئیشانە ئیشی خوارەوەی وەزیرە، بەڵام قانونەكەی پەرلەمان وایە ئەبێ وەزیر لێرە جواب بداتەوە، ئیلا مەفروزە ئەمە لیژنەیەكی فەنی ولیژنەیەكی تایبەتی كە ئەوانەیان ئامادە كردووە، بێت وەڵام بداتەوە، بەس بەداخەوە هەر لێرەشەوە ئەو ئیقتراحە ئەكەم بەڕاستی حەقە، ئەوە بگۆڕدرێت، چونكە ئەگەر ببوایە لیژنەكانی دانانی میزانیە لەگەڵ لیژنەی دارایی پەرلەماندا، ئەم مەوزوعانەیان پێشتر هەمووی شتێكیان باس بكردایە، ڕەنگ هەیە زۆر لە داواكاریی و شتەكانیش حەزف بكرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا گوێتان لە ڕەئی كاك شێخ بایزیش بوو، هی كاك عوسمانیش بوو، ڕەئی لیژنەی داراییش بوو، بەتایبەتی ئاماژە بە ڕەئیەكەی كاك عوسمان دەكەم، كە وتی زۆر لە پرۆژەكان ڕاوەستاون، هەتا بودجە پەسەند نەكرێت ناكرێت ئەو شتانە بكرێت، واتە پارەكە سەرف بكرێت، غەیری مەعاشات و شتی زەروری نەبێت، ئێستاكە مادام بودجەكە نەهاتووە بۆ پەرلەمان سەرف ناكرێت، ئەو موقتەرەحەی كە چەند ئەندامێكی پەرلەمان داوایان كرد لەبەر ئامادە نەبوونی وەزیری دارایی و ئابووری لێرە، دوابخرێت كێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بكات تكایە؟، یەعنی بۆ تەئجیل كردنی ئەم دانیشتنە، 42 كەس، كێ لەگەڵ ئەوەدایە كە بەردەوام بین لە دانیشتنەكەمان 40 كەس، دانیشنەكەمان دوا دەخرێت تا وەزیر ئامادە دەبێت، كۆتایی بەدانیشتنەكەمان دێنین بەخێربێن سەرچاوان.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 14\4\2008

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/4/14

كاتژمێر (30ر10)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2008/4/14 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (7)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (30ر10)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2008/4/14 دا بەم شێوەیە بێت:

1- گفتوگۆكردن لەسەر ڕاگەیاندنی ڕۆژی 4/14 بە ڕۆژی جینۆسایدكردنی گەلی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە, دانیشتنی ئەمڕۆ تایبەتە بۆ گفتوگۆ كردن لەسەر ڕۆژی 2008/4/14 ڕۆژی جینۆساید كردنی گەلی كوردستان, سەرەتا بۆ گیانی پاكی شەهیدانی ئەنفال و شەهیدانی كیمیاباران و هەموو شەهیدان و گەلی كوردستان و ئازادی, داواتان لێدەكەم ساتێك بوەستن, فەرموون.

بـەخێرهاتنی ئـەو ژمـارە لـە منـاڵ و کـەس و کـاری ئـەنفال دەکـەم, کـە لێـرە لەگـەڵمان بەشـدارن, هـەر لەبەرئەوانە دانیشتنەکەمان دواخرا, چونکە لەگەڵیان دانیشتین پێش ئەوەی بێینە ئێرە، داوای لێبوردنتان لێدەکـەم بـۆ ئـەو دواکەوتنـە, بیست سـاڵ لەمەوبـەر رژێمـی گـۆڕ بـەگۆڕ چـوو, رژێمـی دیکتـاتۆری صـەدام لەسیاسـەتی بەکۆمـەڵ کوشـتن، لـەناوبردنی گـەلی کوردسـتان, لـەرۆژانێکی وەکـو ئـەمرۆدا قۆنـاغێکی تـری گەیاند, شاڵاوێکی تر لە جینۆسایدی گەلی کوردستان کەناسـرا بـە عەمـەلیاتی ئـەنفال دەسـتی پێکـرد, ئـەو رژێمە دژ بەگەلە, دژ بە مرۆڤـە, دژ بـە دیموکراتیـە, ویسـتی ئـەوە بـوو گـەلی کوردسـتان لـەناو بـەرێ, هـەر لەوەتەی دەسەلاتی بەدەست خۆیەوە گرتییـە, ئـەم سیاسـەتەی بـەردەوام بـووە, دەتـوانین لێـرە ئامـاژە بـەو سیاسـەتەو قۆناغـەکانی بکـەین, قۆناغـە گـەورەکانی, هـەر لەکوشـتنی بەکۆمـەڵ پـاش زینـدانی کردنـی فەیلیەکان, دەربەدەرکردنیان بـۆ ئێـران, دواتـر کوشـتنی بەکۆمـەڵی بارزانییـەکان, پـێش ئـەوەش تێکـدان و وێـران کردنـی دێهاتـەکانی کوردسـتان لەسـەر سـنووری لەگـەڵ کوردسـتانی ئێـران و تورکیـا و سـوریا, و راگواسـتنی بەکۆمـەڵی هـەزاران خـەڵك بـۆ خـوارووی عێـراق بەمەبەسـتی لـەناو بردنیـان وەکـو نەتـەوە و بەمەبەستی گۆڕینی رەگەزیان, دواتر شاڵاوی کوشـتن و بـڕین هـەر بـەردەوام بـوو تاگەیشـتە سـاڵی 1987, شاڵاوی بەکارهێنانی کیمیا و بەکۆمەڵ کوشتن و تێکدانی دێهاتەکانی تـر کـە مـابوون دەسـتی پێکـرد, رژێـم لەو سیاسەتەدا, لـەو رەفتارانـەی کـە دژی گەلەکـەمان ئـەنجامی دا، هاوولاتی بوونـە قوربـانی, ئـەو ژمـارەی کەبووینە قوربانی ئەو سیاسەتە, رەگـەز پەرسـت و دوژمنانـە بـەژمارەی رەسمـی کـە ناسـراون 182 هـەزار کەسن, بەپێی قەراری مەحکەمەی جینایەتی عێراقی کە تاوانباران پاشـی رووخـانی رژێمەکـەیان گەیشـتنە حوکمی عەدالەت و حوکمی میللەت, ئەو تاوانە دەچێتە پاڵ تاوانی بە کۆمـەڵ کوشـتن, تـاوانی جینۆسـاید, ئەمرۆ لێرە کۆدەبینەوە, نەك تەنیا بۆ یاد کردنی ئەم کارەساتە، بۆ دەست گرتن لەخوێنی ئەو شەهیدانەی کە هەمیشە زیندوون و لەیاد ناچـنەوە, رێگـای ئـازادی و رێگـای دیموکراسـی و, ئـەو دەسـتکەوتانەی ئـەمرۆ بەدەسـت گەلەکـەمان هـاتووە, هـەمووی قـەرزاری ئـەو شـەهیدانەن, قـەرزاری ئـەو رێبازەیـە کـە بـەخوێن ئاودراوە, حوکمی داد کە سەپێنرا بەسەر ژمارەیەك لەو تاوانبارانـە ئـەمرۆ چـەند مـانگێکی بەسەرداچووە, هێشتا تاوانباران نەگەیشتوونەتە جێبەجێ کردنی حوکمەکـە, لێـرەوە داوا دەکـەین کـە قـەراری مەحکەمـە جێبـەجێ بکرێ, ئەو تاوانبارانە بگەنە سزای خۆیان, ببێتە دەرسێك بۆ هەموو ئەو کەسـانەی کـە باوەڕیـان بە کوشتنی خەڵك هەیە, باوەڕیان بە لەناوبردنی میللەتێك هەیە, باوەڕیان بە دیکتاتۆریـەت هەیـە, ببێتـە دەرسێك بۆ هەموو ئەو حوکمەتانەی کە دژی دیموکراتیەتن, دان بـەمافی گەلـەکانیان نـاهێنن, دان بـەمافی حوریەت و ئازادی ناهێنن, بڕیـاری ئـەو مەحکەمەیـە بڕیـارێکی زۆر گرنگـە, زۆریـش دادپەروەریانـە بـووە, تەنها سزادانی تاوانباران نەبووە, بەڵکو هەڵسـەنگاندنی ئـەو تاوانانـە بـووە و, ناسـاندنی بەجینۆسـاید, ئـەم ناساندنەی مەحکەمـەش بـە جینۆسـاید قەرارێکـە رەنگدانـەوەی دەبێـت, لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان, لەسـەر ئاستی عێراق, لەسەر ئاستی ناوچەکە و هەموو دنیـادا, پێویسـتە لەسـەر شـانی پەرلـەمانی کوردسـتان, ئـەو قەرارە بیکاتە بڕیارێك و, داوا بکات لەبـەر رۆشـنایی ئـەو بڕیـارە حکومـەتی عێـراق ئـەو تاوانـە بـە تـاوانی جینۆساید بەرامبەر بە گەلی کوردستان بناسێت, دواتر داوا لـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان و هـەموو لایەنـەکان

بكرێت, ئەوانیش هەمیشە ڕێز لە قەراری مەحكەمە و دواتر ئینشاالله پەرلەمانی عێراق بگرن, ئەو قەرارە بەتاوانی جینۆساید بناسن, ئەمەش ڕێگا دەكاتەوە بۆ بەدواداچوونی ئەو مەسەلەیە, لەلایەكەوە پێویستە قەرەبووی ئەو تاوانانە بكرێتن بۆ كەس و كاری قوربانیانی ئەنفال و كیمیاباران, دوابەدوای ئەو تاوانبارانە بچن كە سەرتاسەری دنیا لێرە و لەوەی ٚخۆیان شاردۆتەوە و دەستیان هەبووە لەهاوكاری كردنی ڕژێمی بەغدای گۆڕبەگۆڕ چوو, بۆ ئەوەی ئەوانیش بەسزای خۆیان بگەن و پێویستە ئەوانیش ئەگەر شەریكات بن, ئەگەر دەوڵەت بن, با مەسئولیاتی خۆیان تەحەمول بكەن و باجی ئەو تاوانانە بدەن, هەروەها لێرەش دەبێ ئەم ڕۆژە یاد بكرێتەوە و بناسرێت, وەكو ڕۆژەكانی تر, ئێمە ڕۆژی شەهیدمان هەیە, ڕۆژی كیمیابارانمان هەیە, ڕۆژی ژینگەمان هەیە, ڕۆژی ئەنفالمان هەیە, ئەم ڕۆژەش حەقە وەكو ئەنفال بناسرێ, ڕاستە ئەمە تاوانێك بووە بەرامبەر گەلی كوردستان هەمیشە برینێكە سارێژ نابێتەوە, بەڵام ئەوەش ڕاستە ئەو برینە كە سارێژ نەبێتەوە باشترە, كە هێزێك بۆخۆمان, بۆ گەلەكەمان, بۆ نەتەوەكەمان, بۆ دوارۆژمان هەمیشە كۆمان بكاتەوە, یەك ڕێزی گەلەكەمان بیپارێزێن و بەرەو پێشەوە بچین, بۆ ئەوەی گەلەكەمان بگاتە هەموو ئاواتەكانی, ئەو قوربانیانەی كە داویەتی بە فیڕۆ نەچێت, ئەمەش ئیجاب دەكات بەوەی هەر هەموومان ڕێز لەو ڕۆژە بگرین و بەرز ڕایبگرین و بەدوای كەس و كاری ئەنفالدا بچین و خزمەتیان بكەین, ئەو خزمەتە هەمیشە دەڵێم ئەگەر بۆمان بكرێ هیچ منەتێكی نییە و ئەركێكە لەسەر شانی هەموو هاووڵاتییێك, هەموو حزبێك, دەسەلاتدارێك, پەرلەمانتارێك لە هەر شوێنێكدا بێت, پێش ئەوەی بێمە خزمەتی ئێوە لەگەڵ منالانی ئەنفال كە ئێستا گەنجن و زۆریان لە خوێندگا و زانكۆكان و پەیمانگاكان دەخوێنن, ڕاستە ڕۆژێكی ناخۆشە و دانیشتنیش لەگەڵ ئەو منالانە كە ئێستا گەورە بوونە ئاسان نییە, بیر هێنانەوەیەكە بۆ ئەو ڕۆژە سەختانەی كە خۆمان بە چاوی خۆمان بینیومانە, بەڵام جێگای خۆشحاڵی بوو كە زۆرم دیت خوێندكار بوون لە زانكۆكان, دەخوێنن و بوێرن و قسە دەكەن, ئەوەم بیركەوتەوە و پێشم وتن لەرێگادا تەماشاكردنی ژیان دوو جۆرە, كارەسات كە دەبێت لەدایك بێت, یان لەباوك بێت, یان لە كەس و كار بێت, ئینسان منالێكە كە كارەساتێكی بەسەرداده‌یت زۆر ڕەفتاری لەگەڵدا دەكات, بەزۆر شێوە ئەم كارەساتە دەكاتە گریان, كەبەردەوام دەبێت بەوەی كە ژیانەكەی بە گریان بەسەر ببات, جۆرێكی تر هەیە كارەساتەكە دەكاتە قوەت, بۆ ئەوەی دوارۆژی خۆی و منالەكانی ڕۆناكتر بێت و, من ئومێدم وایە كاری ئەنفال ئەو تاوانەیە كە بەرامبەر باوكیان ئەنجامدرا, یان خزم و كەسی ئەنجامدراوە ببێتە هێز و قوەت بۆ دوارۆژیان و, ئەمە لە مێژوودا زۆرە, ئەوەی كارەساتیان بەسەرهاتووە زۆریان پیاوی گەورە و ئازا و بوێریان لێ دەرچووە, ئومێدەوارم كە ئەو كوڕانەی ئەمڕۆ بینیم, ئەو كچانەی ئەمڕۆ بینیم, ئەو كەس و كارانەی كەئەمڕۆ بینیم, بوێرانە قسە دەكەن و داواكاریان هەیە و داواكاریەكانیشیان هەمووی ڕەوایە, ئینشاالله لەگەڵ حوكمەتی هەرێمدا ئەوەی كراوە دەست خۆشیان لێدەكەین و ئومێدیش دەكەین بەدوای داواكانیان بچن, داوا لە لیژنەی یاسایی كاك كریم دەكەم, بەیانی بەیانێكیان ئامادە كردووە, موداخەلەیەكیان ئامادە كردووە, هەم بۆ باس كردنی ئەم یادە, بۆیە زیاتر نەچوومە ناو تەفصیلات, هەمیش سەبارەت بە مەسەلەی ئەوانەی پەیوەندی بەقەراری مەحكەمە و ئەو داواكاریانە هەیە, دواتر مەجال دەدەین ئەوانەی

پەیوەندیان هەیە بە مەسەلەکە قسە بکەن, کاک کریم کە بەیانەکەی خوێندەوە ئینجا دەرگا دەکەینەوە بۆ قسە کردن, فەرموو کاک کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بەیانی پەرلەمان سەبارەت بە تاوانەکانی جینۆساید کە دەرحەق بە میللەتی کورد کراوە لە کوردستانی عێراق دەخوێنمەوە بەزمانی عەرەبی کە موخاتەبەی دەرەوە دەکات, لەهەمان کاتدا داوای لێبووردن دەکەم کە ئێمە نەمان توانیوە بیکەینە کوردی, لەبەر ئەوەی تا دواسات گۆڕانکاری بەسەر بەیانەکە هاتووە, نەمان توانیوە بیکەینە کوردی, داوای لێبووردن دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە پێشی چەند رۆژێك وەزیری ئەنفال و شەهیدان هاتە ئێرە و گفتوگۆمان کرد کە چ بکەین بۆ ئەو رۆژە, ئەو لەبەر رۆشنایی گفتوگۆمان وامان ئیتیفاق کرد کە ئەمڕۆژە دانیشتنێکی تایبەت بکەین, بەیانێك حازر بکەین کە داوا لە پەرلەمانی عێراق و لەنەتەوە یەکگرتووەکان بکەین, کە ئەم رۆژە بەپێی قەراری مەحکەمە وەکو رۆژی جینۆساید بناسێنن, بۆیە بەیانەکە موەجەهە بۆ ئەوان, بەعەرەبیە, بەراستی وەختەکە کەم بوو لەبەردەم لیژنەی قانونی, لیژنەی یاسایی کە پشووشە لەبەیانیەوە ئیشیان کردووە تا ئێوارە، لێرە دەوامیان کردووە, باشتر بوو کە بەکوردیش حازر بوایە، بەلاَم کە بەکوردی حازر نییە, بەعەرەبیەکەی دەخوێنینەوە, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

***قرار حول جرائم الابادة الجماعية والجرائم ضد الإنسانية المرتكبة بحق الشعب الكوردي في كوردستان - العراق***

للكورد كشعب ان يعيش كسائر شعوب المعمورة, بكرامة وسلام وأمان ويتمتع بكافة حقوقه القومية كسائر الامم التى نالت حقوقها المشروعة,

وفي حين تحررت بعد انتهاء الحرب العالمية الاولى أمم وشعوب من نير الاستعمار والاحتلال وتم اقرار بعض من حقوق الشعب الكوردي بموجب المواد, (62 ,63، 64) من معاهدة سيفر عام (1920), الا ان المجتمع الدولي ممثلاً بالدول المنتصرة في الحرب العالمية الاولى قد اجهضتها تحقيقاً للمصالح الاقتصادية وتقسيم النفوذ وذلك بموجب معاهدة لوزان عام (1923) والحقت كوردستان الجنوبية ( ولاية الموصل) بالعراق عام(1925), وعندما قبل العراق في عصبة الامم عام (1932) علق ذلك القبول على شرط تقيد العراق بالتزامات وضعتها عصبة الامم, من بينها وجوب احترام العراق للحقوق الانسانية والثقافية والادارية للكورد والاقليات القاطنة في الوية الموصل واربيل وكركوك والسليمانية,

وبينما بقيت تلك الالتزامات قائمة وانتقلت بعدها الى هيئة الامم المتحدة بموجب قرار مجلس عصبة الامم عام 1946, الا ان الحكومات المتعاقبة لم تقرر تلك الحقوق وانتهجت سياسة القمع والاضطهاد والترحيل

**القسرى وشتى الممارسات اللانسانية ضد الشعب الكوردى حتى بلغت ذروتها فى العقود المظلمة من حكم النظام البعثى البائد اتسمت بارتكاب أفضح الجرائم المنتهكة لحقوق الانسان بحقه ولم تنج منها المكونات الاخرى لشعب اقليم كوردستان من التركمان والآشور والكلدان والأرمن استجمعت كل اركان جرائم الابادة الجماعية وجرائم ضد الإنسانية على مرأى ومسمع من العالم دون حراك و وسط صمت رهيب ومريب من المجتمع الدولى , الامر الذى ادى الى تمادى النظام فى غيّه الى أن استجاب مجلس الامن الدولي لصيحة الرأي العام العالمي وصحوة الضمير أمام قمع ذلك النظام لانتفاضة شعب كوردستان العراق ووثبته الجماهيرية في ربيع عام 1991, واجباره على ترك وطنه وبدء مسيرته المليونية للالتجاء الى الحدود الدولية لدول الجوار تحت وابل القصف المدفعي والجوي لمدنه المسالمة اذ اصدر مجلس الامن قراره التاريخي المرقم 688 لوقف قمع شعب كوردستان والشعب العراقي عموماً ومهد الطريق لقرار دول التحالف المنتصرة في حرب الخليج 1991 بإعلان مناطق في كوردستان مناطق آمنة، لوضع حد سياسة النظام الدكتاتوري البائد التي دامت لثلاثة عقود اتسمت بالعنصرية والشوفينية وارتكاب ابشع جرائم الابادة الجماعية وجرائم ضد الإنسانية ضد شعب كوردستان تمثلت صورها بمايلي:-**

**أولاً: ابعاد مئات الآلاف من الكورد الفيليين الى خارج العراق خلال السبعينات والثمانينات من القرن الماضي بعد تجريدهم من كافة الوثائق القانونية التي تثبت عراقيتهم بعد ان فصل اكثر من خمسة عشر الف شاب منهم عن عوائلهم وساقهم الى مصير مجهول دلت الوثائق فيما بعد على انهم استخدموا عيّنات لتجارب الاسلحة الكيمياوية.**

**ثانياً: سوق اكثر من ثمانية آلاف من البارزانيين العزل خلال عام 1983 الى جهة مجهولة ولم يعثر على اثر لهم إلا بعد سقوط النظام الدكتاتوري حيث تم انتشال بقايا الهياكل العظمية للعديد منهم في عدة مقابر جماعية في انحاء مختلفة من العراق.**

**ثالثاً: استخدام الاسلحة الكيمياوية عامي 1987 ـ 1988, ضد السكان المدنيين في اكثر من ثمانين قرية وموقع في كوردستان العراق واهمها مناطق وادي باليسان وملكان وبادينان وگرميان.**

**رابعاً: إبادة اكثر من (182000) مائة واثنين وثمانين الف مواطن مدني فيها خلال حملات عسكرية سيئة الصيت سميت بحملات الانفال حيث دفنوا احياءاً في مقابر جماعية جنوب العراق.**

**خامساً: قصف مدينة حلبجة عام 1988 بالاسلحة الكيمياوية التي خلفت اكثر من خمسة آلاف شهيد واصابت الآلاف منهم بعوق وأمراض مستعصية ولازالت المواليد في المدينة المذكورة تعاني من امراض وتشوهات خلقية.**

**سادساً: اعلان معظم مناطق كوردستان العراق مناطق عسكرية محرمة وممنوعة الاقامة والعيش فيها أو التنقل منها واليها واعتبر آلاف المواطنين ممن رفضوا اخلاءها اهدافاً عسكرية مشروعة للقتل واعدام من يلقى القبض عليهم احياءاً دونما محاكمة.**

**سابعاً: اعدام كل من كان قد نجا من القصف الكيمياوي و إلتجأ الى المناطق الحكومية للامان اوالى مستشفياتها للمعالجة.**

**ثامناً: حرق وهدم وإزالة اكثر من اربعة آلاف وخمسمائة قرية وقصبة بجوامعها ومساجدها وكنائسها وتهجير سكانها وتجريدهم من ممتلكاتهم واسكانهم في مجمعات سكنية قسرية ومنعهم من تغير مواقع سكناهم.**

**تاسعاً: تغيير الهوية القومية لمواطني كوردستان ـ العراق بشتى مكوناتهم القومية (الكورد، التركمان، الكلدان، الأشور، والارمن).**

**عاشراً: تغيير الواقع الديموغرافي لكوردستان العراق بترحيل مواطنيها الاصليين بشتى الاعذار واحلال غيرهم محلهم.**

**حادي عشر: سحب الادارات الحكومية من كوردستان سنة 1991 وحجب الخدمات الحكومية عنها.**

**ثاني عشر: فرض حصار اقتصادي على كوردستان وتقييد حركة السكان منها وإليها.**

**وقد ثبت بقرار المحكمة الجنائية العراقية العليا المرقم (1/ج2/2006) في ﴿2007/6/24﴾ والمشكلة بموجب قانون المحكمة الجنائية العراقية العليا المرقم 10 لسنة 2005 ان هذا الشعب قد تعرض للابادة الجماعية (الجينوسايد) حيث حكمت بما يلي:**

**1ـ اعتبار جريمة مجازر الانفال ( عمليات الانفال) جريمة إبادة جماعية ( جينوسايد) وجرائم ضد الانسانية وجرائم الحرب بحق ابناء القومية الكوردية وتم ادانة المتهمين:**

**أ ـ على حسن المجيد.**

**ب ـ سلطان هاشم أحمد.**

**ج ـ حسين رشيد التكريتي.**

**د ـ صابر عبدالعزيز الدورى.**

**هـ ـ فرحان مطلك الجبورى.**

**والحكم عليهم بالاعدام شنقا حتى الموت.**

**2ـ الحكم بالافراج عن المتهم طاهر توفيق العاني لعدم كفاية الادلة القانونية ضده.**

**3ـ فتح قضية مستقلة بحق (423) متهماً آخرين وردت اسماؤهم أثناء التحقيق والمحاكمة بدءاً بالمتهم وفيق عجيل السامرائى وانتهاءًا بالمتهم محمد سعيد أحمد الهاروني.**

**4ـ الاحتفاظ بحق المدعين بالحق المدني بمراجعة المحاكم المدنية المختصة للمطالبة بالتعويض عن الاضرار التى لحقت بهم جراء تلك الجرائم.**

**وبتأريخ ( 24/ 7/ 2007) صدقت الهيئة التمييزية للمحكمة الجنائية العراقية العليا قراري الادانة والحكم الصادرين في القضية فأكتسب القرار حجة الامر المقضي فيه.**

**عليه فان المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق وبحكم مسؤولياته الدستورية والقانونية والسياسية اذ يطالب بضرورة التعامل مع السياسات التي انتهجت من قبل الحكومات الدكتاتورية المتعاقبة مع شعب كوردستان والجرائم المرتكبة بحقه بما تستحقه من توصيفات وفق المواثيق والقرارات التي تتماشى مع جسامتها وخطورتها احقاقاً للحق وتحقيقا للعدالة ولضمان عدم تكرار الجرائم المذكورة ولتبقى شاخصة في ذاكرة الاجيال المقبلة, يقرر مايلي:**

**أولاً: ان عمليات الانفال واستعمال الاسلحة الكيمياوية المرتكبة بحق الشعب الكوردي هي جرائم إبادة جماعية ( جينوسايد) ولذا يحدد اليوم الرابع عشر من شهر نيسان في كل عام (4/14) يوماً لتخليد ذكرى فاجعة عمليات الانفال بحق شعب كوردستان ـ العراق.**

**ثانياً: مطالبة الحكومة العراقية الاتحادية بتنفيذ التزاماتها المترتبة على قرار المحكمة الجنائية العراقية العليا المرقم ( 1/ ج2/ 2006) في 24/ 6/ 2007 وقرار مجلس النواب العراقي المتخذ في جلسته الاعتيادية التاسعة والمؤرخة في (2008/4/14) من أن ماتعرض له الشعب الكوردى في كوردستان العراق من مذابح وقتل جماعي كان أبادة جماعية بكل المقاييس.**

**ثالثاً: مطالبة الحكومة الاتحادية بتبني الموضوع واثارته بالطرق الدبلوماسية في المحافل الدولية وخاصة منظمة الامم المتحدة والمنظمات الدولية الاخرى بمافيها الاتحاد الاوروبي والبرلمان الاوروبى والمؤتمر الاسلامى وجامعة الدول العربية واتحاد البرلمانات الدولية, وان تبذل ما بوسعها لكي تتخذ تلك الجهات الموقف ذاته في تعريف جرائم الانفال واستعمال الاسلحة الكيمياوية جرائم ضد الانسانية والابادة الجماعية المتخذ بقرار الجمعية العامة للامم المتحدة المرقم (260) ألف (د ـ3) المؤرخ 9/كانون الاول/ ديسمبر/ 1948 وترجمة قرار المحكمة الجنائية وقرار مجلس النواب العراقي (المؤرخ 2008/4/14) الى لغات العالم الحية وتوزيعها على المنظمات الدولية ودول العالم كافة.**

**رابعاً: مناشدة مجلس النواب العراقي والحكومة الاتحادية للاسراع في تشريع قانون بتعويض المتضررين من الابادة الجماعية ولاسيما الاحياء من ذوي الضحايا وتعويض الافراد والمناطق المتضررة من جراء تلك الجرائم والمساهمة الفعالة في اعادة اعمارها وانهاضها وتخصيص ميزانية خاصة.**

**خامساً: مطالبة الحكومة الاتحادية وحكومة الاقليم للمبادرة باجراء مايلزم لاقامة الدعاوى ضد الدول والشركات والجهات والاشخاص الذين جهزوا وزودوا الحكومة البائدة بالاسلحة المحظورة دولياً ومواد تصنيعها وادواتها وملحقاتها أو توسطوا أو سهلوا للحصول عليها وملاحقتهم قانونياً تنفيذاً لقرار المحكمة الجنائية العراقية العليا والمطالبة بتعويض المتضررين منها.**

**سادساً: ان سياسة الابادة الجماعية (الجينوسايد) التي اصابت مناطق واسعة من كوردستان ومكوناته القومية والدينية المختلفة من الكورد الفيليين والكورد الايزديين حيث قتل من اليزيديين أكثر من 4000 شخص وكذلك التركمان والكلدان والاشورين والارمن وما تعرضوا له من ترحيل وصهر للقومية بما في ذلك التغيير الديمغرافي في مناطقهم.**

**لذا, فان المجلس الوطني لكوردستان- العراق يناشد مرة اخرى الحكومة العراقية والجهات المعنية بازالة آثار تلك السياسات بما في ذلك التعجيل في تنفيذ المادة 140 من الدستور العراقي واعادة الحقوق المسلوبة للكورد الفيليين واعادة ممتلكاتهم اليهم وتعويضهم عن الاضرار الملحقة بهم ورفع العراقيل امام استئناف حياتهم الطبيعية السابقة واسترجاع حقوقهم المسلوبة.**

**سابعاً: مطالبة حكومة اقليم كوردستان باعطاء المناطق المشمولة بالانفال الاولوية في تقديم الخدمات لها وتأسيس البنية التحتية فيها.**

ثامناً: على حكومة الاقليم انشاء مركز عام وموحد للتوثيق والدراسات والبحوث الخاصة بجرائم الجينوسايد والجرائم ضد الانسانية المرتكبة ضد شعب كوردستان وتوعية وتذكير ابناء كوردستان بتلك الجرائم وما لحق بهذا الشعب من ويلات وايجاد التواصل بين هذا الجيل والاجيال القادمة وتطوير المواد الدراسية في المناهج المدرسية بهذا الخصوص.

تاسعاً: تنظيم وتوثيق عمليات البحث عن المقابر الجماعية والعمل على نقل رفات الضحايا الى مناطقهم ودفنها في مقابر خاصة لتكون علامات تاريخية دالة على مدى اهتمام هذا الشعب بتكريم وتخليد شهدائه.

واذ يؤكد المجلس بان الجرائم المرتكبة اعلاه لن تمحو بعامل الزمن لانها من جرائم الابادة الجماعية وهي جرائم خطيرة بمقتضى القانون الدولي ويدينها العالم المتمدن لذا فان المجلس الوطني لكوردستان - العراق يؤكد ويثني على قرار مجلس النواب العراقي المتخذ في جلسته الاعتيادية المرقمة 9 والمؤرخة في (4/14 / 2008) والذى نص على ما يلي: (في ضوء ما اشار اليه الدستور العراقي وفي مقدمته من ان هذا الدستور استنطاق وصدى لعذابات الشعب العراقي ومنها عذابات القمع القومي في مجازر حلبجة وبارزان والانفال والكورد الفيليين وتاكيداً لقرار المحكمة الجنائية العراقية الخاصة حول تكييف الوقائع التي رافقت عمليات الانفال سيئ الصيت بانها ابادة جماعية, يقرر مجلس النواب العراقي ان ماتعرض له الشعب الكوردي في كوردستان العراق من سياسة قمع واضطهاد وجرائم استعرض هذا القرار صورها ووقائعها هي جرائم ابادة جماعية وجرائم ضد الإنسانية بكل المقاييس).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ كاك كریم بۆ خوێندنەوەی ئەو راگەیاندنە, هەندێ خاڵی گرنگی هەیە دەیكەمەوە كوردی, راگەیاندنە بۆ چۆنیەتی موعامەلە كردن لەگەڵ ئاسەواری تاوانەكانی جینۆساید كە بەرامبەر گەلی كوردستان ئەنجامدراوە, پاشان باسێكی مێژوویی دەكاتن, لاپەڕەكانی ئەو سیاسەتانەی كە رژێمی لەناوچوو بەچەند خاڵێكی دیاری كردووە, یەكەمیان/ بەوەی دەست پێكردووە راپێچ كردنی سەدان هەزار كوردی فەیلیی لە حەفتاكان و هەشتاكان, پاش ئەوەی هەموو بەڵگەنامەكانیان لێسەندرا بۆ دەرەوەی سنووری عێراق, گەنجەكانیان لە عائیلەكانیان جیاكردنەوە, پانزە هەزار كەسیان زیندان كردن و تا ئێستاش بێ سەرو شوێنن, ئەوەش بەشێكە لەلاپەڕەكانی جینۆساید, دووەم/ گرتن و لەناوبردنی هەشت هەزار بارزانی لەساڵی 1983 ئاسەواریان نەزاندرا تا پاش رووخانی رژێم, بەشێكیان لە مەقبەرە جەماعییەكاندا ئاسەواریان دەركەوت, سێیەم/ بەكارهێنانی چەكی كیمیایی دژی خەڵكی سیڤیل زیاتر هەشتا جێگا لەكوردستان لەساڵانی 70 و 80 كان, هەموو ناوچەكانی كوردستانیشی گرتەوە (گەرمیان, بادینان, هەولێر, سلێمانی, دهۆك و كەركووك), هەموویانی گرتۆتەوە, هیچ شوێنێك نییە لە كوردستان, هیچ ناوچەك نییە ئەو شالاوە نەیگرتبێتەوە, كوشتنی بەكۆمەڵ بە چەكی كیمیایی بۆ شاری هەڵەبجە ساڵی 1987, كە زیاتر لە پێنج هەزار كەس شەهید بوون و هەزارانی تر پەككەوتە و تووشی نەخۆشی دەروونی بوون, ئەوانی كە زیندووشن، ماون تا ئێستا دەناڵێنن لە ئاسەواری ئەو نەخۆشییە, ئەو نەخۆشییانەی كە لەئەنجامی ئەم چەكە تووشی بووینە, پێنجەم/ زۆرینەی ناوچەكانی كوردستان حكومەت بڕیاری دابوو, كە ناویان لێنابوو

ناوچەی عەسکەری, قەدەغەکرابوو لەوەی کەسێك تێدا بژێتن, یان حەرکەتی تێدا بکات, ئەوەش وای لێکردبوو خەڵکەکانی کە بەهەزاران بوون, بوونە هەدەفی بوردومان کردنیان و ئەوانەی کە دەگیران ئیعدام دەکران, شەشەم/ کوشتنی هەر کەسێك لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، لە قەصفی کیمیایی نەیاندەهێشت بچێتە موستەشفا دەیانکوشتن, دەتوانم ئاماژە بەو کوشتارانە بکەم کە لە شێخ وەسان بوون، هێنابوویان بەبریندارى، مەقەبرەیەکی جەماعی لەرێگای مەخموردا پاشی راپەڕین ئاشکرا کرا, حەوتەم/ لەناوبردنی $182$ هەزار کەس کە لەهاووڵاتی لەخیلالی عەمەلیاتی ئەنفالی بەدناودا, هەشتەم/ سووتاندن و تێکدانی زیاتر لە چوار هەزار گوند و گواستنەوەی خەڵکەکانیان و سەندنی هەموو مومتەلەکاتیان و دەست بەسەرداگرتنی, نۆیەم/ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان, بەهەموو پێکهاتەکانیەوە لەکورد و تورکمان و کلدان و ئاشوور و ئەرمەنەوە, دەیەم/ گۆڕینی جێگای دیمۆگرافی کوردستان, بەگواستنەوەی خەڵکەکانی کە بەئەصڵ لەو شوێنەدا بەهەزاران ساڵ تێدا ژیاون بەبێ هیچ جورمێك, هەر تەنیا بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی و لەزیمنی جینۆساید بووە, یازدەم/ پاش راپەڕین هەموو ئیدارەتەکانی حکومەت سەحب کرا و هیچ بلۆکێکی ئیقتیصادی دژی هەرێمی کوردستان لەو سێ پارێزگایە تەحدید کرابوو لەسەری بۆ ئەوەی زەخت بکرێتە سەر خەڵکی کوردستان و, ئەمەش سیاسەتێك بوو بۆ برسیکردنی خەڵك و لەناوبردنی, ئەم تاوانانە هەمووی بە وەسائیقەوە تۆمارکراوە لەلایەن مەحکەمەی جینایەتی عێراقی کە دامەزراوە لەساڵی $2005$, بۆ محکەمە کردنی تاوانباران بەوەسائیقەوە، ئەوە حەقائیقانە کە باسمان کردن لەلایەنە, بۆ مەحکەمەکردنی ئەو تاوانبارانە, سەپاندنی حوکمی ئیعدام بەسەریاندا لەبەر رۆشنایی ئەو بەڵگەنامانەی کە لەبەردەستیاندایە, عێراقیش خۆی ئیمزای لەسەر ئەو ئیتیفاقیە دەولیەی کردووە کە دەبێ دژی ئیبادەی جەماعی جینۆساید بێت, لە ساڵی $48$ و جارێکی تر جمهوریەی عێراق تەشکیل بوو لەساڵی $1958$, جارێکی تر ئیمزای کردووە, واتە پابەندە بەهەموو یاسا نێو دەوڵەتیەکان لە موعامەلەکردن لە سیاسەتی جینۆساید, بۆیە پەرلەمانی کوردستان, ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان بەپێی مەسئولیاتی دەستووری و قانونی, بەپێی ئەو سیاسەتەی دەبێ موعامەلە بکرێ لەگەڵ ئەو جۆرە سیاسەتە کە حکومەتی گۆڕ بەگۆڕ چووی بەغدا بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجامی داوە, بۆ ئەو تاوانانەی بەرامبەر میللەتی کورد کراوە, بەپێی ئەو قەراراتانەی کە لەمەحکەمەی جینایاتی عێراق دەرچووە کە ئاماژە بەو تاوانانە دەکاتن کە بریاریدا ئەو تاوانانە بچێتە تاوانی بەکۆمەڵ کوشتن (جینۆساید), ئەم بڕیارەی عێراقی ئاساوارێکی لێبێتن سیاسی و ئیجتیماعی و قانونیش, بۆ تەرسیخ کردن و سەقامگیرکردنی عەدالەت, بۆ ئەوەی ئەو تاوانە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە بەرامبەر گەلەکەمان, بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوومان ئاگادار بێت و بەردەوام بێت لەسەر ئەو رێبازەی, پەرلەمانی کوردستان داوا دەکات یەك/ داوا لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکاتن ئەو تاوانانە بەرامبەر کوردستان کراون بیناسێنێتن بەتاوانی بەکۆمەڵ کوشتن, بەتاوانی دژی بەشەریەت, بریاری پێویست دەربکات لەڕووی سیاسیەوە لەبەر رۆشنایی قەراری مەحکەمەی جینایەتی عێراقی, دوو/ حکومەتی عێراق دەبێ هەڵوێستێك وەربگرێت بۆ ئەوەی ئەو تاوانە و ئەو مەسەلەیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان, لەیەکێتی ئەوروپا, لە پەرلەمانی ئەوروپا, لەجامیعەی

عەرەبی, لە موئتەمەری ئیسلامی, لە پەرلەماناتی ولآتە دیموکراتیەکان باس بکرێت و بخرێتە بەرنامەیان و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەری, سێ/ داوا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حکومەتی کوردستانی عێراق دەکەین قانونێك دەربهێنن بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانی تاوانەکانی جینۆساید, ئەو تاوانانەی کە دژی ئینسانیەت کراون, بۆ ئەو کەسانەی کە کراوان، بۆ ئەنفال و کیمیاباران و, وەرەسەکانیان, هەروەها هەرێمی کوردستان دەبێ قەرەبوو بکرێتەوە بۆ ئەو زیانانەی کە لەئەنجامی ئەو سیاسەتە بەکۆمەڵ کوشتنە, تێکدانی دێهات ئەنجامدراون, زیاتر لە 40 ساڵ بەرامبەر بە گەلی کوردستان، دەبێ حکومەتی عێراق بەرنامەجێکی هەبێت بۆ ئاوەدان کردنەوە و بیناکردنی کوردستان و, تەعویز کردن و قەرەبوو کردنەوەی خەڵك و دام و دەزگاکان, چوارەم/ داوا لەحکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم دەکەین کە پاش دەرچوونی ئەو بڕیارە بەردەوام بن لە داواکردنی و تۆمارکردنی داوا دژی ئەو کۆمپانیا و ئەو کەسانەی کە پشتگیری و هاوکاری حکومەتی لەناوچوویان کردووە بەچەکی کیمیاوی بەو چەکانە کە قەدەغەکراون لەلایەن دەوڵەتانی دونیاوە, پێنجەم/ گەڕانەوەی جنسیەی عێراقی بۆ کوردە فەیلیەکان کە تائێستاش زۆریان نەگەڕاونەتەوە, یاخود لەوەزعێکی خراپ دەژین, یان قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان و گەڕانەوەی مومتەلەکاتیان, هەموو ئەو کێشانەی کە هەیانە چارەسەر بکرێت, شەشەم/ دروست کردنی سەنتەرێکی وەسائقی تایبەت بە تاوانی جینۆساید و تاوانەکانی دژی مرۆڤ, کە بەرامبەر گەلی کوردستان و بەتایبەتی گەلی کوردستان و گەلی عێراق ئەنجامدراوە, حەوتەم/ ڕێکخستن و تۆمارکردنی هەموو ئەو توێژینانەی کە لەسەر مەقابری جەماعی, ئەنجامدانی و کار کردن لەسەریان, دۆزینەوەی روفاتی ئەو قوربانیانەی کە تائێستا نەدۆزراوەنەتەوە, گواستنەوەیان بۆ شوێنی خۆیان ولە ڕێورەسمێکی ڕێزداردا بەخاك بسپێردرێنەوە جارێکی تر, ئێستا دەرگا دەکەمەوە, کێ دەیەوێ قسەبکات؟ هەمووتان حەقتان هەیە قسە بکەن, بەلآم حەز دەکەم خەڵکی ناوچەکان زیاتر قسەبکەن, چونکە شارەزاییان زیاترە, دیدی خۆیان هەیە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو شتانە, ناوتان دەنووسم, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی دەست بە موناقەشە بکرێ, وەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا ئەو بەیاننامەیە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئامادەی کردبوو, هێنایانە لیژنەی یاسای, جەنابتان بینیتان ئێمە تەنیا تەعدیلمان کرد, 10 لاپەڕە بوو و ئەوەندەی تێدا ماوە, دوای ئەوەی کە دامانە دەستەی سەرۆکایەتی, بەڕاستی دەستەی سەرۆکایەتی دەوڵەمەندی کرد لە جێگای خۆیەتی, بەلآم من لەسەر ناوی هینەکە, ناوی بەیاننامەنەکە ئیعتیڕازم هەیە, کە دەڵێ (اعلان لوثیقة التعامال مع آثار الجرائم الجینوساید), ئێمە تەنها موعالەجەی ئاسارەکەی ناکەین, بەڵکو دەبێ هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان روون و ئاشکرا بێت بەنیسبەت ئەو تاوانانەی کە دەرحەقی ئێمە کراوە, ئیعتیباری بۆ بکەن وەکو جەریمەی جینۆساید, ئەوجا تەعامول لەگەڵ ئاسارەکانی بکەین, بۆیە دەبێ ئەمە داخل بکرێ, بۆ ئەوەی هەم موعالەجەی ئاساری تێدا بێت, هەم بە جەریمەی جینۆساید ئیعتیبار بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو قسەیە راستە, بەلاٚم لەكاتی موناقەشەكاندا بەتەئكید عینوانەكەش دەوڵەمەند دەكرێت, كاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو دەقە بدە مە باسێ ئەنفال بكەین, هەڵبەتە پرۆسەكە مەزن بوو, گەلەك وەختی كێشا, گەلەك زەرەرو زیان خەلكی كوردستان هەمی كەفتیە, ژ بەر هەندێ لەبەر مە یان پارێزگایا دهۆكی بكەین, كاتێك ئەنفال هاتنە كرن, لەوی وەختی دەست پێكرن پشت راگرتنا شەڕی عێراق و كویت رژێما دیكتاتۆریا سەدامی لەشكری خۆی هەمی رەنگی چەك و تەقەمەنی خۆ كرن بۆ سەر دەڤەرا پارێزگارا دهۆكێ, ئەم پشتەڤانیا مەزن بوو, هەمی ناوچە و دەڤەرێ هەمی قەزایەكان ئامێدیا, دهۆك, شێخان پێكرا, ئەوسا سالها بوو رژێمە دیكتاتۆریا سەدام گوندی مە تەرحیل كر و گواستەڤە بەر خەبات و پێشمەرگەی كوردستان و شۆڕشێ گوندە هاتنە ئاڤەدانكردن, ئەو دەڤەر خەلكێ كوردستان جارێك رژێمە دیكتاتۆریا دەست كرا بە ئاڤان گوندا یان دەسەلاٚت نێیتە لا 1987 توند ئێمە دیكتاتۆری.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرموو خالە سەید ئەوە پێشت دەخەم بە ئیجازەی كاك ئارێز و كاك مەلا ئەنوەر, فەرموو.

**بەڕێز سید كاكە اسماعیل عمر سید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەكۆنەوە پێشمەرگەمە لە پێنجی رۆژ پێشی شۆڕشی ئەیلول, ئێمە بووینە پێشمەرگە، ئەوە بەخۆت ئاگاداری, لەو شۆڕشە كە ئێمە بووینە پێشمەرگە جەبهەی كوردستانی هاتە پێشەوە, تۆ یەك لەوانە ئاگادار بوویت, هەر كەس لەگەڵ حزبی خۆی كۆبووە, من كۆبوونەوەكەمان وابوو, كە ئەو كەسەی باسی چەكدارەكانی حكومەتمان كرد, باسی ئەوەمان كرد كە شێخ محمد رشید و ئەسعد هێزێك بووین لە قوەتی پێشمەرگە, باسی هەندێ كەسی تریشمان كرد كە دەوریان زۆر باش بووە, بەلاٚم باسی ئەوانەمان كرد كە شەرمیان نە لەخوای كرد, نە لەو میللەتەی كرد, بۆ تانج و نەجمەی خۆیان پێشمەرگەیان پشت ترومبێلیان خست و لەناو شاریان سوڕاند, ئێستا لە جاسوسەكان ئەوەیخەڵكی كوردستانە پێشمەرگەی راكێشرایە خانووی بۆ كرایە, ئەوەی ژن و منالّی پێشمەرگەی كوشتییە لەناو خانییە, ئەوەی خەڵكی بەگرتن دایە ئەوا خانووی بۆ دەگیرێ, حەز دەكەم بۆت دەهێنمە پێش, لەو رۆژانە ئێوە هاتن بە ئێمەتان ئەو قەرارە لەسەر ئەوانەیە, ئەوانە بكوژرێن, مەحكمە بكرێن, من لە لیجنەی مەركەزی پارتی لەگەڵ كاك مسعودی, پاش دوو سالّی وتم كاك مسعود نەدەكرا 200 ملیۆن دۆلاری بدەیە نەوزادی, ئەوەیش بچێت لەوێ مەعمەلەی پێبكات, تا رۆژێك دەبی لەناو میللەت خانووانەت نەكردبایە, ئەوە خەڵكی تێگەیاند كە لە موئتەمەر رەئیی نەدەنەمن لەسەر یەك كەلیمەی, چونكە میللەتەكەمان رەئیی وایە, من لەوێ بەجێم هێشت، وەختی خۆی لەگەڵ یەكێتی بووین, من ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی بووم, لە سیاسەتەكەی

رازی نەبووم بەجێم هێشت, ئێستاش ئێرە بەجێ دەهێڵم، لەبەر ئەوەی ئەو تەعدایەی کە لە میللەت کرایە قابیلی قبوڵ نییە, شەرمی لە میللەت نەکردیە, خەڵکی راکێشایە بۆ مەسڵەحاتی خۆی, ئێستا ئەوەی خەڵکی راکێشایە نەوتی شوجاعەی وەرگرتییە, نەوتی شوجاعەکەی نەجمەی پێوەیە, زۆر سەیرە ئەوە, کەس قابیلی ئەوەی قبوڵ نییە, کەس شتی وای نەدیووە, من نموونەیەکت بۆ دەڵێم, من لام وابوو خەڵك زۆر خزمەتکرایە, کەچی کیمیاباران کرایە, شەش مانگ پێش ئێستا 16 کەسی بالیسانی هاتییە, نانیان لەگەڵ ئێمە خواردیە, باسی ئەو کیمیابارانەیان کرد وتیان ئێمە 30 کەسین نەخۆشین بەهۆی ئەم کیمیابارانە و پێویستیمان بە سەفەری دەرەوە هەیە, نایاننناردووینە, یەکێکیان ناردمە لای چناری, چنار کچی برازامە, ئەویش ناردیە لای دکتۆرێکی عەرەب کە چاوی عەمەلیات بکات, شەش مانگ هێنای و بردی, هەر شەش جاریش پانزە هەزار دیناری عیادەی لێدەستاند, ئەوجا لەپاش شەش مانگ وتوویەتی لێرە چاك نابی ئەبێ بچیتە ئێران, من وام زانی ئەو حکومەتە ئیش و کارەکەی لەجیاتی خانوو کردن و خزمەت کردنی, خەڵکی کیمیابارانی ناردووتە دەرەوە, هەمووی تەداوی کردووە و هیچ ئیشێکی نەکردیە تەنیا ئەوانە نەبێت, ئەوەی کە خەڵکی کیمیاباران کردیە وا لەبەر چاویتیان, نموونە کوڕی عومەر سورچی دەڵێ بابم کیمیاباران و ئەنفالی کردیە, پارتی مانگی سێ دەفتەری دەداتێ بەچ حەقێك, ئەو بێدەنگییەی میللەتی ئێمە بەدەردی سەدامان دەبات, لەخۆشمان تێك دەچێت, لە حکومەتەکەشمان تێك دەدات, لەهەمووومان تێك دەدات, حەق نییە ئەوە قبوڵ بکرێ, کابرا بێت ئەنفالت بکات, باشە لەو هەموو هەزار پێشمەرگەیە لەیەکێتی و پارتی سەد خانوو بۆ پێشمەرگە کرایە, 300 خانووش بۆ جاش کرایە, ئەوەی ئێمەی کوشتیە بە ئەنقسەت, ئەوەی کیمیابارانی کردیە, ئەوەی پێشمەرگەی لە ترومبێلی کردیە, ئەوانیش گلەییمان لێدەکەن, ئێستا ماڵی حسێن رەشید گلەییمان لێدەکەن, چونکە ئێمە وەکی ئەوانەمان نەکرد کەس مەرحەباشمان نەکات, باشە ئەو حەقیقەتە کە قیادەی خۆت نەزانی نەتیجەی ئەوەیە هەموومان لەناو دەبات, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکانت لە دڵتەوە دەرچوون, بەڵام دوو, سێ مولاحەزەم هەیە, یەك/ پەنجا, پەنجاکەت موراعات کرد, دوو/ ئێمە ئینشاالله ئەو رەش بیینە نابین, ناڵێم دیاریدەی نامۆ نییە, ناقانوونی نییە لێرە, هەیە زۆریشە, بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناکرێ, ئێمە خۆمان موقارەنە بکەین لەگەڵ رژێمی پێشوو, ئەوە بەهیچ شێوەیەك قابیلی موقارەنە نییە, لەبەرئەوەی ئێرە کۆمەڵگایە, روغمی هەموو کەم و کوڕییەکانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتییە, ئەوە نییە جەنابت بە ئاشکرا رەخنە دەگری و ئەندامی پەرلەمانیشیت, لەسەر لیستی پارتی, رەخنە لە حزبەکەی خۆشت دەگری, مانای ئەوەیە ئەو کۆمەڵگایە, کۆمەڵگایەکی تەندروستییە, دەتوانیت کەم و کورییەکانی خۆی, نەخۆشییەکانی خۆی موعالەجە بکات, مادام رەخسایە بەئاشکرا رەخنە بگری, دەست نیشانی کەم و کوڕییەکان بکەیت, ئەگەر راست بن, بە تەئکید دەبێ موعالەجە بکرێ, ئەگەر راستیش نەبن, ئەوە ئەو قسانەی کە کردووتە پێویستی بە روون کردنەوە هەیە, پێویستی بە بەدواداچوون هەیە, ناتوانم بڵێم کەم و کوڕی نییە, بەڵام ئێمە ئیشمان ئەوەیە ئەو کەم و کوڕییە نەهێڵین, یان کەمی

بکەینەوە واجبمان ئەوەیە, بۆیە لێرە بە ئازادی قسەی دەکەین, د. کەمال تـەعلیقی هەیـە, ئـەویش حـەقی خۆیەتی سەرۆکایەتییە, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر ڕێـزم بـۆ کـاك سـید کاکـە هەیـە, بـۆ وتـەکانی, بـۆ دڵسۆزی, بـۆ خـەباتی, ئـەوە هـەموو لـە جێگـای خۆیەتی, جەبهەی کوردستانی عەفێکیدا, ڕاستە شمولی هـەموو ئەوانـە ناکـات کـە ئـەنفالیان کـردووە, بـەڵام ئەوانی تر پێویست ناکات تیکراری بکەین, ئەمە یەك, نوقتـەی تـر, ئـەوەی باسـی ڕێـزدار سـەرۆکی هـەرێم کاك مەسعودی کرد, کە لە موئتەمەر بەخەڵکی وتبێ دەنگی پێ مەدەن, ئەمە سەد لە سەد لە جێگای خۆی نییە, سەید کاك لەوانەیە وەهمێکی وای بۆ دروست ببێت، بە حەقیقەت کاك مەسعود نـەك بـۆ کـاك سـەید کاکە, بۆ هیچ بەشەرێك, لەهیچ موئەتەمەرێك ناڵێ دەنگ بەمـە بـدەن و دەنـگ بەمـە مـەدەن, حـەزم کـرد بەس ئەم ڕوونکردنەوەیە بکەم, ئومێدەواریشم کاك سید بە دڵێکی فراوان وەربگرێ, چونکە کـاك مەسـعود زۆر کاك سید کاکەی خۆش دەوێت, لەلای ئێمە زۆرجار باسی دەکـات, تـەوەقوعیش نەکـەیت کـە شـتێکی وا هەبێت, حەزم کرد بەس ئەو ڕوونکردنەوەیە بڵێم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموومان سەید کاکەمان خۆش دەوێ, بۆ ئەو ڕێگا دەدەین, مەجال هەیە قسە بکات, کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆ لێدەگەڕێن تەئیدی قسەکانی خاڵە سەید کاکە بکەم, من پێم وایە دەبێ پەرلەمانی کوردستان بڕیارێـك بدات ئاسەواری تـەعریب لەسـەر پەرلـەمانی کوردسـتان نـەمینێ, زۆر بەداخـەوە ئاسـەواری تـەعریب لـەناو پەرلەمانی کوردستان ماوە, هیچ پاساوێك هێنراوە بۆ ئـەوەی تەقریرەکـە بـە عـەرەبی خوێنـدراوە, لـەجێی خۆیدا نییە, من بەش بەحاڵی خۆم وا بڕوا ناکەم, ئەوە یەك, بەعەرەبییەکی خۆشبەختانە نە قەواعیدیـەن خوێندرایەوە, نە قەواعیدیەنیش نووسرایە, ئێمە نوێنەری خەڵکی کوردستانین, وتارەکانمـان پـێش ئـەوەی تەوجیهـ بێت بۆ پەرلەمانی بەغدا, تەوجیهی ئەو ڕەش و ڕووتانەیە کەهاتوونە گوێبگرن بزانن پەرلـەمانی کوردستان چ دەڵێت, من لێیان دەپرسـم چـەند کـەس لـەو وتـارە تێگەیشـت، ئەگـەر جـەنابت نەتکردبایـەوە کوردی, یەعنی ئێمە زۆرجار ئەو کێشەیەمان هەیە, خۆتان دەڵێن وەزارەتـی شـەهیدان, باشـە کـە وەزارەتـی شەهیدان بەیانەکەی ئامادەکردووە, ئێمـە لیژنـەی مـافی مرۆڤمـان هەیـە, بۆچـی لیژنـەی مـافی مـرۆڤ ئـەو بەیانـەی نەکردابایـە بـە زمـانی کـوردی؟ بەکوردیـەکی پـاراو, ئـێش و ئـازاری خەڵکەکەشـیان ئەنووسـی و ئەیانخوێندەوە, ئەوەش گلەییەك بێت, جەنابی سەرۆك, باسی مێژوو دەکرێ, دیـارە ئـەو سـەبەبە تاریخییـە جێگای دەست خۆشیە, بـەڵام مـن باشـە لـە بەیانەکـە ئیشارەت بەهەنـدێ شـتی تـر بـدرێت, مـن پـێم وایـە مەسەلەی کوشتنی بەکۆمەڵ لە 74 ەوە لەو کاتەی کە قەڵادزێ و هەڵبجە بوردوومان کـران, لـەوەوە دەست پێدەکات, ئەگەر ئەوە لەگەڵ بەیانەکە ئیزافە بکرێ, دواتر ساڵی 75، ڕاستە باس کرایە, بەڵام لە بەیانەکـە

**با بەروونی باس بکرێ, کە ڕاگواستنی ئەو هەموو گوندانە و خەڵکەی بۆ ئوردوگای زۆرە ملێ, بۆ جنوبی عێراق, تەعریب بەهەموو شێوازەکانیەتی بەقەدەغەکردنی زمانی کوردی لەهەندێ شوێن, بەهێنانی عەرەب لە جنوبەوە بۆ ناوچەکانی کوردستان بەکەرکووك و شنگال, ئەو مەسەلانە بەروونی باس بکرێ, بۆ ئەوەی بەیانەکە تێرو تەسەل بێت, بەیانەکەش باسی ئەوە بکات, یەعنی بریاری بەجینۆسایدی ناساندنی ئەنفال و کیمیابارانکردن بێت, یەکسەر بەیانەکەمان ببێتە بڕیارێك, سەبارەت بەهەندێ شتی تر, ئەمڕۆ گلەیی و گازاندە زۆر هەیە, خاڵە سەیدیش باسی هەندێ شتی کرد, ئێمە مولتەزمین بەوەی کە عەفوێك بەرەی کوردستانی ساڵی 1991 داویەتی, هەموومان ڕێز لە قیادەی سیاسی دەگرین, شەرعیەتی شۆڕشی ئەوکاتەی قیادەی سیاسی بوو, کێشەکە لەوە نییە ئەو خەڵکانە هەمووی عەفوو کران, بێگومان عەفوو کران و تەواو و لایەنێکی سیاسیە, کێشەکە ئەوەیە ئەوانە عەفوو کران کە بەتەمای عەفووش نەبوون, ئەو هەموو مووچە زۆرە, ئەو هەموو دیوەخانە, ئەو ئیمتیازاتە جۆر بەجۆرەیان دەدرێتێ, هەندێکیان بە پلەی جەنەڕال لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان دانا, بەبێ ئەوەی هیچ شتێکیان کردبێ, ئەگەر لەشەڕی ناوەخۆ دەورێکی باشیان هەبوو بێ, یەك نوقتەم ماوە, لەو پەرلەمانە بریارێك دەرچوو, ئیجرائات لەگەڵ ئەو کەسانە بکرێ ساڵی 2001 چوونەوە ناو دەزگاکانی رژێم, دوای 2003 هاتوونەتەوە ناو کوردستان, حەز دەکەم ناوی زۆر لەو تاوانبارانە بینم, خاڵە سەید باس دەکات, بەڵێ من حەز دەکەم ئێستا لیژنەیەك دابنرێ بۆ ئەو کەسانەی کە تا 2003 لە بەغدا بووە, جاسووسی کردیە و سەرۆك جاش بووە, ئێستا 200 هەزار دۆلاری بۆ سەرف کراوە بۆ دروست کردنی خانوو, کە 2004 هاتۆتەوە کوردستان, زۆر لەو خەڵکانەی کە لە 2004 هاتوونەتەوە مووچەکانیان لە مووچەی ئەندامی پەرلەمان رەنگە زیاتر بێت, هەتا سەدام حسێن ما لە ژێر سایەی ژیان, جاسووسیان کرد, خیانەتیان کرد, واز لەوانی تر بهێنین کە لە 91 عەفوو کراینە, ئەوانەی 2004 هاتوونەوە داوا ناکەین مەحکەمە بکرێن, جەنابت ئێستا داوا دەکەی کە سزا بەسەر ئەوانە بدرێ, ئەوانەی ئەنفالیان کردیە, عەلی حسن مەجید (عەلی کیمیاوی), دڵنیاتان دەکەمەوە ئەگەر ئەو جاسووسانە ئێرە و ئەو تاوانبارانەی ئێرە نەبان, ئەوان لەوێ هیچیان پێ نەدەکرا, عەلی کیمیاوی چۆن دەتوانێت بێت لە قەرەداغ خەڵك ئەنفال بکات؟ ئێمە داوای ئەوە دەکەین ئیجرائات بکرێ, بەڕاستی خوا لێمان قبوڵ ناکات, میللەت لێمان قبوڵ ناکات, مێژوو لێمان قبوڵ ناکات چیتر ئێمە بێدەنگ بین بەرامبەر ئەو هەموو تاوانانەی بەرامبەر کوردستان دەکرێ, ئێمە بادوو جیاوازی سەیر نەکەین, داوا بکەین ئەوان ئیعدام بکەن, بەلاّم ئەوانی خۆمان لێرە خەلاّتیان بکەین, بەڕاستی دەبێ بەیەك چاو تەماشای تاوانباران بکەین, ئەگەر کوردە, ئەگەر تورکمانە, ئەگەر عەرەبە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەجال بۆ قسەکردن تەنیا دوو دەقەیە, کاك مەلا ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز انور محمد غفور :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا زۆر خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ یادی کارەساتێکی گەورەیە, کارەساتێك کە بەسەر گەلەمان و وڵاتماندا هاتووە, لەپەرلەمانی کوردستان لەپاشی ئەزیەت و ئازارێکی زۆر ئیشارەتی پێکرد, لە چەندەها ساڵ ئەو بەرهەمەی لێ هاتۆتە جێ, ئومێدی گەل و وڵات وایە کە ئەو پەرلەمانە بتوانێ ئەو برینانە سارێژ بکات, خۆشبەختانەش ئەوانەی کە بوون بە سەبەب بۆ ئەو کارەساتانەی کە بەسەر گەل و وڵاتەدا هاتووە بەشێکیان بەسزای خۆیان گەیشتوون, بەشێکیشیان ئینشاالله بەسزای خۆیان دەگەن, بەبۆچوونی من سەرەڕای ئەو هەموو زوڵمەی کە لەکورد کراوە چ لەرووی مادییەوە, چ لەرووی روحی و گیانییەوە, ئەو کارەساتەی ئەنفالە زوڵمێکی تر بوو لەو زوڵمانەی کە لەهیچ گەلێك نەکراوە, زوڵمێکی مەعنەوی بوو کە ناوی لێنرا ئەنفال, لەبەر ئەوە بەداخەوە دەیڵێم لەو کاتەدا چەندەها مەلا بەناوی مەلا کە خۆفرۆش بوون, کە کەسانێك بوون پشتی ئەو زوڵم و ئەو ستەمەیان دەگرت, ئەو دیکتاتۆرەیان دەگرت, وایان بڕیاردا کە گەلی کورد گەلێکی هەڵگەڕاوەیە لە ئیسلام, ویستیان لەگەڵ ئیسلام دایبڕن, ئەو ناوەیان بەسەر ئەو گەلە ستەم دیدە سەپاند, کە کردیان بەمایەی ئەوەی کە گوایە ئەو گەلە هەڵگەڕاوەتەوە، ئەنفالی بۆ جائیزە, بۆیە ئەوە زوڵمێکی زۆر گەورەی مەعنەوییە, لە گەلێك و لە شەعبێك دەکرێ کە 99٪ موسڵمانە, دەورێکی باڵای هەبووە لە رۆژانی رابردوودا تاکو ئێستا, بۆیە دەبێ ئێمە ئاگامان لەوە هەبێ, ئەمڕۆ خۆشحاڵین بەوەی کە ناساندنی ئەو کارەساتە بەجینۆساید لە مەحافلی دەولی و پەرلەمانی عێراقیش, لەهەر شوێنێك کە دەبێ ئەوە مایەی دڵخۆشی دەبێت کە بۆ ئەوەی ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێتەوە, زیاتر جێگای ئەوەیە کە قسەی لەسەر بکەین, ئێمە ئێستا لە قۆناغێك داین قۆناغی موناقەشە کردنی بودجەی هەرێمی کوردستانە, لەرۆژانی داهاتوودا باس دەکرێ, ئەسڵ وایە بۆ خەڵکی رەش و رووتی ئەو وڵاتە, بۆ ئەو کەسانەی پاش ماوەی ئەنفالن, حصەیەك, یان بودجەیەك دیاری بکرێ, ئەو کەم و کورتیانەی کەهەن لەڕووی ئاوەدان کردنەوە, لەرووی ئەو هەموو پاشماوەی کە ماوەتەوە کە مصیریان دیار نییە, لەوانەیە زۆری هەبێت لەحاجاتی زەروری ژیان نەیانبێت, لەخانوو بەرە, چەندەها شت پێویستی بەوە هەیە کە پەرلەمانی کوردستان حصەیەك, یان بودجەیەك دیاری بکات, بۆ پاشماوەی ئەو یادە, بۆ ئەوەی زیاتر بەدەم ئەو کارەساتە بێت, ئومێدەوارم ئیش لەسەر ئەوە بکرێ, گەورە بەرپرسان و گەورە تاوانباران لەم وڵاتە بەسزای عادیلانەی خۆیان بگەن لە داهاتوودا, تاکو زیاتر ئەو کۆمەڵگایە دڵی خۆش بێت, رۆڵەکانی ئەنفال و کیمیاباران دڵیان خۆش بێت لە دیتنی مەسرەعی ستەمکاران, سوپاس.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دانیشتنی ئەمڕۆ بە دانیشتنێکی گرنگ دەزانم, بەهەنگاوێکی تری پێویست دەزانم لەهەوڵەکانی گەلی کوردستان بۆ ناساندنی تاوانی ئەنفال بە جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی, بەپێی تەعریفە نێودەوڵەتیەکان بنەمای ئەساسی دەست نیشان کردنی هەر تاوانێك بە جینۆساید, ئەو بنەمایانەش یەکێکیان بنەمای فکریە و ئەوەی تریشیان بنەمای جەستەییە, بەئاشکرا تاوانی گەورەی ئەنفال هەردوو بنەما لەخۆ دەگرێت, بەپێی ئەو دۆکیومێنت و موستەمسەکاتانەی کەلەبەر دەستمانە هەر لەگەڵ بڕیاری

دادگای تایبەتی عێراقی, ئەو بڕیارەی کە لە 2003/12/10 دەرچوو, بەناساندنی تاوانی گەورەی ئـەنفال وەکو جینۆساید, هەر لەبریاری 688 ی نەتەوە یەکگرتووەکان و دروست کردنی ناوچەی هێمن بۆ هەرێمی کوردستان, بۆ پارێزگاری کردنی لەو سیاسەتە دڕندانەی رژێمـی گـۆڕ بـەگۆڕ چووی صـەدام حسـین, ئەوانـە هـەموو ئـەو ڕاسـتیەی دەردەخـات کـە ئـەنفال تـاوانی جینۆسـایدە, لەکاتێکـدا ئێمـە بـەردەوامین لەگـەڵ هەوڵەکان، لەگەڵ مونەزەمە نێودەوڵەتیەکان بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید, ئێمە لێرەش لەپەرلـەمانی کوردستان ئەو بڕیارە دەربکەین, بۆیە من بەتـەواوەتی پشـتگیری نـاوەڕۆکی بریارەکـە دەکـەم و, بەتایبـەتی داواکارییەکان بۆ کەس و کاری ئەنفال و قوربانیانی ئەو تاوانە گەورە, ئێمە نـابێ ئـەوەمان لـەبیر بچێتەوە ئەمرۆ لەجیهاندا زیاتر لە 85 وڵات بریاری تایبـەتیان هەیـە بەجینۆسـاید, بۆیـە ئێمـە خـەڵکی کوردسـتان کەراستەوخۆ ئێمە قوربانی کردەوەی گەورەی جینۆساید بووین, پێویستە ئەو بڕیارە دەربکـەین, بۆیـە مـن جارێکی تر تەئکید لەوە دەکەمەوە کە دەرکردنی ئـەم بڕیـارە ئـەمرۆ لێـرە لـە جێـی خۆیـەتی و پشـتیوانی تەواوی لێدەکەم, لەهەمان کاتدا من تەئکید لەو قسەی جەنابتان دەکەم, کە بریاری ئەمڕۆ پشتیوانیەکە بۆ بڕیاری دادگای عێراقی بـۆ ناسـاندنی ئـەنفال وەك جینۆسـاید لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی, تەئکیـدیش لـەو خاڵە دەکەمەوە کە پێویسـتە هەرچـی زیـاتر هەوڵـەکانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لەگـەڵ حکومـەتی مەرکەزی بۆ قەرەبووکردنەوەی کـەس و کـاری ئـەنفال و بـۆ خزمـەت کردنیـان زیـاتر بێـت, بەدەرفەتیشـی دەزانم دەست خۆشی لەدواین بڕیاری سەرۆکی حکومەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکـەم, بـۆ دروسـت کردنی 1100 خانوو بۆ کەس و کارانی ئەنفال, هیوادارم ئەو هەوڵانە بەردەوام بێت, لەبەر ئەوەی هەرچی لەتوانای ئێمەدا بێت بۆ خزمەت کردنی کەس و کاری ئەنفال مـن پـێم وایـە ئەمـە واجبێکـی خۆمانـە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە قسەکانی جەنابت دەکەم, پشتیوانی لە راپۆرتەکە دەکەم, چونکە بەڕاستی زۆر شتی باشـی تێدایە, تەقریبەن خاتیمەی شتەکانە, من کەسێکی نزیك بووم لە ئەنفالەکان وەکو هەموو ئـەو برادەرانـەی کە لەوێ بـوون, ئـەنفال بـە چـەند قۆناغێـك بـووە, جینۆسـایدی گـەلی کورد لەسـەرەتاوە بـەدێ سـووتاندن دەستی پێکرد, لەسـەرەتای شۆڕشـی ئـەیلوول لـە دێیـە گـەورەکان دەسـتی پێکـرد, بەتایبـەتی لـە حکومـەتی بەعسدا, پاشـان ئـەلغام هیچـی کـەمتر نـەبوو لـەکیمیا بارانەکـە, یـەعنی بـە ئـەڵغام, بـەکیمیاباران, بـە دێ سـووتاندن, بـەپرد رووخانـدن, بـە سـووتاندنی بـاخ و بێسـتانەکان, ئـەنفالی گـەورە کـە گـەرمیانی گرتـەوە, حکومەتی عێراقی پـێش هـەموو شـتێك قـەتعی هـەموو هاتوچۆیەکی کـرد لـە مەنتیقەکە, پاشـان هـەموو قوەتێکی جەوی بەکارهێنا بەهەموو نەعوەکانیـەوە, هـەموو ئەسـلیحەیەکی بـەقوەتی بـەکارهێنا, سـەرەڕای ئەنفالەکان کوشتارێکی زۆریشی کرد, من دڵنیام هەزاران جەنازە لەم شاخ و داخانە بێ کەس مایەوە, ئێسـتا ئەگـەر بچـی لەوانەیـە ئێسـەکەکانیان بدۆزیتـەوە, بـەوەش وازی نـەهێنا, ئـەو خەڵکـەی کـە دەربـاز بـوون لەدەستی رژێمی بـەعس و, لـە دێهاتـەکان هاتنـە شـارەکان, ئەوانیشـیان کۆکردەوە، جـارێکی تـر بردیـان بـۆ

ئەنفال، من مەبەستم ئەوەیە دەسەلأتدارانی حکومەتی عێراقی، ئەوانەی ئەمڕۆش کە لەسەر حوکمن، بەشێکی زۆریان لەنزیکەوە ئاگاداری ئەنفالی گەلی کوردن، ئاگاداری جینۆسایدی گەلی کوردن، بۆیە من داوا دەکەم حکومەتی عێراقی مولزیم بێت بەوەی کە ئەبێت بەڕەسمی ئەنفال بناسێت، ئەبێ بەڕەسمی بزاندرێ کەئەمە جینۆسایدی گەلی کوردە، ئەمە یەك، دوو/ حکومەتی عێراقی مەسئولە لە تەعویزکردنەوەی ئەنفالەکان، حکومەتی عێراقی مەسئوولە لە کەم کردنەوەی ئێش و ئازار لەسەر خەڵکی کوردستان، کە بەهۆی ئەنفالەوە تووشی بووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێك لە مەسئولیەتەکە دەکەوێتە سەر شانی، حکومەتی هەرێم وەکو کاك ئارام وتی ئەوەل جار سەد خانوو بۆچییە؟ لەوانەیە کافی نەبێت بۆ ئەنفالەکان، چونکە ئەبێ بە شامل تر و گەورەتر بێت، دەبێ میزانیەك لە میزانەی کوردستان، یان حصەیەکی خاص دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە حصەیەکی باش بە ئەنفالەکان بدەین، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر ئێمە کورسیەکانی خوێندن بەشێکی زۆری بدرێ بە کەس و کاری ئەنفالەکان، ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن، دەبێ گرنگیەکیش بدرێت بەو مەسەلەیە، ئەو قوتابیانەی کەبەشێکی زۆریان لە منالی ئەنفالەکانن، لە موحتاجیا خەریکی کرێکاری و ئیش کردنن، دەبێ ئەوانە واز لە ئیشەکانیان بهێنن، مووچەکیان بۆ ببڕێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بچن خوێندنەکەیان تەواو بکەن، وەکو برادەرانی تر بۆ شەهیدان وئەنفالان وتیان، ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین رای گشتی نێونەتەوەیەك تێبگەینین کە کورد جینۆساید کراوە، هەتا ئەوانە نەخەینە نێو چوارچێوەیەکی یاساییەوە لەعێراق بەرەسمی، لەوانەیە نەتوانین تەعوێزێکی باشی ئەنفالەکان بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینی دەکەم، هەموو ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکێکی زۆر لە ناو کۆمەڵگای کوردستانی باسی مەسەلەی جینۆساید دەکات، ئەمڕۆ لە 85 دەوڵەت قەراری قانونی دەرچووە بۆ جینۆساید، زۆر قەزایە هەیە کە وا رێك کەوتووە کە مەسەلەن زەلامێك چۆتە مەتەعەمێك 15 کەسی کوشتووە، ئەو قەرارە بوویتە جینۆساید، یەعنی کوشتنی بەکۆمەڵ، جا ئەو کۆمەڵە 10 کەس بێت، 15 کەس بێت، لە شارێك بێت، لەدێیەك بێت، لەبەرئەوە لێرە موهیمەی ئێمە فراوانتر بووە، ئەمڕۆ لە 14 دەوڵەت کە کێشەکانیان و شێوەی جینۆساید ئەشوبهێ بە کوردستان، بەڕەسمی بەعزێك هەنگاویان ناوە، ئەو 4 دەوڵەتە شێوەی قەزایەکانیان لە ئێمە دەچێ، من وێنەیەکم هێناوە ئەیخەمە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان، چۆن چارەسەری کێشەی هۆلۆکز کراوە کە شەبیهە بە هینی ئێمە، ئەو بنەما و هەنگاوانەی کەناویانە بۆ ئەوەی بتوانن دەور ببینن بە ناسینی کێشەکە، بەچارەسەرکردنی و بنەبڕکردنی بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو حادیسەیە روو نەدات، من ئەمە دەخەمە بەردەمی پەرلەمان، حەوت لاپەڕەیە، ئەمە هەمووی سایدە، هەریەك لەمانە دۆکیۆمینتی کراوە بەرەسم، بە مەیت، لەناو ئەمانە هەیە، ئەمە بۆ ئیستیفادەی پەرلەمانی کوردستان، ئینجا بێمەوە سەر مەوزوعی خۆمان، کەواتە موشکیلەکەی ئێمە گەورەتر بووە، تەنها ناسینی کێشەی ئێمە بەجینۆساید مانای ئەوە نییە میللەتان پشتیوانیمان دەکەن، هاوکاریمان دەکەن،

هاوكاری خەڵكی ئەنفال دەكەن, ئەبێ ئێمە كار بكەین, بۆ ئـەوەی راسـتی جینۆسایدەكە بـەو شـێوەی ئێمـە بتوانین هاوكاری ئەم خەڵكە و چارەسەری ئەم كێشەیە, بۆ ئەوەی جارێكی تر لەسەر ئـەم زەمینـە دووبـارە نەبێتەوە, من بەعزێ ئیقتیراحم هەیە, بەقەناعـەتی مـن ئێمـە تـا ئێسـتا وەكـو پێویسـت هـیچ هـەوڵێكمان نەداوە ئەم كێشەیە وەكو خۆی بناسێنین, مەسەلەن ئەگەر بچیتە ناوچەی ئەنفالكراوەكان، كە دەچیتە هەر دێیـەك, لەبـەردەمی هـیچ دێیـەك لائیحەیـەك هەڵنەواسـراوە, صـەبورەیەك هەڵنەواسـراوە كەتیایـدا بڵێـت ئەوندە بنەماڵە لـەم دێیـە ئـەنفالكراوە, ئەوەنـدە كەسـیان شـەهید كـراوە, ئەوەنـدە كەسـە نـەماوە, كەواتـە لەدێیـەكان دەسـتی پێبكـەین, بـۆ هـەموو دێیـەك شـتێك لـەم بابەتـە بكـەین, لەهـەموو مەنتیقەیـەك مانۆمێنتیك بكەین, كە هەموو ئەندامانی كۆمەڵە خەڵكەی كـە لـەم پرۆسـەیە شـەهید بـوون تۆمـار بكـرێ, یەعنی ئیشەكەمان دیار بێت, یەعنی خەڵكێكی ئەجنەبی كەدێت ببینێـت كـە چ مەئسـاتێكی گـەورە هەیـە, ئینجا هەنگاوی دووەممان, ئێمە ئەبێ لەسەر ئەو بنەمایە كار بكەین, من لە ئەوەل رۆژەوە وتوومـە, دیـاری كردنی وەزارەت بەناوی ئەنفال و شەهیدان زەرەرێكی گەورەمان لە ئەنفال و شەهید دا, چونكە ئێمە نەمان هێشت خەڵكی تـر دەور ببینـێ, پارمـەتیمان بـدات, راسـتیەكان بگەیننینـە خـەڵكی تـر, گلـەیم هەیـە ئەگـەر وەزارەتمان هەیە, ئەمرۆ مەفرووز بوو نوێنەری وەزارەتی شەهید و ئەنفال لێرە بووایە, یـەعنی گرنگیـدان بە مەوزوعەكە جێگای خۆیەتی, من دەڵێم ئسلوبمان بگۆڕین, خەڵكی ئەجنەبی بێنین, كۆمەڵە خەڵكێك بن كار بكەن, بۆ ئەوەی بتوانین وەكو پێویست قـەرەبوو و دڵخۆشـی ئـەو كەسـانە بدەینـەوە كـە ئـەم مەئسـاتە گەورەیەیان بەسەر هاتووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەنیا ئاماژە بەوە دەكەم, چنار خان وەزیری شەهیدان و ئـەنفالكراوەكان, پێـرێ تەلـەفۆنی بـۆ كـردم, زۆری پێ خۆش بـوو لێـرە حـازر بێـت, بـەلاَم لیسـتی هاوپـەیمانانی كوردسـتان لـە ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق ئەمرۆ لەدانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بریاریان داوە قسە لەسەر ئەو تاوانـە بكـەن, بۆیـە ئامـادە نەبوو, داوای لێبوردنی كرد, هەر بۆ ئەو مەوزوعە چۆتە بەغدا, بۆ ئەوەی لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق قسە بكات و سەرنجی ئەوان رابكێشێتن, ئەمـە هـەنگاوێك دەبـێتن بـۆ ئـەوەی لـە رۆژانـی داهـاتوودا, ئەنجومـەنی نوێنـەری عێـراق ئـەو بڕیـارە وەربگرێـتن كـە داوایـان لێدەكـەین بـە ناسـاندنی ئـەو تاوانانـە بەرامبەر بە گەلی كورد, بە تاوانی جینۆساید, بەلاَم باش بوو ئەو قسەت كرد, بۆ ئەوەی منیش قسەی بكەم و دیفاعی لێبكەم, كە نەهاتنی لەبەر ئەوەیە, كاك جەمال یوسف, فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی قسـەی زۆر گـرنگ كـرا, بـەلاَم ئـەوەی گرنگـە شـتی چاك بـە عەمـەلی بـۆ ئـەم خەڵكـە كـە ئـەمرۆ چاوەڕێیە بكرێ, كاری عەمەلی بەرنامەیـەكی زانسـتی لـە ڕووی كۆمەڵایـەتی, لـەڕووی ئیقتیصـادی, ئـاوەدان كردنەوە, نـەك پـەرت و بـلاَوە بێـت, لەهـەر شـوێنێك شـتێك بێـت و بـێ بەرنامـە بێـت, بەحەقیقـەت ئـەو قسانەی كە كران مـن نامـەوێ دووبـارەی بكەمـەوە, بـەلاَم چـەند پێشـنیارێك دەكـەم, یەكـەم/ حەقـە پـێش

هەموو شتێك ئێمە لەرووی پەروەردەی منالەكانمانەوە, لەخوێندن مادەیەك هەبێت بەناوی تاوانی ئەنفال, بۆ ئەوەی هەتا هەتایێ لەبیری منالەكانمان نەچێت, لەخوێندن دیراسەی ئەوە بكرێو بەپێی دیراسەیەكی موتەكامل, مادەیەك هەبێت, كتابێك هەبێت, لەمەراحیلی دیراسە دەست پێبكات, دووەم/ دیارە خەڵكی تاوانبار هەیە لە كوردستان, بەشداریان كردووە لە ئەنفال, بەشداری ئەو هەڤاڵانە دەكەم كە داوایان كرد بدرێن بە دادگا, حەقە بدرێن بە دادگا, بەڵام پێش ئەوەی بدرێن بەدادگا, حەق وایە ئەوانە لە مەسئولیاتی حزبی و حكومی دووربخرێن, گوناحە ئەمڕۆ موراجەعەی دائیرەیەك بكەین یەكێك بەشداری كردووە لە كارەساتی ئەنفال, مەسئولی دائیرەك بێت, یاخود لە دەزگایەكی حزبی بێت, یان لە دەزگایەكی پێشمەرگایەتی بێت, چ لە كوردستان بێت, چ لە عێراق بێت, پێش هەموو شتێك ئەوانە دوور بخرێن لە پێش چاوی خەڵك, خەڵك بێزارە لە بینینی ئەوان لە كوردستان, كیفایەتە عەفوو كراون, سەقافەی تەساموحە لەكوردستان, ئەوە كارێكی چاكە, بەڵام بەوەش نا ئەمڕۆ مەسئولیەتی وەرگرن لە پێش چاوی خەڵكی ئەنفال كراو, یان خەڵكی كوردستان, دیارە لەبەرامبەر ئەوەش حەق وایە سوپاسی ئەو خەڵكانە بین, ئەوانەی كە هاوكاری كەس و كاری ئەنفالكراوەكانیان كردووە لە رۆژانی تەنگانە, بەتایبەتی خەڵكی هەولێر, دەوروپشتی هەولێر, بەحركە, كە هەزاران خەڵكی بادینان ئەنفال كران لە 1988 هێنایان بۆ بەحركە و دەورو پشتی هەولێر, لێرە كەس و كاری ئەنفالكراوەكان خەڵكی هەولێر ئەو وەختە دەورێكی چاكیان هەبوو, خاڵێكی تر/ دیبلۆماسیەتی كوردی و دەوری دیبلۆماسیەتی كوردی, بەداخەوە رێكخراوە بیانیەكان كە ئەوكاتە دەوریان نەبوو وەكو پێویست لەبەر رژێمی دیكتاتۆریەتی عێراق, لەبەر هەر هۆیەك بێت, حەق وایە ئەمڕۆ دیبلۆماسیەتی كوردی چ بەرێگای حزبەكانەوە بێت, چ بەرێگای سەفارەتەكانەوە بێت, مولحەقیاتی سەقافیان هەیە لەسەفارەتی عێراقی, حەق وایە وەكو دیراسە بدرێت بەو مولحەقەتانە, لەوێش بڵاوبكرێ كە ئەمە تاوانێكی زۆر گەورە كراوە, وەكو ئەوەی كاك جەمال ئیشارەتی پێدا, جولەكەكان چۆن ئیستیفادەیان كرد, بەدەیان ملیۆن دۆلار تا ئیستاش وەردەگرن, یەعنی مەبلەغی خەیالی وەردەگرن, دەهان ملیۆن دۆلار لەئەڵمانەكان وەردەگرن لەسەر ئەو تاوانانەی كەكراوە بەرامبەریان, ئێمەش پێش هەموو شتێك پێویستە داوا لە دەوڵەتی عێراقی بكەین, داوای لێبوردن لەخەڵكی كوردستان بكات, جگە لەوەی داوای قەرەبووكردنەوەش بكەین تا دەهان ساڵی تر خەڵكی ئێمە بێ بەش نەبێت لە داهاتی عێراق, جگەلەوە ئێمە خۆمان لە حكومەتی هەرێمی كوردستان, لەبودجەی خۆمان, لە بودجەی تەكمیلی, میزانیەكمان هەبێتن تەفعیلی وەزارەتی ئەنفال بكرێت وەكو موئەسەسیەكی حكومی لەسەر ئەساسێكی راست و دروستی زانستی خەدەمات پێشكەش بكرێ, لەڕووی كۆمەڵایەتیشەوە كێشەكانیان چارەسەر بكەین, یاسای چاكیان بۆ دەربكەین كە تایبەت بۆ ئەوانەی كە خەڵكی ئەنفالكراوەكانن كەدەهان كێشەی كۆمەڵایەتیان هەیە ئەمڕۆ, حەقە ئاورێك لە كێشەكانیان بدەین, جگەلەوە, دەوری ئیعلام و ناساندنی كارەساتی ئەنفال لەڕووی ئیعلامیەوە بەردەوام هەوڵی ئەوە بدرێ دەزگای ئیعلامی كە ئەو كارەساتە لەبیری خەڵكی كوردستان نەبات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت منەوە، داوا دەکەم دوو دەقە زیاتر لەوەی کە ئیشارەتان پێدا، بدەن بەمن، چونکە من وەکو ئەندام پەرلەمانێك، وەکو کەسێکی ئەنفال بووم، لێرە پێش هەموو شتێك دەست خۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە بەحەقیقەت ئەوە بۆ سێیەمین جارە لەم ماوەیە بۆ ئەم یادە دابنیشێ، ئەوەش مانای ئەوەیە کە بەتەواوی خەمخۆری میللەتی خۆیەتی، ئەوە یەك، دوو/ ئیشەکەی خۆیەتی، دەست خۆشی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، بەتایبەتی وەکو کارە باشەکان، کە هەڵساوە بەدانانی بەردی بناغەی 1100 خانوو بۆ بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفالی مەنتیقەی گەرمیان و چەمچەماڵ و کفری، بەحەقیقەت خەمخۆری وەزارەتی ئەنفال و شەهیدانیش وەکو کۆنگرەی بەجینۆساید کردن، ئەوەی کە پێی کراوە کردوویەتی جێگای دەست خۆشییە، من لێرە حەز دەکەم ئیشارەت بەدوو خاڵ بدەم، یەکەم/ ئەو بەیانەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەری کردووە لەلایەن لیژنەی یاسایی خوێندراوە جێگای دەست خۆشیە و خاڵ بەخاڵ پشتیگری دەکەین، ڕەنگە لەچوارچێوەی ئەو خاڵانە بسووڕێتەوە، بەلاّم لەسەر خاڵی پێنج و شەش بە حەقیقەت ئەوە جێگای ئەوەیە کە ئیشارەت بە خاڵێك بدەم ئەگەر مەجالم بدەن، بەشێوەیەك ئیسپاتی ئەوە بکرێ کە چۆن خەڵکی ئێمەیان قەتلی عام کردووە، خەڵکی زۆرمان کە ناسیار بەعام یەکێك لەوانە کە من دایك و باوکی خۆمی لەگەڵدابووە، ڕۆژێکیان حەجاج و کازم کە دوو سەربازی سەر بە ئەمنیەتی بەناو خەڵکەکان گەڕان، 24 خەڵکی بەتەمەنی، ئاخیر بەتەمەنی و هەموویان دەرکرنە دەرەوە، ئینجا لەدەرێ حەوشی سیجنەکە بەرامبەر خۆرەتاوی بەیانی دایناناون، هەر لە سەعات 8 بەیانی تا 12 نیوەڕۆ بەرامبەر خۆرەتاوی ئێواران هەر لە 12 نیوەڕۆ تا ئێوارە بەبێ ئەوەی بهێڵێ یەك پەرداخ ئاویان بدەنێ، هەژدە کەس لەمانە شەهید بوون، پاش مردنیان بە عارەبانەیەکی ئیعتیادی ئەم هەژدە کەسەیان بردووە، پەنجا مەتری ئەولای سجنەکە کەمێك خۆڵیان هەڵداوە و خستوویانە ژێر ئەرزەوە، پاش کەمێك حاشاك سەگی دەورو پشتی سجنەکە هاتوون لەبەرچاوی کەس و کارەکانیان قاچ و دەست و سەروچاوی ئەم شەهیدانەیان خواردووە، ئیشارەتە بەوەی کە تۆ چۆن کۆمەڵ کوژی کراوی، حاڵەتێکی تر هەیە کە ئێمە لە 2007/6/24 شاندێك وەکو شاندی پەرلەمان و شاندی حکومەت چووینە بەغدا بۆ ئەوەی ئامادە بین لە مەحکەمەی عەلی کیمیایی و سوڵتان هاشم، مەحکەمەی عولیای عێراقی بڕیاریاندا بە ئەمری ئیعدامی ئەمانە، بەلاّم تاکو ئێستا کێ ماوە، دوای وەرگرتنی ئەو هەموو ئیفادە و مەحکەمە جینۆساید و قەتلی عام ناسرا، لێرە پرسیارەکە ئەوەیە لە دوو جێگا بۆچی سەرۆکایەتی عێراق و سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق بەدواداچوونێکیان نەکردیە، زەغتێك بکەن کە ئەمری ئیعدامی ئەوانە بکرێ، دوو/ حەقیش بوو کە سەرکردایەتی کوردی زەغتی بۆ سەرۆکایەتی عێراق دروست بکات، بۆ ئەوەی ئەمری ئیعدامی ئەوانە دەربکرێ، یان بۆ جێبەجێ کردنی حوکمی ئیعدامیان، یان بۆ زیاتر ناساندنی قەزەیەکە بە جینۆساید، داوا لەپەرلەمانی کوردستان دەکەم ئەمڕۆ شوێن دەستی دیار بێت، داوا لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەکەم بەڕەسمی داوای لێبوردن بکات لە گەلی کوردستان، بۆ ئەو کارەساتەی کە بەدەست دڕندانی پێشووە و بەسەرمان هاتووە، هەندێ پێشنیاریشم هەیە، یەك/ مووچەی شەهیدان و ئەنفال، هەرچەندە جەنابی

سەرۆكی پەرلەمان باسی كرد, هەتا قەرەبوو دەكرێتەوە بمێنێتەوە, دوو/ ئەو پرۆسەیەی كە ئەمساڵ دەستی پێكرد جێبەجێ بكرێ, هەروەك جەنابی سەرۆك داوای كردووە, ئێمەش پشتگیری ئەوە دەكەین كە 4/14 بكرێتە رۆژی ئەنفال كردنی گەلەكەمان, ئاورێك لە دێهاتەكانی كوردستانیش بدرێتەوە, بەنیسبەت ئەو كەسانەی كەبەر لێخۆشبوونی بەرەی كوردستانی كەوتوون, لەبەرچاوی كەس و كاری ئەنفال پلە و پایەیان پێ نەدرێ, ئەگەر شمولیشی كردبن, مەجالی دادگای عولیای جنیائی بدرێ, كە داوای كردن ئەوانە رەوانەی دادگا بكرێن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستی قسەكانی من زۆربەی كرا, من نامەوێ قسەكان دووبارە بكەمەوە, بەتایبەتی قسەكانی بەڕێز كاك جەمال یوسف, بەتەواوی پشتگیری دەكەم و تیكراری ناكەمەوە, تەنها ئەوانە دەڵێم كە ئەو دەقەی لێرە خوێندراوە دیارە یادكردنەوەی ئەوساڵمان فەرقێكی هەیە لەگەڵ رابردوو, ئەو دەقەی كە خوێندرایەوە, هەرچەندە دەبوایە دەقەكەمان لەبەر دەستی بوایە, بەڵام ناوەڕۆكەكەی بەڕاستی ناوەڕۆكێكی باش بوو, ئێمە دەمانەوێ هەنگاوێك بچینە پێش, لەبەڕەسمی ناساندنی حەملەی ئەنفال, بەحەملەی جینۆسایدی كورد لەسەر ئاستی دنیا و لەسەر ئاستی عێراق, كە بەڕاستی ئەو مەوزوعە زۆر شتێكی گرنگە, مەفروزە لە چوارچێوەی دەق, لەو رۆژەی كە موناقەشەی لەسەر دەكرێ, دەربچێت لایەنی پەیوەندیدار ئیشی جدی بكات لەسەر ئەو مەسەلەی, ئیمكانیەتی باش و مادی و مەعنەوی تەرخان بكات بۆ ئەو مەسەلەیە, چ لە ئیمكانیەتی مادی, چ لە هەوڵدان بۆ كۆكردنەوەی خەڵكی پسپۆڕ و شارەزا و یاساناس, كە ئیش بكات لەسەر ئاستی دنیا لەگەڵ یوئێن, لەگەڵ ئیتیحادی ئەوروپی, لەگەڵ مونەزەماتی ئینسانی لەسەر ئاستی دنیا بۆ بەڕەسمی ناساندنی ئەو رۆژە بەجینۆساید بۆ گەلی كوردستان, بەڕاستی كۆمەڵێك ئیلتیزاماتی ئەخلاقی دەخاتە سەر كۆمەڵگای دنیا, كە پێم وایە لە ئایندە بەخێرێكی ئێجگار زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئایندەی سیاسەتی كوردستان, بۆ ئایندەی خەڵكی كوردستانیش, بەرای من دەبێ لە چوارچێوەی دەق دەرچیت كە لایەنی پەیوەندیدار و پەرلەمانی كوردستان موتابەعەی ئەوە بكەن, ئیشی لەسەر بكاتن, بۆ زیاتر بە پراكتیز كردنی ئەو بڕیارانەی كە دەردەچن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئاشكرایە رۆژەكە دیرۆكییە, رۆژا یاد كرنا تراژیدیا دیژورا دژی جینۆسایدە دەرحەقی گەلی كوردستان هاتیە كرن, ئەو بەیانە بەناڤێ پەرلەمانی هاتیە خوندن, گەلەك جێی خۆییدایە, ئەز زۆر هاتیە كۆڤە ئەو بەیانە ئاراستە كریە بۆ عێراقا فیدراڵ, ناڤ دەولەتی, وە ئەن دگەلدداینە, پشتەڤانی دەكەین, ناڤ هاتن, راستە ئەڤ كوردین, و هەر خۆش و نەخۆشی گەلی كوردە, وەختی ناڤ هاتن مە دگەلدداینە, وی ناڤێ خۆ دەینین, مادەم دگەل كوردستان, ئەن گوتی كورد پشتەڤیش كوردە, بەس وەختە دەبیژن كوردەت فەیلی, كوردە دەڤەری جافایەتی, كوردە بارزانی, كوردە بالیسانی, ئەن كوردە ئێزیدی رێز لێنانەكە وەكو دەسكە

گوله سەر جەنازەی شەهیدی ئەنفالە, دەسکەیەکی وی حازر کربوو رێندایەن و ی دەسکە گولێك حازر بوویە و راوانە بکرێ سەر گۆڕی شەهیدان, یان پەسەری مە هاتی, یان پەسەری گەلی کوردی هاتیەو زێدە, ئەز پێشنیار دکەم, ئەڤ دەڤەیە خوارێ بێتە زێدە کرن, وەکو بەیانەکەش بە عەرەبی هاتیە, ئەزیش بەعەرەبی دخونم (اقدام النظام على تغير الهوية القومية لكورد اليزيدين عام 1977, و عمل على تشويه و مسخ ديانتهم التوحيدية عريقة و هدم قراهم, وترحيلهم منها و واسكانهم بالمجمعات القسرية و الاستحواذ على أراضيهم و جلب عشائر مواد اسكان في قرى يزيدين في ديمقراطى), ئەز پێشنیار کەم ئەڤەش بچتە ناو بەیانەکە, ئەڤە دیکیۆمێنەتەکە, بۆ مەحەفەلی نێو دەولەتی, وەگەلەك تێرن بنگێل لالێش, کورد بۆ چاوان, ئەمەنیش نەوان کوردی, بۆیە ئەو رۆیە نێتە دیتن, ناو مەحفەلی نێو دەولەتی, حەزکەم ئەڤەش بێتە ئاخافتن و سوپاس.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی زۆربەی قسەکانم دووبارە نەبنەوە, پشتگیری تەواوم بۆ قسەکانی کاك جەمال یوسف هەیە, بەلاّم ئێمە بۆ یاداشت نامەیە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی حکومەتی عێراقی هات, رەنگە شتێکی تر هەبێت ئێمە بتوانین قسەی لەسەر بکەین, بەڕاستی دەبێ تەئکید لەسەر ئەوە بکەین کە حکومەتی خۆشمان, حکومەتی هەرێمی کوردستانیش باشتر ئیش بکات, چونکە لە کۆتاییەوە هەموو ئەو کارانە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی هەڵبستێ, لەبەر ئەوەی فشارێکی تەواو لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکەین, بەرنامەیەکی تەواو و روون و باشی هەبێت بۆ کارکردنی لەسەر ئەم مەسەلەیە, لەبەر ئەوەی کەس و کارانی ئەنفالیش کە لێرەن و بۆشیان نییە قسەبکەن, بەلاّم پێش ئەوەی دەست بە کۆبوونەوەکەمان بکەین, ئێمە لەگەڵیان دانیشتووین, کۆمەڵێك داواکاریان هەبوو, دەتوانین هەر بەناوی ئەوانەوە, لەبەر ئەوەی من خۆم پشتگیری قسەکانیان دەکەم, هەمان رەئی ئەوانم هەیە, بۆ خوێندنەوەی بابەتەکەیان قسەی لەسەر دەکەینەوە, یەك لەو داواکاریانە دەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی روون و ئاشکرای نییە, لەهەموو دام و دەزگاکانی بۆ یادکردنەوەی ئەو رۆژە, هەم لە دەزگاکانی راگەیاندن, هەم لەدەزگاکانی حکومەت, لە زانکۆکان, یەك لەوانە کە باسیان کرد, وتیان بڕۆ لە زانکۆ هەرچەندە یادی ئەنفالە, بەلاّم دەهۆڵ وزوڕنا هەبووە و شایی و هەڵپەرکێ هەبووە, هەر ئەمە وای کردووە کە خەڵکە تۆزێ هەست بەبێ رێزیەکە بکات, کەم تەرخەمەیەك لەلایەن خەڵکەوە, لەبەر ئەوەی پێویست بەوە دەکات حکومەت بەرنامەیەکی باشی هەبێت بۆ یادکردنەوەی ئەم رۆژە, داواکاریەکی تریان کە هەرچەندە باس کراوە, بەلاّم تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە, هەرچەندە کۆمەڵگای ئێمە لەسەر عەدالەتین و لەگەڵ ئینتیقام نین, بەلاّم ئەو هەموو بەخشین و ئیمتیازاتانە, بەتایبەتی ئیمتیازات بەو خەڵکانەی کە

له پرۆسەکانی ئەنفال بەشداریان کردووە لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت وەریان گرتووە, ئەم جارێکی تر ئەمە بێ رێزێکی زۆرە بەرامبەر بە کەس وکاری ئەنفال, لەبەر ئەوە ئێمە دەتوانین تەئکید بکەینەوە لەسەر حکومەت, بەڕاستی تۆزێ بەرنامەیەکی روونی هەبێت بۆ ئەم ئیمتیازاتدانە بەم خەڵکانە, و تۆزێ رێزگرتن لە بەخشینی ئەم ئیمتیازاتانە بەم خەڵکانە, یەکێکی تر لە داواکارییەکانیان, ئێستا دیارە لە وەزارەتی شەهیدان بڕینی مووچەیە لە بەشێك لەم خەڵکە, ئەمەش بەڕاستی دەبێ لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان باشتر قسە لەسەر ئەوە بکرێ, بزانین ئەم مەسەلە بۆچی بووە بە مایەی گلەیی ئەم خەڵکە؟ داواکاریەکی تر, ئەم گەنجانە, یان ئەو کوڕ و کچانەی کە هاتبوون, داوا دەکەن دەڵێن تا ئێستا هەر هەبووە بەردەوام خوشکی شەهید, من لەبەر ئەوەی خوشکی شەهید بوومە وەختی خۆی هاوکارییەك دەکرام, بەلام دیارە ئێستا بەناوی ئەوەی کە کوڕیش ئەنفالە, یان کچیش ئەنفالە, هاوکاریان ناکرێ, رەنگە هەم لەڕووی مادییەوە, چونکە خەڵکێکی هەژارن, هەم لەڕووی مەعنەویشەوە, ئەبێ هەوڵ بدەین ئەوە بگەڕێتەوە بۆیان, شتێکی تر, کە زۆر گرنگە, هەر سەیرکردنی خەڵکەکە بە ژن و پیاوەوە, بەتایبەتی ژنەکانیان پاش بیست ساڵ کە تائێستا رەش پۆشن و جلی رەش لەبەر دەکەن, ئەمە دەلیلە لەسەر ئەوەی ئەم خەڵکە تا ئێستا لەگەڵ ئەم کارەساتە دەژێ, تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەم کارەساتە لەبیر بکەن, بەڕاستی زۆر پێویستە ئێمە داوابکەین کە سەنتەرێکی تایبەت بۆ چارەسەری دەروونی و رزگارکردنی ئەم خەڵکە لەم حاڵەتانە بکەینەوە, ئەمەش بەڕاستی دەبێ دیسان فشارێك بخرێتە سەر حکومەت, بۆ ئەوەی بتوانێ سەنتەرێکی ئەوها بکاتەوە, لەکۆتایی هەموو شتێك کە چەند دووبارە کراوەتەوە, دەبێ رێزێکی زۆرتر و حورمەتێکی زۆرتر بۆ ئەم خەڵکە بگەڕێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش لەگەڵ سەرۆکایەتی دانیشتین, پێش ئەوەی بێینە ئێرە, هەر بۆیە دواکەوتین, ئاماژەشم پێکرد, پشتگیریشمان کرد لە داواکارییەکانیان, هەندێك لەداواکارییەکانیشی لە بەیانەکە هاتووە, پێشمان وتن بەپێی ئیمکان قسە لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت دەکەین, هەر کەسێك خەزمەتی کەس و کاری شەهیدان بکات, ئەنفال بکات, گەورەییە بۆ خۆی, منەت نییە, کەس منەتی لەسەر ناکاتەوە, لە ئێمەوە تا دەگاتە حزبەکان و لایەنەکانی تر, واجبە ئەگەر چی بۆ بکرێ منەت نییە, ئەگەر چیش نەکرێ, لەنیەتی صافەوە چ نەکرابێ, ئەوە دەبێ تێبگەین و هەوڵ بدەین ئەسبابی دەسەلات بڕەخسێنین, بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵ بدات, کاك حەمە رەشید, فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری تەواوی ئەو بەیانەی سەرۆکایەتی دەکەم لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی, بەلام پێم خۆشە ئیزافەی شتێکی بۆ بکرێ, هەر مانگی سێ یەکێتی پەرلەمانتارانی عەرەب لە هەرێمی کوردستان کۆنگرەیان بەست, یەکێك لەو دەستکەوتانەی کە ئێمە دەستمان کەوت, ئەوەیە کە ئەو پارەی هەندێ لەو راستیانەی کە لەهەرێمی کوردستان وەکو ئەنفال و کیمیاباران بوو و باسی لێوەکرا, بۆیە پێم باشە ئەمە ئاراستەی یەکێتی

پەرلـەمانتارانی عـەرەبیش بکـرێ, خـاڵێکی تـر کـە حـەز دەکـەم ئیشـارەتی پێبـدەم, ئەمـە کارەسـاتێکە لەیادەوەری نەتەوەی کوردا هەمیشە زەرورە بە زیندوویی رابگیرێت, هـەموو سـاڵێك گـەش بکرێتـەوە, کـاك جەمال ئیشارەتی بە شتێکدا  کە لە قوتابخانەکانە, منیش پیشتگیری ئـەو دەکـەم, هـەر لەسـەرەتایەوە تـاکو زانکۆ بەشێك دیاری بکرێ بـۆ گێڕانـەوەی بەسـەرهاتی ئەنفالـەکان, جگەلـەوە وەختێـك کـە ئـەمڕۆ دانـراوە 14ی مانگـە بـۆ یـادی ئەنفالـەکان, چـاك وایـە کـە دەرسـی یەکـەم, وانـەی یەکـەم, هـەموو قوتابخانـەکان لەسـەرەتاییەوە تـاکو زانکۆکـان تـەرخان بکـرێ بـۆ گێڕانـەوەی یـادەوەری نەتەوەکـەمان, بـۆ ئـەوەی زیـاتر بەقوەت بێت, جگە لەوەش من پشتگیری لەوە دەکەم کە دەبوایە ئێمە ئـەمڕۆ ماتـەمیمان پێوە دیـار بوایـە, هێمایەکی ماتەمینی هەڵبواسرابایە, جگەلـەوەی ئـیتر خزمـەت کردنـی کـەس و کـاری ئـەنفالکراوان شـتێکی چاکە و ئەرکێکی حکومەتە, ئەم پەرلەمانە حەقی خۆیەتی زەخت بخاتە سەر حکومـەت بـۆ ئـەو شـتە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا ناوی نەنووسی بوو, کارێکیشی هاتە پێش و داوا دەکات بڕوا, بەڵام رەخنەیـەکی لێگرتـووین, وتـی من بە موشاغب ناوم بردوون, هەرچەندە وتم سوعبەتە, ئێستاش دەڵێم سـوعبەتە, پەرلـەمان بـە ئەنـدامی موشـاغب بـەڕێوە ناچـێت, یـەعنی دەبـێ کەسـێك هـەبێتن, بـەزەقی نـین و نیـوەی ئەنـدام پەرلـەمان وان, هەندێجار خۆشم وابم بەلاَم جێگایەکەم ناهێڵێ, بۆیـە ئەگـەر دڵـت پـێ شـکابێ داوای لێبووردنـت لێدەکـەم, بەئەو جۆرە نەم وتووە کە خەڵك بەکاری دەهێنێ, کە موشاغیبە, کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەگەر سەیری ئایدۆلۆجیای بـەعس بکـەین, ئایـدۆلۆجیای بـەعس لەسـەر جۆرێـك کـاری کـردووە کـە بەردەوام یەك رەنگی و بێ دەنگی کۆنتڕۆل کردنە, دەرئـەنجامی ئـەو تێگەیشـتنە هـەموو ئـەو کارەسـاتانەی کورد لەوێ بووە, ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کـاری کۆمـەڵ کـوژی, بەڕاسـتی دەبـێ بگەڕێینـەوە بـۆ بـەکارهێنانی چـەکی کیمیـایی لـە 74 لەهەڵەبجـە و قـەلاَدزێ بـەکارهات, و چـۆڵ کردنـی گونـدەکان لەسـاڵی 1997 تەشدیدێکی حدودی ناوچە سنووریەکان چۆڵکران, کاولکران, سەرجەم ئەو شوێنانەی خەڵك بـوون، کـانی و باخ و خەڵکان هێنان ناو بۆردومـان کردنـی ئـەوە جۆرێـك بـوو لـە کۆمـەڵکوژی و جینۆسـاید کردنـی گـەلی کورد, دواجار دەگەڕێینەوە بۆ فەیلییەکان و بۆ بارزانییـەکان, لەساڵی 1986 رۆژە رەشـەکانی کـورد, رۆژی کیمیایی دەست نیشان دەکرێ کە چەکی کیمیایی بەکارهات, من خۆم وەکو یەکێك لەناو

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

28 کەس ماوە قسەی بکات, فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوانەی کە قسەشیان نەکردووە, من دڵنیام هەموویان پشتیوانی لەکەس و کاری ئەنفال دەکەن, هەریەکێك لە ئێمە ئەگەر مێژووی ڕەشی حکومەتی بەعس بخوێنینەوە باسی بکەین, دەتوانین نامیلکەیەکی لەسەر بنووسین, بەڵام ئێمە با شتێك بکەین بۆ کەس و کاری ئەنفال, کە بەڕاستی بتوانین ڕاستەوخۆ هاوکاریان بکەین, من لەو ڕۆژانەدا سەردانێکی مەیدانیم کرد بۆ ناوچەی چەمچەماڵ لەگەڵ ئەندامی بەڕێز کاك فاروق کەریم, چەمچەماڵ سێ هەزار واریسی ئەنفالی تێدایە, هەزار و حەوسەد کەس لە واریسی ئەنفال زەویان وەرگرتووە, هەزار و سێ سەدیان تاکو ئێستا زەویان وەرنەگرتبوو, لەم 3000 وارسە 705 ژن مێردەکانیان ئەنفال کراوە, خۆ ئەگەر مێردەکانیان لە ژیاندا مابان, یان تاجیر دەبوون, یان قائید دەبوون دەیانتوانی هەموو ژیانیان بۆ دابین بکەن, لەڕۆژی 10 ی مانگیش لەگەڵ بەڕێزان کاك عادل محمد امین و کاك بارزان محمد, سەردانی ناوچەی کەلارمان کرد, 34 واریسی شەهید لە قەزای دەربەندیخان هەیە, 822 واریس لەقەزای کەلار هەیە, 740 واریس لە رزگاری هەیە کە پێی دەڵێن سمود, 504 واریسی ئەنفالیش لەقەزای کفری هەیە, سەرجەم 206 کەس واریسی شەهید هەیە لە دەڤەری کەلار, جگەلەو 43 خێزانەی کە لە دەربەندیخان هەیە, 3000 هەزار وارسیش هەیە لە قەزای چەمچەماڵ هەروەك ئاماژەم پێکرد, مەجموعی دەکاتە 5100 واریس, ئەو شوێنانەش کە ئاماژەم پێکرد زۆرترین ژمارەی کەس و کاری ئەنفالی تێدایە, ئەمساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان 601 خانووی دابین کردووە, بۆ هەر خانوویەك 22000 دۆلار لە دەڤەری چەمچەماڵ, 379 خانوو بۆ رزگاری, 120 خانووش بۆ کفری, 24200000 ملیۆنی بۆ دابین کردوون, ئەوانەی تر کەماون 88 ملیۆن دۆلاری دەوێ, من پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان پێش ئەوەی بودجەکە پەسند بکەین با ساڵانە بڕێك پارە بۆ کەس و کاری ئەنفال دابین بکرێ, ڕاستە حکومەتی عێراق هەموومان دەزانین من ئەندامێکم لە لیژنەی دارایی, بودجەی عێراق کە حیساب کراوە 58 ترۆلیۆن و 111 ملیار دینارە, 14 ترۆلیۆن و کەسرێکی بۆ نەفەقاتی سیادی ڕۆیشتووە, بڕگەیەك لە بڕگەکانی نەفەقاتی سیادی قەرەبوو کردنەوەی دەوڵەوتی کوێتە کە عێراق داگیری کردووە, لە 17٪ لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەڕوات کە خەڵکی کوردستان پێی خۆش نەبووە, دەوڵەتی کوێت داگیر بکات, ئێمە ماڵ وێرانیش کراوین, بۆچی حکومەتی عێراقی قەرەبوومان نەکاتەوە؟ بۆچی لە بودجەی عێراقی قەرەبووی کەس و کاری ئەنفال نەکرێتەوە؟ بەڕاستی من لێرە پێشنیار دەکەم وەکو ئەندامی لیژنەی داراییش بودجەیەك دیاری بکرێ, لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەوها بە هێواشی قەرەبووی کەس و کاری ئەنفال بکەینەوە, بە پێنج ساڵیش خانووەکانیان بۆ ناکرێ, ئەوە 20 مین ساڵە تێپەڕی 1100 خانوویان بۆ کراوە, داوا دەکەم و دووبارەی دەکەمەوە لە بودجەی خۆمان ساڵانە بڕێك پارە دابنێین بۆ ئەوەی کەس و کاری ئەنفالەکانیان پێ قەرەبوو بکرێتەوە, چونکە شایستەی لەوە زیاترن, ئێمە لێرە بە هیمەتی ئەوان بووینەتە ئەندام پەرلەمان, ئێمە لێرە کە هەر شتێك بکەین بەڕاستی ئەگەر کەس و کاری ئەنفال نەبان, ئەگەر پێشمەرگە نەبان, ئەگەر شەهید نەبان ئەم هەرێمەی کوردستانە ئێستا دروست نەدەبوو, لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك داواکاریشیان گەیاندۆتە دەستی من, ئامادەش بووم بەزمانی کوردی بخوێنمەوە, بەڵام ئەو داواکاریانەی کەس و کاری ئەنفال هەیانبوو ئەندامە بەڕێزەکان باسیان کرد, بۆیە

**کاتتان لێناگرم, زۆر سوپاس, هیوادارم پێشنیارەکەمان قبوڵ بکەن لە بودجەی هەرێمی کوردستان بڕێک پارەیان بۆ دابین بکرێ, بۆ ئەوەی راستەوخۆ ئیشیان بۆ بکەین نەک بە قسە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سوپاس, دەستان خۆش بێت بۆ ئەو ماندبوونەی کە کردووتانە, سەردانی ئەو ناوچانەتان کردبوو, راپۆرتەکەشم خوێندەوە, نوقتەکانیشی تێدایە, هەر دوو نوقتەت بەبیر بهێنەمەوە, لەنەتیجەی زەختی ئێمە 5 ملیۆن دۆلار تەخصیص کرا بۆ ئەو ناوچانە و سەرفیش کرا بەڕاستی, ئەوساڵیش لەگەڵ حکومەت قسەمان کردیە, لەمیزانییە بەشێك تەرخان بکەن بۆ ئەو ناوچانەی کە زیاتر زیانیان لێکەوتووە, لەوانەش ئەنفال و کیمیاباران بوونە, دەستت خۆش بێت, مەسەلەی کوێت, ئێمە ئەو ئیشانەمان بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئاستەی وەك کوێت ببێتە بڕیار, قەرەبوو کردنەوەی کوێت بەبڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانە, لەوێ کە بڕیار دەرچووە فەرزی کردووە لەسەر حکومەتی عێراق, قەرەبووی زیانی کوێت بکاتەوە, ئەو حکومەتەش مولزەمە بەوە, ئینشاالله ئەگەر قەراری ئێمەش بوو بە قەراری ئەنجومەنی نوێنەری عێراق دواتر لەنەتەوە یەکگرتووەکانیش جێگای خۆی گرتەوە هەموو لایەك مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و قەرەبوو دەکرێتەوە, کاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سەرەتا بەپێویستی دەزانم, دەست خۆشی لە مامۆستا سیدکاکە بکەم و سوپاسی بکەم, لەبەرئەوەی توانی لە موناسەبەیەکی ئەوها گەورە و بەعەدالەت باسی رۆڵی هەندێ بنەماڵە بکات, وەکو بنەماڵەی ئەسعدی فەتاح ئاغای هەرکی لە بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان, خاڵی دوو/ لەحەمەلاتی ئەنفال ئەوەی زۆر سەرنجم رادەکێشی, وەکو باحسێکی فەرەنسیش بۆی چووە, لێدانی بادینان بە چەکی کیمیایی, ئەو لێدانە دوو دەلالەی هەیە, یەکەم/ لێدانی بادینان پاش لێدانی هەڵەبجە بووە و ئەو ئیعلامیەی کە لەپاشی دروست بوو, واتە دەلالەی یەکەم ئەوەیە کە صەدام یان رژێمی پێشوو دەیزانی ئەو جەریمەی پێ تەمدید دەکرێ و نیشانەی ئەوەش کە زۆر لە دەوڵەتان و شەریکەکان بەشدار بووینە لەو تاوانانە, بۆیە رژێمی پێشوو دەیزانی تەمدیدی دەکات, دووەم/ لێدانی بادینان بە چەکی کیمیایی, پاش وەستانی شەڕی ئێران و عێراق بووە, لەڕووی عەسکەری هیچ پێویستی پێنەبووە, چەکی کیمیایی بەکاربهێنێ, بەلام بۆ بەکاری هێنا؟ لەبەر ئەوەی حەقدێکی رەشی پیسی دژی گەلەکەمان هەبووە, یەعنی بەڕاستی کە بیر لەو نوقتەیەی دەکەیەوە, پیاو هەست بە شەرمەزاری دەکات ئەوەی لەگەڵ یەکمان کرد پاش ساڵی 1991, لێرە پرسیاری ئەوە دەکرێ, چ بکرێ بۆیان باشە؟ کە فاتیحە بۆیان دەخوێنین, من پێم وایە کیفایەت نییە, کە دەقیقەك هەڵسان بۆیان ئەمەش شتێکی باشە, بەلام کیفایەت نییە, ئەو رۆژانەی کە دابینی دەکەین بۆ یادەوەریان, هەم شتێکی باشە, بەلام دیسان کیفایەت نییە, لەگەڵ پشتگیرم بۆ هەموو ئەوخالانەی کە لەبەیانەکە هاتووە, چەند پێشنیارێکی ترم هەیە, یەکەم شت ئێمە دەبێ هەموو شتێك بکەین, بۆ ئەوەی جارێکی تر**

میللەتەکەمان رووبەڕووی ئەو جۆرە تاوانانە نەبێتەوە, دوو/ دەبێ هەموو شتێکیش بکەین, هەموو ڕێکارێك بگرینەبەر, بۆ ئەوەی لەبیری نەکەین, واتە بەتایبەتی لیجنەی پەروەردە, ئەوە بکاتە دەرس, سێ/ پێم شتێکی زۆر سەلیم نییە تەنیا ئەوەی مووچەیان بۆ دابین بکەین, یەعنی ئاماژە بەوە دەکەم کە تەفجیراتی بالی لە ئەندەنوسیا, ئەوان نەچوون مەعاش دابین بکەن بۆ قوربانیان, بەڵکو هەندێ پڕۆژەیان کرد, خزم و کەس و کاری شەهیدەکانیان بوونە مۆزەف, بوونە کرێکار, مووچەکانیشیان باشتر بوو, ئێمەش حەقە وابکەین, پڕۆژەیان بۆ زۆر بکەین, پڕۆژەیان بۆ دروست بکەین لەو مەنتیقانە, خزمەت گوزارییەکانیان بۆ ببەین, خاڵێکی تر/ دەبێ هەندێ ڕێکاری وا بینین, چۆنیەتی وەرگرتنی مەحافلی دەولی, من پێم وایە حکومەتەکەمان ناتوانێ بەوهەموو کارە هەڵبسێ, لەبەر ئەوەی حەجمی موعاناتەکە ئێجگار گەورەیە, بۆیە دەبێ کارێکی وا بکەین کە مەحافلی دەولی بۆ وەربگرین, پێشم وایە زەحمەت نییە, خاڵێکی تر کە زۆر بەلامەوە گرنگە, پەرلەمانی کوردستان دەبێ لیجنەیەك تەشکیل بکات, بۆ موتابەعەکردنی جێبەجێ کردنی بڕیاری مەحکەمەی عولیا, یەعنی تاکو ئێستا کەبڕیاری مەحکەمەی جێبەجێ نەبووە, پێم وایە تەحقیقی عەدالەت نەبووە,, وە عەلی حەسن مەجید و ئەوانی تر کە بەشدار بووینە, ئەگەر بێتو ئیعدام نەکرێن, تەحقیقی عەدالەت بۆ ئێمە ناکرێ, بۆ ئەو خوشك و برا و بەڕێزانە ناکرێ, بۆیە دەبێ لیجنەیەك تەشکیل بکرێ لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی بەغدا بکات, موتابەعە بکات بۆچی جێبەجێ نەکرایە؟ چونکە شتێکی قانونی نییە, ئاخیر خاڵ کەدەمەوێ باسی بکەم, پێم وایە ئەو ناوی کە بۆ ئەو وەسیقەیە دانراوە, موناقەشەشم کرد لەگەڵ برادەرانی لیجنەی قانونی لەجێی خۆی نییە, یەعنی ئێمە لێرە ئیعلان دەکەین, بەیان نامە دەردەکەین, پاش فەترەیەك ناوی لێدەنرێ وەسیقە, سوپاس.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم تەوەری باسەکە ئەوەیە, ئالیەتی ئیعتیرافی ئەوەی کە ئومەمی موتەحیدە چۆن قەزیەی ئەنفال بناسێت؟ زیاتر لەو تەوەرەی بڕۆین باشە, یەك خەلەل هەبوو لە بیدایەت, تەحالوفی دەوڵەتە یەکگرتووەکان, کە هاتن لەپاش ئیحتیلال ئەوسا رژێمیان نەدا مەحکەمەی دەولی, یەعنی ئەوە خەلەلێك بوو, ئەگەر مەحکەمەی دەولی موحاکەمەی ئەوانەی کردبا, وەکو کۆسۆڤۆ کە ئیعتیراف بەو حەقەی دەکرا کە لەپاشان تەعویزیش ئاسانتر دەبوو و حەقی تەقریری مەصریش ئاسانتر دەبوو, بەڵام ئێستا کە مەحکەمەی جینائی عولیای عێراقی 2005 لە بەندی پێنجەم کە بەو قانونەی موحاکەمەیان کرایە, راستە مەبادیئەکان و بەندەکانی 11, 12, 13 لە مەحکەمەی 1998 کە مەحکەمەی دەولیە, راستە بەندەکانی موافیقە لەگەڵ ئەو وسائیقانەی کە لە جنێف, بەڵام ئیعتیراف کردن تۆزێك زەحمەتە, هەروەها هەوڵ و کۆششی زۆری دەوێ, چ حکومەت, چ لەپەرلەمانی عێراقی بەو قەرارەی کەدیدات, لەپاشان دوو شت هەیە دەمەوێ ئیشارەی پێبدەم, کە بخرێتە ناو ئەو بەیانە, یەك/ قەراری ئومەمی موتەحیدە, کە باس لەوەی دەکات کە ئیدانەی کارەساتی حەلەبجەی کردیە, چونکە بەخۆی سێ شت هەیە, جەرائیمی زدی بەشەری, جەرائیمی حەرب, جەرائیمی لە زەمنی سلم, بەڵام حەصری کردیە ئەو ئیدانەی لێرە کەوا

ئومەمی موتەحیدە کردوویەتی, ئەوە بەڕاستی قەرارێکە ئێمە زۆر ئاگامان لێنییە, یەعنی لەوانەیە ئەو قەرارەی کەوا کرایە لە ساڵی 1988 لە 8/26 ئیشارەی پێنەکرایە, یەعنی ئەوە باشترین وەسیقەیە لەسەر ئومەمی موتەحیدە کە ئیدانەی حەلەبجەی کردیە, بۆ ئەوەی ئیعتیراف بکاتن بەکارەساتی حەلەبجەی, دوایی لەپاشان ئەو ئیعتیرافی ئەو مەحکەمەی لاهای لەهۆڵەندای کە موحاسەبەی سان فرای دەکات, ئەوەی کە لەسەر قەزییەی کیمیایی و لەسەر ئەو قەزیەی ئەو ئەسلیحەی کیمیای داوە بەو, ئەوە باشترین ئەدلەیە کە ئیعتیرافی بەوە کردیە, کە ئەنفال و ئەو ئەسلیحەی کیمیای کەوا زدی بەکار هاتووە, کەوا کۆمەڵە خەڵکێکی پێ قڕ کرایە, ئێ باشە ئەو دوو فەقەرە دەمج بکرێ بۆ ئەو بەیانە, بۆ ئەوەی تەقوییەی ئەو بەیاننامەیەی پێبکرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, بەس نەصەکەمان بدەیێ, چونکە من نەصەکەم لەبیر نەماوە, بەو شێوەی نییە کە ناوی هەڵبجەی هێنابێ, لەساڵی 1988, بەس ئەگەر ئیدانەی حکومەتی عێراقی تێدایە, بەلاّم ناوی هەڵەبجەی تێدا نییە, ئەو کات دەیانگوت لە شەڕ بەکار هاتووە, ئەگەر نەصەکەت هەبێت, ناوی هەڵەبجەی تێدا بێت زۆر گرنگە, بەس من پێم وایە ئەوەی تێدا نییە, خاتوو سۆزان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی پرسیارێك دەکەم, ئێمە پێش ئەوەی داوا بکەین لە حکومەتی عێراقی, بەدانانی جینۆساید, ئێمە خۆمان ڕۆژی 4/14 مان بە فەرمی کردووە بە ڕۆژی ئەنفال, جارێ پێش ئەوەی داوا لەخەڵك بکەین بێت دان بنێت بەو کارەساتەی ئێمە, خۆمان کردووومانە بەفەرمی, ئێمە هەموو ساڵێك یادی دەکەین, ئەگەر بمانەوێ بەڕەسمی بکەین, ئەبێ جارێ لەخۆمانەوە دەست پێبکەین بەفەرمی ناساندنی ڕۆژی 4/14 وەکو ڕۆژی ئەنفال, وەکو ڕۆژی کارەساتی ئەنفال, ئەوە دەمێك دەبوایە پەرلەمانی کوردستان بیکردبایە, خاڵی دووەم/ ئێمە باس لەوە دەکەین کە ئەوە وەسیقەیەکە, بۆ شێوازی تەعامول کردن لەگەڵ کارەسات و تاوانەکانی جینۆساید, ئەمە هیچ ئەو قوەتەی نییە, ئەمە ئیعلانێکە, ئیعلان لەسەر وەسیقەیەك, ئەمە بکرێ بە قەرار, ئەمە ئەبێ قەرار بێت, ئەمەر قەرارێك بێت لەپەرلەمانی کوردستانەوە کە حکومەتی عێراق مولزەم بکات بەم شێوەیە تەعامول بکات لەگەڵ کەیسی تاوانەکانی جینۆساید, خاڵی سێیەم/ بەڕەسمی داوای لێبوردن بکات لەگەلی کوردستان, ئەگەر بمانەوێ لاپەڕەی تازەی پێکەوە ژیان هەڵدەینەوە, ئەبێ ئەو لاپەڕەیە بەم شێوەیە هەڵبگێڕێتەوە کە داوای لێبوردن لەگەلی کوردستان بکرێ, چونکە هەتا ئێستا ئێمە دڵمان ڕەشە, با بە حەقیقەتەکە بیڵێین, دڵمان پاك نابێتەوە, لەوەی کە حکومەتێك لەبەغدا ئەوەی کردووە, هیچ فەرق ناکات ئەگەر ئێمە شەریکیش بین لە حکومەتی عێراق, شتێکی زۆر ئاساییە و زۆر ئەخلاقییە ئەگەر دان بنرێ بەو تاوانە, داوای لێبوردن بکرێ بەڕەسمی لەگەلی کوردستان, خاڵی چوارەم/ بۆیە ئیستیناد دەکەمە سەر ئەوە, ئەو حکومەتەی ئێستا لەعێراق بتەوێ و نەتەوێ, میراتگری

هەموو حكومەتەكان كە لەعێراقە حكومیان كردووە, ئیتر ئەگەر چاكەیان هەبێت, ئەگەر خراپەیان هەبێت, بافێریش بین داوای لێبوردن كردن شتێكی عەیبە نییە, ئەگەر خەڵك داوای لێبوردن بكات لەیەكێكی تر, خاڵی پێنجەم/ بەڕاستی پشتگیری ئەو برادەرانە دەكەم كە داوای دەكەن, باشە لەسەر 146 كەس یەكێكی وەكو صەدام حسێن ئیعدام كرا, بەڵام ئایا لەسەر 182 هەزار ناوی ئاشتەوایی نیشتیمانیيەوە, بۆ ئێمە باجەكەی بدەین, ئاشتەوایی نیشتیمانی بكرێ دوور لەو عەدالەتەی كە مەحكەمەی بەرز هی تاوان ئیقراری كردووە, ئەوانە با بەسزای خۆیان بگەن, چونكە رۆژ بەڕۆژ مانەوەی ئەوانە, بەبێ ئەوەی بە سزای خۆیان بگەن ئازاری دڵی هەموو تاكێكمان دەدات, لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەو لیژنەیە دروست بكرێ لە پەرلەمانی كوردستان, بەڕاستی و بەڕاشكاوانە بەدوای ئەوە بچێ, بۆ هەتا ئێستا ئەوانە بەسزای خۆیان ناگەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, تەنیا روونكردنەوەیەك لەسەر قسەكانت, ئیعلان وا زەعیف نییە وەكو خۆت دەیڵێی, حكومەتی ئەمریكا ئەو وڵاتە گەورەیە بە ئیعلانێك ئیستقلالی خۆی ئیعلان كرد, ئیستقلالی ئەمریكا بە ئیعلان بوو, بە قەرار نەبوو, ئەوە یەك, دوو/ لێرە قەرار ناسەپێندرێتە سەر ئەنجومەنی نوێنەران, ئێمە قەرارێك دەربكەین, سنوورەكە لەهەرێمی كوردستانە, لەبەر ئەوە بیكەیتە قەرار فوڕسە بڵێی من قەرارم داوە جێبەجێی بكەن, بەڵام بیكەیتە ئیعلانێك بنەمای ئەو ئیعلانە قەراری مەحكەمەی دەولییە, بنەمای ئەو ئیعلانە ئەو بەڵگەنامانەیە كە لە بەردەم مەحكەمە بووە, لەبەردەم نەتەوە یەكگرتووەكان بووە, ئێمە لێرە دانەنیشتووین تازە بۆ دابنیشین بۆ ناساندنی رۆژی 4/14 بە رۆژی ئەنفال, ئێمە دانیشتووین بۆ ئەوەی ئەو تاوانانەی كە كراوە بە جینۆساید بناسرێت لەبەر رۆشنایی قەراری مەحكەمەی جینائی, داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەكان بكەین بۆ ئەوەی دواتر بەدوای دابچین, ئەو قسانەی كە جەنابت فەرمووت هەمووی راستن, بەڵام هەمووی پاش ئەوەی دێتن كە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بیسەلمێنێ, ئەوەیش قەرارێكی وا بدات دەتوانێت بەدواداچوونی بۆ بكەین, نازناز خان نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەبەستەكەی سۆزان خان ئەوە رەئی منیش بوو لە پێشەوە, ئایا ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان بۆچی دامەزراوە, ئایا ئێمە بە فەرمی تاكو ئێستا كارەساتی ئەنفالمان بە جینۆساید ناساندو یان نا؟ جا بەهەر شێوەیەك بێت, مەبەستەكە هەمووی ئەوەیە, وابزانم دانیشتنی ئێمەش بۆ ئەوەیە, وابزانم داواكاری وەزیری شەهیدانیش بۆ ئەو مەبەستە بووە, نەك ئێمە لێرە شتێك بڵاوبكەینەوە, چونكە ئەو شتانە كراوە, بەڵام ئێستا ئێمە تەنها بەدێرێك شێوەیەك بێت بەفەرمی بیناسێنین, یەعنی ئەم كارەساتە كارەساتێكە دەكرێ ناوی لێبنێین جینۆساید, چونكە پەرلەمانی كوردستانیش دەزگایەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابت, نوقتەی نیزام نەبوو, رەئیی بوو, ناویشت نەنووسیوە و رەئیەکەتدا, بەحەقیقەت قسەکانیشت پشتگیری کردنە لە قسەکانی سۆزان خان, ئەگەر ویستت دواتر ناوت دەنووسم قسەی بکە, بۆ ئەوەی رەئیەکانت باشتر شەرح بکەی, بەلاّم مولاحەزەکەت کە لەبیدایەتەکە دا زۆر چاکە, د. شوکریە, فەرموو.

**بەرێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(بەسەر شاخی ئاراراتدا بەلاوك پیرەمێرد سەرکەوت, وتی کوڕ گەل شوێنم کەون کاتی هەڵمەت بردنە ئەمشەو), بەرێزان بەراستی من ئەمڕۆ هەرچەند رۆژێکی ناخۆشە و پڕ کارەساتە, بەلاّم لەناو هەموو کارەساتێکدا, لەناو هەموو ناخۆشیەك هەروەك لە شیعرێکی شێخ نوری صالّحدا بەدی دەکرێت, دەبێ هیوایەك بەدی بکەین, ئەو هیوایەی کە لە شیعری نوری شێخ صالّحدایە کەدەڵێ (بە پێ, بە چنگەڕنێ خەریکی هەڵمەتە، سەرکەوتنە بگاتە سەرێ), ئەمڕۆ مەسەلەی ئەنفال دەتوانم بڵێم گەیشتۆتە قۆناغێك کە لە دادگایی گشتی بەغدا بەجینۆساید ناسراوە, بۆیە من لێرەوە سوپاسی ئەو دوو بەرێزە دەکەم کە زۆر بەدڵسۆزی ئەو مەسەلەیەیان جێبەجێ کرد و ویژدانیان جولاّ, ئەوەیش مونقیز ئالفرعەونە, کەمن لەگەڵ زەمان عەبدەدا دانیشتم, دەی وت ئەگەر ئێوە چەند ساڵە ئەوەتان لەیاد نییە, من هەموو رۆژێك ئەوەم لەیادە, ئەو مرۆڤەی کە دوور لەچاوی کامیرا هاتە بالیسان و کۆمەڵێك دۆکیومێنتی لەگەڵ خۆی برد, هەروەها بۆ ئەو بەرێزەی سەرۆکی دادگا کە محمد عروێبی بوو ئەویش زۆر دڵسۆز بوو, کەواتە لەدادگای بەغدا ئەو مەسەلەیە بە جینۆساید ناسرا, سەرانی رژێمیش حکومی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە, کەواتە لێرە ئێمە دەبێ چی بکەین؟ ئەمڕۆ خێزانەکانی ئەنفال دەبێ شادمان بن بەوەی کە ئەم هەموو دێکیۆمێنتە کۆکرایەوە, ئەو هەموو شاهێدانە تا گەیشتن بەوەی کە چەندین کۆنفرانس کران, ئاخیر کۆنفرانیس مەسەلەی بە جینۆساید ناساندن بوو, لەکوردستانیش و هەنگاونان بۆ دەرەوەی وڵات, کەواتە ئێستا ئێمە گۆڵەکەمان حازر کردووە بچێتە نێودەوڵەتەوە, بۆیە لێرەدا من زۆر دڵخۆشم بەوەی کە باسی دوێنێ نەکەین, من لەوەتی هاتوومە ناو پەرلەمانەوە هەر باسی کۆن دەکەین, ئەوەندە خەڵك کوژران, ئەوەندە خەڵك لەناوبردران, ئەوەندە دێیە تێکچوو, کەواتە ئێمە چی بکەین لە ئەوروپا, چۆن ئێستا وەکو چنار خان هاتووە بۆ لیژنەی یاسایی داوای کردووە کە ئێمە بەیانێك دەربکەین, کەواتە ئێمە با جەختێکی گەورە لەو رێکخراوانەی کەوا لەئەوروپا بەتایبەتی کوردەکان, هەروەها دۆستەکانمان, هەروەها مەسەلەکەی ئێمە گەیشتووە بە لاهای, ئەو مەسەلەی (ڤان ئاندرات) کە بەهاوکاری کوردەکانی ئەوێ بوو, هێنانەوەی ئەو تاوانبارانەی کە ئێستا لەئەوروپا و لە وڵاتانی عەرەب خۆیان شاردۆتەوە, با ئێمە کار لەسەر ئەو خالاّنە بکەین, من چەند هەڵدەستم سەرۆکی پەرلەمان, یەکەم بە عەرەبی خوێندتەوە, من دەڵێم توگۆڕی باوکت, کە باوکت خەتیب بوو لە هەولێر, خوتبەی بەزمانی کوردی ئەوت, باوکی یەکەم خەتیب بوو کە تەفویمی کرد بە کوردی, من لێرە کە خەریجی بەشی کوردیم, شەرم دەکەم هەمووی بەعەرەبیە, ئەصڵەن من بەعەرەبی هەر قسەش ناکەم, جا لەبەر ئەوە ئێمە با هەوڵبدەین, ئێمە چی بکەین لەئەوروپا؟ کەسانێکی

لێهاتوو هەڵبژێرین, بەداخەوە ئەوە چەندین کۆنفرانس و خەڵك کۆدەکەنەوە, لیژنەی مافی مرۆڤ بانگ ناکەن, کەیسی ئەنفال کە بریتییە لە صبریە خان و من و گۆڵناز خان, لەهیچ شتێك ئێمەتان بەشدار نەکردووە, ئەمە گلەییەکی خۆمانە, حەقی شەرعی خۆشمانە ئەگەر باسی بکەین, کەواتە ئەگەر ئێمەش هەڵنابژێرن, ئەو پارێزەرانەی کە بەشداریان کردووە لە مەحکەمەکە بیانێرن بۆ دەرەوە, لەگەڵ ئەو کەسانەی کەوا بەو کارە هەڵدەستن, تا بتوانن قەرەبووی وەکو ئەرمەنەکان کە خۆیان حازر کردووە, وەکو هۆلۆکۆز کە خۆیان حازرکردووە, ئەوە چی نەکراوە بۆ ئەرمەن و بۆ جولەکە, کەئێستا کاك تارقیش بەدەستیەویەتی بۆتان باس بکات, کۆمەڵێك شتم هەبوو بەڕاستی بەلاّم کات نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بەتەنیا بۆتۆ تەماشای سەعات ناکەم, بۆ هەموو ئەوانە کە زیاد لە دوو دەقە قسە دەکەن ئیشارەت دەدەم, بە قسەشم دەکەن, ئەوانەی کە بەقسەشم ناکەن دەنگ ناکەم, دەزانم تۆ بەقسەم دەکەی, بۆ هەندێ کەس کە تەماشای سەعات ناکەم دەزانم بە قسەم ناکەن, بۆ ئەوەی لە جێی خۆم تەریق نەبمەوە, تەنیا مولاّحەزەم ئەوەیە, کاك فرست بۆ قسەکانی نازناز خان و قسەکانی سۆزان خان پێشتر کە قسە کرا, ئەگەر بگەڕێینەوە ئیعلانی فیدراڵیەت لە 92, لەسەر بنەمای هۆکارەکانی فیدرالیەت خاڵی پێنجەم دەڵێ (دەڵێ ئەو تاوانانەی کە دژی بەشەریەتن تاوانی شەڕن و دژی بەشەرن) بەپێی قانونی دوەلی, واتە لە 92 پەرلەمان ئەو قەرارەی داوە خۆ تازە نییە, بەلاّم ئێستا مانایەکی تری هەیە, تاوانەکە لەلایەن مەحکەمەی دەستووری دامەزراوە, حوکمی کردۆتە سەر ئەو تاوانبارانە، باکگڕاوندی بڕیارەکە ئاماژەی کردووە بەتاوانەکان, دەڵێ ئەو تاوانانە دەچێتە مەرتەبەی تاوانی جینۆساید, تاوانی بەکۆمەڵ کوژی, تاوانی شەڕی نێودەوڵەتی, بەپێی معیارەکانی نێودەوڵەتی, جاران ئەو قەرارەی خۆمان نەمان دەتوانی لەگەڵ خەڵکا بڵێین وەرە قەراری ئێمە جێبەجێ بکە, بەلاّم ئێستا کە ئیعلان دەکرێ دەڵێی وەرە ئەوە قەراری مەحکەمەی عێراقییە, ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەبێ تۆ بەیان دەربکەیت, کە ئەو دەری کرد, دەڵێ نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە قەراری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە, ئێوەش بەیان دەربکەن, وەرە ئیتیحادی ئەوروپی, ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان, ئەوکات قوەتمان هەیە, کەس ناتوانێ بڵێ نا وەها نییە, چونکە تۆ لە مەنتیقێکی قانونی باس دەکەیت, وە لیژنەکانی تر کە بەشداریان نەکردووە, ئەوە موناقەشە بووە بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان, یەعنی بەیانێك خوێندرایەوە پاشان هەموو ئەندامان موناقەشەی دەکەن, ئینجا لیژنەی پەروەردە بێت, مافی مرۆڤ بێت, لەبەر ئەوە نادرایەتە هینێکەوە, تەنیا بۆ ئەوەی لایەنە صیاغە قانونیەکە دابنرێ دراوەتە لیژنەی قانونی, ئەوەیش عوتلە بووە, بە پەلە بووە وەکو ئاماژەم پێکرد ڕۆژی جومعە دانیشتوون, بۆ ئەوەی موناقەشەی هەموو لایەك بێت, داوامان نەکرد لیژنەکانی پەیوەندیدا، بێن لێرە راپۆرت بخوێنەوە, کاك شێخ الله, فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی سەری ڕێز دادەنوێنم بۆ ئەو شەهیدە نەمرانە, بەشداری خەم و پەژارەی کەس و کاری ئەو شەهیدانەم, هەروەها من بەتەواوی پشتگیری لە ناوەڕۆکی ئەو بڕیار و ڕاسپاردانەم کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردووە, ئومێد دەکەم لەوە زیاتر گرنگی بەو بڕیار و ڕاسپاردانە بدرێت, وفود بنێردرێت بۆ پەرلەماناتی ئەوروپی, بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە کاریگەرن لە دەرەوە, توانای هاوکاری کردنی خەڵکی ئەنفالیان هەیە, ئەو ئەرکەش پێم وا نییە کە تەنیا هی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت, هەرچەندە ئەرکە ئەساسیەکە دەکەوێتە سەر شانی ئەوان, بەلاّم پێویستمان بەوە هەیە هەموو خەڵکی کوردستان, هەموو تاکێکی کوردستان هەوڵی ئەوە بدات, ئەو یادە, یان ئەو کارەساتە قەت لەبیر نەکرێ, هەوڵبدرێ موعاناتی کەس و کاری ئەو شەهیدانە چارەسەر بکرێ, سوپاس بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بڕیارەکەیان دەرچوواند کە 1100 خانوو بۆ شەهیدان دروست دەکەن, ئەوە هەنگاوی یەکەمە, ئومێد دەکەین چەندین هەنگاوی تری بەدوا دابێت, بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان و چارەسەر کردنی نیشتەجێبوونیان, چونکە ئەوانە لەهەموو خەڵك زیاتر ئێش و موعاناتیان بەسەر ماوە, چاوەڕوانی زیاتر لە پەرلەمانی کوردستان و حکومەت دەکەن, لەبەر ئەوەی زۆریش موستەحەقی ئەوەن ئاوەڕیان لێبدرێتەوە, ئەوانە تاوانیان ئیلا ئەوە بوو کە کوردن, لەبەرئەوە ئەوهایان بەسەر هات, لەبەر ئەوە پێشمەرگە و شۆڕشگێرانی کورد بوون, کەس و کاریان پێشمەرگە بوون, خەڵکیان پێشمەرگە بوون, بێ لە ئەوەش پێشمەرگە لەناویان دەژیا, جێی حەوانەی پێشمەرگە بوو, لە هەموو ڕوویەك ئەوانە عەمودی فەقەرەی پێشمەرگە بوون, هەر لەبەر ئەوەش ڕژێمی بەعسی ڕەش ئەو کارەساتە نامرۆڤانەی بەسەر هێنا, من پێموایە مێژووی گەلەکەمان پڕە لە کارەسات, پڕە لە کوشتنی بەکۆمەڵ, بەلاّم پێم وایە لەوە دەست پێدەکات لەساڵی 1963 کە ئینقیلابەکە شۆڕشی ئەیلوّلی بەعس کرا ئەو کاتە من خۆم یەکێك لەوانە بووم, بەچاوی خۆم بینیم لەیەك کاتدا 25 دێی مەنتیقەی کەندیناوە پێکەوە دەسووتا, جگەلەوەی مەنتیقەی شوان و دەوروبەری کەرکووك هەتا دەچووە خانەقین و دەهاتەوە ڕێی کۆیێ, هەموو کوردستان پێکەوە ئاگریان تێبەردا, چەندین خەڵکی بەکۆمەڵ کوژرا, زەعیم صدیق و تەها شەکرچی, چەندین مەنتیقەی کۆیە و سلێمانی و بادینان و ئەوانە هەمووی شاهێدی ئەوەن کەخەڵکی کورد لەکەیەوە دەستی بە ئەو تاوانانەی دژی دەکرێتن, لەبەر ئەوە من نامەوێ زۆر باسی ئەنفال و جینۆساید بکەمەوە, چونکە ئێمە هەموومان دەزانین, کەسمان نییە شارەزا نەبێت, یان نەزانین, یان ئەو موعاناتەمان نەبێت, بۆیە جارێکی تر من پشتگیری لە ڕەئیەکانی برای بەڕێزم کاك جەمال یوسف دەکەم لەو سەرنج و بۆچوونانەی بەتەواوی پشتگیری لێدەکەم, بەتەواویش داواکارم لەپەرلەمانی کوردستان, کە ئەو ڕۆژە هەر یاد کردنەوە نەبێت, بەدواچوونی تەواوی بۆ بکرێ, بۆ ئەوەی بتوانین ئەمە قەرەبووی ئەو زەرەر و زیانانەی لەو خەڵکە ستەم دیدەیی خەڵکی کوردستان بکەین, ئەنفال لەهەموو کوردستان کرا هەر لە زاخۆ تا دەچێتە خانەقین هەمووی ئەو موعاناتەی بینیووە, بەلاّم پێم وایە گەرمیان کوشندەی گەورەتری بەبەرکەوتووە, لەبەرئەوە زۆر پێویستە ئاوەڕ لەو مەنتیقەیە بدرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ تەئیدی قسەکانی پێشووم, کاك شێروانیش ئاماژەی بەقانونی رەقم (3) پەرلەمان دەکاتن, کە بەقانون دەرچووە ساڵی 1999 ئەو جەرائیمانە ئاماژەی پێدەکاتن, ئەوانەی کە بـرا فەیلیـەکان, کوردە فەیلییـەکان, ئەوانەی بارزانی, هەڵەبجە, کیمیابارانی ئەنفال, قوربانیانی راپەرین هـەمووی بـەقانون ناسـراون, ئاماژەیـان پێکـراوە, چەندین موعامەلـەی داواکاری چـەندین مـادەی بـۆ دەرچـووە, کـە بـۆ ئـەوەی مەحکەمـە بکـرێن تاوانباران, بدرێنە مەحکەمـە و, قـەرەبووی ئـەو زیانانـە بکرێنـەوە و, ئەوانـە بەشـەهید حسـێب بکـرێن و, هەروەها بـۆ موعامەلـەکردن لەگـەڵ کـەس و کـاری ئـەنفال, چۆنیەتی موعامەلـەکردنیان لـەڕووی ئـەحوالی شەخصی, هـەمووی تێدایـە, بۆیـە پەرلـەمان بـۆ یەکـەم جار نییـە قـانون و هـین دەربکات, باسـی ئیبـادەی جەماعیشی تێدایە, نازناز خان نوقتەی نیزامی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزامی نییە, بەلاَم هەر ئێستا چنار خان لەبەغدا تەلەفۆنی کرد, لەوێ ئیقرار کراو تەصویت کـرا بە جینۆساید ناساندرا, رۆژی ئەنفال, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەستی خۆش بێت, کەواتە ئیشەکەمان ئاسانە و ئیتر ئەو نوقتەیە کە داواکاری ئێمە بـوو لـە بەغـدا بـەجێ هات, دەست خۆشی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەین, لەخاتوو چنار دەکەین, لە لیستی هاوپـەیمانی عێراق دەکەین, لەپەرلەمانی عێراق دەکەین, کە دەنگیان بۆ ئەو بڕیارە داوە, ئەمە خەبەرێکی زۆر خۆشـە, فەرموو صبریە خان.

**بەڕێز صبریه غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی لەو بەڕێزانە دەکەم کە زۆربـەی خاڵـەکانیان ئامـاژە پێکـرد, بـەس مـن حـەز دەکـەم لێـرەوە یەکەم سوپاسی ئەو رێکخراوانە بکەین کە لـە دەرەوە و, کۆمـەڵێك کەسایەتی بـەردەوام خـەریکی کارکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە, زۆرێـك لـەو کۆمپانیانـە ناویـان کۆکردۆتـەوە و بـەدادگا دراون, کـە جێـی سوپاسـن و پشتگیری پەرلەمانی ئەوێ بەڕاستی, وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال بودجەی ساڵی 2008 ی ئامـادە کـردووە کـە وردەکاری باشـی تێدایـە, شـتی زۆر باشـی تیـاجێ کردۆتـەوە, داوا دەکـەم بودجـەی وەزارەتـی شـەهید و ئەنفال ئێمە ئەگەر هەمووی نەبێت, زۆرینەیان بۆ موصادەقە بکرێ, کەوابزانم بڕەکەی کـەمترە لـەوەی کـە خۆیـان دیاریـان کـردووە, خـاڵێکی تـر/ بەڕاسـتی ئەمـە خـەمێکی گەورەمـە، بۆیـە زۆر تەئکیـدی لەسـەر دەکەمەوە, ئێمە ئەو یادانە دوو کارەساتی مێژوویی گەورەمان هەیە کـە بەهـەزاران سـاڵ دەتـوانین قسـەیان لەسەر بکەین و بیری لێبکەینەوە, ئـەوانیش کـە ئـەنفال و کیمیابارانـە, ئێمـە بـەڕۆژ و بەسـات و بەحەفتـە ناتوانین قەرەبووی بکەینەوە, بیهێڵینەوە لـە زیمنـی تـاکی داهاتوومـان, لەنـەوەی داهاتوومـان, بۆیـە بـوونی بڵاوکـراوەی هەفتانـە, رۆژانـە, سـالأنە, بەرنامـەی تایبـەت لـە کەناڵـەکانی راگەیانـدن بـەناوی ئـەنفال و کیمیابـاران, نـەك تـەنها لەرۆژەکـەدا, وابـزانم شـتێکە خزمـەت دەکـات بەهێشـتنەوەی ئـەو کارەسـاتانە بـە

**زیندوویەتی لە زیهنی تاکمان لەداهاتوودا, دواخالێشم دەڵێم ئێمە ساڵانە راپۆرتمان هەیە لەسەر خواست و داواکارییەکانی ئەنفال و کیمیاباران, با هەموو ساڵ بزانین لەسەدا چەندی ئەو داواکاریيانە جێی خۆی گرتووە, ئینجا لە داهاتوو لەسەر ئەو رێژەیە کار بکەین, لەسەر ئەو حاڵەتە بەتیئە وابزانم زوو داواکارییەکان زوو نایینە جێ, سوپاس.**

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەبێ ئێمە بگەڕێینەوە ناساندنی جینۆسایدی کورد ساڵی 1963 ولاتی مەنگۆلیا پێشکەشی یۆئێنی کرد, بەداخەوە پرۆژەکەم بەدەستەوە نییە, بەلام لە 13/ ئەیلولی/ 1988 لە کۆنگریسی ئەمریکی لەهەشت مادە شتێك پێشکەش کرا بەناوی جینۆساید, یەك, دوو بڕگەی دەخوێنمەوە (بەندی یەکەم/ ئەم یاسایە ناودەندرێ بەناوی یاسای قەدەغە کردنی جینۆساید بۆ ساڵی 1988, لە بڕگەی دووەم/ لە حەرفی (ز), شالاوی سەربازییەکانی عێراقی دژی گەلی کورد کاریگەری لە کارەکانی نەهێشتنی رەگەزایەتی قەزایەتی جینۆساید ئەوە تاوانێکە بەرنەفرەتی و بێزاری کۆمەڵگای مەدەنیەت لەهەر شوێنێك دەکەوێت, سەرەرایی ئەوەی کە ئەو کارە قەدەغەیە بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی, بەندی چوارەم/ عێراق تاوانی جینۆسایدی لە دژی گەلی کورد پیادە دەکات, بەندی حەوتەم/ بریاری ژمارە 620 ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان ئیجرائاتی کاریگەر گونجاو دژی عێراق وەربگرێت لەبەر چەندجار بەکارهێنانی چەکی کیمیایی), ئەوەی مەلا سعدالدین باسی کرد, شتێکی زۆر گرنگە بکەوێتە بەر دەست, دەکرێ ئێمە تەماشای جینۆسایدی خۆمان بکەین, هیچی کەمتر نییە لەجینۆسایدی ئەرمەنییەکان, هەر ئەمڕۆ بە تەلەفۆن لە فەرنسا بۆم هات, 16 ولات جینۆسایدی ئەرمەنیەیان لە پەرلەمانەکەیان دەرچوواند, ولاتەکانیش ئەوەیە (ئۆرگوای, قبرص, یونان, روسیا, ئەمریکا, لبنان, بەلجیکا, سوید, فاتیکان, فەرنسا, سویسرا, ئەرجەنتین, هۆڵندا, سلۆفاکیا, کەندا, پۆلۆنیا....), پێنج رێکخراوی نێودەوڵەتیش, دادگایی هەمیشەیی, نەتەوە یەکگرتووەکان, پەرلەمانی ئەوروپا, ئەنجومەنی ئەوروپا ناساندوویانە, ئەگەر بگەڕێینەوە فەرنسا بۆ جینۆسایدی ئەرمەنەکان, لەوێ دوو بڕیار دەرچووە (2001،2006), ئەوەی کە ئێمە دەیکەین شتێکی زۆر باشە, بەلام لەوێ بەبڕیار دەرچووە لە 2001 بەناساندنی جینۆسایدەکە, بەلام 2006 وتوویانە شتێکی رەمزییە, بەلام ئەوەی نکوڵی کرد, لەوێ یاسایان داناوە, پێم باشە لێرە پرۆژە یاسایەك ئامادە بکرێ, ئەوەی نکوڵی دەکات, ئینکاری جینۆسایدەکە دەکات, لەوێ زیندانی ساڵێکیان داناوە لەگەڵ 45 هەزار یۆرۆ غەرامە لەسەر شەخصەکە, ئێمەش پێویستە بەهەر شێوازێك بێت, شێوازەکان باس کراوە مادەکان پاشان دەیدەمە سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی سودی لێ وەربگرن, پرۆژە یاسایەکە پێویستە تەنیا ئەوە نەبێت ئێمە لێرە جینۆسایدەکە بناسین, بەڵکو سزای ئەو کەسانە بدرێ کە نکوڵی لە جینۆسایدەکەش دەکەن, سوپاس.**

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەکاتێك پشتگیری ناوەڕۆکی ئەو بەیانە دەکەم و, پشتگیری ئەو وتانە دەکەم کە کاك جەمال یوسف و خەمان پێشکەشیان کرد, دیارە دروست بوونی دەوڵەتی عێراق هەر لەسەرەتایەوە تا ئێستا ماوەی 83 ساڵە بریتی بووە لە زنجیرەیەك تاوان بەرامبەر بە گەلانی عێراق و گەلی کوردستان بەتایبەتی, لە مادەی سێ باسی کیمیاباران کراوە, من پێم باشە لەبەر ئەوەی بریتیە لە وەسیقەیەك کە لەپەرلەمانەوە دەردەچێت, ئەبێ ئەو ژمارەیە بەڕاستی بووترێ, (میئات) چونکە لەوە زیاتر بووە, کە باسی ناوچەکانیش دەکرێ, وا باس بکرێ کەوا زۆربەیەکی زۆریان باس بکرێ, بۆ ئەوەی کەس هەست بەوە نەکات کەوا پشتگوێ خراوە, لەباس کردنی ئەنفال پێویستە درێژەیەك پێبدرێ لەهەموو قۆناغەکانی ئەنفال, نەك بەدێرێك هەروەك لێرە لەمادەی 7 هاتووە, باسی هەموو ئەو وێرانکاریانە بکرێ کە لەکاتی ئەنفال, بەتایبەتی رووخانی مزگەوت و کەنیسەکان, کە پیشانی دەدات ئەمە تەنها دژی گەلی کورد نەبووە, دژی هەموو دانیشتووانی کوردستان بووە, واباشە لە بەیانەکەمان ئیشارەت بە بریاری دادگای هۆڵندا بۆ تاوانبار کردنی (ڤان ئەنرات), کە وەکو تاوانبارێکی نێودەوڵەتی ناساندرا, بەوەی کەوا مادە کیمیایەکانی ئامادەکرد بۆ حکومەتی عێراق و دژی گەلی کوردستان بەکارهاتووە, پێم باشە پاشکۆیەك بۆ ئەم بەیانە ئامادەبکرێ, بەناوی هەموو ناوچە ئەنفالکراوەکان و دێهاتە وێرانکراوەکان و ئەو هەموو کاولکرایيەی کە لەکاتی ئەنفال کراوە لەسەر رۆشنایی ئەو لائیحەیەی کە پارێزەرە کوردەکان لەکاتی دادگای ئەنفال بۆ داکۆکی کردن لە ئەنفالیان کرد, کە بریتیە لە نیزیکەی 100 لاپەرە, کە کۆمەڵێك زانیاری زۆر مێژوویی تێدایە, کە لەڕاستیدا پێویستە خۆشمان و هەموو میدیای نێودەوڵەتیشی لێ ئاگادار بکەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز فاروق کریم فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی زۆری قسەکانی من کراوە, بەڵام من ئەوەی کە ئەمەوێ بۆ شتێکی ئانی کە ئێستا پێویستی پێیەتی ناوچەی گەرمیانە, بەتایبەتی لەم ساڵ کە ساڵێکی وشکە ساڵییە, کە زۆربەی زۆری گوندنشینەکان کە لەناوچەکە ماونەتەوە کەس و کاری ئەنفالن, ئەم رۆژەش تەنها هەر یاد کردنەوە نەبێت, ئێش و ئازارەکانیان بکوڵێنەوە, بەڵکو من داوا دەکەم لەم رۆژەیە ئەگەر یاد کرایەوە, پرۆژەیەك بۆ خەڵکی ناوچەی گەرمیان و ئەو ناوچانەی کە زۆربەی زۆری کەس و کارەکانیان ئەنفالە جێبەجێ بکرێ, لەلایەکی تریش, داوا دەکەم کە ئێمە ئیمرۆ لەناوچەی گەرمیان زۆربەی زۆری خەڵکەکەی ئێمە پێویستی بە بژێوی ژیانی کاتی هەیە, ئێستا پێویستی پێیەتی, ئەگەر چی ئەوەی لەتوانای حکومەتی خۆمان هەیە, سوپاسیان دەکەین ئەگەر کرابێت, بەڵام ئەوەی کە ئێستا پێویستە ئێمە داوا لە حکومەتی بەغدا بکەین کەهەر وەکو قەرزیش بێت شتێکمان بداتێ, بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە لە وشکە ساڵی و چۆڵکردنی گوندەکان رزگار بکەین, ئێمە دەڵێین گوندەکان ئاوەدان دەکەینەوە, بەڵام ئێستا بەرەو چۆڵ بوون دەڕوات, ئەوەی پەیوەستە لەناوچەکەی ئێمە بە کوشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوەیە, ئێستا کە ئاوی نەما ناچارە ئاژەڵەکەی بفرۆشێت و رووبکاتە ناوچەی شار و جارێکی تر زۆر بەزەحمەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ, رێگاو بانەکانی ئێمە زیاتر لە 25 ساڵە کراوە, بەڵام تا ئێستا نوێژەن نەکراوە, ئەوەش پێویستی بەوەیە کە ئاوڕێکی لێبدرێتەوە, لەبەر ئەوەی زۆربەی

زۆری گوندنشینەکان وەکو ئەو ناوچانەی کە چەمچەماڵ کە زۆربەی زۆری کەس و کاری ئەنفال لەو ناوچانەن, بەتایبەتی ئەمساڵ پێویستی بەوە هەیە کە ئاوڕێك لە جوتیارانی گوندەکان بدرێتەوە بۆ ئەوەی چۆڵ نەکرێ, هەر هیچ نەکرێ بنە تۆییەکانیان بدرێتێ, بۆ ئەوەی بتوانن ساڵێکی تر تۆی تێدا بکەن ئەوانەی کە لە گوندەکان, هەروەها بۆ ئەوەی ئەو حەیوانانە نەفرۆشرێ, ئالیك بەسەریان دابەش بکرێ, بۆ ئەوەی بتوانن ئاژەڵەکانیان بەخێو بکەن, سوپاس.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر قسەکانی کاك فاروق, بەڕاستی لەکاتی کۆبوونەوەکانی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی زراعە و سەرچاوە ئاوییەکان, داوامان لێکردن کە دوو پرۆژەی دیکە سەبارەت بە وشکە ساڵی پێشکەش بکەن, دوێنی پرۆژەکانیان هێناوە و ئامادەیە, ئێمە لەکاتی گفتوگۆکردن , بەخۆشیان قسەیان لەگەڵ ئەنجومەنی سەرۆکایەتی وەزیران کردووە, وابزانم ئەوانیش پەسندیان کردووە, بەڵام سەفەرەکەی بەڕێزیان بڕێك تائخیری کرد, نەوەك ئەو پرۆژەیە ئامادەیە و پارەکانیشیان بۆ دیاری کردوون, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگشتی پشتگیری لە راو بۆچوونی ئەو برادەرەم دەکەم سەبارەت بە ئەم بۆنەیەوە کە ئەنفالە, من تێبینیم هەیە لەسەر ئیعلانەکە, لە ڕێزی 4 ئێمە کوردستانی جنوبی بەچی دەناسین, ئایا شتێکی فەرمی هەیە پێی بڵێین کوردستان جنوبییە؟ یان جنوب کوردستان, هەروەك کۆریا, کۆریای شمالی و کۆریای جنوبی کە کیانێکمان هەبێت, ئێمە جیاوازی بکەین کوردستانی جنوبی و کوردستانی شمالی, وبازانم جنوبی کوردستان بێت باشترە, لە ڕێزی 18 (اعلان وطنە منطقة امنة), گشت مەنتیقەی کوردستان ئامینە نەبوو, وەکو کەرکووك, شنگال, شێخان, مەخمور, ئەوانە هەموویان ئامینە نەبوون, ئەگەر تەصلیح بکرێ, بڵێ (جزءا من وطنە) باشترە, مادەم لە ئیعلانەکە هاتووە کە ئیحصا بکرێ, تەصحیحی ئیحصا بکرێ, چونکە گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی لە مودیریەی عامەی ئیحصای بەغدا ئێستا ئیسپات کراوە, تەسبیت کراوە لەوێ, تا ئێستا ئەو گۆڕینە نەهاتووە, دەبێ لە ئیعلانەکە بەشتێکی فەرمی, یان هەر چۆن بێت تەصحیحی هەویەی قەومی بکەین, ئەوانەی کە گۆڕینی قەومیەتی کردووە لە سەردەمی رژێمی بەعسدا, عەقارات و ئەملاکی کە قەرارتی دەرچووە, هەندێ عەقارات بوویتە مولکی دەوڵەت, هەندێکی تر ریفاقی حزبی هی کوردەکان بووە بردوویانە, ئەوانە تا ئێستا قەرارێك دەرنەچووە کە ئیلغای ئەو قەرارانە بکات, ئێستا ئەو قەرارانە گشتیان لەسەر ناوی ئەو رەفیقانەن, یان لەسەر ناوی دەوڵەتن, ئەوەش دەبێ لە ئیعلانەکە بێت, یان داواکاری حکومەتی بەغدا بکەین, کەئەوانە ئیلغا بکرێ و تەصحیح بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، لەیادی بیستەمین ساڵی رۆژی قەتلی عامی گەلەکەمان، تەبیعیە رێز و نەوازیش دابنێین، چونکە بەڕاستی رۆژێکی گەورەیە، کە قەتلی عامی میللەتەکەمان کرایە، قسەکان زۆربەی کران من پشتگیری لەو خاڵانە دەکەم کە بەڕاستی قەزیەی ئەنفال لە دیراسەی کوردی فعلەن خاڵێك بێت بخوێندرێ، پشتگیری لێدەکەم ئەوە هەر بۆ تەئکید کردنەوەیە، دیاری کردنی بودجەیەك بۆ نیشتەجێکردنی کەس و کاری ئەنفال بەبەردەوامی لەبودجەی کوردستان، چەندی ئیمکان بێت دەبێ دیاری بکرێ، بۆ ئەوەی بەشێك لە موعاناتیان کەمتر بکاتەوە، دروست کردنی لیژنەیەکی پەرلەمانی کە بەبەردەوامی کار بکات لەسەر کێسی ئەنفال، ئەو خەبەرە خەبەرێکی خۆش بوو، کە پەرلەمانی بەغداش وەکو ئێمە ئەو کارەساتە گەورەی بە جینۆساید ناساند، بەلاّم ئەوە تەواو نییە، هەم ئێمە و هەم حکومەت و پەرلەمانی بەغداش بەجینۆسایدی بیناسێنین، ئەوە هەنگاوێك دەچینە پێش، دەبێ فیعلەن لیژنەیەکی بەردەوام لەسەر ئەو کێسە ئیش بکات، بۆ ئەوەی بە جینۆسایدی نێودەوڵەتی بیناسێنین، تا بتوانین مافی کەس و کاری ئەنفالەکان فعلەن بە قەرەبوو کردنەوەیەکی یاسایی وەربگرینەوە، هیوادارم ساڵی ئایندە، کە لێرە کۆدەبینەوە بۆ یادکردنەوەی ئەو رۆژە گەورەیە کاری باش کرابێ بۆ کەس و کاری ئەنفال، بەدواداچوونی باشیش کرابێ کە ئەوانەی لەسەر کێسی ئەنفال ئیش دەکەن چیان کردووە؟ چونکە ئەگەر بەدواداچوون نەکرێ، لیژنەیەك دروست نەکرێ و لێی نەپێچیەوە، بەڕاستی ئیشەکەی ئێمە هەر لە شوێنی خۆی دەمینێتەوە و ناڕوا، ئەوە ئێمە 20 ساڵە کوردستان ئەنفال کرایە، تا ئێستا کەسێکمان بانگ نەکردووە لەو پەرلەمانە، یان لەحکومەت، یان لەحزب، هەر کەسێك دەسەلاّتی هەیە لەو ولاّتەی ئێمە، بلێین کە تۆ لەسەر کێسی ئەنفال ئیشت کردووە، بە مەلاین دینارت سەرف کردووە، کوا چیت کردووە بۆ ئەنفال؟ یان چ خاڵێکت جێبەجێ کردووە؟ یان کەسێکی تر دیاری بکەین، حەقە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان بەڕاستی لیژنەیەکمان هەبێت، بەبەردەوامی ئیش لەسەر کێسی ئەنفال بکات، ئەوە لە عێراقیش چووە دەرێ، حەقە لە دەرەوە نووسینگەمان هەبێت، بۆ ئەوەی فیعلەن ئەو تاوانە گەورەیە بە جیهان بناسێنین و بە جینۆسایدی بکەین، من دووبارە سەری رێز بۆ کەس و کاری ئەنفالەکان دادەنوێنم، بەڕاستی ئەو رۆژە بەرۆژێکی زۆر گەورە دەزانم وەکو باسیان کرد، هیوادارم ئەو رۆژە فیعلەن ئەو رۆژە بە رۆژێکی گەورە دابنرێ، وەکو باسیان کرد دەهۆڵ وزوڕنا لە کۆلێژ لێدراوە، حەقە ئەوە بەڕاستی دووبارە نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەلاّم ئەوەندەیە تۆ زوڵم لە پەرلەمان دەکەیت، پەرلەمان جێگری سەرۆکی حکومەتی بانگ کرد، سەرۆکی حکومەتی بانگ کرد، دووجار رووبەڕووی هەموو پرسیارەکان بۆوە، لێرە بیست و پێنج دەقە بەس باسی هەنگاوەکانی کرد، لەگەڵ ئەوەش جەنابت ئەندام پەرلەمانی وەکو هەر ئەندامێکی پەرلەمان، بۆی هەیە لە هەر شوێنێك کەم و کورتی دەبینێ ئاراستەی وەزیر و سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆکی وەزیرانی بکات، وەزیرێك هەیە کاك سەعد، کاری ئەوەیە ئەو پرسیارانە زوو بگەینێتەجێ و دوانەکەوێت، تا ئێستاش هیچ پرسیارێك نەهاتووە ئاڕاستەمان نەکردبێ، لەم دوایەشدا داوامان کرد دانیشتن هەبێت،

وتوويانە باشە, بەلاّم لەبەر ئەو چوونەيان بۆ بەغدا، مەسەلەكان دواكەوتووە, هەر كاتێكيش پرسيارت هەبوو دەكرێ بيكەی, كاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امين/وزەيری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر بەكورتی هەر لەسەر دەوری پەرلەمان و سەرۆكايەتی پێم خۆش بوو يەك, دوو قسە بكەم, تەبيعی ئەندامانی پەرلەمان زۆر قسەيان كرد لەسەر كۆبوونەوەی ئەمڕۆ, خۆزگە يەعنی وەكو باس كرا, پەرلەمانی خۆمان كە خاوەنی قەزيەكەيە, بەتەئكيد مەفروزە لەسەر دەستی ئێمە هەموو دام و دەزگاكان, لەسەر دەستی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بچێتە پێش, چونكە لەهەموو دنيا بەتايبەتی ئەو دوو, سێ كارەساتەی كە هاوشێوەی كارەساتەكانی گەلی كوردن, ئەوەی (ئەرمەنەكان), حكومەت هەوڵ دەدات, يەعنی ئەو شتانە بەشتێكی باش تەوزيف بكات, بەلاّم زياتر ئەركی ڕێكخراوەكانە, ئەوە پرسيارێك بوو هەتا لەو سەفەرەی كە ئێمە كردمان بۆ دەرەوە, پرسيارێك بوو كە ئيحتيماله ئيحراجيەكی گەورەی دروست كردبوو, ئەوەيش ئەوەيە, كە ئێوە خۆتان خاوەنی ئەو قەزيەن, ئايا تا ئێستا پەرلەمانی خۆتان, يان پەرلەمانی عێراق ئەو دوو كارەساتە گەورەيەی بە جينۆسايد ناساندووە, يان نا؟ بۆيە بەڕاستی كۆبوونەوەی ئەمڕۆ ئەهميەتێكی يەكجار گرنگی هەيە, يەكجار گەورەی هەيە, لەوەش گرنگتر كە بەبڕوای من كارەكە بۆ ئێمە زۆر ئاسانترە كە ئەو بڕياری دادگايە, ئەوەی جەنابتان لەسەرەتای كۆبوونەوەكە ئاماژەتان پێدا, تەبيعی ئەوە قوەتێكی قانونی زۆر گەورەی هەيە, هەتا بۆ دنياش كارەكان زۆر ئاسانترە, بەلاّم من پێم خۆشە ئەندامانی پەرلەمان حەقيقەتێك هەيە بيزانن, حكومەتيش كەيەكەم كۆنفرانسی ئاڕاستەی بەناساندنی جينۆسايد كرد باشە, سەدان خەڵكی شارەزا و پسپۆڕ ئەوانەی كە دۆستی كوردن, ئەوانەی كە بەڕەسمی پشتيوانی ئەو كيسەيان كردووە, بانگ كرابوون و لێكۆڵينەوەی زۆر باش كرا لە سێ ڕۆژی كۆنفراس, بەلاّم من پێم خۆشە لێرە بەناوی حكومەتی هەرێمی كوردستان و خۆشتان سەرۆكايەتی پەرلەمان سوپاسی ئەو ڕێكخراوانە بكەن, لەسەرووی هەموويان كەمپينی بەجيهان ناساندنی ئەنفال و كيمياباراني هەڵەبجە كە دووساڵ لەوەپێش مەجموعە خەڵكێك كە زۆر خوێنەويستانە هەميشە لای مەسئولينی خۆشمان پێيان دەڵێم سەربازن, كە بەڕاستی سەربازن بەكرێكاری و بەئيمكانياتێكی يەكجار كەم هەوڵێكی جديان داوە, بەملموسيش كاری باشيان كردووە, توانيويانە لەسەر ئاستی ئەوروپا بەتايبەتی نەرويج و هۆڵندا مەجموعە ڕێكخراوێكی باش پێشی خۆشمان ئەو دوو كارەساتە بەجينۆسايد بناسين, ئەوان قەزيەكەيان باش بەڕێوە برديە, من لێرەوە سوپاسی سەرۆكی پەرلەمان دەكەم, كە بەڕەسمی نامەی سوپاسی ناردووە, ئەو حزب و ڕێكخراوانەی نەرويجی، يەعنی بۆ ئەوان مەسەلەيەكی مەعنەوی ئێجگار گرنگ بوو, ڕاستە ئەوان لە باری كەسی تەزامونيان لەگەڵ كارەسات و مەئساتەكانی گەلی كوردستان كرد, بەلاّم بەڕاستی ئەو نامەی ئێوە, يەعنی بە نوێنەرايەتی هەموو خەڵكی كوردستانيش پێزانينێكی گەورە بوو, جارێكی تر هەم بەناوی كەمپين كە بۆ خۆشم ئەندامێكم, لێرە مەجموعەك ئەندامين, و وەزيرش هەر لەو كەمپينن, بەناوی ئەو

دۆستانەش جارێكی تر سوپاستان دەكەم, هەر بۆ ئەوەم بوو كە ئەندامانی پەرلەمان بزانن كە سەرۆكایەتی پەرلەمان, بەتایبەتی سەرۆكی پەرلەمان پشتیوانی باشی ئەو كەیسە بووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێمە بەواجبی دەزانین, كاك عبدالرحمن, فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئاماژە دەكەم بەدوو خاڵی سەرەكی ناوەڕۆكی ئەو بەیاننامەیە, یەكەم/ نەهێشتنی ئاسەوار و سارێژكردنی ئەو كارەساتە, كە ئەویش هەموو ساڵێك بەم بۆنەیەوە باس دەكرێ, دیارە ئێمە ماتەمینی و ئاسەوار بە بنەماڵەی ئەو قوربانیانە و ئەو كارەساتەوە دەبینین, پێشنیازی ئەوە دەكەم كە لیژنەیەكی پەرلەمان, كە ئەركی خۆمانە بەدواداچوونی هەبێت بۆ ئەو بەڵێنانەی كە هەموو ساڵێك لە مەراسیمەكان، لەیادەكان بەڵێن دەدرێت بۆ ئەو خەڵكە, بۆ 3/16, بۆ 4/14 لیژنەیەكی پەرلەمان بەدواداچوونی بكات هەموو ساڵێك, بۆ ئەوەی ئەم خواستانە دووبارە نەبنەوە, مادی، مەعنەوی, كۆمەڵایەتی, دەروونی, ئەگەر لیژنەیەكی بەدواداچوون هەبێت پێم وایە هەنگاوی عەمەلی بنێین, پێشنیازی دووەمم/ بۆ گەورەكردن و بەڕەسمی ناساندنی ئەم بۆنەیە, ئەو یاداشتنامەیە كە ئێستا لەبەردەستە, یان ئەو بڕیارەی ئەمڕۆ كە ئیقرار كرا لەپەرلەمانی بەغدا, پێشنیار دەكەم كە بەڕێزتان لایەنی پەیوەندیدار ئاگادار بكەن, پێم وایە سەرۆكی وەزیرانی عێراق سەفەرێك هەیە بۆ دەرەوەی عێراق, یەك, دوو ڕۆژ كاتیەتی واقیعە, ئەو بەیاننامەی پێ بێت مەسەلەكە بناسێنێ, یان مانگی پێنج كۆنگرەیەك هەیە بۆ ئاوەدان كردنەوەی عێراق, با نوێنەری هەرێمی كوردستانیش هەبێت لەو كۆنگرانە, بۆ زیاتر قەرەبوو كردنەوە و نەهێشتنی ئەو ئاسەوارە, بۆ زیانی مەعنەوی و مادی خەڵكەكەمان, یان پەرلەمانتارانی عەرەب كەهاتنە كوردستان زیاتر بەرچاو ڕۆشنتر بوون, بەڵام بەرچاوی كوردستان ئەو یاداشت نامەیە بدرێتە بەوان بۆ زیاتر ئیش كردن و بەڕەسمی ناساندنی ئەو كارەساتە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەم یادی پڕ لە ماتەم و ڕۆژی جینۆسایدی كوردستانە, هەزاران هەزار درووود و سڵاو بۆ گیانی مەزڵومانەی شەهیدانەی ئەنفال و جینۆسایدی كوردستان و تێكڕای شەهیدانی كوردستان, هەزاران هەزار درووود و سڵاو بۆ واریسی سەربەرزی ئەو شەهیدانە كە سەربەزانە و خۆڕاگیرانە خۆیان ڕاگرتووە و پاسەوانی دەست كەوتەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەن بەكردەوە, كارێكیان نەكردووە غەیری كاری یاسایی و دڵسۆزانە, ئەگەر چی ئەو بێنازیەی ئەوان خەتاییێكە لەدەستی هەر كار بەدەستێكی كوردستان, 16 ساڵەی رابردوو حكومەتی هەرێمی كوردستان, دەبوو حكومەتی هەرێمی كوردستان بەڕێزو ئیحتیرامەوە بچنە بەردەم واریسی شەهیدان بەتایبەت جینۆساید و ئەنفالكراوەكان, وەرقەی سپی هەر داواكاریەكی خزمەت گوزاری هەر داواكارییەكیان بۆ ئیمزا بكەن, نەك ئەوان بەڕاستی بێنە بەر دەرگاكان و كەچی وەكو پێویست

خزمەتیشیان نەکرابێ, ئەوەی کە برادەران باسیان لێوەکرد, بۆیە بەڕاستی لەم ڕۆژەدا دەبێ هەمووکمان ئەو ئیحساسە بمانگرێت, کە کورسی کاربەدەستان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئێسك و پروسکی شەهیدانی کوردستان راوەستاوە, ئێمە ئەو پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەسەر ئۆقیانووسی خوێنی رژاوی شەهیدانە, بۆیە ئەو ئیحساس بە دڵسۆزی و ئەو ئیحساسی هەست کردن بە مەسئولیەت وامان لێدەکات کە لەرۆژەکانـدا, لەهەموو ئەو رۆژانەی کەوا گەلەکەمان جینۆساید کراوە, لەسالأنی 63 بۆ 73 قەلأدزێ, بۆ 3/16 شەهیدانی هەڵەبجە, بۆ 4/14, بۆ هەموو ئەو یادانەی بەڕاستی پێویستە بە ئیهتیمامەوە ئەو قسانە وەربگرین, روحی شەهیدانی 182 هەزار ئەنفال کراو روو لەماف ناسانی کوردستان دەکەن لەڕووی قانونیەوە چەند مەلەفێکی قانونیان حازر کردووە, بۆ ئەوەی بەڕاستی قانونیەن ئەو مەلەفە بچێتە پێش, ئەو روحە زیندووانە ڕوو لەتەواوی کاربەدەستانی سەرۆك کۆمار و سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و هەموو مەعنییەکان دەکەن, بەکردەوە توانای قانونی خۆیان خستۆتە کار, بۆ ئەوەی کە وەکو وڵاتانی کە توانیویانە مەزڵەمەی خۆیان بەقانون بکەن و حەقی خۆیان وەربگرنەوە لە حیسابە نێودەوڵەتیەکان, ئومێد دەکەم جارێکی تر گەلەکەمان کارەسات و رۆژی ئەوها بەخۆیەوە نەبینێ, بەو ئومێدەی ساڵی ئاینـدە لـە 4/14 یـان هەر یادەوەریە پەرۆشیەکان ئالأی کوردستانیش نیوە داگیراو بێت و, شوێنەواری ماتەمینی بەهەموو دام و دەزگا رەسمەیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستانیشەوە دیار بێت, لەهەموو مزگەوتەکانی کوردستانیش بە نیو سەعات قورئان خوێندن پیشان بدرێ بۆ جیلی ئێستا کە نەیانـدیتوە کەوا رۆژی ماتەم و جینۆسایدی گەلەکەمانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, دەست خۆشیت لێدەکەین بۆ ئەو خوتەبەیە, کاك عبدالرحمن, فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن برادەران وابزانم هیچیان بۆ ئێمە نەهێشت, هەموو شتێکیان باس کرد, پشتیوانیان دەکەین, پشتیوانی ئەو بەیاننامەیەی دەکەین کە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان دەرچووە, ئێمە هەر چی بکەین بۆ خانەوادەی شەهید و ئەنفالکراو, هێشتا کەمە, هێشتا پێویستە زیاتر بکەین, ئێمە ئەو تەجروبەیە کە ئێستا لەبەردەستمان و ئێستا دەیبینین, بەحەقیقەت نەتیجەی خوێنی ئەوانە, ئێمە دەبی بەوان سەر بڵند بین, ئەوەی بەمە بکرێ بۆ ئەوان تەقصیری نەکەین, من پێشنیارێکم هەیە, لەگەڵ تێبینیەك, پێشنیارەکەم ئەوەیە, من پێم باشە ئێمە داوا لە حکومەتی مەرکزی بکەین بودجەیەکی تایبەتی بۆ ئەنفال و کیمیاباران بکەین و, وەکو شێوەی کە بەجینۆساید دیاری کراوە, ئەم میزانیە دەبێتە بەڵگەیەکی رەسمی بۆ ئەوەی ئیعتیراف بەو جینایەتە دەکرێ کەوا دەرحەق بە میللەتی کورد کراوە, تێبینیەکەشم ئەوەیە, ئێمە وەکو دەبینین حکومەتی عێراق وەکو پێویست ئیعتیراف بەو مەسەلەی ناکات, کە داوا دەکرێ لە حکومەت دەڵێ ئەم جەریمەیە تەنها دەرحەق بە میللەتی کورد نەکراوە, بەڵکو دەرحەق

به میللەتی هەموو عێراق کراوە, دەیانەوێ لە ئەهمیەتی کەم بکەنەوە, لەبەر ئەوە ئێمە داوا دەکەین وەکو میللەتی کورد, ئەوە بە جینۆساید بێتە ناسین, با ئەوانیش بۆ خۆیان داوا بکەن خۆ رێگامان لێنەگرتوونـە, لەبەرئـەوە پێویسـتە ئێمـە پـێ لەسـەر ئـەوە دابگـرین ئەمـە بەجینۆسـاید بناسـرێت و, قـەت تەنازولیشـی لێنەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس, بـەڵام جـەنابت ئینتیباهـت نـەکرد, نازنـاز خـان وتـی, چـنار خـان تەلـەفۆنی کـردووە کـە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێـراق پەسـندی کـردووە, ئـەو تاوانـە بـە جینۆسـاید دەناسـێنێت, پەرلـەمان قـەرار دەدات و حکومەتیش جێبەجێ دەکات, کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیـوادارام لـەکات تۆزێـك جیاوازیمـان بکـەی, لەبـەر ئـەوەی ئێمـە خۆمـان خـەڵکی ناوچـەی ئـەنفالکراوین, پێشەکی دەمەوێ سوپاسی ئەو پارێزەرە بەڕێزانە بکەم کە لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق زیاتر لـەماوەی ساڵێك زۆر بە موخاتەرەیەکەوە لەسـەر حیسابی خۆیـان هەنـدێ جار ئامـادە بووینـە لـە دادگـای عێـراق و حکومی دادگـا دەرچـوو بـەوەی کـە تـاوانی ئـەنفال بـە جینۆسـاید ناسـاندرا, مـن وەکـو خـۆم ئـەوە زۆر بـە بەلگەیـەکی گـرنگ و پێویسـتی دەزانم, ئێمـە ئـەوە بکەینـە پاسـاوێك بـۆ هـەموو هـەنگاوەکانمان, هـەروەها سوپاس ئەو برا و خوشکە ئەندام پەرلەمانانە دەکەم کە وەکو کـەس و کـارێکی ئـەنفال کـراو قسـەیان کـرد, بەڕاستی وا پشتگیری لەهەموو ئەو قسە باشانە دەکەم سەبارەت بە کێشەی ئەنفال قسـەیان کـرد, 20 سـاڵ بەر لە ئێستا بەڕاسـتی رۆژێکی رەش بـوو بـۆ گەلەکـەمان ئـەمرۆش یـادی ئـەو رۆژە دەکەینـەوە, بەڕاسـتی ئەگەر تەماشای شۆڕشەکانی کورد بکەین بەهەموو شۆڕشەکانی کورد نەیتوانیوە وەکو ناسـنامەی ئـەنفال و کیمیابـاران کـە دوو ناسـنامەی گرنگـی زوڵـم لێکردنـی گەلەکەمانـە, بتـوانێ گەلەکـەمان بـە هـەموو دنیـا بناسێنێ, بەڕاستی سەرکردایەتی سیاسی گەلی کـورد ئـەو شـتەی کـە شـانازی پێـوە دەکـات کـە خـەڵك کورد ئەناسێ بەهۆی ئەنفال و کیمیابارانە, باس هەر شتێکی بکـەیت ناسـراو نیـت, بـەڵام کاتێـك باسـی ئـەنفال و کیمیابـاران دەکـەیت یەکسـەر هـەموو میللـەتانی دنیـا ئـەزانێ کـورد چـی بەسـەر هـاتووە, بۆیـە پێویسـتە سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر لێبڕاوانە ئیش بکات, بۆ ئەوەی ئەنفال لەو قاوغە ناوخۆیە دەربهێنێ, ئێمە لەئاستێکی نێو دەوڵەتی ئیشی لەسەر بکـەین, بـۆ ئـەوەی لەلایـەن نەتـەوە یـەکگرتووەکان وەکـو جینۆسـاید بناسرێ, بێ گومانم لەوەی ئەگەر ئەنفال لە ئاستی نێو دەوڵەتی بە جینۆساید ناسرا, ئەو کاتە پاساوی باش دەبێـت بـۆ ئـەوەی گـەلی کـورد بتـوانێ هـەموو مافـەکانی لـە داهـاتوو بەدەسـت بهێنـێ, بـەمافی چـارەی خۆنووسیشەوە, هەروەها ناساندنی ئـەنفال بـە جینۆسـاید لـە ئاسـتی نێودەوڵـەتی دڵنیـام رێگرێـك دەبێـت, لەبەرئـەوەی جـارێکی تـر پرۆسـەی لـەناوبردنی گـەلی کـورد دووبـارە نابێتـەوە, رێکخـراوی نێودەوڵـەتی, رێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان مـولزەم دەبـن بـەوەی کـە پارێزگـاری لـە گەلەکـەمان بکـەن, مـن پشـتگیری تـەواوی نـاوەڕۆکی ئـەو بەیاننامەیـە دەکـەم, هەرچـەندە دوێنـێ بـە جۆرێـك ئێمـە پێمـان گەیشـت, ئـەمرۆ

بەجۆرێکی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ داواکاری و پێشنیاریم هەیە, لێرە ئەیخەمە روو, بەهیوای ئەوەم کە پشتگیری بکرێت و رەنگە هەندێکیشی دووبارە ببێتەوە, یەکەم/ پەرلەمانی کوردستان داوا بکات لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق, کە حوکمەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەسەر تاوانی ئەنفال جێبەجێ بکات بەسەر تاوانباران, ئەوە زۆر پێویستە کە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان داوا بکەین ئەو حوکمە جێبەجێ بکرێ, دوو/ ئەوەی کە ئێستا نازناز خان باسی کرد, من لێرەوە داواکاریەکم نووسیوە, ئەوە بەڕاستی زۆر دڵخۆشکەرە پەرلەمانی عێراق ئەو تاوانەی بەجینۆساید ناساند, ئەوە بەڵگەیەکی باشە بەدەستی ئێمەوە, سێ/ سەرکردایەتی سیاسی کورد وەکو دووبارەی دەکەمەوە, پێویستە هەموو تواناکانی بخاتە گڕ, بۆ ئەوەی لەئاستی نێو دەوڵەتی ئەو تاوانە بناسێنێت, چوار/ پێویستە پەرلەمانی کوردستان بڕیارێك دەربکات, لێرە بڕیاری ئەوە دەربکات, وەکو 1988/3/16 رۆژی شەهیدە, 1987/4/16 رۆژی ژینگەی کوردستانە, پێویستە لێرەش بڕیارێك دەربکەین کە ئەنفال (جینۆساید) خۆمان بەبڕیارێك بیناسێنین, پێنج/ لە بەیاننامەکە پێویستە ئاماژە بە حوکمی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لەهۆڵندا بکرێ, ئەوەش بەڵگەیەکە بۆ ئێمە لەگەڵ دادگای تاوانەکانی عێراق ئێمە ئەتوانین بەکاری بهێنین, لە محفلی دەولیدا, شەش/ حکومەتی هەرێم هەرچی زووترە پەلە بکات لەهێنانەوەی تەرمی بێنازی ئەنفالکراوەکان و, لەشوێن و مەراسیمێکی هاوسەنگ و شایان بەکارەساتی ئەنفال بەخاك بسپێندرێن, حەوت/ پەرلەمان داوابکات لەحکومەتی هەرێم, تەواوی قانونەکانی مافی کەس و کاری ئەنفال بەتەواوەتی جێبەجێی بکات, بەڕاستی کۆمەڵێك قانون دەرچووە و باشە لە بەرژەوەندی کەس و کاری ئەنفالە, تا ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە, نزیکەی 8،7 مانگە پێچووە, هەشت/ داوا بکرێ لە حکومەتی هەرێم, پێویستە حکومەتی هەرێم دۆسیەی تاوانی ئەنفال لەدادگای باڵای تاوانەکان تەرجومە بکات, بۆ هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان و, دابەش بکرێ بەسەر هەموو رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان, ناوەندەکانی دەسەڵات, هەروەها بەسەر مۆزەخانە جیهانیەکان, بەسەر کتێبخانەکانی ناوەخۆ و دەرەوە, بۆ ئەوەی هەموو دنیا بزانێ گەلی کورد چی بەسەر هاتووە, لیژنەیەك لە پەرلەمان و حکومەت دروست بکرێ, بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە ئابووری, قانونی, تەندروستی, کۆمەڵایەتی, دروونیەکان و هەر کێشەیەکی تری ئەنفال, بەڕاستی کەس و کاری ئەنفال تەنها ئەوە نییە خانووی بدرێتێ, یان مەعاشی بدرێتێ, کۆمەڵێك کێشەی دەروونی, کۆمەڵایەتی و یاسایی هەیە, پێویستە لیژنەیەك هەبێت, ئەو لیژنەیە لەلایەن حکومەت و پەرلەمانەوە دروست بکرێ, بنەبڕی ئەو کێشانە بکات, ئەوەی کە پێی دەکرێ, پێویستە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان و هیچ حزبێك چاوپۆشی نەکات لەهەر تاوانبارێك کە دادگا داوای دەکات, دەبێ هەر تاوانبارێك بەشدار بووە لە تاوانی ئەنفال, بدرێتە دادگا, یازدە/ داوا بکەین لەحکومەتی هەرێم, کە دەبێ لەهەر دێیەکی ئەنفالکراو هێمایەکی ئەنفال دابنێت, لەگەڵ ناو و ژمارەی ئەنفالکراوەکان و لەهەر شارێکیش هێمایەکی فراوانتر و گەورەتر دروست بکات, بۆ ئەوەی رەمزی ئەنفال بە زیندوویی بمێنێتەوە, دوازدە/ داوا بکرێت لە حکومەتی عێراق, بەڕەسمی داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بکاتن, میزانیەکی تایبەت تەرخان بکات بۆ ئاوەدان کردنەوەی شوێنی ئەنفالکراو, سێزدە/ حکومەتی هەرێم بودجەیەکی

تایبەت تەرخان بکات, بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچە ئەنفالکراوەکان, بەتایبەتی گەرمیان کە مەڵبەندی ئەنفالە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر لەو داواکاریانەی کە کردت, لە داواکارییەکە هاتووە, بەڵام لەگەڵ ئەوەش بینێرە, ئەگەر خاڵێك هەبوو باس نەکرابوو, لەبەیانەکە نەهاتبوو, مولاحەزەمان نەنووسیبوو, رەنگە هەر یەك, دوو خاڵ پێم وایە لێرە نەهاتووە, ئەوە بەهەندی وەردەگرین, کاك د. نوری, فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا سەری رێز و حورمەت بۆ کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دادەنوێنم لەم رۆژە, کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی تاوانی ئەنفال, بەڵام قسەکانی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان و بەیاننامەکە سەبارەت بەتاوانی جینۆسایدە, کە تاوانی ئەنفال شێوەیەکە لەشێوەکانی جینۆساید, من کاتی خۆی لەنامیلکەیەکدا, کە سەبارەت بە تاوانی جینۆساید نامیلکەیەکم بلاّوکردەوە بەزمانی عەرەبی (جرائم ارتکبها النظام العراقی التي تدخل ضمن مفهوم جريمة الابادة), باسی هەموو ئەو تاوانانەم کردووە, کراش بە زمانی ئینگلیزی لەسەر ئاستێکی باش لەدەرەوە بلاّوکرایەوە, لەڕاستیدا تاوانی ئەنفال تاوانێکە زۆر کەم وێنەیە لەمێژوودا, تا ئێستاش کارێکی زۆر جدی نەکراوە بۆ ناساندنی ئەم تاوانە لەو کۆنفرانسە نەبێت, کەوا چەند مانگێك لەم وبەر لە هەولێر بەسترا, لەهەمان کاتدا دەبێ ئێمە پشتگیری لەکاری ئەو رێکخراوانە بکەین کەوا لەدەرەوە پتر لە دوو, سێ ساڵە کارێکی زۆریان کردووە بۆ ناساندنی تاوانی ئەنفال بەرای گشتی جیهانی, لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش, ئێمە دەبێ کارێکی وا بکەین کەوا تاوانی ئەنفال پێناسە بکرێت تاکو ئاکامی قانونی لێببێتەوە, لەسەر ئاستی عێراق ئێمە بەڕاستی بڕیاری دادگای تاوانە گەورەکانی عێراقی کە بریارێکی زۆر گرنگە, سەرەتایەکی چاك بوو, بۆ ناساندنی تاوانی ئەنفال وەکو تاوانێکی جینۆساید, ئەو خەبەرەش کە ئەمڕۆ پێمان گەیشت ئەوەش بەڕاستی پشتگیری کردنە لەو بڕیارە, هەموو کوردێك قەرزاری ئەنفالکراوەکان و کەس و کارەکانیانە, بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع باس لەوە دەکرێ کەوا هەندێك کار کراوە, بەڵام دیسان زۆر کەم سەبارەت بەو تاوانە گەورانەی دەرحەق بەو گەلەمان کراوە, کارەساتی ئەنفال هەر ئەوە نەبوو کەوا کۆمەڵێك خەڵك زیندەبەچاڵ کران و کوژران, چونکە ئاکامەکانی ئێستاش ماوە و هەستی پێدەکەین لەلای نەوەکانیان, ئێمە دەبێ کارێکی وا بکەین کە ئەوان لەو نارەحەتیەی, لەو کارە دەروونیە ناخۆشیەی دژین کۆتایی پێبێت, بەتایبەتی بەشێك لەوانە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ئەبینین ئەنفالچیەکان و نەوەکانیان, ئێستاش کاربەدەستن لەبەرچاوی ئەوان دەسوڕێنەوە, ئەوان دەبێ بچن بۆ لایان داواکارییەکانیان بخەنە بەردەم بەشێکیان, کورد دەمێکە وتوویەتی خیانەتی باب بۆ نەوەکەی بەجێدەمێنێ, بەداخەوە دەڵێم ئەوانەی کەوا بەشداریان کردووە لەتاوانی ئەنفال, ئێستاش نەوەکانیان لەسەر خەتی بابیان دەڕۆن, ئەمە جاری سێیەمە کەوا لێرە یادی ئەنفال و هەڵەبجە و ئەوانە دەکرێتەوە, بەڵام تەنها هەر قسە بووە, ئومێدەوارین ئەمجارە وەکو جارەکانی تر نەبێت, ئێمە پێویستە داوا

لەحکومـــەتی عێـــراق بکـــەین کـــەوا داوای لێبـــوردن لەخـــەڵکی کوردســـتان بەتایبـــەتی لەکـــەس و کـــاری ئەنفالکراوەکان بکاتەوە, بۆ نموونە, لەکاتی حەربی جیهانی دووەم, بەشێك لـە ئەڵمانـەکان لەچیکۆسـلۆفاکیا دەژین, وەکو کەمینەیەك لەپاش رزگار کردنی چیکۆسلۆفاکیا خەڵکی چیکۆسلۆفاکیا, هەندێ کاری ناڕەوایان کرد بەرامبەر بەو کەمینە ئەڵمانیانە, یەکەم سەرۆکی کۆماری چیکۆسلۆفاکیا بەڕەسمی داوای لێبوردنی لەو کەمینە ئەڵمانیانە کرد بەرامبەر ئەو تاوانانەی کەوا لەلایـەن خـەڵکی چیکۆسـلۆفاکیا بەرامبـەریان کرابـوو, ئەمرۆ کاتی ئەوە هاتووە کەوا داوا لەحکومەتی بەغدا بکەین, لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەین, کـەوا داوای لێبوردن لەخـەڵکی کوردسـتان, بەتایبـەتی لەکـەس و کـاری ئـەنفالکراوەکان بکرێـت, هـەروەها سـالانە بەشێك لەبودجەی حکومەتی ناوەندی تەرخان بکرێ بۆ قەرەبوو کردنەوە و دروست کردنەوەی ژێر خـانی ئەو ناوچانەی کەوا بەر کارەساتی ئەنفال کەوتوون, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشـەکی هـەزاران سـلاو بـۆ گیـانی پـاکی ئـەنفالکراوەکان و گشـت شـەهیدانی کـورد و کوردسـتان, رێـزی تایبەتەیشم بۆ هەموو بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکان و بەتایبەتی ئەنفالـەکان هەیـە کەخۆڕاگرانـە تـاکو ئەمرۆ درێژە بەخەبات و تێکۆشانی خۆیان دەدەن, سـەرەڕای ئـەوەی بەداخـەوە تـاکو ئێسـتا وەکـو پێویسـت ئاوەڕیان لێنەدراوەتەوە, یاخود بێ نازن, لەهەمان کاتدا سوپاسی ئـەو بڕیـارەی ئـەمڕۆی پەرلـەمانی عێـراق دەکەم, کەبەتایبەتی لەرێی چنارخانەوە, یان لەرێگای لیژنەی هاوپەیمانی کوردسـتانەوە تـوانرا ئـەمڕۆ ئـەو بڕیارە گرنگە لەپەرلەمانی عێراق بەدەست بێت, ئەگەر خۆمان مێژووی خۆمان نەزانین, ناتوانین ئەمڕۆ و ئاینـدە دابـین بکـەین, لەبـەر ئـەوە لەگـەڵ رێزمـدا بـۆ ئـەو بۆچـوونەی کـەدەڵێ مێـژوو پێویسـت ناکـات, بـەرابردووی خۆمـان بچـینەوە, بەپێچـەوانەوە دەبـێ بـەرابردووی خۆمانـدا بچـینەوە, چـونکە مێـژوومان ئاکامەکانی ماوەتەوە بۆ ئێمە, دەبێ لەسـەر ئاکامـەکانی کـار بکـەین, چـونکە ئـەو دەمـە دەتـوانین ئـەمڕۆ و ئایندەمان دابین بکەین, ئاکامی رابردووەکانی خۆمان هەڵبسەنگێنین و تاوتۆیان بکەین, تێبینیم بەرامبـەر بە راگەیاندنەکە لە جێی خۆیەتی, بەلام لەناو ئەو راگەیاندنە هەڵەی تێدایـە, هەڵـەی زۆر گرنگـی تێدایـە, یەکێك لەو هەڵە گرنگانە باسی بڕیاری 688 دەکات, من حەز دەکەم بیخەمەوە یادتـان لـەکاتی ئەنفالـەکان بڕیـــاری 688 دەرنەچـــووە, ئەصـــڵەن کۆمـــەڵگای نێودەوڵـــەتی وەکـــو ئەنجومـــەنی ئاسایشـــی نەتـــەوە یـەکگرتووەکان, رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـێ دەنـگ بوونـە بەرامبـەر بـەم هەڵوێسـتە, بـەم کـارە, لەبەرئەوە بڕیاری 688 پەیوەندی بەشتێکی تـرەوە هەیـە, لـەو دەمـەدا راسـتە هەڵوێسـتێك هـەبوو, بـەلام هەڵوێستەکان هی کێ بوون؟ پێش هەموو شتێك ئەو هەڵوێستە هی ئەو کوردانە بوون کە لە ئەورووپا بوون, بەتایبـەتی ئینسـتیوتی کـورد لـە پـاریس و مـەدام میتـەران دەورێکـی بالایـان بینـی لـەو رۆژانـەدا, راسـتە کۆنگرێسـی ئەمریکیشـش دەوری هـەبوو, بـەلام تـەنها بۆخۆیـان ئـەوەیان بـە قـەتل و عـام ناسـاندووە, یـان بەجینۆسـاید ناسـاندوە, ئـەوەی کـە پەیوەنـدی بـە بڕیـاری 688 ەوە هەیـە, ئـەوە بڕیـارە پەیوەنـدی بـە کۆڕەوەکە هەیە لە 5/ نیسـانی 1991 دەرچـووە, هـیچ راسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە ئەنفالـەوە نییـە, لەگـەڵ

ڕێزمدا, پێویستە ئەو بڕیارە لەناو ئەم ڕاگەیاندنە دەربکرێت, ئەگەر ئاماژەشی پێبکرێ نەك ڕاستەوخۆ کە پەیوەندی بەئەنفالەوە هەیە, بەڵکو پەیوەندی بەکۆڕەوەکەوە هەیە, خاڵێکی تر/ بۆ ئاگاداری لەناو بلۆکی شەرق و غەربدا ئەو کات بێ دەنگی باڵی کێشابوو, ئەوە نابێ باسی ئەوە بکرێ, من دێتە بیرم ئەو کات من لەمۆسکۆ لە موستەشفا کەوتبووم, یەکێك لە سەرکردەکانی ئەو دەمی یەکێتی سۆڤیەت کە وەزیری دەرەوەی کاروباری یەکێتی سۆڤیەت بوو, (ئیدوارد شڤەرنازە) وەزیری خارجی بوو, لەواشنتۆن کە باسی ئەنفال و باسی هەڵەبجە کرا بە دەقاو دەق بەرووسی ئەیوت کەسانێکی کورد دەڵێن, یەعنی هێشتا گومانی دەخستە سەر ئەوە, گومانی دەخستە سەر ئەوەی کە هەڵەبجە کیمیاباران دەکرێ, کەواتە بەداخەوە ئەوکات بێ هەڵوێستی هەبوو, نەك هەڵوێست هەبێت, ئەوەی هەڵوێست بوو تەنها ئینستوتی کورد بوون, ڕاستە ڕەوەندی کوردیش دەوریان بینی, بەلاَم ئەوانە بوون, هەروەها لەکۆنگرێسی ئەمریکی تەنها بۆ خۆیان ئەو بڕیارەیان دەرکرد, بۆیە من پێم وایە پێش هەموو شتێك هەتا درەنگ نەبووە, ئێمە فریای خۆمان بکەوین, ئەمڕۆ دەبێ بڕیارێك دەربکەین بۆ ناساندنی, دروست نییە لەپەرلەمانی عێراق ئەمڕۆ بڕیارێك دەربچێت, ئێمە سبەی, یان دوسبەی بێین بڕیارەکە دەربکەین, ئەمڕۆ دەبێ ئێمە بڕیاری بەناساندنی ئەنفال بکەین لێرە, لەگەڵ ڕێزمدا ئەو یاداشتەش شتێکی زۆر پیرۆزە, من لەگەڵ یاداشتەکەم, بەلاَم یاداشتەکە تەنیا ئاڕاستەی حکومەتی عێراق نەکرێ, ئاراستەی خەڵکی تریش بکرێ, خاڵێکی تر/ ئەمڕۆ دەبێ سێ شت بکەین, یەك/ ئەو یاداشتە, دوو/ بڕیارێك دەربکەین, سێ/ هەوڵبدەین کە یاسایەك دەربچێت, یاسایەکی تایبەت دەربچێت, بۆ چۆنیەتی تەعامول کردن لەگەڵ ئەو هینە, بۆ لەبیر نەکردن و چۆنیەتی تەعامول کردن, من پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم, هەرچەندە لەناو ڕاگەیاندەکەش هاتووە, لەپێشنیارەکەی کاك عادل و بۆچوونەکانی مامۆستا عوسمان و کاك زرار و برایانی تر و خوشکانی تر, کە باسیان کرد بەڕاستی زەرورە, گەرمیان ناڵێم هیچی بۆ نەکراوە, بەلاَم گەرمیان بێ نازە, من لەگەڵ ڕێزمدا ئەگەر بەراوردی ژیانی ئەمڕۆی گەرمیان و کەرکووك بکەین, لەگەڵ ئەو ناوچانەی تر کەوا ئێستا لە ژێر دەسەلاَتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان هیچیان بۆ نەکراوە, ڕاستە ئێمە خەم خۆری ئەو ناوچانەشین, ئەبێ حیسابێکی تایبەتیان بۆ بکەین, وەکو وتمان ئەو زەرەرو زیانەی بەوان کەوتووە, ناڵێم بەناوچەکانی تر نەکەوتووە, 182 هەزار ئەنفال کەم نییە, زۆرە, کاولکراوە ولاَتەکە, وێرانکراوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کاك محمد فرج, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من موداخەلەکەم دوو تەوەرەیە, بەشی یەکەم/ خۆزگە ئەمڕۆ لەتەواوی کوردستان, تەواوی کەس و کاری ئەنفال و تەواوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕێپێوانێکی وەکو ناڕەزایی نامە ڕێکیان خستبایە, ئەمە دەکرێ ساڵانی تر بیکەین, بەلاَم ئەمساڵ تایبەت بوایە بەو تاوانبارانە کە ئەمڕۆ بەسزای خۆیان بگەیشتبان, خاڵێکی تر/ کە پەیوەندی بەو نووسراوە هەیە کە دوو, سێ عینوانی هەیە, یەکێکیان: بەیانە,

یەکێکیان: وەسیقەیە, یەکێکیان: ئیعلانە, مـن پـێم باشـە ئـەوە بکرێتـە یاداشـتێك, بـەعینوانیش بکـرێ بـۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی, چونکە قەراری نیهائی بۆ ناساندنی هەر کارەساتێك بـە جینۆسـاید ئـەبێ لەوێ بێت, ئەوانەی تر ئەکرێ پاڵپشت و پشـتگیری ئـەوە بـن, ئـەو ئـەتوانێ قـەراری نیهـائی دەربهێنـێ بـۆ جینۆساید, هەر کارەساتێك بناسێت, ئەو کارەساتانەی کە بـەدنیا ناسـاندراون لەمەجلسـی ئـەمن دەناسـرێن, لەبەر ئەوە ئێمە وەك نەتەوەیەك بۆمان هەیە ئەمە ئیشی دەوڵەتی عێراق نییە, بڵێین ئەو دەوڵەتـە دەبـێ بیکات, نەخێر ئێمە نەتەوەیەکی زوڵم لێکراوین, ئەتوانین خۆمان ئەوە بکـەین, بـەپێی بریـاری حەوتـەمی جاڕنامـەی گـەردوونی مـافی مـرۆڤ, وەسـیقەکانیش کـە لـەدوای هـاتوون, ئێمـە ئـەو مافـەمان هەیـە, وەکـو تەقریری مەصیر مافی خۆمان بدەینە ئەو نەتەوە یەکگرتووانە, وەکو شکایەتێك بیگەیەنین, بـەڵام دەکـرێ ئیستیفادە بکەین لە پشتگیری دەوڵەتی عێراق, لەپشتگیری ئەو لایەنانەی تر کە لەبەیاننامەکە, لایەنەکانی تری وەسیقەکە هاتووە, خاڵێکی تری زۆر گرنـگ, ئەبێ زۆر پشتی پێببەستین, ئەو سێ تاوانەیە, کە دادگـای باڵای تاوانەکانی عێراق دیاریان کردووە, لێرە تـەنها ئامـاژە بـەدوان کـراوە, ئـەبێ ئێمـە هەرسـێکیان دیـاری بکەین, راستە جینۆساید تەنها یـەکێکیانی بەسـە, یـەعنی ئەگـەر سـەیری ئەرمـەن بکـەین تـەنها جرائیمـی ئیبادەی جەماعی بووەتە بنەما بۆ ناساندنی هۆلۆکۆز بـە جینۆسـاید, ئەمـەی ئێمـە لـەوان بـەهێزترە, سـێ جەرائیمی گەورەیە, یەکەم/ جەرائیمی حـەرب, دووەم/ جـەرائیمی ئیبـادەی جـەماعی, سـێیەم/ جـەرائیمی زدی ئینسانیەت, لە بڕیارەکانی دادگا بۆ تاوانبارکردنی عەلی کیمیـاوی و هاوڵـەکانی هـەر سـێ جەرائیمەکـە هاتووە, گرنگە لەکاتێك ئەم دادگایە یەکێك لەو دادگایانەی کە لەنێو دەوڵەتی ئیعتیرافی پێکراو و قسەکانی جێگای خۆی دەگرێتەوە, خاڵی دووەم/ کە ئەمەوێ قسـەی لەسـەر بکـەم, باسـی قـەرەبوو کردنـەوەیـە, ئێمـە بەنیەتین یاداشتێك ئامادەبکـەین, پـرۆژەیـەك سـێ خـاڵ لـەخۆ دەگرێـت, خـاڵی یەکـەم/ یاداشـتێك بێـت بـۆ سەرۆکی کۆماری عێراق, چونکە ئەو کاتەی ئەو کارەساتە کـراوە, سـەرۆکی کۆمـاری عێـراق ئیمـزای هـەموو ئەو ئەمرانەی کردووە کە کراوە, لەوکاتە کە رەئیسی وزەرا نـەبووە, حکومـەت حکومـەتێکی کۆمـاری بـووە, سەرۆك کۆمار هەموو ئەو بڕیارانەی دەرکردووە, بەهەموو عورفێکی نێودەوڵـەتیش, ئـەم دەوڵەتـەی ئێسـتا میراتگری دەوڵەتی پێشووە, ئەمەش لەتەواوی عورفی دنیـا هەیـە, سـەیری دەوڵـەتی ئـەڵمانیای دیموکراسـی بکەین, لەدوای هاتنی هیتلەر, کە بەتەواوی پێچەوانەی سیاسەتی هیتلەر بوو, تـەواوی ئـەو ئیلتیزاماتانـەی کـە کەوتـە سـەری هـەمووی ئیقـرار کـردو و هەمووشـی جێبـەجێ کـرد, بەتایبـەتی بەرامبـەر بـەهۆلۆکۆز, لەوەش گرنگتر دەبێ ئێمە دوو شت داوا لەحکومەتی عێراق بکەین, یەکێك ئەو قەرەبووانە لە ئەستۆ بگرێ و, ئیقراری بکات, ئەو موزەکەرەیەی کـە ئەیـدەینێ ئیمـزای بکـات دوو/ دەبـێ داوای لێبـوردن لەگـەڵی کـورد بکـات, ئەگـەر سـەیر بکـەین لـەم حەفتـەی پێشـووە دەوڵـەتی بـەریتانیا, سـەرۆك کۆمـاری بـەریتانیا داوای لێبوردنی کرد لـە سـێ سـەد سـاڵ لەمـەو پـێش کـە دەوڵـەتی بـەریتانیا خـەڵکی ئـەفریقیای کۆیلـە کـردووە, هـەروەها موستەشـاری ئـەڵمانیا هەفتـەی پێشـوو, داوای لێبـوردنی کـرد لـە شـەعبی جولەکـە, کـە هیتلـەر بەرامبەریان ئەو کارەساتەی کردووە, لەبەر ئەوە زۆر جێگای خۆیەتی دەوڵەتی عێراقیش ئـەو دوو حاڵەتـە لەبەرچاو بگرێت, یەکێك: تەعویز, ئەوەی تر: داوای لێبوردن بەرامبەر بـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان,

ئێمـە پێشـنیاری ئـەوە دەكـەین, لـەكاتی بودجـەش ئـەوە رادەگەیـەنین, حكومـەتی هـەرێم ئـەو بـڕە پـارەی كـەماوە لـە 2007 خـەرج نـەكراوە, یـەعنی ئـەو ئیجرائاتانـەی حكومـەتی هـەرێم كردوویـەتی, 62٪ میزانیەكەی سەرف كردووە, ئەوەی كەماوە نەكەوێتە سەر بودجەی 2008, بەڵكو ئەو بڕە پارەیە تەرخان بكـرێ, بەتایبـەتی بـۆ ئـاوەدان كردنـەوە و قەرەبووكردنـەوەی ناوچـەكانی زیـان لێكـەوتووی كیمیابـاران و ئەنفال, خاڵی تـر/ بریتیـە لـە بەشـداری كـردن, لەكوردسـتان كۆمـەڵێك كۆمپانیـای گـەورە و بـەتوانا هـەن, یەعنی جێگای خۆیەتی لەمەودوا ئێمەش ئـەم كـارە بخەینـە سـەر ئەسـتۆی خـەڵكیش, ئـەوانیش بەشـداری بكـەن لـەوە, خـاڵی كۆتـایی/ ئـەوەی مامۆسـتا سـعد وتوویـەتی و بـەعزێكیش ئاماژەیـان پێكـرد, كۆمـەڵێك رێكخراو لەدەرەوە بەڕاستی كاری باشیان كردووە, لەوانە لە هۆڵندا, لەنـەرویج, لەسـەرووی هـەموویان پـێم وایە رێكخراوی چەپ, یەعنی لەم مەجالە كاری زۆر باش و چاكی كردووە, لەو كۆمپانیا و رێكخراوانەی كـە ئیشـیان كـردووە سـەبارەت بەمـە, یـان ئـەو كێسـە بدرێتـە نەتـەوە یـەكگرتووەكان, داوایـان لـەو دەوڵەتانـە كردووە, ئێمە لە پەرلـەمانی كوردسـتان پشـتگیریەكی مـادی و مەعنـەوی بكـەین, بـۆ ئـەوەی بتـوانین ئێمـە لەمانگی 2008/10 كە نەتەوەیەگگرتووەكان، ئەنجومەنی ئاسایش, كۆنگرەی بەرفراوانی خـۆی دەبەسـتێ, لەمـە ئێمـەش ئامـادە بكـرێین, بتـوانین موزەكیرەیـەكی بـەهێز و بـاش تەقـدیم بكـەین, بـۆ ئـەوەی ئـەو كارەساتەی ئێمەش بە جینۆساید بناسرێ, هەروەك ئەوانی تری دنیا, سوپاس.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من زۆر لەقسەكانم كرا, بەكورتی ئاماژە بەسێ خاڵ دەكەم, یەكەم/ پێم باشە حكومەتی هـەرێم راپـۆرتێكی ئامـادە كردبوایـە كـە تائێسـتا چـی بـۆ كـەس و كـاری ئـەنفال و ناوچـەكانیان كـراوە, لەلایـەن كـاك سـعدەوە خوێندرابایەوە, بەتایبەت پار كۆمەڵە داواكارییەك لەلایەن لیژنـەی مـافی مـرۆڤ لـە راپـۆرتـەكانیان هـەبوو, حكومەت بەڵێنیدا كە جێبەجێیان بكات, بزانین ئایا چەندی جێبەجێ كراوە؟ دوو/ ئـەو خانوانـەی كـە بـۆ كەس و كاری ئەنفال دەكرێ من وەكو پێشنیارێكی خۆم, پێم خۆشـە هەنـدێكی لـە پارێزگاكـان بكـرێ, واتـە لەسلێمانی و هـەولێر و دهـۆك, دابـەش بكـرێ بەسـەر كـەس و كـاری ئـەنفالكراوەكان, یـان بـۆ ئەوانـەی كـە خێزانی نوێ پێك دەهێنن لە نەوەی ئەنفالكراوەكان, ئەوەش لە رووی نەفسـیەوە دەورێكـی خـۆی هەیـە, بـا هەمووی هەر لەشۆڕش و سمود نەكرێ, سێ/ تەئیدی قسەكانی كاك فاروق دەكەم, بەحەقیقەت ناوچـەكانی ئەنفالكراو بەتایبەت گەرمیان رووبەڕووی ئەنفالێكی تر دەبنەوە كە ئەویش وشكە سـاڵییە, داوا دەكـەم كـە لیژنەی زراعە كە باسی كرد زۆری دەوێ, من پێم وایە تا ئەو لیژنەیە دەست بەكار دەبێـت و ئـەو پـرۆژانـە جێبەجێ دەكەن, ئەو گوندانە هەمووی چۆڵی دەكەن و ئاژەڵەكانیان دەفرۆشن, چونكە دەستیان پێكـردووە, من لەگەڵ جەنابیشت باسم كردووە, حكومەتی هـەرێم ئـەو وشـكە سـاڵیەی ئـەو ناوچـەیە وەكـو حاڵـەتێكی تەواوی تەماشا بكات, بەپەلە بەپلانێك دەست بەكار بن و ئاو و هاوكاری بگەینە ئەو گوندانە, سوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموو ساڵێك لە پەرلـەمانی كوردسـتان ئـەم كارەسـاتە سـاغ دەكەینـەوە, هـەموو سـاڵێكیش هەڵویسـت وەردەگــرین و بریــار دەردەكــەین, داوا لــە حكومــەتیش دەكــەین و داواكارییــەكانی ئــەنفالكراوەكان وەكـو موزەكەرەیـەك دەكـەین, پـار سـاڵ سـەرۆك حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان خـۆی ئامـادەبوو, وەزیرەكـان ئامــادەبوون, پــرۆژە ئامــادەكرد و پێشكەشــی پەرلــەمانی كــرد لەســەر ئــەو خزمەتانــە كــە پێشكەشــی ئەنفالكراوەكان دەكەن, دەبوایە لەم كۆبوونـەوە ئێمـە هەڵسانگاندنی تـەواومان كردبـا, چـەند ئەنجامـدراوە, چەندی ئەنجام نەدراوە؟ ئەوەی تێدەگەم لەو كۆبوونەوەیە, لەسەر ئەو موزەكەرەیـە, یـان بەیانـە, بـەڕەئیی من ئەگـەر موزەكەرەیـەك بێـت باشـترە, چونكە ئاراستەی حكومـەتی عێـراق و بـۆ ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێراق, لەسەر ئەوەی كە ئیلتیزاماتی خۆی قانونی، دەستووری جێبەجێ بكەن, من لەسەر ئەو موزەكەرەیە وا تێدەگەم, پێشەكەی زۆر دوور و درێژە داعی ناكات ئێمە بڵێین لە سیفەر و لۆزان و ئەوانە هەموویان بێن بینووسین بۆ كارێكی تایبەت, كـە تـەرخان كرایـە بـۆ 1987، 1988 كارەساتێكە كـە پێـی دەڵێن ئـەنفال, لەگەڵ ئەوەمە كە ئەوە كورت بكرێتەوە, تاكو ئیختیصار بێت, تایبەت بێت بە ئەنفال, ئەوانی تـر كـە لێـرە هاتینە نووسین, ئەوە لە مەحكەمەی جینائیی كوبرای بەغـدا ئیقـرار كراینـە, پێویسـت ناكـات ئێمـە بـێین باسی سەحبی ئیدارات بكەین, چونكە ئـەوە لەپاشـی سـاڵی 1991, 1992 دەسـتی پێكردیـە, داعـی ناكـات باسی ئیعلانی كوردستان مەناتقی مەحزوری ئەمنی, ئـەوە لەسـاڵی 1985, یـان تـەغیری هەویـەی قـەومی, یان ئیعادەی جنسیـەی كـوردە فەیلیـەكان, چونكە وابـزانم قـانونی جنسیە دەرچـوو لـە بەغـدا, كـە كـوردی فەیلی مەشمول بوو بـە ئیعـادەی جنسیە, ئێستا بۆیـان گەڕاندیـە, بـەلاَم فەقـەرەكانی تـر كـە تایبەتـە بـە كوردی فەیلی مومكینە ببینن, یەعنی ئێمە بۆ موتاڵەبەی قانونی تەعویز بكـەین, خـۆ مەحكەمـەی بەغـدا قەراری داوە, تەعویزی زەحایە بكەن, دەبێ ئێمە زەخت لەگەڵ حكومەت بكەین كە تەعویزەكە بدەن, هەتا ئەو فەقەرەیەی كەهاتووە لەسەر تەرخان كردنـی پـارە بـۆ ئیعمـار و تەنمیـەی كوردسـتان, بەتەصوری مـن, دەبێ ئێمە موتاڵەبە بكەین كە ئەو پارەیە تەرخان كردیە حكومەتی ناوەندی, چونكە پارە هەیە بۆ ئیعمـار و تەنمیەی موحافەزە, بەڵكو تەڵەبی زیاتر بكەین, نەك تەنها حكومەتی عێراق بەرنامەج دابنێت بۆ ئی عماری كوردستان, بـەڵكو ئـەوە ئیشـی حكومـەتی هەرێمـە, لەموزەكەرەكـە هـیچ ئیشـارەت نـەهات بـۆ ئـەوە كەدەبێ تەنفیزی حوكمی مەحكەمە بێت لەسەر ئیعدامی تاوانبارەكان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز گیلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ساڵانە یادی ئەنفال دەكرێتەوە لەلایەن حكومەت و حیزب و رێكخراوە مەدەنیەكان, چـەند مانگێـك پێشـتر خۆیان پێ خـەریك دەكـەن, دەسـت خۆشـیان لێدەكـەین, لـەو رۆژە كـە چـالاكیەكان پێشكەش دەكـرێ, ئـیتر كۆتاییە, تەقریبەن بیر دەچێتەوە تا ساڵی داهاتوو, تا ئێستا شوێنێك نییە, هێمایەك نییە, كـە تـەعبیر لـەو كارەسـاتە گەورەیـەی ئـەنفال بكـات, لـەناو كوردسـتان كـە وەفـدێكی بیـانی دێـت, یـان ئـەم جیلـەی ئێسـتا و جیلـەكانی داهـاتوو لەبەرچـاویان بێـت كـە ئـەم كارەسـاتە لەكوردسـتان روویـداوە و بـیر نـەچێتەوە, لەهـەر وڵاتێك كارەسـاتێك ئـەگـەر بچووكیش بێـت, مۆزەخانەیـەكی بـۆ كراوەتـەوە, هێمایـەكی بـۆ كراوەتـەوە, كـە

ئەپارێزرێ لەناو میللەتەکە خۆیان, بۆیە من پێشنیار دەکەم کە شوێنێك, مۆزەخانەیەك بکرێتەوە تایبەت بێت بەکارەساتی ئەنفال, هەرچەند لەو بەیانە خاڵێکی تێدایە بۆ کردنەوەی مەرکەزێك, بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی جینۆساید لەعێراق و کوردستان, بەس من پێشنیارەکەم ئەوەیە مۆزەخانەیەك بکرێتەوە تایبەت بێت بە کارەساتی ئەنفال و ئەو جلوبەرگانە, یان ئەو شتانە کە لە گۆڕەکانیان نایە, ئەو وەسائیقە هەر خاڵێکی تایبەتمەندە بە ئەنفالکراوەکان, لەو مۆزەخانەیە بپارێزرێت بۆ ئەوەی هەم بەخەڵکی دەرەوەی بیناسێنین, هەم جیلەکانی خۆشمان لەیادی نەکەن, هەر بۆ پاڵپشتی ئەو مۆزەخانەیە, من پێشنیار دەکەم کاری زۆر جدی بکرێ کە رۆفاتی ئەنفالکراوەکانی گەرمیان و شوێنەکانی تری کوردستان بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و کاری جدی بۆ بکرێ, چونکە ئێمە چەند ساڵە باسی لێدەکەین, بەڵام تا ئێستا هیچ شتێك بۆ ئەو مەسەلەیە نەکراوە, کە ئەوانە رەنگە لەو سەحرایەن رۆژگاری بەسەر بێت و تێك بچێت, لێمان تێك بدەن, بۆمان نەدۆزرێتەوە, بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەوە کاری جدی بۆ بکرێ, پێشنیارێکی ترم ئەوەیە کە هەڵمەتێکی ئاوەدان کردنەوەی بەپەلە بکرێ بۆ ناوچەی ئەنفالکراوەکان, بەڕاستی بۆ ئەوەی ئەو بارەخەمۆکیەی بەسەر دانیشتوانی و باقی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان نێت, تۆزێ جەویان بۆ بگۆڕێت, ژیانیان گۆڕانکاری تێدا بێت, بۆ ئەوەی هەر لەو بەرگە رەشە, لەو بیرە تاڵە نەچن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەند ئەوانەی مەبەستم بوو بیڵێم, زۆر لەبرادەران وتیان, هەروەك کاك دیلمان ئاماژەی پێکرد و پشتگیری لە راپۆرتەکەی کاك عادل دەکەم, لەبەیانەکە ئاماژە نەکراوە بەوە, داوا بکرێ بە جێبەجێ کردنی بریارەکانی دادگای باڵای تاوانباران, کە خاڵی یەکەم لای ئێمە لەناو بردنی ئەو تاوانبارانەیە کە فەرمانی مردنیان بۆ دەرچووە, بەڵام هەر لەو دادگایە کۆمەڵێك بریاری تر دەرچووە, باسی قەرەبوو دەکات, با کەس و کاری ئەنفال مافی ئەوەیان هەیە سکاڵا تۆمار بکەن, داوای مافی خۆیان بکەن, ئێمە چاودێری ئەوەش بین ئەو بریارانە زوو جێبەجێ بکرێ, سەبارەت بەو کارەساتەی ئەنفال, من وەکو کەسێکی شارەزابم لەوە, لەسنووری گەرمیانەوە تا بادینان, بەڕاستی ئەوەندە کارەساتەکە گەورەیە, ئەو شتانەش کە کرابن لەئاستی پێویست نییە, بەتایبەت لەگەرمیان, ئێمە خاوەن دوو کارەساتی گەورەین, یەکیان لە 74 هوە 91 گوندی سنووری خانەقین راگوێزکرا, عەرەبی تێدابوو تاکو 91 دانیشتوانەکەشی ئاوارەی جنوبی عێراق بوون, دووەم/ کارەساتی ئەنفال کەوتۆتە مەنتیقەیەکی سەری گەرمیانەوە, هەموو ساڵێکیش مەسەلەی وشکە ساڵی رووبەرووی ئەو خەڵکە دەبێتەوە, زیانەکان بنەمای ئابووری جارێکی تر زیان بەوان دەگەیەنێ, بۆیە داوای ئەوە دەکەین چ لەڕووی ئەوەی وەکو خۆیان زیانیان لێکەوتووە, وەك تایبەتمەندی ناوچەکە ئەو بابەتە لەبەر چاو بگیرێ, چاوخشاندنێك بەیاسای ئیمتیازی کەس و کاری شەهیدان, کەلەلایەن خۆمانەوە دەرچوو, بەتایبەتی خاڵێك کەئەمرۆ خۆشیان وروژاندیان, من پێم وابوو ئەو خاڵە چۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە, مەسەلەی ئەوەی هەندێك خێزان هەیە کە دایکێك مێردەکەی ئەنفالە, یان کەسێکی ئەنفالە, بەڵام پێنج, شەش کەس لەسەر ئەو مووچەیە دەژی, ئەوە رەچاو بکرێ و جیاوازی بکرێ لەگەڵ

مووچەکانی تر, ئێمە وەکو صبریە خان ئاماژەی پێکرد لە مانگی رابـردوو سـەردانی وەزارەتـی شـەهیدانمان کرد, وتیان ئەو پلانەی کە بۆ ئەمساڵ دانراوە بـەگوێرەی ئـەو بەدواداچـوونەی خۆمـان هەمانـە, حکومـەت لەو بودجەیە کەمتری بۆ تـەرخان کـردووین, داواکـارین داواکارییـەکانی وەزارەت لەبەرچـاو بگـیرێ, چـونکە زۆر خاڵی تێدایە بەتایبەت لەڕووی بووژانەوەی ژیانیان و, نیشتەجێ کردن, کێشەیەکی گـەورەتر کـە لـەناو کەس و کاری ئەنفال هەیە, زۆریان نەخۆشی گرانیان هەیە, ئەو نەخۆشیانە لە کوردستان چارەسەر نـاکرێ, تا ئێستا بنکەیەك, کۆمیتەیەك, بەڕێوەبەرایەتیـەك نییـە, بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو نەخۆشـانە لـەدەرەوەی وڵات, ئەوە یەکێك لە خاڵە پێویستەکانە, من سوپاسی ئـەو برادەرانـە دەکـەم کـە زۆربـەی خاڵـەکانی تریـان وتم, شتی ترم نییە, سوپاس.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لەقسەکانی جەنابتان دەکەین, کە لەبیدایەتی جەلسەکە فەرمووتان, لەهەمان کات پشـتگیری تەواوی بەیانەکە دەکەم, لەگەڵ دوو پێشنیاری بچووك, یەك/ ئێمە کە لێرە دەڵێین (التعامـل مـع السیاسـات التي انتهجت من قبل الحکومات الدیکتاتوریة المتعاقبة), کەواتە مانـای وا نییـە, بـەس ئـەو نیزامـەی زەمنـی بەعسە, بەڵکو پێشتریشە, هەر لە بیدایەتی تەئسیسی دەوڵەتی عێراقی تاکو ئەمرۆ, کاك ئارێز ئیشـارەتێکی پێدا, کە تاریخەکە نەك تەنها ساڵی 87, 88 بێتن, 74 بێت, من لێرە بەرەو کەونتر دەچم, بەرەو کارەساتی یەکـەم ئیبـادەی جـەماعی کـە کـرا لەسـاڵی 1933 (مذبحـة سمـث), کـەوا لەپەرلـەمانی ئێـرەوە بـە رۆژی شەهیدی ئاشووری قەراری لەسەر دراوە, من داواکارم هەم ئەوە, هەم لەساڵی 69 قەریـەی سـوریە ئـەوەیش ئیبادەی جـەماعی کـرا, نزیکـەی 4 هـەزار کـەس قوربـانی ئـەو کارەسـاتە بـوون, لـە سـوریە بـەدەیان کـەس, دەگاتە نـزیکەی 80 کەس بوونە قوربانی کە هەر هەموویان خەڵکی گونـدەکان بـوون, لێـرە مـن داوا دەکـەم ئەگەر بڕگەیەك زیاد بکرێ, لەگەڵ پشتگیری کرد لەرایەکەی دکتۆر فوئاد, کەوا گوندەکان (تهدیم کوانس و جوامع), ئەوە ئیزافـە بکـرێ, لەگـەڵ بڕگەیـەك زیـاد بکـرێ, جا مـن نـازانم صیاغەکەی چۆن بێـت, بـەڵام ئیشارەت بەوە بدات کە ئیبادەی نزیکەی 4000 لەمواتنی ئقلیمی کوردستان لەقەومیەتی کلدان و ئاشووری لە قەریەکانی سمیل و سوریە, لەو کارەساتانەی کـە لەسـەر گـەلانی تـر لێـرە بـاس کـراوە, ئـەوەش ئیزافـەی لەسەر بکرێ, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاڤاڵەکانم زۆر لەقسەکانی منیان کرد پێشتر, پشتگیری تەواوی هەموو مـاف و داواکاریـەکانی کـەس و کـاری شەهید و ئەنفال و کیمیاباران دەکەین, هەمووماں دڵنیاین و کۆکین لەسەر ئەوەی هەرچـیەکیان بـۆ بکـرێ, تەعویزی ئەوە ناکرێ کە رۆژێك لە رۆژان ئازیزەکانیان لەدەستداوە, جێی خۆیەتی لێرەوە دەست خۆشی لە حکومــەتی هــەرێم و بەتایبــەتی لــە وەزارەتــی شــەهیدان بکــەین, کــەتوانی مووچــەی ئــەنفالکراوەکان بەرزبکاتەوە, بەتایبەتی لەگەرمیان لە 150 بۆ 300 هەزار, لە دەشتی هەولێر و بادینان لە 30 هـەزارەوە

بـۆ 100 هـەزار دەسـت خۆشـیان لێدەکـەین, هیـوادارین ئـەوە مەسـەلەی نیشـتەجێبوونیش بگرێتـەوە, لەهەڵەبجە, لە سمود, لەشۆڕش, لەقوشتەپە, لە بادینان هەڵمەتی نیشتەجێبوون بـۆ کـەس وکـاری ئـەنفال و کیمیاباران و شەهیدان ئەوە پیادە بکرێت, پشتگیری بەیانەکەی لیژنەی یاسایی دەکـەین, بـەو داواکاریانـەوە کە کاك عادل لەراپۆرتەکەی نووسیبوو, کە لەم بەیانە نییـە, بەتایبـەتی ئـەو مەسـەلەی کـە تیـا بنووسـرێ, بەتاوانی جینۆسایدناساندنی ئەنفال و کیمیاباران دژی گەلی کـورد, بـەپێی بریـاری دادگـای باڵای تاوانـەکان بەژمارە یەك, کە لەرۆژی 2007/6/24 دەرچووە, بریارەکەش پلەی بنبڕی وەرگرتووە, ئەم دوو دێرە زیاد بکرێ, لەگەڵ ئەوەم کە ئەو بەیانە بدرێتە کۆمەڵێك لایەن, داوا دەکەین کە بدرێتە جامیعـەی ئەزهـەر, بـۆ ئەوەی بزانین ئایا رای زانایانی ئـاینی مـوافقن لەسـەر ئـەوەی کـە لـە ژێـر پـەردەی ئـاینی پـیرۆزی ئیسـلام میللەتێك قڕ بکرێ, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر زۆر سلاّو بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدە سەربەرزانە کە ئەنفال کران, سلاّوی بێ سنوور بۆ ئـەو خوشك و دایکانەی کە براکانیان و خوشکانیان ئەنفال کران, بەلاّم بەکەرامەت, بەسەربەرزی, بەبێ تەنازول بۆ دوژمن لەگەڵ نەتەوەکەیان, لەسـەر خاکەکـەیان, لەگـەڵ هـەموو ئـەو سـەختی و دژواری و دەسـتەنگیەی کەهـەبوون مانـەوە, وەکـو چـیاکانی کوردسـتان بـە سـەربەرزی مانـەوە, ئـەمرۆ لەحەقیقـەت رۆژێکـی زۆر موهیمە, پێویستە لەیادمان نەچێت و یادی بکەینەوە, رێگایەك دابنێین بۆ ئـەوەی نـەوەکانی دوای ئێمـەش یادی بکەنەوە, بۆ ئەوەی تیکرار نەبێت, ئێمە میللەتێکین زۆرجار هێرش هاتۆتـە سـەر خاکەکـەمان, خـاکی کوردسـتان, هـەوڵی نەهێشـتنی ئـەم نەتەوەیـە دراوە, لەڕەگـەوە ریشـەمان دەربکرێـت, بۆیـە پێویسـتە رێ دابنرێ کە ئەمە تیکـرار نـەبێت, ئیمـرۆ لـە عێراقـی تـازە, پێویسـتە ئـەو فیدرالیـەی کـە لەدەسـتوور باسـی کردووە جێگیر بێت, بەهێز بمێنێت, یان بەهێز بێت و مەرکـەزێکی متـەوازع و نۆرمـال هـەبێتن, پێویسـتە لەسەر ئـەم خاڵـە زۆر بـەدەقیقی بوەسـتین, دەبـێ سـنتراڵێکی بـەهێز و ئیقتیصـادی لەدەسـت نـەبێت, وەك لەسـاڵەکانی بیدایـەتی تەشـکیلی عێـراق, چـونکە ئەگـەر وابێـت دەهـا جـاری تـر مەئسـاتی وەهـا بەسـەر گەلەکـەمان بێـت, خـاڵێکی تـری گرنگـی, ئـەو شـوێنانەی دەرەوەی هـەرێمن, کـە کێشـەدارن, هەوڵبـدەین بەزووترین کات بگەڕێنەوە سەر هـەرێم, بـۆ ئـەوەی مەصـیریان بـۆ قـەزاو قـەدەر بەجێنـەهێڵین, پێویسـتە ئەوەش ئیزافە بکەین, چونکە مەصیری ئەو شوێنانە ئەمرۆ لەبەر هات و نەهاتە, ئەو بەرێزانەی لەولا ترن رەفتارێکی تر و تاریخێکی تریان هەیە, نایانەوێ ئەو نەتەوەیە بە ئاسانی لەتـەکیان بـە ژیـانێکی کەرامـەت بژێ, یان ئەبێ خولام بن, یان ئەبێ لەژێر خاك بـن و نـەمینێن, بۆیـە ئـەبێ کـار بـۆ ئەمـەش بکـرێ, هـیچ مەجالێك نەهێڵینەوە, نەحکومەتێکی مەرکەزی بەهێز دروست بێت, نە بهێڵین شـوێنە کێشـەدارەکان دوور لەسنووری هەرێمی کوردسـتان بمێنـێ, دەبـێ بەهـەر شـێوەیەك بێـت بگەڕێنـەوە شـوێنی سروشـتی خۆیـان, لەسەر ئیرادەی خۆیان, بەڕێزان, رژێم ئەو کردەوانـەی ئەنجامـدا بـە ئیمکانیـەتی مـادی عێـراق, سـەرەوت و سامانێکی گەورە لـە عێـراق بـوو, لەبەردەسـتیان بـوو، چـەکی بیانیـان پـێ دەکـرێ, کیمیایـان پـێ دەکـرێ و

کوردستانیان پێ وێران دەکرد, بۆیە بەو سەرەوت و سامانە ئەبێ ئێستا پرۆسەی ئەنفال قەرەبوو بکرێتەوە, پرۆسەی ئەنفال بەگشتی قەرەبوو بکرێتەوە, ئەو کەسانەی کە زەرەریان لێکەوتووە, کەس و کاریان لەدەست داوە, ئەنفال ماڵیان هەمووی گرتۆتەوە, ئەوانە بەئیسراحەت بژین, بەشێوازێکی تر ئەو کەسانەی لەپاشیان ماوە وەزعەکەیان بۆ چاك بکرێتەوە, لەو میزانیەی کە قەرەبوو دەکرێتەوە و ئەدرێتە هەرێمی کوردستان, ئەو منداڵ و ئافرەتەی کە باوکیان, یان برای گەورەیان سەرپەرشت بوون و ئەنفال کران, کە لەتەمەنێکی ناسك مەجبور کران دەست لەخوێندن بەردەن, پاڵ بدەنە بەر ئیشێکی زۆر گران, تەئسیری صەحی لە جەسەدیان کراوە, پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان, وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بیرێکی ورد, دیراسەتێکی باش بکات, پشتیوانی بکرێن, چۆن هاوکاری بکرێن؟ دایکێك کە پیاوەکەی لەدەستداوە, خۆی مەجبوور بووە شانی بداتە بەر ئیش و کار, سەحەتیشی تێك چووە, ئیمڕۆ نابێت وەکو ئینسانێکی تەبیعی بێت, ئەبێ حیسابێکی تایبەتی بۆ بکرێ, ئەمەش کەسانی پسپۆڕ دەبێ دیراسەتی ئەو بابەتە بکەن و هاوکاریان بکەن, خاڵێکی تر زۆر گرنگە, باسی پڕۆسەی ئاشت بوونەوە دەکرێ لەعێراق, لەگەڵ ئەوانەی کە لە تاوانەکان شەریك بوونە, لەگەڵ ئەو رژێمە شەریك بوونە, ئەمڕۆ دەکرێ ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ بکرێ, بەسەرچاو, باشە, بەڵام پێویستە هەرێمی کوردستان پا دابگرێت, خەڵکی کوردستان, پەرلەمانی کوردستان, حکومەتی عێراق و پەرلەمانی عێراق, داوای عەفوو لە خەڵکی کورد و کوردستان, لەخاکەکەی, لەگیانلەبەرەکانی کە لەسەری ئەژێ بکات, ئەمە شوجاعەتە, نەك جوبنە, ئەگەر نەیکەن جەبانیە بۆ ئەوان, بۆیە ئێمەش نابێ شەرم بکەین, نابێ تەوقوع بکەین ئەوانە تێدا شەریك نەبوونە, ئەوە دێت ئاشتبوونەوە دەکرێ, کێ لەگەڵ کێ ئاشتبوونەوە دەکەیت؟ بەعسەیەکان عەفوو دەکەیت, بەعسەیەکان کێ بوون؟ ئەوانەی پشتیوانی ئەوەیان کرد, جەیشەکە کێ بوو؟ ئەو جەیشە بوو کە کوردستانی وێران کرد, ئەمرۆ دەیهینیتەوە ناو پرۆسەی سیاسی, پێویستە دان بەوە بنێت, بڵێ من شەرمەزارم بەرامبەر ئەم میللەتە و ئەم خاکە و ئەم گیانلەبەرانەی لەسەر ئەم خاکە ژیاون, خاڵێکی تر/ ئەوانەی بەئەنفال تاوانبار کران, حوکم دران, حوکمێکی عادل بوو, پێویستە ئێمە لێرە بینووسین, داوا بکەین, حکومەتی عێراق, پەرلەمانی عێراق, سەرۆکایەتی عێراق, ئەبێ ئەمانە جێبەجێ بێت, بۆ پشتگوێ بخرێ, نابێت ئیهمال بکرێ, بەرێزان وەزارەتی شەهیدانی هەرێمی کوردستان زۆر کاری کردووە, من لەنزیکەوە ئاگام لێیانە, کاری زۆر باشیان کردووە, ئەیانەوێ پرۆسەی ئەنفال رێك بخرێ, ئێمە رەقەمی 182 هەزار کەسمان هەیە, باسی لێوە دەکەین, پێویستە تەنزیم بکرێ, ئەو کەسانە کێن؟ لەکوێ شەهید کران؟ چۆن شەهید کران؟ لەکام مەنتیقەن؟ بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ عالەمی خارجی بەدەقیقی, بەبێ هیچ زوعفێك تەعامولی لەگەڵ بکەین, لەهەمان کات ئەو بڕیارەی کەئەمڕۆ لەبەغدا وەرگیرا, لەخۆیەوە نەهاتووە, ئەو برادەرانە ئەوەنە سەخی نین, بڵێن وەڵلا کورد جینۆسایدی دژ کراوە و ئێمە ئیدانەی دەکەین, ئیشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە, ئیشی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراو بووە, ئیشی ئەو خوشك و برایانەی ئێمەن کە لەپەرلەمان و حکومەتی عێراق لەوێ کار دەکەن, هەموو ئەمانە و قیادەی سیاسی کوردە, ئەمڕۆ ئیجبار کراون ئەم بڕیارە دەربکەن, بۆ گەڕانەوەی تەرمی پیرۆزی ئەنفالیش, ئەم

وەزارەتەمان بەردەوامە, بۆیە دەستخۆشیان لێدەکەین, ئەبێ باشتریش بکەن, پێویستە خاڵی یەك لە ئیعلان نامەکە بگۆڕین, ئێمە تازە عێراق مادەم دەریکردووە, یان بڵێین دەست خۆشیان لێدەکەین, کە ئەو بریارە دروستەیان وەرگرتووە و هەم هەڵوێستی ئێمەشە لەپەرلەمانی کوردستان, راستە ئێمە لەهەرێمی کوردستان ناتوانین ئیجباریان بکەین, بەلاّم دەتوانین داوا بکەن کە ئەمە جینۆساید بووە دژ بە میللەتی ئێمە کراوە, ئیتر هیچ شەرم و پەردەیەکی ناوێ, دەست خۆشی لەهەموو ئەو کەسانە بکەین کە لەناوەوە وەکو تاك, وەکو رێکخراو, وەك لایەن, وەکو تەرفی سیاسی و, ئەوانی لەدەرەوەش بۆ بەناساندنی جینۆساید و کەئەوانەی هۆڵنداش کە شەریکات و بەرپرسی شەریکەیەکیان دایە دادگا و حکومیاندا, من ئەوەندەم هەیە, ئەوەی لەسێدارەدانی تاوانبارەکان پا دابگرین, ببێتە خاڵێك لێرە لەگەڵمان هەبێت, قەرەبوو کردنەوەی پرۆسەی ئەنفالکراو داخل بکەین, سوپاسی بێ پایەن بۆ کەس و کاری شەهیدان بنێرین, کە سەبریان کردووە, پێویستە حیسابێکی تایبەتیان بۆ بکەین, منداڵێکی شەهید کە عومری پێنج ساڵ بووبێ لە 88 باوکی, برا, دایکی شەهید بووبێ, ئەمڕۆ هیچ یاسایەکانی ئێمە نایانگرێتەوە, تا 24 ساڵ دەگرێتەوە, بۆیە دەبێ بەچاوێکی تایبەت سەیری ئەنفالکراو و پرۆسەکەیان و وەزعی نەفسی و گیانی و هەموو رێگایەکیان بکەین, تەمەنای سەرکەوتنیش بۆ هەموو گەلی و کورد و گشت کوردستان دەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بۆ هەموو ئەندامە بەڕێزەکان, کە موداخەلاتیان کرد, قسەی باشیان کرد, سەرنجی ئێمەیان بۆ زۆر شت راکێشا, کە لەوەسیقەکە نەهاتبوو, هەموویان قسەی باشیان کرد, ئەگەرچی تۆزێ تیکراری تێدابوو, بەلاّم لەرۆژێکی وەهادا هەر کەسێك حەقیەتی تەعبیر لەهەستی خۆی بکات و رەئیی خۆی بڵێت, تەنیا ئەوەندەیە تۆزێك گۆڕانکاری بەسەر ئیعلانەکە دێت, ئەوەیش ئەوەیە, بەشێك لە ئیعلانەکە باسی ئەوە دەکات کە داوا لەحکومەت بکات, دەبێ بکرێتە داوا لە ئەنجومەنی نوێنەران بکات, ئێستا ئەنجومەنی نوێنەران ئەو بەیانەی دەرکرد, لەبەر ئەوە پێشەکیەکەی ئەو ئیعلانە دەگۆڕێت, دەبێ بوترێ پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی خۆی لە فلان رۆژ ئەنجامدا, بۆ یادکردنەوەی تاوانی ئەنفال و ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە گەلەکەمان کراون و, بریاریدا ئەو وەسیقەیە دەربهێنێ بۆ ناساندنی ئەو تاوانانەی بەرامبەر گەلەکەمان کراوە, بەتاوانی دژی کۆمەڵکوژی, لەناوبردنی میللەتێك کە بەرامبەر گەلی کورد کراوە, لەوەختێك کە پەرلەمان ئاماژەی بە لاپەڕەکانی ئەو تاوانە دەکاتن کە ئەنجامدراون, وەك لەبەیانەکە هاتووە کە 11, 12 تاوانە, تاوانی تریش هاتۆتە سەری, ئەوەی یەزیدیەکانە, ئەوەی برا مەسیحیەکانە دەکرێ ئاماژەی پێبدرێ, دواتر لەبەر رۆشنایی بریاری مەحکەمەی جینایەتی عێراقی, دەقی بڕیارەکە بنووسرێ بەهەموویەوە, دواتر لەکاتێکدا کە ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەین, بەسوپاسەوە, کە لەهەمان رۆژدا کە ئێمە کۆبووینەوە, ئەوان ئەو بڕیارەیان قبوڵ کرد و رەقەمی بڕیارەکەیان دەنووسین, ئینجا دەڵێین ناساندنی ئەو رۆژە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە, ئەو وەسیقەیە بەناساندنی ئەو تاوانانە بەتاوانی جینۆساید, داواکاریمان لەهەموو لایەنەکان, پێش هەموویان ئەنجومەنی نوێنەران, دەبێ بڵێین بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی بڕیارەکەیان, ئینجا حکومەتی فیدرال, ئینجا نەتەوە یەکگرتووەکان, ئینجا

ئتیحادی ئەوروپی, هەموو ڕێکخراوەکان, تەبعەن مولاحەزات هاتووە, تەبعەن لەوانە سوپاس کردنی هەموو ڕێکخراوە نەتەوەیەکان, چ هی کوردستان, چ ئەوانی دۆستن لەولاتانی ئەوروپا, کە کاریان کردووە, ئاماژەیان پێ بکەین, ئەو هەنگاوانەی کە داویانە, لەوانە جێبەجێ کردنی بەزووترین کاتی بریاری دادگا لەسەر ئەو تاوانانە ئاماژەی پێ بکرێ, مولاحەزەکان لام نووسراوە, ئەوەی کاك عادل, هی كاك جەمال, هەروەها برادەرانی تریش ناردوویانە, قسەکانی تریش پێم وایە تەسجیل کراوە, ئێستا داواتان لێدەکەم دەنگ بدەن بۆ ئەو ئیعلانە, فەرموو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کاتێك دانیشتین, ئەو بریارە لە عێراق نەدرابوو, لەوێ ئەو بریارە درابێت, یان نەدرابێت, بەڕەسمی بە دەستی ئێمە نەگەیشتووە, لەبەر ئەوە حەق نییە ئێمە باسی بکەین, ئایا ئێمە بەدڵمان دەبێت, بەدڵمان نابێت؟ پەیوەندی نییە بە دانیشتنی ئێمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە, زۆر زۆر پەیوەندی هەیە, یەك لە داواکاریەکانمان و کلیلی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە, بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە, کە خەبەرمان بۆ هاتووە, من دەڵێم دەنگ بدەن بۆ ئەوە بەگۆڕانکارییەوە, لەبەر رۆشنایی ئەو قەرارە کە پێمان دەگات, دەنگ نادەین بۆ تەفصیلات, دەنگ دەدەین بۆ عینوانەکە, کە ئیعلانەکە دەربچێت, لەبەر رۆشنایی قسەکانتان, لەبەر رۆشنایی ئەو مولاحەزاتانەی کە دراوە, ئەو شتە دێتە بەردەممان, ئێوە دەنگ دەدەن, تەحویلی سەرۆکایەتی دەکرێت, ئەگەر تەفصیلاتەکەی وا نەبوو داخلی ناکەین, ئەگەر وا بوو داخلی دەکەین, ناشکرێ ئێمە دوای بخەین, چاوەڕوان بکەین رۆژێکی تر دابنێین, بۆیە من داوا دەکەم دەنگ بدەین بۆ ئەو وەسیقەیە, بەو گۆڕانکاریانەی کە کرایە, کێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, زۆر سوپاس, پیرۆزبایی لەگەڵ کوردستان دەکەم, لەکەس و کاری ئەنفال و کیمیاباران دەکەم, بەو قەرارەی کە لە ئەنجومەنی نوێنەران دراوە, ئومێد دەکەم سەرەتایەکی باش بێت, هەموو لایەکمان بەدوای داواکاریەکان بچین, یەك مولاحەزەم هەیە, ئەویش ئەوەیە زۆر برادەر ئاماژەی بەوە کرد, وتی چی نەکراوە, ئەوە بەحەقیقەت موبالەغەیە لە رەخنەگرتن لەحکومەت, زۆر شت کراوە, بەلام تاوانەکە ئەوەندە گەورەیە, زۆر شت کراوە لەچاو تاوانەکە کەم دیارن, بۆیە ئەوەی نەکراوە زیاتر دیارە, بۆ ئەوەی زیاتر پشتگیریان لێبکەین, هانیان بدەین, بڵێن ئەو شتانەتان کردووە و دەستان خۆش بێت, بە ئومێدین ئەوەی نەکراوە بەزووترین کات بکرێت, ئومێدەوارم بەدڵیان بووبێت, سەرکەوتوون, ئێمەش لەخزمەتیان داین, لێرەدا کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دەهێنین, دووبەیانی دادەنیشین, بەرنامەی کار لەصەندقەکانتان دائەنێین, بۆ ئەوەی بزانین کامە لیژنە کارەکانی تەواو کردووە, کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با سبەی جەلسە هەبێت, نەك دوو بەیانی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەوە حیساب ناكەین, چونكە ئەوانەی دەرەوە لێرە موقیمن, ئەوە یەك, دوو/ ئەگەر بڵێین سبەی رەنگە حازر نەبێت, بزانین چی حازرە, ئینجا دانیشتنەكە دەكەین, سوپاس, فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)**

**چوار شەممە رێکەوتی 16\4\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8)

## چوار شەممە رێكەوتی 2008/4/16

كاتژمێر (30ر10)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2008/4/16 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى ئەنجومەن, دانیشتنى ژمارە (8)ى خولى دووەم, ساڵى (2008) ى خۆى بەست.**

**بەرنامەى كار:**

**بەپێى حوكمەكانى برگە (1)ى مادده (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەمواركراوى ساڵى 1992ى ئەنجومەنى نیشتمانیی كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكایەتى ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنى ژمارەى (8)ى خولى دووەمى هەڵبژاردن لە كات (10ر30)ى پێشنیوەڕۆى رۆژى چوارشەممە رێكەوتى 2008/4/16دا بەم شێوەیە بێت:**

**1 ـ خوێندنەوەى یەكەمى پرۆژە یاساى وەزارەتى ناوخۆى هەرێمى كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنى وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**2 ـ خوێندنەوەى یەكەمى پرۆژە یاساى پارێزگاكان لە هەرێمى كوردستان كە لە لایەن ئەنجومەنى وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**3 ـ خوێندنەوەى یەكەمى پرۆژە یاساى كارى دابەش كردنى بودجەى حیزب و لایەنە سیاسیەكانى هەرێمى كوردستان كە لە لایەن ژمارەى یاسایی ئەندامانى ئەنجومەنى نیشتمانى پێشكەش كراوە.**

**4 ـ خوێندنەوەى یەكەمى پرۆژەى هەمواركردنى یەكەمى یاساى وەزارەتى كاروبارى ناوچەكانى دەرەوەى هەرێمى كوردستان، ژمارە 19 ى ساڵى 2006 كە لە لایەن ئەنجومەنى وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**5 ـ خستنەروو و گفتوگۆ كردنى پرۆژە یاساى دیوانى چاودێرى دارایی هەرێمى كوردستانى عیراق، كە لە لایەن ژمارەى یاساى ئەندامانى ئەنجومەنى نیشتمانى پێشكەش كراوە، خوێندنەوەى یەكەمى لە دانیشتنى ژمارە 1 ى ڕۆژى 3/17/ 2008 كراوە، بە نووسراوى ژمارە 16 ى ڕۆژى 3/19 دراوەتە لیژنەى كاروبارى یاسایی و دارایی و ئابوورى.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**بەناوى خواى گەورەو میهرەبان.**

**بەرنامەكەمان دەست پێ دەكەین، دانیشتنى ئەمڕۆمان خولى گرێدانى یەكەمى ژمارە 8 لە بەروارى 2008/4/16، كاتژمێر (10,50) بەرنامەى كارى ئەمڕۆمان ئەم خاڵانەیە:**

**1 ـ خوێندنەوەى یەكەمى پرۆژە یاساى وەزارەتى ناوخۆى هەرێمى كوردستان، كە لە لایەن ئەنجومەنى وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**2 ـ خوێندنەوەى یەكەمى پرۆژە یاساى پارێزگاكان لە هەرێمى كوردستان كە لە لایەن ئەنجومەنى وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**3 ـ خوێندنەوەى یەكەمى پرۆژە یاساى كارى دابەش كردنى بودجەى حیزب و لایەنە سیاسیەكانى هەرێمى كوردستان كە لە لایەن ژمارەى یاسایی ئەندامانى ئەنجومەنى نیشتمانى پێشكەش كراوە.**

**4 ـ خوێندنەوەى یەكەمى پرۆژەى هەمواركردنى یەكەمى یاساى وەزارەتى كاروبارى ناوچەكانى دەرەوەى هەرێمى كوردستان، ژمارە 19 ى ساڵى 2006 كە لە لایەن ئەنجومەنى وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

5 ـ خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستانی عیراق، کە لە لایەن ژمارەی یاسای ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشکەش کراوە، خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە 1 ی ڕۆژی 3/17/ 2008 کراوە، بە نووسراوی ژمارە 16 ی ڕۆژی 3/19 دراوەتە لیژنەی کاروباری یاسایی و دارایی و ئابووری.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن و لە شوێنی خۆیان دابنیشن بۆ دەست پێکردنی بەرنامەکەمان. بەڵام پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەکەمان بکەین، بە خێرهاتنی گەرمی بەرێزان کاك شێخ باییز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، کاك د. جرجیس سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەولێر، کاك تاجەدین ساحب جێگری سەرۆکی دیوانی چاودێری لە سلێمانی، کاك دلێزار بابکر حەنا بەرێوەبەری گشتی دیوانی رەقابەی مالی لە هەولێر، کاك احمد امین رشید جێگری بەرێوەبەری گشتی دیوانی رەقابەی مالی لە سلێمانی، کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەخێر بێن سەرچاوان.

دوو بابەت هەیە دەمەوێت باسی بکەم، پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەی کار بکەین، دیارە دوێنێ چەندین کاری تیرۆرستی ئەنجام درا لە شوێنە جیاجیاکانی عیراق، لە دیالەو لە بەغدا و رومادی، کە بووەتە هۆی ئەوەی دەیان کەس شەهید بن، پێرێش هەروەها بەهۆی کارێکی تیرۆرستی چەندین پێشمەرگە شەهید و بریندار بوونە، بۆیە ئیدانەی توندی ئەو کارە دەکەین، سەرەخۆشی لە گشت پێشمەرگەو هاووڵاتیانی کوردستان و عیراق دەکەین، ئومێد دەکەین بریندارەکان بە زووترین کات، برینەکانیان سارێژ بێت، جارێکی تر لێرە دا دووپاتی دەکەمەوە و دەڵێین ئیرادەی گەل  زۆر لە تیرۆرستان گەورەترە، بۆیە هەمیشە نەیانتوانیوە بزووتنەوەی مێژوویی ڕابوەستێنن و ژیانمان لێ تێك بدەن، گەلی عیراق و گەلی کوردستانیش هەر سەرکەتوو دەبن و جێگای ئەوانیش لە دۆزەخ دەبێت، هەروەها ئەوانەی کە پشتیوانیشیان لێ دەکەن، کە غەیری پەشیمانی هیچی تریان بۆ نامێنێتەوە، مەسەلەی دووەم، پێش چەند ڕۆژێك ئێمە بڕیارمان دا کە 4/16 ببێتە ڕۆژی ژینگە، ئەمڕۆش ڕۆژی ژینگەیە، یەکەم جاریشە کە ئەو بڕیارە لە پەرلەمان جێ بە جێ دەکرێت، ئومێد دەکەین ببێتە هۆی ڕۆشنبیری زیاتر لە ناو خەڵکدا، هەستی ژینگەیی هەر هاووڵاتیەك هەستی پێ بکات، لە لای خۆیەوە پابەند بێت بە یاساکان و بە ڕێنماییەکانی چۆنیەتی پاراستنی ژینگە لە پیسی، هەریەکە لە لایەن خۆیەوە چ بە ڕەچاوکردنی ڕینماییەکانی وەزارەتی ژینگە، بە ئاشنابوونی خۆی لە چۆنیەتی پاراستنی ژینگە لە پیسی و تێکدانی ژینگە، چونکە پەیوەندی بە تەندروستی ژینگەوە هەیە، پەیوەندی بە جوانی شارەکانمانەوە هەیە، پەیوەندی بە ئایندەی هەمووومانەوە هەیە، ئومێد دەکەم ئەو بڕیارە کە لە لایەن ئێوەوە دەرچووە ببێتە هۆیەکی کاریگەر بۆ بەرەو پێش چوونی خەباتی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆ پاککردنەوەی ژینگە، ئێستاش دەست بە بەرنامەی کارمان دەکەین.

1 ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

**من پێم وایە تەنیا کاک خلیل ئاماژە بە پرۆژەکان بکەین و دواتر ئێمەش تەحویلی دەکەین بۆ لیژنەی پەیوەندارو ئەندامان، بۆ ئەوەی راپۆرتی پێویست حازر بکەن، دواتر رۆژێك دیاری دەکەین بۆ موناقەشەکردنی، کاك خلیل فەرمووو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی هەرێمی کوردستان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ئەو پرۆژەیە 13 مادده لە خۆی دەگرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**پرۆژەی یەکەم وەکو کاك خلیل خوێندیەوە،پرۆژەیەکە لە حکومەتی هەرێمەوە هاتووە، پێك هاتووە لە 13 مادده، ئێمە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی بەرێزی دەکەین، لە سایتی پەرلەمانیش دا بلاوی دەکەینەوە، ئومێد دەکەم ئەو دوو لیژنەیە بتوانن لە داهاتوو دا تاوتوێی لەسەر بکەن، تا ئەو کاتەی دەیخەینە بەرنامەی کارو وەزارەتی ناوخۆش لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم کە چاوەڕوان دەکرێت بەم زووانە ئیعلان بکرێت، وەکو یەك وەزارەت  بێت و کاری خۆی دەکات و بۆ ئێمەش ئاسان تر دەبێت. کاك خلیل خاڵی دووەم بخوێنەوە.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**2 ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، دووەم پرۆژەیە کە لە 44 مادده پێك هاتووە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی بەرێز دەکەین، بە هەمان شێوەی پرۆژەی خاڵی یەکەم، ئومێد دەکەین کە بە هەندی وەربگرن، چونکە مەسەلەیەکی گرنگە، خۆمانی بۆ حازر بکەین بۆ موناقەشەکردنی، ئەو تایبەتمەندیە لە کوردستانیش دا هەیە رەچاوی بکرێت، کاك خلیل فەرموو خاڵی سێیەم بخوێنەوە.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**3 ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای کاری دابەشکردنی بودجەی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشکەش کراوە، ئەوە لە لای ئێمە نیە و نەگەیشتووە بە ئێمە نازانم چەند ماددەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەگەر ئیجازە هەبێت، وابزانم کاروباری ئەنجومەن نەیانخستووەتە ئێرە، چونکە گرنگە و ناوەکانی تێدایە، پێویستە ناوەکان بخوێنمەوە، بۆ ئەوانەی کە داوایان کردووە. ئەم پرۆژەیە جاری یەکەم درایە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە پێی مەسئولیەتی پێی وابوو، کە دەبێت حکومەتی هەرێم**

پێشکەشی بکات و هەڵی سەنگێنێت، بودجەی حیزبەکان ئەوان دەزانن چۆنە و چۆن نیە، ئەزموونیان هەیە لەوەدا، پرۆژەکەمان نارد بۆ حکومەتی هەرێم تاوەکو ئێستاش وەڵامی نیە، ئێمە لێرە گوتمان ڕەنگە هەندێك برادەر هەبێت هەروا ئیمزای کردبێت، گوتمان لەوانەیە جارێکی تر بەو ژمارەیە ئیمزای بکەین، جارێکی تر 57 کەس ئیمزای کردووە، ناوەکان ئەوەتا لێرەن، دواتریش ڕەخنەیەکیش دەگرم، کە ئەو ڕەخنەیە لە ئێمە دەگیردرێت، کە بە زمانی عەرەبی پرۆژەکەیان تەقدیم کردووە، کاك غفور یەکەم کەس تۆ ئیمزات کردووە، دەبوایە ڕەچاوی ئەوە بکەی کە بە کوردی تەقدیمی بکەی، ئەوە خۆشت لەوانەی کە ڕەخنەت لێی گرتووە، 57 ئەندامی پەرلەمان ئەو پرۆژەیان تەقدیم کردووە، ناوەکان دەخوێنمەوە، غفور مەخموری، باپیر کاملا، رۆمیۆ هەکاری، جمال شمعون، ناز ناز محمد، شیرین عبدالرحمن، محمد فرج، عثمان احمد، عادل محمد، ئارێز عبدالله، محمد صالح، سارا خضر، عبدالرحمن احمد رضا، کرخی نجم الدین، دلێر محمد شریف، طلعت محمد صالح، خورشید شێرە، سوارە محمد امین، حاتم حمە جان، حسێن محمد رشید، نەسرین محمد صالح، محمد حکیم جبار، حسن بابکر احمد، قادر سعید، شمسە سعید محمود، فضیلة رمضان، أنور محمد غفور، خلیل ابراهیم محمد، کەژاڵ مجید قادر، ڤیان دزەیی، سهام أنور ولی، ڤیان سلیمان حاجی، سۆزان شهاب نوری، د. نوری تاڵەبانی، بایزار ملکو أوهان، جمیل محمد عثمان، ئاخر شێخ جمال، رشید کریم، هیوا صابر، مریم حسن ابراهیم، کوردستان پیرداود، فاروق کریم، د. شوکریە رسول، سید کاکە، خەمان زرار، شوکری نێرەیی، چرۆ علی، هیوا مصطفی، عزالدین سلیم، جعفر مصطفی، شهاب عبدالله، عثمان بانی مارانی، محمد حاجی محمود، گوڵناز عزیز، تاڤگە محمد، صبریە غفار، اسعد شاکر امین، ئەوە ناوی ئەو ئەندامانە بوو کە ئیمزایان کردووە، داوایان کردووە کە لێرە دا پەرلەمان موناقەشەی بودجەی هین بکات، کە پرۆژەیەکیان تەقدیم کردووە و ئێستا من دەیخوێنمەوە، کاك خلیل ئەگەر لە بەردەمتە مەشروعەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مشروع قرار

ضوابط توزيع المنح المخصصة للاحزاب السياسية في أقليم كوردستان.

1 ـ تخصص في ميزانية أقليم كوردستان حصة الاحزاب في ألاقليم.

2 ـ توزيع هذه الحصة على شكل منحة سنوية احزاب من قبل مجلس الوزراء دفعة واحدة.

3 ـ يقدرمبلغ المنحة السنوية من قبل مجلس الوزراء بموجب المعاير التالية:

أ ـ عدد مقاعد الحزب في برلمان كوردستان.

ب ـ عدد أصوات الناخبين للاحزاب التى لم تحصل على مقعد في برلمان كوردستان.

4 ـ يمنح الحزب عند تسجيله منحة مالية اساسية يضاف اليها ما تستحق بموجب الفقرة 3 اعلى.

5 ـ تقطع المنحة السنوية للاحزاب في حالة حل الحزب فقط.

6 ـ على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

7 ـ ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الاسباب الموجبة، بما ان قانون الاحزاب في أقليم كوردستان رقم 17 رقم لسنة 1993 المعدل قد احالة الى المجلس الوطنى الاقليم كوردستان، تحديد الضوابط توزيع الضوابط المنحة السنوية للاحزاب ضمن ميزانية الاقليم، بموجب المادة 14 الفقرة أ ولدعم التعددية السياسة في أقليم كوردستان، و اعطاء كل ذى حقه حقه، فقد اصدرنا هذا القرار.

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەم، ئەوانەی ئیمزایان کردووە ئیسپاتی دەکەن کە سەربەخۆن و بیری سەربەخۆیان هەیە، بۆیە ئەو پرۆژەیان ئیمزا کردووە، من تەسەورم وا بوو کە ناتوانن ئەو ناوانە کۆبکرێنەوە، بەڵام کە بووەتە 57 ناو جاری دووەمیشە، ئێمە دەیخەینە بەر دەمتان، ئەگەر ئەوە بە پێی مەنتق بێت کە ئیمزا کرا زۆرینەیە، بەڵام لە موناقەشە ئەگەر 57 ئەوەیان ئیقرارکرد ئەو کات دەبێتە قانون، ئەگەر ئیقرار نەکرا ئەوە دەگۆڕێت، بەڵام وەکو هینێك بۆمان خوێندنەوە، ئومێد دەکەم کە لە وەختێکی پێویست دا پاش ئەوەی لیجانەکان بە لیژنەی ناوخۆشەوە تەبعەن، هەروەها لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی و ئەندامەکانیش، هەروەها لە سایتی پەرلەمانیش بڵاودەکرێتەوە، ئومێد دەکەم راپۆرتەکانیان حازر بکەن، ئەگەر لەو نێوەندەش دا وەڵامی حکومەتیش هاتەوە، لیژنەکان وەڵامی حکومەت موناقەشە بکەن، بۆ حازرکردنی راپۆرتەکەی خۆیان، خاڵێکی تر تکایە کاك خلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

4 ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموارکردنی یەکەمی یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ژمارە 19 ساڵی 2006 کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ئەوەش 4 مادده لە خۆی دەگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم یاسایەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، بۆ هەمان مەبەست، وەکو خاڵەکانی پێشوو. کاك خلیل خاڵی 5 فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

5 ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشکەش کراوە و خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە 1 ی ڕۆژی 2008/3/17 کراوە و بە نووسراوی ژمارە ك 16 ی ڕۆژی 2008/3/19 دراوە بە لیژنەی کاروباری یاسایی و دارایی و ئابووری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە لیژنەی دارایی دەکەم، ئەگەر راپۆرتیان هەیە یان هاوبەشە؟ ئەم پرۆژەیە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە لە 3/17 واتە مانگێك پێش

ئەمڕۆ، چەندین کۆبوونەوەی بۆ کراوە، هەر دوو دیوانی چاودێری لە هەولێرو سلێمانی ڕەئیان کۆکە لەسەر ئەو پرۆژەیە کە تەقدیم کراوە، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم خاڵ بە خاڵ بیخوێننەوە، ئەگەر ڕەئی هاوبەش هەبێت باشە، ئەگەر نەشنبێت هەر یەکە لە لیژنەی دارایی و لیژنەی ناوخۆ بیخوێننەوە، فەرموو کاک د.دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حەقی شاوێس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژە یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان

بەشی یەکەم

پێناسەو ئامانجەکانی دیوانی چاودێری دارایی

ماددەی 1: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

1 ـ هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

2 ـ دیوان: دیوانی چاودێری دارایی هەرێم.

3 ـ ئەنجومەن: ئەنجومەنی چاودێری دارایی.

4 ـ سەرۆك: سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم.

5 ـ دەسەڵاتی چاودێری: ئەنجومەن، سەرۆکی ئەنجومەن، هەردەستەو فەرمانبەرێکی دیوان کە یەکێك لەو دووانە دەسەڵاتیان پێ دابێت لە بواری پسپۆری چاودێری دا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە عەرەبی بیخوێنەوە کاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون دیوان الرقابة المالي لاقليم كوردستان ـ عيراق

الفصل الاول

التعاريف والتشكيلات واهداف ديوان الرقابة المالية

المادة 1: يقصد بالمصطلحات الاتية، المعاني المبينة ازاءها.

1 ـ الاقليم: أقليم كوردستان العراق.

2 ـ الديوان: ديوان الرقابة المالية في الاقليم.

3 ـ المجلس: مجلس الرقابة المالية.

4 ـ الرئيس: رئيس الديوان الرقابة المالية للاقليم.

5 ـ سلطة الرقابة: المجلس ورئيسه وكل هيئة وموظف ديوان يخوله احدهما في مجال اختصاص الرقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی هاوبەشە، فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

**لیژنەی یاسایی، سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممەی 28 ی ڕەشەمێی ساڵی 2707 ی کوردی، ڕێکەوتی 3/18 /2008 زایینی، بۆ لێکۆڵینەوەی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە پێشکەش کراوە، پاش خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 26 لە بەرواری 1/18 2007 حەواڵەی لیژنەکەمان کراوە، هەروەها لە هەمان کۆبوونەوەی لیژنەکەمان لە پرۆژە یاسای دیوانی چاودێری داراییشمان کۆڵیەوە، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 1 ی ڕۆژی 3/17 /2008 حەواڵەی لیژنەکەمان کراوە، لیژنەکەمان لەگەڵ کەسانی پەیوەندار بەم بابەتە کۆبووەوە، ئەنجام بڕیاری دا ڕاپۆرت لەسەر هەردوو پرۆژەکە پێشکەش کرا، دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، بۆمان دەرکەوت کە پرۆژە یاساکەی ژمارەی یاسایی ئەندامەکان هەموو ئەو بنەماو هزرانەی تێدایە کە لە پرۆژەکەی حکومەت دا بۆ هەموار کردن پێشکەش کراوە، بە بنەمای یاسایش دەوڵەمەندی دەکات، لەبەر ئەوە لیژنەکەمان سەرەتا تەئیدی دەکات و پێشنیاز دەکەین ئەم هۆکاری دانانەشی بۆ زیاد بکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کەواتە هیچ ملاحەزەتان لەسەر ماددەی یەکەم نیە، کاك دلێر ئێوە هیچتان لەسەر ماددەی یەکەم هەیە؟ ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ماددەی یەکەم هیچیان نەبێت، وەکو گوتم هەردوو دیوانی ڕەقابەی مالی و لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی ملاحەزەیان لەسەر ماددەی یەکەم نیە، کەس لە ئێوە ملاحەزەتان لەسەر ماددەی یەکەم هەیە؟ تەنها سۆزان خان، کاك شوقی فەرموو نوقتەی نیزامی هەیە.**

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە ئەو تەقریرەی لیژنەی یاسایی لەسەر مەشروعی تەعدیلی قانونی دیوانی ڕەقابەی مالیە هاتووە، ئەوەی کە لێرەیە، ئەوە مەشروعێکی موتەکاملە کە هاتووە، یەعنی فەرقی هەیە لەگەڵ ئەو تەعدیلە، ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك لەو بارەیەوە بدەن باشە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ڕوونکردنەوەیەکە ئەوەیە کە پێشتر دوو پرۆژە هاتبوو لە دیوانی ڕەقابەی مالی، دواتر بووە یەك و یەکیان خستەوە، ئێمە تەکلیفی ژمارەی ئەندامانی یاساییمان کرد لە پەرلەمان، بۆ یەکخستنی لەگەڵ هەردوو ڕەقابە، پسپۆڕانی ڕەقابەی مالی دیوانی چاودێری لە هەولێر و سلێمانیش دانیشتن بەیەکەوە ئەو پرۆژەیان نووسی، واتە ئەو پرۆژەیە هی هەردوو دیوانە لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بەڵام نازانم لیژنەی داراییش لەسەر**

هەندێك خاڵ ملاحەزەی هەیە یان نا؟ ئەوە نەتیجەی خولاسەی ماوەیەکە، کە دەڵێین 3/17 ، پاش ئەوەی چەندین مانگ کۆبوونەوە و موناقەشات و ئەوانە کراوە، ئەوجا ئەوەیان حازر کردووە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم لە تەعریفەکان دا ( رئاسة مجلس الوزراء)ی بۆ ئیزافە بکرێت، چونکە ئەویش بەدەر نیە لە سوڵتاتی رەقابەی مالی، دەبێت تەعریفیش بکرێت لێرەدا، کە بڵێین (الرئاسة) واتە (رئاسة مجلس الوزراء). دەزانم سەربەخۆیە، بەڵام لێرەدا هەموو تەعریفەکان کە هاتوون، هەرێم مەبەستی هەرێمی کوردستانە، من دەڵێم پێشنیاری ئەوە دەکەم کە تەعریف بکرێت، چونکە لە دوو، سێ شوێن دا هاتووە ناوی رئاسەی مەجلسی وزەرا، ئەگەر لێرەدا تەعریف بکرێت شتێکی خراپ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە ناوی هاتبێت بە ریئاسەت مەجلسی وزەرا، پێی ناوێت، لێرەدا مەبەستیان قانونەکە و دیوانی چاودێری و سەرۆکی دیوانی چاودێریە، کە دەڵێین سەرۆك لێرەدا بۆ ئەوەی کەس نەڵێت سەرۆکی پەرلەمان یان سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی هەرێم، مەبەستمان سەرۆکی دیوانی چاودێریە تێکەڵی مەکەن، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من عنوانەکەی (قانون دیوان الرقابة المالیة لاقلیم کوردستان ـ العراق) لە بڕگەی 2 دا هاتووە، (الدیوان.......دیوان الرقابة المالیة في الاقلیم) لە بڕگە 4 داهاتووە (الرئیس.....رئیس دیوان الرقابة المالیة للاقلیم) وە لە بڕگەی 5 یشدا پێم باشە ( سلطة الرقابة ) بکرێت بە (المجلس و رئیسە وکل هیئة وموظف في الدیوان) نەك بەس دیوان، (في) بۆ زیادبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ بڕگە مەبەستت ماددەیە؟ بەڵێ کاك ڕۆمیۆ.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بڕگە یەك (فی الاقلیم) هاتووە، لە بڕگەیەکی تر (للاقلیم)، لە بڕگەی 2 وا هاتووە، مەبەستم ئەوەیە بکرێت بە ئیقلیمی کوردستانی عیراق. لە بڕگەی 5 کە دەڵێت: (سلطة الرقابة: المجلس ورئیسە وکل هیئة وموظف الدیوان) بگوترێت (وموظف في الدیوان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئەو ملاحەزەیە لە زۆر پرۆژەدا هەمان موناقەشە دەکرێت، جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە کە تۆ نووسیت لەسەر ئەوە ( دیوان الرقابە المالیە لاقلیم کوردستان ـ العراق) لە خوارەوە پێویست ناکات دیسان بنووسێت کوردستانی عیراق، (أقلیم) یەعنی کوردستانی عیراق، هەموو جار وامان گوتووە، بەڵام ئەوە ( وموظف فی الدیوان) مەعقولە، وانیە کاک خلیل؟ کاک غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکەم، هەرێمی کوردستانی عیراق، ئێمە هەتا لە ناو پەرلەمان زۆر جاریش باسمان کردووە، هەرێمی کوردستان ـ عیراق، نەك کوردستانی عیراق، ئەو (ی) بکرێت بە ( ـ )، لە بڕگەی 5 یش دەسەڵاتی چاودێری: ئەنجومەن و سەرۆکی ئەنجومەن و دەستەو هەر فەرمانبەرێکی دیوان کە یەکێك لەو دووانە دەسەڵاتیان پێدا بن لە بواری پسپۆری چاودێری دا، ئەوەی بۆ ئیزافە بکەین( لە بواری پسپۆری چاودێری دارایی دا) ئەوە بە نیسبەت بڕگەی 5 ، لێرەدا جەنابی سەرۆك پرسیارێکم هەیە، بە ڕاستی لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە ئەمڕۆ 4/16/ 2008، پار لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ دا لە 2007/4/16 خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە کرا، ئێستاش داخلی مەنهەجی ئەو فەسڵە کراوە کە کاری لەسەر بکرێت، کە راپۆرتی لیژنەکانیش ئامادەن، هەموومان لە لایە، من تێ ناگەم بۆچی کە گرفتی ڕۆژانەی خەڵکە، بۆ ئێمە هەر دوای بخەین؟ داواکارم لە دانیشتنەکانی داهاتوو دا بیخەنە پێش بۆ ئەوەی بەشێك لە هومومی خەڵك کەم بکەینەوە لە رووی کرێی خانووبەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەق بوو بهاتبای بۆ لای ئێمە لە ریئاسەت پێش کۆبوونەوەکە باست کردبا، لە مەوزوع دەرچووی. ملاحەزەت هەیە وەرە بۆ سەرکردایەتی بەسەر چاو، جوابیشمان هەیە بۆ ئەوە کە پێشتریش جوابمان داویەتەوە، گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر عنوانی پرۆژەکە باسێکم هەیە، ئەگەر بکرێت (قانون دیوان الرقابە المالیە) ئیدارەی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە گوتت رەقابەی مالی ئیدارەش دەگرێتەوە، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت لە فەقەرەی 5، من بە سیاغەیەكی ترم نووسیوە، ئەگەر بكرێت ئەو سیاغەیە تەسبیت بكرێت باشە، زۆر كورتیشە ڕەنگە باشتریش بێت،( سلطة الرقابة لرئاسة المجلس و هیئاتە تخویل الموظفین كلە في مجال الاختصاصات الرقابیة) هەر ئەوە بێت لە جیاتی فەقەرەكەی تر تەسبیت بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال ئەوەی هاتووە تەعریفە دەبێت وابێت، بەس یەك خەلەلی تێدایە ( وكل هیئة وموظف في الدیوان یخولە الرئیس او المجلس) نەك (احدهما) تۆزێك نا مەفهومە، لە خاڵی یەكەم ( الاقلیم) هەرێمی كوردستان (-) بۆ ئیزافە بكەن، ئەوەی كاك غفور گوتی ڕاست دەكات( الاقلیم كوردستان - العراق) ئەگەر كاك شێخ و كاك د.دلێر هیچ ملاحەزەیەكیان نەبێت دەیخەمە دەنگدانەوە، تەنیا ئەو تێبینیە وەرگیرا كە دەڵێت ( وموظف في الدیوان)، كوردستانەكەش ( - ) بۆ ئیزافە كرا، كێ لەگەڵ موقتەرەحەكەیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ ماددەی 1 پەسەند كرا، بۆ ماددەی 2 تكایە؟ كاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حەقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 2: دەسەڵاتێكی چاودێری دارایی دادەمەزرێت لە هەرێم بە ناوی ( دیوانی چاودێری هەرێمی كوردستان - عیراق) كەسایەتیەكی مەعنەوی سەربەخۆی دارایی و كارگێری و چاودێری دەبێت و هەموو ڕەفتارێكی یاسایی بۆ بە ئاكام گەیاندنی ئەركی سەر شانی خۆی پیادە دەكات، سەرۆك یان ئەو كەسەی كە سەرۆك ئەو دەسەڵاتەی پێ دەدات نوێنەرایەتی دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 2: تؤسس رقابة المالیة في الاقلیم بأسم (دیوان الرقابة المالیة لاقلیم كوردستان - عیراق)، تتمتع بالشخصیة المعنویة والاستقلال المالى وألاداري، ولها القیام بجمیع التصرفات القانونیة لتحقیق مهامها ویمثلها رئیسها او من یخولە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی لەسەر ئە ماددەیە نیە، تەنها لێرەدا كە دەڵێت: (تتمتع) باش نیە و دەیكەینە (یتمتع)، چونكە باس باسی دیوانە، مادام ناوی دیوانمان هەیە، ئەو شەخسیە مەعنەویە بۆ دیوانە، چاككردنەوەیەكی لوغەویە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ملاحەزەكەتان ڕاستە، كاك د. دلێر هیچ ملاحەزەیەكتان هەیە؟

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حەقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی دارایی سەبارەت بە ماددەی 2 هیچ تێبینیەكمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ كاك ملا سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من رەئیم وایە ماددەی 2 و 3 و 4 لێك بدرێت، وا بڵێین: ( تأسس رقابة مالية في الاقليم، ديوان الرقابة لاقليم كوردستان ـ العراق، ذات شخصية معنوية)، ( يتمتع) ی ناوێت، پرسیارێكم لە لیژنەی قانونی هەیە، ئیستقلالی مالی و ئیداری چ فەرقێكی دەبێت؟ ئەگەر بڵێی (وله ميزانية خاصة)، چونكە ئەو ئیستقلالی ئیداری هەیە، بەس ئیستقلالی مالی تۆزێك تەفسیراتی زۆر هەڵدەگرێت، لە كۆتاییەكەشی دا كە دەڵێین: ( ويمثلها رئيسها او من يخوله ويرتبط الديوان برئاسة المجلس الوطني، ويهدف الديوان الى تحقيق رقابة فعالة على الاملاك والاموال العامة عن طريق ممارسة الاقتصاد وصلاحية مخولة بمقضى هذا القانون) یەعنی ئەو 4 ماددەیە هەر چواریان پێكەوە موتەعەلقن بەیەكەوە، نەك هەر یەكەو بە ماددەیەكی تایبەت، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا پرسیارێك روومان تێ دەكات، كە دەسەڵاتێكی چاودێری دادەمەزرێت، ئێمە ئێستا دیوانی چاودێری داراییمان هەیە، دوو دیوانە ئایا باشتر نیە پەرلەمان بڕیاری یەكگرتنەوەی بدات دواتر یاسای بۆ دابنێت، ئەوە پرسیارێكەو چاوەڕێی وەڵامی جەنابتانین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە زۆر بە چاكی باس كراوە، ئەو پرۆژەیە بۆ ئەوەیە بنەمای یاسایی تەواوی هەبێت بۆ یەكخستنەوەی ئەو دوو دیوانە، هەمموو كاری فەنی تەواو بووە، ئەمەش كارێكی یاساییە، هەنگاوی دواتر ئەوەیە كە ئیعلان كردنی ئەو دیوانە، تۆزێكیش پەیوەندی بەوەوە هەیە كە هەردوو وەزارەتەكە یەكبگرێتەوە، ئەگەر دوو وەزارەتەكە یەكی گرت من دڵنیام لەوەی كە یەك، دوو ڕۆژێكی پێ ناچێت، ناڵێم چەند هەفتەیەك، دیوانەكەش دەبێتە یەك دیوان، كاك بایزیش لێرەیە و دەزانێت، ئێمەش هەمووومان ئەو حەقیقەتە دەزانین كە هەموو خەڵك چاوەڕێی ئەوە دەكەن، كە وەزارەتەكان یەكبگرنەوە، نەك تەنها وەزارەتی دارایی، بەڵكو هەموو ئەو وەزارەتانەی كە ماون، ئەوەش ویستی هەموو خەڵكە، كە هەر سێ وەزارەتەكە بەیەك جار ئیعلان بكرێت، كاك شێروان قسەت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای فەقەرەی 3 ی ماددەی 22 بکەین، دەڵێت: ئیلغای دیوانی رەقابەی مالی دەبێت کە لێرە دروست کراوە، وە ئیلغای نیزامی رەقابەی مالی دەبێت کە لە ئیدارەی سلێمانی دروست کراوە، بۆیە بە پێی ئەو یاسایە هەردووکیان تەوحید دەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.جرجیس فەرموو.

**بەڕێز د.جرجیس حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکی بەسیتم هەیە کە لە مابەینی عەرەبی و کوردیەکەیەتی، لە کوردی دەسەڵات هاتووە، لە عەرەبی نەهاتووە، لەبەر ئەوە لە عەرەبیەکەش وەکو کوردیەکەی بێت باشترە بڵێین (تأسس سلطة الرقابة) نەك (تأسس ديوان الرقابة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خليل ئەوە شەرح بکە؟

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ مولاحەزەیەکی بەجێیە، چونکە ئەسڵی پرۆژەکە بە کوردی بۆ ئێمە هاتووە، کوردی تەرجومە کراوە بۆ عەرەبی، ئەوە جێگای دڵخۆشیە أنشالله هەموو پرۆژەکان وا دەبێت، لەبەر ئەوە کوردیەکە موعتەبەرە، لەوێ ئیزافەی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەوەی کاك سعدالدين گوتی؟

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك سعدالدين گوتی، یەعنی واباشترە وەکو قانونەکانی ترە، چونکە ئێمە وا چووینە، هی یەکەم باسی تەسمیەیە و ئینشای شتێکە ناوە، دووەم باسی عائیدیەتە، ئەمەش شتێکی ئەساسیەو جەوهەریە، ناتوانین لەگەڵ ماددەی 3 دەمج بکرێت، چونکە ئەسڵی تەعدیلەکەش هەروا بوو، هەر بە رەئیسی تەحەروری کوردی بوو، ئێستا سەر بە ریئاسەی مەجلسی وەتەنیە، بۆ ئەهمیەتەکە ماددەیەکی تایبەت بێت باشترە، ئەوەی تریش باسی جەوهەری ئیشەکە دەکات بۆ ئەو دیوانە، وابزانم هەریەکەو ماددەیەکی موستەقیل بێت باشترە، هیچ دەمج ناکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە لە کوردیەکەی دەسەڵات هاتووە، ئێمە لە لیژنەی یاساییدا ئەو دەسەڵاتەمان لابرد بۆ ئەوەی تێکەڵی دروست نەبێت، ئێمە 3 دەسەڵاتمان هەیە، دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی تەنفیزی و دەسەڵاتی دادوەری، ئەوەش ئەگەر بکرێت بە دەسەڵات پێمان شتێکی پەسەند نەبوو، لەبەر ئەوە دەسەڵاتەکەمان لابرد، لە کوردیەکە دەبوایە لابچێت، بەڵام بە داخەوە لایان نەداوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا وەکو ئەوەی لەبیرمە لامان نەدا لە ماددەی 1 یش دەنگمان بۆی دا و تەعریفمان کرد، هەتا بە نووسرایش نەمان نووسیوە، لە راپۆرتی لیژنەی خۆمان دەنگیشمان بۆ دا، لەبەر ئەوە ئەو سوڵتەیە لازمە ببێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی سوڵتە لێرەدا فەرقی هەیە، لەگەڵ سوڵتەی تەشریعی و تەنفیزی و دادوەری، لە هەموو ئەجهیزەی موراقەبەی مالی کە سوڵتەی نەبێت ناتوانێت هیچ بکات، ئەو سوڵتەیە بەو مەفهومە نیە کە ئەویش سوڵتەی چوارەمە، ئەوە سوڵتەی مالیە و مەحدودە بە ئیش و کاری خۆی زمنی رەقابەی مالی، لە دەوڵەتان لە هەموو دەزگا مالیەکان و سیستەمەکانیش ئەو وشەیە هەیە، من مولاحەزەم کردووە کە بەکارهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك خلیل و کاك فرست گوتیان لە جێگای خۆیەتی بزەبت، بەڵام من دەمەوێت ئەوە بڵێم مەسەلەی شەخسیەتی مەعنەوی شتێکەو مەسەلەی میزانیەی موستەقیلیش شتێکی ترە، ئەوەی کە کاك سعدالدین ئیشارەتی پێدا مەسەلەی شەخسیەی مەعنەوی، ئەوە مەفهومی قانونی خۆی هەیە، بەڵام موازەنەی دیوانی رەقابەی مالی فەقەرەیەکە دەبێت لە زمنی موازەنەی عامەی دەولە لە بۆ هەرێم، بۆیە شەخسیەی مەعنەوی و موزانەی مالی دەبێت لێك جیابکرێنەوە، لەبەر ئەوەی لە ئەسڵ دا جیاوازیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماددەکە وەکو خۆی دەیخەمە دەنگدانەوە، تەنها لوغوییەکەی کە چاککراوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، ماددەی 3 تکایە کاک دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 3: دیوان بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراقەوە دەبەسترێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة 3:** ترتبط الديوان برئاسة(المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە کوردیەکە دەڵێت ئەنجومەن، لە عەرەبیەکە دەڵێت سەرۆکایەتی.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

بەڵێ لە کوردیەکە دەڵێت: دیوان بەئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراقەوە دەبەسترێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کامەیان ڕاست ترە؟ کاک د. جرجیس ڕەبتی بە ریئاسەتەوە هەیە یان نا؟

**بەڕێز د. جرجیس حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە تەسەوری من وەك لە عەرەبیەکە هاتووە ئاوا تەواو ترە، ئەوەش هەر پێویستە وا بمێنێت ( برئاسة المجلس الوطني).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی کاک فرست شەرحەکەی دا، پێی وایە ئەگەر بڵێی ئەنجومەنیش هەر ریئاسەیە، بۆ ئەوەی ئیشی پەرلەمان تەفسیر نەبێت، تەحدید بکرێت، کاک خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە لای ئێمە وەکو لە موناقەشەش دا هەر ریئاسەمان دانا، هەرچەندە لە هی عیراق ئەوەی پەسەند کراوە، ئەویش دەڵێت (بمجلس النواب)، ئەسڵی پرۆژەکە ئەنجومەنی نیشتمانیە، بەڵام وابزانم ئەوانە هەیئاتی موستەقیلن تابع بە پەرلەمان بێت، ئەوا ریئاسە تەعاملی لەگەڵ دەکات، لەبەر ئەوە بنووسین یان نەنووسین وەك کاک فرست ئیشارەتی پێ کرد هەر ریئاسە دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک زرار نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر أمين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەوانەی کە هەڵدەستن، بەشێکیان دەڵێن پێمان باشە سەر بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بێت، بەشێکی تریش دەڵێن پێمان باشە سەر بە ئەنجومەن بێت، یەکسەر بیخە دەنگدانەوە، ئەو یان ئەو بێت، چونکە ئەوە موناقەشەی ناوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەسڵی پرۆژەکە کە هاتووە، سەر بە پەرلەمان بێت یان سەر بە ئەنجومەن بێت، قانونیەن ئەگەر گوتت سەر بە ئەنجومەن بێت، یەعنی سەر بە سەرۆکایەتی بێت، کێشەیەك نیە، ئەگەر بڵێی سەرۆکایەتی دەبێتە بەشێك لە سەرۆکایەتی، وە نەبێت بڵێن بۆ خۆی لەوێ دانیشتووە بۆیە، ئەگەر سەر بە سەرۆکایەتی بێت ئیستقلالیەتی ئەوانە کەمتر دەبێت، ئەگەر چی عەمەلیەن سەرۆکایەتی تەعاملی لەگەڵ دەکات، ئەگەر بڵێی ئەنجومەنیش هەر سەرۆکایەتیە، خۆ ناکرێت هەر راپۆرتێك کە هات پەرلەمان بۆی کۆبێتەوە، بیداتە پەرلەمان، ئەوە هەر ناکرێت. سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی لە ماددەی 5 دا هاتووە و دەڵێت: سەرۆکی دیوانی رەقابەی مالی بە قەرارێك لە ریئاسەی ئیقلیم تەعین دەبێت، پاش هەڵبژاردنی لە ئەنجومەنی نیشتمانی، یەعنی ئێمە کۆدەبینەوە و ناوێك دادەندرێت، ئەوە وا تێگەیشتووم، واتە لەسەرەوە لە ماددەی 3 دا (یرتبط الدیوان بالمجلس الوطنی) پێم باشترە، چونکە لە ماددەی 5 دا وا هاتووە، مەبەستیشمان لەوە نیە کە هین بێت، چونکە ئەمە یاسایەو بۆ پەرلەمان دەبێت هەموو عومری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس تەنیا ئەوەی روون بکەمەوە، ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت تۆ و وەزیریش لێرە متمانەی لێت دەوێت، هەروەها پەرلەمانیش متمانەی لێت دەوێت، بەڵام ئیرتیباتی بەڕێز رەئیسی وزەرایە، رەبتی بەوەش نیە، هەر دەتەوێت روونکردنەوەش بکەی، ئەو ماددەیەش فەرقی هەیە لەگەڵ ماددەکانی تر، متمانە لە پەرلەمان دەدرێتە وەزیر، دەدرێتە سەرۆکی دادوەریش، دەدرێتە سەرۆکی حکومەتیش، بەڵام هەریەکە رەبتی جێی تەنفیزی خۆیەتی، کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملا عبدالله عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی دیوان بە دەرەجەی وەزیرە، ڕاستە (یرتبط) وەکو دانان تەرشیحەکەی لە جانبی مەجلسی وەتەنیە، لە جانبی پەرلەمان دا، بەڵام ئیرتیباتەکەی وەکو رەفەی تەقاریر لە بۆ ریئاسەو سەرۆکە، خۆ ناکرێت هەر بە هەمووی بێت، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا تەقریبەن هەر ئەو پێشنیارەی كاك زرار بێت، باش بوو كە لەگەڵ ئەوەم دیوان ڕاستەخۆ پەیوەندی بە سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە بێت، بۆ ئەوەی كارەكانیان تۆكمە ترو باشتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من لەگەڵ دەقی پرۆژەكەمە كە هاتووە، هەروەكو خۆی بمێنێتەوە، پێم وایە لە جێگای خۆیەتی و هێزی زیاتری دەبێت بەرامبەر بە لیژنەكە، مەبەستم كوردیەكەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بكر فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم هەیە، دیوانی رەقابەی مالی كێ لێی دەپرسێتەوە؟ تەبعەن پەیوەندی بە رپئاسەی پەرلەمانەوە هەیە، ڕاستە یەعنی پەرلەمان پەسەندی دەكات بە زۆرینەی دەنگ، بەڵام لێپرسینەوە لە ئادای دیوانی رەقابەی مالی مەفروزە رپئاسەی پەرلەمان لێی بپرسێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە رپئاسەی پەرلەمان بەشێكە لە پەرلەمان، لەبەر ئەوە ئەو نەسە دوو شتی جیاواز نیە، بەو دەقە عەرەبیەش وابزانم ماناكەی تەواو دەبەخشێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرەدا كە دیاری كراوە دیوان بە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراقەوە دەبەسترێتەوە، دیسانەوە خەلەلی تێ دەكەوێتەوە، ئەو ( ـ ) چاك بكەنەوە لە كوردیەكەی زەحمەت نەبێت، لە ڕاستیدا بە هەموو ئەنجومەن نابەستێرێتەوە، ئەمە بە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان دەبەسترێتەوە، لەبەر ئەوە منیش پێم وایە دروست ترە بنووسرێت (دیوانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عیراق) دەبەسترێتەوە، ئەوەیان دروست ترە لە رووی یاساییەوە، چونكە جیاوازی لە نێوان ئەنجومەن و

سەرۆکایەتی هەرێم هەیە، ئەنجومەن هەموومانین، سەرۆکایەتی ئەو سێ بەرێزەن کەوا لە مەنەسەکە دانیشتوون، لەبەر ئەوە من پێم وایە باشترە بنووسرێت بۆ سەرۆکایەتی، ئەمە مانای ئەوە نیە لە پێش ئەنجومەنی نیشتمانی ئەو بەرپرسیار نیە، ئەو بەرپرسیارە، بەڵام لە ڕێگەی بەرێزتانەوە، لە ڕێگەی سەرۆکایەتیەوەیە، لەبەر ئەوە پێویستە و تەئکیدی دەکەمەوە (دیوان بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق ) ببەسترێتەوە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕەئیم ئەوەیە، ببەسترێتەوە بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام لێرە کێشەیەك هەیە، ئێمە لە ماددەی 2 گوتوومانە کە سەربەخۆیی دارایی و ئیداری دەبێت، پێم وایە ئەگەر بێت و ببەسترێتەوە بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، نابێت ئەو ئیستقلالیەتەی هەبێت، بەڵکو میزانیەکەی دەبێت جوزئێك بێت لە میزانیەی پەرلەمان، یەعنی ناکرێتە فەقەرەیەك لە موازەنە، وەکو هاوڕێم کاك شێروان باسی کرد، بەڵام دەکرێت ئیستقلالی مالی هەبێت و ببەسترێتەوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕووی یاساییەوە هیچ جیاوازیەك نیە، لە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئەو دەسەڵاتانەی لە ئەنجومەنی پەرلەمانەوە وەرگرتووە، بۆیە هیچ ئەشکالیەتێك دروست ناکات، ئەگەر بە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ببەسترێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا لەبەر ئەوەی ڕەقابە هەیە، خۆشتان دەزانن چاوی خەڵکی زۆر لەسەر ئەو دەزگایە هەیە، بۆیە مەجالی قسە کردن بۆ هیچ کەسێك نەمێنێتەوە، فعلەن باشترە بە ئەنجومەن ببەسترێتەوە، ئەنجومەنیش وابەستەیە بە سەرۆکایەتی، خۆ ئەنجومەن و سەرۆکایەتی دوو شتی لەیەك جیا نین، بەڵام ئەگەر وا پیشان دەدرێت کە سەرۆکایەتی تایبەت بکرێت، ڕەنگە جێگای قسەکردن بێت، بۆیە باشترە ئەگەر بە ئەنجومەن ببەسترێتەوە زۆر بە قوەت تر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جرجیس فەرمووو.

**بەڕێز د. جرجیس حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دیوان، بۆ خۆی دیوانێكی موستەقیلە، تەئكید لەوە دەكەینەوە كە سەرۆكایەتی پەرلەمان مورتەبت بێت، چونكە دەسەڵاتی هەرە بەرزە لە هەرێم، ئێمە زۆر موناقەشەمان كرد كە بە شەخسی رەئیسەوە مورتەبت بێت، نەك بە ریئاسەت، بەڵام لەبەر زروفی هەرێم، ئێستا ئێمە ئەوەمان گوت بە ریئاسەی سەرۆكایەتی پەرلەمان دا مورتەبت بێت، بەرەئی من چونكە ئیرتیباتەكە بەس تەقدیمی تەقاریرە، هەندێك تەقاریری تایبەت رەبت دەبێت بە پەرلەمانەوە، ئەوەش بۆ سەرۆكایەتی دەكرێت، ئینجا سەرۆكایەتی موخەیەرە، كە پەرلەمان نایدات رەبتی بەوەوە هەیە، بەڵام ئێمە تەقاریر دەنووسین بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەنگە خەلەل لە تەرجومەكە هەبێت بە ڕاستی، من رەئیم لەگەڵ رەئی ئەو برادەرانەیە كە دەڵێن دەبێت ئەو دەزگایە پەیوەندی بە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانەوە هەبێت، شتێكی زۆر زۆر مەنتقیە كە پەیوەندی بە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانەوە هەبێت، چونكە پەرلەمانی كوردستان گەورەترین دەسەڵاتی رەقابیە لەو هەرێمە دا، زۆر تەبیعیە دەزگایەكی رەقابی تابع بە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بێت، نەك بە ریئاسەتی پەرلەمانی كوردستان، لە زۆر تەشریعاتەكانیش ئەو مەسەلانە یەكلایی بووەتەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەو رەئیەم كە سەر بە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خلیل فەرمووو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو موزوعی ئیرتیباتە، وەكو د. جرجیس ئیشارەتی پێكرد، تەواو دیوانی رەقابە مەستەقیلە، تەبەعیەت، باسی تەبەعیەتی ئۆرگانی نیە، نە جوزئێكە لەوە، نە دائیرەیەكیشە لەوە، هیچ سولْتەشی لەسەر نیە، تەنها مەرجەعیەتە، عائیدیەتە، پێشتر سەر بە رەئیسی هەرێم بوو، بە ناوی (رئیس الحركة التحررية) ئێستا بە سەرۆكایەتی هەرێم دەبێت لە ناحیەی ئەوەی تەقاریر بۆ ئەو دەدات، یان بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەن هەیە، پێی بڵێت برۆ هەمان جیهەت ئیجرائی رەقابە بكە برۆ تەحقیقی رەقابە بكە بۆ فلان شت، یەعنی

وا دەزانن بە ریئاسە عەمەلی ترە، هەتا تۆ نەنووسی هەر ریئاسەیە و بە عەمەلی وا دەبێت، ئێمە چەند دانیشتنمان کرد لەگەڵ هەردوو پسپۆرانی هەولێر و سلێمانیش هەر بەوە دەرچوون لە بیر،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە، دەبێت یەك شت روون بکرێتەوە کە گوترا ئیرتیباتی بە مەجلسی وەتەنی کوردستانەوە هەیە، ئەوا ئیرتیباتی بە ریئاسەتەوە دەبێت، چونکە قەت ناکرێت راپۆرتی دیوانی رەقابەی مالی بێتە ئێرە، هێشتا مەراحلی ماوە راپۆرتێك دەنووسێت دەیداتە سەرۆکی هەرێم یان دەیدات بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، هێشتا وەزارەتەکە وەڵامی وەزارەتەکە نەهاتووە، ناکرێت ئیحتیمالی غەڵەتی هەیە، ئیحتیمالی چاککردنەوەی هەیە، بۆیە ناکرێت بەو شێوە فراوانە شتێك عەرز بکەی،حەسمی نیهائی نەهاتووە، هەمووی لێرە دانیشتوون پسپۆرن، ئەزموونیان هەیە، چەندین ساڵە زانان لەو ئیشانە، دەیخەمە دەنگدانەوە، دوو رەئی هەیە لەسەر ماددەکە، یان دەڵێی ئەوە یان ئەوە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوان کە تەقریری خۆیان دەهێنن، لە هەمان کاتیش دا تۆ دەتوانی ئەو تەقریرە بەدواداچوونی تەواوی بۆ بکرێت، هەتا وەزارەتەکەش وەڵامەکەی دەداتەوە، دەیدەیتە ئەو لیژنە مەعنیە و دەڵێی تۆش برۆ بەدواداچوونی خۆی بۆ بکە، یەعنی شتەکە هەمووی هەماهەنگیە لە لای جەنابتان بێت یاخود لەلای ئەنجومەن بێت هەریەك شتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی من تێی دەگەم عیلاقەی بە لیژنەوە نیە، ئەو راپۆرتانە هیچ علاقەیەکیان بە لیژنەکانی پەرلەمانەوە نیە، ئەو راپۆرتانە ئەگەر هینی وەزارەت بێت، لیژنە دەبێتە مەحکەمە، ئەگەر کۆتایی قەتعی بێت، دەبێت لیژنە ببێتە مەحکەمە و تەحقیقی بۆ بکات، لە کۆتاییدا قەراری مەحکەمە دەبێت. ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، پەیوەندی بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، لە عەرەبیەکە کە هاتووە بە ریئاسەت، کێ لەگەڵ نەسە عەرەبیەکەیە، دەستی بڵند بکات کە دواتر هاتووە، کە ئیرتیبات دەکات بە ریئاسەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە، 34 کەس لەگەڵ ئەوەن، کاك کمال دەڵێت بیخەوە دەنگدان وازح نیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دیوانی رەقابەی مالی ئیرتیبات بکات بە ریئاسەتی پەرلەمانەوە؟ ئەم جارە 33 کەسن، دیارە یەکێك پەشیمان بووەوە، کێیە با بیڵێت، کێ لەگەڵ دەقە کوردیەکەیە؟ کە دەڵێت پەیوەندی بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە هەبێت، زۆرینەیە، بۆیە بە زۆرینە پەسەند کرا، چاکی بکەنەوە لە عەرەبیەکە، بۆ مەعلوماتتان ئەو سیغەیە ناگۆرێت، نەوەکو سبەی یەکێك بێت تەفسیری بکات، کوا راپۆرت نەهاتووە، هەر ئیرتیباتە کە بە ریئاسەتە، ئەوە قانونیەکانیش لێرە دانیشتوون، تکایە ماددەی 4، کاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی 4: ئامانجی سەرەکی دیوان بریتی دەبێت لە چاودێریەکی کارا لەسەر موڵك و ماڵی گشتی لە ڕێگەی پیادەکردنی ئەو پسپۆڕی و دەسەڵاتانەی کە بە پێی ئەم یاسایە پێی دراوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك خلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة 4: یهدف الدیوان أساسا الى تحقیق رقابة فعالة على الاملاك والاموال العامة، عن طریق ممارسة الاختصاصات والصلاحیات المخولة له بمقتضى هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە هیچ تێبینیەکمان نیە، تەنها ئەوە دەقی کوردیەکەی کەتەرجومە کراوە، گوتراوە لەسەر (موڵك و ماڵی گشتی) لە عەرەبیەکە نووسراوە (على الاملاك والاموال العامة) خۆی ئەموالی عامە ئەملاکیش دەگرێتەوە، ئەو کەلیمە هەبێت یان نەبێت، هەر یەکە لە رووی قانونیەوە، لەبەر کوردیەکە وا تەرجومە کراوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك دلێر هیچتان هەیە لەسەر ئەوە؟ فەرموو.**

**بەڕێز د. دلێراسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ماددەی 4 نیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ فەرموو کاك شێخ فتاح.**

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**وەڵلاهی ئەوەی من دەمەوێت باسی بکەم، مومکینە ئیشی من نەبێت، بەڵام من ئەو عیبارەتە بە لەنگ دەبینم، ئەوەی کە نووسراوە (یهدف الدیوان أساسا الى تحقیق رقابة فعالة على الاموال والاملاك) پێم وایە (الهدف من تأسیس الدیوان أساسا لتحقیق رقابة فعالة على الاموال العامة) بۆیە من پێم وایە باشترە وابێت، هەر ئەوەندەم مەبەست بوو، لەگەڵ ڕێزمدا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**وەڵلاهی من ملاحەزەی ئەوە دەکەم ئەو (أساسا) ە زیاد بێت، کاك جمال فەرموو.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا بە رەئی من، ئەمە زۆر زۆر وازحە ئەگەر هەر ئەملاك بێت، ئەموال ناگرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەموال بێت ئەوا هەردووکی دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر هەردووکیان هەبێت زۆر باشترە، چونکە لە ناحیەی قانونی لەم مەوزوعانە دەتوانرێت ئیستیفادەی لێ بکرێت بە شێوەیەکی غەڵەت، بۆیە تەواجودی هەردووکیان زۆر واردە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد ناوت نەنووسی، بەڵام بۆ ئەخیر جارە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هینەکەی من لەسەر ئەوەیە کە تەحقیقی هەدەف نیە، تەحقیق دائیمەن وەسیلەیە، دەبێت ئەم هەدەفە دیار بێت ئایا بۆ شەفافیەتە، یان بۆ تەحقیقی عەدالەتە؟ یەعنی تەحقیقی رەقابە هەدەف نیە، ئامانج نیە، وەکو وەسیلەیەکە بۆ شتێکی تر، لەبەر ئەوە ئێمە هەدەفەکە بکەین بە شتێك کە بۆ تەحقیقی شەفافیەت بێت، تەحقیقەکە خۆی وەسیلەیەکە دەکرێت بۆ شتێکی موهیم تر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. دلێر هیچ قسەیەکت هەیە؟ کاك خلیل قسەت هەیە لەسەر قسەکانی کاك محمد فرج؟ دەی فەرموو کاك خلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(أساسا) بەڵێ زیادەیە، بەڵام ئەوەی ئەموال، ئەموالی عامە مەعلومە قەزائیەن تەفسیری دیارە، هەروەها لە قەوانینیش دیارە، یەعنی ئەملاك زیادەیە بە ڕاستی، ئەوەی بەڕێز محمد فرج خۆی ئەمە هەدەفەکی ئەساسیە بۆ کاراکردنی چاودێری، ئەو قانونە هەمووی دەرچووە لەبەر ئەوەی کە ئەم دەزگایە کاراتر بێت و بەهێز تر بێت، لەبەر ئەوە، ئەوە هەبێت بە رەئی من.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خلیل باشتر وایە بوترێت (یهدف الدیوان المحافظة علی الاملاك والاموال العامة عن طریق تحقیق رقابة فعالة وبمارسة الاختصاصات والصلاحیات المخولة له بموجب هذا القانون)، هەدەفەکە ئەوەیە محافەزە بکات لەسەر ئەموالی عامە. کاك د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سیغەیەکی ترم هەیە ئەگەر بڵێین: (یکون الدیوان رقیبا علی الاملاك والاموال العامة عن طریق ممارسة الاختصاصات والصلاحیات المخولة له بمقتضی هذا القانون)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ڕۆشنایی هەندێك مولاحەزات ئەو سیغەیە باشترە، كاك خلیل بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 4: یهدف الدیوان الى المحافظة على الاملاك و الاموال العامة عن طریق ممارسة رقابة فعالة وفق الاختصاصات والصلاحیات المخولة له بموجب هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بەس كاك د. نوری لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی 5 تكایە كاك دلێر بیخوێنەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 5: سەرۆكی دیوان بە بڕیاری سەرۆكایەتی هەرێم و لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی دادەمەزرێت، بە پلەی وەزیرو هەموو ماف و ئیمتیازێكی وەزیری هەیە سەبارەت بە مووچەو دەرماڵەو خانەنیشینی خزمەت و دەسەڵاتی وەزیری دارایی سەبارەت بە بوودجەو میلاكی دیوان و ماوەی سەرۆكایەتی 4 ساڵەو بواری دووبارەبوونەوەی هەیە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانەو نابێت لە ماوەی سەرۆكایەتیەكەی دا لەسەر كار لابېردرێت، دەبێت ڕەزامەندی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بێنێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة 5: یعین رئیس الدیوان بقرار من رئاسة الاقلیم و بناء على ترشیح المجلس الوطنی الكوردستانی بأكثریة أعضاءها و یكون بدرجة وزیر وله حقوق وامتیازات الوزیر فیما یتعلق بالراتب والمخصصات والتقاعد والخدمة وله صلاحیات وزیر المالیة فیما یتعلق بشؤون الدیوان وملاكه وموازنته، ومدة رئاسته 4 سنوات قابل للتجدید و موافقة أكثریة أصوات أعضاء المجلس الوطنی الكوردستانی ، ولا یجوز عزله في مدة رئاسته الا بموافقة أغلبیة أصوات أعضاء المجلس الوطنی لكوردستان ـ العراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خلیل هیچ تێبینیەكتان هەیە؟

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکیان لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی هەست دەکات لاسەنگیەك و لەنگیەك هەیە لە داڕشتنی ئەو ماددەیە، جگە لەوە ئێمە پێمان چاکە خاڵ بەند بکرێت و بەو شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

1 ـ سەرۆکی دیوان بە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم و لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورستان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی دادەمەزرێت.

2 ـ پلەی وەزیرو هەموو ماف و ئیمتیازێکی وەزیری هەیە سەبارەت بە مووچەو دەرماڵەو خانەنیشین و خزمەت.

3 ـ دەسەڵاتی تەواوی هەیە سەبارەت بە بوودجەو میلاکی دیوان.

4 ـ ماوەی سەرۆکایەتی 4 ساڵەو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆی هەیە بە زۆرینەی دەنگ تەنیا بۆ 4 ساڵی ترهەڵی بژێرێتەوە.

5 ـ لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەی دا بە بێ ڕەزامەندی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لانابرێت.

پێم باشە بەو شێوەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەینی شتە، بەڵام کردووتە چەند خاڵێك، لە نەسەکەی تر دەرنەچووە، بەڵام لە عەرەبیەکەی ( قرار) دەبێت ببێتە (مرسوم) کاك خلیل، (اكثرية أعضاءها) ببێتە (اعضاءه)، کەس قسەی هەیە؟ کاك د. جرجیس قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.جرجیس حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەم لەسەر نوقاتەکانی کاك دلێر نیە، بەڵام ملاحەزاتم لەسەر ئەوە هەیە کە ( لايجوز عزله الا بموافقة اغلبية أعضاء المجلس الوطني لكوردستان) من پێشنیار دەکەم کە بە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی بێت، بەخۆی ئیشەکە ئیشێکی قورسەو ئیشێکی وایە موحتەمەلە خاسەتەن بە نیسبەت هەردوو حیزب، ڕەنگە بچێتە ناو زۆر مەوازعی تر، لەبەر ئەوە دەبێت سیقەیەکی تەواوی هەبێت بە خۆی وە نەترسێت لەوەی کە بەیانی فکرەیەکی موعەیەن یان حیزبێکی موعەیەن بتوانێت عەزلی بکات، دەبێت فعلەن دوو لەسەر سێی ئەندامان موافەقەی لەسەر بکات، بۆ ئەوەی عەزلی

نەکەن، لەبەر ئەوە بە تەسەوری من عەزلەکەی دەبێت قوەتێکی موعەینی هەبێت و نەترس بێت، سیقەی بە خۆی هەبێت کە ئیش و کاری خۆی بە جدی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مولاحەزەیەکی باشە، بەڵام با موناقەشەی بکەین دواتر من ڕەئی خۆم دەڵێم، کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەڵێت: (مدة رئاسته 4 سنوات قابل للتجديد ) پێشنیار دەکەم ( لمرة واحدة)ی لەگەڵ بێت، چونکە دەبێتە 8 ساڵ، شتێکی موهیمە با بۆ یەك دەور بێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەم کە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی لەگەڵ بێت، چونکە هەم ئەم دەزگایە هەم ڕەئیسەکە گرنگی خۆی هەیە، باشترە زۆر جار ئەغلەبیەکی بەسیت دێت کە ئیجابی نابێت، لە لای من تۆزێك ئیزدیواجیەتی سوڵتە دروست بووە بەرامبەر ئەم دەزگایە، تەعین لەلای سەرۆکی هەرێمە، تەرشیحەکە لای پەرلەمانە، خۆی تابعی پەرلەمانە، هەردوو جێگرەکەش لەلایەن پەرلەمانەوە تەرشیح دەبن، سوێندەکەش لە پەرلەمان دەخوێنێتەوە، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە تەعینەکەش هەر لەلایەن پەرلەمانەوە بێت، یەعنی وەکو هەر یاسایەکی دیکە ئیقرار موسادەقەی سەرۆکایەتی هەرێم بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جرجیس موداخەلەیەکت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د.جرجیس حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کەوا دەڵێم، تەبعەن تەبیعەتی پەرلەمان دەزانین لە دوو حیزب پێکهاتووە، ئەوە لەگەڵ ئیش و کاری دیوانی ڕەقابەی مالی برێك زەحمەتە، یەعنی هەر حیزبێك لەو حیزبانە برێك لە وەزعەکەی تێك دا کە شتێکی موعەین پەیدا بوو، یەکێك پەیدا دەکات دەڵێت: وەڵڵا بە ئەغلەبیەتی ئەسوات عەزلی دەکەن، بۆ خۆی لە دیوانی ڕەقابەی مالی ئەسڵەن لە هەموو دونیا عەزل نیە، کە دامەزرا 4 ساڵی خۆی تەواو دەکات، بەڵام لێرە وەکو گوتمان با عەزل هەبێت، نەوەکو شتی موعەین هەبێت،لەبەر ئەوە من تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەوە،بە باشی دەزانم بۆ ئەوەی پشتگیریەکی تەواو لە ڕەئیسی دیوان بکرێت، بۆ ئەوەی تووشی هەندێك شت نەبێت، ئیزافەی دوو لەسەر سێی بکرێت بۆ ئەوەی سیقەی بە خۆی هەبێت، لەم زروفەی کە ئێستا ئێمە تێیداین، زروفی گەندەڵی تەواوە، یەکجار زۆرە، خەریکە بەرەو نەهیبەمان ببات، ئەو نەهیبەش ئێمە دەزانین چیەو لە کوێ دێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێوە سەلاحیاتی کامل  بە تەواوی نەدەنە دیوانی ڕەقابەی مالی باوەڕبکەن هەر بەو شکلە دەمێنێت، ئێمە با بە جدی بچینە ناوەموزوع، هەندێك خاڵی تریش هەیە، بەڵام جارێ ئەو خاڵە با تەسبیت بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین باشترین بەرنامەمان هەبێت. ڕاستە ئەمە یەك لە هەدەفەکانی ئێمەیە، بە قوەت بێت، بەهێز بێت، سەربەخۆ بێت، هەروەها ئەرکەکانیشی بەجێ بهێنێت، بەڵام یەك شت دەڵێم من خۆم دام نابوو ئەخیر کەس قسەی بکەم، بەڵام ئەو

موشكیلەی كە هاتووە، ئۆتۆماتیكیەن ئەگەر ئیقراریشیان نەكرد ئەو ئیقتراحەی تۆ، هەر وا دەگەیەنێت، چونكە كە نووسراوە ( أغلبية أعضاء المجلس) واتە ئەگەر 56 دەنگ كەمتر بێت نابێت، ئێستا 80 كەسن، لەو هەشتا كەسە دیسان دەكاتە دوو لەسەر سێی، بەڵام موفتەرەحەكەت دوایی دەیخەمە هینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە سەیری پەرلەمان بكەین كە نوێنەری خەڵكی كوردستان هەموویەتی، وە پێكهاتەكەشی ئەوە خاوێنە، ئەگەر ئەمڕۆ تۆزێك ئیعتیبارات هەبێت ئەوا سبەی ئەو ئیعتیباراتانە كاڵ دەبێتەوە، خاڵێكی تر، ئێمە كە دەڵێین سەرۆكی هەرێم دەسەڵاتی باڵای تەنفیزیە، ئێستا لێرە پەرلەمان كە سوڵتەی تەنفیزیەو یەكەم دەسەڵاتە تەرشیحی دەكات و تەعینی دەكات، من پێم وایە پێچەوانەكەی دروستە، بەڵام بۆ؟ چونكە ئیسدارەكە هەر سەرۆكی هەرێم دەیكات، وەكو بڵێی تەحسیلی حاسڵە، ئەوەش هەر دروست دەبێتەوە كاتێك كە پەرلەمان هەر قەرارێك دەدات، ئیسداری نیهائی هەر سەرۆكی هەرێم دەیكات، لەبەر ئەوە شتێكی سروشتیە، ئەو تەرشیح بكات و ئەم ئەوەی بكات، خاڵێكی تر ئێمە وەكو وەزیرێكی سروشتی مامەڵەی لەگەڵ بكەین، یەعنی سێ لەسەر چوار ئێمە دامانناوە بۆ شتی موهیم، بۆ نموونە بۆ لابردنی، بۆ گۆڕینە پەرلەمان، بۆ سیقە سەندنەوە لە ئەنجومەنی وەزیران، یەعنی ناكرێت مەسەلەن، یەكێك كە بیخەیتە ئاستی وەزیر ئەو هەموو شتەی پێ بكرێت، هەروەكو وەزیر مامەڵەی لەگەڵ دا بكەین، شتێكی دروستە لەگەڵ ئەو تەرحەی كاك دیلمان دام كە بەرپرسی ئەو دەزگایە تەنها یەك جار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی دارایی دەكەم، تەنها ئەوەندە دەڵێم كەوا ناولێنان و لابردنی بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا منیش تەئیدی كاك محمد فرج دەكەم، چونكە دژیەكیەك دەبینین، یەكەم جار پەرلەمان تەرشیحی دەكات و لە خوارەوەش بۆ 4 ساڵی دیكە بە دەست پەرلەمانەوە بێت، یەعنی هەر لە لایەن پەرلەمانەوە بێت، یەكەم جار پەرلەمان دادەنێت تەرشیحی دەكات، بەڵام لە خوارەوە نووسراوە پەرلەمان لای دەبات لە

کاتێك ئەگەر پێویست بوو، یان بۆ تەجدیدی بۆ 4 ساڵی دیکە پەرلەمان دەیکات، جا یان ئەوەی سەرەوە چاك بکەنەوە لە لایەن پەرلەمانەوە بێت، سەرۆکی هەرێم پێشنیازی دەکات و تەرشیحی دەکات ئەو کات پەرلەمان دەنگی بۆ دەدات، ئەوە چاك بکرێتەوە هەر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا منیش تێبینیم هەیە لەسەر تەرشیح، کە بە تەئکید ئەو شەخسەی دەبێتە رەئیسی دیوان دەست نیشان دەکرێت، لە دوای مەرسووم ریئاسەتی ئیقلیم بێتە کرن، بەس تەرشیح لێرە دیار نیە، یەعنی ئێمە وەکو دەزانین ئەنجومەنی نیشتمانی دەنگی بۆ دەدەین نەك تەرشیحی بکەین، نازانم بەدیلێك هەیە پێش تەرشیح یان نا،یەعنی موافەقەی بکات و تەسدیقی بکات، چونکە ئالیەتی تەرشیح دیارنیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەوەندە دەڵێم کێ تەرشیح دەکرێت، موهیم نیە، خۆ لێرە قەراری لەسەر دەدرێت، جا ریئاسەتی پەرلەمان بێت یان حکومەت بێت، بەڵام ئۆتۆماتیکیەن ئەوە هەر ڕاوێژی لەسەر دەکرێت و موناقەشەشی لەسەر دەکرێت، بەڵام بڕیارەکە خۆ هەر لە پەرلەمانە، یەعنی مەرکەزێکی موهیمی هەیە رەئیسەکە کەس لە خۆیەوە ناتوانێت ئەوە تەقیم بکات، تەقیمەك دەبێت بە گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرۆکی هەرێم لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندارەکان، بەڵام دواتر لێرە موناقەشەو متمانەکە دەدرێت پێی کە بوو بە قەرار سەرۆکی هەرێم وەکو ئەوانی تر بە مەرسوم دەری دەکات، شتەکە یەعنی هەیئاتی موستەقیلە بەو شێوەیە دەبێت، بەڵام بنووسی سەرۆکی هەرێم تەرشیحی دەکات رەبتت بەوێ کردەوە، نەنووسرێت مەعلومە و عورفە بە ڕاوێژ یەکێك تەرشیح دەکرێت و لێرە ئێوە قەراری نیهائی لەسەر دەدەن، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەگەڵ ئەوەم یەك جار بێت دەورەکەی، جارێ ئەو کەسەی دادەندرێت دەبێت کێ بێت، یەعنی بەڕاستی مەرجێکی بۆ دابندرێت ئەو کەسەی کەدادەندرێت، خۆی لە رەقابەی مالی دەرچوو بێت، ئەوجا ئەو کەسە دابندرێت، بووە کەسێك دابندرێت کە لە دادگا ئیتیهام کرابێت؟ یان دەستی هەبوو بێت لە پێشێلکاریەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ یەکجار وابزانم کاك دلێر داوای کرد، ئەوە غەڵەتە، بەڵام بۆ غەڵەتە؟ دەڵێی (قابل للتجدید) یەعنی دیسان ئێوە دەنگی بۆ دەدەنەوە، خۆ ئەوە تۆماتیکیەن نابێت، دیسانەوە دێتەوە ئێرە و بۆ دووەم جار تەرشیح دەبێتەوە و دەنگی بۆ دەدرێت، بەڵام ئەگەر سەرۆکی دیوانەکە لێهاتوو و سەرکەوتوو بوو، تۆ

بیخەیتە ناو قانونەوە بۆی نیە لە یەکجار زیاتر نەبێت، مەجبور دەبی لای ببەی یان دەبێت قانونەکە هەموار بکەیەوە، کە گوتت بۆی هەیە جارێکی تر ئەوا لێرە دووبارە هەڵی دەسەنگێنی کە باش بووە یان خراپ بووە، فەرمووو کاک اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بزەبت وا دەڵێم یەعنی بۆ یەکجار دابندرێت، کە جارێکت دانا نەبێتە جارێکی تریش نەڕوات لەوە زیاتر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من عەکسی قسەی تۆم نەگوت، بەڵام دوو، سێ کەسی تر هەبوون کە قسەیان کرد درێژەی کێشا ، کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك شت هەیە بە زیادی دەزانم، یەعنی ( ویکون بدرجة وزیر) بەسە، ئەوەی ناوێت ( وحقوق وامتیازات الوزیر فیما یتعلق بالرواتب والمخصصات والتقاعد والخدمة) ئەوانەی بۆچیە؟ هەروەها ( وله صلاحیات وزیر المالیة فیما یتعلق بشؤون الملاك) ئەوەشی ناوێت، بە دەرەجەی وەزیر کافیەو تەواو، خاڵێکی تر لەگەڵ رەئی برادەرانم کە خۆی تەرشیح دەکاتەوە بۆ جارێك یان دوو جار یان زیاتر لە جارێك، ئەوجا پێویستە ئەوە تەحدید بکرێت چەند جار بۆی هەیە رەئیسی دیوان خۆی تەرشیح بکاتەوە، خاڵێکی تر لە بارەی ئەغلەبیە، سێ ئەغلەبیە هەیە، ئەغلەبیەی بەسیت هەیە، ئەغلەبیەی موتڵەق هەیە، ئەغلەبیەی ساحق هەیە، ئەغلەبیی ساحق نایەت لێرە، بەڵام بەلای کەمی لێرەدا تەحدیدی ئەغلەبیەی بەسیت و موتڵەق بکرێت، ئەوەی دەوێت، چونکە کە تۆ گوتت ئەغلەبیە حیسابی حزوری ئەسڵی دەکەی، ئەوجا 50 + 1 ی دەکەی، ئایا ئەغلەبیەی موتڵەق زیاترە؟ دواتر تۆ حیسابی ئەغلەبیەی بەسیت یان موتڵەق دەکەی؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین، پێویستی بە وەڵام دانەوە هەیە قسەکانی تۆ، یەکەم: کە دەڵێی وەزیر یان سەلاحیاتی وەزیر، کە تۆ دەڵێی وەزیر بەسە، نا زۆر پێویست دەکات کە حقوق و ئیمتیازات و....... ئەمانە هەمووی بنووسرێت، غەیری وەزیری مالیە کەسی تر بۆی نیە ئەبواب نەقل بکات یان لە فەسلێکەوە بۆ فەسڵێکی تری بەرێت، لەبەر ئەوە ئەو سلاحیاتەی دراوەتێ، سەلاحیاتی سەرفی میزانیەی خۆی دەدرێتێ، لەبەر ئەوە ئەو تەحدیدە زۆر زەروریە، ئەغلەبیە ئەوەیە، ئەغلەبیەی ساحقە نیە، ئەوەڵەن قانونیەکان کە دایانڕشتووە دەزانن، ئێمەش پێشتر ئاگادارین لەو شتانە، ئەو جوملەیەی کە زەروریە، ئەگەر نا دەبێت بە هەموو شتێکەوە بگەڕێتەوە بۆ وەزیری مالیە، ئەگەر نا ئەو ئیستقلالیەتەی نابێت وەکو ئێستای لێ دێت، ئەی ئێمە ئەو قانونە بۆ دەردەهێنین؟. دووەم: ئەکسەریەی ساحقە لە موستەلەحاتی قانونی دا نیە،

ئەکسەریەی بەسیتە  و موتڵەق هەیە، بەڵام ئەوە لە جەریدە هەیە، لێرە نیە، ساحقە چیە؟ فەرموو کاک سعدالدین بۆم شەرح بکە.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ساحقە ئەوەیە کە دەبێت کە کردتە 4 بەش، سێ لەسەر چواری ئەوە دەبێتە ئەکسەریەی ساحقە، بەڵام ئەغلەبیەی بەسیت و ئەغلەبیە موتڵەقە هەیە کە حیسابی حزور دەکرێت ئەوجا 50 +1 دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەغلەبیەی ساحقە سێ لەسەر چوار ناگرێتەوە، سێ لەسەر چوار ئەغلەبیەی سێ لەسەر چوارە، دوو لەسەر سێ ئەغلەبیەی دوو لەسەر سێیە، ئەغلەبیەی موتڵەقە ئەوەیە کە (50 +1 ) ئەغلەبیەی بەسیتە حزور چەندە؟ ئەوجا 50 +1 دەکرێت، ئەو دووە هەیە لە قانون دا، کاک رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوای پشتگیری خۆم بۆ رایەکەی د. جرجیس، کە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان دەنگی بۆ بدەن، بە پێچەوانەوە من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە، بەڕاستی خۆ دیارە لەبەر ئەوەی ئەم پۆستە پۆستێکی گرنگ و حەساسە، هەر لە تەعین کردنەکەی، لە حقوق و ئیمتیازات، هەر لە سەلاحیاتی کە سەلاحیاتەکەی لە ئاستی وەزیر دابێت لە ئیش و کارەکانی، بەڕاستی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی کە دەڵێت 4 ساڵە قابیلە بۆ دووبارەکردنەوە، ئەو تەجدیدە زۆر دەگرێت، دەتوانێت بۆ جارێك و دوو و سێ جار خۆی تەرشیح بکاتەوە، من دەپرسم ئایا ئەم تەجدیدە تەئکیدی لەسەر بکەینەوە، ئایا بۆ جارێکە یان چەند جارە؟ پێشم وایە بۆ یەك جار بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ لە ناحیەی تەجدید لە گەڵ ئەوەی نیمە یەك جار بێت، ئەو شوێنە حەساسانە بە تایبەتی رەقابەی مالی یان هەر شێوازێکی کێشەی گەندەڵی پێم وا نیە کارێکی ئاسان بێت، کەسێکی کەفوئی فەعال بۆ ئەو پۆستانە بدۆزرێتەوە، کە  یەکێکت دۆزیەوە باش بوو و ئیشەکانی بە باشی بەڕێوەبرد بۆ چانسی ئەوەی نەبێت جارێکی دیکە ئەو پۆستە بەڕێوە ببات، خاڵێکی ترکە دەڵێت: (لە امتیازات حقوق  وامتیازات الوزیر......... فیما یتعلق بالرواتب والمخصصات) ئەوە زیادە، لەبەر ئەوەی راتب و موخەسەسات رەواتب و ئەوە خۆی حقوق و ئیمتیازاتە، خاڵێکی تر لە ناحیەی عەزل کە دەڵێت: (لایجوز عزلە في مدة رئاستە الا بموافقة أغلبية الاصوات) بە رەئی من هەموو خاڵەکان دەست نیشان بکرێت، لە چ حاڵەتێك پەرلەمان عەزلی ئەوەی دەکات، عەزلی سەرۆکی دیوان دەکات، ئەگەر ئیجازەم بدەی چوار حاڵەتم دیاری کردووە:

1 ـ التقصير في اداء المهام.

2 ـ ارتكاب جناية او جنحة.

3 ـ اتهام بفعل يتناقض مع اهداف الديوان.

4 ـ ئەوە پێشنیارێکی نوێیە، حەق وایە لەمەولا لە ڕۆشنبیری بەڕێوەبردنی وڵات ئەو فەقەرەیە ئیزافە بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە کێشەیەکمان هەیە لە زۆر لە وەزارەتەکان، ئەوەی مەسەلەی تەحەزوبە، یاخود هەندێك بڕیار لە هەندێك شوێن ناڵێم هەموو، دەردەچێت بە پێی ئینتیمای حیزبیە، بۆیە پێشنیار دەکەم حاڵەتێك ئیزافە بێت ( على صدر عن وعى القرار فيه تمييز على أساس فكرى أو الساسى) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار قسەکانت بە جێیە، بەڵام خۆی کە گوتت پەرلەمان عەزلی دەکات، ئەوە پێویست ناکات، لێرە خۆی ئەسبابەکە لێرە عەرز دەکرێت، قەناعەتتان پێی هات دەنگی بۆ دەدەن، پێویست ناکات شەرحی بکەی، ئەوە وا نیە بڵێی موزەفێکەو شروتەکانی هین بکەی، لێرە کە گوتت پەرلەمان، لێرە قەرار لەسەری دەدرێت، 10 کەسەکە یان لایەنەکان کە تەقدیمیان کردووە، پەرلەمان کە قەناعەتی پێی هات زمنی ئەو شتانەیە کە خەڵك دەنگی بۆ دەدات لای ببەن، قەناعەتی پێی نەهات متمانەی پێی تازە دەکاتەوە، کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم، ئەو 4 ساڵە کراوە بێت، نەوەکو 4 ساڵ و بەس، ئەوە رەئیسی دیوان زەرفەکە بە قانون تەعین دەبێت، ئەگەر ئادای باش بوو، کەفائەتی باش بوو، با ئیستمرار بکات، بۆ 4 ساڵ جارێك دیسان بێتەوە ناو پەرلەمان و تەرشیح بکرێتەوە و دەنگی بۆ بدرێت، ئەگەر چاکیش نەبوو، 4 ساڵ زۆر زۆرە مانەوەی با خیلالی ساڵێك لابردرێت، دواتر بە نیسبەت عەزلیشی کە بە ڕێگای پەرلەمانەوە دەبێت، فەقەرەیەکی بۆ ئیزافە بکرێت، (أو بقرار صادر من جهة قضائية) چونکە ئیحتیمالات هەیە، خوا نەکات شتێك بوو داواکاری گشتی بۆی هەیە دەعوای لەسەر تەسجیل بکات و مومکینە قەرارێك دەردەچوێنیت بە زدی وی، ئەو کات تۆ بڵێی تەعاروز نەکات لەگەڵ پەرلەمان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەم بابەتە حەز دەکەم ئەگەر بە شێوەیەکی فراوان و بە بیرێکی تازەوە بیر لەم بابەتە بکەینەوە، تەبیعی لە سیستەمی ئەمریکی بۆ هەر کارێك لەم بابەتانە سەرۆکی هەرێم کەسێك دەست نیشان دەکات و تەرشیحی دەکات، ئەو کەسە ئەگەر دێتە بەردەمی پەرلەمان، دەبێت پەرلەمان تەبەنی بکات، کە پەرلەمان تەبەنی کرد، سەرۆکی هەرێم تەعینی دەکات، تەبیعی ئەم سیستەمە، سیستەمێکی زۆر چاکە کە دەبێت کەسێك تەرشیح بکات کە دوو لەسەر سێی دەنگی پەرلەمان بێنێت، یەعنی لەسەر بنەمای حیزبایەتی و

ئەو شتانە نیە، بۆ کارێکی لەم بابەتە، دووەم: بۆ مانەوەی شەخسیەتێك لەم بابەتە، (ئەلیکس بانۆ) هەر لەوەتەی من لە 1976 ەوە چوومەتە ئەمریکا، پێش منیش بە 15 ساڵ هەر ئەم موهیمەیەی هەبووە، هەتا ئێستاش هەر ئەو موهیمەیەی هەیە، هەموو 4 ساڵ جارێك کە حکومەت دەگۆڕێت یان حکومەتێکی تازە دێت، ئەو ناهێننەوە بەردەمی پەرلەمان، هەتا قەناعەت و هەتا موشکیلەیەك دروست نەبێت لەسەر شەخسیەتی، جارێکی تر ئەو شەخسە نایەتە بەردەمی پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی کارەکەی پێ بسپێردرێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت مەجالەکە فراوان بکەین لە بەردەمی ئەو شەخسە، بۆ ئەوەی ئەو شخسە بتوانێت کاری خۆی بە شێوەیەك بکات کە ڕەزامەندی هەموو خەڵك بە دەست بێنێ و هەموو خەڵك سوور بێت لەسەر ئەوەی کە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ لابردن و دوو ساڵ و دوو جارو ئەمە نیم، شەخسیەتێك لەو بابەتە کە دروست بکەی کە ئیشرافی ئوموری مالی و ئیمکانیەتی دەوڵەت و تەقدیری پارەو ئەو شتانەی لێ دەکات، ئەمە دەبێت بمێنێت، چونکە دروست کردنی شەخسیەتێك لەو بابەتە، شارەزایەك لەو بابەتە کارێکی ئاسان نیە، من لەگەڵ ئەوەم لە لایەن سەرۆکی هەرێم وەکو ئەمریکا و دەوڵەتانی تر تەرشیح بکرێت، پەرلەمان تەبەنی ئەو ناوە بکات، ئینجا سەرۆکی هەرێم تەعینی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس تەنها روونکردنەوەیەك کاك جمال، هەر وڵاتێك پابەندە بە دەستور، ئەگەر وڵاتەکە پەرلەمانی بێت، بەو شێوەیەی کە لە عیراق و لێرە هەیە، ئەگەر ریئاسی بێت، وەکو لە ئەمریکا، وەك ئەوەی جەنابت دەبێت، بەڵام ئێمە پابەندین بە دەستووری عیراقی و هەروەها پڕۆژەی دەستوری خۆشمان بەو شێوەیە داڕێژراوە، کە لەگەڵ دەستووری عیراقی پڕۆژەی دەستووری خۆمان بگونجێت، ئەگەر نا هەردووکی هەمان هەدەف دەگەیەنێ، کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك، دوو تێبینیم هەیە، لە 4 ساڵەکە من تەئیدی لیژنەی دارایی دەکەم، کە 4 ساڵی دیکە بۆی هەبێت، فەترەیەکی زەمەنیە، خاڵێکی تر بە دوو لەسەر سێی پەرلەمان، وەکو کاك د. جرجیس گوتی، هەر بەوە دابندرێت و لاش ببردرێت، ئەگەر پێویستی کرد لە کاتێك دا خوا نەکات ئەو شەخسە کارێکی خراپ دەکات، فەترەکە فەترەی پشووی پەرلەمانە، دەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمان دەسەڵاتێکی هەبێت ئەو کارە رابگرێت تاوەکو پەرلەمان دەست دەکاتەوە بە کاری خۆی، خاڵێکی تر ئەگەر ئەو پلەی وەزیر بێت، یەعنی چ مەهامێکی لە ئەنجومەنی وەزیران هەیە، لە کاتی لێپرسینەوە ئەنجومەنی وەزیران چ مەسئولیەتێکی بەرامبەر بەوە هەیە ئەگەر بە پلەی وەزیر بێت، لەبەر ئەوە حەقە بە پلەی وەزیر نەبێت، پلەیەکی تری بۆ دیاری بکرێت، ئەگەر زیاتریش بێت لەوە ئاساییە، بەڵام با ئەو مولزەم نەبێت بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری بۆچوونەکەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، سەبارەت بە فەترەی سەرۆکایەتی دیوان کە 4 ساڵ بێت و تەنها بۆ 4 ساڵی تر هەڵبژێردرێتەوە، من پێم وایە بە پێچەوانەی رەئی هەندێك لەو بەڕێزانە کە باسیان کرد، لە هەرێمی کوردستان بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانان و بەڕێوەبردن، فەترەی دەسەڵاتی بۆ دیاری کراوە و هەڵدەبژێردرێتەوە، من پێم وانیە دەسەڵاتی سەرۆکی دیوان لە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان بەرزتر بێت، بۆیە بە باشی دەزانم، وەکو کە برادەرانی لیژنەی دارایی و ئابووری ئیشارەتیان پێداوە، با فەترەی 4 ساڵ بێت و 4 ساڵ دوای ئەوەش بتوانێت خۆی هەڵبژێرێتەوە، بە شەرتێك کە ئەندامانی پەرلەمان، بە زۆرینە دەنگی بۆ بدەن، من پێشم وایە ئێمە دەتوانین لە فەترەی ئیش کردن بتوانین، دەیان کادری کەفوء پەروەردە بکەین لەم بوارەدا، کە جێگای ئەو بگرێتەوە، ئێمە ئومێدێکی گەورەمان بەو دەزگایە هەیە کە هەوڵ بدات، ڕێگری بکات لەبەردەم ئەوەی کە پێی دەگوترێت گەندەڵی ئیداری کە ئەمڕۆ زۆر باسی لێوەدەکرێت، بە دیدی من کە ئێمە دەست نیشانی فەترەکەی بکەین، خۆی لە خۆیدا ئێمە پابەندین بە پرنسیپێکی دیموکراسی و لەسەرەتاوە ئەو دەزگایە وەکو دەزگایەکی بە توانا و سەرۆکەکەشی کە دەزانێت فەترەی هەیە، باشتر دەتوانێت بە دەم ئیش و کارەکانیەوە بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پشتگیری لە د. جرجیس دەکەم، سەبارەت بە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامان، بەڵام پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا ئەگەر هاتو لە کاتی دامەزراندنی یان عەزل کردنی جارێکی تر تەرشیح کردنەوەی لە هەر سێ حاڵەت، ئەگەر دوو لەسەر سێی نەهێنا، ئایا ئۆتۆماتیکیەن تەحسیل حاسڵە ئەو مورەشەحە؟ جارێکی دیکە نادرێتەو دەنگدانەوە؟ یان یەکێکی تر هەڵدەبژێردرێت؟ یان چۆن دەبێت؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە یاسایەك هەبێت بۆ پشتیوانی کردنی لێپرسراوی چاودێری دارایی لە وڵاتەکە، چونکە ئەگەر لێپرسراوی دارایی پشتێوانێکی بە قوەتی یاسایی نەبێت ناتوانێت چاودێری بکات، حەقە ئێمە بە یاسا پشتیوانیەکی بە قوەت بۆ لێپرسراوی چاودێری دارایی لێرە دەربکەین، بۆ ئەوەی بتوانێت رەقابەو چاودێر لەسەر هەموو دەزگایەکی حکومی بکات، هەروەها لەگەڵ ئەوەم کە بۆ لابردنیشی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی پێ وەربگیرێت، بۆ دامەزراندنی هەم بۆ لێپێچینەوە لەگەڵی، خاڵێکی تر حەز

دەكەم وازح بێت، كێ بانگی سەرۆكی چاودێری دارایی دەكات بۆ لێ پێچینەوە، یەعنی حەقە ئەنجومەن بێت، داواش بكات بانگهێشت بكرێت بۆ لێ پێچینەوە نەك هەموو كەسێك بە كەیفی خۆی بانگ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. كمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادرعبدالله(د. كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی چاودێری دارایی كارێكی گرنگ و پیرۆزە، هەر هەموومان پێویستیمان پێی هەیە كە دەمانەوێت ماڵی خەڵكی كوردستان بە ئەمانەت و بە پاكی چاودێری بكرێ و نەكەوێتە دەست خەڵكێكی بێ ویژدان و بی یاسا، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان تەسەروفی پێ بكەن، بۆیە بەرپرسەكەشی پێویستە زۆر سیقەی هەبێت و پشتی قایم بێت بەو یاسایەی كە ئەو پەرلەمانە بۆی دەردەكات، بە ئاسانی دوو لایەن كە دەسەڵاتی زۆرتریان هەبێت لەناو پەرلەمان نەتوانێت بە ئاسانی لای ببات، بۆیە من تەئیدی ئەوە دەكەم كە لابردنەكەی بە دوو لەسەر سێ بێت، زۆر زۆر پشتی قایم بێت، بۆ تەمدید كردنەكەش تەنها 4 ساڵ نەبێت، ئەگەر ئەو بەرپرسە كاری باشی كرد، دوژمنی زۆر دەبێت، هەر ئەو دوژمنانەش تەئسیریان لەسەر خەڵكێكی تر دەبێت، كە بتوانێت ئاڵوگۆڕی پێ بكات، ئەگەر باش بوو پەرلەمان نەك بۆ 4 ساڵ با هەر پشتیوانی بكات تا باشتر كارەكانی بەڕێوەببات، هەر كاتێك دیترا خراپە، ئەو كاتە لەو 4 ساڵەی كە ماوەكەی تەواو دەبێت دەنگی بۆ نادەن و لای دەدەن، یان ئەگەر خەلەلێكی هەبوو تەحویلی قەزای دەكات، قەزاش محاسەبەی دەكات، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم پشتیوانیەكی زۆر بەهێزیان هەبێت، تاوەكو زیاتر جورئەت پەیدا بكەن و بتوانن ئیشەكانیان بە پاكی و دروستی بكەن، تەئسیری لابەلاو ئەم بەرو ئەو بەر لەسەریان نەبێت، لەوەش نەترسێت هەر دوولا یەكی گرت بتوانێت عەزلی بكات، بە دەنگ دانێك 50 +1 با دوو لەسەر سێ بێت، بۆ وەرگرتنەكەی تەبیعی وەربگیردرێت و بە ئەغلەبیە بێت، ملاحەزەیەك كرا كە پەرلەمان لە دوو لا پێك هاتبێت، نا پەرلەمان لە دوو لا پێك نەهاتووە، لایەنی تری زۆر تێدایە، ئەحزابی بچووك و گەورەی تێدایە، كە 12 تەرەفین لە ناو ئەو پەرلەمانە، بەڵام دوو تەرەفی رەئیسی و ئەساسی تێدایە كە وەزنێكی قورسیان هەیە، بۆیە ئەوە پێویستە تەسحیح بكرێت، لە دوایی دا كە هەر بۆ ئەو پەرلەمانە بەرێزە دەمێنێتەوە، رەئی من ئەوەیە كە ئەم چاودێریە داراییە لێرە بەهێز بكەین، نە ترس بن، ئەگەر ئیشیان نەكرد ئەوجا بانگیان بكەین عقوبەیان بدەین، قەراری ئەخیریش هەر بۆ پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موناقەشەی زۆر کرا بۆ تەرشیح کردنی سەرۆکی دیوان، جا لێرەوە بێت یاخود لە ریئاسەی ئیقلیم، بەڕاستی ئەمە یەکێکە لە دائیرەکانی تابع بە پەرلەمان، مەفروزە هەر لێرەوە تەرشیحەکە بکرێت، لەبەر ئەوەی بە دەرەجەی وەزیرەو لێرەوە موسادەقەی لەسەر دەکرێت، بەو شێوەیەی کە باس کرا، باسی ئەوە کرا کە دەسەڵاتی وەزیری دارایی شەرت نیە هەبێت، ئەگەر دەسەڵاتی وەزیری دارایی نەبێت، دەبێت داوای یەك میلاك و یەك تەبدیل لە وەزارەتی دارایی بکات، ئەو کاتە دەبێت چەند ملکەچ بێت بەرامبەر بەو فەرمانبەرەی تەبدیلی عنوانەکەی بۆ دەکات یان نایکات، باسی ئەوە کرا کەوا تەفسیل باس نەکرێت، کەوا تەقاعودی هەبێت یان ئەو ئیمتیازەی هەبێت، ئەگەر ئەوەی نەبێت قانونێکی پەرلەمان هەیە، دەڵێ : وەزیر و ئەوانەی ئەعزای مەجلسی وزەران، بەم نەوعە تەقاعودیە موستەحەقن، لەبەر ئەوەی ئەوە ئەندام نیە لە مەجلسی وزەرا، مەفروزە بەو شێوەیە باس بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا هەندێك شت هەیە دەبێت بیخەینە دەنگدانەوە، تەبعەن وابزانم کەسئیعترازی لەسەر ئەوە نیە کە دانانی یەکەمی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەبێت، واتە 50 + 1 واتە 55 +1 = 56 کەس بۆ دانانی، بۆ لابردنی رەئی د. جرجیس سەرۆکی دیوانی چاودێری لە هەولێر کە دەڵێت بە دوو سولس بێت، موناقەشەی زۆر لەسەر کرا، ئەوە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان پشتگیریان لەو داخوازیە کرد، کە لابردنەکەی بە دەنگی دوو لەسەر سێ بێت، بۆیە ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەو رەئیەیە؟ دانانەکە فەرقی هەیە لەگەڵ لابردنەکەی، عەزلەکەی زروفێکی تایبەتی هەیە، ئیمکانی ئەوەی هەیە، وەکو باسی کرد نەبێتە جێگای موساوەمە، نەبێتە جێگای ئیتیفاقێکی وا کە ئەگەر خەلەلێکی هەبێت، کەموکوڕیەکی هەبێت، ڕەنگە ئەو کاتە هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەنگ بۆ ئەوە بدەن کە لای ببەن، بەڵام ئەوە حیمایەکە بۆ ئەوەی بوێر بێت، بەڵام لە دانانەکەی هێشتا تۆ نایناسی بە چاکی، زۆرینەکە کافیە بۆ دانانی، بۆ لابردنی بە رەغبەتی عەدنان و کمال نەبێت، بڵێن وەڵلا لێرە 56 دەنگ دەتوانین کۆی بکەینەوە بۆ لابردنی، وەکو باسمان کرد حیمایەکی هەبێت، ئەگەر غەڵەتێکی گەورەی نەکردبێت، ناتوانێت دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان دەنگی بۆ بدات کە لای ببەن، لەبەر ئەوە حەز دەکەن هەردووکیان دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە بۆ دانانیشی دوو لەسەر سێ بێت؟ کێ لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەیە کە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بێت؟ کەواتە هەڵبژاردنی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بێت، واتە بە زۆرینەی موتڵەق دەبێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە بۆ لابردنی سەرۆکی دیوانی چاودێری بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان بێت؟ با دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ ئەوە دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ لابردنەکەی دوو لەسەر سێ دەبێت، مەسەلەیەکی تر کە قسەی لەسەر کرا، لە پرۆژەکە نووسراوە ماوەی سەرۆکایەتی 4 ساڵە و دەکرێت تازە بکرێتەوە، تەحدید نەکراوە چەند جار تازە بکرێتەوە، واتە دووجارە یان سێ جارە، ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لە

**ماددەکە هەموار بکرێت، ماوەی سەرۆکایەتی 4 ساڵە و بۆی هەیە کە یەك جار تازە بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە؟ بەڵی کاك د.دلێر فەرموو.**

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوە رەئی لیژنەی دارایی و ئابووریە، ئێمە داوا ناکەین بۆ 4 ساڵ بێت بە تەنیا، ئێمە داوا دەکەین کە خۆی هەڵدەبژێرێت بۆ 4 ساڵ پەرلەمان تەنیا بۆ جارێکی تر بێت کە دەبێتە 8 ساڵ، ئێمە داوا دەکەین تەنیا بۆ جارێکی تر هەڵبژێردرێتەوە، بێجگە لەوە ئێمە مەرجی تریشمان هەیە بۆ سەرۆکی ئەو دەزگایە، کە دەبێت 15 ساڵ خزمەتی هەبێت، کە 15 ساڵ خزمەتی هەبێت، بە ڕاستی کارێکی وا زەحمەتیش بکات هەر زەختێکی زۆر زۆرە، ئەمە جگە لەوەی دەرگا بۆ خەڵکی تر بکەینەوە، بۆیە پێشنیازەکەی ئێمە ئەوەیە کە وەکو هەڵدەبژێردرێت بۆ ماوەی 4 ساڵ، تەنها مافی ئەوەی هەبێت بۆ 4 ساڵی تر کە دەکاتە 8 ساڵ هەڵبژێردرێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك د. لێرە عەینی قسە دەگەیەنێت، ئێمەش هەروا دەڵێین قسەکانمان هەر یەکە، لێرە نووسراوە، ماوەی سەرۆکایەتی 4 ساڵ دەبێت بۆی هەیە تازەی بکاتەوە بۆ یەك جار، ئەو موقتەرەحە کە لیژنەی دارایی بە نەوعێکی تر نووسی بووی بەس ماناکەی عەینی ئەوەیە، کە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد کە تازەکردنەوەکە بۆ یەك جار بێت، وەکو سەرۆکی هەرێم کە کرا، کێ لەگەڵ ئەو مەقتەرەحەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ سێ کەس لەگەڵ نیە، بە زۆرینەی دەنگ مودەی ریئاسەکەی بۆ یەك جار دووبارە دەکرێتەوە. ئەوجا سیاغەکەی دەگۆڕین، ماددەکە بە گۆڕانکاریەوە، بەڵێ کاك فرست فەرموو.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**نازانم تەرشیح چۆن لە مەجلس دەکرێت، ئیحتیماله تەرشیح لە ریئاسەتی مەجلس بکرێت، وەسیقە لە مەجلس وەردەگیردرێت، ئەمە وەکو ملاحەزەیەکە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەجومەن:**

**ڕاستە وایە، تەرشیح لە ریئاسەتی مەجلس دەکرێت، بەڵام موافەقەتی مەجلسی دەوێت، کەواتە ئەوەش دەگۆردرێت، خۆ مەجلس کۆنابێتەوە، ریئاسەت تەقدیمی دەکات و دەیخاتە بەردەمتان و ئێوەش قەراری لەسەر دەدەن، کەواتە ئەو ماددەیە بە گۆڕانکاریەوە، واتە یەکەم گۆڕانکاری قەرارەکە بووەتە مەرسوم، کاك کریم فەرموو.**

**بەڕێز کریم بحری عبداله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**کە لێرەدا باس لە تەرشیح لە مەجلسی وەتەنی دەکرێت، مەبەستی ئەوەیە بە زۆرینەی دەنگ ئەو تەرشیحە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمە، بۆ ئەوەی مەرسومی هەرێمی پێ دەربکات، لێرەدا تەرشیحەکە بۆ ئەوە هاتووە، یەعنی دەخرێتە دەنگدانەوە بە زۆرینە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەم جارە لە نوقتەی نیزامیەكەت زۆر موەفەق بووی، ماناكەی فعلەن وا دێت، (یعین رئیس الدیوان بمرسوم من رئاسة الاقلیم وبناء علی ترشیح) یەعنی ئەوە وایە كە بەو شێوەیەی كە تەقدیم كراوە لە ریئاسەت و دەنگی بۆ دراوە و ئیقراریش كراوە، ئێستا دەیخوێنمەوە، (یعین رئیس الدیوان بمرسوم من رئاسة الاقلیم وبناء علی ترشیح من المجلس الوطنی لكوردستان العراق بأكثریة أعضاءه، ویكون بدرجة وزیر له حقوق وامتیازات فیما یتعلق بالراتب ومخصصات والتقاعد والخدمة وله صلاحیات وزیر المالیة فیما یتعلق بشؤون الدیوان وملاكه وموازنته ومدة رئاسته 4 سنوات قابل للتجدید بموافقة اكثریة أصوات أعضاء المجلس الوطنی لكورستانی، ولایجوز عزله في مدة رئاسته الا بموافقة ثلثی أصوات أعضاء المجلس الوطنی لكوردستان العراق) دەیخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟ بە كۆی دەنگ قەبوڵ كرا، بۆ ماددەی 6 تكایە؟ كاك دلێر فەرمووو.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی 6: دیوان پێك دێت لە :**

**1 ـ ئەنجومەنی چاودێری دارایی:**

**أ ـ ئەنجومەنی چاودێری پێك دێت لە سەرۆكی دیوان وەك سەرۆك و دوو جێگری سەرۆك و بەرێوەبەرە گشتیەكان وەك ئەندام، لە كاتی ئامادە بوونی سەرۆكی دیوان یەكێك لە دوو جێگرەكەی جێگای دەگرێتەوە، كە سەرۆكی دیوان دیاری دەكات.**

**ب ـ ئەنجومەن مانگی جارێك كۆدەبێتەوە لەسەر داوای سەرۆك و رێژەی یاسایی تەواو دەبێت بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامان.**

**ج ـ ئەنجومەن بڕیارەكانی بە زۆرینەی دەنگی ئامادە بووان دەدات و لە كاتی یەكسان بوونی دەنگەكان ئەو لایە سەركەوتووە كە دەنگی سەرۆكی لەگەڵ دایە.**

**2 ـ سەرۆكی دیوان:**

**سەرۆكی دیوان دەبێتە سەرۆكی ئەنجومەن و ئەم فەرمانگانەی خوارەوە پەیوەست دەبن بە سەرۆكی دیوانەوە:**

**أ ـ فەرمانگەی كاروباری كاگێری و دارایی و یاسایی كە بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات و هەڵدەستێت بە ئامادەكردن و پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریەكانی كارگێری و دارایی و یاسایی لە پێكهاتەكانی دیوان.**

**ب ـ فەرمانگەی كاروباری هونەری و توێژینەوە، بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات و هەڵدەستێت بە پێشكەش كردنی ئەركی هونەری و پیشەییەكان كە كاری چاودێری پێویستیەتی لە لایەنی بە پلان و بە دواداچوون و پێوەرە ژمێریاریەكان و هەڵسەنگاندنی ئەنجامدانی كارو راهێنان، هەروەها ئەركی گەڕان بە**

دوای هۆكارەكانی بەرەوپێش بردنی ئەركی چاودێری و زیادكردنی كاریگەری و بەرزكردنەوەی ئاستی جێ بەجێ كردن بە هاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەو بەرێوەبەراتیەكانی دیوان.

ج ـ نووسینگەی سەرۆكی دیوان فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەر سەرۆكایەتی دەكات.

بەشی راگەیاندن و پەیوەندیە گشتیەكان.

هـ ـ بەشی چاودێری ناوخۆیی.

3 ـ هەردوو جێگری سەرۆك:

سەرۆكی دیوان دوو جێگری دەبێت، بریكاری وەزارەت و هەموو ماف و ئیمتیازێكی تایبەت بە بریكاری وەزارەتیان دەبێت، بە بڕیاری سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان دادەمەزرێن، لەسەر پێشنیاری سەرۆكی دیوان.

4 ـ هەر فەرمانگەیەكی وردبینی بەرێوەبەرێكی گشتی یاخود ژمێریاری یاسایی یەكەم كە پسپۆر بێت لە كاری چاودێری دا سەرۆكایەتی دەكات و تایبەت دەبێت بە ژمارەیەك چالاكی بۆ ئەو لایەنانەی كە دەكەونە ژێر حوكمی چاودێریەوە، بە پێی بڕیاری ئەنجومەن كە بگونجێت لەگەڵ كاری چاودێری دارایی كە ئەمانەن:

أ ـ فەرمانگەكانی وردبینی مەڵبەندی:

1 ـ فەرمانگەی چالاكی تەمویل و دابەش كردن و كۆمپانیاكان.

2 ـ فەرمانگەی چالاكی پیشەسازی و سەرچاوە سروشتیەكان.

3 ـ فەرمانگەی چالاكی كشتوكاڵ و ئاوەدان كردنەوە.

4 ـ فەرمانگەی چالاكی خزمەتە گشتیەكان.

5 ـ فەرمانگەی چالاكی سەندیكا و كۆمەڵەو رێكخراوە جەماوەری پێشەییەكان.

6 ـ فەرمانگەی چالاكی ئەندازەیی و هونەری.

ب ـ فەرمانگەكانی وردبینی پارێزگاكان:

1 ـ فەرمانگەی وردبینی ناوچەی یەكەم.

2 ـ فەرمانگەی وردبینی ناوچەی دووەم، هەموو ئەو فەرمانگانەی لە بڕگەی 4 ی ئەم ماددەیەدا هاتوون بەستراونەتەوە بە هەردوو جێگری سەرۆكی دیوان بە پێی بڕیارێك كە لە لایەن ئەنجومەنەوە دەردەچێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خلیل فەرمو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادە 6: یتشكل الدیوان من:

1 ـ مجلس الرقابة المالیة:

أ ـ تتشكل مجلس الرقابة من رئيس الديوان كرئيس مع نائبيه والمدراء العامين أعضاء وعند غياب رئيس الديوان ينوب عنه أحد نوابه الذى يحدده رئيس الديوان.

ب ـ يجتمع المجلس مرة واحدة في الشهر ويكون بطلب من الرئيس ويكتمل النصاب القانونى بحضور 2/3 أعضاءه.

ج ـ يصدر المجلس قراراته بأكثرية أصوات الحاضرين، وعند تساوى ألاصوات يرجح الجانب الذى صوت له الرئيس.

2 ـ رئيس الديوان:

يكون رئيس الديوان رئيسا للمجلس، وترتبط الدوائر التالية برئيس المجلس:

أ ـ دائرة شؤون الادارية والمالية والقانونية، يرأسها مدير عام فيقوم بأعداد وتقديم الخدمات الادارية والمالية والقانونية الى تشكيلات الديوان.

ب ـ دائرة الشؤون الفنية والبحوث يرأسها مدير عام، يقوم بتقديم المهمات الفنية والحرفية التى تحتاجها للتخطيط والمتابعة والانظمة الحسابية مع تقييم نتائج العمل والتأهل، وكذلك تأخذ على عاتقها البحث عن عوامل التطوير مهمة الرقابة وزيادة تأثيرها، ورفع مستوى تنفيذها والتنسيق مع الدوائر والمديريات التابعة للديوان.

ج ـ مكتب رئيس الديوان يرأسه موظف بدرجة مدير.

د ـ قسم الاعلام والعلاقات العامة.

هـ ـ قسم الرقابة الداخلية.

3 ـ نائبى الرئيس:

لرئيس الديوان نائبان ويكون كل واحد منهما بدرجة وكيل وزارة، ويتمتع بجميع الحقوق والامتيازات الخاصة بوكيل الوزارة، ويعينان بقرار من رئاسة المجلس الوطنى الكوردستان العراق، و بترشيح من رئيس الديوان.

4 ـ دوائر التدقيق:

يرأس كل دائرة منها مدير عام أو محاسب قانونى، وتختص بعدد الانشطة القطاعية حسب ما يقرره المجلس و وفقا لمتطلبات العمل الرقابى المالى وتتكون من:

أ ـ دوائر تدقيق المركزية، وهي :

1 ـ دائرة نشاط التمويل والتوزيع والشركات.

2 ـ دائرة نشاط الصناعى والموارد الطبيعية.

3 ـ دائرة نشاط الزراعى والاعمار.

4 ـ دائرة نشاط الخدمات العامة.

5 ـ دائرة النشاط النقابات والمنظمات الجماهيرية والمهنية.

6 ـ دائرة النشاط الهندسى والفنى.

ب ـ دوائر تدقيق المحافظات:

1 ـ دائرة التدقيق المنطقة الاولى.

2 ـ دائرة تدقبق المنطقة الثانية.

ترتبط الدوائر المنصوص عليها في الفقرة 4 من هذه المادة بنائبي رئيس وفق قرار يصدره المجلس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە نیە، غەیری هەندێك مولاحەزاتی لوغەوی نەحوی كە دوایی دروستی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی و ئابووری پێی چاكە، سەبارەت بە ماددەی 6 (أ) یەكەم ئەنجومەنی چاودێری دارایی، لیژنەكەمان پێی چاكە لە بڕی دوو جێگری سەرۆك با یەك جێگر هەبێت، ئەگەر لە حاڵەتێكیش دا بەرێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بڕیاریان دا لە جیاتی دوو جێگر یەك جێگر بێت، لەهەر شوێنێك لە یاساكە دا دووان هەیە با بكرێت بە یەك، پێمان چاكە خاڵی (ب) بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە، ئەنجومەن بە لایەنی كەمەوە مانگی جارێك كۆدەبێتەوە، واتە ( بەلایەنی كەمەوە) ی بۆ زیادبكرێت، هەروەها لە فەقەرە 4 دەقی یاساكە فەرمانگەكانی وردبینی، پێمان چاكە بكرێت بە فەقەرەی (ب) فەرمانگەكانی وردبینی پارێزگاكان، لیژنەكەمان پێی چاكە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە: ب ـ لەهەر پارێزگایەكی هەرێم دا فەرمانگەیەكی وردبینی دادەمەزرێت. نەك بەو شێوەی كە هەیە ( ناوچەی یەكەم و ناوچەی دووەم) یەعنی هەر پارێزگایەك لە هەرێم دا فەرمانگەیەكی وردبینی تیا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا مولاحەزەكانی لیژنەی دارایی فعلەن بەجێن، بە نیسبەت دوو نائیبەوە، چونكە ئەگەر وەكو پرنسپ یەك نائیب بێت باشترە، دائیرەكانیش با لەسەر ئەساسی پارێزگاكان بێت باشترە، هەروەها ئەوەی پێش مەجلس (لمرة واحدة على الاقل أو بطلب من الرئيس) ئەوە هەمووی زیادەیە، چونكە ئەوە تەحسیل حاسڵە هەر دەبێت ئەوە داوا بكات، بەڵام ئەگەر لێرە بینووسی ئەگەر رەئیس داوا نەكات، ئەوە نابێت، ئێستا (من المجلس مره واحده على الاقل في الشهر) هێشتا ئەوە مولزەمە، هەتا رەئیس داوا دەكات، ئەگەر داواشی نەكرد ئەو كاتە موتەئەكیدم لێرەوە نەبوو نائیبی رەئیس دەتوانێت داوا بكات، بەڵام ئیلزامی بكەی بە بێ ئەوەی تەحدیدی بكەی كەئەنەهو رەئیس داوا بكات، چونكە رەئیس لێرە نەبوو و غائیب بوو، یەعنی كۆبوونەوە نەكرێت، دەبێت ئیجتیماعەكە هەر بكرێت، كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دوو نائیب، ڕاستی لە پرۆژەی عیراق لە قانونی دیوانی رەقابەی عیراقی لەوێش ( أكثر من النائب) هەیە، وابزانم لە 4 نائیبیش كەمتر نیە، خاڵێكی تر باسی مەنتیقە لەسەر ئەساسی پارێزگاكان، عیراقیش هەر لەسەر ئەساسی پارێزگاكانە، ئێستا 7 مەنتیقەیە لە عیراق، لە پرۆژەی ئەخیری پێشتر 6 مەنتیقە بووە لە ساڵی نەوەدەكان، ئینجا مەوزوعی مەناتق شتێكی وابزانم تەبیعیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵاهی كاك خلیل من بە سەراحەت پێت بڵێم، دوو مەنتیقە بڵێی دەكاتە هەولێرو سلێمانی، دوو ئیدارەیی، لەبەر ئەو حەساسیەتە هەیە لاببەن، حەز دەكەن بیكەنە 5 مەنتیقە مانعمان نیە، بەس مەڵێن دوو مەنتیقە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كە موناقەشەی ئەوەمان كرد لەگەڵ هەردوو چاودێری دارایی، هی ئیدارەی سلێمانی كۆن و هی هەولێر، مەبەستمان ئەوە نەبوو كە دوو نائیب هەبێت، یەكێك تەمسیلی ئەولا بكات و ئەوەی تریش تەرەفەكەی تر، بەڵكو تەماشای ئیش و كاری رەقابەمان كرد، دوو ئیشی سەرەكی هەیە، یەكێكیان تەدقیقە، ئەوەی تریان رەقابەیە، دەبێت ئەمانە یەك و نائیبیان هەبێت، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی سەر ئیشەكانیان بكەن، ئەوە لە لایەن تەدقیقەوە، ئەوەش لە لایەنی ریقابیەوە، بۆیە ئێمە تەئیدمان كردن، بەڕاستی نەك بەو تەوەجوهەی ئێستا عەرز كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شێخ باییز فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من مولاحەزەم لەسەر یەك شت هەیە، لە هەموو شوێنەكان هاتووە دەڵێی فەرمانگە، فەرمانگەی فلان شوێن، فەرمانگەی فلان شوێن، عادەتەن فەرمانگە كە هاتووەتە ناو هینەكان باسی بەرێوەبەری گشتی دەكرێت، ئێمە وای دادەنێین دیوان بە دەرەجەی وەزیرەو ئیمتیازاتی وەزیری هەیە، جێگرەكان بە دەرەجەی وەكیلی وەزارەت دادەنێین، بەڵام ناكرێت فەرمانگە بێت و دائیرە بنووسی مودیری عام و دائیرەی فلان، دەبێت بنووسی سەرۆكی دائیرەی فلان، یا بە دەرەجەی مودیری عام بێت و هەموو ئیمتیازاتی مودیری عامی هەبێت، ئەوە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە عەرەبیەكەی وا هاتووە (يرأسها مدير عام)، د. جرجیس قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. جرجيس حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو خاڵەی كە دەڵێت قیتاعە یان موقاتەعە، هەولێر بە موقاتەعە نازانین، تەنها دهۆك و سلێمانی دەگرێتەوە، چونكە هەولێر مەركەزی لێیە، بە خۆی مەركەز بە خۆی ئەو كارە دەكات، لەبەر ئەوە ئێمە دوو ناوچەمان داناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە یەكەم نووسراوی ئەنجومەنی چاودێری پێك دێت لەسەرۆكی دیوان، وەك سەرۆك و دوو جێگرەكەی، ئەنجومەنی چاودێری پێك دێت لەسەرۆكی دیوان وەك سەرۆك، ئەو (وەك سەرۆك) ی ناوێت، دیوانی چاودێری داراییە، یەعنی وەك سەرۆكی پێ ناوێت، ئەوەی تریش پشتیوانی لە رەئی لیژنەی دارایی دەكەم كە بە ڕاستی یەك جێگر باشترە، خۆم تەجروبەی دوو جێگریم هەیە، دەزانم چەند ناخۆشە، كە چەند ئۆباڵ دەخرێتە ئەستۆی یەكتری، زۆربەی جار كارەكان بە شێوەیەكی ڕێك و پێك ناكرێت، لەبەرئەوە ئەوەی كە دوو جێگری دیت بێت دەزانێ، یەعنی هەبووە ئەو شتە وەكو هەوێیەتی لێ دێت، لەبەر ئەوە یەك سەرۆك و یەك جێگر بەسە، ئەگەر باسی ئەوەش دەكرێت لەبەر ئەوەی دوو جێگرە، ئەی بەرێوەبەری گشتی ئیشەكانی چۆن دەكات، پێویستە خۆی ئاگای لە هەموو وردەكاریەكان بێت، لەبەر ئەوە 100٪ پشتیوانی لە رەئیەكانیان دەكەم و بە گونجاوی دەزانم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتیوانی لە راپۆرتەكەی لیژنەی دارایی دەكەم، كە یەك جێگری هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم، هەیئەی ئیستیشاری تێدا نەهاتووە لە تەشكیلەی ئەو دیوانە، مەفروزە بە لایەنی كەم 4 موستەشار هەبێت لە ئیختیساسی جۆراوجۆر، لەبەر ئەوە ئیشی دیوانی رەقابە زۆر زۆر فراوانە هەموو لایەنێكی بەخۆوە دەگرێت، مەفروزە موستەشارێكی قانونی هەبێت بە پلەیەكی بەرز، موستەشاری پیشەسازی و زراعی هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئیشانە لوبی ئیشی دیوانی رەقابەی مالیە، پێویستی زۆری

بەو بوارانە هەیە، ئەگەر خیبرەی نەبێت لەو مەجالانە بەڕاستی برێك ئاستەنگ پەیدا دەبێت، لەبەردەم ئیشەکانیان، بە نیسبەت دوو جێگرەکەش، پێشنیار دەکەم یەکێکیان مالی بێت و ئەوەی تریان قانونی بێت، بۆ ئەوەی تەختیەی هەردوولا بکرێت، بە پێی ئیختیساس دابندرێت، یەك قانونی و یەك مالی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتیوانی لە هەردوو پێشنیارەکەی لیژنەی دارایی دەکەم سەبارەت بە یەك جێگر، هەروەها مەنتیقەکانیش بکرێتە پارێزگا، بەڵام لە بارەی خاڵی 4 لە دەوائیری تەدقیقی مەرکەزی، فەقەرەی 5 هاتووە کە دەڵێت: (دائرة نشاط النقابات والمنظمات الجماهيرية والمهنية) پێش ئێستا هەر لەو جەلسەی ئەمڕۆکە یاسای مینحەی ئەحزاب خوێندراوە، کە لە ماوەی داهاتوو مومکینە بکرێت بە یاسا، لەبەر ئەوە پێویستە لێرەدا مینحەی ئەحزابیش بچێتە ژێر چاودێری ئەو نەقابانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەنگە تێبینیەکەم، پەیوەندی بە ماددەی پێشووەوە هەبێت، بەڵام ئەو ماددەیە ڕۆیشت، ڕەنگە بتوانرێت لێرەش ئەو مەسەلەیە، ئەگەر بە پەسەند زانرا چارەسەری بکەین، لە کاتی غیابی هیچ موشکیلەیەکمان نیە، بەڵام لە حاڵەتێك کە خۆی ئیستیقالەی دا یان حاڵەتی وەفات یان حاڵەتی دوورخستنەوە، لەو حاڵەتانە پێویستە سەقفێکی زەمەنی هەبێت، بۆ ئەوەی کە یەکێکی تر دابندرێت، بۆ نموونە دوو مانگ سەقفی زەمەنی هەبێت بۆ ئەوەی کە یەکێکی تر لە جێگەی دابندرێت، نەك بە مەفتوحی بمێنێتەوە بۆ 4 ساڵی تر و مەجالی ئەوەی تێدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دەبێت ماددەیەکی تێدا بێت (عند غيابه ينوب عنه نائب) شتێکی وای دەبێت تێدا بێت، کاك د.جرجیس فەرموو.

**بەڕێز د. جرجیس حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەسەوری من دەبێت دوو نائیب هەبێت، من پێشنیار دەکەم کە دوو نائیب هەبێت، چونکە ئیش و کاری دیوانی ڕەقابەی مالی یەکجار زۆرە، وەزعێکە کە فعلەن دەبێت بە جدی بچێتە پێش، ئێمە 10 فەرمانگەمان هەیە زائیدی ناحیەی مالی و ئیداری، هەروەها تەدقیقیش، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من نائیبێك بە تەنها ڕەنگە ئەم ئیش و کارەی پێ بەڕێوە نەچێت، ئەوەش مانای ئەوە نیە، یەعنی لە جێگایەکی

موعەیەن دوو نائیب پێکەوە لەگەڵ وەزیر بەڕێوە ناچن، بە پێچەوانەوە تەسەور دەکەم ئەگەر سێ کەس دانیشن لە کۆبوونەوەیەك دا، ڕەنگە لە دیوانی ڕەقابەی مالی زۆر زۆر چاکتر بێت لە دوو کەس، لەوانەیە مەعلوماتی زۆر تر بە دەست بهێنن، دەتوانم بڵێم ئیش وکاریان باشتر دەبێت و دەتوانن بە باشی بەڕێوەی ببەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێتان چۆنە قەرارێك وەربگرین، ئەوەی پێشتر ناوی نەنووسیوە دواتر داوای قسەکردن بکات نەی دەینێ؟ باشە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم ئەمجارە زۆر پێچەوانەی برادەران ببم، من پشتگیری لیژنەی دارایی دەکەم، بەڵام لە بەشی یەکەم یەك نائیب نا، حەز دەکەم 10 نائیبی هەبێت ئەو کەسە، بەس بۆ ئەوەی بتوانێت ئیشەکەی بە تەواوی بەڕێتە سەر، دوو نائیبیش دوور بێت لەوەی کە ئەمان با عایدی ئیدارەی مالی سلێمانی و ئەوەی تر عایدی ئیدارەی مالی هەولێر بێت، (مەبەستم لە کۆنەکەیە کە هەتا ئێستا دەنگمان نەداوە بۆ بودجەی وەزارەتی مالیەی هەردوولا)، بەڵام من پێم خۆشە بەڕاستی، ئەگەر وەکو ئەوە بێت کە جەنابی کاك جرجیس باسی کرد، وەڵڵاهی گوناحە ئەو ئیشە زۆرە دەخەینە ئەستۆی ئەوانەوە، بەوە بیبەستینەوە کە نەوەکو لەسەر ئیفترازی ئەوە بەو هینەوە بێت، با تۆزێك واقع بینانە بین، ئێمە ئەگەر دەمانەوێت بەدواداچوونی گەندەڵی بکەین و بزانین لە کوێدا کەموکوڕی هەیە، داوای شەش بکات با شەش نائیبی بۆ دابنێین، هیچ کێشەی تێدا نیە، خاڵێکی تر کە من دەمەوێت باسی لێوە بکەم (یکون رئیس الدیوان رئیسا للمجلس وترتبط الدوائر التالیة) لێرەدا (بالرئاسة المجلس) بێت، لە خاڵی (ب) ی دووەم، نووسراوە (دائیرة الشؤون الفنیة والبحوث ویرأسها مدیر العام یقوم بتقدیم المهمات الفنیة والحرافیة) لێرەدا (الحرافیة) ئەوە کەلیمەی شیاو نیە لەوێدا، چونکە حرفە نیە ئەمە، ئەوە شتێکی پێی دەگوترێت (پرۆفیشناڵتی) کە پێشکەش دەکات، جا ئێوە جەنابتان بگەرێن بزانن ئەو پرۆفیشناڵتیە چیە کە پێشکەشی دەکات، بۆ ئەوەی شتێکی بۆ دابنێن لەوێدا، خاڵێکی ترم ئەوەیە، کە لە خاڵی 3 باسی ( نائبی الرئیس) هاتووە، لە کۆتایی خاڵی 4 دا باس لەوە دەکات و دەڵێت: ( ترتبط الدوائر المنصوص علیها فی الفقرة مع من هذه المادة بنائبی الرئیس وفق قرار یصدره المجلس) ئەوە ئەگەر بێتە خاڵی دووەم و بڵێی ( لرئیس الدیوان نائبان) یان هەرچەندێك کە دادەندرێت ( ویکون) بۆ هەرکامێکیان با تەحدیدی نەکەین ئێستا، ئینجا لە دوایی دا دەڵێت: (وترتبط الدوائر المنصوص علیها في الفقرة 4 من هذه المادة بنواب الرئیس أو نائبی الرئیس)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ڕاستی دا هەر كاتێك من چاوم بە دوو جێگر دەكەوێت، بەو ئیتیجاهە فكرم دەڕوات كە ئەمە بۆ دڵڕازی كردنە، بۆ تەوافقە، نەك لەسەر ئەساسی ئەوە بێت، هەروەكو برای بەڕێزم كاك شێروان ئیشارەتی پێدا و گوتی لەسەر ئەساسی پێویستیە بۆ هەردوو ئەركەكەی ئەو دەزگایە كە دادەمەزرێت، من پێشنیاری ئەوە دەكەم هەوەكو لیژنەی دارایی و ئابووریش پێشنیاریان كردووە كە تەنها یەك جێگری هەبێت، خۆ ئەگەر ئەركەكانی بەو شێوەیە رۆیشت و پێویستی بە دوو جێگر هەبێت، ئەوا پاش فەترەیەكی تر دەتوانێت بە مولحەقێك پرۆژەیەكی تر تەقدیم بكەن بۆ ئەوەی جێگرێكی بۆ زیادبكرێت، ئەسڵەن ئەگەر هەر بەو شێوەیە بێت كە هاتووە، ئەگەر سەرۆك غائیب بێت، جێگرێكی سەرپەرشتی كۆبوونەوەكە دەكات، بەڵام ئەگەر دوو جێگری هەبێت، ئیحتیمالە لە بەینی جێگرەكان ڕێك نەكەوتنێك هەبێت، بۆ ئەوەی كە كێ سەرپەرشتی كۆبوونەوەكانی دیوان بكات، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە وەكو سەرەتا جێگرێكی هەبێت و ئەگەر پێویستی بەوەش هەبێت كە سەرپەرشتی بەشەكانی بكرێت با بەرێوەبەرایەتی گشتی چارەسەری بكات، نەك بە جێگر، پشتگیری ئەو پێشنیارەی بەرێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووریش دەكەم، ئەم موئەسەسەیە وەكو وەزارەتێكە باسی سەرۆكی دیوان دەكەین بە پلەی وەزیر، بریكارەكان بە پلەی بریكاری وەزارەت، هەتا بەرێوەبەرەكانیش بە پلەی بەرێوەبەرایەتی گشتی، بۆچی فەرمانگە بێت؟ بۆچی بەرێوەبەرایەتی گشتی نەبێت؟ بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەو موستەڵەحەش گۆڕانی بەسەر دابێت، بۆ ئەوەی یاساكانی تریش لەگەڵی بگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ملاحەزەیەكم هەیە لەسەرماددەی 6، یەعنی ئەگەر ئێمە تەماشای بكەین، بەرێوەبەرە گشتیەكان عەدەدیان گەلێك زۆرە، 6 دائیرە لە دوائیری تەدقیق، دائیرەی شئونی ئیدارەو مالی، دائیرەی شئونی فەنی، هەمووی ( ویرأس كل فیها مدیر عام) یەعنی ئەگەر لێكی بدەیەوە، 8 ـ 9 بەرێوەبەری گشتی دەكات، ئەوەش عەدەدێكی زۆرە، لە خاڵی 2 كە دەڵێت: رەئیسی دیوان، ئەو دوو دائیرەی شئونی مالی و ئیداری، لەگەڵ دائیرەی شئونی فەنی، تەقریبەن مەهامەكانیان وەكو یەكە، مەهامەكانیان لەیەك نزیكە، ئەگەر بێتو تەماشای دیوانی رەقابەی قانونی عیراقی بكەی، یەك دائیرە هەیە، هەر دەڵێت: (دائرة الشؤون الائداریة والفنیة والقانونیة) وا هاتووە، لێرەدا ئێمە لێكمان كردووەتەوە، ئەگەر تەماشا بكەین (بأداء وتقدیم الخدمات الائیداریة والقانونیة) نەك (الی تشكیلات الدیوان) ئەوە مەهامەك، لە خاڵی 2 و لقی ب، (یقوم بتقدیم المهامات الفنیة والحرفیة التی تحتاجها للتخطیط والمتابعة)، بەڵام بۆ كێ؟ ئەویش بۆ عەینی دیوان، یەعنی مەهامەكانیان زۆر لەیەك نزیكە، لە خاڵی 1 كە باسی مەجلسی رەقابەی مالی دەكات، واباشە كە (د)

زیادبکرێت، سەلاحیەتێك بدرێتە رەئیسی دیوان زۆر باشە، ئەو سەلاحیەتە چیە؟ رەئیسی دیوان ئەو سەلاحیەتەی هەبێت، رەئیسی هەر دائیرەیەك یان رەئیسی هەر جیهەتێك بانگ بکرێت، بۆ حزوری ئیجتیماعاتی مەجلیس، ئەگەر پێویست بێت، یەعنی بڵێین: (لرئیس الدیوان دعوة أی رئیس أو الجهة خاضعة للرقابة لحضور اجتماعات المجلس) ئەوە وا باشترە ( المتعلقة بدائرته)، لە پاشان کە باسی دائیرەی تەدقیق دەکەین، دەڵێت: ( ویرأس کل الدائرة منها مدیر عام أو محاسب قانونی وتختص بعدد بأنشطة القطاعیة والجهات الخاضعة للرقابة)، یەعنی جیهاتی خازعە لە بۆ رەقابە نەك هەمووی، تەنها ئەوەی کە لێرەدا باسی کراوە، لەسەر مەسەلەی کە دوو نائبی هەبێت یان یەك یان سێ، ئەو دوو نائبانە کە دەڵێت: (وترتبط الدوائر المنصوص علیها في الفقرة 4 من هذه المادة بنائبی الرئیس) ئێمە دوو دائیرەی تەدقیقمان هەیە، ئەگەر تەماشا بکەین، دائیرەی مەرکەزی و دائیرەی تەدقیقی پارێزگاکان، ئەوانە هەریەکەو وەکیلێك ئیشرافی لەسەر دەکات، یەعنی ئەگەر لای ببەی خەلەل بە قانونەکەی دەگات، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە دوو نائیب بێت باشترە، یەکی ئیداری و یەکی قانونی، بەڵام ئالیەتی تەعینی ئەوان، تەرشیحی ئەوان پەرلەمانی و ریئاسی پێ دەرکەوتووە، چونکە زۆرجار جێگای رەئیس دەگرنەوە، دەوائری تەدقیق، لە هەموو دائیرەیەك مودیرو محاسبی قانونی هەیە، وابزانم ئەو مەحاسب قانونە زیادەیە، چونکە یەك مودیر عام هەبێت جا محاسب بێت یان نەبێت، بۆیە ئەو محاسب قانونیە زیادەیە، خاڵێکی ترم، (دوائرالمحافظات) جەنابی د. جرجیس گوتی ئەگەر مەبەست لە سلێمانی و دهۆك بێت باشە، ئەگەرنا دەبوو سێ بوبایە، بەڵام مادام وایە ئەگەر بڵێین: ( دائرة المنطة الاولی) مەنتیقەی سلێمانیە، ئەوەی تریش دائیرەی مەنتیقەی دهۆك دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری هەر سێ خاڵەکەی لیژنەی دارایی دەکەم، بۆ مەسەلەی دوو جێگری ناکرێت ئێمە بڵێین لەبەر ئەوەی عیراق لە یەکێك زیاتری هەیە با ئێمەش دووان دابنێین، عیراق 16 پارێزگایە و ئێمە 3 پارێزگاین، ئەو هەموو مودیری عامەو ئەو هەموو فەرمانگەیە، بەڕاستی ئەمە وەکو کاك ئارام ئیشارەتی پێدا هەندێك جار گومان دروست دەکات بۆ دۆزینەوەی جێگایەك بۆ خەڵك، کە ئەگەر ئەو گومانەی ئێمە ڕاست بێت، ئەمە مەهامەکەی خۆی ناپێکێت بۆ چاودێری، بۆ مەسەلەی بەرێوەبردن و ئیش، ئەوە وەزیرە، جێگرە، کۆمەڵێك مودیر عام و کۆمەڵێك فەرمانگەیە ناکرێت بەمە ئەو ئیشەیان پێوە بەرێ نەچێت، تەنها دەبێت

وەكیلێكی دیكە هەبێت ئینجا مەهامەكەیان تەواو دەبێت، لەبەرئەوە پشتگیری هەر سێ خاڵەكەی لیژنەی دارایی دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین حمە غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتیوانی لە پێشنیارەكەی لیژنەی دارایی دەكەم بۆ دانانی یەك جێگر، بە هەمان شێوەی باس كرا عیراق گەورەترە، ئێمە سێ پارێزگاین، لەبەر ئەوە تەنها جێگرێك لە جێگای خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لەوە دەكەم كە تەنها یەك جێگر هەبێت، لەبەر ئەوەی جێگرو سەرۆك عادەتەن ئیشیان سەرپەرشتی كردن و ئاراستە كردنە، فەرمانگەكانی خوارەوە زیاتر ئیشەكان دەكەن، سەبارەت بەوەی كە ناوی بە فەرمانگە هاتووە، من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەڕێوەبەرایەتیەكان ئینجا فەرمانگە، بەم شێوەیە بێت، هەروەها سەبارەت بەوەی دوو ناوچەی وردبینی، من لەگەڵ ئەوە نیم، من لەگەڵ ئەوەم لە ئاستی پارێزگاكان نەبێت، بەڵام لێرە پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەم داوایەی من كورت بینانە بێت، ئێمە لێرە باسی پارێزگا دەكەین، ئیدارەیەكمان هەیە بە ناوی ئیدارەی گەرمیان، ئەویش لە ئاستی پارێزگا دا 4 تا 5 قەزای لەبەر دەست دایە، لە رووی مەساحەشەوە ئەوەندەی پارێزگایەك دەبێت، ئەگەر بەم قانونە بێت، مانای وایە لەوێ بەڕێوەبەرایەتیەك ناكرێتەوە بۆ ئەو ئیدارەیە، بۆیە پێم باشە و پێشنیاری ئەوە دەكەم شوێنی ئەو ئیدارەیەش بەڕێوەبەرایەتیەكی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارانەو تێبینیانەی لیژنەی دارایی دایان ناوە منیش پشتگیری دەكەم، لە بیدایەتی بڕگەی أ دەڵێت: ئەنجومەنی چاودێری پێك دێت لە سەرۆكی دیوان وەك سەرۆك، من پێم وایە پێویست ناكات (وەك سەرۆك )، تەبعەن جێگرێك باشترە هەبێت، ئەگەر تەماشا بكەین لە هەموو خاڵەكان دا ناوی فەرمانگە هاتووە تا دەگاتە هی پارێزگاكانیش، من پێم وایە دابەش بكرێت، فەرمانگە نەمێنێت با بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، نەك فەرمانگە، چونكە فەرمانگە ئەسڵەن ئەوە موستەلەحێكە خەریكە تازە دێتە ناو هینەكانی ئێمەوە، ئێمە ئێستا لەوەتەی 17 ساڵە هەرێمی كوردستان دامەزراوە، ئێمە بەڕێوبەرایەتی

گشتیمان هەبووە، من پێم وایە هەر بەرێوەبەرایەتی گشتی بێت نەك فەرمانگە، چونكە ئەگەر بڵێی فەرمانگە هەر هەمووی بە فەرمانگە هاتووە، نازانم كامەیان بەرزترە، بەرێوەبەرایەتی گشتی هەبێت ئەو كاتە دواییش بەرێوەبەرایەتی هەبێت، لە خاڵی 4 دا دەڵێت هەر فەرمانگەیەكی وردبینی بەرێوەبەرێكی گشتی یاخود ژمێریاری یاسایی یەكەم، من نازانم پێویستە ژمێریاری یاسایی یەكەم دەبێت پلەی هەبێت، بۆ ئەوەی بڵێین بە پلەی بەرێوەبەری گشتی دایدەنێی، چونكە لێرە مەسئولیەتەكە مەسئولیەتی بەرێوەبەرایەتی گشتیە، بۆیە دەبێت ئەو ژمێریاریە یاساییەش هەر بە پلەی بەرێوبەرایەتی گشتی بێت، هەروەها پشتگیری لە پێشنیارەكەی كاك عادل دەكەم، هەر لێژنەی دارایی و یاسایش وایان داناوە، وردبینی پارێزگاكان هەبێت نەك بكرێت بە ناوچەی یەك، ناوچەی دوو، وەكو لێرەدا هاتووە، ئەی ناوچەكانی تر چی لێ بكەین، باسی سلێمانی و دهۆك دەكرێت ئەی گەرمیان چی لێ دەكرێت، كە ئێستاكە لە ئاستی پارێزگایە، باشە ئەی كەركووك چی لێ بكەین، دیارە بە تەواوی دەستمان لە كەركووك شوشتۆتەوە و وازمان لێی هێناوە، لەبەر ئەوە تكادەكەم هەر پارێزگاكان بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی دارایی دەكەم، بە تایبەتی پێشنیاری ئەوەی كەوا یەك جێگر هەبێت، سەبارەت بە بەكارهێنانی وشەی فەرمانگەكان لێرە تا ئێستا لە هەموو وەزارەت و دەزگاكانی حكومەتی هەرێم دا تێرمی بەرێوبەرایەتی گشتیمان بەكارهێناوە، چاكترە لێرەش دا هەر ئەو وشەیە بەكاربهێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەرچەندە قسەی زۆری لەسەر كرا، بەڵام دەربارەی دوو جێگری، لە سەرەتا رەئیەكی تر هەبوو، بەڵام هەردوو ئەو بەرێزانەش تەرحیان كرد، كاك د. جرجیس بە جۆرێك شەرحی كردو كاك شێروانیش بە جۆرێكی تر، كەواتە وا پێ دەچێت زیاد بێت و بە شێوەی تەوافقی بێت، بۆیە منیش پشتگیری یەك جێگری دەكەم، چونكە وەك هەندێكیان باسیان كرد ئەو جێگرە، یەكێكیان بۆ تەدقیق و ئەوەی تریان بۆ دوو پارێزگا، كەواتە هەموو وجهە نەزەرەكان یەكیان نەگرتەوە، بۆیە پێ دەچێت تەوافقی بێت، من پشتگیری لیژنەی دارایی دەكەم كە یەك جێگر هەبێت، دەربارەی موستەشار فعلەن لە هەموو دەزگاكانی تر موستەشار داندراوە، ئەوەش پێویستە موستەشاریان هەبێت، چونكە لە رووی یاساییەوە باشە، مەسەلەی فەرمانگەكانیش بەراستی با تەزەخوم نەكرێت، یەعنی وەكو وەزارەت دارایی لێ بێت، بۆ وا گەورە بێت،

ئەوە ئیشی چاودێریە، شەرت نیە هەموو مدیریەتی عامەکانی هەبێت لە هەموو شوێنێك، ئێمە خۆمان هەموومان لەبەر تەزەخومی مووچەخۆر هەموو ڕۆژێ شت دەنووسین و هاواردەکەین، حەق نیە وا گەورەی بکەین، چاودێری مانای وانیە وەکو وەزارەت هەیکەلی گەورە بێت، دەربارەی گەرمیانیش، من پێم وایە چۆن بۆ پارێزگاکانی تر حیساب دەکرێت هەرواش بۆ ئیدارەی گەرمیانیش حیساب بکرێت، چونکە ئەوان لەمەولا وا بڕیار دراوە کە وەکو پارێژگا تەعامولی لەگەڵ بکرێت، بۆیە ئەویش حەقە لە هەر مەسەلەیەك کە مەشموله بە پارێزگاکان وەك ئیدارەی گەرمیانیش لەبەرچاو بگیردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قسەکانت لەجێن، بەڵام نازانم بۆچی تەعلیق هەر دەبێت هەبێت، یەعنی یەکێك گوێی لە تۆ بێت دەڵێت دائیمەن دەنگ بۆ تەوافق دەدات، الحمدلله ئەمڕۆ تەئیدی تەوافقت کرد باش بوو، کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج أحمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی ب ( يجتمع المجلس مرة واحدة بالشهر) لە جیاتی (و) ، (أو) دابنەدرێت، (أو يكون بالطلب) یەعنی جاری وا هەیە جگە لە مانگێك لەوانەیە کەمتر لەوە بێت، ئەگەر مانگێك بێت رەئیس دەتوانێت دوای خات و پێشی بخات، ئەوە تەحسیلی حاسڵە، بەڵام لە ناکاویەك هەبێت، بۆیە ئەو (و) ە بکرێت بە (أو يكون بالطلب من الرئيس) منیش وەکو سۆزان خان ئەو حەرەفیە، وا دەبینم وەکو گۆزە دروست کردن و ئەوانەیە، لەڕاستی دا ئەوە بکرێت بە (الفنية والتخصصية التى تحتاجها التخطيط)ئەگەر تەخەسوسی بێت لە باتی ئەو کەلیمەیە، منیش هەر لەگەڵ ئەوە نیم کە دوو نائیب هەبێت، دیارە بۆ خۆی ماناکەی دەگەیەنێت، ئەم ئیشە ئەوە نیە بڵێین تەنها رەقابە و محاسەبە دەکات، ئەگەر سەیری فەسڵی دووەم بکەین لە ماددەی 8 دا 8 فەقەرەی داوە، دەتوانین بڵێین 6 لەو فەقەرانە 6 ئیختیساسی جیاواز جیاوازن، دەتوانین بڵێین بۆ هەریەکێك لەوانە نەفەرێکی دەوێت، بەڵام دەکرێت ئێمە کورتی بکەینەوە و بیکەین بە سێ نائیب، چونکە ئەو ماددەی 8 کە دێت لە دواوە کۆمەڵێك ئیختیساساتی هینی لە خۆ گرتووە، لە مەسەلەی پارێزگاکان من هەر لەگەڵ دوو ناوچەیەدا نیم، ئێمە دەبێت مەسەلەی پارێزگاکان زۆر بە گرنگ وەربگرین، ئێمە دەزانین تەنمیەی ئەقالیمی هەیە، یەعنی پارەیەکی جیا لە میزانیەی عیراق دادەنرێت بۆ تەنمیەی ئەقالیم، هەروەها دوەلی مانحە هەمیشە لەم پارێزگایانە پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن، یەعنی ئێستا ئەگەر بۆ نموونە بڵێین ئەمریکا لە هەولێرو سلێمانی و لە دهۆك چەندی خەرج کرووە یان کۆریا، ئەمانە هەمووی پێویستی بە تەدقیقێکی زیاتر هەیە، دەبێت لەسەر ئاستی پارێزگا بێت، نەك لەسەر ئاستی دائیرەی یەکەم و دائیرەی دووەم، لەبەر ئەوە پێم باشە دەوائیرەکە لەسەر ئاستی پارێزگا بێت نەك لەسەر مەنتیقەی یەك و مەنتیقەی دوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم کە یەك جێگر هەبێت باشە، چونکە یەك جێگر دەتوانێت کارەکانی بکات، خاڵێکی تر بە نیسبەت دابەش کردنی فەرمانگەکان بە دوو ناوچە، من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەوانە ئیلغا بکرێن، وەکو جەنابت باست کرد ڕەنگە تەفسیرێکی تری بۆ بکرێت، بڵێن وەکو کۆن دەمێنێتەوە، هەر هەولێرو سلێمانی دەبێت، لەبەر ئەوە ئەو تەفسیرە نەمێنێت باشە، ئێمە بەرەو وەحدەو تەوحید دەڕۆین، بۆیە پێشنیاردەکەم کە ئەوەش لابربدرێت، دەربارەی فەرمانگە منیش رەئیم لەگەڵ رەئی ئەو برادەرانەیە کە نەمێنێت، وشەی بەڕێوبەرایەتی گشتی و بەڕێوبەرایەتی لە جێگای ئەوانە بکاربهێندرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من کە هاتم لە ماددەی 5 دابوون، داوای لێ بوردن دەکەم کە دواکەوتم، من خۆم ئامادەکردبوو بۆیاسای بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، بە نیسبەت ماددەی 6 ەمەوە، یەعنی ئەرکەکانی دیوانی رەقابەی مالی ئەوەندەی من لێی تێگەیشتبم ئەرکەکانی رەقابیە، تەدقیقە، یەعنی ئەگەر شتێکی تەنفیزی تێدابێت بۆ خزمەتی ئەو تەدقیق و رەقابەیەیە، نەك جیهەتێکی تەنفیزی بێت، بۆیە هەست دەکەم زۆر قورس کراوە بە مودیریات و ئەمانە، لەگەڵ ئەوەم ناوچەکان لە جیاتی یەك و دوو، با سێ ناوچە هەبێت، یەعنی ئێمە مەنتیقەی گەرمیان مەنتیقەیەکی بەرفراوانە، دەکرێت بە ناوی پارێزگاوە ناو بندرێت، من لەگەڵ بۆچوونەکانی لیژنەی دارایی و ئابووریم کە یەك جێگر هەبێت، هەرچەندە ئەو شەرحەی جەنابی کاك خلیل و جەنابی برادەرانی رەقابە کردیان، یەعنی تا ڕادەیەك خەریك بوو ئیقناع ببم، بەڵام هەست دەکەم ئەوەش زۆر وارد نیە، یەك جێگر دەتوانێت بەو کارە هەڵبستێت، لەگەڵ ئەوەی لیژنەی دارایی و ئابووریم کە بە لایەنی کەمەوە مانگی جارێك کۆببێتەوە، بەڵام من وای تێ دەگەم عادەتەن هەیئات بە بانگهێشتی سەرۆك کۆدەبێتەوە، یەعنی بوونی ئەو عیبارەتە غەڵەت نیە لێرە کە لەسەر داوای سەرۆك یەعنی ئەوەندەی من تێی بگەم هەموو هەیئەتێك هەر وایە، وەکو پەرلەمان کە لەسەر داوای سەرۆکی پەرلەمان کۆدەبینەوە، یەعنی شتێك نیە مەرهون بێت بە ئەوەوە، وابزانم ئوسوڵەن وایە لەهەموو هەیئاتەکان لەبەر ئەوە زیاد نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەم مانگی جارێك کەمتر نەبێت کۆبوونەوەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە زۆر باسی مدیریەتی عامەو فەرمانگەکان کرا، برادەرانیش رەئیان هەبوو، مدیریەتی عامە ئەو مدیریەتەیە کە چەندەها ئەقسام و مدیریات و لە خوارەوەش محافەزات مدیریاتی هەیە، ئەم دائیرانەی کە ئێستا ناویان هاتووە، لە هەموو قانونەکانی عیراقیش دا بەناوی دائیرەوە ناوی هاتووە، ئەم دائیرانە دەبێت رەئیسی دائیرەی هەبێت، نەك مدیری عام، ئێمە گوتمان و جارێکی تریش دەیڵێمەوە رەئیسی دیوان بە دەرەجەی وەزیرە، جێگرەکانیش بە دەرەجەی وەزیرن، لەبەرئەوە دەبێت رەئیسی دائیرەکانیش بە مدیری عام بن، تکام وایە تێی بگەن، چونکە ڕاستیەکەی بەم شێوەیەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا شتەکان روون بوونەوە پێویست دەکات هەندێك لە شتەکان بە دەنگدان حەسمی بکەین، یەکەم شت ئەوەیە کە رەئیس یەك نائیبی هەبێت، کە لە پرۆژەکە هاتووە دوو نائیبی هەبێت، رەئی لیژنەی دارایی و زۆر لەئەندامانیش رەئیان وابوو کە یەك نائیبی هەبێت، بۆیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە سەرۆکی دیوان یەك نائیبی هەبێت؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ یەك نائیبی دەبێت، مەوزوعێکی تر هەیە کە باس نەکرا بە حەقیقەت من ملاحەزەم کرد هیچ یەکێکتان باستان نەکرد، کە دانانی نائیبی رەئیس و مدیرعامەکان، داوای لێبوردن دەکەم باسی ئەوە لە ماددەی 7، دائیرەی تەدقیقی مەحافەزات، دوو دائیرەیان هەیە لە سلێمانی و لە دهۆك کە ئێستا عەمەلیەن، بە پێی ئەو قانونە وا دەبێت، بەڵام ئێمە هەموو قەوانینەکانی ترمان لەسەر ئەساسی محافەزاتە، ئەندامانی پەرلەمانیش ئاماژەیان بەوە کرد، کەوا پێویست دەکات لێرەش بە ناوی دائیرەی محافەزات بێت، هەمانە کە کەرکووك بگەرێتەوە و ماددەی 140 جێ بەجێ بکرێت، ئەویش دەبێتە دائیرەیەکی تر، لەبەر ئەوە دەوائیری تەدقیقی محافەزات ( تشكل دائرة التدقيق في كل المحافظات في أقليم كوردستان) هەر ئەوەندە بێت، کاك د.جرجیس فەرموو.

**بەڕێز د.جرجیس حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخۆی بەناوی دائیرە هاتووە، فعلەن تەئیدی برادەران دەکەم کە تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە دائیرە تەواو ترە، هەروەها رەئیسی دائیرە دەبێت بە دەرەجەی مدیری عام بێت، چونکە ئێمە دەزگامان هەیە، وەزارەتەمان هەیە، ئەنشیتەمان هەیە، لەبەر ئەوە پێویستی بە دائیرەیە زیاتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو وشەی حرفیە، وەکو مولاحەزەکەی سۆزان خان گوتی، وابزانم د. نوریش پشتگیری لێی کرد، (الحرفيە) زیادەیە، موهیماتی فەنی هەمووی دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە تەرجومەكە بە غەڵەت هاتووە، خۆی پیشەییە، بەڵام كراوە بە حرەفیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئەوەی تر دەخەمە دەنگدانەوە، كە دەوائیرەكان لەسەر ئەساسی ناوچەی یەك و دوو نەبێت، لەسەر ئەساسی دەوائیری تەدقیق نەبێت، یەعنی لەسەر ئەساسی پارێزگا بێت، كاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ جەنابی وەزیر كە دەڵێت فەرمانگە باشترە، یەعنی تۆ فەرمانگە دەخەیتە دەنگدانەوە؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو دانیشە، من ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە كە محافەزات بێت یان دائیرە بێت، یان ناوچە بێت، ئێوە هەندێكتان گوتتان لەسەر ئەساسی محافەزات بێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە لەسەر ئەساسی محافەزات بێت دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بەكۆی دەنگ دەبێتە دەوائیری تەدقیقی محافەزات، هەر ئەوەیە، ئینجا دێینە سەر ئەوەی نوقتەی نیزامی تەقدیم بكرێت لەلایەن كاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە بڕیاری لێ دەرچووە وەكو محافز تەعاملی لەگەڵ دادەكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە دانیشە، ئیدارەی گەرمیان ئەوەی كە لە حكومەت كراوە شتێكی موەقەتە، گەرمیان بەشێكە لە كەركووك، ئەو شتە ناكرێت، لەبەر ئەوە دامان ناوە بۆ بووژاندنەوەو خزمەت گوزاریە كە كێشەكانیان چارەسەر بكرێت، لە هەموو قانونەكە دابنێن، ئەوە شتێكی خراپە، ئەو دائیرانە وەكو كاك شێخ بایزو د. جرجیسیش ئاماژەیان پێی كرد، قانونی ڕەقابەی مالی لە عیراق نازانم لە وڵاتانی تریش هەمووی باسی دەوائیر دەكات، فەرقی هەیە لەگەڵ مدیریەی عامە، تۆ گوتت مدیریەی عامە دەبێت مدیر عامی بۆ تەعیین بكەی، ئەمە دائیرە بێت بچوكترە، دەكرێت مەحاسبێكی بۆ تەعیین بكرێت، لێرە لە قانونەكەدا دەڵێت یان مدیری عام یان محاسبی قانونی، كەواتە ئەگەر بیكەیتە مدیریات فراوانی دەكەی، مەجبوری دەكەی 9 مدیریەت بێت و 9 مدیری عامیشی بۆ دابنێی، چەند فروعێكی بۆ دابنێی، هەندێك دائیرە هەیە موجەرەد دەستەیەكەو دائیرەیەكە، یەعنی ئەوە تەواو بیكەیە مدیریات زۆر فراوان تر دەبێت، ئەو موستەڵەحە لە قانونی عیراقیش دا هاتووە و تەبیعیشە، لەبەرئەوە ئەوانەی كە داوایان كرد هەر موسیرن، بۆیە دەیخەمە دەنگدانەوە، كاك د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەرمانگە مديرياتی عاميش دەگرێتەوە، هەروەها مديرياتيش دەگرێتەوە، من پێم وايە ئەوە دروست ترە، ئێمە دەبێت تەحديدی بكەين، چونكە هەم مديريات هەيە لە ناو ئەو فەرمانگانە، هەم مديرياتی عامەش هەيە، بۆيە كە باسی محاسبی قانونينم كرد گوتم ئايا بە دەرەجەی مديری عامە يان نا؟ چونكە جەنابی وەزير بۆ خۆی دەڵێت دەبێت بە دەرەجەی مديری عام بێت، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەكرێت مديری عام بێت يان محاسبی قانونی بێت.كاك شێخ بايز فەرموو.

**بەڕێز شێخ بايز تاڵەبانی/وەزيری هەرێم بۆ كاروباری دارايی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

يەكەم: شت ئەمانە هەيئاتن، مديرياتی تێدا نيە، هەموو دائيرەيەك لەم دائيرانە خۆی هەيئەيەكە، ئەم هەيئانە دەچن تەدقيق دەكەن و مەربوتن بە مديريەتی عامە ی دائيرەكەيانەوە، دووەم: بە ڕاستی من پێم وايە، ئەمە مەوزوعێك نيە هين بێت، خۆی مەعلومە، يەعنی ئێستا دەتوانن بە هەيئە بڵێن كە ئەوەندە هەيئەيە هەمووی، دەڵێم مديری عام لەلای ئێمە ئێستا كە هەيە بريتيە لە مديری عام و سكرتێرەكەی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەهيچ كوێی دنيادا، (جەنەراڵ دايرێكتەری ) نيە، يەعنی شتێك نيە ناوی مديريەی عام بێت، بەس نازانم ئەوە چەند ساڵە لە هەرێمی كوردستان دا ئەوە پەيڕەو كراوە، لە هەموو شوێنێكی دنيادا دائيرەيە، ( ئينستتيوشنە) يەعنی پێی ناگوترێت ميريەی عامە، نيە شتی وا، لەوانەيە ئينستتيوشن كەليمەيەكی غەڵەت بێت، بەڵام جەنەراڵ دايرێكتەری نيە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حەلقەی دەوائير لە دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان تەقريبەن نەماوە، هۆيەكەيشی ئەوەيە زۆر وەزارەت هەيە تەنها سێ تا چوار مديريەی عامەی تێدايە، لێرە ئێمە دەنگمان دا كردمانە مديرياتی عامە، بەس ئەوە مانای وانيە دەزگايەكی وەكو چاودێری دارايی تايبەتمەندی خۆی نەپارێزێت، ئەو دام و دەزگايەی كە هاتووە وەكو خۆی پەسەند نەكەين، دەوائير هەر بە دەرەجەی مديری عام تەرەئوسی دەكات، مديريەی عامەش هەر بە دەرەجەی عام تەرەئوسی دەكات، بۆيە من لەگەڵ ئەوەدام كە ئەو دەزگايانەی كە

هاتووە وەکو خۆی دەنگی لەسەر بدرێت، ئەوە نیە کە تەقلیدی بەغدا دەکەین، بەڵام چاودێری دارایی لەسەر ئەساسی ئەو تەشکیلاتە ڕۆیشتووە لە هەموو دنیادا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە گۆڕانکاری لێ کرا، یەکەم: دوو نائیب دەبێتە یەك نائیب، دووەم: الحرفیە لادرا، سێیەم: فەرمانگەکان وەکو خۆی دەمێنێتەوە، چوارەم: دەوائیری تەدقیق بووە محافەزات، لەبەر ئەوە ماددەکە هەمووی بخوێنینەوە، کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر سەتر لەو ماددەیە، لازمە ئەویش بگۆردرێت کە نووسراوە (ترتبط الدوائر المنصوص علیها فی الفقرة 4 من هذه المادة بنائبی الرئیس) مادام ئەوە نەما، (وفق قرار یصدره المجلس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەهەر شوێنێك دا نائیبەی هەبێت دەبێتە نائیب، بەڵێ مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم أبوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك محمد فرج و پەخشان خان باسی فەقەرەی (ب) یان کرد لە مەجلسی رەقابەی مالیە هاتووە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئیعادەی سیاغەی بەو جۆرە بکرێتەوە، (یجتمع المجلس مرة واحدة فی الشهر وله أن یجتمع بطلب من الرئیس عند الاقتضاء) چونکە لە هەموو ئەوانی تر وایە، هەندێکیان ڕۆتینە هەندێکیان ئیستیسنایە، لەبەر ئەوە دەبێت وای لێ بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کاکە بیدایەتی قسەکانمان گوتمان ئەوە گۆڕا، (یجتمع المجلس فی الشهر مره واحده علی الاقل ) ئەوە دەگرێتەوە، پێویست ناکات بە تەڵەب بێت کە ئەوە تەحسیل حاسڵە. بەڵێ مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم أبوبکرمصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانێت ئەگەر رەئیس داوای بکات بە سورەی ئیستیسنائی ئیجتماع بکات، لەبەر ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. جرجیس فەرموو.

**بەڕێز د. جرجیس حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من ئەوەی تێ ناگەم کە بۆ ئێمە تەقلیس بکەین؟ ئێمە لەلایەکەوە دەڵێین دەبێت تەفعیلی دیوانی رەقابەی مالی بکەین، ئیهتیمامی پێ بدەین، بەڵام لە لایەکی ترەوە دەڵێین دەبێت تەقلیس بکەین و یەك

نائیب بەسە، مەبەست لە یەك نائیب بۆ؟ دوو نائیب لە ئیجتماعات لە دانیشتن لە دانوستاندن، بۆیە بە تەسەوری من باشترە لەوەی کە یەك نائیب بێت، مومکین نیە بە یەك نائیب بەرێوەبچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. جرجیس مادام دەنگمان بۆی دا، ئێستا هەموو ئەندامەکانیش بڵێن ناتوانم بگەرێینەوە، کە دەنگ درا تەواو، ئەوە بە زۆرینەی دەنگ دەنگی بۆدراوە، هەردووکی مەنتقی هەیە، بەڵام تەواو، ئەو ملاحەزەی کە کاك خلیل گوتی، فەقەرەی ئەخیر لە ماددەکە لەو سیاغەی کە خۆت گوتت، بیخوێنەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ینظم نطاق العمل وارتباط الدوائر المنصوص علیها في الفقرة 4 مع هذه المادة بقرار من المجلس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خلیل ئەمە فەرقی هەیە، ئەوە بەس فەقەرەی 4 کە تۆ باسی دەکەی، وابزانم ئەوە زیادە، کە خیلافی لەسەر ئەوەنیە با ئەو جوملەیە نەمێنێ، وانیە کاك د.جرجیس؟ خۆتان یان مەجلسەکە قەرار بدات و لابېردرێت، باشە ماددەکە بەو گۆڕانکاریەی کە کراو خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستای بڵند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی 7 تکایە، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 7:

یەکەم: پێویستە ئەو کەسەی بە سەرۆکی دیوان دادەمەزرێت ئەم مەرجانەی تێدا بێت:

1 ـ پێویستە هاووڵاتی نیشتەجێی هەرێم بێت.

2 ـ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یەکێك لە بوارەکانی کارگێری، دارایی، ئابووری، یاسایی و شارەزایی هەبێت لە پسپۆریەکەی دا یان پێشتر پۆستێکی بە پلەیەکی تایبەت وەرگرتبێت لە بواری پسپۆریەکەیدا.

3 ـ نابێت بە تاوانێك بەندکرابێت کە لە پلەو ناو وناوبانگی کەم بکاتەوە.

دووەم: پێویستە ئەوانەی بە جێگری سەرۆکی دیوان دادەمەزرێن ئەم مەرجانەیان تێدابێت:

1 ـ پێویستە هاووڵاتی و نیشتەجێی هەرێم بێت.

2ـ دەبێت بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستەکانی کارگێری دارایی یان ئابووری هەبێت.

3 ـ پێویستە خزمەتی بۆ ماوەی 15 ساڵ هەبێت، بە مەرجێك کاری 10 ساڵی بە کردەیی هەبێت لەبواری پسپۆریەکەیدا.

4 ـ نابێت بە تاوانێك بەندکرابێت کە لە پلەو ناوو ناوبانگی کەم بکاتەوە.

سێیەم: بەڕێوبەرە گشتیەکان بە بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی دادەمەزرێن لەسەر پێشنیاری سەرۆکی دیوان و پێویستە ئەم مەرجانەیان تێدا بێت:

1. پێویستە هاووڵاتی و نیشتەجێی هەرێم بێت.

2 ـ دەبێت بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستەکانی کارگێری یان دارایی ئابووری هەبێت.

3 ـ پێویستە خزمەتی بۆ ماوەی 15 ساڵ هەبێت، بە مەرجێك 10 ساڵی کاری بەکردەیی هەبێت لە بواری پسپۆریەکەیدا.

4 ـ نابێت بە تاوانێك بەندکرابێت کە لە پلەو ناوبانگی کەم بکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة7:

أولا: یشترط فیمن یعین رئیسا للدیوان مایلی:

1 ـ أن یکون من مواطنی الاقلیم ومقیما فیه.

2 ـ أن یکون حاصلا علی شهادة جامعیة (البکالوریوس )في احدی مجالات (الادارة، المالیة، الاقتصاد، القانون) وله الخبرة في مجال اختصاصه أو کان قد تولی وظیفة بدرجة خاصة في مجال اختصاصه.

3 ـ أن لایکون محکوما علیه بجریمة تنتقص من مرکزه و سمعته.

ثانیا: یشترط فیمن یعین نائبا لرئیس الدیوان توفر مایلی:

1 ـ أن یکون من مواطني الاقلیم ومقیما فیه.

2. أن یکون حاصلا علی شعادة بکالوریوس في العلوم الاداریة أوالمالیة أو الاقتصادیة.

3 ـ أن یکون له الخدمة لمدة 15 سنة شریطة أن تکون له 10 سنوات خدمة فعلیة في الوظیفة ذات العلاقة بمهام الاختصاصه.

4 ـ أن لایکون محکوما علیه بالجریمة تنتقص من مرکزه و سمعته.

ثالثا: یعین المدراء العامون بالقرار من المجلس الوطني و بترشیح من رئیس الدیوان و یشترط بأن تتوفر فیهم مایلی:

1 ـ أن یکون من مواطني الاقلیم ومقیما فیه.

2 ـ أن یکون حاصلا علی شهادة البکالوریوس في العلوم الاداریة و المالیة أوالاقتصادیة أوالهندسیة.

3 ـ له الخدمة لمدة 15 سنة منها 10 سنوات ممارسة الفعلیة في وظیفة ذات العلاقة بمهام اختصاصه .

4 ـ أن لایکون محکوما علیه بالجریمة تنتقص من مرکزه وسمعته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەم ماددەیە نیە؟ کاك دلێر فەرموو

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی و ئابووری پێی چاکە لە ماددەی 7 خاڵی دووەم بە ژمارە، بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە: (بەلای کەمەوە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یەکێك لە بوارەکانی کارگێری، ژمێریاری، دارایی، ئابووری و یاسایی، شارەزایی هەبێت لە بواری پسپۆریەکەیداو خزمەتی کردەنی لە 15 ساڵ کەمتر نەبێت)، ئەمە سەبارەت بە پێداویستیەکانی سەرۆکی دیوانی رەقابەی مالیە، لێرەدا دەڵێت هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە یەکیك لە بوارەکانی کارگێری دارایی و ئابووری و یاسایی، شارەزایی هەبێت لەبواری پسپۆریەکەیدا یان پێشتر پۆستێکی بە پلەیەکی تایبەت وەرگرتبێت لەبواری پسپۆریەکەیدا، ئێمە ئەو فەقەرەی ئەخیرمان لێی لابردووەو فەقەرەیەکی تریشمان بۆی زیادکردووە، کە خزمەتی کارگێری کردەنی لە 15 ساڵ کەمتر نەبێت، دواتریش بەلای کەمەوە دەبێت هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لەو ئیختساسانە، هەروەها محاسەبەشمان بۆی ئیزافەکردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا نەی گوتووە وەزیفەکەی دەرەجەی خاسەی هەبێت، ئەو دەڵێت ئەگەر ئەوەی نەبوو ئەوجا، بۆ نموومە یەکێك هەیە مومکینە مەجالی ئیختساسی خۆی نەبێت، بەڵام پۆستی وەزیری وەرگرتووە، ئەو پۆستە وەزیریە مەبەستی لەوەدایە، یان پۆستێکی تایبەتی وەرگرتووە، ئەگەر خیبرەکەی نەبوو و شەهادەی بەکالۆریۆسی هەبوو ئەو پۆستەشی وەرگرتبوو، لێرەدا ڕێگەی داوە کە تەرشیح بکرێت، چیت گوتووە تۆ لە ئەخیرەکەی؟ باشە لە ریئاسەتەوە دەست پێ دەکەین، کاك د.کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر قادر(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەت دا بۆ سەرۆکی ئەم دەزگایە بە رەئی من پێویستی بە کەسێکە کە شەهادەیەکی جامعی ئەوەلی هەبێت، بەڵام پاك و دڵسۆز بێت، خاوەنی قودرەت بێت، شەرت نیە تەشخیس بکرێت تەنها دەبێت لەو مەجالە بێت،بۆیە من لەگەڵ ئەوەم سەرۆك با وا نەبێت، بەڵام ئەوانی تر قەیدی نیە، سەرۆکی دەزگاکە با شەهادەکەی تەحدید نەکرێت، حەدی ئەقەل بێت شەهادەیەکی جامعی ئەوەڵی هەبێت، هەروەها خیبرەیەکی باشی هەبێت لە مەجالی خۆی، چونکە نەزاهەت و جدیەت و هەوڵدان، ئەگەر تۆ 15 ساڵ خیبرەی بۆ دابنێی ئیحتیماله یەکێك 15 ساڵ خیبرەی هەبێت، بەڵام ئەو شروتەی کە ئەم ئیشەی بۆ داندراوە، ئەو شروتە نەیگرێتەوە، خیبرەکەی بە رەئی من ئەوەی لیژنەی دارایی، ئەو خاڵەی کە 15 ساڵی بۆ داناوەو دەست نیشانی کردووە، باشە ئەوە دانەنرێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت سەرۆكی دیوان مەرجمان بۆی داناوە، دەڵێین شارەزا بێت، بەڵام شارەزایی بە بێ خدمە چۆن شارەزا دەبێت، بۆیە دەبێت مودەی خدمەكەی تەحدید بكەین، بەلایەنی كەمەوە لە 10 ساڵ كەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بەشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونی لیژنەی دارایمە، بەڵام بە پێویستی دەزانم كە ئەوەی دەبێتە سەرۆكی دیوانی چاودێری دەبێت شەهادەیەكی بەرزی هەبێت، هەروەها خزمەتیشی هەبێت بۆ ماوەی 10 ساڵ، شەهادەكەشی ماستەر یان دكتورا بێت، بواری ژمێریاریشی بۆ زیادبكەین وەكو لیژنەی دارایی فەرموویان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان احمد حمدأمین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر بۆ خۆی ئەو دیوانی رەقابیە یەكەمجارە لە كوردستان شتێكی وابێت، بەڕاستی ئێمە تەجروبەمان نیە، یەعنی ئەوەی كە لێرەدا دیاری كراوە، شروتەكانی بەوەی كە راپۆرتی لیژنەی دارایش باسی لێوە كردووە، ئەوە دەبێتە ئەساس بۆ ئایندەیەكی دیكە كە پەرلەمان دەتوانێت  بە چاوێكی روونتربڕیار لەسەر شتەكان بدات، ئەو خیبرەیە لەگەڵ شەهادەكەی كە بەكالۆریۆسی هەبێت، خۆی ئەوە ئەدنای تەجروبەیە، ئەگەر نا تەجروبە هەر ئەوەیە كە خاوەنی شەهادەی بەكالۆریۆس لەو شروتانەی كە ئیدارەو مالیەو ئابووریە، لە خیلالی دائیرەكەی خۆیدا، ئەگەر نا بۆ رەقابە نازانرێت كە خاوەنی خیبرەیە یان نیە، لەبەرئەوە ڕاپۆرتەكەی لیژنەی دارایی شتێكی باشە و ئەوەی كە دیاریش كراوە كە 15 ساڵە یان 10 ساڵ ئەوەشیان شتێكی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تەئیدی ڕای لیژنەی دارایی دەكەم، كە بۆ بوارەكان ژمێریاری زیادبكرێت، ئەوەی یان پێشتر پۆستێكی هەبێت با لابردرێت، چونكە مەسەلەیەكی تەخەسوسیە، پاشان مەسەلەی خزمەتە فیعلیەكان كە دووبارە بووەتەوە لە هەر سێ شوێنەكە، لە هی یەكەم نیە، بەڵام لیژنەی دارایی بۆی ئیزافە كردووە بۆ

ماوەی 15 ساڵ، بەمەرجێك ئەو ساڵانەی كە خزمەتی كردەنی هەبێت لە بواری پسپۆریەكەی دا پاش بە دەست هێنانی شەهادەی بەكالۆریۆس، یەعنی لە پێشدا شەهادەكەی هەبوو بێت ئینجا خزمەتی ئەوەندە ساڵەی هەبوو بێت، نەك لەم دواییەدا كە دوو، سێ ساڵە شەهادەی وەرگرت بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد أحمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر شروتی تەعین، خاڵی یەكەم كە دەڵێت: (من مواطنی اقلیم كوردستان وساكنا فیە) من پێشنیار دەكەم بكرێتە ( علی أن یكون عیراقیا و مقیما في اقلیم كوردستان)، لەبەرئەوەی ئێمە چەندین وەزیرمان لە بەغدا هەیە، جێگری سەرۆك وەزیرانمان هەیە لە بەغدا، سەرۆك كۆمار هەر هی خۆمانە، وابزانم ئیحتیمالە تەعاروز بكات لەگەڵ دەستوری عیراقیش، شروت لە دەستوری عیراقی دەڵێت: (علی أن یكون عراقیا) ، بۆیە وابزانم كێشەیەك دروست دەبێت لە موستەقبەل، بۆیە لیژنەی یاسایی زیاتر دەزانن لەو مەسەلەیە، پێم خۆشە روونكردنەوەیەكمان بدەنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەو شروتانە چەندین جاری دیكەش باسكراوە، یەعنی كە دەڵێین هەڵگری بڕوانامەی بەكالۆریۆس بێت، منیش تەئیدی ئەو رەئیە دەكەم كە لەوە كەمتر نەبێت، بەنیسبەت ئەوەی كە شەرتەكانی كە شارەزایی هەبێت لەو بوارانە یان پێشتر پۆستێكی هەبوو بێت، منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم كە ئەو شارەزاییەی چۆنە؟ چەندی خزمەت كردووە؟ لە خاڵی 3 دەڵێت نابێت بە تاوانێك بەندكرابێت، بۆیە من وای دەبینم ئەو پێگەیە پێگەیەكی حەساسە، بۆیە لەجیاتی ئەوەی بەندكرابێت بە تاوانێك سیغەیەكی تری وای بۆ ببیننەوە كە ئەو شەخسە هیچ تەعنێكیشی لەسەر نەبوو بێت لە بواری مالی یان هەر بوارێكی تر، ڕەنگە لەرووی قانونیەوە ئینسان نەتوانێت، چونكە جاری وا هەیە تەعن هەیە، بەڵام ڕاست نیە، بۆیە سیغەیەكی وای بۆ بدۆزینەوە هەر لەوە حەسر نەبێت كە حوكم نەدرابێت، هەیە حوكم نەدراوە بەڵام پێم بڵێن فلان دەبێتە رەئیسی ئەوە، لەوانەیە بڵێم ناوەڵڵا با ئەوە نەبێت بە رەئیس، لەبەر ئەوە ئێمە سیغەیەكی وای بۆ دابنێین زەمانی قودرەت و لێهاتوویی ئەو كەسە بكەی كە بۆ ئەو مەوقعە داندراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو ئەندامانەی تر كە ناویان نووسیوە، ئەو مەوزوعە بۆ ئەوەی ئەوەندە تیكرار نەبێتەوە، ئەو شروتانەی كە داندراون هەمووی شروتی قانونین، بەڵام دواتر كە ئێوە موناقەشەی دەكەن و متمانەی پێ

دەكەن ئێوە قەرار دەدەن، هەر شتێكی تر هەبێت وەكو جەنابت فەرمووت لێرەدا دەبێتە كۆسپ، ئەوەی كە شتێكی تری هەبێت با داوا بكات دەنگی بۆ نەدەن، ئەوە یەك، دووەم ئەوەی كە ( ان یكون حاصل علی شهادة جامعیة أولیة) كە ئەوەلیەت گوت بەلای كەمەوە ئەوە حەل دەبێت، بۆیە ئەوە ئیزافە بكەن بۆ ئەوەی ئەو رەئیە تیكرار نەبێتەوە، كاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم، لەو ماددەیە بڕگەیەكی تری بۆ زیادكرێت، كە تەمەن تەحدید بكرێت، یەعنی بەلایەنی كەمەوە لە 25 ساڵ كەمتر نەبێت و لە 60 ساڵ زیاتر نەبێت، نەك تەمەنی 60 ساڵ بێت و تۆ بچی پۆستێكی بدەیتێ، یەعنی ئەگەر بڕگەیەكی بۆ زیادبكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من خیلافم لەگەڵ برادەران هەیە، قانون نازانم چ عیلاقەیەكی بە مالیەوە هەیە؟ یەعنی بەكالۆریۆس لە قانون چ عیلاقەیەكی بە مالیەوە هەیە؟ ڕاستە شمولی قانون دەكات و تەعلیماتی قانونی پێویستە، ئەوە شتێكی زۆر لێك جیایە، یەعنی تەماشا بكە كارگێری و ئابووری هێشتا باشە، بەڵام قانون چی؟ هەر لەو دێرەدا دوو ئیشكال هەیە، یەكەم لە خیبرەكەی ئەو (تولی وظیفة) تەحدیدی وەزیفەكەی بكرێت باشە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كە مواسەفات بۆ رەئیسی دیوان دادەنێی، رەئیسی دیوان محاسب نیە، مودەقیقیش نیە، رەئیسی دیوان واجبی قانونی و ئیداری و مالی هەیە، ئەو هەموو كەسە لە ئەنجومەنەكە هاوكاری دەكەن، شەرت نیە محاسب بێت ئەوجا ببێتە رەئیسی دیوان، عەقلی عامی هەبێت، ئیدارەی جیهازەكەی بۆ ڕاگرتنی ئەدای لیجانەكان و دەوائیرەكان، بۆ ڕەچاوكردنی جانبی قانونی، لەبەرئەوە خیبرەكە لە هەمووی موهیم ترە، خۆ رەئیسی دیوان ناچێت دائیرەكە تەدقیق بكات، بۆیە قانونیش دەبێت، مالی و ئیداریش دەبێت، لەبەرئەوەیە كە ئەو سیفاتانەی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو هەموو لایەنانە ڕەچاوبكات، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی مەرجەكانی سەرۆكی دیوان جێگەیەكی زۆر زۆر حەساسە، من پێم وایە بەلایەنی كەمەوە شەهادەی بەكالۆریۆسی هەبێت، لەبەرئەوەی ئەو بڕگەیەی كە دەڵێت: (كان قد تولی وظیفة بدرجة خاصة) ڕێگا دەدات كە شەهادەی بەكالۆریۆسی نەبێت، چونكە لەوانەیە خەڵكانێك هەبن كرابنە وەزیرو لەوانەیە شەهادەی سەرەتاییان هەبێت، ئەمە بەڕای من ئیشێكی باش نیە، خاڵێكی تر (أن لایكون محكوما علیه

بجريمة تنتقص من مركزه وسمعته)، کێ تەحدیدی دەکات کە کام جەریمەیە، لەبەرئەوە نەیگوتووە جەرائیمی موخالەف بەشەرەف، جەرائیمی موخەیلە لە شەرەف تەحدید کراوە، بەڵام ئەو سیغەیە لە جێگای خۆی نیە، من پێشنیاردەکەم، ئەگەر بگوترێت (أن لايكون محكوما عليه بجناية أو جنحة) هیچ ئەشکالیەتەکمان نابێت، خاڵێکی ترم، مەرجەکانی جێگر و سەرۆکی دیوان و بەڕێوبەرە گشتیەکان هەمان مەرجیان هەیە، بۆیە دەکرێت بیکەینە یەك سیغە و وای لێ بکەین (يشترط فيمن يعين نائبا للرئيس أو المدراء العامون في مايلي)، لەبڕگەی 3 یش تەنها یەك شت بێت (يعين المدراء العامون بقرار من المجلس الوطني وبترشيح من رئيس الديوان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ملاحەزەکانت هینن، بەڵام ئەو جوملەی کە دەڵێت( أن يكون حاصلا على شهادة جامعية أولية. وله خبرة في مجال اختصاصاته أو كان..) ئەو (أو كان) هیە بۆ ئیختیساسەکە دەگەڕێتەوە و ئیلغای شەهادە ناکات، عەرەبیەن وایە، (أن يكون حاصلا) ئەوە شتێکی موتڵەقە، ئەو (وله خبرة في مجال اختصاصه أو كان قد تولى) یەعنی خیبرەکەی نەبوو، شەهادەکە مولزمە ئەوە هیچ، ملاحەزاتەکانی تری جنحەو مەحکوم نەبێت بە جینایەو جونحە، ئەوە دەبێت قانونیەکان جوابی بدەنەوە، بەڵام مەنتقیەن ئەوە موناسبە، کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت مەرجەکانی سەرۆکی دیوان، بەڕاستی لەبڕگەی 2 منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ئەوەی پاشتر یان پێشتر پۆستێکی بە پلەیەکی تایبەت وەرگرتووە لە بواری پسپۆریەکەی دا ئەوە نەمێنێت، لەبەرئەوەی بەخۆت دەزانی ئەمڕۆ جیهان هەمووی بەرەو تایبەتمەندی دەڕوات، خاڵێکی ترم مەسەلەی خیبرەکەشی کە لێرە دیاری بکرێت خزمەتەکەی لە 10 ساڵ کەمتر نەبێت، ئەگەر ئەویش لەو مەجالە ئیشی کردبێت شارەزاییەکی پەیداکردووە، سەرۆکیش حەقە ئەوەی بۆ دیاری بکرێت، منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیە دام کە بڕگەی 2 و3 هەردووکی دەمج بکرێت و بکرێتە یەك بڕگە، وە پێشەکیەکەشی وای لێ بێت ( پێویستە ئەوانەی بە جێگری سەرۆکی دیوان و بەڕێوبەرە گشتیەکان دادەمەزرێن ئەم مەرجانەیان تێدابێت: ( هەمان شت کە چوار بڕگە بە چوار بڕگەیە) ە، بۆیە ئەگەر ڕێك بخرێت باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ماوەی خزمەتی سەرۆك و جێگرەکەی قسەم نیە، بەڵام لە هی بەڕێوبەرە گشتیەکان بەڕاستی حەقە تۆزێك کەم بکرێتەوە، لەبەرئەوەی مەجالێك بدرێتە خەڵکی گەنج، چونکە گەنجی وا پسپۆرمان هەیە لەو بوارە کە ئەگەر مەجالێکیان پێ بدرێت لە شوێنی وا حەساس بۆ ئەوەی کاربکەین، ئەوا شتێکی

باشە، من پێشنیاردەکەم کە خزمەتی 15 ساڵی هەبێت، بە مەرجێك ئەو 15 ساڵە بکرێتە 10 ساڵ و ئەو 10 ساڵەش بکرێتە 7 ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی شارەزایی و خزمەت، پشتگیری لیژنەی دارایی دەکەم، بەڵام تەمەنیشی بۆ ئیزافە بکرێت، هەم کاتی دامەزراندنی هەم کاتی دەست لەکارکێشانەوەی، چونکە بەڕاستی ئەوەی باسیان کرد لە تەمەنێکی زۆر گەورە دابمەزرێت لەوانەیە توانای نەشاتی کارکردنی نەبێت، دەربارەی مودیریەتی عامەش، دیوانی چاودێری دارایی، پشتگیری لە بوونی یەك مدیریەی عامە دەکەم، دیوانی چاودێری دارایی باقی ناوچەکانی دیکە فەرمانگە بن یان مدیریەت بن، سەر بە مدیریەتی عامەی چاودێری دارایی بێت، چونکە نابێت لەبیرمان بچێت ئەوە چاودێری داراییەو وەزارەت نیە، ناکرێت 9 مدیریەتی عامی هەبێت یان 8 مدیریەتی عامی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد حسن جان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسایی و ئەو بەڕێزانە، لێرە ئێمە کە دەڵێین سەرۆکی دیوان، مەنسبی وەزیری هەیە، لە وەزارەتەکانی تریش کە هاتووە و داڕێژراوە، وەزیر بۆی هەیە بەڕێوبەرایەتیەکان هەڵوەشێنێتەوە یان بەڕێوبەرایەتی دروست بکات، بەڵام لێرە بۆ تەنها بۆ بەڕێوبەراتیە گشتیەکانی ئەو دیوانە بڕیاری پەرلەمانی دەوێت؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوە تەجروبەیەکی تازەیە لە کوردستان، ئەو دیوانەش دیوانێکی نوێیە و تەجروبەیەکی تازەیە لە کوردستان، من پێم وایە ئەو دیوانە و ئەو پۆستە گرنگە هیچی لە پۆستە سیاسیەکانی تر کەمتر نیە، بۆیە پێویستە ئەوە ڕەچاونەکرێت 15 ساڵ و 20 ساڵ بۆ سەرۆکی دیوان دابندرێت، کەفائەت و تواناو لێهاتوویی و دڵسۆزی و جەرائەتی ئەو رەئیسی دیوانە بەسە، ئێمە زۆر خەڵکمان هەیە، ئەگەر دایان نێین بە رەئیسی دیوانیش توانای بڕیاردانی نیە، بۆیە ئەو تەحدیدی ساڵە حەق نیە بۆ رەئیسی دیوان دابندرێت، تەنها شەهادەیەکی هەبێت و لە دەرچووی کولیەیەك کەمتر نەبێت، بەڵام ئەو مەرجانەی بۆ

دانەندرێت، چونکە ڕەنگە خەڵکی وا هەبێت 20 ساڵیش لەو بوارەو لەو مەجالە تەجروبەی هەبێت، بەڵام جورئەتی ئەوەی‌نیە تۆ بێی لەو دەزگایەی دانێی، ڕەنگە ئەو خەڵکانەت دەست نەکەوێت، بەڕاستی حەقە بگەڕێینەوە بۆ مەسەلەکان و بە وردی تەماشای بکەین، سەرۆکی دیوان من بە پۆستێکی سیاسی دەزانم، بۆیە با خاوەنی جورئەت و بڕیاردەرێکی زۆر باش بێت ئەوجا دەتوانی ئیجرائات بکات لە کوردستان، بۆیە حەقە مەرجی بۆ دانەنێین، تەنها بەکالۆریۆس بێت و بەس، خاڵێکی تر بۆ نائیب و بۆ مدیر عامەکانیش ئەویش 10 ساڵ زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ملاحەزاتی باشیان دا، موهیم ترین ملاحەزەش ئەوەیە کە 2 و 3 یەکبخرێت، بەڵام لە دانانی جێگری سەرۆك فەرقی هەیە لەگەڵ بەرێوبەرە گشتیەکان، بۆیە جێگری سەرۆك، ریئاسەتی پەرلەمان دایدەنێت بە تەشاور لەگەڵ رەئیسی دیوان، بەرێوبەرە گشتیەکانیش بە تەرشیحی ریئاسەتی دیوان، ئەنجومەن دایدەنێت، یەعنی نائیبەکەی نابێت خۆی تەرشیحی بکات و دایبنێت، دەبێت ئێمە دایبنێین، بەڵام رەئی ئەویش وەردەگیردرێت، مودیر عامەکان خۆی دیوان خۆی تەرشیحی دەکات و پەرلەمانیش قەراری بۆ دەردەکات، شروتەکان وەکو یەکن، دەمێنێتەوە مەوزوعی تەمەن، لەڕاستی دا ئەوەڵەن قانونی خدمەی مەدەنیمان هەیە کە تەمەن تەحدید دەکات، دووەمیش ئەو مەنسبە مەنسبێکی تایبەتە، دەسەڵاتێکی تایبەتیشی هەیە، تۆ بیبەستیتەوە بە تەمەن، زۆر کەس هەیە ئێستا تەمەنی 62 و 64 ساڵە، ئێستا سەرۆکی هەردوو دیوانی هەولێرو سلێمانیش تەمەنیان لە 60 ساڵی تێپەڕیوە، کاك ساحیب ئاغا ماشاالله ئێستا وەکو گەنجێك کاردەکات، ئەگەر بەو هینەی بکەین، لەلایەك د. جرجیس وابزانم تەمەنی 60 ساڵە، لەبەرئەوە تەحدید کردنی تەمەن، تۆ خۆت تەقیم دەکەی بەینەما تەحدیدی نەکەی، پاشان لە هەمووی موهیم تر کێ تەعینی دەکات؟ هەر پەرلەمان تەعینی دەکات، ئەگەر زانیمان کەفائەتی لەبەر زیادی تەمەنی ناتوانێت بەو ئیشە هەڵبستێت دەنگی مەدەنێ، لەبەرئەوە پێم وایە تەحدید کردنی ئەو تەمەنە لێرە زیادە، مەوزوعی ( أو كان قد تولى بدرجة خاصة) کە زۆر لەبرادەران ئەوەیان ئیزافە کرد، ڕەنگە ئەوە زیاد بێت، مایەوە مەوزوعی خدمە کە بنووسرێت یان نا؟ خۆ خدمە بنووسرێت کە زۆر لە برادەران باسیان کرد لە مابەینی 15 ساڵ و 10 ساڵ، ئەگەر خۆی خاوەنی پرۆژەکە، ئەگەر پێیان باش بێت بنووسرێت 10 ساڵ باشە، کە خزمەتی هەبێت سەرۆکی دیوان ئەوە زۆر لە ئەندامان ئاماژەیان پێی کرد، ئەو ( كان قد تولى وظيفة بدرجة خاصة) ئەوە ئەگەر لابرردرێت، ئەو مولاحەزەیەی کاك سەرداریش نامێنێت کە دەڵێت ئەوە مانای وایە مومکینە شەهادەشی نەبێت، ئەگەر موافقن لای دەدەین، ئەگەر موافقیش نین دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك د.جرجیس مەبەستم ئێوەیە، شەهادەی جامعی، گوتمان شەهادەی جامعی ئەوەڵی (على الاقل) ئەوەشمان شەرح کرد، کاك سعدالدین گوتمان مانای ئەوە ناگرێتەوە (شهادة الجامعية اولية على الاقل) ئەوە هەر دەبێت، دوایی (وله خبرة في مجال اختصاصه) ئەوەش بڕاوەتەوە، ئەو ئەگەر خیبرەی نەبوو لە مەجالی ئیختساسی لێرە بەدیار دەکەوێت ( أو

كان له وظيفة بدرجة خاصة في مجال اختصاصه)، ئينجا كاك كماليش لێره مولاحەزەیەكی هەیە، دەڵێت لەبەرئەوەی ئەوە رەئیسە پێویست ناكات هەتا بڵێی قانون و ئەوانە، كاك شێخ باییز فەرمووە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من شتێكم لەلا شاراوەیە، ئێستا بە مدیری عام تەسبیت بوو یان بە سەرۆك؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێخ بایز، سەرۆكی دائیره خۆی دەیتوانی دایبنێت، بەڵام ئەگەر دەرەجەی مدیری عامی بداتێ دەبێت خۆی تەرشیحی بكات و قەرار لە ئەنجومەنی نیشتمانی دەربچێت، ئێمە گوتمان ( الدائرة یرأسها مدیر عام أو محاسب قانونی) ئەگەر دیوان قەراری دا محاسب بێت ئەوا خۆی قەرارەكە دەدات، ئەگەر پلەی مدیری عامی دایە دەبێت تەرشیحی بكات بۆ پەرلەمان و پەرلەمان قەراری نیهائی دەردێنێت، ئاوایە شتەكە، رەئیسی دائیره ئەگەر محاسبی قانونی بێت پێویست ناكات، كاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەموو دەرەجەیەكی مدیر عام لە دەسەڵاتی وەزیر و دەرەجەی وەزیردا نیە، لەبەرئەوە ئێمە كە باسی فەرمانگە دەكەین، ئەگەر بڵێین مدیری عام ئەوا دێتە پەرلەمان، بەڵام ئەگەر بڵێی سەرۆكی دائیره، ئەوەش هەر بە دەرەجەی مدیری عامەو دێتە پەرلەمان، ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیران خۆ مدیریەتی عام نیە، هەمووی سەرۆكی دائیرەی یاساییە، سەرۆكی ئیدارە، یەعنی ئەوانە هەیە، بەڵام هەمووی مدیری عامە دەرەجەی مدیری عامە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەندەی من تێی دەگەم، ئەوانەی شارەزان لە رەقابەی مالی لێرەن، بەڵام دائیره هەیە ڕەنگە بچووكە، دیوان تەكلیفی محاسبێكی قانونی بكات بۆ ریئاسەتی ئەو دائیرەیە، ئەگەر دائیرەكە گەورە بێت پێی وایە دەبێت مدیر عامەك بێت، ئەگەر كردیە مدیری عام دەبێت تەرشیحی بكات بۆ پەرلەمان و پەرلەمان قەراری دەربێنێت بە دانانی ئەو مدیرعامە، بەڵام ئەگەر لە مستەوای محاسبی قانونی بوو وەكو مستەوای مدیر عام بە وەكالەت دەبێت، وەزیر ئەوە ئیختساسی خۆیەتی دەتوانێت خۆی هینی بكات مادام بە وەكالەتە، بەڵام كاك بایز مدیری عام بەوەكالەت دەسەڵاتی وەزیر نیە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قوربان مدیری عام بەوەكالەت بۆ چەند ڕۆژێك دەبێت، مدیری عام بۆ دائیمی هەموو موخەسەسات و هەموو ئیستحقاقاتی مدیری عامی ئەسیلی بەردەكەوێت، لەبەرئەوە دەبێت لەسەرەوە قەراری لەسەر بدرێت، خۆی ئێستا لە تەسەلسولەكە بە فەرمانگە هاتووە، ئەم فەرمانگانە بە مدیریەتی عام حیساب كراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە تۆ دەڵێی چەند ڕۆژێك، تۆ دەزانی چەند وەکیلی مدیر عاممان هەبووە بە وەکالەت دوو تا سێ ساڵیش مانەوە. بەڵێ کاك بایز.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا وانیە قوربان، ئێستا پەرلەمان هەیەو حکومەتی موشتەرەکمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوەی تێی گەیشتم لە قسەکانی شێخ بایز، ئەوەی کە بە محاسبی قانونی دادەندرێت، سەرۆکی فەرمانگەیە، ئەگەر فەرمانگەکەشی بچووك بێت، دەبێت هەمان ئیمتیازاتی مدیری عامی هەبێت، هەمان پلەی هەبێت بۆ ئەوەی هەمان راتب و موخەسەساتی بۆ سەرف بکرێت، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین (یعین رؤساء الدوائر بدرجة مدراء عامون بقرار من المجلس الوطني وبترشيح ) .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر پێتان باشە دەتوانین وای لێ بکەین ( يعين المدراء العامون ورؤساء الدوائر بالقرار من رئاسة المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بترشيح و بترشيح من ديوان رئاسة ) ، ئەوا باشە؟ کاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەوزوعی محاسبی قانونی ئەمە چەندین جار تیکرارمان کردووەتەوە، ئەم محاسبی قانونیە زۆر زۆر کەمە، محاسبی قانونی ئەگەر هەبێت، بەوەی بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی دیوانی رەقابەی مالی مەفروزە هەموو رەئیسی فەرمانگەکان خۆیان محاسبی قانونی بن، ئەم محاسبانەی ئێستا مەوجودن دەرچووی کولیەی ئیدارەو ئیقتسادن، ریئاسەتی ئەم فەرمانگانە دەکەن بە پێی ئەم قانونەش هەروا هاتووە، لە پێشوو تریش دا هەروا هاتووە، ئەسڵەن ئەمە لە شوێنی تر وانیە، چونکە لە عیراق دا دەست ناکەوێت، لە هەموو کوردستان دا باوەڕ ناکەم لە سێ محاسبی قانونی زیاتر هەبێت، یەعنی ئەمە هەروایە، جا لەبەر ئەوە مەوزوعی محاسبی قانونی، کە جەنابت دەفەرمووی دەوائیر، کە باسی دائیرە دەکەی ئیعلامیش دائیرەیەکە لێرە، مەعقول نیە تۆ مەسئولی ئیعلام بنووسێت بۆ پەرلەمان بۆ موافەقەتی لەسەر بکات، ئێمە کە دەڵێین فەرمانگە تەنها فەرمانگە تەدقیقیەکان دەگرێتەوە، کە خۆیان دەرەجەی مدیری عامیان هەیە، ئەو رەئیسی دائیرانە مەفروزە بە موافەقەتی پەرلەمان تەعیین بن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایەنەسەکە زۆر لە جێگای خۆی هاتووە، چونکە لە پرۆژەکە ئەو دائیرانەی کە تەحدیدکراون مدیری عام سەرپەرشتی دەکات و زۆر بە وازحی هاتووە، کام دائیرە مدیری عام سەرپەرشتی دەکات، بۆیە سیغەی مدیری عام کە هاتووە، بە قەناعەتی من زۆر لە جێگای خۆیەتی، چونکە دەوائیری دیکە بەو سیغەیە نەهاتوونە کە مدیری عامی بۆ دابندرێت، واتە دەرەجەی مدیر وەردەگرێت لە لایەن رەئیسی دیوانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە خاڵی 2 و 3 تەوحید بکەین، بە ئیعتیبار شروتی نائیب لەگەڵ مودەرائی عامون عەینی شروتن، بەس ئەوە دەمێنێتەوە ئایا تەعیینی ئەوان وەکو یەك دەبێت؟ مەبەستم نائیب و مودەرائی عامەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە، ئێستا من ئەو دوو فەقەرەیە تەوحید دەکەین، کە توحید دەبێت یەك شت دەمێنێتەوە باسی ئەوەم کرد کە زیاتر ئیعتیرازی نەگرن، لەبەر ئەوە نائیبی رەئیس، ریئاسەتی پەرلەمان دایدەنێت بەتەشاور لەگەڵ رەئیسی دیوان، مودەرائی عامون ریئاسەتی پەرلەمان قەراری بۆ دەدات، بە تەرشیحی رەئیسی دیوان، دووشتی جیاوازن، مودەرائی عام تەرشیح دەکرێت لەلایەن دیوانی رەقابەی مالیەوە قەرار لە ریئاسەتی پەرلەمان وەردەگیردرێت، یەعنی نائیبەکەی ناکرێت بڵێت من ئەوەم دەوێت ببێتە نائیب، نائیبەکەی ریئاسەتی پەرلەمان دایدەنێت، دیارە بە تەشاورە، یەعنی ناکرێت یەکێکی بۆ دابندرێت جێگر بێت، وەختی خۆی باس دەکرا، ئێنجا ئەگەر تەوحیدەکەمان کرد سیاغەکە بەو شکلەی من گوتم نائیبەکە ریئاسەتی پەرلەمان بە تەشاور لەگەڵ رەئیسی دیوان، مودەرائی عامون ریئاسەتی پەرلەمان بە تەرشیحی لەلایەن دیوانی رەقابەی مالیەوە، قەرارەکە لە پەرلەمان دەردەچێت دەمێنێتەوە مەسەلەی یەکەم رەئیسی دیوان ئایا وەکو خۆی بمێنێتەوە یان ئەو وەزیفە بە دەرەجەی خاسە بێت، پێم باشە ئەوە بخەمە دەنگدانەوە، بمێنێتەوە یان نەمێنێتەوە؟ کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە کاتێك کە دەڵێین بەلای کەمەوە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت، ئەو مەرجەش لادەبەین کە پۆستێکی پلە تایبەتی هەبووبێت، بێجگە لەوە ئیزافەی بەلای کەمەوە دەبێت خزمەتی فعلی لە 15 ساڵ کەمتر نەبێت، کۆمەڵێك ئیعتیبارمان بەنەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە، ئەویش ئەوەیە بەلای

کەمەوە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆیۆس بێت، یەعنی ئەو کەسە کە زانکۆ تەواو دەکات بەلای کەمەوە تەمەنی 24 ساڵە، ئەگەر 15 ساڵی دیکەش بێت، نزیکەی 40 ساڵ دەکات تەمەنی، ئێمە ئیعتیبارمان بۆ تەمەن کردووە، دەبێت ئەو کەسە خیبرەو تەجروبەیەکی هەبێت لە 15 ساڵی، چونکە ئەمە پۆستێکی زۆر زۆر گرنگە لە وەزیر زیاترە، ڕاستە بە پلەی وەزیرە، بەڵام گرنگی و ئەهمیەتی لە وەزیر گەورەترە، ئەمە مراقەبەی حکومەت و چاودێری دارایی دەکات، پارێزگاری لە سەروەت و سامانی گشتی دەکات، بۆچی ئێمە پێمان چاکە بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیردرێت؟ بە دەرەجەی خاسە کرابێت، بەداخەوە ئێمە زۆرجار دەرچوویەکی زانکۆ کە تازە تەخەروجی کردووە تەعیینی دەکەین بە مدیری عام، تەعیینی دەکەین بە پلەیەکی تایبەت، خیبرەو تەجروبەیەکی نیە، لەسەر ئەساسی ئەوەیە زۆربەیان وەزائفی سیاسین، ئەهمیەتی سیاسی خۆیان هەیە، لەبەرئەوە هەندێك مەسائیلی توانایی و زانستی و پسپۆریان بە نەزەری ئیعتیبار وەرناگیردرێت، ئەم مەسەلەیەی چاودێری دارایی مەسەلەیەکە پسپۆری تەواوی دەوێت، شارەزایی و خیبرەو تەجروبەیەکی زۆری دەوێت، عەقلێکی فراوانی دەوێت، لەگەڵ ڕێزم دا من لەگەڵ ئەوە نیم خەڵکی گەنجی ئێمە کاری پێ نەکەین و دەرگا لەرووی لاوەکان و گەنجەکانمان دابخەین، بە پێچەوانەوە ئێمە دەبێت دەرگایان بۆ بکەینەوە کە پێش بکەون و کاربکەن، خەریجێکی زانکۆ کە خیبرەو تەجروبەی 5 ساڵ و 7 ساڵی هەبێت بەڕاستی بەداخەوە ناتوانێت بەم ئەرکە هەڵبستێت، ئەگەر ئێمە بەنەزەری ئیعتیبار ئەو ئاستە زانستیەی زانکۆکانی خۆشمان وەربگرێن، لەبەرئەوە ئێمە پێمان چاکە ئەو تێبینیانەی لیژنەی دارایی و ئابووری لێرە بەهەند وەربگیردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە پێویست دەکات بخەینە دەنگدانەوە، تەبعەن هەمووتان موافق بوون ئەگەر هیچ ئیعتزازتان لەسەری نەبێت، (أن يكون من مواطني الاقليم ومقيما فيه) لەبەرئەوەی کاك رشاد ئەو هینە لە هەموو قەوانینەکان وا هاتووە، (أن يكون حاصلا على شهادة جامعية اولية على الاقل في احدى المجالات المالية والادارية والاقتصاد والقانون)، رەئیەك هەبوو شەهادەی جامعیەی ئەوەلیە بمێنێتەوە، ( وله خبرة في مجال اختصاصه، أو كان قد تولى وظيفة) لێرەدا ئیختلافی لەسەرە ، لیژنەی دارایی دەڵێت پێویست ناکات، وانیە کاك دلێر؟ ئەوە دەڵێت (أو كان قد تولى وظيفة بدرجة خاصة) کێ لەگەڵ موفقتەرەحی لیژنەی داراییە کە ئەوە زیادە؟ تکایە دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ ئەو جوملەیە لادەدرێت، دەمێنێتەوە خاڵێکی تر، (وله خبرة في مجال اختصاصه) لیژنەی دارایی دەڵێت 15 ساڵ بنووسرێت، حەزدەکەم رەئی رەقابە وەربگرم، کاك جرجیس فەرموو.

**بەڕێز د.جرجیس حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەسەوری من ناحیەی مومارەسە زۆر زۆر موهیمە، کە دەڵێت 15 ساڵ، فعلەن دەبێت مومارەسەیەکی زۆری هەبێت چ لە ناحیەی ئیداری چ لە ناحیەی ئیختیساسی خۆی، ئەوە بەتەسەوری من شتێکی باشە و، فعلەن ئەگەر ئەوانە تێدا هەبێت دەتوانێت ئیش و کاری خۆی بەباشی بەرێوە ببات، چونکە هەر

مەبەستمان ئیختیساسی خۆی نیە، قەزیەی ئیدارەش دەبێت بتوانێت ئیدارەی ئەو دەزگا گەورەیە بکات، لەبەرئەوە مومارەسە بەتەسەوری من پێویستە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا دوو موفتەرەح هەیە، موفتەرەحی لیژنەی دارایی دەڵێت 15 ساڵ، هەندێکی تریان دەڵێن 10 ساڵ، ئەگەر کاك دلێر وەکو لیژنەی دارایی موافقن موفتەرەحەکەی ئێوە تەعدیل بکەین، (لا تقل عن 10 سنوات) ئەگەر موافقی ئەوا ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە؟ کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لێرە ئێمە تەعامل لەگەڵ کەمیە ناکەین، ئێمە تەعامل لەگەڵ تەراکومێکی نەوعی دەکەین، لە ماوەی ساڵێك دا ئەو شتەی ئینسان فێری دەبێت، ئەو شتەی فەرمانبەرێك فێری دەبێت، لەماوەی ساڵێك دا شتێکی کەم نیە، بۆیە 15 ساڵ دەڵێین کاتێك کە رەقابەی مالی چاودێری دارایی دەدەینە دەست کەسێك ئەم مەسئولیەتە گرنگەی دەدەینێ دەبێت ئەوەندە خیبرەو تەجروبەی هەبێت کە بتوانێت مراقەبەی خەڵك بکات، بتوانێت محاسەبەی خەڵك بکات، شارەزایی هەبێت لە مەسائیلی ئیداری و حیسابی و یاساییدا، ئەمە پێویستی بە کات هەیە، بۆیە 15 ساڵەکە زۆر زەروریە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێردڵ رەئی وابوو 10 ساڵ، باشە تەنها تۆ قسە بکە بۆئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر ئەوانە دانانێین کە لە کوردستان دەرچوونە، ئیحتیمالە لە دەرەوەی وڵات دەرچوو بێت، ئیشی کردووە، یەعنی بە مودەتێکی کەم خیبرەی لە 20 ساڵی ئێرە زیاترە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ( لاتقل عن 10 سنوات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو موفتەرەح هەیە، یەکێکیان دەڵێت کەمتر نەبێت لە 15 ساڵ، ئەوەی تریش دەڵێت کەمتر نەبێت لە 10 ساڵ، موفتەرەحی لیژنەی داراییش کەمتر نەبێت لە 15 ساڵ، لەبەر ئەوەی کاك د. جرجیس خۆی تەئیدی لیژنەی دارایی کرد، بۆیە ئەسڵی موفتەرەحەکەم نەخستە دەنگدانەوە کە ساڵی تێدانیە، مادام ئەو پشتگیری لە لیژنەی دارایی کرد یەعنی موفتەرەحی خۆیان نەما، کەواتە دوو موفتەرەح هەیە، کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحەیە کەمتر نەبێت لە 15 ساڵ؟ 27 کەس لەگەڵ ئەوەیە، کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحەیە کە 10 ساڵ بێت؟ 32 کەس لەگەڵ ئەوەیە، کەواتە تەوحیدی فەقەرەی 2 و3 کە گوتم نائیبی رەئیس بەقەراری ریئاسەتی پەرلەمان دادەندرێت بە تەشاور لەگەڵ رەئیسی دیوان، مودەرائی عامونیش بە تەرشیحی رەئیسی دیوان بە قەراری ریئاسەتی پەرلەمان دادەندرێت، شروتەکانیش هەن ئەو شروتانە وەکو یەکن تەوحیدی دەکەین، ئەوە هەمووتان موافقن بۆی؟ ئەوەشمان ئیزافە کرد بە جینایەو جونحە، (أن لایکون محکوما علیە) لە جیاتی (بجریمة تنتقص بجنایة أو جنحة تنتقص من مرکزە وسمعتە) ئێستا بەم هەمووو گۆڕانکاریەوە، بەڵی کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو جینایەو جونحەیە، لەبۆ هەندێك وەزائیفی عام ئیستعمال دەکرێت، ئەوە لێرە قەیدەکە توندترە هەتا موخالەفەش دەگرێتەوە لە بۆ دەست نیشان کردنی ئەو شەخسە، یەعنی مەحکومی بە موخالەفە یان جینایەیە یان جونحەیە، یەعنی قەیدەکە بە قوەت ترە لەسەر دەست نیشان کردنی ڕەئیسی دیوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار تۆ خاوەنی موقتەرەحەکەی فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕەئیم موخالفە لەگەڵ هاوڕێم کاك شێروان حەیدەری، لەبەرئەوەی کەس نیە تەحدیدی ئەوە بکات کام جەریمە (ینتقص من مرکز وسمعته) دەبێت، ئەگەر بڵێی موخەیلی شەرف تەعریفی هەیە لە قانون، بەڵام ئەوەیان نیە لە قانون، کەواتە لەوانەیە جەرائیم هەبێت جینایە بێت یان جونحە، ئینتیقاس نەکات لە سومعەتی و لە مەرکەزی کابرایەکە، کەواتە لێرەدا ئەو کەسە تاوانی ئەنجام داوەو دەکرێت ببێتە سەرۆکی ئەوە یاخود مدیری عام یان جێگرەکەی، بۆیە لە زۆربەی حالات هەیە، لەوانەیە بەو شێوەیە نەبێت لە وەزائیفی عام ئەوەی کاك شێروان باسی کرد، ئەو شەرتە (أن لایکون محکوما بجنایة أو جنحة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەسەلەیەکی قانونیە، دوو قانونی تر، کاك فرست ڕەئیەکی تری هەیە، دواتر عەکسەکەی دەخەینەڕوو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاکردن لە عەسکەری لە عیراق جەریمەیەکی موخیلە بە شەرەف، هەر لەبەرئەوە، بەڵام بە نیسبەت ئێمەوە هەر جەریمە نیە، شەرەفە تەنها، جا لەبەرئەوە بە ڕەئی من نەسەکە خراپ نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ کاك سەرداره و دەیەوێت موداخەلەی بکات و دەوڵەمەندی بکات؟ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك سەردار دەکەم کێ تەحدیدی دەکات کە ئەمە جەریمەیە؟ (تنتقص من مرکزه أو سمعته)، یەعنی ئەو جەریمەیە چۆن دیاری دەکرێت؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەئیدی کاك سەردارم پێ ناخۆش نیە، بەڵام بە بێ بنەمایە هینەکە، چونکە ئەگەر بیخوێنیەوە (أن لایکون محکوما) یەعنی قەراری مەحکەمەی هەیە، یەعنی حوکم دراوە، ئەگەر سەحبی ناکەیەوە دەیخەمە دەنگدانەوە؟ باشە ئەسڵی فەقەرەکە دەڵێت (دەبێت حوکم نەدرابێت بە جەریمەیەك کە لە مەرکەزو

سومعەتی کەم بکاتەوە) کاك سەردار دەڵێت دەبێت حوکم نەدرابێت بە جینایەیەك یان جونحەیەك، موقتەرەحی کاك سەردار کە سۆزان خانیش پشتگیری لێی کرد دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە تکایە دەستی بڵند بکات؟ 7 کەس لەگەڵ ئەوە بوو، کێ لەگەڵ دانیە؟ ئەوە وەکو خۆی مایەوە، ماددەکە هەمووی بەهەموو گۆڕانکاریەوە کە خوێندمەوە، بە تەوحیدی 2 و3 بەو ئیزافاتانەی کە کردمان، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ تەنها یەك کەس لەگەڵ دانیە، کەواتە بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، پێم وایە هەمووتان ماندوون، جەلسەی دواترمان ڕۆژی یەك شەممە بێت، چونکە بودجە دەست پێ دەکات، بەڵی کاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەك سکرتێرحەزدەکەم دائیمەن وابین کە بڕیارەکەشمان هەروا بوو، پێش جەلسە ڕۆژێکی فەراغمان هەبێت، لەبەر ئیش و کاری ئەنجومەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرست دەڵێت ڕۆژێك پێشتر فەراغمان هەبێت، سبەی هەمانە هەروەها یەك شەممەش فەراغە، بەڵی کاك جمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستیت دەوێت ئێمە هیچ ئیشێکمان بۆ ناکرێت ئەگەر وابێت، چونکە ڕۆژی شەممە دەوائیر نیە، یەعنی زۆر شت هەیە کە ئێمە بچین سەردانی بکەین ڕۆژی یەك شەممە دەتوانین بیکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئەوەڵەن ئەو هەفتەیە بودجە دەست پێ دەکەین، نە عوتلە هەیە و نە ئیجازەش هەیە، هەتا تەواوی نەکەین، ئەگەر وەزیر هاتبێتەوە مەفروزە لە یەك شەممەوە دەست پێ بکەین، دەڵێن لە جەریدە نووسیویەتی هاتووەتەوە، بەڵام نازانم، جا لەبەر ئەوە باشە با دوو شەممە بێت، سەعات 30، 10 کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبداللە** | **محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (9)**

**دوو شه‌ممه رێکه‌وتی 21\4\2008**

**خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)

## دوو شه‌ممه رێكه‌وتی 2008/4/21

كاتژمێر (30ر10)ی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2008/4/21 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (9)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (9)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (30ر10)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2008/4/21 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان ئەكەینەوە، بەرنامەی كارمان بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

داوا لە لیژنەی یاسایی ولیژنەی دارایی ئەكەم، بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، بەخێرهاتنی بەڕێزان كاك سەركیس ئاغا جان، وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی كوردستان، كاك بایز تاڵەبانی، وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی لە كوردستان، مامۆستا تاج الدین صاحب ومامۆستا دڵزار بابەكە حنا، مامۆستا جبار عبدالفتاح، مامۆستا احمد، كە هەموویان پسپۆڕ ولێپرسراون، لە هەردوو دیوانی چاودێری، كەبەشدارن لەگەڵماندا بەخێربێن سەرچاوان، بەم موناسەبەتەوە كە كاك سەركیس گەڕاوەتەوە لەگەڵ وەفدەكەی، ئومێد دەكەین كەسەردانەكەیان باش بووبێت، ئەمرۆ ئەگەر انشاء الله تەواومان كرد، بەئومێدی خوا ئەوا بەیانی دەست دەكەین، بە موناقەشەی بودجەی هەرێمی كوردستان، بۆ ئیقرار كردنی وەكو خۆتان بڕیارتان دابوو، بەبێ ئامادە بوونی وەزیری دارایی وئابووری موناقەشەكە ڕاگیرا، ئەوە ئێستا هاتووەتەوە، سبەینێ لەگەڵ كاك شێخ بایز تاڵەبانی، هەردووكیان بەشدار ئەبن، ئەویش بەهیمەتی خواو ئێوە تەواوی دەكەین، ئێمە وابزانم ئەو رۆژە حەوت ماددەمان تەواو كرد، لە پرۆژەی یەكخستنی هەردوو ئیدارەكە، پرۆژە یاسای دیوانی چاودێری دارایی، تكایە بۆ ماددەی هەشتەم، ئەصڵی ماددەكە بخوێننەوە دوایی ڕەئی لیژنەكان.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی دووەم**

**ئەرکەکانی دیوانو ئەو لایەنانەی دەکەونە ژێر حوکمی چاودێری دارایی**

**ماددەی هەشتەم :**

**1- بۆ دڵنیا بوون لە ئەنجامی چالاکیەکانی ژمێریاری و کارگێڕی لە ڕووی یاساو ڕێنماییە داراییە پەیڕەوکراوەکان، دیوان بۆی هەیە:**

**أ- هەڵسێت بە پشکنین و وردبینی کردنی گشت مامەڵەکانی خەرجیە گشتیەکان بە مووچەو دەرماڵەو پاداشتەوە بۆ دڵنیابوون لە چۆنیەتی خەرجکردنیان.**

**ب- دڵنیابوون لە نەبەزاندنی سنووری پاڵپشتە داراییەکان لە بودجەی پەسندکراو.**

**ج- دڵنیابوون لە بەکارهێنانی دارایی گشتی بۆ ئەو مەبەستەی کە بۆی تەرخانکراوە، هەروەها دڵنیا بوون لە بەفیڕۆنەدان و دەست بلاّوی و خراپ ڕەفتار تیادا نەکردن، وهەڵسەنگاندنی سوودەکان.**

**د- چاودێری و هەڵسەنگاندنی کاروچالاکی بەپێی بەندەکانی ئەم یاسایە.**

**2- پێشکەوتن و وردبینی مامەڵەکانی خەملاّندن و بەدەستهێنان و وەرگرتنی داهات بۆ دڵنیابوون لە هەڵس وکەوتە پەیرەوکراوەکان، وچۆنیەتی جێبەجێ کردنیان.**

**3- پێشکەش کردنی کۆمەکی هونەری لە بوارەکانی ژمێریاری و چاودێری و هەموو کاروبارێکی ڕێکخستنی کارگێڕی کە پەیوەندی بەم بوارەوە هەبێت.**

**4- ڕێکخستنی خولی فێرکاری بۆ فەرمانبەرانی دیوان و دام و دەزگاکانی حکومەت بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانیان، ودیوان بۆی هەیە بەپێی یاسا پەیڕەوکراوەکان دەرماڵەیان بۆ دابین بکات.**

**5- دیوان رای خۆی دەردەبڕێت لەسەر خشتەو بەیاننامە و ڕاپۆرتە پەیوەندیدارەکان بە ئەنجامی کارو چالاکیە داراییەکان بۆ ئەو لایەنانەی کە خراونەتە ژێر حوکمی چاودێری داراییەوە و، ڕادەربڕین لەسەر شێوازی ڕێکخستن بەپێی یاساو ڕێسا ژمێریارییە پەیڕەوکراوەکان، کە تا چ ڕادەیەك لەگەڵ ڕاستی و دروستی ناوەندی دارایی و ئەنجامەکان یەك دەگرنەوە.**

**6- دەرخستنی بەڵگەکانی گەندەڵی و فێڵکردن و بە فیڕۆ دان و خراپ بەکارهێنان و بێ توانایی لە کاروباری وەرگرتن و خەرجکردن و بەکارهێنانی دارایی گشتی لە ئەنجامی وردبینی و هەڵسەنگاندنی کاروچالاکی فەرمانگەکان.**

**7- لێکۆڵینەوەو ئاگادارکردنەوە لەو کاروبارانەی پەیوەندییان هەیە بە بەدەستهێنان و خەرجکردن و بەکارهێنانی ماڵی گشتی وەك چۆن داواکراوە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە.**

**8- بەدواداچوونی پێڕەو و ڕێنمایەیە دارایی و ژمێریارییە پەیڕەوکراوەکان بۆ ساغبوونەوەی جێبەجێ کردنی و شیاوی و گونجانی لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی ڕوودەدات لە هەرێم و دیاری کردنی کەم و کوڕیەکان**

و پێشكەش كردنی پێشنیار بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندار بەمەبەستی پێشخستن و گۆڕانكاری لەو یاساو ڕێنماییانەدا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل الثاني**

**مهام ونطاق عمل الديوان والجهات الخاضعة للرقابة المالية**

**مهام الديوان**

المادة الثامنة:

1- للتأكد من نتائج النشاطات الحسابية والادارية من الوجهة القانونبة والتعليمات المالية المطبقة يحقً للديوان:

أ- فحص وتدقيق معملات الانفاق بالنسبة للرواتب والمخصصات والمكافآت للتأكد من كيفية الصرف.

ب- التأكد من عدم تجاوز حدود الاعتمادات المالية من الميزانية المصدقة.

ج- التأكد من إستعمال المالية العامة للأغراض التي خصصت لها وتقيم فوائدها والتأكد من عدم الاسراف والتبذير مع تقيم فوائدها.

د- رقابة وتقيم الاعمال والنشاطات وفق مواد هذا القانون.

2- تفتيش وتدقيق معاملات التخمين وتحقق وجباية الموارد للتأكد من ملاءمة الاجراءات المعتمدة وكيفية تنفيذها.

3- تقديم العون الفني في المجالات المحاسبية والرقابية وجميع ما يتعلق بها من أمور إداريةوتنظيمية.

4- تنظيم دورات تعليمية لموظفي الديوان والمؤسسات الحكومية لرفع قابلياتهم وللديوان تأمين المخصصات لهم وفقاً للقوانين المرعية.

5- يبدي الديوان رأيه حول الجداول والبيانات والتقارير المتعلقة بنتائج عمل النشاطات المالية للجهات التي وضعت تحت الرقابة المالية مع ابداء الرأي حول اسلوب تنظيمة وفق القانون والقواعد الحسابية المتبعة للتأكد من مدى ملاءمته مع الحقيقة وتوافقه مع المراكز المالية ونتائجها.

6- إظهار وثائق الفساد والاحتيال والتبذير وسوء الاستعمال وعدم الكفاءة في شؤون التسلم والصرف وإستعمال المالية العامة نتيجة التدقيق وتقيم اعمال ونشاطات الدوائر.

7- التحقيق والتبليغ في الامور المتعلقة بكفائة التحصيل والانفاق وإستعمال الاموال العامة كما هو مطلوب رسمياً من قبل المجلس الوطني الكوردستاني.

8- متابعة الانظمة والتعليمات المالية والحسابية النافذة للتحقق من تطبيقها وكفاءتها وملاءمتها للتطورات المستجدة في الاقليم وتوجيه الانظار الى أوجه النقص في ذلك وتقديم الاقتراحات اللازمة بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة لتطوير أو تعديل في تلك الانظمة والتعليمات.

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی لەسەر ئەم ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز دكتۆر دلێر سەرۆكی لیژنەی دارایی، ئێوە هیچ تێبینیەكتان هەیە؟

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ سەرنج و تێبینیەكمان سەبارەت بەم ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی دكتۆر جەرجیس نەهاتووە، كاك تاج الدین و كاك دڵزار وكاك جەبار و كاك احمد ، هەر تێبینیەكتان هەبوو، بیدەنە وەزیرەكان هەردووكیان، بۆ ئەوەی دەری ببڕن، كەس لەسەر ئەو ماددەیە قسەی هەیە، ناوتان ئەنووسم، فەرموو كاك كەریم بحری.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوایی كە بیروڕا دەربڕا ئەو كاتە منیش ڕای خۆم دەڵێم، چونكە خۆت داوات كردووە وەكو لیژنەی یاسایی دەست بڵند بكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەمزانی قسەكەی خۆم جێبەجێ ئەكەیت، خاتوو فەخریە فەرموو.

**بەڕێز فخریە مصطفى محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی ئەكەم، بەڵام هەندێك غەڵەتی زمانەوانی تێدایە، كە لیژنەی یاسایش ئاماژەیان پێكرد، لێرەدا هەندێك شتی زیاد هەیە، لە خاڵی أ- فحص وتدقیق معملات، معاملات بە (ا) ئەنووسرێت، ج- التأكد من إستعمال المالیة العامة للأغراض التي خصصت لها وتقیم فوائدها ئەوە لێرەدا زیادەیە، لێرە دووجار دووبارە كراوەتەوە، تەقیمیش بە دوو ( یا) ئەنووسرێت، من پێم باشە بڵێین للأغراض التي خصصت لها والتأكد من عدم الاسراف والتبذیر مع تقییم فوائدها. 4- تنظیم دورات تعلیمیة للموظفي لێرەدا ئەو لامەی موەزەفین زیادەیە لموظفي. 7- التحقیق والتبلیغ في الامور المتعلقة بكفائة كەفائەكە وا نانووسرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من نازانم بۆ لەم ماددەی هەشتەدا ئەو( ئەلف وباو جیم)ە هەیە، بەخۆی بەیەك صیاغە باشترە، فحص وتدقیق معاملات الانفاق العام، ئەگەر بڵێین الانفاق العام، ئاوا تەسقیف ناكرێت، نەك بڵێین للرواتب والمخصصات والمكافآت هەر بڵێین فحص وتدقیق معاملات الانفاق العام ئاوا باشترە، لەپاشان للتأكد من كیفیة

الصرف، نا چونکە کیفیة الصرف، ڕاستە عایدی ڕەقابەی مالیە، بەس ئیشی دیوانی چاودێری سەلامەتی صەرفە، کە لەماددەکانی تر ڕوون ئەبێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند خاڵێکم هەیە، ئەگەر بکرێت، ڕەئی خۆتانی لەسەر بدەن، لە بڕگەی ب- التأكد من عدم تجاوز حدود الاعتمادات المالية من الميزانية المصدقة. دەست خۆشی لەم خاڵە ئەکەم، بەڵام لەهەندێ جاردا ئەبینین، لە ئیعتیماداتی مالی زۆر کەمتر سەرف کراوە، ئەویش هۆیەکە، ئەبێ لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت، بۆچی ئەو ئیعتیمادە مالیە بەتەواوەتی سەرف نەکراوە، ئەمە لەکوێدا بەتەواوەتی بۆمان ڕوون ئەبێتەوە، لەخاڵی ج- التأكد من إستعمال المالية العامة للأغراض التي خصصت لها وتقيم فوائدها والتأكد من عدم الاسراف والتبذير، ئێمە دائیمەن، جەخت لەسەر ئەوە ئەکەینەوە، کە الاسراف والتبذير نەکرێت و دەست خۆشی ئەکەین، بەڵام زۆر جاریش هەیە تەقییمە ئەکرێت، ئەو تەقییمە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆر لە پرۆژەکان، زۆر لەکاری وەزارەتەکان، بەڕاستی دوا ئەکەوێت بەهۆی ئەو تەقییمە و دەستگرتنەوە، ئەویش ئەبێ بگەڕێین بەدوایدا بۆ ئەوەی بزانین هۆکەی چیە؟، بۆ تەقییمە نەکراوە؟ بۆ بودجەیەك دائەندرێت لەکاتی خۆیدا سەرف ناکرێت؟، پارەکەشی کە ئەمێنێتەوە ئەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت، ئەمە خاڵێکە، خاڵی سێیەم وچوارەم: من پێم باشە، کە ئەڵێت: 3- تقديم العون الفني من المجالات المحاسبية والرقابية وجميع ما يتعلق بها من أمور إدارية وتنظيمية.

4- تنظيم دورات تعليمية لموظفي الديوان والمؤسسات الحكومية لرفع قابلياتهم، ئەمە دوو شتن هەردووکیان یەك مانایان هەیە، بۆیە وا باشترە بکرێن بەیەك، چونکە هەردووکی یەك مەبەستیان هەیە، ئەویش تەقدیمی عەونی فەنیە، لە خاڵی شەشدا ئەمە من زۆر دەست خۆشی لێ ئەکەم، بەڵام ئەبێ زیاتر ڕوون بێتەوە، 6- إظهار وثائق الفساد والاحتيال والتبذير وسوء الاستعمال وعدم الكفاءة في شؤون التسلم والصرف وإستعمال المالية العامة نتيجة التدقيق وتقييم اعمال ونشاطات الدوائر. إظهار وثائق الفساد مانای شەفافیەتە، من پێم خۆشە لێرەدا هەرکامێك لەو بەڕێزانە، میکانیزمی ئەم إظهار وثائق الفسادة، چونکە ئێمە ئەزانین ئەو بەڕێزانەی کەوا لە چاودێری دارایی کار ئەکەن، چەندین ساڵە چەندین وەسیقەیان لەلا کۆبووەتەوە، هەتا ئێستا کێشەی هەرە گەورەی ئێمە ئەوەیە، کە ئەم وەسائیقانە هیچیان دەرناخرێن، هەمووی ئەمێنێتەوە یاخود ئەدرێت بەلایەنی پەیوەندیدار و هیچ شتێك ناکرێت، ئێمە ئیشمان ئەوێت لەمەودوا، لەبەر ئەوە ئەبێ پێمان بڵێن، چۆن ئیزهاری ئەم وەسائیقە ئەکەن، ئەبێ پێمان بڵێن بۆ ئەوەی ئێمە دەنگی بۆ بدەین، ئەڵێت: 7- التحقيق والتبليغ في الامور المتعلقة بكفائة التحصيل والانفاق وإستعمال الاموال العامة كما هو مطلوب رسمياً من قبل المجلس الوطني الكوردستاني. هەر بڵێین: التحصيل والانفاق داوا ئەکەین ئێمە پێمان بڵێن، ئەوانە ئیشەکەیان زۆر زۆر باش کردووە، کەواتە ئەمەش موتەعەلیقە

8- بەخاڵی پێشووەوە، هەموو کەموو کوڕییەکیش دەبێ بدرێت، بۆ ئەوەی شتەکان هەمووی ڕوون بێت، متابعة الانظمة والتعليمات المالية والحسابية النافذة للتحقق من تطبيقها وكفاءتها من لێرەدا یەك خاڵی بچووکم هەیە، ئەگەر لێم قبوڵ بکەن، ئێمە تەعلیماتی مالیەمان، خۆمان هەموومان ئەزانین، ئەو کەسەی کەوا لە بواری مالیەدا ئیش ئەکات، ئەزانێ ئەبوابە هەمووی ئەبوابە، زۆر جار هەیە حاڵەتێك دێتە پێشەوە، ئەڵێت ئەمە لەبابی سەرفدا نیە، من نازانم حەقە سەرفی بکەم، بەڵام چونکە بابی مالیە ڕێگام پێ نادات، نازانم چۆن سەرفی بکەم، لەژێر چ بابێکدا سەرفی بکەم، چونکە من ئەزانم سبەی ڕۆژێ ڕەقابەی مالی قسە ئەکات، من بۆ ئەوە پشتیگریان ئەکەم، ئەگەر بتوانن، ئەم تەعلیماتی سەرفەو ئەم تەعلیماتی مالیە، هەر زوو زوو گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەگەڵ ئەو وەزارەتانەدا قسە بکرێت، کە بزانن چ بابێکی تازە هاتووەتە پێشەوە، تەنها ئەو دەقانە نەبێت کەلەلای خۆیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ پشتگیریم بۆ قسەکانی سۆزان خان، بەتایبەتی سەبارەت بەوەی شەفافیەت و بڵاوکردنەوەی نەتائیجی ئەو وەسائیق و دیکۆمێنتانە، ئەوە تەبعەن جێگای دەبێتەوە لە ماددەی نۆ بڕگەی یەك، ئەویش بەڕاپۆرتێکی گشتی لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، دەتوانین لەوێ جێگای بکەینەوە، دوو تێبینی ترم هەیە، ئەویش لەسەر خاڵی شەشەم، کە باس ئەکات، 6- إظهار وثائق الفساد والاحتيال والتبذير، إظهار خۆی شتێکی لاحیقە، ئەبێ لەپێشەوە بحث عن بێت، من پێم وایە موهیمەی ئەو دیوانە ئەوەیە، البحث عن حالات الفساد والاحتيال والتبذير، تا دوایی، دوایی بڕگەیەکی تری بۆ ئیزافە بکرێت، یاخود ڕستەیەك ئیزافە بکەین، بڵێین: وتبليغ المجلس الوطني لكوردستان بنتائج وتقديم التوصيات اللازمة للمعالجة، ئەوەی بۆ ئیزافە بکەین، هەروەها پێشنیارێکم هەیە، ماددەیەکی تر یان بڕگەیەکی تر ئیزافە بکەین، دیوانی ڕەقابەی مالی صەلاحیەتی ئەوەی هەبێت، زیمەی مالی بەرپرسەکان وەربگیرێت، بەرپرسەکانیش تەبعەن لە گەورەترین پۆستی تا بچووکترین خاوەن پلەی تایبەت بێت، زیمەی مالی مولتەزیم، منداڵە قاصرەکانیشی تا خێزانی، وە لە چوار حاڵەتیش بێت، حاڵەتی یەکەم: لە ماوەی شەشت ڕۆژ لە دەست بەکار بوونی، حاڵەتی دووەم: ساڵی جارێك، حاڵەتی سێیەم، لە هەر زیاد بوونێك لە سەروەت و سامانی لەگەڵ دەرخستنی هۆیەکەی، حاڵەتی چوارەم: لە ماوەی شەشت ڕۆژ لە کۆتایی هێنان بە پۆستەکەی، ئێمە پرۆژەیەکمان تەقدیم کردبوو، جەنابی سەرۆك، تەبعەن وەرنەگیرا، بۆیە پێشنیار ئەکەم لێرە جێگای بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس جەنابى سەرۆك قسەكانى من لەلایەن برادەرانى پێش خۆم كرا، دووبارەى ناكەمەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لە هەموو دونیا، ئیستیمارەیەك هەیە، نازانم لەم یاسایەدا بۆ جێگاى نابێتەوە، استمارات الذمة المالية، اموال منقولة وغير منقولة، ئەوەى پۆستێكى موعەیەن وەردەگرێت، پڕى دەكاتەوە، لە وەختى مەلەكى و جمهوريش هەبوو، چوار لاپەڕە بوو، پڕیان ئەكردەوە، ئەوەى هەیبوو تەسجیل ئەكرا، كە دوایى لە پۆستەكە نەدەما، ئەوجا هەینێ قسە دەكرا، ئایا ئەوەى زیادە كراوە شتێكى تەبیعیە یان نا تەبیعیە، من نموونەیەك دێنمەوە، پێش ئەوەى كە وەزیرەكان لە ئەنجومەنى وەزیرانى ئوردن، پێش ئەوەى سوێندى یاسایى بخۆن دەبوایە ئەو ئیستیمارەیە پڕ بكەنەوە، پێم باشە شوێنى بكرێتەوە لەم یاسایەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك شێخ جعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من لەسەر ماددەى هەشت یەك دوو مولاحەزەم هەیە، بڕگەى أ- هەڵسێت بە پشكنین و وردبینى كردنى گشت مامەڵەكانى ... تا دوایى، بەڕەئى من بۆى زیاد بكرێت، هەركاتێك پێویستى كرد، ئەو كارە ئەنجام ئەدرێت بەبێ ئاگادارى پێشەكى، چونكە زۆر جار ئاگادارییەكى پێشەكى ئەدرێت و ئەو كەسە خۆى ئامادە ئەكات، ئەگەر ئەو تەفتیشە كتوپڕ بێت، باشترە لەڕووى مالییەوە، بڕگەیەكى تر زیاد بكرێت بكرێتە بڕگەى (د) دڵنیا بوون لە چۆنیەتى كڕینى هەموو پێداویستیەكانى فەرمانگەكان، وەكو سەیارات و ئالیات و هەموو ئەجهیزەیەكى ئەلكترۆنى، ئەوەش یەكێكە لە پێویستیەكان، چونكە مەبلەغێكى زۆرى پارەى كوردستان لەو بوارەدا سەرف ئەكرێت، لێرەدا هیچ ئیشارەتێكى پێ نەدراوە، بەشى دال لە دواى بڕگەى چوار، ئەگەر بكرێت زیاد بكرێت، یان لەگەڵ ئەو بڕگە بنووسرێت، ناردنە دەرەوەى كادیرانى پسپۆڕ لە بوارەكانى داراییدا بۆ بەشدارى كردن لە خولى تایبەت لە بوارى داراییدا، ئەوەشى تێدا نەهاتووە، ئەگەر ئەو دوو مولاحەزەیە وەربگیرێت لەوانەیە تۆزێك تێرو تەسەلى بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار ئەكەم بڕگەیەكی بۆ زیاد بكرێت، كە تەواوی گرێبەستەكان بەتایبەتی ئەوانەی كە سەروەی قەومی پێك ئەهێنن، وەك گرێبەستەكانی نەوت، ئەمانە خازعی چاودێری دارایی بن، چونكە ئێمە لە یاسای نەوت وغازی هەرێمی كوردستاندا، هیچ ئالیەتێكمان دیاری نەكردووە، بۆ چۆنیەتی ئیشراف كردنی پەرلەمان، لەسەر ئەو گرێبەستە نەوتیانە، یان تەندەری گرنگ، كە تەندەری ئیستراتیژین و گەورەن، ئەوانە بەبڕگەیەكی سەریح و وازح ئیشارەی پێبدرێت، كە خازعی ڕەقابەی مالی بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی موهیمەی ئەم دیوانە، موهیمەی ڕیقابەی ئیدارییەو هی ڕیقابەی مالیە، ئەنواعی ڕیقابەش هەیە، ڕەقابە لەسەر ئەساسی ئیجرائات، كە چۆنیەتی ئیجرائاتی توند موافقە بۆ ئصولی مالی، بۆ قەواعیدی قانونی و، بۆ ئەنزیمەی مالی عموومەن، لەسەر ئەساسی نەتائیج، یەعنی تەقیمی ئەدا، یەعنی چۆنیەتی ئیستیغلالی ئیمكانیاتی ماددی و ئیمكانیاتی بەشەری، چەند تەحقیقی ئەهداف ئەكەن، چ ئەدائی عامل لە موئەسەساتی حكومەت، ئانیش ئەو پارەی بۆ مەشروعێك دانراوە، ئەو پارە چەند تەحقیقی هەدەفی ئەو مەشروعە ئەكات، لێرە پێم باشە، تەوازونێكی باشتر بخەینە بەردەم، هەرچەندە زیاتر فكری ئەوێت، كە ئایا تەوازون هەیە، تكام وایە ئەخیرەن جوابم بدەنەوە، جەماعەت، لازمە ڕیقابەی ئیراداتیش بكەن، هی سەرفیش بكەن، لێرە سەرف زیاترە لە ئیرادات، عادەتەن لە زۆربەی قەوانین تەصنیف ئەكەن، ڕیقابە لەسەر ئیرادات، تەصنیف ئەكەن، ئەڵێن مەسەلەن، تدقیق تحقیق الضرائب بۆ رسومات وهەموو عائیدات، معاملات بیع الاراضي و اموال الدولة، ئەوانە واریداتیش مەسەلەن منح، قەرز، ئەوانە چۆن دێن، مەوزوعی موراقەبەی ئیستیسمارات و هەیئەی ئیستیسمارات، ئەو بڕگەی موهیمە ئەوەشی تێدا بێت، ئەو مەوزوعەی برای بەڕێزم كاك بارزان وتی: نوقتەیەكی زۆر گرنگە، باسی حیساباتی ئیتیفاقیات وعقودو ئەوانەی كرد، لازمە ئەم عقودانە، پێشتر بێنە ئەم دیوانە، تا بتوانێت موتابەعە بكات، مادام موراقەبەی ئیداریش هەیە، قەراراتی موتەعەلیق بە تەعین وتەرقیەو عەلاوات وموخەصەصات وئەو شتانە، یەعنی هەمووی پێویستە وازح تر، لەم مەوزوعەدا ببێت، شتێكی تر هەیە، موتابەعەی هەندێك شەریكات هەیە، ئان هەندێك موئەسەسات هەیە، هەموویان هی حكومەت نین، بەڵكو حكومەت سەهمی تێدا هەیە، ئان ڕوبحی ئەوە بۆ حكومەتە، ئایا ئەوانەش بڕگەیەك موهیمە تێیدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هاله سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**له خاڵی چوارەم باسی دەورات ئەكات، پێشنیار ئەكەم فەقەرەیەك ئیزافه بكرێت، مع تطبيق العدالة المشمول جميع درجات الموظفين، يەعنی بۆ نموونە، ئەگەر دەورەیەك هەبێت لەدەرەوەی هەرێم، تەنها مودیری قسمەكان ومودير عامەكان، تەنها ئەوانه نەگرێتەوە، چونكە تەنها ئەوانە بۆیان هەیە، بچنە ئەو دەورانە، ئەگەر هەموو دەرەجاتی فەرمانبەران مەشمول بێت، زیاتر عەدالەت تەتبيق ئەبێت، له خاڵی شەشەم پشتگیری كاك جعفر ئەكەم، كە هاتووە، وسوء استعمال دەتوانین ئیزافە بكەین، والتحقيق من قوائم المشتريات، مثل: السيارات والاثاث بۆ ئەوەی، ئەگەر وەزارەتێك بەپێنج سەيارە بەڕێوە بچێت، بیست سەيارەی بۆ نەكڕێت، ئیستیغلال بكرێت پاش دەوامی ڕەسمی یان ڕۆژەكانی هەینی، كە لەسەیرانن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**دكتۆرە شكريە، فەرموو.**

**بەڕێز د. شكريه رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی ڕەقابەی مالیە شتێكی چاكە، ئەگەر بێتو ئەم هەموو ئەركانەی كە ئەكەوێتە سەر شانی، جێبەجێی بكات، لەو باوەڕەدام، هیچ گەندەڵییەك نامێنێت، خاڵێكی تریشم ئەوەیە، كەوا پشتگیری ڕاكانی كاك بارزان ئەكەم لەڕووی ئیتیفاقیات و عقودەكانەوە، خاڵی سێیەمیشم: وەكو برادەران ئاماژەیان پێكرد، هەندێكیان دەست نیشانی شوێنەكەیان نەكردووە، هەندێكیشیان دەست نیشانی ئەو خاڵانەیان كرد لە ڕووی زمانەوانیەوە، جا من هەر لەڕووی زمانەوە، ئیزافاتیشم هەیە، بەنیسبەت خاڵی یەكەم:: أ- فحص وتدقيق معاملات، معاملات نەك معملات، انفاق معاملات العام بما فيها الرواتب، بنسبه للرواتب، ئەوە جوان نەهاتووە، خاڵی ج- التأكد من إستعمال المالية بكرێت به الاموال الماليه، ئەوە جوانترە، خاڵی 3- تقديم العون الفني في المجالات المحاسبية والرقابية وجميع ما يتعلق بها من أمور إداريةوتنظيمية. ئیزافەی ئەمەشی ئەگەر بۆ بكەن، ومساهمة في وضع وتطوير القواعد والاصول والمعاير المحاسبية والرقابية، خاڵی 5- يبدي الديوان رأيه حول الجداول والبيانات والتقارير المتعلقة بنتائج الاعمال ونشاطات الاوضاع المالية ئەوزاعی بۆ زیاد بكرێت، للجهات التي وضعت تحت الرقابة المالية ئەگەر بكرێت، الخاضع للرقابه، جوانترە بەڕەئی من، التي وضعت تحت الرقابة المالية مع ابداء الرأي حول اسلوب تنظيمة وفق القانون بكرێت به القوانين بەڕەئی من باشترە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك كەریم فەرموو.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی كاری دیوانی چاودێری دارایی لە ڕووی یاساییەوە لە ئەصڵدا، لەجیاتی پەرلەمان دەسەڵاتی تەشریعی، بەو كارە هەڵدەستێت، بەچاودێری دارایی، بۆیە من بە چاكی ئەزانم وێڕای پشتگیریم لە قسەكانی كاك سەردار، لە بوارێكی تەسكدا، لەبەر ئەوەی ئێمە هەیئەی نەزاهەمان نیە، ڕۆڵی هەیئەی نەزاهە بدرێتە ئەو هەیئەیە، ئەویش بەماددەیەك، من لێرەدا ماددەیەكم ئیزافە كردووە، لە ناو لیژنەی یاسایش ئەوەم وروژاند، بەڵام وەرنەگیرا، ئەویش ئەوەیە ئەڵێت: إحالة المقصر الى السلطة التحقيقية، في حالة ظهور الوثائق الفساد والاحتيال في نتيجة التحقيق في الامور المالية، كما وردت في الفقرة (6) اعلاه من هذه المادة، یەعنی ئەگەر فەقەرەكی وا زیاد بكەن، پێم وایە دەتوانێت دەسەڵاتی نەزاهە ببینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆربەی تێبینیەكان، زمانەوانی بوو، یان تەوحیدی دوو خاڵ بوو، دەكرێ ئەوانە بدەنە لیژنەی قانونی و لیژنەی مالی بۆ ئەوەی لە ئیعادەكردنی صیاغە چاكی بكەن، مولاحەزەیەك پێش ئەوەی ڕەئی ڕەقابەی مالی وبرادەران وەربگرین، ئەوەی كە دەڵێت إظهار یەعنی كەشف كاك سەردار، هەمووی ئەگرێتەوە ئەو شتەی كە وتت، إظهار مانای وا نیە یەعنی هەر دەری بكات، كەشفی بكات، ڕاپۆرت بنووسێت، تەقدیمی بكات، دواییش ڕەنگە كاك شێخ بایز زیاتر شەرحی بكات، دوو خاڵ باس كرا مەسەلەی گرێبەستەكان، كاك بارزان باسی كرد، بەتەئكید گرێبەستەكانیش و هەموو شتێك كە پارەی حكومەت بێت، موعەرەزە بۆ ڕەقابەی مالی، ئەوە بەدیهیە، هەمووی حەتا پارەی ڕێكخراوەكانیش كە میزانیەیان هەبێت، پارەیان هەبێت لەوەزارەتی مالیە خازعن بۆ ڕەقابەی مالی، یەك نوقتەی گرنگ ئەمێنێ ئەوەی كاك سەردار ئاماژەی پێكرد، مەسەلەی زیمەی مالیە، ڕەقابە ئیشی ئەوەیە، بەدوای ئەو شتانەدا بچێت كەسەرف ئەكرێت، ئەمە نازانم من پشتگیری ئەكەم لەوە، بەس ئەبێت قانون هەبێت، قانونێكی بۆ دەربچێت، قانونێك هەبێت ڕێكی بخات، ئینجا ئەو قانونە سەلاحیەتەكەی ئەدات بەڕەقابەی مالی یان ئەیداتە هەیئەی فەساد، یان ئەیداتە مودەعی عام، بەڵام ئەبێت قانونێكی هەبێت وەكو ئەو پرۆژەیەی كە وەختی خۆی هەر خۆت تەقدیمت كرد، باشە ئێستا وەختی هاتووە، بەتایبەتی كە پرۆژەی دەستورمان لە پێش دەستە، لەپرۆژەی دەستوردا هەیئەی فەساد دادەندرێت، ڕەنگە من پێم وایە، ئەوە ئیشی ئەو هەیئەیە زیاتر، كاك شێخ، برادەرانی ڕەقابە قسەتان هەیە، فەرموون.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە یەكەم باسی (إظهار) كرا، خۆی إظهار لە نەتیجەی بەحس دێت، ئەگەر ئەو بەحس نەكات، چۆن ئەوان دیار ئەبێت، دووەم: بەنیسبەت وەسائیقەوە، كە باس كرا، هەتاكو ئێستاكە تەقاریری مالی لەلایەن دەستەكانی چاودێرییەوە، لە دیوانی ڕەقابەی مالی بە كاملی ئەدێرە جیهەتی پەیوەندیدار، ئێستا لەمەودوا

جیهەتی پەیوەندیدار، پەرلەمانە، بەتەئکید بە کاملی وەسائیقەکان وتەقریرەکان دێتە ئێرە، لێرەوە جارێکی تر جواب ئەدرێتەوە، تا ئێستا موتەبەع وابوو، لەمەودوا ئەبێتە عائیدی پەرلەمان بەتەئکید، بەنیسبەت ئەوەی کە برادەران هەندێك مولاحەزەیان هەبوو، لێرە لە خاڵی دوودا، ئەڵێت پێشکەوتن، خۆی پشکنینە، تکام وایە ئەگەر ئەوە چاك بکرێتەوە، خاڵێکی تریشیان هەیە برادەرانی ڕەقابەی مالی، لێرەدا بەنیسبەت ئەرکەکانی ڕەقابەی دیوان و ئەو لایەنانەی کە ئەکەونە ژێر حوکمی چاودێری داراییەوە، یەکەم: ئەڵێین ئەرکەکانی دیوان، ئەویش ئەکرێت بەدوو بەشەوە، ئەگەر چاکی بکەن، ئەوە هەر ماددەی هەشتەم، کە ئەڵێت ماددەی هەشتەم بنووسرێت ئەرکەکانی دیوان، لە ماددەی دەیەمدا ئەویش بەشەکەی تریەتی، ئەو تەوصیەی برادەرانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت من ئەوەت بۆ شەرح بکەم.

**الفصل الثاني**

**مهام ونطاق عمل الديوان والجهات الخاضعة للرقابة المالية**

**مهام الديوان**

ماددەی نۆ و دەش، عەمەلی دیوان و جیهاتەکەیە، لەبەرئەوە شتەکە تەبیعی هاتووە، یەعنی ماددەی (هەشت و نۆو دە) عیلاقەی بە فەصڵی دووەمەوە هەیە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتی ئەوەی کە ئیرادو مەسروف و خەرجیەکان، ئەوانە تەدقیق کردنی، خۆی کە تۆ کەفائەتی ئەدائت هەبێت، هەموو شتێکی تێدا دەر ئەکەوێت، وە قەت خەرجیەکان تەدقیقی تەواو ناکرێت، ئەگەر بێت وتۆ پێشتر ئیرادات وەرنەگریت، ئەوە شتێکی عەمەلیە لە تەدقیقدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە کاك سەردار موقتەرەحەکەت بەو شەرحەی من ڕازی ئەبیت، سەحبی ئەکەیتەوە یان نا فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەس تەوزیحێکم هەیە، ئێمە ئەمڕۆ بەس لێرە ئەو سەلاحیەتەیان بدەینێ، ماددەیەك ئیزافە بکەین صیاغەکەشم نووسیوە، نۆیەم: التأكد من سلامة الذمة المالية للملتزمون( المسؤولين الحكومين) مەبەست چیە لێرەدا، ئێمە وەختی خۆی کە قانونەکەمان دارشت، کردبوومانە لیژنەیەکی تایبەتمەندی پەرلەمان، لە فراکسیۆنە جیاوازەکان، دوایی پێشنیارەکان زۆر هاتن، وتیان ئەبێ هەیئەیەکی جیاواز بێت، هەیئەی جیاواز، میزانیەیەکی گەورەی ئەوێت، بینایەی ئەوێت، ئێستا ڕیقابەی مالیمان هەیە، یەکسەر سەلاحیەت ئەدرێتە ئەو، بەلام ئەمڕۆ ئێمە ئەگەر تەنها ئەو سەلاحیەتەیان بدەینێ، دوایی قانونەکەشمان حازرە،

قانونەکـە تەقـدیم ئەکـەین، ئەگـەر ئـەمڕۆ ئـەو پێشـنیارە وەربگیرێـت، پێشـکەوتنێکی گەورەیــە لــە چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئیتان لیژنەی قانونی و برادەرانی رەقابە لەسەر ئەوە، خۆی ئـەوە لـە ڕاسـتیدا ئەگـەر قانونەکـە هـەبێت، ئەو ماددەیە ئەو دەسەڵاتە دەدرێتە ئەوان، یان ئەدرێتە هەیئەی فەساد مـن نـازانم، بـەڵام مەسـەلەن ئێسـتا ئەوە تەتبیق ئەبێت لەسەر سەفیرەکان، کە دا ئەندرێت، پێش ئەوەی دەست بەکار بن، ئیستیمارەیەك هەیە لـە وەزارەتـی دەرەوە، پـڕی ئەکەنـەوە، زیمـەی مالیـان چیان هەیـە، دەبـێ لـەوێ بنووسـرێت، جـا هەریەکـە ئەنجومەنی وەزیران بەنیسبەت وەزیرەکانی خـۆی، دەبـێ بینووسـێت، ئەگـەر قانونەکـە دەرچـوو، جانـازانم هەیئەی نەزاهە بەو ئیشە هەڵئەسێت، یان ڕەقابە، ئەوە زۆر وازح نیە، بیخەینە ئێـرە دوایـی لەقانونەکـەدا بوو بەمەسئولیەتی هەیئەی نەزاهە، تۆزێك گرانە، ئەگینا من لەگەڵ تۆدام، ئەگەر قانونەکە دەرچوو تێیدا بوو، هەیئەی نەزاهە یەعنی مەوزوعەکە عائیدی هەیئەی نەزاهە بوو، ئەوە پێویست ناکـات، ئەگـەر ڕەبـتی ڕەقابە کرا، ئەو وەختە بەماددەیەك لەوێ ئیلزامی ڕەقابە ئەکرێت، بۆ بەدوادا چوونی، من تەسـەورم وایـە، کاك دکتۆر فوئاد فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی هەشتەم، لە عەرەبیەکەو کوردیەکەشدا جیاوازییەکیان هەیە، بەڕاستی باسی یاسا کراوە لە کوردیەکەدا، لە عەرەبیەکەدا باسی نەکردووە، وا باشە لە بڕگەکەدا بکرێت بە بمتابعة القوانین والانظمة نەك تەنها الانظمة، لە کوردیەکەشدا، ئەگەر تەماشا بکەین، لە دواییەکەدا ئەڵێت، بەمەبەستی پێشخستنی گۆڕانکاری لەو یاساو ڕێنماییانەدا، لەبەر ئەوە باسی یاسا کراوە، بەڵام لە عەرەبیەکەدا ئەڵێت: تعدیل في تلك الانظمة والتعلیمات باسی یاسا نەکراوە، لەبەر ئەوە ئەگەر یاسا دابندرێت لەپێشەوە، نەك هەر الانظمة والتعلیمات، وا باشە لە بڕگەی جیم گۆڕانێکی تێدا بکرێت، ج- التأكد من إستعمال المالیة العامة، ئەوە بکرێت بە مالی عام، چونکە تۆزێك لەنگە، دوایش لەجیاتی تقیم فوائدها بکرێت بە ضمان کفائة استخدامه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم باشە ئەوانەی وردە مولاحەزاتیان هەیە، بە وەرەقەیەك بیدەنە لیژنەی قانونی، ئەوە تەبیعیە، لە ئیعادەی صیاغەدا ئەوانە چاك ئەکرێتەوە، تەنها نوقتەی موهیم، چارەسەرمان کرد ئەوەی کاك سەردار، سەحبی پێشنیارەکەی ئەکات و ئیهتیمام بەپرۆژەکە ئەدات، بەنیسبەت زیمەی مالیەکە، کاك جمال و کاك عادل قسە ئەکەن، فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەحەقیقەت، ئەگەر لە كۆمەڵگای مەدەنی سەیری ئیش وكار و مەهامەكانی ئەم دام و دەزگایە بكەین، تەنها دەوائیری حكومەت ووەزارات ناگرێتەوە، ئێمە بەڕاستی مواجەهەی خەتەرێكی گەورەین، ئەوانەی كە ئیش وكاریان هەیە، ئەوانەی تیجارەت ئەكەن، ئەوانەی بازرگانی ئەكەن، ئەوانەی یەعنی بەشێوەیەك بەهەوەسی خۆیان سعر دائەنێن، بەهەوەسی خۆیان كار ئەكەن، و بەهەوەسی خۆیان شت ئەكەن، نەشوناماكەیان زۆر زۆر فراوان وگەورەیە، لەبەر ئەوە بەڕەئی من مەهامی چاودێری كردنی بازرگانەكان، ئەگەر لە شوێنێكدا جێگای بكرێتەوە، زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بتواندرێت، زەبتی بازاڕ بكرێت، ئەمە یەكێكە لە هەرە شوێنە گرنگەكان، یەعنی ئیشوكاری ئەم دائیرەیە تەنها دەوائیرو فەرمانبەران ومەسئولین نەبێت، بازرگانەكان و ئەوانەشی كە تیجارەت ئەكەن، هەر كەسێك لە شوێنێك كار ئەكات، مەفروزە ناوی هەبێت، لە سیستەمی نوێدا، سیستەمێكیان هەیە، پێی ئەڵێن (ئادد) كۆمپیوتەر خۆی هەڵی ئەبژێرێت، ئیمڕۆ ( ئەحمەدی مەحمود) هەڵ ئەبژێرێت، مەسەلەن پاش فەترەیەكی تر یەكێكی تر هەڵ ئەبژێرێت، لیژنەیەكی تەدقیقی ئەچێت، ئەم برادەرەی كە ناوی هاتووە، بە ئەوراقەكانیدا ئەچنەوە، چەندی كڕیووە، بە چەندی فرۆشتووە، چەند قازانجی كردووە، بۆ ئەوەی زەبتی بازاڕ بكرێت، چونكە بەحەقیقەت، ئێمە گەورەترین موشكیلەمان ئەمڕۆ لەناو بازاڕدا هەیە، چونكە بەبێ حیساب تاجیرەكانمان دەوری خۆیان ئەبینن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال ئەوە ڕیقابەی تیجارییە، عیلاقەی بە بازاڕەوە نیە، ڕەقابەی مالیە، ڕەقابەی مالی هی حكومەتە، ئەموالی عامە یەعنی ئەموالێك كە لە وەزارەتی مالیەوە سەرف ئەكرێت، بازاڕ لیژنەی تری هەیە، محافز دەری ئەكات، لیژنەی تیجاری دەری ئەكات، ڕەبتی نیە، نوقتەی نیزام نەبێت، لە نیوەیدا ئەیبڕم سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابت لە میانەی ئەو گۆڕانكارییانەی كە برادەران لەقسەكانیاندا كردیان، سەلاحیەتت دا بەلیژنەی یاسایی كە دوایی، ئێمە تەقدیمیان بكەین، ئێمە قەت وامان نەكردووە، ئەگەر ئەو گۆڕانكاریانە ئەتانەوێت بیخەنە ناو یاساكەوە، یەكسەر خۆیان ئێستا نەصەكە ئەگۆڕن، بۆ ئەوەی ئێمە دەنگی لەسەر بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ ئەوەلەن: ئەو قسانەی كە تۆ كردت، شەرت نیە، ئەوەی كاك سەردار خۆم پێم وت، بۆم شەرح كردو، سەحبی ئیقتراحەكەی ئەكاتەوە، باشە ئێستا ئەیخەمە دەنگەوە، كاك سەردار داوا ئەكات، كەلێرەدا، فەرموو كاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من روونكردنەوەیەك ئەدەم، پشتگیریە لە ڕەئیەكەی تۆ، ئەوەی كاك تارق باسی كرد، كە زیمەی مالیە، لە ئوردن قانونێك هەیە، بەناوی قانون اشهار الذمة المالیة، یەعنی ئەوە لێرە جێگای نابێتەوە، پێویستە بە قانونێكی تایبەت پرۆژەیەكی بۆ ئامادە بكرێت و تەقدیم بكرێت، ئەوە یەك: دوو: سەبارەت بە فەسادی ئیداری، دیسان قانون هەیە، قانون هیئة الفساد الاداري، یەعنی ئەبێت بەدوو قانونی جیا، دوایی لەو قانونەشدا هاتووە، ئەشخاصەكان كێن كە شمولیان ئەكات، ئیشهار زیمەی مالی وەزیرەكان، ئەندام پەرلەمان، سەرۆك وەزیران، دیاری كراوە، ئینجا ئیجرائاتێكی دوورو درێژی هەیە، ئەوەی كاك تارق باسی كرد، تەنها فۆڕمەكەیە پڕ ئەكرێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك زانا فەرمووو.**

**بەڕێز قادر سعید خضر( زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من لەكاتێكدا كە زۆر بەجدی پشتیوانی كاك سەردار ئەكەم، لەسەر مەسەلەی ئیشهاری زیمەی مالی، بەڵام پێم وایە هیچ پەیوەندی بەدیوانی چاودێری داراییەوە نیە، چونكە ئەو دیوانە تایبەتە بە مالی عام، پەیوەندی بە دەزگای نەزاهەوە هەیە، جێی خۆشیەتی پەلەی لێ بكرێت، پرۆژە یاسایەك پێشكەش بكرێت ودەنگی بۆ بدرێت، یەك خاڵی تریشم هەبوو، ئەگەر لێم وەربگرن، ئەویش سەبارەت بە خاڵی بـ التأكد من عدم تجاوز حدود الاعتمادات المالیة من المیزانیة المصدقة. لەبەر ئەوەی ئێمە تەقریبەن بێ ئومێد بووین لە حكومەتی هەرێم، حساباتی خیتامی خۆی بنێرێت بۆ پەرلەمانی كوردستان، با ئەم دیوانی چاودێرییە ڕاپۆرتێكی ساڵانە بداتە پەرلەمان، لەسەر چۆنیەتی سەرف كردنی میزانیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**سوپاس، بەڵام ئەوە ئەو قانونە خۆ بۆ یەك ساڵ نیە، ئەم ساڵ تەقدیمیان نەكردووە، ئەو قانونە بۆ بیست ساڵی تریشە، كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**دیارە زۆر بەی زۆری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەدان كە ئەوەی كاك سەردار وتی لەم یاسایەدا جێگای نابێتەوە، منیش پشتگیری ئەو ڕەئیە ئەكەم، ئەوەی كاك سەردار ئەڵێت، نزیكی ئیشوكاری هەیئەی نەزاهەیە، چونكە عیلاقەی بەزەوابتێك هەیە، ئەو زەوابتەش پێویستە بەیاسایەك بكرێت، ئەوەی كە لەهەیئەی دیوانی ڕەقابە هاتووە، هەمووی عیلاقەی بەموازەنەوە هەیە، ئەوەی كاك سەردار دەڵێت هەندێ خاڵ دەگرێتەوە خارجی موازەنەیە، چۆن موراقەبە ئەكرێت، جا لەبەر ئەوە دەبێ یاسایەكی تایبەتی هەبێت، ئەو یاسایەش لە پەرلەمان دەبێ پەسەند بكرێت، ئێمە لەپرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستانیش**

هەیئەی نەزاهەمان داناوە، بەهەیئەیەکی موستەقیل، بۆیە بەقەناعەتی من، ئەوە جێگای لێرە نابێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاری ئەم بەڕێزانە لیژنەی چاودێری دارایی، چاودێری ماڵی میللەت ئەکەن، ئەو بودجەیە ئەو میزانیەی کە هەمانە، کە ئەو وەزارەتانە، پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت چۆن سەرفی ئەکات، بەوە ئەو مومتەلەکاتەشی کە هەیە، هەمووی هی میللەتە، پەرلەمان هی میللەتە، سەرۆکایەتی هەرێم هی میللەتە، حکومەت هی میللەتە، دائیرەکانیش هەمووی ماڵی میللەتە، ئەمان بەپێی یاسا لێی ئەکۆڵنەوە بزانن لەکوێ ئیستیفادە ئەکەن، ئەوانەی کە بەڕێزان کاک سەردار و هەندێك لە برادەران باسیان کرد، ئەوە بەیاسایەکی تایبەت دەرئەچێت، ئیشی ئەم بەڕێزانە نیە، کە یاسای پێ دەرچوو ئەوجا ئەم بەڕێزانە ئیستینادەن بەو یاسایە بەدوادا چوون ئەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار دوا ڕەئیت، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو قانونیەك هیچ قانونێکم نەدیووەو هیچ ماددەیەکیشم نەدیووە، بڵێن ئەو سەڵاحیەتە هی هەیئەی نەزاهەیە یاخود هی دیوانی چاودێرییە، وەکو موشەریع تۆ چ قانونێك دا ئەنێیت ئیتر ئەوەیە قانونەکە، لێرە حەز ئەکەم ئاماژە بەیەك خاڵ بکەم، 6- إظهار وثائق الفساد والاحتيال والتبذير، ئەوە ئالیاتی ناوێت، یەعنی چۆن کەشفی ئەکات، چۆن ئیحتیال کەشف ئەکات، ئەگەر ئالیاتی بۆ دانەنێین، یەك لەو ئالیاتانە مەسەلەی زیمەی مالییە، من تەبعەن ئەزانم، قانونەکانی هەموو وڵاتەکانم خوێندووە، زۆربەیان پێی ئەڵێت، قانون من اين لك هذا، لەگەڵ هەندێك لەبرادەران قانونەکەشمان ئامادە کردبوو، یەعنی پێی وەرنەگیرا، بەهەر حاڵ بۆیە ئەوەی کە داوا ئەکەین، تەنها ئەمرۆ سەڵاحیاتەکەی بدەینە دیوانی چاودێری ودوایی قانونەکە تەقدیم ئەکەین، دوا ڕەئیش هی ئێوەی بەڕێزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موفتەرەحی کاک سەردار، فەرموو یا شێخ.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو ماددەیە زۆر قسەی لەسەر کرا، ئەگەر چی تەعاروزێك دروست ئەکات لەگەڵ ماددەی یازدەم، جا بۆیە من داوا ئەکەم لێرە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، چونکە ماددەی یازدەم ئەگەر چاوێکی پێدا بخشێنی.

المادة الحادية عشرة:

للديوان حق الاطلاع على الوثائق وملفات المعاملات العلنية والسرية ذات العلاقة بالاعمال المالية،..... تا كۆتایی، ئەو ماددەیە، چارەسەری هەموو ئەو شتانە ئەکات، بۆیە من داوا ئەکەم یان ماددەی هەشت هەڵبگیرێت، یان ماددەی یازدە کە هات ئەبێ هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دوو شتی جیاوازە یا شێخ، ماددەی یازدە شتێکی تایبەتی تری تێدایە، ئێستا قسەی زۆرمان کرد، باشە دەی فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك: تۆ ئیشارەتت بەوەدا کە گرێبەستە نەوتیەکان ئەوە شتێکی بەدیهیە، ئەرکی دیوانی چاودێری داراییە، من پرسیارێك لە دیوانی چاودێری دارایی ئەکەم، بزانم ئاگایان لە هیچ هەیە، کردوویانە ئەو کارە؟ دوو: لەماددەی دوازدەدا ئیشارەت بەوە دراوە، کە گرێبەستە گشتیەکان بۆ منح، قەرز، تەسهیلاتی حکومی، ئیشارەت بەهیچ شێوەیەك بەوە نەدراوە، لەبەر ئەوە حەقە بەبڕگەیەکی سەریح و وازح وەك خاص ئەوە ئیشارەتی پێبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوا کەس قسە ئەکات، ئیتر ڕێ بەکەس نادەم، فەرموو دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کاك سەردارو کاك تارق کردیان، یان ئەوە کاك عادل کردی هیچیان موعارزی یەکتری نین، ئەتواندرێت بەتەنها ئەو یاسایە دەربکرێت، وە ئەتواندرێت لێرەش جێگای بکرێتەوە، یەعنی تەعاروز ناکات، کاك سەردار ڕاست ئەکات، ئێمە موشەرعین، ئێمە ئەتوانین لێرە بڵێین کە لێرە ئەکرێت، یان بەیاسایەکی تر دەربچێت، لەبەر ئەوە ئەمێنێتەوە سەر بڕیاری ئەندامانی پەرلەمان، لێرە ئەوە جێگای بکرێتەوە، یان لەیاسایەکی تردا بێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سعدالدین، بەناوی نوقتەی نیزامی قسە ئەکەن و واش نیە.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو نوقتەی نیزامی، کە دەڵێت ڕەقابەی مالی لە تەهیوئەی خوتەی سەنەوی، لە مەجالی کەشف و تەدقیقات، ئەوەیە، دەڵێت في مجال التعاون مع هيئه التزاهه، لەو تەقریرانەی کەوا تەقدیمی ئەکات، کە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نیشتمانییە، یەکێك لەو تەقریرانەی کەوا تەقدیمی ئەکات، تەقدیمی نەزاهەی عامیشی ئەکات، بۆ ڕوونکردنەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا موقتەرەحی کاك سەردار کە سێ، چوار ئەندام پشتگیرییان لێ کرد، دەڵێت فەقەرەیەك زیاد بکرێت، کە دیاری زیمەی مالی بکات، ڕەئیەکەی موقابیلیش ئەڵێت، ئەوە ئەبێ بەقانونێکی جیاواز دەربچێت، واتە لەسەر مەبدەئەکە کەس خیلافی نیە، کە دەبێت زیمەی مالی هەبێت، قانونی هەبێت و رەقابەی مالی لەسەر هەبێت، کەس لەسەر ئەوە خیلافی نیە، بەڵام موقتەرەحی کاك سەردار ئەوەیە ئەڵێت، لێرە با بەفەقەرەیەك زیاد بکرێت، ئەوەی تریش ئەڵێن، نەخێر ئەبێ قانونی بۆ دەربچێت، ئێستا ئەوە دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە؟ کەئەو فەقەرەیە لێرەدا زیاد بکرێت، بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون دەیژمێرم، 28 دەنگی هێنا، کێی لەگەڵدا نیە؟ واتە بەتەنها قانونی بۆ دەربچێت، 37 کەواتە لێرە دانانرێت، سۆزان خان تۆ تەحدیدەن چیت پێ باش بوو کە زمانەوانی چاك بکرێت و وەرمان نەگرتووە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئەڵێین ب- التأكد من عدم تجاوز حدود الاعتمادات المالية من الميزانية المصدقة. وتم لەگەڵ جیمدا، خۆ ئێمە هەر باسی ئەوە ئەکەین، کە ئیسراف و تەبزیرە تەقصیریش بخرێتە سەری، چونکە تەقییمیش بەشێکە لەوانەی کە ئەبێت، تۆ ئاگاداری بیت، سەبارەت بەخاڵی شەشەمیش، باسی ئەوەم کرد، کە میکانزم اضهار وثائق الفساد، باسی بکەن بۆمان، من پرسیارەکانم لەوەزیری مالیە بوو، بەڵام هیچیان جوابیان نەدامەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ئەو قانونەی کە موناقەشەی ئەکەین، عیلاقەی بەهەردوو وەزیری مالیەوە نیە، بەڵام وەکو وەزیر تەمسیلی حکومەت ئەکەن لێرەدا، ئەگینا وەزیری مالیە فەقەت ناحیەی مەعنەوی حەز ئەکەن یاساکە بەقوەت بێت، چونکە کاریان ئاسانتر ئەبێت، بۆ ئەوەی باشتر ئەو پارەیە سەرف ببێت، من نازانم ئەو پارەیە، با جواب بدەنەوە، مەسئولیەتیان لەسەرفە، مەسئولیەتیان لە عەدەم سەرف نیە، جیهەتی تر هەیە، لە عەدەم سەرف، مەسئولیەت ئەگەر عدم سرف بێت، ئەوە مەسئولیەتیانە، مەحاسەبە دەکرێت، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باس لەوە ئەکەم، چونکە ڕۆژانە خەڵك دێت گلەیی لەلای ئێمە ئەکات، لەوانەیە نەگاتە لای جەنابت، بەڵام گلەیی لە ئێمە ئەکات، یەکێك لەسەرۆکی زانکۆکان، کەداوای تانکیەکی کردووە، بۆ زانکۆکەی پارەی بۆڕییەکەی بۆ سەرف کراوە، بەڵام هی تانکیەکەی بۆ سەرف نەکراوە، ئەوە مەئساتە، ئەی ئەوە نابێ موحاسەبە بکرێت، خۆ قەیناکە دەستی خۆش بێت، دڵی بەپارەی حکومەتەوە ئەلەرزێ، بەڵام خۆ ئەبێت، بیر لەوەش بکاتەوە، ئەو سەرۆکی زانکۆیە پێویستی بەو تانکیە هەیە، بۆیە داوای کردووە، لەبەر ئەوە تەقصیریش ڕجا ئەکەم بەهەموو نەوعێك باسی تێدا بکرێت لەناو ئەم یاسایەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو برادەران ڕەئیتان چیە لەسەر ئەوە، هیچ ڕەئیتان نیە؟ سۆزان خان با من جوابت بدەمەوە، ئەوان جوابیان نەدایتەوە، ئەوەلەن: ئەو فەقەرەی کەهاتووە، تأکد له ئیستعمال پارەکەیە، له حدودی میزانیە، ئەوە ئەرکێکی حیسابی سرفە، تەجاوز نەکردنی تەخصیصات، ئەوە بڕاوەتەوە، بەڵام له فەقەرەی حەوتدا، دەڵێت: 7- التحقيق والتبليغ في الامور المتعلقة بكفاءة التحصيل والانفاق وإستعمال الاموال العامة، لێرەدا ئینفاقەکە ئەو مەوزوعەی کە تۆ دەیڵێیت دەیگرێتەوە، یەعنی ئەوەی تۆ دەیڵێیت ئینفاقەکە بۆ نەکراوە، كما هو مكتوب من قبل المجلس الوطني، یەعنی ئەنجومەنی نیشتمانیی داوای جێبەجێکردنی قانونەکان دەکات، داوای پێداویستی خەڵك ئەکات، ئەوەی تۆ دەیڵێیت لێرەدایە، نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوەی کە سۆزان خان داوای ئەکات، لەماددەی سیازدەهەمدا هاتووە، له فەقەرەی ب- پشتگوێ خستن و کەم تەرخەمی کە دەبنە هۆی ون بوون و بەفیڕۆدانی دارایی گشتی یاخود گەیاندنی زیان به ئابووری نیشتمانی. ئەو کەمتەرخەمییە بۆ ڕەچاونەکردنی ئەو شتانە ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم کاك سەرکیسیش ئەیویست هەمان شت بڵێت، فەرموو.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەیری خاڵی یەکەم فەقەرەی (دال) بکرێت، هاتووە، د- چاودێری و هەڵسەنگاندنی کاروچالاکی بەپێی بەندەکانی ئەم یاسایە. دیوانی چاودێری دارایی دێت تەقیم ئەکات، ئەوەی بەڕێز سۆزان خان فەرمووی لەو حاڵەتەدا، چاودێری دارایی کە بودجەکە سەرف ناکات، وەکو کەموکوڕییەك، له ڕاپۆرتەکەی خۆی دەینووسێت و داوای ئیجرائات ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من زۆر ڕاپۆرتی ڕەقابەی مالیم دیوە، کە ڕەخنە ئەگرێت، کە هەڵنەساوە بەدابین کردنی مەسەلەن زۆپا بۆ فەرمانبەرەکان، با وادابنێین، دیومە کە مولاحەزەیان کردووە، زستان هاتووە سەرۆکی دائیرەکە زۆپای نەکڕیوە، ئەدائی فەرمانبەران کەم بووەتەوە، وەکو مولاحەزەیەك نووسیویەتی، ئەو شتە لە سێ جێگادا، لەماددەی حەوت وهەم ئەوەی جەنابی وەزیری دارایی ئیشارەتی پێدا، هەم ئەوەی نازناز خان ئیشارەتی پێدا، بەوانە جوابی تۆ دراوەتەوە، ئێستا ماددەکە دەخەمە دەنگەوە، بە تەعدیلاتی زمانەوانی و بەوەرگرتنی مولاحەزەی بەڕێزتانیش، کێی لەگەڵدایە؟ با دەستی بڵند بکات تکاتە، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ ماددەکە قبولکرا، داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەم، کە ئیعادەی صیاغەی فەقەرەکان بکەنەوە، بەپێی ئەو مولاحەزاتانەی کەوا دران، بۆ ماددەی نۆیەم تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم:

یەکەم: دیوان راپۆرتێکی ساڵانە دەدات بە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی نیشتمانیی و ئەنجومەنی وەزیران کە تیایدا بۆچوون و تێبینیەکانی تایبەت بە بارودۆخی دارایی وکارگێڕی و ئابووری لە بواری چاودێری دارایی لەسەر وەزارەت و ئەو لایەنانەی دەکەونە ژێر حوکمی چاودێریەوە، هەروەها ڕاپۆرتەکە کورتەیەك لە کارو چالاکیەکانی دیوان لە ماوەی ئەو ساڵەدا لەخۆ دەگرێت.

دووەم: دیوان بۆی هەیە راپۆرت بدات بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کاتێك بابەتێکی گرنگ لە بواری چاودێری و هەڵسەنگاندنی کاروچالاکی دارایی و کارگێڕی و ئابووری دێتە پێشەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

أولاً: يقدم الديوان تقريراً سنوياً الى رئاسة الاقليم والمجلس الوطني ومجلس الوزراء، يبين فيه ملاحظاته عن الوضع المالي والاداري والاقتصادي في مجال الرقابة المالية عن الوزارات والجهات الخاضعة للرقابة ويحوي التقرير ملخصاً عن اعمال الديوان ونشاطاته خلال تلك السنة.

ثانياً: للديوان الحق في تقديم تقرير الى رئاسة المجلس الوطني ورئاسة مجلس الوزراء عن اي موضوع مهم يظهر في مجال الرقابة وتقييم الاعمال والنشاطات الماليةوالادارية والاقتصادية. لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی نیە، لەسەر ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر دلێر ئەی لیژنەی دارایی تێبینی نیە؟

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی داراییش هیچ تێبینیەکی سەبارەت بەو ماددەیە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەچاوی ئەوە بکەن، کە ئێمە ئومێد ئەکەین ئەم قانونە ئەمڕۆ تەواو ببێت، بۆ ئەوەی سبەی بچینە سەر یاسای بودجە، لەبەر ئەوەی تکام وایە ئەوەی زمانەوانیە یان شتی بەسیتە، لەسەری مەوەستن، لەبەر ئەوەی ئیعادەی صیاغە ئەکرێتەوە، ئێستا ناوتان ئەنووسم، فەرموو دکتۆر رەمەزان.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوەی کەدیوان ڕاپۆرتی ساڵانە بدات، مەفروزە ئەو ئەیداتە پەرلەمان، پەرلەمان بیداتە سەرۆکایەتی هەرێم وئەنجومەنی وەزیران، چونکە ئەمە ئۆرگانێکی سەر بە ئەنجومەنی نیشتمانییە، لە دووەمیشدا، کە ئەڵێت: دیوان بۆی هەیە راپۆرت بدات، وابزانم نەك بۆی هەیە، بەڵکو پێویستە لەو کاتانەی کەگۆڕان دێت، بە ئیلزامی بیدات، نەك بە بۆی هەیە، مەجازی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەرەبیەکەی ڕاست ترە، ئەڵێت: ثانیاً: للدیوان الحق في تقدیم تقریر، یەعنی پێشکەشی ئەکات، نەك بۆی هەیە، ڕاپۆرتەکە لە عەینی وەختدا دەدرێتە پەرلەمان، دەدرێتە سەرۆکی هەرێم وئەنجومەنی وەزیرانیش، ئەوە شتێکی موتەبەعە لە هەموو دونیادا وایە، بەڵام هی ئەوان بۆ ئاگادارییە، بەڵام هی پەرلەمان بۆ موتابەعەیە، فەرموو کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتیوانی لە بۆچوونەکەی کاك دکتۆر رەمەزان ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو چرۆ فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من لەخاڵی یەکەمدا تێبینیەکم هەیە، باسی ئەوە ئەکات، کە تەقریری سەنەوی تەقدیم بکرێت، بەڵام من حەزەکەم ئەو تەقریرە سەنەوییە تحدید بکرێت، لە چ مانگێکدا ئەو تەقریرە ئەنێردرێت، بەتایبەتی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کە ئەنێردرێت، لە چ مانگێدا ئەنێردرێت، بۆ ئەوەی بەڕاستی وەکو میزانیەکەی لێ نەیەت، ساڵێك مانگی شەش ئەنێردرێت، ساڵێك مانگی چوار ئەنێردرێت، با کاتەکەی تەحدید بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەقابەی مالی ساڵ دوانزە مانگە ئیش ئەکات، بەڵام تەقیمی بۆ ساڵێکە، ئیلا لە حاڵەتی تایبەت نەبێت، کە وەزیر یان سەرۆکی وەزیران یان پەرلەمان داوای ئەکات، کە ئەچێتە شوێنێك، ئەگینا ئۆتۆماتیکیەن دەبێ تەقیمی ساڵێك تەقریری ساڵانەی هەبێت، لەسەر هەر فەرمانگەیەك، تەنها تەعلیق لەسەر قسەی کاك ڕەشاد وئەوان، سەرۆکی هەرێم وسەرۆکی وەزیران و وەزیرەکان، ئۆتۆماتیکی ئەبێ ئاگادار بن، لەڕاپۆرتەکە، چونکە ئەوانە زیاد پێویست دەکات، تا سەحبی یەدی یەکێك بکەنەوە، تەقدیمی محاکەمەی بکەن، ئیجرائات وەربگرن، ئاگاداری وەزعی عام بن، چۆن ئەبێت؟ ئەگەر ئیجرائات وەرنەگرن، دێت ئەو وەختە پەرلەمان موتابەعەی ئەکات، کە بۆ ئیجرائات وەرنەگیراوە، ئەوە موتەبەعە لەهەموو دونیا، لەبەغداش وایە لەهەموو شوێنێك وایە، کاك شەوقی فەرموو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر فەترەی زەمەنی تەقریرەکە قسەم هەیە، من پێم باشە، لەجیاتی ئەوەی ساڵانە شەش مانگ جارێك بێت، شەش مانگیش فەترەیەکی باشە، بۆ ئەوەی کە ڕیقابەی مالی مولاحەزاتی خۆی بدات لەسەر ئیش وکارەکان، کە ئیلزامیش بێت، پێویستی بەوە هەیە، کە موتابەعە بکرێت، پێم باشە، کە ئەو فەترە زەمەنیە بۆ ئیش وکارەکان وبۆ بەدوادا چوونەکانیش کارێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ بایز فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەقاریر بەنیسبەت رەقابەی مالیەوە، بۆ هەر دائیرەیەك ئەڕوات، لەسەر ئەو دائیرەیە تەقریرێکی تایبەت ئەنووسێت، ئەنووسێت بۆ پەرلەمان و وێنەشی ئەداتەوە بە دائیرەکە خۆی، ئەبێ دائیرەکەش جواب بداتەوە، چونکە ئەوەی رەقابەی مالی ئەینووسێت، مومکینە غەڵەتی تێدا هەبێت، مومکینە لە ڕەقەمێکدا غەڵەتی کردووە، مومکینە داوای وەسیقەیەکی کردبێ، ئەو وەختە دەستی نەکەوتبێت، ئەوە چەندەها جار دێت وئەڕوات، لە نەتیجەدا ئەم موخاتەباتانە هەمووی گەلاڵە ئەبێت، تەقریرێکی سەنەوی لێ دروست ئەبێت، تەقریرە سەنەوییەکە بەهیچ شێوەیەك ناتواندرێت، بنووسرێت، ئەگەر حیساباتی خیتامی نەبێت، ئەوە بەنیسبەت تەقاریر، بەڵام بەنیسبەت ئیختیلاس وتەقسیر ومەوزوعێکی مەوعەیەن کە دێتە گۆڕێ، پەرلەمان داوا ئەکات، یان ئەنجومەنی وەزیران بێت، یەکسەر ڕەقابەی مالی ئەچێتە ئەوێ، تەقریرێکی تایبەت ئەنووسێت، ئەو ئەینێرێت بۆ جیهاتی مەعنی، دوایی ئەوە ڕەقابە هەم دیسان داوا ئەکات، لە وەزارەتەکان لە دائیرەکان، کەوا ئەگەر لەو جۆرە شتانە هەبێت، بیانداتە مەحکەمە، دوای تەحقیق، لەهەمان کاتیشدا خۆی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، بیانداتە مەحکەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا هەر تەئکید بۆ جەنابت، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوە دووەم ساڵە داوای ڕەقابەمان کردووە، هاتوون پێرێ ڕاپۆرتیان لەسەر پەرلەمان نووسیوە، کە هاتەوە لای ئێمە، یەکسەر دامە دیوان لەگەڵ حسابات، بۆ ئەوەی دیراسەتی بکەن، ڕەدی بدەنەوە، ئەو خاڵانەی کەڕاستن باسی بکەن، ئەو خاڵانەشی کە پێویست بەشەرح ئەکات، شەرحی بکەن، ئەوە لەهەموو شوێنێك ئەبێت، ئەبێ بدرێتە فەرمانگەکە، ئەبێ بدرێتە وەزیرەکە، بۆ ئەوەی موتابەعەی بکات، جا ئەگەر جوابی دایەوەو ڕەقابە هەر موسڕ بوو، لەسەر ڕاکەی ئەو وەختە، ئەگەر خەلەلێك هەبوو، فەسادێك هەبوو، دەبێ پێش هەموو شتێك سەرۆکی دائیرەکە، وەزیرەکە سەحبی یەدی بکات، بەتەحریری بگاتە مەحکەمە، ئەگەر ئیجرائاتی وەرنەگرت، پەرلەمان ئێستا شتێکی تازەیە، موتابەعەی ئەکات، بۆ چی ئیجرائات وەرنەگیراوە، قوەتێکی تازەی دراوەتێ، دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕای کاك شەوقیم هەبوو، بەڕاستی شەش مانگ باشە ئەگەر ڕاپۆرت بنێردرێت، چونکە تۆ سەیری ڤوتابخانە بکە، هی زانکۆ بکە، ئەبینی دوو جۆرە تاقی کردنەوە هەیە، بۆ چی لێرەشدا ئەو ڕاپۆرتە نەبێتە هەر شەش مانگ جارێك، کە بەرز بکرێتەوە، ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەمیشم: تەسەلسول زۆر گرنگە، بەڕاستی لێرەشدا زۆر پێویستە، لەپێشدا بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی، دوایی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، پاشان بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە ئەو ڕاپۆرتە بەرز بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو شەرحەی کە بەڕێزت دات، کافی بوو بۆ من، بەلاَم من لێرە یەك قسە ئەکەم، هیوادارم برادەرانی وەزیر لێم تێبگەن، کە من هیچ مەبەستێکم نیە، کاتێك کە باسی توندو تۆڵی چاودێری ئەکەم، چاودێری دارایی لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتیدایە، بۆ هیچ کەسێك نیە، ئەگەر قسە بکەم لەسەر ئەو مەوزوعە، بەلاَم من لێرەدا یەك شتم هەیە، ئەڵێت: أولاً: یقدم الدیوان تقریراً سنویاً الی رئاسة الاقلیم والمجلس الوطني ومجلس الوزراء، خۆشی بەئێمەوە بەندە، یەعنی چاودێری دارایی, مەفروز بوو، بڵێ الی المجلس الوطني ورئاسة الاقلیم، یەعنی پاش و پێش خستن هیچ لە مەوزوع کەم ناکاتەوە، بەلاَم تۆ دەزگاکەت بە ئەنجومەنی نیشتمانییەوە بەندە، لەبەر ئەوە خۆ ئەمە ئەتەکێت و ئەو شتانە نیە، بڵێی وا ئەبێت لەپێشدا، بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بێت، دوایی بۆ ئەوان، بەلاَم کەئەڵێت: یبین فیه ملاحظاته عن الوضع المالي والاداري والاقتصادي في مجال الرقابة المالیة عن الوزارات، تکا ئەکەم، یەعنی شەفافیەت زۆر زۆر گرنگە، بۆچی نەشر نەکرێت، لەوەسائیلی ئیعلامدا، بۆ من هەتا ئێستا ئەوە حەڤدە ساڵە نەمبینیوە، حەڤدە ساڵە چاودێری دارایی هەیە، پێم وابێ، تا ئێستا ڕۆژێك لەڕۆژان نەم بینی محاسەبەی یەکێك بکرێت، خەمەکەی ئێمە ئەوەیە، هەر بەردەوام بێت، ئەوەیە خەمەکەی ئێمە، ئەگەر ئەیکەن بەو شێوەی کە جاران کردووتانە، با خۆمان هیلاك نەکەین، ئەگەر موحاسەبەی تێدایە وبەجدی موحاسەبەی خەڵك ئەکەن، مودیر عامێك یاخود کەسێك، یاخود هەر فەرمانبەرێك، دەست درێژی ئەکاتە سەر ماڵ وپارەی دەوڵەت، لە بەرزترین پلەوە بیگرە هەتا بچووکترین پلە، ئەبێ خازع بێت بۆ ئەم قانونە، لەبەر ئەوە من زۆر سوپاستان ئەکەم، بەس پێم بڵێن چەند کەستان تا ئێستا داوە بە مەحکەمە وهیچ تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەرخۆم چەند حاڵەتێکم لەبیرە، نابێت واش بین، خۆ زۆریش هەیە هەر نەدراوە، ئێمە دانەنیشتووین تەعقیب بکەین لێرەدا، بەس من یەك شت ئەڵێم، ڕەقابە لە دوانزە مانگ کەمتر نابێت، چونکە هەتا میزانیەی ساڵەکە سەرف نەکرێت نابێت، بەلاَم هەر حاڵەتێکی تایبەت بێت، ڕەقابە بۆی هەیە بچێت، خۆی هەست پێبکات، یان تەقریرێکی بۆ بێت، بۆی هەیە بچێت، یان لەسەر داوای ئەنجومەنی نیشتمانیی بێت، یان لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران بێت، یان لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم بێت، بۆ حاڵەتێکی تایبەتی

دەتوانێت بچێت، بەڵام ناتوانێ هەموو رۆژێك بچێت تەقریرێك بدات، کێ ئەتوانێ و کێ فریا ئەکەوێت، کاك سعدالدين فەرمووو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەقریرەکە موتەزەمینە بۆ سێ شت، یەکەم: کەشفی تەدقیقات، دووەم: تەقیمات، سێیەم: الاعمال المتصلە بالديوان، یەعنی ئەو سێ شتەی تێدایە، بەڵام کەئەڵێت ملاحظاتە حول الوضع المالي، ئەو تەقریرە ئەبێ زۆر موفەصەل بێت، ئەبێ ئەو سێ شتە موتەزەمین بێت تێیدا، کە تازە باسم کرد، چونکە ملاحظاتە عن الوضع المالي برێك غموزی تێدایە، لەپاشان هەروەکو برادەران باس ئەکەن، ئەو تەقریرە، تەقریرێکی موفەصەلە، بەڵام ئەو ڕەقابەیە نەتائیجی ئەعمالی هەیە، ئەوە لابد ئێمە لێرەدا داومانەتە دیوان، للديوان حق، بۆیە دەبێ تەقریری فەصڵی هەبێت، بۆ نەتیجەی کارەکان، چونکە ئەگەر لە کۆتایی ساڵ ڕەقابەی مالی تەقاریری خۆی تەقدیم کرد، ئەوە ناتوانی تۆ زۆر خازع بیت بۆ تەقیم کردن، دوایش کە ئێمە ئەڵێین للديوان حق عن اي موضوع مهم، باشە ئەی ئەگەر دیوان تەقریرەکەی رەفع نەکرد؟ رەئیشم لەگەڵ ئەوەدایە کە سەرۆکایەتی هەرێم زیاد بکرێت، کە جەنابت باست کرد، لە کوردیەکەی نەنووسراوە بەس لە عەرەبیەکەی نووسراوە للديوان، یەعنی لە حق ان لايرفع التقرير، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دوو شتی جیاوازە کاك سعدالدين، بۆیە دەڵێم تێنەگەشتی، یەکەم: دەبێ دیوان واتە جەبرە، دەبێ تەقدیمی بکات ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی، دووەم: دەڵێت دیوان حەقی هەیە، بیروبۆچوونێکی تایبەتی خۆی هەیە، مەوزوعێکی خاص هەیە، خارجی ئەو واجبەی کە بۆی دیاری کراوە، ئەوە ئەگەر نەشنووسرێت، تەحصیل حاصلە هەر حەقی هەیە، مەبەستم فەقەرەی دووەمە، ئەگەر نەشنووسرێت ئەو حەقەی هەر هەیە، بەڵام لێرە فەرقی هەیە ئەوەیان موفتەرەحێکی هەیە، بۆچوونێکی هەیە، شتێکی تایبەتی خارجی ئەو ڕاپۆرتە ساڵانەی کە ئیعتیادی دێت، موقتەرەحێکی هەیە، ئەڵێت من پێم وایە، یان پێم باشە، قانونی دیوان تەعدیل بکرێت بەو شێوەیە، حەقی ئەوەی هەیە، موقتەرەحێکی تری هەیە، تەقریرێکی تایبەتی هەیە، بەڕێگایەکی تر مەعلوماتی بۆ هاتووە، تەدقیقی کردووە، بۆیە پێویست ئەکات، ڕانەوەستێت لەسەر ڕاپۆرتی ساڵانە، یەکسەر تەقدیمی بکات، ئەگەر نەشی نووسیت ئەو حەقەی بەبەدیهی هەیە، بەڵام لێرەش نووسراوە، ئێستا با بۆت ڕوون بکەمەوە، ڕاپۆرتی ساڵانە دەنووسێت، لە کۆتایی ساڵ لەمانگی یەکەوە دەست پێدەکات، بە تەدقیقی ساڵی پێشووی ئەو وەزارەتە، با بڵێین وەزارەتی عەدل، چونکە ئەو موشکیلەی کەمتر هەیە، وەزارەتی عەدل تەقریری نووسی، لە مانگی چواردا تەقریرەکە تەقدیم کرا، لەمانگی شەش مەعلوماتێکی بۆ هات، کە لەوەزارەتی عەدلدا خەلەلێك هەیە، چوو زانی یاخود وەزارەتەکە ڕێگایان نەدا، هەر شتێك یەعنی بۆ هەیە، ڕانەوەستێت لەسەر ئەوەی تا کۆتایی ساڵ ئینجا بچێت، تەدقیق بکات، بۆی هەیە، نامەیەك بنووسێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بڵێت ئێمە پێمان باشە ئەو وەزارەتە خەلەلێکیان هەیە بۆیە با ئیجرائات وەربگیرێت، یان بۆی هەیە، وەکو باسم کرد داوا بکات، قانونەکەی خۆیان تەعدیل بکات،

یان بۆی هەیە، داوا بکات کە خەڵکێك ئەنێرێتە دەرەوە میزانیەی خۆیان بەشیان ناکات، پارە تەخصیص بکەن، بۆ هەموو شتێك، یەعنی ئەو حەقە تەبیعیە، لێرە بنووسرێت یان نەنووسرێت، بەڕاستی لێرە هەر زیادە نووسراوە، ئەو حەقە هەموو کەسێك هەیەتی، هەموو فەرمانگەیەك هەیەتی، بۆیە فەقەرەی دووەم هەر بەزیاد هاتووە، کاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکانم وترا، نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان خارجی نیزامی داخلی پەرلەمان ئەبینم، لەبەر ئەوەی زۆر جار لە ماددەی پێشتوو تریش و ئەو ماددەیەش من تێبینی ئەکەم، ئەوەشی کەناوی نەنووسراوە حەقی قسە کردنی پێ ئەدرێت، ئەوە یەك: دوو: زۆر جار موناقەشە دەکەوێتە نێوان سەرۆکایەتی وئەندامێکی تری پەرلەمانی کوردستان، یەعنی ئەوانە هەمووی لەدەرەوەی نیزامی داخلی پەرلەمانن، حەقە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئەو ناوانەی کە دەینووسێت، دوای ئەوەی کەقسەی خۆی کرد، لیژنەی یاسایی و جەنابتان دەتوانن لەوێ وەڵامی بدەنەوە، پاش ئەوە مەجالی ئەوە نەدرێت، هەر کەسێك کەبیرو بۆچوونی بۆ هات، دەستی بڵند بکاتەوەو دووبارە حەقی قسەی پێبدرێت، ئەگەر بەو شێوە بڕوات، تەواو نابێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ نوقتەی نیزامیەکەت ڕاستە، لەگەڵتدام بۆ ئەو شتانە، بەڵام ئەوەی ڕاستیشە نوقتەی تازە کەئەهاتە پێشەوە ناکرێت، لەبەر ئەوەی کە نیزامی داخلی موقەیەدمان ئەکات، پشتگوێی بخەین، ئەوەی کاك سەردار لە ماددەی پێشوودا عەرزی کرد، شتێکی تازە بوو، ئیختیلاف لەسەر هەبوو، هەست کرا کە دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، ناکرێت هەروا سەرۆکایەتی پشتگوێی بخات، 28 کەس دەنگی بۆ دا، بڵێت مەجال نادەم، دەبێت ئەوە بەتێری قسەی لەسەر بکرێت، ئەندامان هەموویان تێبگەن هەردوو وجهە نەزەر، ئینجا دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەوە گرنگ ترە لەوەی کە نەصی شتێك ئیلتیزامی پێوە دەکرێت، ئەگەینا قسەکەت وەکو نیزامی داخلی شتێکی ڕاستە، بەس کە شتێکی وا گرنگ بێتە پێشەوە، ئەندامانی پەرلەمان تەفسیم بوون، بەئاسانی سەرۆکایەتی ئەو حەقە ناداتە خۆی، لەبەر ئەوەی ئەو حەقەی هەیە، بڵێت نابێ تۆ قسە بکەیت، دەبێ روون بێتەوە بۆچی ئەو 28 کەسە دەنگی بۆ داوە؟ دکتۆرە هالە فەرمووو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیار ئەکەم بۆ چی ڕۆتین و موخاتەباتی وەزارەت بە شەش مانگ جێبەجێ نەکرێت؟ یەعنی ئەبێ ئیلا سالێك بێت، ئینجا جێبەجێ بکرێت، یەعنی ئەو دەزگایە دەسەلاتدارە، ئەگەر جوابی ئەو نەدەنەوە، مانای وایە چۆن ئاوا ئیش ئەڕوات، ئەگەر جەنابی وەزیر ڕوونی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو یاشێخ قسەیەك بکە، دیارە بەمن باوەڕ ناکەن.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر قانون و نیزامەکانی قانونی ڕیقابەی کۆن بخوێنیتەوە، هەردوو نیزامی ئێرەو ئەوێ بخوێنیتەوە، ئەصڵەن ئەمانە ڕەقابەی بەعدە سەرفە، ئەوەی دیوانی چاودێری دارایی ئەیکات، ڕەقابەی دوایی سەرفە، چونکە ڕەقابەی پێش سەرف لەهەموو دائیرەیەکدا، تەدقیقی ئەکەن، بێجگە لەڕەقابەی مالی زۆربەی دائیرەکان، مەربووتن بە خەزێنەوە، ئەچێتە خەزێنەو لەوێ تەدقیق ئەکرێت، ئەوجا سەرف ئەکرێت، ڕەقابەی مالی دێت، ڕەقابە لەسەر ئەو ڕەقابانە ئەکات، ئێستا تازە لێرە وا فەقەرەیەك هاتووە، ئەڵێت بۆی هەیە، ڕەقابە پیشی سەرفیش بکات، لەبەر ئەوە لەهەموو حاڵەتێکدا، لەدەوائیری دەوڵەتدا حساباتی خیتامی هەیە، کە تۆ هەر تەدقیقێکت نارد، هەر تەقریرێك رۆشت، تۆ ناتوانیت، ئیراد وسەرف وئیراداتی حیسابی تەسبیت بکەیت، چونکە حساباتی خیتامی نەکراوە، حساباتی خیتامی ئەصڵەن تەسویە وخیتامەکانی هەڵەکان، هەڵەی تەزویر نا ئەختائی حسابی ئەنواع وئەشکال مەشاکیلی حسابی هەیە، ئەو برادەرانەی کە حیسابین باشتر ئەزانن، ئەو تەصویانەی کەوا تێیدا ئەکرێت، دوای ئەوە تەقریری ساڵانە و هی مانگانەو هی سێ مانگی دێت، یەعنی ڕەقابەی مالی بەهیچ شێوەیەك، لە هیچ وەختێکدا لە شوێنی خۆیدا ڕانەوەستاوە، ئێستا حالیەن لەلای ئێمە ڕەقابەی مالی هەیە، تەدقیق ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد رفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی دەزگای دیوانی چاودێری بە یاسا بەستراوەتەوە بە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە، بۆیە دەبێ ئەو ڕاپۆرتانەی کەوا دەیدات، بیدات بەسەرۆکایەتی ئەنجومەن پێشەکی، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئەگەر بەباشی زانی ئاگاداری سەرۆکایەتی هەرێم وسەرۆکایەتی وەزیران ئەکات، لە ماددەی دووشدا لەو بابەتە گرنگانەی کە دێتە پێشەوە، لە بواری چاودێری دارایی وکارگێڕی وئابووریدا، هەر پێویستە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی لێ ئاگادار بکات، سەرۆکایەتی ئەنجومەن لەڕێگای خۆیەوە، ئەگەر بەباشی زانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح( دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە لەسەر دووەم بۆی هەیە، قسەیان کرد، کە بابەتی زۆر گرنگ ئەبێت، دەبێت مولزم بێت ڕەقابە، کەڕاپۆرتەکە بنووسێت، لەبەر ئەوە یان دووەکە نەمێنێت یان ئەو بۆی هەیە، نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەژاڵ خان فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکانم وترا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاستان ئەکەم، پێشنیارەکەی من کرا، بەڵام بۆ تەئکید کردن، بڕگەی دووەم منیش تەئکیدی ئەکەمەوە سەر، ئەگەر دیوان حاڵەتەکەی بەگرنگ ئەزانێت، با مولزەم بێت، نەك بۆی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکانی منیش وترا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیتر ئەوانەی کەوا ناویان نووسی تەواو، ئیلتیزام بەنیزامی داخلی ئەکەم، قسە نادەم بەکەس، لەسەر دووەم زۆر موناقەشە کرا، موقتەرەحێك هات دەڵێت زیادە کە دوو کەس وتیان، منیش ئەڵێم هەر زیادە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کەدووەم زیادە، ئەوە خۆی تەحصیل حاصلە، بەدیهیە، کاك خەلیل شەرحی ئەکات، فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، یەکەم: جەماعەت باسی تەسەلسولەکەیان کرد، لە عەرەبی ئەو واوە بۆ جەمعە، بۆ تەرتیب نیە، ئەنجومەنی نیشتمانیی یەعنی پەرلەمان، پێش بێت یان پاش گرنگ نیە، لە قانونی سابقیش بۆ شەش

مانگ هاتبوو، ئێستا ئەو موقتەرەحە هەبوو، تەقریرەکە سەنەوی نەبوو، بۆ شەش مانگ بوو، لە قانونی ژمارە(14) هی ساڵی 2000 لەو مەشروعەدا وابوو، لێرە باسی زیادە دەکرێت بۆ دووەم، دووەم زۆر گرنگە کە هەبێت، مەسئەلەیەکی جەوهەرییە، مەسەلەکە دیوان هەست ئەکات، شتێکی گرنگ هەیە، خەلەلێك هەیە، شتێکی موثیر هەیە، بۆیە رجائەن دووەمەکە زیاد نیە، زۆر گرنگە هەبێت، چونکە جەوهەری مەوزوعەکەیە، بەڵام: بڵێیت (على) چونکە خۆی مەسەلەیەکی ئیجتیهادیە، خۆیان ئەزانن (على) کێ ئیلزام ئەکات، خۆیان ئیلزام ئەکات، یەعنی ئەوە حەقی ئەوانەو واجبی ئەوانیشە، بۆیە گرنگە بمێنێت، من لە نزیکەی دە قانون ئیتلاعم لەسەر کرد، لەهەموویان ئەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی تۆ بەموختەسەری لەگەڵ ئەوەدایت کە بمێنێت وەکو خۆی، باشە، کێ بوو وتی با شەتب بێت؟ باشە ماددەکە وەکو خۆی دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بکات، کێی لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، خاتوو چرۆی لەگەڵدا نیە و کاك زراریش، تکایە بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم: ئەم لایەنانەی خوارەوە دەکەونە ژێر حوکمی چاودێری داراییەوە:

أ- هەر فەرمانگەیەك لە فەرمانگەکانی هەرێم یاهەر لایەنێکی دیکە مامەڵە بە دارایی گشتی بکات.

ب- هەموو ئەو سەندیکا و کۆمەڵە و یەکێتی و ڕێکخراوانەی مۆڵەتی کارکردنیان لەلایەن حکومەتەوە پێدراوە.

ج- هەر لایەنێکی تر کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیار دەدات بخرێتە ژێر حوکمی چاودێریەوە یان لە یاسای دامەزراندنیاندا هاتووە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: تخضع الجهات التالية للرقابة المالية:

أ- كل دائرة من دوائر الاقليم أو الجهات الاخرى التي تتعامل بالمالية العامة.

ب- جميع النقابات والجمعيات والاتحادات والمنظمات المجازة من قبل الحكومة .

ج- أية جهة اخرى يقرر المجلس الوطني الكوردستاني إضافتها الى رقابتها من قبل الرقابة المالية أو التي وردت في قوانين تأسيسها. تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە، وەکو لیژنە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك دکتۆر دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی پێی چاکە، لەبڕگەی (ب)دا کە ئەڵێت: ب- هەموو ئەو سەندیکا و کۆمەڵە و یەکێتی و ڕێکخراوانەی مۆڵەتی کارکردنیان لەلایەن حکومەتەوە پێدراوە. دەستەواژەیەکی تری بۆ زیاد بکرێت، یان هاوکاری دەکرێن، لەلایەن حکومەتەوە ئەمەش زیاتر ئەو بڕگەیە تۆکمەتر و بەهێز تر ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر بڕگەی (أ) ئەو هەرە بکرێت بەهەموو فەرمانگەو دامەزراوەیەکی هەرێم، چونکە هەموو فەرمانگەیەك مامەڵە بەدارایی گشتیەوە ئەکات، یەعنی هەرەکە بکرێت بەهەموو فەرمانگەو دامەزراوەیەکی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، هەر فەرمانگەیەك هەمووی ناگرێتەوە لێرەدا، وەکو لە عەرەبیەکەدا واو هاتووە، یەعنی کل الدوائر، کەژاڵ خان فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لەلیژنەی دارایی ئەکەم، بەوەی هەموو ئەو سەندیکا و کۆمەڵە و یەکێتی و ڕێکخراوانەی مۆڵەتی کارکردنیان لەلایەن حکومەتەوە پێدراوەو بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخانکراوە، چونکە ڕێکخراو هەیە مۆڵەتی پێدراوە، بەڵام بودجەی تایبەتی نیە، یان داهاتی نیە لەلایەن حکومەتەوە، بۆیە پشتگیری ئەکەم، کە بودجەی تایبەتیان هەیە، لەلایەن حکومەتەوە، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار ئەکەم، ئەوەیان لە ئەلف بڵێین، یان هەر لایەنێکی دیکە کەمامەڵە بە دارایی گشتی بکات، ئایا ئەوە سێ دەسەڵاتەکە ئەگرێتەوە، یان نا؟ ئەگەر نایگرێتەوە، با بۆی زیاد بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەحصیل حاصلە هەمووی ئەگرێتەوە، وەکو دائیرە هەموویان ئەگرێتەوە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تێبینیم لەسەر پێشنیارەکەی لیژنەی ئابووریە، کە ئەڵێن ئەوانەی هاوکاری وەردەگرن لە حکومەت، پێم وایە کە ئەڵێن المجازة من قبل الحکومة، فراوانترە، ئەوەی هاوکاری وەردەگرێت، ئەوەی وەری

ناگرێت، زمنی موجازەکەیە، نەمزانیوە حکومەت هاوکاری بداتە، ڕێکخراوێك یان سەندیکایەك، کە ئیجازەی پێنەدابێ، پێم وایە زیادە ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرمووو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی قسەکان بکەم، پێم خۆشە جەنابت ئیعتیبار بەیەك شت بکەیت، کە جەنابت ئەڵێت تێنەگەشتی یان ئەوە لەقانوندا نیە، سەرەتا ڕەئیێکمان پێ بڵێیت باشترە، کە ئەڵێت ج- أیة جهة اخری یقرر المجلس الوطني الکوردستاني، باشە بۆ ئێمە نەڵێین اي جهة اخری یعتبرە دیوان الرقابة، بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی، کە ئەوان قەرارەکەشیان لەدەستە نەك ئەنجومەنی نیشتمانیی، ئەوان ئیعتیباری پێ ئەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی مالی عام بەڕاستی ئەبێت هەموو کەسێك ئاگاداری بێت، ڕەقابەی مالی، ئێمە ئەمساڵ گوێمان لێ بوو، کە وا پەرلەمانی عێراقیش هەستا کۆمەڵێك پارەی داوە بەو ڕێکخراوانەی کەوا لە ناو هەرێمی کوردستاندان، پارەکەش خەیاڵی بوو، هەمووی سەد ملیۆن، سەدو پەنجا ملیۆن، کە وەریانگرتووە، لەپەرلەمانی عێراقی، لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراقەوە، هەمووشیان هێناویانە کەوا لێرە پرۆژەی پێ بکەن، ئایا چاودێری دارایی ئەم مالی عامە، وەکو بودجە، وەکو منحە وەری نەگرتووە؟ لە شوێنێکی ترەوە بۆی هاتووە، مەفروزە ئەو لایەنە، کە ئەو منحەیەی وەرگرتووە، ئاگاداری حکومەت بکاتەوە، یاخود لایەنی پەیوەندیدار بڵێت، من ئەو منحەیەم وەرگرتووە، فەرموون وەرن بزانن من چۆنم سەرف کردووە، یاخود ئەمان ئەبێت ئاگادار بن، بزانن ئەو ڕێکخراوانە چۆن پارە وەر ئەگرن، لەگەڵ ڕەئیەکەی بەڕێزانی لیژنەی دارایم وپشتگیریشی لێ ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەندەی من بزانم لەو مەوزوعەدا، ئەگەر فەرمانگەکە سەر بەدەوڵەتی عێراقی فیدراڵ بێت، یەعنی میزانیەو یارمەتیەکەی لە عێراقەوە وەرگرتبێت، ئەوە خازعی ڕقابەی مالی عێراقە، ئەو دێت تەدقیقی ئەکات، ئەگەر لێرەش هەبێت، یەعنی موشتەرەك بێت، لەوێ موساعەدەیەکی وەرگرتبێت، ئەوە تۆماتیکی کە ئەو پارەیە وەردەگرێت، خۆ نایشارێتەوە، دەبێت تۆماری بکات لە سجیلاتی خۆی، کە تۆماری کرد، ڕەقابەی مالی کە ئەچێت، یەکەمجار سجلاتی بزانێت واریداتی چیە، پارەکەی چیە؟ تەماشا ئەکات،

تەدقیقی ئەکات، ئەو کاتە خازعە بۆ ڕەقابە، ڕێکخراوەکانیش هەروەها، ئێمە مەسەلەن یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ئیجازەیان وەرگرت، ئێستا ئێمە منحەیەکیان ئەدەینێ، خازعە بۆ ڕەقابە، دەچێت ڕەقابە تەدقیق ئەکات، ڕێکخراوێك هەیە لێرە، یارمەتی لە بەغدا وەر ئەگرێت، ئەو ڕێکخراوە لە کوردستانیش وەری ئەگرێت، بەڵام سجلاتی هەیە، ئەو پارەی لێرەش وەری ئەگرێت ولە بەغدادیش وەری ئەگرێت، تۆماری ئەکات، بەغدا بۆی هەیە، ئەگەر ئەو جیهەتە ڕەقابەی مالی مەسەلەن، مەجلسی نوابە، ئەو مەجلسە ڕەقابەی مالی دەچێت، تەماشا ئەکات، 100 ملیۆنی داوەتە ڕێکخراوێك لە کوردستاندایە، بۆی هەیە، بێت بزانێت ئەو سەد ملیۆنە چۆن سەرف کراوە، ڕاستە وەرگیراوە، بەڵام بۆی هەیە، پارەیەکی ئیتیحادیە، فەرموو یا شێخ ئەگەر قسەت هەیە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو ڕێکخراوێکی موجاز بەپێی قانونی جەمعیات ژمارە(18) وە بەپێی قانونی ڕێکخراوەکان ژمارە (297) خازعە بۆ ڕەقابە، جا ئەگەر پارەی وەرگرتبێت یان وەری نەگرتبێت، ئەوا دەوائیری ڕەقابەی مالی تەدقیقی ئەکات، ئەگەر ڕێکخراوێك ئیجازەی نەبێت، چۆن ئەتوانێت ئیش بکات لەکوردستاندا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ تەئکیدی قسەکانت، ڕەنگە ڕێکخراوێك تەنها ئیجازەی وەرگرتبێت، هیچ پارەش لە حکومەتەوە وەر نەگرێت، بەڵام پارەی خۆی هەیە، ئیشتراکاتی هەیە، مادام وایە خازعە بۆ ڕەقابە، یەعنی قانونیە، ئەو پارەیەش لە ئیشتراکاتیش بێت هەر خازعە بۆ ڕەقابە، لێرە یەك نوقتە ئەمێنێت ئەوەی کاك دلێر وتی هی لیژنەی مالی، ئەوەی کاك سەرداریش ئەڵێت، ئەوەی نووسراوە فراوانترە، کاك دلێر تۆ پێت چۆنە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی باوەڕ ناکەم ئەوەی هاتووە لەدەقی یاساکەدا، فراوانتر بێت لەوەی کە ئێمە پێشنیازمان کرد، بەڵام دیارە هەر کۆمەڵەو سەندیکاو ڕێکخراوێك لە هەرێمی کوردستاندا کار بکات، ئیجازەی لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە، ئێمە تەنها بۆ بەدگومانی ئەوانەی کە بەچاوی گومانەوەن، بەڕاستی ئەمانەوێت، ئەوە ئیزافە بکرێت، بەهێزتری ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەرانی ڕەقابە هیچ قسەتان هەیە لەسەر ئەو قسەیە بۆ ئەوەی زیاد بکرێت، ئەگەر بیخوێنیتەوە کاك خەلیل بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر بڕگەی یەکەمیش قسە هەبوو، یەعنی ئەگەر ئێوە ئیجازە بدەن، ئێمە ئەلفیش ئەگۆڕین، هەیئاتی سەربەخۆمان هەیە، وەزارات و ئیداراتی تابع بەوە، وە میزانیەی موستەقل هەیە، مولحەق هەیە، ئەوانە هەیە، ئەوی تریش ب- جمیع النقابات والجمعیات والاتحادات والمنظمات المجازة من قبل الحکومة، اي مدعومة من قبل الحکومة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کاك دلێر بڕێك لەنگی ئەکات، ب- جمیع النقابات والجمعیات والاتحادات والمنظمات المجازة من قبل الحکومة، اي مدعومة، کە ئینەهو غیر مجازە، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو ئیتیحادات و نەقابات میزانیەیان موستەقیلە، موستەقیلە ئیدارییەن و مالییەن، بۆ خۆی ئیشتراکاتی هەیە، خۆی کۆی دەکاتەوە، ئەگەر بیخەینە ژێر ئەو بارەوە دوایی تەعاروز ئەکات، هیچ میزانیەکیان نیە لە لایەن حکومەتەوە، هەتا ئێستا ئەوە مەفتوحە، ئەوەی بە مینحە دەیاندرێتێ ئەوە شتێکی ترە، بەڵام خازعی ڕەقابەی مالیە، هەموو ساڵ کە حساباتی ختامیان دەکرێت، نوسخەی دەدەن بە دیوانی ڕەقابەی مالی، دیوانیش لە سەر رۆشنایی ئەو حیساباتی خیتامیە، ئەچێت تەدقیقی حساباتیان دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم من پێم وایە، ئەوە زیادە نووسینەکەی، کاك دلێر تەحصیل حاصلە ئەگەر نەشنووسرێت.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها بۆ تەئکید کردن، نووسیومانە، بەبێ ئەوەش کە بنووسرێت لەڕاستیدا ئەوە هەر ئەگەیەنێت، ئێمە وەکو تەئکیدێك نووسیمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە سەحبی بکەنەوە، ماددەکە بەو موقتەرەحەی کاك خەلیل و بەوەش کە کوێستان خان وتی، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بکات، تکایە، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی سێیەم

پسپۆڕیو دەسەڵاتەکانی دیوان

ماددەی یازدەم:

دیوان مافی بینینی هەموو ئەو بەڵگە نامانە و دۆسیەی مامەڵە ئاشکرا و نهێنیانەی هەیە کە پەیوەندیان بە کاری داراییەوە هەیە تەنها ئەوانەی سەرۆکی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی بە دەری دەکەن، بۆ ئەمانەش پێویستە سەرۆکی دیوان ئاگادار بکرێت و زانیاری و رای خۆی لەسەریان بدات.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثالث

اختصاصات وصلاحيات الديوان

المادة الحادية عشرة: للديوان حق الاطلاع على الوثائق وملفات المعاملات العلنية والسرية ذات العلاقة بالاعمال المالية، عدا الوثائق التي يستثنيها رئيس الاقليم بالتنسيق مع رئيس المجلس الوطني، على أن يخبر رئيس الديوان للاطلاع على المعلومات وإبداء الرأي فيها. لیژنەی یاسایش هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەم ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی ئێوە تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی داراییش هیچ تێبینیەکی نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محمد رفعت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم من پێشنیار ئەکەم، ئەمەی لێ بهێندرێتە دەرەوە، کە ئەڵێت: تەنها ئەوانەی سەرۆکی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی بە دەری دەکەن، چونکە ئەم مەسەلەیە، مەسەلەی پارەیە بەڕاستی، نابێ هیچ کەسێك و هیچ دەزگایەك، لە مەسەلەی حساباتی پارە دەربهێندرێتە دەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرمانبەرانی دیوانی ڕەقابەی مالی، خەڵکی کوردستانن، دوایی لە سیفەتە هەرە بارزەکانی ئەوانە، ئەوەیە کە نهێنی بپارێزن و ئەمینیش بن، لەبەر ئەوە حەقی ئەوەیان هەیە، ئیتیلاع لەسەر هەموو وەسائیقێکی مالی کە هەیە بکەن، شەرت نیە ئەو وەسائیقانەشی کەئەوان ئیتیلاعی لەسەر ئەکەن، بڵاو بکرێتەوە، چونکە هەندێ جار بڵاو ناکرێتەوە، بەس دەبێ حەقی ئەوەیان هەبێت، ئەو فەقەرەشی کە هاتووە، عدا الوثائق التي يستثنيها رئيس الاقليم بالتنسيق مع رئيس المجلس الوطني، ئەوە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی تۆزێك ئەوە شەرح بکرێت وشتەکە بە عاتفی وەرنەگیرێت، لە هەموو دونیادا ئەو جۆرە سەرفە هەیە، گەورەترین دەوڵەت کە ئەمەریکایە، ئەو جۆرە مەسرەفە هەیە، لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکی وڵاتدایە، کە خۆی تەحەمولی مەسئولیەت ئەکات، بۆ ئەوە نیە کەوا لە موستەقبەلدا کەشف نەکرێت، ئەگەر تۆ لێرە ئەوە لابەریت کەواتە تۆ دەستی هەرێم دەبەستی، کەوا ئەنواع و ئەشکال مەساریف هەیە، با بەسەریح تر بڵێین، لەوانەیە بۆ دژە تیرۆر شتێك سەرف بکات نابێ کەس بیزانێت، بۆ پشتگیری کردن لەهەندێك ڕێکخراو، کە ئەمڕۆ هی ئەوە نیە باسی بکەین، ناکرێت بەو شێوەیە هەموو شتێك باس بکرێت، بەڵام من موقتەرەحی خۆم ئەوەیە، لێرە دەبێ سێ کەس ئاگادار بکرێتەوە، سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی وەزیران، دەبێ ئەو سێ کەسە ئاگادار بن، تەنسیق لەو مەسرەفەدا هەبێت، بە سەرۆکی دیوانیش بڵێین ئەو شتە نهێنیە، بۆیە خازع نیە بۆ ڕەقابە، ئەوە تەبیعیە، کاك محمد حکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پشتگیری ڕاکەی کاك رەفعەت ئەکەم، بەڵام یەك تێبینیم هەیە، دژە تیرۆر وەك یاسا دەزگا نیە تاکو ئێستا لە کوردستان، ئێمە ئاسایشی گشتیمان هەیە، پێم وابێ بەپێی یاساش دەزگای پاراستن یاسای بۆ دەرکراوە، دژە تیرۆر تەسمیەیەکی تازەیە، لەگەڵ ئەمریکادا هاتووە، پێم وایە یاسای لە پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرنەچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمووومان لەمەسەلەی ئەمنی قەومی تێئەگەین، بەڵام وا بزانم ئەم ئیستیسنائە، کۆمەڵێ کێشەمان بۆ دروست ئەکات لەداهاتوودا، دووریشمان ئەخاتەوە لە شەفافیەت، بۆیە من پێم وایە لە دوای تەنها نەمێنێت، تەنها نیوەی ڕستەکە بمێنێ کافیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕای كاك رفعت و كاك تەلعەتم هەیە، ئەوەی نازناز خانیش كە بەڕاستی، ئەوە لە شەفافیەتمان دوور ئەخاتەوە، بۆیە منیش پێم باشە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەزیلە خان فەرموو.

**بەڕێز فضیلة رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی مادەیەكی زۆر گرنگە، پشتگیری لێ ئەكەم، بەس منیش لەگەڵ ئەو برادەرانە تەئكیدی لێ ئەكەم، هیچ ئیستسنایەك نەبێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەژاڵ خان فەرموو.

**بەڕێز كەژال مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پێم باشە، ئەو ئیستیسنائە نەمێنێت، چونكە تەنها لە چوارچێوەیەكی تەسكدا ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری برادەرانم ئەكەم، لەوەی ئەو ئیستسنائە لابرێت، لەبەر ئەوەی یەكەم: بەو شێوەی كە هاتووە، زۆر بەموتڵەقی هاتووە، ئەڵێت: عدا الوثائق التي یستثنیها رئیس الاقلیم بالتنسیق مع رئیس المجلس الوطني، یەعنی هەركام وەسائیق بێت، بۆیان هەیە ئیستسنائی بكەن، ئاشكراو نهێنی، دوو: كەسمان مانعمان نیە، هەندێك سەرفی لابەلا هەبێت، مەسەلەی دژە تیرۆرە، ئاسایشە، هەر جۆرێك سەرف بێت، بەڵام بۆ ئەو مەسرەفانە، خازعی ئەوە نەبن، كە بەحسی لێ بكرێت، لەسەر فەساد و گەندەڵی، ئەوەی مەسەلەن لە برگەی شەش هاتووە، 6- إظهار وثائق الفساد والاحتیال والتبذیر وسوء الاستعمال، با هەموویان خازعی ئەوە بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو ئیستسنایە بمێنێت، التي يستثنيها رئيس الاقليم، لەبەر ئەوەی وەکو جەنابت باست کرد، یەعنی وەسائیقی سڕی هەیە، مەوقیعی جوگرافی ئێمە مەوقیعێکی خەتەرە، لەمابەینی دوەلی مجاور، زۆر شت هەیە، قابیلی ئەوە نیە، کە عەرز بکرێت، لەبەر ئەو برادەرانە با سەرۆکایەتی پەرلەمانیش زیاد بکرێت، ئیحتیمالی هەیە، ئەوانیش ڕازی ئەبن، من پێم باشە فەقەرەیەکی تر زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی مساعد بێت بۆ ئەو فەقەرەیە، لديوان صلاحية تحقيق الملفات اي( الوثائق السرية) وصلاحية اصدار التقرير السري او المدقق حاصل على تخويل الامني، یەعنی تەخویلی ئەمنی بکرێت، ئەوەی کە تەدقیق ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە هاوکارانم ئەکەم، چونکە ئەمە دژی یاسای شەفافیەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جوتیار فەرمووو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف(جوتيار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو ڕەئیە ئەکەم کە نەمێنێت، چونکە لەڕاستیدا ئاسایشی نەتەوەیی لایەنێکی گرنگ وئەهمیەتدارە، بەڵام ئەو کەسەی سەرۆکی ئەو دیوانەیە، بەڕاستی بە پلەی وەزیرە، یەعنی فەرمانبەرێکی ئاسایی نیە، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە، بەپێشنیاری پەرلەمان وبەڕەزامەندی سەرۆکی هەرێم لەوێ دائەندرێت، یەعنی کەسێکی ئاسایی نابێت، ئەگەر ئەو دۆسیانە ئەو بیبینێت، هەندێك دۆسیە هەیە، ڕاستە دۆسیەی ئەهەمیەت دار نابێت ئەو بیبینێت، بەڵام سەرۆکی دیوان کەسێکی بەرپرس و مەسئول و ئەو شتانەیە، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە، گرنگی وبایەخی ئەم دەزگایە لەوەدایە، کە شەفافیەتی هەیە، گرنگی وبایەخی زۆرە، ئەمە لەدەسەڵات و سەڵاحیاتی کەم ئەکاتەوە، بەڕاستی فەقەرەیەکی تریش هەیە، جگە لەوە من ئەمەوێت، قسەی لەسەر بکەم، زۆر قسە لەسەر ئەلف ولام ویائی بڕگەکان کرا، ئەم پرۆژە یاسایە جەنابی سەرۆك بە کوردی هاتووە، کە بەکوردیش هاتووە، بۆ ئێمە تەرکیزی نەکەینە سەرو ئیشی لەسەر نەکەین، جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ سەر عەرەبیەکە، بەڕاستی بۆ ئێمە تەرکیز نەکەینە سەر زمانەکەی خۆمان، کەبەڕاستی لەم دەزگا گرنگ و ئەهەمیەتدارەدا، ئیش لەسەر زمانەکەی خۆمان نەکەین، لە کوێ ئیشی لەسەر بکەین؟ بەتایبەتی زۆر گرنگی هەیە، من پێم وایە ئەمە مەسئولەیەتێکی گەورەیە بەرامبەر بە نەتەوەکەمان، بەرامبەر بە زمانەکەمان، حەقە لێرە ئیشی بۆ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**فەلسەفەی ئەو یاسایە حیمایەی ئەموالی عامە، مومتەلەكاتی عامە، هەر ئیستسنایەكی تێدا بێت، بەڕەئی من كێشەمان بۆ دروست ئەكات، بۆ بەڕێزیشتان وازحە ئێستا سەرۆكایەتی هەرێم، سەرۆكایەتی پەرلەمان، سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە شیعاری ئەوەمان هەڵگرتووە، موحارەبەی گەندەڵی بەهەموو شێوەیەك، بەقەناعەتی من ئەو جۆرە ئیستسنائانە، دەبێتە یەكێك لەهۆكارەكان، كە موبەڕیڕ بداتە هەندێك كەس كە تەجاوز بكاتە سەر حەقی عام، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك دكتۆر كەمال فەرموو.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لە حەقیقەتدا لە هەموو دونیادا هەیە، مەسەلەن لە ئەڵمانیا، ئێمە لەوان پێشكەوتوو تر نین، ئەم بابەتەیان هەیە، ئەگەر موتابەعەیان بكەن، زۆر جار سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانیان، دوای ماوەیەكی زۆر بە سەر حوكمەكەی رەت ئەبێت، ئینجا ئەچن ئەوراقەكانی دەرئەكەن، تەدقیق ئەكەن، تا بزانن پاككاری كردووە، یان نا دوایی بۆ خەڵكی وڵاتەكەیان بڵاوی ئەكەنەوە، لەبەر ئەوە هەندێك لەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێدا، ئێمە لە مەوقعێكی حەساسین، ئێمە لەگەڵ شەفافیەتین، مادام سەرۆكی هەرێم خەڵكی كوردستان دەنگیان پێدا، مادام سەرۆكی پەرلەمان، لە كەسانی نەزیهە ئەبێت، سەرۆكی حكومەتیش، هیچ سرێكی گەورە لە مابەین ئەو سێ كوچكەیە بزر نابێت، سەرۆكی دیوانیشی پێ ئاگادار ئەكرێتەوە، لەبەر ئەوە من لەبەرژەوەندی كوردستانی ئەبینم، كە ئەمە وەكو خۆی بمێنێتەوە، ماددەكە ڕێك وپێك هاتووە، چونكە نەك ئێمە بەتەنها لە ئەڵمانیا، كە دەوڵەتێكە لە قیمەی دیموكراتیەتدایە، ئەو شتە هەیە، لە دەستورەكەیان هەیە، لە قانونی ڕەقابەی مالیان هەیە، كە سەرۆكیان بۆی هەیە، هەندێك شت نهێنی بهێڵێتەوە، لە ئەمریكاش هەیە، ئینجا نازانم ئەگەر، ئێمە لەوان پێشكەوتووتر بین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئێوە حكومەت ڕەئیتان لەسەر ئەوە؟**

**بەڕێز سەركیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕەئی ئێمە نەصەكە باشە، كە هاتووە، چونكە ئەوە بەمانای ئەوە نیە، سەرۆكی دیوانی چاودێری ئاگادار نیە، سەرۆكی دیوان ئاگادار ئەكرێتەوە، حەتا ئیحتیماله لە نیتاقێكی مەحدود، تەدقیقیش بكرێت، بەڵام دانابەزێت بۆ ستاف خوارەوەی دیوانی چاودێری دارایی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك شێخ بایز جەنابت، قسەت هەیە.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تا ئێستا ئەمانە، هەر مەوجود بووە، لەقانونەکانی تریشدا، تەدقیق کراوە، ڕەنگە جەنابت ئاگات لەوە بێت، کە بەعزێك مەوازیع تەدقیق کراوە، بەڵام تەدقیق مومکینە تەنها لەلایەن سەرۆکی دیوانی چاودێرییەوە تەدقیق کرابێ، (او من یخوله) ئەمە خۆی تایبەتمەندی هەیە، بەعزێك وەسائیق هەیە، بەهیچ جۆرێك نابێ پیشان بدرێت، ئەو مەوازیعانە مەشاکیلی زیاتر لەدواوە ئەبێت، لەبەر ئەوە ئێستاکە ئەوە سێ جیهەت ئەیبینێ، لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی دیوانی چاودێری داراییش ئەی بینێ، پێم وایە، هەمووی هەڵبژێردراون، بۆیە پێویست ناکات هەموو شتێك بێتە خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئیتر گوێتان لەڕەئی و، لەو قسانە بوو، فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەزەکەم بەحەقیقەت هەموو شتێك شەفاف بێت، بەڵام لەم مەوزوعەدا بەعزێك واقیع هەیە، ئەبێ بەنەزەری ئیعتیبار وەری بگرین، ئێمە پێویستیمان پێ هەیە، واتە دیعایە کردن وپشتیوانی، یەعنی پشتیوانی کردن بۆ قەزیەی ئێمە، مەسەلەن بۆ نموونە سەرۆکی هەرێم ئەتوانێت، لە قەزیەی ئینتیخاباتی ئەمریکیدا، لەگەڵ یەکێك لەم تەرەفانەدا، هاوکارییەك بکات، ئەگەر ئەو تەرەفە، مەسەلەن ئەو شەخصەی کە سەرۆکی هەرێم هاوکاری ئەکات، ئەگەر بزانێت لەقانونەکەدا شتێکی هەیە، هەموو کەسێك ئەتوانێت سەیری بکات، کە سەرۆکی هەرێم چی داوە بەم کەمپینەی ئەم، مەعنای وایە بەهیچ شێوەیەك تۆ ناتوانیت نە دۆست نە هاوکاری بکەیت، لەعالەمدا هیچ شتێك ناکرێت بەبێ پارە، بەبێ ئیمکانیات، ئێمە ئەگەر بمانەوێت بۆ قەزیەی خۆمان پشتیوانی پەیدا بکەین، لەناو کۆنگرێس، لەناو سینات، لەدەرەوە، لە ئەوروپا، بەحەقیقەت ئێمە ئەبێت پارە سەرف بکەین، چونکە هیچ شتێك لەسەر ئەم سەر زەمینە بەبێ پارە ناڕوات، لەبەر ئەوە ئەمە زۆر زۆر واریدە، وەکو ئەوەی خۆی هاتووە، چونکە باوەڕت هەبێت، دۆست پەیدا ناکەیت، ئەگەر گۆڕانکاری لەمەدا بکەیت، بۆ پشتیوانی قەزییەی خۆت لەداهاتوودا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا خۆ تۆ بەسەراحەت قسەت کرد، من وتم دژە تیرۆر، کاك محمد حکیم وایزانی مەبەستم جیهازی دژە تیرۆرە کە هەیە، مەبەستم ئەو نەوعە نەشاتانەیە کە سیاسیە، بەڵام خەباتە بۆ دژی تیرۆر، کاك شێروان ئاخر کەس قسە ئەکات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەس نیە، لەم پەرلەمانە لەگەڵ ئەوەدا نەبێت، کە بەرەنگاری گەندەڵی نەکات لەکوردستاندا، بەڵام لەهەموو وڵاتێك نەفەقاتی سڕی هەیە، بۆ خزمەتکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، بۆیە زۆر تەبیعیە سەرۆکی

هەرێم لەم پەرلەمانە هەڵبژێردراوە، سەرۆکی پەرلەمان کێیە، لەم پەرلەمانە هەڵبژێردراوە، سەرۆکی حکومەت لەم پەرلەمانە سیقەی دراوەتێ، حەق نیە، ئێمە گومان بخەینە سەر ئەو سێ سەرۆکەو ئیستسنای بەعزە فەقەراتێك بکەین، لە ڕیقابەدا، دیوانی ڕەقابەی مالی و سەرۆکی دیوانی ڕەقابە، هەر ئێمە دەنگی پێدەدەین، کەلە ئایندەدا دادەندرێت، حەق نیە ئەو مەسەلەیە بەو شکلە ئینعیکاز بکاتە سەر ئەم ماددەیە، بۆیە من لەگەڵ دەقی ماددەکەم، پێم باشە ئەو ماددەیە پەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر قسە کرا، باشە دەی با کوێستان خانیش قسە بکات.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو هەموو ڤاڵەکانم پێشتر ئیشارەتیان پێدا وتیان سەرۆکی دیوان کەسێکە سیقە پێدراوە، لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت وکەسێکە سەرۆکایەتی هەرێم دەست نیشانی بۆیە دەکات، ئەگەر هەندێك لەو ئەسرارانە کەباس ئەکرێت لەبەینی ئەو سیانەدا ئەویش بیزانێت ، ،ئێمە پێمان وایە پێویستە هەموو داراییەك بکەوێتە ژێر دیوانی چاودێریەوە، بۆئەمە کە ئەو ئەیبینێو تەتقیقی تێدا دەکا، مەسەلە ئەوە نیە ئیعلان ئەکرێت و خەڵك ئەیبینێت، بەڵام مەفروزە دیوانی چاودێری بیبینێ وتەدقیقی تێدا بکات ، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە موقتەرەحەکەدا کە لەئەصڵی پرۆژەکەدا هاتووە، دەڵێت: حەقی ئاگاداری بوونی هەیە، لەسەر ئەو وەسائیق و مەلەفاتانەی کە هەیە، چ نهێنی چ ئاشکرا، کە پەیوەندیان بەکاروباری داراییەوە هەبێت، تەنها ئەو بەڵگەنامانەی کەوا لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، ئیستسنا ئەکرێت، بە تەنسیق لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان، ئیزافەش کرا، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش، چونکە ئەویش تەرەفە تێیدا، دەبێ ئاگاداری سەرۆکی دیوانی ڕەقابەش بکرێت، بۆ زانینی مەعلوماتەکەو ڕەئی دان لەسەری، واتە دەبێتە چوار کەس، موقتەرەحێکیش هەیە، لەلایەن چەند ئەندامێکەوە هاتووە، دەڵێت، ئەو ئیستسنائە نەمێنێت، دیوان حەقی هەیە، ئاگاداری هەموو مەلەفاتی نهێنی وئاشکراش بێت، کەپەوەندیان بەکاروباری داراییەوە هەبێت، یەعنی ژمارەیەك لەئەندامان داوا ئەکەن، ئەو بڕگەیەی دواتر لابرێت، ئەوە دەخەمە دەنگەوە، فەرموو کاك عوسمان ئەگەر نیزامیش نەبوو، قسەت پێ دەبڕم.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەسەڵاتت هەیە بیبڕیت، بەڵام پێم وایە، دوو ڕەئیە، بۆیە دەبێ یەکێکیش موخالفی ئەوە قسە بکات، واتە یەك تەئید بێت و یەکێکیش دژ بێت، مەبەستم ئەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەیان کرد، برام چەند کەسێك قسەیان کرد، ئەمانە ڕایان وایە لابرێت، بەهەرحاڵ هەشت کەس لەوانەی کەوا قسەیان کرد وتیان با لابرێت، ژمارەیەکیش قسەیان کرد وتیان با بمێنێتەوە، فەقەت ئەوەندەیە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئیزافە بکرێت، ئەوەی کە دەڵێت با لابرێت ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بکات تکایە، واتە ئیستسناکە لابرێت، ئەیژمێرم، 30 کەس، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ 31 کەس، بەس سەرۆکی وەزیران ئیزافە ئەکرێت، ئێستا ماددەی 12 فەرموون.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دوانزدەم: دیوان دەسەلاتی هەڵسەنگاندنی دارایی کاروباری گرێبەستە گشتیەکانی هەیە، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەموو کۆمەك و بەخشین و قەرزو ئاسانکارییەکانی حکومەت، بۆ مەبەستی دیاری کراو بەکارهێنراوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة: للديوان صلاحية القيام بعمليات التقييم المالي، لشؤون العقود العامة للتأكد من أن المعونات والمنح والقروض والتسهيلات الحكومية، مخصصة للاغراض المحددة. لیژنەی یاسایش هیچ تێبینیەکی نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی ئێوە هیچتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەم ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ قسەی هەیە، ناوتان ئەنووسم، فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد عبالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێم وایە، عقودی تایبەتیشی بۆ زیاد بکرێت، لەم وڵاتەدا کەسێك نیە، جیهەتێك نیە، موراقەبەی عقود بکات، موراجەعەی بکات، تەنها لە قانونی ئیستسماردا نیمانە، لە هی نەوتدا نیمانە، حەقە عقودی تایبەتیش لە ژێر سەلاحیەتی ئەماندا بێت موراجەعە کردنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم موفتەرەحەکەی کاک بارزان هەورامی کە ئێستا خۆی لێرە نیە، لێرەدا جێگای ئەبێتەوە، کە ئەڵێت: العقود العامە، یەعنی من ئەو پرسیارە کە ئەڵێت: العقود العامە، عقودی نەوتیش ئەگرێتەوە، چونکە ئێمە زۆر زۆر کێشەی ئەوەمان هەیە، زۆر لەو عقودانەی کە ئێمە ئەزانین، زۆر گرێبەست هەیە، کەکراوە، لایەنی بەرامبەر کارەکەی تەواو نەکردووەو پارەشی بۆ سەرف کراوە، ڕۆشتووەو وڵاتی بەجێ هێشتووە، ئایا ئەمە ئیتر نابێت جیهەتێك هەبێت، تەحەمولی ئەو مەسئولیەتە بکات؟ جیهەتێکیش هەبێت، لێی بکۆڵێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی $12$ خوێندرایەوە، کاك بارزان قسەی کرد و سۆزان خان قسەی کرد، د. نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من پێشنیاز دەکەم ئەو ماددەیە بە شێوەیەکی جیاوازتر دابڕێژرێتەوە، من عەرەبیەکەم لە بەر دەستدایە و پێشنیاز دەکەم کە بنووسرێت: للديوان صلاحية القيام بعمليات التقييم المالي لشؤون العقود العامة و كذلك القروض و المساعدات و المنح التي تقدمها الدول و المنظمات الدولية للتاكد من انها قد صرفت للاغراض المحددة لها، چونکە کۆمەڵێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هەن کە دێن لە هەرێمی کوردستاندا پارە سەرف ئەکەن، بەداخەوە هیچ لایەنێك نیە کە چاودێری شێوەی سەرف کردنی ئەو پارانە ئاگادار بێت، زۆر جاران بۆ مەبەستی سیاسی ئەو پارانە سەرف ئەبێت، بۆیە پێویستە کەوا ئەم دەزگایە ئاگاداری شێوەی سەرف کردنی ئەو پارانە بێت، چونکە ئەوانە بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان تەرخان کراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین.

**بەڕێز سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من یەك پرسیارم هەیە لە جەنابی وەزیر، مینەح و قروز لە جانیبی حکومەتی مەرکەزی نیە؟ صەلاحیەتی ئێمەیە، هەتا لە مەوزوعی کارەبای کە بۆ صیانەی دوکان، ئەوەکە لەلای ئەوان بوو، تەقیمەکە و تەوزیفەکە و ئیمتیازەکە هەر لەوێندەرێ کرا، نەك لێرە، هێشتا پاشان کە ئەو ئەغرازی موحەددەدە ئەوها نا(للغرض الذي اعطيت او اقرضت لاجله) ئەوها باشترە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی قانونی لەسەر ئەو تێبینیانە هیچ قسەتان هەیە؟

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا من ئێستا تەفکیر لێ ئەکەم، مەفروز لە مەهام با ئەو مەوزوعە، یەعنی رەبتە بە مەهام بەس من موفتەرەحێکم هەیە کە لێم وەربگرن، من ئەڵێم وای لێبەکەین(یجب على مؤسسات الاقليم ان ترسل بيانات جميع العقودو القروض و المنح التي تحصل عليها للديوان خلال 10 ايام من تاريخ توقيعها لغرض متابعتها و ابداء الملاحظات في شانها)، من ئەو موفتەرەحەم هەیە و شتێکی جەدیدی تێدایە و هەمو عقودیش دەگرێت و قروز و مینەحیش دەگرێت، وا بزانم شتێکە زۆر خزمەت دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەرکیس.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر قروز و مینەحێك کە وەردەگیرێت و کە داخیلی میزانیەی ئێمە دەبێت ئێستا 17٪، یەعنی خازیع دەبێ بۆ چاودێری دارایی، ئینجا بۆیە دەبێ داخیل بکرێ، بۆیە پشتگیری لە رەئی لێژنەی یاسایی و ئەوانە و بەرێز د.نوری دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موفتەرەحەی د.نوری ئیزافەی موعامەلاتی دەولیت کردیە، ئەگەر بە نووسین هەتا کاك د.نوری بێنە موصادەقەی بکەین بزانین چیە؟ لێژنەی قانونی فەرقی بەینی عقودی عامە و خاصە چیە تکایە؟

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵا من خۆم مەعلوماتم نیە بەراستی، عقود عامە ئەوەیە ئەوەی نەوت و ئەوانە دەگرێت و ئەوەی تریش چ دەگرێت؟، ئەگەر جەماعەت بۆمان تەوزیح بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ بایز.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی عادەتەن عقودی عامە هەمووی دەگرێتەوە و عقودی خاصەشی لەگەڵدایە، بەڵام بۆ دڵنیایی حەقە بنووسن (جميع العقود).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.نوری ئەگەر شەرحێکت هەبێ بۆ عقودەکەت؟

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عقودی عامە ئەو عەقدانەیە کەوا حکومەتی هەرێم(ئێمە مەبەستمان کوردستانە) حکومەتی هەرێم تەرەفێك بێت، لایەنێك بێت لەوانە، بەڵام ئەگەر بێت و تەرەف نەبێت ئەوە بە عەقدێکی تایبەتی و بە رێکەوتنێکی تایبەتی ئەدرێتە قەڵەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو مولاحەزاتانەی کە درا بە مولاحەزاتی کاك خەلیلیشەوە کە دای، بە مولاحەزاتی د.نوریشەوە و بە مولاحەزاتی تریش کە دران، صیغەیەك دەخوێنمەوە بزانن ئەگەر هەموو لایەك پێی رازی بوون دەیخەمە دەنگدانەوە: للديوان صلاحيات التقييم المالي لشؤون العقود العامة و كذلك المساعدات و المنح و المؤنات و القروض الداخلية و الخارجية و التسهيلات الحكومية للتاكد من صرفها للاغراض المخصصة لها، و على مؤسسات الاقليم ارسال نسخة من بيانات جميع العقود و القروض و المنح التي تحصل عليها للديوان خلال شهر لغرض المتابعة و ابداء الملاحظات، باشە ئەوە؟ کاك رەشاد چیت هەیە؟

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت هەر عقودەك کە باسی دەکەین، عقودی نەوت بە قانونێکی تایبەت رێکخرا و ئەو جیهاتانە دیار کران و دەست نیشان کران کە موافەقەی لەسەر دەکەن لە حاڵەتێك ئەگەر ئەو جیهەتی مەعنی بە پێی قانون موافەقەی لەسەر ئەو عەقدانەی کرد بە قەناعەتی من زیادە دیوانی رەقابەی مالی تەداخولی ئیشی ئەوان بکاتن، چونکە ئەگەر مولاحەزەیەکی بوو، ناتوانێ ئەو مولاحەزەی ئیبراز بکات، ئەوە عقودە و کرایە بە پێی قانون، جیهەتێك کردیتی لەوەی فەوقی ترە و لەوەی ئەعلا ترە، جەنابتان ئیشارەتتان پێدا لە قانونی نەوت مەجلیسەکی زۆر فراوان دروست کرا و گەورە کە بەعەقدەکان دا بچنەوە، بۆیە پێم باشە ئەگەر باسی عقود دەکرێ ئیشارەتی پێ بدرێ عەدا عقودی نەوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەرکیس.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو عقودانەی نەوت کە پێشتریش کرابوون، ئیستا هەر خۆمان وەکو حکومەت پێداچوونەوەمان کردووە لەسەریان و گۆڕانکاریمان لەسەر کردووە، لێرەش باس لە هەڵسەنگاندنی دارایی ئەو عقودانە دەکرێ، بۆیە بە رەئی ئێمە بمێنێ و دیوانی چاودێری دارایی ئەو مافەی هەبێت، بزانێت ئایا ئەو عقودانەی کە بەستراون لە بەرژەوەندی هەرێمن؟ لە بەرژەوەندی گشتینە؟ یان کەم و کورتیان هەیە، لەو بابەتەوە ئێمەش وەکو حکومەتی هەرێم دەمانەوێ شەفاف بین، حەتا هەموو عقوداتیش لەسەر ئینتەرنێت و ئەوانە دابەزێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کەواتە لەسەر موقتەرەحەکە حکومەتیش موافیقە، کاك فرسەتیش دەڵێت ببێتە یەك و دوو، یەکەم وەکو خۆی بمینێتەوە بە تەعدیلەکە واتا: للديوان صلاحيات التقييم المالي للعقود العامة و كذلك المساعدات و المعونات و المنح و القروض الداخلية والخارجية و التسهيلات الحكومية للتأكد من صرفها للاغراض المخصصة لها، ئەوە فەقەرەی یەکەم، فەقەرەی دووەم: يجب على مؤسسات الاقليم ارسال نسخة من بيانات جميع العقود و القروض و المنح التي تحصل عليها للديوان خلال 10 ايام من تاريخ توقيعها لغرض متابعتها و ابداء الملاحظات الفورية)، هەردوو فەقەرە دەیخەمە دەنگەوە ماددەی 10، کێ قبوڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ قبوڵی نیە؟ بە کۆی دەنگ قبول کرا، زۆر سوپاس، ماددەی دواتر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی چوارەم**

**سەرپێچیە دارایی و کارگێریەکان**

**ماددەی سێزدەم:**

**1- ئەم کار و رەفتارانە بە سەرپێچی دارایی و کارگێڕی دادەنرێ بە پێی ئەم یاسایە:**

**أ_ پابەند نەبوون بە یاسا و بڕیار و سیستەم و رێنماییە داراییەکانەوە.**

**ب_ پشت گوێ خستن و کەم تەرخەمی کە دەبنە هۆی بەفیڕۆدانی دارایی گشتی و گەیاندنی زیان بە ئابووری نیشتمانیی.**

**ج- سەرپێچی کردنی یاسای (بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت) یاخود هەر یاسایەکی دیکە کە کاری پێ بکرێت.**

**د- شاردنەوەو نەخستنەڕووی مستەنەدات و تۆمارگاو بەڵگەنامەکانی پێویست بۆ کاری چاودێری بەبێ بوونی پاساوی گونجاو.**

**هـ- وەڵام نەدانەوەی نووسراوەکانی دیوان و لەبەر چاو نەگرتنی سەرنج و تێبینیەکان.**

**و- هەڵنەستان بەکاری پێویست سەبارەت بەکۆتایی نەهێنان بەو سەرپێچیە داراییانەی لە ڕاپۆرتەکانی دیواندا هاتوون.**

**دووەم: پێویستە لەسەر ئەو لایەنانەی دەخرێتە ژێر حوکمی دیوانی چاودێری داراییەوە ئاگاداری دیوان بکەنەوە لەکاتی روودانی (تەزویر) و (ئیختلاس) هەروەها لەو سەرپێچیانەی لە پێشەوە لە بڕگەکانی (أ ، ب) لە خاڵی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەی بۆ کراوە. لەکاتی ئاشکرابوونی بەبێ ئەوەی ئەو ئاگادارکردنەوەیە ببێتە هۆی هەڵنەسانی ئەو لایەنانە بەکاری پێویست، هەروەها پێویستە دیوان ئاگادار بکەنەوە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەو سەرپێچیانە، بە پێچەوانەوە بە سەرپێچی ئەم یاسایە دادەنرێت.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:

أولاً: تعتبر مخالفة مالية لاغراض هذا القانون الافعال والتصرفات الآتية:-

أ- عدم الالتزام بالقوانين والقرارات والانظمة والتعليمات والبيانات المالية.

ب- الاهمال والتقصير الذي يؤدي الى الضياع أو الهدر في الاموال العامة أو الاضرار في الاقتصاد الوطني.

ج- انتهاك قانون انضباط موظفي الدولة أو أي قانون آخر معمول به.

د- اخفاء سلطة الرقابة بغير عذر مشروع عن الاوراق والمستندات والسجلات المطلوب لعمل الرقابة والتدقيق.

هـ- الامتناع عن الرد على كتب سلطة الرقابة واعتراضاتها وملاحظاتها وعدم اخذه بنظر الاعتبار.

و- عدم اتخاذ الاجراءات اللازمة بشأن تصفية المخالفات الواردة في تقارير الديوان.

ثانياً: على الجهات الخاضعة لرقابة الديوان ابلاغه عن حالات (التزوير) و(الاختلاس) والمخالفات المالية المذكورة في الفقرتين (أ)و(ب) من البند اولا من هذه المادة التي تقع فيها، وذلك حال أكتشافها دون الاخلال بما يجب أن تتخذه تلك الجهات من الاجراءات وعليها ابلاغ الديوان بنتائج التحقيق في تلك المخالفات وبالعكس تعتبر مخالفة لهذا القانون.

لێژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. دلێر.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چرۆ خان فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من ئەو خاڵانە کە ئەبینم، ئەم خاڵانە هەموو باشن کە بەرامبەر بە رەقابەی مالی ئەکرێ، بەڵام ئایا ئەگەر هات و رەقابە خۆیان موخالەفەیان کرد؟ حەز دەکەم وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەنەوە، بۆ نموونە ئەگەر هات و لە ماددەی پێشتردا باسم کرد تەقریرەکە بۆ نموونە ، ببورە لە 2008 نەبی بۆ 2009، یەعنی هەندێك موخالەفات بکات، حەز دەکەم وەڵامم بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەبێ عقوبەکەیان دوو قات بێ، خۆیان رەقابەنە و خۆیان ئەوە بکەن، دەبێ عقوبەکەیان دوو قات بێتەوە، کاك جعفەر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدە بەشی یەکەم: ئەگەر بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت، ئەبێتە بڕگەی (ی) بە کار نەهێنانی وەسائیلی تەکنەلۆجی لە فەرمانگە گشتیەکان بە سەر پێچی حیساب دەکرێ، لەبەر ئەوەی زۆر جار لە بوارەکانی داراییدا، ون بوونی یەك وەرقە یان هەڵەیەکی ژمارەیی بوویتە موشکیلەیەکی گەورە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە نەصە عەرەبیەکەدا ئەڵێ: تعتبر مخالفة مالية، باسی ئیداریەکەی نەکردووە، لاغراض هذا القانون الافعال والتصرفات الآتية: تکایە برادەرانی لیژنەی یاسایی ئاگادار بن، سەبارەت بە خاڵی (د)یش زۆر سەقەتە، چونکە ئەڵێ ؛ اخفاء سلطة الرقابة بغير عذر مشروع ، ئەوە نابێ، ئەبێ بوترێ: اخفاء الاوراق والمستندات والسجلات المطلوبة لعمل الرقابة والتدقيق بغير عذر مشروع، ئەوە ئەبێ چاك بکرێ، بەڵام پرسیارەکەی من لێرە ئەوەیە:الامتناع عن الرد على كتب سلطة الرقابة واعتراضاتها وملاحظاتها وعدم اخذه بنظر الاعتبار.ئەوە تەنانەت لە قانونی عقوباتیشدا هیچ عقوبەیەکی نیە، من ئەمەوێ تێبگەم لێرە چۆن ئەوە بە موخالەفەی مالی و ئیداری حیساب ئەکرێ، چی ئەکرێ بەرامبەر بەو کەسەی کە یاخود بەرامبەر بەو جیهەتەی یاخود ئەو دائیرەی کە وەڵامی کیتابەکانی سوڵتەی رەقابە ناداتەوە؟ چونکە ئەوە راستە موخالەفەیە، بەڵام لە قانونی عقوباتدا وازیح نیە و تێدا نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ چی لێئەکەین؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە موخالەفە هەیە و موخالەفە هەیە، ئیعتیرازی حیسابی هەیە و ئیختیلاس هەیە و تەزویر هەیە، قانونی ئینزیباتی دەوڵەتیش هەیە، بە پێی قانونی ئینزیباتی دەوڵەت موحاسەبە دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی من لەسەر بڕگەی (ج)، ئەوەی سەرپێچی یاسای ئینزیباتی دەوڵەتە، من پێم وایە هەموو سەرپێچیەك ناکەوتە قاڵبی موخالەفەی مالی، هەندێ شت هەیە پەیوەندی هەیە بەدەوام و بە ئەو شتانە

ئەوە موخالەفەی مالی ئیعتیبار ناکرێ، بۆیە لێرە پێم وایە ئەگەر تەوزیح بکرێ یاخود بڕگەیەکی بۆ ئیزافە بکرێ یاخود رستەیەك: اذا كان الانتهاك يلحق الضرر او يسبب تبذيراً بالمال العام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبد الرحمان.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی (د )هەیە: اخفاء الاوراق با بنووسرێت باشترە بە رەئی من:اخفاء الاوراق والمستندات والسجلات المطلوب لعمل الرقابة والتدقيق عن سلطة الرقابة بغير عذر مشروع، بەرای من ئەوها باشترە ئەگەر بنووسرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدين.

**بەڕێز سعد الدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لعدم الالتزام بالقوانين والقرارات و الانظمة و التعليمات و البيانات المالية، بەیاناتی مالی یان قوانینی مالی ئەوە زمنی صەلاحیاتی وەزیرە، پێم باشە ئەوە زیاد بکرێ: المخالفات الخاصة بقانون الموازنة، ئەوە زۆر زەرووره لێرە هەبێ، و هەر لەگەڵ رەئی برادەرانیشم کە انتهاك قانون انظباط موظفي الدولة، دەبێ لە پاشان عەرزەکی بۆ زیاد بکرێ، راستە لە قانونی مەجلیسی شورای ئیقلیم باسی ئەوەی کرا، باسی موەزەفینی دەولە و شتەکە پەیوەندی بە مالی هەبێ، نەك بە ئیداری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل چ وەڵامتان هەیە بۆ ئەو مولاحەزاتانە؟

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی خوشکە سۆزان گوتی بۆ بڕگەی (د) ئەو صیاغە باشترە، ئەوە عیبارەتە ئەگەر تەئیدی ئەوە دەکەم، دووەم ئەوەی برای بەڕێز کاك سعدالدین گوتی، ئەویش نوقتەکی موهیمە بەراستی : لعدم الالتزام بالقوانين والقرارات و الانظمة و التعليمات و البيانات المالية: ئەوە وازیحترە و یەکێك لەوانە، ئیحتیمالە ئەو شاملتریش ببێ، بەس پێم باشترە چ ببێتە بڕگەیەکی موستەقیل یان ئیزافە بکرێ ئەوەی یەکەم، هەروەسا شتێکی تریشمان پێ باشە مادام پێشتر ئەوەمان گوت: ارسال نسخ بيانات العقود، بەڵام لێرە ئەگەر تەئخیر ئیرسال کرد لەو مودە لە مانگێك نەنارد، ئەویش دەبێتە موخالەفە، ئەوەی تر لە هەندێ ئیتیفاقات هەیە، مەشروع ئینجاز بێت لە مودەیەکی موحەدەد، التاخر في انجاز المشروعات الانمائيه عن مواعيدها المحدده، ئەوەش بڕگەیەك زیاد بکرێت ، ئیقتیراح دەکەم ئەوەش باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئیقتیراحە تازەیە، هیچ ئیقتیراحتان لەسەر هەیە رەقابەی مالی؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موازەنــە خــۆی بــە قــانون دەردەچــێ، ئێــوە لێرەشــدا هــاتووە کــە موخالەفــەی قانونەکــەی بکــرێ ئــەوە موخالەفەیە و قانون موحاسەبەی دەکات، هەموو ساڵێك موازەنە بە قانون دەردەچێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو کاك بایز ئیشارەتی پێدا ، کە ئەگەر فەقەرە یەك تەماشا بکەی قوانینی مالیە دەگرێتەوە، قانونی موازەنــەش قــانونێکی مالیــە، ئــەوە یــەك، دوو، عــدم الالتــزام بــە نیسبــەت فەقــەرەی یــەك و ئــەوەی ســوزان خانیش ئیشارەتی پێدا لە قانونی عقوبات، عقوباتی تایبەتیان بۆ هەیە، یــەکێکیان (عــدم الامتثــال بقــوانین الدولة)، دووەمینیشیان الاحجام عن الاخبار، ئەگەر شــتێکی وا هەیــە دەچــێتە قــانونی عقوبــات، عیقــابی بــۆ داندرایە، بەڵام ئەوەی من تێناگەم بەراستی، سوئالەکەشم موەجەهی جەنابی وەزیرە: بــۆ ئــەوەی ئینزیبــات بکرێت، من قانونی ئینزیبــات بکرێــت ئیعتیبــار دەکرێــت موخالەفــەی مالییــە، مــن ئــەوەی تێناگــەم، ئەگــەر تەوزیحێك بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئەوەی پرسیارەکەی جەنابت، ئەگەر مولاحەزەکەی کاك سەرداری ئیزافە بکەین، کــە دەڵــێین هــەر ( التحاق قانون انضباط موظفي الدولة او اي قانون اخــر اذا کــان ذلــك یلحق ضــرر بالمــال العــام)، ئەگــەر ئــەوە ئیزافە بکرێت، ئیزافــەی بکــەن، شــتەکە مــەعقول دەبێــت، چونکە ئــەوەی تــر مــەفهوم نییــە، یــەکێك دەوام نەکاتن زائیدە، چە زەرەرێکی نییــەو چ عیلاقــەی بــە رەقابــەوە هەیــە، ئەگــەر غائیــب بوونەکە بــووە هــۆی ئەوەی هەدرێك بێت لە پارەکە، یان ئیسائە بکات ئەوە هین دەبێت، ئەوەی سۆزان خانیش ئاماژەی پێ کرد، ئەو چاك کردنــی فەقــەرە (د) (بغیــر عــذر مشــروع) بچــێتە ئــەخیرەوە (اخفــاء الاوراق والمســتندات السجلات المطلوبــة لعــرض الرقابــة والتــدقیق بغــیر عــذر مشــروع) ئــەوەهای لــێ دێــتن، کوردیەکــەی شــاردنەوەو نەخستنەڕووی موستەنەداتی تۆمارگاو بەڵگەنامەکانی پێویست بۆ کاری پێویست پێی، کوردیەکــە زۆر بــاش هاتووە، بەبێ بوونی پاساوی گونجاو، کوردیەکە عەیبی نییەو موزبوتەو عەرەبیەکە لەنگە، ئەو فەقەرەیــەی کە ئیقتیراح کرا ئیزافە بکرێتن، جەنابی وەزیر، هیچی تر هــەبوو کــاك خــەلیل، کــاك جــەمال داوای قســەت نەکرد بوو، فەرموو جەنابت.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ وەلاًمەکەی خوشکە چرۆ ماددەی (21) دەڵێت (تنفذ قوانين الخدمة المدنية والملاك وانضباط الموظفين بحق موظفي الديوان شريطة ان لا يكون مخالفا لهذا القانون)، وەلاًمەکە بۆ ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خەلیل ئەو شتەی ئیزافەت کرد بوو، چی بوو؟

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا هەرچەندە جەنابی یا شێخ وەلاًمی دایەوە، راستە ئەوە قەوانینی عامە دەگرێت، بەلاًم جەوهەری ئەو مەوزوعە زیاتر باسی میزانیەیە، بگوترێت بە ئەحکامی میزانیە، ئەوە یەعنی پێم باشترە، یەعنی یەکێك لە موخالەفات بڕگەیەك زیاد بکرێت، ئان ئیزافەی بکەیت بە (أ) بڵێی موخالەفەی ئەحکامی میزانیە عامە، ئەوە موخالەفەیە. دووەم/ ئیقتیراحێك دەکەم مادام ماددەی پێشتر بۆ بڕگەی دووەم مەگوت (على مؤسسات الاقليم ارسال نسخ بيانات العقود) لێرە (عدم ارسال صور من العقود خلال شهر) ئەویش دەبێتە موخالەفە.

سێیەم/ (انجازالمشروعات الانمائية في مواعيدها المحددة) ئێستا مەسەلەن مەشروعی ساڵی پار زۆربەی ئیحالە بووینە بۆ ئێستاو تەکالیف زۆر دەبن و زەرەرێکی مالی دروست دەبێت، ئایا کێ موقەصیرە، 20٪ لە مەشاریعی پار نسبەیەك لە سەد دەر سەد دەقیق نیم لەوە، تەتبیق نەبووە لە وەختی خۆی، ئێ باشە کێ مەسئولە؟ موقەسرە یان موقەسر نیە؟ چۆن دەبێت ئەوە؟ کێ مەحاسەبەی ئەوە دەکات، زیاتر لە30٪ لە میزانیەی ئەمساڵ وەردەگیردرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی کاك خلیل، ئەی موخالەفەی قانونی عامە، ئەی ئەوە چیە؟ ئەو هەموو تەفسیلاتەی باسمان کرد چی بوو؟ لە (أ) ەوە تا (ی) ئەوانەی تێدایە، (عدم التزام) بە قەوانین ئیلتیزام نەکردنە بە ئەحکامی میزانیەی عامە، زیادە سەرف کردن هەر عەدەم ئیلتیزامە، ئەبواب گۆڕین بێ موافەقەتی مالیە عەدەم ئیلتیزامە، لێرە نووسینەکان هەمووی تیکرارە، یەعنی موبەرری نیە، هەمووی هەر هاتووە، ئەو تەفسیلاتەشی داوە، زۆری لە ئەحکامی میزانیەی عامەی دەرهێناوە، هەروەها لە قانونی تریش دەریهێناوە، بەرێز کاك شێخ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافە بکرێت یان نەکرێت موشکیلە نیە، چونکە زیاتر ئیجتیهادی ئێرەیە، بەلاًم کە باسی مەشاریع دەکرێت کە دواکەتووەو دەمێنێتەوە، کە ئەویش قانونی خۆی هەیە، شروتی عامەی موقاولات هەیە، کە تەئخیر دەبێت، ئیجرائات هەیە، شروتی عامەی موقاولات ئیجرائاتی بۆ دادەنێت، سەحبی عەمەلی لێ دەکەین، لیژنەی بۆ دادەنێین، بە تەنفیزی موباشر دەیکەین، جاری وا هەیە دەیدەینەوە خەڵکی تر، یەعنی یەك و دوو و سێ و.........هەیە بۆ ئەو ئیجرائاتانە، بۆیە ئەویش هەر قانون و شەرت و شروتی خۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو ماددەیە بەو دوو تەغیرەی کە هاتە سەری، واتە (ج) هکە کە دەڵێت: سەرپێچی کردن لە یاسای بەرزەفت کردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت یاخود هەر یاسایەکی دیکە کە کاری پێبکرێت، ئەگەر لە نەتیجەی ئەوە زەرەری بە ماڵی گشتی گەیاند، واتە ئەوەی ئیزافە دەکرێت، (د) یش چاك دەکرێتەوە و دەبێتە ( شاردنەوەو نەخستنە رووی موستەنەدات و تۆمارگای بەڵگە نامەکانی پێویست بۆ کاری چاودێری بە پێی بوونی پاساوی گونجاو)، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بلند بکات تکایە؟ بە کۆی دەنگ ماددەکە بەو دوو گۆڕانکاریە قەبوڵ کرا، کە دەنگمان دا بۆ دووەمیشە، چونکە دووەم هیچ خیلافی لەسەر نەبوو، بۆ ماددەی 14، کاك دلێر فەرموو.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی پێنجەم: دەسەڵات و کارەکانی ئەنجومەنی چاودێری دارایی.**

**ماددەی 14:**

**ئەنجومەنی چاودێری ئەم کارانە دەکات:**

**یەکەم:**

**دانان و پەسندکردنی پلانی کارکردنی دیوان.**

**دووەم:**

**دانانی بنەمای کارکردن لە دیوان و شێوازی جێبەجێ کردنی.**

**سێیەم:**

**دابین کردنی پێداویستیە بنچینەییەکانی کاری چاودێری و وردبینی.**

**چوارەم:**

**دیاری کردنی چوارچێوەی کاری فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیوان و ڕێکخستنیان بە پەیڕەوێکی ناوخۆیی.**

**پێنجەم:**

**دیاری کردنی چوارچێوەی گشتی ڕاپۆرتەکانی دیوان.**

**شەشەم:**

**تاوتووکردن و بڕیاردان لەسەر ئەو تێبینی و پێشنیارو داواکاری و بۆچوونانەی کە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی دیواندا هاتوون پێش دەرکردنی، و بۆ ئەنجومەن هەیە هەر ئەندامێك یاخود فەرمانبەرێکی دیوان لەو کارە بەشداری پێ بکات.**

**حەوتەم:**

**ڕێکخستنی خولی ڕاهێنانی پراکتیکی بۆ فەرمانبەران، و بۆ ئەنجومەن هەیە دەرماڵە بدات بە وانەی بەشداری دەکەن.**

هەشتەم:

توێژینەوەی هەموو ئەو کێشانەی کە سەرۆکی دیوان یان هەر ئەندامێکی ئەنجومەن دەیخاتە ڕوو و بڕیاردان لەسەری.

نۆیەم:

ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەی دیوان و ناردنی بۆ وەزارەتی دارایی بە مەبەستی یەکخستنی لە بودجەی هەرێمدا.

دەیەم:

ئەنجومەن بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش لە پێکهاتەی دیوان بکاتەوە یاخود هەڵیوەشێنێتەوە.

یازدەم:

ئەنجومەن بۆی هەیە چاودێری مامەڵە داراییەکان بکات پێش کۆتایی هاتنی قۆناغەکانی خەرج کردن.

دوازدەم:

ئەنجومەن بۆی هەیە گۆڕانکاری بکات لە چالاکی فەرمانگەکانی وردبینی و دووبارە دابەشیان بکاتەوە بەپێی پێویستی کارەکان.

سێزدەم:

لێکۆڵینەوەی هەموو ئەو ڕاپۆرت و بابەتانەی لەلایەن سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەن و بڕیار و ڕاسپاردەو پێشنیاری پێویستیان لەسەر بدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە 14

يختص مجلس الرقابة بالمهام الآتية :

أولاً: وضع وتصديق خطط العمل في الديوان.

ثانياً: وضع أسس العمل في الديوان وأساليب تنفيذها.

ثالثاً: توفير المستلزمات الاساسية التي تقتضيها مهام الرقابة والتدقيق.

رابعاً: تحديد نقاط عمل دوائر ومديريات الديوان وقواعد تنظيمها بنظام داخلي.

خامساً: تحديد الاطار العام لتقارير الديوان.

سادساً: مناقشة واقرار الملاحظات والتوجيهات والمقترحات والآراء الواردة في تقارير الديوان السنوية قبل اصدارها وله في ذلك تخويل أي من أعضائه أو موظفي الديوان من هذا الاختصاص.

سابعاً: تنظيم دورات دراسة تطبيقية للموظفين وللمجلس منح الملتحقين بها المخصصات التي يقررها.

ثامناً: دراسة كل ما يعرضه عليه رئيس الديوان أو أي من أعضاء المجلس من قضايا وأتخاذ القرارات والتوصيات بشأنها.

تاسعاً: إعداد الميزانية السنوية للديوان وارسالها الى وزارة المالية لدرجها ضمن الموازنة العامة للاقليم.

عاشراً: للمجلس استحداث أو الغاء مديريات وأقسام ضمن تشكيلات الديوان حسب ضرورات العمل.

حادي عشر: للمجلس اجراء الرقابة على المعاملات قبل بلوغها مراحلها النهائية.

ثاني عشر: للمجلس اجراء تعديل في انشطه الدوائر التدقيقية واعادة توزيعها حسب ضرورات العمل.

ثالث عشر: التحقيق في كل التقارير والمواضع المحالة الى الديوان من قبل رئيس الاقليم أو رئيس المجلس الوطني أو رئيس مجلس الوزراء، لأتخاذ القرارات والتوصيات والمقترحات اللازمة بشأنها.

ليژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیتان هەیە؟ فەرموو کاك د. دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایش هیچ تێبینیەکی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها کاك محمد قسەی هەیە؟ کاك سعدالدینیش باشە.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم لە ماددەی 1 بڕگەی 1و 2 ی ببێت بەیەك بڕگەو بەو شێوەیەی لێ بێت ( دانان و پەسەندکردنی پلانی کارکردنی دیوان و بنەماو شێوازی جێبەجێکردنی ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێزملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە (وضع وتصدیق خطط العمل الدیوان) ببێتە (وضع والاقرار)، چونکە ئیقرارەکەش هەر لە کن ئەوانە، بۆیە پێم باشە ئیقرار بێت باشترە لە تەسدیق، لە بڕگەی 6 (مناقشة واقرار الملاحظات والتوجیهات والمقترحات والآراء الواردة في تقاریر الدیوان قبل اصدارها وله في ذلك تخویل أي من أعضائه أو موظفي الدیوان من هذا الاختصاص. (السنویة) ی بۆچیە؟ با هەموو تەقریرێکی بگرێتەوە، نەك تەقاریری ئەخیری ساڵ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ملاحەزەی سەنەوی، خۆی تەقاریرەکە سەنەویە، ملاحەزەی کاك محمد ڕاستە دەکرێت بڕگەی 1 و 2 بکرێتە یەك بڕگە، پێم وایە ئەگەر مولاحەزەتان نەبێت، منیش ملاحەزەیەکم هەیە، مواقع چیە لە عەرەبیەکەی کە لە خاڵی 13 هاتووە، لە کوردیەکەی چۆن هاتووە؟ کەواتە (مواضع )ە ( مواقع) نیە، کوردیەکە ئەساسە، ئەگەر مانعتان نیە 1 و 2 تەوحید بکەن، بە وەرگرتنی ئەو دوو مولاحەزەیە کە تەوحیدی یەکەم ودووەم و (مواقع لە عەرەبیەکەی دەبێتە مواضع)، دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی 15**

**یەکەم :**

**ئەنجومەن بۆی هەیە ئەم دەرماڵانە بدات بە فەرمانبەرانی دیوان:-**

**أ- دەرماڵەی چاودێری لەڕێژەی ( 50٪ )ی مووچەی فەرمانبەران زیاتر نەبێت.**

**ب – دەرماڵەی ترسناکیو ئەرکەکانی تایبەت لە ڕێژەی (75٪)ی مووچەی فەرمانبەران زیاتر نەبێت.**

**ج- دەرماڵەی شوێنی جوگرافی لە ڕێژەی (30٪)ی مووچەی فەرمانبەران زیاتر نەبێت.**

**دووەم :**

**ئەو دەرماڵانەی سەرەوە پەیوەندی نیە بەو دەرماڵانەوە کە بەشێوەی گشتی دەدرێت بە فەرمانبەران .**

**سێیەم: ئەنجومەن بۆی هەیە پێشخستن بدات بەو فەرمانبەرانەی دیوان کە لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو دەبنو کارێکی دیار جێبەجێ دەکەن بە مەبەستی سەرمووچەو پلە بەرزکردنەوە لە هەرپلەیەك دا بە مەرجێ لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت بە پێی ئەو ڕێنماییەی دەریدەکات بۆ ئەم مەبەستە .**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك خلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادە 15**

**أولاً: للمجلس منح موظفي الديوان المخصصات الآتية:-**

**أ- مخصصات رقابية لاتتجاوز نسبتها عن (50٪) من راتب الموظفين.**

**ب- مخصصات خطورة ومهام خاصة لاتتجاوز نسبتها (75٪) من الراتب للموظفين الذين يقومون بمهام الرقابة والتدقيق ويتعرضون للمخاطر أثناء عملهم.**

ج- مخصصات الموقع الجغرافي لاتتجاوز (30٪) من الراتب.

ثانياً: المخصصات أعلاه ليست لها علاقة بالمخصصات الممنوحة لباقي الموظفين بشكل عام.

ثالثاً: للمجلس حق منح قدم لاتتجاوز سنة واحدة في كل درجة لأغراض العلاوة والترفيع لموظفي الديوان ممن يتميزون بكفاءة عالية أو يبذلون جهوداً استثنائية وفق تعليمات يصدرها لهذا الغرض.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو ماددەیە بیدایەت بە موعەلەقی مابوو لە لیژنەی قانونی، كە تەقریرمان نووسی، ئەسڵی ماددەكە ئەوە نیە وەكو خوێندمانەوە، ئەوە دوای ئیستیشارە لەگەڵ نوێنەری مالیە و چەند جار دانیشتن لەگەڵ برادەرانی رەقابەی مالی لە هەولێرو لە سلێمانی، ئێمە گەیشتینە ئەو نەتیجەیە، ئەمانە لە گەڵ هی بەغدا كەمترە زۆر زۆر، هەرچەندە وەكو بڵێی سەقفێكە یان لەبیرمان چووە، نەوعە دەرماڵەیەكی تریان هەیە، (مخصصات منع مزاولة المهنة خارج أوقات الدوام الرسمی)، ئەوەش نەوعە موخەسەساتێكی دیكەیە، چونكە ئەوە لە لای ئێمە نەهاتووە، فەلسەفەی موخەسەسات بۆ ئەو دەزگایە، ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی زۆر باش لەگەڵین وەكو ئێستا نووسیومانە بە ئیزافەی (مزاولة المهنة )،چونكە ڕا ستی ئیشی ئەوان ئیشێكی زۆر گرنگ و موهیمە ختوڕەی تێدایە، لە مەجالی مالی تا بتوانن ئەوانە موستەغنی ببن، حاجەیان نەبێت، حیسابی ختورەیان بۆ بكەین، ئەمە شتێكی زۆر باشە، شتێكی تریش هەیە بۆ ئەوانە نابێت دوای دەوام ئەوانە هیچ ئیشێك بكەن بۆ خۆیان، تەنها ئەگەر موحازەرە بڵێن لە شوێنێك، ئەگەرنا مەمنوعە عەمەلێكی تر بكەن، چونكە ئەوان مەتەخەسسن بۆ ئەوە، لەبەر ئەوە چەند ریعایەتیان بكەن لە مەجالی موخەسەسات و ئیمتیازاتی مالی، ئەوا باشتر خزمەت بەو دەزگایە و ئیشی ئەوان دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی چ مولاحەزەیەكتان هەیە؟ كاك د. دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی فەرمانبەرانی چاودێری دارایی دەبێت فەرمانبەری تایبەتی بن، بە حوكمی ئەوەی پارێزگاری لەماڵی گشتی و سەروەت و سامانی نیشتمانی دەكەن، دەبێت ئەمنیەت تێروتەسەل بن، بۆیە ئێمە پشتگیری هەموو ئەو موخەسەسات و ئەو ئیمتیازاتانە دەكەین كە پێیان بدرێت، هەروەها پشتگیری ئەو بۆچوونانەش دەكەین كە برایان لە لیژنەی یاسایی دایان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری له هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەم، له عیراقیش له ماددەی 18 دا هاتووه دەرماڵەی (عدم مزاوله المهنه خارج أوقات الدوام الرسمی)، لەبەرئەوەی ئێمه ئیمانمان بەوه هەیه که ئەو دەزگایەو هەموو فەرمانبەرێکی که لەو دەزگایه کار دەکەن دەبێت به شێوازێکی وا ئێمه دەعمێکی مالی وای بکەین که نەتوانێت هیچ کەسێك یاخود هیچ لایەنێك بتوانێت تەئسیری لێی بکات و موخالفی کارەکانی خۆی لەوێ کار بکات، لەبەر ئەوەمن لێرەوه داوا له جەنابت دەکەم که ئەوه ئیزافه بکرێت، (مخصصات منع مزاولة المهنة خارج أوقات الدوام الرسمی والتی لا تتجاوز نسبتها عن 50٪ من الراتب والاجر)، وەکو ئەوەی عیراقی لێ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشه هەر جارێك دیفاعیان لێ بکه، ئەوه کاك خلیلیش ئاماژەی پێ کرد، حەقه ئەوه هەبێت، چونکه پشتگیریەکه بۆ ئەوانەی رەقابه ئیش دەکەن ئازاتر بن و بێ منەت تریش بن، جا نازانم ئەوەی عیراق چۆنه ئاوای لێ بکەن، جەنابی وەزیر رەئیت چیه؟ فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغا جان/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمه پشتگیری له هەموو هەنگاوێك دەکەین، که بۆ به قوەت کردنی کەوادیری دیوانی چاودێری بێت، به رەئی من باشتره که ئەو دەرمالانەی که دادەندرێت له دیوانی چاودێری عیراقی لەگەڵ ئەوەی ئێمه وەك یەك بن، وەکو هەموو جار بیدایەت کێشەیەکی گەوره بۆ ئێمه دروست دەبێت، که ئێمه دەرماڵەیەك لێره دەدەین ئەوان مەجبورن یاساکانی خۆیان دەستکاری بکەن، لەبەر ئەوەی ئێمه دەرماڵەمان له ئەوان زیاتر داناوه، ئەوان که زیاتر دابنێن ئێمه مەجبور دەبین یاساکانی خۆمان کاری تیا بکەین، بۆیه به رەئی من مادام یەك شت هەیه و هەردووکیشیان ئیشیان دوانی چاودێریه داراییه، بەو شێوەی که له بەغدا پێشنیار کراوه با بەو شێوەیەش ئێمه لێره با پیادەی بکەین، تاوەکو لەو کیێشەیەش رزگارمان دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشه مادام موافقه با ئەوەش ئیزافه بکرێت، (مخصصات منع ممارسة المهنة خارج أوقات الدوام الرسمی والتی لا تتجاوز نسبتها عن 50٪ من الراتب والاجر)، نوقتەی نیزامت هەیه کاك زانا؟ فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مزاولة المهنة) یان (مزاولة العمل)؟ مهنه جیاوازه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مزاولەی میهنه له هەمووی باشتره، چونکه ناتوانی هەندێك عەمەلی زراعی یان هەر ئیشێکی تر بۆ مەنعی بکەی، دەچێت موحازەره دەدات، باشه دەیخەمه دەنگدانەوه به وەرگرتنی ئەو دوو مولاحەزەیه، کێ له گەڵی دایه دەستی بڵند بکات تکایه؟ به کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ ماددەی دواتر، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی شەشەم**

**دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دیوان**

**ماددەی 16: بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەو دڵنیابوون لە ڕاستی ئەو هەڵس وکەوتانەی کە دەکرێت لە سەر ئەنجامی کاری چاودێری دارایی سەرۆکی دیوان ئەم دەسەڵاتانەی هەیە :-**

**1- لێکۆڵینەوە لە سەرپێچیە داراییەکان و داوای پێشکەش کردنی هەر روون کردنەوەو زانیاریەك لەو کەسانەی کە هەست بکرێت دیاری کردنی سەر پێچیەکەی لە سەر راوەستاوە لە فەرمانبەرانی فەرمانگە بێت یاخود دەرەوەی.**

**2- لە کارخستنی فەرمانبەر بە شێوەی کاتی یاخود( دەست کێشانەوە )ی ئەگەر راستی و دروستی لێکۆڵینەوە و کاری چاودێری پێویستی کرد ، یاخود لەکاتی دەرکەوتنی سە رپێچی هەر تاوانێکی دارایی یاخودهەر رەفتارێکی دژ بە بڕگەکانی ئەم یاسایەو هەر یاساو پەیڕەو و ڕێنماییە داراییە کارپێکراوەکان.**

**3- سەرۆك بۆی هەیە داوا لە وەزیری تایبەتمەند بکات کە سەرپێچیکار (مخالف) رەوانەی لێژنەی لێکۆڵینەوە بکات ، یاخود سپاردنی سزای کارگێری بە سەریدا.**

**4- سەرۆك بۆی هەیە لەو کێشانەی لێکۆڵینەوەی تێدا کۆتایی هاتووە ، داوا لە وەزیری تایبەت بکات فەرمانبەر غرامە بکات بەو زیانەی بە فەرمانگەکە گەیشتووە بە هۆی کەمتەرخەمی یاخود سەرپێچی کردنی یاساو پەیڕەو و ڕێنمایەکانەوە .**

**5- داوا لە وەزارەتی تایبەتمەند یاخود لایەنی پەیوەندیدار بکات بۆ تۆمارکردنی داوای مەدەنی بەو سەرپێچیە داراییانەو بە دوا داچوونی لە دادگای تایبەت ، دیوانیش هەڵبستێ بە دانی زانیاری بە لایەنی پەیوەندیدار لە سەر ئەو سەرپێچیە لە کاتی جێبەجێ کردنی، بە سەرپێچی دارایی دادەنرێت و سەرۆکی دیوان بۆی هەیە سەرۆکایەتی ئە نجومەنی نیشتمانی لێ ئاگادار بکاتەوە.**

**6- سەرۆکی دیوان بۆی هەیە داوای یاسایی تۆماربکات لای داواکاری گشتی ڕاستەوخۆ لە سەر ئەو کەسانەی تاوانی داراییان ئەنجامداوە ، ئەگەر وەزارەت ولایەنی پەیوەندیدار هەڵنەستان بەو کارە.**

**7- سەرۆکی دیوان بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بانگێشت یاخود میوانداری هەر لایەنێکی ژێر حوکمی چاودێری دارایی بکات بۆ ئامادە بوون لە کۆبوونەوەکانی ئە نجومەن سە بارەت بەو بابەتانەی پیوەندی هەیە بە کاری فەرمانگەکەیەوە.**

**8- سەرۆکی دیوان بۆی هەیە لە کاتی پێویست و بەو شێوەیەی بڕیاری لە سەر دەدات فەرمانبەرانی حکومەت و شارەزا بە شداری پێ بکات لە کاری چاودێریداو پاداشت و کرێیان بۆ خەرج بکات بەرامبەر بەو خزمەتانەی پێشکەشی دەکەن بە پێی یاساو ڕێنماییە پەیڕەو کراوەکان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**کاك خلیل فەرموو.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل السادس

صلاحيات رئيس الديوان

الماده 16: لغرض تنفيذ هذا القانون ولضمان سلامة الاجراءات التي تترتب على نتائج أعمال الرقابة المالية، لرئيس الديوان الاختصاصات والصلاحيات الآتية:

أولاً: التحقيق في المخالفات المالية وطلب تقديم أية ايضاحات أو معلومات ممن ترى أكتشاف المخالفة متوقفاً على التحقيق معه سواء كان من العاملين في الدائرة أو غيرهم.

ثانياً: تنحية الموظف عن وظيفته مؤقتاً أو سحب يده كلما اقتضت ذلك سلامة التحقيق والرقابة أو عند ظهور مخالفة أو جريمة مالية أو تصرفات مخالفة لأحكام هذا القانون أو القوانين والانظمة أو التعليمات المالية النافذة.

ثالثاً: للرئيس أن يطلب من الوزير المختص إحالة المخالف (مخالفة مالية) الى لجنة تحقيقية تشكل في وزارته أو فرض العقوبات الادارية عليه.

رابعاً: للرئيس في القضايا التي ينتهي التحقيق فيها، أن يطلب من الوزير المختص تضمين الموظف بالأضرار التي تكبدتها الدائرة بسبب أهماله أو مخالفته للقوانين والانظمة والتعليمات المرعية.

خامساً: الطلب من الوزارة المختصة أو الجهات المعنية إقامة الدعاوى المدنية بالمخالفات المالية ومتابعتها لدى المحاكم المختصة على أن يقوم الديوان بتزويد الجهة المعنية بما لديه من معلومات عن تلك المخالفات وفي حالة عدم تنفيذ ذلك من قبل الوزارة المختصة يعتبر مخالفة مالية على الوزارة المعنية ولرئيس الديوان اعلام رئاسة مجلس الوطني بذلك.

سادساً: لرئيس الديوان إقامة دعوى قانونية على القائمين بجرائم مالية لدى الادعاء العام مباشرةً.

*سابعاً:* لرئيس الديوان دعوة أو إستضافة أية جهة خاضعة لرقابة الديوان لحضور اجتماعات المجلس في الامور المتعلقة بها.

ثامناً: لرئيس الديوان الاستعانة بموظفي الحكومة أو الخبراء عند الحاجة وبالصورة التي يرتئيها لاشراكهم في العمل الرقابي وله صرف المكافأت والاجور لهم لقاء الخدمات التي يقدمونها وفق القانون والتعليمات المعمول بها.

ليژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. دلێر ڕای لیژنەی دارایی چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی پێی چاکە لە ماددەی 16 دا بڕگەکانی 4 و 5 و 6 ، هەرچی( بۆی هەیە) هەیە بکرێت بە ( پێویستە)، چونکە سەرۆکی دیوان پێویستە لەو کێشانەی لێکۆڵینەوەی تێدا کۆتایی هاتووە، داوا لە وەزیر بکات، نەك بۆی هەبێت، بە ڕاستی پێویستە ئیلزام بکرێت ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم لە بڕگەی 4 دا کە هاتووە (سەرۆك بۆی هەیە لەو کێشانەی لێکۆڵینەوەی تێدا کۆتایی هاتووە ، داوا لە وەزیری تایبەت بکات فەرمانبەر غرامە بکات بەو زیانەی بە فەرمانگەکە گەیشتووە بە هۆی کەمتەرخەمی یاخود سەرپێچی کردنی یاساو پەیڕەو و ڕێنمایەکانەوە)، باشە کە کۆبوونەوە تەواو بوو ئەو فەرمانبەرە لەسەری ئیسپات بوو، کە سەرپێچی یاسای کردووە، بۆ نەدرێت بە قەزا، بۆ ئەوەی بە گوێرەی یاسا سزای خۆی وەربگرێت؟ نەك بە تەنها بە غەرامە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی 2 لە نوسخەی عەرەبی کە دەڵێت (تنحية الموظف عن وظيفته مؤقتاً أو سحب يده). (سحب يده) بەخۆی تەنحیەی موەزەفە، لە قەوانینی نەوافز نەهاتووە، داوا دەکەم هەر سەحبی یەدەکە بمێنێت باشترە، خاڵێکی تر لە فەقەرەی 6 ئیقامەی دەعوا لای مودەعی عام ناکرێت، یان داوا لە مودەعی عام دەکرێت ئیقامەی دەعوا بکات یان ئیقامەی دەعوا لای حاکمی تەحقیق موباشر دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی منیش هەر تەئیدی کاك فرسەتە لە بڕگەی 6 کە دەبێت بەو شێوەیە بێت (لرئيس الديوان تحريك دعوى جزائية على مرتكب الجرائم المالية لدى المحاكم المختصة مباشرة) دەبێت بەو شێوەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەی ئەوە بکەن لە عەرەبیەکە وەکو کوردیەکە نەهاتووە، چونکە ئەوەڵ جار واجبی وەزیرە ئەگەر نەیان کرد.

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا تێبینی ئەوەی منیش هەر قسەکانی کاك فرست بوو، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە لەبەرئەوەی فکرەی تری تێدایە، یەکەم شت ئەوە ڕاستە لای ئیدعای عام تەحریکی دەعوا ناکرێت لای قەزا دەکرێت، دەکرێت بگوترێت (بواسطة الادعاء العام)، خاڵێکی تر (قائمين بجرائم مالي ) نیە، بڵێ (مرتكب جرائم)، پێشنیاری من ئەوەیە دەبێت، مودەعی عامێك یان ئەندامێکی داوکاری گشتی ئینتیداب بکرێت بۆ دیوانی رەقابەی مالی، بۆ هەستان بەو ئەرکانە ، ئەویش تەحریکی بکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم، لە بڕگەی 6 بگوترێت (لرئيس الديوان اقامة دعوى قانونية على المتهمين بارتكاب الجرائم المالية بواسطة عضو الادعاء العام الذي ينتدب الى الديوان لدى المحاكم المختصة)، زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە بۆچوونەکانی لیژنەی دارایی دەکەم، با هەرنەڵێین (لرئيس) و (بۆی هەیە) و ئەم شتانە، ئێمە دەبێت تەواوی سوڵتە بدەینە دەست رەقابەی مالی، لەبەر ئەوە دەبێت بڵێین پێویستە ئەو وەزیرە بەرێزەی کە لیژنەی رەقابەی مالیە، ئەگەر موخالەفەی مالی هەبوو با ئەوە بکات، یەعنی زۆر تەشدید بکەین لەسەر ئەوەی کە ئەمان دەبێت حەسانەیان هەبێت و سوڵتەی تەواویشیان هەبێت، لە هەموو شوێنێك دا کە دەڵێت (بۆی) هاتووە ئەو (بۆی هەیە) لابربدرێت، با ئیلزام بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نازانم با تێگەیشتنەکەی زمانەزانیەو برێکیش حەساسە ( يجب) و (بۆی هەیە) فەرقی زۆریان هەیە، (بۆی هەیە) بۆ ئەو دەسەڵاتە دەبێت کە خەڵکی تریش هەمان دەسەڵاتیان هەیە، تۆ کە گوتت (يجب) حەسرت کرد بەو، کەچی ئەمە ئیشی وەزیرە، ئیشی جیهەی موختەسی ترە بۆیە دەڵێت بۆی هەیە ئەگەر وەزیرەکە پێی هەڵنەستێت، لێرە بۆی هەیە زۆر دەقیق هاتووە، ئەگەر بڵێی (يجب) لەنگ دەبێت ئەوە، لە بۆ مەعلومات لەبەر ئەوەی دوو کەس مولاحەزەی دا، ناز ناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو من دەیبینم لەو فەقەراتانە دەیبینم، زیاتر باس لە فەرمانبەر دەکردرێت، ئەی ئەگەر هاتوو لە حاڵەتێك دا خودی وەزیر یان ئەوانەی بە پلەی وەزیرن شتیان لەسەر ئیسپات بوو لەو حاڵەتانە دا چی دەکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی جەنابت چی دەکەی؟ ئەندامی پەرلەمان ئیشی چیە؟ ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی 6 هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، کەواتە ئەو ماددەیە بڕگەی 6ی دەگۆڕێت، (لرئس الديوان اقامة دعوى قانونية على مرتكبي على متهمي الجرائم المالية بواسطة الادعاء العالم اذا لم تقوم الوزارة او الجهة المختصة بذلك)، بە کوردییەکە ئەو جوملەیە باش هاتووە، ئەوەی کاك فرست وتی، سحب اليد، بەتەنها تنحیە، نە لەبەر ئەوەی تنحیە نیە لەقانوندا، با تنحیە لابدرێت، دەیخەمە دەنگدانەوە ئەو دوو گۆڕانکارییە، کێ لەگەڵێتی؟ بادەستی بڵندکات، کێ لەگەڵدانیە؟فەرموون، بەکۆی دەنگ قەبوڵ کرا، بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەڤدەم: ئەگەر ناکۆکیەك کەوتە نێوان دیوان و لایەنێك کە کەوتبێتە ژێر حوکمی دیوانی چاودێری داراییەوە خۆیان بۆیان یەکلانەکرایەوە، سەرۆکی دیوان بۆی هەیە کێشەکە بخاتە بەر دەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ یەکلا کردنەوەی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشرة: إذا وقع خلاف بين الديوان واحدى الجهات الخاضعة للرقابة ولم يتم حسمه بينهما مباشرة فلرئيس الديوان عرض الموضوع على رئاسة المجلس الوطني.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەبیعیە کەس قسەی لەسەر هەیە؟ کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم لەگەڵی ئیزافە بکرێت، لاحالتە الى مجلش شورى الاقليم للبت فيە، چونکە قەزیەکە هەواڵەی مەجلیسی وەتەنی دەکرێت، ئێرە خۆ جیهەی قەزائی نیە تەماشای ئەو مەوزوعەبکات هەر دەبێت جیهەیەکی قەزائی کوتایی بەمەوزوعەکە بێنێت، ئێمە مەجلیسی شورای هەرێمان هەیە، دەکرێت ئەو مەسەلە ئیحالەی مەجلیسی شورای ئیقلیم بکرێت لەبەر ئەوەی قەراری نیهائی بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەجلیسی شوراو ئیستیشاری رەبتیان هەیە، یەکەم: ئێمە وتمان ئەو رەقابە رەبتی بەپەرلەمانەوە هەیە مەرحەلەیەکە ئەگەر پەرلەمان و ریئاسەتی پەرلەمان توانی حەسمی بکات ئیتر بۆ بچێتە مەجلیسی ئیستیشاری، شکات نیە، تەرەفێك نیە شکاتی کردبێت، خیلافێکی قانونیە، خیلافێکی ئیداریە ئەگەر لێرە

چارەسەر بکرێت مەحکەمەی ناوێت، ئەگەر نەکرا ئەو وەختە مەوزوعەکە دەبرێتە ئەویَ، غێر مەفروزە بکرێت، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەمادەکانی پێشوو ئێمە وا دەنگی لەسەر درا کە دیوانی رەقابە بەئەنجومەنی نیشتمانیەوە رەبت بکرێت، لێرەدایش بەهەمان شێوە بۆ ئەوەی عەرز بکرێت لەسەر ئەنجومەنی ئیشتمانیی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە فەرقی هەیە کاك کریم، تۆ ئەگەر لێرە بڵێیت مەجلیس، مەعنای ئەوەیە دەبێت بێنە جەلسەی کۆبوونەوە، ئەگەر بڵێین ریئاسە، یەعنی هەیئەتی ریئاسە حەسمی خیلافەکە رەنگە بکات وپێویست بەجەلسە ناکات، رەئیەکە دەیدات وتەواو، زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی تر، تەواو، موناقەشە تەواو دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات، فەرموون، کێ لەگەڵێدا نیە؟ بەئەکسەریەت وەرگیرا، بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حوکمە کۆتاییەکان

ماددەی هەژدەم:

1- پێش ئەوەی سەرۆکی دیوان کارو دە سەلاَتەکانی ئەم یاسایە پیادە بکات، پێویستە لە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا سوێندی یاسایی بخوات.

2- هەردوو جێگرەکانی سەرۆك و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و یاریدەدەرەکانیان و سەرۆکی دەستەی چاودێری و ئەوانەی بەو پلەیە دێن پێۆیستە ئەو سوێندە یاساییە بخۆن لە بەر دەم ئەنجومەنی چاودێریدا کە لەلایەن ئەنجومەنی چاودێریەوە بۆ ئەم مە بەستە ئامادە دەکرێت و تیایدا پابەند بوونیان بە پرنسیپەکانی پیشەی چاودێری و ئەنجامدانی بە شێوە یەکی بێ لایەنانەو دەرخستنی هەموو ئەوانەی کە بە پێویستی دەزانن بۆ بەرز راگرتنی ئاستی چاودێری دارایی لە هەرێم.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاحكام الختامية

المادة الثامنة عشرة:

1- قبل أن يتولى رئيس الديوان اعماله وصلاحياته المقررة بهذا القانون يؤدى امام المجلس الوطني الكوردسانى اليمين القانونية.

2- يؤدى نائب رئيس الديوان والمدراء العامون ومعاونوهم ومن هم بدرجتهم ورؤساء الهيئات الرقابية يميناً قانونياً أمام مجلس الرقابة تعد من قبل المجلس لهذا الغرض قبل ممارستهم أعمالهم وتتضمن الالتزام بمبادئ مهنة الرقابة وأدائها بحيادية والكشف عن كل ما يراه ضرورياً لرفعة ومكانة الرقابة في الاقليم.

هيچ تێبينيمان نيه.

**بەڕێز د. دلێر اسماعيل حقى شاويس:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمەيش هيچ تێبينيەكمان نيه جەنابى سەرۆك.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ناوەكان دەخوێنمەوە، د. شكريه فەرموو.

**بەڕێز شكريه رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

لەم خاڵەدا من تێبينيەكم هەيە، دەڵێت سەرۆكى ديوان لەبەردەم پەرلەماندا دەبێت سوێند بخوات، ئەى نائيبەكەى، بۆيە من پێشنيار دەكەم ئەگەر ئەم دوو خاڵەى بۆ زيادبكرێت، يەكەم: يخول هيئة المجلس الوطني صلاحية تعيين نائب الرئيس او المدراء العامون في الديوان، دووهەم: يخول رئيس الديوان صلاحيه منتسبى الديوان، ئەگەر ئەو پێشنيارانەم كارى پێ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

د. نورى فەرموو.

**بەڕێز د. نورى جميل تاڵەبانى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

پێويستە دەقى سوێندەكە لەم ماددەيەدا دەست نيشان بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

منيش بەهەمان شێوە رەئى د. نوريم هەبوو، كە دەبێت دەقى سوێندەكە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان ڕەئی ئەوانم هەبوو، بەئیزافەی یەك شتیشەوە، لەخاڵی دووهەمدا كاتێك كە جێگری سەرۆكی دیوان لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتیەكاندا سوێند دەخۆن، دەبێت بەئاگاداری پەرلەمان بێت، یەعنی سەرۆكایەتی پەرلەمان یەكێك دەكاتە نوێنەری خۆی لەو ڕۆژی سوێند خواردندا ئامادە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو دەربارەی سوێندە یاسایەكە، كە مەفروزە هەبێت، ناكرێت ئەوە موبهەم بمێنێتەوە، چونكە سوێندی یاساییە، كە سوێندی یاسایش ئەبێت دەقەكەی هەبێت لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینی برادەرانم هەبوو، ئەوەی د. نوری و برادەرانی تریش، من پێشنیارێكم هەیە بۆ قەسەمەكە، یەعنی یەكەم: چونكە وتیەتی لەپێش پەرلەمان سوێندەكە دەخوات، دەبێت قەسەمەكە دیاربێت، یەعنی لە نهایەتی بڵێین: يؤدي اليمين القانونية التالية، یەعنی بۆ نموونە دەتوانین بڵێین: اقسم بالله العظيم وبكل مبادئي ان اؤدي مهامي بكل اخلاص ونزاهة واستقلال، دەكرێت ئیزافەیەكی تریش بكرێت بڵێت: والتزم بكل القوانين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سعد الدين فەرموو.

**بەڕێز ملاسعد الدين ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەفەقەرەی دووهەم دەڵێت: وتتضمن، یعني ماذا يتضمن الالتزام بمبادئ مهنة الرقابة وادائها بحيادية والكشف عن كل ما يراه ضروريا، ئەوە لێرە دەتوانی هەر ئەوە لەفەقەرەی یەكەمیشدا بێت لەزمنی ئەو دوو سەترەی قەسەمەكە دەردێت، وە ڕەئی دووهەم ئەوەیە كە دەڵێت: ومعاونوهم، یەعنی موعاوینەكان ئیجاب ناكات، تەنها رئيس الديوان والمدراء العامون ورؤساء الهيئات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی لەریقابە بێت دەبێت سوێند بخوات، چونکە مەسئولیەتە، سوێندەکە وەکو ئاماژەی پێ کرا راستە دەبێت لەنەصەکەدا هەبێت، دەکرێت نەفس نەصی سوێندی وەزیر لێرە دابنرێت، کاك خليل فەرموو.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مەشریعی پڕۆژەی عێراقی 2007/2006، ئەوە بەو شێوەیە: يؤدي موظفوا الديوان عند اول تعينهم اليمين التالية: اقسم بالله العظيم ان اقوم بمهام وظيفتي بصدق وامانة واخلاص وان اطبق القوانين والانظمة والتعليمات بامانة ونزاهة وحياد واحافظ على استقلال الديوان وحيادته وكرامته واحافظ على اسرار العمل واحترام القواعد والاخلاقية والمهنية التي تنظم شؤون الوظيفة والمهنة والتزم بها والله على ما اقول شهيد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەمە درێژە، من شتێکم نووسیوە غەیری ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

درێژبێت زۆر باشترە، با هەروا بمێنێت، درێژ بێت، کاکە ئەوە مادەکە وای لێدێت، ئەو سوێندەیش داخیل دەکرێت: قبل ان يتولى رئيس الديون اعماله وصلاحياته المقررة في هذا القانون يؤدي القسم القانوني امام المجلس الوطني الكوردستاني – العراق، اليمين القانونية التالية، یەکەم: سەیریکە خوێنرایەوە، دەخوێنرێت، فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەیەك زیادبکرێت بۆ ئەم مادەیە کە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی تەرشیح دەکرێت سەر بەکوتلەی رئیس وزراء نەبێت هەمیشە، بکرێت بە بڕگەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عیلاقەی بەئەوەوە نیە، ئیختیاری شەخسی رەئیسی دیوان کە باسمان کرد مواسەفاتی هەیە، دواجار لەم کوتلەیە بێت یان لەو کوتلەیە بێت، کە بووە رئیسی دیوان دەبێت موستەقل بێت، دەبێت سەر بەخۆیش بێت، رەچاوی کۆمەڵێك سنوور دەکرێت، فەرموو کاك ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەو سوێندەی کەوا مامۆستا خلیل خوێندەوە، شتێکی باشە، بەڵام ئەگەر وشەی عەدالەتیشی بۆ زیاد بکرێ، پێم وایە باشتر دەبێت، چونکە زەروریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ حاکم نیە کاکە ئەوە، ئەرقامە ئەوە هەمووی، دەیخەمە دەنگەوە ئەو گۆڕانکاریانەی کە موافەقەتان بۆ کرد، لەگەڵ تەزمین کردنی، کێ لەگەڵێتی؟ دەستی بڵندکات، کێ لەگەڵدانیە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ

وەرگیرا، تەبعەن ئەگەر خیلاف بوو کوردییەکە ئەصلە، تکایە چونکە لەعەرەبییەکە هەندێك نەهاتووە، هەندێك کەلیمە لەبیرچووە، بۆیە یەکەمین جارە کوردێکە دەبێتە ئەصل، انشاءالله هەموو پرۆژەکانمان وای لێ دێت لەئایندەدا، بۆ مادەی دواتر.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆزدەم: سەرۆکی دیوان و هەردوو جێگرەکەی و سەرۆکی فەرمانگەکان و سەرۆك و ئەندامانی دەستەکانی چاودێری خۆیان بۆ ئەرك و کاری فرمانەکەیان تەرخان دەکەن، بۆیان نیە هیچ کارو پیشەیەکی دیکە بکەن، جگە لە دانان و بلاّوکردنەوەی پەرتووك و وتنەوەی وانەو پێشکەش کردنی ڕاوێژ لە دوای دەوامی ڕسمی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة: يخصص كل من رئيس الديوان ونائبيه ورئيس الدوائر ورئيس وأعضاء هيئات الرقابة جهودهم لمهمات وأعمال وظائفهم ولايجوز لهم الاشتغال في أي عمل ومهنة اخرى عدا تأليف ونشر الكتب والقاء المحاضرات وتقديم الاستشارات بعد الدوام الرسمي.

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی نیە، بەلاّم ئەو ونائبیە، دەبێتە نائبە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زیاد نیە ئەو مادەیە، دەیخەمە دەنگەوە بۆ لابردنی، د. دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە وەکو لیژنەی دارایی وئابووری، پێمان چاکە ئەم مادەیە بمێنێتەوە، چونکە یەکەم: ئێمە ئەم دەزگایە دیوانی چاودێری دارایی دیوانێك و دەزکایەکی زۆر زۆر گرنگە، دەزگایەکە ئەبێت فەرمانبەرەکانی بەتایبەتی، سەرۆکی دیوان و جێگرەکەی و بەڕیوەبەرە گشتییەکانی ئەبێت موتەفەریغ بن بۆ ئەم کارە، لەبەر ئەوە ئەبێت ئەمە وەکو مادەیەکی یاسایی لەیاساکەدا هەبیت، ئێمە بەزەروری دەزانین، جگە لەوەیش ئێمە لەمادەی پازدەدا ئەو دەر مالاّنەمان تەرخان کرد بۆ فەرمانبەرەکانی ئەم دەزگایە، بۆیە ئێمە پێشنیاز دەکەین وەکو لیژنەی دارایی کە لە کۆتایی مادەکەدا بڕگەیەکی تێدایە دەڵێت، پێشکەش کردنی راوێژ لەدوای دەوامی رەسمی، دەبێت ئەمە لابدرێت، چونکە ئەو موزەفانەی، ئەوکادیرانەی چاودێری دارایی ئەگەر هاتو راوێژکاری دارایی و ژمێریاریان کرد ئەو وەختە مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیاو لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکدا دەکەن کەلە موستەقبەلدا ئەمان موحاسەبەیان نەکەن و ئەمان چاودێری مەسەلە داراییەکانیان دەکەن، ئەبێت ئەم مادەیە بمێنێت و ئەوبڕگەیەیشی لێ لابدرێت، ئێمە زۆر زۆر پێمان چاکە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو مادەیە بمێنیت، ئەو فەقەرەیە هەر دەبێت لابدرێت، چونکە تەئکیدمان لەسەر کردوەتەوە، کاك شێخ بایز فەرمووو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی /وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینی لیژنەی داراییم هەیە، بەلاّم لێرە لە نەصەکەیدا هاتووە دەڵێت، یخصص، خۆی تەفەرغ باشترە، یتفرغ، لەبەر ئەوەی خۆی دەبێت تەفەروغ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەکوردییەکەی زۆر باشتر هاتووە، دەیخوێنمەوە بەکوردی، لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی لیژنەی دارایی پێم وایە موشکیلەتان نامێنێت لەموناقەشە، با بیخوێنمەوە بەکوردییەکە کە دەڵێت: سەرۆکی دیوان و جێگرەکەی وسەرۆکی فەرمانگاکان و سەرۆك و ئەندامانی دەستەکانی چاودێری خۆیان بۆ ئەرك و فەرمانگەکەیان تەرخان دەکەن، بۆیان نیە هیچ کارو پیشەیەکی دیکە بکەن جگە لەدانان و بلاّوکردنەوەی پەرتووك و وتنەوەی وانە، ئەوەی تر لادەبرێت؟ وتنەوەی وانە بۆ لابدرێت؟ موحازەرات دەدات لەزانکو، بۆ لابدرێت؟ فەرمووو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وتنەوەی موحازەراتیش لابدرێت، لەبەر ئەوەی یەك: دەتوانێت لەموقابیلی موحازەرەدا پارە وەرگرێت کە لەپێشتر لەسەدا پەنجا موخەسەساتمان بۆی داناوە، دەکرێت لەرێگای ئەو موحازەراتەوە زۆر مەعلوماتی نهێنی وگرنگ بە خوێندکارەکانی بدات لەزانکۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، ئەوە ئەسرار نیە زۆر جار پێویستیمان هەیە بەخیبرەو ئەزموونی ئەوانەی کە لەوێ ئیش دەکەن، جامیعە پێویستیەتی، لێرە پێویستیمان پێیەتی، ئەگەر لێرە بەقانون مەنعیان بکەین دوایی خۆت داوای ئیستیشارەتێکیان لێبکەی نابێت، قورسە بەراستی، ئەوەندەیە، ئەوەی تر یەعنی پێشکەش کردنی راوێژ لەدواییدا ئەوە زیادە، پێم وایە زۆر قسەمان کرد لەسەر ئەوە، ئەوە کوردییەکە دەخوێنمەوە بەشەتب کردنی ئەوە، فەرمووو کاك کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من ئەوەی لامە هەر ئیستیسنائێکە هەمووی لابدرێت لەبەر ئەوەی تەئلیفی کتب، مەسەلەی ئەوە، الاشتغال في اية مهنة اخرى، ئەگەر باسیش نەکرێت دەتوانێت کتاب دانێت مەنعی تێدا نیە، بەلاّم مەسەلەی القاء المحاضرات و مەسەلەی دانانی ئیستیشارات بەراستی ئەوە مەترسی تێدایە، لابدرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كوردییەكـەی موتـابیقی عەرەبیەكـە دەكـەم ودەخوێنمـەوە: سـەرۆكی دیـوان وجێگرەكـەی و سـەرۆكی فەرمانگاكان و سەرۆك و ئەندامانی دەستەكانی چاودێری خۆیان بۆ ئەرك و كاری فەرمانگەكەیان تـەرخان دەكەن، بۆیان نیە هیچ كارو پیشەیەكی دیكە بكەن جگە لـەدانان و بلاوكردنـەوەی پـەرتووك و وتنـەوەی وانە، ئێستا دەیخەمـە دەنگەوە، موفقتـەرەحی لیژنـەی قانونی و لیژنـەی دارایـی، هـی لیژنـەی دارایـی بـوو، لیژنەی یاسایش تەئیدی كرد، وە كاك فرسەتیش تەئیدی كرد، جەنابی وەزیریش تەئیدی كـرد، بـەو شـێوە دەخوێنمەوە، دەبێتە ئەساس، كێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بكات تكایـە، فـەرموون كێـی لەگەڵـدا نیـە؟ بـە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە بۆ ماددەی دوایی.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی بیست:**

**1- بە دواداچوونی یاسایی ناكرێت بەرامبەر سەرۆكی دیوان پێش وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆكی ئە نجومەنی نیشتمانیی كوردستان سەبارەت بەو ڕەفتارە ڕەسمیانەی ئەنجامی دەدات لە كاری چاودێری و وردبینیدا.**

**2- لێ پێچینەوەی یاسایی ناكرێت بەرامبەر هەردوو جێگری سەرۆكی دیوان و سەرۆكی فەرمانگەكان پێش وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆكی دیوان و بە ئاگاداری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان سەبارەت بەو ڕەفتارە ڕەسمیانەی ئەنجامی دەدەن بۆ جێ بەجی كردنی كاری چاودێری ووردبینی.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة العشرون:**

**1- لایجوز اتخاذ التعقیبات القانونیة بحق رئیس الدیوان ألا بعد الحصول علی إذنٍ من رئیس المجلس الوطني الكوردستانی فیما یتعلق بتصرفاته الرسمیة في أداء مهام الرقابة والتدقیق.**

**2- لایجوز اتخاذ التعقیبات القانونیة بحق نائب رئیس الدیوان ورؤساء الدوائر التدقیقیة فیما یتعلق بتصرفاتهم الرسمیة في مجال الرقابة والتدقیق إلاّ بعد الحصول علی إذن من رئیس الدیوان وبعلم رئاسة المجلس الوطني الكوردستاني، هیچ تێبینیەكمان نیە، لەسەر ئەو ماددەیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك دكتۆر دلێر فەرموو.**

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمەش هیچ تێبینیەكمان نیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەیە یەکەم، من ئەمەوێت، ئێمە حەسانەیەکی تەواو بەسەرۆکی دیوان بدەین، بەو جۆرە بنووسرێت، یتمتع رئیس الدیوان، بالحصانة القضائیة التي یتمتع بها اعضاء البرلمان، وەکو ئەندام پەرلەمانێك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری، نیەتەکەت پاکە وساغیشەو سەلیمیشە، بەڵام حەسانەی پەرلەمانی فەقەت، بۆ ئەندامانی پەرلەمانە، بۆ جیهاتی تر نیە، بۆ وەزیر نیە، بۆ حاکم نیە، بۆ ئەوان نەوعێکی ترە، لەبەر ئەوە ناکرێت، بەقانون ئەو حەسانەی ئەدەینێ، وەکو ئەوەی کە مەسئولیەتەکەی جێگایەتی، ناکرێت حەسانەی پەرلەمانی بدەینێ، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێشنیار ئەکەم، هەر دوو بڕگەکە بکرێت بەیەك وموافەقەش لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بێت، هەردوو بڕگەش بکرێت بەیەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو خۆی دەیخوێنمەوە، کوردیەکەش ئەساسە، عەرەبیەکەش وەکو کاك خلیل گوتی، دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بکات، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و یەك: یاساکانی راژەی شارستانی و میلاك و بەر زەفتی فەرمانبەران بە سەر فەرمانبەرانی دیوان جێ بەجێ دەکرێت، بەمەرجێك پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە نەبێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادیة والعشرین: تنفذ قوانین الخدمة المدنیة والملاك وانضباط الموظفین بحق موظفی الدیوان، شریطه أن لایکون مخالفاً لهذا القانون. لیژنەی قانونی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك دکتۆر دلێر.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش  هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەو ماددەی نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگەوە، بەو تەعدیلاتەی کەتێیدا کراوە، دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بکات، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و دووەم:

یەکەم: پێکهاتەو فەرمانگەکانی دیوان و ئەرك و پسپۆڕیان بە پەیرەوێکی ناوخۆیی دیاری دەکرێن کە لەلایەن دیوانەوە دەردەچێ.

دووەم: سەرۆکی دیوان بۆی هەیە بە ڕەزامەندی ئەنجومەن ڕێنمایی دەر بکات بۆ ئاسان کاری جێبەجێ کردنی ئە م یاسایە.

سێیەم: یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (14) ی ساڵی /2000و پێڕەوی دیوانی چاودێری دارایی ژمارە ( 212) ی ساڵی /1999 هەڵدەوەشێتەوە .

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والعشرين:

أولاً: تحدد تشكيلات ودوائر الديوان ومهامها وأختصاصاتها بنظام داخلي يصدر عن الديوان.

ثانياً: لرئيس الديوان بموافقة المجلس اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ هذا القانون.

ثالثاً: يُلغي قانون ديوان الرقابة المالية رقم (14) لسنة 2000 ونظام ديوان الرقابة المالية رقم (212) لسنة 1999. لیژنەی قانونی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەڵێم بڕگەیەکی تر زیاد بکەین، بەهیچ یاساو دەقێك کار ناکرێت، پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ئەگەر ئەمەش بنووسین ئەوەی ماددەی بیست ویەکیش پێویست ناکات، بینووسین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە، ماددەی بیست ویەك یەکەم ودووەم جیابکرێتەوە لە سێیەم، سێیەم ماددەیەکی تایبەتی بێت، باشترە لەوەی کەوا تێکەڵاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێم وایە، اصداری ئەنزیمە لە سەلاحیاتی، ئەنجومەنی وەزیرانە، یان پەرلەمانە، دیوانێك ناتوانێت نیزامێك دەربکات، بۆی هەیە، تەعلیمات دەربکات، بەلام نیزام ناتوانێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزگایەکی سەربەخۆیە، حەقی خۆیەتی و حەقیشە نیزامی داخلی بۆ خۆی دەربکات، ئەو ماددەیە دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بکات، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و سێیەم :

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە وە قایعی کوردستان دا جێبە جێ دەکرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والعشرين:

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ماددەیەك نیە، لەهەموو قانونەکانی تردا هەیە، على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون، کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحە تازەدایە، بادەستی بڵند بکات؟ کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر کە خوێندیەوە، ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان). دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بکات، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ هۆکاری دانانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆکاری دانانی ئەم یاسایە

لەپێناوی پاراستنی، دارایی گشتی وپتەوکردنی بنەمای بەرچاو ڕوونی، ( الشفافية)، کاراکردنی ڕۆڵی ڕیقابەکاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق و بۆ زامن کردنی سەلامەتی سیستەمی دارایی وبۆ ئەمەش کە هەموو، ئەرك ومەسرەفێك لەبواری دروستی خۆیدا خەرج بکرێت، ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الاسباب الموجبة**

**حفاظآ على الاموال العامة وترسيخأ لمبدأ الشفافية وتفعيلآ للدور الرقابي للمجلس الوطني لكوردستان العراق وضمانآ لسلامة النظام المالي وصرف النفقات في الاوجه المخصصة لها فقد شرع هذا القانون .**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کەواتە پرۆژەکە هەمووی، لەگەڵ ئەسبابی موجیبە دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە؟ بادەستی بڵند بکات، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ یاسای دیوانی چاودێری پەسەند کرا، زۆر سوپاس. دەستەکانتان خۆش بێت، بەخێر هاتنی، جەنابی وەزیر و هەردوو وەزیری دارایی وبرادەرانی میوان ئەکەین، کە ماندوو بوون لەگەڵمان، زۆر سوپاس، سبەینێ سەعات 11 بودجە یە بە ئامادە بوونی هەردوو وەزیری دارایی و ئابووری، زۆر بەخێر بێن سەرچاو.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (10)

## سێ شەممە رێکەوتی 22\4\2008

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2008/4/22

**كاتژمێر (30ر10)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2008/4/22 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2008/4/22 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق, كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان، كۆبوونەوەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی**

کاری دانیشتنی (10)ی خولی دووەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکەوتی 2008/4/22دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق و یاساکەی، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك سەرکیس ئاغا جان وەزیری دارایی و ئـابووری، شـێخ بـایز وەزیـری هـەرێم بۆ کاروباری دارایـی و ئـابووری، کـاك عوسمـان شـوانی وەزیـری پلانـدانان، کـاك سـەعد وەزیـری هـەرێم بـۆ کاروباری پەرلەمان، کاك ڕەشید بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەم، زۆر بەخێر بێن سەرچـاو، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەم بـێن لـە شـوێنی خۆیـان دابنیشـن، لـە دانیشـتنی پێشـوو ڕاپـۆرتی دارایی خوێندرایەوە، ئەگەر جـەنابی وەزیـر قسـەیەکی هـەبێت پـێش ئـەوەی بچـینە سـەر خاڵـەکان لەسـەر بودجە بەشێوەیەکی گشتی هەر لە شوێنی خۆت دەتوانی قسە بکەیت.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەگەر لەسەر بودجە ڕوون کردنەوە بکەین، تۆزێك کاتی دەوێـت، ئینجـا ئەگـەر حـەز بکـەن دێمـە سەر مەنصە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەرکیس، پێش ئەوەی قسە بکەیت، بیریان خستمەوە کە ئەمڕۆ ڕۆژی ڕۆژنامەگەرییـە، ئینجـا دوو قسـە لەسـەر ئـەوە بکـەین، سـوپاس ئـەوەی دەکـەم کـە بـیری خسـتمەوە، کـاك ئـارێزە بـەو ئیعتیبـارەی لێپرسراوی لیژنەی ڕۆشنبیرییە، حەقی خۆیەتی هین بکـاتن، ئـەمڕۆ ڕۆژی ڕۆژنامەگەرییـە، بـە حەقیقـەت بۆیـە لـە بـیرم چـوو لـە کۆنفرانسـی کـە تایبـەت بـە سـەربەخۆیی دەسـەڵاتی دادوەری لـەوێوە دێـم، لـەوێ پیرۆزباییم بۆ ناردن، باسیشم کردەوە کە ئەمڕۆ ڕۆژی دامەزراندنی ڕۆژنامەیـە لـە کوردسـتان، یەکـەم جـار ڕۆژی ڕۆژنامەنووسانە پیرۆزبایی گـەرمیان لـێ دەکـەین و باسیشـم کـرد کـە وەخـتی ئـەوە هـاتووە، کـە ئـەو دەسەڵاتە وەکو دەسەڵاتی چوارەم، دەسەڵاتی میرییە مەبەستمە بـە هـەموو بەشـەکانیەوە دەوری کاریگـەری ببینن لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا بۆ خستنەڕووی ڕاستیەکان، بۆ دەسەڵاتی جێ بـەجێ کـردن و پەرلـەمان و دەسەڵاتی دادوەری، هوشیار کردنەوەی خەڵك، بەشدار بوون لە پێشخستنی ئەو کۆمەڵگایە.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەوڵدەدەم ئەرقامەکان بۆ ئەندامانی پەرلەمان باشتر ڕوون ببێتەوە بە دۆلار بیخوێنم، نەك بە دینار.

یەکەم/ بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی 2008 بریتیە لە (49884977957) دۆلار بەم شێوەیە:

بودجەی تەشغیلی (36825622003) دۆلار.

بودجەی پلان (13059355954) دۆلار.
عیجزی بودجە (7572410296) دۆلار.
عیجزەکان لە پارەی مودەوەری ساڵی 2007 پڕ دەکرێتەوە.
داهاتـەکانی بودجـەی گشـتی عێـراق بـە بـڕی (42312567661) دۆلار خـەمڵێنراوە، کـە لەمـەش (35368425000) داهاتی نەوتـە کـە ڕۆژانـە (1700000) بەرمیلـە، بـۆ هـەر بـەرمیلێك (57) دۆلار حیساب کراوە، بەپێی ماددەی (17) خاڵی شەشەم لە یاسای بودجـەی سـاڵی 2008 هـەر زیـادەو کەمییـەك کە ڕووبـەڕووی خەرجیـەکانی بودجەی گشتی ئیتیحادی ببێتـەوە ڕێـژەی 17٪ لـەم زیادەیـە، یـان کەمیـە هەرێمی کوردسـتانیش دەگرێتـەوە، بـۆ ئاگـاداری بـەڕێزتان لـە یاسـای بودجـەی فیـدراڵی بـۆ سـاڵی 2006و بەپێی مادده (13) (ج) تەنیا باس لەوە کرا بوو کە هەر زیادەیەك لە بودجەی گشتی فیـدراڵ پەیـدا ببێـت ڕێژەی 17٪ ئەم زیادەیە دەدرێتە هەرێمی کوردستان، لە بودجەکانی ساڵانی پێشووتریش بە هـەمان شـێوە هاتبوو، بەڵام لە ساڵی 2007 ئەم خاڵە گۆڕانکاری تیا کرا بەشێوەیەك کە هەردوو لایەنی کەمی و زیادە لە بودجەی گشتی فیدراڵ ڕێژەی 17٪ی هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە.
دووەم/ خەرجیـەکانی سـیادی واتـا سـەرۆکایەتی کۆمـارو ئەنجومـەنی نوێنـەران و ئەنجومـەنی وەزیـران و وەزارەتی دەرەوەو وەزارەتی بەرگری و بەڕێوەبەرایەتی سەفەرو ڕەگەزنامەو فەرماندەیی هێزەکـانی سـنوور قـەرەبوو کردنـەوەی شـەڕی کوێـت و خـەرجی ناردنـە دەرەوەی نـەوتی خـام و ئیلتیزامـاتی عـەرەبی و نێـو دەوڵەتی، تەسویەی نەقدی قەرزەکانی دەرەوەو فەوائیدی قـەرزەکانی بـانقی نێودەوڵـەتی و هـی تـر دەکاتـە (11863963722) دۆلار لـــەم مەبلەغـــە (5072961130) دۆلار بـــۆ وەزارەتـــی بـــەرگری و (1379626203) دۆلار بـۆ خەرجیـەکانی تەشـغیلی بەڕێوەبەرایـەتی سـەفەرو ڕەگەزنامـەو فەرمانـدەیی هێزەکانی سنوور تەرخان کراوە.
خەرجیەکانی سەروەری لە ساڵی 2007 (8446183398) دۆلار بووە، لە ساڵی 2008 زیاد کراوەتەوە بۆ (11863963722) دۆلار، کە ئەم زیادەیە زیان بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت، چونکە ڕێژەی 17٪ی بۆ حیساب ناکرێـت، ڕێـژەی 17٪ی زیانەکـەش دەکاتـە (581022655) دۆلار، بـەپێی مـادده (17) خـاڵی شەشـەمی یاسـای بودجـەی گشـتی ئیتیحـادی ئەگـەر موناقەلـەی خەرجیـەکانی سـیادی کـرا بـۆ سـەر خەرجیـەکانی گشـتی لـە بـڕی موناقەلـە کـراو ڕێـژەی 17٪ دەکرێتـە سـەر بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان، هەروەها لە خاڵی هەشتەمی ماددەی (17)ی هـەمان یاسـادا هـاتووە، کـە سـەرۆك وەزیرانـی ئیتیحـادی بـۆی هەیە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەسـەر خەرجیـەکانی هێزەکـانی پاسـەوانی هـەرێم ڕێـك بکەوێت کە لەگەڵ دەستووردا بگونجێت.
سێیەم/ خەرجیـەکانی حاکیمـە: بـەپێی یاسـاکانی بودجـەی گشـتی فیـدراڵی لـە سـاڵانی 2004 و 2005 و 2006 و 2007 نابێت ئەم خەرجیانە تەسەروفیان پێ بکرێت، مەگەر پـاش ڕاوێـژو هەماهـەنگی لـەنێوان وەزارەتەکانی ناوەندی و وەزارەتـە هاوچەشـنەکان لـە هـەرێمی کوردسـتان، بـەڵام نـەك تـەنیا وەزارەتـەکانی ناوەنـدی ڕاوێـژو هەماهـەنگیان نـەکردووە، بـەڵکو تەنانـەت لـە چۆنیەتی و چـەندایەتی خـەرجکراوی ئـەم

خەرجیانەش حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ئاگادار نەکراوەتـەوە، لـە یاسای بودجـەی گشـتی 2008 ئـەم ماددەیە گۆڕاوە بەشێوەیەك هاتووە، کە تەرخان کراوی حاکیمە نابێت تەسـەروفی تیـا بکرێـت مەگـەر دوای راوێژو هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی دارایی لە بەغداو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردسـتاندا، خەرجیەکانی حاکیمە بۆ ساڵی 2008 لەمانە پێك دێت:

کەلوپەلی خۆراك رێژەی 17٪ی هەرێمی کوردستان دەکاتە (556466667) دۆلار.

خەرجیەکانی حەج (5100000) دۆلار.

کڕینی کارەبا (53613750) دۆلار.

هەیئەی دەعاوی موڵکداری (42500000) دۆلار.

کڕینی سوتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا (29325000) دۆلار.

کڕینی دەرمان (116705992) دۆلار.

سـەرژمێری دانیشـتوانان (17878333) دۆلار، کـۆی گشـتی رێـژی 17٪ی خەرجیـەکانی حاکیمـە دەکاتـە (821589742) دۆلار، رێـژەی 17٪ی هـەرێمی کوردسـتان، ئـەو شـێوەیەی کـە بـۆ دەسـت نیشـان کردنـی رێژەی 17٪ لەلایەن حکومەتی فیدراڵی بەکار دێت بـەم جۆرەیـە، کـە پـاش کـەم کردنـەوەی خەرجیـەکانی حاکیمـە لـە تـەرخان کـراوی 83٪ی بودجـەی گشـتی فیـدراڵ، ئـەوەی کـە دەمێنێتـەوە 17٪ی بـۆ هـەرێمی کوردستان تەرخان دەکرێت، لەڕاستیدا چۆنیەتی ئـەژمار کردنـی رێـژەی 17٪ یـەکێك بـووە لـە کێشـەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، سەرەتا 100٪ی بودجەی گشتی فیدراڵی بە هەرێمی کوردسـتانەوەش خەرجیـەکانی سیادی و حاکیمە کەم دەکران و پاشان رێژەی 17٪ی بۆ هەرێم دادەنرا، لە ساڵی 2006دا جگە لە سیادی و حاکیمە رێژەی 17٪ی هەرێمی کوردستانیشیان لـە رێـژەی 100٪ی بودجـەی عێـراق کـەم کـردەوە، ئینجا رێژەی 17٪ بۆ هەرێمیان دانا، کە بەمەش (726558)ملیۆن دینار زیان بـە بـەر هـەرێم کـەوت، بـەڵام لـە سەردانەکەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و وەفدی یاوەری بۆ بەغـدا 2006 ئـەم کەموکوڕیـە چارەسـەر کـرا، هەروەها بابەتێکی تر پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، ئەویش لەسەر دیار کردنی ئەم رێژەیە لەسـەر داهـات و خەرجیەکان، ئەگەر بودجەی هەرێمی کوردستان لەسەر داهاتی ساڵانەی عێـراق حیسـاب بکرێـت رێژەکـەی کەم دەبێتەوە، هەروەك بۆ ساڵی 2008 بە بڕی (3546) ملیار دینار دانرا بوو، کە پاش سـەردانی وەفـدی دارایی هەرێم بۆ بەغداو پشتگیری بەڕێز دکتۆر بەرهـەم ئـەم ئیحتیسـاب کردنـە لەسـەر داهـات گـۆڕدرا بـۆ خەرجیەکان، هۆی ناڕازی بوونمان لەسەر ئەژمار کردنی رێـژەی بودجـەی هـەرێم لەسـەر داهـات زۆرتـر بـۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە بەغدا ئامادە نەبووە مودەوەری ساڵی 2007 بخاتە سـەر داهـاتی سـاڵانەی 2008، لـە مانگی یازدەی 2006 تا مانگی دووی 2007 چوار جار بڕی تەرخان کراوی هەرێم رووبەڕووی گۆڕانکـاری بووە، ئەویش بەهۆی دەسـتکاری کردنـی بودجـەی عێراقـی فیـدراڵ، لـە مـاددەی (19)ی بودجـەی فیـدراڵی هاتووە کە گۆڕانکاری لە رێژەی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان دەکرێت، لە کـاتی ئامـادە کردنـی بودجـەی ساڵی 2009داو پشت بە دەستوور دەبەسترێت، بۆ ئەم مەبەسـتەش حکومـەتی فیـدراڵی سـەرژمێری گشـتی

دانیشتوانان له عێراق ئەنجام دەدات، که ئـەم سـەر ژمێریـەش نابێـت ماوەکـەی لـه 2008/12/31 دەربـاز ببێت.

بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2008

بـەپێی نووسـراوی ژمـاره (17438) لـه 2007/8/31 بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان بـه بـڕی (11733333333) دۆلار پێشکەش بە وەزارەتی دارایی عێراقی فیدراڵ کـرا، بـەلاَم ئەمساڵیش وەزارەتـی دارایی فیدراڵی بەبێ بەشداری کردنی نوێنەری هەرێم له ئامادە کردنـی بودجـەی گشتی عێراقـی فیـدراڵی بڕیاری دەست نیشان کردنی بڕی بودجەی بـۆ هـەرێم دا، هـەروەها هـەردوو وەزارەتـی دارایـی بـه هاوکاری وەزارەتی پلانـدانان لـه 2007/10/9 خشتەی ئامـادە کردنـی بودجـەی گشـتی سـاڵی 2008یـان بـۆ گشت وەزارەتـەکان نـاردووە، تـا لـەماوەی پـازدە رۆژدا بـۆ وەزارەتـی دارایـی بنێـرن، لـه 2007/11/19) و (2007/11/25) دوو جار له وەزارەتـەکان و بـه نووسـراوی رەسمـی تەئکیـد کرایـەوە، که پەلـه بکـەن لـه ناردنی خشتەکانی بودجـەدا، لـه رۆژی 2007/12/3 خشـتەی گفتوگـۆ کـردن لـەنێوان هـەردوو وەزارەتـی دارایی و پلاندانان لەگـەڵ وەزارەتـەکان بـلاَو کرایـەوە، کـه ئـەم گفتوگۆیانـه لـه 12/5 تـا 2007/12/17 درێژەی خایاند، له ئاکامدا گەیشتینه ئەم ئەنجامه:

بـڕی داواکـراو لــه لایــەن وەزارەتــەکان (13663479167) دۆلار، بـڕی کــه لەســەری رێککــەوتووین (6357319167) دۆلار، بـڕی تـەرخان کـراوی 17٪ لـه بودجـەی فیـدراڵی (5483986667) دۆلار، عیجزی بودجەی ساڵی 2008 (873332500) دۆلار.

خەرجیەکانی بەکارخستن (62٪)و پـرۆژەکانی سـەرمایەداری وەبـەرهێنان رێـژەی 37,7٪ی سـی حـەوت و حەوت له سەدی بودجەی هەرێم پێك دەهێنن، لەسەر ئاستی خەرجیەکانی بـەکار خسـتن قـەرەبوو کردنـی فەرمانبەران رێژەی 59.2٪ پەنجاو نۆو دوو له سەد، لەسەر ئاستی بودجـەی گشـتی هـەرێم رێـژەی (43٪) پێك دەهێنێت، بڕی تەرخان کراوی 17٪ له بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵی 2008 له بەراورد کردنیـدا لەگـەڵ بڕی تەرخان کراوی ساڵی 2007دا بـڕی (498690000) دۆلار زیـاد بوونـەوەی هـەبووە، لەسـەر ئاسـتی وەزارەتـەکان بابـەکان جگـه لـه وەزارەتـی دارایـی ئـەم وەزارەتانـه زۆرتـرین تـەرخان کراویـان هەیـە، کارەبـا (764169167) دۆلار، پــەروەردە (747805000) دۆلار، شــارەوانی (746741667) دۆلار، نــاوخۆ (549728333) دۆلار، ئاوەدانکردنـەوە (346519167) دۆلار، خوێنـدنی بـالاَ (294113333) دۆلار، تەندروستی (277383333) دۆلار.

ئەگـەر تـەرخان کـراوی 17٪ی خەرجیـەکانی حاکیمـه جگـه لـه وەزارەتـی بازرگـانی لەسـەر وەزارەتـه پەیوەندارەکان زیاد بکەن، پلەکان بەم شێوەیە دەگۆڕێن:

کارەبا (847107917) دۆلار.

پەروەردە (747805000) دۆلار.

شارەوانی (746741667) دۆلار.

ناوخۆ (549728333) دۆلار.

تەندروستی (394089325) دۆلار.

ئاوەدانکردنەوە (346519167) دۆلار.

خوێندنی باڵا (294113333) دۆلار.

لە بودجەی ساڵی 2008ی هەرێم پێشنیاری دانانی (29800) پلەی وەزیفی نوێ بە مەبەستی دامەزراندن دانراوە.

زنجیرە بەندی وەزارەتەکان، کە زۆرترین پلەی وەزیفیان هەیە بەم شێوەیە:

پەروەردە (9153) پلە.

تەندروستی (5050) پلە.

ناوخۆ (3530) پلە.

ئاسایش (3445) پلە.

شارەوانی (2015) پلە.

خوێندنی باڵا (1194) پلە.

کشتوکاڵ (1125) پلە.

ئەوقاف و کاروباری ئاینی (1000) پلە.

باقی پلەکان بەسەر سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی رۆشنبیری و شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و دارایی و دادو گواستنەوەو بازرگانی و وەرزش و لاوان و سەرچاوەکانی سروشتی دابەش کراون.

بەپێی ماددەی (28) بودجەی گشتی فیدراڵی وەزارەتی دارایی فیدراڵی لە ناوەڕاستی ساڵی 2008 دەبێت بودجەی تەکمیلی پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکات، پاش ئەوەی کە دڵنیا بێت لە بەردەوامی نرخی ئێستای نەوت و ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستایدا، هەروەها لە ماددەی (25)دا هاتووە ئەو قەرزانەی نێودەوڵەتی کە پێشکەش بە حکومەتی ئیتیحادی دەکرێن بە چاوێکی یەکسان بەسەر هەرێمەکان و پارێزگاکانی عێراق و بەپێی ژمارەی دانیشتوانانیان دابەش بکرێن لەگەڵ رەچاو کردنی پرۆژە ئیستیراتیجیەکانی کە تەنیا لەسەر ئەم قەرزانە تەمویل دەکرێن.

داهاتەکان:

داهاتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2008 بە بڕی (186340833) دۆلار لە بودجەی هەرێم خەملێنراون، بەلاّم لە بودجەی گشتی فیدراڵ داهاتەکانی هەرێم بە بڕی (464095000) دۆلار دانراوە، ئەمەش بەبێ راوێژ کردن لەگەڵمان، یاخود ئاگادار کردنەوەمان، بەڕێزتان ئاگادارن کە یەکێك لەو بابەتانەی لە بەغدا باسی لەسەر دەکرێت داهاتی هەرێمی کوردستانە، بەپێچەوانەی ئەو پرۆپاگەندانەی کە لە بەغدا لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان بلاّو دەکرێتەوە، تەواوی داهاتەکانی هەرێم بە ژمارەو بە نووسراوی رەسمی لە لایەن هەردوو وەزارەتی دارایی پێشکەش بە بەغدا کراوەو بە بەردەوامی لەم داهاتە ئاگادار کراونەتەوە، ئەو لایەنەی کە بودجەی هەرێم تەمویل دەکات وەزارەتی دارایی فیدراڵیەو دەبێت

لەسەر ئەو برە داهاتەی کە بە ژمارە پێیان رادەگەیەنین عەمەلیەی موقاصە ئەنجام بدەن و لە تەمویلەکە کەم بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ ساڵی 2006 و 2007 تەئکیدمان لەسەر ئەو بابەتە کردۆتەوەو تەنانەت داوامان کردووە لێیان کە دیوانی چاودێری دارایی بەغدا بە تەنسیق لەگەڵ دیوانی چاودێری هەرێم دەتوانن تەئکید لەم داهاتانە بکەنەوە، بە مەرجێك دەبێت ئەم مافەش بە هەرێم بدرێت کە دیوانی چاودێری هەرێم بە تەنسیق لەگەڵ دیوانی چاودێری لە بەغدا لە داهاتەکانی عێراق دڵنیا ببێتەوە، رەنگە یەکێك لەو هۆیانەی کە زۆر باسی لەسەر داهاتی هەرێم دەکرێت، بۆ ئەوە بگەرێتەوە کە بەردەوام هەرێم تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئاگادار نییە لە داهاتی نەوت و لە داهاتەکانی تری عێراق و غەدری لێ دەکرێت، تەنانەت وەزارەتی دارایی فیدراڵی (192) ملیار دیناری لە ساڵی 2006 لەبەرامبەر داهاتی هەرێم لە بودجەی هەرێمی برِیوەتەوە، لە ماددەی (18)ی یاسای بودجەی ساڵی 2008دا هاتووە، کە دیوانی چاودێری دارایی ئیتیحادی بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان داهاتەکانی ئیتیحادی کە لە هەرێم وەردەگیرێت دەژمێردرێت و دەست نیشانیان دەکات و وەزارەتی هەرێم دەبێت مانگانە بۆ وەزارەتی دارایی فیدراڵی بنێرێت، هەروەها دەبێت موستەحەقاتی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی بۆ ساڵانی 2004 تا 2007 و ساڵانی دواتریش پاش وردبینی کردنیان لە لایەن دیوانی چاودێری دارایی ئیتیحادی بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان تەسویە بکرێن، ئەگەر بێتو داهاتەکانی هەرێم رەوانەی بەغدا نەکرێن، ئەو کات وەزارەتی دارایی ئیتیحادی بەپێی ئەو برە خەملێنراوەی کە لە داهاتی هەرێم لە بودجەی گشتیدا تۆمار کراوە لە تەمویل کردنی بودجەی هەرێم کەم دەکاتەوە.

بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران، ئەم فەسڵە بریتیە لە قەرەبوو کردنی فەرمانبەران مووچەو پاداشت و کرێی خانەنیشینان و وانە گوتنەوەو تاقی کردنەوەو خەرجی لیژنەکان، ئەوانەی مۆڵەتی خوێندنیان وەرگرتووە، دەرماڵەی مەترسی، زیادەکی، نیشتەجێ بوون، مێوانداری، ئیستیسنائی، چاودێری، پلە، خزمەتی زانکۆ، مووچەی خانەنیشنی مەدەنی و سەربازی، بری ئەم فەسڵە (2341369167) دۆلار، فەسڵی کاڵاکان و خزمەتگوزاری و پاراستن، کە بریتییە لە قورتاسیەو چاپ کردنی کتێب و گۆڤار، بەڵگەنامە، دەستنووس، کرێی ئاوەرۆ، کارەبا، هاوردنی وزەی کارەبا، سوتەمەنی، هاوردنی سوتەمەنی، جل و بەرگ و دەرمان، مەوادی قەلاچۆ کردنی زەردەواڵەو ئافات، مەوادی پارێزگاری، مەوادو پێویستیەکانی فوتابخانەو کتێب، داو و دەرمان، کەرەستەی شووشتن، چەك و کەرەستەی سەربازی، ئامێری ژمێریاری، چاپکەر، وێنەگرتن، دەرماڵەی سەفەر بۆ ناوەوەو دەرەوەی عێراق، خەرجی بڵاو کردنەوەو راگەیاندن، هاوبەشی لە رۆژنامە، بەکرێ گرتنی مەکینەو کەرەستەو حاسیبەو کەلوپەل، کرێی تری وەك کرێ گرتنی هۆیەکانی گواستنەوەو مێوانداری، شاندو پەیوەندی گشتی، پولی پۆستە، گەیاندن، کرێی پسپۆری راوێژ، چاپکردن، خاوێن کردنەوەی دەزگا، هاوکاری وەرگێران و دانان، کرێی چوونە پاڵ دەزگاکانی زانکۆیی و پرۆپاگەندەیی، پارێزگاری لە رێگاوبان، پرد، دانانی تۆری ئاو و کارەبا، هۆیەکانی

گواستنەوە، شووشتنەوەی زەوی خوێواوك و پرۆژەكانی ئاودێری، كەلوپەل، باڵەخانە، ئامێرو دەزگا، كارگە، باخچە، كتێب، تۆمارو بەڵگەنامە.

بڕی تەرخان كراوی ئەم فەسڵە، كە بۆ ئەم خەرجیانە دێت، بریتیە لە (724602500) دۆلار باربوو، هاوپشتی كردنی خانەنیشین كردنی حكومی، پشتیوانی كردنی جوتیاران لە كڕینەوەی بەروبووم و دانەوێڵەی نەخۆشی لێدراو، پەلەوەڕگا، تۆی دانەوێڵە، فرۆشتنی پەین بە نرخی داشكاو، داشكاندنی نرخی دانەوێڵە، باربووی تری كشتوكاڵی، بڕی تەرخان كراو بۆ ئەم فەسڵە بریتیە لە (47500000) دۆلار.

بەخشینەكان:

واتا مینحەی زانكۆكان، رێكخراوەكانی شارستانی، یەكێتیەكانی وەرزشی، مینحەی یەكەكانی حكومی گشتی، ئەنجومەنی پارێزگاكان، رێكخراوەكانی زانستی و كەلتوری، كۆڕی زانیاری، بڕی تەرخان كراو بۆ ئەم فەسڵەش دەكاتە (155833333) دۆلار.

سوودە كۆمەڵایەتیەكان:

خەرجیەكانی ئەم فەسڵە بۆ هاوكاری، باربوو، مووچەی خانەنشینی بۆ دامودەزگای كارو دەستەبەری كۆمەڵایەتی، بەهاناچوون و باربوو كردنی كۆمەڵایەتیانەی لێقەوماوان، بڕی تەرخان كراو (84108333) دۆلار.

خەرجیەكانی تر:

واتا كرێی زەوی و زار، پاداشت بۆ خەڵكی نا فەرمانبەر، پاداشتی پەیامنێران و هاوكاران، دەرماڵەی شاندگەلی قوتابیان، دەرماڵەی قوتابیانی زانكۆ، قەرەبوو و پڕ كردنەوەی زیان، زیان بژاردن بۆ قوربانیان، هێنانەوەو هاوەردن، گێڕاوەی جۆراوجۆر، مینحەی رێكخراوی خێرخوازو ئاینەكان، چالاكی دیدەوانی، یەدەگی كتوپڕ، زیانی گۆڕینەوەی پارە، كوژاندنەوەی قەرز، چالاكی وەرزشی و قوتابخانەیی و دیدەوانی، بڕی تەرخان كراو بۆ ئەم خەرجیانە دەكاتە (310419167) دۆلار.

هەبووەكانی غەیری دارایی:

كە بریتین لە خانووبەرەی نیشتەجێ بوون و غەیری نیشتەجێ بوون، ئامێرو كەرەستەو هۆی گواستنەوە، ئامێرو كەرەستەی تر، كەلوپەل، ئاژەڵ، زەوی، بڕی تەرخان كراو (294254167) دۆلار.

كۆی بودجەی رەوا (3958086667) دۆلار، كۆی بودجەی وەبەرهێنان (2399232500) دۆلار، كۆی گشتی (6357319167) دۆلار.

بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە بەراورد لەگەڵ بودجەی هاتوو لە بودجەی گشتی فیدراڵی، قەرەبوو كردنەوەی فەرمانبەران، پێشنیار كراو (2809643) ملیۆن، ئەوەی كە لە بودجەی فیدراڵی (1800) ملیار دینار، كالاكان و خزمەتگوزاری و پاراستن (869523) ملیۆن (9461)ملیۆن، باروبووەكان (57) ملیار، خەملێنراو (235) ملیار، بەخشینەكان (187) ملیار، خەملێنراو (200) ملیار، سوودە كۆمەڵایەتیەكان (1930) ملیۆن، خەملێنراو (429170) ملیۆن، خەرجیەكانی تر پێشنیار كراو (372503) ملیۆن، خەملێنراو (300073) سێ سەد ملیارو حەفتاو سێ ملیۆن، هەبووەكانی غەیری

دارایی پێشنیار کراو (353105) ملیۆن، خەملێنراو (385) ملیار، کۆی بودجەی ڕەوا پێشنیار کراو (4749704) ملیۆن، خەملێنراو (4249704) ملیۆن دینار، کۆی بودجەی وەبەرهێنان (2879079) ملیۆن، خەملێنراو (2223) ملیار دینار، کۆی گشتی بودجەی پێشنیار کراو (7628783) ملیۆن، خەملێنراو (6472704) ملیۆن دینار، عیجزی بودجە (1156079) ملیۆن.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پاش ئەوەی کە بڕیار درا مووچەی فەرمانبەران زیاد بکرێت لەعێراق مەبلەغێکی تر هاتە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان، بەلاّم ئەمە دوای ئامادە کردنی بودجە بوو، بۆیە عیجزەکەی بودجە جا ئەگەر ئەو زیادەیە لەسەری حیساب بکەین، عیجزی بودجەکە دادەبەزێت بۆ (1047999) ملیۆن دینار.

داهاتەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەملێندرێن:

باجەکان ئەوەی کە خەملێندراوە هی هەرێمی کوردستان (152981) ملیۆن.

داهاتەکانی تر (403933) ملیۆن، کۆی گشتی (556914) ملیۆن.

ڕێژەی فەسڵەکانی بودجە بەم شێوەیەی خوارەوەیە لەسەر ئاستی گشتی بودجە:

قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران (43٪).

کالاّکان و خزمەتگوزاری و پاراستن (12,5٪).

باربووەکان 0.8٪.

بەخشینەکان 2،7٪.

سوودە کۆمەلاّیەتیەکان 1،4٪.

خەرجیەکانی تر 5،3٪.

هەبووەکانی غەیری دارایی 5،1٪.

پلانی وەبەرهێنان 31،9٪.

ڕێژەکانی فەسڵەکانی بودجەی ئاسایی بەم شێوەیەی خوارەوەیە، ئەوە لەسەر بودجەی یاسایی:

قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران 2،59٪.

کالاّکان و خزمەتگوزاری و پاراستن (18,3٪).

باربووەکان 1.2٪.

بەخشینەکان 9،3٪.

سوودە کۆمەلاّیەتیەکان 1،2٪.

خەرجیەکانی تر 8،7٪.

هەبووەکانی غەیری دارایی 5،7٪.

دیار کردنی ئەم بڕانەی خوارەوە وەك دابین کراوێك لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ گەشە پێدانی پارێزگاکان بەم شێوەیە:

پارێزگای هەولێر (180) ملیار دینار.

پارێزگای سلێمانی (200) ملیار دینار.

پارێزگای دهۆك (115) ملیار دینار.

کۆی گشتی (495) ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکانە.

وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجەی پێشنیار کراوی هەرێم نەهاتووە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەپێی ماددەی (110) دەستووری عێراقی رەسمی سیاسەتی دارایی و گومرگی و چاپ کردنی دراو و رێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لە سنوورەکان و پارێزگاکانی ناو عێراق و دانانی بودجەی گشتی دەوڵەت و رەسمی سیاسەتی دراو و دانانی بانکی ناوەندی و ئیدارە کردنی و رەسمی سیاسەتی ئابووری و بازرگانی دەرەوە لە دەسەڵاتی حەصری حکومەتی ئیتیحادییە، هەروەها هەر بەپێی ئەم ماددەیە دانانی پرۆژەی گشتی و ئیستیسماری لە دەسەلاتی حەصری حکومەتی ئیتیحادی دانراوە، تەنانەت بەپێی ماددەی (114)ی دەستوور رەسمی سیاسەتیگەشە پێدان و پلانی گشتی دەبێت بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی دابنرێت، بەلاّم ئەوە ئەمە ناگەیەنێت، کە ئێمەش هیچ هەنگاوێك لە چوارچێوەی توانای خۆمان لە هەرێم ناهاوێژین، هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن لە ساڵانی رابردوو بەپێی پێداویستی زەروری و بە پەلە هەڵسوکەوت لەگەڵ بودجەدا دەکرا، بودجەی هەرێم کەوتبووە ژێر فشاری دابین کردنی ئەم پێداویستیە زەرورییانە، بەبێ ئەوەی پلانێکی ستیراتیجی درێژخایەن هەبێت، بەلاّم ئێستا بەبوونی وەزارەتی پلاندانان و ئەنجومەنی بالاّی ئابووری هەرێم و دەستەی وەبەرهێنان دەتوانین بەو ئیتیجاهە بڕۆین، بۆ ئەوەی بتوانین پلانێکی ستیراتیجی بۆ هەرێم دابڕێژین و پیادەی بکەین، بودجەی گشتی هەرێم لە دوو بەشەوە پێك دێت، یەکێکیان/ بودجەی تەشغیلی و ئەویتریان بودجەی پلان، یان ئیستیسماری، سەبارەت بە بودجەی تەشغیلی زۆرترین رێژەی بودجەکە بۆ مووچەو دەرماڵەی فەرمانبەران و پاداشتی خانەنشنیان دەچێت، بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە پێویستە دامەزراندن لە فەرمانگەکان رابگیرێت، تەنیا بۆ کەرتەکانی زەروری وەك پەروەردەو خوێندنی بالاّو تەندروستی بکرێت، دەبێت وەزارەتەکان پێداویستیەکانی خۆیان لە کەوادیر دەست نیشان بکەن، هەر لە هەمان کاتدا فائیزەکان لە هەر وەزارەتێکدا ئیحصا بکرێن، ئینجا ئەو فائیزانە بەشێوەیەکی زانستیانە تەئهیل بکرێن بۆ ئەوەی ئەو میلاکانە پڕ بکرێنەوە، کە وەزارەتەکان پێویستیان پێیان هەیە، نەك فەرمانبەری نوێ دابمەزرێنن، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە دانان و تەفعیل کردنی ئەنجومەنی راژەوە هەیە، بۆ بەرەنگار بوونەوەی بێ کاری دەبێت شێوەیەکی دی پەیڕەو بکەین، ئەویش بە هاندانی وەبەرهێنان و پێشکەش کردنی تەسهیلاتی بۆ کەرتی تایبەت، بۆ ئەوەی چالاکی ئابووری خۆی ممارەسە بکات، بەمەش بازارێك بۆ ئیستیعابی پەروەردەو خوێندنی بالاّ پەیدا ببێت، سەرەڕای ئەمەش ئەرکی دەزگاکانی پەروەردەو خوێندنی بالاّیە کە پرۆگرامەکانی خۆیان بەشێوەیەك دابڕێژن تا کەوادیر پێداویستی بازاڕی کار پەروەردە بکەن، ئەگەرنا پاش چەند ساڵی تر بودجە تەنیا بریتی دەبێت لە مووچەو دەرماڵەو کرێ و ئیلتیزامێکی بەردەوام بۆ حکومەت دروست دەبێت، هەروەکو ئێستا دەبینن بە زیاد بوونی مووچەی فەرمانبەران و پاداشتی خانەنشینان ئەم ئیلتیزاماتانەمان لەسەر زیاد بووە، دەبێت ئیعتیماد بکرێتە سەر چەند

بنەمایەکی عیلمی لە سیاسەتی دامەزراندنداو، نابێت دامەزرانـدن وەك ئیعانەیـەك، یـان بـۆ رازی کردنـەوە بەکار بهێنین، بـۆ بـەرەنگار بوونـەوەی هـەژاری و رووبـەڕوو بوونـەوە لەگـەڵ بـێ کـاری تـۆڕی کۆمەڵایـەتی بەهێز بکرێت، لە هەمان کاتدا بانکەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی زیندوو بکرێنەوە، بۆ ئەوەی بەدانی قەرز ئەم کەرتە بەرهەمهێنەرانە پێش بکەون و هەلێکی کارکردن بۆ هاووڵاتیان پەیـدا ببێـت، ئـەوەش لـەبیرمان نەچێت کە پشتیوانی حکومەت لە هاووڵاتیان بارگرانیەکی گەورەی خستۆتە سـەر بودجـەی گشـتیدا، وەکـو کەلوپـەلی خـۆراك و کـڕینی سـووتەمەنی و پشـتیوانی لـە جوتیـاران و خـەرجی حـەج و کـڕینی دەرمـان و کارەباو کەرەستەکانی تر، حکومەت ناچارە بەردەوام بێـت لـەم پشـتیوانی کردنـە، لـە دوای رووخـانی رژێـم روسـومات و بـاج هەڵوەشـێندرانەوەو یـاخود دەسـتکاری کـران، ئەمـەش بـووە هـۆی دابـەزینی بـە تـەواوەتی داهاتی ناوخۆی هەرێم، بانکی ناوەندی عێراقیش بەردەوامە لە سیاسەتی دانانی نەقدی، ئەویش بریتیە لە بەهێز کردنی دیناری عێراقی، لە ساڵی 2006 هەر دۆلارێك بەرامبەر بوو بە (1500) دیناری عێراقی، لە ساڵی 2007 کرا بە (1260) دینار، بۆ ساڵی 2008 بە (1200) دینار دانراوە، وا پـێ دەچێت کـە بـانکی مەرکـەزی بـەردەوام بێـت لـەم سیاسـەتەی بـۆ سـاڵانی داهـاتووش، راسـتە ئـەم سیاسـەتەی بـانکی مەرکـەزی رەنگدانەوەی ئیجابی هەبووە لە دابەزاندنی زاهیرەی تەزەخوم، بەڵام لە هەمان کاتدا تەئسیری کردۆتە سەر داهاتەکان بە دیناری عێراقی، ئەگەر ئەم بەردەوام بوونە هەبێت، ئەو کات نرخـی دینـاری عێـراق بـەقوەت دەبێت بەرامبەر بە دۆلارو کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتی نەوتی و دەبێتە هۆی دابـەزینی ئـەم داهاتـە بـە پارەی عێراقی، لە کاتێکدا کە ئیلتیزاماتی ئێمە وەك مووچەو دەرماڵەو پاداشـتی خانەنشـینی و هـی تـر بـە دینـاری عێراقییـە، بۆیـە دەبێـت بـیر کردنـەوەمان بگـۆڕین لەسـەر دانـان و وەرگـرتنی روسـومات و بـاج، بەتایبەتیش بە دەرچوونی یاسای مەواریدی مـالی، هـەرێم بەشـی هەیـە لـە تـەواوی داهاتـە ناوخۆییـەکانی عێـراق و بـە هـەمان شـێوەش دەبێـت موشـارەکەیان لەگەڵـدا بکـەین، بەرنامـەمان وایـە پێداچـوونەوە بـە روسومات بکەین و هەروەها روسوماتی نوێ دابنێین و بەتایبەتی ئەو فەرمانگانەی کە خـەدەمات پێشکەش دەکەن داهاتەکانیان بە رێکوپێکی وەربگـرن، چـەندی بتـوانین ئاسـتی داهـاتی نـەوتی و غـەیری نـەوتی لـە هـەرێمی کوردسـتان بـەرز بکەینـەوە، بـە هـەمان ئاسـت توانیمـان لەسـەر بودجـەی گشـتی عێـراق بـەهێزتر دەبێـت، لـە لایـەکی تریشـەوە ئـەم مەترسـیەمان بـۆ نامێنێـت، کـە هەمیشـە چـاومان لـە بەغـدا بێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس، زۆر زۆر سـوپاس بـۆ ئـەو وتـارەی کـە پێموایـە هـەنگاوێکی گـرنگ و پێویسـتە، بـۆ ئـەوەی موناقەشە کردن و پەسند کردنی بودجە بچێتە سەر سکەی خۆی، ئومێد دەکەم کە هەنگاوەکانی تریش لـە داهاتوودا وەکو ئەم هەنگاوە، واتا خستنەڕووی راستیەکان و تەفسیلاتی و ئەوانـە، جگـە لـەو داواکارییانـەی کەوا لیژنەی دارایی لە راپۆرتەکەیدا نووسـی بـووی، مـن داوا دەکـەم کـە ئـەو وتـارەی کـە خوێندیـەوە کـاك سەرکیس بیدات بۆ ئەوەی فۆتۆکۆپی بکەین و نوسخەیەك بدەینە ئەنـدامانی پەرلـەمان، بـۆ ئـەوەی لەبـەر چاویان بێت، ئەوەی بە دەستی نووسیووە دەکرێت ئەوە چاپ بکرێت و بدرێتە ئەندامانی پەرلەمان، چونکە

وا تەسەور نەکەن بە دوو سەعات تەواوی دەکەین، ئێمە دەچینە سەر موناقەشات، بەپێی نیزامی داخیلی پەرلەمان سەرەتا ئەو راپۆرتەی کە خوێندرایەوە لە لایەن لیژنەی دارایی موناقەشە دەکرێت، دواتریش دەچینە سەر ئەو بابەتەکان، یەعنی یەکە یەکە، بەشەکانی بودجە کە موناقەشە کراوە بە هەموو تەفسیلاتی، دیارە راپۆرتی لیژنەی دارایی بە ئوسول وایە لەبەر رۆشنایی راپۆرتەکانی لیژنەکانیش نووسرا بێت، بەلأم لەوە دەچێت هەندێ لە لیژنە راپۆرتەکەی نەدابێتە لیژنەی دارایی، بۆیە ئەگەر لە کاتی موناقەشە ئەگەر سەرۆکی لیژنەکانی تر راپۆرتەکەیان نەدا بێت، دەکرێت لە جیاتی موداخەلەی خۆی راپۆرتەکەی خۆی بخوێنێتەوە، ئەگەر لە بیرتان مابێت راپۆرتی لیژنەی دارایی بۆ کردنەوەی موناقەشە، ئەگەر داواش دەکەن جارێکی تر بیخوێنێتەوە، ئەگەر خۆتان حازر کرد بێت، پێویست ناکات بیخوێنێتەوە، بەڵێ کاک بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموو لیژنەکان ئەو مەعلومات و وتارەی بەڕێز وەزیری مالیە لە لای هیچ ئەندامێکی پەرلەمان نەبووە تەفاسیلەکە، بەڕاستی ئێمە کە راپۆرتەکانمان نووسیووە، لەوانەیە پێچەوانەی وتارەکەی بەڕێزیان بێت، دەبوو زۆر زووتر ئەو مەعلومات و ئەو وردەکاریانە لە لای ئەندامانی پەرلەمان بوایە، بۆ ئەوەی ئێمە لە راپۆرتەکانماندا زۆربەی پێشنیارەکانمان لەوێ چارەسەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو وتارەی وەزیری دارایی پێویستە لە هەموو هینەکان پاش ئەوەی راپۆرتی لیژنەی دارایی دەخوێندرێتەوە، ئەو وتارە پێشکەش دەکاتن، روون کردنەوە پێشکەش دەکاتن، بەلأم ئەو تەفسیلاتەی نێردراوە بۆ بودجە، ئەوە ئێمە موناقەشەی دەکەین، ئەو پێشنیارانەی خۆی پێشنیارێکن بۆ حکومەتیش، بۆ ئێمەش، ئەو تەفسیلاتە، ئەگەر نەنێرێت باسی بکاتن، بەلأم ئێمە لەسەر بودجەکە دەڕۆین کە بۆمان هاتووە، پرۆژەی یاساییەکە بێجگە لە بودجەکەی، لە دانیشتنەکانی داهاتووشدا سوود وەردەگرن لەو راپۆرتەی کە هەیەتی، دەتوانن لە موناقەشەدا ئیسارەی ئەو نوقاتانە بکەن کە پێویستە، ئێستا من راپۆرتی لیژنەی دارایی کە خوێندرایەوە هەر لە دانیشتنی پێشوودا، ئەگەر کەسێك لەسەری قسەی هەبێتن، حەز دەکەم و ناوتان دەنووسم، بەڵێ کاك سەرکیس فەرموو.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە پێویستم دەزانی چەند وەلأمدانەوەیەکمان هەبێت لەسەر ئەو خالأنەی کە بەڕێز لیژنەی دارایی پەرلەمان پێشکەشی کردووە، بەنیسبەت خالّی یەکەم/ ئامادە کردنی زووتری بودجە، کە ئیشارەت درا لە خالّی یەکەم، ئومێدمان زۆرە کە لە مانگەکانی داهاتوودا یاسای مەواریدی مالی لەسەری رێك بکەوین لەگەلّ بەغدا، ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە پەسند بکرێت، یەکە یەکە لە مولحەقەکانی یاسای

نەوت و غاز، ئەو كاتە دەتوانین باشتر تەقدیری داهاتەكان بكەین، ئازاتر دەبین لە دانـانی بودجـەدا، چـەند راستیەك هەیە كە پێویستە عەرزی بەڕێزتان بكەین.

یەكەمیان/ ئەو بودجەیەی كـە لـە عێراقـدا دادەنرێـت لەلایـەن سـندوقی نەقـدی دوەلییـەوە بەرنامـەی بـۆ دادەڕێژێ و لەو چوارچێوەوە عێراق بودجەكـەی خـۆی رێـك دەخـات، نابێـت لـەو زەوابتانـەی كـە سـندوقی نەقدی دوەلی دادەنرێت تەجاوز بكات، بۆیە ئێمەش پێویستە پابەندی ئەو زەوابتانـە بـین، ئەگـەر لەلایـەن سندوقی نەقدیەوە رەخنەمان لێ دەگیرێت و رووبەڕووی كێشەی تریش دەبینەوە، یەعنی مەبەستم ئەوەیە هەر بودجەیەك لێرە ئەگەر بمانەوێت زووتریش دایبێنین پێویسـتە رەئـی سـندوقی نەقـدی دوەلـی لەسـەر ئەو بودجەیە وەربگرین، چونكە بودجە عێراق بۆ خۆی دانانێت، پێشتر دەبێت حازر بكات هـەتا صـندوقی نەقدی دەولی تەئیدی نەكات بەپێی ئەو زەوابتانە نەبێت میزانیەی گشتی عێراق ئامادە ناكات.

دووەم/ ئەو بودجەیەی سالآنە كە دەدەینە بەغدا لە رووی ژمارەوە بودجەیەكی گەورەیە، یەعنی پێشتر كـە هەموو جارێ لە بەغداوە دەكرێت بۆ ئێمە بودجەیەك بۆمان بنێرن، ئێمە بودجەیەكیان دەدەینێ، بەڕاستی ئـەو بودجەیـە هـەوڵ دەدەیـن كـە زۆر بـە ژمـارەوە گـەورە بێـت، چـونكە ئەگـەر وریـا نـەبین لـەو خاڵـە بودجەیەكی وا دەكرێت، ئەو وەختی ئیحتیمالی هەیە دوای ئەوەی كە بودجە كەوتە دەستیان، عێـراق بێـت بودجەیەكی زۆر زەخم بۆ خۆی دروست بكات بە ئێمە بڵێت ئێـوە ئەوەنـدەتان تەقـدیم كـرد بـوو، فـەرموو من ئەوەی كە داواتان كردووە پێتان دەدەم، ئێمە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بكەین بزانین تەقدیراتی ئیرداتیـان چەندە؟ ئەو بودجەیەش كە دەدەینە ئەوان پێویستە هەوڵ بدەین لە حەددی 30٪ی بودجەی عێراق بێت، چونكە بەڕێزتان دەزانن هەموو جار كێشەمان هەیە لەنێوان 17٪ و 14٪ ئەمەش خاڵێكی تـرە كـە دەبێـت وریا بین بزانین ئەوان بودجـەكانیان بـە چ شـێوەیەك دادەڕێـژن لـە رووی داهاتـەوە، ئینجـا ئێمـە بودجـەی خۆمان لێرە پەسندی بكەین، بەلاَم ئەگـەر بێتـو یاسـای مەواریـدی مـالی هـەروەكو عـەرزی بـەڕێزتانم كـرد پەسند بكرێت، ئەو كاتی ئەو ترسەمان نامێنێت، چونكە یەكسەر هەموو ئیراداتـی نـەوتی دێنـە سـندوقێك، ئیراداتی مالیش دێتە ناو سندوقێك ئێمـە دەسـەلاَتمان دەبێـت تەقـدیرێكی موشـتەرەك بـۆ داهـات دەبێـت و دەسەلاَت كە بە كەیفی خۆمان بودجەكەی خۆمان تـەنزیم بكـەین، مەبەسـتم لـە دەسـەلاَت ئەوەیـە یـەعنی هیچ ترسێكمان لە بەغدا نابێت، كە لە بودجەیەكی وا كەم تەقدیم كردووەو ئەوە بودجەكەت و ئەوەت داوا كردووە، ئینجا ئەو دوو خالآنە حەزم دەكرد هەر عەرزی بەڕێزتان بكەین لەسەر تاخیر بوونی بودجەو كـە بۆچی تاخیر پێشكەش كراوە.

خاڵی دووەم/ داوا كراوە هەردوو وەزارەت بە زووترین كات یەك بگرنەوە، لەماوەی ئەم ساڵە، ساڵ و نیـوەی رابردوو بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، هـەردوو وەزارەتـی دارایـی زۆر هـەوڵیان داوەو زۆر لیژنـەشمان دروسـت كردووە، وابزانم نۆ لیژنەیە لە هەموو بوارەكان، بۆ ئەوەی هـەموو روسـومات یـەك بـن، هـەموو تـەعلیماتی دارایـی تەوحیـد بكـرێن، یاسـاكان كـە هـەمووی یـەك یاسـا بـن، لـەو ناحیانـەوە ئێمـە هـەنگاوی زۆرمـان هاوێشـتووە، جگـە لـەوەی دەسـتەیەكی هاوبـەشمان دروسـت كـردووەو هـەر تـەعلیماتێكیش كـە بمانـەوێت دەربكەین لیژنەی تایبەتیمان هەیە تەعلیماتەكان بە هاوبەشی دەریدەكەین، یەعنی لەناحیەی تەعلیمات و

کاری دارایی ئێمە بەڕاستی پێشوەچوونێکی زۆر بەباشیمان هەبووە، تەبیعی پشتگیری لە داوایەکە دەکەین لەسەر یەکگرتنەوەی.

خاڵی سێیەم/ لەسەر یەکخستنی بودجەکانە، بەنیسبەت یەکخستنی بودجەکانی ئەو وەزارەتەی کە یەکیان نەگرتۆتەوە یەك بخرێن شتێکە، هەتا ئەگەر یەکیش نەخران خۆ ئەو کاتە هەردوو وەزارەتەکان دەبنە یەك بە بڕیارێك دەکرێت هەردوو میزانیەکان دەمج بن، بەلاّم هەر بڕیارێك لەم بارەیەوە بدەن ئێمە پشتگیری لێ دەکەین، بەلاّم یەك شتی تریش هەیە ئەوەش حەز دەکەم لەبەرچاوی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان بێت، کە بڕیارە زۆر لە وەزارەتەکانی تریش دەمج ببنەوە، یەعنی لەو حاڵەتە خۆ ئەو وەزارەتانەی تریش وەزارەتی فیعلین کە دەمج ببنەوە، ئەو کاتیش خۆ دەبێت بە بڕیارێك بودجەکانیان یەك بخرێت، یەعنی تەنیا حاڵەتی ئەو سێ وەزارەتە ناگرێتەوە.

خاڵی چوارەم/ داوا کراوە کە هەندێك لە وەزارەتەکان کارو فەرمانیان نزیك یەکە، ئەم وەزارەتانە یەك بخرێن، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان حەتمەن ئاگادارن لیژنەیەکی تایبەتی دروست کرا بوو لە بەڕێزان دکتۆر عماد ئەحمەدو کریم سنجاری و دکتۆر فوئاد حوسێن، ئەم لیژنەیە دیراسەتی تەواوی کردووە لەسەر دەمج کردنی وەزارەتەکان، پاش ئەوەی کە راوێژی کردووە لەگەڵ پسپۆڕان و لەگەڵ وەزیرەکان، ئینجا راپۆرتی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی کردووە، بەلاّم ئەوەی من ئاگادارم لەبەر بەشداری کردنی لایەنە سیاسیەکانیش لەوانەیە هەندێك گۆڕانکاری تریش لە ژمارەی وەزارەتەکان کرا بێت، ئەوەی کە زانیاری هەمە وەزارەتەکان لەسەر ئەساسی ئەم شێوەیە بن: پێشمەرگە، ناوخۆ، دارایی، وزە کە کارەباشی لەگەڵ دەبێت، پەروەردە، ئاوەدانکردنەوە، شارەوانی، تەندروستی، شەهیدان و کۆمەلاّیەتی، ئەوقاف، وەبەرهێنان، کشتوکاڵ و ئاودێری، خوێندنی باڵا، پلاندانان، رۆشنبیری و لاوان، ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بازرگانی و پیشەسازی، ژینگە، گواستنەوەو گەیاندن، داد، لەگەڵ دوو وەزارەتی هەرێم، یەکێکیان بۆ کاروباری پەرلەمان، ئەویتریان بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، رەنگە وەزیری تریش وەك وەزیری هەرێم دابنرێت، بەڕاستی دەکرێت هەتا ژمارەی ئەو وەزارەتانەش کەم بکرێتەوە، چونکە هەتا ئەو لیژنەیەی کە راپۆرتی خۆی پێشکەشی کرد بوو، ژمارەی ئەو وەزارەتانەی کە پێشنیاری کرد بوو دەمج بکرێن زۆرتر بوون، ئێستا لە دوای گۆڕانکاری کە زۆرتر تەئسیراتی سیاسی رەنگە بوو بێت بۆ بەشداری سیاسی، ژمارەی وەزارەتەکان رەنگە یەك، دوو وەزارەت زیاتر بووە.

خاڵی پێنجەم/ داوا کراوە کە وەزارەتی دارایی ژمێریاری کۆتایی و راپۆرتی سێ مانگ جارێك پێشکەش بکات، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، بەپێی یاسای ئیدارەی مالی رەقم (95) ساڵی 2004 لە ماددەی (38) پاش ئەوەی وەزارەتی مالیە، پاش ئەوەی کە خیتامی حیسابات ئامادە دەکات دەداتە ئەنجومەنی وەزیران، کە ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی لەسەر کرد لەسەر موسوەدەی حیساباتی خیتامی لە کۆتایی مانگی ئایار، ئەم خیتامی حیساباتە دەداتە ئەنجومەنی نیشتمانی لە کۆتایی مانگی حوزیران، ئەوە بەپێی یاسای ئیدارەی مالی، ئێمە هیچ کێشەمان لەو بابەتە نییە، بەبێ رەچاو کردنی کاتیش ئێمە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، بۆ ئەوەی بۆ بەڕێزتان بنێرێتەوە، بەنیسبەت راپۆرتی سێ مانگانە، بەڕاستی

ئەوەی کە ئێمە داوامـان کـردووە راپۆرتـەکان دەبێـت هـەر شـەش مـانگ جارێـك، مەسـەلەکە زۆرتـر مالیـە، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومـەن، چـونکە کـە شـەش مـانگ بێـت دەزانـی لـە نیـوەی سـاڵ سـەرفیاتت چـۆن بـووە، تەسفیەی سلف دەکەیت، پێـت دەکرێـت دوای شـەش مـانگ لـە خیلالـی مانگێـك راپۆرتێـك ئامـادە بکـەین و پێشکەش بکەین، بەلاّم لە خیلالی سێ مانگ چ راپۆرتێکی وا شامل دەکرێـت پێشـکەش بکرێـت، بۆیـە ئێمـە پێشنیارمان کرد بوو کە شەش مانگ بێـت، بـەلاّم ئەگـەر هـەر بڕیـاری ئێـوە لەسـەر سـێ مانگـە، زۆر باشـە، بەلاّم لە هەمان کاتیش دەبێـت چـاوەڕێ بکـەین سـێ مـانگ تـەواو بێـت بـزانین سـەرفیات چـۆنە، ماوەیـەك دیراسە بکرێت، ئینجا راپۆرتەکە پێشکەش بکرێت، موهیم ئێمە لەگەڵ بەڕێزتانین چۆن بڕیار دەدەن.

خاڵی شەشەم/ باسی ئەوە دەکرێت کە ئەو پارەیەی لە بەغدا مـابوو، پەیوەنـدی هـەبوو بـە بودجـەی سـاڵی 2006، لە ساڵی 2006 لەگەڵ بەغدا دوو کێشەی سەرەکیمان هەبوو، یەکێکیان/ شێوەی ئیحتیساب کردنی بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان بـوو، ئـەو کـات بـە پێچـەوانەی سـالاّنی 2004 و 2005 بودجـەی هـەرێمی کوردستانیان حیساب کرد بوو، یەعنی عێراق وا حیسابی کرد بـوو، کـە سـەرەتا هـات بودجـەی گشـتی خـۆی دانا بوو، بودجەی هەرێمی کوردستانی لە بودجـەی عێراقـی کـەم کـرد بـۆوە، پاشـان هـاتبوو خەرجیـەکانی سیادی و حاکیمەشـی دابەزانـد بـوو، ئینجـا 17٪ بـۆ هـەرێمی کوردسـتان دانـابوو، لـە نەتیجـەی ئـەو شـێوە ئیحتیساب کردنەی بودجەی هـەرێمی کوردسـتان (726556) حـەوت سـەدو بیسـت و شـەش ملیـارو پێـنج سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دینار زیان بە بودجەی هەرێم کەوتبوو.

کێشەی دووەممان/ هی ساڵی 2006 لەگەڵ بەغدا ئەوە بوو، کە هاتبوون بـۆ ئـەوەی نیسـبەی 17٪ی ئێمـە کەم ببێت، (5300) پێنـج تریلیـۆن و سێ سەد ملیار دیناریان هێنا بوو لە جیاتی ئەوەی لە بودجەی پلانی عێراق دابنرێت، ئەوانە مەشاریعی ئیستیسماری نەوت بوون، هاتوونە بابی پێـنج تریلیـۆن و سـێ سـەد ملیـار دینار بردبوویانە سیادی، بۆ ئـەوەی 17٪ هیچـی شمـولی ئێمـە نـەکات، ئەمـەش کێشـەی دووەممـان هـەبوو لەگەڵ بەغدا لەسـەر بودجـەی 2006، ئـەو گواسـتنەوەی مەشـاریعی ئیستیسـماری نـەوت بـۆ سـیادی بـووە سەبەبی ئەوەی کە نۆ سەدو یەك ملیار دینار زەرەر بـە ڕێـژەی 17٪ی هـەرێمی کوردسـتان بکـەوێت، ئێمـە هەردوو وەزارەتی دارایی لە سەرەتای ساڵی 2006ەوە بە رەسمی و بێجگە لە سەردان و ئەوانـە ئیعتیرازاتـی رەسمیمان پێشکەش کرد لەسەر هەردوو ئەم بابەتە، پاشان ئەو کاتە گەیشتینە نەتیجە کە وەفدێکی بالاّ بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران چووە بەغدا هـەمووشمان لەگـەڵی بـووین گەیشـتینە ئـەو حەلـە پاش ئەوەی کە دیوانی چاودێری دارایی عێراقیش هاتە ناو مەوزوعەکەو موداخەلـەیان کـرد، ڕێککـەوتنێك لەگەڵیاندا کرا، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە بڕیار درا ئەو شێوە ئیحتیسـاب کردنـە بـۆ هـەرێم کـراوە شـێوەیەکی راست نەبووە، بۆیە بڕیارياندا کە ئیعادەی نەزەر بکەنەوە، یەعنی بیدایەت سـیادی و حاکیمـە دەربکـەن لـە بودجەی گشتی عێراق، ئەوەی کە دەمێنێتەوە 17٪ی بدرێتە هەرێمی کوردستان، لـە نەتیجـەدا سـێ سـەدو پەنجاو سێ ملیارو سەد ملیۆن دینار درایە هـەرێمی کوردسـتان، بـەلاّم سـەدو نـەوەد و دوو ملیـارو نـۆ سـەد ملیـۆن دینـاریش لـە بابـەت داهاتـەکانی هـەرێم کـەم کرایـەوە، یـەعنی لـە لای خۆیـان گلیـان دایـەوە، بـەلاّم

بەنیسبەت مەشاریعی ئیستیسماری نەوت کە باسم کرد، گوتیان لەبەر ئەوەی هیچی سەرف نەکراوە مودەوەر بۆتەوەو میزانیەی عێراق عیجزی هەیە، بۆیە هیچی شمول ناکات.

خاڵی حەوت/ داوا کراوە لە کاتی تاوتۆ کردنی پشکی هەرێم، یەعنی لەکاتی موناقەشە کردنی بودجەی عێراق نوێنەری هەرێم لەوێ ئامادە بێت، ئێمە بەردەوام ئەو داوایەمان کردووە، ئەمساڵیش هەموو لایەك بەڵێنیان بە ئێمە داوە، سندوقی نەقدی دوەلی، هاوپەیمانان، هەتا حکومەتی ئیتیحادی لە بەغدا، کە ئەمساڵ بەشداری تێدا بکەین لە ئامادە کردنی بودجە، بەس نازانین ئەو بەڵێنەیان جێ بەجێ دەکەن، یان نا، یان دیسان خەبەرمان دەدەنێ دەڵێن ئەوە بودجەی عێراقەو ئەوەش نیسبەی ئێوەیە، بەلأم ئێمە بەردەوام موتابەعەی دەکەین.

خاڵی هەشتەم/ گلەیی کراوە کە وەزارەتەکان بودجەکانیان پێشکەش نەکردووە لەکاتی خۆی، لە 2007/10/9 ئێمە خشتەی بودجەمان بۆ وەزارەتەکان نارد بوو، هەندێك لە وەزارەتەکان درەنگ خشتەکانیان بۆ ئێمە ئیعادە کردەوە، بۆیە گفتوگۆ کردن لەسەر بودجە کەوتە مانگی دوازدەی ساڵی 2007، بەڕاستی رەنگە هەندێك ئەسبابی تریش هەبوو بێت، چونکە ئەگەر بەڕێزتان بە بیرتان بێت هەرچەندە نابێت نە هیچ وەزارەتێك، نە هیچ وەزیرێکیش بەو شێوەیە بۆی بچێت، بەس رەنگە کە باس لە گۆڕانکاری حکومەت و ئەوانە دەکرا، رەنگە ئەوەش سەبەبێك بوو بێت کە سیستیەك کراوە لەلایەن ئەو وەزارەتانە، بەلأم دڵنیاین ئەمساڵەکە دووبارە نابێتەوە.

خاڵی نۆیەم/ لە پرۆسەی ئامادە کردنی بودجەی ئەنجومەنی نیشتمانی لیژنەی دارایی و ئابووری دەبوایە ئاگادار بوایە، نەك لە رێگای ئەنجومەنی وەزیران، لە چوارچێوەی بودجەی هەرێم ئەو زانیاریانەمان پێ بگات، ئەوە راستە پێشتر سیستەمێك ئێمە لە هەرێمی کوردستان موتەبەع بوو، هەموو جارێ پەرلەمانی کوردستان میزانیەی خۆی ئامادە دەکرد، پاشان پەسندی دەکرد، پاش پەسند کردن دەبووە فەقەرەیەکی موستەقیل لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستاندا، بەلأم عێراق ئەوەی لە بودجەی گشتی عێراق حازر دەبێت، بەو شێوەیە کە وەزارەتی دارایی لەگەڵیان موناقەشە دەکات و هەمووی بە یەك شێوە بە شێوەی ئەبواب لە بودجەی گشتی عێراق دادەبەزێت، رەنگە ئەوەش زۆرتر بۆ ئەوەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر هەموو فەسلەکانی سەرفی بودجە، بەلأم بەنیسبەت ئێمە وەکو وەزارەتەکانی دارایی ئێوە چۆن بڕیار بدەن بەنیسبەتی ئێمە هیچ مانعێك نییەو پشتگیری دەکەین، ئێوە بە پەسندی دەزانن کە بودجەی پەرلەمان هەموو جارێك خۆتان پەسندی بکەن وەکو فەقەرەیەکی موستەقیل لە یاسای بودجە بڕیاری بدەن، دەتانەوێت بەو شێوەیەی کە ئێستا کراوە بەردەوام بین، ئەویش بڕیارەکە بۆ بەڕێزتان دەگەڕێتەوە، چۆن بڕیار بدەن بەنیسبەت ئێمە تەسبیت کردنی ئەرقامەکانە، ئەوەی کە لەسەری بڕیار دەدەن، یەعنی دەسەلأتی ئێوەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

خاڵی دەیەم/ لەسەر ئەوە باس کراوە کە فەرقێکی زۆر هەیە لەسەر ئەو رێژەیەی کە وەزارەتەکان داوایان کردووە، لەگەڵ ئەو رێژەیەی کە پێشنیار کراوە لە بودجەدا، باس لە سیستەمی ئامادە کردنی بودجە کراوە، یەعنی گلەیی کراوە کە دیارە وەزارەتەکان زۆریان تەقدیم کردووە، کە ئەوەش پیشان دەدات

زێدەڕۆیی، یەعنی پیشان دەدات کە زێدەڕۆییەکی زۆر کراوەو لە داوا کردنی وەزارەتەکان، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان ئەو بودجەیە، یان ئەو ڕەقەمانەی کە لە بودجە دادەبەزن شێوەیە موناقەشە کردنی وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتەکان تەبیعی فەنیەکانی ئێمە هەرچەندە ئێمە فەنی نینە، بەو شێوەیە دەبێت لە هەر ماددەو جۆری هەر فەسلێك دێت فەرەزەن ئەگەر وەزارەتێك داوای سووتەمەنی دەکات، مەبلەغێکی دەوێت بۆ سووتەمەنی لەناو بودجەدا تەسبیت بکات، دێن لێی دەپرسن وەزارەتیش مەعلوماتی هەیە، چەند سەیارەی هەیە؟ چەند مۆلیدەی هەیە؟ حیساب دەکرێت کە چەند سەعات دەوامی ڕەسمی هەیە؟ لە فەرمانگەکە، یان ئەو سەیارەیە چەند بە واجیب دەردەچێت؟ سعری ئەو بەنزینە، یان ئەو گازوایلە وەردەگیرێت مەعەدەلێك دادەنرێت، ئەو مەعەدەلە تەقریبیە تەسبیت دەبێت لە ماددەو نەوعەکە، ئینجا بۆ هەموو شتەکانی تریش بە هەمان شێوەیە تەقدیر دەکرێت، تەقدیرەکان هەمووی لەسەر ئەو نەوعە پێوەرانەنە، بەڵام ئەوەی کە دەدەینە بەغدا بەڕاستی خارج ئەوەی ئێرەنە، بەس ئەوەی کە دەدرێتە بەغدا چواردە ملیار دۆلارو سێزدە ملیار دۆلار ئەمە ساڵانە بودجە پێشکەش بەوان دەکەین ئەونا، ئەو لەبەر وەزعی سیاسی هەرێمە، هەرچەندە ئێستا لەوانەیە گوێشیان لێ بێت، کە بچینە ئەوێ نەقدمان بگرن. شتێکی تریش سیستەمێکی تریش بۆ ئامادە کردنی بودجە بەکار دێت، دەگەڕێینەوە شەش مانگی خەرجی فیعلیش دەکەینە پێوەر بۆ دانانی ئەو بودجەیە تەخمینیە.

خاڵی یازدەم/ سوپاسی لیژنەی دارایی دەکەین، کە باسیان کردووە بەکار خستنی ئەو ڕێژەیە پێکی هێناوەو بودجەی وەربەرهێنانیش بەرز بۆتەوە بەشتێکی ئیجابیان لە قەڵەم داوەو سوپاسیان دەکەین.

خاڵی دوازدەم/ لەسەر پرۆژە بەرهەمهێنەکانە، بەڕاستی سیاسەتی حکومەت زۆرتر بەو ئیتیجاهەوە دەچێت کە ئێمە دەعمی قیتاعی خاص بکەین، دەعمی ئیستیسمارات بکەین، بۆ نموونە داوامان کردووە لە وەزارەتی پیشەسازی بەتایبەتی ئەنجومەنی باڵای ئابووری، بۆ ئەوەی دیراسەتی هەموو کارگەکان بکات، چونکە بەڕێزتان دەزانن ژمارەیەکی زۆری کارگەی قیتاعی خاص ڕاوەستاوە، بزانین ئەم کارگانە کامیان ئامادەیە جیهازی موتەتەوەر بێنێت، مۆدێرن بێنێت تەتویر بکات بە کارگەکانی خۆی، پێشنیارەکانی خۆی پێشکەش بە ئەنجومەنی باڵای ئابووری بکات، بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە تەسهیلاتیان بۆ بکرێت، یاسای ئیستیسماریش بەخۆی هاندەرێکە بۆ ئەوەی دەعمی موستەسمرین بکات، بێین مەشاریعی بەرهەمهێنەر لە کوردستان دابنێین وەکو کارگەکانی چیمەنتۆ، کارگەی ئاسن و ئەنواعی کارگەکانی تر، بەڵام ئێمە وەکو حکومەت، وەکو بزانم هیچ بەرنامەیەکی وامان نییە، کە جارێکی تر بێین و داخیلی کارگەکان بین و کارگە دابمەزرێنین، چونکە لە نەتیجەی نیهائی حکومەت هەموو جار زەرەری کردووە، نەیتوانیوە مونافەسەی قیتاعی خاص بکات، بار گرانیەك بووە لەسەر حکومەت، بەڵام ئەوەی کە حکومەتی هەرێم سیاسەتیەتی پێویستە بایەخێکی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵی بدات، ئێمە دەمانەوێت لەو ساڵە کە هەردوو بانکی زراعی و صناعی زیندوو بکەینەوەو تەرکیزێکی زۆریش دەکرێت بۆ دەعمی کشتوکاڵ، چونکە هەروەکو بەڕێزتان ئاگادارن ساڵ بە ساڵ مەواد گران دەبێت و تازە هەرزانی نەماوە، ساڵ بەساڵ بەرەو گرانتر دەڕوین، دەبێت بگەینە خود کەفائی، یەعنی کەفائەتی زاتی.

خالّی سێزدەم/ پەیوەندی هەیە بە قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران، بەڕێز لیژنەی دارایی و ئابووری ئاماژەی بەوە داوە کە 5٪ لە ڕێژەی ئەو فەسەلە بەرز بۆتەوە لە بەراورد کردنی لەگەڵ ساڵی رابردوودا، کەچی دەبوایە ئێمە هەوڵمان دابوایە وەکو وەزارەتەکانی دارایی ئەو ڕێژەیە کەمترمان کرد بوایە، تەبیعی وەکو مەبلەغی پارە ئەگەر سەیری بودجەی بکەین و موقارەنەی بکەین لەگەڵ ساڵی 2007 فەسلی قەرەبوو کردنی فەرمابنەران کەمترە وەکو مەبلەغ، بەس وەکو ڕێژە 5٪ بەرز بۆتەوە، لێرە بەڕاستی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، پێویستە هەندێك روون کردنەوە بدەین لەسەر ئەو بابەتە:

یەك/ ئەو زیادەیە کە لە ڕێژەی قەرەبوو کردنی فەرمانبەران هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك، یەکێکیان/ دەرچوونی یاسای نوێیە بۆ زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران، هەروەها یاسای خانەنشینیە، جگە لەوەش ئەگەر سەیری میلاکات بکەن (29800) پلەی نوێ هی میلاکات بۆ ساڵی 2008 دانراوە، بەڕێزتان ئاگادارن کە یاسای وەزارەتی شەهیدان پەسند کراوە لەو پەرلەمانە، بەپێی ئەم یاسایە مووچەی خانەوادەی شەهیدان دانراوە، ئەوەش بۆتە سەبەبی زیاد بوونەوەك لەسەر فەسلی قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران، لە لایەکی تریشەوە بەڕێزتان ئاگادارن ئێمە هەتا دەرچوونی یاسای خانەنیشینی فەرمانبەران بە 80٪ی مووچە تەقاعودیان دەکەین، کە زۆربەیان لە 2007ەوە بەڕاستی داوای تەقاعودیان کردووە، ئەمانە هەمووی ئەسبابن بۆ ئەوەی ئەو ڕێژەیە بەرز بۆتەوە، بەلاّم یەك شت حەز دەکەم عەرزی بەڕێزتان بکەم ئەوەش خالّێکی گرنگە، هەموو جارێ ئەو مەسائیلانەی کە ئێمە لەناوخۆ باسی دەکەین لە بەغدا بەشێوەیەکی سلبی وەریدەگرن، بۆ ئەوەی لە گفتوگۆ کردن وەکو نوقتەیەکی سلبی لە ئێمە وەربگرن لە گفتوگۆیەکانی بودجەدا، یان هەموو موناقەشاتی تر کە لەسەر وەزعی دارایی دەکرێت، تەبیعی ئەوە گرنگە هەموو لایەکمان بزانین لە ماوەی ئەو سێ ساڵە عێراق یەعنی ناوچەکانی تری عێراق، چونکە ئێمەش بەشێکین لە عێراق، هەشت سەدو شەست و شەش هەزارو نەوەد سێ کەس تەعینیان کردووە، لە ساڵی 2005 ڕێژەی فەرمانبەرانی هەرێم لە بەراورد کردنی لەگەڵ فەرمانبەرانی ناوچەکانی تری عێراق 32٪ بوو، بەلاّم لە ساڵی 2008 بەم میلاکە نوێیەش، کە ئێستا ئێمە داوامان کردووە لە بیست و نۆ هەزارو هەشت سەد ڕێژەی هەرێم لە بەراورد کردن وەکو میلاك نەوەکو مەبلەغ، هی مەبلەغ باس دەکەم بۆتان، بەس وەکو میلاك 23٪ە ساڵ بەساڵیش هی ئێمە بەرەو دابەزین دەچێت، هی ئەوان بەرەو بەرز بوون دەچێت، بەلاّم ئەوان چۆن حیساب دەکەن، یەعنی ئەو کەمو کوڕیەی خۆیان چۆن دەشارنەوە؟ من لەو سەفەرە زۆر بە سەراحەتیش باسم کرد لەگەڵیان تەنانەت بە وەزیری داراییشم گوت، ئەومان بودجەی سیادی دەردەکەن، بودجەی خەرجیەکانی حاکیمەش دەردەکەن، ئینجا حیساباتی خۆیان دەکەن حیساباتی هەرێم، دەڵێن ئەوە 17٪ی ئێوەیە، کە 17٪ەکە بۆ ئێمە دانراوە جارێکی تر دێن هەموو خەرجیەکانی سیادی و حاکیمەش دەخەنە بودجەی خۆیان، ئیعتیادی ئەو ڕێژەی مووچەخۆران، ئەو پارەیەی کە سەرف دەکەن بۆ قەرەبووی فەرمانبەران لە لای ئەوان دادەبەزێت، کەچی 17٪ لە خەرجیەکانی سیادی، 17٪ لە خەرجیەکانی حاکیمە هی بودجەی هەرێمی کوردستانە کە لای ئەوان ماوەتەوە، ئەگەر بێتو ئەو شێوە ئیحتیساب کردنە کە ئێمە لێرە عەرزی بەڕێزتانمان کرد، عێراق بەو شێوەیە ئیحتیسابی مووچەخۆرانی

خۆی بکات، زیاتر له 75٪ له بودجەی تەشغیلی ناوچەکانی تری عێراق بۆ مووچەخۆرانیان دەچێت، ئینجا بۆیه نابێت ئەو مەجاله به ئەوان بدەین، تەبیعی ئێمە لەناو خۆمان هەروەکو باسمان کرد لەگەڵ ئەوەینـە، من تەئیدی ئەوە ناکەین نەخێر ئێمە بەردەوام بین، ئێمـە هـەر دەڵێین دەبێت ئیسلاحات بکـەین، نابێـت بەردەوام بین له دامەزراندن، دەبێت کەوادیر موئـەهل بکـەین، یـەعنی ئەوانـە ئێمـە لەسـەر ئـەو سیاسـەته بەردەوام دەبێن، بەڵام زەرورەتی هەبوو ئـەوەش عـەرزی بـەڕێزتان بکـەین، کـە ئەگـەر موناقەشـەك لەگـەڵ یەکێك له دەرەوەی هەرێم بکرێت، بەو ئیسلوبه ئێمه موناقەشەی لەگەڵ دەکەین، بەڵام لـەناوخۆمان ئێمـە هـەر داوای ئـەو ئیصلاحاته دەکـەین، ئەگـەر ئێستا ئێمـە دوو بابـەتی گـرنگ هەیـە 17٪ی سـیادی کـە لـە بودجەی ئێمه دەبڕدرێت، 17٪ی خەرجیەکانی حاکیمه، ئەگەر ئێوه 17٪ حاکیمـەو 17٪ی سـیادی بێـنن لەگەڵ بودجەی تەشغیلی کـە حەقیـەتی لـە حیساب کـردن بـەو شـێوەیه بێـت، لەگـەڵ بودجـەی تەشـغیلی حیساب بکـەین، رێـژەی قـەرەبوو کردنـی فەرمانبـەران دەکاتـە 34٪ هـی هـەرێمی کوردسـتان، ئێسـتاش کـە مەواریـدی مـالی ئێمـە لەسـەر یاسـای مەواریـدی مـالی رێککـەوین، خـۆ ئیحتیسـاب کردنـی قـەرەبووی فەرمانبەرانیش بەم شێوەیه دەکرێت، ئێوه بڕیار دەدەن ئـەوە حاکیمەیـە، ئەمـەش سـیادی دەدرێتـە ئـەوان بـەس حاکیمـە بـۆ ئێمـە دێـت، ئـەو کاتـە نیسـبەی قـەرەبوو کردنـی فەرمانبـەرانیش دادەبـەزێت، تـەبیعی بەڕێزتان ئاگادارن کە کوردستان مەحرومیاتێکی زۆری هەبووه له ساڵانی رابـردوو، ئینجا فەترەیـەك هـات دامەزراندن زۆر بووه، بێجگە لەوه بە دەیـان هـەزار خانەنیشـن هـەبوو، ئەگـەر بـەبیرتان بێـت هـەمووی لـە دەرەوەی هەرێم مووچەیان وەردەگرت، له دوای رووخـانی رژێـم هـەموویان گواسـترانەوە بـۆ سـەر بودجـەی هەرێم، یەعنی ئەوەش هەموو ئەسباب بووینە قەرەبوو کردنی فەرمانبەران بەو رێژەیه بـەرز ببێـت، پـاش ئەوە خاڵێکی تریش هەیه هەرچەند با ئەوەش گوێیان لێ بێت، ئەمە تەنیا بۆ سێ پاریزگا نییه، بـەڕێزتان دەزانن ئەو پارێزگایانە، ئەو ئەقزیەو ناحیانه کە له دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، ئێمه حیسابیان دەکەین ناوچەکانی موتەنازع و حیسابیان دەکـەین لـە چوارچێوەی هـەرێمی کوردسـتان، ئینشـائەڵڵا بـەو دوو، سـێ مانگە حەل دەبێت، بە هـەزاران فەرمانبـەری هـی ئەوانیشـن کـە هاتوونەتـە سـەر فەسـلی قـەرەبوو کردنـی فەرمانبەران، ئەگەر مـاددەی 140 جـێ بـەجێ ببێـت، یـەعنی ئـەو رێژەیـەش گۆڕانکـاری لەسـەر دەکرێـت، چونکه ئەو کاته بودجەی ئەو ناوچانەش دێته سەر هەرێم.

خاڵی چواردەم/ لەسەر کێشەی نیشتەجێ بوون و دانانی سندوقی نیشتەجێ کردنه، بەڕاستی لـەو روویـەوە چەند سیاسەتێکی جیا هـەبووە، ئێمـە وەکو هـەرێمی کوردسـتان سیاسـەتێك هـەبووە کـە پێویسـتە قـەرزی خانووبەره بدرێت، چونکە ئەوە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە کـار پەیـدا ببێـت، هـاووڵاتیش دەسـت دەکـات بـە خانوو دروست کردن، بەمـەش کێشـەی نیشـتەجێ بـوون چارەسـەر دەکرێـت، سیاسـەتێکی تـر/ هـەبووە کـە حکومەت بێت و شوقە دروست بکات و بە قست بیداتە هاووڵاتیان، چونکە مەبەریراتی ئەوە بوو خەدەمات باشتر بە هاووڵاتیان دەگات، سیاسەتی سێیەم/ ئەوەیه کە نەخێر باشترە ئێمە دەعمی موستەسمرین بکەین، کە ئێستا موستەسمرین زۆر دێـن و یـەکێك لـەو شـتانەی کـە زۆر تـەرکیزی لەسـەر دەکـەن دروسـت کردنـی

شـوقەیە بـەو شـەرتە كـە هەیئـەی ئیستیسـمارات سـعرێك لەسـەریان فـەرز بكـات كـە موناسـب بێـت بـۆ هاووڵاتیان.

رەئی چوارەم/ ئەوەیە كە نەخێر وەكو ئێستاكە بەغدا دەیەوێت پەیڕەوی بكات دانانی سندوقی نیشتەجێ كردنە، ئێمە لەگەڵ ئێوەین ئەو بڕیارەی كە دەدەن پەیڕەوی لەو سیاسەتە دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك سەركیس بزانین نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەنـدێك لـەو خاڵانـەی راپۆرتەكـەی لیژنـەی دارایـی تەوصـییەو پێویسـتی بـە وەڵام نییـە، هەنـدێك لـە وەڵامەكان زۆر دوورو درێژە، كە شەرحی دەكات پێموایە زۆربەمان دەزانـین ئەگـەر بكرێـت جـەنابی وەزیـر مـەمنونی دەبـین كـورتی بكاتـەوە، چـونكە ئـەوە سـەعات دووە ئێمـە پرسـیارمان زۆرە، پێشـنیارمان زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان ئەوە راپۆرتی مالیە، لە هەموو راپۆرتەكان گرنگترە، پێویست دەكاتن بـەو روون كردنەوەیـە، بـە پێچـەوانەوە ئـەو تەفسـیلاتە زۆر پێویسـتن، ئەگـەر خـۆت لەبـەر ئـەوەی دەزانم چـەندین كۆبوونـەوەو كۆنفرانستان كردووە، پسپۆڕی بڕێك شارەزاییتان پەیدا كردووە، مانـای ئـەوە نییـە هـەمووومان دەیـزانین و خەڵكیش تەماشامان دەكات، لەبەر ئەوە ئەو تەفسیلە گرنگە، سوپاس بەردەوام بە.

**بەڕێز سركیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خاڵی پازدەم/ من پێشنیار دەكەم تەنانەت كە بودجەی ساڵی ئاینـدە ئامـادە دەكرێـت، ئـەم بودجەیـە ئێمـە موشارەكەی لیژنەی دارایی و ئابووریش بكەین هی پەرلەمان، بێن موشـارەكەمان لەگەڵـدا بكـەن بـۆ ئـەوەی سیاسەتێك دابڕێژرێت كە هەموو لایەك رازی بین پێی، ئینجا نوێنـەرێكیان دێـت، دوو نوێنـەریان دێـت لـە كاتی موناقەشەی بودجە لەگەڵ ئێمە بەشداری بكەن زۆر باش دەبێت بۆ خاڵی پازدەم.

خـاڵی شـازدە/ كـە داوا كـراوە بودجـەی تەواوكـەر لـە عێـراق موتابەعـە بكـەین، ئێمـە لـەو سـەردانەشمان موتابەعەمان كردووە، ئێستا خەریكە وەزارەتی دارایی ئیتیحادی لە بەغدا بودجەی تەكمیلی كە ئێمە لەوێ بووین خەریك بوون ئەو بودجە تەكمیلیە ئامادە دەكەن، بۆ ئەوەی بیدەنە ئەنجومەنی وەزیـران لـەوێوەش بچێتە پەرلەمانی عێراق و لەوێ تەسدیق بكرێت، بەڕاستی ئێمە هەوڵێكی تریشمان دا، هەوڵماندا بابەتەكە بە دوو شێوە لێك جیـا بكەینـەوە، یـەك/ بودجـەی تـەكمیلی داهـاتی 17٪ی ئیـزافی، یـەعنی بـەپێی یاسـای بودجەی عێراق هەر داهاتێكی ئیزافی كە پەیدا ببێت 17٪ی ئەم داهاتە دەبێت بدرێتە هەرێمی كوردستان، ئێمە لەگەڵ برادەرانی خۆمان لە بەغدا ئـەو هەوڵـەمان داوە، ئەگـەر ئـەوان پێیـان بكرێـت جارێ هـی ئـەو شـەش مانگـە 17٪ی داهـاتی بـووە ئـەوە بدرێتـە هـەرێمی كوردسـتان، بودجـەی تەكمیلیەكـە، چـونكە

دەگەڕێتەوە بۆ شەش مانگی داهاتووی ساڵی 2008یش، ئینجا نازانین چەند سەرکەوتوو دەبین، ئایا هەمووی بەشێوەی بودجەی تەکمیلی دەبێت؟ یان دەکرێتە دوو بەش، بودجە تەکمیلیەکەش بۆ ئاگاداری بەڕێزتان بۆ هەموو پرۆژەکان تەرخان دەکرێت.

خاڵی حەڤدەم/ راستە ئێمە دەسەلأتی دادوەری لە چوارچێوەی وەزارەتی دادمان دانا بوو، پاشان بەڕێز لیژنەی دارایی داوای کرد بوو، ئەمەشمان راست کردەوە.

ئەو خالأنەی کە لەسەر یاسای بودجە بوو سێ مانگ بوو، ئەو باسم کرد، بەلأم بەنیسبەت دەسەلأت کە داوا کراوە، کە بدرێتە وەزیرەکانی سەرف، مەسەلەن (250) بێت، بەڕاستی ئێمە ئەو دەسەلأتە هەر عەرزی بەڕێزتان بکەین مەوزوع ئەوە نییە، کە بمانەوێت دەسەلأتێك لە وەزیر کەم بکەینەوە، یان زیاد بکەینەوە، وەزیری ئیتیحاد لە بەغدا کە 83٪ی بودجەی لەبن دەستە دەسەلأتەکەی (250) ملیۆنە، باشە 17٪ وەزیرێك کە لە هەرێمە 17٪ بودجەی لەبەر دەستە، ئەوە پەیوەندی بە کەمیەی پارەکە هەیە، بە مەبلەغەکە هەیە، ئێوە چەند بڕیار دەدەن دەسەلأتی هەبێت، لێرەش ئێوە بڕیار بدەن، چ بڕیار دەدەن ئێمە وا دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روون کردنەوەیە، ئەو راپۆرتەی لیژنەی دارایی خاڵ بە خاڵ جەنابی وەزیر وەلأمی دایەوەو زۆر روون کردنەوەی پێویستی دابوو، ئومێد دەکەم وەلأم دانەوە بێت بۆ ئەو پرسیارانەی لەلای ئێوەش دروست ببوو لەسەر راپۆرتەکە، من تەنیا پێش ئەوەی هین بکەم یەك، دوو مولاحەزەی خۆم هەیە عەرزتان دەکەم، یەکێکیان/ لەسەر مەوزوعی ماوەی پێشکەش کردنی بودجە، کە موبەریراتەکەی جەنابی وەزیر ئەوە بوو لە بەغدا دەخەملێندرێت، سندوقی نەقد موتابەعەی دەکات و ئەوانە، ئێمە پێشتریش ئەوەمان موناقەشە کردووە، لەلایەن خۆشمانەوە موتابەعە دەکرێت، تەوەقوعاتیش رەچاو دەکرێت، خۆی بودجە خەملێنراوە، داهاتی عێراقیش هەروەها دەخەملێنرێت، تەوەقوعات چیە لە زیادە کردنە؟ هەر لە ئێستاوە تەوەقوعات بۆ بودجەی 2009 دەستی پێ کردووە، هەر لە ئێستاوە، بەپێی تەوەقوعات بە (57) حیساب کراوە بەرمیلی نەوت، ئێستا گەیشتۆتە (110)و بە چەند حیساب دەکرێت، رەنگە بە نەوەد حیساب بکرێتن، چونکە عقودەکان جێ بەجێ دەکرێن هی ساڵی پارەکەیە، بە هەر حاڵ ئێمە داوا دەکەین کە بودجەی خەملێنراو، یەعنی کە دەڵێین خەملێنراو هەردووکی بخەملێنن، یەعنی هەم وەزارەتەکان پێداویستیان و نەفەقاتیان و ئەو پرۆژانەی پەرەپێدانی پێش ئاوەدانکردنەوەو هەر هەمووی دەیخەملێنن، ئەو خەملێنراوە تەبعەن رەچاوی ئەوە دەکاتن تەوەقوعات چیە بۆ داهاتوو، ئێمە ناڵێین ئەو بودجەیەی کە دێتە ئێرە کۆتاییە، بە تەئکید کۆتایی نییە، بەلأم لێرە پێش ئەوەی بچینە بەغدا، داواکاری ئێمە ئەوەیە لێرە ئەوەی باس بکەین و داوای زیاد بکەین، داوای گۆڕینەوە بکەین، بەلأم کە چووینە بەغدا بە تەئکید کۆتاییەکە لەوێیە، رێژەکە چەند دەبێت؟ زیاد دەبێت، کەم دەبێت دەتوانن ئەو کاتی کە گەڕانەوە بڵێن بەغدا لەسەر ئەوە موافەقەتی نەکرد بە جەلسەیەك هەمواری دەکەینەوە، یاخود دەتوانین ئالیەتێك بدۆزینەوە، بەلأم بەپێی نیزامی داخیلی پەرلەمان دەڵێت لە پێش کۆتایی ئۆکتۆبەر دەبێت بودجە تەقدیم

بکرێت، جا لەبەر رۆشنایی ئەو وەزعەی ئێستا تازە لەگەڵ بەغداو ئەوانە، دەبێت صیغەیەك بدۆزینەوە کە هەنگاو بێت، بەنیسبەت ئەو کێشانەی لەگەڵ بەغدا هەیە، بەڕاستی حەق نییە لێیان قەبول بکرێت، لەو بەشەی کە دەیانەوێت غەدر لە ئێمە بکەن، ناکرێتن قەبول بکرێتن، ئێمە دەستوورمان هەیە، دەسەڵاتمان هەیە لە بەغدادا، لێرە حکومەتی هەرێم هەیەو سەرۆکی حکومەت هەیە، لەبەر رۆشنایی ئەو حەقەی قەبول نەکاتن، نەفەقاتی سیادییە رەجعی بێتن، عەدالەتی تێدا بێت، ئەگەر نەبوو ئەوە مەحکەمەی عولیا هەیە، مەحکەمەی دەستووری هەیە، دەتوانین لەوێ شکایەت بکەین، بەنیسبەت سندوقی نیشتەجێ بوون، سولفەی عەقار، داواکارییەکی گەورەیە لە لایەن لیژنەی دارایی نووسیویەتی و هەموو لیژنەکانیش ئاماژەیان پێ کردووەو هەموو ئەندامان ئاماژەیان پێ کردووە، دەبێت رێژەیەك دابنرێت بۆ سولفەی عەقار، ئینجا ئەگەر سندوقی عەقاریەکە دابنرێت، ئەوە مامناوەندییە، یەعنی هەم رێگاش دەکاتەوە بۆ ئەو شتانەی کە ئاماژەم پێ کرد، ئیستیسمار ئەوانەی لە دەرەوە دێن، حکومەتیش دەتوانێت شوقە دروست بکاتن، یەعنی دەکرێتن هەرسێ بەرنامە پێکەوە بێت، هەم سولفەی عەقار بدەیت، هەمیش بەرنامەت هەبێت بۆ دروست کردنی شوقەو ئەوانە، هەم رێگاش دەدەیت بۆ ئەوانەی کە دێن لێرە ئیستیسمار دەکەن، کێشەی نیشتەجێ بوون کێشەیەکی گەورەیەو بەردەوامیش دەبێت، دەبێت تەوەقوعمان هەبێت ئەو مەوزوعە قەت کۆتایی پێ نایەتن، لەبەر ئەوە دەکرێت هەوڵ بدەین کەمی بکەینەوە بە بەرنامەیەکی هەمە لایەنانە، پێش ئەوەی قسە بدەم بە ئێوەی بەڕێز، داوا لە جەنابی کاك عوسمانیش دەکەم، دواتر پاش کاك عوسمان جەنابیشت قسەی بکەیت، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان شوانی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها من هەندێك مولاحەزەی ئیزافیم هەیە لەسەر قسەکانی جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری بە سوپاسەوە کە هەموو شەرحەکانی کرد، مەسەلەی میزانیەی تەکمیلیەکە ئێستا کتابی رەسمیمان بۆ هاتووە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە، کە میزانیەی تەکمیلیە حازر بکەین، ئێمە خۆشمان بۆ حازر کردووە، بۆ ئەوەی لە پێشی $5/1$ پرۆژە داواکارییەکان لەسەر ئەو سیاسەتەی کە جەنابی وەزیری دارایی فەرمووی داواکاری بەپێی ئەو رێژەیەی کە تەقدیر دەکرێت چەند بێتن، زیاتر تەقدیم دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر حصە بە دەست بێنین، نەوەك ئەو سوڵتەیە تەقدیر بکەین پێنج ملیار دۆلار بێتن تەبعەن هەمووی بۆ مەشاریعە نیسبەی زیاتر دەربچێتن، کە زیاتر دەربچێت مەسەلەن پێنج ملیارم تەقدیم کرد، حصەی هەرێمی کوردستان دەڕوات جارێکی تر تەعویزم ناکاتەوە، بۆیە بە تەماینە زیاتر تەقدیم بکەین لەسەر ئەمە، دووبارەش کە میزانیەی تەکمیلیەکە هاتەوە دێتە بەردەستی بەڕێزتان و بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو پرۆژانە، لەسەر مەسەلەی ئەوەی کە یەکێ لە مولاحەزەکانی لیژنەی دارایی بە سوپاسەوە راپۆرتێکی زۆر باشیان نووسیبوو، کە مولاحەزەی زۆر جددی تێدایە لەسەر مەسەلەی سیاسەتی عامی، میزانیە چۆن دادەڕێژرێت، لەسەر مەسەلەی بەڕێوەبردنی بودجەو سەرمایەی وڵات چۆن دەبێتن؟ چۆن تەوەجوھ دەبێت بۆ کەرتە ئابووریەکان، تەبعەن کاك سەرکیس شەرحی کرد، بەڵام بە تەفسیلتر

ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەعمی تایبەت دەکاتن، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت بۆ کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی و رێگای بانکەکان بکاتن، لە رێگای ئیستیسمارەوە بیکاتن، ناکرێت حکومەت خۆی پرۆژەی ئیستیسماری بکاتن، چونکە سیاسەتی عام لە هەرێمی کوردستان دارێژراوەتەوە، کە بریتییە لەوەی حکومەت نابێت خۆی کار بۆ ئەو کارخانەو ئەوانەی هەبێتن، بە پێچەوانەشەوە سیاسەتەکە ئەوەیە کار لەو کارخانە هەیەتی بەرەو خەص خەصە بباتن، بیداتە دەست کەرتی تایبەت، چەندین نموونەش هەیە، هەمووتان دەزانن لە کوردستاندا مەعمەلێکی چیمەنتۆمان هەبوو لە تاسوجەیە ئینتاجەکەی رۆژی نەدەگەیشتە هەشت سەد تەن، ئێستا ئینتاجەکە رۆژی شەش هەزارو پێنج سەد تەنە، یەعنی هەموو کرێکارەکانیش تێدا ئیش دەکەن، کە حکومەت هەزار تەن بەلاشیش وەردەگرێتن، ئینجا سەرمایەدارەکەش قازانج دەکات، لەسەر مەسەلەی پرۆژە ئیستیسماریەکان حەزم کرد هەندێك مولاحەزاتی عام لەسەر ئەمە کە کاك سەرکیس بەس بە ئەرقام خوێندیەوە، ئێمە میزانیەی ئیستیسماریمان دابەش کردووە، کە خۆی کۆی گشتییەکە دوو تریلیۆن و هەشت سەدو حەفتاو سێ ملیار دینارە، کە دەکاتە دوو ملیارو چوار سەد ملیۆن دۆلار، ئەم رەقەمە تەسەور دەکەین ئەمساڵ کە بکەوێتە بازاڕی هەرێمی کوردستانەوە حەرەکەیەکی ئیقتیصادی گەورە لە کوردستان دروست دەبێت لە بواری گواستنەوە، لە بواری بیناسازی، لە هەموو بوارەکانی دابین کردنی کەرتی بیناسازییە، ئەمە بە تەئکید ئێستاکە کێشەیەکە، کێشەی بەتاڵە هەیە، کێشەی رکودی ئیقتیصادی هەیە، ئەمانە تەسەور دەکەین لە ئەنجامی دابین کردنی ئەو بودجەیە بکەوێتە بازاڕەوە لە ماوەی ساڵێکدا لە چەند شارێکی هەرێمی کوردستان لەو مەساحە جوگرافیەدا بە تەئکید دەوری ئیجابی زۆر باشی دەبێت، میزانیەکەمان دابەش کردووە بەسەر سێ بەشدا، بەشێکیان بۆ ئەو پرۆژانەی کە بەردەوام بووینە لە ساڵانی رابردووەو ئەمساڵ تەواو دەبێتن، هەر مولاحەزەیەکم خوێندەوە لە رۆژنامەیەك دەڵێت پرۆژە هەیە رۆژی دوو جار پارەی بۆ دابین کراوە، بە تەئکید جامیعەی سلێمانی عومرەکەی پێنج ساڵە، لە ساڵی 2005وە دەستی پێ کردووە، 2006یش بەردەوام دەبێت، 2007یش بەردەوام دەبێت، 2008یش بەردەوام دەبێت، ساڵی 2009ش بەردەوام دەبێت، بۆیە ساڵانە مەبەستمان لە شەرح کردنی پرۆژە بەردەوامەکان کە ئەو پارەی بۆیان تەخصیص کراوە تریلۆنەك و دوو سەدو نەوەد نۆ ملیارو هەشت سەدو شازدە ملیۆن دینارە، کە دەکاتە ملیارێك و هەشتاو هەشت ملیۆن دۆلار، کە دابەش کراوە شەش سەدو هەژدە پرۆژەیە بەسەر هەموو پارێزگاکان و بەسەر هەموو وەزارەتەکان، بەلام کۆی گشتی ئەو پرۆژانە کولفەکانیان دوو تریلیۆن و شەش سەد ملیار دینارە، بەلام بۆ ساڵی 2008 هەزارو دوو سەدو نەوەد و نۆ ملیاری دەوێتن، ئەمە بۆ پرۆژە تازەکانە کە پێشنیار کراوە، پرۆژە بەردەوامەکان خۆیان حەفت سەدو شەست و شەش پرۆژەیە کە ملیارێك و حەفتاو هەشت دیناری دەوێت، کە دەکاتە هەشت سەدو نەوەد هەشت ملیۆن دۆلار، بەشی سێیەمیان لە پرۆژەکان، کە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکانە، کە دابەش کراوە بەسەر هەرسێ پارێزگا، پارێزگای هەولێر سەدو هەشتا ملیاری بەرکەوتووە، سلێمانی دوو سەد ملیاری بەرکەوتووە، دهۆك سەدو پازدە ملیاری بەرکەوتووە، کە ئەوانیش شەش سەدو شەست و حەوت پرۆژەیە، دابەشیان کردووە بەسەر خەدەماتەکان، هەموو سەکتەرەکانمان دەرهێناوە، ئێمە بەپێی

جەداول هەمووی عەرزی سەر برادەرانیشمان کردووە، کە ڕێژەی زۆری بۆ ئەو خەدەماتانەیە، بۆ ئەو پرۆژە سەریعانەیە کە پێداویستی هاوولاَتیانە، یەکێك لە مولاحەزاتەکانی لیژنەی دارایی و ئابووری ئەوە بوو میزانیە زۆر زیاتر تەقدیم کراوە بۆ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان، حەقیقەتەکەی پێداویستی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ئیستیسماری زیاتر لە بیست ملیۆن دۆلارە، بۆیە هەر وەزارەتێك دەیەوێت زۆرترین کەمیە پارەی دەستکەوێت، بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترین خەدەمات تەقدیم بکات، وەزارەتی کارەبا تەقدیمی سێ ملیاری کردووە، ناحەقی نییە بیەوێت سەکتەری کارەبا چاك بکاتن، پێویستی بەو پارەیە هەیە، بەلاَم ئەو پارەیەی کە لەبەر دەستی ئێمەدا هەیە چەندی بۆ تەخصیص دەکەین، تەبعەن ئەولەویات لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەمساڵ بۆ پرۆژەکان بەم شێوەیە دابەش کراوە، یەکەم/ وەزارەتی کارەبایە، کە سەکتەری کارەبا ئەولەویەتی ڕەقم یەکی دراوەتێ لە پارە تەخصیص کراوەکاندا.

دووەم/ وەزارەتی شارەوانییە، بەتایبەتی کەرتی ئاو و خەدەماتی شارەوانییە.

سێیەم/ مەسەلەی ئاودێرییە، ئاودێری زۆر بە حیسابمان کردووە، لەبەر ئەوەی یەکێك لە تەوەجوهەکان دەلێت بۆ کەرتی کشتوکاڵی پێش ناکەوێت، هەموو ئێوەی بەڕێز دەزانن کەرتی کشتوکاڵی کێشەی ئەساسی کوردستان نەبوونی سێ شتە:

یەکەم/ نەبوونی ساغ کردنەوەی موڵکیەتی زراعییە، نەبوونی مەکرەمەی زراعییە، نەبوونی ئاوە، بۆیە تەرکیزمان کردووەو پارەیەکی باشمان تەخصیص کردووە بۆ پرۆژەیەکی یەکجار زۆر لە پرۆژەکان تەخصیص کراوە بۆ وەزارەتی سەرچاوەی ئاو، لە دوای ئاو ڕێگاوبان دێت، لە دوای ئەوانە قوتابخانە دێت، ئەمساڵ بە تەنها کێشەی قوتابخانەکان ئێمە زیاتر لە سەدو حەوت قوتابخانەمان بۆ دروست کردوون و جگە لەوەی لە میزانیەی پارێزگاکانیشدا هەیە ئەویش بیست و حەوت قوتابخانەی تێدا هەیە، یەعنی تەقریبەن دەکاتە سەدو سی و چوار قوتابخانە، بەس ئەمساڵ دروست دەکرێت، مەراکیزی صحی و تەندروستی، ئینجا دێینە سەر کشتوکاڵ و ئینجا دێینە سەر خەدەماتی صحی، ئینجا دێینە سەر خەدەماتی لاوان و وەرزش و جیهەتەکانی تری وەکو خوێندنی بالاَو ئەوانە هەمووی بە نەزەڕی ئیعتیبار وەرگیراوەو پرۆژەکانیان بەسەر دابەش کراوە، موڕاعاتی ئەولەویەتی ئەوە کراوە کە لەناو وەزارەتەکەدا خۆی باسی کردووە، ناکرێت من لە جیاتی وەزارەتێك بیر بکەمەوەو موناقشەی لەگەڵ دەکەین، موناقەشەکە بە ئامادە بوونی نوێنەری هەردوو وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ وەزارەتەکان کراوە، دوای ئەوە دووبارە لەگەڵیان دانیشتنەوە کە گەیشتونەتە ژمارەی کۆتایی پێشکەش بە بەڕێزتان کراوە، ویستم ئەم تێبینیانە بۆ جەنابتان و بۆ خوشك و برا ئەندامە بەڕێزەکان ڕوون بکەینەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو ڕوون کردنەوەیە، نەفەقاتی ئیستیسماری زۆر تەفسیلاتی باشی تێدا بوو، کاك شێخ بایز هیچ قسەیەکت هەیە، تێبینیەك، کەواتە پشتگیری دەکەیت، فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم، بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان بۆ ئەو روون کردنەوانەی کە دایان، لەڕاستیدا هەردووکیان بەشێوەیە پشتگیری راپۆرتەکەی ئێمەیان کرد، پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵامدانەوەی هەندێك خاڵ، کە بەڕاستی پێم چاکە لەسەری بوەستم، دەمەوێت تێبینیەك لەسەر برا پەرلەمانتارەکان بڵێم، ئێمە لە راپۆرتی لیژنەکەماندا کاك ئیحسان ئامێدی ئیمزای نەکردووە هەڵەیەکە، بەڕاستی بەشدارییەکی چالاکی کردووەو یەکێکە لە ئەدامە چالاکەکانی لیژنەکەمان، داوای لێبوردنی لێ دەکەم لێرەوە، لەبەر ئەوەی کەم تەرخەمیەك هەبوو، بۆیە ئیمزای نەکردووە، سەبارەت بە یەکگرتنەوەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفو کاك دلێر وەڵامی دایەوەو جەنابیشت نووسیووتە، ئەوانەی کە سیاسینەو موفتەرەحاتن نەچینە سەری، جەنابت پێشنیارت کرد بوو، ئەویش وەڵامی دایەوە، باشە فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە یەك نەگرتنەوەی وەزارەتەکانی دارایی و ناوخۆ و پێشمەرگە بەڕاستی ئەمە مەسەلەیەکی چارەنووسسازە بەنیسبەت خەڵکی کوردستانەوە، دڵە راوکێیەکی لە لای خەڵك دروست کردووە، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پێ دادەگرین بە زووترین کات ئەو وەزارەتانە یەك بگرێتەوەو ئەو دڵە راوکێیە لە لای خەڵك نەهێڵن، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوان یەکگرتنەوەی ئەو وەزارەتانەی لە یەکتری دەچن، ئەمە تۆزێك مەسەلەیەکی جیاوازە، بۆیە ئێمە پێمان چاك بوو لەسەری بوەستین.

سەبارەت بە راپۆرتی وەرزی، هەموو دائیرەیەك راپۆرتی رۆژانەی هەیە، رۆژانە حیساباتی خۆی چەك دەکات، هەموو هەفتەیەك و دە رۆژو پازدە رۆژو مانگێك شتێك دەکات، هەموو سێ مانگیش شتێك دەکات، هەموو وەزارەتەکانیش ئەو حیساباتانەی هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان چاکە بەشێوەیەکی سێ وەرزی، هەموو سێ مانگ جارێك، هەموو شەش مانگ جارێك، هەموو ساڵێکیش جارێك وەزارەتی دارایی چۆن سەرۆکایەتی حکومەتی لێ ئاگادار دەکات، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئاگادار بکاتەوە لە چۆنیەتی سەرف کردن و لە چۆنیەتی بارودۆخی دارایی، ئێمە لە خاڵی هەشتدا بەڕاستی داوامان کردووە، دیارە میزانیەو بودجە یەکێکە جگە لە ئەرکەکانی تری، ئامرازێکە بۆ چاودێری کردنی کاری حکومەت، ئامرازێکە بۆ حیساب کردن و مەقیاس کردنی ئەدای حکومەت و پێوانە کردنی ئەدای حکومەت، چۆن حکومەت ئەدای خۆی دەکات؟ بۆیە لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە لێرەدا داوامان کردووە، بۆچی ئەو وەزارەتانەی دواکەوتوون لە پێشکەش کردنی بودجەکانیاندا حکومەتی هەرێمی کوردستان موحاسەبەی نەکردوون، بەڕاستی چۆن ئافەرین و دەست خۆشکەری و سوپاس کردن هەیە لە دامودەزگاکاندا، دەبێت بە هەمان شێوەش لێپێچینەوەو موحاسەبە کردنیش هەبێت لەو بەرپرسانەی کە کارەکانی خۆیان ناکەن و کەم تەرخەمی دەکەن لە کارەکانیاندا، بۆیە ئێمە لێرەدا داوامان کردووە ئەو وەزارەتانەی کە دواکەوتوون لە هێنانی بودجەکانیان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لێ پێچینەوەی نەکردووە، هیوادارین وەزارەتی داراییش

هاوكار بێت لەو مەسەلەیەدا، ئێمە لە خاڵی دە باس لە زێدەڕۆیی دەكەین، ئەو تەقدیرانەی كە وەزارەتەكان و هەموو دامودەزگاكانی حكومەتی ئێمە دەیكەن بۆ بودجەكانیان دائیمەن زێدەڕۆیی، موبالەغەی تیا دەكەن، دیارە ئەو موبالەغەیە كۆمەڵە هۆكارێكی هەیە، یەكێك لەو هۆكارانە ئەوەیە لە وەزارەتی دارایی و لە دامودەزگاكانی سەرووی خۆیانەوە بەڕاستی زۆری دەقرتێنن، ئەو زۆر قرتاندن و ئەو زێدەڕۆییە لە قرتاندنەكەشدا باش نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە زێدەڕۆیی هەبێت، لە هەموو ئەم زێدەڕۆیشدا بەڕاستی دەرگایەك دەكرێتەوە بۆ گەندەڵی، دەرگایەك دەكرێتەوە بۆ شتی ناڕەوا، بۆیە ئێمە پێمان چاكە هەوڵ بدرێت میكانیزمێك بدۆزرێتەوە لەو مەسەلەیەداو چارە بكرێت، ئێمە تەئكید دەكەینەوە لەسەر ئەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەبێت ستراتیجیەتی هەبێت، سیاسەتێكی وازیحی هەبێت لە بواری دارایی و لە بواری ئابووریدا، دەبێت بودجەی وەربەرهێنان، دەبێت گرنگیەكی تایبەتی پێ بدرێت بۆ وەبەرهێنان، دەبێت ئیهتیمامێكی تایبەتی بدرێت بە ئاوەدانكردنەوەی وڵات و بەتایبەتی كەرتەكانی كشتوكاڵ و هەست دەكرێت كە شتێك و هەنگاوێك هەیە لە بودجەی ئەمساڵدا، بەڵام ئومێدەوارین لە بودجەكانی ساڵانی ئایندەدا، ئەو هەنگاوە بەهێزتر بێت و پتەوتر بێت، لە خاڵی دوازدەدا، بەڕاستی ئێمە دژی ئەوە نین كە دەرگا بكرێتەوە بۆ كەرتی تایبەت، ئەم سەردەمە سەردەمی كەرتی تایبەتە، سەردەمی چالاكیە تایبەتیەكانە، بەڵام ئەمە هیچ كاتێك ڕێگر نابێت دەرگا كردنەوە لەبەردەمی كەرتی تایبەت، هیچ كاتێك ڕێگر نییە لەبەردەمی ئەوەی كەوا، یاخود نابێت ببێتە هۆی ئەوەی كەوا حكومەت بە تەواوەتی پایدۆزی لێ بكات، هیچ چالاكیەكی ئابووری نەمێنێت و پەراوێز بكرێت لە چالاكی ئابووریەكاندا، لە وڵاتە پێشكەوتووەكانی جیهان، لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا.......... لە هەموو وڵاتانی پێشكەوتووی دنیا دەوڵەت بەپێی ئەوە بەشداری دەكات، چالاكییە ئابووریەكانە، لەبەر ئەوە حكومەتی ئێمەو دەسەڵاتی هەرێمی كوردستانیش نابێت پایدۆز بكات بەڕاستی لە چالاكییە ئابووریەكاندا، ئێمە مەبەستمان لێرەدا تەنها ئەوەیە، ئێمە دژی ئەوە نین كە سیاسەتی خەص خەصە، بەتایبەتی كردن بكرێت، ئێمە پشتگیری لە سیاسەتی بەتایبەتی كردن دەكەین، بەڵام سیاسەتی بەتایبەتی كردن، خەص خەصە بەڕاستی دەبێت لە ئەنجامی لێكۆڵینەوەو دیراسەتێك بكرێت و بە پلانێكی تۆكمە بێت، بەداخەوە سیاسەت و پیادە كردنی سیاسەت لە وڵاتی ئێمە، لە هەرێمی كوردستاندا تا رادەیەك بۆتە هۆی شێواندن و بۆتە هۆی كاول كردنی كەرتە ئابووریەكان، ئەو بوار و ئەو پرۆژانەی كە بەتایبەتی كراوە زۆریان، من نامەوێت لێرە بكەومە سەر وردەكاریەكانی، بەڵام زۆر لەو پرۆژانە مردوون و لەناوچوون و بەرهەمیان نەماوەو بوونیش بە بارێك بەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان بە حوكمی ئەوەی ژمارەیەكی زۆر لە كرێكارو فەرمانبەریان هەیە، ئەمڕۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان مووچەكانیان دەدات، لەبەر ئەوە دەبێت سیاسەتێكی وازیحتر و تۆكمەترمان هەبێت بۆ بەتایبەتی كردن، بۆ خەص خەصە، ئەو پرۆژانەی دەدرێت بە كەرتی تایبەت، دەبێت بەڕاستی ئاوەدان بكرێنەوەو لە بواری بەرهەمهێنان كاری خۆیان بكەن، نەك بوەستن، من ئامادەم ئێستا ناوی ژمارەیەك لەو پرۆژانە بێنم كە لە كار كەوتوون و دراون بە كەرتی تایبەت، ئەمە بەڕاستی دەبێت لەسەری بوەستین، ئێمە بەڕاستی جەخت دەكەینە سەر ئەوەی كە دەبێت

سولفەی عەقاری بدرێت، ئەمە رێگر نییە لەگەڵ ئەوە، هیوادارم برا پەرلەمانتارەكان ئەو تەوصیانەی ئێمە كە دەكرێت، بكرێت بە بریارێك و حكومەت ئیلزام بكرێت، بۆ ئەوەی جێ بەجێ بكرێت، ئێمە داوا دەكەین كە سولفەی عەقار جێ بەجێ بكرێت، لەو رێگەیەوە بەشێك لەو كێشەی نیشتەجێ كردن چارەسەر بكرێت، ئەمـە رێگـا لـەوە ناگرێـت كـە حكومـەتیش پـرۆژەی خـۆی هـەبێت، كـەرتی تایبـەتیش هـان بـدرێت، كۆمپانیاكانیش هانبدرێت، كەرتی تایبەتی خۆماڵی و دەرەكیش كە هانبدرێن و پرۆژەی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی كوردستاندا جێ بەجێ بكەن، لەبەر ئەوە تەئكید دەكەینەوە لەسەر ئەو لایەنە.
سەبارەت بە بودجەی دەسەلاَتی دادوەری، بەداخەوە ئێمە داوامان لە دەسـەلاَتی دادوەری كـرد كـە بودجـەی خـۆی بێنێـت، تـا ئـەمڕۆش پرۆژەیـەكی بودجـەی پـەرپوتی هێنـا بـوو، بـەلاَم پرۆژەكـەی خـۆی نـەهێنا بـە هاوكاری ئێمە سوپاسی وەزارەتی دارایی دەكەین، ئەوان بەڕاستی پرۆژەیەكیان بۆ ئامـادە كـردین و هێنایـان، تا ئەمڕۆكەش بەداخەوە دەسەلاَتی دادوەری خۆیان وەلاَمیان نەدابۆوە.
سەبارەت بە دەسەلاَتی وەزیر، ئێمە پێشنیازێكمان كـردووە لـە راپۆرتەكـەمان و تێبینیـەكمان هەیـە لەسـەر یاسای بودجە كە دەبێت دەسەلاَتی وەزیـرو سـەرف كـردن، سـەرفی ($250$) ملیـۆن دینـار بـدرێت بـە وەزیـر، بەڕاستی ئەمە بۆ كار ئاسانی حكومەتی ئێمەیە، بۆ كار ئاسانی ئەوەیە كە ئیشەكانی ئێمـە بـڕوات بـەرێوە، هیوادارین ئەمە نەبێتە هۆی ئەوەی لەبەر ئەوەی بودجەی عێراقی زیاترە لە بودجەی حكومەتی هـەرێمی كوردستان، دەبێت دەسەلاَتی وەزیری ئێمە لە $17$٪ی دەسەلاَتی حكومەتی مەركەزی بێت، بەڕاسـتی دەبێـت پۆلیسێكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، مامۆستایەكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزیرێكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، پەرلەمانتارێكی حكومەتی هەرێمی كوردسـتان، پزیشـكێك، ئەنـدازیارێك دەبێـت كـەمتر نەبێت، پلە دوو نەبێت، دەبێت سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە قەد سەرۆكی حكومەتی عێراقـی حقـوق و واجیبـاتی هـەبێت، لەبـەر ئـەوە ئێمـە پێمـان وایـە دەسـەلاَتی وەزیرێـك لـە حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتاندا، ئەفسـەرێك، مامۆسـتایەك نابێـت كـەمتر بێـت لـە دەسـەلاَتی هاوشـانەكەی لـە حكومـەتی ئیتیحادیداو، زۆر زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئێمە ئەمڕۆ تەنیا موناقەشەی راپۆرتی لیژنەی داراییە، سێ چارێكمان لە پێشە، بـەیانی ئینشائەڵلا دەست پێ دەكەین بـە موناقەشـەی بەشـەكان، یـەعنی وەزارەتـەكان، وەزارەت بـۆ وەزارەت و ئـەو راپۆرتەی، ئەو وتارەی جەنابی وەزیریش نوسخەتان پێ دەداتن، كە نەگەیشتووە تاكو ئێستا، ئێسـتا شـتەكە روونە، راپۆرتەكە زۆر وازیحە، وەلاَمی وەزیریش زۆر لایەنی وابزانم پرسیاری ئێوەشـی وەلاَم دایـەوە، بـەلاَم لەگەڵ ئەوەشـدا هـەر كەسـێك پرسـیاری هـەبێت و نـەهاتبێت لـە راپۆرتەكـەو لـە وەلاَمەكـەی، تكاشـم وایـە مەچنە سـەر تەفسـیلاتی بەشـەكان، كـە بـەیانی و دوو بـەیانی موناقەشـەی دەكـرێتن، هـەر شـتە عامـەكان، بەیانی سەعات دەو نیو كۆ دەبینەوە، كاك ئارام نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دانیشتنەکان بابەتی بودجەیە، بابـەتی بودجـە گرنگـە، ئێمـەی ئەنـدامان زۆر دەمێکـە چـاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکەین، زۆر پرسیارو تێبینیمان هەیە، بەڕێزان زۆریان داوای قسە کردنیان کردووە، جەنابیشتان باسی (45) دەقیقەتان کرد، ئەگەر بڕیار بدەن دەقیقەیەك، یان دوو دەقیقـە قسـەمان پـێ بـدەن، بەڕاسـتی ئێمـەش نـاتوانین هـەموو بۆچـوونەکانی خۆمـان بڵـێین، بۆیـە مـن داوای ئـەوە دەکـەم جـەنابت ناوەکانـت نووسیووە، ئەگەر بکرێت لە سەرەتای جەلسەی بەیانی دەست بکرێت بـە قسـە کـردن، بـۆ ئـەوەی مـەجالی زیاتری ئەندامان بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی کە خوێندرایەوە لـە لایـەن بـەڕێز وەزیـری دارایـی ڕوون کردنەوەیـەکی زۆر درا، زۆر خاڵی موشتەرەکە لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتانـەی کـە ئێمـە نووسـیمانە، ئـەو خاڵانـەی موشـتەرەکە بـا دووبارە نەکرێتەوە، چونکە هەر لیژنەو ڕاپۆرتێکی هەیە، وەختێکی زۆرمان بە فیڕۆ دەڕوات، مـن بـەش بـە حاڵی خۆم تەئشیرم کردووە، لە دوازدە، سێزدە نوقتە تەقریبەن سێ بەشی ڕۆیی، دوو، سێ نوقتە مـاوە، بـۆ هـەمووی بخوێنمـەوە وەختەکـەش دەڕوات، بـا هـەموو لیژنـەکانیش بـە هـەمان شـێوە ئـەو نوقاتانـەی وەڵام دراوەتەوەو موناقەشە کراوە تەئشیر بکەن و نەیخوێننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت جێی خۆیـەتی، ئەوانـەی ڕاپۆرتیـان هەیـە گوێتـان لـێ بـوو، بـە هـەر حـاڵ ئێمـە دەسـت پـێ دەکەین، هەر یەکەو دوو دەقیقەی هەیە، تا دەگەینە سەعات دوو، دواتر ئـەوانی تـر بـەیانی قسـەی خۆیـان دەکەن، ئەوەلەن/ ئەوانەی کە ناویان نووسیووە لە 80٪یان ئەندامن لە لیژنەکان، یان لیژنـەی دارایـی، یـان لیژنـەی ئـابووری، یـان لیژنـەی ئاوەدانکردنـەوە لێرەیـە، یـەعنی مانـای ئەوەیـە موناقەشـەیان کـردووەو لـە ڕاپۆرتەکەیان نووسیووە، یەعنی دەتوانن هەر قسەی نەکەن، بڵێن ڕاپۆرتەکـەی لیژنـەی دارایـی تـەعبیر لـە مـن دەکـات، ئەنـدامی لیژنـەی دارایـی چ پێویسـت دەکـات ئێسـتا قسـە بکـاتن، ئـەو ڕاپۆرتـە دوورو درێـژە نووسـراوە، وەزیـر وەڵامـی دایـەوەو خـۆی ڕوونـی کـردەوە، لێـرە نـاوی نووسـیووە، تـێ ناگـەم موناقەشـەش موناقەشەی ڕاپۆرتی خۆیانە، کاك زرار نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەندامی لیژنەی داراییم، بەڵام لە کـاتی نووسـینی ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی شـەرت نییـە ئێمـە بـەکۆی دەنگ لەسەر هەموو پێشنیارەکان ڕازی بوو بین، بۆیە من ناوی خۆم نووسیووەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئومێد دەکەم کە قسەت کرد نوقتەیەك هەبێت لە راپۆرتەکەدا نەهاتبێت و لە وەڵامەکەشدا نەهاتبێت، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەم بۆ ئەو روون کردنەوەیەی لەسەر ئامادەکاری بودجە دای، بەڵام من لە سەرەتای قسەکانمەوە حەز دەکەم تەئکید لەوە بکەمەوە، ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان کە ساڵانە بودجەی حکومەت دێتە پەرلەمان و لێرە موناقەشەی لەسەر دەکرێت، بەڕاستی من زۆر بە گرنگی دەزانم کە ئێمە حیسابی خیتامی سەرفیاتی بودجەی ساڵی پێشووشمان لەبەر دەست بوایە، کە بتوانین لەسەر ئەو ئەساسە موناقەشەی بودجەی ساڵی داهاتوو بکەین، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم هەر چەندە تەسەوری ئەوەم هەیە موناقەشاتی بودجە چەند رۆژێك زیاتریش بخایەنێت، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە پەرلەمان ئەمڕۆ داوا لە وەزارەتی دارایی بکات کە بە زووترین کات حیساباتی خیتامی بێنێت بۆ پەرلەمان، بۆ موناقەشە کردن، ئەمە یەکەم.

دووەم/ من حەز دەکەم تەئکید لەسەر خاڵێك بکەم، کە جەنابی وەزیر خۆی ئیشارەتی پێدا، کە ئێمە لە هەرێمی کوردستانیش ناکرێت دەستە وەستان بوەستین لەسەر هەندێك شت کە پێمان دەکرێت لەسەر حیسابی خۆمان، بۆیە من تەئکید لەسەر ئەو پێشنیارە دەکەمەوە کە پەرلەمان کردوویەتی، کە لیژنەی دارایی و ئابووری کردوویەتی بۆ دابین کردنی پێشینەی نیشتەجێ بوون، ئیتر بە هەر شێوەیەك کە پەرلەمان، یاخود بە شێوازێکی یاسایی بتوانن جێی بکاتەوە، بەڵام من داوا دەکەم ئەو بڕگەیە لە یاسای بودجە جێی بکرێتەوە.

پرسیارێکم هەیە، باس لەو خەمڵاندنە کرا کە وەزارەتەکان داوایان کردووە بۆ بودجەی تەشغیلی وەبەرهێنان لە لایەك ئەوەی کە پێیان دراوە، بەڵام ئێستا جێگای پرسیارە هەندێك وەزارەت ئەوەی کە داوایان کردووە زۆر کەمتریان بۆ دەست نیشان کراوە، بۆ نموونە بۆ ساڵی 2007 لەوەی کە کەمتریش بۆیان دەست نیشان کراوە، هەندێك وەزارەت هەیە دەرسەدێکی پارەکەشی سەرف نەکردووە، یەعنی من پێم خۆشە ئەو پرسیارە ئاراستەی جەنابی وەزیری دەکەم، پێم خۆشە ئەگەر بکرێت لەسەر ئەوە وەڵامێکمان بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە راپۆرتی دارایی تێرو تەسەل بوو، وەڵامەکانی وەزیریش بەڕاستی بەرچاوی روون کردینەوە، جێی دەست خۆشییە، بەڵام هەندێك شت هەیە من دەمەوێت لێرە باس بکەم، قەناعەتی خۆمەو رەنگە هەندێك زانیاریش بێت قسە دەکەم، من ناتوانم بڕوا بەوەی بکەم بودجەی هەرێمی کوردستان ئەوساڵ

کورتی هێناوە، یەعنی عەجزی هەبێت، لەبەر ئەوە پێمان باشە ئەو مەسەلەیە بەڕاستی باشتر روون بکرێتەوە، چونکە ئێمە هەست دەکەین لە زۆر جاردا، هەتا لەو ئیستیمارانەی وەزارەتەکانیش لەبەر چاوممانە زیاتر مەبەست پڕ کردنەوە بووە، کاك دکتۆر دلێر باسی بودجەی دەسەلاّتی دادوەری کرد ئەو رۆژە، بەڕاستی هەندێك شتی تێدا بوو هی پێکەنین بوو کە گەڕاندرایەوە، بەلاّم دەسەلاّتی دادوەری بۆ یەکەم جارە بودجەی سەربەخۆ بێت و یاسای بۆ دادەنرێت، نووسراوە چاك کردنەوەی واحە، کە لە کوردستان واحە نییە، پەنجاو پێنج ملیۆن دینار، یەعنی هەست دەکەیت ئەو بۆشاییانە پڕ بکەیتەوە، چۆنی پڕ دەکەیتەوە زۆرترین پارە لە حکومەتدا ببات بۆ حکومەت، بەداخەوە لە وەزارەتی داراییش زۆر جار سەودا هەیە لەنێوان ئەوەدا، بە ئەوەندە دەکرێت، بە ئەوەندە ناکرێت، ئێمە نموونەمان هەیە لە بەشەکان دێینە سەری، یەعنی شت هەیە بۆ نموونە بە شەش سەد هەزارە، پێویستە بکرێت، ئەوان (250) هەزار دۆلاریان بۆ موافەقەت کردووە لە وەزارەتی رۆشنبیری کە داوا کراوە، لەبەر ئەوە پێمان باشە ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بێت، کورت هێنانەکە، پارەی پار گەڕایەوە چی لێکراوە؟ یەعنی ئەوەی کە لە وەزارەتەکان گەڕاوە، ئەو برادەرەی پێشی منیش باسی کرد، بە هەر حالّ شتێکی تر هەیە ئەوە لە سیاسەتی گشتییە، پێم خۆشە باسی بکەم، هەندێك جار هەندێ پارە دێتە هەرێمی کوردستان لە 17٪ەکە نییە، لە داهاتی هەرێمی کوردستان دێتن، بۆ نموونە پار بەهۆی لافاوەکەی سمێلانی باڵەکایەتی و گوندی بلێی ناحیەی خەلیفان وەکو زانیمان (42) ملیۆن دۆلار لە لایەن حکومەتی فیدرالّی عێراق و ئەمریکاوە هات، ئایا ئەو پارەیە خرایە سەر بودجەکە؟ ئایا نەخرایە سەر بودجەکە؟ چۆن سەرف کرا؟ چۆن سەرف نەکرا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دوایێ قسەی لێ دەکەینەوە لە هەموو بابەکان و بەشەکاندا، بەش بە بەش موناقەشەی دەکەین و قسەی لەسەر دەکەین، ئەمە مەبادئی عامە زۆر ئەو قسانەی کە دەکەیت عیلاقەی بە بەشێکەوە هەیە، ئێمە باسی مەبادیئەکان دەکەین کە لە راپۆرتی داراییدا هاتووە، جەنابی وەزیریش وەلاّمی دایەوە، جەنابی وەزیری پلاندانانیش روون کردنەوەی لەسەر کرد لەسەر ئەوە موناقەشە دەکەین، کاك مەلا ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەمڕۆ رۆژێکی زۆر گرنگە لە پەرلەمانی کوردستان کە بە یەکێك لە ئەرکەکانی خۆی هەڵدەستێت بە مەسەلەی تەوزیع کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، کە خەڵکیش لە دەرەوە زۆر ئینتیزاری ئەوە دەکات، بزانێت بودجەی هەرێم چۆنە، هەروەکو دەزانین مەسەلەی مالّ مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، هەتا لە دوا رۆژیشدا دوو پرسیاری لەسەرە، هەموو شتێك یەك پرسیاری لەسەرە، بەس ئەوە دوو پرسیاری لەسەرە (من این یکتسبتە فیما انفقت) چۆنت پەیدا کردووەو چۆنت سەرف کردووە؟ وەکو دیارە وازیحە، لە راپۆرتی جەنابی وەزیر زۆر تێرو تەسەلە، بەلاّم دەیگێڕانەوە سالّی 2004 و 2005 و 2006 تا گەیشتە

ئـەوە، ئێسـتا ئێمـە باسمـان لـە حیسـاباتی خیتـامی کـردو پشـتگیری لـە رەئیەکـەی کـاك ئـارام دەکـەم، کـە حیسـاباتی خیتامیمـان لەبـەر دەسـتدا نییـە، نـازانین ئـەو وەزارەتـە پـار چـەندی سـەرف کـردووەو چۆنەو چـەندی ماوەتـەوە بـۆ ئـەوەی لەسـەری زیـاد بکـەین و کـەمی بکەینـەوە، ئینجـا باسـی مەسـەلەی مەسـرەفی حـەجی کـرد، یـەعنی بـۆ حـەج خـەڵك پـارە دەدات، نـازانم مەبلـەغێکی زۆر دانـرا بـوو، ئـەوە چۆنە؟ ئـەو مەسروفاتانە چۆن دەبر دەکرێت؟ لە راپۆرتەکەدا باس لە باسی دوو شتی گرنگ نەکرا، کە بەڕاستی ئـەمڕۆ ئەزمەیە لە کوردستان، یەکێکیان سولفەی عەقارە، حەق وایە خەمێکی گەورەی لێ بخورێت، لەبـەر ئـەوەی ئەزمەی سەکەن هەیە، دووەمیشیان سولفەی زەواج، یەعنی حەق وایە یارمەتی گەنجان بدرێت لەوە، نـازانم جا من لێی حاڵی نەبووم، یان باس نەکرا، یـەك لەوانـە شـتێکە، ئینجـا لـە راپۆرتەکـە باسـی شـتێك کـرا کـە بەرمیلی نەوت بە ($57$) دۆلارەو رۆژانە ملیۆنێك و پێنـج سەد هەزار بەرمیل دەڕوات، ئێستا بەرمیلی نەوت بـە ($110$) دۆلارە، یـەعنی ئایـا ئـەو پارەیـە دەگەڕێتـەوە بۆمـان؟ هـەروەها دوو ملیـۆن و نیـو دەردەچـێت، یەعنی ئەوە هەمووی پێویستی بە تەوزیحات هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەو سێ برادەرەم دەکەم، بەڕاستی ئەگـەر حیسـابی خیتامیمـان لـەلا بوایـە، ئێسـتا دەمـانتوانی زۆر شت هەیە رەنگە باسمان نەکرد بوایە، بەلاَم کە لەبەر دەست نییە، رەنگە زۆر شت هەیـە بیـورووژێنین و قسەی لەسەر بکەین، مەسـەلەن مـن پرسـیار لـە هـەردوو وەزیـر دەکـەم، ئـەو سـەلاَحیەتەی کـە دراوە بـە هـەردوو سـەرۆکی حکومـەت کـە سـەرفیان کـردووە، یـان سـەرۆکی حکومـەت، هیچمان لەبـەر دەسـت نییـە، نازانین چی سەرف کردووە؟ سەرۆکی حکومەت دەبینین رۆژانە خانوو بۆ خەڵك دەکڕی، سەیارە بـۆ خـەڵك دەکڕی، پارە دەداتە خەڵك، دەڵێن ئەوەندە ملیۆنەی دەدەنـە خـەڵك بـە چ قانونێـك، بـە چ دەسـەلاَتێك، کـێ ئەو قانونەی پێ بەخشیووە، جگە لـە پـارەی پرۆژەکان، مەسـەلەن ئـەوەی کـە بـۆ حاڵـەتی تایبـەتی سـەرفی کـردووە، ئەگـەر ئـەوەمان لەبـەر دەسـت بوایـە، رەنگـە ئێسـتا مـن ئـەو پرسـیارەم نـەکرد بوایـە، شـت زۆرە دەمەوێت قسە بکەم، مەسەلەن پرسیارێکی تر لە جەنابی وەزیـری دارایـی دەکـەم لـە سـاڵی $2007$ هـەتاکو ئێستا چەند گەورە بەرپرس لـە حکومـەت لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەو میزانیـە لەبـەر دەسـتی بـووە لـە خـراپ بەکارهێنانی، چەند کەس رەوانەی دادگا کراون، مەسەلەن ئێمە شتێکمان لەبـەر دەسـتدا نییـە تـاکو ئێسـتا، هەر بەخۆمان دەڵێین میزانیەك هەیەو هاتیەو رۆییە، چۆن هاتووەو چۆن سەرف کراوە؟ هیچی لێ نازانین، رەنگـە وەزارەتـەکان بـزانن، هـەر وەزارەتێـك میزانیـەی چـەند بـووەو چـەندی سـەرف کـردووەو چـەندی ماوەتـەوە؟ ئـەویش هـەموو وەزارەتـەکان گلـەییان هەیـە، ئێمـە چـووینە لەگـەڵ چـەند وەزیـران قسـەمان کردووە، دەبینین میزانیەك بۆ وەزارەتەکە دانراوە، بەلاَم لە کاتی دەیەوێت سەرفی بکات، یان دەردەچێت کە سەرفی بکات کراوەتە چەك، دەبینین پارە نەماوە، پارەکە سەحب کراوەو هیچی نەماوە، من گوێم لـە وەزیـر

بووه كه خۆی وا قسەی كردووه، دەڵێت پارە لەسەر حیسابی من بووه لە وەزارەتەكەی من بووه، دانراوه كردومەتە تەندەر، بەڵام كە دەچم دەینووسم و سەحب بكەم دەبینین پارەكە سەحب كراوه، جەنابی سەرۆك چوار، پێنج خاڵم ماوه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەبێت عەدالەتمان هەبێت، بۆ ئەوەی لە كاتەكە هین بكەین دوو دەقیقەكە، مەسەلەن ئێستا كاك ئاریێز هەندێك قسەی كرد، كاك ئیسماعیل گوتی پشتگیری قسەكەی كاك ئاریێز دەكەم، ئەو نوقاتانەی كە ئاریێز نەیگوتووە بیڵێت، دواتر ئێستا یەكێك بڵێت پشتگیری لە قسەی فلان و فلان دەكەم قسەی نەما بۆی تەواو دەكەین، ئاخیری تەماشا دەكەین هەرچی قسەیەك بۆ نەكراوه هەموو كردوویانە، كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەكەم، ئێمە مافێكی یاسایی خۆمانە، لە پەیڕەوی ناوخۆ ئیشارەتی پێ دراوه، هەموو هەندام پەرلەمانێك بۆی هەیە دە دەقیقە قسە بكات، بەڕاستی ئەمە یاسایەكی گرنگە، بۆمان هەیە ئەگەر لە دە دەقیقە زیاتر بوو بە نووسین قسە بكەین، لەبەر ئەوە ئەمە یاسایەكی گرنگە، بەڕاستی حەقە بوار بۆ ئەندامان بڕەخسێنرێت كە قسە بكەن و ئەو پێشنیارانەی كە هەیانە بیخەنە روو، من سەرەتا زۆر سوپاسی هەردوو بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان دەكەم، كە كۆمەڵێك روون كردنەوەیان كرد، لەڕاستیدا ئێمە پار ساڵ، پرسیارەكە بۆ بەڕێزتانە، پار ساڵ كۆمەڵێك تەوصیات درا بە ئەنجومەنی وەزیران بۆ جێ بەجێ كردنی لە كاتی موناقەشە كردنی بودجەی 2007دا، من دەپرسم كام لەو تەوصیاتانە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیران و كاریان پێ كرا؟

دوو/ برادەرانم باسی بودجەی خیتامی 2007یان كرد، من لە وەزیری دارایی دەپرسم بودجە كە دادەنرێت لە دنیا، لە زۆربەی وڵاتانی دنیا لەسەر دوو بنەمای ئەساسی، كە ئەویش گرنگی دان بە سێكتەرەكان، دووەم/ مەنتیقەی جوگرافی، بودجەی 2007 كە سەرف كراوه تا چەند كاریگەری هەبووه لەسەر بووژاندنەوەی ئابووری لە هەرێمی كوردستاندا، ئەو رێژەیە چەندە؟ ئەوەتا لە عێراقدا دەڵێت لە 7٪ كاریگەری هەبووه لەسەر بووژاندنەوەی ئابووری عێراق و نیسبەی هەڵاوسانی لە 77٪ بۆ 31٪ دابەزاندووەو كاریگەری هەبووه لەسەر كەم كردنەوەی هەڵاوسان، ئەو رێژانە حەز دەكەم هەردوو وەزیرانی بەڕێز ئیشارەتی پێ بدەن، بزانن ئەمە تا چەند كاریگەری هەبووه لەسەر ئەو بووژاندنەوەی ئابووری كوردستان، ئەگەر وا نەبێت بەڕاستی ئێمە ساڵ بەساڵ بەم شێوەیە ئەگەر موناقەشەی بودجە بكەین، من پێموا بێت فەجوەیەكی زۆر گەورە لەنێوان ئابووری هەرێم و ئابووری مەركەزدا دروست دەبێت، كە ئەوە بە زەرەری هەرێمی كوردستان تەواو دەبێت، بەگوێرەی ئەو ئیحصاو داتایانەی كە لەبەر دەم ئێمەدا هەن و لە كەسانی پسپۆڕو شارەزاو وەزارەتەكانمان وەرگرتووه، ئەو بودجەیە بودجەیەكی تەزەخومییە، چونكە دخول ئەگەر بەم شێوەیە جێ بەجێ بكرێت بەڕاستی نەك هەر كاریگەری بۆ بەستنەوەی ئاستی مەعیشی نابێت بەشێوەیەكی ئیجابی، بەڵكو خراپتریشی دەكات، ئەوەتا رێژەی لە عێراقدا لە 18٪ نەفەقات زیادی

کردووه، بەڵام لە 28٪ واریدات زیادی کردووه، ئەمـە موئەشـیرێکی ئیجابیـە، نـاوی بنێیـت سـاڵی تەنیمـەی ئابووری لە عێراقدا، بەڵام ئایا لە هەرێمی کوردستاندا هەمان ڕێژەو هەمان نیسبە هەیە؟ مـن حـەز دەکـەم هەردوو وەزیرانی بەڕێز ئیشارەی پێ بدەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاکە دوو دەقیقەکەت تەواو بوو، فەرموو، ئەوەڵەن ئەوە نیزامی داخلیشم لە لایە دە دەقیقەی تێـدا نییـە، کـوا لـە کەمەیانـە ئیـدارەی جەلسات، کاکـە زیـاتر نـەبێت شـتێکە، (42) کـەس داوای قسـەیان کردووە، بەس لەسەر ڕاپۆرتی دارایی، دەکات حەوت سەعات، ئێستاش بە چەند جەلسە تەواو دەبێت، بـەڵام یەك ڕاپۆرت حەوت سەعات، مانای وایە بە دوو هەفتەش تەواو نابین، شتی وا نابێت، لەکوێ شتی وا هەیە؟ ئەگەر بەسەردا تێپەڕی ئەو وەختی حەفتە، بەسەردا تـێ ناپـەڕێت قـەت، بـەڵام ئێسـتاکە دوو دەقیقـە، دوو دەقیقەیە قەرارمان داوە، کاکە ئێستا تەنزیمی جەلسە ئێمـە لێـی مەسـئوولین، دەڵـێ دە دەقیقـە زیـاتر لێـی تێنەپەڕێت، ئەگەر چوار کەس داوایان کرد بوایە با دە دەقیقە قسـەی بکـەن، ئـەوە نـاکرێتن، کـاك محەمـەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن یەکـەم جـار دەڵـێم ئێمـە جـاری پێشـوو جەلسـەکەمان تـەئجیل کـرد، چـونکە نـەختێك ئـەو ڕاپۆرتـەی وەزیری دارایی لەبەرچاومان ڕۆشن بوو تا ڕادەیەك، بۆ ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی پشـتگیری دەکـەم، بـەڵام پێم باشە بۆ هەندێك لە خاڵەکان ئالیەت و میکانیزمی گونجاو بـۆ چارەسـەر کردنـی هەنـدێك لـەو خاڵانـە تەقدیمی وەزارەتـی دارایـی بکـەن، بـۆ نموونـە ئەمـە خـاڵی سـێزدە بـۆ چارەسـەر کردنـی ئـەو زیادەیـەی لـە قەرەبوو کردنی فەرمانبەران کە 5٪ زیادی کردووە، ئەوان چارەسەریان چیە؟ لـە کاتێکـدا حکومـەت خـۆی دەڵێت 40٪ی فەرمانبەرانی من نەخوێندەوارن، لـە زۆر بەڕێوەبەرایـەتی مەسـەلەن هەنـدێك بەڕێوەبـەری تەنفیزی و ئەوانە کە دانراون، یان موستەشارن، یان ڕاوێژکار، هەر زیاتر دانراون بۆ ئەوەی دواتر تـەقاعود بکـرێن وەکـو منحەیـەك، هەنـدێك لـە خاڵـەکانی لیژنـەی دارایـی پێویسـتی بـە دەنگـدان هەیـە، مەسـەلەی سولفەی عەقار ئێمە بیخەینە بەرنامەی کار وەکو بڕیارێك لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بـدەین، ئـەوەی مـن تێبینیم کردووە لە وەزارەتەکان، لـە بەڕێوەبەرایەتیـەکان، لـە هەنـدێك لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان حکومـەت خۆی لەنێو خۆیدا گلەیی هەیە، یـەعنی گلـەیی حکومەتـە دەگەینێتـەوە ئەنـدامان و پەرلـەمان، وەزیرەکـان تێبینیان هەیە لەسەر بودجە، لەسەر ئەوەی لەسەر سـەلاحەتیان، لەسـەر ئـەوەی کـەوا ئـەو بودجەیـەی لـە وەزارەتەکان دەمێنێتەوە بۆ ساڵی ئاینده چی پێ دێت، مەسەلەن موناقەلەکەی لـەکوێ دەکرێـت؟ کۆمـەڵێك لـەو خاڵانـەش کـە مـن پـێم باشـە وەزارەتـی دارایـی داوای شـەفافیەت لـە وەزیرەکـان بکـات و لـە جەلسـەی ئەنجومـەنی وەزیرانـدا ئـەو کێشـانەی نێـو خۆیـان لـەنێو خۆیانـدا چارەسـەر بکرێـت، ئـەوەی بـەخۆیان چارەسەریان نەکرا، دەکـرا هـەر یەکـە لـە ڕێـی فراکسـیۆنەکانی خۆیـەوە وەزیرەکـان لـەو گفتوگۆیـە لەسـەر

بودجەی وەزارەتەکان دەکرێت چارەسەر بکرێت، تەبعەن خاڵ زۆرن، بەڵام من هەر ئەوەندە دەڵێم، چونکە دیارە دوو دەقیقەکەم تەواو بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بۆ ئەوەی ئیلتیزامت بە کاتەکە کرد، کاك بەکر فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە خەلەلێك هەیە لە ئالیەتی موناقەشە کردنی ئەم مەشروعەیە، ئەم مەشروعە زۆر گرنگەو حەقە ئەندامانی پەرلەمان وەختی کافیان هەبێت بۆ موناقەشە کردنی، قەیدی چ دەکات با جەلسەیەك نەبێت، دوان و سێیان بێت، بەڵام ئالیەتەکەش لەوە دایە کە مەجموعە لیژنەیەکمان هەیە راپۆرتیان هەیە، حەقی وا بوو راپۆرتەکان بخوێندرایەوە، دوای ئەوە زۆر شت هەیە دووبارە دەکرێتەوە، لەناو راپۆرتی هەموو ئەو لیژنانە دووبارە دەکرێتەوە، لە موناقەشە کردنی مەشروعی قانونەکە دەتوانین ماددە بە ماددە، ئەندامانی پەرلەمانیش بۆیان هەبێت هەر چیان هەیە قسە بکەن لەسەری، نەك ئەوەی کە لەسەر هەموو راپۆرتێك لە راپۆرتەکانی تریشدا دووبارە بێتەوە، ئەوانەی کە ئەو برادەرانە باسیان کرد من زۆربەی زۆری پشتیوانی لێ دەکەم، بەتایبەتی بودجەی ساڵی 2007 تاکو ئێستا هێن نەبووە، ئەرکی سەرشانی ئێمەیە، واجیب و ئەرکی سەرشانی ئێمەیە، حەقی خۆشمانە وەکو پەرلەمان بزانین ئەو پارەیە، ئەو بودجەیە چەندە؟ چۆن سەرف کراوە؟ ئێمە تاکو ئێستا بودجەی ساڵی 2007مان لەلا نەبووە، چۆن بزانین سەرف کراوە؟ جگە لەوە لە مەسەلەی نرخی نەوت مەسەلەن ئێستا لە راپۆرتەکەدا گوێم لێ بوو (57) دۆلار تەقدیر کراوە، لە ساڵی پار رەنگە ئەوە هەشتا دۆلار تەقدیر کراوە، ئەمساڵ بە (57) دۆلار تەقدیر کراوە، ئەوە بەپێی عقودی نەوتی کە دەیکەن بۆ شەش مانگی ترو ئەوانە، پێموایە پاریش (57) دۆلار نەبووە، پاریش زۆر زیاتر بووە لەوە، جگە لەوە لەناو مەشروعەکە بودجەی سیادی دەست نیشان کراوە، بودجەی دەسەڵاتی دادوەری دەست نیشان نەکراوە، بودجەی نیشتەجێ کردن کە زۆر گرنگە بەلای منەوە حەق وابوو دەست نیشان کرا بوایە، بودجەی ئیحتیات بۆ رووبەڕوو بوونەوەی کەواریسی ناموتەوەقیع و نا تەبیعی، هەروەها بودجەیەك بۆ هاوکاری رێکخراوەکانی موجتەمەعی مەدەنی کە ئەوانە هەمووی جێگای موناقەشەیە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵام تۆ زۆر باسی بودجەی میزانیەی خیتامی دێت، میزانیەی خیتامی لەگەڵ میزانیە تەقدیم ناکرێت، شەش مانگ دواتر یەڵلا بتوانین، جەنابی وەزیر ئاماژەشی پێ کرد، گوتی ئێستا ئێمە خەریکین تەواوی بکەین و تەقدیمی دەکەین بۆ ئەنجومەنی وەزیران، پێش 6/30 پێشکەشتان دەکەین، هەر ئەوەندەیان پێ دەکرێت، بەڵام پێویستە لەبەرچاومان بێت ئەوە راستە، ئەوە بە تەئکید دەبێت لەبەرچاومان بێت، بزانین چۆن سەرف کراوە؟ چۆن بووە؟ تەفاسیلی و ئەوانە شتێکە، بەڵام پێمان وابێتن لە هەمان کات میزانیەش دەنێرن، میزانیەی خیتامیش دەنێرن بۆیان ناکرێت، هەر بۆ نموونە میزانیە

خەملێنراوە لە کۆتایی مانگی دە دەبێت پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز بکرێت، چۆن دەتوانین میزانیەی خیتامیە هێشتا سێ مانگی ماوە، بزانین سەرفیاتی چەندە؟ چۆن دەتوانێت تەقدیمی بکات؟ دەبێت سەرفی بکات، ئێنجا تەقدیمی بکات، کاک جەعفەر فەرمووە.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند خاڵێکم هەبوو، هەندێکیان گوتران، تەنیا یەك، دوو پرسیارم هەیە بەکورتی، پرسیاری ئەوە دەکەم ئەو پارە زیادانەی کە لە حیسابی نەوت دێتە عێراق، یان ئەو قەرزانەی کە دەدرا بە عێراق، یان ئەو پارانەی کە مونەزەماتی دەرەوە دەعمی عێراق دەکەن، ئەمریکا، یان هەر کەسێکی دیکە، حصەی کوردستان کە دەدرێت، ئایا جەنابی وەزیر ئیزافەی سەر ئەو میزانیەی ئێستا دەکەن؟ ئەمە یەك پرسیار.

پرسیارێکی ترم هەیە، ئەو میزانیەی کە دەدرێت بە وەزارەتەکان، ئێمە بەیانی کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کرد لە یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە داوای مەبلەغێك پارە دەکەن، حەقە وەزارەتی دارایی کە وەزارەتەکان داوای ئەو مەبلەغە پارەیە دەکەن بۆیان تەئمین بکات، بەلاَم داوای سەرفیان لێ بکات، نەك ئەوە زۆر مەبلەغی قورس داوا دەکەن و دوایی سەرفەکەشی بەنیوە چڵی دەبێت، شتێکی تریش من پێشنیاری ئەوە دەکەم قانونی موناقەلە بگەڕێتەوە، یەك، دوو ساڵە قانونی موناقەلە هەڵگیراوەو ئەو قانونی موناقەلەیە بۆتە کێشە بۆ وەزارەتەکان، لەبەر ئەوە ناتوانن لە بابێکەوە بچنە بابێکی دیکە، ئەوە موشکیلەکیان بۆ دروست بووە لە ئیش و کارەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئیلتیزامت بە وەختەکە، کاک جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەکسەر دەچمە سەر مەوزوعەکە، تەبیعی من هیوام وابوو لە راپۆرتی جەنابی وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان باسی باری ژیانیان کرد بوایە، کە مەفروزە لە هەموو میزانیەیەکدا هەبێت، بە هەر حاڵ ژیان زۆر گران بووە، شت لە بازاڕ زۆر گران بووە، مەعاشمان هەر عەینی شتە، لە کاتێکدا بە داخەوە دەڵێم ئەو برە پارە زیادەی کە لە مەرکەز دیاری کراوە بۆ فەرمانبەران ئەوەش خراوەتە پڕ کردنەوەی عیجز، من نازانم ئەو عیجزە لە کوێیە؟ لە کاتێکدا ئیعتیمادی موصەدەق ئەوەی کە کراوە بۆ وەزارەتەکان لە مەسروفی فیعلیان زۆر کەمترە، مانای پارە گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، ئینجا دوو خاڵی زۆر گرنگ هەیە بەڕاستی، یەعنی ناحیەی ئەمن و کارەبا کە ئەمڕۆ موشکیلەیەکی گەورەیە لە کوردستاندا، بەڕەئی من ئەم دوو خاڵە دەبێت زۆر گرنگی پێ بدرێت و، ئەو داوایەی کە وەزارەتی ناوخۆ کردوویانە پڕاو پڕ دەبێت بۆیان تەئمین بکرێت لەگەڵ هی وەزارەتی کارەبا، چونکە ئێستا خەڵك هەڵدەستێت لێمان بە هیچ شێوەیەك کارەبامان نییە، بە چ حەقێك وەزارەتی کارەبا داوای (143 و 452) کرد بێت کە ئەوە پێویستیەتی بۆ ئەوەی ئیدامەی کارەبا بکات و ئیش و کاری خەڵك و ئەم فشارە گەورەی کە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانەو

خەڵكی كە هەڵدەستێت ڕۆژانە لەسەرمان بە چ حەقێك كەمی دەكەیتەوە، مەفروزە ئەسڵەن لە داوایەكەی خۆیان زیاتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش زۆر بەكورتی و موختەسەر قسە دەكەم، لەبەر ئەوەی زۆر لە خاڵەكانم باس كران و دووبارەی ناكەمەوە، بەس دوو خاڵ دەڵێم، یەكیان/ من زۆر دەستخۆشی لە وەزیری دارایی دەكەم، بە حەقیقەت زۆر بە روونی و زۆر بە جوانی راپۆرتی خۆیان پێشكەش كرد، بە حەقیقەت ئەوە شتێكی زۆر جوانەو زۆر بە روونی دەستمان كەوت.

دووش/ پشتگیری لەو راپۆرتەی لیژنەی دارایی دەكەم، كە داوای كردووە سندوقی سولفەی عەقاری بكرێت، ئەوە زۆر شتێكی گرنگە بەنیسبەت هاووڵاتیانەوە.

سێ/ پرسیارە، جیاوازییەكی زۆر هەیە لەنێوان مووچەخۆرانی هەرێمی كوردستان لەچاو عێراقی فیدراڵ، ئەمە ئایا هیچ حەلێكی بۆ دۆزراوەتەوە؟ یان پشتگیری كراوە، یان خەمخۆریەكی بۆ كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەمان پێشنیاری برادەرانی پێشترم هەیە، كە حیساباتی خیتامی بەڕاستی دەبوایە لە شەش مانگی یەكەمی ساڵی 2007 حیساباتی خیتامی مەجود بوایە، ئەگەر یەك ساڵیش كامل نییە، بەلاّم شەش مانگی یەكەمی ساڵی 2007 دەبوایە حیساباتی خیتامی لەبەر دەستی ئەندامەكانی پەرلەماندا بوایە، سەبارەت بەوەی یەكگرتنەوەی وەزارەتەكان، من پێشنیاری ئەوە دەكەم، ئێمە بەڕاستی مەسەلەی یەكگرتنەوەی وەزارەتەكان بۆتە كێشە، ئەو میزانیەی ئەوساڵەكە ئەگەر پەسند دەكەین با بە مەرج پەسند بكەین، یەعنی سەقفێكی زەمەنی پێشنیار بكەین لە پەرلەمانی كوردستان بۆ حكومەت ئیلزام بكەین بەو سەقفە زەمەنیە ئەو وەزارەتانە تێكەڵ بكاتەوە، ئەگەرنا هیچ پرۆژەیەكی یاسا لە پەرلەمان دەرباز نەبێت، یەعنی مەرجدار بێت، ئەوە پێشنیارمە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەكەم بەڕاستی پشتگیری ئەو پێشنیارەم بكەن، سەبارەت بە عیجزی میزانیە، من داوا دەكەم عیجزی میزانیە لەكوێیە، ئایا مووچەی فەرمانبەران عیجزی میزانیەی دروست كردووە؟ یان عیجزی میزانیە لە پرۆژە بەرهەمهێنەرەكانە؟ ئەگەر لە پرۆژە بەرهەمهێنەرەكانە بەڕاستی من پشتگیری دەكەم، چونكە خێرەكەی لە ئایندە بۆ كوردستان دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە بودجەی پارێزگاكان، ساڵی پار هەر نەمان دیت هی 2007، ساڵی 2008یش لەبەر دەستمان نییە، بەڕێز وەزارەتی پلاندانان ئێستا باسی كرد كە بودجەكە مەوجودە، مەفروزە پرۆژەی پارێزگاكان مەوجود بێت لەبەر

دەستمان، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان چاودێری بکات، بزانێت ئەو پرۆژانە چۆن جێ بەجێ دەکرێن؟ بزانین چۆن تەوزیف کراوە؟ سەبارەت بە داهاتی کوردستان، ئەوەی کە وەزارەتی دارایی پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە (186) ملیۆن دۆلار بوو بەسەرەوەیە، ئەوەی حکومەتی عێراقیش تەخمینی کردووە (464) و بەسەرەوەیە فەرقەکەی یەکجار زۆرە، بەلآم گوێم لە بەڕێز وەزیری دارایی نەبوو، کە بزانین لەسەر کامەی پەسند کراوە، ئەوەی خۆمان کە تەقدیمان کردووە، یان ئەوەی ئەوان تەخمینیان کردووە، داوا دەکەم گوێم لە وەڵامی ئەوەش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک بەڵێن، کاک خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قسەی دەمویست بیکەم کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش سوپاست دەکەم، کاک دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەرانی پێش من زۆربەیان قسەیان کرد، تەئکید لە قسەکانی کاک ئیسماعیل و کاک جەمال قاسم دەکەم، پشتگیریان دەکەم و بەس تەنها یەك خاڵ دەمەوێت باسی بکەم، لەگەڵ راپۆرتەکەی لیژنەی داراییشم بە گشتی، بەنیسبەت ئەو بودجەیەی لە ساڵی 2008 دیاری کراوە خۆی زەرورەت وایە بەڕاستی تەشخیصی هەندێ مەجالاتی گرنگ بکرێت تیایدا بودجەی زیادی بۆ دابنرێت، بەتایبەتی مەسەلەی ئینتاجی، یەعنی قوەی ئینتاجی ئیقتیصادی ئێمە، یەعنی چی بۆ کراوە؟ من هەستم نەکرد لەو بودجەیە بەڕاستی بیر لەوە کرا بێتەوە چۆن قوەی ئینتاجی ئیقتیصادیمان دەکرێت، مەسەلەی بێ کاری و مەسەلەی ئەوەی کە کاك جەمال قاسم باسی کرد، کە ئێستا بەڕاستی قوەی شیرائی فەرد لە وڵاتی ئێمەدا بەرامبەر بە سعر لە بازاڕدا زۆر لە وەزعێکی خراپە، ئەمە ئەزمەیەکی قورسی لە تەزەخومی ئیقتیصادی کردووە، کە پێموایە ئەمە بیدایەتی دروست بوونی سەرهەڵدانێکی قورسە لەلایەن کۆمەڵگا بەرامبەر بە دەسەلآتی سیاسی لە کوردستاندا، ئەگەر لەم بودجەیە بیر لەوە نەکرێتەوەو چارەسەر بۆ ئەم حالآتانە نەدۆزرێتەوە، من پێموایە ئەوە بەوادری دروست بوونی، یەعنی دەتوانین بڵێین موعارەزەیەکی گشتییە لە لایەن کۆمەڵگاوە، چونکە هەست بە دروست بوونی فقرێکی عام دەکرێت، لەم بودجەیە ئەم دوو حاڵەتە پێویستی پێ نەدراوە، کە زەرورەت وایە گرنگی پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس مولاحەزە بکەن، کە ئیعتیرازتان کرد لەسەر سندوقەکە، یەعنی یەکێك دەیەوێت لە جیاتی هەمووان قسە بکات، ئەوە وردە وردە روون بۆوە کە هەر یەکە مولاحەزەیەکیداو دەوڵەمەندی کردو پێشم وایە دەگەینە کۆتایی و تەعبیر لە هەمووان دەکاتن، خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ من پێش هەموو شتێك یەعنی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، بەڕاستی پێموایە ئەو نەوعە دانیشتن و ئەو نەوعە قسە کردنە دەبێت سەرۆکایەتی یەعنی نازانم مەبەستان چیە، ئەگەر مەبەستمان هەر ئەوە بێت تەنیا موجامەلەی حکومەت بکەین و هەر مەسەلەکە بودجەکە تێ بەپەڕێندرێ، پێموا نییە بەڕاستی موناقەشە کردن بەو جۆرە بکرێت، ئەوە کۆمەڵێك برادەرانمان هەڵستان کۆمەڵێك پێشنیاریان کرد، مەسەلەی زۆر گرنگیشن ئەمانە هەموویان پەیوەندیان بە دانانی فەلسەفەو ستیراتیجیەتی دارایی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، یەعنی پێویستە ئەمانە خاڵ بە خاڵ قسەی لەسەر بکرێت لەگەڵ جەنابی وەزیردا، بەڵام ئێستا دەبینین هەر یەکەو قسەیەك دەکات و تێ دەپەڕێ، ئیتر لە دوای ئەوە مەبەست چی دەبێت؟ بەڕاستی ئەوە دەبێت روون بکرێتەوە.

دووەمیان/ من نازانم بەڕاستی خاڵەکانی ئێمە ئەوەندەیە نازانین لە کامیانەوە دەست پێ بکەین، تەنیا هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێت بڵێین تەئیدی برادەرانی تر دەکەین و هیواداریشم بۆ بەیانی بەڕاستی سەرۆکایەتی میکانیزمێکی وا دابنێت کە دانیشتنەکان باشتر بەڕێوە بچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی شارەوانی و گەیاندن و گواستنەوە پشتگیری راپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەین، پشتگیری لە قسەکانی کاك ئیسماعیل و کاك بەڵێن دەکەم، زۆربەی خاڵەکانی ئێمە باس کران، لە راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی هاتووە، دوو، سێ خاڵ ماوە ئەگەر رێگام پێ بدەیت بیخوێنمەوە، یەکیان/ پرسیارە، ئەو نووسراوەی لە نوێنەرایەتی بەغدا هاتووە رێژەکەی فەرقی هەیە لەوەی لە پرۆژەکەی ئێمەدا هاتووە، ئەوەی لە نووسراوی بەغدا هاتووە شەش تریلیۆن و حەوت سەدو حەفتا ملیارو سێ سەدو حەفتاو نۆ ملیۆن دینارە، ئەوەی لە پرۆژەکەی ئێمەدا هاتووە (6472704)شەش تریلیۆن و چوار سەدو حەفتاو دوو ملیارو حەفتاو چوار ملیۆن دینارە، فەرقەکەی دوو سەدو نەوەد و حەوت ملیارو شەش سەدو حەفتاو پێنج ملیۆنە، ئەوە روون کردنەوەیەك ئەگەر بکرێت.

دووەم/ بەنیسبەت وەزارەتی شارەوانی، ئەو بڕە پارەی تەشغیلی کە داوای کردووە پێنج سەدو شەست و پێنج ملیارو شەش سەدو شازدە ملیۆن دینارە، ئەوەی موافەقەی بۆ کراوە دوو سەدو حەفتاو یەك ملیارو شەش سەدو پەنجاو هەشت ملیۆن دینارە، فەرقەکە زۆر زۆرە، یان واتە لەو پرۆژەی لە وەزارەت هاتووە

دەقیق نییە، ئەگەر دەقیقە ئەو پارەیە زۆر کەمە بۆی تەرخان کراوە، ناتوانێت ئیش و کاری خۆی پێ بەڕێوە ببات.

سێیەم/ بەنیسبەت وەزارەتی گەیاندن (مواصلات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەتەکان، یەکە بە یەکە موناقەشە دەکرێت و دەچینە ناو تەفسیلات، بۆیە زۆر سوپاس، کاک حەمە رەشید فەرموو.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکاتی ورد کردنەوەی بودجە باسی دوو شت کرا، حەزم کرد تەعلیقێك لەسەر ئەوە بدەم و روون کردنەوەیەکیشم دەوێت، باسی مەسەلەی حەج کرا کە پارەی بۆ سەرف کراوە، مەلا ئەنوەریش ئیشارەتی پێدا، من وا دەزانم زەرورە بۆ حکومەت خۆی ئەوە روون بکاتەوە، چونکە خەڵك پارە دەدات بە حەج، ئەمیش دەڵێت لێرە پارەم سەرف کردووە، ئەمە روون کردنەوەیەکی دەوێت عەلەقەل بۆ جەماوەر، ئەمە خاڵێکیان.

خاڵێکی تر/ باسی نەفەقاتی ئوخرا دەکات، میقداری پارەیەکی زۆر دانراوە، نزیکەی سێ سەد ملیۆنە، یان شتێکی ئاوایە، ئەو نەفەقات ئوخرایە هەمیشە قسەی لەسەرەو رەنگە هەموو لیژنەکانیش قسەیان لەسەر بێت، لە دەرەوەش قسەی لەسەرە، روون کردنەوەی زەرورە، ئەگەر جەنابی وەزیر ئەوەش روون بکاتەوە باشە، پشتگیری راپۆرتەکەی دارایی دەکەم، تەئکیدیش لەسەر مەوزوعێك دەکەم کە مەوزوعی سندوقی سولفەی عەقارە، هەموو ئەندام پەرلەمانەکان و دەرەوەش بەڕاستیەکەی چاوەڕێی ئەوەن شتێکیان بۆ بکرێت، لێرەشدا لە میزانیە دیاری بکرێت، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من دەستخۆشی لە وەزیری دارایی دەکەم بۆ ئەو روون کردنەوەیە، بەلاّم پێم خۆشە چەند پرسیارێك بکەم، بەڕێزیان زۆر بە جوانی وەلاّمی راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دایەوە، بەلاّم ئایا من دەڵێم پەرلەمان هەروا بەسەر ئەم داواکاریەی لیژنەی دارایی تێ دەپەڕێت؟ چونکە ئێمە هەروا بە ئاسانی تێپەڕین بەسەر ئەمانەو ئیتیفاق بکەین ساڵی داهاتووش ئەو بڕیارانەی کە پەرلەمان دەیدات بۆ پەسند کردنی یاسای بودجە، حکومەت دێتەوە جێ بەجێی ناکات و هەندێ پاساو دەهێنێتەوە، لەبەر ئەوە من

هەتا لەو کاتەی هەندێك پەرلەمانتار گلەییمان کرد، کە حکومەت بۆچی بودجەکەی لە کاتی خۆیدا نەینارد، وتەبێژی حکومەت لە جیاتی ئەوەی پاساوێك بێنێتەوەو داوای لێبوردن بکات بڵێت هۆکارەکانی ئەمە بوو، پەرلەمانتارانی تۆمەتبار دەکرد، ئەوە خاڵێك.

دوو/ من لە ئەنجامی موتابەعەم بۆ هەندێك وەزارەت، گوێ بیست بوونی وەزیرو وەکیل وەزیرو مودیر عامەکان هەست دەکەم سیاسەتێکی بێ دەسەلآت کردن، بێ ناوەرۆك کردن لە لایەن وەزارەتی دارایی و حکومەتەوە بەرامبەر بە وەزیرەکانمان بەکار دەهێنرێت، من داوا دەکەم بەڕاستی ئەوە زۆر زۆر مەترسیدارە، ئێمە کە لێرە قەرار دەدەین فلان وەزارەت بودجەکەی ئەوەندە بێت، ئەو وەزیرەو ستاڤ خۆی لەماوەی ساڵەکەدا سەلآحیەتیان هەیە لە بودجەکەی خۆیان خەرج بکەن و بەکاری بێنن بۆ پرۆژەکان، ئێمە پرسیار دەکەین بۆ چی ئێوە نەتانتوانیوە ئەم بودجەیە بەکار بێنن لە بوارەکاندا، دەڵێت وەزارەتی دارایی گژومەکانمان بۆ سەرف ناکات بەدگومانە بەرامبەر بە خەرجیەکان.

خاڵێکی تر/ ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەو بودجەی کە هەیانە بەگوێرەی دەستوور سەلآحیەتی پارێزگارە، وەزارەتی دارایی حەقی تەدەخولی نییە، ئێستا بڕۆ بیاندوێنە، گلەییان هەیە دەڵێن تەدەخولات لەملاو لەولا هەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من ئەو بەدواداچوون و ئەو وردە کارانەی کە کردوومە بە دوو دەقیقە تەواو نابێت، لەبەر ئەوە ئەوەی پێویستە تەنها باسی دەکەم، ئەوەی تر باس ناکرێت، چونکە ئەوانەی پیشانتان دەدەم ئەوە هەمووی نووسراو و بەدواداچوونە، یەعنی بەڕاستی ئەگەر باسیان بکەم بە نیو سەعاتیش تەواو نابێت، بەس من ئەو پرسیارە لە جەنابی وەزیر دەکەم، پێشەکی دەستخۆشی لێ دەکەم لەو راپۆرتەی کە خوێندیەوە، بەڕاستی ئەوەی ئەوان باسیان کرد شتێکی زۆر راستە، ئەوەی لە بەغدا باسیان کرد چیان لەگەڵ دەکرێت، سیاسەتی بەغدا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان چۆنە؟ 100٪ لەگەڵیانداین، ئەوە تەواوە، بەڵام من پرسیارێك لە جەنابی وەزیر دەکەم، ئایا ئەو عیجزەی کە هەمانە لە میزانیە کە تریلیۆنێك و سەدو پەنجاو شەش ملیارو حەفتاو نۆ ملیۆنە، ئایا بە داهاتەکانی ناوخۆ دەتوانین ئەو عیجزە پڕ بکەینەوە؟ بێگومان نەخێر، کە نەتوانین پڕی بکەینەوە سوڵتەی داراییش لە هەرێمی کوردستان سفرە، ئێمە سەنەداتی خەزێنەمان نییە، کە بتوانین بفرۆشین لە کاتێکدا کە عیجزی میزانیەمان هەبێت، بۆ ئەوەی عیجزی میزانیەی پێ پڕ بکەینەوە.

دووەم/ ئێمە لەبەر ئەوەی سەر بە حکومەتی ناوەندین، ناتوانین بە هیچ شێوەیەك پارە چاپ بکەین.

سێیەم/ ئێمە ناتوانین بە هیچ شێوەیەك پارە لە دەورو بەرەکەمان قەرز بکەین، کەواتە سوڵتەی دارایی لە هەرێمی کوردستان یەکسانە بە سفر، ئەگەر سوڵتەی دارایی لە هەرێمی کوردستان سفر بێت، پێشنیار

دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتەکانی خۆی بە حکومەتی ناوەندی بدات، ئەگەر داهاتەکانی بە حکومەتی ناوەندی نەدات میزانیەی تەکمیلی بۆمان نانێرێت بە تەئکید، هەروەکو لەگەڵ جەنابی جێگری وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری دارایی و ئابووری دانیشتین پێیان راگەیاندین ئەگەر ئێمە داهاتەکانی خۆمان نەنێرین، بەڕاستی ئەوان لە میزانیەی تەکمیلی بۆمان نانێرن، میزانیەی تەکمیلیش هەروەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ کرد، ئێستا ئەو میزانیە ساف کراوە، رۆژانە ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار بەرمیل نەوت دەڕوات، ملیۆنێك و حەوت سەد هەزار ناڕوات، دوو ملیۆن و قصور دەڕوات، بەرمیلێك شکاوەتەوە بۆ (57) دۆلار، بەرمیلێك بە سەد دۆلارە، بە نەوەد دۆلارە، بە (99) دۆلارە، کەواتە لە میزانیەی تەکمیلی من حیسابم کردووە بە تەقدیری نزیکەی دوو تریلیۆنمان بەر دەکەوێت، ئەگەر بۆمان بنێرن، ئەی باشە بۆ ئێمە داهاتەکانی خۆمان نەنێرین، پێشنیار دەکەم داهاتەکانی خۆمان بنێرین، بۆ ئەوەی ئەوان میزانیەی تەکمیلیمان بۆ بنێرن، من پشتیوانی لە قسەکانی جەنابی وەزیر دەکەم، بەڕاستی لە بەغدا هیچ حیسابێك بۆ هەرێمی کوردستان ناکەن، ئەو بودجەی کە بۆشمان دەنێرن وەکو راتب بۆمان دەنێرن، ئینجا بەڕاستی ئێمە ناتوانین ئەگەر خەرجیەکانمان لەلای بوایە، خەرجیەکانی بودجەی ئاسایی، بودجەی وەربەهێنانی ئیستیسماری، بودجەی بووژاندنەوەی پارێزگاکان، پێشینەی فەرمانگەکان کە تاوەکو ئێستا پاکتاو نەکراوە، ئەگەر خەرجیەکانمان لەلا بوایە، داهاتەکانیشمان لەلا بوایە دەمانزانی لە وەزارەتی دارایی و لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری ئایا عیجزی میزانیە هەیە؟ یان نا؟ بەڵام کە لەلامان نەبێت خۆ ئێمە عیلمی غەیبمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مولاحەزاتی بە هەند دا، بەڵام کاك زرار جەنابت ئیمزات کردووە لە راپۆرتەکە بێ تەحەفوز، مولاحەزاتی باشتدا، دەبوایە بڵێی تەحەفوزم هەیە، لێرە لە راپۆرتی دارایی ئیمزات کردووە، باشە مولاحەزاتەکانت لە جێی خۆی بوو، قسەکانت باش بوو، چاوەڕوانی وەڵامی جەنابی وەزیر دەکەین، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان ساڵی 2007 زیاتر بەپێی پێوەری رێژەی دانیشتوان دیاری کرا بوو، بەڵام لە یاسای بودجەی عێراقدا بێجگە لە پێوەری رێژەی دانیشتوان مەحرومیەتی ناوچەکانیش دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، گەشە پێدانی پارێزگاکان.

خاڵێکی دیکە/ باس لە دانانی بودجە دەکرێت بۆ زۆر لە بوارەکان، بەڵام حاڵەتێکی تایبەت هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەویش ئەو هێرشانەی تورکیاو ئێرانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئایا هیچ

بودجەیەك تەرخان دەكرێت بۆ قەرەبوو كردنەوەی زیان لێكەوتووەكانی ئەو هێرشانە؟ ئایا ئەوە لەسەر حكومەتی عێراقە، یان دەكەوێتە سەر بودجەی هەرێمی كوردستان؟ لێرەدا پرسیارەكەمان ئەوەیە، ئەگەر لەسەر عێراقە، عێراق وەفدی نارد، وەفدی پەرلەمان هات و سەردانی ناوچەكانی كرد، بەلآم هیچ ئەنجامێكی نەبووە تاكو ئێستا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێموایە پێش هەموو شتێك باسی ئەوە بكەین ئەو یاسایە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان سەرپێچیەكی زەقی یاسایی تێدایە، لەبەر ئەوەی دەبوایە لە مانگی تشرینی یەكەم بەپێی ماددەی 79 نیزامی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەبوایە بهاتبوایە پەرلەمانی كوردستان، شەش مانگە تاخیر بووە، ئەگەر لە بیرتان بێت لە گفتوگۆیەكانی میزانیەی 2007 یەكێك لە تەوصیات و كە دەنگیشمان بۆدا بەو مەرجە بوو، كە بۆ ساڵی 2008 لە وەختی خۆیدا بێت، بەداخەوە جێ بەجێیان نەكرد.

پرسیارێكی موحەددەدم هەیە بۆ جەنابی وەزیر، جەنابی وەزیر باسی ئەوەی كرد داهاتی كوردستان یەعنی ئەگەر بە تەفسیل نەنووسین (114) ملیۆن دۆلارە، بەغدا (440)و قصوری داناوە، باسی حاڵەتێكی بۆ دەكەم شەریكەی دی ئێن ئۆ، ئەوەی نەفتی زاخۆی دەردەهێنێت لە سایدی خۆی بلآوی كردۆتەوە، كە رۆژانە بیست هەزار تا بیست و پێنج هەزار بەرمیل نەوت دەردەچێت، ئەگەر بە سەد دۆلار حیسابی بكەین دەكاتە نۆ سەد ملیۆن دۆلار، ئینجا ئەگەر سعرەكە وا نەبێت بە هەر حاڵ جگە لە گومرگ، یەعنی لێرەدا پرسیاری من بۆ هەردوو وەزیرە گومرگ، ئیبراهیم خەلیل ئەوەی سلێمانی دێتەوە ناو خەزێنەی حكومەت، یان نا؟ ئەوەی زەرائیب بەڕاستی ئێستا هەموو عالەم دەناڵێنن لە دەستی، پرسیارەكەی من بۆ هەردوو جەنابی وەزیر بوو، نەك بۆ ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی زەرائیب، زەرائیب ئێستا یەكجار زۆرە لەسەر خەڵك، ئێمە قانونەكەمان موناقەشە كرد، پێمان وابوو كە كەم كراوەتەوە، بەلآم بەداخەوە دەرچوو زیاد بووە، دەبێت ئەو قانونە لێرە دەرنەچێتن، ئیلا لە دوو حاڵەت، چەند حاڵەتێك ئەو خاڵآنە رەچاو بكرێن.

دووش/ مەعاشی فەرمانبەران دەبێت زیاد بكرێت، وەكو عێراق.

سێ/ سولفەی عەقاریش زیاد بكرێت، جەنابی سەرۆك، لەبەر ئەو هەموو خاڵآنە بەڕاستی من هیچ هاندەرێك نابینم دەنگ بۆ ئەو یاسایە بدەم و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕاستی خاڵێكی گرنگت ئیسارە كرد، كە كەسیان ئیسارەیان نەكرد، ئەویش مووچەیە، مووچە لە عێراقدا زیاد بووە، جەنابی وەزیریش ئاماژەی پێ نەكرد، ئایا هەمواری دەكەن؟ یان نا؟ بەو شێوەیە نەتكرد، ئەمە داواكاری هەموو خەڵكە، لێرە ئەگەر لە قازانجی فەرمانبەران بێت دەبێت زیاد بكرێت، بەو وزوحە نەیگوت، گوتی ئەو رێژەیە كە زیاد كراوە ئەوەندەی بۆ مووچە دەچێتن، كاك سەعدەدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە بودجەی ساڵی 2008 لە ڕێژەی بودجەی تەشغیلی، نەفەقاتی تەشغیلی كەم بۆتەوە لە (70)ەوە بۆ (62) یەعنی لە 2007 تاكو ئێستا بۆتە (62)، یەعنی كەواتە هاتۆتە خوارێ، من یەك پرسیارم هەیە لە بودجەی ساڵی 2007 داهاتووە ژمارەی فەرمانبەران پێنج سەدو هەشتاو شەش هەزارو پێنج سەدو دوو فەرمانبەر هەیە، وەكو فەرمانبەر ئەوە كە تۆمار كراوە، لە بودجەی ساڵی 2008 هی حكومەتی هەرێم، ژمارەی فەرمانبەرانی 2007 چوار سەدو شەست و چوار هەزارو سی و یەك فەرمانبەر هەیە، فەرق لەنێوان بودجەی ساڵی 2007 و 2008 چەندە؟ سەدو بیست و دوو هەزارو چوار سەدو حەفتاو یەك فەرمانبەرە، ئەو فەرقە چیە؟ لەنێوان بودجەی 2007 و 2008، ئایا ئەو فەرقە لەكوێ پەیدا بووە؟ ئێمە لە لایەك باسی ئەوە دەكەین كە دەبێت نەفەقاتی تەشغیلی كەم بكرێتەوە، تەماشا بكەن لە ساڵی 2006 هەر بەس تریلیۆنەكان باس بكەین دوو تریلیۆن، لە ساڵی 2007 تریلیۆنێك زیادی كردووە بۆتە سێ تریلیۆن، لە ساڵی ئێستاكە 2007 و 2008 چوار تریلیۆنە، ئەمە چۆن دەبێت؟ مانای هەر ساڵێك تریلیۆنێك زیاد بكات ئاخیری زۆر زۆر زیاد دەكات، مانای وایە نەفەقە تەشغیلیەكەش ئیستیسماریەكەی دەخوات، باشە ئێمە باس لەوەی دەكەین كەوا تەعین نەمێنێت، چونكە ئەو تەعیناتە زۆربەی زۆرە تەئسیر لەسەر ئەوەی دەكاتن ئیلا لە مەجالی صحە، یان لە مەجالی تەربیە تەعینات هەبێتن، باشە هەتاكو ئێستاكە تا ساڵی 2008 (29800) فەرمانبەر تەعین كراون، ئەوە مەعقولە، ئەوە هەر نەفەقاتی پێ زیاد دەبێتن، یەعنی دەبێت فیكر لەوە بكرێتەوە، زیاد كردنی ئەو نەفەقاتی تەشغیلی كەوا تەئسیر لەسەر ئەوەی دەكات لەسەر نەفەقاتی مەشاریعی ئیستیسماری، یەعنی راستە ئەو دەستخۆشكەریە كە لە 7٪ نەفەقاتی ئیستیسماری زیادی كردووە، ئەوە جێگای خۆش حاڵییە، بەس دەبێت حیسابێك بۆ ئەو نەفەقاتی تەشغیلی بكرێت بەو شێوازە زیاد نەبێت، حەددێكی موحەددەدی بۆ دابنرێت، نەك هەر ساڵێك تریلیۆنێك زیاد بكات. جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، لە غەیری خەرجی وەبەرهێنان من دوو مولاحەزەی ترم هەیە، خەرجی كشتوكاڵ + خەرجی صناعی، تەماشای ئەو نەخشەی پلاندانان بكەین یەك زەرە ئەوەی تێدا نییە، كەوا خەرجی كارگەی تێدا بێت، هی صناعی تێدا بێت، ئەمە چۆن دەبێت؟ دەبێت خەرجی صناعی گرنگی پێ بدرێت، یەعنی ئەو بودجەی بۆ صناعە دانراوە چیە؟ ئەو كشتوكاڵیە، كە كشتوكاڵ داوای كردووە دوو ملیار فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی كەوا كە كەم كراوەتەوە، باشە ئەوە جەفافە، دوو پرسیارم هەیە، من حەز دەكەم مەجالم بدەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی بە نووسین بیدە، هەموو دەڵێن بۆ ڕێگە زیاتر بەو دەدەیت، زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من سوپاست دەكەم كۆمەڵێك شتم داناوە بڵێم، بەلاَم مادام دەكەومە ئەخیر یەك تۆز زیاتر قسە دەكەم لە برادەرانم ئەگەر مەجالم بدەیت، یەكەم شت/ من زۆر پیَ خۆشحاڵ بووم كە بەڕێز وەزیری پلاندانان من پرسم پیَ كراوە بۆ بودجەی ئیستیسماری، بەلاَم ئەگەر خۆی بێتە سەر راست و واقیع، دەبێت سیاسەتی مالی ولاَت بە هاوكاری لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان دانرێت، چونكە بودجە ئاوێنەی ولاَتە، ئاوێنەی سیاسی و ئابووری ولاَتە، بەس بۆ تەنها لە بودجەی ئیستیسماریدا پرسی پیَ كراوە، كە دەبوایە لە دانانی هەموو بودجەكە پرسی پیَ كرا بوایە.**

**دووەم/ ئەوەیە لە 17٪ هی دەسەلاَتی وەزیر، لە 17٪ لە دەسەلاَتی ئاو و هەواو وابزانم هەمووی دەكەین بە لە 17٪، مادام ئێوە قەرارتان داوە هەموو شتەكان لە 17٪ بێت، داوا لە هەردوو وەزیری دارایی دەكەم نوسخەی تەدقیقی شەریكەی ئەرنیست یۆنگ و لیژنەی خوبەڕائی مالی كە لەسەر ساڵانی 2005 و 2006 و 2007 كراوەو پارەمان لیَ رۆیشتووە، ئەوان هاتوون تەدقیقیان كردووە، خۆ ئێمەش حەقی خۆمانە ئەو تەقریرانە ببینین، پشتگیری لە قسەی هەموو برادەران دەكەم، هینی لیژنەی دارایی، بەلاَم لیژنەی دارایی پێویستە داوای چەند شتێك بكات، كە دەبێت لەناو یاسای بودجەدا هەبێت، كاتێك كە بودجە دێتە پەرلەمان:**

**1- دەرخستنێك كە خەملاَندنی داهات و خەرجیەكانی ساڵی داهاتوو و كورتەیەك لە بەرنامەی پێشنیاركراوی حكومەت بگرێتە خۆی، بۆ ئەوەی لە بودجەدا تۆمار بكرێت، ئێمە ئێستا نازانین حكومەت بە تەمای چیە، ئەی سیاسەتەكەی چۆن لێك بدەینەوە، كە ئەو دەرخستنانەمان پیشان دەدات.**

**2- خشتەیەك بە كورتی باری خەزێنەی دەوڵەت نیشان بدات.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بیرت دێت كاتێك دارۆی شێخ نوری وەزیری مالیە بوو، ئەو ساڵە بۆ یەكەم جار ئیعلانی كرد كە ئەو سیولەی نەقدی لەناو خەزێنەی كوردستاندا چەندێكە، ئیعلانی كرد شەفافیەت زۆر زۆر گرنگە، بۆچی ئێمە ئێستا نازانین خەزێنەكانمان چەندی تێدایە؟ بۆچی بووە بە بقەو حەرام، نابێت بزانین؟ كاتێك دەزانین لەناو جەریدەكاندا باس دەكرێت، دەڵێت خەڵك چووە بۆ پارە وەرگرتن لە بانكەكان، بانكەكان گوتوویانە فلسمان نییە، داوای لێبوردن دەكەین، ئەوە نازانم ئەوە چ سیاسەتێكە.**

**خاڵی دووەم/ كە داوای دەكەم لەناو راپۆرتی لیژنەی دارایی بێت خشتەیەك بە كورتی داهات و خەرجیەكانی ساڵی رابردووی تیا تۆمار بكرێت.**

**3- خشتەیەك كە داهاتی خەملێنراوەكانی ساڵی داهاتوو بەسەرچاوەی ئەو داهاتانەش دیاری بكرێت، كە بەپێی یاساو پەیڕەوەكانی.**

**4- كە ئەمە بەلای منەوە زۆر گرنگە، بە كورتی حكومەت باس لە بەرنامەی كارو ئامانجەكانی خۆی بكات و دەرئەنجامە چاوەڕوان كراوەكان و ئەو تەرخان كردنانەی كە بۆ دامەزراوەكان دیاری كردوون بەپێی بەشەكان، قسەكانی ترمان هەڵدەگرین بۆ بەیانی، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پرسیاری زۆر کران بەڕێزان، جەنابی وەزیران، وابزانم تەرکیش نییە، جا ئەگەر پێتان باشە بۆ بەیانی خۆتان حازر بکەن بۆ وەڵامەکان، بەیانی وەڵامی ئەوانەی کە قسەیان کرد بدرێتەوە، دواتر ئەوانەی کە قسەیان نەکردووە، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیرە بەڕێزەکان قسەیان زۆر کرد، ئەگەر سبەینێش ئەوەلەکەی وا بێت، ئێمە پێمان باشە ئێمە هەموو قسەکانی خۆمان تەواو بکەین، ئەوان یەك ڕەد هەمووی وەڵام بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکان، وەکو کاك ڕەشاد مولاحەزەیەکیدا گوتی ڕاپۆرتیان نووسیووە، بەڵام زۆر لە خاڵەکان وەڵام درایەوەو روون کرایەوە، ئەو خاڵانەی کە وەڵام نەدراوەتەوەو ماونەتەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو وتارەی وەزیر، دەکرێت پوختی بکەنەوە، کورتی بکەنەوە، بەیانی کە نۆرەیان هات دەقیقەیەك زیاتریان دەدەینێ، باشە ئەو مولاحەزەی کوێستان خان ئیعتیادیە باشە، بەیانی بەردەوام دەبین هەموو قسەی بکەن دواتر ڕێگە دەدرێت بە بەڕێزان جەنابی وەزیر، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، تاکو بەیانی سەعات دە، بۆ ئەوەی بتوانین زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبداللە** | **محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11)**

**چوار شەممە رێکەوتی 23\4\2008**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11)

## چوار شەممە رێكەوتی 2008/4/23

كاتژمێر (30ر10)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی 2008/4/23 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی دووەم, ساڵی (2008) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (11)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (10,30)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2008/4/23 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق و یاساكەی، كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستان دەست پێ دەكەین, بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان بریتی یە لە بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق و یاساكەی, كەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش كراوە. سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان و وەزیری دارایی دەكەین كە ئەمڕۆش لەگەڵمان بەردەوامن, داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەكەین كە بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن, دوێنێ لێرە ژمارەیەك لەو ئەندامانەی كە ناویان نووسرابوو قسەیان كرد, ئەمڕۆش ژمارەیەكی تر ماوە, ئێمە دوێنێ گوێبیستی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بووین, دواتر ئەندامانی پەرلەمان زۆریان قسەیان كرد, ئێستاش ژمارەیەك ماوە كە قسە بكەن, دەكرێت لەو كەسەوە دەست پێبكەین كە كۆتایی پێ هات دوێنێ, فەرموو كاك شێخ الله.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان و میوانە بەڕێزەكان دەكەم, سوپاس بۆ ئەو روونكردنەوەی كە جەنابی وەزیر كردی لەبارەی چۆنیەتی وەرگرتنی میزانیە وسەرفكردنی وكەموكورتیەكانی باس كرد, من بەراستی پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەم و لەگەڵ چەند تێبینیەك, تێبینیەكانم, یەك: دەربارەی سیستەمی دابەشكردنی مووچەیە, پێم وایە لە هەرێمی كوردستان جیاوازییەكی زۆر هەیە لەگەڵ پارچەكانی تری عێراق, بە پێویستی دەزانم ئەو سیستەمە رێك بخرێت وەكو ئەوێ مەعاشات دابەش بكرێت, دوایی مولاحەزە دەكەین كە ئەو پرۆژانەی كە لە بەرنامەی كاری حكومەتی هەرێم لەمیزانیەی 2008 دانراوە, وەكو پێویست نین كە ببێتە هۆی پەرەپێدانی بووژاندنەوەی ئابووری لە هەرێمی كوردستان, بەتایبەتی لە قەتاعەكانی كارەبا, لەبەر ئەوە پێم باشە لەكاتی موناقەشەی وەزارەتەكان دەكرێت, هەرچەندە من لە لیژنەی زراعە ئەندامم, پشتگیری لە راپۆرتەكەیان دەكەم, بە دوورودرێژی باس لەو كەموكوڕیانە بكرێت, یان ئەو میزانیە كەمەی كە لەبۆیان تەرخان كراوە, كە هەردووكیان دوو

وەزارەتــی زۆر گــرنگن كــە بەتــەواوی ژیــانی خــەڵكی بەســەر بەســتراوەتەوە, دەربــارەی وشــكە ســاڵی كەلەراپۆرتەكە هیچ باس نەكراوە, من هەرچەندە دەزانم لە ئەنجومەنی وەزیـران دێـت, بـەڵام ئـەو وشـكە ساڵیە پێویستی بە هەوڵی بەپەلەو تەقەلای جدی هەیە, هی ئەوە نییە كە رابگیرێ بۆ چەند مـانگێكی تـر, یـان بـۆ هەفتەیـەكیش, رەنگـە زۆر درەنگـیش بێـت, خەریكـە هەنـدێ مەنتیقـە هـەر چـۆڵ دەبێـت و حەیواناتیش نەما, لە بۆ ئایندە و ساڵی دادێ چ دەكرێت لە بۆ ئەو جوتیارانە و پێویستە ئیشی بەپەلەی بۆ بكرێت, ئیشی لەسەر بكرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ قسەت هەبوو دوێنێ كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ساڵی پار كۆمەڵێك تەوصیاتمان نارد بۆ حكومەت, بەداخەوە تەوصیاتەكەمان جێبەجێ نەبوون, بۆیـە ناكرێت ئەمساڵیش كۆمەڵێك تەوصیات بدەین و وەڵاممان نەدرێتەوە، بۆیە من پرسیارەكانم لەسەر بودجـە هەیە بۆ ئەم كۆبوونەوە و پەرلەمان، هاوڕێكانم ئەندامانی پەرلەمان قسەكانی خۆیان تـەواو كـرد, راپـۆرتی لیژنەكان خوێندرایەوە, پاش چەند رۆژێك بێینەوە و ئەو سێ بەڕێزە وەزیری دارایی و وەزیری پلان دانان و وەزیری هەرێم، ئەو چەند رۆژە تەئجیلی بكەین, دواتـر بێینـەوە سـەر موناقەشـە كردنـی، مـن دوو هـۆم هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە، دوێنێ بەڕێز وەزیری دارایـی راپـۆرتێكی خوێنـدەوە لەسـەر بودجـە كـە تـازە بـوو, ئێستا ئەمڕۆ راپۆرتەكەمان پێگەیشتووە, كە پێویستی بـەوە هەیـە ئێمـە بەدواداچوونی بـۆ بكـەین، وتمـان جارێكی تر لەسەر ئەساسی ئەو زانیاریە تازانە دابڕێژینەوە, ئەو سێ بەڕێزە جـارێكی تـر چـاو بـە بودجـە بخشێننەوە لەسەر تەوصیاتی راپـۆرتی لیژنـەكان, پێشـنیاری زۆربـەی ئەنـدامانی پەرلـەمان كـە پێشـنیاری كۆمەڵانی خەڵكە, ئەوەی لـەو بودجەیـە دەستنیشـانكراوە لـە راپۆرتـەكان و داواكاری خەڵكـە, بودجـەی بـۆ دەستنیشان بكرێت, نەك بودجەیەك كە كارمان پێی هەیەو یـان پلانـی بـۆ دەكـەین, نـەخێر كـە بودجەكـە هاتەوە, ئەم مەسەلانەی تێدا دەسنیشان كرابێت, لەو چەند رۆژەش، دیـارە دوو رۆژە، ئێمـە پرسـیاری وردو گرنگمان كردووە, بەڕێزیان خۆیان ئامادە بكەن بۆ ئەوەی كەوا وەڵامەكانمان باشتر دەست بكەوێت, مـن دوو پرسـیارو سـێ پێشـنیارم هەیـە, پرسـیاری یەكـەم دیـارە پێشـتر بودجەكە بودجـەی مەجلیسـی قـەزای تێـدا نەبووبێ, دوایی بۆی دانـراوە, ئـەم بودجەیـە لـەكوێ موناقەلـە كـرا بـۆ ئێـرە, بودجـەی پێشـمەرگە دوێـنێ جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێ كرد كە تێیدا نییە, ئەی پێشمەرگە لەكوێ بودجە وەردەگرێت, ئایا موافەقەت كراوە كە لەبەغداوە بودجە بـدرێت بـە پێشـمەرگە, پێشـنیاری یەكـەمم ئەوەیـە كـە ئـەم پێشـنیارە پـاریش كردمان و پێشنیاری زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان بوو، كە لە 5٪ بودجـەی پەرلـەمان بـۆ ئاوەدانكردنـەوەی هەڵەبجە و شوێنە كارەسات بارەكان بوو كە بەتایبەتی ئەنفالیان تێدا ئەنجام دراوە, پێشنیارێكی تـرم هەیـە بودجەی رووداوی لەناكاو, لەبەر دەستی پەرلەمان دابێت, بـۆ ئـەوەی لـەكاتی رووداوێكـی لـەناكاو پەرلـەمان ئەو بودجەیە صەرف بكات, مەسەلەی موناقەلەی بەینی وەزیرەكان, من پێشنیار دەكەم یان لە صەلاحیەتی

پەرلـەمان بێـت, یـان بـە ئاگاداری پەرلـەمان ئـەو موناقەلەیـە بکرێـت بـەینی وەزارەتێـك و وەزارەتێـك کـە بودجەکە دەگۆزرێتەوە, ئەخیر پێشنیارم ئەوەیە کە تکایە بودجەی ساڵی 2009 با ئەمجارە لـە مـانگی 11 بگاتە دەست پەرلەمان، بۆ ئەوەی باشتر بەدوایدا بچین و باشتر دایبرێژین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سـوپاس, وەڵـڵا قسـەکانت شـتی تـازەی تێدایـە, ئـەویش ئەوەیـە کـە دوابخرێـت, هەنـدێ لـە ئەنـدامانی پەرلەمانیش موناقەشەیان کـردووە, لەبـەر ئـەوەی قسـەکانی جەنابی وەزیـری دارایـی و راپۆرتەکـەی شـتی تازەی تێدابوو, بڕیاربوو کۆپیەکە بدرێتە هەموویان, من پـێش ئـەوەی ئـەو پێشـنیارەی کوێسـتان خـان کـە سەرۆکی فراکسیۆنی سەوزە, رەئیی بەڕێزتان وەربگرم, دوایی رەئیی هەردوو وەزیری بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی, هەروەها جەنابی بەڕێز کاك عوسمان وەزیری پلان دانـان, بەتایبەتی دوێنێ کە راپۆرتەکەی پێشکەش کرد, ئەو پێشنیارە لەبەر رۆشنایی ئەو راپۆرتە بوو، بـۆ ئـەوەی ئەندامانی پەرلەمان بیخەنە بەرچاویان, بۆچوونی خۆیـان و راپۆرتەکـەی لیژنـەی دارایـی و لیژنـەکانی تـر کە راپۆرتیان هەیە, دوێنێ داوامان لێکردن, ئینجا داوا دەکەم لە وەزیری دارایی رەئیەك بدات لەسەر ئـەوە, پێش ئەوەی ئێوە قسە بکەن, فەرموو.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام بۆ دیراسەت کردنی زۆرترە، بودجە بابەتێکی گرنگە ئێمە مانعمان نییە لەسەر تەئجیل کردنی، بەڵام پێم باشە وەڵامی ئەو پرسیارانەش بدەینەوە کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کردوویانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئێستا دوو پێشنیار هەیە، یەکێکیان دوابخرێت و یەکێکی تـر ئـەو پرسـیارانەی کـە دوێـنێ کرابـوون ئەمرۆ بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامیان بداتەوە یان ئەویش دوابخرێـت، باشـە ئێسـتا سـێ، چـوار کـەس قسـە دەکات, دوایی دەیخەینە دەنگەوە, سێ چوار کـەس دەنووسـم لـە سـەرۆك فراکسـیۆنەکان دەسـت پـێ دەکـەم, ئـەوە بـۆ موناقەشـە کـردن نییـە, ئـەو ناوانـە بـۆ ئـەو  دوو موقتەرەحەیـە, موقتـەرەحی دواخسـتنی ئـەم دانیشتنە، بۆ ئەوەی هەم ئێوەی بەڕێز راپۆرتەکەی دوێنێی وەزیری دارایی ئەرقامی تێدایـە وشـتی تێدایـە, بەهەند وەربگیرێت، هەم وەڵامی وەزیر بۆ ئەوە, ئایا ئێستا وەڵامی بداتەوە, دوو رەئیە و رەئیی سـێ، چـوار ئەندام وەردەگرین کە قسەی لەسەر بکات، ئەوەلەن کاك دکتۆر دلێر بە ئیعتیباری رەئیسی لیژنەی داراییە, دوایی کاك محمد حەکیم، کاك عوسمان بانی مارانی، کاك شێروان حەیدەری، کاك محمد فـرج، کـاك دیلمـان، کاك رومیۆ، کاك کرخی، ئەوەندە قسە دەکەن, کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پێمان باشە ئەو بابەتە زیاتر دەوڵەمەند بکرێت, تاوتوێ بکرێت و قسـەی لەسـەر بکرێـت، بـەڵام بەچـاکی دەزانـین ئەگـەر هـاتوو تـاوتۆ کـردن و گفتوگـۆ کـردن لەسـەر بودجـە و پرسـیاری

ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان بەردەوام بێت، بەڕێزان ئەو وەزیرە بەڕێزانە لێرە ئامادەن ئەو جەوابانەی کە هەیانە بیدەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان ئەو زانیاریانەی بەلای هەندێکیان نوێیە دیراسەی بکەن و تاوتوێی بکەن, بەڵام مەرج نییە ئیقراری بودجە ئەمڕۆ بکەین یان سبەی بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك محمد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ڕەئیەکەی کوێستان خان دەکەم, بەڵام پێم باشە بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامی پرسیارەکانی ئەندامان بداتەوە, چونکە لەڕێی پرسیارەکانی ئەندامان دەبینین شتی نوێ دێتە پێشەوە, پێویست دەکات و ئیستیفادەی لێ دەکەین بۆ داهاتوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرموو بەڕێز کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەو هەشت, نۆ ئەندامانەی پەرلەمان ماون قسەی خۆیان بکەن، جەنابی وەزیر بە تێکڕای پرسیارەکان وەربگرێ, ئینجا سەرجەم پرسیارەکان وەڵام بداتەوە, ئەگەر بۆ دواخستنیش، بۆ زیاتر دیراسە کردنی ئەو بودجەیە, نازانم ڕۆژێك، دوو ڕۆژ دوا بخرێت، بۆ ئەوەی پەسندی بکەین باشە، ئینجا ئەمن ئێستا ڕێگە هەیە پرسیارەکانم بکەم، یان ئەوە درێژەی دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو مەوزوع لەگۆڕێیە، یەکەمیان، دواخستنی موناقەشەکەیە بەبێ ئەوەی جەنابی وەزیر وەڵامی بداتەوە، ئەوەی تر بە پێچەوانەی دەبێت، من لەگەڵ ئەوەم ئەو برادەرانەی کە ناویان نووسیە با حەقیان نەفەوتێ و قەتعی موناقەشە نەکرێت وئوصولەکەش بەو شێوەیە موناقەشە بەردەوام بێت، هەر کەسەو قسەی خۆی بکات، پاشان جەنابی وەزیر وەڵامەکان بداتەوە، دوایی تەصویت بکرێت لەسەر تەئجیل کردنی لە بۆ ڕۆژی دیاری کراو، بەتایبەتی جەنابی وەزیر ڕاپۆرتی خوێندۆتەوە و دابەش کراوە بەسەر ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر مولاحەزەیەکی تازەش هەبوو بۆ زیاتر دیراسە کردنی لە جەلسەی ئاینده موناقەشە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو جەلسەیە کۆمەڵێك بڕیارو تەوصیاتی لێ دێتەوە، هەمووشمان قەناعەتمان بەوە هەیە ئەو بڕیارو تەوصیاتانە نابێت بۆ ساڵی ئاینده بێت, لەبۆ ئەمساڵ بێت، لەبەر ئەوە شتێکی سروشتیە بودجە جارێکی تر سەرلەنوێ دارشتنەوەی بکرێت، چونکە پەرلەمانیش ماڤی ئەوەی هەیە لەماددەی (83) ی پێڕەوی ناوخۆ هەر خەرجێکی نوێ بە زەروور بزانرێ دەتوانێ ئیقراری بکات، لەبەر ئەوە پێم وایە کۆمەڵێك ئیقتراحاتمان هەیە، ئەوە هەڵدەگرن بڕیاری لەسەر بدرێ خەرجی نوێ دروست ببێت، لەبەر ئەوە شتێکی سروشتیە ئەم بودجەیە جارێکی تر ئیزافەی پێ بکرێت, شتی نوێی پێ بکرێت, دوا خستنەکە دەبێتە شتێکی سروشتی، بەلام ئێستا ئەو قسانە تەواو بکرێت، ئەگەر وەلامەکە ئێستاش نەبێت، بەڕاستی وەلامێ بدەن ببێ بە بڕیار و پێشنیار، یانی شتێك نەبێت هەر بوترێ و بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم گفتوگۆکان بەردەوام بن، لەبەر ئەوە تەبیعیە و بە پەسندی دەزانم کە بودجەکە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئەو نەواقصانە پڕ بکەنەوە و بێتەوە بۆ پەرلەمان، دووبارە موناقەشەی لەسەر بکەینەوە، وەزیریش پاش ئەو گفتوگۆیە وەلامەکان بداتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك رومیۆ فەرموو.

**بەڕێز رومیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێت وەختێکی زۆر درا بەو برادەرانە ئەندامانی پەرلەمان کەجەلسەیەکی تەواویان برد، بۆ ئەوەی کە قسەکانیان تەواو کرد، من پێم باشە ئەوانەی کە ماون، بێجگە لەوەی کە بەشێکی زۆری قسەکانیشیان تیکرار دەبێتەوە، بەلام پێم باشە ئەوانیش ماوەیان پێ بدرێ قسەکانی خۆیان تەواو بکەن، خاڵی دووەم من لەگەڵ ئەوەم دوابخرێت، بەلام سەقفی دوا خستنەکەش دیاری بکرێت هەر لەم جەلسەیەدا، پێم باشە لەسەرەتا هەفتەی داهاتوو بێت، سێ خاڵێکی تر هەبێت دوای تەواو بوونی جەلسەی کۆتایی کە پەیوەستە بە کارپێکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی هەندێ بڕیارو تەوصیات بکرێت بۆ حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك کرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمەش هەروەکو ئەو برادەرە بەڕێزانە، راپۆرتێکی پازدە لاپەڕەیی، سەد لە ئەرقام و واتای زۆر گرنگی تێدایە، کە ئێستا گەیشتۆتە دەستمان، بێگومان پێمان ناکرێت ئێستا موناقەشەی ئەو راپۆرتە بکەین، بۆیە سەبەبێکی زۆر وەجیهمان هەیە کە ئەوە دوا بخرێت، بۆ ئەوەی دیراسەت بکرێت لە هەردوو لایەنەوە، لایەنی حکومەت و پەرلەمانیش بۆ خۆی دیراسەتی خۆی بکات ئەندامە بەڕێزەکان، بەلام بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، پرسیارەکانیش زۆربەی زۆری دوێنێ کراون، ئەمڕۆ نەکراوە، کەواتە من پێم وایە جەنابی وەزیر ئامادەیە، بە قەناعەتی من دەبێت ئامادە بێت بۆ وەڵام دانەوە، ئێمە بۆچی ڕێی لێ بگرین، با وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پێشنیارەکەی برادەران بۆ دواخستنی یاسای بودجە، لە جێی خۆیدایە بە حوکمی ئەوەی کە تازە گەیشتۆتە دەستمان وگفتوگۆ بکرێت، ئەوە یەك، دووەمیش ئەمن پێم باشە ئەوانەی کە ماون قسەی خۆیان بکەن، کە قسەی خۆیان کرد لە زمنی ئەوە لەوانەیە هەندێ پێشنیار و هەندێ شتی تریش بێتە پێشەوە، لێرەوە بەڕێز وەزیری دارایی دەتوانێ سوود لەپێشنیار و رەئی برادەران وەربگرێت، لە جەلسەکانی داهاتوودا گفتوگۆیەکان دەوڵەمەند تر بکرێت، ئەوە خاڵێك و سەقفە زەمەنیەکە پێم باشە بۆ دووشەممە بێت، یانی لە دووشەممە تێپەرنەبێت، دووشەممە جەلسەی ئاسایی خۆی دەست پێ بکاتەوە، پەرلەمان دەست بە گفتوگۆ بکاتەوە، بەو شێوەیە ئێمە دەگەینە ئەنجامێکی باشتر، پرۆژەی یاساکە دەوڵەمەند تر دەبێت، لە هەمان کاتدا حکومەتیش پێویستی بەو چەند رۆژە هەبێت، بەتایبەت مەسەلەی پێشینەی خانووبەرە، کە لە بودجەکە نییە و بیخاتە ناو بودجەکە، هەندێ داخوازی تر هەبووە، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەدام کە تا دووشەممە جەلسەکان دوابخرێت، بەلام لە دووشەممە تێنەپەڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پیشتگیری تەئجیل کردنی دانیشتنەکە دەکەم، بەلام وەکو مامۆستا محمد فرج ئیشارەی پێدا، لەگەڵ ئەوەم کە بە هەندێ تەوصیات بێت، ئەو بەڕێزانەی کە ماون قسە بکەن، ماوەیان بدرێتێ قسە بکەن، دوای ئەوە پەرلەمان بە هەندێ تەوصیات دانیشتنەکە تەئجیل بکات بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، بۆ ئەوەی

حکومەت هەندێ تەوصیاتی پەرلەمانی لابێت، کە دێنەوە موناقشە دەکەین هەندێ ئیجرائات وەرگیرابێت، سەبارەت بە چاکردن و پێداچوونەوەی بودجەی ساڵی 2008، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرمووو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش وێڕای برادەران لەگەڵ تەئجیل کردنم، بەڵام بەردەوام بوونی کۆبوونەوەکە بە زەرووری دەزانم، بۆ ئەوەی لەبەرچاو گرتنی کات، هەم بەرچاو بوونی جەنابی وەزیر و هەردوو وەزیرە بەڕێزەکان، وەزیری پلاندانان، هەموو بەرچاویان بێت بۆ وەڵامەکانیان، چ لەو جەلسەیە بێت، یان جەلسەیەکی تر بەیەکجار وەڵام بدرێتەوە، بۆ لەبەرچاوگرتنی من بەباشی دەزانم بەردەوام بێت، کۆبوونەوەکە تەئجیل بکرێت، بەڵام ئەوانەی کەماون بەردەوام بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو نەسرین فەرمووو.

**بەڕێز نەسرین حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری برادەران دەکەم، لەگەڵ ئەوەم کۆبوونەوەی ئەمڕۆ دوابخرێت، بۆ ئەوەی وەزیرە بەڕێزەکان جارێکی تر بودجە کە دابرێژنەوە، داواکار و پێشنیار و پرسیارو راپۆرتەکانی ئەندامانی پەرلەمان دیاری بکرێت، بودجەی تایبەتی بۆ ئەو داواکارییانە دابنرێت پێش ئەوەی بودجەکە بێتە پەرلەمان، داوا دەکەین شێوە و صەرفیاتی 2007 بهێنرێت بۆ پەرلەمان، بودجەی تەکمیلەی لە 17٪ ش مینحە و قەرزەکانی تێدا دابین بکات، لەگەڵ ماوەی بودجەکە لە ساڵی 2007دا بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئێستا شتەکە دیارە، ئەو ناوانەی کە دوێنێ ویستیان قسە بکەن، جەنابی وەزیر داوای کرد وەڵامیان دەداتەوە، پاش ئەوەی کە وەڵام دەداتەوە، موقتەرەحەکەی کوێستان خان دەیخەینە دەنگەوە، ئایا بەردەوام بین لە قسە کردن و ئەوانە، فەرمووو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم وابوو کە ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان نەکردووە لەگەڵ ئەو راپۆرتانەی کە هەیە ئەوانەش تەواو بکرێت، چونکە کۆمەڵێك پرسیارو پێشنیارو داواکاری تازەشی تێدایە، ئەوانە باس بکرێت، ئینجا

دەنگدان لەسەر بودجەکە تەئجیل بکرێت، بۆ ئەوەش کە وەزیر ئەمڕۆ وەڵام بداتەوە یان نـا، ئـەوە ئاسـاییە ئەمڕۆ بێت یان ڕۆژێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە موقتەرەحی تەئجیلەکەت ماوە، باشـە دەڵـێ بـەردەوام بـوون لەسـەر قسـە کـردن، مانـای قسـە کـردن ناکات.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستەکەم تەئجیل لەوە نییە کە ئەم بودجەیە ئەگـەر ئـاوا بـڕوات، بەڕاسـتی ئێمـە وەکو ئەنـدامانی پەرلەمان دەنگی بۆ نادەین و تەصدیق ناکرێت، جا بـۆ ئـەوەی ئـەم بودجەیـە ئـەوەی کـە لیژنـەی دارایـی، لیژنەی یاسایی، لیژنەکانی تر کە کۆمەڵێك تەوصیاتیان هەیە، کۆمەڵێك پێشنیار و داواکاریان هەیـە، تکایـە جیا بکرێتەوە، ئێمە چەند ڕۆژێك بێین بەو سێ بەڕێزە چاوخشاندنەوەیەك بە بودجەکە بکـەین، ئێمـەش لەسەر ڕاپۆرتەکەی جەنابیان کۆمەڵێك زانیاری تر وەربگرین، بەڵام قسەکانیان کە نەکراوە بـەردەوام بـن و دوای ئەوە تەئجیلی بکەین بۆ هەفتەی داهاتوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو موقتەرەح هەمان شتە، بەڵام حەق نییە بەناوی هەموو ئەندامانی پەرلەمان بڵێین بودجـە پەسـند ناکەین ودەنگ بۆ بودجە نادەین، هـەر ئەنـدامێکی پەرلـەمان مـافی سروشـتی خۆیـەتی موناقەشـەی بودجـە بکات، ڕەئیی خۆی بدات، بەڵام کـەس بـۆی نییـە بـەناوی مـەجموعی ئەنـدامانی پەرلـەمان قسـە بکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەبێت، منیش نوقتەی نیزامیم لەسەر تۆ هەیە، فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەکەی من نیزامیە، ئێمە شتەکانمان تێکەڵ کرد، لەبەر ئەوەی دوو ڕەئیـت هـەبوو جـەنابت کـە گوتـت، یـەك بـۆ تـەئجیل کـردن، دووش ئایا ئێسـتا وەزیـر وەڵام دەداتـەوە، یـان گفتوگۆیـەکان بکـرێ، لـە وەڵامـی برادەرانیشدا هەموو گوتیان لە تەئجیل کردنەکە دا لەگەڵداین کە بـۆ سـەقفێکی زەمـەنی تـەئجیل بکرێـت، ئـەوە یـەك، دووش ئـەو برادەرانـەی مـاون بـەردەوام بـن لـە گفتوگـۆ کـردن، پاشـان وەزیـری بـەڕێز وەڵامـی هەموویان بداتەوە، ئا بەو شێوەیە بوو پێشنیارەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەئجیل نییە، با منیش نوقتەی نیزام لە تۆ بگرم و لە هەندێ برادەری تریش، یانی خۆیان دەزانن کێنە، هەندێ جار پشوویەك وەردەگرن بۆ پێنج دەقیقەیەك و نایەنەوە، من ناوەکانیشم نووسیوە، یەك و دوو نینە، یەکیان خۆتی، لەبەر ئەوە ئەوە نوقتەی نیزامیە لەسەر تۆ و لەسەر چەند برادەرێکی تر، کاك د. کمال قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشکە کوێستان سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز، داوای دواخستنی دانیشتنەکەی کرد، دوایی تێکەڵیەك هەیە، موناقەشە و دواخستن کە موناقەشە کرا بۆ سەعات دووش تەواو نابێت، مانای دواخستن نییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو راپۆرتە تازەی بەڕێز وەزیری دارایی کە هاتووە لەلای ئەندامانی پەرلەمان روون نییە، نازانم چی تێدایە، ئەوە تەوزیع بکرێت لەسەر گشت ئەندامانی پەرلەمان، وەکو قەرار بوو ئیمڕۆ بکرێت، بڕۆن بە وردی بیخوێنن، خۆیان حازر بکەن، خۆ ئێمە شەڕ ناکەین لێرە، هەموومان بەو بۆچوونە ئەچین کە میزانیەکی رێك وپێك بۆ کوردستان دابندرێت و لەبەرژوەندی خەڵکی کوردستان بێت، بۆیە دوێنێکە بڕیار بوو کە جەنابی وەزیر ئەمڕۆ جەواب بداتەوە، جەوابەکانی خەلاس کرد، بڕیاری تەئجیل بخەینە پێش ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەنگ بدەن، ئەگەر بڕیاریان دا بۆ هەفتەی داهاتوو، ئەوجا هەر هەموو با قسە بکەن و خۆیان حازر بکەن لەسەر ئەو وەڵامانەی کە ئێستاش جەنابی وەزیر دەیدا، ئەو راپۆرتانەی لەبەر دەستیاندایە، ئەو شتانەی کە بەگرنگی دەزانن لەسەری موناقەشە بکەن، من ئەم پێشنیارە دەکەم بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کمال موقتەرەحەکەی خۆی کرد، ئینجا رێگە دەدەم بە جەنابی وەزیر بەکورتی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە دوێنێ کراوە، نوقتەی نیزامی چییە کاك تەلعەت.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ ناوەکانت نووسیبوو، ئەوانەی دوێنێ قسەیان کرد ئەوە رۆیشت، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە مەجموعەیەك ماوەتەوە، من داوا دەکەم قسە بکەین، ئەوجا جەنابی وەزیر وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی رێگە بدەینە ئەو برادەرانە کە قسەی خۆیان بکەن، هەندێ شتتان بۆ روون بکەمەوە، یەکەم، داوا دەکەم لە دوو دەقە زیاتر نەبێت کاتی قسەکردنتان، داواش دەکەم ئەو قسانەی کە دوێنێ کران دووبارە نەبێتەوە، بە مەسئولیەتەوە قسە بکرێت، شتێکتان بۆ روون دەکەمەوە ئەو راپۆرتەی دوێنێ کە وەزیری

دارایی و ئابووری تەقدیمی کرد، ئەگەر ئیتیفاقتان نەکرد، داوام لە کاک شێخ بایز کرد کە رەئیی بدات، وتی ئەو راپۆرتە هی هەردووکمانە، هی هەردوولایەنە، یانی تەعبیر لە هەردوو لایەن دەکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر قسەیەك کرا، من ئیعتیبار دەکەم تەوجیهـ کرایە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی و ئابووری، کەسێکی تر خیلافی هەبێت روونتر بڵێت، ئەم تەوزیحە هەم بۆ ئێوەیە و هەم بۆ رەئیی گشتیشە، بۆ ئەوەی خەڵك وا تێنەگات ئەو رەخنانەی کراوە تەنها موەجەهـە بۆ وەزیری دارایی وئابووری ، چونکە ئەوان لەبەر داوای ئێمە بودجەکەیان تەوحید کردووە بە رەقەم، ئەگینا لە واقیعدا وەزارەتی دارایی و ئابووری تەوحید نەکراوە، لەبەر داواکاری ئێمە کە چەندین جار باسمان کرد راپۆرتەکەیان ومیزانیەکەیان بە شێوەیەك تەقدیم کرد کە موەحەد بێت، بە ئومێدی ئەوەی بەرنامەی کاری حکومەت، تەوەجوهاتی حکومەت لە یەکخستنەوەی هەرسێ وەزارەتەکان و ئیعلانی کابینەی تازە ئاسانکاری بۆ بکرێت، بۆیە ئەو نوقتەیە گرنگە، دووش، دوو، سێ شت هەیە زۆر جار باسی حساباتی ختامی دەکەن، هەندێك برادەر نازانێ لە رووی حیسابیەوە حساباتی ختامی پاشی کۆتایی ساڵ دێت، واتە 12/31 تەواو دەبێت، ئەوجا حساباتی خیتامی تەقدیم دەکرێت، لەگەڵ میزانیە تەقدیم دەکرێت، لە عورفی هەموو دونیا، لەبەغداش چوار مانگیان بۆ داناون، حکومەت میزانیەی ختامی تەقدیم بکات، تا کۆتایی مانگی پێنج، ئەوە لاتان روون بێت، لەبەر ئەوەی کە باسی حساباتی خیتامی دەکەن ئەو حەقیقەتان لا بێت، لیژنەی دارایی داوای راپۆرتی سێ مانگەی کردووە، لە خۆتانەوە قسە مەکەن تکایە، داوای راپۆرتی سێ مانگەی کردووە، ئێمە لەگەل جەنابی وەزیر بۆ کاروباری دارایی قسەمان کردووە، راپۆرتی سێ مانگانە عەمەلی نییە، بەڵام راپۆرتی شەش مانگانە عەمەلیە، لە کۆتایی 6/30 کۆتایی نیوەی ساڵ دێت، لە بیدایەی حەوتەوە دەتوانن راپۆرتەکە حازر بکەن هی شەش مانگی پێشوو تەقدیم بکات، لە 12/31 کە تەواو دەبێت، پێش ئەوەی میزانیەی خیتامی کە دەکەوێتە دواتر سێ چوار مانگ، دەکرێت لەو راپۆرتەی شەش مانگیدا بیخاتە بەردەم پەرلەمان، لە خیلالی دوو، سێ حەفتە حازری بکات، دواتر حساباتی خیتامی رێگەی خۆی هەیە، بەلای کەمی دەبێت سێ، چوار مانگ مەودای هەبێت، بۆ تەقییمی ساڵی پێشوو داهاتەکان و هەمووشتەکان، خەرجییەکان، هەموو بابەتەکان وەکو پێویست، وەکو شتێکی حسابی تەقدیمی بکات، ئێستا دوو دەقە دانراوە، کاک شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند سوئالێکم لە وەزیرە بەڕێزەکان هەیە, بە پێی ماددەی 30 لە دەستووری عێراق، هەموو هاووڵاتیەکی عێراقی حەقی ئەوەی هەیە خانوویەکی موناسبی هەبێ و تێیدا بژی، لەبۆ ئەوە وەزارەتی ئیشغال و ئیسکانی بەغدا کە وەزیرەکەشی هی خۆمانە، صندوقی ئیسکانیان داناوە لەلایەن وەزارەتی مالیەی ئەوێوە تەمویل دەکرێت، هەندێ ئێستا بەرنامەیان هەیە کە دەوڵەتانیش یارمەتیان دەدەن، ئەوانە بە پێی تەقدیری نرخی کەل و پەلی ساڵی 2004 شتێکیان دانایە 18 ملیۆن دینار دەدەن، ئێستا بەتەمان بیکەنە 25 ملیۆن، هەتا ئێستا 5500 وەحدەی سەکەنیان دروست کردیە، ئێستاش بەردەوامن و خوتەی

ئیستراتیجیان هەیە تا ساڵی 2012، ئایا ناکرێ وەزارەتی مالیەی ئێمەش ئەو شتە لە وەزارەتی دارایی خۆمان یان وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەی خۆمان بەو کارە هەڵستێ؟ کە لەوێ وەزیرێکمان هەیە هەر ئی خۆشمانە بەو کارە هەڵدەستێ بۆ 15 موحافەزە هەر بەغدا دوو بە هەندی کوردستانە، هی ئێمە سێ موحافەزەیە، ئەگەر بدرێتە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەی خۆمان نابێ؟ ئەوە یەك، دووەم: هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە زیراعەت و ئاژەڵدارییان لەسەر ئاو و هەوایە وەکو ئێمەیە، یەعنی چاویان لە ئاسمانە، کۆمیتەکی باڵای هیشك ساڵیان هەیە، ئێستا لە ئێران هەیە کۆمیتەی باڵای هیشکە ساڵی، هەموو ساڵێك میزانیەی بۆ دادەنێن، لە هەر ناوچەیەك لە ئێران کە تووشی هیشکە ساڵی دەبێ ئەو پارە داندرایە یەکسەر حازرە و زیادیشی دەکەن بۆیان و یارمەتیان دەدەن، بەڵام لە ڕاپۆرتەکان نە لە ئی لیژنەی مالی و نە لە ئی جەنابی وەزیر ئەو شتە نەهاتووە، ئۆمێدەوارم شتێکی ئەوها بکەن، بەنیسبەتی شاری کۆیە، شاری کۆیە لە بەینی سلێمانی و هەولێرە، میزانیەکەی لەسەر سلێمانیە و ئیدارەی لەسەر هەولێرە، ئایا نەموزەجی ئەوها لە دونیادا هەیە؟ هەر موەزەفەکان قائیمقام و شارەوانی هەر بە هیلاك دەچن لەو ڕێیەی، یەعنی دێنە ئێرە، دەڵێن بڕۆنە سلێمانی، دەچنە سلێمانی، دەڵێن بڕۆنە هەولێر، یەعنی هیوادارم چۆن جەنابی وەزیر گوتی دەتوانین میزانیەی وەزارەتەکان یەك بخەینەوە بەیەك قەرار، ئەگەر ئەوەش بکەین ئەو سێ وەزیرە بەرێزە شتێکی باشە، سوئالی سێیەمم لە لەسەر بودجەی حەجە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك شێردڵ، کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی من پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دەکەم و، سوپاسی جەنابی وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی دەکەم، بەنیسبەت ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەشیان کرد کە زۆر نوقتە هەبوو وزوحی نەبوو بەراستی بۆ ئێمە، ئێستا هەرە زۆری لە لای ئێمە روونە، بەڵام من دێمە سەر شێوەی موناقەشە کردن، من لەو ئەندامانەمە کە 15 ساڵە لێرەمە، ئەو شێوە موناقەشەی کە دوێنێ دیومە بەراستی بەم شێوەیە 10 بودجە موناقەشە کرایە، بەو شێوەیە موناقەشە نەکرایە، ئەندامی پەرلەمان مافەکی سروشتی خۆیتی و ئەرکێشیتی داوای شەفافیەت بکات، داوای چۆنیەتی خەرج کردنی سەرفیەکان بکات، داوای رەخنە بکات، داوای هەر شتێك بکات سەبارەت بە بودجە واریدە، پاشان کە مەسەلەکە گەڵاڵە دەبێت، پەرلەمان و حکومەت ئەبنە تەواوکەری یەکتری بۆئەوەی بە باشترین شێوە خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن، ئەمە صیغەی عامی ئەو موناقەشاتانە نەبوو کە مومکینە دە موناقشە حازر بوو، هی بودجە، ئەمە یەك، هی دوو: تێکەڵاویەك کراوە لە بەینی گەندەڵی و بودجە، مەسەلەی گەندەڵی مەسەلەیەکی جیاوازە و خانەی خۆی هەیە کە حیسابی خیتامی تەقدیم کرا، ئیمکان هەیە لەوێندەرێ بزاندرێ چۆن خەرجیەکان کرایە؟ لەوێندەرێ گەندەڵیەکان دەست نیشان بکرێت، سەرەڕای ئەوە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دوو ساڵ لێرەینە و 14 لیژنەمان هەیە، هەتا ئێستا بەڵگەیەکی زیندوو پێشکەش

نەكرایە سەبارەت بە گەندەڵی، بۆیە مەسەلەی گەندەڵی ئەبێ جیا بكرێتەوە لە مەسەلەی میزانیە، مەسەلەی میزانیە من تەوەقوعی ئەوەم دەكرد هەندێك لە بەرێزان ئیشارەت بەوە بدەن، بڵێین: ئەم بوارە پێویستە ساڵی 2008 زیاتر بایەخی پێ بدرێ وەكو بواری كشتوكاڵ مەسەلەن كە ئێمە تووشی وشكە ساڵی هاتینە، ئەو بوارە زیاتر بایەخی پێ بدەین نەك مەجالی صیناعە كە ئێستاكە سیفرە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام بەراستی ئەو جۆرە تەصریحاتە نەدرێت كە هەندێ برادەران بەناوی كۆمەڵ دەیدەن و دەڵێن ئێمە موافەقەت لەسەر بودجە ناكەین ئەگەر هاتوو هەر سێ وەزارەت دەمج نەكرێت، مەسەلەی هەر سێ وەزارەت مەوزوعێكی ترە مەسەلەی بودجە عیلاقەی بە گوزەرانی خەڵكەوە هەیە، عیلاقەی بە مەشاریعی ئیستسماری هەیە نابێ دوابخرێت لەگەڵ ڕچاو كردنی هەموو ئەو تێبینیانەی كە ئەندامی پەرلەمان ماف خۆیەتی لەناو بودجەدا دیاری بكرێت، باسی مەصرەف عەقاری كرا باسی مەسەلەی تەوحید رواتب كرا، هەموو لەگەڵ ئەو بۆچونانەیە، بەڵام بە شێوەیەكی رێك و پێك بە لەیەك تێگەیشتن بە مونەزەمی لەناو بودجە جێگای خۆی بكرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڵام زۆر باسی سێ وەزارەتەكە كرایە، ئەمە بەرنامەی حكومەت خۆیەتی، خۆ بەتەحەدا ئێمە نامانەوێ چارەسەری كێشەكان بكەین، ئەگەر حكومەت نەگاتە قەناعەت بۆ چاكسازی، چاكسازی ناكرێت، ئەگەر حكومەت نەیێتە قەناعەت بۆ تەوحیدكردنی ئەو سێ حكومەتە ناكرێت، بۆیە ئێمە هەدەف لە لامان دەبێ مەبەست بێت، چ هەناگاوەك بنێین بۆ ئەوەی موحارەبەی گەندەڵی بكەین؟ حكومەت هاوكارمان نەبێت گەندەڵی موحارەبە ناكرێت، حكومەت بەرنامەی نەبێت بۆ تەوحید كردنی ئەو سێ وەزارەتە، ئەو سێ وەزارەتە تەوحید نابێ، لەبەر ئەوە قسەكانمان یەكگرتنەوە بێت لەگەڵ ئیرادەی حكومەت كە دەیەوێ موحارەبەی گەندەڵی بكات، كە دەیەوێ ئەو سێ وەزارەتە یەك بگرێت، دەیەوێ وەزارەتەكان كەم بكاتەوە، دوایی قسەكانی كاك شێروان تەئید دەكەم، كاك طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من چەند پێشنیارێكم هەیە كە لە بودجە جێی خۆی بكاتەوە، یەكەم: دەعمی راگرتنی گرانی خۆراك لە بازاڕ، بەراستی گرانیەكە وەكو ئەوەی مونەزەمەی عالەمی دەڵێت لە 56٪ زیادەی كردیە، دەبێ حكومەت دەعمی بكات لەبەر ئەوەی ئەو گرانیە رابوەستێ، دووەم: لەتەك سولفەی عەقاری، سولفەی زەواج بۆ گەنجان بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەری پێك بێنن، حیسابی خیتامی هی ساڵی 2007 نەهاتیە، دەبێ بگاتە پەرلەمان و پاش ئەوە، من باسی شتێك دەكەم، ئێمە داوا دەكەین كە مووچەی فەرمانبەران وەك عیراقی لێ بێ، وەك ناوچەكانی تر، بەڵام بەداخەوە نە وەك ئەوانە نە زیادەكەش، نموونەیەك دەینمەوە: ئەندامانی پەرلەمان حیمایەكانیان لە كوردستان، بانێك و دوو هەوا، لێرە 207 هەزارە و لە سلێمانی 320 هەزارە، ئەوەی لێرە هەیە لە هیچ شوێنێك نیە و من لە جەنابی وەزیر دەپرسم ئەوە چۆن چۆنیە و؟ من پێشنیار دەكەم كە مووچەی پاسەوانەكانمان بكەوێتە سەر بودجەی پەرلەمانی كوردستان وەك ئەوەی بەغدا كە

500 هەزار پتر وەردەگرن، هیچ جیاوازیەکیان نیە، خالێکی تر ئەوەیە: ئێمە دەڵێین کەرتی کشتوکاڵی دەبووژێنینەوە، بانکی کشتوکاڵی دەکەینەوە، بەڵام دەپرسم لەماستەر پلانی هەولێر 182 هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵ دەبەن، ئەوە 32 گوند دەگرێتەوە، ئایا ئەوە بووژانەوەی کشتوکاڵە، یان پووکانەوەی کشتوکاڵە؟ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ڕۆژی یاسای بودجەكە هاتووە بنەمای یاسای ئابووریەكە ناتەواوە و لاسەنگە و، ئەو تێبینی و ئەو پێشنیارانەی كە كران شتێكی باشە بۆ چاكسازی، من هەندێك پێشنیازم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی بۆ ئەو پرۆژەی كە پێداچوونەوەی دەكرێت، تەتبیقی ئێمە یەك بودجە بكرێت بۆ یەك وەزارەت، بۆ یەك رەقابە و بۆ یەك ئاسایش، ئەمەش شتێكی باشە بۆ ئەو پرۆژەیەی كە بۆمان دێت، بۆ ئەو نەخشە و پلانەی تایبەت بەرێزان ئاماژەیان پێ كرد، بۆ نموونە لە بەغدا گرنگی دراوە بە دوو، سێ بوار وەك پەروەردە و تەندروستی و كشتوكاڵ، لە موازەنەی بەغدا لە ماددەی سی هاتووە: بەراسپاردەی سەرۆك وەزیران 600 ملیار دینار تەرخان كراوە بۆ كەرتی كشتوكاڵ، ئەمە شتێكی باشە دیارە شمولیشە بۆ هەموو عیراقە ئێمەش داكۆكی بكەین و لە هەرێمی خۆشماندا گرنگی بدەین بەو كەرتە، ئەوە لە ماددەی سی هاتووە، بەڵام وەزیری دارایی ئاماژەی بە عیجز كرد كە 763 ملیون دۆلار عیجزمان هەیە، دەپرسین ئایا داهاتی ماوەی ساڵی 2007 كە هەندێ وەزارەت دەڵێین 12/1 ی بودجەی ساڵی 2007 سەرف كردووە ئەو ئەو حیساباتە خۆمان بیكەین و ئەو وردكاریانە شتێكی باشە و هەروەها مەسەلەی مووچە كە هەڵسان و گرانی بازاڕ و هەندێ شت هەیە، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بێن پلانێك دابرێژین بۆ خانەنشین كردن و تەشجیعی خەڵك بكەین كە خۆی خانەنشین بكات و كەرتی تایبەت هان بدەین و یاسای كار دەركەین و چاكسازی بكەین لە مووچە وەك كاك طارق ئاماژەی پێكرد، ئەوە هەمووی خاڵی باشن بۆ ئێمە، هەروەها تەقدیری بودجە كەكراوە، وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتەكانی تر ڕۆتینێكی زۆری تیا بووە كە وەزارەتەكان بێتاقەتن، ئەوەیە بێ متمانەیی دروست دەكات، ئەویە كە گەندەڵی دروست دەكات، كە ئەڵێ ئێمە موناقەشەمان كردووە و گوتوویانە بڕۆن خواحافیزتان بێت، دوایی وەزارەتی مالیە خۆی تەقدیری بودجەی كردووە، ئەو پرۆژەیەی كە دانراوە بە عیلمی دانەندراوە بۆ وەزارەتەكان، داوا دەكەم لە پێداچوونەوەی پرۆژەی بودجە وەزارەتی دارایی گرنگی بدات بە وەزارەتەكان و بۆ ئەوانەی كە مەعنین بە شێوەیەكی تایبەت، بۆ چاكسازی و بووژاندنەوەی دارایی و ژێرخانی ئابووری ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، شیرین خان.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، ئاخافتنێ من هەمووی هاتە کرن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، صبریە خان.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو ژمارانەی کەوتە بەردەست خۆزگە زووتر بوایە، چونکە ئێمە لەسەر سیاسەتێکی گشتی قسە ئەکەین، خاڵی یەکەمم: گرفتی نادیاربوونی میلاکی پێویستی وەزارەتەکان کە ئەوە گەورەترین گرفتە لە ناو کوردستاندا، هەڵاوەسانێکی غایە دەرەجە لە فەرمانبەر و مووچە خۆر هەیە، کە ئەمە بوویتە ڕێگرێکە لەبەردەم ئەوەی کە گەورەترین گرفتی خەڵکی کوردستان و مووچە خۆری کوردستان ئەوەیە کە ناتوانێ پێی بژێ و، ئێمەش لە ڕووی یاساییەوە پێویستە ئاستی مووچە لە ئاستی بژێوی ژیان بێ و بە پێیساڵ تەغیراتی پێ بکرێت، بەڵام ئەو ڕێژە زۆرەی مووچە خۆر کە بنەمایەکی ئەساسی دیار نیە لەسەر چیە؟ دوای ساڵێکیش کە پار گەورەترین گرفت بوو، ڕێژەیەك دیاری نەکرابوو کە چاکسازی تیاکرابوو و ئەو دووبارە بووانە بەراستی تا ڕادەیەك چارەسەریان بۆ دیاری کرابێ، خاڵێکی ترم: بەراستی دوێنێ لە قسەکانی جەنابی وەزیر ئاماژەی بە نیسبەی لە 17٪ دا، ئەمە بوویتە دەتوانم بڵێم سیاسەتێك یان تەسقیف کردنێکی باگراوندی هەموو تاکێکی کوردستان کە پلە دوومان بۆ هەموو ئاستە سیاسیەکان، بە وەزارەت، بە پەرلەمان داناوە بەرامبەر بە مەرکەز کە ئەمە بەراستی مەتەرسیدارە، ئێمە خۆمان تەلقین بکەین بەو حاڵەی کە پلە دووین لە دوای مەرکەز لە ڕووی صەڵاحیات و لە ڕووی ئیمتیازات، حەق وایە پێداچوونەوەیەکی پێدا بکرێت، خاڵێکی تر کە زەرووڕە، قسە لەسەر هین کرا، ئەو میزانیەی تەکمیلی لەگەڵ ئەو ماوەیە کە هەیە مودەوەر کە لە عیجزدا سەرف دەکرێت، ئێمە سێ ساڵە لێرە داوای بودجەیەکی تایبەت دەکەین بۆ شوێنە زەرەر لێکەوتووەکان، شوێنانی ئەنفال، کیمیاباران بە شێوازێکی یەکسان تەوزیع کردن دادپەروەرانە نابێ بەراستی، یەعنی نیسبەیەك بۆ شارێك کە هیچی لێ نەقەوماوە لەگەڵ نیسبەیەك بۆ شارێك لە ڕووی جوگرافیەوە بەس حیسابی بۆ بکرێ، ئەمە جارێکی دیکە نا یەکسانی و نادادپەروەریە بەرامبەر بەو شوێنانەی کە تا ئێستا ئاسەواری ئەنفال و کیمیاباران بەردەوامە تێدای، دوا خاڵێشم : ئێمە قسە لەسەر حیساباتی خیتامی ئەکەین، یەعنی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕاستە دەبێ لە 12/31 حیساباتی خیتامی هەبێ، بەڵام ئایا ئێمە وەکو پەرلەمان حیساباتی خیتامیمان بینیوە لە مانگی 12ی کۆتایی 2007 تاوەکو ئێستا، تا بڵێین لەسەر بنەمای ئەوە ئێمە قسە لەسەر بودجەی 2008 دەکەین، بۆیە تەئکید دەکەین، ئەو حیساباتە بۆ جەلسەی داهاتوو کە قسە زیاتر لەسەر بودجە دەکرێت ئامادە بێت لەبەر دەستمانەوەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك طلعت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەللا پێشنیارەکەی من هەندێکیان باس کرا بەراستی، بەڵام پێشنیاری یەکەممان: داوا دەکەین ماوەیەك دیاری بکرێت بۆ پێشکەش کردنی حیساباتی خیتامی لە لایەن وەزارەتی داراییەوە ، دووەم: مەسەلەی وشکەساڵی وەك کاك شێخ الله باسی کرد، ئێمەش لە تەقریرەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان بە درێژی باسی ئەو کەم و کورتیەمان کردیە، کە لە بودجەی وەزارەتەکانەوە هاتیە لێرە باسی ناکەین، بەڵام لە وشکە ساڵیدا ئێمە پێشنیارێکی دیکەمان هەیە: ئەو جوتیارانەی کە قەرزیان وەرگرتیە لە حکومەت قەرزەکانیان لەبەر بوونی وشکە ساڵی لە هەرێمی کوردستاندا، داوا دەکەین قەرزی ئەم ساڵەیان دوا بخرێت بۆ ساڵی داهاتوو لێیان وەربگیرێتەوە، سەبارەت بە گواستنەوە کاك طارق باسی کرد، سەبارەت بە بانکی کشتوکاڵی تەئکید لەسەر راپۆرتەکەی جەنابی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەین کە بانکی کشتوکاڵی، پشتیوانی لەسەر راپۆرتەکەی بەڕێز وەزیری مالیە دەکەین کە ئەویش پشتیوانی لێکردبوو داوای دیاریکردنی پارە دەکەین بۆی و، پرسیارێکی تریشمان هەیە: گومرکەکانی هەرێمی کوردستان هەمووی بە پێی ماددەی 110ی دەستووری عیراقی ئەوە تابیعی حکومەتی فیدراڵن، بەڵام زەریبە و رەسم تا ئێستا وازیح نیە ئایا عایدی حکومەتی مەرکەزینە یان لە لای خۆمانەوەیە؟ داوای لە بەڕێزیان دەکەین کە روونکردنەوەیەك بدەن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشەکی زۆر سوپاسی وەزیری دارایی دەکەین بۆ ئەو روونکردنەوەی کە دوێنێ کردی، بە حەقیقەت زۆر شتی بۆمان دیار کرد ئێمە نەماندەزانی، هەروەها پشتیوانی لە راپۆرتی لێژنەی دارایی دەکەین، زۆر شت هەیە لە ناو ئێرە نوێیە بە نیسبەت ئێمە، تەبعەن ئەو قسەی کە من دەمویست بیکەم برادەران زۆر باسیان کرد، تەنها من باسی ئەوەی دەکەم، ئێمە کە میزانیە لە عیراق وەردەگرین لە حکومەتی مەرکەزی لە 17٪ تەبعەن بە پێی ئەم راپۆرتە لە داهاتی عیراق لە 90٪ زیاتر نەفتە، کە میزانیە تەحدید دەکرێتن لە 17٪ بۆ کوردستان لەسەر حیسابی بەرمیلی نەفت بە 57 دۆلار، مەعەلعیلم دوێنێ ئێوارێ یەك بەرمیل گەیشتە 119 دۆلار، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تر: ئێمە لەبیدایەتی تەشکیلی حکومەتی عیراقی تازە داوامان کرد مەرکەزی سیادیمان هەبێ و داوامان کرد لە قەراری سیاسی لە عیراقدا بەشدار بین، ئەوە الحمدلله هەندێك دروست بوو بە تایبەتی بە نیسبەت مەوقیعی سیادی، رەئیس جومهوریە لە خۆمانە، جێگری رەئیس وزراء لە خۆمانە و وەزیر خارجیە لە خۆمانە و گەلێك وەزیری تریش لە خۆمانن، ئێمە بۆ لەوێ ئەو فشارە ناکەین؟ ئێمە کە میزانیە وەردەگرین دەکاتە نیوەی کەمتر لە حەقی خۆمان، پاشان بڕە پارەی کە بۆ مەراکیزی سیادی و بۆ وەزارەتی دیفاع و پەرلەمان و ئەوانە، بۆ ئێمە لەویش بەشدار نەبین؟ خۆ دەبێ لە

سەدا هەندێك لە ئەویش بدرێتە ئێمە، ئێمە هەروا خۆمان کڕ کەین یەعنی چی؟ ئەوە لە موڵکی میللەت، لە ماڵی ئەو میللەتە دەڕوات و ئێمە زەرەردارین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عثمان احمد.

**بەڕێز عثمان احمد محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئۆمێدەوارم ئیحساس بە نوری ویژدانی زیندوو، لەگەڵ ئیحساس بە ڕەقابەی خوایی کە خودا سەمیع البصیرە، فاکتەری هەرە کاریگەر بن لە دانانی بودجە و دیاریکردنی ستراتیجیەتی سیاسەتی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2008 ، بێگومان بودجە وەك میحوەری ئەساسی سیاسەتی دروست و نا دروستی حکومەت و کۆمەڵگا دیاری دەکات و بەختەوەری و ڕەفاهیەت تەسبیت و ڕچاو دەکات، چونکە ئەگەر تەماشای ئەو هەموو ترلێون و بلێون و ملیار و ملیۆنە لەگەڵ بێ ئۆمێدی گەنج و لاوی کوردستان بکەین و نەبوونی خەدەماتی وەکو پێویست بۆ هەموو جەماوەری کوردستان، سەرت لەو نا هاوسەنگیە سوڕ دەمێنێ، هەردوو وەزارەتی دارایی و تەختیت پێویستە لەسەریان بە ڕۆشنی و بە ڕێژەی لە سەدا ساڵانەی شوێنەواری ئەو بودجەیە لە پێشکەوتنی وڵات لە هەموو بوارەکانی گەشە کردن و خزمەت گوزاریەکان و مەحکەم کردنی بونیەی وڵات و کوردستان، بە جەماوەری کوردستان رابگەینن، تا جەماوەر بە گشتی و نوخبەی ڕۆشنبیری بە تایبەتی بەرچاو روون بن لە سیاسەتی دیاریکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر سیاسەت و ستراتیجیەتی بودجە لە کوردستان نەیتوانێ ئامانجە سەرکیەکانی خۆی کە سێ شتی سەرەکین، ئەویش: بەختەوەرکردنی تاك، ئاشتی و ئارامی کۆمەڵایەتی و رازیکردنی کۆمەڵگا و دڵخۆشکردنی گەنجان لە کوردستاندا، دەبێ بەراستی ئیعادەت نەزەر لە دیاریکردنی ئەو سیاسەتە بودجەیەدا بکرێ، چەند پرسیارێکیش، یەکەم: ئایا بودجەی گشتی ساڵی 2007 گەشەی ئابووری و گەیاندنی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکانی بە جەماوەر بەدی هێنا؟ ،دوو:ئایا ڕێژەی گفت و قەیرانەکانی بازاڕ و گەنج و جەماوەر بەرێژەی لەسەدا روو لە زیادبوونن، یان بەرەو کەم چوون؟ ، چونکە ئەگەر روو لە زیاد بوون بن، هەمووشمان دەزانین گرفتەکان لە کوردستان زیادیان کردووە، ئەوەش دەلیلی ئەوەیە بودجە لە هەرێمی کوردستان بە پێی سیستەمێکی مۆدێرنی زانستیانە دانەنراوە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عثمان بانی مارانی، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە مێژە قسەم نەکردیە، حەقە مولاحەزەکانی خۆم هەمووی باس بکەم، سەرەتا دەبوایە حیساباتی خیتامی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2007 بهاتبایە پەرلەمان، ئەو کاتە موناقەشەی بودجەی ساڵی 2008 بکرابایە، ئێستاش پشتگیری ئەو رایانە دەکەم کە دەڵێین موناقەشەکان دوابخرێن، ئەوە منیش هەر ئەوەم

نووسیه بۆیه نایخوێنمەوە، دووەم: ئەم بودجەیە لە جیاتی ئەوەی بودجەیەکی ئابووری بێت، بودجەیەکی موحاسیبی رەقابیە، ئەرقامە زیاتر، زۆر قورسە مرۆڤ قەناعەت بە خۆی بکات کە ئەم ژمارانەی جەنابی وەزیر خوێندویەوە حەقیقەتن، سێیەم: ئەم ساڵ چاوەڕوانی ئەوە بووین یەك وەزارەتی دارایی و یەك وەزیر هەبێ موناقەشەی بکەین، لەولا قسەی ئەوەی دەکرا کە حکومەت سیقە بە هیچ وەزارەتێك نادات دوو وەزیری هەبێت، بەڵام ئەوەش تەنها هەر قسە بوو و نەبوو بەکردار، بوودجەی کوردستان شەفافیەتی تێدا نیە، چ ئەم 17٪ی لە بەغدا وەریدەگرین و چ ئەم رسومات و گومرکەی کە لە کوردستان وەریدەگرین، بە نیسبەت 17٪ی بەغدا وەریدەگرین چەندین پارەی پتر هەن نادیارن وەکو: پارەی بودجەی تەکمیلی، پارەی نەفەقاتی سیادی، پارەی مینحە کە پارەیەکی خەیاڵیە دەگوترێت ئێمە پارەی ئیجاری موبایل و گومرك نادەین بە بەغدا، بۆیە ئەوان ئەم پارە زۆرە دەگێرنەوە کە فەرقێکی کەمی هەیە لەگەڵ 17٪ ی کامیلەکەی کە وەریدەگرین، ئەوە لە چاوپێکەوتنێکی وەزیری دارایی عیراق لەگەڵ گۆڤاری لڤیندا وا دەڵێ، ئەگەر وابێ نابێ پەرلەمان لەمە بێدەنگ بێت، دەربارەی داهاتی هەرێمی کوردستان بودجەی دەبوو چۆن سەرفیاتەکان بابیان بۆ داندرا ئەوهاش بۆ داهاتەکان باب هەبوایە، پارەی گومرك چەندە؟ پارەی باب چەندە؟ پارەی ئیجار چەندە؟ پارەی ئاو چەندە؟ پارەی کارەبا چەندە؟ پارەی تاپۆ و زەریبە و مرور و ئیتر تا دوایی ئەو پارانە بۆ ئەوەی بەر چاومان روون بایە داهاتی کوردستان چەندە؟ ، ئێستا وەکو ئەوەی لە بازاڕ و لە زاری کۆمپانیا بڵاودەکرێتەوە کە لە زاخۆ رۆژانە 25 هەزار بەرمیل نەوت دەڕوات،نازانم لە سنووری سلێمانیش دەڕوات یان نا؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو دەقەکەت تەواو بوو کاك عثمان، با من جوابی مولاحەزەکەت بدەمەوە، لە قسەکانی کاك سەرکیس تێنەگەیشتی دوێنێ، لە 34٪ ڕەبت کرد بە رێژە لە موقارەنەکە لە بەغدا، وتی ئەوە هەر رەبتی نەبوو بەوە، 34٪ ەکەی باسی کرد بۆ ئەوەی برادەرانی تریش تێبگەن و جارێکی تر تیکراری ئەو مولاحەزەی نەکەنەوە، وتی: قیاسەن بۆ بەغدا، بەغدا ئەوەندەی تەعین کردووە، ئێمە کەممان کردووە، ئێمە لە 34٪ کەمتریش دەبینەوە لەبەر ئەوەی ئێمە تەعیناتمان راگرتووە و لە بەغدا بەردەوامە، 800 هەزار وەزیفەیان زیادکردووە، لەبەر ئەوە زۆر فەرقی هەیە، عەرزیشم کرد وتم حیساباتی خیتامی لە کۆتایی ساڵ، پاش کۆتایی ساڵ بۆ ئەوەی لە 12/31 هی یەك ساڵە، شەش مانگ ناکرێت، تکام وایە تیکراری مەکەنەوە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەم بۆ ئەو تەوزیحەی کە داینێ دوێنێ، هەر چەندە تەوزیحەکە هەندێ نوقصانی تێدابوو من پێم وایە جەنابی وەزیر بتوانێ لە داهاتوودا بۆمان روون بکاتەوە، یەکێك لەوانە: هەدەف و غەرەز چیە لە میزانیە؟، ئایا ئەو میزانیەی کە دانراوە لە 2007 هەدەفەکانی خۆی

پێك هێنا لە تەنمیەی تاکی کورد لە ناحیەی ئیقتیصادی و مالی؟ ئەگەر پێکی هێنابێ با بۆمان تەوزیح بکات، ئەگەر نا با ئەسبابەکانی بزانین و بتوانین حەلێکی بۆ دابنێین، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی دیکە: من سەرتاسەری تەئیدی تەقریرەکەی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دەکەم، بەتایبەت ئەو نوقاتانەی کە باسیان لەسەر کردیە، خصوصەن نوقتەی تەحدید کردنی برێك لە میزانیە بۆ سولفەی عەقاری، بۆ نیشتەجێ بوونی هاوولاتیان لە کوردستاندا، هەروەها بۆ تەحدید کردنی صەلاحیەتی وەزیرە بەرێزەکانی ئێمە، وەزیرە بەرێزەکانی ئێمەش لە وەزیرە بەرێزەکانی بەغدا و ئەو شوێنانە کەمتر نینە، ئەگەر قیاسیشی بکەین میزانیەی کوردستان بەقەدەر میزانیە ولاتێکی سەربەخۆ و جیاواز بێت، وەزیرەکانی صەلاحیاتی کامیلیان هەبێ بۆ سەرف کردن، ئەمە نابێتە هۆی کە وەزیرەکانمان کەمتر بگەرێنەوە بۆ ئەوەی موافەقاتی زۆرتر وەرگرن و پرۆژەکانی درایە زووتر جێبەجێ بکرێن و تەئخیر نەبن، بەنیسبەت جەنابی وەزیرەوە هەندێ تەوزیحم لەسەر قسەکانی هەبوو دوێنێ: باسی لە نەقصی میزانیەی کرد کەوا بەتەمایە لە تەوصیەکانیان لەسەر رسوم و زەرایب پێی پر بکرێتەوە، ئێمە لە کاتێکدا پێمان وایە سەرشانی تاکی کوردی سووك بکەین لە زەرایب، یەعنی پێمان وایە لەبەر گرانی بازار و وەزعی ئیقتیصادی خەڵك خەراپە، پێویستە رسوم و زەرایب کەم بکرێتەوە نەك زیاد بکرێتەوە، من پێم وایە جەنابی وەزیر ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێ باشە لە مەصلەحەتی هەموو لایەکە، بێ لەوە جەنابی وەزیر باسی لەوە کرد لە سەر میزانیەی 2007 توانیویانە  هەندێ پارە لە حکومەتی عیراقی وەرگرنەوە، بۆ میسال 353 ملیار بە حیساب وەریانگرتۆتەوە، باقی تری کە هێشتا ماوەتەوە تەوزیحی نەکرد بۆمان ئەو برە چەندە ماوە و، کەی ئەدرێ و چۆن ئەخرێتە سەر میزانیەی هەرێمی کوردستان؟ لە لایەکی دیکە جەنابی وەزیر تەوزیحێکمان بۆ بکات ئینشاءالله لەداهاتوو لەسەر ئەو رسوم و زەرائیبانەی کە لە کوردستانەوە وەرگیراوە، ئایا داخیلی میزانیەی ئیقلیمەوە دەبێت یان داخیلی میزانیەی ئیتیحادەوە دەبێ؟ ئەوە ئەڵێم عەدا رسومی گومرکیەوە لە دەستوری عیراقی باسی لەسەر کراوە، بەلام لە زەرائیب و ئەو رسومانەی کە لە کوردستانەوە وەردەگیرێ، بۆ میسال رسومی عەدلی لەم فەترەی ئەخیردا رسومی عەدلی زیادی کردووە بە بێ ئەوەی قانونی رسومی عەدلی ئیلغا کرابێت و قانونێکی دیکەی بۆ دەرچووبێ، ئایا ئەوە لەسەر چ بنەمایەك ئەو رسومە عەدلیە زیاد کرایە؟ لە کاتێکدا دەوائیری عەدلی دوائیری خەدەمین نەك دوائیری ئینتاجی؟

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك عومەر ببوورە، کاك غفور.

**بەرێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت ئەو بابەتەی کە ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین ئەمرۆ، من پشتگیری تەواوی راپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەم و لە هەمان کاتدا بەراستی چەند شتێك هەیە پێویستە باسی بکەین، من لەگەڵ ئەوەدام کە بودجەیەك لەناو بودجەی گشتی مەبلەغێك دیاری بکرێت بۆ هاوکاری کردنی ئەو ناوچانەی کە تا ئێستا

نەگەڕاونەتەوە سەر کوردستان، من هەر بۆ نموونە داوا دەکەم لێرەوە بەراستی هاوکارییەك بکرێت، ئەگەر وەکو حاڵەتێکی تەوارییئیش بێت بەهانای مەخمورەوە بچن، لەبەر ئەوەی مەخمور لە حالەتێکی زۆر خەراپ دایە، هەتا ئێستاکە نەخۆشخانەیەکی نیە، ئەو بنکە تەندروستیەی هەیتی لەو پەڕی بێ توانیدایە، لە رووی بیناکردنەوەی ناوچەکەش، ناوچەکە بە تەواوی وێران بووە و رێگا و بانەکانی زۆربەی خەراپ بووینە، یەعنی بەراستی پێویستی بەوەیە کە حکومەتی کوردستان بە خێراترین کات بەهانای ئەو خەڵکەوە بچێت و شاندێکی حکومەت بە سەرۆکایەتی بەرێز جێگری سەرۆکی حکومەت سەردانی دەڤەرەکەی کرد، کۆمەڵێك وەعدیشیان بە خەڵك داوە و جێبەجێش نەکرا، هیوادارم کە حکومەتی کوردستان لە بودجەی ئەمرۆدا هەندێك برە پارییەك بۆ ئەوێ تەرخان بکات، ئەوە خاڵێك، خاڵی تر: نیشتەجێبوون، بەراستی ئەوە گرفتێکی ئەساسی خەڵکی کوردستانە، ئەو شوقانەی کە دروستیش کراون لە لایەن حکومەتەوە تا ئێستاش جێبەجی نەکراوە، ماوەیەك پێش ئێستا کە پرۆژە یاسای نیشتەجیبون درایە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئامادە کرا دراوەتەوە حکومەت، دیارە شارەزایان بینرا، کەرتی تایبەت گوتیان لەسەر 160 م هەر شوقیەك مەساحەکەی 160م بێت، بە دوو دەفتەر و 15 وەرەقە

یەعنی دەکاتە 21 هەزار و 500 دۆلار تەواو دەبێت دەدرێتە هاووڵاتی، ئەوە حاڵەتێکی زۆر باشە ئەگەر حکومەت هاوکار بێت لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی موعاناتی خەڵك لە رووی نیشتەجێبوون و خانووبەرە کەم بکاتەوە، مەسەلەیەکی تر ئەوەی کە تێبینی دەکرێ مەسەلەی زیادکردنی باج، زیادکردنی باجیش بەراستی کاتێك دەکرێت کە تۆ هەموو خەدەماتت بۆ هاووڵاتیان تەوفیر کردبێ، بۆیە لەو حاڵەتە ناکرێ، مەسەلەیەکی تر دانەمەزراندنیش بەراستی ئەو خەڵکەی کە هەمووی تەخەروج دەکات، ئەگەر دانەمەزرێن بەتاڵەکی زیاتر دروست دەبێ، حەقە چارەسەری ئەو گرفتە بکەین، ئەو گەنجانەی کە خوێندن تەواو دەکەن روو لە کوێ بکەن؟ بواری دامەزراندنیش نەبێ تەنها لە چەند کەرتێك هەبێ، دەبێ هەوڵ بدرێ تەوازونێك لەو مەسەلەیە رابگیردرێت، خاڵێکی تر کە لە هەمووی گرنگترە من پێم باشە بەشێك لەو میزانیە زیاد بکرێت بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە ئەگەر تێبینی بکەین لە زمنی ئەولەویات نەهاتووە ئەو 17٪ی کە هاتووە، پێشمەرگە جاری وا هەیە بە دوو مانگ و سێ مانگ راتب وەردەگرێ لە حاڵەتێکی زۆر خراپ دانە و بەتاییەت ئەو پێشمەرگانەی کە لە سەنگەرەکاندانە، ئەمنیەت و ئاسایش ئەوان دەیپارێزن، پێویستە هاوکاری زیاتر بکرێن، پێویستە لە کاتی خۆیاندا مووچەیان پێ بدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاك غفور، کاك د.فؤاد.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەبەر ئەوەی کە راپۆرتێکی تایبەتیمان هەیە بەراستی هەموو شتەکان باس ناکەم، بەلام هەندێ تێبینی و پرسیارم هەیە، یەکەم: پرۆژە بەردەوامەکان، هەر چەندە جەنابی وەزیر جوابێکی وای داینەوە لە راستی تێنەگەیشتم کەوا بودجەی ئەم ساڵیش پارەیان بۆ تەرخان کراوە بۆ پرۆژە بەردەوامەکان، ئایا ساڵانی پێشوو پارەیان بۆ تەرخان کرابوو؟ دووبارەیە یان خراوەتە و گەڕاوەتەوە بۆ سەر بودجەی ئەم ساڵ؟ بۆ نموونە لە وەزارەتی تەندروستی لە پارێزگای سلێمانی 45 ملیۆن دۆلار تەرخان کرابوو بۆ دروست کردنی خەستەخانەیەکی تازە، ئەم ساڵیش بەهەمان شێوە 28 ملیار و 400 هەزار دیناری دووبارە بۆ تەرخان کراوە، نازانم سەبەبی چیە؟ تێبینیەکی تر ئەو راپۆرتەی کە لە وەزارەتی دارایی عیراقەوە دەرچووە ئەوانەی لە پلەی 20 لە بەندی مووچە خۆرانن، لە بەندی ا و ب و یەك ودوون لە هەرێمی کوردستاندا، رێژەکانیان ئەگاتە لە 52٪ی هاوتاکانیان لە عیراقدا ئەوەش دەردەخات کەوا دامەزراندن هەر هەژارەکانی نەگرتووتەوە وپلە بەرزەکانیشی بە رێژەیەکی زۆر گرتووتەوە کە ئەمە بەراستی زەنگێکی خەتەرە، پرسیاریشم هەیە کەوا لە عیراقدا لە چەند ساڵی رابووردودا چەندەها ملیار دۆلار بۆ هێنانی سووتەمەنی تەرخان کرابوو، بەڵام ئەوەی کە ئەبینرێ سووتەمەنی لە کوردستاندا لیترێك بەنزین بە هەزار دینارە، بەڵام لەبەشەکانی تری عیراقدا بە 450 دینارە نازانم هۆیەکەی چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خاتوو رمزیە.

**بەڕێز رمزیە احمد رشید :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سوپاسیا لێژنە دارایی دەکەم، تەئیدا دەکەم بۆ سولفە عەقاری، بەس ئەز داخوازا وەزیرا دارایی دکەم بۆ ئەوەی یەك، دووێژێ: میزانیە هەرێمێ ساڵا 2007 دیگوت عەجزەك هەتیە، 2008 عەجزەك هەتیە، چ پلان دانایە بۆ 2009 کو ئەڤ عەجزە ئەڤ میزانیە کو حالەتێکی سەلبی بۆ حالەتێکی ئەن موتەعادەل و ئەن ئیجابی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال یوسف.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەت شانازیە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵی دووەم بودجە موناقەشە دەکات و پەسندی دەکات، وا دیار دەبێ هەندێ جار ئێمە و حکومەت دوو تەرەفی دژ بەیەکین، ئەوە نەفەسێکی بە رەئی من زۆر خەراپە، ئەو دڵسۆزیەی لە پەرلەمان هەیە لە حکومەتیش هەیە، هەموو لایەکمان دەبێ هەوڵ بدەین ئەو میزانیەی کە هەیە 20٪ بەرەو پێش بچێ کارێکی باشە، واقیع بینانە سەیری مەسەلەکان بکەین، پێش هەموو شتێك دوو مەبدەئە ئەساسیەکە، یاسا سەروەر بێت، بەیاسا داهاتەکان وەربگرین و بەیاساش خەرج بکرێت، یەعنی داهاتەکان و خەرجیەکان بە یاسا بێت، جگە لە مەبدەئی سەواب و عیقابیش، لێپرسینەوە

هەبێت كە ئەوەی گەندەڵی دەكات یاخود ماڵی عام بە خەراپی بەكار دێنێ یان تەبزیر دەكات یان هەدر دەكات عیقاب بدرێ، لێپرسینەوە هەبێت، ئەوەی چاكەش دەكات دەبێت سەوابی هەبێت، من چەند نوقتەیەك حەز دەكەم ئیشارەتی پێ بدەم ئەویش ئەویە: نەفەقاتی تەشغیلیە، هەموومان دەزانین بە هۆی زوروفی سیاسی و ئابووری تەزەخومێكی جیهازی ئیداری هەیە لە كوردستان، 62٪ زیاتر لە بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ نەفەقاتی تەشغیلی دەڕوات، ئا لێرە حكومەتی هەرێمی كوردستانیش چ بەرنامەیەكی هەیە بۆ تەرشیح كردنی جیهازی ئیداری بە سوود وەرگرتن لە پسپۆرە بیانیەكان، بە سوود وەرگرتن لە پسپۆرە ناوخۆییەكان، بە فائیدە وەرگرتن لە تەكنەلۆجیا، لە نیزامی ئەلیكترۆنی هەوڵ بدەین ئەم جیهازی ئیداریە وا لێبكەین كە بگونجێ لەگەڵ بودجەی هەرێمی كوردستان كە هەمووی دەڕوات بۆ نەفەقاتی تەشغیلی؟ موعاناتی هەموومانە، حەقە لەوە رابوەستین و هەوڵێكی جیدی بۆ بدەین، بۆ ئەوەش پێشنیار دەكەم هەیئەتێكی خوبەراء ، هەیئەتێكی پسپۆر بۆ ئەو مەسەلە دابندرێت، نوقتەی دووەم: نەفەقاتی ئیستیسماری، نەفەقاتی ئیستیسماری دیارە ئەم ساڵ چاكترە لە ساڵی پار، هیوادارم ساڵی 2009 باشتریش بێ، بەڵام حەقیقەت لە بودجەی ئیستیسماری كەم و كورتی هەیە، ئەم كەم و كورتیانە بۆ زیاتر ژێرخانی ئابووری ئەو وەزارەتانەی كە هەوڵ بدرێ ژێرخانی ئابووری دروست بكرێت، كەچی ئێمە لە پرۆژەكانی تەجمیلی زیاتر سەرف دەكەین، وەكو زیراعە ، ئاو ، صیناعە، هتد، ئەمە حەقیقەت زیاتر ئیهتیمامی پێبدەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جمال زۆر سوپاس، ببورە دوو دەقەكەت تەواو بوو، دەتوانی وەرەقەكەت بدەیە لێژنەی یاسایی، قسەی زۆر وردت كرد، گێلاس خان.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من زۆربەی قسەكانم كراوە، بەڵام تەئكید لەسەر هەندێ خاڵی گرنگ دەكەمەوە، یەكەم: وەك یەك كردنی بڕی مووچەی مووچە خۆرانی هەرێم لەگەڵ مەركەزدا، دووەم: خستنە رووی داهاتی هەرێم لە بودجەكەدا بەتایبەتی بەرهەمی گرێبەستە نەوتیەكان، سێ: لە راپۆرتی وەزیری بەرێز كە هاتبوو بودجەی پێشمەرگە دیاری نەكرابوو، بۆ چی؟ و لە كوێ جێبەجێ ئەكرێ؟ خاڵێكی ترم: داواكارم صەلاحیاتی وەزیرە بەرێزەكان صەلاحیاتی صەرفیان زیاد بكرێ بۆ ئەوەی لە رۆتینیات نەمێنێ، ئەو رۆتینە وای كردووە كە بەشێك لە بودجە ئەمینێتەوە و ئەگەڕێتەوە و پرۆژەكان جێبەجێ ناكرێ، پشتیوانی لە پێشنیارەكەی كاك طارق ئەكەم بۆ گەڕانەوەی بودجەی پاسەوانەكانی پەرلەمانتاران بۆ سەر بودجەی پەرلەمان، داواكارم ئەمانەی خوارەوە لە بودجەی ئەرقام دیاری بكرێ:سولفەی عەقار، پشتیوانی كەرتی كشتوكاڵ، گەشەپێدانی پیشەسازی، تۆڕی كۆمەڵایەتی، كەرتی تایبەت،ئەمانە هەمووی بەئەرقام دیاری بكرێت، یەك پرسیاریشم لە وەزیری بەرێز هەیە: ئەو مەوزوعەی كە وەزیری دارایی عیراق تەصریحێكی داوە لە هینەكە كۆمپانیایەكی

ئەهلی ئەقساتی رسوماتی نەداوە گوایە لە بودجەی هەرێم براوە، ئایا ئەمە تا چەند راستە؟ و، ئەوان ئەتوانن ئی ئەو کۆمپانیا ئەهلیە لە بودجەی هەرێم ببڕن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ بەرێز وەزیری دارایی ئیشارەتی بەوە دا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئیراداتی ئیتیحادی رەوانەی بەغدا دەکات، ئەگەر ئەوە وابێت چۆن ماددەی19 لە موازەنەی ئیتیحادی لە سەر تەحالوفی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەران دەرباز بوو؟ چۆن لە مەجلیسی ویزەرائی بەغدا موافەقەتی لەسەر ماددەی 19 کرد؟ کە دەڵێیت: يتم تسوية المستحقات بين الاقليم و الحكومة الاتحادية للخزانة حيث للسنوات 2004 الى 2007، کە دەڵێت: ئەگەر تەسدید نەبوو ئەو ئیراداتی ئیتیحادی ئیستیقتاع دەبێت لە موازنەی 2008، بمعنا ئەو ئیراداتانە تەسدید نەبووینە، ئیتر لە کێندەرە ئەو ئیراداتانە؟ نە لەسەر موازەنەی هەرێم کە نەچوویتە بەغدا، ئایا ئەو پارەیە لە کێندەرینە؟ چۆن حیساب دەبێت؟حەز دەکەم جەنابی وەزیر ئەوە جواب بداتن؟دووەم: لە بەغدا ئەوە سێ ساڵە سندوقی دەعمی ئیسکان هەیە، قوروزی عەقاری هەیە، سولفە هەیە، قوروز مویەسەرە هەیە، بۆ ئەوانەی بەتاڵە بۆ خەریجینی کولیە، بۆ ئەوانەی کە پرۆژە ئامادە بکەن، ئەوە لە هەرێم نیە، ئێستا لەو موازەنەش هیچ پارە تەرخان نەکراوە بۆ ئەو مەجالە، دەبێ ئیعتیمادێکی مالی بۆ ئەو مەجالە هەبێت، خاڵێکی دیکە باسی لە پرۆژەی بەرهەم هێنان کرد بەرێز وەزیر ئێمە کە حکومەت بەرەو بازاری ئازاد دەچێت ئەوە هەموو بۆ کەرتی تایبەتە، پرسیارەکەم ئەوەیە:دەبێ لە موازەنە هەندێ ئیعتیماداتی مادی هەبێ بۆ کەرتی تایبەت هەتا بتوانێ بە ئیشەکە هەڵسێ، ئێمە مەعمەل جگارەمان فرۆشت، ئێستا ئەو موەزەفینی مەعمەلەکە، کرێکارەکانیان یان موتەقاعیدن لەسەر بودجە پارەی وەردەگرن یان لە ماڵن و راتبەکە وەردەگرن، دوو: وەزارەتی پەروەردە چاپخانەیەکی هەیە، کەچی مەناهیجی دیراسی دەبەنە ئوردن تەبعی دەکەن، بەسەدان ملیۆن دۆلار ئەو مەناهیجە تەبع دەبێت، لەبەر ئەو ئەجهیزانە ناهێنن و مەتبەعەکە تەتویر بکەن بۆ ئەوەی کە مەنهەج لێرە تەبع بکەین، بە سەدان ئیشی تر هەیە کە ئیلتیزاماتی حکومەتن، بەکارخستن دەڵێن دابەزیوە بۆ 62، من دەڵێم ئەو دابەزینە زۆر بەقەسری بووە، چونکە تەوەسوعی ئیداری هەیە، تەعویزاتی موەزەفین زیادبوو هەموو شتەك زیاد بووە چۆن ئەوە دابەزیە؟ بەس پرسیارێکی بچووکتر دەکەم: کە بەرهەم هێنەرەکان رەئس مالیان زیادە بە 17٪ دەبا بە 60٪ زیاد با، چونکە ئیعتیماداتی وەزارەتی پێشمەرگە چوویتە سەر بەغدا و ئەمە ئێستا فایزە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك محمد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارێكم هەیە لە سەرەتاوە وەزارەتی پلان دانان پێم باش بوو ئەو پلانەی كە هەیەتی بۆ وەزارەتەكان بۆ ساڵی 2008 لەگەڵ ئەم روون كردنەوەی وەزارەتی مالیە بدرێ بە هەموو پەرلەمانتارەكان، خاڵی دووەم: بودجەیەك هەیە لە مینحەی عەقاری بۆ پارێزگاكان و هەروەها دەعمێكی بیانیش هەیە، ئەجنەبی، بەردەوام دەوڵەتە گەورەكان ئەیدەن بە پارێزگاكان، هیوادارم ئەوانیش حیساباتێكی خیتامیان هەبێ بۆ ئەوەی تێكەڵ نەبێ لەگەڵ پرۆژەی وەزارەتەكانەوە، ئەو بڕە پارە زۆرەی كە بۆ تەشغیل داندراوە پێم وایە زۆرێك لەو خەڵكە زیادە، ئایا ئەوە تەئسیر ناكات لەسەر خنكاندنی كەفائەت و دروست كردنی بەتاڵەیەكی پسپۆر؟ یەعنی ئەگەر بڵێین هەر خەڵكمان زۆرە ناتوانین خەڵك تەعین بكەین، ئەخەر پێویستیشمان بە خەڵكێكی زۆر و دەرچووی زانكۆكان هەیە، مەعنای وایە لەبەر خەڵكێكدا لەسەر ئەساسێكی سیاسی یان شتێكی تر هاتووە، ئەمە ئەخنكێ و دەبێتە بەتاڵەیەكی پسپۆر و زۆر مەترسیداردەبێ، وەزارەتی دارایی پێم خۆشە بۆ هەرێمی كوردستانیش بڕێك پارە لە میزانیە دیاری بكات، ئێمە حاڵەتێكی تەوارئیمان نیە، بەڵام بۆ خۆراك، بۆ دەرمان، بۆ سووتەمەنی مەسەلەیەكی زۆر گرنگە، ئەمانە حاڵەتێكن بەردەوام لەبەرزبوونەوەن و هەڕەشە لە هاووڵاتیان دەكەن بەو داهاتە كەمەی كە هەیەتی، دوێنێ باسی گومرك و باسی شتی تر كرا كە نایەتە سەر بودجەی هەرێمی كوردستان، بەهەر حاڵ من پرسیارم لێرە ئەوەیە: ئەگەر ئەوە نایێت، ئەبێ ئێمە ببڕین و بیدەین بە بەغدا، ئەوە لە بودجەی ئەم خەڵكە ئەبڕین و ئەیدەین بە بەغدا  بۆ شتێكە لە خەڵك ئەبڕێ، لەبەر ئەوە هیوادارم وەزیری دارایی وەكو روونكردنەوەكەی شەفاف بوو ئەمەش بە شەفافی وەڵامداتەوە، لە وەزارەتی مالیە تەخصیصاتێك هەیە بۆ ئەحزاب، ئەوە چۆن و بە چ ئالیەتێك سەرف دەبێ؟ هەر چەند بە نیازین یاسایەك لەم بارەیەوە دەرچێ، خاڵێكی تر زۆر موهیمە لای من بەراستی پێم خوشە ئەندامانی پەرلەمانیش پشتگیریم بكەن، ئەو بڕە پارەیەی میزانیەی 2007 دیارە مدەوەر نەكراوە بۆ 2008 ، ئەوە هەر وەكو خۆی بمینێتەوە بۆ ئەو ناوچانەی كیمیاباران كراون، هەر وەكو ئەو دوو و سێ برادەرانە گوتیان بۆ كیمیاباران و ناوچەكانی ئەنفالكراو، یەعنی ئێمە هەموو جارێ ئەمانەوێ ئەمانە چارەسەر بكەین، هیچ چارەسەرێكمان بۆ ناكرێ، بەڵام ئەمە شتێكی زۆر باشە، نە مدەوەر كراوە با عجزی پێ تەدبیر نەكەین بە شتەكی تر عجزی چاك بكەین، بەڵام ئەمە تەخصیص بكەین بۆ ئەو ناوچانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، نەسرین خان.

**بەڕێز نسرين محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم من لەگەڵ بودجەی خانووبەرەم ئەوە یەك: بودجەیەك بۆ تەنمیەی ئیقتیصادی و ئابووری دیاری بکرێ زیاتری بدرێ بۆ بودجەی کارەبا و سووتەمەنی ئەو کێشەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا زۆرە، دوو: ئەو یارمەتیانەی کە دێنە ناو هەرێمی کوردستان لە ناو راپۆرتەکەدا هیچ دیاری نەکرابوو و، زیادبوونی مووچەی فەرمانبەران ئایا کاتێك کە مەعاشی فەرمانبەران زیاد ئەکات لە بودجەی 2008دا، ئایا هی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیش زیاد ئەکات؟ پشتگیری ئەوەش دەکەم مووچەی پاسەوانەکانیش زیاد بکرێ وەکو ئەوەی بەغدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، د. نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا لە دوو دەقیقە ناتوانم تێبینیەکانی خۆم سەبارەت بە ناوەرۆکی بودجەی ئەم ساڵ بخەمە بەرچاو بە تایبەتی پاش ئەو راپۆرتەی کە وەزیری ئابووری و وتەکانی وەزیری پلان دانان دوێنێ کە خستیانە بەرچاو، لێرەدا تەنیا هەندێ تێبینی گشتی دەخەمە بەرچاوی پەرلەمان سەبارەت بە بودجە بە گشتی، تاوتۆ کردنی پرۆژەی قانونی بوودجەی هەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی گرنگە وەك پرۆسەی متمانە دان بە حکومەت، چونکە حکومەت لەسەر ئەو بەرنامەی کە دەیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ متمانە وەرگرتن لە رێگای بودجەوە کاری پێ دەکات، ئەگەر ئێمە نەتوانین بە شێوەیەکی گونجاو تاوتۆی ئەو بودجەیەی بکەین، ئێمە ناتوانین رای خۆمان دەربارەی ئەو کارانەی کە حکومەت ئەنجامیداون و متمانەی بە دەست هێناوە دەربڕین، ساڵی پار لێکۆڵینەوە لەسەر بودجەی 2007 نەکرا لەبەر کۆمەڵێك هۆ کە پێویست ناکات ئێستا بچینەوە سەری، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کەوا ئێمە لە کاتی تاوتۆکردنی بودجەی ساڵی 2008 دا ئەو تێبینیانەی کە ئێمە وەختی خۆی خستمانە بەرچاو دووبارە داوا لە حکومەتی هەرێم بکەین ئایا جێبەجێ کردن یان نا؟ ئەگەر نەیکردن هۆی جێبەجێ نەکردنیان چیە؟ تاکو ئەوە نەبێ بە ریتم و هەموو ساڵێك دووبارە و سێ بارە ببێتەوە، هەندێ کار هەن لە دەسەڵاتی ئەو وەزیرە بەرێزانە نین کە لێرەن دەتوانم بڵێیم هەتا لە دەسەڵاتی حکومەتیشدا نین، وەك یەکخستنەوەی ئەو چەند وەزارەتە، چەندین کۆبوونەوە لەسەر ئاستی حیزبە سیاسیەکان کراوە، بەڵام نەگەیشتوون بە ئەنجام، کەواتە ئەو لە دەسەڵاتی نە پەرلەمان و نە حکومەت دایە، هەتا کەی ئەو پەرلەمانە ئەوها بێ دەسەڵات بمێنێتەوە؟ زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، د.هالە.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی دڵخۆشیە کە بودجەی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ سولفەی عەقار، بەڵام ئەوە بەتەنیا کافی نیە، چونکە حەسەب تەوەقوعاتی ئابووریناسان ئەگەر سولفەی عەقار بدرێت متەوەقعە ئەسعاری کەرستەی بیناسازی دوو قات و سێ قات بەرز بێتەوە و هەروەها نرخی زەوی، بۆیە پێویستە حکومەت بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکات بۆ ئەوەی دەعمی کەرستەی بیناسازی بکات و کونترۆڵی سیعری زەویش بکات، ئەوە یەك: خاڵی دووەمم: بەراستی لە تەقریری جەنابی وەزیر هاتبوو کە دەعمی کەرتی تایبەت بکرێت، بەڵام ئەوە ناگەینێ دەعمی کەرتی تایبەت لەسەر حیسابی قیتاعی حکومی بێت، بۆ نموونە ئێستا لە کەرتی تایبەت دەزگای تایبەت هەیە فەرمانبەری بۆ تەرخان دەکرێت لە فەرمانبەرە حکومیەکان لە ئەو فەرمانبەرانە هەڵدەبژێرن کە ساحیب ئەزموون و خیبرەکی زۆرە و مووچەیان لەسەر حکومەتە، بەراستی ئەگەر وا بڕوات ئەوە فەشەل بە قیتاعی حکومی دێنێت، یەعنی کەرتی تایبەت با تایبەت بێت و موەزەفیش هی نوێ دابنێن و خیبرەی نوێ پەیدا بکەن، چونکە ناکرێ لە خیبرەی حکومی وەریبگرین و فەشەل بە قیتاعی حکومی بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو سەرۆکی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا من تەنها تیشك دەخەمە سەر ئەو بوارە گرنگە کە سەرەڕای ئەو هەموو خزمەت گوزاریانەی کە پێشکەشی خەڵك کراوە و کۆمەڵێك مەشاریع لە بواری شارستانی و دروستکردنی پارکەکان و ئەو جۆرە شتانە کراوە، بەراستی من وەکو نموونە نیشانی بەرێزتان دەدەم، هەرچەندە جەنابی سەرۆکایەتی پەرلەمان نایبینن ئەگەر ئێستا کامیراکان نیشانی بدەن، بەڵام زیاتر سەرنجی وەزیری پلان دانان رادەکێشم بۆ ئەم مەوزوعە، بۆ نموونە لە پارێزگای هەولێر سەرەڕای دەستخۆشی کردنیان بۆ ئەو هەموو پرۆژە گرنگانەی کە لە هەولێر کراوە، بەڵام ئەو بەشە زۆرە گەورەکەی کە دەبێنین ئەگەر هێشتا زیاتر بێتە پێش، بەشێکی یەکجار زۆری بۆ دروست کردنی پارکەکان سەرف کراوە، میزانیەکی یەکجار زۆر لە پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ دروست کردنی مەشاریعی ئاو و ئاوەڕۆو شەقامەکان و پارکەکان خەرج کراوە، کەچی کەرتی تەندروستی لە سەدا نیوە و کەرتی پەروەردە لە 1٪، من لەو شتانەی کە بەدەست لێژنەکەمان گەیشتووە، تەنها نۆژەن کردنەوەی دوو قوتابخانەی تێدایە لە ساڵی 2007 ، مەبەستم کەم کردنەوەی کارە بەنرخەکانی پارێزگاکان نیە هەر سێ پارێزگا، بەڵام حەقی خۆیەتی بە کاك عثمان شوانی دەڵێم بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو مەوزوعە بێت وەکو وەزیری موختەص بۆ ئەو مەوزوعە، گرنگییەکی تایبەت بدرێت بە بەشێکی چاك لەو مەسروفاتی موحافەزە زائیدەن میزانیە، هەرچەندە بەشی میزانیە بۆ پەروەردە لە 16٪ و جێگای دڵخۆشیە، بەڵام ئەویش بەشێکی یەکجار زۆری بۆ تەشغیلیەکە دەڕوات تەنها 102 ملیار دینار بۆ مەشاریعە، لە مەشاریعەکەش بەداخەوە ئێمە بە شتێکمان گرتووە ئەویش زیاتر نۆژەن کردنەوە و پینە و پەرۆکردنی قوتابخانەکانمان و

موئەسەساتەکانمانە، کە هەر ساڵ ئەوە دەکەین و هەر ساڵیش دووبارە هەمووی تێك دەچێتەوە، با کارێك بکەین لە ڕێگای وەزارەتی پلان دانان بە هاوکاری کۆریەکان کە دەستیان خۆش بێت تا ئێستا 60 فوتابخانەیان لە کوردستان دروست کردووە و هەروەها هەموو ئەو سەرچاوە داهاتەکانی تر لە بانکی نیودەوڵەتی بێت ، لە دوەلی مانیحە بێت و زائیدەن میزانیەی خۆمان کە دەڵێن میزانیەیەکی باشمان هەیە، زۆر وڵاتانی دەور و دراوسێی خۆمان رەنگە میزانیەیان بەقەدەر میزانیەی هەرێمی کوردستان بێت، ئەگەر بە چاکی ئێمە بۆ بواری ئیستیسماری بەکاری بێنین زۆر چاك دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك کەرخی.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نور الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەراستی دەست خۆشی لە هەردوو وەزارەتی دارایی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، ئینشاء الله ئەو دەستەواژە ناخۆشەی هەردوو وەزارەت نامێنێ و دەبێتە یەك وەزارەت، من بەراستی دەمەوێ باسی شوێنەوارەکان بکەم کە پێم وایە لە هیچ یەکێك لە ئەندامە بەڕێزەکان ئیهتیمامیان نەدا پێی، هەموو گەلانی دونیا شانازی بە رابووردووی خۆیان دەکەن، ئێمەش ماڧ خۆمانە شانازی بە رابووردووی خۆمان بکەین کە شوێنەوارەکانمان رەنگدانەوەی رابوودوومانە، قەڵای هەولێر یەکێکە لەو سەد شوێنەوارە گرنگەی هەموو دونیا کە ئێستا تۆمار کراوە، لە شوێنەوارە گرنگەکانی دونیا سەد شوێنەوار تۆمار کراون، قەڵای هەولێر یەکێکە لەو سەد شوێنەوارە، ئێستا سەیری قەڵای هەولێر بکەیت دانیشتوانی تێدا نەماوە لە وەزعێکی زۆر خەراپ دایە، من ئاگادارم پارێزگای هەولێر بە سوپاسەوە کە زۆر خەریکن لە گەڵ قەڵای هەولێر شتێك بکەن لەگەڵ چەند لایەنی دەرەکیش گفتوگۆیان کردووە، بەڵام من داوا دەکەم لێرە لە بودجەی ساڵی 2008 برێك تەرخان بکرێت بۆ نۆژەن کردنەوەی لە لایەنی گەشتیاری و شوێنەواری بۆ قەڵای هەولێر، هەتا ئێمەش شانازی پێوە بکەین و لە هەموو دونیاوە بێن بۆ سەیری ئەم قەڵایە کە رەنگدانەوەی رابووردوومانە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانە، هەموو ئەوانەی ناویان نووسیبوو قسەیان کرد و ڕا و بیر و بۆچوونیان دەربارەی پرۆژەی بودجەی کوردستان و هەروەها راپۆرتی لیژنەی دارایی دەربڕی و، گوێبیستی جەنابی وەزیریش بووین، وەزیری دارایی و ئابووری و هەروەها دوێنێ جەنابی وەزیری پلان دانانیش قسەی کرد، ئەو رەئیانە کە ئێوەی بەڕێز نیشانتان دا بەشێکی هەرە زۆری پەیوەندی بە هەردوو وەزارەتەکە هەیە کە خۆشبەختانە بەیەك میزانیە هاتوون بۆ ئێرە، ئومێد دەکەین لە ڕووی عەمەلیشدا وەکو ئێوە داواتان کرد لەم میزانیەدا یەك بگرێتەوە و من داوا لە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم کە بە پوختەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، دواتریش وەزیری پلان دانان دوو پرسیاری روو بە روو بووەوە وەڵامیان بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نیسبەت پرسیاری کاك ئارام، بە پێی ماددەی 38 لە یاسای ژمارە 95 ی یاسایی کارگێڕی و دارایی، ئەنجومەنی وەزیران هەڵدەستێ بە رەزامەندی کردن لەسەر حیساباتی خیتامی حکومەت، یەعنی کاتێك کە وەزارەتی دارایی حیساباتی خیتامی تەواو دەکات، دەیداتە ئەنجومەنی وەزیران و لەوێ ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی ئەو حیساباتە خیتامیە دەکات پاش ئەوەی کە دیراسەتی دەکات، ئەمە ئەنجومەنی وەزیران لە مانگی ئایار دەریدەکات و لە کۆتایی مانگی حوزەیرانیش دەبێ بیداتە پەرلەمان، ئێمە هەر وەکو تەئکیدمان کرد و عەرزی بەرێزتانمان کرد حیساباتی خیتامی دەگاتە دەستتان و بەرچاوتان روون دەبێ لەم بارەیەوە، یەعنی لەوە دڵنیا بن، بە نیسبەت دانانی بودجە، بودجە خۆی لە خۆیدا بریتیە لە خەرجیەکان و داهاتەکان، یەعنی دەبێ لە بودجە هەردوو لا دیاری بکرێ، خشتەکان دەنێردرێت و ئەم خشتانە زەوابتی بۆ دادەنرێت، بە پێی ئەو زەوابتانە پڕ دەکرێنەوە و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ، بودجە فەرقەکەی لەگەڵ حیساباتی خیتامی لەوە دایە، بودجە بۆ ساڵی داهاتوو دێ، بەڵام حیساباتی خیتامی بریتیە لەو خەرجیە فیعلیانەی ساڵی پێشووتر، هەر وەکو لێژنەی دارایی و ئابووری لە راپۆرتەکەیاندا ئاماژەی پێداوە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان تەئکیدی کردەوە زۆربەی ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان پشتگیریان لەو بریارەدا، وەزاراتی دارایی سندوقی نیشتەجێبوون دادەمەزرێنێ کە ئەمەش هەموو بابەتەکان بە قەرزی خانوو بەرەش دەگرێتەوە، ئەوە بەراستی بودجەیەکی زۆری دەوێ، ئێمە وەکو بریار وەریدەگرین و دیراسەی دەکەین بۆ ئەوەی زەوابت لەم بارەیەوە دەربکەین، هەردوو وەزارەت، پرسیارێکی تر لەسەر بودجەی پەسند کراو بوو، بودجەی پەسەند کراوی ساڵی 2007 ی هەرێمی کوردستان یەك ترلێون و 865 ملیار و 304 ملیۆن دینار عیجزی هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە وەزارەتەکان ناتوانن سەدلە سەدی بودجەی تەرخان کراویان سەرف بکەن، بەڵام ئەگەر بودجەی تەکمیلی لە لایەن حکومەتی ئیتیحادی بۆ ساڵی 2007 دانرابا ئەو کات وەزارەتەکانیش دەیانتوانی سەد لە سەد بودجەی پەسند کراوی خۆیان خەرج بکەن، لە حاڵەتی کورت هێنانی بودجە حکومەت ناچارە ئەولەویات بۆ خەرجیەکانی خۆی دابنێ کە بریتیە لە مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و شەهیدان و مووچە خۆرانی تر و پاشان پرۆژەکانی تری ئیستیسماری تەموویل بکات، ئینجا ئەوەی کە دەمێنیتەوە لە کولفەکانی تری بودجەدا کۆنترۆل بکات، یەعنی کاتێك کە سەد لە سەد نەتوانی داهاتت هەبێ بۆ تەئمین کردنی میزانیەی هەر وەزارەتێك بە تەئکید لەو حاڵەتە ئەو وەزارەتە ناتوانێ سەد لە سەدی بودجەکەی خۆی سەرف بکات، ئینجا ئەوەی کە باس کرا پارە دادەنرێ و سەحب دەکرێ لە وەزارەتەکە، لە راستیدا پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە، بەرێز کاك ئارێز: ئەگەر بێت و بودجەی هەرێم تەنیا لەسەر ئەو داهاتەی کە بۆی دێت رێك بخرێت و چالاکیەکانی حکومەت بە پێی ئەو داهاتە سنووردار بکرێن، ئەو کات منیش پشتگیری لە رای بەرێزتان دەکەم، کە بودجەی هەرێم عیجزی نابێت، ئەگەر سەیر بکەن ئێستا موتەئەکیدم هەموو لێژنەکان، هەر لێژنەیەك لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیداری خۆی دانیشتووە، ئێستا دڵنیام ئەگەر لێژنەکانی ئەنجومەنی

پەرلەمان ئەو داوایانەی وەزارەتەکان کردوویانە لەسەر یەك کۆیان بکەنەوە، دەبێنن کە حەجمی عیجز چەند زۆر پەیدا دەبێ، هەتا زیاترە لەوەی کە ئێمە پێشکەشی پەرلەمانمان کردووە بە قەناعەتی من، مەبەست پڕکردنەوەی فۆرمەکانە جا ئەوەی پرسیارکراوە، هەر وەکو عەرزی بەرێزتانم کرد بودجە پێك هاتووە لە کۆمەڵێك خشتە، پێشتر دانانی بودجە بەو شێوەیە دەکرێ، وەزارەتی دارایی بۆ بودجەی تەشغیلی تەعلیمات دەردەکات و وەزارەتی پلان دانان بۆ بودجەی دانان تەعلیمات دەردەکات، لێژنەیەکی باڵای ئامادە کردنی بودجە پێك دێت، جگە لەوە لە هەر وەزارەتێکیش لێژنەیەکی تایبەت دروست دەکرێت کە عادەتەن بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەتەکانە، ئەوانە هەڵدەستن بە پێی ئەو تەعلیماتەی کە بۆیان دەچێ و بە پێی ئەو خشتانەی کە بۆیان رەوانە دەکرێ، لەگەڵ هەموو فەرمانگەکانی خۆیان گفتو گۆ دەکەن و میزانیەی خۆیان ئامادە دەکەن و دەینێرن بۆ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلان دانان، پاشان ئەو لێژنە باڵایە وەزارەت بە وەزارەت لەگەڵ ستافی هەر وەزارەتێك دادەنیشن و گفتو گۆ دەکەن وە دەگەنە رێککەوتنێك بۆ ئەوەی بودجەی ئەو وەزارەتە لەسەر ئەرقامەکانی رێ بکەون، ئینجا کە ئامادە بوو دەدرێتە ئەنجومەنی وەزیران و لەوێش گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، پاشان رەوانەی پەرلەمان دەکرێ، ئەگەر بێت و بودجە عیجزی نەبێ ئیعتیادی مودەوەری دەبێ و ئەو پارەیەی کە بمێنێ جارێکی دی مودەوەر دەبێ بۆ ساڵی داهاتوو، بەڵام بودجەی ئێمە لە ساڵی 2007 خۆی عیجزی هەبووە، یەعنی هیچی نیە کە مودەوەر بکرێ بۆ ساڵی 2008، بە نیسبەت پارەی لافاو وئەوەی بەرێزیان پرسیاری کرد، پارەی لافاو ئەوەی لە بەغدا هاتووە 43 ملیار و 901 ملیۆن دینارە، بە دوو وەجبە هاتووە، ئەم پارەیەش دابەش کراوە بەسەر هەر سێ پارێزگای هەولێر وسلێمانی و دهۆك، تەبیعی بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەسەر ئەوەی کە ئایا بودجە عیجزی هەیە یان نا؟ ئەوە موتەئەکیدم کە حیساباتی خیتامی کەوتە بەرچاوی بەرێزتان ئەو کات دڵنیا دەبنەوە کە وەزعی بودجە چۆنە؟ ، چونکە بێجگە لە ئەو بودجەیەی کە ئێمە عەرزی بەرێزتان دەکەین هەندێك مەبالغیش هەیە کە ئێستا وەکو ئاماژەم پێدا، مەسەلەن پارەی لافاو وئەوانە، ئەوانەش هەر لە حیساباتی خیتامی بۆتان دەردەکەوێ، بەرێز مەلا ئەنوەر محمد: بە نیسبەت حیساباتی خیتامی عەرزی بەرێزتانم کرد، بە نیسبەت خەرجیەکانی حەج کە بۆی دانراوە، بەراستی خەرجیەکانی حەج لە چوارچێوەی مەساریفی حاکیمە دانراوە، ئەمەش بڕیارێکی حکومەتی ئیتیحادی بووە و، هەر ساڵێك لە بودجەی گشتی عیراق، حکومەتی ئیتیحادی لە بەغدا، هەندێك بابەت هەن کە وەکو خەرجی حاکیمە دادەنێ و رەنگە ساڵ لەگەڵ ساڵیش ئەو خەرجیە حاکیمانە بگۆردرێن وەکو فەقەرات وەکو مەبلەغیش، خەرجیەکانی حاکیمە لە زمنیان خەرجی حەج: 17٪ پارەکەی نادرێتە هەرێمی کوردستان، بەڵکو راستە و خۆ لە لایەن وەزارەتی پەیوەندیدار لە بەغداوە سەرف دەکرێ، بەڵام هەروەکو عەرزی بەرێزتانیشم کرد پێشتر، مەرج دانراوە کە دەبێ ئەم جۆرە خەرجیانە ئەو وەزارەتەی کە لە بەغدایە ئەم جۆرە تەنسیقە لەگەڵ وەزارەتە هاوچەشنەکەی لە هەرێمی کوردستان خەرج بکات، بەڵام ئەم ساڵە بە پێی یاسای بودجەی عێراق، وەزارەتە هاوچەشنەکان لە بەغدا گوڕدران بە وەزارەتی دارایی ئیتیحادی، یەعنی وەزارەتی دارایی ئیتیحادی لە بەغدا لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمدا تەنسیق دەکات بۆ سەرف کردنی

خەرجیەکانی حاکیمە، پێشتریش عەرزم کرد خەرجیەکانی حاکیمە زۆرن،وەکو : کڕینی کەل و پەل، کرینی وزەی کارەبایە، کڕینی دەرمانە، سەرژمێری دانیشتووانە، هەیئەی دەعاوی مولکیەیە، ئەمانە هەمووی لە زمنی خەرجیەکانی حاکیمەن کە 17٪ بۆ هەرێم دانراوە، بە نیسبەت سولفەی عەقار باسم کرد، بۆ سولفەی زەواج، حکومەتی هەرێم ئەو سولفەیە سەرف دەکات، بەڵام یەك ملیۆن دینار ئێمە سولفەی زەواج دەدەینە فەرمانبەران، بەڵام بۆ کەس وکاری شەهیدان ئەم یەك ملیۆنە وەکو مینحە دەیدەین نەك وەکو سولفە، بۆ سیعری نەوت کە بەرێزان پرسیان ، من باسم نەکرد کە سیعری نەوت 57 دۆلارە و رۆژانە یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار بەرمیل صادر دەکرێ، بەڵکو من وتم کە بودجەی 2008 لەسەر ئەو ئەساسە تەقدیر کراوە، تەبیعی هەم سیعری هەر بەرمیلەکی نەوت بە تەئکید زۆرترە و هەم رێژەی ناردنەوەی رۆژانەی نەوتیش بەرزترە، کەواتە داهاتی تەکمیلی و داهاتی ئیزافی کە ئێمە داوای دەکەین لە عیراق لە نەتیجەی ئەو بەرز بوونەوەی ئەسعارانەیە، خۆ ئەگەر هەر بە 57 دۆلار و بەو کەمیەی یەك ملیۆن و حەوت سەد هەزار بەرمیل رۆژانە حیساب بکرێ، ئەو وەختی عیراق بودجەی تەکمیلی دانانێ، بەڵام ئەو بودجە تەکمیلیلە لە نەتیجەی بەرز بوونی نرخی نەوت و زیاد بوونی ناردنەوە دەرەوەی نەوتە کە لە دوای مانگی شەش ئەو فەرقی ئەسعارانە وەکو بودجەیەکی تەکمیلی لە 17٪ هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، بەرێز کاك ئیسماعیل بە نیسبەت حیساباتی خیتامی عەرزی جەنابتانم کرد، دەدرێتە پەرلەمان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، بە نیسبەت خانوو و سەیارە بەراستی تەنیا بۆ فەرمانبەرەکانی حکومی دەکرێ لەسەر بودجەی حکومەت، بە نیسبەت موحاسەبە کردن هەتا ئێستا موحاسەبەی چەند کەس کراوە بەراستی ژمارەکەم لا نیە دەبێ لە دیوانی چاودێری دارایی بپرسم کە هەتا ئێستا چەند کەس موحاسەبە کرایە؟ بۆ میزانیە کە دانراوە و پاشان لە حیسابی وەزارەتەکە سەحب کرایتەوە، بەراستی ئەوە پەیوەندی بە عیجزی میزانیەوە هەیە، ئەگەر میزانیە عیجزی نەبێ ئەو کاتە ئەو بڕەی کە تەرخان کراوە بۆ وەزارەتەکە هەمووی دەچێ و سەرف دەکات، بەڵام کە عجزت هەبێ مەسەلەن 100 دینارە پێت دەکرێ 80 دیناری بدەیە وەزارەتەکە بۆ ئەوەی عیجزی میزانیەی خۆت سەرف بکەی، لەو حاڵەت 20 دینار لە وەزارەتەکە کەم دەبێ لە نەتیجەی ئەوە ناتوانێ سەد لە سەد ئەوەی کە پێویستە جێبەجێی بکات، بەرێز کاك بارزان: بەراستی خەرجکردنی بودجە خۆی لە خۆیدا و بە تایبەتی بودجەی ئیستیسماری بووژانەوەی ئابووری دروست دەکات، بەڵام بە نیسبەت بەراوردکردنی نەفەقات و ئیراداتی بەغدا و هەرێمی کوردستان، خۆ بودجەی هەرێمی کوردستانیش لە چوارچێوەی بودجەی عێراق دایە، یەعنی هەر بەزری و نزمیەك کە بودجەی عێراق دەگرێتەوە بودجەی هەرێمیش لە زمنی ئەو بودجەیە دایە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەرقامیش بکەین، داهات بە پێی ئەو بودجەی ئێستا هەمانە، داهات لە رێژەی 11,1٪ بەرز بوویتەوە لە چاو پارساڵ و خەرجیەکانیش 2,8٪ کەمترە لە پار ساڵ، دڵنیا بن لەوەی کە ئێمە پشتگیریمان کردووە لە جوتیاران، بۆ نموونە کە ئێمە پشتگیریمان کردووە: دەعمی جوتیارمان کردووە بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی خۆیان بتوانن بگەیننە بازاڕ، دەعمی گازوایلمان کردووە بۆ پەلەوەر و ئامێرەکانی کشتوکاڵ، سەماد و دەرمانی قەڵاچۆکردنی ئافات و سن وکیسلەڵە تەئمین کراوە، خانووی پلاستێك و شتڵی میوە و بە تایبەتی

زەیتون بۆ جوتیاران تەئمین کراوە، ئەو ئۆتومبیلانەی بۆ جوتیاران دێنین بە ئەقسات لەلای بانکی ئەهلیەوە و بەزەمانەتی حکومەتی هەرێم دەدرێ بە جوتیاران لە گومرك ئیعفا دەکرێن، بە پێی ماددەی 30 لە بودجەی عیراقدا، 600 ملیار دینار خراوەتە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بۆ دەعم کردنی کەرتی کشتوکاڵی بۆ سەرتاسەری عێراق کە هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، بەرێز کاك محمد حکیم: بە نیسبەت میلاکات کە بەرێزیان ئیشارەتیان پێدا، ئێمە 10 پلەی وەزیفیمان هەیە لەگەڵ دوو پلەی باڵا: ا و ب، ئەوەی خوێندەوار بێت یان نەخوێندەوار بێت لە پلەی 10 دادەمەزرێ، بەڵام نەخوێندەوار بە 140 هەزار دینار و خوێندەوار بە 144 هەزار دینار تەعین دەکرێ، نەخوێندەوار دوو بەشن: بەشێکیان فەنینە و تا پلەی پێنج لە مەرتەبە دە بەرز دەبن، بەڵام ئەوە کە فەنی نینە تا پلەی 7 مەرتەبە 10 ،دەتوانن بچنە پێش، ئەگەر بەرێزتان سەیری میلاکاتی بودجە بکەن، ئێمە ئەگەر بێت و پلە دە هەموویان بە نەخوێندەوار حیساب بکەین؟ 16,4٪ دەبنە نەخوێندەوار، بە نیسبەت بابەتی تر کە جەنابتان ئیشارەتتان پێدا، ئێمە لە پاش ئەوەی کە بودجە پەسند کرا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، کۆبوونەوەیەك دەکەین و بە ئامادە بوونی گشت وەزیرەکان و بڕیارە پاش ئەوەی تەعلیماتی جێبەجێکردنی بودجە دەربکەین، ئینشاءالله ئەو گلییانەش خۆمان لە بەینی خۆمان نامێنێ، زۆر سوپاس، بە نیسبەت بەرێز کاك بەکر، بە نیسبەت ئالیەتی مەناقەشە کردنی بودجە پێشتر عەرزم کرد کە بە چ شێوەیەك بودجە ئامادە دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان، بودجەی 2007 چەند بووە و چەند سەرف کراوە؟ ئەوە پرسیاری دووەمی بەرێزیان بوو، بودجەی 2007 ئەوەی کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی بەرێز پەسند کراوە، 7 ترلێون و 847 ملیار و 660 ملێون دینار بووە، بەڵام خەرجی فیعلی بودجەی 2007 ئەوە تەنیا لە حیساباتی خیتامی بە دیار دەکەوێ ، کە عەرزی بەرێزتانم کرد ئەو کات بۆ بەرێزتان روون دەبێتەوە کە فیعلەن لە 2007 چەند پارە خەرج کراوە؟ بە نیسبەت پرسیاری تر کە پەیوەندی بە نرخی نەوتەوە هەبووە، من عەرزی بەرێزتانم کرد لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام یەك شتی تر حەز دەکەم بۆ بەرێزتان روون بێتەوە، هەتا ئەو ژمارەی 57 دۆلار کە لە بودجەی عێراقدا تۆمار کراوە، لە سەردانێك کە ئێمە بۆ بەغدا هەمان بوو لەگەڵ بەرێز وەزیری پلان دانانی هەرێم، چووینە لای وەزیری پلان دانانی ئیتیحادی، ئەوان بەتەما بوون 52 دۆلار دابنێن، ئێمە ئیصرارمان کرد بە پشتگیری وەزیری پلان دانان و بەرێز کاك د.بەرهەم، یەعنی وەکو جەبهەکمان دروست کرد بۆ ئەوەی ئەو سیعرە بەرز کەینەوە، ئێمە داوامان کردبوو 65 یان 60 دۆلار بێت بۆ هەر بەرمیلێك، بەڵام لە نەتیجەی ئەو موداخەلاتانەی ئێمە وەکو وەفدی هەرێمی کوردستان، بە 57 دۆلار سیعری تەقدیری دانرا لە بودجەی 2008 دا، بە نیسبەت پرسیاری تری بودجەی سیادی، بودجەی سیادی: خەرجیەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانە، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، تەعویزی شەری کوێت، مەصاریفی ناردنی نەوت بۆ دەرەوە، ئەم جۆرە خەرجیانە دەگرێتەوە، کە هەمووی 11 ملیار و 863 ملیۆن و 963 هەزار دۆلار دەکات، پرسیاری بەرێز شێخ جەعفەر: عەملیەی موناقەلە لە بودجەی تەشغیلیدا هەیە، بە پێی یاسا وەزیری دارایی بۆی هەیە لە نێوان ئیعتیماداتی یەك وەزارەت موناقەلە بکات، لە ئەسنای فەصلی یەکەم، یەعنی

دەكرێ لە هەموو فەصلەكانی بودجەی تەشغیلی موناقەلە بۆ فەصلی یەكەمی مووچە بكرێ، بەڵام لە فەصڵی مووچەوە ناكرێ بۆ فەصلەكانی تر موناقەلە بكرێ، هەر وەزیرێكیش دەتوانێ موناقەلە بكات لە چوارچێوەی یەك فەصڵدا لە زمنی وەحدەی صەرفدا، سەبارەت بە پارەی زیادەی نەوت، بڕیارە ڕێژەی 17٪ لە میزانیەی تەكمیلی بدرێتە هەرێمی كوردستان، بۆ مینحە و قەرزەكان، بە پێی ماددەی 25ی یاسای بودجەی گشتی عێراقی، پێویستە ئەو قەرزانەی نێودەوڵەتی كە دەدرێنە عێراق بە شێوەیەكی عادیلانە بەسەر هەرێمەكان و پارێزگاكان دابەش بكرێ، تەنیا ئەوانە ئیستیسنا كرانە كە ئەگەر بێت و قەرزێك تایبەت بە پرۆژەیەكی ئیستراتیجی حەصر كرابێ، ئەوە ناكرێ پارەكە دابەش بكرێ، چونكە حەصرەن بۆ ئەو پرۆژە ئیستراتیجیە بەكار دێت، بەڕێز كاك جمال قاسم، ئەو زیادەیەی كە بۆ مووچە كراوە، هەرێمیش دەگرێتەوە، هەر وەكو پێشتریش باسم كرد ئێمە لەگەڵ ئەوە داین كە تەواوی مووچە و دەرماڵەكانی هەرێمی كوردستان دەبێ كەمتر نەبێ لە بەغدا، ئێمە بایەخمان داوە سەبارەت بە ئیهتیمام بە وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی كارەبا، بایەخ بە هەردوو وەزارەت دراوە، ئەگەر بەڕێزتان سەیری بودجەش بكەن دەبێنن كە كارەبا لە پلەی یەكەم هاتووە و ناوخۆش لە پلەی چوارەم هاتووە كە ئەمە نیشانەی ئیهتیمام دانی حكومەتە بە بەردەوام بوون لە ئەمن و ئاساییشی هەرێمی كوردستان و بایەخدان بە گرنگترین كەرتی خزمەت گوزاری كە كارەبایە، كە ڕۆڵێكی گەورە دەبێنێ بۆ پێشخستنی ئابووری و دەعمی ئیستیسمار و هەتا بژێوی هاووڵاتیانیش تەئسیری لەسەر دەبێ، بۆیە بودجەی ئێمە بە پلەی یەكەم بایەخی داوە بە كارەبا، بەڕێزێكیش پرسیاری كرد لەسەر جیاوازی مووچە لە نێوان هەرێم و ناوچەكانی تری عێراق، بەراستی مووچەی بنەڕەتی هەمووی وەكو یەكە، بەڵام لە دەرماڵە ئێمە جیاوازیمان هەیە هەرێم لەگەڵ ناوچەكانی تری عێراق، ئێمە دەرماڵەی پیشەیی بۆ ئەندازیاران و پزیشكان و ژمێریاران وئابووری ناسان و زۆر لە شەرائیحی تر ئەو نەوعە دەرماڵەیە لە هەرێمی كوردستاندا دەدرێ، بەڵام لە وەسەت و جنووبی عێراق ئەو دەرماڵەیەیان نیە، جگە لەوە ئێمە دەرماڵەی تەعلیمی لە كوردستان خەرجی دەكەین لەبەر ئەوەی كە موزاهەراتێكی زۆر لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا كرا، حكومەتی ئیتیحادی لە بەغدا مەجبوور بوو بێت ئەویش ئەو دەرماڵەیە سەرف بكات بۆ ئەو شەریحانە، یەعنی لە نەتیجەی ئەو دەرماڵەیە بوو كە ئێمە لێرە دەماندا بەغدا هات جێبەجێی كرد لێرە لە ناوچەكانی وەسەت و جنوب، بەڵام لەیەك شت جیاوازیمان هەیە بەراستی ئەویش دەرماڵەی پۆلیس و ئاسایشە، ئەوەی كە ئێمە لە هەرێم سەرف دەكرێ 130 هەزار دینارە، بەڵام لە وەسەت و جنوب 500 هەزار بەسەرەوەیە ئەویش زۆربەی لەبەر ئەوە دەگەڕێننەوە، چونكە وەزعی ئەمنی لەو ناوچانە موستەقیر نیە، بەڕێزێك پرسیارێكی كرد لەسەر عیجزی بودجە: عیجزی بودجە هەردوو لایەنی بودجەی تەشغیلی و بودجەی ئیستیسماری دەگرێتەوە، یەعنی تەنیا یەك لایەن ناگرێتەوە هەردوو بودجە عیجزیان هەیە، بودجەی پێشنیاركراوی ساڵی 2008 ، 500 ملیار دینار عیجزی هەیە، ئەوە بە نیسبەت تەشغیلی، بە نیسبەت عیجزی بودجەی ئیستیسماری 656 و 700 ملیۆن دینارە بە پێی ئەو بودجەیەی كە ئێمە عەرزی بەڕێتانمان كرد، بە نیسبەت بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان لە چوار چێوەی بودجەی پلان دایە، سەبارەت بە داهاتی كوردستانیش: ئەو داهاتەی كە

وەزارەتی دارایی لە بەغدا لێمان دەبڕێ لەسەر ئەساسی ئەو داهاتەیە کە لە بودجەی عیراقدا تەسبیت کراوە، واتا 556 ملیار و 914 ملیون دینار، نەك لەسەر ئەساسی ئەوەی کە ئێمە تەقدیرمان کردبوو، ئەوان لەسەر ئەو ئەساسە لە میزانیەی ئێمە کەم دەکەنەوە، چونکە بەو شێوەیە تەسبیت کراوە لە بودجەی پەسند کراوی ئەوان لە بەغدا، بە نیسبەت پرسیارەکانی سۆزان خان، ئامادە کردنی بودجەی تەشغیلی لە زمنی ئەرکی وەزارەتی دارایی دایە، بەڵام بودجەی پلان لە دەسەڵاتی وەزارەتی پلان دانان دایە، وەزارەتی دارایی زۆر خۆش حاڵ دەبێ کە وەزارەتی پلان دانان لەگەڵ نوێنەرانی لێژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمان بەشداریمان بکەن لە دانانی بودجەی تەشغیلی، مادام نیازمان وایە بودجەیەك بە پێی معیارەکانی زانستی و ئابووری دابرێژین، بە نیسبەت راپۆرتەکانی ئەرنێست، تەواوی راپۆرتەکانیساڵانەی کۆمپانیای وربێتی ئەرنێست بڵاوکراونەتەوە، ئەگەر سەیری راپۆرتەکان بکەن، هەرێمی کوردستان لە تەواوی ناوچەکانی تری عێراق باشترە و ئەوان ئیعتیراف لەسەر ئەمە دەکەن، سەبارەت بە خشتەی داهات و خەرجیەکان ئەم خشتەیە لە چوارچێوەی بودجەی ساڵی 2008 کە پێشکەشمان کرد هەیە، هەمووی تێدا تۆمار کراوە، لە داهات و خەرجی ساڵی رابووردووش، تەواوی لە راپۆرتی حیساباتی خیتامی بەرێزتان بە دیار دەکەوێت، بە نیسبەت سیولەی نەقدی: ئەگەر سەیری راپۆرتەکانی ئەرنێست بکەین، یەکێك لەو خاڵانەی کە ئەرنێست گلەیی کردووە لە حکومەتی ئیتیحادی، بە تایبەتی لەسەر ئەوە بووە کە کەم تەرخەم بووە لە ناردنی سیولەی نەقدی بۆ هەرێمی کوردستان، ئێمە چەندین جار ئەم بابەتەمان موناقەشە کردووە بە تایبەتی لەگەڵ بانکی مەرکەزی بەغدا، کە ئەو دەسەڵاتە چۆن بانکی مەرکەزی هەیتی بدرێتە هەردوو لقی بانکی ناوەندی لە هەولێر و سلێمانی بگۆرن بە دینار وسیولە هەبێ لە لایان، ئەوان وەعدیان داوە، بەڵام هەتا ئێستا ئەو وەعدە جێبەجێ نەکراوە، ئێمە بایەخمان بە کارەبا و پەروەردە و شارەوانی و ناوەخۆ و ئاوەدانکردنەوە و خوێندنی باڵا و تەندروستی داوە، سیاسەتی حکومەتیش بەردەوام بوونە لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەرێم و پێشکەش کردنی پێداویستیە ئەساسیەکانی هاووڵاتیان و هەروەها کەمکردنەوەی بێکاری لە رێگای جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی ئیستیسماری، بە نیسبەت پرسیاری بەرێز کاك حەمە رەشید، ئەو پارەیەی کە بۆ حەج سەرف دەکرێت وەکو دەعمە بۆ حەج، ئەگەر نا پارەی حەج زۆر زیاتر لەوە سەرف دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر بۆ ساڵی 2008 بە پێی ئەو مەعلوماتەی کە هەمە، ئەگەر دەعمی حەج نەکرێت لەلایەن حکومەتەوە، مەصاریفی چوونە حەج بەلای کەمەوە 3000 تا 3500 دۆلار تەکلیف دەکات، بەڵام بەو دەعمەی کە حکومەت بۆ حەج دەیکات، رەنگە ئەو مەصاریفە لە 2200 بۆ 2300 دۆلار کەم ببێتەوە بۆ ئەوانەی کە بە فڕۆکە دەچن و ئەوانەی کە بە سیارەش دەچن 1500 تا 1600 دۆلار تەکلیف دەکات، جگە لەمەش ساڵانە 1300 تا 1400 کەسیش بە ئیفاد رەوانە دەکرێن وەکو پیاوانی ئایینی یان لێژنەی توبی، ئەوانەی دەچن بۆ خەیمە یان ئەوانەی دەچن عەقد ئیمزا دەکەن لە هەرێمی کوردستان، ئەوانە هەموو لە زمنی ئەو خەرجیەیە، یەعنی ئەوەی کە باسمان کرد لە خەرجی 17٪ی حەج بە مانای ئەوە نیە کە هەموو مەصاریفەکان بگرێتەوە، تەنیا وەکو دەعمێکە بۆ عەمەلیەی حەج، ئەوەی تر هەر حاجیەك کە مەصاریفی تری هەیە بە خۆی دەبێ تەحەمولی

بكات، به نیسبەت نەفەقاتی تر بەڕێزتان كە ئیشارەتتان پێدا، نەفەقاتی ئوخرا كە 300 ملیار دەكات، نەفەقاتی ئوخرا بریتیە لە چەند خەرجیەك، ئەوە عەرزی بەڕێزتان بكەم، كرێی زەوی وزار، پاداشت بۆ خەڵكی نافەرمانبەر، پاداشتی پەیامنێران و هاوكاران، دەرماڵەی قوتابیان، دەرماڵەی قوتابیانی زانكۆ، قەرەبوو و پڕكردنەوەی زیان، زیان بژاردن بۆ قوربانیان، مینحەی ڕێكخراوە خێرخواز و ئایینیەكان، چالاكی دێدەوانی، یەدەكی كت وپڕ، یەعنی ئیحتیاتی تەوارىء ، چالاكی وەرزشی و قوتابخانەیی و دێدەوانی و زۆر مەصاریفی تر لە زمنی ئەو فەصڵەیە كە پێی دەڵێن( نەفەقات ئوخرا)، هەر وەزارەتێكیش دیارە كە لەو فەصڵە چەند بەبەری كەوتووە، ئەوە لە تەفاصیلی بودجە كە لەبەر دەست بەڕێزتان دایە، بەنیسبەت بەڕێز كاك ڕەشاد كە من پێی دەڵێم مام ڕەشاد، ئەوەی كە من تێگەیشتم باس لە ئەوە كرابوو كە فەرقێك هەیە لە بەینی بودجەدا، ئێمە كە بودجەمان پێشكەش كردبوو ئەوەی كە تەقدیر كرابوو بۆ ئێمە بێت: 6 ترلیۆن و 472 ملیار و 704 ملیۆن دینار بوو، ئەوە ئێمە تەقدیممان كردبوو، بەڵام پاش ئەوەی كە بڕیاری زیاد كردنی مووچە لە لایەن بەغداوە درا، ئەوە گۆڕانكاری لەسەر ڕێژەی ئێمەش كرا،، 108 ملیار و 80 ملیۆنیش زیاد كرا لەسەر بودجەی ئێمە لە هەرێم، ئینجا بۆیە ئەو فەرقە لەو هینە پەیدا بووە، بەڕێز كاك سعدالدین، ژمارەی میلاكی پەسندكراوی ساڵی 2007 ، 464 هەزار و 31 فەرمانبەر بووە، بۆ ساڵی 2008یش ئەوەی كە پێشنیار كراوە 493هەزار و 831 فەرمانبەرە، یەعنی ئەو جیاوازیەی لە بەینی 2007 و 2008 دا هەیە 29 هەزار و 800 كە ئەویش بریتیە لە میلاكی نوێی دامەزراندن، بە نیسبەت جیاوازی لە نێوان بودجەی تەشغیلی و ئیستیسماری كە بەڕێزتان فەرمووتان ئیحتیماله ساڵ بە ساڵ بودجەی تەشغیلی بودجەی ئیستیسماری بخواتەوە، بودجەی ئیستیسماری زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێت، ئەگەر سەیری ساڵانی 2005 و 2006 بكەین، ساڵانە بودجەی ئیستیسماری 500 ملیۆن دۆلار بوو لە 2005 بۆ 2006، بەڵام ساڵی 2007 ئەوەی كە لێرە لە ئەنجومەنی نیشتیمانی پەسندكراوە، یەك ملیار و 565 ملیۆن و 317 هەزار دۆلاریش بەرز بوویتەوە، بۆ ساڵی 2008یش گەیشتووتە یەك ملیار و 852 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار، ئینشاء الله بە تەواو بوونی بودجەی تەكمیلی لە 3 ملیار دۆلار دەرباز دەبێ، یەعنی لێرە ئەگەر سەیر بكەن ئەو گۆڕانكاریەی كە لە بودجەی پلاندا هاتیە، شەش بەرامبەر زیاترە لەوەی كە لە 2006 دا هەبوو، بەڵام ئەگەر بودجەی تەشغیلی سەیری بكەن لە 2005 ، یەك ملیار و 957 ملیۆن و 752 هەزار بووە، لە 2006دا 2 ملیار و 349 ملیۆن و 242 هەزار دۆلار بووە، بۆ ساڵی 2007 گەیشتووتە 4 ملیار و 414 ملیون و368 هەزار دۆلار بووە، ئەگەر سەیری ئەو ئەرقامانە بكەین، بودجەی تەشغیلی دوو زیادەی بەرامبەر هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە بودجەی ئیستیسماری شەش بەرامبەرە یان 600٪، بە نیسبەت زیاد بوونەوەی مووچە، ئەو بڕیارەی كە لە بەغدا دەدرێ ئێمەش لێرە دیراسەی دەكەین و جێبەجێی دەكەین، ئێستا بە ڕەسمی هیچ بە دەستی ئێمە نەگەیشتووە بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان، چونكە دەبێ بە ڕەسمی ئەوان ئاگادارمان بكەنەوە، بەڕێز كاك زرار چەند پرسیارێكی هەبوو كە گرنگ بوون بەراستی، بودجەی ساڵی 2008 لەسەر ئەساسی خەرجیەكان دانراوە، بۆیە حكومەتی هەرێم نەتەنیا لە داهاتی نەوت بە ڵكو لە هەموو ئەو داهاتە ناوخۆییەكانی تریش كە عێراق هەیتی ڕێژەی 17٪

خۆی وەردەگرێ، بۆیە ناکرێ ئێمە ئەو داهاتانەی کە لێرە وەردەگرین نەدەینە بەغدا، چونکە ناگونجێ ئێمە بچین بەشداری بکەین لە رسوماتی عەدل و زەرایب و ئەوانەی کە لە شارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و لە ناوەڕاست و باشوور وەردەگیرێ، ئێمە 17٪ موشارەکە دەکەین لە وەرگرتنیان کەچی ئێمە لە هەرێمی کوردستان داهاتەکانی خۆمان ناخەینە ناو بودجەی گشتی، بۆیە دەبێ ئێمە بدەینە ئەوان، لەگەڵ وەزارەتی دارایی بەغدا زۆر جار تەئکیدمان کردووە و ئەم جارەش تەئکیدمان کردووە، تەبیعی لە یاسای بودجەی گشتی ئیتیحادیشدا هاتووە، ئێمە تەئکیدمان کردووە کە دیوانی چاودێری دارایی بەغدا هی عێراق بە هە ماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی هەرێم بێن لە هەر شوێنێك کە ئەوان دەیانەوێ دڵنیا بن لە داهات، بێنە ئەو شوێنە و دەتوانن پێداچوونەوە بکەن و دڵنیا بن لەو ئەرقامانەی کە وەکو داهات وەردەگیرێن، هەتا ئێمە بە رەسمیش داوامان کردووە و بەشەفەهیش پێمان گوتن کە بێن، بۆ نموونە وەزارەتی دارایی فەرمانبەر بنێری بۆ گومرکی ئیبراهیم خەلیل مەسەلەن، پێمان گوتن بنێرن، شەش مانگ و حەوت مانگ ، چەند مانگێك لەگەڵ فەرمانبەرانی ئێمە لەوێ بن بۆ ئەوەی بزانن ئیرادات چەندە و چۆنە؟ موهیم ئێمە دەمانەوێ شەفافیەت هەبێ و ئەو سیقەیە هەبێ لە بەینی ئێمە و بەغدا، چونکە بەراستی لەو بەینە ئەوەی کە زەرەر دەکات هەرێمی کوردستانە نەك ئەوان، چونکە ئەوان نەوت دەنێرن، داهاتی نەوتیان زۆرە، بۆیە چەندی ئێمە لەو ناحیەوە شەفاف بین باشترە، بە نیسبەت عیجزی بودجە، ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین کە عیجزی بودجە پڕ بکەینەوە، ئەگەر بێت و داهاتی ئیزافی بدرێتە ئێمە لەو فرۆشتنی نەوتە ئەگەر هات و 17٪ بدرێتە ئێمە لە داهاتی ئیزافی ئەوە یەك، دوو: بودجەی تەکمیلی کە عێراق ئامادەی بکات ئەویش تەئسیر لە عیجزەکە دەکات، سێ: ئەگەر بێت و هیچمان پێ نەکرا لەم دوو بابەتەوە دەبێ خۆمان بەرنامەیەك دابنێین بە پێی ئەولەویاتی خەرجیەی حکومەت بەرنامەی بۆ دابرێژین بۆ ئەوەی ئەو عیجزە پڕ بکەینەوە، بەرێز کاك هیوا پرسیاری کرد: دەسەڵاتەکانی خەرج کردن ئەوەی کە ئێمە دەرمان کردووە بۆ وەزارەتەکان بە پێی تەعلیماتی ژمارە 3 لە 13|1|2008، دەسەڵات دراوە بە وەزارەت و فەرمانگەکان و ئەوانەی کە نەبەستراون بە وەزارەتەکان رێژەی 1|12ی خەرجیەکانی فیعلی ساڵی 2007 خەرج بکەن تا بودجەی 2008 پەسند دەکرێ، ئەو تەعلیماتەش بە هاوبەشی لە لایەن هەردوو وەزارەتی داراییەوە دەرچووە، بەرێزیك لەسەر گەشەپێدانی پارێزگاکان پرسیاری کرد ئەمە لە بودجەی پلان دایە، بەڵام لە بەراوورد کردن لەگەڵ ساڵی 2007دا بەرزبوونەوەی هەبووە، بە نیسبەت قەرەبوو کردنی ئەو کەسانەی کە زیانیان پێ دەکەوێ لە شەڕی تورکیا یان شەڕەکانی تر، ئێمە لە فەصڵی خەرجیەکانی تر لە وێندەری لەسەر ئەو فەصڵە ئەو نەوعە حاڵەتان چارەسەریان دەکەین و قەرەبوویان دەکەینەوە، بەرێز کاك سەردار پرسیاری هەبوو لەسەر داهاتی کوردستان و NOو ئەوانە، کۆمپانیای NO تاقەی ئینتاجی ئێستای دەتوانێ 25 هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە ئینتاج بکات، مانگێك تا دوو مانگی تریش رەنگە ئەو تاقەیە بتوانێ بە 50 هەزار بەرمیل رۆژانە بگەینێ، بەڵام ئێستا بە فیعلی ناتوانێ بە عەمەلی ئەو ئیشە بکات، چونکە ئەو نەوتە بە بۆڕی نەوتی جیهان نەبەستراوە، ئەوەی کە ئێستا دەیکات عادەتەن دەیسوتێنن ئەو نەوتە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بیسوتێنن رۆژانە 5 هەزار بەرمیل دەدرێتە کەرتی

مەحەلی و دەفرۆشرێ، پێشتر بەراستی عەقدێك هەبوو لەگەڵ ئەم كۆمپانیایە، بەڵام لە 3|13 ئیعادەت نەزەر كراوە لەو عەقدە، ئێستا لە 3|13 بەولاوە لەو 5 هەزار بەرمیلە 2 هەزار بەرمیل دەبێ بۆ هەرێمی كوردستان بێت، تا ئێستا هیچ پارەیە نەهاتووتە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی، بەڵام پارە هەیە لە نەتیجەی فرۆشتنی ئەو نەوتە لە 3|13 تا ئێستا، بەڵام پارەكە بە پێی ئەو ئیتیفاقەی كە لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عیراقەوە كراوە بە تایبەتی كە كێشە هەیە لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراقی، ئیتیفاقەكە وایە داهاتەكە یەكسەر ئەوان ئیستیلامی بكەن، دووش: هەروەها ڕێكەوتنێك لەگەڵیان كراوە كە ئەو نەوتەی كە لەوێ دەردەچێ یەكسەر بە بۆری جیهانی ببەسترێتەوە، ئەو بۆڕیەی كە ناوی جیهانە و بە توركیا دادێ، ئەو كاتە ئەو سیعرەی ئەو بەرمیلەی كە بیفرۆشێ بە سیعری عالەمی دەفرۆشرێ، بەڵام ئەوەی بزانم كە ئێستا ئەوەی كە هەیە لە بازاڕی مەحەلی دەفرۆشرێ ڕەنگە سی دۆلار بێت یان 35 دۆلار بێت بۆ هەر بەرمیلێك، بە نیسبەت داهاتی گومرگەكان هەمووی داخیلی خەزینە دەبێ، لە زمنی ئەوانیش ئیبراهیم خەلیلە، ئەگەر بتەوێ تەئكیدیش بكەی ڕاپۆرتەكان لای منە، یان هەتا دەتوانن سەردانیان بكەن و ببینن كە عەمەلیەكە چۆنە و چۆن داخیل دەبێ و چۆن دەگاتە هەر شوێنێك؟ بە نیسبەت یاسای باجی دەرامەت، بەراستی لێرە لە لایەن ئێوەوە پەسەند كراوە، ئینجا هەر بەرێزتان دەتوانن دەستكاری ئەو یاسایە بكەن، بەڵام ئەو یاسایەی كە لێرەش دەرچووە زۆر جیاوازە لەگەڵ ناوچەكانی وەسەت و جنوب، ئەگەر سەیر بكەن لێرە ئێمە ئیعفامان كردیە بۆ ئافرەت، 2 ملیۆن و نیومان هەیە لە یاسای زەریبەی عیراقی 2 ملیۆنە، بۆ هەر منداڵێك 200 ئێمە 300مان داناوە، یەعنی تەسهیلاتی زۆر هەیە و زۆر جیاوازە ئەو یاسایەی كەلێرەیە، بە نیسبەت بودجەی پێشمەرگە پرسیارێك كرا ، ئەم میزانیە ڕاستە وەكو وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجەدا نەهاتووە، ئێمە ئەو پارەی كە بۆ پێشمەرگە سەرفی دەكەین بە شێوەی سولفە سەرفی دەكەین بۆیان، چونكە تا ئێستا نەگەیشتوونە نەتیجە لەگەڵ حكومەتی ئیتیحادی لە بەغدا، ڕێكەوتنێك لەم دواییە لەگەڵیان كراوە ئۆمێدمان وایە ئەو دوو فرقە لێژنەیەكیان بێتە ئێرە، دوو فرقەی عەسكەری دروست بكرێت، وەكو حەرەس ئیقلیمیش دیسان ئەوان لە بودجەی خۆیان دەعمی ئێمە بكەن، ئێمە دەبێ ئەو دەرگایە دانەخەین، ئەگەر بێت و وەكو وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجەی خۆمان دامانناَ، ڕەنگە لەو موناقەشاتانەی لەگەڵ ئەوان دەیكەین لە بەغدا مەوقیفی ئێمە لاوازتر بێت، بۆیە ئێمە هەر بەو ئومێدەین كە دەبێ ئەوان بەشداری بكەن لە یارمەتی دانی پێشمەرگە، بە نیسبەت كت وپڕ لە دەست پەرلەمان بێت، موناقەلە لە دەست پەرلەمان بێت نەك وەزیر، ئەوە نازانم خۆتان بریار دەدەن بەراستی، ئێوە چ بڕیار دەدەن ئێمە ئەوی تەنفیز دەكەین، بەڵام لە هیچ شوێن وا نیە، بەڵام ئەگەر ئەو بڕیارەی دەیدەن كە ئەو دەسەڵاتە تەنفیزیە وەربگرن بۆ دەسەڵاتی تەشریعی كە ناگونجێ بەراستی، ئەو دەعمەی كە ئێمە پێشكەشی دەكەین لە خەرجیەكانی حاكیمە خەرج دەكرێ، ڕاستە بودجەكە لەلای عێراقە خۆ ئەوە 17٪ هی هەرێمی كوردستانە، خۆ دەبێ ئێمەش بەوە وەربگرین كە ئەوە دەعمێكە كە حكومەتی هەرێم بۆ خۆراك دەیكات، پارەكە وەردەگرین وسیستەمێك دادەنێین ئێمە وای لێدەكەین، بە نیسبەت سولفەی زەواج باسم كرد، حیسابی خیتامی باسمان كرد، مووچە وەكو عیراق دەبێ، خەریكین كۆمەڵێك یاسا دەردەكەین لە زمنی

ئەوان یاسای كارە، لێژنەیەك هەیە تایبەتە من و بەرێز وەزیری بازرگانی و سەرۆكی هەیئەی ئیستیسمار و مەجموعەیەك برادەر لەو لێژنەیەینە، ئەوە خەریكین كۆمەڵێك یاسا بۆ ئەو بابەتە تەنزیم بكەین، بە نیسبەت وشكەساڵی كە باس كرا، خۆ ئێمە ئەو كاتەی بودجەمان ئامادە كردبوو ئەو بابەتە لە گۆڕێ نەبوو، بەڵام ئێستا ئەو حاڵەتە هاتووتە پێش، دەكرێ ئێمە لەسەر بودجەی وەزارەت یان لەسەر بەشی تەواریء ئەو حاڵەتانە كە دێنە پێش ئێمە دەتوانین لەكاتی پێویست بریارێك بدەین بۆ تەئمینی پارەی پێویست بۆ ئەو حاڵەتە و هەر حاڵەتێكی تری تەواریء تەئمین بكەین، گەمارك و زەرایب و هەرچی كە وەردەگیرێ تا ئێستا و تا ئەو كاتەی كە رێك نەكەوتووین لەگەڵ عیراق لەسەر مواردی مالی ئەو یاسایە لە بەغدا دەرنەچووە لە پەرلەمانی بەغدا، هەموو ئەو ئیراداتانە دەبێ بچێتە بەغدا، یەكێك لە شەڕەكانی بەردەوامی ئێمە ئەوەیە نەك بەس 17٪ سیادیەكە كە بڵێین نابرن، ئێمە ئەوەی كە ساڵانە لەگەڵ بەغدا موشكیلەمان هەیە دەڵێ نابێ مەبالغی سیادی زیاد بكەن بۆ بێ تەنسیق كردن لەگەڵ ئێمە، ئەگەر سەیری 2007 لەگەڵ 2008 بكەین و بەراورد بكەین، زیاتر لە چوار ملیۆن دۆلار لە سیادی زیادكراوە، خۆزگە بتوانین لەسەر ئەوە رێك بكەوین ئەوە دەستكەوتێكی زۆر دەبێ، بەڵام هەتا لە یاسای مەواریدی مالی ئینشاء الله لەو ساڵە رێك بكەوین، لەوێ تەحدید دەكەین كە ئالیەت چۆن بێ بۆ دانانی خەرجیەت بۆ خەرجی سیادی، دەبێ سەقفێك هەبێ، ئالیەتێك هەبێ بۆ ئەوەی هەموو ساڵێك بە كەیفی خۆیان مەجمووعە شتێك بكەنە سیادی و مەبلەغێكی زۆر لە سیادی دابنێن و تەئسیر لە رێژەی هەرێمی كوردستان بكات، بە نیسبەت ئەوەی مۆبایل باس كرا، ئی نەوت باسم كرد ئێستا ئی مۆبایل و ئەوانە، بۆ ئاگاداریتان یەك دۆلاریش لە میزانیەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوە نەچووە، ئەوە رێككەوتنێك هەبووە لە بەینی كۆمپانیای كۆرەك تلیكۆم و وەزارەتی دارایی بەغدا كە بە وەجبات پارەكە بۆیان تەحویل بكات مەجموعەیەك پارە لێرە ئەوان تەحویلی ئێمەیان دەكرد كە بنێرین بۆ بەغدا، جەنابتان دەزانن هەر تەمویلێك كە دێ لە بەغداوە بۆ ئێمە دێت، لە جیاتی ئەوەی كە لە بەغدا ئەو مەبلەغە كە بودجەی هەرێمی كوردستانە بێتە هەولێر، لە موقابیلی ئەوە ئەوان لێرە تەسلیمی ئێمەیان دەكرد لەوێ لێیان دەبردرا، یەعنی موناقەلە بوو عەمەلیەكە نەك حكومەتی هەرێم پارەی لە جیاتی ئەوان دابێ، ئەوە نەبووە، ئینجا وەزارەتی دارایی لە بەغدا پارەكەی بری لە موقابیلی ئەوەی ئەوان لێرە تەسلیمی ئێمە بكەن، یەك دۆلاریش لە جیاتی ئەوانی نەداوە، ئەوەی كە باسی 62٪ و 34٪ كرا مەبەستم ئەوەبوو كە ئەگەر بێت و سیادی و حاكیمەش 17٪ رێژەی ئێمە لەوێیە، ببێن داخیلی ئەو بودجەی كە ئێمە داخیلی ئەوەمان كردووە بۆ 2008 زیادی بكەینە سەری رێژەی مووچە خۆرانی ئێمە 34٪ دادەبەزێ، یەعنی ئەگەر بەو شێوەیەی كە عێراق بۆ خۆی رێژەكە دیاری دەكات ئێمەش بەو شێوەیە دیاری دەكەین، ئێمە لەگەڵ ئەوینە صەلاحیاتی هەموو وەزیرەكان وەكو هی بەغدا بێت و ئەوەی ئەندام پەرلەمانە وەكو هی بەغدا بێت، بەراستی ئێمە لەگەڵ ئەوە داینە هەموو وەزایفەكان وەك یەك بن، من دوێنێ باسم لە مەوزوعێك كرد بەرێزان رەنگە هەندێكیان وایان هەست كرد كە مەبەستم كەم كردنی صەلاحیات بوو، ئەوەی 250 بۆ 100 یان 150، بۆ ئاگاداری بەرێزتان ئەوە عیلاقەی بە بودجە پلانەوە نیە، یەعنی مەشاریع دەچێ و ئەو صەلاحیاتەی تر كە دەدرێ

پەیوەندی بە بودجەی تەشغیلی هەیە، دێتەوە فەرەزەن هەزار دینارت هەیە ئەگەر صەلاحیەتت 250 دینار بوو، بە چوار وەجبە ئەو هەزارە تەواو دەبێ، بەڵام ئەگەر تۆ دە هەزار دینارت هەبێ حیساب بکە بە چل جار تەواو دەبێ، مەبەستم ئەو موقارەنە مالیە بوو نەك کەمکردنەوەی صەلاحیات، ئێمە موصیرین لەوە دەبێ هەیبەتی خۆمان بپارێزین، وەزیری ئێمە وەك ئەوانە و ئەندامی پەرلەمانی ئێمە وەك ئەوانە و موستەشاریشمان وەکو ئەوانە، ئەوە زۆر گرنگە لە ناحیەی سیاسی و مەعنەویەوە، تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو ساڵانی رابووردوو خزمەتێکی گەورەی کردووە بۆ ئەو ناوچانەی کە لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستانن، بەراستی سەرەرای ئەو کێشانەی کە لەسەر بودجە هەمانە، من دەتوانم بڵێم بە بێ موبالەغە نەك دەیان ملیۆن بەڵکو سەدان ملیۆن دۆلار سەرف کراوە بۆ هەموو ئەو ناوچانە، هەزاران کەس مووچەیان لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان وەردەگرن، موستەمریشە حکومەتی هەرێم بۆ پێشکەش کردنی ئەو خەدەماتانە، دڵنیاشم پاش ئەوەی ئەو کێشەیانە چارەسەر دەکرێ تا ماددەی 140 بودجە ئەوانیش مەفروزە بە پێی ژمارەی دانیشتووان زیاد بکرێتە سەر هەرێم، ئەو کات بودجەی هەرێم زیاتر دەبێ و باشتریش دەتوانین ئێمە خزمەتی ئەو ناوچانە بکەین، بە نیسبەت تەرخان کردنی پارە بۆ سووتەمەنی راستە، تا سێ پێشتر لە زمنی مەصاریفی حاکیمە پارە بۆ کڕینی سووتەمەنی و دابەشکردنی بەسەر هاووڵاتیان لە لایەن وەزارەتی ئیتیحادی لە بەغداوە جێبەجێ دەبوو، بەڵام ئەو دوو ساڵ دەعم بۆ کڕینی سووتەمەنی نەماوە، ئەوەی کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان دەیکەین لەسەر بودجەی تەشغیلی خۆمانە کە سووتەمەنی دەکڕین و بە سیعرێکی هەرزان دەدەینە هاووڵاتیان و زیانەکەی حکومەتی هەرێم تەحەمولی دەکات، حەتا لە بەغدا بە ئێمەیان گوت نابێ ئەو دەعمە بکەن، یەعنی یەکێك لە ئیرشاداتەکانیان، لە رێنمایە ئابووریەکانی ئەوانە ئەوەبوو ، بەڵام ئێمە هەر جێبەجێمان کرد، بەنیسبەت شوێنەوارەکان کە باس کرا پێنج ملیار دینار بۆی تەرخان کراوە، لێژنەیەکیش تایبەتی بۆ قەڵای هەولێر دانراوە، حکومەتی هەرێم بۆ ئیستیملاك کردنی خانووەکان بودجەیەکی زۆری سەرف کردووە، ئینشاء الله ئیهتیمامێکی زۆری پێ دەدرێ و پێی دراوە بەراستی، فەرمانبەرمان نیە لەسەر بودجەی حکومەت مووچە وەربگرێ و بچێ لە کەرتی تایبەت ئیش بکات، بەڵام هەیە فەرمانبەر بووە و شارەزاییەکی زۆری وەرگرتووە رەنگە ئیجازە بۆ چەند ساڵێك وەربگرێ بۆ یەك ، دوو ساڵ وبچێتە کەرتی تایبەتی کار بکات، حاڵەتی وا دەبێ هەبێ، ئەوەش زۆرتر رەنگە ئەو فەرمانبەرانە دەچن کادری بە قابیلیات و خیبرەیان هەیە، چونکە ئەگەر بزانن شوێنێکی باشتر هەیە مەعاشی باشتریان دەداتێ روودەکەنە ئەو شوێنانە، وەزارەتی تیجارەی ئیتیحادی عادەتەن بەرنامەی وابووە کە دەعم بکات بۆ کەل وپەلی بیناسازی و ئەم جۆرە شتانە لە بەرنامەی دایە، بۆ خۆراك و دەرمان ئەمانە هەموو باسم کرد بۆ بەرێزتان هەمووی لە بودجەی ئیتیحادی لە فەقەرەی خەرجیە حاکیمەکان بودجەی بۆ دانراوە و راپۆرتەکەش هەمووی عەرزی بەرێزتانم کرد، بە نیسبەت چاپ کردنی کیتابەکانی وەزارەتی پەروەردە لە دەرەوە چاپخانەش لێرە زیاد بوونە، بە قەناعەتی من ئەگەر لێرە چاپ بکرێ باشترە، بەڵام ئەگەر ئەوانەی ئێرە گرانتر چاپ نەکەن لەوانەی دەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك سەركیس وەزیری دارایی بۆ ئەو هەموو ڕوونكردنەوەیە، جوابی زۆربەی زۆری پرسیارەكانتانی داوە، یەك پرسیار مابوو ئەویش ئایا حكومەت پێی دەكرێ قەرزی كشتوكاڵی ئەم ساڵ وەرنەگرێت لەبەر وشكە ساڵی؟

**بەڕێز سەركیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی ئەو وشك ساڵیە هاتە پێش سەرۆكی حكومەت باسی لەوە كرد كە دەبێ ئیهتیمامێكی گەورەی ئێمە بۆ ئەم ساڵە وەكو بەرنامجێكی ستراتیجی بۆ داهاتووی كوردستان، بایەخدان بە كەرتی كشتوكاڵ بێت، من دڵنیام لەسەر ئەو ئەساسە ئەوەش جێبەجێ بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عثمان شوانی وەزیری پلان دانان.

**بەڕێز عثمان شوانی/وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس سەرۆكی پەرلەمان و زۆر سوپاس بۆ پەرلەمانتارە بەڕێزەكان، بەراستی كۆمەڵە مولاحەزەیەكی زۆر گرنگیان دا، بەڵام ئەمەوێ بە كورتی جوابدەمەوە، چونكە كاك سەركیس جوابی زۆر لە پرسیارەكانی داوە، سەبارەت بە كۆمەڵێك پرسیاری برادەران سەیرم كرد كە هەموویان لەسەر سەكتەرێك قسەی دەكرد و هەمووی ڕاست بوو، هەر كەسێك لەسەر ناوچەیەك قسەی دەكرد و ئەویش ڕاستبوو، بۆیە ئێمە میزانیە بەلانس دەكەین لە بەینی ناوچە و نێوانی سەكتەر، خاتوو نازناز باسی سەكتەری پەروەردەی كرد من 100٪ تەئیدی دەكەم و زیاتری پێویستە وەزارەتی پەروەردە، باسی موحافەزە دەكەن بە تەئكید موحافەزە ئیشی خۆی دەكات، موحافەزەش خەدەماتی بەلەدیەی لەسەر شانە پێویستە ئیهتیمام بە خەدەماتی بەلەدیە بدات، بۆیە 53٪ مزانیەی خۆی تەخصیص كردووە بۆ خەدەماتی بەلەدیە، كە ژیانی ڕۆژانەی هەموو هاووڵاتیان و هەموو ئەو كەسانەی كە داوای لێدەكات جادەی بۆ قیرتاو بكات، ئاوی بۆ ڕابكێشرێ، كارەبای بۆ بێتن و شۆستەی بۆ بكرێت، حەدیقەی بۆ بكرێ، ئەویش پێویستی ژیانە، باسی وێرانی كوردستان كرا ئیهتیمام بە هەندێ ناوچە بدرێ، بە تەئكید ئێمە لەگەڵ ئەوەینە ئیهتیمامی تایبەت بە هەڵەبجە بدرێت و بە شوێنی ئەنفالكراوەكان بدرێت، بەڵام هەمووتان دەزانن كوردستان هەمووی وێران كرا، سەر لە نوێ ئیعادە دەكرێتەوە لە دوای ڕاپەڕینەوە، تۆ ناكرێ بڵێم تەنها ناوچەی خۆشناوەتی بە نەزەر ئیعتیبار وەردەگرم و ناوچەی باڵەكایەتی ئیهمال دەكەم و ناوچەی سیندی بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگرم و ناوچەی دەشتی كۆیە ئیهمال دەكەم، هەموو ناوچەكان بە یەكەوە پێویستیان بە ئیهتیمامی وەكو یەكە، بەڵام بودجە یەعنی ڕەقەم و ئەو ژمارەیە چۆن تەعامولی لەگەڵ دەكەین لە نێوانی سەكتەرەكان و لەگەڵ ناوچەكاندا؟ یەكێك لە ئیشە ئەساسیەكانی ئێمە كە موناقەشەمان كردووە لەگەڵ وەزارەتەكاندا موراعات كردنی ئەم سێ خاڵە بووە: ئەبێ موراعاتی ناوچەی مەحروم، بە پێی سەكتەرەكان

تەوازون بکەین و چۆن بتوانین بەردەوامی بدەینە پرۆژەکان؟ باسی دەعمی ئابووری کرا، بە تەئکید ئێمەش پێمان خۆشە دەعمی ئابووری بکرێت بۆ هەرێمی کوردستان و بودجە بەشێکی گرنگی تەخصیص بکرێت، بەڵام ناکرێ ئاوت نەبێ وکارەبات نەبێ و بە تەنها بڵێ ئەوەی دەکەم، رەغمی ئەوە مولاحەزەی ئەوەم کردووە لە میزانیەی 2008دا تەصحیحی هەندێك لە هەڵەکانی رابووردوو کراوە بیکەین، بە تەئکید ئێمە لەگەڵ ئەوە داینە دەعمی کشتوکاڵ بکەین و میزانیەیەکی باشیش ئەم ساڵ تەرخان کراوە بۆ ئاودێری و کشتوکاڵ، ئاودێری و کشتوکاڵ وەك یەك سەکتەر سەیری دەکەین، چونکە ناکرێ کشتوکاڵ پێش بخرێت لە ناوچەیەکی گەرم و وشکدا کە بارانی تێدا مەزمون نیە تۆ باسی ئاودێری نەکەی، ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە ئەم ساڵ بە نیازین بیکەین لە وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکان 61 پرۆژەیە ئەم ساڵ بۆمان تەخصیص کردووە، لە ساڵ 2008دا کە لە ساڵی 2007دا چوار پرۆژەی هەبووە، کە باسی لاوان و بێکاری دەکەین، ئەوانیش حەقی خۆیتیان بەشیان هەبێ لەو بودجەی کە لە هەرێمی کوردستاندا داندراوە ، لاوان بەشیان هەبێ، گواستنەوە و گەیاندن بەشیان هەبێ، هەموو سەکتەرەکانی تری کوردستان پێویستی بە ئیهتیمامی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەولەویاتی حکومەت چ بووە؟ ئەولەویاتی حکومەت بریتی بووە لە پرۆژەکانی کارەبا و پرۆژەکانی ئاو وخەدەماتی رێگاوبان و قوتابخانە و تەندروستی و کشتوکاڵ دێتە خوارەوە بۆ لاوان، هەتا لە بواری کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا تۆ سەیری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی یەك کۆمەڵ پرۆژەی گرنگی داوا کردبوو و ئێمە نەمانتوانی جێبەجێی بکەین، باس دەکات خانەی پیر و پەککەوتە لە هەموو شارەکان و قەزا گەورەکانی کوردستان بکرێتەوە، دروست کردنی شوێنی گەنجان لە هەموو شوێنەکاندا، حەقێتی و پێویستیشە بۆی بکەین، بەڵام هێشتا ئاوم بۆ ناوچەی شۆڕش لە چەمچماڵ دابین نەکردبێت ناکرێ ئەوە بکەم، دەبێ جارێ ئەولەویەتەکە بدەمە ئەم سەکتەرە، باسی پرۆژە بەردەوامەکان کرا کە پارە دووبارە دەبێتەوە، کاك د.فؤاد نموونەی خەستەخانەکەی هێنا کە بەداخەوە چەندین ساڵە لە ساڵی 2004ەوە دەستی پێکردووە، بەڵام تا ئیستا تەواو نەبووە بوویتە کەسەری سەر دڵی هەموو خەڵکی سلێمانی وئێمەش کە داوا دەکەین ئەو موستەشفایە تەواو ببێ، بەڵێ بودجەی ئەو پرۆژەیە ساڵانە دابین دەکرێ، مەسەلەن ئەم ساڵ لە وەزارەتی تەندروستی دەپرسین چەند پرۆژەت هەیە؟ دەڵێ مەسەلەن 44 پرۆژەم هەیە، ئەم 44 پرۆژەیە یەك بە یەك تۆ ساڵی پار چەندت سەرف کردووە و ئەم ساڵ چەندت پێویستە؟ بۆیە ئەم پرۆژەیە دووبارە دەبێتەوە، هەر وەکو دوێنی نموونەم هێناوە لەسەر زانکۆی سلێمانی، زانکۆی سلێمانی مودەکەی 5 ساڵە، لە ساڵی یەکەمدا 20٪ ی جێبەجێ دەکرێ، لە ساڵی دووەم 24٪ جێبەجێ دەکرێ و لە ساڵی سێیەمدا دەبێتە 28٪ جا ساڵ بە ساڵ جێبەجێ دەکرێ، دوێنێ یەکێك لە پرسیارەکان ئەوەبوو کە موحافەزات ئەم پارەیەی بۆیان تەخصیص دەکرێ ئێمە نایزانین، خۆی کاك سەرکیس ئەمڕۆ لە رەقەمەکانی کە خوێندیەوە هی بودجەی ئیستیسماری ئیشارەتی بە بودجەی تەنمیەی ئەقالیم نەدا، چونکە ئەوە لە مودەی سێ ساڵی رابووردوودا لە عێراقدا میزانیەك تەرخان کراوە راستەوخۆ دەدرێتە موحافەزەکان و لە رێگای ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە پرۆژەکان ئیختیار دەکرێت، بۆیە ئیشی ئێمە تەنها تەنسیق کردنە، ئەگەر هەڵەیەکی تێدا هەبێ راستکردنەوەیەتی، ئەگەر نا زیاتر ئەنجومەنی

پارێزگاكان بۆ ئەو پرۆژە مەحەلیانەی كە لە مودەی یەك ساڵدا تەواو دەبێ، پرۆژەی زۆر گەورە و ستراتیجی تێدا نیە، پرۆژەی بچووكی تێدایە و خەدەماتەكانیشی هەموومان ئەیبینین لە سلێمانی، لە هەولێر، لە دهۆك، لە قەزاكاندا و بەر دەرگای پەرلەمان ئەبینین و ئەو جادانە تەوەسوع دەكرێ و پاركێك دروست دەكرێ، ئەمە ئەو ئیشانە كراوە، باسی مەسەلەی قەرزی نێودەوڵەتی كرا، قەرزی نێودەوڵەتی یەكێكە لە ئیختیصاصاتەكانی وەزارەتی پلان دانانە، لەوەتی وەزارەتی پلان دانان داندراوە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی پلان دانانی عیراقی، هەیئەیەك هەیە بە ناوی هەیئەی ISRB ، كە هەیئەی تەوەسوعی ستراتیجی پێ دەوترێت لە كوردستانی عیراقدا، ئێمە عوزومان هەیە و نوێنەرێكی ئێمە لەو هەیئەیە دەوام دەكات، هەموو ئەو پارانەی كە تەخصیص كراون ئەبێ 17٪ بۆ هەرێمی كوردستان تەخصیص بكرێ، بەڵام ئالیەت و ئوسلوب و شێوازی قەرز پێدان لە لایەن وڵاتانەوە زۆر سیستەمێكی رۆتینی بیرۆكراسی زۆر درێژ خایەنە، ئێمە لە قەرزی یابانیە كە 3 ملیار ونیو دۆلارە كە 600 ملیۆنی بەر كوردستان دەكەوێ، ئێمە تەنها بۆ دوو سەكتەرمان تەرخان كردووە، بۆ سەكتەری ئاو وكارەبا كە دوو پرۆژە ئاوی پێ دەكرێ، پرۆژەیەكی زۆر گەورەیە كە ناوچەی هەڵەبجە بە كامیلی دەگرێتەوە، هەڵەبجەیە و سەید صادقە و سیروان هەمووی یەك پرۆژەی موتەكامیلە كە ئاوی بۆ بكرێ، مەشروعی ئاوی دووەم ئیفرازە و بەشەكەی تری دروست كردنی مەحەتەی كارەبایە لەگەڵ چەند پرۆژەیەكی تر، قەرزی بانكی نێودەوڵەتی هەیە كە 500 ملیۆن دۆلارە لەوە 85 ملیۆنی بەر كوردستان كەوتووە، دوو سێ پرۆژەی ستراتیجی پێ دەكرێ، یەكێكیان رێگای هەولێر_ پردێ و ئەوی تریان پرۆژەكانی چاككردنی هەردوو سەدی دۆكان و دەربەندیخانە، بەو شێوە قەرزی ئێران ئەگەر بدرێت چوار پرۆژەی لەسەر جێبەجێ دەكەین كە بە ئومیدین، بەڵام هیچیان ئەو پارانە نەهاتووە، ئەم پارانە زیاتر بە موناقەشات و موفاوەزات و حازر كردنی پرۆپۆزەڵ و دیراسات و لەمانە دانە، من لەسەر مەسەلەی خانوو دروست كردن بە تەئكید ئێمە تەئیدی مەسەلەی پێدانی سولفەی عەقار دەكەین یاخود سندوقی ئیسكانەكەی، بەڵام بە مەرجێك بە ئالیەتێك و بە نیزامێك بكرێت كە بتوانن هەموو هاووڵاتیەك وەك یەك ئیستیفادەی لێبكەن، دروست كردنی خانوو كاك شێردڵ حەوێزی ئیشارەتی بەوە دا كە لە عێراقدا بەرنامەیەكی گەورە هەیە بۆ ئەوە، من لێتان ناشارمەوە عێراق نەیتوانیوە بودجەی خۆی سەرف بكات وەكو هەرێمی كوردستان، هەرێمی كوردستان بە حوكمی ئەو ئەمنیەتە و ئەو ئیدارە موناسیبە كە تێدا هەیە توانیوەتی پارەی خۆی زۆر بە باشی سەرف بكات موقارەنەتەن بە ناوچەكانی تری عێراق، ساڵانە عیراق ئەو پارانە خەزن ئەكات و ئەو پارانە كە ئەمینێتەوە ئەتوانێ دەعمی صندوقی ئیسكانی پێ بكات زۆر زیاتر لەوەی كە ئێمە دەتوانین بیكەین، ئێمە رەغمی ئەوەش كۆمەڵێك خانوو و شوقە دروست كراوە، ئەنجامی ئەو شوقە و خانووانە ئەنجامێكی ئەوتۆی نیە لە چاو یان موقارەنەتەن بە پێداویستی خەڵكی كوردستان لە دروست كردنی خانوو، بە پێی ئیحصائیاتی ئەوەلی لای ئێمە 150 هەزار خانوو و وەحدەی سەكەنیمان پێویستە بۆ ئەوەی بتوانین لە مودەیەكی زەمەنی دوو ساڵیدا یان سێ ساڵیدا بكرێتن، ئیمكانیەتی هەرێمی كوردستان ناتوانێ ئەوە هەمووی جێبەجێ بكات، چونكە موقابیلی ئەوە تەربیەم هەیە، خەستەخانەم هەیە، رێگا وبانم هەیە،

کارەبامان پێویستە، ئێمە ئەم ساڵ بەتەنها لە کارەبادا مەجموعی پرۆژەکانی کە بۆیانمان ئیعلان کردووە 701 ملیار دینارە، کە ئەوەی تەقدیر دەکەین سەرفی بکاتن 427 ملیار دینارە، ئەوەی لە مەشروعە بەردەوامەکانە تا ئێستا 507 ملیار دینارە، تۆ ئەم رەقەمانە ئەگەر سەیری بکەین، ئەوە هەموو رەقەمە تەفصیلیەکانە ئەیخەمە بەر دەستی خوشك و برا ئەندامە پەرلەمانتارەکان بۆ ئەوەی ئیتیلاعی کاملیان لەسەر هەبێت و لەگەڵ لێژنەی دارایی موناقەشەمان کرد، ئێمە بەنەزەری ئیعتیبار هەموو ئەو قسەی ئەوانە وەردەگرین، چونکە هەموو مولاحەزاتی راستن، بەڵام چۆن بەلانس دروست دەکەین لەگەڵ ئەو رەقەمانەی لە لای من هەیە؟ رەقەمەکە بریتیە لە 2 ملیار 400 ملیۆن تەقریبەن، 495 ملیاری رۆیشتووە بۆ تەنمیەی عەقاری، ترلیۆنەك و 78ی رۆیشتووە بۆ پرۆژە بەردەوامەکان، ترلیۆنەك و 3,299ملیار و رۆیشتووە بۆ پرۆژە بەردەوامەکان، چۆن بەلانسەکەی لە نێوان پرۆژە بەردەوامەکان و لە نێوانی پرۆژە تازەکانی و لە نێوان تەنمیەی ئەقالیم،و لە ناو پرۆژە تازەکاندا چۆن بەلانس بکەین لە نێوان سەکتەرەکاندا و لە ناو ئەوانیش حەتا مولاحەزەی ئەوەمان کردووە ئێمە چیمان لەناو نووسیوە و لە موحافەزەی هەولێر چەندە و لە دهۆك چیە و لە سلێمانی چیە؟ سەبارەت بە کێشەی کۆیە راست دەکات کێشەیەك بوو، بەڵام زوو کێشەکەمان حەل کردووە، کۆیە، لەسەر هەولێرە و لەناو تەنمیەی ئەقالیمدا لە موحافەزەی هەولێردا جێگای کراوەتەوە و ئیستیحقاقی خۆی بە پێی رێژەی دانیشتوان وەریگرتووە و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوە و وەڵامدانەوەت، سوپاسیش بۆ ئێوە کە واتان کرد کۆبوونەوەکە دوا نەخرێت بە پێی بەرنامەکە رۆیشت و هەروەکو دامانبوو ئەمرۆ تەواوکردنی قسەکان بوو لە راپۆرتی لێژنەی دارایی، و وەڵامدانەوەی لە لایەن جەنابی وەزیری دارایی و وەزیری پلان دانان، بەڵێ کاك عادل نوقتەی نیزامیت چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لە ئەندامە پەرلەمانە بەرێزەکان باسی ئەوەیان کرد هەندێ ناوچە کە زۆر کاول کراوە لەبەر چاو بگیرێت، لە ماددەی 112ی دەستووری عێراقی و لە ماددەی 3ی میزانیەی ئەم ساڵی بودجەی عێراق هاتووە و ئەڵێ: ئەو ناوچانەی کە زۆر کاول کراوە ئەبێ لەبەر چاو بگیرێت لە بودجە سەرفکردندا بۆی، من ئەپرسم ئایا ئەو کاولکارییەی کە لە ئەنفال و لە گەرمیانەوە بووە و ئەو کیمیابارانەی کە لە هەڵەبجە ئاسارەکەی بووە، ئایا هەموو کوردستان وەکو یەکە لەم کاولکاریە؟ بۆیە پێویستە بەراستی یەعنی من لەگەڵ ئەو رەئیەی جەنابی وەزیر نیم ، کوردستان راستە هەمووی کاولە، بەڵام کاول کردنەکە وەکو یەك نیە، هەر ئەو مەبدەئە لە دەستوردا هاتووە و حەقە ئێمەش لەو میزانیە لەبەر چاوی بگرین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

که هاتینه باسی کۆبوونەوەی داهاتوو و وەزارەتەکان و وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە، تەماشا بکە بزانە چەندبوو ئەو ناوچانەی داندراوە؟ و تەقیمی پار ساڵیش بکە ، هەر پار ساڵ لەسەر داوای ئێمە حکومەت 5 ملیۆن دۆلاری زیاتر تەرخان کرد لە بودجە بۆ سەرف کردنی بۆ ناوچەی هەڵەبجە و شوێنەکانی تر و ئەم ساڵیش کە هاتینە سەر ئەوە باسی دەکەین، کۆبوونەوەی داهاتوومان رۆژی سێشەممە دەبێت، هەموو بابەتەکان یەکە یەکە دێینە سەری، ئینجا ئەو وەختی ئەو راپۆرتەی لوجانانی فەرعی هەر یەکە راپۆرتەکەی خۆی هەموار بکاتەوە، ئێستا نووسیویەتی، بەڵام لەبەر رۆشنایی روونکردنەوەکانی جەنابی هەردوو وەزیر کە پێویست دەکات راپۆرتەکانی خۆیان کورتر بکەنەوە، چونکە زۆر شت وەڵام درایەوە و کە هاتینە سەر وەزارەتەکە دەتوانێت راپۆرتەکەی خۆی بخوێنیتەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی و ئیقرارکردنی پاش موناقەشە، رۆژی سێشەممە سەعات 10,30 ، بەڵام پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بێنم بەیانی 4|24 یادی بۆردومان کردنی قەڵادزێیە، دامنابوو بەیانی قسەی لەسەر بکەم، بەڵام کە بەیانی دانیشتنمان نەبوو حەقی خۆیەتی ئەمرۆ ئاماژەی پێ بدەین، لێرەوە سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قەڵادزە بنێرین کە لە نەتیجەی بۆردومان کردنی شارەکەیان لە ساڵی 1974 وەکو سبەینێ ، کە بووە هۆی ئەوەی دەیان خوێندکار و قوتابی و هاووڵاتی شەهید بن لە سایەی سیاسەتی رژێمی بەعس کە شەڕی بەرپاکردبوو دژی هەرێمی کوردستان، قەڵادزێ نەك هەر لەو رۆژەدا، بەڵکو لە ژیانی خۆیدا وەکو شارێکی خۆ راگر، خۆنەویست، هەمیشە باجی ئەوەی داوە لەبەرگری کردنی گەلی کوردستان لە دژی هەموو ئە سیاسەتانەی کە رووبەڕووبوونەوە، سەدان شەهیدی داوە و لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی تازەشدا هەمیشە لە پێشەوە بووە لە خەبات و بەشداری کردووە لە هەموو بوارەکاندا، بۆیە رێز و سڵاو بۆ هەموو خەڵکی قەڵادزی و ئەو دەوروبەرە و هەموو خەڵکی کوردستان دەنێرین و گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستانیش ئارام بێت و جێگایان بەهەشت بێت، بەڵێ کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابتان سەرۆکایەتی داواتان کرد لە لێژنەکان کە پێداچوونەوە بە راپۆرتەکانیان بکەن، ئایا بودجە لەسەر ئەو تەوصیات و ئەو شتانەی کە کرا و، ئەم ماوەیەش کە دانراوە تا سێشەممە، چاوخشانەوە بە بودجە ناکرێ وەکو ئیشارەتمان پێداوە و داوامان کرد؟ یان دوای ئەو کۆبوونەوانە، چونکە هەفتەی داهاتوو دەبێ تەصدیقی بودجە بکەین، ئەوە چۆن عیلاج دەکرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مولاحەزەکەت رامان دەکێشێت بۆ زۆر شت، لە نەتیجەی ئەو موناقەشاتانە تێکەڵاوی زۆر شت کرا کە لە موناقەشەی بودجە زیاتر بوو، جێی خۆی بوو و حەقی خۆیەتی هەموو ئەندامانی پەرلەمان پرسیاری پێویست بکات و هەندێ جار پرسیاریشی راستەوخۆ پەیوەندیشی نابێت، بەڵام ئاراستە کرا لە موناقەشە کردندا، بەڵام موناقەشەکردنی بودجە بەو شێوەیە دێت کە راپۆرتەکان هاتووە، راپۆرتی لێژنەی دارایی بەتایبەتی بە تێر وتەسەلی بوو و زۆربەی زۆری ئەندامان پشتگیریان لە راپۆرتی دارایی و ئابووری کرد

سەبارەت بەوە، کەواتە راپۆرتی دارایی و ئابووری دەبێتە ئەساسێك بۆ تەقیم کردنی بودجە، زۆربەی زۆری نوقاتەکان لە راپۆرتی دارایی و ئابووریدا هاتووە و روونکردنەوەی لە لایەن جەنابی وەزیرەوە کرا و زۆر داواکاری لە لایەن ئەو لیژنەیەی کە هاتبوو و ئێوە پشتگیریتان لێکرد پەسند کرا، لەوانە بودجە تایبەت بۆ دەسەڵاتی قەزا داندرا لەسەر داوای ئێوە بوو، لەوانە موافەقەت کرا لەسەر سولفەی عەقار کە داواکاری ئێوە بوو، لەوانە زۆر پرسیاری تر کە بۆ ئاوەدانکردنەوە رەچاوی کرد و دوا بریاریش وتی بۆ ئێوەیە، بەڵام هەندێ شت هەیە دەبێ ئەوانیش موافەقەت بکەن کە دەڵێ: دوا بریار بۆ ئێوەیە، ئەگەر بێینە موناقەشە مەنتیقی تێدا نیە ئەو بڕیارە، مەسەلەن ، ئەگەر بێتە ئێرە موناقەشەکردن لە نەقلی ئەبواب، ئەوە دەسەڵاتی تەنفیزیە، ئیشی ئێمە نیە جەنابی وەزیر لوتفی کرد دەڵێ: ئەگەر بڕیار دەدەن مانیعمان نیە، بەڵام ئەگەر بێتە سەر حەقیقەت ئەوە تەدەخولە لە ئیش وکاری جێبەجێ کردن وەکو ئەوەیە حکومەت بێت و تەدەخول بکات لە دانانی یاسا و بگۆڕێ بە هینی خۆیەوە، زۆر مولاحەزاتی تریش وەڵام درایەوە و ئەوەی تر دەمێنێتەوە کە لەسەر ئەبواب و سەرفەکە خۆ ئەوە ئەرقامە و پارەیەکە تەحدید کراوە لە بەغداوە و ئەوەندەیە، لێرەشەوە حکومەت وەفدی چوویتە بەغدا وموناقەشەی کردووە و سەرفیاتی داناوە و نەفەقاتی خۆی دیاریکردووە و نەفەقاتی ئیستیسماری دیاری کردووە و رێژەکەی هین کراوە وعەجزەکەشی تەحدید کردووە بۆ چی عەجزی هەیە؟ حیساباتی خیتامی کە وەعدی دا بۆمان بنێرێ ئەوە داوایەکی ئێوە بوو و لە راپۆرتی لیژنەشدا هاتبوو، ئەوەش کەواتە ئیقرار کرا، لەو حیساباتە خیتامیە دەردەچێت سەرفیاتەکان چی بووە؟ ئەو عەجزەش لەبەر چی هەیە؟ ئەوە هەمووی روون دەبێتەوە لە داهاتوودا و ئێستاش حکومەتی عێراق ئەو میزانیە تەکمیلە دەکات، هەم عیجزەکە کەم دەبێتەوە و هەمیش بەشێك لە ئیستیسمار و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە زیاتر دەکات، من نوقتەکەم رەنگە زۆر باس کرا، بەڵام پێم وایە زیاتر روونی بکەینەوە، مەسەلەی نرخی نەوت 57دۆلارە، جەنابی وەزیریش وتی ئێمە ئیختیارمان کردبوو 65 دۆلار بێت و کەم بوویتەوە، نرخی نەوت کە ساڵی پارەکەوە بوو 2007 داندرا، ئەو عەقدانەی کە حکومەتی عێراق لەگەڵ شەریکاتی نەوت کردوویەتی لەبەر رۆشنایی عەقدەکان خۆ یەکسەر پارە نادرێت، ئێستا ئەمڕۆ نووسراوە بەرمیل بە 118یە، خۆ رەنگە پارەی ئەو 118ەیە ساڵێکی تر بێتە سەر خەزینە، ئەو عەقدانەی کۆنترە جێبەجێی دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارەی کە دێتن لە نەتیجەی زیادبوونی نەوت بۆ کوێ دێ؟ ئێمە حصەمان تێدایە و دێتە حکومەتی فیدراڵ، ئەو سی ملیار یان چل ملیار دۆلارەی کە ئێستا زیاد هەیە لە بانکی مەرکەزی عێراقی، ئەوە هی هەموو میللەتی عێراقە لە نەتیجەی زیادبووندا هاتیە، ئەوە 57ی دانا بێ یان 80 ی دانابێ، زیادەکە نافەوتێ، بەدەلیلی ئەوەش کە نافەوتێ، چەندین جار حکومەتی فیدرال ئیعلانی کردووە ئەوەندە پارەمان زیادە، لەبەر رۆشنایی ئەو زیادەیەش ئەو میزانیە تەکمیلیە خۆ هەموو پارەکە ناخەنە ناو میزانیەی تەکمیلی، هەموو دەوڵەتێك پێویستی بە پارەی ئیحتیات هەیە، ئیحتیاتی مەرکەزی و ئیحتیاتی ئیتیحادی، ئەو پارەیە بەشێکی دەچێتە ئیحتیاتی ئیتیحادی بەشێکیش لەبەر پێداویستی میللەتی عێراق و هەرێم و پارێزگاکان و بەغدا دەیخەنە سەر میزانیەی تەکمیلی، لەبەرئەوەی ئەوەلەن تەزەخوم هەیە، تەزەخوم لەوەدا هەیە نرخی دۆلار کەم

بۆتەوە کەواتە تۆ قودرەی شیرائی دۆلار کە حسیب دەکرێ بە ئەوەندە، قودرەی شرائیەکەی کەمترە لەوە کە بتوانین، بۆیە میزانیە تەکمیلەکە لەبەر دوو روو پێویستە، یەکێکیان بۆ ئەوەی مووچە زیاد بکرێ و مووچەکەشیان زیاد کرد، یەکێکیان بۆ ئەوەی ئەو مەشاریعانە کە لە دەرەوە کەرستە دێنن، ئەو کەرستانە نرخی بەرز دەبێتەوە، بێجگە لەوەشدا بەشێك رێژەیەك تەرخان دەکرێت بۆئەوەی پەرەپێدان بە ئاوەدانکردنەوە بە مەشاریعی ئیستیسماری زیاد بکرێت وەکو ئاماژەش پێکرا کە تەوەقوع دەکرێت لە ملیارەك و 800 هەزار ملیۆن دۆلار بگاتە 3 ملیار دۆلار لە ساڵی 2008، ئومێد دەکەم کە لە رۆژی سێشەممە لێژنەی دارایی بەردەوام دەبێت لە بەدواداچوونیدا لەگەڵ لێژنەکانی تر و دەکەوینە سەر موناقەشە کردنی فەقەرە بە فەقەرە، یەعنی وەزارەت بە وەزارەت، چی مولاحەزاتتان هەبێ دەیخەینە روو و موناقەشەی دەکەین و خاڵ بە خاڵ ئیقراری دەکەین ئینشاء الله، پاش ئەوەی لێژنەی قانونی پرۆژە یاساکە دەخوێنێتەوە و ئێمە هەدەفمان ئەوەیە هاوکار بین و کەم و کورتیەك نەهێڵین، وەکو وتم: لێرە دانەنیشتین جیهەتێکی موعارز بین و بمانەوێ دژایەتی بکەین، نەخێر ئێمە دەمانەوێ ئەگەر کەم وکریەك ببێ دەستنیشانی بکەین بۆ ئەوەی حکومەت رەچاوی بکات و چارەسەری بکات و داواکاری خەڵکیش بگەیننە حکومەت لەبەر رۆشنایی ئەو داواکارییانە، موناقەشاتمان بەو شێوەیە بوو تەئمین و دابینکردنی پێداویستی خەڵکیش ئەوەیە کە ئێوە باستان کرد و یەکە یەکە روونتان کردەوە دەستتان خۆش بێت و زۆر سوپاستان دەکەم، سوپاسی هەر چوار وەزیر و بریکاری وەزیر دەکەم کە لەگەڵماندا سەبریان هەبوو و تا دانیشتنی داهاتوومان رۆژی سێشەممە سەعات 10,30، بۆیەش دەڵێم سێشەممە بۆ ئەوە ئەو دوو، سێ رۆژە گفتوگۆ بکرێت لێژنەکان لە بەینی خۆیاندا، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین زۆر سوپاس و بەخێر بێن.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |